# Kurdish, Central: Bible for 1 Corinthians, 1 John, 1 Peter, 1 Thessalonians, 1 Timothy, 2 Corinthians, 2 John, 2 Peter, 2 Thessalonians, 2 Timothy, 3 John, Acts, Colossians, Ephesians, Galatians, Hebrews, James, John, Jude, Luke, Mark, Matthew, Philemon, Philippians, Revelation, Romans, Titus

Formatted for Translators

©2022 Wycliffe Associates
Released under a Creative Commons Attribution-ShareAlike 4.0 International License.

Bible Text: The English Unlocked Literal Bible (ULB)
©2017 Wycliffe Associates
Available at https://bibleineverylanguage.org/translations
The English Unlocked Literal Bible is based on the unfoldingWord® Literal Text, CC BY-SA 4.0. The original work of the unfoldingWord® Literal Text is available at https://unfoldingword.bible/ult/.
The ULB is licensed under the Creative Commons Attribution-ShareAlike 4.0 International License.

Notes: English ULB Translation Notes
©2017 Wycliffe Associates
Available at https://bibleineverylanguage.org/translations
The English ULB Translation Notes is based on the unfoldingWord translationNotes, under CC BY-SA 4.0. The original unfoldingWord work is available at https://unfoldingword.bible/utn.
The ULB Notes is licensed under the Creative Commons Attribution-ShareAlike 4.0 International License.

To view a copy of the CC BY-SA 4.0 license visit http://creativecommons.org/licenses/by-sa/4.0/

Below is a human-readable summary of (and not a substitute for) the license.
You are free to:

- Share — copy and redistribute the material in any medium or format.
- Adapt — remix, transform, and build upon the material for any purpose, even commercially.

The licensor cannot revoke these freedoms as long as you follow the license terms.
Under the following conditions:

- Attribution — You must attribute the work as follows: "Original work available at https://BibleInEveryLanguage.org." Attribution statements in derivative works should not in any way suggest that we endorse you or your use of this work.
- ShareAlike — If you remix, transform, or build upon the material, you must distribute your contributions under the same license as the original.
- No additional restrictions — You may not apply legal terms or technological measures that legally restrict others from doing anything the license permits.

Notices:
You do not have to comply with the license for elements of the material in the public domain or where your use is permitted by an applicable exception or limitation.
No warranties are given. The license may not give you all of the permissions necessary for your intended use. For example, other rights such as publicity, privacy, or moral rights may limit how you use the material.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Matthew

## Chapter 1

1ئەمە تۆماری ڕەچەڵەکی یەشوای مەسیحە کوڕی داڤید کوڕی ئەڤراهام: 2ئەڤراهام باوکی یتساخ بوو. یتساخ باوکی یاکۆڤ بوو. یاکۆڤ
باوکی یەهودا و براکانی بوو. 3یەهودا باوکی پێرێتس و زێراخ بوو کە تامار دایکیان بوو. پێرێتس باوکی خەتسرۆن بوو. خەتسرۆن باوکی
ڕام بوو.4ڕام باوکی عەمیناداڤ بوو. عەمیناداڤ باوکی نەخشۆن بوو. نەخشۆن باوکی شەلمۆن بوو. 5شەلمۆن باوکی بۆعاز بوو کە
ڕاحاب دایکی بوو. بۆعاز باوکی عۆڤێد بوو کە ڕائووس دایکی بوو. عۆڤێد باوکی یشای بوو. 6یەشای باوکی داڤیدی پاشا بوو. داڤید
باوکی شلۆمۆ بوو لەو ژنەی کە پێشتر ژنی ئوریابوو.7شلۆمۆ باوکی ڕەخەڤەعام بوو. ڕەخەڤەعام باوکی ئەڤیا بوو. ئەڤیا باوکی ئەسا
بوو. 8ئەسا باوکی یەهۆشافات بوو. یەهۆشافات باوکی یەهۆرام بوو. یەهۆرام باوکی عوزیاهوو بوو.9عوزیاهوو باوکی یۆتام بوو. یۆتام
باوکی ئاخاز بوو. ئاخاز باوکی حزکیاهۆ بوو. 10حزکیاهۆ باوکی مەنەشێ بوو. مەنەشێ باوکی عەممۆن بوو. عەممۆن باوکی یۆشیاهۆ بوو.
11یۆشیاهۆ باوکی یەهۆیاکین و براکانی بوو. لە کاتی ڕاپێچکردنەکە بۆ بابل.12لەدوای ڕاپێچکردنەکە بۆ بابل، یەهۆیاکین باوکی شالتیئێل
بوو. شالتیئێل باوکی زەروبەڤێل بوو. 13زەروبەڤێل باوکی ئەڤیهود بوو. ئەڤیهود باوکی یاکیم بوو. یاکیم باوکی عەزوبوو. 14عەزو باوکی
تسادۆک بوو. تسادۆک باوکی یاخیم بوو. یاخیم باوکی ئەلیهود بوو.15ئەلیهود باوکی ئیلازار بوو. ئیلازار باوکی ماتان بوو. ماتان باوکی
یاکۆڤ بوو. 16یاکۆڤ باوکی یۆسپ مێردی میریام بوو ئەوەی یەشوای لێبوو کە بە مەسیحەکە بانگ دەکرێت. 17بەم شێوەیە هەموو
نەوەکان لە ئەڤراهام هەتا داڤید چواردە نەوەن؛ لە داڤید هەتا ڕاپێچکردنەکە بۆ بابل چواردە نەوەن؛ لە ڕاپێچکردنەکەشەوە بۆ بابل هەتا
مەسیح چواردە نەوەن.18یەشوای مەسیح ئاوا لە دایک بوو: کاتێک میریامی دایکی دەستگیرانی یۆسپ بوو؛ پێش ئەوەی بگوازرێتەوە و
بچنە لای یەک، زانرا کە سکەکەی لە گیانی پیرۆزەوەیە. 19یۆسپی دەستگیرانی کە پیاوێکی چاکەکار بوو، نەیویست ناوی بزڕێنێ، و
بڕیاریدا بە نهێنی دەستبەرداری بێت.20کاتێک بیری لەم شتانە دەکردەوە، فریشتەیەکی پەروەردگار هاتە خەونی و پێی فەرموو: «یۆسپی
نەوەی داڤید! مەترسە لەوەی میریام بهێنیت، چونکە ئەوەی ئەو پێی دووگیانە لە گیانی پیرۆزە. 21کوڕێکی دەبێت، ناوی دەنێیت یەشوا،
چونکە گەلەکەی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات».22ئەمانە هەمووی ڕوویدا تاکو ئەوەی پەروەردگار لە ڕێگەی پێغەمبەرەکەیەوە
فەرموویەتی بێتەدی: 23«ئەوەتا پاکیزەیەک سک دەکات، و کوڕێکی دەبێت، بە ئەمانوئێل بانگی دەکەن!» بەواتای «خودا لەگەڵمانە».
24کاتێک یۆسپ لە خەو هەستا ئەوەی فریشتەکەی پەروەردگار فەرمانی پێدابوو؛ ئەنجامیدا و ژنەکەی گواستەوە بۆماڵی خۆی. 25بەڵام
هەتا کوڕەکە لە دایک نەبوو، لەگەڵ میریام نەنووست ئینجا ناوی لێنا یەشوا.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

1 لەدوای لەدایکبوونی یەشوا لە بێت لەخمی یەهودیا لە سەردەمی هیرۆدی پاشا، کۆمەڵێک مۆغ لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە یۆرشەلایم،
2 پرسییان: «کوا پاشاکەی یەهود ئەوەی لە دایک بووە؟ لە بەر ئەوەی ئەستێرەی ئەومان لە ڕۆژهەڵاتەوە بینی، هاتووین کڕنۆشی بۆ
ببەین». 3 کاتێک هیرۆدی پاشا ئەمەی بیست، شڵەژاو هەموو خەڵکی یۆرشەلایمش لەگەڵی. 4 هەموو سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی
تەوراتی گەلی کۆکردەوە، لێی پرسین: «مەسیحەکە لەکوێ لە دایک دەبێت» 5 وەڵامیان دایەوە: «لە بێت لەخمی یەهودیا، چونکە
پێغەمبەرەکە ئاوای فەرمووە: 6 بەڵام تۆ ئەی بێت لەخمی خاکی یەهودا، کەمتر نیت لە ناو فەرمانڕەواکانی یەهودا، چونکە لە تۆوە
فەرمانڕەوایەک دەردەکەوێت شوانایەتی یەسرائیلی گەلم دەکات!» 7 دوای ئەمە هیرۆد بە نهێنی مۆغەکانی بانگکرد، و لەبارەی کاتی
دەرکەوتنی ئەستێرەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن. 8 ئینجا بۆ بێت لەخمی ناردن، و پێی گوتن: «بڕۆن و بە وردی بەدوای منداڵەکەدا
بگەڕێن. کاتێک دۆزیتانەوە هەواڵم بدەنێ، تاوەکو منیش بێم و کڕنۆشی بۆ ببەم». 9 لەدوای ئەوەی گوێبیستی پاشا بوون، بە ڕێگای
خۆیاندا ڕۆیشتن، هەمان ئەو ئەستێرەیەی، کە لە ڕۆژهەڵات بینیبوویان، پێشیان کەوت و هات و لەسەر ئەو شوێنە ڕاوەستا کە
منداڵەکەی لێ بوو. 10 کاتێک ئەستێرەکەیان بینی زۆر شادومان بوون؛ 11 چوونە ماڵەکە منداڵەکەیان لەگەڵ میریامی دایکی بینی. چۆکیان
دادا و کڕنۆشیان بۆ برد، و گەنجینەکانیان کردەوە زێڕ و بخوور و بنێشتە تاڵەیان بە دیاری پێشکەش کرد. 12 کە بە سروشی خودا و
لەخەوندا ئاگادار کرانەوە کە نەگەڕێنەوە لای هیرۆد، و بە ڕێگایەکی تردا بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. 13 دوای ڕۆیشتنی مۆغەکان،
فریشتەیەکی پەروەردگار لە خەوندا بۆ یۆسپ دەرکەوت، و پێی گوت: «هەستە منداڵەکە و دایکی لەگەل خۆت ببە و ڕابکە بۆ میسر،
لەوێ بمێنەرەوە تا فەرمانت پێدەکەم بۆ گەڕانەوەت، چونکە هیرۆد بە شوێن منداڵەکەدا دەگەڕێت و بە نیازی کوشتنی کوڕەکەیە».
14 یۆسپیش هەستا و لە شەودا کوڕەکە و دایکی برد، و بەرەو میسر بەڕێ کەوت، 15 هەتا مردنی هیرۆد لەوێ مایەوە، تا ئەوەی
پەروەردگار لە ڕێگای پێغەمبەرەکەوە فەرمووی بێتەدی: «من ڕۆڵەکەی خۆمم لە میسر بانگ کرد». 16 کاتێک هیرۆد زانی مۆغەکان
فریویان داوە، زۆر تووڕە بوو، بەگوێرەی ئەو کاتەی بەپێی دەرکەوتنی ئەستێرەکە لە مۆغەکانەوە لێی کۆڵیبۆوە، فەرمانی کرد هەموو
کوڕێکی خوارتەمەن دوو ساڵ لە بێت لەخم و دەوروبەری بکوژن. 17 ئینجا ئەوەی لە ڕێگەی یەرمیای پێغەمبەرەوە گوترابوو هاتەدی:
18 «دەنگێک لە ڕاماوە بیسترا:گریان و شیوەنێکی گەورە! ڕاخێل بۆ منداڵەکانی دەگریت، نەیویست دڵنەوایی بکرێت، چونکە
نەمابوون!» 19 دوای مردنی هیرۆد، فریشتەیەکی پەروەردگار لە خەودا لە میسر بۆ یۆسپ دەرکەوت، 20 گوتی: «هەستە منداڵەکە و دایکی
ببە و بگەڕێوە بۆ خاکی یەسرائیل، چونکە ئەوانەی بە دوای ژیانی مناڵەکەدا دەگەڕان مردوون!» 21 هەستا و منداڵەکە و دایکی بردەوە بۆ
خاکی یەسرائیل. 22 بەڵام کاتێک بیستی ئەرخیلاوس لە یەهودیا لە جێی هیرۆدی باوکی فەرمانڕەوایە، ترسا بچێتە ئەوێ. پاش ئەوەی بە
سرووشی خودا ئاگادار کرایەوە، بەرەو ناوچەی گەلیلی بە ڕێکەوت، 23 جا هات و لە شارێک نیشتەجێ بوو بە ناوی «ناسیرە»، بۆ ئەوەی
ئەو فەرمایشتەی لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە گوترابوو بێتەدی کە بە ناسیرەیی ناودەبردرێت!



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

Chapter 3

[1]هەر لەو ڕۆژانەدا، یۆخەنانی لەئاوهەڵکێش لە دەشتی یەهودیا مژدەی دەدا [2]دەیگوت: «پاشگەز ببنەوە، چونکە پاشایەتی ئاسمانەکان
نزیک بۆتەوە!» [3]یۆخەنان ئەو کەسەیە کە لە ڕێگەی پێغەمبەر ئیشایاوە دەربارەی گوتراوە دەڵێت: « کەسێک لە چۆڵەوانی هاوار دەکات:
ڕێگا بۆ هاتنی پەروەردگار ئامادە بکەن، ڕێچکەکانی بۆ ڕێکبخەن!»[4]جلوبەرگی یۆخەنان لە مووی وشتر بوو، پشتێنێکی چەرمیشی لە
ناوقەد دەبەست، خواردنیشی کولە و هەنگوینی کێوی بوو. [5]لەو کاتەدا هەموو دانیشتووانی یۆرشەلایم و یەهودیا و هەموو ناوچەی
ئەردەن چوونە لای؛ [6]دوای داننان بە گوناهەکانیاندا لە سەردەستی ئەو لە ڕووباری ئەردەن لە ئاو هەڵدەکێشران.[7]کە بینی زۆر لە
فەریسی و سەدوکیمەکان بۆ لەئاوهەڵکێشانەکەی دێن، پێی گوتن: «ئەی بێچووە ماران، کێ ئاگاداری کردوونەتەوە لە دەست ئەو
تووڕەییە هەڵبێن کە دێت؟ [8]بۆیە بەرهەمێکی شایستەی پاشگەز بوونەوە بەرهەم بهێنن. [9]بیر لەوە مەکەنەوە بەخۆتان بڵێن: ئەڤراهام
باوکمانە! پێتان دەڵێم: خودا دەتوانێت لەم بەردانە نەوە بۆ ئەڤراهام هەستێنێتەوە.[10]ئەوەتا تەور خراوەتە سەر ڕەگی دار، هەر دارێک
بەرهەمی باش نەدات دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگرەوە. [11]من بۆ پاشگەزبوونەوە لە ئاوتان هەڵدەکێشم، بەڵام ئەوەی لەدوای من
دێت لە من بە هێزترە، شایانی ئەوە نیم تەنانەت پێڵاوەکانیشی بۆ هەڵبگرم. ئەو لە ئاگر و لە گیانی پیرۆزتان هەڵدەکێشێت، [12]ئەو شەنی
خۆی بە دەستەوەیە، و خەرمانەکەی پاک دەکاتەوە: و گەنمەکە کۆدەکاتەوە لە ناو کۆگا هەڵی دەگرێت، سەبارەت بە کایەکەش بە
ئاگرێکی نەکوژاوە دەسووتێنێت!»[13]پاشان یەشوا لە ناوچەی گەلیلی هاتە سەر ڕووباری ئەردەن، کە یۆخەنانی لێبوو تاوەکو لەلایەن
ئەوەوە لە ئاو هەڵبکێشرێت. [14]بەڵام یۆخەنان دەیویست ڕێگری لێبکات و دەیگوت: «من پێویستیم بەوەیە لە لایەن تۆ لە ئاو
هەڵبکێشرێم، کەچی تۆ دێیت بۆ لای من!» [15]بەڵام یەشوا وەڵامی دایەوە: « ئێستا با وابێت! چونکە واشایستەیە بۆ ئێمە ئەمە بکەین بۆ
ئەوەی ڕاستودرووستی بە دیبێت.» ئینجا ڕێگەیدا.[16]هەرکە یەشوا لە ئاو هەڵکێشرا لە ئاوەکە هاتە دەرەوە لەو ساتەدا، ئاسمانەکانی بۆ
کرایەوە و گیانی خودای بینی وەک شێوەی کۆترێک دادەبەزێت و دێتە سەری. [17]دەنگێکیش لە ئاسمانەوە فەرمووی: «ئەمە ڕۆڵەی
خۆشەویستمە، کە پێی دڵخۆشم!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 4

[1]پاشان یەشوا بە گیان بردرایە چۆڵەوانی، تاکو لەلایەن شەیتانەوە تاقی بکرێتەوە. [2]دوای ئەوەی کە چل شەو و چل ڕۆژ بەڕۆژوو بوو
برسی بوو، [3]تاقیکەرەوە لێی هاتە پێش و پێی گوت: «ئەگەر تۆ ڕۆڵەی خودایت، بەم بەردانە بڵێ با ببن بە نان!» [4]وەڵامی دایەوە:
«نووسراوە: مرۆڤ تەنها بە نان ناژی، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە لە دەمی خودا دەردەچێت!»[5]ئینجا شەیتان بردییە شارە پیرۆزەکە، و
لەسەر لێواری سەربانی پەرستگا ڕایگرت، [6]پێی گوت: «ئەگەر تۆ ڕۆڵەی خودایت، خۆت هەڵبدە خوارەوە، لەبەر ئەوەی نووسراوە:
سەبارەت بە تۆ فەرمان بە فریشتەکانی دەدات،لەسەر دەستیان هەڵتبگرن تاکو پێت بەر بەردێک نەکەوێت!»[7]یەشوا پێی فەرموو:
«هەروەها نووسراوە: پەروەردگاری خودات تاقی مەکەرەوە!» [8]دیسان شەیتان بۆ سەر لوتکەی شاخێکی زۆر بڵندی برد، و هەموو
شانشینەکانی جیهان و مەزنایەتی ئەوانی پیشاندا، [9]پێی گوت: «هەموو ئەمانە ئەدەم بە تۆ ئەگەر کڕنۆش ببەیت و بمپەرستی!»[10]ئینجا
یەشوا پێی فەرموو: «بڕۆ ئەی شەیتان! چونکە نووسراوە: کڕنۆش بۆ پەروەردگاری خودات دەبەیت، وە تەنها ئەو دەپەرستیت!» [11]ئیتر
شەیتان وازی لێ هێنا، وە چەند فریشتەیەک هاتن و خزمەتیان دەکرد.[12]کاتێک یەشوا بیستی یۆخەنان گیراوە، گەڕایەوە بۆ ناوچەی
گەلیلی. [13]ناسیرەی بەجێهێشت، و هات لە شاری کەفەرناخوم نیشتەجێ بوو، کە لەسەر دەریاچەیە لە سنووری زەڤولون و نەفتالیم،
[14]تاکو ئەوەی لە ڕێگەی پێغەمبەر ئیشایاوە گوتراوە بێتەدی: [15]«خاکی زەڤولون و خاکی نەفتالیم، لە سەر ڕێگای ڕووباری ئەودیوی
ئەردەن، وڵاتی گەلیلی، کە خەڵکی بێگانە تێیدا نیشتەجێن، [16]ئەو گەلەی لە تاریکیدا نیشتەجێیە، ڕووناکییەکی مەزنی بینی، دانیشتووان لە
خاکی سێبەری مەرگ، ڕووناکی بەسەریاندا هەڵهات!»[17]لەو کاتەوە یەشوا دەستی بە مزگێنیدان کرد و فەرمووی: «پاشگەز ببنەوە،
چونکە شانشینی ئاسمانەکان نزیک بۆتەوە!»[18]کاتێک یەشوا بە کەناری دەریاچەی گەلیلیدا دەڕۆیشت، دوو برای بینی، شیمۆن کە پێی
دەگوترا پەترۆ لەگەڵ ئاندریا برای، تۆڕیان فڕێدەدایە دەریاچەکە، چونکە ماسیگر بوون. [19]پێی فەرموون: «وەرن شوێنم بکەون،
دەتانکەم بە ڕاوکەری مرۆڤ!» [20]دەستبەجێ تۆڕەکانیان بەجێهێشت و شوێنی کەوتن.[21]کە لەوێ ڕۆیشت دوو برای دیکەی بینی،
یاکۆڤی کوڕی زەڤدی و یۆخەنای برای، لە بەلەمێکدا لەگەڵ زەڤدی باوکیان تۆڕەکانیان چاک دەکردەوە، ئەوانیشی بانگکرد.
[22]دەستبەجێ بەلەمەکە و باوکیان بەجێهێشت، و شوێنی کەوتن.[23]ئینجا یەشوا بە هەموو گەلیلیدا دەگەڕا، لە کەنیشتی یەهودییەکان
خەڵکی فێر دەکرد و مزگێنی شانشینەکەی ڕادەگەیاند، هەرچی نەخۆشی و دەردی نێو خەڵک هەبوو چاکی دەکردنەوە، [24]لەبەر ئەوە
دەنگوباسی بە تەواوی سوریادا بڵاو بۆوە. ئەوانیش هەموو نەخۆشێکیان دەهێنایە لای بە جۆرەها دەرد و ئازارەوە، ئەوانەی خێویان
تێدابوو، فێدار، و ئیفلیج ، چاکی دەکردنەوە. [25]خەڵکێکی زۆر لە گەلیلی، و دە شارەکە، و یۆرشەلایم، و یەهودیا، و پشتی ئەردەن شوێنی
کەوتن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 5

[1]کاتێک خەڵکەکەی بینی، چووە سەر چیا، کە کاتێک دانیشت، قوتابییەکانی لێی نزیک بونەوە. [2]قسەی بۆ کردن و دەستی کرد بە
فێرکردنیان. [3]«خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە بە گیان، هەژارنچونکە شانشینی ئاسمانەکان بۆ ئەوانە. [4]خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە
ماتەمدارن، چونکە دڵنەوایی دەکرێن.[5]خۆزگە دەخوازرێت بە دڵنەرمەکان، چونکە دەبنە میرات گری زەوی. [6]خۆزگە دەخوازرێت بە
برسی و تینوەکانی ڕاستودروستی، چونکە تێر دەکرێن. [7]خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی بەبەزەیین، چونکە بەر بەزەیی دەکەون. [8]خۆزگە
دەخوازرێت بە دڵ پاکەکان، چونکە خودا دەبینن.[9] خۆزگە دەخوازرێت بە بەدیهێنەرانی ئاشتی، چونکە بە ڕۆڵەی خودا ناودەبردرێن.
[10]خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی لە پێناو ڕاستی دەچەوسێنرێنەوە، چونکە شانشینی ئاسمانەکان بۆ ئەوانە.[11]خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە
کاتێک خەڵکی جنێوتان پێدەدەن و دەتانچەوسێننەوە، لە پێناوی من هەموو جۆرە بوختانێکتان بۆ هەڵدەبەستن. [12]دڵخۆش و شادومان بن،
لەبەر ئەوەی لە ئاسمانەکان پاداشتتان گەورەیە. چونکە پێش ئێوە پێغەمبەرانیشیان ئاوا چەوساندۆتەوە![13]ئێوە خوێی زەوین، بەڵام
ئەگەر خوێ سوێرییەکەی نەما، چۆن تامە سوێرەکەی بۆ دەگەڕێندرێتەوە؟ ئیتر بەکەڵکی هیچ نایەت ئەوە نەبێ فڕێبدرێتە دەرەوە و
خەڵکییش پێی لێبنێت! [14]ئێوە ڕووناکی جیهانن. شارێک لەسەر چیا دروست کرابێت ناتوانرێت بشاردرێتەوە؛[15]خەڵکی چرا هەڵناکەن تاکو
بیخەنە ژێر چرادان، بەڵکو لەسەر چرادان دایدەنێن بۆ ئەوەی ڕووناکی بداتە هەموو ئەوانەی لەماڵەکەدان. [16]بە هەمان شێوە، با ئێوەش
ڕووناکیتان بۆ خەڵک بدرەوشێتەوە، تاکو کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی ئەو باوکەتان بکەن کە لە ئاسمانەکانە.[17]وا گومان نەکەن
من هاتووم تەورات یان پێغەمبەران پوچەڵ بکەمەوە. نەهاتووم بۆ پوچەڵ کردنەوەیان، بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان. [18]ڕاستیتان پێ
دەڵێم: هەتا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، پیتێک یان خاڵێک لە تەورات لەناو ناچێت، هەتا هەمووی دێتەدی.[19]بۆیە ئەوەی بچووکترینی
ئەم ڕاسپاردانە بشکێنێت، و خەڵکیش ئاوا فێر بکات، لە شانشینی ئاسمانەکان بە بچووکترین ناودەبردرێت. بەڵام ئەوەی پەیڕەویان
بکات و خەڵکی وا فێر بکات، لە شانشینی ئاسمانەکان بە مەزن ناودەبردرێت. [20]بۆیە پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاستودروستیتان لە
مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمانەکانەوە.[21]بیستووتانە بە پێشینان گوتراوە:
مەکوژن! ئەوەی بکوژێت شایانی دادگایی کردنە. [22]بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی لە خوشکی یان براکەی تووڕە بێت، شایانی دادگایی
کردنە؛ ئەوەی بە براکەی بڵێ: بێ نرخ! دەبێت بکرێتە پەند لە بەردەم ئەنجومەنی باڵا؛ ئەوەی بڵێت :گێلە! شایانی ئاگری دۆزەخە!
[23]لەبەر ئەوە ئەگەر قوربانیت بۆ قوربانگا هێنا، و لەوێ بیرت کەوتەوە کە براکەت شتێکی بەسەرتەوە هەیە، [24]لەوێ لەبەردەم قوربانگا
قوربانییەکەت بەجێبهێڵە، و بڕۆ یەکەم جار براکەت ئاشت بکەرەوە، پاشان وەرە و قوربانییەکەت ئەنجام بدە.[25]خێرا ڕکابەرەکەت
ڕازیبکە لەو کاتەی لەگەڵتە و بە ڕێگاوەن بۆ دادگا، نەوەک ڕکابەرەکەت بتداتە دەست دادوەر، و دادوەریش بتداتە دەست پاسەوان، و
فڕێبدرێیتە بەندیخانە. [26]ڕاستیت پێدەڵێم لەوێ دەرناچی هەتا دوایین فلس نەدەیتەوە![27]بیستووتانە گوتراوە: داوێنپیسی مەکە! [28]بەڵام من
پێتان دەڵێم: هەر کەسێک بەمەبەستی هەوەسبازییەوە سەیری ئافرەتێک بکات، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسی لەگەڵ کردووە![29]ئەگەر
چاوی ڕاستت تەڵە بوو بۆت ، دەریبهێنە و فڕێیبدە. بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو لەشت فڕێبدرێتە دۆزەخ!
[30]ئەگەر دەستی ڕاستت تەڵەیەک بوو بۆت، بیبڕەوە و فڕێیبدە، بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێت لەوەی هەموو لەشت
فڕێبدرێتە دۆزەخەوە![31]هەروەها گوتراوە: ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات، با تەڵاقنامەی بداتە دەست. [32]بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بەبێ
هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات، وای لێدەکات داوێنپیسی بکات. ئەوەش تەڵاقدراوێک بهێنێت ئەوا داوێنپیسی دەکات.
[33]بیستووتانە کە بە پێشینان گوتراوە: سوێندەکانت مەشکێنە، بەڵکو سوێندەکانت بۆ پەروەردگار بەرەسەر. [34]بەڵام من پێتان دەڵێم:
هەرگیز سوێند مەخۆن، نە بە ئاسمان لەبەر ئەوەی تەختی خودایە، [35]نە بە زەوی لەبەر ئەوەی تەختە پێیەتی، نە یۆرشەلایم لەبەر ئەوەی
شاری مەزنترین پاشایە.[36]سوێند بە سەری خۆت مەخۆ چونکە ناتوانیت تاڵە موویەکی لێ سپی یان ڕەش بکەیت. [37]بەڵام با قسەتان
بەڵێ بۆ بەڵێ؛ یا: نەخێر بۆ نەخێر بێت. لەمە زیاتر لە خراپەکارەوەیە.[38]بیستووتانە گوتراوە: چاو بە چاو ددان بە ددان. [39]بەڵام من پێتان
دەڵێم: بەربەرەکانی خراپەکار مەکەن، بەڵکو ئەوەی لە ڕوومەتی ڕاستی دایت، لایەکەی دیکەشی بۆ بسوڕێنە؛[40]ئەوەی ویستی بتداتە
دادگا و کراسەکەت لێ بستێنێت، کەواکەشتی بدەرێ؛ [41]ئەوەی یەک میل بێگاری پێ کردیت، دووانی لەگەڵ بڕۆ. [42]ئەوەی داوای شتێکی
لێکردیت، بیدەرێ. ئەوەی داوای قەرزی لێکردیت نا ئومێدی مەکە![43]بیستووتانە گوتراوە: نزیکەکەت خۆشبوێت ڕقت لە دوژمنت بێتەوە.
[44]بەڵام پێتان دەڵێم: دوژمنانتان خۆش بوێت، ئەوانەش بەرەکەتدار بکەن کە نەفرەتتان لێدەکەن، چاکەکاربن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان
لێتانە، نزابکەن لەپێناو ئەوانەی، خراپ مامەڵەتان لەگەڵ دەکەن و دەتان چەوسێننەوە، [45]تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە
ئاسمانەکانە: ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپدا هەڵدێنێت، وە باران بەسەر چاکەکارو خراپەکاردا دەبارێنێت.[46]ئەگەر هەر ئەوانەتان
خۆشبوێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ پاداشتێک وەردەگرن؟ ئایا باجگرانیش ئەمە ناکەن؟ [47]ئەگەر تەنها پێشوازی لە براکنتان بکەن، چی
شتێکی باشتان کردووە؟ ئایا بت پەرستانیش ئەمە ناکەن؟ [48]بۆیە ئێوەش کامڵ بن ، هەروەک باوکی ئاسمانیتان کامڵە!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 6

[1]هۆشیار بن و نەکەن لەبەرچاوی خەڵک چاکە بکەن بۆ ئەوەی بتانبینن. چونکە لەلای باوکی ئاسمانیتان پاداشتتان نابێت. [2]لەبەر ئەوە
کاتێک خێرێک دەکەیت، زوڕنای بۆ لێمەدە هەروەک دووڕووان کە لە کەنیشت و سەر شەقامەکان دەیکەن، بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکەوە
ستایش بکرێن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە.[3]بەڵام تۆ، کە خێرێ بەکەسێک دەکەیت، مەهێڵە دەستی چەپت
بزانێت دەستی ڕاستت چی دەکات، [4]تاکو خێرەکەت بە نهێنی بێت، باوکیشت کە هەموو نهێنییەک دەبینێت، پاداشتت دەداتەوە.[5]کاتێک
نزا دەکەن، وەک دووڕووان مەبن چونکە ئەوان حەز دەکەن بە پێوە لە کەنیشت و سووچی شەقامەکان نزا بکەن بۆ ئەوەی خەڵکی
بیانبینن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. [6]بەڵام تۆ کاتێک نزادەکەیت، بڕۆ ژوورەکەت و دەرگا لەسەر خۆت
دابخە، نزا بکە بۆ باوکی نەبینراوت. باوکیشت کە بە نهێنی دەیبینێت، پاداشتت دەداتەوە. [7]کاتێک نزا دەکەن، وەک بتپەرستان ئەوەندە
وشەی بەتاڵ دووبارە مەکەنەوە، چونکە وا دەزانن بە زۆر گوتن، لێت وەردەگیرێت.[8]لەبەر ئەوە وەک ئەوان مەبن، چونکە باوکتان
دەزانێت پێویستیتان بە چییە پێش ئەوەی داوای لێ بکەن. [9]بەڵام ئێوە بەم شێوەیە نزا بکەن و بڵێن: باوکمان لە ئاسمانەکان، با ناوت
پیرۆز بێت! [10]با شانشینییەکت بێت!با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان![11]نانی پێویستی ئەمڕۆشمان بدەرێ! [12]لە
تاوانەکانمان خۆشبە، وەک چۆن ئێمە لەوانە خۆشدەبین کە تاوانمان بەرامبەر دەکەن! [13]مەمانخەرە ناو تاقیکردنەوە، بەڵکو لە خراپەکار
ڕزگارمان بکە، چونکە هەتاهەتایە پاشایەتی و هێز و شکۆ هی تۆیە. ئامین.[14]ئەگەر لە تاوانەکانی خەڵکی خۆشببن، ئەوا باوکی
ئاسمانیشتان لێتان خۆشدەبێت. [15]ئەگەر لە تاوانەکانی خەڵکی خۆش نەبن، ئەوا باوکی ئاسمانیتان لە تاوانەکانتان خۆش نابێت.[16]کاتێک
بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەک دووڕووان، چونکە ئەوان ڕووی خۆیان دەگۆڕن تاکو بۆ خەڵکی دەربخەن کە بەڕۆژوون. ڕاستیتان
پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. [17]بەڵام تۆ کە بەڕۆژوو دەبیت، دەمووچاوت بشۆ، وە بۆن لەسەرت بدە، [18]تاکو بۆ خەڵک
دەرنەکەوێت کە بەڕۆژوویت، تەنها بۆ ئەو باوکەی لە شاراوەیدایە. باوکیشت کە بەشاردراوەی دەیبنێت ، پاداشتت دەداتەوە.[19]لەسەر
زەوی سامان بۆ خۆتان کۆمەکەنەوە، کە مۆرانە و ژەنگ لێی دەدات، وە دز دەیبڕێت و دەیدزێت. [20]بەڵکو گەنجینە بۆ خۆتان لە ئاسمان
کۆبکەنەوە، کە مۆرانە خراپی ناکات و دزیش نایبڕێت و نایدزێت. [21]چونکە سامانت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت![22]چاو چرای
جەستەیە. ئەگەر چاوت ساغ بێت، ئەوا جەستەت هەمووی ڕووناکییە، [23]بەڵام ئەگەر چاوت خراپ بێت، ئەوا هەموو جەستەت تاریک
دەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو ڕووناکییەی لە تۆدایە تاریکی بێت، ئاخۆ دەبێت لەمە تاریکتر چیبێت! [24]کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو
گەورە بکات: چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە
پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن.[25]بۆیە پێتان دەڵێم: خەم بۆ ژیانتان مەخۆن کە چی بخۆن و چی بخۆنەوە،
هەروەها بۆ جەستەتان کە چی بپۆشن. ئایا ژیان لە خواردن گرنگتر نییە، یان جەستە لە پۆشاک؟ [26]سەیری باڵندەی ئاسمان بکەن: نە
تۆو دەکەن و نە دروێنە و نە لە ئەمبار کۆدەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باوکی ئاسمانیتان بەخێویان دەکات. ئایا ئێوە زۆر لەوان زیاترنین؟
[27]کێ لە ئێوە ئەگەر بارگرانی و دڵە ڕاوکێی هەیە دەتوانێت تەنها یەک کاتژمێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟ [28]هەروەها بۆچی خەمی
پۆشاکتانە؟ سەیری گوڵی سەوسەن بکەن چۆن گەشە دەکات: نە خۆی ماندوو دەکات و نە دەڕێسێت؛ [29]بەڵام پێتان دەڵێم: تەنانەت
شلۆمۆ لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەک یەکێک لەوانەی نەپۆشیوە![30]ئەی کەم باوەڕینە، ئەگەر خودا ئەو گیایەی کە ئەمڕۆ لە کێڵگەیە و
بەیانی دەخرێتە ئاگرەوە، بەو شێوەیە بپۆشێت، ئایا ئێوە زیاتر نین، هەتا پۆشتەتان بکات؟ [31]با دڵە ڕاوکێتان نەبێت بڵێن: چی بخۆین؟
یان: چی بخۆینەوە؟ یان چی لەبەر بکەین؟[32]هەموو ئەمانە ئەو شتانەن کە خەڵکی ئەم جیهانە بەدوایدا دەگەڕێن. بەڕاستی باوکی
ئاسمانیتان دەزانێت کە پێویستتان بە هەموو ئەمانە هەیە. [33]بەڵام ئێوە، سەرەتا داوای شانشینییەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن،
هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەکرێت. [34]لەبەر ئەوە خەمی سبەی مەخۆن، چونکە سبەی خەمی خۆی دەخوات. بۆ هەر ڕۆژێک بەسە کە
خراپەی خۆیی تێدایە!

## Chapter 7

[1]خەڵکی تاوانبار مەکەن بۆئەوەی تاوانبار نەکرێنەوە. [2]چونکە بەو شێوەیەی خەڵکی تاوانبار دەکەن بەهەمان شێوە تاوانبار دەکرێنەوە؛
بەو پێوانەیە کە دەی پێون بەو پێوانە بۆتان دەپێورێتەوە.[3]بۆچی سەرنج لە پووشی ناو چاوی براکەت دەدەیت. بەڵام ئەو چیلکە
گەورەیەی ناو چاوی خۆت نابینی؟ [4]یان، چۆن بە براکەت دەڵێی: ڕێم بدە با پووشەکەی ناو چاوت دەربهێنم، لەکاتێکدا چیلکەیەک لەناو
چاوی خۆتدایە! [5]ئەی دووڕوو! یەکەم جار چیلکەی ناو چاوی خۆت دەربهێنە، با بۆ دەرهێنانی پووشی ناوچاوی براکەت بە باشی ببینی.
[6]شتی پیرۆز مەدەن بە سەگ، مرواریشتان فڕێمەدەنە بەردەمی بەراز، نەوەک پێشێلیان بکەن و هەڵبگەڕێنەوە و پارچەپارچەتان بکەن.
[7]داوا بکەن. پێتان دەدرێت، بگەڕێن، دەدۆزنەوە. لە دەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە. [8]چونکە هەرکەسێک داوا بکات، وەردەگرێت؛ ئەوەی
بگەڕێت، دەدۆزێتەوە؛ ئەوەش لە دەرگا بدات، لێی دەکرێتەوە، [9]ئایا، کەسێک لە ئێوەدا هەیە ئەگەر کوڕەکەی داوای نانی لێ بکات،
بەردی بداتێ، [10]یان داوای ماسی لێ بکات، ماری بداتێ؟[11]جا ئەگەر ئێوە هەرچەندە خراپەکارن، بەڵام دەزانن چۆن شتە باشەکان بدەن
بە منداڵەکانتان، بیر لەوە بکەنەوە باوکی ئاسمانیتان چەند زیاتر شتە باشەکان دەدات بەو کەسانەی داوای لێدەکەن؟ [12]چۆن، دەتانەوێ
خەڵکی هەڵسوکەوتتان لەگەڵدا بکەن، ئێوەش بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن چونکە ئەمەیە: پوختەی فێرکردنەکان و
تەوراتی پێغەمبەران.[13]لە دەروازەی تەنگەکە بچنە ژوورەوە! چونکە ئەو دەروازەیەی کە پانە و ئەو ڕێگایە کە بەرینە؛ بەرەو لەناوچوون
دەچێت و زۆرن ئەوانەی پێیدا دەچنە ژوورەوە. [14]لەبەر ئەوەی دەروازە تەنگ و ڕێگا تەسکەکە بەرەو ژیان دەچێت! کەمن ئەوانەی
دەیدۆزنەوە.[15]ئاگاداری پێغەمبەرە درۆزنەکان بن کە لە پێستی مەڕدا بۆ لاتان دێن، بەڵام لەناوەوە گورگی ڕفێنەرن! [16]بە بەرهەمیان
دەیانناسنەوە. ئایا لە ترێ دڕک دەڕنن، یان هەنجیر لە چقڵ؟ [17]بەم شێوەیە، هەموو درەختێکی باش بەرهەمی باشی دەبێت. درەختی
ڕزیویش، بەرهەمی خراپی دەبێت.[18]داری چاک ناتوانێت بەرهەمی خراپ بدات، وە داری ڕزیویش ناتوانێت بەرهەمی باش بدات. [19]هەر
درەختێک بەرهەمی باشی نەبێت، دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگر. [20]بۆیە بە بەرهەمیان دەیانناسنەوە.[21]هەرکەسێک پێم بڵێت:
پەروەردگارم، پەروەردگارم! ناچێتە ناو شانشینی ئاسمانەکان، بەڵکو تەنیا ئەو کەسەی کە خواستی باوکی ئاسمانیم ئەنجام دەدات.
[22]لەو ڕۆژەدا زۆر کەس پێم دەڵێن: پەروەردگارم، پەروەردگارم، ئایا ئێمە بە ناوی تۆوە پێشبینیمان نەکرد، بە ناوی تۆوە خێوەکانمان
دەرنەکرد، بە ناوی تۆوە پەرجووی زۆرمان نەکرد؟ [23]ئینجا منیش پێیان ڕادەگەیەنم: قەت ئێوەم نەناسیوە! لێم دوور بکەونەوە، ئەی
بەدکاران![24]لەبەر ئەوە هەرکەسێک ئەم وتانەم ببیستێ و کاری پێبکات، وەک پیاوێکی دانا وایە کە خانووەکەی لەسەر بەرد دروست
بکات، [25]باران باری، و لافاو هەستا، و ڕەشەبا هەڵیکرد، و لە خانوەکەیدا، بەڵام نەڕووخا چونکە بناغەکەی لەسەر بەرد بوو.[26]لەبەر ئەوە
هەرکەسێک ئەم وتانەم ببیستێ و کاری پێنەکات، لە پیاوێکی گێل دەچێت کە خانووەکەی لەسەر لم دروست بکات، [27]ئینجا باران باری، و
لافاو هەستا، و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەماڵەکەیدا، بە تەواوی ڕووخا».[28]کاتێک یەشوا وتەکانی تەواو کرد، خەڵکەکە لە فێرکردنەکەی
سەرسام بوون، [29]چونکە بە دەسەڵاتەوە فێری دەکردن، نەک وەکو مامۆستایانی تەورات.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 8

[1]کاتێک لە چیاکە هاتە خوارەوە، خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن. [2]ئینجا پیاوێک هات کە نەخۆشی گولی هەبوو، کڕنۆشی بۆ برد و گوتی:
«گەورەم، ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت پاکم بکەیتەوە!» [3]دەستی درێژ کرد و دەستی لێدا و فەرمووی: «دەمەوێت، پاک بەرەوە!» دەست
بەجێ لە گولی پاک بۆوە.[4]پاشان یەشوا پێی فەرموو: «ئاگاداربە! بە کەس مەڵێ، تەنها بچۆ بۆ لای کاهین تا بتبینێت، ئەو قوربانییە
پێشکەش بکە کە موشە فەرمانی پێ کردووە وەک شایەتحاڵیەک بۆیان!»[5]کاتێک یەشوا چووە ناو شاری کەفەرناخوم، سەرپەلێک هاتە
لای لێی پاڕایەوە [6]گوتی: «گەورەم! خزمەتکارەکەم ئیفلیجە و لەناو پێخەفدا لە ماڵەوە کەوتووە، و ئازارێکی زۆری هەیە». [7]یەشوا پێی
فەرموو: «دێم چاکی دەکەمەوە!»[8]سەرپەلەکەش وەڵامی دایەوە: «گەورەم، شایانی ئەوە نیم خۆت بێیتە ماڵەکەم. بەڵکو تەنها
وشەیەک بفەرمووە خزمەتکارەکەم چاکدەبێتەوە. [9]چونکە منیش خۆم لەژێر فەرماندام، سەربازیشم لەژێر فەرماندایە؛ بە یەکێک دەڵێم:
بڕۆ! دەڕوات، بەوی دیکەش دەڵێم: وەرە! دێت، بە خزمەتکارەکەم دەڵێم: ئەمە بکە! دەیکات». [10]کاتێک یەشوا گوێی لەمە بوو،
سەرسام بوو بەوانەی فەرمووە کە دوای کەوتبوون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: تەنانەت لە یەسرائیلدا باوەڕێکی ئاوا مەزنم نەدۆزیوەتەوە!
[11]پێتان دەڵێم: کە خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە دێن و لەگەڵ ئەڤراهام و یتساخ و یاکۆڤ لە شانشینی ئاسمانەکاندا
دادەنیشن. [12]بەڵام ڕۆڵەکانی شانشین، فڕێدەدرێنە تاریکی دەرەوە، جا گریان و جیرەی ددان لەوێ دەبێت!» [13]پاشان یەشوا بە
سەرپەلەکەی فەرموو: «بڕۆ، با هەروەک باوەڕت هێنا بۆت ببێت!» جا لەو کاتەدا خزمەتکارەکەی چاک بۆوە.[14]یەشوا هاتە ماڵی پەترۆ،
خەسووی پەترۆی بینی تای هەیە لەناو جێ کەوتووە. [15]دەستی لە دەستیدا، و تایەکە بەریدا، ئەویش هەستایەوە و دەستی کرد بە
خزمەتکردنیان.[16]کاتێک ئێوارە داهات، زۆر کەسیان هێنا بۆ لای کە خێو دەستی بەسەریاندا گرتبوو. ئەویش بە وشەیەک خێوەکانی
دەرکرد. و هەموو نەخۆشەکانی چاککردەوە، [17]بۆ ئەوەی پێشبینیەکەی پێغەمبەر ئیشایا بێتەدی کە دەڵێت: «ئەو دەردەکانی ئێمەی برد، و
نەخۆشییەکانمانی هەڵگرت» .[18]کاتێک یەشوا خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی بینی، فەرمانی بە قوتابییەکانیدا کە بپەڕنەوە ئەوبەری
دەریاچەکە. [19]مامۆستایەکی تەورات هاتە لای و پێی گوت: «مامۆستا، بۆ هەرکوێ بچیت شوێنت دەکەوم!» [20]یەشواش پێی فەرموو:
«ڕێوی حەشارگەی هەیە، و باڵندەی ئاسمانیش هێلانە؛ بەڵام ڕۆڵەی مرۆڤ جێیەکی نییە کە سەری لەسەر دابنێت».[21]یەکێکی دیکە لە
قوتابییەکانی پێی گوت: «گەورەم، ڕێگەم بدە یەکەم جار بچم باوکم بنێژم!» [22]بەڵام یەشوا پێی فەرموو: «شوێنم بکەوە واز لە
مردووان بهێنە با مردووەکانی خۆیان بنێژن!»[23]کاتێک سواری بەلەمەکە بوو، قوتابییەکانی شوێنی کەوتن. [24]لەناکاو ڕەشەبایەکی بەهێز
هەڵیکردە سەر دەریاچەکە، خەریک بوو شەپۆلەکان بەلەمەکە لووش بدەن. لەو کاتەدا ئەو نوستبوو. [25]ئینجا قوتابییەکانی هەڵیانستاند و
گوتیان: «گەورەم ڕزگارمان بکە! وا لەناودەچین!»[26]ئەویش پێی فەرموون: «ئەی کەم باوەڕینە، بۆچی دەترسن؟» ئینجا هەستا لە
ڕەشەبا و دەریاچەکەی ڕاخوڕی، ئیتر بووە ئارامییەکی تەواو. [27]خەڵکەکە سەرسام بوون و گوتیان: «ئەمە کێیە، تەنانەت با و دەریاش
گوێڕایەڵی دەبن؟».[28]کاتێک یەشوا گەیشتە ئەوبەری دەریاچەکە، لە هەرێمی گەدەرین، دوو پیاوی تووش بوو کە خێو دەستی
بەسەرداگرتبوون، لە گۆڕستانەوە هاتبوونە دەرەوە، بە ڕادەیەک توندوتیژ بوون کە تەنانەت کەس نەیدەتوانی بەو ڕێگایەدا تێپەڕێت.
[29]لە ناکاو هاواریان کرد و گوتیان: «چیت لێمان دەوێ ئەی یەشوای ڕۆڵەی خودا؟ ئایا پێشوەخت بۆ ئێرە هاتوویت تاکو ئەشکەنجەمان
بدەیت؟»[30]لە دووری ئەوانەوە ڕەوە بەرازێکی گەورە دەلەوەڕاند، [31]خێوەکان لێی پاڕانەوە و گوتیان: «مادام دەرماندەکەیت، بماننێرە
ناو ڕەوەبەرازەکە». [32]ئەویش پێی فەرموون: «بڕۆن!» ئەوانیش لە دوو کەسەکە هاتنە دەرەوە و چوونە ناو بەرازەکان، ئەوە بوو هەموو
ڕەوە بەرازەکە بە خێرایی لە قەدپاڵەکەوە بۆ ناو دەریاچەکە هەڵدێران، و لە ئاوەکەدا خنکان.[33]بەرازەوانەکانیش ڕایانکرد بۆ ناو شار، و
هەموو ئەو ڕووداوەشیان گێڕایەوە کە بەسەر ئەوانەدا هاتبوو، کە خێو دەستی بەسەریاندا گرتبوو. [34]ئەوە بوو شارەکە هەمووی بۆ بینینی
یەشوا هاتنە دەرەوە، کە بینییان، لێی پاڕانەوە ناوچەکەیان بەجێبهێڵێت.

## Chapter 9

[1]پاشان یەشوا سواری بەلەمەکە بوو، و لە دەریاچەکە گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی (کەفەرناخوم)، [2]کەسێکی ئیفلیجیان هێنایە لای لەناو
جێگادا کەوتبوو. کاتێک یەشوا باوەڕی ئەوانی بینی، بە ئیفلیجەکەی فەرموو: «کوڕم! دڵنیابە گوناهەکانت بەخشران»[3]جا هەندێک لە
مامۆستایانی تەورات لە دڵی خۆیاندا گوتیان: «ئەمە کوفر دەکات!» [4]یەشواش زانی بیر لە چی دەکەنەوە و فەرمووی: «بۆچی لە
دڵتاندا بیر لە خراپە دەکەنەوە؟ [5]کامیان ئاسانترە: بگوترێت: گوناهەکانت بەخشران، یان بگوترێت: هەستە و بڕۆ؟ [6]بەڵام (ئەمەم گوت)
بۆ ئەوەی بزانن کە ڕۆڵەی مرۆڤ دەسەڵاتی لەسەر زەوی هەیە بۆ لێخۆشبوون لە گوناهەکان». پاشان بە ئیفلیجەکەی فەرموو:
«هەستە نوێنەکەت هەڵبگرە، و بڕۆ ماڵەوە!»[7]بۆیە هەستا و چۆوە ماڵی خۆی. [8]کاتێک خەڵکەکە ئەمەیان بینی، سام دایگرتن، و ستایشی
خودایان کرد کە دەسەڵاتی ئاوای بە خەڵکداوە. [9]کاتێک یەشوا بەلای فەرمانگەی وەرگرتنی باجدا تێدەپەڕی، باج وەرگرێکی بینی بە ناوی
مەتا لەوێ دانیشتبوو. پێی فەرموو: «شوێنم بکەوە!» بۆیە هەستا و بەدوایدا ڕۆیشت.[10]لە کاتێکدا یەشوا لە ماڵی مەتا پاڵیدابۆوە، زۆرێک
لە باجگرەکان و گوناهبارەکان هاتن و لەگەڵ یەشوا و قوتابییەکانی دانیشتن، [11]کاتێک فەریسییەکان ئەمەیان بینی، بە قوتابییەکانیان
گوت: «بۆچی مامۆستاکەتان لەگەڵ باجگران و گوناهباران نان دەخوات؟»[12]کاتێک یەشوا گوێی لە قسەکانیان بوو، فەرمووی: لەش
ساغ پێویستی بە پزیشک نییە، بەڵکو نەخۆش! [13]بڕۆ مانای ئەو وتەیە فێربە: من بەدوای بەزەیدا دەگەڕێم نەک قوربانی. چونکە من
نەهاتووم بانگی ڕاستودروستەکان بکەم بەڵکو گوناهباران! »[14]پاشان قوتابییەکانی یۆخەنان هاتنە لای یەشوا و لێیان پرسی: «بۆچی ئێمە
و فەریسییەکان بەڕۆژوو دەبین، بەڵام قوتابییەکانت بەڕۆژوو نابن؟» [15]یەشوا پێی فەرموون: «ئایا کەسانی زاوا دەتوانن ماتەمینی
بگێڕێن لەکاتێکدا زاوا لەگەڵیاندایە؟ بەڵام، ڕۆژانێک دێن کە زاوا هەڵدەگیرێت لەنێوانیان، و ئەوکاتە بەڕۆژوو دەبن![16]کەس کراسی کۆن
بە پەڕۆیەک کە تازەیە پینە ناکات، چونکە پینەکە کراسەکە لێک ڕادەکێشێت، و دڕاوییەکە خراپتر دەکات![17]خەڵک شەرابی نوێ ناکەنە
ناو پێستەی شەرابی کۆن؛ ئەگەرنا پێستەکان دەتەقن، و شەرابەکە دەڕژێت و پێستەکان لەناو دەبەن، بەڵام شەرابی نوێ دەخەنە ناو
پێستی نوێ، بۆیە شەرابەکە و پێستەکان پێکەوە دەپارێزێت!»[18]کاتێک ئەو ئەمەی دەفەرموو، بینی سەرۆکی کەنیشتەکە هاتە پێشەوە و
کڕنۆشی بۆبرد و گوتی. [19]«کچەکەم ئێستا مردووە. بەڵام وەرە دەستی لێبدە زیندوو دەبێتەوە» بۆیە یەشوا هەستا و بەدوایدا ڕۆیشت،
لەگەڵ قوتابییەکانی.[20]ژنێک کە دوازدەساڵ خوێن بەربوونی هەبوو، لە دواوە هاتە لای، و دەستی لە لێواری کەواکەیدا، [21]چونکە لە دڵی
خۆیدا وتی: «بەسە بۆ من دەست لە جلەکانیشی بدەم بۆ ئەوەی چاک ببمەوە!» [22]یەشوا ئاوڕی دایەوە و بینی، و فەرمووی: «کچەکەم
دڵنیابە. باوەڕەکەت چاکی کردیتەوە!» ژنەکەش لەو کاتەدا چاک بۆوە.[23]کاتێک یەشوا چووە ماڵی پێشەوای کەنیشتەکە، و خەڵکەکەی
بینی بە شمشاڵ لێدان ماتەمیان دەگێڕا، [24]فەرمووی: «لاچن! کچەکە نەمردووە، بەڵکو خەوتووە!» ئەوانیش پێی پێکەنین.[25]کاتێک
خەڵکەکەی ناردە دەرەوە، چووە ژوورەوە و دەستی کچەکەی گرت، و هەڵیستاندەوە. [26]ئەم هەواڵەش بە هەموو وڵاتدا بڵاوبۆوە.[27]کاتێک
یەشوا لەوێوە دەڕۆیشت، دوو کوێر بەدوایدا ڕۆیشتن و هاواریان دەکرد: «بەزەییت پێماندا بێتەوە کوڕی داڤید!» [28]کاتێک چووە ناو
ماڵەکە لێیان چۆپێش. یەشوا لێی پرسین: «باوەڕتان وایە کە من دەتوانم ئەمە بکەم؟» وەڵامیان دایەوە: «بەڵێ گەورەم!»[29]دەستی لە
چاوەکانیاندا و فەرمووی: «بەپێی باوەڕتان بۆتان دەکرێت.» [30]پاشان چاویان کرایەوە. یەشواش بە توندی ئاگاداری کردنەوە و
فەرمووی: «ئاگاداربن! بەهیچ کەس مەڵێن!» [31]بەڵام چوون و ناوبانگی ئەویان بە هەموو ئەو وڵاتەدا بڵاوکردەوە.[32]کاتێک ڕۆیشتن،
یەکێکی لاڵیان هێنایە لای کە خێوی تێدا بوو. [33]کاتێک خێوەکە دەرکرا، لاڵەکە قسەی کرد. جەماوەرەکە سەریان سوڕما و گوتیان:
«هەرگیز لە یەسرائیل شتێکی لەم شێوەیە نەبینراوە». [34]بەڵام فەریسییەکان گوتیان: «ئەو خێوەکان بە سەرۆکی خێوەکان دەردەکات!
»[35]یەشوا بە هەموو شار و گوندەکاندا دەگەڕا، و لە کەنیشتی یەهودیەکان فێرکاری دەکرد و مزگێنی شانشینەکەی دەدا، و هەموو
نەخۆشی و دەردەکانی چاک دەکردەوە. [36]کاتێک خەڵکەکەی بینی، بەزەیی پێیاندا هاتەوە، چونکە ئازاردراو پەرتەوازە بوون وەک مەڕی
بێ شوان.[37]لەو کاتەدا بە قوتابییەکانی فەرموو: «دروێنە زۆرە، کرێکارەکانیش کەمن. [38]جا داوا لە پەروەردگاری دروێنە بکەن کە
کرێکاران بنێرێت بۆ دروێنەکردنی!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 10

1پاشان دوازدە قوتابییەکەی بانگ کرد بۆ لای خۆی، و دەسەڵاتی بەسەر گیانە پیسەکاندا پێدان کە دەریان بکەن و هەموو نەخۆشی و
دەردێک چاک بکەنەوە.2ناوی دوازدە نێردراوان ئەمانەن: شیمۆن کە پێی دەگوترا پەترۆ، و ئەندریای برای، و یاکۆڤی کوڕی زەڤدی، و
یۆخەنای برای؛ 3فیلیپ، و بەرتۆلمیۆ؛ تۆما، مەتای باجگر؛ یاکۆڤ کوڕی هەلفای، تادیۆس؛ 4شیمۆنی کانەوی؛ یەهودای ئیسخاریۆتی کە
ناپاکی لێکرد.5ئەمە دوازدە نێردراواکەن کە یەشوا ناردنی، ڕایسپاردن و فەرمووی: «مەچنە ڕێگای نەتەوەکان، و مەچنە ناو شاری
سامری. 6بەڵکو سەرەتا بڕۆن بۆ لای مەڕە ونبووەکانی،ماڵی یەسرائیل. 7کاتێک دەڕۆن مزگێنی بدەن و بڵێن: شانشینی ئاسمانەکان
نزیکە.8نەخۆشەکان چاک بکەنەوە، مردوو زیندوو بکەنەوە، گولەکان پاک بکەنەوە، و خێوەکان دەربکەن. بە خۆڕایی وەرتانگرتووە، بە
خۆڕایی بیبەخشن! 9نە زێڕ و نە زیو و نە مس لە پشتێنەکانتاندا هەڵمەگرن، 10بۆ ڕێگا نە کراس و نە پێڵاوی زیادە و نە گۆچانیش مەبەن:
چونکە کرێکار شایانی نانی خۆیەتی.11هەرکاتێک چوونە ناو شارێک یان گوندێکەوە، لەوێدا بگەڕێن بۆ کەسێک کە شایستە بێت، و لەوێ
بمێننەوە تا دەڕۆن. 12وە کاتێک دەچنە ناو ماڵەکە، سڵاو بکەن. 13ئەگەر بەڕاستی ئەو ماڵە شایستە بێت، ئاشتیتان لەسەری بێت. وە
ئەگەر شایستە نەبوو، با ئاشتی بۆ خۆتان بگەڕێتەوە14ئەوەی پێشوازی لێ نەکردن و گوێی لە قسەتان نەگرت لەو ماڵە یان لەو شارە،
بڕۆنە دەرەوە، و تۆزی پێتان بتەکێنن. 15ڕاستیتان پدەڵێم: لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا سزای شاری سەدۆم و عەمۆرا لەهی ئەم شارە
سوکتر دەبێت.16ئەوەتا من وەک مەڕ بۆ ناو گورگتان دەنێرم، جا وەک مار ئاگاداربن و وەک کۆتر ئاشتی خواز. 17لە خەڵکی بەئاگابن!
چونکە دەتاندەنە دادگا، و لە کەنیشتەکان بە قامچی لێتان دەدەن؛ 18لە پێناوی مندا دەبرێنە بەردەم فەرمانڕەواکان و پاشاکان: ئەمەش
شایەتحاڵی من دەبێت بۆ یەهودیەکان و هەم بۆ نەتەوەکان وەکو یەک.19کاتێک ڕادەستتان دەکەن، خەمی ئەوەتان نەبێت کە چۆن قسە
بکەن و چی بڵێن. چونکە لەو کاتەدا پێتان دەدرێت بۆ ئەوەی چی بڵێن. 20ئەوە ئێوە نین کە قسە دەکەن، بەڵکو گیانی باوکتانە کە لە
ئێوەدا قسە دەکات. 21 برا براکەی ڕادەستی مردن دەکات، و باوکیش منداڵەکەی. منداڵان لە دایک و باوکیان یاخی دەبن، و دەیانکوژن!
22لە پێناو ناوی من هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی تا کۆتایی بەرگە بگرێت، ئەوە ڕزگاری دەبێت. 23کە لەم شارە
دەتانچەوسێننەوە، ڕاکەن بۆ شارێکی دیکە. ڕاستیتان پێ دەڵێم: شارەکانی یەسرائیل چۆڵ ناکرێن تا ڕۆڵەی مرۆڤ نەیەت.24قوتابی لە
مامۆستاکەی زیاتر نییە، و کۆیلەش لە گەورەکەی زیاتر نییە. 25بۆ قوتابی بەسە وەک مامۆستاکەی بێت، و کۆیلەش وەک گەورەکەی!
ئەگەر خاوەن ماڵ بە بەعلزەبووب ناو ببردرێت، چەند زیاتر خانەوادەکەی؟26لەبەر ئەوە لێیان مەترسن: چونکە هیچ شتێکی داپۆشراو
نییە دەرنەکەوێت، نهێنی نییە ئاشکرا نەبێت! 27ئەوەی لە تاریکیدا پێتانی دەڵێم، لە ڕووناکیدا بیڵێنەوە؛ ئەوەی بە چرپە دەیبیستن، لە
سەربانەکان جاڕی بۆ بدەن.28لەو کەسانە مەترسن کە جەستە دەکوژن، بەڵام ناتوانن گیان بکوژن، بەڵکو لەو بترسن کە توانای
لەناوبردنی گیان و جەستەی هەیە پێکەوە لە دۆزەخدا. 29ئایا دوو چۆلەکە بە فلسێک نافرۆشرێت؟ کەچی هیچ یەکێکیان بەبێ خواستی
باوکتان ناکەوێتە سەر زەوی. 30سەبارەت بە ئێوە تەنانەت مووی سەرتان هەمووی ژمێردراوە. 31کەواتە مەترسن! ئێوە زۆر لە
چۆلەکەکان زیاترن. 32 هەرکەسێک لەبەردەم خەڵکیدا دان بە مندا بنێت، منیش لەبەردەم باوکم کە لە ئاسمانەکانە دان بەودا دەنێم.
33هەرکەسێک لەبەردەم خەڵکیدا نکۆڵی لە من بکات، هەروەها منیش لەبەردەم باوکم کە لە ئاسمانەکانە نکۆڵی لێدەکەم.34وا مەزانن
من هاتووم بۆ ئەوەی ئاشتی لەسەر زەوی بەرپا بکەم. من بۆ بەرپا کردنی ئاشتی نەهاتووم، بەڵکو شمشێر. 35من هاتووم بۆ
هەڵگەڕاندنەوەی کوڕ لە باوکی، و کچ لە دایکی، و بووک لە خەسووی. 36بەم شێوەیە دوژمنانی مرۆڤ لە خانەوادەکەی خۆیی دەبێت.
37ئەوەی باوک و دایکی لە من زیاتر خۆش بوێت، شایستەی من نییە. وە هەرکەسێک کوڕ یان کچەکەی لە من زیاتر خۆش بوێت،
شایستەی من نییە. 38ئەوەی خاچەکەی هەڵنەگرێت و شوێنم نەکەوێت، شایستەی من نییە. 39ئەوەی دەست بە ژیانی خۆیەوە دەگرێت،
لەدەستی دەدات؛ ئەوەی لە پێناو مندا ژیانی لەدەست بدات، ئەوە بەدەستی هێناوە.40ئەوەی پێشوازیتان لێ بکات، پێشوازی لە من
دەکات؛ ئەوەش پێشوازی لە من بکات، پێشوازی لەوە دەکات کە ناردوومی. 41ئەوەی پێشوازی لە پێغەمبەرێک دەکات، پاداشتی وەک
پێغەمبەر دەبێت؛ ئەوەی پێشوازی لە پیاوێکی چاکەکار بکات ئەوە چاکەی کردوە، لەبەر ئەوە پاداشتی وەک ڕاستودروستان دەبێت.
42هەرکەسێک تەنانەت جامێک ئاوی ساردیش بداتە یەکێک لەم بچووکانە بۆ خواردنەوە، تەنها لەبەر ئەوەی قوتابی منن، ڕاستیتان
پێدەڵێم پاداشتەکەی هەرگیز بزر نابێت.»

# Chapter 11

1 دوای ئەوەی یەشوا تەواو بوو لە پێدانی ڕاسپاردە بە دوازدە قوتابییەکەی، لەوێشەوە ڕۆیشت، و چوو بۆ فێرکردن و مزگێنیدان لە
شارەکانیان. 2 کاتێک یۆخەنان ئەوەی بیست، کە مەسیح چ کارێکی ئەنجام داوە، لە زیندان بوو، هەندێک لە قوتابییەکانی نارد بۆلای،
3 لێیان پرسی: «ئایا تۆ ئەوەی کە دێت، یان چاوەڕێی یەکێکی تربین؟» 4 یەشوا وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «بڕۆن ئەوەی دەیبیستن و
دەیبینن بە یۆخەنان بڵێن: 5 کوێرەکان دەبینن، شەلەکان دەڕۆن، گولەکان پاک دەبنەوە، کەڕەکان دەبیستن، مردوو هەڵدەستنەوە، مژدە
بە هەژاران دەدرێت. 6 خۆزگە بەو کەسەی گومانم لێ نەکات!» 7 کە قوتابییەکانی یۆخەنان ڕۆیشتن، یەشوا دەستی کرد بە قسەکردن
لەگەڵ خەڵکەکە سەبارەت بە یۆخەنان: «ئێوە چونە دەرەوە بۆ چۆڵەوانی بۆ ئەوەی چی ببینن؟ قامیشێک کە بەهۆی باوە دەلەرێتەوە؟
8 ئەی بۆچی چونە دەرەوە بۆ بینینی: پیاوێک کە جلی نەرمی لەبەردا بوو؟ ئەوانەی جلی نەرم لەبەر دەکەن لە کۆشکی پاشاکاندان!
9 کەواتە، بۆ بینینی چی چوون بۆ دەرەوە؟ پێغەمبەرێک؟ بەڵێ، پێتان دەڵێم، لە پێغەمبەریش مەزنتر. 10 ئەمە ئەو کەسەیە کە دەربارەی
نووسراوە: ئەوەتا من نێردراوی خۆم لە پێشتەوە دەنێرم ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە دەکات! 11 ڕاستیتان پێدەڵێم: پیاوێکی مەزنتر لە
یۆخەنانی لە ئاو هەڵکێش لە نێو ئەوانەی لە ژن لەدایک بوون دەرنەکەوتووە. بەڵام بچوکترینی شانشینی ئاسمانەکان لە ئەو مەزنترە!
12 لەو کاتەی یۆخەنانی لە ئاو هەڵکێش دەستی بە خزمەت کردووە خەڵکی هەوڵیان داوە و تێکۆشاون بۆ چوونە ناو شانشینی
ئاسمانەکان وە هەوڵدەران بەسەختی دەچنە ناوی! 13 چونکە تەورات و پێغەمبەران هەموویان پێشبینیان دەکرد تا دەرکەوتنی یۆخەنان.
14 ئەگەر ئامادەن باوەڕ بکەن ئەم یۆخەنانە ئێلیایە، کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی دەکرا. 15 ئەوەی گوێی هەیە با ببیستێت! 16 بەڵام، ئەم نەوەیە
بە کێ بەراورد بکەم؟ ئەوان وەک منداڵێک وان کە لە گۆڕەپانە گشتییەکان دانیشتوون، بانگی هاوەڵەکانیان دەکەن و دەڵێن: 17 زوڕنامان
بۆ لێدان، بەڵام ئێوە سەماتان نەکرد! بۆ ئێوە ماتەمینیمان گرت، بەڵام ئێوە نەگریان! 18 یۆخەنان هات نە دەیخوارد و نە دەیخواردەوە،
گوتیان: خێوی تێدایە! 19 ئینجا ڕۆڵەی مرۆڤ هات دەخوات و دەخواتەوە، گوتیان: ئەمە خواردن خۆر و سەرخۆشە، هاوڕێی باجگر و
گوناهبارانە. بەڵام دانایی بە کارەکانی تاقی دەکرێتەوە». 20 پاشان یەشوا دەستی کرد بە سەرزەنشتکردنی ئەو شارانەی کە زۆربەی
پەرجووکانی تێدا ئەنجام دابوو، چونکە لە گوناهەکانیان پاشگەز نەبوونەوە. 21 ئینجا فەرمووی: «هاوار بە تۆ خۆرازین! هاوار بە تۆ بێت
سیدۆن! ئەگەر هەمان پەرجوو لە سور و سیدۆن ئەنجام بدرایە، گەلەکەیان لە کۆنەوە لە گوناهەکانیان پاشگەز دەبوونەوە و لە ناو
خۆڵەمێشدا پۆشاکی گوشیان لەبەر دەکرد. 22 بەڵام پێتان دەڵێم: لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا سزای سور و سیدۆن سووکتر دەبێت، لەوەی بۆ
ئێوەیە! 23 تۆش ئەی کەفەرناحوم: ئایا بۆ ئاسمان بەرز دەکرێیتەوە؟ تۆ بۆ جیهانی مردووان دەچیتە خوارەوە. چونکە ئەگەر ئەو
پەرجووانەی کە لەنێو تۆدا کرا لە سۆدۆم بکرابووایە، ئەوا تاکو ئەمڕۆ دەمایەوە. 24 بەڵام پێتان دەڵێم بارودۆخی سۆدۆم لە ڕۆژی
لێپرسینەوەدا لە دۆخی ئێوە سوکتر دەبێت!» 25 لەو کاتەدا یەشوا قسەی کرد و فەرمووی: «باوکە، پەروەردگاری ئاسمان و زەوی
سوپاست دەکەم، چونکە ئەم شتانەت لە دانا و تێگەیشتوان شاردۆتەوە و بۆ منداڵانت ئاشکرا کردووە! 26 بەڵێ ئەی باوک، چونکە
ئەمەت پێ باش بوو. 27 باوکم هەموو شتێکی پێ سپاردووم. کەس کوڕەکە ناناسێت باوک نەبێت، کەسیش باوک ناناسێت تەنها کوڕەکە
نەبێت، ئەوەی کوڕەکە بیهەوێت بۆی ئاشکرا دەکات. 28 وەرن بۆ لام هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە. 29 نیری من
بخەنە سەر خۆتان و لە منەوە فێربن، چونکە دڵنەرم و بێفیزم، حەسانەوەش بۆ دەروونتان دەدۆزنەوە. 30 چونکە نیرەکەم گونجاوە، و
بارم سووکە!»

# Chapter 12

[1]لەو کاتەدا یەشوا لە ڕۆژێکی شەباتدا بە کێڵگەکاندا تێپەڕی. قوتابییەکانی برسی بوون، گوڵە گەنمیان دەپرواندو دەیانخوارد. [2]کاتێک
فەریسییەکان بینییان پێیان گوت: «ئەوەتا قوتابییەکانت ئەو کارە دەکەن کە لە ڕۆژی شەباتدا ڕێگەپێدراو نیە بیکەن!»[3]وەڵامی دانەوە:
«ئایا نەتانخوێندۆتەوە ئەوەی داڤید و هاوڕێکانی کردیان لە کاتی برسیبووندا؟ [4]چۆن چووە ناو ماڵی خودا و نانی پێشکەشکراوی خوارد
کە بۆ خۆی یان هاوەڵەکانی دروست نەبوو بیخۆن بەڵکو تەنها بۆ کاهینەکان بوو![5]ئایا لە تەوراتدا نەتاخوێندۆتەوە کە کاهینەکان ڕۆژی
شەبات (کار دەکەن) لە پەرستگادا وە ڕۆژانی شەبات پێشێل دەکەن و تاوانبار ناکرێن؟ [6]بەڵام پێتان دەڵێم: ئەوەی لێرەیە لە پەرستگا
مەزنترە![7]وە ئەگەر لە مانای ئەو وتەیە تێگەیشتبان: من بە دوای بەزیدا دەگەڕێم نەک قوربانی، ئەوا دادوەریت لەسەر ئەو کەسانە
نەدەکرد کە هیچ تاوانێکیان نییە! [8]ڕۆڵەی مرۆڤ پەروەردگاری شەباتە! »[9]پاشان لەوێ ڕۆیشت و چووە کەنیشتەکەیان، [10]لەوێ پیاوێکی
لێبوو دەستێکی وشک ببوو. بۆ ئەوەی فەریسییەکان بتوانن سکاڵای لێ بکەن، لێیان پرسی: «ئایا لە ڕۆژی شەباتدا چاککردنەوەی
نەخۆش ڕێگەپێدراوە؟»[11]وەڵامی دانەوە: «کام لە ئێوە مەڕێکی هەیە و ئەگەر لە ڕۆژی شەباتدا بکەوێتە ناو چاڵێکەوە، دەستی ناگرێت
و نایکێشێتە دەرەوە؟ [12]مرۆڤ چەند لە مەڕ بە نرخترە! کەواتە ڕێگەپێدراوە چاکەکردن لە ڕۆژی شەباتدا».[13]ئینجا بە پیاوەکەی فەرموو:
«دەستت درێژ بکە!» درێژی کرد و وەک دەستەکەی تری لێهاتەوە. [14]بەڵام فەریسییەکان چوونە دەرەوە و پیلانیان لە دژی یەشوا دانا بۆ
کوشتنی.[15]کاتێک ئەمەی زانی لەوێ کشایەوە. کۆمەڵێکی زۆریش بەدوایدا هاتن، و هەموویانی چاک کردەوە، [16]ئاگاداری کردنەوە لەلای
کەس باسی نەکەن، [17]تاکو ئەوەی لە ڕێگەی پێغەمبەر ئیشایاوە گوتراوە بێتەدی کە دەڵێت:[18]«ئەوەتا ڕۆڵەی خۆم هەڵمبژارد،
خۆشەویستەکەم کەپێی دڵشادم! گیانم لەسەری دادەنێم، ئەویش ڕاستی بۆ گەلان ڕادەگەیەنێت.[19]بەرهەڵستی ناکات و هاوار ناکات،
کەسیش لە شەقامەکاندا دەنگی نابیستێت. [20]قامیشی چەماوە ناشکێنێت، و پڵیتەی بە دوکەڵ ناکوژێنێتەوە، تا دادپەروەری بەرەو
سەرکەوتن دەبات، [21]گەلان ئومێدیان بە ناوی ئەو دەبێت!»[22]پاشان پیاوێکی کوێر و لاڵیان هێنایە لای کە خێوی تێدابوو، ئەویش چاکی
کردەوە تا بتوانێت ببینێت و قسە بکات. [23]هەموو خەڵکەکە سەریان سوڕما و گوتیان: «ڕەنگە ئەمە کوڕی داڤید بێت!»[24]بەڵام
فەریسییەکان، کە ئەمەیان بیست گوتیان: «ئەمە خێوەکان دەرناکات، مەگەر بە بەعلزەبووبی شای گیانە پیسەکان نەبێت!» [25]بەڵام
یەشوا بە بیرکردنەوەی ئەوانی زانی، پێی فەرموون: «هەر شانشینێک دووبەرەکی تێدابێت، وێران دەبێت. هەر شارێک یان ماڵێک
دووبەرەکی تێدابێت، خۆی ڕاناگرێت.[26]ئەگەر شەیتان شەیتان دەربکات، ئەوا دووبەرەکییان تێدایە، کەواتە چۆن شانشینەکەی خۆی
ڕادەگرێت؟ [27]ئەگەر من بە بەعلزەبووب خێوەکان دەربکەم، ئەی ڕۆڵەکانی ئێوە بە کێ دەریان دەکەن؟ لەبەر ئەوە ئەوان تاوانبارتان
دەکەن؟[28]بەڵام ئەگەر بە گیانی خودا خێوەکان دەربکەم، ئەوا شانشینی خودا هاتۆتە سەرتان! [29]ئەگینا، چۆن کەسێک دەچێتە ناو ماڵی
پیاوێکی بەهێز بۆئەوەی کاڵاکانی تاڵان بکات ئەگەر سەرەتا پیاوە بەهێزەکە نەبەستێتەوە؛ و پاشان ماڵەکەی تاڵان بکات؟ [30]ئەوەی
لەگەڵم نییە، دژی منە؛ وە هەرکەسێک لەگەڵم کۆ ناکاتەوە، بڵاوی دەکاتەوە.[31]بۆیە پێتان دەڵێم: هەموو گوناهە و کوفرێکی مرۆڤەکان
دەبەخشرێت. [32]سەبارەت بە کوفرکردن بە گیانی (پیرۆز)، نابەخشرێت. هەرکەسێک قسەیەک دژی ڕۆڵەی مرۆڤ بکات، دەبەخشرێت.
هەرکەسێک قسەیەک دژی گیانی پیرۆز بڵێت، نە لەم سەردەمە و نە لە ڕۆژگاری داهاتوودا نابەخشرێت.[33]ئەگەر دار باش بێت،
بەرهەمی باش دەدات؛ ئەگەر دار خراپ بێت، بەرهەمی خراپ دەدات! دار بە بەرهەمەکەی، دەناسرێتەوە. [34]ئەی منداڵی مار، کە ئێوە
خراپ بن، چۆن دەتوانن، بە چاکە بدوێن؟ دەم ئەوە دەڵێت کە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت. [35]مرۆڤی چاک، لە گەنجینەی چاکی دڵیدا، شتی
چاک دەردەهێنێت. مرۆڤی خراپیش، لە گەنجینەی خراپی ناخیدا شتی خراپ دەردەهێنێت.[36]بەڵام پێتان دەڵێم: هەر قسەیەکی پوچ کە
خەڵکی دەیڵێن، لە ڕۆژی دوایدا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت. [37]چونکە بە قسەکانت بێتاوان دەکرێیت، و بە قسەکانت تاوانبار
دەکرێیت!»[38]ئینجا هەندێک لە مامۆستایان و فەریسییەکان وەڵامیان دایەوە، و گوتیان: «مامۆستا، پێمان خۆشە نیشانەیەک ببینین کە تۆ
ئەنجامی دەدەیت!» [39]وەڵامی دانەوە: «نەوەی خراپەکار و ناپاک داوای نیشانە دەکات؛ وە هیچ نیشانەیەک نادرێت جگە لە نیشانەی
پێغەمبەر یونان. [40]وەک چۆن یونان سێ ڕۆژ و سێ شەو لە سکی نەهەنگەکەدا مایەوە، ڕۆڵەی مرۆڤیش سێ ڕۆژ و سێ شەو لە ناخی
زەویدا دەمێنێتەوە.[41]لە ڕۆژی لێ پرسینەوەدا خەڵکی نەینەوا لەگەڵ ئەم نەوەیەدا دەوەستن و تاوانباری دەکەن؛ چونکە لە گوناهەکانیان
پاشگەز بوونەوە کاتێک یونان ئاگاداری کردنەوە. ئەوەتا لە یونان مەزنتر لێرەیە![42]شاژنی باشوور لە ڕۆژی لێ پرسینەوە لەگەڵ ئەم
نەوەیەدا هەڵدەستێتەوە و تاوانباری دەکات، چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هاتووە بۆ ئەوەی گوێ لە دانایی شلۆمۆ بگرێت. ئەوەی لێرەیە لە
شلۆمۆ مەزنترە![43]کاتێک گیانی پیس لە مرۆڤێک دەردەچێت، لە شوێنە وشکەکاندا بەدوای حەوانەوەدا دەگەڕێت، نایدۆزێتەوە. [44]دەڵێت:
دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەم کە لێیەوە ڕۆشتم! وە کاتێک دەگەڕێتەوە، دەبینێت کە بەتاڵە گسکی لێدراوە و ڕازاوەتەوە. [45]جا دەڕوات،
حەوت گیانی خراپتر لە خۆی دەهێنێت، و هەموویان دەچنە ناوی و نیشتەجێی ئەو کەسە دەبن، بۆ ئەوەی ژیانی کۆتایی لە جاران خراپتر
بێت. چارەنوسی ئەم نەوە خراپەکارەش ئاوادەبێت!»[46]کاتێک لەگەڵ خەڵکەکە قسەی دەکرد، دایکی و براکانی لە دەرەوە وەستابوون، و
داوایان دەکرد قسەی لەگەڵ بکەن. [47]یەکێک لە ئامادە بووان پێی گوت: «دایکت و براکانت لە دەرەوە وەستاون و داوا دەکەن قسەت
لە گەڵ بکەن!»[48]وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: «دایکم کێیە؟ وە براکانم کێن؟» [49]پاشان ئاماژەی بۆ قوتابییەکانی کرد، و فەرمووی:
«ئەمانە دایکم و براکانمن: [50]چونکە هەرکەسێک بە ویستی باوکم بکات کە لە ئاسمانەکانە برا و خوشک و دایکمە!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 13

[1]لەو ڕۆژەدا لە ماڵەوە هاتە دەرەوە و لە کەناری دەریاچەکە دانیشت. [2]خەڵکێکی ئێجگار زۆر لێی کۆبۆوە، هەتا وای لێهات چووە ناو
بەلەمێک دانیشت، هەموو خەڵکەکەش لە کەنارەکە ڕاوەستان.[3]بە نموونە باسی زۆر شتی بۆ کردن، و فەرمووی: «جوتیارێک چووە
دەرەوە تۆو بکات. [4]لە کاتی چاندندا بەشێک لە تۆوەکە کەوتە سەر ڕێگاکان و باڵندەکان هاتن و خواردیان. [5]هەندێکیش کەوتنە سەر
زەوییەکی بەردەڵان کە خۆڵی کەم بوو، خێرا سەریان دەرکرد چونکە زەوییەکەی قووڵ نەبوو؛ [6]بەڵام کاتێک خۆر هەڵهات، سووتاوە و
وشک بوو، چونکە بێ ڕەگ بوو.[7]بەشێک لە تۆوەکە کەوتە ناو دڕکەکان، کاتێک دڕکەکان گەورە بوون خنکاندیانن. [8]هەندێک لە تۆوەکان
کەوتنە ناو خاکی باشەوە، هەندێکیان سەد و هەندێکیان شەست، و هەندێکیان سی هێندە بەرهەمیان هێنا. [9]ئەوەی گوێی هەیە با
ببیسێت!»[10]ئینجا قوتابییەکانی هاتنە لای و لێیان پرسی: «بۆچی بە نموونە قسەیان لەگەڵ دەکەیت؟» [11]وەڵامی دانەوە: «لەبەر ئەوەی
بە ئێوە دراوە نهێنی شانشینی ئاسمانەکان بزانن؛ بەڵام بەوان، نەدراوە. [12]چونکە ئەوەی هەیەتی، پێی دەدرێت و لێی دەڕژێت؛ بەڵام
ئەوەی نییەتی، تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەندرێتەوە.[13]لەبەر ئەوە بە نموونە قسەیان بۆ دەکەم: چونکە سەیر دەکەن بەڵام
نابینن، گوێ دەگرن بەڵام نابیستن و تێناگەن. [14]لەواندا پێشبینیی ئیشایا هاتەدی وەک دەڵێت: بە بیستن دەبیستن بەڵام تێناگەن، بە
سەیرکردن سەیر دەکەن بەڵام نابینن.[15]لەبەرئەوەی دڵی ئەم گەلە ڕەق بووە، گوێچکەیان گران بووە بۆ بیستن، و چاویان داخستووە؛
نەک بە چاوی خۆیان ببینن، و بە گوێی خۆیان ببیستن، و بە دڵیان تێبگەن، و بگەڕێنەوە بۆ لای من، چاکیان بکەمەوە![16]بەڵام ئێوەش
خۆزگە بە چاوەکانتان، چونکە دەبینن، وە گوێچکەکانتان چونکە دەبیستن. [17]ڕاستیتان پێ دەڵێم: زۆر لە پێغەمبەران و ڕاستودروستان بە
ئاوات بوون ئەوە ببینن کە ئێوە دەیبینن بەڵام نەیانبینی، ئەوەش ببیستن کە ئێوە دەیبیستن بەڵام نەیانبیست![18]مانای نموونەی جوتیارەکە
ببیستن: [19]هەرکەسێک گوێی لە وشەی شانشین بێت و لێی تێنەگات، خراپەکار دێت و ئەوەی لە دڵیدا چێنراوە دەڕفێنێت: ئەمەیە کە
لەسەر ڕێگاکان چێنراوە.[20]سەبارەت بەوەی لەسەر زەوییە بەردینەکان چێنراوە، ئەو کەسەیە کە گوێی لە وشەکە دەبێت و یەکسەر بە
خۆشیەوە وەریدەگرێت، [21]بەڵام ڕەگ و ڕیشەی لە خۆیدا نییە، بەڵکو بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە: هەر کە لە پێناوی وشەکەدا ئازار یان
گۆشەگیری ڕوویدا تووشی کۆسپ دەبێت.[22]سەبارەت بەوەی لە نێو دڕکدا چێنرا، ئەو کەسەیە کە گوێی لە وشەکە دەبێت، بەڵام خەمی
سەردەمی ئێستا و فریودانی دەوڵەمەندی وشەکە دەخنکێنێت، بۆیە بەرهەم ناهێنێت. [23]سەبارەت بەوەی لە خاکی باشدا چێنراوە ئەوە
ئەو کەسەیە کە گوێی لە وشەکە دەبێت و لێی تێدەگات، و ئەو کەسەیە کە بەرهەمی دەهێنێت. یەک بە سەد بەرهەم دەهێنێت، ئەوەی
تر شەست، و ئەوی دواتر سی!»[24]نموونەیەکی دیکەی بۆ هێنانەوە، فەرمووی: «شانشینی ئاسمانەکان لە مرۆڤێک دەچێت تۆوی چاک
لە کێڵگەکەی بچێنێت. [25]بەڵام کاتێک خەڵک لە خەودا بوون، دوژمنەکەی هات، و لەناو گەنمەکەدا زیوانی چاند، و ڕۆیشت. [26]کاتێک
گەنمەکە ڕوا و گوڵی دەرکرد، زیوانەکەش دەرکەوت.[27]خزمەتکارەکانی خاوەن ماڵەکە چوون، و پێیان گوت: گەورەم، ئایا تۆوی باشت
لە کێڵگەکەتدا نەچاند؟ ئەم زیوانە لە کوێوە هاتووە؟ [28]ئەویش وەڵامی دانەوە دوژمن ئەمەی کردووە! خزمەتکارەکانی پێیان گوت:
دەتەوێ بچین زیوانەکە بژار بکەین؟[29]وەڵامی دانەوە: نەخێر، نەوەک لەگەڵ بژارکردنی زیوانەکە گەنمیش هەڵبکێشن. [30]لێی بگەڕێن با
هەردووکیان پێکەوە گەشە بکەن تا کاتی دروێنە. وە لە کاتی دروێنەکردندا بە دروێنەکاران دەڵێم: سەرەتا زیوانەکە کۆبکەنەوە و بە
قسڵ ببەستنەوە بۆ سوتاندن. سەبارەت بە گەنمیش، لە کۆگاکەمدا کۆی بکەنەوە.»[31]نموونەیەکی دیکەی بۆ هێنانەوە، و فەرمووی:
«شانشینی ئاسمانەکان لە دەنکە خەردەلێک دەچێت کە یەکێک بیهێنێت و لە کێڵگەکەیدا بیچێنێت. [32]هەرچەندە لە هەموو تۆوەکان
بچوکترە، بەڵام کاتێک گەشە دەکات دەبێتە گەورەترینی هەموو، پاشان دەبێتە دار، بەجۆرێک باڵندەی ئاسمان دێن و لە لقەکانیدا هێلانە
دەکەن».[33]نموونەیەکی دیکەی بۆ هێنانەوە فەرمووی: «شانشینی ئاسمان لە هەویرترشێک دەچێت ژنێک هێنای و کردییە ناو سێ پێوانە
ئاردەوە، هەتا هەمووی هەڵهات».[34]یەشوا هەموو ئەمانەی بە نموونە بۆ خەڵکەکە باسکرد. بەبێ نموونە قسەی بۆ نەدەکردن، [35]تاکو
ئەوەی لە ڕێگەی پێغەمبەرەکەوە وتراوە بێتەدی: «بە نموونە دەمم دەکەمەوە، ئەوەی لە دامەزراندنی جیهانەوە شاراوەیە ئاشکرای
دەکەم».[36]پاشان یەشوا خەڵکەکەی بەڕێکرد و گەڕایەوە ماڵەوە. قوتابییەکانی هاتنە لای و گوتیان: «نموونەی زیوانی ناو کێڵگەکەمان بۆ
ڕوون بکەرەوە». [37]وەڵامی دایەوە: «ئەوەی تۆوە چاکەکەی چاند ڕۆڵەی مرۆڤە. [38]کێڵگەکەش جیهانە. تۆوە چاکەکەش ڕۆڵەکانی
شانشینن. زیوانەکەش ڕۆڵەی خراپەکارن. [39]دوژمنەکەش کە تۆوی کردن شەیتانە. دروێنەکەش کۆتایی زەمانە. دروێنە کارانیش
فریشتەکانن.[40]هەروەک چۆن زیوانەکان کۆدەکرێنەوە و بە ئاگر دەسوتێنرێن، بە هەمان شێوە لە کۆتایی زەماندا بەو جۆرەیە: [41]ڕۆڵەی
مرۆڤ فریشتەکانی دەنێرێت، و هەموو تێکدەر و گوناهباران لە شانشینەکەی دەردەکەن، [42]فڕێیان دەدەنە ناو کوورەی ئاگرەوە، جا
گریان و جیڕەی ددان لەوێ دەبێت. [43]ئەوکاتە ڕاستودروستان وەک خۆر لە شانشینی باوکیاندا دەدرەوشێنەوە. ئەوەی گوێی هەیە، با
ببیستێ![44]شانشینی ئاسمانەکان لە گەنجینەیەک دەچێت لە کێڵگەیەکدا شاردرابێتەوە، کەسێک دەیدۆزێتەوە و دیسان دەیشارێتەوە. لە
خۆشییان، دەچێت و هەرچیی هەیە دەیفرۆشێت و ئەو کێڵگەیەی پێ دەکڕێت. [45]هەروەها شانشینی ئاسمانەکان لە بازرگانێک دەچێت کە
بە شوێن مرواری جواندا دەگەڕێت. [46]هەر کە مروارییە زۆر بەنرخە کەی دۆزیەوە، چوو هەموو شتێکی خۆی فرۆشت، و کڕی.
[47]شانشینی ئاسمانیش لە تۆڕێک دەچێت کە فڕێدراوەتە ناو دەریاوە، و لە هەموو جۆرەکان کۆدەکاتەوە. [48]کاتێک پڕ بوو، ماسیگرەکان
ڕایانکێشا بۆ کەنار و دانیشتن، ئینجا باشەکەیان کۆکردەوە، و خراپەکانیان فڕێدایە دەرەوە.[49]لە کۆتایی زەماندا بەم شێوەیە دەبێت:
فریشتەکان دێن و خراپەکاران لە ناو ڕاستودروستان دەردەکەن، [50]فڕێیان دەدەنە ناو کوورەی ئاگرەوە، جا گریان و جیڕەی ددان لەوێ
دەبێت.[51]ئایا ئێوە لە هەموو ئەم بابەتانە تێگەیشتن؟» وەڵامیان دایەوە: «بەڵێ!» [52]جا پێی فەرموون: «لەبەر ئەوە، هەر مامۆستایەکی
تەورات کە بووەتە قوتابی لە شانشینی ئاسمانەکان، لە مرۆڤێکی خاوەن ماڵ دەچێت لە گەنجینەکەیدا لە کۆن و نوێ دەربهێنێت!»
[53]کاتێک یەشوا ئەم نموونانەی تەواو کرد، لەوێ ڕۆیشت.[54]کاتێک گەڕایەوە بۆ شارکەی، لە کەنیشتەکانیاندا یەهودیەکانی فێر دەکرد، تا
سەریان سوڕما و پرسیاریان کرد: «ئەم دانایی و ئەم پەرجوانەت لە کوێوە وەرگرتووە؟ [55]ئایا کوڕی دارتاشەکە نییە؟ ئایا دایکی ناوی
میریام و براکانی یاکۆڤ و یۆسپ و شیمۆن و یەهودا نەبوون؟ [56]ئایا خوشکەکانی هەموویان لەلای ئێمە نین؟ هەموو ئەمانەی لە کوێ



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

بوو؟»[57]جا گومانیان لێکرد. بەڵام ئەو پێی فەرمووون: «پێغەمبەر بێ ڕێز نییە تەنها لە شار و ماڵی خۆی نەبێت!» [58] لەوێ پەرجووی زۆری نەکرد، لەبەر بێباوەڕییان بەو.

## Chapter 14

[1]لەو کاتەدا هیرۆدی فەرمانڕەوای تەترارک هەواڵی یەشوای بیست. [2]بە خزمەتکارەکانی گوت: «ئەمە یۆخەنانی لە ئاو هەڵکێشە، و لە
مردن هەستاوەتەوە. بۆیە پەرجوو لەسەر دەستی ئەنجام دەدرێت!»[3]چونکە هیرۆد یۆخەنانی گرتبوو کۆت و بەندی کردبوو، خستبویە
زیندانەوە لە پێناو هیرۆدیای هاوسەری فیلیپۆسی برایدا. [4]چونکە یۆخەنان پێی دەگوت: «ڕێگە پێدراو نییە هاوسەرگیری لەگەڵدا
بکەیت!» [5]کاتێک هیرۆد ویستی یۆخەنان بکوژێت، لە خەڵکەکە دەترسا، چونکە یۆخەنانیان بە پێغەمبەر دەزانی.[6]لە کاتی ئاهەنگی
لەدایکبوونی هیرۆدا، کچی هیرۆدیا لە ناوەڕاستدا سەمای کرد، و هیرۆدی دڵخۆشی کرد، [7]بۆیە سوێندی بۆ خوارد بەڵێنی پێدا هەر شتێک
داوای بکات پێی بدات.[8]دوای ئەوەی ڕاوێژی بە دایکی کرد، وتی: «هەر لێرە لەسەر سینییەک سەری یۆخەنانی لە ئاو هەڵکێشم پێبدە!»
[9]جا پاشا غەمبار بوو؛ بەڵام فەرمانی کرد ئەوەی دەیەوێت بیدەنێ، لەبەر ئەوەی سوێندی خوارد لەبەردەم ئەوانەی لەگەڵیدا دانیشتبوون.
[10]ئینجا ناردی لە زیندان سەری یۆخەنانی پەڕاند. [11]سەرەکەیان لەسەر سینییەک هێناو، پێشکەشی کچەکە کرا، ئەویش هەڵیگرت و بردی
بۆ دایکی. [12]قوتابییەکانی یۆخەنان هاتن، و تەرمەکەیان هەڵگرت، و ناشتیان. پاشان چوون و بە یەشوایان ڕاگەیاند.[13]هەر کە یەشوا
ئەمەی بیست، سواری بەلەمێک بوو بەتەنیا بەرەو شوێنێکی چۆڵ ڕۆیشت. خەڵکەکە کە ئەمەیان بیست، لە شارەکانەوە بە پێ بەدوایدا
ڕۆیشتن. [14]کاتێک یەشوا لە کەنار دەریاکە دابەزی، خەڵکێکی زۆری بینی، و بەزەیی پێیاندا هاتەوە و نەخۆشەکانیانی چاککردەوە.[15]کاتێک
ئێوارە هات، قوتابییەکانی لێی نزیک بوونەوە و گوتیان: «ئەم شوێنە چۆڵە، و زۆر درەنگ بووە. خەڵکەکە بنێرە بۆ ئەوەی بچنە گوندەکان
و خواردن بۆ خۆیان بکڕن».[16]بەڵام یەشوا پێی فەرموون: «پێویست ناکات ئەوان بڕۆن. ئێوە خواردنیان پێبدەن!» [17]گوتیان: «ئێمە لێرە
تەنیا پێنج نان و دوو ماسیمان هەیە.» [18]فەرمووی: «بۆمی بهێننە ئێرە!»[19]فەرمانی بە خەڵکەکە کرد لەسەر گیاکە دابنیشن. پاشان پێنج
نانەکە و دوو ماسیەکەی هەڵگرت، بەرزی کردەوە سەیری ئاسمانی کردو، بەرەکەتی خستە سەر و نانە کەی شکاند و دای بە
قوتابییەکانی، ئەوانیش بەسەر خەڵکەکەدا دابەشیان کرد. [20]هەموویان خواردیان و تێر بوون. پاشان قوتابییەکانی دوازدە سەبەتەیان
هەڵگرت پڕیان کرد لەو پارچە نانانەی کە مابۆوە. [21]ژمارەی ئەوانەی خواردیان نزیکەی پێنج هەزار پیاو بوو، جگە لە ژن و منداڵ.[22]ئینجا
یەشوا قوتابییەکانی ناچار کرد کە سواری بەلەمەکە بن و پێش ئەو بڕۆن بۆ ئەوبەری دەریاچەکە، تاوەکو خۆی خەڵکەکە بەڕێبکات.
[23]دوای ئەوەی خەڵکەکەی بەڕێکرد، چووە سەر شاخ بۆ ئەوەی بە تەنیا نزا بکات. ئێوارە بوو ئەویش بە تەنیا لەوێ بوو. [24]ئینجا بەلەمی
قوتابییەکانی گەیشتە ناوەڕاستی دەریاچەکە شەپۆلەکانیش لێی ئەدان، چونکە ڕەشەباکە پێچەوانە بوو.[25]لە چارەکی کۆتایی شەودا
یەشوا هاتە لای قوتابییەکانی و بەسەر ئاوی دەریاچەکەدا دەڕۆیشت. [26]کاتێک قوتابییەکانی بینییان کە بەسەر ئاوەکەدا دەڕوات، تووشی
شڵەژان بوون و گوتیان: «ئەوە جنۆکەیە!» وە لە ترسی خۆیان هاواریان کرد. [27]یەکسەر یەشوا قسەی لەگەڵ کردن و فەرمووی:
«ئازابن! ئەوە منم. مەترسن!»[28]پەترۆ پێی گوت: «ئەگەر تۆ ئەویت، فەرمانم پێبکە بەسەر ئاوەکەدا بڕۆم و بێمەلات!» [29]ئینجا یەشوا
پێی فەرموو: «وەرە!» بۆیە پەترۆ لە بەلەمەکە دابەزی و بەسەر ئاوەکەدا بەرەو یەشوا ڕۆیشت. [30]بەڵام کاتێک هەستی بە هێزی
ڕەشەباکە کرد، ترساو نوقم بوو، بۆیە هاواری کرد و وتی: «پەروەردگار ڕزگارم بکە!»[31]یەشوا دەستبەجێ دەستی درێژ کرد و گرتی و
پێی فەرموو: «ئەی کەم باوەڕ، بۆچی گومانت کرد؟» [32]هەر کە سواری بەلەمەکە بوون، ڕەشەباکە هێمن بۆوە. [33]ئینجا ئەوانەی لە
بەلەمەکەدا بوون لێی نزیک بوونەوە، و کڕنۆشیان بۆ بردو گوتیان: «بەڕاستی تۆ ڕۆڵەی خودایت! »[34]کاتێک پەڕینەوە بۆ ئەوبەری
دەریاچەکە، لە شاری کینەرەت دابەزین. [35]خەڵکی ئەو ناوچەیە ناسیانەوە، و هەواڵیان بۆ وڵاتانی دراوسێ نارد، و هەموو نەخۆشەکانیان
بۆ هێنا، [36]داوایان لێکرد کە تەنها دەست لە لێواری جلەکەی بدەن. هەموو ئەوانەی دەستیان لێدابوو بە تەواوی چاک بوونەوە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 15

[1]هەندێک لە مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان لە یۆرشەلایمەوە، هاتنە لای یەشوا و لێیان پرسی: [2]«بۆچی قوتابییەکانت پێچەوانەی
نەریتی پیرانن، دەستیان ناشۆن پێش نان خواردن؟» [3]وەڵامی دانەوە «بۆچی ئێوە بۆ پاراستنی نەریتەکانتان سەرپێچی ڕاسپاردەکانی
خودا دەکەن؟[4]خودا ڕایسپاردن و فەرمووی: ڕێز لە باوک و دایکت بگرە. وە هەرکەسێک سوکایەتی بە باوکی یان دایکی بکات، با مردن
سزای بێت. [5]بەڵام ئێوە دەڵێن: ئەو کەسەی بە باوکی یان دایکی دەڵێت: ئەوەی ویستم بیدەمە ئێوە وەک قوربانییەک پێشکەشی
پەرستگاکەم کرد، [6]ئازادە لە ڕێزگرتن لە باوک و دایکی. وە ئێوەش، بەم شێوەیە، ئەوەی خودا ڕایسپاردوون هەڵیدەوەشێنەوە،
نەریتەکانتان دەپارێزن.[7]ئەی دووڕووەکان! سەبارەت بە ئێوە ئیشایای پێغەمبەر پێشبینییەکی باشی کردووە کە فەرموویەتی: [8]ئەم گەلە بە
لێوەکانی ڕێزم لێدەگرن، بەڵام دڵیان لە منەوە دوورە! [9]بێهودە دەمپەرستن ئەوان فێرکارییەک فێردەکەن کە جگە لە ڕاسپاردەی
مرۆڤەکان هیچی تر نین».[10]ئینجا خەڵکەکەی بانگ کرد و پێی فەرموون: «گوێ بگرن و تێبگەن: [11]ئەوەی دەچێتە ناو دەمەوە مرۆڤ گڵاو
ناکات، بەڵکو ئەوەی لە دەمەوە دێتە دەرەوە مرۆڤ گڵاو دەکات».[12]قوتابییەکانی هاتنە لای و پێیان گوت: «دەزانیت ئەم قسەیە
فەریسییەکانی بێزار کردووە؟» [13]وەڵامی دانەوە: «هەر ڕووەکێک کە باوکی ئاسمانیم نەیچاندووە، دەبێت هەڵبکەندرێت. [14]وازیان لێ
بهێنن، ئەوانە کوێرن و ڕابەرایەتی کوێرەکان دەکەن. ئەگەر کوێر ڕابەرایەتی کوێر بکات، هەردووکیان دەکەونە چاڵەوە».[15]پەترۆ پێی
گوت: «ئەم نموونەیەمان بۆ ڕوون بکەرەوە!» [16]وەڵامی دایەوە: «ئایا ئێوەش هێشتا تێناگەن؟ [17]ئایا هێشتا درک بەوە ناکەن کە ئەو
خواردنەی دەچێتە ناو دەمەوە دەچێتە خوارەوە بۆ ناو سک، پاشان فڕێ دەدرێتە دەرەوە؟[18]سەبارەت بەوەی لە دەمەوە دێتە دەرەوە، لە
دڵەوە دەردەچێت، ئەوەش ئەوەیە مرۆڤ پیس دەکات. [19]چونکە بیری خراپ لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کوشتن، داوێنپیسی،
بەدڕەوشتی، دزی، شایەتی درۆ، گاڵتە پێکردن. [20]ئەمانە ئەو شتانەن کە مرۆڤ گڵاو دەکەن. سەبارەت بە نان خواردن بە دەستی
نەشۆراو، مرۆڤ گڵاو ناکات!»[21]پاشان یەشوا ئەو ناوچەیەی بەجێهێشت، و چووە ناوچەی سور و سیدۆن. [22]ژنێکی کەنعانی خەڵکی
دەوروبەری ئەوێ، بەرەو ڕووی هات و هاواری کرد: «گەورەم، ئەی کوڕی داڤید! بەزەیت پێمدا بێتەوە کچەکەم بەهۆی گیانی پیسەوە،
ئازارێکی زۆری هەیە». [23]بەڵام یەشوا تەنانەت بە وشەیەکیش وەڵامی نەدایەوە قوتابییەکانی هاتنە لای و پێداگرییان کرد وتیان: «
پێداویستییەکانی بەدیبهێنە. ئەو بۆ ئێمە هاوار دەکات!»[24] وەڵامی دایەوە: «تەنها بۆ مەڕە ونبووەکان نێردراوم، بۆ ماڵی یەسرائیل!»
[25]بەڵام ژنەکە لێی نزیک بۆوە، و کڕنۆشی بۆ بردوو، گوتی: «گەورەم، یارمەتیم بدە!» [26]وەڵامی دایەوە: «دروست نییە نانی منداڵەکان
بەریت و فڕێی بدەیت بۆ سەگ!»[27]ژنەکە گوتی: «ڕاستە گەورەم؛ بەڵام سەگەکان ئەو پارچانە دەخۆن کە لە خوانی خاوەنەکانیانەوە
دەکەونە خوارەوە!» [28]یەشوا وەڵامی دایەوە: «ئەی ژن، باوەڕەکەت مەزنە! هەروەک چۆن داوای دەکەیت با بۆت بێت!» کچەکەی لەو
کاتەدا چاک بۆوە.[29]پاشان یەشوا لەو ناوچەیە ڕۆیشت، بەرەو دەریاچەی گەلیلیا چوو. چووە سەر شاخەکە و لەوێ دانیشت. [30]ئەوە بوو
خەڵکێکی زۆر هاتنە لای شەل و کوێر و گۆج و لاڵ و زۆری دیکەشیان لەگەڵ بوو، لەبەرپێی دایانان، ئەویش چاکیکردنەوە. [31]خەڵکەکە
سەرسام بوون کە بینییان لاڵ قسە دەکات، و گۆج چاکدەبێتەوە، و شەل دەڕوات، و کوێر دەبینێت؛ جا خودای یەسرائیلیان شکۆمەند
کرد.[32]ئینجا یەشوا قوتابییەکانی بانگکرد و فەرمووی: «بەزەییم بەو خەڵکەدا دێتەوە ئەوە سێ ڕۆژە لەگەڵمدان و هیچیان نییە بیخۆن.
ناشمەوێت بە برسێتی بیاننێرمەوە نەوەک لە ڕێگا هێزیان نەمێنێت». [33]قوتابییەکانی وەڵامیان دایەوە: «لەم چۆڵەوانییە ئەو نانە
زۆرەمان لەکوێ بوو بۆ ئەم خەڵکە بێشومارە؟» [34]پرسیاری لێکردن: «چەند نانتان هەیە؟» وەڵامیان دایەوە: «حەوت و چەند ماسییەکی
بچووک!» [35]ئینجا فەرمانی بە خەڵکەکە کرد لەسەر زەوی دابنیشن،[36]ئینجا حەوت نانەکە و ماسیەکانی هەڵگرت، و سوپاسی کردو
شکاندی، و دای بە قوتابییەکانی، ئەوانیش بەسەر خەڵکەکەدا دابەشیان کرد. [37]بۆیە هەموویان تێریان خوارد. پاشان قوتابییەکانی حەوت
سەبەتەیان هەڵگرت و پڕیان کرد لەو پارچانەی کە مابوونەوە. [38] ژمارەی ئەوانەی خواردیان چوار هەزار پیاو بوو، جگە لە ژن و منداڵ.
[39]ئینجا یەشوا خەڵکەکەی بەڕێکرد، و سواری بەلەمێک بوو، هاتە ناوچەی مەگادان.

## Chapter 16

[1]هەندێک لە فەریسییەکان و سەدوکیمەکان هاتنە لای یەشوا بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە، داوایان لێکرد پەرجویەکیان پیشان بدات لە
ئاسمانەوە. [2]وەڵامی دانەوە: «ئەگەر ئاسمان سووری ڕوون بوو لە کاتی خۆرئاوابووندا، ئێوە دەڵێن: دەبێتە ساماڵ![3]وە ئەگەر بەیانیان
ئاسمان سوور و تەمومژاوی بوو، دەڵێین: ئەمڕۆ باران دەبارێت! لە دیمەنی ئاسمانەوە کەشوهەوا دەردەخەن. سەبارەت بە نیشانەکانی
سەردەم، ناتوانن بەڵگەی لە سەر بهێننەوە! [4]نەوەیەکی خراپ و خیانەتکار داوای نیشانە دەکات، هیچ نیشانەیەک نادرێت جگە لەوەی
بەسەر پێغەمبەر یونان هات». پاشان جێی هێشتن و ڕۆیشت.[5]کاتێک قوتابییەکانی گەیشتنە ئەوبەری دەریاچەکە، لەبیریان چوو لەگەڵ
خۆیان نان ببەن. [6]یەشوا پێی فەرموون: «وریابن! ئاگاداری هەویرترشی فەریسی و سەدوکیمەکان بن!» [7]لەناو خۆیاندا گفتوگۆیان
کردو، گوتیان: «ئەوە بۆیە وا دەڵێت چونکە نانمان لەگەڵ خۆمان نەهێناوە!» [8]یەشوا بەمەی زانی، و پێی فەرموون: «ئەی کەم
باوەڕینە، بۆچی لەنێو خۆتان دەڵێن نانمان نەهێناوە؟[9]هێشتا تێنەگەیشتوون؟ یان ئەو پێنج نانەتان لەبیر چوو کە پێنج هەزارەکەی تێرکرد،
و چەند سەبەتەشتان لێ هەڵگرتەوە؟ [10]یان ئەو حەوت نانەتان لەبیر کردووە کە چوار هەزارەکەی تێرکرد، وە چەند سەبەتەتان
هەڵگرتووە؟[11]چۆن تێناگەن کە مەبەستم نان نەبووە کاتێک پێم وتوون: وریاو ئاگاداری هەویری ترشی فەریسییەکان و سەدوکیمەکان
بن؟» [12]ئینجا قوتابییەکانی تێگەیشتن کە لە هەویری ترشی نان ئاگاداریان ناکاتەوە، بەڵکو لە فێرکاری فەریسییەکان و سەدوکیمەکان
ئاگاداریان دەکاتەوە.[13]کە یەشوا گەیشتە ناوچەی کەیسەریای فیلیپۆس، لە قوتابییەکانی پرسی: «ئایا خەڵک دەڵێن ڕۆڵەی مرۆڤ کێیە؟»
[14]وەڵامیان دایەوە: «هەندێک دەڵێن تۆ یۆخەنانی لە ئاو هەڵکێشیت، هەندێکی تر دەڵێن تۆ پێغەمبەر ئیلیایت، هەندێکیش دەڵێن تۆ
یەرمیایت، یان یەکێک لە پێغەمبەرەکان». [15]پرسیاری لێکردن: «ئەی ئێوە، دەڵێن من کێم؟» [16]شیمۆن پەترۆ وەڵامی دایەوە و گوتی: «تۆ
مەسیحەکەیت ڕۆڵەی خودای زیندوویت!»[17]یەشوا پێی فەرموو: «خۆزگە بە تۆ شیمۆنی کوڕی یونا. ئەمە بە گۆشت و خوێن بۆت
ئاشکرا نەکراوە، بەڵکو باوکم کە لە ئاسمانەکاندایە. [18]هەروەها من پێت دەڵێم: تۆ تاشە بەردیت. لەسەر ئەم بەردە کڵێساکەم بنیات
دەنێم، وە دەروازەکانی دۆزەخیش بەسەریدا زاڵ نابن![19]کلیلەکانی شانشینی ئاسمانەکانت دەدەمێ: ئەوەی تۆ لەسەر زەوی گرێی
بدەیت، لە ئاسماندا گرێدراو دەبێت؛ ئەوەی تۆ لەسەر زەوی بیکەیتەوە، لە ئاسماندا کراوە دەبێت!» [20]پاشان قوتابییەکانی ئاگادار
کردەوە بە کەس نەڵێن ئەو مەسیحەکەیە.[21]لەو کاتەدا، یەشوا بە قوتابییەکانی ڕاگەیاند کە دەبێت بچێتە یۆرشەلایم، لەوێ بە دەستی
پیران و سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی تەورات، زۆر ئازار بچێژێت و بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەڵسێتەوە. [22]پەترۆ بردییە لایەک،
و دەستی کرد بە لۆمە کردنی و گوتی: « دوربێت لە تۆ ئەی پەروەردگار ئەمەت بەسەردا نەیەت!» [23]یەشوا ئاوڕی دایەوە و بە پەترۆی
فەرموو: «لەبەر چاوم مەمێنە، ئەی شەیتان! تۆ کۆسپی لەبەردەمم، چونکە بیر لە کاروبارە خوداییەکان ناکەیتەوە، بەڵکو کاروباری
مرۆڤانە!»[24]پاشان یەشوا بە قوتابییەکانی فەرمووی: «ئەگەر کەسێک بیەوێت شوێنم بکەوێت، با نکۆڵی لە خۆی بکات و خاچەکەی
هەڵبگرێت و شوێنم بکەوێت. [25]ئەگەر کەسێک بیەوێت ژیانی ڕزگار بکات، ئەوا لەدەستی دەدات؛ بەڵام ئەوەی لە پێناو مندا ژیانی
لەدەست بدات، دەیدۆزێتەوە. [26]چونکە مرۆڤ چ قازانجێکی دەبێت ئەگەر هەموو دونیا بەرێتەوە بەڵام خۆیی بدۆڕێنێت؟ یان مرۆڤ لە
بەرامبەر خۆیدا چی بەهایەک ئەدات؟[27]چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ لەگەڵ فریشتەکانیدا بە شکۆمەندی باوکیەوە دەگەڕێتەوە، پاداشتی هەر
کەسێک بەپێی کردەوەکانی دەداتەوە. [28]ڕاستیتان پێدەڵێم: هەندێک لەوانەی لێرە وەستاون پێش ئەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ ببینن کە لە
شانشینی خۆیدا دێت، مردن ناچێژن».


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 17

1دوای شەش ڕۆژ، یەشوا بە تەنها پەترۆ و یاکۆڤ و یۆخەنای برای، لەگەڵ خۆیی برد بۆ سەر چیایەکی بەرز، 2ئینجا لە پێش چاویان
شێوەی گۆڕدرا، ڕووی وەک ڕۆژ دەدرەوشایەوە، و جلەکانی وەک ڕووناکی سپی هەڵگەڕان.3پاشان موشە و ئیلیا بۆیان دەرکەوتن و
قسەیان لەگەڵ دەکرد. 4ئینجا پەترۆ بە یەشوای وت: «ئەی پەروەردگار، چەند باشە بۆ ئێمە لێرە بمێنینەوە! ئەگەر حەزدەکەیت، لێرە
سێ چادر هەڵدەدەم: یەکێکیان بۆ تۆ، یەکێکیان بۆ موشە، یەکێکیان بۆ ئیلیا».5کاتێک قسەی دەکرد، هەورێکی ڕۆشن باڵی بەسەریاندا
کێشا و دەنگێک لە هەورەکەوە هات فەرمووی: «ئەمە ڕۆڵەی خۆشەویستمە ئەوەی پێی دڵشادم. گوێی لێ بگرن!» 6کاتێک قوتابییەکانی
گوێیان لە دەنگەکە بوو، لەترساندا بە ڕوودا کەوتن. 7 ئینجا یەشوا لێیان نزیک بۆوە و دەستی لێدان و فەرمووی: «هەستن و مەترسن!»
8ئینجا هەستان و سەیریان کرد، جگە لە یەشوا کەسی تریان نەبینی.9کاتێک لە شاخەکە دەهاتنە خوارەوە، یەشوا ڕایسپاردن و
فەرمووی: «ئەوەی بینیوتانە بە کەس مەڵێن تا ڕۆڵەی مرۆڤ لە نێو مردوان هەڵدەستێتەوە». 10قوتابییەکانی لێیان پرسی: «باشە بۆچی
مامۆستایانی تەورات دەڵێن دەبێت لە پێشدا ئیلیا بێت؟»11وەڵامی دانەوە: «ڕاستە، ئیلیا دێت و هەموو شتێک چاک دەکاتەوە. 12بەڵام
پێتان دەڵێم: ئیلیا هات، و نەیانناسی، چییان ویست پێیان کرد. هەروەها ڕۆڵەی مرۆڤیش بێ گومان بە دەستیانەوە ئازار دەچێژێت».
13ئینجا قوتابییەکان تێگەیشتن کە باسی یۆخەنانی لە ئاو هەڵکێشیان بۆ دەکات.14کاتێک گەیشتنە لای خەڵکەکە، پیاوێک لە یەشوا، هاتە
پێش و لەبەردەمی چۆکی دادا، 15گوتی: «گەورەم، بەزەییت بە کوڕەکەمدا بێتەوە فێدارە، و ئازارێکی زۆر دەچێژێت. هەندێک جار
دەکەوێتە ناو ئاگر و هەندێک جاریش ناو ئاوەوە. 16منیش هێنامە لای قوتابییەکانت و نەیانتوانی چاکی بکەنەوە».17جا یەشوا وەڵامی
دایەوە: «ئەی نەوەی بێباوەڕ و خوار، هەتا کەی لەگەڵتان بم؟ هەتا کەی بەرگەتان بگرم؟ ئەو کوڕە بهێننە ئێرە بۆ لام!» 18یەشوا لە
گیانە پیسەکەی ناوی ڕاخوڕی. و لە کوڕەکە هاتە دەرەوە، لەو کاتەدا کوڕەکە چاک بۆوە.19پاشان قوتابییەکان بە تەنها هاتنە لای یەشوا
و گوتیان: «بۆچی ئێمە نەمانتوانی گیانی پیس دەربکەین؟» 20ئەویش پێی فەرموون: «لەبەر کەمی باوەڕتان. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر
ئەوەندەی تۆیی خەردەلێک باوەڕتان هەبێ، بەو کێوە دەڵێن: لەوێ بڕۆ دەڕوات، و هیچ شتێک بۆتان ئەستەم نابێت. 21سەبارەت بەم
جۆرە گیانە پیسانە، تەنها بە نزا و بەڕۆژوو دەردەکرێت».22کاتێک لە گەلیلی کۆبوونەوە، یەشوا بە قوتابییەکانی فەرموو: « بێگومان
ڕۆڵەی مرۆڤ دەدرێتە دەستی خەڵکی، و 23دەیکوژن. وە لە ڕۆژی سێهەمدا هەڵدەستێتەوە». ئەوانیش بەمە زۆر دڵ تەنگ بوون.24کاتێک
گەیشتنە کەفەرناخوم، باجگرانی دوو درهەمەکەی پەرستگا هاتنە لای پەترۆ، و گوتیان: «ئەرێ مامۆستاکەت دوو درهەمەکە ئەدات؟» لە
وەڵامدا وتی: «بەڵێ!» 25کاتێک پەترۆ هاتە ماڵەوە، یەشوا دست پێشخەری کرد و لێی پرسی: «ڕات چییە شیمۆن: پاشایانی زەوی
سەرانە و باج لە کێ وەردەگرن؟ لە هاوڵاتییانی خۆیان، یان لە خەڵکی بێگانە؟»26پەترۆ وەڵامی دایەوە: «لە بیانی». یەشواش پێی
فەرموو: «کەواتە هاوڵاتییان ئازادن، 27بەڵام بۆ ئەوەی نەبینە کۆسپ بۆیان، بڕۆ بۆ دەریاچەکە، و قولاپێکی ڕاو فڕێ بدە؛ یەکەم ماسی
کە گرتت دەری بهێنە، ئینجا دەمی بکەرەوە و دراوێکی تێدا دەدۆزیتەوە کە بەهای چوار درهەمە، بۆیە بیبە و باجەکەی خۆم و خۆت بدە!
»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 18

[1]لەو کاتەدا، قوتابییەکانی هاتنە لای یەشوا و لێیان پرسی: «کەواتە کێ مەزنترینە، لە شانشینی ئاسمانەکاندا؟» [2]پاشان کوڕێکی بچووکی
بانگ کرد و لە نێوانیاندا ڕایگرت، [3]فەرمووی: «ڕاستیتان پێ دەڵێم ئەگەر نەگۆڕێن و وەک منداڵانی بچوکتان لێنەیەت، هەرگیز ناچنە ناو
شانشینی ئاسمانەکانەوە.[4]ئەوەی وەک ئەم منداڵە خۆی نزم بکاتەوە، لە شانشینی ئاسمانەکاندا مەزنترینە. [5] ئەوەی بە ناوی منەوە
پێشوازی لە منداڵێکی وەک ئەمە بکات، پێشوازی لە من دەکات. [6]هەرکەسێک ببێت بە کۆسپ بۆ ئەم بچووکانە کە باوەڕیان پێم هەیە،
باشترە بۆی بەرداشێک بە ملیدا هەڵبواسێت و لە قووڵایی دەریادا خۆیی نقوم بکات .[7]هاوار بۆ جیهان لەبەر کۆسپەکانی! کۆسپەکان
هەردێن؛ بەڵام هاوار بەوەی دەبێتە هۆی کۆسپەکان! [8]ئەگەر دەستت یان پێت تەڵە بوو بۆت، بیبڕەوە و فڕێیبدە: بۆ تۆ باشترە بێ
دەست یان بێ پێ بچیتە ناو ژیانەوە، لەوەی کە بە دوو دەست یان دوو پێوە فڕێبدرێیتە ناو ئاگری هەتاهەتاییەوە.[9]ئەگەر چاوت تەڵە بوو
بۆت، دەریبهێنە و فڕێیبدە: بۆ تۆ باشترە بە یەک چاوەوە بچیتە ناو ژیانەوە، لەوەی بە دوو چاوەوە فڕێبدرێیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.[10]هیچ
کام بەم بچووکانە سووکایەتی مەکە! بۆیە پێتان دەڵێم: فریشتەکانیان لە ئاسمان هەمیشە ڕووخساری باوکم دەبینن کە لە ئاسمانەکانە.
[11]چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ هات بۆ ڕزگارکردنی لە ناوچووان.[12]ڕاتان چییە ئەگەر یەکێک سەد مەڕی هەبێت، و دانەیەکی لێ ون بێت: ئایا
نەوەد و نۆیەکە لە چیادا بەجێناهێڵێت، تاکو بڕوات بەدوای ونبووەکەدا بگەڕێت؟ [13]ڕاستیتان پێ بڵێم: ئەگەر دۆزییەوە، لە نەوەد و
نۆیەکەی تر کە بزر نەببوون زیاتر پێی دڵخۆش دەبێت! [14]بەم شێوەیە، باوکت کە لە ئاسمانەکانە نایەوێت یەکێک لەم بچووکانە لەناو
بچێت.[15]ئەگەر براکەت تاوانی بەرامبەر کردیت، بە تەنها بڕۆ بۆ لای و لە نێوان خۆت و ئەو گلەیی لێبکە. ئەگەر گوێی لێ گرتیت، ئەوا
براکەت بردۆتەوە. [16]ئەگەر گوێی لێ نەگرتی، برایەک یان دووان لەگەڵ خۆت ببە، بۆ ئەوەی هەموو شتێک بە شایەتی دوو یان سێ
شایەتیدەر بسەلمێنرێت.[17]ئەگەر گوێی لێ نەگرتن، بابەتەکە بگەیەنە کڵێسا. ئەگەر گوێی لە کڵێساش نەگرت، با لەلای ئێوە وەک بت
پەرست و باج وەرگریێت.[18]ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی لەسەر زەوی دایبخەن لە ئاسمانیش داخراو دەبێت، ئەوەی لەسەر زەوی
بیکەنەوە لە ئاسمانیش کراوە دەبێت. [19]هەروەها پێتان دەڵێم: ئەگەر دوو کەستان لەسەر زەوی لە سەر هەر شتێک ڕێک بکەون،
هەرچییەک داوای بکەن، ئەوا لە باوکمەوە کە لە ئاسمانەکانە بۆیان دەبێت. [20]چونکە لە هەر شوێنێک دوو کەس یان سێ کەس بە ناوی
منەوە کۆببنەوە، من لە نێوانیاندام».[21]ئینجا پەترۆ هاتە لای و لێی پرسی: «ئەی پەروەردگار، براکەم چەند جار خراپەم لە گەڵ بکات و
لێی خۆشبم؟ ئایا بۆ حەوت جارە؟» [22]یەشوا وەڵامی دایەوە: «نەک حەوت جار، بەڵکو حەفتا کەڕەت حەوت جار![23]لەبەر ئەو هۆکارە،
شانشینی ئاسمانەکان لە پاشایەک دەچێت ویستی لێپرسینەوە لەگەڵ خزمەتکارەکانی بکات. [24]کاتێک دەستی کرد بە لێپرسینەوە
لەگەڵیان، یەکێکیان هاتە لای کە دە هەزار پارچە زیو قەرزاری بوو. [25]کە هیچی نەبوو قەرزەکەی بداتەوە، گەورەکەی فەرمانی دا خۆی و
ژن و منداڵ و هەرچی هەیەتی بفرۆشرێت و قەرزەکە بداتەوە.[26]بەڵام خزمەتکارەکە کڕنۆشی بۆ برد و گوتی: «گەورەم، کاتم پێ بدە،
هەموو قەرزەکەت پێدەدەمەوە. [27]گەورەی ئەو خزمەتکارە بەزەیی پێداهاتەوە، و ئازادی کرد، و لە قەرزەکەی خۆشبوو.[28]ئەم خزمەتکارە
ڕۆیشت، خزمەتکارێکی هاوکاری خۆی بینی کە سەد دینار قەرزاری بوو. قورگی گرت و گوتی: ئەوەی لەسەرتە بمدەرەوە!
[29]خزمەتکارە هاوکارەکەی لەبەرپێی چۆکی دادا و لێی پاڕایەوە وتی: کاتم بدەرێ دەتدەمەوە![30]ئەویش رازی نەبوو بەڵکو چوو و فڕێیدایە
زیندان تا قەرزەکەی بداتەوە. [31]کاتێک هاوڕێی خزمەتکارەکە ئەوەیان بینی، زۆر دڵتەنگ بوون، و چوون و هەموو شتێکیان بۆ
گەورەکەیان گێڕایەوە.[32]. ئینجا گەورەکەی بانگی کرد و پێی گوت: ئەی بەندەی خراپەکار، لە هەموو قەرزە کانت خۆش بووم چونکە تۆ
لێم پاڕایتەوە. [33]ئایا نەدەبوو بەزەیی بە هاو خزمەتکارەکەتدا بێتەوە وەک چۆن منیش بەزەییم پێتدا هاتەوە؟[34]کاتێک تووڕەیی گەورەکەی
لە دژی هاتە ئاراوە، دایە دەستی سزادەران تا ئازاری بدەن بۆ ئەوەی هەموو قەرزەکانی بداتەوە. [35]باوکی ئاسمانیم ئاواتان لەگەڵ
دەکات ئەگەر هەریەکێکتان لە دڵەوە لە براکەی خۆش نەبێت!»

## Chapter 19

1 دوای ئەوەی یەشوا قسەکانی تەواو کرد، لە گەلیلی ڕۆیشت و چووە ناوچەکانی دەوروبەری یەهودیا لەودیوی ڕووباری ئەردەن.
2 کۆمەڵێکی زۆر شوێنی کەوتن، لەوێ نەخۆشەکانیانی چاککردەوە. 3 هەندێک لە فەریسییەکان هاتنە لای و تاقییان کردەوە، لێیان پرسی:
«ئایا دروستە پیاو بە هەر هۆکارێک لە ژنەکەی جیاببێتەوە؟» 4 وەڵامی دانەوە فەرمووی: «ئایا نەتانخوێندووەتەوە کە بەدیهێنەر هەر لە
سەرەتاوە مرۆڤی بە نێر و مێ دروست کردووە، 5 وە فەرمووی: هەر بۆیە پیاو باوک و دایکی بەجێدەهێڵێت و لەگەڵ ژنەکەی
یەکدەگرێت، بۆ ئەوەی ئەو دووانە ببنە یەک جەستە؟ 6 کەواتە چیتر دوو نین، بەڵکو یەک جەستەن. ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە با
مرۆڤ جیای نەکاتەوە!» 7 لێیان پرسی: «ئەی بۆچی موشە ڕایسپاردوین پیاو تەڵاقنامە بە ژنەکەی بدات و لێی جودا ببێتەوە؟» 8 لە
وەڵامدا فەرمووی: «لەبەر دڵ ڕەقیتان، موشە ڕێگەی پێداون لە ژنەکانتان جیاببنەوە. بەڵام لە سەرەتاوە وا نەبوو. 9 بەڵام پێتان دەڵێم:
ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات، و یەکێکی دیکە بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات. وەئەوەی لە گەڵ تەڵاق
دراوێک هاوسەرگیری بکات، داوێنپیسی دەکات». 10 قوتابییەکانی پێیان گوت: «ئەگەر بارو دۆخی مێرد لەگەڵ ژن وا بوو، وا باشترە
هاوسەرگیری نەکات!» 11 وەڵامی دانەوە: «هەموو خەڵکی ناتوانن ئەم قسەیە پەسەند بکەن، بەڵکو ئەوانەی پێیان دراوە. 12 خەساو هەن
زگماکن؛ خەساویش هەن خەڵک خەساندونی؛ هەیە خۆیان خەساندوە لە پێناوی شانشینی ئاسمانەکان. کێ دەتوانێت پەسەندی بکات، با
پەسەندی بکات!» 13 پاشان هەندێکیان منداڵی بچووکیان هێنایە لای تا دەست بخاتە سەریان و نزا بکات، بەڵام قوتابییەکانی
سەرزەنشتیان کردن. 14 بەڵام یەشوا فەرمووی: «با بچوکەکان بێنە لام و ڕێگریان لێ مەکەن، چونکە شانشینی ئاسمانەکان بۆ هی وەک
ئەمانەیە!» 15 دەستی خستە سەریان، و پاشان لەوێ ڕۆیشت. 16 گەنجێک دێتە لای و لێی دەپرسێت: «مامۆستای چاک، دەبێت چ چاکەیەک
بکەم بۆ ئەوەی ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنم؟» 17 وەڵامی دایەوە: «بۆچی پرسیارم لێ دەکەیت دەربارەی چی چاکە؟ تەنها یەکێک
چاکە. بەڵام، ئەگەر دەتەوێت بچیتە ناو ژیانەوە، کار بە ڕاسپاردەکان بکە». 18 پرسیاری کرد: «کام ڕاسپاردە؟» یەشوا وەڵامی دایەوە:
«مەکوژە؛ داوێنپیسی مەکە؛ دزی مەکە؛ شایەتی درۆ مەدە؛ 19 ڕێز لە باوک و دایکت بگرە؛ وە نزیکەکەت وەک خۆت خۆش
بوێت.» 20 گەنجەکە پێی گوت: «هەموو ئەم کارانەم لە منداڵییەوە کردوە، ئیتر لە چیم کەمە؟» 21 یەشوا وەڵامی دایەوە: «ئەگەر دەتەوێت
تەواو بیت، بڕۆ هەر چیت هەیە، بیفرۆشە و بەسەر هەژاراندا دابەشی بکە، لە ئاسمان گەنجینەت دەبێت. وەرەو شوێنم بکەوە!»
22 کاتێک گەنجەکە گوێی لەم قسانەی بوو، بە دڵتەنگییەوە ڕۆیشت چونکە خاوەنی سامانێکی زۆر بوو. 23 یەشوا بە قوتابییەکانی فەرموو:
«ڕاستیتان پێدەڵێم: ئەستەمە دەوڵەمەند بچێتە ناو شانشینی ئاسمانەکانەوە. 24 هەروەها دەڵێم: ئاسانترە وشتر بە کونی دەرزیدا
تێپەڕێت لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو شانشینی خوداوە». 25 قوتابییەکانی کاتێک ئەمەیان بیست زۆر سەرسام بوون، و پرسیاریان کرد:
«کەواتە، کێ دەتوانێت ڕزگاری بێت؟» 26 سەیری کردن و پێی فەرموون: «ئەمە بۆ خەڵکی ئەستەمە. بەڵام لای خودا، هەموو شتەکان
دەکرێت!» 27 لەوکاتەدا پەترۆ گوتی: «ئەوەتا ئێمە هەموو شتێکمان بەجێهێشت و شوێنت کەوتین، بەشی ئێمە چی دەبێت؟» 28 یەشوا
وەڵامی دانەوە: «ڕاستیتان پێدەڵێم: کاتێک ڕۆڵەی مرۆڤ لە سەردەمی نوێ بوونەوەدا، لەسەر تەختی شکۆمەندی خۆی دادەنیشێت،
ئێوە ئەوانەی شوێنم کەوتوون لەسەر دوانزە تەخت دادەنیشن بۆ ئەوەی دادوەری دوازدە هۆزەکەی یەسرائیل بکەن. 29 هەرکەسێک لە
پێناو ناوی من ماڵ و برا و خوشک و باوک و دایک و منداڵ و خاکی بەجێ هێشتبێت، سەد هێندە وەردەگرێت و ژیانی هەتاهەتایی بە
میرات دەگرێت. 30 بەڵام زۆر لە یەکەمینەکان دەبنە دواهەمین، و زۆریش لە دواهەمینەکان دەبنە یەکەمین.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 20

[1] چونکە شانشینی ئاسمانەکان وەک خاوەنماڵێک وایە کە بەیانی زوو دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی کرێکار بۆ ڕەزەکەی بەکرێ بگرێت،
[2]لەگەڵ کرێکارەکان ڕێککەوت ڕۆژی بە یەک دینار، و ناردینی بۆ ڕەزەکە.[3]نزیکەی کاتژمێر نۆی بەیانی چووە دەرەوە، لە گۆڕەپانی
شارەکەدا کرێکاری دیکەی بێ کاری بینی، [4]پێی گوتن: ئێوەش بڕۆن و لە ڕەزەکەی مندا کار بکەن و مافی خۆتان دەدەمێ! ئەوانیش
ڕۆیشتن.[5]پاشان چووە دەرەوە بۆ گۆڕەپانەکە نزیکەی کاتژمێر دوازدەی پاشنیوەڕۆ. وە نزیکەی کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ، کرێکاری
زیاتری نارد بۆ ناو ڕەزەکەی. [6]نزیکەی کاتژمێر پێنجی پاشنیوەڕۆ، بەهەمان شێوە چۆوە دەرەوە و کرێکاری دیکەی دۆزیەوە کە کاریان
نەبووە، بۆیە لێی پرسین: بۆچی بەدرێژایی ڕۆژ بێکار لێرە دەوەستن؟ [7]وەڵامیان دایەوە: چونکە کەس بەکرێی نەگرتوین. ئینجا گوتی:
هەروەها ئێوەش بچنە ناو ڕەزەکەی من![8]کاتێک ئێوارە هات، خاوەن ڕەزەکە بە سەرکارەکەی گوت: کرێکارەکان بانگ بکە و کرێکەیان
بدەرێ لە دواهەمینەکان دەست پێدەکات لە یەکەمینەکان کۆتایی دێت. [9]جا ئەوانەی لە کاتژمێر پێنجەوە کاریان دەکرد هاتن و
هەریەکەیان یەک دیناری وەرگرت. [10]کاتێک یەکەمینەکان هاتن، پێیان وابوو کە زیاتر وەردەگرن. بەڵام هەریەکەیان یەک دیناریان
وەرگرت.[11]کاتێک دینارەکەیان وەرگرت، بۆڵەبۆڵیان بەسەر خاوەن ماڵەکەدا کرد، [12]وتیان: ئەمانەی تر تەنها یەک کاتژمێر کاریان کردووە،
ئێوەش یەکسانتان کردوون بە ئێمە کە بە درێژایی ڕۆژ لە ژێر گەرمای خۆردا کارمان کردووە![13]وەڵامی یەکێک لەوانی دایەوە:
هاوڕێکەم، من ستەمم لێ نەکردویت؛ لەسەر دینارێک لەگەڵم ڕێک نەکەوتی؟ [14]ئەوەی هی خۆتە بیبە و بە ڕێگای خۆتدا بڕۆ: چونکە من
دەمەوێت بەوەی دوای تۆش وەک تۆی بدەمێ.[15]ئایا مافی ئەوەم نییە پارەکەم بەو شێوەیە بەکار بهێنم کە دەمەوێت؟ یان چاوت خراپە
لەبەر ئەوەی من باشم؟ [16]بەم شێوەیە دواهەمین دەبنە یەکەمین، و یەکەمینیش دەبنە دواهەمین».[17]کاتێک یەشوا بەرەو یۆرشەلایم
دەچوو، دوازدە قوتابییەکەی لە ڕێگادا جیاکردەوە، و پێی فەرموون: [18]«ئەوەتا ئێمە بەرەو یۆرشەلایم سەردەکەوین، لەوێ ڕۆڵەی مرۆڤ
ڕادەستی سەرۆک کاهینەکان، و مامۆستایانی تەورات دەکرێت، و سزای مردنی بەسەردا دەدەن، [19]دەیدەنە دەستی نەتەوەکان، و
گاڵتەی پێدەکەن و بە قامچی لێی دەدەن. و لە خاچی دەدەن. بەڵام لە ڕۆژی سێهەمدا هەڵدەستێتەوە».[20]دایکی کوڕەکانی زەڤدی
لەگەڵ کوڕەکانی هاتە لای، و کڕنۆشی بۆ برد و داوای چاکەیەکی لێکرد. [21]پێی فەرموو: «چیت دەوێت؟» ژنەکە وەڵامی دایەوە: «بڵێ
ئەم دوو کوڕەم: لە شانشینی تۆدا دابنیشن، یەکێکیان لە دەستی ڕاستت، و ئەوی دیکەیان لە لای چەپتەوە!»[22]یەشوا وەڵامی دایەوە و
بە یاکۆڤ و یۆخەنای فەرمووی: «ئێوە نازانن داوای چی دەکەن! ئایا توانای خواردنەوەی ئەو جامەتان هەیە کە من دەیخۆمەوە؟» لە
وەڵامدا وتیان: «بەڵێ، دەتوانین!» [23]پێی فەرموون: «لە جامەکەم دەخۆنەوە. سەبارەت بە دانیشتن لە لای ڕاستم و لای چەپم، تەنیا
دەتوانم بیدەم بەو کەسانەی باوکم بۆی ئامادە کردوون!» [24]کاتێک دە قوتابییەکەیتر ئەمەیان بیست، ناڕەزایی خۆیان لەو دوو برایە
دەربڕی[25]پاشان یەشوا هەموویانی بانگ کردو و فەرمووی: «دەزانن کە فەرمانڕەوای نەتەوەکان بەسەریاندا زاڵ دەبن، و مەزنەکانیان
دەسەڵاتدار دەبن بە سەریاندا. [26]سەبارەت بە ئێوەش، با ئەوە لە نێوانتاندا نەبێت، بەڵکو هەرکەسێک دەیەوێت لە نێوانتاندا گەورە بێت،
با ببێتە خزمەتکارتان، [27]هەرکەسێک ئارەزووی ئەوە دەکات لە نێوانتاندا یەکەم بێت، با ببێتە خزمەتکارتان. [28]وەک چۆن ڕۆڵەی مرۆڤ:
کە نەهاتووە تاکو خزمەت بکرێت، بەڵکو خزمەت بکات وە خۆیی بەخت بکات لە پێناو زۆرینەدا».[29]کاتێک یەشوا و قوتابییەکانی شاری
یەریخۆیان بەجێدەهێشت، کۆمەڵێکی زۆربەدوایدا ڕۆیشتن. [30]ئەوە بوو دوو نابینا لەلای ڕێگاکە دانیشتبوون، هەر کە بیستیان یەشوا
بەوێدا تێدەپەڕێت، هاواریان کرد: «ئەی پەروەردگار، کوڕی داڤید بەزەیت پێماندا بێتەوە!» [31]بەڵام خەڵکەکە سەرزەنشتیان کرد کە
بێدەنگ بن، بەڵام زیاتر هاواریان دەکرد: «ئەی پەروەردگار، ئەی کوڕی داڤید بەزەیت پێماندا بێتەوە!»[32]یەشوا وەستا و بانگی کردن، و
لێیانی پرسی: «دەتانەوێت چیتان بۆ بکەم؟» [33]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «ئەی پەروەردگار چاومان بکەرەوە». [34]بەزەیی پێیاندا هاتەوە،
و دەستی لە چاوەکانیان دا، یەکسەر چاوەکانیان کرایەوە و بەدوایدا ڕۆیشتن.

# Chapter 21

[1]کاتێک لە یۆرشەلایم نزیک بوونەوە، گەیشتنە گوندی بێت فاگە لای چیای زەیتون، یەشوا دووانی لە قوتابییەکانی خۆی نارد، [2]پێی
فەرموون: «بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، لەوێ ماکەرێک دەبینن بەستراوەتەوە جاشکەکەی لەگەڵە، بیکەنەوە و بیانهێنن بۆ لای من.
[3]ئەگەر هەرکەسێک ناڕەزایی بەرامبەرتان هەبوو، بڵێ: پەروەردگار پێویستی پێیانە. یەکسەر دەیاننێرن».[4]ئەمەش ڕوویدا بۆ ئەوەی لە
ڕێگەی پێغەمبەرەکەوە گوترا بەدیبێت کە دەڵێت: [5]«مژدە بە کچی سەهیۆن بدەن: ئەوەتا پاشاکەت دێتە لات، دڵنەرمە و سواری
ماکەرێک و جاشی ماکەرێک بووە!»[6]بۆیە هەردوو قوتابییەکەی ڕۆیشتن، و ئەوەی یەشوا فەرمانی پێکردن کردیان، [7]ماکەر و
جاشکەکەیان هێنا، جلەکانیان خستە سەری، و یەشوا سواربوو. [8]کۆمەڵێکی زۆر گەورە جلەکانیان لەسەر ڕێگاکە ڕاخست، هەندێکی
تریش لق و پۆپیان لە دارەکان بڕی و لەسەر ڕێگاکە دایاننا.[9]ئەو خەڵکانەی پێش یەشوا کەوتبوون ئەوانەش لە دوایەوە دەڕۆشتن
هاواریان دەکرد: «هۆشیەنا بۆ کوڕی داڤید! پیرۆزە ئەوەی بە ناوی پەروەردگارەوە دێت! هۆشیەنا لە بەرزتریندا!» [10]کاتێک یەشوا چووە
یۆرشەلایم، هەموو شارەکە وروژاو، پرسیاریان دەکرد: «ئەمە کێیە؟» [11]ئینجا خەڵکەکە وەڵامیان دایەوە: «ئەمە یەشوای پێغەمبەرە کە
خەڵکی ناسیرەیە لە گەلیلی».[12]ئینجا یەشوا چووە ناو پەرستگاکە، و هەموو ئەوانەی دەرکرد کە کڕین و فرۆشتنیان دەکرد لە حەوشەی
پەرستگا؛ مێزی پارەگۆڕەکان و کورسی کۆتر فرۆشەکانی هەڵگێڕایەوە. [13]پێی فەرموون: «نووسراوە: ماڵەکەم ناودەبرێت بە ماڵی نزا.
بەڵام ئێوە کردتان بە ئەشکەوتی دزەکان!» [14]کاتێک لە پەرستگا بوو کوێرێک و ئیفلیجێک هاتنە لای، و چاکی کردنەوە.[15]سەرۆکی
کاهینەکان، و مامۆستایانی تەورات، بێزار بوون کاتێک ئەم کارە سەرسوڕهێنەرانەیان بینی کە ئەو کردی، هەروەها منداڵانیش لە
پەرستگا هاواریان دەکرد: «هۆشیەنا بۆ کوڕی داڤید!» [16]لێیان پرسی: «دەبیستیت ئەم خەڵکە چی دەڵێن؟» یەشواش وەڵامی دایەوە:
«بەڵێ! ئایا هەرگیز نەتانخوێندۆتەوە : لە زاری کۆرپە و شیرە خۆرانەوە ستایشم ئامادە کردووە؟» [17]ئینجا لێیان جیا بۆوە و لە شارەکە
چووە دەرەوە بۆ گوندی بێت ئەنیا، و لەوێ شەوەکەی بەسەر برد.[18]بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر، گەڕایەوە بۆ شار، برسی بوو. [19]کاتێک دار
هەنجیرێکی لە تەنیشتی ڕێگاکە بینی ڕووی تێکرد، هیچی نەدۆزییەوە تەنیا گەڵا نەبێت، پێی گوت: «با بۆ هەتاهەتایە چیتر بەرهەمت
نەمێنێت!» یەکسەر دار هەنجیرەکە وشک بوو.[20]کاتێک قوتابییەکان ئەمەیان بینی، سەریان سوڕما و گوتیان: «چەند خێرا دار هەنجیرەکە
وشک بوو!» [21]وەڵامی دانەوە: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر باوەڕتان هەبێت و گومان نەکەن، نەک هەر ئەمەی دار هەنجیرەکە دەکەن،
بەڵکو ئەگەر بەم کێوە بڵێن: هەڵبکەنرێ و بکەوە ناو دەریاوە، ئەوە دەبێت. [22]هەرچییەک بە باوەڕ لە نزادا داوای بکەن، وەریدەگرن».
[23]کاتێک گەیشتە پەرستگاکە و دەستی کرد بە فێرکردن، سەرۆک کاهینەکان و پیرانی گەل هاتنە لای، و لێیان پرسی: «بە چ دەسەڵاتێک
ئەو کارە دەکەیت؟ وە کێ ئەم دەسەڵاتەی پێداویت؟» [24]یەشوا وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «منیش یەک شتتان لێ دەپرسم، ئەگەر
وەڵامم بدەنەوە، پێتان دەڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەو کارە دەکەم:[25]لەئاوهەڵکێشانی یۆخەنان لە کوێوە هاتووە؟ لە ئاسمانەوە یان لە
خەڵکەوە؟» بۆیە لە نێوان خۆیاندا ڕاوێژیان کرد و گوتیان: «ئەگەر پێی بڵێین لە ئاسمانەوە هاتووە، پێمان دەڵێت: بۆچی بڕواتان پێی
نەکرد؟ [26]ئەگەر بڵێین: لە خەڵکەوە، ترسمان لەوە هەیە کە جەماوەری گەل لە دژی ئێمە ڕاپەڕن، چونکە هەموویان یۆخەنان بە
پێغەمبەر دەزانن». [27]وەڵامیان دایەوە: «ئێمە نازانین!» ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: «منیش پێتان ناڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەم کارانە
دەکەم».[28] «ڕاتان چییە؟ کەسێک دوو کوڕی هەبوو. چووە لای یەکەمیان و پێی گوت: کوڕەکەم، ئەمڕۆ بڕۆ و لە ڕەزەکەمدا کاربکە!
[29]لە وەڵامدا وتی: من نامەوێت. بەڵام دواتر پەشیمان بۆوە و ڕۆیشت. [30]ئینجا پیاوەکە چووە لای کوڕی دووهەم و ئەوەی بە یەکەمی
گوتبوو بەویشی گوت. لە وەڵامدا وتی: لە خزمەتدام گەورەم! بەڵام نەچوو.[31]کام لەو دووانە بەویستی باوکی کرد؟» گوتیان:
«یەکەمیان!» یەشوا پێی فەرموون: «ڕاستیتان پێدەڵێم باجگر و داوێنپیسان پێش ئێوە دەچنە ناو شانشینی خودا. [32]یۆخەنان هات بۆ
ئەوەی ڕێگای ڕاستودروستیتان نیشان بدات، بەڵام ئێوە بڕواتان پێی نەکرد. بەڵام باجگران و لەشفرۆشان بڕوایان پێی کرد. وە کاتێک
ئێوە ئەمەتان بینی، پەشیمان نەبوونەوە و باوەڕتان پێی نەکرد![33]گوێ لە نموونەیەکی دیکە بگرن: خاوەن ماڵێک هەبوو ڕەزێکی چاند، و
پەرژینێکی بە دەوریدا کرد، گوشەرێکی ترێی تێدا هەڵکەند، و شوێنێکی بەرزی بۆ چاودێری تێدا دروست کرد. ئینجا دایە دەست چەند
ڕەزەوانێک و گەشتی کرد. [34]جا کاتی کۆکردنەوەی بەرهەم هات، خزمەتکارەکانی نارد بۆ لای ڕەزەوانەکان بۆ وەرگرتنی بەرهەمی
ڕەزەکەی،[35]ڕەزەوانەکان خزمەتکارەکانیان گرت، و لە یەکێکیاندا، و یەکێکیان کوشت، و ئەوی دیکەیان بەردە باران کرد. [36]پاشان
خاوەن ماڵ خزمەتکاری دیکەی نارد کە ژمارەیان لەوانەی پێشتر زیاتر بوو. ڕەزوانەکان هەمان شتیان بەسەر ئەوانیشدا هێنا. [37]لە
کۆتاییدا کوڕەکەی نارد، و وتی: ئەوان ڕێز لە کوڕەکەم دەگرن![38]هەر کە ڕەزەوانەکان کوڕەکەیان بینی بە یەکتریان گوت: ئەمە
میراتگرەکەیە! با بیکوژین تا بتوانین دەست بەسەر میراتەکەیدا بگرین. [39]پاشان گرتیان، و کردیانە دەرەوی ڕەزەکە، و کوشتیان![40]کاتێک
خاوەنی ڕەزەکە گەڕایەوە، چی لە ڕەزەوانەکان دەکات؟» [41]وەڵامیان دایەوە: «خراپەکاران، بە خراپی لەناو دەبات. پاشان ڕەزەکە
ڕادەستی ڕەزەوانی دیکە دەکات کە لە کاتی خۆیدا بەرهەمەکەی پێدەدەن».[42]یەشوا پێی فەرموون: «ئایا ئێوە لە پەرتوکەکەدا
نەتانخوێندۆتەوە: هەمان ئەو بەردەی بیناکاران ڕەتیان کردەوە، بوو بە سەرەکیترین بەردی بناغە. ئەمە لە پەروەردگارەوە بوو، لە
تێڕوانینماندا سەرسوڕهێنەرە![43] بۆیە پێتان دەڵێم: شانشینی خودا لە دەستتان دەسەندرێتەوە و دەدرێت بە گەلێک کە بەرهەم دەدەن.
[44]ئەوەی بەسەر ئەم بەردەدا بکەوێت تێکدەشکێت، ئەوەش کە بەردەکە بەسەریدا بکەوێت پانی دەکاتەوە!»[45]کاتێک سەرۆک کاهینەکان
و فەریسییەکان گوێیان لە نموونەکان بوو کە یەشوا دەیهێنانەوە، تێگەیشتن کە مەبەستی ئەوانە. [46]هەرچەندە هەوڵیان دەدا دەستگیری
بکەن، بەڵام لە خەڵکەکە دەترسان چونکە بە پێغەمبەریان دەزانی.

## Chapter 22

1 دووباره یەشوا بە نموونە قسەی بۆ کردن، فەرمووی: 2 «پاشایەتی ئاسمانەکان لە پاشایەک دەچێت کە زەماوەندی بۆ کوڕەکەی گێڕا،
3 خزمەتکارەکانی نارد تاکو بانگهێشت کراوان بۆ زەماوەندەکە بانگ بکەن، بەڵام نەیانویست ئامادەبن. 4 دیسان پاشا خزمەتکارانی تری
نارد و پێی گوتن: بە ئەوانەی بانگهێشت کراون بڵێن: ئەوەتا من خوانەکەمم ئامادە کردووە؛ گا و گۆلکە قەڵەوەکانم سەربڕیوە هەموو
شتێک ئامادەیە، بۆیە وەرەن بۆ زەماوەندەکە! 5 بەڵام ئەوانەی بانگهێشت کرابوون کەم تەرخەم بوون، یەکێکیان دەچووە کێڵگەکەی، و
یەکێکی دیکەیان بۆ بازرگانی؛ 6 ئەوانیتر خزمەتکارەکانی پاشایان دەستگیر کرد و سوکایەتییان پێکردن و کوشتیانن. 7 جا پاشا تووڕە بوو،
سوپاکەی نارد، و ئەو بکوژانەی لەناوبرد و شارەکەیانی سووتاند. 8 پاشان بە خزمەتکارەکانی گوت: زەماوندی هاوسەرگیری ئامادەیە،
بەڵام ئەوانەی بانگهێشت کرابوون شایستە نەبوون. 9 بۆیە بڕۆنە سەر ڕێگاکان، و هەرکەسێک دەبینین بانگهێشتی زەماوەندەکەی بکەن!
10 خزمەتکارەکان چوونە دەرەوە بۆ سەر ڕێگاکان، و ئەوەی بینیان هەموویان کۆکردەوە، چاک و خراپ، تا هۆڵی هاوسەرگیری پڕ بوو لە
میوان. 11 پاشا چووە ژوورەوە بۆ بینینی میوانەکان، کەسێکی بینی کە جلی زەماوەندی لەبەردا نەبوو. 12 پێی گوت: هاوڕێکەم، چۆن هاتیتە
ژوورەوە بۆ ئێرە بەبێ جلی زەماوەند؟ بێدەنگ مایەوە. 13 ئینجا پاشا فەرمانی بە خزمەتکارەکانی کرد و وتی: دەست و قاچی ببەستن، و
فڕێی بدەنە ناو تاریکی دەرەوە، لەوێ گریان و جیرەی ددان دەبێت! 14 چونکە بانگهێشت کراوان زۆرن، بەڵام هەڵبژێردراوان
کەمن!» 15 فەریسییەکان چوون و پیلانیان داڕشت کە چۆن بە قسەکانی خۆیی توشی بکەن. 16 هەندێک لە قوتابییەکانی خۆیان و
لایەنگرانی هیرۆدیان نارده لای، و پێیان گوت: «مامۆستا، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت و بە ڕاستی خەڵکی فێری ڕێگای خودا دەکەیت، و
کەست بۆ گرنگ نییە و پێگەی خەڵکی لەبەر چاو ناگریت، 17 کەواتە پێمان بڵێ ڕای تۆ چییە؟ ئایا ڕێگە پێدراوە سەرانە بدەین بە قەیسەر
یان نا؟» 18 یەشوا بە فێڵەکەیانی زانی و فەرمووی: «ئەی دوو ڕووەکان، بۆچی من بە قسەکانم توشم دەکەن؟ 19 دراوی سەرانەکەم
پیشان بدەن!» دینارێکیان پێدا. 20 پرسیاری لێکردن: «ئەمە وێنە و نەخشی کێیە؟» 21 وەڵامیان دایەوە: «هی قەیسەرە!» پێی فەرموون:
«کەواتە، ئەوەی هی قەیسەرە بیدەنە قەیسەر، و ئەوەش هی خودایە بیدەنە خودا» 22 بەجێیان هێشت و ڕۆیشتن، و سەریان سوڕما
لەوەی بیستیان. 23 لەو ڕۆژەدا هەندێک لەسەدۆکیمەکان کە باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نییە، هاتنە لای و پرسیاریان لێکرد 24 «مامۆستا،
موشە دەڵێت: ئەگەر پیاوێکی وەجاخ کوێر مرد، ئەوا براکەی براژنەکەی دەخوازێتەوە، و وەچە لەسەر ناوی براکەی دەخاتەوە. 25 لەلای
ئێمە حەوت برا هەبوو، یەکەمیان هاوسەرگیری کرد پاشان مردوو منداڵی بە جێنەهێشت، بۆیە ژنەکەی بۆ براکەی بەجێهێشت؛ 26 هەمان
شت بۆ دووهەم پاشان سێهەم، تا حەوتەم. 27 دوای هەموویان، ژنەکەش مرد. 28 لە زیندووبوونەوەدا، ژنەکە دەبێتە هاوسەری کامیان لەو
حەوت کەسە، چونکە ژنی هەموویان بووە؟» 29 یەشوا وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «ئێوە هەڵەن چونکە لە نوسراوە پیرۆزەکان و هێزی
خودا تێناگەن. 30 مرۆڤەکان لە زیندوو بوونەوەدا نە شوو دەکەن و نە ژن دەهێنن، بەڵکو وەک فریشتەکانی خودا دەبن لە ئاسمان.
31 سەبارەت بە زیندوو بوونەوەی مردووەکان، ئایا ئەوەی لە خوداوە پێتان وتراوە نەتان خوێندۆتەوە: 32 من خودای ئەڤراهەم و خودای
یتساخ و خودای یاکۆڤم؟ ئەو خودای مردووان نییە، بەڵکو هی زیندووانە». 33 کاتێک خەڵکەکە ئەمەیان بیست، لە فێرکارییەکانی سەرسام
بوون. 34 کاتێک فەریسییەکان بیستیان کە یەشوا سەدوقییەکانی بێدەنگ کردووە، لەگەڵی کۆبوونەوە، 35 یەکێک لەوان پرسیاری لێکرد، لە
زانایانی تەورات بوو، هەوڵیدا هەڵیسەنگێنێ: 36 «مامۆستا، گرنگترین ڕاسپاردە لە تەوراتدا چییە؟» 37 وەڵامی دایەوە: «پەروەردگاری
خودات بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و بە هەموو بیرتەوە خۆش بوێت! 38 ئەمە مەزنترین و یەکەم ڕاسپاردەیە. 39 وە دووەمیان
هاوشێوەی ئەوە: نزیکەکەت وەک خۆت خۆش بوێت! 40 جا هەموو تەورات و پەیامی پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە
پەیوەستن!» 41 کاتێک فەریسییەکان کۆبوونەوە، یەشوا لێی پرسین: 42 «ڕاتان چییە لەسەر مەسیح: ڕۆڵەی کێیە؟» وەڵامیان دایەوە:
«ڕۆڵەی داڤید!» 43 پرسیاری لێکردن: «ئەی چۆن، داڤید بە گیان پێی دەڵێت پەروەردگارم کە دەڵێت: 44 پەروەردگار بە پەروەردگارمی
فەرموو: لە ڕاستەم دابنیشە تا دوژمنەکانت دەکەمە تەختە پێت؟ 45 ئەگەر داڤید پێی بڵێت پەروەردگارم، چۆن دەبێتە کوڕی؟» 46 یەکێکیان
نەیتوانی تەنانەت بە یەک وشەش وەڵامی بدەنەوە. وە لەو ڕۆژەوە کەس نەیوێرا هەڵیبسەنگێنن بە هیچ پرسیارێک.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 23

1ئینجا یەشوا قسەی لەگەڵ خەڵک و قوتابییەکانی کرد، 2 فەرمووی: «مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان لەسەر کورسی موشە
دانیشتن: 3هەموو ئەوانە جێبەجێ بکەن کە پێتان دەڵێن. بەڵام بە کرداری ئەوان مەکەن: چونکە ئەوەی دەیڵێن خۆیان کاری پێ ناکەن،
4بەڵکو باری قورس و گران دەخەنە سەر شانی خەڵکی، بەڵام خۆیان نایانەوێت بە نوکی پەنجەیەک بیانجوڵێنن. 5هەر کارێک دەیکەن، بۆ
ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکە بۆ لای خۆیان. تەفیلینەکانیان نمایش دەکەن و لێواری جلەکانیان درێژ دەکەنەوە؛6حەزدەکەن لە ئاهەنگەکاندا
شوێنیان لە پێشەوە بێت، و لە کەنیشتەکاندا بایەخیان پێبدرێت، 7لە گۆڕەپانەکاندا سڵاویان لێبکرێت، بۆ ئەوەی خەڵکی بانگیان بکەن:
مامۆستا، مامۆستا.8بەڵام ئێوە، ڕێگە مەدەن کەس بانگتان بکات: مامۆستا! چونکە یەک مامۆستا هەیە، ئێوە هەمووتان بران. 9کەسیش
لەسەر زەوی بە باوک بانگ مەکەن: چونکە یەک باوکتان هەیە، ئەوەی لە ئاسمانەکانە. 10ڕێگە مەدەن کەس بە سەرۆک بانگتان بکات،
چونکە تەنها یەک سەرۆکتان هەیە، ئەویش مەسیحە.11گەورەترینتان با خزمەتکاری ئێوە بێت. 12 ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە نزم
دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە.13بەڵام هاوار بە ئێوە ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییە دووڕووەکان! چونکە
دەرگای شانشینی ئاسمان بە ڕووی خەڵکدا دادەخەن، نە خۆتان دەچنە ناوی، و نە دەهێڵن ئەوانەی کە دەیانەوێت بچنە ناوی! 14هاوار بە
ئێوە ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییە دووڕووەکان! ماڵی بێوەژن دەخۆن بیانو دەهێننەوە بۆ درێژ کردنەوەی نزاکانتان. لەبەر ئەوە
سزای توندتر دێتە سەرتان! 15هاوار بە ئێوە ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییە دووڕووەکان! دەریا و وشکانی دەگەڕێن تاکو یەکێک
بکەنە یەهودی؛ کە بووە یەهودی ئەوسا دوو هێندەی خۆتان دەیکەنە منداڵی دۆزەخ!16هاوار بە ئێوە ئەی ڕابەرە کوێرەکان! ئێوە دەڵێن:
سوێند خواردن بە پەرەستگا، سوێندەکە پابەندی ناکات؛ بەڵام ئەوەی سوێند بە زێڕی پەرستگا بخوات، ئەوا سوێندەکەی پابەندی
دەکات! 17ئەی نەزان و نابیناکان! کام لەم دووانە مەزنترە: زێڕ یان ئەو پەرستگایەی زێڕەکە پیرۆز دەکات؟18ئێوە دەڵێن: ئەوەی سوێند
بە قوربانگا بخوات، سوێندەکەی پابەندی ناکات؛ وەهەر کەسێک سوێند بە قوربانی سەر قوربانگا بخوات، سوێندەکەی پابەندی دەکات!
19ئەی نابینایان! کام لەم دووانە مەزنترە: قوربانی یان ئەو قوربانگایەی کە قوربانییەکە پیرۆز دەکات؟20چونکە ئەوەی سوێند بە قوربانگا
دەخوات، ئەوا سوێند دەخوات بە هەموو ئەوانەش کە لەسەریەتی؛ 21ئەوەی سوێند بە پەرستگا دەخوات، ئەوا سوێند بەو دەخوات و بە
ئەوەش کە تێیدا نیشتەجێیە؛ 22 ئەوەی سوێند بە ئاسمان دەخوات، ئەوا سوێند بە تەختی خودا دەخوات و بەوەش کە لەسەری
دانیشتووە!23هاوار بە ئێوە ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییە دووڕووەکان! چونکە دەیەکی نەعنا و پونگ و زیرە دەدەن، بەڵام
ڕاسپاردە گرنگەکانی تەورات پشت گوێ دەخەن: وەکو دادپەروەری و بەزەیی دڵسۆزی. پێویست بوو ئەمانە پەیڕەو بکەن و ئەوانیش
پشتگوێ نەخەن! 24ئەی ڕابەری نابینا! ئێوە ئاو لە مێشوولە دەپاڵێون، بەڵام وشتر قووتدەدەن!25هاوار بە ئێوە مامۆستایانی تەورات و
فەریسییە دووڕووەکان! دەرەوەی جام و دەفرەکان پاک دەکەنەوە، بەڵام لە ناوەوە پڕن لەوەی بە تاڵانی و چاو چنۆکی بەدەستتان
هێناوە! 26ئەی فەریسیی نابینا، سەرەتا ناوەوەی دەفرەکە پاک بکەرەوە بۆ ئەوەی دەرەوەشی پاک بێت!27هاوار بە ئێوە مامۆستایانی
تەورات و فەریسییە دووڕووەکان! چونکە ئێوە وەک گۆڕە سپی کراوەکانن: لە دەرەوە جوان دەردەکەون، بەڵام لە ناوەوە پڕن لە
ئێسکی مردوو و هەموو پیسییەک! 28بە هەمان شێوە ئێوەش، بە ڕاستودروست دەردەکەون، بەڵام لە ناوەوە پڕن لە دوو ڕوویی و
خراپەکاری!29هاوار بە ئێوە مامۆستایانی تەورات و فەریسییە دووڕووەکان! ئێوە گۆڕی پێغەمبەران دروست دەکەن و ئارامگای
ڕاستودروستان دەڕازێننەوە، 30ئێوە دەڵێن: ئەگەر ئێمە لە سەردەمی باوباپیرانماندا بژیاینایە لەگەڵیان بەشداریمان نەدەکرد لە ڕشتنی
خوێنی پێغەمبەران. 31بەم قسەیە لە دژی خۆتان شایەتی دەدەن کە ئێوە ڕۆڵەی ئەوانەنن کە پێغەمبەرەکانیان کوشتووە!32کەواتە ئەوەی
باوکانتان دەستیان پێکردووە تەواوی بکەن تا پێوانەکەیان سەرڕێژ دەبێت! 33ئەی مارەکان، منداڵانی مار! چۆن لە سزای دۆزەخ
ڕزگارتان دەبێت؟34بۆیە: ئەوەتا پێغەمبەر و دانا و مامۆستاتان بۆ دەنێرم، هەندێکیان دەکوژن و لە خاچیان ئەدەن، هەندێکیشیان لە
کەنیشتەکانتاندا بە قامچی لێیان ئەدەن، و لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەریان دەکەن. 35بەمەش خوێنی هەموو بێتاوانێک کە لەسەر
زەوی ڕژاوە لە ئەستۆیی ئێوەیە: لە خوێنی هابیلی ڕاستودروستەوە تا خوێنی زەخەریای کوڕی بەرەخیا کە لە نێوان پەرستگا و
قوربانگاکەدا کوشتتان. 36ڕاستیتان پێدەڵێم: سزای هەموو ئەمانە بۆ ئەم نەوەیە دادەبەزێت.37ئەی یۆرشەلایم، ئەی یۆرشەلایم، بکوژی
پێغەمبەران و بەردبارانکەری ئەوانەی بۆت نێردران! چەند جار ویستم منداڵەکانت کۆبکەمەوە هەروەک چۆن مریشک جوجەڵەکانی
لەژێر باڵیدا کۆدەکاتەوە، بەڵام نەتانویست! 38ئەوەتا ماڵەکەتان بە وێرانی بۆ بەجێدەهێڵدرێ! 39پێتان دەڵێم ئیتر نامبیننەوە، هەتا ئەو
کاتەی دەڵێن: پیرۆزە ئەوەی بە ناوی پەروەردگارەوەوە دێت!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 24

1پاشان یەشوا پەرستگاکەی بەجێهێشت، کاتێک ڕۆیشت قوتابییەکانی هاتنە لای، و سەرنجیان بۆ تەلارەکانی پەرستگاکە ڕاکێشا. 2پێی
فەرموون: «ئەم هەموو تەلارانە دەبینن؟ ڕاستیتان پێدەڵێم: هیچ بەردێک لێرە لەسەر بەردێک نامێنێتەوە کە نەڕوخێت!»3لەکاتێکدا
لەسەر چیای زەیتون دانیشتبوو، قوتابییەکانی بە تەنیا هاتنە لای و پێیان گوت: «پێمان بڵێ کەی ئەمە ڕوودەدات. وە نیشانەی
گەڕانەوەت و کۆتایی سەردەم چییە؟» 4یەشوا وەڵامی دایەوە: «ئاگادار بن! با کەس گومڕاتان نەکات! 5چونکە زۆر کەس بە ناوی
منەوە دێن و دەڵێن من مەسیحەکەم، وە زۆر کەس گومڕا دەکەن.6گوێ بیستی شەڕ و هەواڵی جەنگ دەبن. بەڵام مەترسن! ئەمە
هەمووی دەبێت ڕووبدات، بەڵام هێشتا کۆتایی نییە. 7نەتەوە لە نەتەوە هەڵ دەگەڕێتەوە، شانشین دژی شانشین، و لە زۆر شوێن
برسێتی و بوومەلەرزە ڕوودەدات. 8بەڵام هەموو ئەمانە تەنها سەرەتای ئازارەکانن.9لەوکاتەدا خەڵکی ڕادەستتان دەکەن بۆ ئەشکەنجە
دان، و دەتانکوژن، لە پێناو ناوی مندا هەموو گەلان ڕقیان لێتان دەبێتەوە؛ 10زۆر کەس هەڵ دەگەڕێنەوە و یەکتری بە گرتن دەدەن و
ڕقیان لە یەکتری دەبێتەوە، 11زۆر پێغەمبەری درۆزن و دژە مەسیحەکان دەردەکەون و زۆریش گومڕا دەکەن.12لەگەڵ پەرەسەندنی
گوناهە، خۆشەویستی زۆر کەس سارد دەبێتەوە. 13بەڵام ئەوەی تا کۆتایی بەرگە بگرێت، ڕزگاری دەبێت. 14ئەم مزگێنی شانشینە لە
هەموو جیهاندا ڕادەگەیەنرێت، وەک شایەتحاڵێک بۆ من بۆ هەموو گەلان. وە دواتر کۆتایی دێت.15کاتێک دەبینن قێزەونی وێرانکەر، لە
شوێنی پیرۆزدا ڕاوەستاوە، ئەوەی دانیال پێغمبەر باسی کردووە، با خوێنەر تێبگات! 16لەوکاتەدا با ئەوانەی لە ناوچەی یەهودیان بەرەو
شاخەکان هەڵبێن؛ 17ئەوەی لەسەربانە، با نەچێتە خوارەوە بۆ بردنی ئەوەی لەماڵکەیدایە؛ 18ئەو کەسەی لە کێڵگەیە، با نەگەڕێتەوە بۆ
ئەوەی جلەکانی ببات!19هاوار بۆ دووگیان و شیردەرەکان لەو ڕۆژانەدا! 20نزا بکەن با هەڵاتنتان لە زستان یان لە شەباتدا نەبێت، 21ئەو
کاتە تەنگانەیەکی گەورە ڕوودەدات کە لە سەرەتای جیهانەوە تا ئێستا ڕووی نەداوە و هەرگیز ڕووشنادات. 22ئەگەر ئەو ڕۆژانە کورت
نەکرایەتەوە، هیچ کەسێک ڕزگاری نەدەبوو. بەڵام لە پێناوی هەڵبژێردراوەکاندا ئەو ڕۆژانە کورت دەکرێنەوە.23ئەگەر ئەو کاتە پێیان
گوتن: ئەوەتا مەسیحەکە لێرەیە، یان ئەوەتا لەوێیە، باوەڕ مەکەن! 24زۆر دژە مەسیح و پێغەمبەری ساختە دەردەکەون، نیشانەی مەزن
و پەرجوو دەنوێنن، بە شێوەیەک ئەگەر بتوانن، تەنانەت هەڵبژێردراوانیش گومڕا دەکەن. 25ئەوەتا پێش ئەوەی ڕووبدات پێم گوتن.
26ئەگەر خەڵکی پێیان گوتن: ئەواتە مەسیحەکە لە چۆڵەوانیە! مەچنە دەرەوە بۆلایی؛ یان: ئەوەتا لە ژوورەکانی ناوەوەیە! باوەڕ مەکەن.
27چۆن هەورە بروسکە ڕووناکی دەدات لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕۆژئاوا ڕوناک دەکاتەوە، گەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤیش ئاوا دەبێت. 28کەلاک
لەکوێ بێت، داڵ لەوێ کۆدەبێتەوە!29دەستبەجێ دوای تەنگانەی ئەو ڕۆژانە، خۆر تاریک دەبێت، و مانگ ڕووناکی خۆی دەشارێتەوە، و
ئەستێرەکان لە ئاسمان دەکەونە خوارەوە، و هێزی ئاسمانەکان دەهەژێن.30پاشان نیشانەی ڕۆڵەی مرۆڤ لە ئاسمان دەردەکەوێت، و
هەموو هۆزەکانی سەر زەوی ماتەمینی دەگێڕن، و ڕۆڵەی مرۆڤ دەبینن کە لە هەوری ئاسماندا بە هێز و شکۆمەندییەکی مەزنەوە
دێت. 31فریشتەکانی دەنێرێت بە دەنگی کەڕەنایەکی مەزنەوە بۆ کۆکردنەوەی هەڵبژێردراوەکانی لە ئاراستەی چوار لایەکە، لەم سەری
ئاسمانەکانەوە هەتا ئەو سەری.32ئەم نموونەیە لە دار هەنجیرەوە فێربن: کاتێک لقەکانی نەرم دەبن، و گەڵا دەکات، دەزانن کە هاوین
نزیک بۆتەوە. 33بە هەمان شێوە کاتێک هەموو ئەم شتانە دەبینن، بزانن کە نزیکە و لە بەردەرگایە!34ڕاستیتان پێدەڵێم: ئەم نەوەیە
هەرگیز بەسەرناچێت، تا هەموو ئەمانە ڕوونەدەن. 35 ئاسمان و زەوی بەسەردەچن؛ بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن.36سەبارەت بەو
ڕۆژ و کاتژمێرە، کەس نایزانێت، تەنانەت فریشتەکانی ئاسمانیش، بەڵکو تەنها باوک نەبێت.37سەردەمی نواخ چۆن بوو، کاتی
گەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤیش ئاوا دەبێت: 38لە ڕۆژانی پێش لافاوەکە خەڵک دەیانخوارد و دەیانخواردەوە ژنیان دەهێنا و شویان دەکرد،
سەریان سوڕما ئەو ڕۆژەی نواخ چووە ناو کەشتییەکەوە، 39نەیاندەزانی چی ڕوودەدات هەتا لافاوەکە هات و هەمووی برد. گەڕانەوەی
ڕۆڵەی مرۆڤیش ئاوا دەبێت:40لەوکاتەدا دوو پیاو لە کێڵگەدا دەبن، یەکێکیان دەبردرێت و ئەوی دیکەیان بەجێدەهێڵرێت، 41دوو ژن
دەستاڕ دەگێڕن، یەکێکیان دەبرێت، و ئەوی دیکەیان بەجێدەهێڵرێت. 42جا ئێشک بگرن، چونکە نازانن پەروەردگارتان لە چ کاتێکدا
دەگەڕێتەوە.43بزانە ئەگەر خاوەن ماڵەکە بزانێت لە چ چارەکێکی شەودا دزەکە دەچێتە سەری، ئەوا بە ئاگا دەمایەوە و نەیدەهێشت
ماڵەکەی ببڕدرێت. 44هەروەها ئامادەبن، چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ لە کاتێکدا دەگەڕێتەوە کە چاوەڕوانیتان نەدەکرد!45کەواتە کێیە ئەو
خزمەتکارە دڵسۆز و دانایەی کە گەورەکەی دەیکاتە سەرپەرشتیاری خانەوادەکەی تا لە کاتی خۆیدا خواردنیان پێبدات؟ 46 خۆزگە بەو
خزمەتکارەی کە گەورەکەی دێت و دەیبینێت کە کارەکانی دەکات. 47ڕاستیتان پێدەڵێم: دەیکاتە سەرپەرشتیاری هەموو موڵک و
ماڵەکەی.48بەڵام ئەگەر ئەو خزمەتکارە خراپە لە دڵی خۆیدا بڵێ: گەورەکەم لە گەڕانەویدا دوادەکەوێت! 49دەستی کرد بە لێدانی هاو
خزمەتکارەکانی و لەگەڵ سەرخۆشەکان خواردی و خواردییەوە، 50ئیتر گەورەی ئەو خزمەتکارە لە ڕۆژێکدا دەگەڕێتەوە کە چاوەڕێی
ناکات، وە کاتژمێک کە نایزانێت، 51ئینجا پارچەپارچەی دەکات و بەشی لەگەڵ دووڕوواندا دادەنێت، جا گریان و جیڕەی ددان لەوێ
دەبێت!

# Chapter 25

[1]لەو کاتەدا شانشینی ئاسمانەکان لە دە پاکیزە دەچێت، کە چرایان هەڵگرتبێت و بەرەوپیری زاوا بچن. [2]پێنج لەوان دانا بوون، وە پێنجیان
نەزان. [3]جا نەزانەکان چراکانیان بەبێ زەیت بردبوو. [4]بەڵام داناکان، لەگەڵ چراکانیان زەیتیان لە دەفرەکانیاندا برد.[5]کاتێک زاوا
دواکەوت، هەموویان خەو بردنییەوە و نووستن. [6]لە نیوەی شەودا هاوار کرا: ئەوەتا زاوا دێت؛ بۆیە چوون بەرەو پیری![7]ئینجا هەموو
پاکیزەکان هەستان و چراکانیان ئامادە کرد. [8]نەزانەکان بە داناکانیان گوت: هەندێک زیتمان لەوەی خۆتان بدەنێ، چونکە چراکانمان
دەکوژێنەوە! [9]داناکان وەڵامیان دانەوە: لەوانەیە بەشی خۆشمان نەکات. بۆیە بڕۆن بۆ لای زەیت فرۆشەکان و بکڕن بەڵام![10]لە کاتێکدا
کە نەزانەکان چوون بۆ کڕینی، زاوا هات و ئەوانەی ئامادە بوون لەگەڵیدا چوونە ناو هۆڵی زەماوەندەکە، و دەرگاکە داخرا. [11]دوای
ئەوەی پاکیزەکانیتر گەڕانەوە، گوتیان: گەورەم، گەورەم، لێمان بکەرەوە! [12]زاواش وەڵامی دانەوە: ڕاستیتان پێدەڵێم بەڵام: من
ناتناسم! [13]بۆیە ئێشک بگرن، چونکە ڕۆژ و کاتەکە نازانن.[14]لە مرۆڤێک دەچێت کە گەشت دەکات، و خزمەتکارەکانی بانگ بکات و
سامانەکەی خۆی بدات پێیان، [15]پێنج کیسە (زیوی) دایە یەکێکیان، و ئەوی دیکە دوو کیسە، و سێیەمیش یەک کیسە، هەریەکە بەگوێرەی
توانای خۆی، پاشان گەشتی کرد. [16]ئەوەی پێنج کیسە زیوەکەی وەرگرت، بازرگانی پێوەکرد، پێنجی دیکەشی قازانج کرد.[17]بە هەمان
شێوە ئەوەی دوو کیسە زیوەکە وەرگرت، دوانی تری قازانج کرد. [18]بەڵام ئەوەی یەک کیسە زیوەکەی وەرگرت، ڕۆیشت و چاڵێکی
هەڵکەند و پارەی گەورەکەی تێدا شاردەوە.[19] دوای ماوەیەکی زۆر، گەورەی ئەو خزمەتکارانە گەڕایەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا کردن.
[20]ئینجا ئەو کەسەی پێنج کیسەکەی وەرگرتبوو، هاتە لای و پێنج کیسەی دیکەی هێنا، و گوتی: گەورەم تۆ پێنج کیسەت پێدام، ئەمانەش
پێنج کیسەی ترن کە بەدەستم هێناوە! [21]گەورەکەی پێی گوت: کارێکی چاکت کردوە ئەی خزمەتکاری چاک و دەستپاک! لە کەم
دەستپاک بوویت، دەسەڵاتت بەسەر زۆرتردا ئەدەمێ. بچۆ ناو خۆشی گەورەکەت![22]ئینجا ئەو کەسەی دوو کیسەکەی وەرگرتبوو هاتە
لای و وتی: گەورەم تۆ دوو کیسەت پێدام، ئەمانە دوو کیسەی ترن کە بەدەستم هێناون! [23]گەورەکەی پێی گوت: کارێکی چاکت کردوە
ئەی خزمەتکاری چاک و دەستپاک! لە کەم دەستپاک بوویت، دەسەڵاتت بەسەر زۆرتردا ئەدەمێ. بچۆ ناو خۆشی گەورەکەت![24]پاشان
ئەوە هات کە یەک کیسە زیوەکەی وەرگرتبوو، گوتی: گەورەم، زانیم تۆ پیاوێکی دڵڕەقیت، لە شوێنێک دروێنە دەکەیت کە نەتچاندووە، و
لە شوێنێکیش کۆدەکەیتەوە کە تۆوت نەکردووە، [25]بۆیە ترسام، و کیسەکەتم لە زەویدا شاردەوە. ئەمە پارەکەتە![26]گەورەکەی وەڵامی
دایەوە: ئەی خزمەتکاری بەدکار و تەمبەڵ! کە زانیت من دروێنە لەو شوێنە دەکەم کە نەمچاندووە، لەوە کۆدەکەمەوە کە تۆوم
نەکردووە، [27]باش بوو بۆ تۆ پارەکەمت لای پارەگۆڕەوەکانم دابنایە بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەمدا لەگەڵ سوودەکەی وەریبگرمەوە![28]پاشان
بە خزمەتکارەکانی گوت: کیسەکەی لێ وەربگرن، و بیدەن بە خاوەنی دە کیسەکە: [29]چونکە ئەوەی هەیەتی، پێی دەدرێت و لێی
دەڕژێت؛ بەڵام ئەوەی نییەتی، تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەنرێتەوە. [30]سەبارەت بەم خزمەتکارە بێ سوودەش، فڕێبدەنە
تاریکی دەرەوە، جا گریان و جیرەی ددان لەوێ دەبێت![31]کاتێک ڕۆڵەی مرۆڤ لەگەڵ هەموو فریشتەکانی لە شکۆمەندی خۆیدا
دەگەڕێتەوە، لەسەر تەختی شکۆمەندی خۆی دادەنیشێت، [32]هەموو گەلان لەبەردەمیدا کۆدەبنەوە، ئەویش لە یەکتر جیایان دەکاتەوە
وەک چۆن شوانێک مەڕەکان لە بزنەکان جیادەکاتەوە، [33]مەڕەکان لە لای ڕاستی، و بزنەکان لە لای چەپی ڕادەگرێت؛[34]ئینجا پاشا
بەوانەی لای ڕاستی دەفەرموێ: وەرن ئەی ئەوانەی باوکم بەرەکەت داریکردن، بینە میراتگری ئەو شانشینە کە لە دامەزراندنی
جیهانەوە بۆتان ئامادە کراوە: [35]چونکە برسی بووم نانتان دامێ، تینوو بووم ئاوتان دامێ، نامۆ بووم شوێنتان کردمەوە، [36]ڕووت بووم
پۆشاتانم، نەخۆش بووم سەردانتان کردم، زیندانی بووم هاتنە لام![37]جا چاکەکاران وەڵامیان دایەوە وتیان: ئەی پەروەردگار، کەی تۆمان
بینیوە بە برسێتی و نانت بدەینێ، یان تینوبیت ئاوت بدەینێ؟ [38]کەی تۆمان بینیوە بە نامۆیی و شوێنمان پێدابیت، یان ڕووت بوویت
تۆمان پۆشیبێت؟ [39]کەی تۆمان بە نەخۆشی یان زیندانی بینیوە و هاتووین بۆلات؟ [40]ئینجا پاشا وەڵامی دانەوە: ڕاستیتان پێدەڵێم:
هەرچییەکتان بۆ یەکێک لەم برا بچووکانەم کردووە، بۆ منتان کردووە![41]پاشان بە ئەوانەی لای چەپی خۆی دەڵێت: ئەی نەفرەت
لێکراوان لێم دوربن بۆ ناو ئاگری هەتاهەتای بڕۆن کە بۆ شەیتان و هاوکارەکانی ئامادە کراوە! [42]چونکە برسی بووم نانتان نەدامێ، تینوو
بووم ئاوتان نەدامێ، [43]نامۆ بووم شوێنتان نەکردمەوە، ڕووت بووم نەتان پۆشیم، نەخۆش و زیندانی بووم نەهاتن بۆ سەردانم!
[44]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە و گوتیان: ئەی پەروەردگار، کەی برسی یان تینوو یان نامۆ یان ڕووت یان نەخۆش یان لە زیندان تۆمان
بینی، و خزمەتمان نەکردیت؟ [45]وەڵامی دانەوە: ڕاستیتان پێدەڵێم: لەبەر ئەوەی لەگەڵ یەکێک لەم برا بچووکانەمدا نەتانکرد، بۆ
منیشتان نەکردوە! [46]ئەوانە بۆ سزای هەتاهەتایی دەڕۆن، بەڵام ڕاستودروستان بۆ ژیانی هەتاهەتایی!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 26

1کاتێک یەشوا هەموو ئەم فەرمایشتانەی تەواو کرد، بە قوتابییەکانی فەرمووو: 2«دەزانن دوای دوو ڕۆژ پەسخە دێت، ڕۆڵەی مرۆڤیش بە
دەستەوە دەدرێت بۆ لە خاچدان». 3 پاشان سەرۆک کاهینەکان و پیرانی گەل لە ماڵی سەرۆک کاهین کە پێی دەگوترا کیافا کۆبوونەوە،
4وە پیلانیان دانا بە فێڵێک یەشوا بگرن و بیکوژن. 5بەڵام ئەوان گوتیان: «لە جەژندا ئەمە ناکەین، نەک ئاژاوە لە نێوان گەلدا دروست
بێت!»6کاتێک یەشوا لەگەڵ شیمۆنی گول لە بێت ئەنیا بوو، 7ژنێک بە شوشەیەک بۆنی خۆشی گرانبەهاوە هاتە لای، لە کاتێکدا کە پاڵی
دابۆوە بەسەر سەریدا ڕشتی. 8قوتابییەکانی ناڕازی بوون کاتێک ئەمەیان بینی، و گوتیان: «ئەم زیادەڕەوییە بۆچی؟ 9دەکرا ئەم بۆنە بە
پارەیەکی زۆر بفرۆشرایە، پارەکەی بدرایە بە هەژاران؟»10کاتێک یەشوا ئەمەی زانی، پێی فەرموون: «بۆچی ئەم ژنە هەراسان دەکەن؟
ئەوەی کردی بۆ من کارێکی باش بوو. 11چونکە هەژاران هەمیشە لەگەڵتانن؛ بەڵام من هەموو کاتێک لەگەڵتان نابم.12چونکە کاتێک
بۆنەکەی بەسەر جەستەمدا ڕشت، وەک ئامادەکارییەک بوو بۆ ناشتنم. 13ڕاستیتان پێدەڵێم: لە هەر شوێنێکی جیهاندا ئەم مزگێنییە
ڕابگەیەنرێت، یادی ئەوەش دەکرێتەوە، کە ئەم ژنە کردوویەتی».14یەکێک لە دوازدەکە، کە بە یەهودای ئیسخاریۆتی بانگ دەکرا، چووە
لای سەرۆک کاهینەکان، 15وتی: «چەندم پێدەدەیت تا ڕادەستی ئێوەی بکەم؟» سی پارچە زیویان پێدا. 16لەو کاتەوە، یەهودا چاوەڕێی
هەلێکی دەکرد بۆ بەدەستەوەدانی.17لە ڕۆژی یەکەمی ڕۆژانی فەتیرەدا، قوتابییەکان هاتنە لای یەشوا و لێیان پرسی: « دەتەوێ لەکوێ
ئامادەکاریت بۆ بکەین تاکو نانی پەسخە بخۆیت؟» 18وەڵامی دانەوە: «بڕۆنە ناو شارەکە و بچنە لای فڵان کەس و پێی بڵێن: مامۆستا
دەڵێت کاتەکەم نزیکە، دەبێت لەلای تۆ لەگەڵ قوتابییەکانم پەسخە بکەم». 19قوتابییەکان وەک یەشوا فەرمانی پێکردن کردیان، و
جەژنی پەسخەیان لەوێ ئامادە کرد.20لای ئێوارە لەگەڵ دوازدە قوتابییەکە دانیشت. 21کاتێک نانیان دەخوارد، فەرمووی: «ڕاستیتان
پێدەڵێم: یەکێک لە ئێوە بە گرتنم دەدات». 22بۆیە زۆر دڵتەنگ بوون، و هەریەکەیان پرسیاریان لێکرد: «ئەی پەروەردگار ئایا
منم؟»23وەڵامی دایەوە: «ئەوەی لەگەڵم دەست دەخاتە ناو قاپەکە ئەوەیە کە بەگرتنم دەدات. 24ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت بڕوات وەک
ئەوەی دەربارەی نووسراوە، بەڵام هاوار بە ئەو پیاوەی کە بە دەستی ئەو ڕۆڵەی مرۆڤ بەگرتن دەدرێت. باشتر بوو بۆ ئەو پیاوە ئەگەر
لەدایک نەبووایە!» 25ئینجا یەهودا کە ناپاکی لێکرد لێی پرسی: «مامۆستا ئایا من ئەوم؟» لە وەڵامدا فەرمووی: «تۆ وتت! »26لە کاتی
نان خواردندا، یەشوا نانێکی هەڵگرت، و بەرەکەتداری کرد، و شکاندی و دایی بە قوتابییەکانی و فەرمووی: «وەریگرن، بیخۆن: ئەمە
جەستەی منە!»27پاشان جامەکەی هەڵگرت، و سوپاسی کرد، پێیدان و پێی فەرموون: «هەمووتان لێی بخۆنەوە. 28چونکە ئەمە خوێنی
منە کە بۆ پەیمانی نوێیە کە لە پێناو زۆرینەدا دەڕێژرێت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکان. 29بەڵام پێتان دەڵێم: چیتر لەم بەرهەمی ترێیە
ناخۆمەوە تا ئەو ڕۆژە دێت کە لە شانیشینی باوکمدا بە تازەیی لە گەڵتان دەیخۆمەوە».30پاشان پەسنیان گوت و، چوونە دەرەوە بۆ
شاخی زەیتوون. 31ئینجا یەشوا پێی فەرموون: «ئەمشەو لە هەمووتان بەد گومان دەبن. چونکە نووسراوە: لە شوانەکە دەدەم،
مەڕەکانی مێگەلەکە پەرتەوازە دەبن. 32بەڵام دوای هەستانەوەم پێش ئێوە دەچمە گەلیلی».33پەترۆ وەڵامی دایەوە و گوتی: «ئەگەر
هەمووان گومانت لێبکەن، من هەرگیز گومان ناکەم!» 34یەشوا پێی فەرموو: «ڕاستیت پێدەڵێم: ئەمشەو، پێش خوێندنی کەڵەشێر، سێ
جار نکۆڵی لە من دەکەیت!» 35پەترۆ پێی گوت: «تەنانەت ئەگەر لەگەڵیشت بمرم، هەرگیز نکۆڵیت لێ ناکەم!» هەموو قوتابییەکانی
هەمان شتیان گوت.36پاشان یەشوا و قوتابییەکانی چوونە باخچەیەک بە ناوی گێتسمانی، و پێی فەرموون: «لێرە دابنیشن تا من دەچمە
ئەوێ و نزا دەکەم». 37پەترۆ و دوو کوڕەکەی زەڤدی برد و هەستی بە خەم و پەژارە کرد. 38پێی فەرموون: «زۆر دڵتەنگم خەریکە
بمرم! لێرە بمێننەوە و بە ئاگابن لەگەڵم!»39کەمێک لێیان دوورتر کەوتەوە و بەسەر ڕوودا کەوت و نزای کرد، و فەرمووی: «باوکە،
ئەگەر دەکرێت، با ئەم جامەم لێ تێپەڕێت: بەڵام، نەک وەک ئەوەی من دەمەوێت، بەڵکو وەک ئەوەی تۆ دەتەوێت!» 40ئینجا گەڕایەوە
بۆ لای قوتابییەکانی بینی نوستوون، بە پەترۆی فەرموو: «بەم شێوەیە نەتانتوانی بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لەگەڵمدا بە ئاگابن؟ 41بە ئاگابن
و نزا بکەن تا نەچنە نێو تاقیکردنەوە. گیان چالاکە؛ بەڵام جەستە لاوازە».42دووبارە چوو بۆ نزا کردن و فەرمووی: «باوکە، ئەگەر نابێت
ئەم جامەم لێ تێپەڕێنیت تا نەیخۆمەوە، ئەوا با بەویستی تۆ بێت!» 43کاتێک گەڕایەوە بۆ لای قوتابییەکانی، بینی نوستوون چونکە خەو
چاوەکانیانی قورس کردبوون. 44جا وازی لێ هێنان، و بۆ جاری سێهەم نزای کرد، و هەمان وشەکانی دووبارە کردەوە.45پاشان گەڕایەوە
بۆ لای قوتابییەکانی و فەرمووی: «ئێستا بخەون و پشوو بدەن! کاتەکە هات، ڕۆڵەی مرۆڤ دەدرێتە دەستی گوناهباران. 46هەستن با
بڕۆین! ئەوەتا ئەوەی بەگرتنم دەدات نزیک بۆتەوە.»47کاتێک هێشتا قسەی دەکرد، یەهودا، یەکێک لە دوازدەکە، گەیشتە لای و لەگەڵ
خەڵکێکی زۆر کە شمشێر و داریان هەڵگرتبوو، لەلایەن سەرۆک کاهینەکان و پیرانی گەلەوە نێردرابوون. 48ئەوەی بە گرتنی دەدا
نیشانەیەکی پێدابوون و گوتبووی: «ئەو کەسەی ماچی دەکەم ئەوە خۆیەتی؛ دەستگیری بکەن!»49جا هاتە لای یەشوا و گوتی: « سڵاو
گەورەم!» وە ماچی کرد. 50یەشوا پێی فەرموو: «هاوڕێکەم، بۆچی لێرەیت؟» خەڵکەکە هاتنە پێشەوە و یەشوایان دەستگیر کرد.
51یەکێک لەو کەسانەی لەگەڵ یەشوا بوو دەستی درێژ کرد و شمشێرەکەی هەڵکێشا، و لە خزمەتکاری سەرۆک کاهینەکەیدا، و گوێی
بڕی. 52یەشوا پێی فەرموو: «شمشێرەکەت بخەرەوە ناو کێلانەکەی! ئەوانەی پەنا بۆ شمشێر دەبەن، بە شمشێر لەناو دەچن! 53یان
گومان دەکەیت کە ناتوانم لە باوکم داوابکەم زیاتر لە دوازدە لەشکری فریشتەم بۆ بنێرێت؟ 54بەڵام چۆن نوسراوەکان دێنەدی کە
دەڵێت ئەوەی ئێستا ڕوودەدات دەبێت ڕووبدات؟»55پاشان یەشوا ڕووی قسەکانی کردە خەڵکەکە و فەرمووی: «ئایا من جەردەم
بەشمشیر و دارەوە هاتوون بۆ گرتنم. هەموو ڕۆژێک لە نێو ئێوەدا فێرکاریم دەکرد لە پەرستگادا، منتان نەگرت! 56بەڵام، هەموو ئەمانە
ڕویدا بۆ ئەوەی نوسراوی پێغەمبەران بێتەدی!» پاشان هەموو قوتابییەکانی جێیان هێشت و هەڵاتن!57ئەوانەی یەشوایان گرتبوو، بردیان
بۆ لای کیافای سەرۆک کاهین، لەوێ مامۆستایانی تەورات و پیران کۆبوونەوە. 58پەترۆ لە دوورەوە بەدوایدا ڕۆیشت بۆ ماڵی سەرۆک
کاهین، پاشان چووە ژوورەوە، و لەنێو پاسەوانەکاندا دانیشت تا کۆتاییەکەی ببینێت.59هەموو لە ئەنجومەن کۆبوونەوە سەرۆک کاهینەکان
و پیران، بە دوای شایەتحاڵیکی درۆدا دەگەڕان لە دژی یەشوا، بۆ ئەوەی بە مردن سزای بدەن، 60بەڵام نەیاندۆزییەوە، هەرچەندە
شایەتحاڵی درۆزن زۆر بوون. لە کۆتاییدا دووان هاتن 61گوتیان: «ئەمە وتی: من دەتوانم لە سێ ڕۆژدا پەرستگای خودا بڕوخێنم و
دروستی بکەمەوە».62پاشان سەرۆکی کاهینەکان هەستا و لێی پرسی: «ئایا هیچ شتێکت نییە بۆ ئەوەی بڵێیت لەسەر ئەوەی کە ئەوان


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

شایەتیت لەسەر دەدەن؟» [63] بەڵام یەشوا بێدەنگ بوو. بۆیە سەرۆکی کاهینەکان دیسان لێی پرسی: وتی: «سوێندت ئەدەم بە خودای
زیندوو کە پێمان بڵێیت: ئایا تۆ مەسیحەکەیت ڕۆڵەی خودایت؟» [64] یەشوا وەڵامی دایەوە: «تۆ وتت! هەروەها پێتان دەڵێم لە ئێستاوە
ڕۆڵەی مرۆڤ دەبینن کە لە ڕاستەی توناداری دانیشتووە بەسەر هەوری ئاسمانەوە دێت!» [65] ئینجا سەرۆکی کاهینەکان جلەکانی دادڕی
و هاواری کرد: «کوفری کرد! ئیتر پێویستمان بە شایەتحاڵ نییە. ئەوەتا ئێوەش کوفرەکەیتان بیست. [66] «ڕاتان چییە؟» وەڵامیان دایەوە:
«ئەو شایەنی سزای مردنە!» [67] ئینجا تفیان لە ڕووی کرد، و لێیاندا، هەندێکیش زلەیان لێدا [68] گوتیان: «پێشبینیمان بۆ بکە، ئەی مەسیح،
کێ بوو لێی دایت!» [69] لەو ساتەدا پەترۆ لە حەوشەی دەرەوە دانیشتبوو، خزمەتکارێک هاتە لای و گوتی: «تۆش لەگەڵ یەشوای گەلیلی
بوویت». [70] پەترۆ لەبەردەم هەمووواندا نکۆڵی کرد و گوتی: «نازانم چی دەڵێیت!» [71] پاشان چووە دەرەوە بۆ دەروازەی حەوشەکە، کچە
خزمەتکارێک ئەوی ناسیەوە، و بە ئامادەبووانی ئەوێی گوت: «ئەمەش لەگەڵ یەشوای ناسیرەیدا بوو!» [72] پەترۆ جارێکی تر نکۆڵی کرد
و سوێندی خوارد: «من ئەو پیاوە ناناسم!» [73] پاش کەمێک ئەوانەی لەوێ وەستابوون هاتنە لای پەترۆ و پێیان گوت: «بەڕاستی تۆ
یەکێکیت لەوانە، چونکە شێوەزارت ئاماژەیە بۆ ئەوە!» [74] ئینجا پەترۆ دەستی کرد بە نەفرەت کردن و سوێندخواردن، و گوتی: «من ئەو
پیاوە ناناسم!» لەوکاتەدا کەڵشێرەکە خوێندی، [75] پاشان پەترۆ بیری قسەکەی یەشوا کەوتەوە کە پێی فەرموو: «پێش ئەوەی کەڵەشێر
بخوێنێت سێ جار نکۆڵی لە من دەکەیت». چووە دەرەوە، و بە کوڵ گریا.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 27

1 که ڕۆژ بۆوە، سەرۆک کاهینەکان و گەورەکانی گەل جارێکیتر کۆبونەوە، و پیلانیان لە دژی یەشوا داڕشت بۆ ئەوەی سزای مردنی
بەسەردا بسەپێنن. 2 پاشان بەستیانەوە و بردیان و دایانە دەست پیلاتۆسی فەرمانڕەوا. 3 یەهودا ئەوەی بە گرتنیدا کە بینی سزای بەسەردا
دراوە، پاشگەز بۆوە لە تاوانەکەی و سی پارچە زیوەکەی گەڕاندەوە بۆ سەرۆک کاهینەکان و پیران، 4 گوتی: «گوناهم کردووە کە خوێنی
بێ تاوانێکم ڕادەستی ئێوە کرد». وەڵامیان دایەوە: «پەیوەندیی بەئێمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە!» 5 پارچە زیوەکانی
فڕێدایە ناو پەرستگاکە و دەرچوو، پاشان ڕۆیشت و خۆی هەڵواسی. 6 جا سەرۆک کاهینەکان پارچە زیوەکانیان برد و گوتیان: «ئەمە
بەهای خوێنە، دروست نییە بۆ ئێمە بیخەینە ناو گەنجینەی پەرستگا!» 7 دوای ڕاوێژکردن کێڵگەی گۆزە کەریان پێ کڕی بۆ ئەوەی ببێتە
گۆڕستانی بێگانەکان، 8 بۆیە تا ئەمڕۆش ئەم کێڵگەیە بە کێڵگەی خوێن ناودەبرێت. 9 ئەوەی یەرمیای پێغەمبەر گوتی هاتەدی دەڵێت: «ئەو
سی پارچە زیوەی بردیان، ئەو بەها بە نرخەبوو کە نەوەی یەسرائیل بەهاکەیان نرخاندبوو، 10 هەروەک چۆن پەروەردگار فەرمانی
پێکردم، بە کێڵگەی گۆزەکەرمدا». 11 یەشوا لەبەردەم فەرمانڕەوا وەستا. فەرمانڕەوا لێی پرسی: «تۆ پاشای یەهودیت؟» لە وەڵامدا
فەرمووی: «تۆ وتت!» 12 سەرۆک کاهینەکان و پیران تۆمەتیان دایە پاڵی، بەڵام بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدایەوە. 13 پیلاتۆس پێی گوت:
«گوێت لەوە نییە کە ئەوان شایەتەت لەسەر ئەدەن؟» 14 بەڵام یەشوا تەنانەت بە وشەیەکیش وەڵامی فەرمانڕەوای نەدایەوە، بەجۆرێک
فەرمانڕەوا زۆر سەرسام بوو. 15 نەریتی فەرمانڕەوا وابوو لە هەموو جەژنێکدا هەر زیندانییەک گەل بیوستایە ئازادی دەکرد بۆیان. 16 لەو
سەردەمەدا زیندانییەکی بەناوبانگیان هەبوو بە ناوی بارابا؛ 17 کاتێک کۆکرانەوە، پیلاتۆس لێیانی پرسی: «دەتانەوێت کێتان بۆ ئازاد بکەم:
بارابا، یان یەشوا کە پێی دەوترێت مەسیح؟» 18 چونکە دەیزانی لەبەر ئیرەیی ڕادەستیان کردووە. 19 کاتێک لەسەر کورسی دادوەری
دانیشتبوو، ژنەکەی پەیامی بۆ نارد: «هیچ پەیوەندییەکت بەو ڕاستودروستەوە نەبێت! چونکە ئەمڕۆ لە خەوندا لەبەر ئەو زۆر ئازارم
چێژت». 20 بەڵام سەرۆک کاهینەکان و پیران خەڵکەکەیان هان دەدا داوای ئازادکردنی بارابا و کوشتنی یەشوا بکەن. 21 پیلاتۆس لێیانی
پرسی: « دەتانەوێت کام لەو دووانەتان بۆ ئازاد بکەم؟» ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «بارابا». 22 دووبارە پرسی: «چی لە یەشوا بکەم کە
پێی دەوترێت مەسیح؟» هەموویان وەڵامیان دایەوە: «با لە خاچ بدرێت!» 23 فەرمانڕەوا پرسی: «چ خراپەیەکی کردوە؟» زیاتر و زیاتر
هاواریان دەکرد: «با لە خاچ بدرێت!» 24 کاتێک پیلاتۆس بینی کە هیچ سوودێکی نییە، و خەریکە ئاژاوەیەک سەرهەڵدەدات، ئاوی هێنا و
دەستەکانی لەبەردەم خەڵکەکەدا شۆرد، و گوتی: «من لە خوێنی ئەم ڕاستودروستە بێبەریم. ئێوەش ئەمە ببینن!» 25 ئینجا هەموو گەل
وەڵامیان دایەوە: «خوێنی لەسەر ئێمە و منداڵەکانمان بێت!» . 26 جا بارابای بۆ ئازاد کردن؛ سەبارەت بە یەشوا فەرمانیدا بە قامچی
لێیبدەن، پاشان ڕادەستی کرد بۆ ئەوەی لە خاچ بدرێت. 27 سەربازەکانی فەرمانڕەوا یەشوایان بردە کۆشکی فەرمانڕەوایی، و
سەربازانی لەشکر هەموو لێی کۆبونەوە، 28 جلەکانیان لەبەر داکەند، و کەوایەکی قرمزیان لەبەر کرد. 29 ئینجا تاجێکیان لە دڕک
دروستکرد خستیانە سەر سەری، قامیشێکیان دایە دەستی ڕاستی، لەبەردەمی چۆکیان دادا و گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیانگوت: «سڵاو
ئەی پاشای یەهود!» 30 وە تفیان لێکرد، قامیشەکەیان برد، و دەیانکێشا بەسەریدا. 31 دوای ئەوەی گاڵتەیان پێکرد، کەواکەیان لەبەردا
داکەند، و جلەکانی خۆیان لە بەرکرد، و بەرەو لە خاچدان بردیان. 32 لە کاتێکدا سەربازەکان دەیانبرد بۆ ئەوەی لە خاچی بدەن، پیاوێکیان
بینی خەڵکی قیرەوان بوو ناوی شیمۆن بوو، ناچاریان کرد خاچەکە هەڵبگرێت. 33 کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنەی کە بە گۆلگۆسا ناسراوە،
کە پێی دەوترێت شوێنی کاسە سەر، 34 شەرابی تێکەڵ بە تاڵاویان دایە یەشوا بۆ ئەوەی بیخواتەوە کە تامی کرد، ڕەتیکردەوە بیخواتەوە.
35 لە خاچیان دا، پاشان جلەکانیان بە تیروپشک لەنێوان خۆیان دابەش کرد. 36 لەوێ دانیشتن و پاسەوانییان دەکرد؛ 37 لە ژور سەریەوە
نوسراوەیەکیان هەڵواسی کە تۆمەتەکەی لەسەر بوو، لەسەری نووسرابوو: «ئەمە ئەوە یەشوا، پاشای یەهود». 38 لەگەڵیدا دوو دزیان لە
خاچدا، یەکێکیان لەلای ڕاست، و یەکێکیان لەلای چەپ. 39 ئەوانەی بەلایدا تێدەپەڕین جوێنیان پێئەدا، و سەریان بادەدا 40 دەیانگوت: «ئەی
ڕووخێنەری پەستگا و دروست کەرەوەی لە سێ ڕۆژدا، خۆت ڕزگار بکە! ئەگەر تۆ ڕۆڵەی خودایت لە خاچەکە دابەزە!» 41 سەرۆک
کاهینەکان و مامۆستایانی تەورات و پیران گاڵتەیان پێی دەکرد و دەیانگوت: 42 «ئەو کەسانی دیکەی ڕزگار کرد؛ بەڵام خۆی ناتوانێ
ڕزگاری بێت! ئایا ئەو پاشای یەسرائیلە؟ با ئێستا لە خاچ دابەزێت ئێمەش باوەڕمان پێی دەبێت! 43 ئەو پشت بە خودا دەبەستێت،
باڕزگاری بکات ئەگەر دەیەوێت! چونکە ئەو دەیگوت: من ڕۆڵەی خودام!» 44 ئەو دوو دزانەی لەگەڵیدا لە خاچ دراوبوون بەم هەمان ئەو
قسەیە گاڵتەیان پێدەکرد! 45 لە کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ تا کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ، تاریکی باڵی بەسەر هەموو زەویدا کێشا. 46 نزیکەی
کاتژمێر سێ یەشوا بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد: «إِيلِي، إِيلِي، لَمَا شَبَقْتَنِي؟» واتە: «خودای، من خودای من، بۆچی بەجێتهێشتم؟»
47 لەو کاتەدا هەندێک لەوانەی لەوێ وەستابوون گوێیان لێ بوو، گوتیان: «ئەو بانگی ئیلیا دەکات!» 48 یەکێک لەوانە ڕایکرد، و
ئیسفەنجێکی برد و لە سرکەی هەڵکێشا، و خستییە سەر قامیشێک و پێیدا تا بیخواتەوە؛ 49 بەڵام ئەوانی تر گوتیان: «وازی لێ بێنە! با
بزانین ئیلیا دێت ڕزگاری بکات یان نا!» 50 ئینجا یەشوا دیسانەو بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد، و گیانی بە دەستەوەدا. 51 پەردەی
پەرستگاش لە سەرەوە هەتا خوارەوە، دادڕا و بوو بە دوو بەشەوە، زەویش لەرزی، و بەردەکان درزیان تێبوو، 52 گۆڕەکان کرانەوە، و
لاشەی زۆر لە پیرۆزان کە خەوتبوون هەستانەوە؛ 53 کاتێک لە گۆڕەکان هاتنە دەرەوە، دوای هەستانەوەی یەشوا چوونە ناو شارە
پیرۆزەکە، و زۆر کەس بینییانن. 54 سەرپەلەکە و سەربازەکانی، کە پاسەوانی یەشوایان دەکرد، کاتێک بوومەلەرزە و هەموو
ڕووداوەکانیان بینی ترسێکی زۆریان لێ نیشت، و گوتیان: «بەڕاستی ئەمە ڕۆڵەی خودا بووا!» 55 لە دوورەوە، زۆرێک لە ژنەکان
چاودێریان دەکرد تا بزانن چی ڕوودەدات، کە لە گەلیلییەوە بەدوای یەشوادا هاتبوون بۆ خزمەتکردنی، 56 لەنێویاندا میریامی مەگدەلین،
و میریامی دایکی یاکۆڤ و یەشوا، و دایکی کوڕانی زەڤدی. 57 کاتێک ئێوارە هات، پیاوێکی دەوڵەمەند لە شاری ڕاما هات، ناوی یۆسپ
بوو، قوتابی یەشوا بوو. 58 جا چووە لای پیلاتۆس بۆ ئەوەی داوای تەرمی یەشوا بکات. جا پیلاتۆس فەرمانی دا کە پێی بدرێت 59 یۆسپ
تەرمەکەی برد، و لە کەتانێکی پاکدا پێچایەوە، 60 لەو گۆڕە نوێیەی خۆی ناشتی کە لە تاشەبەرد هەڵکەندرابوو؛ ئینجا بەردێکی گەورەی
گلۆر کردەوە سەر دەرگای گۆڕەکە، و پاشان ڕۆیشت. 61 میریامی مەگدەلین و میریامەکەی تریش بەرامبەر گۆڕەکە دانیشتبوون.
62 ڕۆژی دواتر، واتە دوای ئامادەکاری بۆ شەبات، سەرۆک کاهینەکان و فەریسییەکان چوون بۆ لای پیلاتۆس، 63 گوتیان: «گەورەم. بیرمان


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

هاتەوە کە ئەو چەواشەکارە کاتێک لە ژیاندا بووە وتی: دوای سێ ڕۆژ هەڵدەستمەوە. 64فەرمان بدە تا ڕۆژی سێیەم گۆڕەکە بە
پارێزراوی ڕابگیرێت، نەوەک قوتابییەکانی بێن و بیدزن، و بەخەڵکی بڵێن: لە نێو مردووەکان هەستاوەتەوە دوایین چەواشەکاری لە
یەکەم خراپتر دەبێت». 65پیلاتۆس وەڵامی دانەوە: «ئێوە پاسەوانتان هەیە! کەواتە وەک ئەوەی دەیبینن بڕۆن پاسەوانی بکەن». 66جا
چوون و گۆڕەکەیان بەباشی داخست، و بەردەکەیان مۆر کرد، و پاسەوانیان دانا.

## Chapter 28

[1] لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، دوای کۆتایی هاتنی شەبات، میریامی مەگدەلین و میریامەکەی تر چوون سەیری گۆڕەکە بکەن.
[2] بومەلەرزەیەکی توند ڕوویدا، چونکە فریشتەیەکی پەروەدگار لە ئاسمانەوە دابەزی، و بەردەکەی لابرد و لەسەری دانیشت.[3] دیمەنی
فریشتەکە وەک بروسکە بوو، جلەکەی وەک بەفر سپی بوو. [4] ئەو سەربازانەی کە پاسەوانی گۆڕەکە بوون کاتێک بینییان، ترسیان لێ
نیشت و وەک مردوویان لێهات.[5] فریشتەکە دڵنیایی دا بە ژنەکان و وتی: «مەترسن. دەزانم کە ئێوە بە شوێن یەشوای لە خاچدراودا
دەگەڕێن. [6] لێرە نییە، هەستایەوە، وەک خۆی فەرمووی. وەرە ئەو شوێنە ببینە کە تێیدا دانرابوو. [7] خێرا بڕۆ و بە قوتابییەکانی بڵێن ئەو لە
نێو مردووەکان هەستایەوە، ئەوەتا پێش ئێوە دەڕوات بۆ گەلیلی، لەوێ دەیبینن. ئەوەتا من پێم وتوون!»[8] پاشان دوو ژنەکە بە خێرایی لە
گۆڕەکە دەرچوون، و بە ترسێکی زۆر و خۆشییەکی مەزنەوە، ڕایانکرد بۆ لای قوتابییەکانی و مژدەی خۆشیان هێنا. [9] کاتێک دەچوون
مژدە بدەن بە قوتابییەکانی، یەشوا خۆی چاوی پێیان کەوت و فەرمووی: « سڵاو!» جا هاتنە پێشەوە و دەستیان بە پێیەکانییەوە گرت، و
کڕنۆشیان بۆ برد. [10] ئینجا یەشوا پێی فەرموون: «مەترسن! بڕۆن بە براکانم بڵێن بچنە گەلیلی، لەوێ دەمبینن! »[11] کاتێک دوو ژنەکە
لەوێ ڕۆیشتن، هەندێک لە پاسەوانەکان چوونە ناو شارەکە و هەموو شتێکیان بە سەرۆک کاهینەکان گوت ئەوەی کە بووە. [12] سەرۆک
کاهینەکان و پیران کۆبوونەوە و ڕاوێژیان کرد سەبارەت بەو بابەتە. پاشان پارەیەکی زۆریان وەک بەرتیل دایە سەربازەکان، [13] پێیان
گوتن. «بڵێن: لە شەودا کاتێک ئێمە نوستبووین قوتابییەکانی هاتن و دزییان![14] ئەگەر هەواڵ بگاتە فەرمانڕەوا، ئێمە بەرگریتان لێدەکەین،
لە هەر زیانێک پارێزراو دەبن». [15] سەربازەکان پارەکەیان برد، و ئەوەیان ئەنجامدا کە فێرکرابوون. ئەم دەنگۆیە تا ئەمڕۆش لەناو یەهودا
بڵاوە.[16] سەبارەت بە یازدە قوتابییەکە، چوونە ناوچەی گەلیلی، بۆ ئەو چیایەی کە یەشوا بۆی دیاری کردبوون. [17] کاتێک بینییان، کڕۆشیان
بۆ برد. بەڵام هەندێکیان گومانیان هەبوو،[18] ئینجا یەشوا هاتە پێشەوە و پێی فەرموون: «هەموو دەسەڵاتێکم پێدراوە لە ئاسمان و لەسەر
زەوی. [19] کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان فێربکەن، لە ئاویان هەڵبکێشن بەناوی باوک و ڕۆڵە و گیانی پیرۆز؛[20] فێریان بکەن با کار بکەن
بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون. ئەوەتا من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم هەتا کۆتایی زەمانە!»

# Mark

## Chapter 1

[1] ئەمە سەرەتای مزگێنی یەشوای مەسیحی ڕۆڵەی خودایە: [2] هەروەک چۆن لە پەرتوکی ئیشایا نوسراوە : « من نێردراوی خۆم لە
پێشتەوە دەنێرم ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە دەکات؛ [3] کەسێک لە چۆڵەوانی بانگەواز دەکات: ڕێگا بۆ هاتنی پەروەردگار ئامادە بکەن،
ڕێچکەکانی بۆ ڕێکبخەن!»[4] یۆخەنانی لە ئاوهەڵکێش لە بیاباندا دەرکەوت بانگی بۆ لەئاوهەڵکێشان دەکرد بۆ لێخۆشبون و
پاشگەزبوونەوە لە گۆناهەکانیان. [5] خەڵکی هەموو گوندەکانی یەهودیا و هەموو یۆرشەلایم دەهاتنە لای، دانیان بە گوناهەکانیاندا دەنا و
لەسەر دەستی ئەو لە ڕوباری ئەردەن لە ئاو هەڵدەکێشران. [6] یۆخەنان ئەو جلوبەرگەی لە بەری دەکرد لە موی وشتر بوو، پشتێنێکی
چەرمیشی لە ناو قەدی دەبەست، کولە و هەنگوینی کێوی دەخوارد.[7] ئامۆژگاری دەکردن و دەیگوت: « لەدوای من کەسێک دێت زۆر لە
من بەتواناترە، تەنانەت من شایەنی ئەوە نیم دابنەوێمەوە قەیتانی پێڵاوەکانی بۆ بکەمەوە. [8] من لە ئاوتان هەڵدەکێشم؛ بەڵام ئەو لە
گیانی پیرۆزتان هەڵدەکێشێت».[9] لەو ڕۆژانەدا یەشوا لە ناسیرەوە هات کە سەر بە ناوچەی گەلیلییە، لە ڕوباری ئەردەن لەسەردەستی
یۆخەنان لە ئاو هەڵکێشرا. [10] هەرکە یەشوا لە ئاوەکە هاتە دەرەوە، بینی ئاسمان کرایەوە، گیانی پیرۆز هەروەک کۆترێک دابەزیە سەری،
[11] دەنگێکیش لە ئاسمانەکانەوە هات:« تۆ ڕۆڵەی خۆشەویستی منی بە تۆ زۆر خۆشحاڵم!»[12] لەو کاتەدا گیان یەشوای برد بۆ چۆڵەوانی،
[13] چل ڕۆژ لەوێ مایەوە شەیتان لەوێ تاقی دەکردەوە. لەو کاتەدا کە لە ناو گیانلەبەراندا بوو فریشتەکان خزمەتیان دەکرد.[14] دوای
دەستگیرکردنی یۆخەنان، یەشوا هاتە ناوچەی گەلیلی، و مزگێنی خودای ڕاگەیاند دەی فەرموو: [15] « کاتەکە هاتۆتە دی و پاشایەتی خودا
نزیک بۆتەوە. پاشگەز ببنەوە باوەڕ بەم مزگێنیە بهێنن!»[16] کاتیک یەشوا بە کەناری دەریاچەی گەلیلیدا دەرۆیشت، شیمۆن و ئاندریای
برای بینی، توڕیان فڕێدەدایە ناو دەریاچەکە، چونکە ڕاوچی بوون. [17] یەشوا پێی فەرموون: « وەرن شوینم بکەون، دەتانکەمە ڕاوکەری
مرۆڤ!» [18] دەستبەجێ تۆڕەکانیان بەجێهێشت و شوێنی کەوتن.[19] ئینجا کەمێک دورکەوتەوە، یاکۆڤی برای زەڤدی و یۆخەنای برای بینی
لە ناو بەلەمێکدا تۆڕەکەی خۆیان چاک دەکردەوە، [20] لەوکاتەدا بانگی کردن، ئەوانیش زەڤدی باوکیان لەگەڵ کرێکارەکانی ناو بەلەمەکە
بەجێهیشت و شوێنی کەوتن.[21] پاشان ڕۆشتن بۆ شاری کەفەرناخوم. چونە ناوشارەکە، و لە ڕۆژی شەباتدا، چووە کەنیشتە و دەستی
کرد بەفێرکردنیان. [22] ئامادەبووان لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، چونکە بە دەسەڵاتەوە فێری دەکردن نەک وەکو مامۆستایانی
تەورات.[23] لە کەنیشتەکەیاندا کەسێکی لێبوو گیانی پیسی تێدا بوو، لەپڕ هاواری کرد [24] گوتی: « یەشوای ناسیرەیی چیت لێمان دەوێت؟
هاتوی لەناومان ببەیت؟ دەزانم تۆ کێی. پیرۆزەکەی خودایت!» [25] یەشوا لێی ڕاخوڕی و فەرمووی: « بێدەنگ بە لێی وەرە دەرەوە!»
[26] گیانە پیسەکەش فێی لە پیاوەکە هێناو، بە دەنگی بەرز هاواری کرد، و لێی هاتە دەرەوە.[27] هەموو سەرسام بوون و لە یەکیان پرسی: «
ئەمە چیە؟ فێرکردنێکی نوێیە، بەدەسەڵاتەوە فەرمان بە گیانە پیسەکانیش دەداو گوێڕایەڵی دەبن!» [28] یەکسەر ناوبانگی یەشوا بە
هەموو ناوچەی دەوروبەری گەلیلیدا بڵاو بۆوە.[29] لەوکاتەدا کەنیشتەکەیان بەجێهێشت، چوونە ماڵی شیمۆن و ئاندریا، یاکوڤ ویۆخەناشیان
لەگەڵ بوو. [30] خەسوی شیمۆن لەناو جێگەدا کەوتبوو، تای هەبوو. لەوکاتەدا بە یەشوایان ڕاگەیاند. [31] ئەویش هات لێی نزیک بۆوە،
دەستی گرت و هەڵیستاند. هەرلەو کاتەدا تایەکە بەریدا، ئەویش هەستاو دەستی کرد بە خزمەت کردنیان.[32] ئێوارە درەنگان لە پاش ڕۆژ
ئاوا بون، هەموو خەلکی لەلای کۆبوونەوە وئەو کەسانەیان بۆ دەهێنا کە گیانی پیسیان تێدا بوو، [33] هەموو دانیشتوانی شارەکە لە بەر
دەرگا کۆبوونەوە. [34] ژمارەیەکی زۆرنەخۆشی بەجۆرەها دەردەوە چاک کردوە، و زۆر خێوی دەرکرد و ڕێگای نەدا بە خێوەکان بدوێن،


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

چونکە دەیانزانی کێیە. [35] لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتردا کە هێشتا تاریک بوو هەستا، چووە جێگایەکی چۆڵ و لەوێ دەستی بە نزا کرد.
[36] شیمۆن و هاورێکانی بە شوێنیدا گەڕان. کاتێک دۆزیانەوە پێیانگوت: [37] «هەموویان داواتدەکەن!» [38] یەشوا پێی فەرموون: « وەرن با
برۆین بۆ گوندەکانی دەوروبەر تاکوو لەوێش مزگێنی بدەم. چونکە من بۆ ئەمە هاتوم.» [39] ئینجا رۆیشت و لە هەموو کەنیشتەکانی
گەلیلی مزگێنی دا، و خێوی دەردەکرد. [40] پیاوێک هاتە لای نەخۆشی گولی هەبوو لێی پارایەوە. لەبەردەمی چۆکی دادا و پێی گوت: «
ئەگەربتەوێت دەتوانی پاکم بکەیتەوە!» [41] یەشوا بەزەیی پێداهاتەوە و دەستی درێژ کرد و دەستی لێدا و پێی فەرمووو: «دەمەوێت، پاک
بەرەوە!» [42] هەر کە قسەی کرد دەستبەجێ پاک بۆوە. [43] دوای ئەوەی کە یەشوا پیاوەکەی بە توندی ئاگادار کردەوە و بەڕێی کرد [44] پێی
فەرموو: « ئاگادار بە! هیچ شتێک بە کەس مەڵێ، بەڵام بڕۆ خۆت پیشانی کاهین بدە، بۆ پاک بوونەوەکەت ئەو قوربانیەی موشە
فەرمانی کردووە بیکە، وەک شایەتیەک بۆیان!» [45] بەڵام ئەو، رۆشت و دەستی بە جاڕدان و بڵاو کردنەوەی ئەم هەواڵە کرد، لەبەرئەوەی
یەشوا نەیتوانی بە ئاشکرا بچێتە ناوهیچ شارێک، بەڵکو لە دەرەوە لە شوێنە چۆڵەکاندابوو، خەڵکیش لە هەموو لایەکەوە دەهاتنە لای.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

[1]دوای چەند ڕۆژێک، یەشوا گەڕایەوە بۆ شاری کەفەرناخوم. هەواڵەکە بڵاو بۆوە کە ئەو لە ماڵەوەیە، [2]خەڵکێکی زۆرکۆبوونەوە، شوێنی یەک کەس نەدەبۆوە، تەنانەت لەبەردەرگاش. ئەویش دەستی کرد بە باس کردنی وشەی خودا بۆیان.[3]لەو کاتەدا کابرایەکی ئیفلیجیان هێنایە لای بە چوار کەس هەڵیان گرتبوو. [4]بەڵام بە هۆی زۆری خەڵکەکەوە نەیانتوانی لێی نزیک ببنەوە. جا کونێکی گەورەیان کردە سەربانی ئەوشوێنەی کە یەشوای لێبوو، نوێنەکەیان شۆڕکردەوە کە پیاوە ئیفلیجەکەی لە سەر بوو.[5]کاتێک یەشوا باوەڕی ئەوانی بینی، بە ئیفلیجەکەی فەرموو: « کوڕم گوناهەکانت بەخشران!» [6]هەندێک لە مامۆستایانی تەورات کە لەوێ دانیشتبوون، لە دڵی خۆیاندا گوتیان: [7]« بۆچی ئەم پیاوە بەم شێوەیە دەدوێت؟ ئەو وشانەی دەیڵێت کوفرە! جگە لە خودا کێ دەتوانێت لە گوناهە خۆش بێت؟» [8]یەشوا لە گیانیەوە زانی کە ئەوان لە دڵیاندا چۆن بیردەکەنەوە، پرسیاری لێکردن: « بۆچی لە دڵتاندا بیرلەم شتانە دەکەنەوە؟ [9]کامیان ئاسانترە بە ئیفلیجەکە بگوترێت: گوناهەکانت بەخشران، یان بگوترێت: هەستە و نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ؟[10]بۆیە وام گوت تا بزانن ڕۆڵەی مرۆڤ لەسەرزەوی دەسەڵاتی بەخشینی گوناهەی هەیە». پاشان بە ئیفلیجەکەی فەرموو: [11]« پێت دەڵێم: هەستە نوێنەکەت هەڵگرە، و بڕۆ بۆ ماڵەوە!» [12]ئەویش دەستبەجێ هەستا، نوێنەکەی هەڵگرت، و لە بەرچاوی هەموویان ڕۆیشت. بە شێوەیێک هەموویان سەرسام بوون و ستایشی خودایان کرد و گوتیان: « هەرگیز شتی وامان نەبینیوە!»[13]دووبارە یەشوا چوو بۆ کەناری دەریاچەکە، خەڵکەکە هەموو لێی کۆبوونەوە. ئەویش دەستی کرد بە فێرکردنیان. [14]لە کاتی ڕۆشتنیدا، لێڤی کوڕی هەلفای بینی لە شوێنی باجگران دانیشتبوو، پێی فەرموو: «شوێنم بکەوە!» ئەویش هەستا و شوێنی کەوت.[15]لە کاتێکدا یەشوا لە ماڵی لێڤی دانیشتبوو، زۆرێک لە باجگران و گوناهباران لەگەڵ ئەو و قوتابییەکانی دانیشتبوون، چونکە زۆرێک کە لەوێ بوون بەدوایدا ڕۆیشتبوون. [16]کاتێک مامۆستایانی تەورات و فەریسیەکان یەشوایان بینی لەگەڵ باجگران و گوناهباران نان دەخوات، بە قوتابییەکانی ئەویان گوت: « بۆچی لەگەڵ باجگر و گوناهباران نان دەخوات؟»[17]یەشوا گوێی لێبوو، وەڵامی دایەوە: « تەندرووستەکان نین کە پێویستیان بە پزیشکە ، بەڵکو نەخۆشەکانن. من نەهاتووم ڕاستودرووستەکان بانگهێشت بکەم بەڵکو گوناهباران!»[18]کاتێک قوتابییەکانی یۆحەنان و فەریسییەکان بەڕۆژو بوون، هەندێک هاتنە لای یەشواو لێیان پرسی: «بۆچی قوتابییەکانی یۆحەنان و فەریسیەکان بەڕۆژو ئەبن ، بڵام قوتابییەکانی تۆ بەڕۆژو نابن؟» [19]وەڵامی دانەوە: «ئایا بنەماڵەی زاوا دەتوانن بەڕۆژو بن؟ مادەم زاوا لە نێوانیاندایە ناتوانن بەڕۆژو بن.[20]بەڵام ڕۆژانێک دێت کە زاوا لە نێوانیاندا هەڵدەگیرێت . ئەوسا بە ڕۆژو دەبن. [21]کەس کراسی کۆن بە قوماشی نوێ پینە ناکات، چونکە پێنە نوێیەکە لە کراسە کۆنەکە ڕادەکێشێت ، و دڕاویەکە خراپتر دەکات![22]کەسیش شەرابی نوێ ناکاتە ناو پێستەی کۆنەوە، ئەگینا شەرابەکە پێستەکە دەدڕێنێت، شەرابەکە دەڕژێت وپێستەکە خراپ دەکات. بەڵکو شەرابی نوێ دەکرێتە پێستەی نوێوە».[23]لە یەکێک لە شەباتەکاندا یەشوا بەناو کێڵگەکاندا تێدەپەڕی، قوتابیەکانی بەڕێگاوە دەستیان کرد بە پرواندنی گوڵە گەنم. [24]فەریسییەکان بە یەشوایان گوت: « بڕوانە! بۆچی قوتابییەکانت شتێک دەکەن کە لە شەباتدا ڕێگەپێدراو نیە؟»[25]وەڵامی دانەوە: « ئایا ئێوە نەتانخوێندۆتەوە کە داڤید و هاوڕێکانی لە کاتی پێویستی و برسێتیدا چییان کرد؟ [26]چۆن چووە ناو ماڵی خودا، لە سەردەمی ئەڤیاتاری سەرۆک کاهین، نانی پێشکەشکراویان خوارد کە ڕێگەپێدراو نییە بخورێت تەنها بۆ کاهینەکان نەبێت، بەڵام دای بە هاوەڵەکانی و ئەوانیش خواردیان؟»[27]پاشان پێی فەرموون: « شەبات بۆ مرۆڤ بەدی هێنراوە، نەک مرۆڤ بێتە کۆیلەی شەبات. [28]ڕۆڵەی مرۆڤ پەروەردگاری شەباتە!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 3

[1]یەشوا جارێکیتر چووە ناو کەنیشت. پیاوێک لەوێ بوو دەستی وشک ببوو. [2]هەندێ لە ئامادەبووان چاودێرییان دەکرد تاکو بزانن ئەو
پیاوە لە شەباتدا چاک دەکاتەوە، بۆ ئەوەی تاوانباری بکەن.[3]یەشوا بە پیاوە دەست وشک بووەکەی فەرموو: «لە ناوەڕاست
ڕابوەستە!» [4]پاشان پرسیاری لێکردن: «لە شەباتدا کامیان ڕێگە پێدراوە کاری چاکە یان خراپە؟ ڕزگارکردنی ژیان یان کوشتن؟»
هەمووان بێدەنگ بوون.[5]یەشوا بە تووڕەییەوە ئاوڕی دایەوە و سەیریکردن لەبەر دڵڕەقییان غەمبار بوو، بە پیاوەکەی فەرموو: «دەستت
درێژ بکە!» ئەویش دەستی درێژ کرد، و چاک بۆوە. [6]دەستبەجێ فەریسییەکان چوونە دەرەوە و لەگەڵ هێرۆدییەکان، پیلانیان گێڕا کە
چۆن بیکوژن.[7]یەشوا و قوتابییەکان گەڕانەوە بەرەو دەریاچەکە. خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکانی گەلیلی و یەهودیا شوینی کەوتن [8]لە
یۆرشەلایم و ئیدوما و ئەودیوی ڕووباری ئەردەن، خەڵکێکی زۆریش لە ناوچەکانی سور و سیدۆن بەدوایدا هاتبوون، هەموو ئەو
کارانەیان بیستبوو کە ئەنجامی دابوو.[9]جا یەشوا فەرمانی بەقوتابییەکانی کرد کە بەلەمێکی بچووکی بۆ ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکەکە
قەرەباڵغی نەکەن، [10]لەبەر ئەوەی زۆر کەسی چاک کردبۆوە، وە هەرکەسێک نەخۆش بوایە بە پەلە دەهات تاکو دەستی لێبدات.[11]ئەو
کەسانەی کە گیانی پیسیان تێدابوو کاتێک دەیانبینی کڕنۆشیان بۆ دەبرد، وهاواریان دەکرد: «تۆ ڕۆڵەی خودایت!» [12]ئەویش بە توندی
ئاگاداری دەکردنەوە کە کارەکەی بەنهێنی بهێڵنەوە.[13]پاشان یەشوا چووە سەر کێوێک، و ئەوانەی بانگ کرد کە خۆی دەیویست، ئەوانیش
چوونە لای. [14]دوازدەی هەڵبژارد تاکو یاوەری بن و بیاننێرێت بۆ مزگێنی دان، [15]وە دەسەڵاتیان هەبێت بۆ دەرکردنی خێوەکان. [16]ئەو
دوازدە کەسەی هەڵیبژاردن، ئەمانە بوون: شیمۆن، کە ناوی لێنا پەترۆ،[17]یاکۆڤی کوڕی زەڤدی، و یۆخەنای برای، کە ناوی لێنان
بوانەرگس، واتا کوڕانی هەورەتریشقە، [18] ئاندریا، فیلیپۆس، بەرتۆلمیۆ، مەتا، تۆما، یاکۆڤی کوڕی هەلفای، تەداوس، شیمۆنی کانەوی،
[19]یەهودای ئیسخاریۆتی ئەوەی ناپاکی لەیەشوا کرد.[20]پاشان یەشوا گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، و دیسان خەڵکێکی زۆری لێ کۆبۆوە، بە
ڕادەیەک یەشواو قوتابیەکانی نەیانتوانی نان بخۆن. [21] کاتێک کەسوکاری بیستیان، هاتن بیبەنەوە، چونکە دەیانگوت مێشکی تێکچووە.
[22]مامۆستایانی تەوراتیش کە لە یۆرشەلایم هاتبوون، گوتیان: «بەعلزەبوبی تێدایە، بە سەرۆکی خێوەکان خێوەکان دەردەکات!»[23]بانگی
لای خۆی کردن و بە نموونە قسەی بۆ کردن، فەرمووی: «شەیتان چۆن دەتوانێت شەیتان دەربکات؟ [24]ئەگەر شانشینێک دووبەرەکی
تێبکەوێت، ئەو شانشینە ناتوانێ خۆی ڕابگرێت. [25]ئەگەر ماڵێکیش دووبەرەکی تێبکەوێت، ئەو ماڵە ناتوانێت خۆی ڕابگرێت.[26]ئەگەر
شەیتان لە خۆی هەڵگەڕایەوە و دووبەرەکی تێکەوت، ئەوە ناتوانێت خۆی ڕابگرێت، بەڵکو کۆتایی پێ دێت! [27]کەسیش ناتوانێت بچێتە
ماڵی پیاوێکی بەهێز شتەکانی تاڵان بکات ئەگەرئەو پیاوە بەهێزە یەکەم جار نەبەستێتەوە. ئینجا ماڵەکەی تاڵان بکات.[28]ڕاستیتان
پێدەڵێم: هەموو گوناهەکانی مرۆڤەکان دەبەخشرێت، تەنانەت ئەو قسەو کوفرانەی کە دەیڵێن. [29]بەڵام هەرکەسێک سووکایەتی بە گیانی
پیرۆز بکات،هەرگیز نابەخشرێت، بەڵکو بۆ هەتاهەتایە سزا دەدرێت». [30]چونکە گوتیان: «گیانی پیسی تێدا!»[31]براکانی و دایکی هاتن، و لە
دەرەوەی ماڵەکە وەستان و ناردیان تاوەکو بانگی بکەن. [32]خەڵکێکی زۆر لە دەوری دانیشتبون، و پێیان گوت: «دایکت و براکانت لە
دەرەوەن و داوات دەکەن!»[33]وەڵامی دانەوە: «دایکم و براکانم کێن؟» [34]پاشان سەیری ئەو خەڵکە زۆرەی کرد کە لە دەوری
دانیشتبوون و فەرمووی: «دایک و برای من ئەمانەن، [35]ئەوەی خواستی خودا جێبەجێ بکات، ئەوە براو خوشک و دایکمە!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 4

[1]پاشان دەستی کرد بە فێرکردنی خەڵک لە کەناری دەریاچەکە، خەڵکێکی زۆرلە دەوری کۆبوونەوە، تا وایلێهات چووە ناو بەلەمێک
دانیشت کە لە ئاوەکەدا بوو، هەموویان کۆبونەوە لە ڕۆخی دەریاچەکە. [2]بەنموونە زۆر شتی فێرکردن. وە ئەوەی لە فێرکردنەکەیدا پێی
وتن:[3]«گوێ بگرن! جوتیارێک چووە دەرەوە تۆو بکات. [4] کە تۆوی دەوەشاند، هەندێکی کەوتنە سەر ڕێگا، باڵندەش هاتن و خواردیانن.
[5]هەندێکیش کەوتنە سەرزەوییەکی بەردەڵان کە خۆڵی کەم بوو خێرا سەریان دەرکرد، چونکە زەوییەکەی قووڵ نەبوو.[6]بەڵام کە ڕۆژ
هەڵهات سووتان، و وشک بوون چونکە ڕەگیان نەبوو. [7]هەندێکیشیان کەوتنە نێو دڕکەکان، دڕکەکان گەورە بوون و خنکاندیانن، و
بەرهەمیان نەدا.[8]هەندێکیش کەوتنە سەر زەوییەکی باش، ڕووان و گەشەیان کرد و بەرهەمیاندا، یەک بە سی، و یەک بە شەست، و
یەک بە سەد». [9]پاشان فەرمووی: «ئەوەی گوێی هەیە بۆ بیستن، با ببیستێت!»[10]کاتێک یەشوا بە تەنها بوو، ئەوانەی لە دەوروپشتی
بوون لەگەڵ دوازدە قوتابییەکە لە مەبەستی نموونەکەیان پرسی. [11]پێی فەرموون: « بە ئێوە دراوە نهێنی شانشینی خودا بزانن. بەڵام
ئەوانەی لە دەرەوەن، هەموو شتێکیان بە نموونە پێ دەگوترێت، [12]ئەوانەی: بە سەیرکردن سەیردەکەن بەڵام نابینن، بە بیستن دەبیستن
بەڵام تێناگەن، نەوەک پاشگەز ببنەوە ولە گوناهەکانیان خۆش بم!»[13]پێی فەرموون: «ئایا لەم نموونەیە تێنەگەیشتن؟ باشە چۆن لە
نموونەکانی دیکە تێدەگەن؟ [14]جوتیارەکە وشەی خودا تۆو دەکات. [15]هەندێک کەس وەکو ئەو تۆوانەن کە دەکەونە سەر ڕێگاکە، کاتێک
دەیبیستن وشەیتان دێت و ئەو وشەیە دەڕفێنیت کە تێیاندا چێندراوە.[16]ئەوانەی دیکە کە لەسەر زەوییە بەردەڵانەکە چێندران، ئەوانەن کە
وشەکە دەبیستن و بە خۆشییەوە وەریدەگرن، [17]بەڵام لەناخیاندا ڕەگیان دانەکوتاوە، تەنها بۆ ماوەیەکن دەمێننەوە. کاتێک لەبەر وشەکە
تووشی تەنگانە و چەوسانەوە دەبن، یەکسەر دەبێتە کۆسپ بۆیان.[18]ئەوانەی دیکە کە لەنێو دڕکەکاندا چاندران، ئەوەن کە وشەکە
دەبیستن، [19]بەڵام خەمی ژیانی ئێستا و فریوخواردنی دەوڵەمەندی و ئارەزووی شتەکانی دیکە، دێنە ناوەوە و وشەکە دەخنکێنن، ئیتر بێ
بەرهەم دەبن. [20]ئەوانەی دیکە کە لەسەر زەوییەکی باش چاندران، ئەوانەن کە وشەکە دەبیستن و وەریدەگرن و بەرهەم دەدەن، یەک
بە سی و یەک بە شەست، و یەک بە سەد».[21]ئینجا پێی فەرموون: «ئایا چرا دەهێنرێتە ژوورەوە بۆ ئەوەی بخرێتە ژێر سەبەتە یان ژێر
جێگا؟ ئایا لەسەر چرادان دانانرێت؟ [22]چونکە هیچ شتێکی شاراوە نییە کە ئاشکرا نەبێت، هیچ نهێنیەک نیە دەرنەکەوێت! [23]ئەوەی گوێی
هەیە بۆ بیستن، با ببیستێت!»[24]هەروەها پێی فەرموون: « وریابن لەوەی دەیبیستن. بەو پێوانەیەی بۆ خەڵک دەیپێون، بۆتان دەپێورێتەوە
و بۆتان زیاد دەکرێت. [25]چونکە ئەوەی هەیەتی زیاتری پێی دەدرێت، ئەوەش کە نییەتی، تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەندرێتەوە».
[26]هەروەها فەرمووی: «شانشینی خودا لە مرۆڤێک دەچێت تۆو بوەشێنێتە سەر زەوی، [27]شەو دەخەوێت بۆ بەیانی کە هەڵدەستێت،
تۆوەکە سەری دەرکردووە و گەشە دەکات ئەویش نازانێت چۆن ڕویداوە. [28]زەوی لە خۆیەوە بەرهەم دەدات، یەکەم جار گیا سەر
دەردەکات، پاشان گوڵەگەنم، پاشان لە گوڵەگەنمەکەدا گەنمی پڕ. [29]بەڵام کاتێک بەرەکە پێدەگات، دەستبەجێ داسی لێ گیر دەکات
چونکە کاتی دروێنەی هاتووە».[30]هەروەها فەرمووی: «شانشینی خودا لە چی دەچێت، بە چ نموونەیەک بەراوردی بکەین؟ [31]شانشینی
خودا لە دەنکە خەردەلێک دەچێت، کە لەسەر زەوی تۆو دەکرێت لە هەموو تۆوەکانی سەر زەوی بچووکترە، [32]کاتێک دەچێندرێت، لقو
پۆپی گەورەتر دەردەکات، بە شێوەیەک باڵندەی ئاسمان دەتوانن لەژێر سێبەریدا هێلانە بکەن».[33]بە زۆرێک لەم جۆرە نموونانە یەشوا
قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد تا ئەوەندەی توانای گوێگرتنیان هەبوو. [34]بەبێ نموونە قسەی بۆ نەدەکردن. بەڵام هەموو شتێکی بۆ
قوتابییەکانی ڕوون دەکردەوە کاتێک بە تەنها لەگەڵیان دەبوو.[35]هەرهەمان ڕۆژ کە ئێوارە داهات، بە قوتابییەکانی فەرموو: «با بپەڕینەوە
بۆ ئەوبەر!» [36]کاتێک خەڵکەکەیان بەجێهێشت، لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ ناو بەلەمەکە کە لە وێبوو. هەروەها بەلەمی دیکەشی لەگەڵ بوو.
[37]زریانێکی توند هەڵیکرد، و شەپۆلەکان بە توندی لە بەلەمەکەیان دەدا بەجۆرێک کە خەریک بوو پڕ بێت لە ئاو.[38]یەشوا لە دواوەی
بەلەمەکە سەری لەسەر سەرینێک دانابوو خەوتبوو. هەڵیانساند و پێیان گوت: «مامۆستا، بەلاتەوە گرنگ نییە ئەگەر ئێمە لەناوبچین؟»
[39]ئەویش هەستا، و لە ڕەشەباکەی ڕاخوڕی، و بە دەریا کەی فەرموو: «بێدەنگ بە. و هێمن بە!» ڕەشەباکە وەستا و بووە هێمنییەکی
تەواو.[40]پاشان پێی فەرموون: «بۆچی ئەوەندە دەترسن؟ چۆن باوەڕتان نیە؟» [41]ئەوانیش زۆر ترسان، و بە یەکترییان دەگوت: «ئەمە
کێیە، تەنانەت با و دەریاش گوێڕایەڵی دەبن؟»



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 5

[1]ئینجا گەیشتنە ئەوبەری دەریاچەکە، بۆ هەرێمی گەراسین. [2]کاتێک لە بەلەمەکە دابەزی، لەو کاتەدا لەناو گۆڕستان پیاوێکی پێگەیشت
کە گیانی پیسی تێدابوو،[3]لەناو گۆڕستاندا دەژیا. کەس نەیدەتوانی چیتر بیبەستێتەوە تەنانەت بە زنجیریش. [4]زۆرجار بە کۆت و زنجیر
دەبەسترایەوە، بەڵام زنجیرەکانی دەپساند و کۆتەکانیشی دەشکاند، کەس نەیدەتوانی بەسەریدا زاڵ بێت.[5]شەو و ڕۆژ بەردەوام لەناو
گۆڕستان و لە چیاکاندا بوو، هاواری دەکرد و بە بەرد لەشی خۆی بریندار دەکرد. [6]کاتێک لە دوورەوە یەشوای بینی، ڕایکرد و کڕنۆشی
بۆ برد،[7]بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: «چیت لە من دەوێت ئەی یەشوای ڕۆڵەی خودای بەرز؟ سوێندت دەدەم بە خودا ئەشکەنجەم
مەدە!» [8]چونکە یەشوا پێی فەرمووبوو: «ئەی گیانی پیس، لە مرۆڤەکە وەرە دەرەوە!»[9]یەشوا پرسیاری لێکرد: «ناوت چییە؟» وەڵامی
دایەوە: «ناوم لێگیۆنە چونکە ئێمە لەشکرێکی گەورەین!» [10]گیانە پیسەکان لێی پاڕانەوە و داوایان لێکرد نەیاننێرێتە دەرەوەی ناوچەکە.
[11]لەوێ ڕانە بەرازێکی گەورە لە شاخەکە دەلەوەڕان، [12] گیانە پیسەکان لە یەشوا پاڕانەوە: «بماننێرە ناو بەرازەکان با بچینە ناویان!»
[13]ئەویش ڕێگەی دان. گیانەپیسەکان هاتنە دەرەوە و چوونە ناو بەرازەکان، ئینجا بە خێرایی لە قەدپاڵی چیاکەوە بۆ ناو دەریاچەکە،
هەڵدێران و خنکان. ڕانەکە نزیکەی دوو هەزار سەر دەبوون.[14]شوانی بەرازەکان ڕایانکرد و هەواڵیان دا بە شار و گوندەکان.
خەڵکەکەش هاتن تاکو ئەوە ببینن کە ڕوویداوە، [15]هاتنە لای یەشوا، بینییان ئەوەی لەشکرێک گیانی پیسی تێدابوو دانیشتووە و پۆشتەیە
و ئەقڵی تەواوە، ترس دایگرتن.[16]ئەوانەی بینیان پێیان وتن چی بەسەر شێتەکە و بەرازەکاندا هاتووە [17]ئەوانیش داوایان لە یەشوا کرد لە
ناوچەکەیان بڕوات.[18]کاتێک سواری بەلەمەکە دەبوو، ئەو کەسەی کە پێشتر گیانی پیسی تێدابوو لێی پاڕایەوە کە لەگەڵی بێت. [19]ڕێگای
پێنەدا، بەڵکو پێی فەرموو: «بگەڕێوە ناو ماڵ، و کەسوکارەکەت، بۆیان بگێڕەوە پەروەردگار چی بۆ کردووی و چۆن بەزەیی پێتدا
هاتەوە». [20]ئینجا ڕۆیشت و لە دە شارەکە بانگەوازی ئەوەی کرد کە یەشوا چی بۆ کردووە . هەمووان سەرسام بوون.[21]کاتێک یەشوا
گەڕایەوە بە بەلەمەکە پەرینەوە بۆ بەرامبەر دەریاچەکە، هەر لە کەنار ئاوەکە خەڵکێکی زۆر لێی کۆبوونەوە. [22]یەکێک لە پێشەوایانی
کەنیشت هات، ناوی یائیربوو، هات بۆ لای. هەرکە بینی، خۆی خستە بەر پێی، [23]زۆر لێی پاڕایەوە، پێیگوت: «کچە بچووکەکەم لە
سەرەمەرگدایە. وەرە دەستی لێبدە تاکو چاک بێتەوەو بژیێت!» [24]ئینجا لەگەڵیدا ڕۆیشت، و جەماوەرێکی زۆر بەدوایدا هاتن و
قەرەباڵغییان کرد.[25]ژنێک لەوێ بوو کە دوازدە ساڵ بوو خوێن بەربوونی هەبوو، [26]بە دەستی چەندین پزیشک ئازاری زۆری چێشتبوو،
ئەوەی هەیبوو بۆ چارەسەری خۆی خەرج کردبوو، هیچ سوودێکی نەبوو، بەڵکو بارودۆخی خراپتر ببوو. [27]باسی یەشوای بیستبوو، بۆیە
هاتە ناو خەڵکەکە و لە دواوە دەستی لە کەواکەی دا، [28] چونکە گوتبووی: «بەسمە دەست لە جلەکانی بدەم تا چاک ببمەوە».
[29]دەستبەجێ خوێنبەربوونەکەی ڕاوەستا ولە جەستەیدا هەستی کرد کە نەخۆشییەکەی چاک بۆتەوە.[30]هەرکە یەشوا هەستی بەو هێزە
کرد کە لێی هاتە دەرەوە، چاوی گێڕا بە ناو خەڵکەکەدا و پرسی: «کێ دەستی لە جلەکانمدا؟» [31]قوتابییەکانی پیان گوت: «تو دەبینیت
خەڵکەکە قەرەباڵغیان کردووە، و دەپرسیت: کێ دەستی لێدام؟» [32]بەڵام بەردەوام سەیری دەوروبەری دەکرد تا ببینێت کێ ئەو کارەی
کردووە.[33]کاتێک ژنەکە زانی چی بەسەرهاتووە، بە ترس و لەرزەوە هات، وخۆی خستە پەرپێی وهەموو ڕاستییەکانی پێ گوت. [34]ئەویش
پێی فەرموو: «کچم، باوەڕەکەت تۆی چاککردەوە. بڕۆ بە ئاشتی و لە نەخۆشییەکەت چاکببەوە!»[35]لە کاتێکدا یەشوا قسەی دەکرد،
چەند کەسێک لە ماڵی پێشەوای کەنیشتەکەوە هاتن و گوتیان: «کچەکەت مرد. کەواتە بۆچی هێشتا لە مامۆستا داوا دەکەی؟»[36]بەڵام
کاتێک، یەشوا ئەم هەواڵەی بیست، بە پێشەوای کەنیشتەکەی گوت: «مەترسە؛ تەنها باوەرت هەبێت!» [37]نەیهێشت کەس لەگەڵی بچێت
پەترۆ و یاکوڤ و یۆخەنای برای یاکوڤ نەبێت. [38]هاتنە ماڵی پێشەوای کەنیشتەکە، و خەڵکەکەی بینی کە زۆر دەگریان و دەلاوانەوە.
[39]کاتێک هاتە ژوورەوە، پێی فەرموون: «بۆچی بێزارن و دەگرین؟ کچەکە نەمردووە، بەڵکو نوستووە». [40]پێی پێکەنین. بەڵام یەشوا،
هەموویانی کردە دەرەوە، پاشان دایک و باوکی کچەکەی برد وئەوانەش کە لەگەڵیدا بوون و چوونە ژوورەوە، بۆ ئەو شوێنەی کچەکەی
لێبوو.[41]دەستی گرت وفەرمووی: «تالیتا قومی!» واتا «ئەی کچ، پێت دەڵێم: هەستە». [42]دەستبەجێ هەستا و دەستی بە ڕۆیشتن کرد،
کچەکە تەمەنی دوازدە ساڵ بوو. جا هەموویان زۆر سەرسام بوون. [43]بە توندی فەرمانی پێدان کەس بەمە نەزانێت، وە داوای کرد
شتێکی پێبدەن بیخوات.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 6

[1]یەشوا ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە شارەکەی خۆی، قوتابییەکانیشی شوێنی کەوتن. [2]کە بووە شەبات، لە کەنیشتدا دەستی کرد بە
فێرکردنی خەڵک، زۆر لەوانەی گوێیان لێ دەگرت سەرسام بوون، گوتیان: «ئەمە ئەمانەی لەکوێ بوو؟ ئەی ئەم داناییە چیە کە پێی
دراوە، و ئەم پەرجووانەی لەسەر دەستی دەکرێن؟ [3]ئەرێ ئەمە دارتاشەکەی کوڕی میریام، و براکەی یاکۆڤ و یۆسێ و یەهودا و
شیمۆن نییە؟ خوشکەکانی لێرە لەلامان نین؟» بەوشێوەیە گومانیان لێکرد.[4]بەڵام یەشوا پێی فەرموون: «هیچ پێغەمبەر بێ ڕێز نییە،
مەگەر لە شاری خۆی، و لەنێوان خزم و کەسوکار، و ماڵی خۆی نەبێت!» [5]ئیتر لەوێدا نەیتوانی هیچ پەرجوویەک بکات، تەنها چەند
نەخۆشێک نەبێت کە دەستی لەسەر دانان و چاکیکردنەوە. [6]لە بێباوەڕیی ئەوان سەری سوڕما. ئینجا بە گوندەکانی دەوروبەردا دەگەڕا
و خەڵکی فێر دەکرد. [7]پاشان دوازدە قوتابییەکەی بانگکرد، دوو دوو دەستی بە ناردنیان کرد، و دەسەڵاتی بەسەر گیانە پیسەکاندا پێدان،
[8]ڕایسپاردن کە بۆ ڕێگا هیچ نەبەن جگە لە گۆچان، نە نان و نە پێخۆر و نە پارە بۆ بەر پشتێن، [9]بەڵکو پێڵاو و تەنها یەک کەوا لەبەر بکەن.
[10]پێی فەرموون: «لە هەر شوێنێک چوونە ماڵێک، لەوێ بمێننەوە هەتا ئەوێ بەجێدەهێڵن. [11]ئەگەر لە هەر شوێنێکیش پێشوازییان لێ
نەکردن و گوێیان لێ نەگرتن، لەوێ بڕۆنە دەرەوە و تۆزی پێتان بتەکێنن، بۆ شایەتی لەسەریان».[12]ئەوانیش چوونە دەرەوە و جاڕی
پاشگەزبوونەوەیاندا، [13]گیانی پیسی زۆریان دەرکرد، و زۆر نەخۆشیان بە زەیت چەورکرد، و چاکیان کردنەوە.[14]هێرۆدی پاشا لە بارەی
یەشواوە بیستی، چونکە ناوی دەنگی دابۆوە، و هەندێکیان دەیانگوت: «یۆخەنانی لەئاوهەڵکێش لەناو مردووان هەستاوەتەوە، لەبەر
ئەوە کاری پەرجوو لەسەر دەستی ئەو دەکرێت!» [15]خەڵکی دیکە دەیانگوت: «ئیلیایە»هەندێکیش دەیانگوت: «پێغەمبەرێکە، وەک
پێغەمبەرانی سەردەمی کۆن!»[16]بەڵام هێرۆد، کاتێک بیستی گوتی «ئەوە کەسێکی تر نییە جگە لە یۆخەنان ئەوەی کە سەرم بڕی،
هەستاوەتەوە!» [17]چونکە هیرۆد یۆخەنانی دەستگیر و زیندانی کردبوو. ئەوەش لە پێناو هیرۆدیا بوو کە هیرۆد هاوسەرگیری لەگەڵ
کردبوو کە ژنی فیلیپۆسی برای بوو.[18]لەبەر ئەوەی یۆخەنان پێی دەگوت: «ڕێگەپێدراو نییە براژنەکەت بخوازیت!» [19]ئیتر هێرۆدیا زۆر
ڕقی لە یۆخەنان دەبۆوە، و حەزی دەکرد بیکوژێت، بەڵام نەیدەتوانی. [20]هیرۆد لە یۆخەنان دەترسا چونکە دەیزانی پیاوێکی
ڕاستودروست و پیرۆزە، خۆی دەپارێزێت. هەرچەندە زۆرجار بە قسەکانی بێزاردەبوو، بەڵام زۆر حەزی لە گوێگرتنی بوو.[21]پاشان
دەرفەتێک ڕەخسا هێرۆد لە جەژنی لەدایک بوونیدا خوانێکی بۆ گەورە پیاوان و فەرماندەکانی و پیاو ماقوڵانی گەلیلی سازکرد. [22]کچی
هێرۆدیا هاتە ژوورەوە و سەمای کرد،جا هێرۆد و ئەوانەی دڵخۆش کرد کە لەگەڵی پاڵیاندابۆوە. پاشا بە کچەکەی گوت: «ئەوەی
دەتەوێت لە منی داوا بکە، دەتدەمێ!»[23]سوێندیشی بۆ خوارد گوتی: «هەرچیم لێ داوا بکەیت دەتدەمێ، ئەگەر نیوەی شانشینەکەشم
بێت!» [24]ئەویش چووە دەرەوە و پرسیاری لە دایکی کرد: «داوای چی بکەم؟»وەڵامی دایەوە: «سەری یۆخەنانی لەئاوهەڵکێش!»
[25]دەستبەجێ و بە پەلە هاتە ژوورەوە داوای لێکرد: «دەمەوێت ئێستا سەری یۆخەنانی لەئاوهەڵکێشم لەسەر سینییەک بدەیتێ!»[26]پاشا
زۆر دڵگران بوو. بەڵام لەبەر سوێندەکەی و ئەوانەی لەگەڵی پالیاندابۆوە نەیویست پێچەوانەی ئەوبەڵێنە بێت کە پێیدابوو. [27]لەوکاتەدا
پاشا سزادەرانی نارد و فەرمانیدا سەری یۆخەنان بهێنن. سزادەرەکە رویشتوو و لە زیندان سەری پەڕاند، [28]پاشان لەسەر سینییەک
سەریان هێنا و دایان بە کچەکە و کچەکەش دای بە دایکی. [29]قوتابییەکانی یۆخەنان بیستیان، هاتن تەرمەکەیان هەڵگرت و لە گۆڕێکدا
ناشتیان.[30]نێردراوان لە یەشوا کۆبوونەوە، وهەواڵی هەموو شتێکیان پێدا: هەموو ئەو کار و فێرکردنانەی ئەنجامیان دابوو. [31]ئەویش پێی
فەرموون: «بە تەنیا وەرن بۆ شوێنێکی چۆڵ، کەمێک پشوو بدەن». لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەهاتن و دەچوون زۆر بوون دەرفەتی نان
خواردنیان نەبوو. [32]قوتابییەکانی بە بەلەمێک بە تەنیا چوونە شوێنێکی چۆڵ.[33]بەڵام خەڵکێکی زۆرلە کاتی ڕۆیشتندا ئەوانیان بینی، بۆیە
شوێنی مەبەستیان زانی، پێکەوە بە پێ بەرەو ئەوێ ڕایاندەکرد، لە هەموو شارەکانەوە هاتن، پێشیان کەوتن. [34]کاتێک یەشوا لە
بەلەمەکە دابەزی، خەڵکێکی بێشوماری بینی و بەزەیی پێیاندا هاتەوە، چونکە وەک مەڕی بێ شوان وابوون. هەر بۆیە زۆر شتی
فێرکردن.[35]درەنگانی ڕۆژ بوو، قوتابییەکانی هاتنە لای، و گوتیان: «ئەم شوێنە چۆڵە، و ئێستا کاتیش درەنگە. [36]هەموویان بەڕێ بکە تاکو
بچنە ئەم کێڵگە و گوندانەی دەوروبەر خواردن بۆ خۆیان بکڕن».[37]وەڵامی دانەوە فەرمووی: «شتێکیان پێبدەن با بیخۆن!» پێیان گوت:
«ئایا بچین بایی دوو سەد دینار نانیان بۆ بکڕین و بیاندەینێ تاکو بیخۆن؟» [38]لێی پرسین: « چەند نانتان لایە؟ بڕۆن و سەیری بکەن». کە
زانییان، گوتیان: «پێنج، و دوو ماسی!»[39]ئینجا فەرمانی پێدان خەڵکەکە بە کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر گیاکە دابنیشێنن. [40]بە بازنە دانیشتن
سەد سەد و پەنجا پەنجا. [41]ئینجا یەشوا پێنج نانەکە و دوو ماسییەکەی هەڵگرت،و تەماشای ئاسمانی کرد وبەرەکتداری کرد و نانەکانی
لەتکرد، و دایە قوتابییەکانی تاکو لەبەردەمی خەڵکەکە دایبنێن و دوو ماسییەکەشی بەسەر هەموویان دابەش کرد.[42]هەموو خواردیان و
تێر بوون. [43]پاشان دوازدە سەبەتەی پڕ لە پەلکەنان و ماسییان هەڵگرتەوە. [44]ئەوانەی لە نانەکەیان خوارد، پێنج هەزار پیاو بوون.[45]لەو
کاتەدا قوتابییەکانی ناچار کرد سواری بەلەمەکە بن و پێشی بکەون بۆ ئەوبەر، بۆ شارۆچکەی بێت سەیدا، هەتا خۆی خەڵکەکە بەڕێ
بکات. [46]دوای بەڕێکردنیان بۆ نزاکردن چووە سەر شاخ. [47]کە ئێوارە داهات، بەلەمەکە لە ناوەڕاستی دەریاچەکە بوو، یەشوا بە تەنها
لەسەر وشکانی بوو.[48]کە بینی قوتابییەکانی بەهۆی سەوڵ لێدانەوە ماندوو بوون، چونکە ڕەشەباکە پێچەوانەیان بوو، لە بەرەبەیان هاتە
لایان، بەسەر دەریاچەکەدا ڕۆیشت و ویستی لێیان تێبپەڕێت. [49]بەڵام کاتێک بینییان بەسەر دەریاچەکەدا دەڕوات، وایانزانی جنۆکەیە جا
هاواریان کرد. [50]چونکە هەموو بینییان و پەشۆکان. ئەو دەستبەجێ قسەی لەگەڵ کردن و پێیانی فەرموو: «ورەتان بەرز بێ، ئەوە منم،
مەترسن!»[51]ئینجا رۆیشت بەرەو بەلەمەکە و ڕەشەباکە هێمن بۆوە. سەریان سووڕما، [52]لەبەر ئەوەی لە پەرجووی نانەکان
تێنەگەیشتبوون، دڵیان هەر ڕەق بوو.[53]کاتێک لەگەڵ قوتابییەکانی پەڕینەوە ئەوبەر، هاتنە خاکی کینەرەت، و لەنگەریان گرت. [54]کاتێک لە
بەلەمەکە دابەزین، خەڵک ئەویان ناسییەوە، [55]چونکە پێشتر بەو ناوچانەدا گەڕابوون، و لە هەموو لایەکەوە دەیانبیست ئەوی لێیە ئەو
نەخۆشانەی لە ناو جێگا کەوتبوون دەیانبردە لای.[56]بۆ هەر شوێنێک دەچوون، گوند و شارو کێڵگە، خەڵک نەخۆشەکانیان لە شوێنە
گشتیەکان دادەنا، و لێی دەپاڕانەوە کە تەنها دەست لە داوێنی کەواکەی بدەن. جا هەموو ئەوانەی دەستیان لێی دەدا چاک دەبوونەوە.



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 7

[1]هەندێک لە فەریسی و مامۆستایانی تەورات کۆبوونەوە، لە یۆرشەلایمەوە هاتنە لای.[2]بینییان هەندێک لە قوتابییەکانی بە دەستی پیس
نان دەخۆن، واتا بێ دەست شوشتن. [3]چونکە فەریسی، و هەموو یەهوودیەکان، نان ناخۆن ئەگەربە باشی دەستیان نەشۆن، لەبەر
ئەوەی پەیوەست بوون بە نەریتی پیرانەوە. [4]هەروەها کاتێک لە بازاڕ دێنەوە، نان ناخۆن هەتا خۆیان نەشۆن. زۆر دابونەریتی دیکەش
هەیە کە جێبەجێی دەکەن، وەک شۆردنی دەفر و پەرداخ و قاپە مسەکان.[5]لەوکاتەدا لێیان پرسی فەریسییەکان و مامۆستایانی تەورات :
«بۆچی قوتابییەکانت لەسەر نەریتی پیران ناڕۆن، و بەڵکو بە دەستی پیس خواردن دەخۆن؟»[6]وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «ئیشایای
پێغەمبەر سەبارەت بە ئێوەی دووڕوو پێشبینی باشی کردووە، وەک نووسراوە: ئەم گەلە هەر بە دەم ڕێزم لێ دەگرن، بەڵام دڵیان لێم
دوورە. [7]بێهودە دەمپەرستن لە کاتێکدا ئەوان ڕێنماییەکان دەزانن بەڵام تەنها ڕاسپاردەی مرۆڤانە فێری خەڵک دەکەن![8]ئێوە ڕاسپاردەی
خوداتان پشتگوێ خستووە و دەستتان بە نەریتی مرۆڤەوەکانەوە گرتووە!» [9]پێی فەرموون: «باش ڕاسپاردەی خودا ڕەت دەکەنەوە بۆ
ئەوەی پارێزگاری لە نەریتی خۆتان بکەن! [10]موشە فەرموویەتی: ڕێز لە باوک و دایکت بگرە! هەروەها: هەرکەسێک سوکایەتی بە
باوکی یان دایکی بکات، با مردن سزای بێت![11]بەڵام ئێوە دەڵێن: ئەگەر یەکێک بە دایک یان باوکی بڵێت: ئەوەی لە منەوە سوودت لێی
وەردەگرت دەیکەمە قوربانی، واتە پێشکەشکراو بۆ پەرستگا، [12]ئیتر نایەڵن شتێک بۆ دایکی یان باوکی بکات! [13]بەوشێوەیە دەسەڵاتی
وشەی خودا ڕەت دەکەنەوە بە پێی ئەو نەریتەی کە لە یەکتری وەردەگرن . و زۆر شتی دیکەی وەک ئەمە دەکەن!»[14]کاتێک بۆ جاری
دووەم جەماوەرەکەی بانگ کرد، پێی فەرموون: «هەمووتان گوێم لێ بگرن و تێبگەن! [15]هەر شتێک لە دەرەوەی مرۆڤ بچێتە ناویەوە
ناتوانێت پیسی بکات. سەبارەت بەو شتانەی کە لە مرۆڤەوە دێنە دەرەوە، ئەوانەن کە پیسی دەکەن. [16]ئەوەی گوێی هەیە بۆ بیستن، با
ببیستێ».[17]کاتێک خەڵکەکەی بەجێهێشت و هاتە ماڵەوە، قوتابییەکانی دەربارەی نموونەکە پرسیاریان لێکرد، [18]پێی فەرموون: «ئایا
ئێوەش تێنەگەیشتوون؟ ئایا تێناگەن کە هەرچی لە دەرەوەی مرۆڤەوە دێتە ناویەوە ناتوانێت پیسی بکات، [19]چونکە ناچێتە دڵییەوە بەڵکو
سکی، پاشان دەچێتە دەرەوەی جەستەی؟» بەمەش ڕایگەیاند کە هەموو خواردنێک پاکە.[20]ئینجا فەرمووی: «ئەوەی لە مرۆڤ
دەردەچێت، ئەوەیە مرۆڤ پیس دەکات. [21]چونکە لە ناوەوە، لە دڵی مرۆڤەکانەوەیە، کە بیری خراپ و بێ ڕەوشتی، و دزی، و کوشتن
سەرهەڵدەدەن،. [22] داوێنپیسی، چاوچنۆکی، خراپەکاری، هەڵخەڵەتاندن، بەدڕەوشتی، بەڕەڵایی، چاوپیسی، کوفر، لووتبەرزی، گەمژەیی
[23]هەموو ئەم خراپانە لە ناخی مرۆڤەوە دەردەچن و پیسی دەکەن».[24]پاشان یەشوا ئەوێی بەجێهێشت و چوو بۆ هەرێمی سور. چووە
ماڵێک و نەیویست کەس بزانێت. بەڵام نەیتوانی خۆی بشارێتەوە. [25]لەبەر ئەوەی ژنێک کچەکەی گیانی پیسی تێدابوو کاتێک هەواڵی
ئەوی بیست یەکسەر هات و لەبەرپێی کەوت، [26]ژنەکەش کەنعانی بوو، لە ڕەگەزی فینیقیای سوریا بوو، داوای لێکرد گیانە پیسەکە لە
کچەکەی دەربکات.[27] ئەویش پێی فەرموو: «با سەرەتا منداڵەکان تێربن! چونکە ناشێت نانی منداڵان ببرێت و فڕێبدرێت بۆ سەگ».
[28]بەڵام وەڵامی دایەوە پێی گوت: « ڕاستە گەورەم! سەگیش لەژێر خواندا لە پاشماوەی منداڵان دەخوات!»[29]پێی فەرموو: «لەبەر ئەم
قسەیە، بڕۆ گیانە پیسەکە لە کچەکەت دەرچوو!» [30]کاتێک ژنەکە گەڕایەوە ماڵەوە، بینی منداڵەکە لەسەر جێگاکەی پاڵکەوتووە و
خێوەکەی لێ دەرچووبوو.[31]پاشان یەشوا دەوروبەری سوری بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ دەریاچەی گەلیلی،بە سیدۆندا ڕۆیشت و سنوری
دە شارەکەی تێپەڕاند. [32]پیاوێکی کەڕ و لاڵیان بۆ هێنا، و لێی پاڕانەوە دەستی لەسەر دابنێ.[33]بۆیە لە خەڵکەکە دووری خستەوە.
پەنجەکانی خستە گوێی کابرا، پاشان تفی کرد و دەستی لە زمانیدا، [34]و سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان، ئاهێکی هەڵکێشا و پێی گوت:
«ئافاتا!» واتە بکرێرەوە. [35]دەستبەجێ گوێیەکانی کرانەوە و زمانی بەربوو، و بە ڕەوانی قسەی کرد.[36]ئینجا ڕایسپاردن بە کەس نەڵێن.
بەڵام چەند ڕایدەسپاردن، ئەوان زیاتر بڵاویان دەکردەوە. [37]زۆر سەرسام بوون، و دەیانگوت: «هەموو شتێکی بە باشی کردووە. وا
دەکات کەڕ ببیستێ و لاڵ قسە بکات».

## Chapter 8

[1]لەو ڕۆژانەدا، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری دیکە کۆبوونەوە، لەبەر ئەوەی هیچیان نەبوو بیخۆن، یەشوا قوتابییەکانی بانگ کرد و پێی
فەرموون: [2]«بەزەییم بەم خەڵکدا دێتەوە چونکە سێ ڕۆژە لەگەڵمن و هیچیان نییە بیخۆن. [3]وە ئەگەر بە ڕۆژووەوە بیانێرمەوە بۆ
ماڵەکانیان، لە ڕێگا هێزیان نامێنێت، و هەندێکیشیان لە دوورەوە هاتوون». [4]قوتابییەکانی پێیان گوت: «چۆن کەسێک ئەم خەڵکە بە نان
تێر بکات لێرە لەم شوێنە چۆڵە؟»[5]لێی پرسین: «چەند نانتان پێیە؟» وەڵامیان دایەوە: «حەوت!» [6]فەرمانیدا خەڵکەکە لەسەر زەوی
دابنیشن. حەوت نانەکەی هەڵگرت، و سوپاسی کرد، و شکاندی و دایە قوتابییەکان بۆئەوەی بیدەن بە خەڵکەکە، ئەوانیش
کردیان[7]هەروەها چەند ماسییەکی بچووکیشیان پێی بوو، ئەویش بەرەکەتداری کرد و فەرمانی دا کە بیدەن بە خەڵکەکە. [8]خواردیان هەتا
تێربوون. دوایی حەوت سەبەتەی پڕ پەلکەنانیان هەڵگرتەوە. [9]ژمارەی ئەوانەی ئامادەبوون نزیکەی چوار هەزار کەس دەبوون. پاشان
بەرێی کردن، [10]لەو کاتەدا لەگەڵ قوتابییەکانی سواری بەلەمەکە بوو، و هاتە ناوچەی دەلمانووتە.[11]فەریسییەکان هاتن و لەگەڵی
دەستیان بە مشتومڕکرد، هەروەها بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە داوای پەرجوویەکی ئاسمانیان لێکرد. [12]بۆیە بە ناڕەحەتی ئاهێکی هەڵکێشا،
و فەرمووی: «بۆچی ئەم نەوەیە داوای نیشانە دەکات؟ ڕاستیتان پێ دەڵێم: هیچ نیشانەیەک بەم نەوەیە نادرێت!» [13]پاشان بەجێی
هێشتن و سواری بەلەمەکە بوو و پەڕینەوە بۆ کەناری بەرامبەر.[14]قوتابییەکان لەبیریان چووبوو لەگەڵ خۆیان نان بهێنن، لە بەلەمەکەدا
تەنها یەک نانیان پێبوو. [15]ڕایسپاردن فەرموی : «وریابن! ئاگاداری هەویر ترشی فەریسییەکان و هەویر ترشی هێرۆد بن».[16]ئەوانیش
لەگەڵ یەکتردا دەمەقاڵەیان دەکرد، و گوتیان: «چونکە نانمان نییە». [17]یەشوا کە بەمەی زانی، پێی فەرموون: «بۆچی لەبەر ئەوەی
نانتان نییە لەگەڵ یەکتردا دەمەقاڵە دەکەن؟ ئایا تا ئێستا هەست ناکەن و تێناگەن؟ ئایا هەتا ئێستا دڵتان هەڕڕەقە؟[18]چاوتان هەیە،
نابینن؟ گوێتان هەیە، نابیستن؟ هەروەها بیرتان نایەتەوە؟ [19]کاتێک پێنج نانەکەم شکاند بۆ پێنج هەزارەکە ، چەند سەبەتەی پڕ لە
پەلکەنانتان هەڵگرتەوە؟»وەڵامیان دایەوە: «دوازدە».[20]«کاتێک حەوت نانەکەم شکاند بۆ چوارهەزارەکە، چەند سەبەتەی پڕلە
پەلکەنانتان هەڵگرتەوە؟» وەڵامیان دایەوە: «حەوت!» [21]ئینجا پێی فەرموون: «چۆن هێشتا تێنەگەیشتوون؟»[22]کاتێک لەگەڵ قوتابییەکانی
هاتنە بێت سەیدا، کەسێکی نابینایان هێنایە لای لێی پاڕانەوە دەستی لەسەر دابنێت. [23]بۆیە دەستی نابیناکەی گرت و لە گوندەکە بردییە
دەرەوە، و دوای ئەوەی تفی لە سەرچاوەکانی دانا، دەستی خستە سەر و لێی پرسی: « ئایا هیچ دەبینیت؟»[24]سەری بەرز کردەوە، و
گوتی: «خەڵک دەبینم،وەک درەخت، دەڕۆن». [25]دیسان دەستی خستەوە سەر چاوەکانی، و بە وردی سەیری کرد، و تەندرووستی بۆ
گەڕایەوە و هەموو شتێکی بە ڕوونی بینی. [26]بۆیە ناردی بۆ ماڵەوە و فەرمووی: « مەچۆ ژوورەوە تەنانەت بۆ ناو گوندیش!»[27]پاشان
یەشواو قوتابییەکانی بەرەو گوندەکانی کەیسەرییەی فیلیپۆس بەڕێکەوتن. لە ڕێگا، لە قوتابییەکانی پرسی: « خەڵک دەڵێن من کێم؟»
[28]وەڵامیان دایەوە: «(هەندێک دەڵێن) یۆحەنانی لەئاوهەڵکێش، هەندێکیش دەڵێن ئیلیا، هەندێکی تریش دەڵێن یەکێکە لە پێغەمبەران».
[29]لێی پرسین: «ئەی ئێوە، دەڵێن من کێم؟» پەترۆ وەڵامی دایەوە: «تۆ مەسیحەکەیت!» [30]بۆیە ئاگاداری کردنەوە ئەم بابەتە بەکەس
نەلێن.[31]ئینجا فێری کردن کە ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت زۆر ئازار بچێژێت، پیران و کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات ڕەتی بکەنەوە،
بکوژرێت، و دوای سێ ڕۆژ هەستێتەوە. [32]قسەکەی ئەوەندە بە ئاشکرا کرد. کە پەترۆ هێنایە ئەم لاوە و دەستی کرد بە لۆمە کردنی.
[33]بەڵام ڕووی کردە قوتابییەکانی و پەترۆی سەرزەنشت کرد و فەرمووی: «لەبەرچاوم لاچۆ ئەی شەیتان، تۆ بیر لە شتە خوداییەکان
ناکەیتەوە بەڵکو شتی مرۆڤانە!» [34]ئینجا خەڵکەکە و قوتابییەکانی بانگکرد، و پێی فەرموون: «ئەگەر کەسێک دەیەوێت ببێتە قوتابی من،
با نکۆڵی لە خۆی بکات، و خاچەکەی هەڵبگرێت، و دوام بکەوێت.[35]ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆی ڕزگار بکات، دەیدۆڕێنێت. بەڵام ئەوەی لە
پێناوی من و مزگێنییەکەم ژیانی خۆی بدۆڕێنێت، ڕزگاری دەکات. [36]چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەرهەموو جیهان بباتەوە و خۆی
بدۆڕێنێت؟ [37]یان مرۆڤ لە بەرامبەر ژیانی خۆیدا چ بەهایەک دەدات؟[38]ئەوەی لەلای ئەم نەوە داوێنپیس و گوناهبارە شەرمی بە من و بە
وتەکانم بێت، ڕۆڵەی مرۆڤیش شەرمی پێی دەبێت کاتێک لە شکۆمەندی باوکی لەگەڵ فریشتە پیرۆزەکاندا دێتەوە».

# Chapter 9

[1]پاشان پێی فەرموون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەندێک لەوانەی لێرە ڕاوەستاون، مردن ناچێژن هەتا شانشینی خودا نەبینن کە بە
هێزەوە دێت.» [2]دوای شەش ڕۆژ، یەشوا پەترۆ و یاکوڤ و یۆخەنای لەگەڵ خۆی بە تەنها برد، بۆ سەر چیایەکی بەرز، لەوێ لەپێشیان
شێوەی گۆڕدرا، [3]جلەکانی لە بەفر سپیتر بوون، چونکە هیچ سپیکەرەوەیەکی سەر زەوی نەیدەتوانی شتێک وەک ئەمە سپی بکاتەوە.
[4]ئینجا ئیلیا و موشەیان بۆ دەرکەوت لەگەڵ یەشوادا گفتوگۆیان دەکرد. [5]ئینجا پەترۆ بە یەشوای گوت: « گەورەم، چەندە باشە بۆ ئێمە
لێرە بمێنینەوە. با سێ چادرهەڵبدەین: یەکێکیان بۆ تۆ، یەکێکیان بۆ موشە، ئەویتریش بۆ ئیلیا!» [6]نەیدەزانی چی دەڵێت، چونکە ترس
دایگرتبوون. [7] هەورێکیش هات و باڵی بەسەریاندا کێشا، دەنگێک لە هەورەکەوە هات: «ئەمە ڕۆڵەی خۆشەویستمە. گوێی لێ بگرن!»
[8]کاتێک لەناکاو سەیری دەوروپشتیان کرد لە یەشوا زیاتر کەسیان لەگەڵ خۆیان نەبینی.[9]کاتێک لە چیاکە دەهاتنە خوارەوە، یەشوا
رایسپاردن ئەوەی بینییان بە کەسی نەڵێن، هەتا ڕۆڵەی مرۆڤ لەناو مردووان هەڵدەستێتەوە. [10]ئەوانیش ڕاسپاردەکەیان ئەنجامدا،
پاشان لەنێو خۆیاندا پرسیاریان لە یەکتر کرد «مانای هەستانەوە لە نێومردوان چیە؟»[11]جا پرسیاریان لێکرد: «بۆچی مامۆستایانی
تەورات دەڵێن دەبێت لە پێشدا ئیلیا بێت؟» [12]وەڵامی دانەوە: «ڕاستە، ئیلیا دێت و هەموو شتێک چاک دەکاتەوە. هەروەها لە
پەرتووکەکەدا هاتووە کە ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت ئازاری زۆر بچێژێت و بێ ڕێزی پێ بکرێت . [13]بەڵام پێتان دەڵێم: ئیلیا پێشترهات، و
چییان ویست پێیان کرد، هەروەک چۆن لەبارەی ئەو لە پەرتووکەکەدا هاتوە!»[14]کاتێک هاتنەوە لای قوتابییەکانی تر، خەڵکێکی زۆریان لە
دەوروپشتیان بینی و مامۆستایانی تەوراتیش دەمەقاڵێیان لەگەڵ دەکردن. [15]کە هەموو خەڵکەکە بینیان، سەرسام بوون بە پەلە سڵاویان
لێکرد. [16]لێی پرسین: «لەسەر چی دەمەقاڵەیان لەگەڵ دەکەن؟»[17]یەکێک لە خەڵکەکە وەڵامی دایەوە و گوتی : «مامۆستا، کوڕەکەم
هێناوەتە لات گیانێکی لاڵی تێدایە، [18]هەر کاتێک دەستی بەسەردا دەگرێت، دەکەوێتە سەر زەوی دەمی کەف دەکات و ددانەکانی
جیڕدەکاتەوە و ڕەق دەبێت. داوام لە قوتابییەکانت کرد دەریبکەن، نەیانتوانی». [19]وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «ئەی نەوەی بێباوەڕ!
هەتا کەی لەگەڵتان بمێنمەوە؟ هەتا کەی بەرگەتان بگرم؟ منداڵەکە بهێننە لام!»[20]ئەوانیش هێنایانە لای. کە گیانە پیسەکە یەشوای بینی،
دەستبەجێ منداڵەکە فێی لێهات و کەوتە سەر زەوی، دەگەوزا و کەف لە دەمیەوە دەهات. [21]لە باوکی منداڵەکەی پرسی: «لە کەیەوە
وای لێهاتووە؟» وەڵامی دایەوە: « لە کاتی منداڵیەوە. [22]زۆرجار فڕێیداوەتە ناو ئاگر و ناو ئاو بۆ ئەوەی لەناوبچێت. ئەگەر دەتوانی
هەرشتێکت هەیە، بۆیە بەزەییت پێماندا بێتەوە و یارمەتیمان بدە!»[23]یەشوا پێی فەرموو: «بەڵام ئەگەر توانیت باوەڕت هەبێت، بۆ
باوەڕدار هەموو شتێک دەبێت!» [24]دەستبەجێ باوکی منداڵەکە هاواری کرد: «باوەڕم هەیە، باوەڕەکەم بە هێز بکە». [25]یەشواکە بینی
خەریکە قەرەباڵغ دەبێت، لە گیانە پیسەکەی ڕاخوڕی: «ئەی گیانی کەڕولاڵ، فەرمانت پێ دەکەم، لێی وەرە دەرەوە وچیتر مەچۆرەوە
ناوی!»[26]ئینجا گیانە پیسەکە هاواری کرد و بە توندی فێی لێهێنا، وپاشان هاتە دەرەوە. کوڕەکەش وەک ئەوەی مردبێت، تەنانەت زۆر
کەس گوتیان: «مرد!» [27]بەڵام کاتێک یەشوا دەستی گرت و هەڵیستاندوە، و ڕاوەستا.[28]کاتێک یەشوا چووە ناو ماڵەکە، قوتابییەکانی بە
تەنیا لێیان پرسی: «بۆچی ئێمە نەمانتوانی گیانە پیسەکە دەریبکەین؟» [29]پێی فەرموون: «ئەم جۆرانە دەرناکرێن تەنها بە نزا و ڕۆژوو
نەبێت!»[30]لەوێش ڕۆیشتن و بە ناوچەی گەلیلیدا تێپەڕین، ئەویش نەیدەویست کەس لەبارەیەوە بزانێت، [31]یەشوا نەیویست کەس
بزانێت، چونکە قوتابییەکانی فێردەکرد و پێی دەفەرموون: « ڕۆڵەی مرۆڤ دەدرێتە دەست خەڵک، و دەیکوژن، دوای کوشتنی لە ڕۆژی
سێهەمدا هەڵدەستێتەوە ». [32]بەڵام ئەوان لە وتەکەی تێنەگەیشتن، و ترسان پرسیاری لێ بکەن.[33]ئینجا هاتنە کەفەرناخوم. کە گەیشتە
ماڵەوە، لە قوتابییەکانی پرسی: «بۆچی لە ڕێگادا مشتومڕتان دەکرد؟» [34]بۆیە بێدەنگ بوون، چونکە لە ڕێگادا مشتومڕیان لەسەر ئەوە
دەکرد کە کامیان پایەبەرزترینە. [35]بۆیە دانیشت، و دوازدە قوتابییەکەی بانگکرد، پێی فەرموون: «ئەوەی دەیەوێت یەکەم بێت، با خۆی
بکاتە دواهەمین و خزمەتکاری هەمووان بێت!»[36]پاشان کوڕێکی بچووکی برد و لە ناویاندا ڕایگرت، و لە باوەشی گرت، و پێی
فەرموون: [37]«ئەوەی بە ناوی منەوە یەکێک لەم منداڵانە پەسەند بکات، ئەوە منی پەسەند کردوە. ئەوەی من پەسەند بکات، تەنها منی
پەسەند نەکردوە، بەڵکو ئەوەی کە ناردوومی».[38]یۆخەنا پێی گوت: «مامۆستا، یەکێکمان بینی بە ناوی تۆوە گیانی پیسی دەردەکرد،
ئێمەش ڕێمان لێ گرت، چونکە شوێنمان ناکەوێت!» [39]یەشوا فەرمووی: «ڕێی لێ مەگرن! کەس نییە بە ناوی منەوە پەرجوو بکات و
بتوانێت لەدوای ماوەیەکی کورت بە خراپە باسم بکات.[40]ئەوەی دژی ئێمە نییە لەگەڵمانە. [41]ئەوەی بە ناوی منەوە جامێک ئاوتان بداتێ
چونکە ئێوە هی مەسیحن، بەڕاستی پێتان دەڵێم پاداشتی ون نابێت![42]ئەوەی بیەوێت ببێتە کۆسپ بۆئەم بچووکانەی کە باوەڕیان بە من
هەیە، باشترە بۆی بەرداشێکی گەورە بە ملیەوە هەڵبواسرێت و بخرێتە ناو دەریاوە. [43]ئەگەر دەستت تەڵەیەک بوو بۆت، بیبڕە: بۆ تۆ
باشترە بە دەستێکەوە بچیتە ناو ژیانەوە لەوەی دوو دەستت هەبێت و بچیتە دۆزەخ، بۆ ناو ئاگرێکی نەکوژاوە [44]لەوێ کرمەکان نامرێت،
و ئاگرەکە ناکوژێتەوە[45]ئەگەر پێت تەڵەیە بۆت، بیبڕە: باشترە بۆت بچیتە ژیانەوە بە پێی بڕاوەوە، لەوەی دوو پێت هەبێت و فڕێ بدرێتە
دۆزەخەوە، بۆ ناو ئاگرێکی نەکوژاوە. [46]لەوێ کرمەکانیان نامرێت و ئاگرەکە ناکوژێتەوە.[47]ئەگەر چاوت تەڵە بوو بۆت، دەریبهێنە: باشترە
بە یەک چاو بچیتە ناو شانشینی خودا، لەوەی دوو چاوت هەبێت، فڕێ بدرێیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە. [48]لەوێ کرمەکانیان نامرێت، و
ئاگرەکە ناکوژێتەوە.[49]هەموو کەسێک بە ئاگر سوێر دەکرێت. [50]خوێ باشە، بەڵام ئەگەر خوێ سوێرییەکەی نەما، چۆن دەتوانی تامەکەی
بدەیتەوە؟ با خوێتان تێدابێت و لەگەڵ یەکتری لە ئاشتیدا بن!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 10

[1]پاشان ئەو ناوچەیەی بەجێهێشت و هاتە دەوروبەری ناوچەی یەهودیا و ئەودیوی ڕووباری ئەردەن. دووبارە خەڵک لێی کۆبوونەوە
ئەویش وەک نەریتی خۆی دەستی کرد بە فێرکردنیان. [2]هەندێک فەریسی هاتن و بۆ تاقیکردنەوە پرسیاریان لێی کرد: «ئایا دروستە مێرد
ژنەکەی تەڵاق بدات؟» [3]وەڵامی دانەوە پرسیاری لێ کردن: [4]«موشە بە چی ڕایسپاردوون؟» گوتیان: «موشە ڕێی داوە پیاو تەڵاقنامە
بنووسێت و ژنەکەی تەڵاق بدات». [5]یەشوا وەڵامی دایەوە: «بەهۆی دڵ ڕەقیتانەوە موشە ئەم ڕاسپاردەیەی بۆ نووسین. [6]بەڵام لە
سەرەتای بەدیهێنانەوە خودا مرۆڤی بە نێر و مێ بەدیهێنا. [7]بۆیە پیاو باوک و دایکی بەجێدەهێڵێت و لەگەڵ ژنەکەیدا یەکدەگرێت، [8]کەواتە
هەردووکیان دەبنە یەک جەستە. ئیتر دوو کەس نین بەڵکو یەک جەستەن. [9]ئەوەی خودا بەیەکی گەیاندوون با مرۆڤ جیای نەکاتەوە».
[10]وە لە ماڵەوە، قوتابییەکان دیسان سەبارەت بەو بابەتە پرسیاریان لێکرد . [11]پێی فەرموون: « ئەوەی کە ژنەکەی تەڵاق بدات، و
یەکێکی تر بهێنێت ئەوا داوێنپیسی لەگەڵ دەکات. [12]ئەگەر ژن لە مێردەکەی تەڵاق وەربگرێت و مێرد بە یەکێکی تر بکات، ئەوا
داوێنپیسی دەکات!» [13]هەندێکیان منداڵی بچووکیان بۆ هێنا تا دەستیان لێبدات. بەڵام قوتابییەکان سەرزەنشتیان کردن. [14]کە یەشوا
ئەمەی بینی، تووڕە بوو پێی فەرموون: «با منداڵە بچووکەکان بێنە لام ، ڕێیان لێ مەگرن، چونکە شانشینی خودا هی وەک ئەمانەیە!
[15]بەڕاستی پێتان دەڵێم: ئەوەی وەک منداڵێکی بچووک شانشینی خودا وەرنەگرێت، هەرگیز ناچێتە ناویەوە!» [16]پاشان منداڵەکانی لە
باوەش گرت و دەستی لەسەریان دانا و بەرەکەتداری کردن. [17]کاتێک خەریک بوو دەڕۆیشت، پیاوێک بە پەلە بەرەو ڕووی هات کڕنۆشی
بۆ برد و لێی پرسی: « ئەی مامۆستای چاک، چی بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە میرات وەربگرم؟» [18]یەشوا پێی فەرموو: «بۆچی بە
چاک ناوم دەبەیت؟ تەنها یەک کەس چاکە، وئەویش خودایە. [19]تۆ ڕاسپاردەکان دەزانیت: مەکوژە؛ داوێنپیسی مەکە؛ دزی مەکە؛
شایەتی درۆ مەدە؛ ستەم مەکە؛ ڕێز لە باوکت و دایکت بگرە!» [20]ئینجا وەڵامی دایەوە و گوتی: « لە منداڵییەوە هەموو ئەم کارانەم
ئەنجام داوە» [21]یەشوا سەیری کرد و خۆشیویست، پێی فەرموو: «شتێکت کەمە: بڕۆ، هەموو ئەوەی هەتە بیفرۆشە، و بیدە بە
هەژاران، بەمە گەنجینەیەکت لە ئاسماندا دەبێت، ئینجا وەرە شوێنم بکەوە». [22]بەم قسەیە غەمبار بوو بە دڵتەنگییەوە ڕۆیشت، چونکە
سامانێکی زۆری هەبوو. [23]یەشوا سەیری دەوروپشتی کرد و بە قوتابییەکانی فەرموو: «زۆرقورسە بۆ دەوڵەمەندان بچنە ناو شانشینی
خودا!» [24]قوتابییەکان لە قسەکانی سەرسام بوون. بەڵام یەشوا دیسان پێی فەرموون: «ڕۆڵەکانم، چەندە قورسە بۆ ئەوانەی پشت بە
پارە دەبەستن بچنە ناو شانشینی خوداوە! [25]ئاسانترە وشترێک بە کونی دەرزیدا تێپەڕێت، لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو شانشینی
خوداوە». [26]جا زۆر سەرسام بوون، و بە یەکتریان گوت: «کێ دەتوانێت ڕزگاری بێت؟» [27]یەشوا سەیری کردن و فەرمووی: «لەلای
مرۆڤەکان ئەمە ئاستەمە، بەڵام لای خودا نا. چونکە هەموو شتێک لەلای خودا دەبێت!» [28]پەترۆ گوتی: «ئەوەتا ئێمە هەموو شتێکمان
بەجێهێشت و شوێنت کەوتین.» [29]یەشوا وەڵامی دانەوە : «ڕاستیتان پێ دەڵێم: کەس نییە لە پێناوی من و مزگێنییەکەم ماڵ وبرا و
خوشک و دایک و باوک و منداڵ یان کێڵگەی بەجێ هێشتبێت، [30]ئێستا لەم سەردەمە سەد هێندە وەرنەگرێتەوە، لە ماڵ وبرا وخوشک
ودایک ومنداڵ و کێڵگە لەگەڵ پاداشی چەوسانەوەکەی، وە لە ڕۆژی کۆتایی ژیانی هەتاهەتایی پێدەدرێت. [31]بەڵام زۆر لە یەکەمینەکان
دەبنە دواهەمین، و دواهەمینەکانیش دەبنە یەکەمین!» [32]لە ڕێگاوە سەردەکەوتن بەرەو یۆرشەلایم ، یەشوا پێشیان کەوتبوو،
قوتابییەکانیش سەرسام ببوون، ئەوانەی شوێنی دەکەوتن دەترسان. جارێکیتر، دوازدە قوتابییەکەی جیا کردەوە، ئاگاداری کردنەوە
لەوەی کە چی بەسەردێت، فەرمووی: [33]«ئەوەتا ئێمە بەرەو یۆرشەلایم سەردەکەوین، ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەستی سەرۆک کاهینەکان و
زانایانی تەورات دەکرێت، ئینجا سزای مردنی دەدەن، دەیدەنە دەست نەتەوەکان، [34]گاڵتەی پێ دەکەن، و تفی لێدەکەن، و بە قامچی
لێی دەدەن، و دەیکوژن. دوای سێ ڕۆژهەڵدەستێتەوە!» [35]یاکۆڤ و یۆخەنا کوڕەکانی زەڤدی، هاتنە لای و پێیان گوت: «مامۆستا،
دەمانەوێت داوای هەرچییەک دەکەین بۆمان بکەیت». [36]لێی پرسین: «ئارەزوی چیتان هەیە بۆتان بکەم؟» [37]وەڵامیان دایەوە: «ڕێگەمان
بدە لە شکۆمەندییەکەتدا دابنیشین: یەکێک لە دەستی ڕاستت، یەکێک لە دەستی چەپت!» [38]یەشوا پێی فەرموون: «نازانن داوای چی
دەکەن: ئایا دەتوانن ئەو جامە بخۆنەوە کە من دەیخۆمەوە، یان دەتوانن خۆتان لەو ئازارانەدا نوقم بکەن کە من تێیاندا نوقم دەبم؟»
[39]وەڵامیان دایەوە: «دەتوانین!» یەشوا وەڵامی دانەوە: «ئەو جامەی من دەیخۆمەوە، ئێوەش دەیخۆنەوە، وە ئەو ئازارانەی کە من
تێیاندا نوقم دەبم ئێوەش تێیاندا نوقم دەبن. [40]بەڵام دانیشتن لەلای ڕاست و چەپمەوە، ئەوە بۆ من نییە بیدەم تەنها بۆ ئەوانەی کە بۆیان
ئامادە کراوە». [41]کاتێک دە قوتابییەکەی دیکە ئەمەیان بیست، ناڕەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر یاکوڤ و یۆخەنا. [42]بەڵام یەشوا بانگی کردنە
لای خۆی و پێی فەرموون: « دەزانن ئەوانەی بە فەرمانڕەوای نەتەوەکان دادەنرێن فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکەن، و گەورەکانیان
دەسەڵاتیان بەسەریاندا دەسەپێنن. [43]با ئەمە لە نێوان ئێوەدا نەبێت، ئەوەی دەیەوێ لە نێوانتاندا مەزنترین بێت، با بێتە خزمەتکارتان،
[44]هەرکەسێک دەیەوێت یەکەمین بێت لە نێوانتاندا، با خزمەتکاری هەمووان بێت. [45]چونکە تەنانەت ڕۆڵەی مرۆڤیش نەهاتووە تاکو
خزمەت بکرێت، بەڵکو هاتووە بۆ خزمەتکردن وبەخت کردنی خۆی لە پێناوی زۆرینەدا». [46]پاشان گەیشتنە یەریخۆ. لەو کاتەی خۆی و
قوتابییەکانی، و خەڵکێکی زۆر لە یەریخۆ هاتنە دەرەوە، بارتیماوسی کوێر – کوڕی سیمائۆس، لە لای ڕێگاکە دانیشتبوو و سواڵی
دەکرد. [47]کە بیستی ئەوە یەشوای ناسیرەییە، هاواری کرد: «یەشوا کوڕی داڤید، بەزەییت پێمدا بێتەوە!» [48]زۆر کەس سەرزەنشتیان
کرد کە بێدەنگ بێت، بەڵام ئەو زیاتر هاواری دەکرد: «ئەی کوڕی داڤید، بەزەییت پێمدا بێتەوە». [49]یەشوا ڕاوەستا و فەرمووی: «بانگی
بکەن!» ئەوانیش نابیناکەیان بانگکرد و پێیان گوت: «هەستە، و ورەت بەرز بێت! بانگت دەکات!» [50]ئیترهەستا و هاتە لای یەشوا و
کەواکەی فڕێدا. [51]یەشوا لێی پرسی: «چیت دەوێ بۆت بکەم؟» نابیناکە پێی گوت: «گەورەم، دەمەوێ ببینم!» [52]یەشوا پێی فەرموو:
«بڕۆ! باوەڕەکەت تۆی چاککردەوە». دەستبەجێ بینی، و بە ڕێگادا دوای یەشوا کەوت.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 11

[1]هەر کە لە یۆرشەلایم نزیک بوونەوە، گەیشتنە گوندی بێت فاگە و گوندی بێت ئەنیا، لەلای چیای زەیتوون، یەشوا دووان لە قوتابییەکانی
نارد، [2]پێی فەرموون: «بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، لەگەڵ چوونە ژوورەوەتان بۆ ئەوێ، دەبینن جاشکێک بەستراوەتەوە هەتا ئێستا
کەس سواری نەبووە: بیکەنەوە و بیهێننە ئێرە. [3]ئەگەر یەکێک پێی گوتن: بۆچی ئەم کارە دەکەن؟ بڵێن: پەروەردگارمان پێویستی پێیەتی،
زوو دەینێرێت بۆ ئێرە». [4] کاتێک ڕۆیشتن، بینییان لەبەر دەرگای ماڵێک وا جاشکەکە لەسەر ڕێگاکە بەستراوەتەوە، ئەوانیش کردیانەوە.
[5]هەندێک لەوانەی لەوێ وەستابوون پێیان گوتن: «چی دەکەن؟ بۆچی جاشکەکە دەکەنەوە؟» [6]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە وەک ئەوەی
یەشوا پێی ڕاسپارد بوون ئیتر ڕێگەیاندان. [7] ئینجا جاشکەکەیان هێنایە لای یەشوا ، و جلەکانیان لەسەر دانا، ئەویش سواری بوو.
[8]خەڵکێکی زۆریش جلەکانیان لەسەر ڕێگاکە ڕاخست و هەندێکی تریان بە لق و پۆپی دارەکان کە لە کێڵگەکان بڕیبوویان. [9]ئەوانەی لە
پێشییەوە دەرۆشتن و ئەوانەش کە لە پشتیەوە دەڕۆیشتن، هاواریان دەکرد: «هۆشیەنا! پیرۆزە ئەوەی بە ناوی پەروەردگارەوە دێت!
[10]پیرۆزە شانشینی داڤیدی باوکمان کە دێت! هۆشیەنا لە بەرزتریندا!»[11]پاشان یەشوا چووە ناو یۆرشەلایم، تا هاتە ناو پەرستگا،
تەماشای هەموو ئەو شتانەی دەکرد کە تێیدا دەگوزەرێت. کاتێک ئێوارە هات، لەگەڵ دوازدە قوتابییەکە چوو بۆ بێت ئەنیا. [12]ڕۆژی دواتر،
کە بێت ئەنیا یان بەجێهێشت، برسی بوو.[13]دارهەنجیرێکی لە دوورەوە بینی گەڵای کردبوو، چووە لای بەو هیوایەی هەندێک بەروبوومی
پێوە بێت. کە گەیشتە لای لە گەڵا زیاتر هیچی پێوە نەبینی، چونکە وەرزی هەنجیر نەبوو. [14]پێی فەرموو: «ئیترکەس لەبەروبوومت
ناخوات لە ئێستاوە بۆهەتاهەتایە !» و قوتابییەکانیشی گوێیان لێبوو.[15]هاتنە یۆرشەلایم، یەشوا چووە ناو پەرستگا و ئەوانەی لەوێ
خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون لە حەوشەی پەرستگا دەریکردن، مێزی پارەگۆڕەکان و کورسی ئەو کەسانەی کە کۆتریان دەفرۆشت
هەڵیگێڕاندەوە. [16]هەروەها ڕێگەی نەدەدا کەس بە کەلوپەلەوە بەناو پەرستگاکەدا تێپەڕێت.[17]فێری کردن و دەیفەرموو: «وەک
نووسراوە: ماڵەکەم بە ماڵی نزا ناودەبردرێت لەلایەن هەموو نەتەوەکانەوە؟ بەڵام ئێوە کردووتانە بە ئەشکەوتی دزەکان!» [18]سەرۆک
کاهینەکان، و مامۆستایانی تەورات گوێیان لێبوو، بیریان دەکردەوە چۆن لەناوی ببەن: چونکە لێی دەترسان، لەبەر ئەوەی هەموو
خەڵکەکە سەریان سوڕمابوو لە فێرکارییەکانی. [19]کاتێک ئێوارە هات، چوونە دەرەوەی شار.[20]سبەی بەیانی زوو بەلایدا تێدەپەڕین، دار
هەنجیرەکەیان بینی لە ڕەگەوە وشک بووە. [21]پەترۆ بیری کەوتەوە و گوتی: «مامۆستا، سەیرکە! ئەو دارهەنجیرەی کە نەفرەتت لێکرد
وشک بووەوە!»[22]یەشوا وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «باوەڕتان بە خودا هەبێت! [23]ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی بەم شاخە بڵێ:
هەڵبکەنرێ و بکەوە ناو دەریاوە! و لە دڵیدا گومان ناکات، بەڵکو باوەڕی بەوە بێت کە دەیڵێت ڕوودەدات، ئەوەی دەیڵێت بۆی دەکرێت.
[24] لەبەرئەوە پێتان دەڵێم: ئەوەی داوای دەکەیت و نزای بۆ دەکەیت، کەواتە باوەڕت بەوە هەبێت کە بەدەستت هێناوە، بۆت بەدی دێت.
[25]کاتێک بۆ نزا کردن دەوەستن، ئەگەر شتێکتان هەیە بەرامبەر بە کەسێک لێی خۆشبن، بۆ ئەوەی باوکتان لە ئاسمانەکان لە تاوانەکانتان
خۆش بێت. [26]بەڵام، ئەگەر ئێوە لێی خۆش نەبن، باوکی ئاسمانیشتان لە تاوانەکانتان خۆش نابێت».[27]پاشان جارێکی تر گەڕانەوە بۆ
یۆرشەلایم. کاتێک لە پەرستگاکەدا دەگەڕا، کاهینانی باڵا، و مامۆستایانی تەورات، و پیران هاتنە لای، [28]لێیان پرسی: « بە چ دەسەڵاتێک
ئەو کارانە دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی بە تۆ داوە ئەم کارانە بکەیت؟»[29]یەشوا وەلامی دانەوە و پێی فەرموون: «منیش دەربارەی
شتێک پرسیارێکتان لێ دەکەم. وەڵامم بدەنەوە، پێتان دەڵێم، بە چ دەسەڵاتێک ئەم کارانە دەکەم: [30]ئایا لەئاوهەڵکێشانی یۆخەنان لە
ئاسمانەوە بوو یان لە خەڵکەوە؟ وەڵامم بدەنەوە!»[31]بۆیە لە نێوان خۆیاندا ڕاوێژیان کرد، و گوتیان: «ئەگەر بڵێین: لە ئاسمانەوە بوو،
دەڵێت: باشە بۆچی باوەڕتان پێی نەبوو؟ [32]ئەگەریش بڵێین: لە خەڵکەوە بوو؟» ئەوان لە خەڵک دەترسان چونکە هەموویان یۆخەنانیان
بە پێغەمبەرێکی ڕاستەقینە دەزانی. [33]ئینجا وەڵامی یەشوایان دایەوە: «نازانین!» یەشوا پێی فەرموون: «منیش پێتان ناڵێم بە چ
دەسەڵاتێک ئەم کارانە دەکەم!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 12

1ئینجا بە نموونە قسەی لەگەڵ کردن وفەرمووی: «کابرایەک ڕەزێکی چاند، پەرژینێکی بە دەوریدا کرد، چاڵێکی بۆ ترێ گوشین تێدا
هەڵکەند، و شوێنێکی بەرزی بۆ چاودێری دروست کرد. پاشان باخەکەی بە ڕەزەوانان سپارد، و گەشتی کرد. 2لە وەرزی خۆیدا ،
خزمەتکارێکی بۆ لای ڕەزەوانەکان نارد تاکو بەشی خۆی لە بەروبوومی ڕەزەکە وەربگرێت. 3بەڵام گرتییان و لێیاندا و بە دەستی بەتاڵ
ناردیانەوە.4خزمەتکارێکی دیکەی بۆلایان نارد، سەری ئەمیشیان شکاند وسووکایەتیان پێکرد و ناردیانەوە. 5یەکێکی دیکەشی نارد،
ئەویشیان کوشت. زۆر خزمەتکاری دیکەشی نارد، لە هەندێکیان دا و هەندێکیان کوشت.6تەنها کوڕە خۆشەویستەکەی مابوو، لە کۆتاییدا
ئەویشی بۆ لایان نارد، گوتی: ڕێز لە کوڕەکەم دەگرن! 7بەڵام ئەو ڕەزەوانانە بە یەکتریان گوت: ئەمە میراتگرەکەیە؛ وەرن با بیکوژین
بۆ ئەوەی میراتەکە بەدەست بهێنین!8ئینجا گرتیان و کوشتیان و فڕێیان دایە دەرەوەی ڕەزەکە. 9کەواتە خاوەنی ڕەزەکە چی دەکات؟
دێت و ئەم ڕەزەوانانە لەناودەبات، و ڕەزەکە ئەداتە کەسانی تر.10ئەم نووسراوە پیرۆزەتان نەخوێندۆتەوە: ئەو بەردەی بیناسازەکان
ڕەتیان کردەوە، بوو بە یەکەم بەردی بناغە. 11ئەمە لە پەروەردگارەوە بوو، لە چاوی ئێمەشدا سەرسوڕهێنەرە!» 12ئەوانیش هەوڵیان دا
بیگرن، بەڵام لە خەڵکەکە ترسان، چونکە تێگەیشتن کە مەبەستی نموونەکە لەوانە، ئیتر وازیان لێ هێنا و ڕۆیشتن.13پاشان هەندێک لە
فەریسییەکان و ئەندامانی سەربە هیرۆدیان بۆ نارد، بۆ ئەوەی بە وشەیەک کە دەیڵێت توشی بکەن. 14هاتن و پێیان گوت: «مامۆستا،
دەزانین تۆ ڕاستگۆیت، وە لە کەس سڵ ناکەیت، چونکە تۆ پێگەی کەس لەبەرچاو ناگریت، بەڵکو ڕێگای خودایان بەڕاستی
فێردەکەیت: ئایا دروستە سەرانە بدرێتە قەیسەر یان نا؟ بیدەین یان نەیدەین؟» 15بە دووڕوویی ئەوانی زانی و پێی فەرموون: «بۆچی
تاقیم دەکەنەوە؟ دینارێکم بۆ بهێنن با بیبینم!»16دینارێکیان بۆهێنا، پرسیاری لێکردن: «ئەمە وێنە و نەخشی کێیە لەسەرە؟» وەڵامیان
دایەوە: «هی قەیسەر». 17وەڵامی دانەوەو پێی فەرموون: «هی قەیسەر بدەن بە قەیسەر،ئەوەش هی خودایە بیدەنەوە بە خودا!»
ئەوانیش سەرسام بوون.18 هەندێک لە سەدوکیمەکان کە باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نەبوو هاتنە لای، و لێیان پرسی و گوتیان:
19«مامۆستا، موشە بۆی نووسین: ئەگەر برای کەسێک مرد و ژنەکەی دوای خۆی بەجێهێشت بە بێ ئەوەی منداڵی هەبێت، ئەوا براکەی
دەبێت لەگەڵ براژنەکەی هاوسەر گیری بکات و نەوە بخاتەوە لەسەر ناوی براکەی.20حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێنا و بە بێ
ئەوەی منداڵی هەبێت مرد، 21دووەم خواستییەوە وبەبێ ئەوەی هیچ نەوەیەک بخاتەوە مرد، سێهەمیش بە هەمان شێوە. 22بەم شێوەیە
هەر حەوتەکە بەبێ ئەوەی نەوەیان بخەنەوە هێنایان. وە دوای ئەوانیش، هەروەها ژنەکەش مرد. 23لە ڕۆژی زیندووبوونەوەدا، کاتێک
زیندوودەبنەوە، ژنەکە دەبێتە ژنی کامیان، چونکە ئەو ژنی هەرحەوتیان بووە؟»24یەشوایش وڵامی دانەوە پێی فەرموون: «ئایا پێتان وانیە
لە تاریکیدان کە نە لە پەرتووکی پیرۆز و نە لە هێزی خودا تێناگەن؟ 25وە کاتێک مرۆڤەکان لە مردن هەڵدەستێندرێنەوە، نە ژن دەهێنن و
نە مێرد دەکەن، بەڵکو وەک ئەو فریشتانە وان کە لە ئاسمانەکاندان.26بەڵام دەربارەی مردووان کە هەڵدەستنەوە، کەواتە ئەوەی لە
پەڕتووکی موشەدا، لە باسی دەوەنەکە نەتانخوێندۆتەوە، خودا چۆن قسەی لەگەڵ کرد و پێی فەرموو: من خودای ئەڤراهام و خودای
ئیتساخ و خودای یاکوڤم؟ 27چونکە خودای مردووەکان نییە، بەڵکو خودای زیندووەکانە. کەواتە ئێوە لە تاریکیەکی مەزندان!»28یەکێک لە
مامۆستایانی تەورات گوێی لە مشتومڕیان بوو هاتە لایان، بینی کە بە باشی وەڵامی داونەتەوە، بۆیە لێی پرسی: «چ ڕاسپاردەیەک
گرنگتر لە هەموو ڕاسپاردەکانە؟» 29یەشوا وەڵامی دایەوە: «لە هەموویان گرنگتر ئەمەیە: ئەی یەسرائیل گوێ بگرن، پەروەردگاری
خودامان یەک پەروەردگارە 30کەواتە پەروەردگاری خودات بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و بە هەموو بیر و بە هەموو تواناتەوە خۆش
بوێت. ئەمە ڕاسپاردەی یەکەمە. 31لەدوای ئەویش ئەمەیە، نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت، هیچ ڕاسپاردەیەک گەورەتر لەمانە نییە».
32مامۆستاکەی تەوراتیش پێی گوت: «ڕاستە، مامۆستا! بەپێی ڕاستییەکە قسەت کردووە. کە یەک خودا هەیە و بێجگە لە ئەو هیچ
خودایەکی دیکە نییە. 33خۆشت بوێت بە هەموو دڵ و بە هەموو تێگەیشتن و بە هەموو تواناتەوە، و خۆشویستنی نزیکەکەت وەک خۆت،
شایستەترە لە هەموو قوربانی سووتاندن و پێشکەش کراوێک!» 34کاتێک یەشوا بینی کە بە ژیری وەڵامی داوەتەوە، پێی فەرموو: «تۆ لە
شانشینی خودا دوور نیت!» دوای ئەوە کەس نەیوێرا هیچ پرسیارێکی لێ بکات.35یەشوا لە کاتی وانەگوتنەوە لە پەرستگا قسەی کرد، و
فەرمووی: «مامۆستاکان چۆن دەتوانن بڵێن مەسیح کوڕی داڤیدە؟ 36داڤید خۆی بە گیانی پیرۆزگوتی: پەروەردگار بە پەروەردگارمی
فەرموو: لە ڕاستەم دابنیشە هەتا دوژمنانت دەخەمە ژێر پێت! 37مادەم داڤید خۆی پێی بڵێت پەروەردگار ئیتر چۆن دەبێتە ڕۆڵەی؟»
خەڵکەکە زۆربە خۆشحاڵیەوە گوێیان لێگرت.38لە فێرکارییەکانیدا دەیفەرموو: «ئاگاداری مامۆستایانی تەورات بن کە حەز دەکەن بە جلی
سەرنج راکێشەوە بگەڕێن، و پێیان خۆشە لە شوێنە گشتیەکان سڵاویان لێ بکەن، 39و لە کەنیشتەکان لە ڕیزی پێشەوە دابنیشن، و لە
ڕیزی یەکەمی ئاهەنگەکاندا بن. 40ماڵی بێوەژنەکان دەخۆن، و بۆ خۆدەرخستن نزاکانیان درێژ دەکەنەوە. ئەوانە سزای توند بەسەریاندا
دەدرێت!»41یەشوا بەرامبەر گەنجینەی پەرستگا دانیشت، و سەیری کرد چۆن خەڵک پارە دەخەنە ناو گەنجینەکەوە. زۆرێک لە
دەوڵەمەندەکان پارەیەکی زۆریان دەخستە ناوی. 42پاشان بێوەژنێکی هەژارهاتوو دوو فلسی دانا.43قوتابییەکانی بانگ کرد و پێی
فەرموون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەم بێوەژنە هەژارە لە هەموو ئەوانەی دیکە پارەی زیاتری خستە ناو گەنجینەکە: 44چونکە هەمووان لە
زیادەی خۆیان بەخشییان، بەڵام ئەم بێوەژنە سەرەڕای هەژارییەکەی هەرچی هەیبوو بەخشی!»

## Chapter 13

1 کاتێک لە پەرستگاکە دەچووە دەرەوە، یەکێک لە قوتابییەکانی پێی گوت: «ئەی مامۆستا، سەیری جوانی ئەم بەردانە و تەلارانە بکە!»
2 یەشوا وەڵامی دایەوە: «ئەم تەلارە مەزنانە دەبینیت؟ لێرەدا بەردی بەسەر بەردیەوە نامێنێت و هەمووی دەڕووخێت!» 3 کاتێک لەسەر
کێوی زەیتوون بەرامبەر پەرستگاکە دانیشتبوو، پەترۆ و یاکوڤ و یۆخەنا و ئەندریا بە تەنها لێیان پرسی: 4 « پێمان بڵێ کەی ئەمانە
ڕوودەدەن، هەروەها نیشانەکانی پێش ئەو ڕووداوانە چین؟» 5 یەشوا وەڵامی دانەوەو فەرمووی: «ئاگادار بن! با کەس گومڕاتان نەکات!
6 چونکە زۆر کەس بە ناوی منەوە دێن، و دەڵێن ئەوین زۆر کەسیش گومڕا دەکەن. 7 بەڵام کاتێک گوێت لە شەڕ و دەنگۆی شەڕ دەبێت
تووشی شڵەژان مەبن؛ چونکە دەبێت ئەمانە ڕووبدات، بەڵام هێشتا کۆتایی نییە. 8 نەتەوە لە نەتەوە، شانشین لە شانشین
هەڵدەگەڕێنەوە، لە زۆر شوێن بوومەلەرزە ڕوودەدات،وەک چۆن برسێتی ڕوودەدات، بەڵام ئەمە دەستپێکی ژانەکانە. 9 ئاگاداری خۆتان
بن، چونکە ڕادەستی دادگا و کەنیشتەکان دەکرێن، و لێتان دەدرێت لە پێناوی مندا لەبەردەم فەرمانڕەوا و پاشایان ڕادەوەستێنرێن،
وەک شایەتی بۆ ئەوان. 10 هەروەها دەبێ یەکەم جار مزگێنییەکەم بە هەموو نەتەوەکان ڕابگەیەنرێت. 11 کاتێک ڕادەستتان دەکەن،
پێشوەخت نیگەرانی ئەوە مەبن لەوەی چی بڵێن: بەڵکو لەو کاتەدا چیتان بە سروش بۆ دێت بەوە دەدوێن، چونکە ئێوە نین دەدوێن
بەڵکو گیانی پیرۆزە. 12 برا برای خۆی بە دەستەوە دەدات بۆ مردن، باوکیش منداڵەکەی، منداڵەکانیش دژی دایک و باوکیان
هەڵدەگەڕێنەوە و دەیانکوژن. 13 و لە پێناو ناوی مندا هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی تا کۆتایی بەرگە بگرێت، ڕزگاری
دەبێت. 14 کاتێک قێزەونی وێرانکەر دەبینن لەو شوێنە وەستاوە کە نابێت لێی بێ، با خوێنەر تێبگات! ئینجا ئەوانەی لە ناوچەی یەهودیان با
بەرەو شاخەکان هەڵێن؛ 15 هەرکەسێک لەسەربانە، با نەیەتە خوارەوە بۆ بردنی شتەکانی؛ 16 ئەوەی لە کێڵگەیە، با نەگەڕێتەوە بۆ بردنی
جلەکانی. 17 هاوار بەوانەی لەو ڕۆژانەدا دووگیانن و شیردەرن! 18 کەواتە نزابکەن تاکو لە زستاندا ئەمە ڕوونەدات: 19 لەو ڕۆژانەدا
تەنگانەیەک ڕوودەدات کە هاوشێوەی ئەو لە سەرەتای پەیدابوونەوە کە خودا بەدیهێناوە تا ئێستا ڕووی نەداوە و ڕوونادات. 20 وە ئەگەر
پەروەردگار ئەو ڕۆژانەی کورت نەکردایەتەوە، هیچ مرۆڤێک ڕزگاری نەدەبوو. بەڵام لە پێناوی ئەوانەی هەڵیبژاردوون، ئەو ڕۆژانەی
کورت کردۆتەوە. 21 ئەگەر ئەو کاتە یەکێک هاتەلاتان و پێی گوتن: ئەوەتا مەسیحەکە لێرەیە! یان: ئەوەتا لەوێیە! باوەڕ مەکەن. 22 ئینجا زۆر
دژە مەسیح و پێغەمبەری ساختە دەردەکەون، نیشانە مەزن و پەرجوو دەنوێنن، بەشێوەیێک ئەگەر بتوانن هەڵبژێردراوانیش، گومڕا
دەکەن. 23 بەڵام ئاگاداربن! ئەوەتا هەموو شتێکم پێ ڕاگەیاندوون پێش ئەوەی ڕووبدات. 24 بەڵام لەو ڕۆژانەدا، دوای ئەو تەنگانەیە، خۆر
تاریک دەبێت و مانگ ڕووناکی خۆی دەشارێتەوە، 25 ئەستێرەکانی ئاسمانیش دەکەونە خوارەوە، وهێزی ئاسمانەکان دەهەژێن.
26 لەوکاتەدا دەبینن ڕۆڵەی مرۆڤ کەلە هەوری ئاسماندا بە هێز و شکۆمەندییەکی مەزنەوە دێت. 27 لەوکاتەدا فریشتەکانی دەنێرێت بو
کۆکردنەوەی هەڵبژێردراوەکانی لە ئاراستەی چوار لایەکە، لەمسەری زەویەوە تا ئەوسەری ئاسمان. 28 لە دار هەنجیرەوە ئەم پەندە
فێربە: کاتێک لقەکانی نەرم دەبن و گەڵاکانی گەشە دەکەن، دەزانن هاوین نزیکە. 29 بە هەمان شێوە، کاتێک ئێوەش دەبینن ئەم شتانە
ڕوودەدات، بزانن کە نزیکە، و لە بەردەرگایە. 30 ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەم نەوەیە هەرگیز تێناپەڕێت تا هەموو ئەمانە ڕوو نەدات.
31 ئاسمان و زەوی تێدەپەڕن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن. 32 سەبارەت بەئەو ڕۆژە و کاتە کەس نایزانێت، تەنانەت فریشتەکانی
ئاسمانیش و نە کوڕەکە، تەنیا باوک نەبێت. 33 ئاگاداربن و ئێشک بگرن چونکە نازانن چ کاتێک دێت! 34 وەک پیاوێکە گەشتی کردبێت،
ماڵەکەی بەجێ هێشتبێت، و دەسەڵاتی دابێتە خزمەتکارەکانی هەریەکە و بە ئیشی خۆی، دەرگاوانیشی ڕاسپاردبێت چاوەدێری بکات.
35 بۆیە چاوەڕێ بن، چونکە نازانن کەی خاوەن ماڵەکە دەگەڕێتەوە: ئێوارە، یان نیوەی شەو، یان لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێر، یان بەیانی،
36 نەک لەناکاو بگەڕێتەوە و بتانبینێت کە خەوتوون. 37 جا ئەوەی بە ئێوە دەڵێم، بە هەمووانی دەڵێم: ئێشک بگرن!»

# Chapter 14

[1]جەژنی پەسخە و نانی فەتیرە دوو ڕۆژی مابوو، سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی تەورات هێشتا هەوڵیان دەدا بە فێڵێک دەستگیری
بکەن و بیکوژن. [2]ئەوانیش گوتیان: «لە کاتی جەژندا نابێت، نەوەک ئاژاوە لەنێو خەڵکدا دروست بێت!»[3]لە کاتێکدا لە بێت ئەنیا بوو، لە
ماڵی شیمۆنی گول پاڵی دابوو ، ژنێک بە شووشەیەکەوە هات کە بۆنێکی زۆر گرانبەهای تێدابوو و لە گوڵی بێگرد دروستکرابوو،
شووشەکەی شکاند و بۆنەکەی بە سەریدا ڕشت. [4]هەندێکیان ناڕازی بوون و بە یەکتریان گوت: «بۆچی لە بۆنەکەدا زیادە ڕەوی
دەکات؟ [5]دەکرا ئەم بۆنە بە زیاتر لە سێ سەد دینار بفرۆشرایە ، وپارەکەی بدرایە بە هەژاران.». جا لۆمەی ژنەکەیان کرد.[6]بەڵام یەشوا
فەرمووی: «وازی لێ بهێنن! بۆچی هەراسانی دەکەن؟ ئەوی کردی بۆ من کارێکی باش بوو. [7]هەژارەکان لە هەموو کاتێکدا لەگەڵتانن،
هەرکاتێک بتانەوێت دەتوانن چاکەیان لەگەڵدا بکەن. بەڵام من بەردەوام لەگەڵتان نابم. [8]ئەوەی لە دەستی هات کردی. سەرەتا
جەستەمی بۆن خۆش کرد وەک ئامادەکارییەک بۆ ناشتن. [9]ڕاستیتان پێ دەڵێم: لەو شوێنانەی کە مزگێنییەکەم لە هەموو جیهاندا
ڕادەگەیەندرێت، یادی ئەوە دەکەن کە ئەم ژنە چی کردووە!»[10]پاشان یەهودای ئیسخاریۆتی، کە یەکێک بوو لە دوازدە قوتابییەکە، چوو
بۆ لای کاهینانی باڵا تاکو یەشوایان ڕادەست بکات. [11]کاتێک ئەمەیان بیست، دڵخۆش بوون، بەڵێنیان دا پارەی پێ بدەن. بۆیە کاتی بۆ
تەرخان کرد تا لە دەرفەتێکی گونجاودا ڕادەستی بکات.[12]لە ڕۆژی یەکەم فەتیرەدا، کە(بەرخی) پەسخەیان سەردەبڕی، قوتابییەکانی
لێیان پرسی: «دەتەوێ بچینە کوێ ئامادەکاری بکەین تاکو نانی پەسخە بخۆیت؟» [13]ئەویش دوو قوتابی نارد، و پێی فەرموون: «بڕۆنە
ناو شار، لەوێ چاوتان بە پیاوێک دەکەوێت کە گۆزەیەکی ئاوی هەڵگرتووە، شوێنی بکەون. [14]لە کوێ دەچێتە ژوورەوە، بە خاوەن ماڵەکە
بڵێن: مامۆستا فەرموویەتی: کوا ژوورەکەم کە تێیدا نانی پەسخە لەگەڵ قوتابییەکانم دەخۆم؟[15]ژوورێکی گەورەتان لە نهۆمی سەرەوە
پیشان دەدات، کە تەرخان و ئامادە کراوە. ئەوێ بۆ ئێمە ئامادە بکەن!» [16]قوتابییەکان ڕۆیشتن و چونە ناو شارکە، وە بینییان هەروەک
پێی فەرمووبوون. وە لەوێ نانی پەسخەیان ئامادە کرد.[17]کاتی ئێوارە، یەشوا لەگەڵ دوانزەکەدا هات. [18]کاتێک ئەوان پاڵیان دایەوە بۆ
نان خواردن، یەشوا فەرمووی: « ڕاستیتان پێدەڵێم: یەکێک لە ئێوە بە گرتنم دەدات، ئەوەیە ئێستا لەگەڵمدا نان دەخوات». [19]خەم
دایگرتن، و پاشان یەک لەدوای یەک پرسیاریان لێدەکرد: «ئایا منم؟»[20]بەڵام وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: «ئەو یەکێکە لە دوانزەکە،
و ئەویش لەگەڵم دەستی لەناو قاپەکەدایە. [21]ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت وەک ئەوەی لەبارەیەوە نووسراوە ڕوودەدات، بەڵام هاوار بە ئەو
کەسەی کە بە دەستی ئەو ڕۆڵەی مرۆڤ بەگرتن دەدرێت. بۆ ئەو پیاوە باشتر بوو کە لەدایک نەبووایە!»[22]کاتێک نانیان دەخوارد، یەشوا
نانێکی هەڵگرت، و بەرەکەتداری کرد، و شکاندی، و پێیدان و فەرمووی: «وەریبگرن: ئەمە جەستەی منە». [23]ئینجا جامێکی هەڵگرت، و
سوپاسی کرد، و پێیدان، و هەموو لێیان خواردەوە، [24]پێی فەرموون: «ئەمە خوێنی منە کە بۆ پەیمانی نوێیە، کە لە پێناو زۆرینەدا
دەڕێژرێت. [25]ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئیترهەرگیز لەم بەرهەمی ترێیە ناخۆمەوە، تا ئەو ڕۆژەی بە تازەیی لە شانشینی خودا دەیخۆمەوە».
[26]ئینجا پەسنییان گوت ، و چوونە دەرەوە بۆ چیای زەیتوون. [27]یەشوا پێی فەرموون: «لە هەمووتان بەگومان دەبن، چونکە نووسراوە: لە
شوانەکە دەدەم، مەڕەکان پەرتەوازە دەبن.[28]بەڵام دوای هەستانەوەم، پێشتان دەکەوم بۆ گەلیلی». [29]بەڵام پەترۆ پێی گوت: «ئەگەر
هەمووان گومانت لێ بکەن، من هەرگیز گومان ناکەم».[30]یەشوا پێی فەرموو: «ڕاستیت پێدەڵێم: تۆ ئەمڕۆ، هەر ئەمشەو، پێش ئەوەی
دوو جار کەڵەشێر بخوێنێت، سێ جار نکۆڵی لە ناسینی من دەکەیت». [31]بەڵام پەترۆ زیاتر پێداگری کرد و گوتی: «ئەگەر لەگەڵیشت
بمرم، نکۆڵیت لێ ناکەم!» هەموو وایان گوت.[32]پاشان چوونە باخێک پێی دەگوترا گێتسیمانی، بە قوتابییەکانی فەرموو: «لێرە دانیشن
تاکو نزادەکەم ». [33]ئەوسا پەترۆ و یاکوڤ و یوحەنای لەگەڵ خۆی برد، هەستی بە دڵگرانی و دڵ تەنگی دەکرد. [34]پێی فەرموون:
«زۆردڵتەنگم خەریکە بمرم. لێرە بمێننەوە و بە ئاگا بن».[35]کەمێک دوور کەوتەوە، بەسەر رووودا کەوت، نزای کرد تاکو ئەگەر بکرێت
کاتەکەی بەسەردا تێپەڕێت. [36]فەرمووی: «بابە! باوکە، هەموو شتێک لە توانای تۆدا هەیە. ئەم جامەم لێ دوور بخەرەوە، بەڵام نەک
ئەوەی من دەمەوێت، بەڵکو ئەوەی تۆ دەتەوێت!»[37]گەڕایەوە بینی قوتابییەکانی نوستوون، بە پەترۆی فەرموو: « ئایا تو خەوتویت
شیمۆن؟ نەتتوانی کاتژمێرێک بەئاگابیت؟ [38] بە ئاگابن و نزا بکەن، تاکو نەکەونە ناو تاقیکردنەوە. گیان چالاکە، بەڵام جەستە لاوازە».
[39]پاشان ڕۆیشت دووبارە نزای کرد، هەمان وشەکانی دووبارە دەکردەوە.[40]کاتێک هاتەوە، دیسان بینی نووستون چونکە خەو چاوەکانیانی
قورس کردبوو، نەیاندەزانی چۆن وەڵامی بدەنەوە. [41]سێیەم جار گەڕایەوە پێی فەرموون: «ئێستا بخەون و پشوو بدەن. ئەوەندە بەسە!
کاتەکە هاتووە. ئەوەتا ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەستی گوناهباران دەکرێت. [42]هەستن با بڕۆین. ئەوەتا نزیکە ئەوەی ڕادەستم
دەکات!»[43]هەرلەو کاتەدا، هێشتا قسەی دەکرد، یەهودا گەیشت، کە یەکێک بوو لە دوازدەکە ، لەگەڵ جەماوەرێکی زۆر کە شمشێر و
داریان هەڵگرتبوو، لەلایەن سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی تەورات و پیرانەوە نێردرابوون. [44]ئەوەی بە گرتی دەدا نیشانەیەکی
پێدابوون گوتبووی: «ئەوکەسەی ماچی دەکەم، ئەوە خۆیەتی. دەستگیری بکەن و بە وریاییەوە بیبەن». [45]کاتێک یەهودا گەیشت، چوو بۆ
لای، گوتی: «گەورەم!» بە گەرمی ماچی کرد. [46]دەستگیریان کرد و بردیان.[47]یەکێک لەوانەی لەوێ وەستابوو، شمشێرەکەی دەرهێنا و
لە خزمەتکاری سەرۆک کاهینەکەی دا و گوێی بڕی. [48] یەشوا پێی فەرموون: «ئایا من جەردەم کە بە شمشێر و دارەوە هاتوون بمگرن؟
[49]من هەموو ڕۆژێک لە نێو ئێوەدا بووم و فێرکردنم دەکرد لە پەرستگادا، ئێوە نەتانگرتم. بەڵام ئەمە ڕوودەدات بۆ ئەوەی کە نووسراوە
بێتە دی». [50]پاشان هەموویان جێیانهێشت و هەڵاتن.[51]گەنجێک دوای یەشوا کەوت کە تەنها بە پارچە کەتانێک ڕووتییەکەی داپۆشیبوو،
کاتێک گرتیان. [52]کەتانەکەی بەجێهێشت و بە ڕووتی هەڵات.[53]یەشوایان بردە لای سەرۆک کاهینەکان. هەموو سەرۆکی کاهینان و پیران و
مامۆستایانی تەورات کۆبوونەوە. [54]پەترۆ لە دوورەوە بەدوایدا ڕۆیشت بۆ ماڵی سەرۆک کاهین، پاشان چووە ژوورەوە، و لەلای
پاسەوانەکان لەبەردەم ئاگرەکە دانیشتوو خۆی گەرم دەکردەوە.[55]سەرۆک کاهینەکان و هەموو ئەنجومەنی باڵا بەدوای شایەتحاڵێکدا
دەگەڕان بۆ ئەوەی یەشوا بکوژن، بەڵام نەیاندۆزییەوە. [56]زۆرێک شایەتی درۆیان لە دژی دەدا، بەڵام شایەتییەکانیان یەکی نەدەگرتەوە.
[57]پاشان هەندێکیان هەستان و شایەتی درۆیان لە دژی دا و گوتیان: [58]«گوێمان لێی بوو دەیگوت: ئەم پەرستگایە دەستکردە دەیڕووخێنم،
بە سێ ڕۆژپەرستگایەکی دیکە بنیاد دەنێم کە دەستکردی مرۆڤ نەبێت». [59]بەڵام لەمەشدا، شایەتییەکەیان یەکی نەدەگرتەوە.
[60] سەرۆکی کاهینانیش لە ناوەڕاست ڕاوەستا و لەیەشوای پرسی: «هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ ئەوانە بەچی شایەتیت لەسەر دەدەن؟»

[61]بەڵام بێدەنگ مایەوە و هیچ وەڵامی نەدایەوە. دیسان سەرۆکی کاهینان لێی پرسی، و پێی گوت: «ئایا تۆمەسیحەکەی، ڕوڵە
پیرۆزەکە؟» [62]یەشوا فەرمووی: «من ئەوم. لە داهاتووش دەبینن ڕۆڵە مرۆڤ لە ڕاستەی تواناداری دادەنیشێت، و بەسەر هەوری
ئاسمانەوە دێت!»[63]سەرۆکی کاهینان جلەکانی خۆی دادڕی، و گوتی: «چیتر پێویستمان بە شایەتحاڵ نییە. [64]ئێوەش گوێتان لە کوفرەکە
بوو: ڕاتان چییە؟» هەموو بڕیاریان دا کە شایانی مردنە. [65]هەندێکیان تفیان لە روی کرد، دەم و چاویان داپۆشی و بە مست لێیان دەدا
پێیان دەگوت: «پێشبینی بکە!» پاسەوانەکانیش گرتییان و لێیاندا.[66]کاتێک پەترۆ لە حەوشەکەدا بوو، یەکێک لە خزمەتکارەکانی سەرۆک
کاهینەکان هات، [67]پەترۆی بینی خۆی گەرم دەکاتەوە، تێیڕوانی و گوتی: «تۆش لەگەڵ یەشوای ناسیرەیی بوویت!» [68]بەڵام پەترۆ
نکۆڵیی کرد و گوتی: «نازانم وتێناگەم چی دەڵێیت!» پاشان چووە دەرەوەی دەرگای ماڵەکە. ئینجا کەڵەشێر خوێندی[69]خزمەتکارەکە
جارێکی تر بینییەوە، بەو کەسانەی گوت کە لەوێ وەستابوون : «ئەمە یەکێکە لەوانە!» [70]دیسان نکۆڵیی کرد. پاش کەمێک بەهەمان
شێوە، ئەوانەی لەوێدا ڕاوەستابوون، بە پەترۆیان گوت: «بەڕاستی تۆ یەکێکیت لەوان، چونکە تۆش گەلیلیت».[71]دەستی کرد بە
نەفرەتکردن و سوێندخواردن : «من ئەم پیاوە ناناسم کە باسی دەکەیت». [72]کەڵەشێر بۆ دووەم جار خوێندی پەترۆش قسەکەی
یەشوای بیرکەوتەوە کە پێی فەرمووبوو: «پێش ئەوەی دوو جار کەڵەشێر بخوێنێت، سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت». لە ئەو کاتەدا بیری
کەوتەوەو گریا.

## Chapter 15

1که بەیانی هات، سەرۆک کاهینەکان و پیرەکان و مامۆستایانی تەورات و هەموو ئەنجومەنی باڵا ڕاوێژیان کرد، پاشان یەشوایان
بەستەوە، و بردیان، و ڕادەستی پیلاتۆسیان کرد. 2 پیلاتۆس لێی پرسی: «تۆ پاشای یەهودی؟» یەشوا وەڵامی دایەوە: «خۆت گوتت».
3سەرۆک کاهینەکان تۆمەتی زۆریان دایە پاڵی.4پیلاتۆس دووبارە پرسیاری لێکرد:«ئایا هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ دەبینی ئەوانە شایەتیت
لەسەر ئەدەن!» 5 بەڵام یەشوا هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، و پیلاتۆسیش بەمە سەرسام بوو.6نەریت وابوو لە هەر جەژنێکدا بەندکراوێک بە
خواستی خەڵک ئازاد بکریت. 7پیاوێک بە ناوی بارابا لەگەڵ یاخیبووان بە تاوانی کوشتن و ئاژاوە گێڕی لە زیندان بوو 8جەماوەر بە دەنگی
بەرز داوایان لە پیلاتۆس کرد ئەو شتەیان بۆ بکات کە هەمیشە ئەیکرد.9ئینجا پیلاتۆس قسەی لەگەڵ کردن و لێی پرسین: «دەتانەوێ
پاشای یەهودتان بۆ ئازاد بکەم؟» 10دەیزانی کە سەرۆک کاهینەکان لەبەر ئیرەیی ڕادەستیان کردووە. 11بەڵام سەرۆک کاهینەکان داوایان
لە جەماوەرەکە کرد کە داوای ئازادکردنی بارابا بکەن.12دیسان پیلاتۆس لێی پرسین: «ئێوە دەتانەوێت چی لەگەڵ ئەمە بکەم کە پێی
دەڵێن پاشای یەهود؟» 13هاواریان دەکرد جار لە دوای جار: «لە خاچی بدە!»14پیلاتۆس لێی پرسین: «چ خراپەیەکی کردووە؟» بەڵام
ئەوان زیاتر و زیاتر هاواریان دەکرد: «لە خاچی بدە!» 15پیلاتۆسیش دەیویست خەڵکەکە ڕازی بکات، بۆیە بارابای بۆ ئازاد کردن، لە
دوای ئەوەی یەشوا بە قامچی لێی درا ڕادەستی کرد بۆ ئەوەی لە خاچ بدرێت.16بۆیە سەربازەکان بردیانە ناوکۆشکەکە، واتا کۆشکی
فەرمانڕەوا و هەموو سەربازانی لەشکریان کۆکردەوە. 17کەوایەکی ئەرخەوانییان لەبەرکرد، تاجێک لە دڕکیان بۆ درووست کرد و لە
سەر سەری دایاننا. 18دەستیان کرد بە سڵاو لێکردنی و دەیانگوت: «سڵاو، ئەی پاشای یەهود!»19بە قامیش لەسەریان دەدا، و تفیان لێ
دەکرد، چۆکیان دادەدا و لەبەردەمی کڕنۆشیان دەبرد. 20کاتێک گاڵتەیان پێ کرد، کراسە ئەرخەوانییەکەیان لەبەر داکەند و جلەکەی
خۆیان لەبەرکردەوە و بردیانە دەرەوە بۆ لەخاچدان. 21یەکێک لە ڕێبوارەکانیان ناچار کرد خاچەکەی هەڵبگرێت، ناوی شیمۆنی قیرەوان
بوو، باوکی ئەسکەندەر و ڕوفوس، ناچاریان کرد خاچەکەی ئەو هەڵبگرێت.22بردیان بۆ شوێنێک بەناوی گۆلگۆسا، واتا شوێنی کاسەسەر.
23شەرابی تێکەڵ بە تاڵاویان پێدا، بەڵام ڕەتیکردەوە و نەیخواردەوە. 24پاش ئەوەی لە خاچیان دا جلەکانیان دابەش کرد، تیروپشکیان
لەسەر کرد بۆ ئەوەی پشکی هەر یەکێکیان دیاری بکەن.25کاتژمێر نۆی بەیانی بوو کە لە خاچیاندا. 26ناونیشانی تۆمەتەکەی نووسرابوو:
«پاشای یەهود». 27دوو دزیان لەگەڵدا لە خاچدا، یەکێکیان لەلای ڕاستی، و یەکێکیان لەلای چەپی. 28نیشانەکە هاتە دی کە دەڵێت:
«لەگەڵ تاوانباران هەژمار دەکرێت».29ئەوانەی بەوێدا تێدەپەڕین جنێویان پێئەدا، و سەریان بادەدا و دەیان گوت: «ئەها دەی! تۆ کە
پەرستگاکە وێران دەکەیت و بە سێ ڕۆژ دروستی دەکەیتەوە، 30خۆت ڕزگار بکە، و لە خاچەکە دابەزە!»31بە هەمان شێوە سەرۆک
کاهینەکانیش لەگەڵ مامۆستایانی تەورات گاڵتەیان پێدەکرد و بە یەکتریان دەگوت: «خەڵکی دیکەی ڕزگار کرد، بەڵام ناتوانێ خۆی
ڕزگار بکات. 32با ئێستا مەسیحی پاشای یەسرائیل لە خاچەکە دابەزێت، تاکو ببینین و باوەڕ بهێنین!» ئەو دوو دزەش کە لەگەڵیدا لە
خاچ درابوون بە هەمان شێوە سەرزەنشتیان دەکرد.33لە کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ، تا کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ تاریکی باڵی بەسەر
هەموو زەویدا کێشا. 34لە کاتژمێر سێ، یەشوا بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد: «ئیلی، ئیلی، لَمَا شَبَقْتَنِي؟» واتە « خودای من خودای
من، بۆچی بەجێتهێشتم؟» 35هەندێک لەوانەی لەوێ ڕاوەستابوون گوێیان لێی بوو گوتیان: «ئەوە بانگی ئیلیا دەکات!»36یەکێک ڕایکرد و
پارچە ئیسفەنجێکی لە سرکە هەڵکێشا و خستیە سەر قامیشێک و پێیدا تاکو بیخواتەوە، گوتیان: «لێگەڕێن! با بزانین ئیلیا دێت
دایبگرێت!» 37یەشواش بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد، و گیانی دا بەدەستەوە. 38پەردەی پەرستگاش لە سەرەوە هەتا خوارەوە دادڕا و
بوو بە دوو بەشەوە.39لەئەو کاتەدا سەرپەلەکە کە بەرامبەری وەستابوو، بینی کە هاواری کرد وگیانی سپارد، گوتی: «بەڕاستی، ئەم
مرۆڤە ڕۆڵەی خودا بوو!» 40چەند ژنێک لە دوورەوە سەیریان دەکرد، لەنێوانیاندا میریامی مەگدەلین و میریامی دایکی یاکوڤی برا
بچووکی یەشوا و سالومە دەبینران. 41ئەمانە لە گەلیلەوە دوای یەشوا کەوتبوون و خزمەتیان دەکرد، زۆری دیکەش لەگەڵی هاتبوونە
یۆرشەلایم.42کاتێک ئێوارە هات، ئەمڕۆ ڕۆژی خۆ ئامادەکردن بوو، واتە ڕۆژی پێش شەبات، 43یۆسپ کە لە ڕاماوە هاتبوو، ئەو
ئەندامێکی بەرزی ئەنجومەنی باڵا بوو، ئەویش چاوەڕێی شانشینی خودای دەکرد، بەبێ ترس چوو بۆ لای پیلاتۆس، و داوای تەرمەکەی
یەشوای کرد. 44پیلاتۆس سەری سوڕما کە مردووە، بۆیە سەرپەلەکەی بانگ کرد و لێی پرسی: ئایا ماوەیەکی زۆرە مردووە45کاتێک لە
سەرپەلەکەوە ئەمەی زانی تەرمەکەی دایە یۆسپ. 46ئەویش کەتانی کڕی تەرمەکەی هێنایە خوارەوە، ولەناو کەتانەکەدا پێچایەوە، و لە
گۆڕێکدا ناشتی کە لە تاشەبەرد هەڵکەندرابوو، ئینجا بەردێکی گلۆر کردەوە سەر دەرگای گۆڕەکە. 47میریامی مەگدەلین و میریامی
دایکی یەشوا بینییان لەکوێ نێژرا.

## Chapter 16

1که ڕۆژی شەبات تەواو بوو، میریامی مەگدەلین و سالومە و میریامی دایکی یاقوب بۆن و بەرامیان کڕی، تاکو بچن و تەرمی یەشوا
چەوربکەن. 2لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، بەیانی زوو لەگەڵ خۆرهەڵاتندا هاتنە لای گۆڕەکە.3بە یەکتریان دەگوت: «باشە کێ بەردی
سەردەرگای گۆڕەکەمان بۆ گلۆردەکاتەوە؟» 4بەڵام کە سەیریان کرد بینییان بەردەکە گلۆر کراوەتەوە، هەرچەندە زۆر گەورە بوو.5جا
چوونە ناو گۆڕەکە، و لەلای ڕاستەوە گەنجێکیان بینی دانیشتبوو، جلێکی سپی لەبەر بوو، ترس دەستی بەسەردا گرتن. 6پێی گوتن:
«مەترسن. ئێوە بە شوێن یەشوای ناسیرەییدا دەگەڕێن کە لەخاچدرا. ئەو هەستایەوە! ئەو لێرە نییە. ئەوەتا ئەو شوێنەی لێیان دانابوو.
7بەڵام بڕۆن و بە قوتابییەکانی، و بە پەترۆ بڵێن، ئەو پێشتان دەکەوێت بۆ گەلیلی؛ وەک چۆن پێی فەرموون لەوێ دەیبینن».8بۆیە بە
خێرایی لە گۆڕەکە چونە دەرەوە، تۆشی لەرز و سەرسوڕمانێکی زۆربوون. هیچیان بە کەس نەگوت، چونکە دەترسان.9دوای ئەوەی
یەشوا بەیانی زوو لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا هەستایەوە، یەکەم جار بۆ میریامی مەگدەلین دەرکەوت ئەوەی حەوت گیانی پیسی لێی
دەرکردبوو. 10بۆیە چوو و مژدەی دا بە ئەو کەسانە کە لەگەڵیدا بوون، شیوەنیان دەگێڕا و دەگریان. 11کاتێک بیستیان کە ئەو زیندووە و
ئەم کچە بینیویەتی، باوەڕیان نەکرد.12پاشان بۆ دوو کەسی تر بە شێوەیەکی تر دەرکەوت کە لە ڕێگادا بوون بۆ گوندێک. 13بۆیە چوون و
مژدەیان دا بە ئەوانیتر،هەروەها ئەوانیش باوەڕیان پێ نەکردن.14پاشان بۆ یازدە قوتابییەکە دەرکەوت لە کاتێکدا کە پاڵیان دابووەوە ،
لەسەر بێباوەڕی و دڵڕەقییان سەرزەنشتی کردن، چونکە باوەڕیان بەو کەسانە نەدەکرد کە دوای هەستانەوەی بینیویانە. 15پێی
فەرموون: «بڕۆن بۆ هەموو جیهان، ومژدەی ئەم مزگێنییە بە هەموو بەدیهێنراوان ڕابگەیەنن: 16ئەوەی باوەڕ دەهێنێت لە ئاو
هەڵدەکێشرێ، ڕزگاری دەبێت، ئەوەش کە باوەڕ ناهێنێ تاوانباردەبێت.17ئەوانەی باوەڕ دەهێنن، ئەم نیشانانەیان لەگەڵ دەبێت: بە ناوی
من خێوەکان دەردەکەن ولەگەڵیان بە زمانی نوێ دەدوێن، 18بە دەستیان مار دەگرن، وە ئەگەر خواردنەوەیەکی کوشندە بخۆنەوە بە
هیچ شێوەیەک زیانیان پێ ناگات، دەست لەسەر نەخۆش دادەنێن و چاکدەبنەوە».19پاشان پەروەردگار، دوای ئەوەی قسەی لەگەڵ
کردن، بۆ ئاسمان بەرزبۆوە و لە ڕاستەی خودا دانیشت. 20ئینجا ئەوانیش، لە هەموو لایەک مزگێنیاندا، پەروەردگار لەگەڵیان کاری
دەکرد و بە نیشانە ودەرکەوتنی تایبەت بەخۆی وشەکەی پشتڕاست دەکردوە.

# Luke

## Chapter 1

1لەبەر ئەوەی زۆر کەس هەوڵیان داوە چیرۆکی ئەو ڕووداوانەی لە لای ئێمە هاتنە دی دابڕێژنەوە، 2وەک چۆن لەلایەن ئەوانەوە کە لە
سەرەتاوە بە ڕاشکاوی شایەتحاڵ بوون ڕادەستی ئێمە کرا، و پاشان بوون بە خزمەتکاری وشەکە، 3ساوفیلۆسی پایە بەرز لە دوای
ئەوەی من لە سەرەتاوە پشکنینێکی وردم بۆ هەموو شتێک کرد بە باشم زانی بە ڕیز بەندی بۆت بنوسم ، 4بۆ ئەوەی دڵنیابیت لە
دروستی ئەو وشانەی کە پێتگەیشتووە.5لە سەردەمی هیرۆدی پاشای یەهودا کاهینێک هەبوو بە ناوی زەخەریا، لە کۆمەڵەی ئەبیا،
ژنەکەی لە نەوەی ئارۆن، ناوی ئێلیشەبات بوو. 6هەردووکیان لەبەردەم خودا ڕاستودروست، و بێ گلەیی بە پێی هەموو ڕاسپاردەکانی
پەروەردگاریان هەڵس و کەوتیان دەکرد. 7بەڵام منداڵیان نەبوو چونکە ئێلیشەبات نەزۆک بوو و هەردووکیان زۆر بەتەمەن بوون.8کاتێک
زەخەریا لە نۆرەی کۆمەڵەکەی خۆیدا، کاروباری کاهینێتی لەبەردەم خوداجێبەجێ دەکرد، 9بە گوێرەی داب و نەریتی کاهینایەتی
تیروپشکەکە کەوتە سەری تاکوو بچێتە ناو پەرستگای پەروەردگار و بخور بسوتێنێت. 10لە کاتی سووتاندنی بخورەکەدا هەموو جەماوەر
لە دەرەوە نزایان دەکرد.11فریشتەیەکی پەروەردگار لێی دەرکەوت کە لە لای ڕاستی قوربانگای بخورەکە وەستابوو. 12زەخەریا بە بینینی
شڵەژاو ترس دایگرت. 13فریشتەکە پێی گوت: «زەخەریا مەترسە، چونکە داواکارییەکەت بیسترا، و ئێلیشەباتی هاوسەرت کوڕێکی بۆت
دەبێت و ناوی دەنێیت یۆخەنان،14ئەو دەبێتە مایەی خۆشی و شادی بۆ تۆ هەروەها زۆر کەسیش بە لە دایک بوونی دڵ خۆش دەبن. 15لە
بەردەم پەروەردگار مەزن دەبێت، و شەراب و خواردنەوە ناخواتەوەو، کاتێ هێشتا لە سکی دایکیایەتی پڕ دەبێت لە گیانی پیرۆز،
16زۆرێک لە ڕۆڵەکانی یەسرائیل دەگەڕێنێتەوە بۆ پەروەردگاری خودایان، 17لە پێشی دەڕوات و گیان و هێزی ئیلیای هەیە، بۆ ئەوەی دڵی
باوکان بگەڕێنێتەوە بۆ لای منداڵەکان، و سەرپێچیکارانیش بۆ لای دانایی چاکەکاران، بۆ ئەوەی گەلێکی ئامادە بۆ پەروەردگار پێک
بهێنێت!»18زەخەریا لە فریشتەکەی پرسی: «چۆن لەمە دڵنیا بم، چونکە من پیرم و هاوسەرەکەشم بە ساڵاچووە؟» 19فریشتەکەش
وەڵامی دایەوە: «من گەڤرەئیلم، لەبەردەم خودا ڕادەوەستم، نێردراوم بۆ ئەوەی لەگەڵت بدوێم و ئەم مزگێنیەت پێ بدەم. 20لە
ئێستاوە تۆ لاڵ دەبیت و توانای قسەکردنت نامێنێت، هەتا ئەو ڕۆژەی ئەم شتانە ڕوودەدەن، چونکە باوەڕت بە وشەکانم، و ئەوەی لە
کاتی خۆیدا دێتە دی نەکرد».21جەماوەرکە چاوەڕێی زەخەریایان دەکرد و سەریان سوڕما لە دواکەوتنی لە پەرستگادا. 22بەڵام کاتێک
چووە دەرەوە نەیتوانی قسەیان لەگەڵ بکات، تێگەیشتن کە لە ناو پەرستگاکەدا بینینێکی دیوە. بۆیە بە ئاماژە لەگەڵیان دواو بە بێدەنگی
مایەوە. 23کاتێک ڕۆژانی خزمەتەکەی تەواو کرد، گەڕایەوە ماڵەوە.24دوای ئەو ڕۆژانە، ئێلیشەباتی هاوسەری دووگیان بوو، ئەویش بۆ
ماوەی پێنج مانگ خۆی شاردەوە و گوتی: 25«ئەمەیە ئەوەی پەروەردگار بۆیکردم، لەم ڕۆژانەدا چاکەی خۆی پیشاندا و ئابڕووی منی
لەنێو خەڵکدا کڕییەوە!»26لە مانگی شەشەمیدا، فریشتە گەڤرەئیل لەلایەن خوداوە ڕەوانەی شارێک کرا لە گەلیلی بە ناوی ناسیرە، 27بۆ
لای پاکیزەیەک کە دەستگیرانی پیاوێک بوو لە بنەماڵەی داڤید بە ناوی یوسپ، ناوی پاکیزەکەش میریام بوو. 28فریشتەکە چووە ژوورەوە
و پێی گوت: «سڵاو، ئەی ئەو کەسەی بەخششت بەسەردا ڕژاوە! پەروەردگارت لەگەڵە: تۆ لە ناو ژناندا پیرۆزکراوی.» 29میریام بە
قسەکانی فریشتەکە تووشی دڵەڕاوکێ بوو، و لە خۆی پرسی: «دەبێت ئەمە چ جۆر سڵاوێک بێت؟»30فریشتەکەش پێی گوت: «
مەترسە میریام، چونکە تۆ ڕەزامەندیت لەلای خودا بەدەست هێنا! 31دووگیان دەبیت و کوڕێکت دەبێت، و ناوی دەنێیت یەشوا. 32مەزن

دەبێت و پێی دەگوترێت ڕۆڵەی خودای هەرە بەرزو، پەروەردگار تەختی داڤیدی باوکی پێدەداتەوە، [33]هەتاهەتایە حوکمڕانی نەوەی
یاکۆڤ دەکات، شانشینەکەشی کۆتایی نایەت». [34] میریام بە فریشتەکەی گوت: «ئەمە چۆن دەبێت، لە کاتێکدا من پیاوێک ناناسم؟»
[35]فریشتەکەش وەڵامی دایەوە: «گیانی پیرۆز دێتە سەرت و هێزی خودای هەرەبەرز دەبێتە سایەی سەرت. بۆیە ئەو پیرۆزەی کە لە تۆ
دەبێت بە ڕۆڵەی خودا بانگ دەکرێت.[36]ئەوەتا ئێلیشاباتی خزمیشت بەو پیرییە سکی پڕە بە کوڕێک. ئەوە مانگی شەشەمی دووگیانیەتی
کەسێکە پێی دەگوترا نەزۆک. [37]چونکە هیچ شتێک لەلای خودا ئەستەم نییە». [38]میریام گوتی: «ئەوە منم کارەکەرەکەی پەروەردگار.
ئەوەی تۆ دەیفەرموویت با بێتە دی!» پاشان فریشتەکە بەجێی هێشت.[39]لەو ڕۆژانەدا، میریام هەستا و خێرا بۆ شارۆچکەیەک چوو، لە
ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی یەهودیا. [40]چوو بۆ ماڵی زەخەریا و سڵاوی لە ئێلیشەبات کرد. [41]کاتێک ئێلیشەبات گوێی لە سڵاوەکەی
میریام بوو، منداڵەکە لە سکیداجووڵا. ئێلیشەبات پڕبوو لە گیانی پیرۆز.[42]ئێلیشەبات بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: «لەنێو ژناندا
پیرۆزکراویت، بەرهەمی سکت پیرۆزکراو دەبێت! [43]من کوا شایستەی ئەوە بووم: تاکو دایکی پەروەردگارم بێت بۆ لام؟ [44]چونکە هەرکە
دەنگی سڵاوەکەت بەر گوێم کەوت منداڵەکە لە خۆشیدا لە سکمدا هەڵبەزییەوە: [45]خۆزگە بەوەی باوەڕی وایە ئەوەی لە پەروەردگارەوە
پێ گوتراوە دێتە دی!»[46]میریامیش گوتی: «گیانم ستایشی پەروەردگار دەکات، [47]گیانم بە خودای ڕزگارکەرم شاد دەبێت.[48]چونکە لە
بێفیزی کارەکەرەکەی ڕووانی، ئەوەتا لە ئێستاوە هەموو نەوەکان خۆزگە بە من دەخوازن. [49]چونکە خودای بە توانا کاری مەزنی بۆ من
ئەنجام دا، پیرۆزە ناوی ئەو،[50]بەزەییەکەی بۆ ئەوانەیە کە نەوە دوای نەوە لێی دەترسن. [51]بە هێزی بازووی کاری ئەنجامدا؛ خۆ
بەزلزانەکانی لە ئارەزووی دڵیان پەرتەوازە کرد.[52]تەختی تواناداراەکانی سەرەوژێر کردووە، و بێفیزەکانی بەرز کردەوە. [53]برسییەکانی بە
باشە تێر کرد، ساماندارانی بە دەستی بەتاڵ ڕەوانە کردەوە.[54]یارمەتی گەلی یەسرائیلی خزمەتکاری خۆیدا، بە وەبیرهێنانەوەی
بەزەییەکەی، [55]هەروەک لەگەڵ باوباپیرانمان قسەی کردبوو، بۆ ئەڤراهام و نەوەکانی بۆ هەتاهەتایە».[56]میریام لەلای ئێلیشەبات نزیکەی
سێ مانگ مایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. [57]ئێلیشەبات کاتی منداڵبوونی هات و کوڕێکی بوو. [58]دراوسێ و خزمانی بیستیان
پەروەردگاربەزەیی خۆی بە سەریاندا باراندووە، لەگەڵی شادمان بوون.[59]لە ڕۆژی هەشتەمدا بۆ خەتەنەکردنی کوڕەکە هاتن، لەسەر
ناوی باوکی ناویان لێنا زەخەریا. [60]بەڵام دایکی گوتی: «نەخێر، ناوی دەنرێت یۆخەنان!» [61]پێیان گوت: «کەس لە ناو خێڵەکەت بەم ناوە
ناونەنراوە».[62]ئینجا ئاماژەیان بۆ باوکی کرد، دەیەوێت چ ناوێکی لێ بنێت. [63]تەختەیەکی داوا کرد و لەسەری نووسی: «ناوی یۆخەنانە».
هەموو سەرسام بوون.[64] زەخەریا دەمی کردەوە و دەستبەجێ زمانی کرایەوە، دەستی کرد بە قسەکردن و ستایشی خودای کرد.
[65]هەموو دانیشتوانی دەوروبەری ترس دایگرتن، و لە سەرتانسەری ناوچە شاخاوییەکانی یەهودیا هەموو ئەم شتانە بوون بە قسە و
باسی سەر زاری خەڵکی. [66]هەموو ئەوانەی ئەم باسەیان بیست لە دڵی خۆیاندا گوتیان: « ئەم منداڵە دەبێتە چی؟» چونکە دەستی
پەروەردگاری لەگەڵدا بوو.[67]زەخەریای باوکیشی پڕبوو لە گیانی پیرۆز، پێشبینی کرد و گوتی: [68]«ستایش بۆ پەروەردگاری خودای
یەسرائیل، چونکە گەلەکەی بەسەرکردەوە و کڕییەوە،[69]هێزی ڕزگاریمانی لە بنەماڵەی داڤیدی خزمەتکارییەوە هەستاندەوە، [70]وەک
چۆن لە کۆنەوە لە ڕێگەی پێغەمبەرە پیرۆزەکانییەوە دواوە: [71]ڕزگاربوون لە دوژمنەکانمان و لە دەستی هەموو ئەوانەی ڕقیان لێمانە،
[72]بۆ ئەوەی بەزەیی تەواوی بەرامبەر باوباپیرانمان هەبێت و پەیمانە پیرۆزەکەیمان لە بیر بێت [73]ئەو سوێندەی کە بۆ ئەڤراهام باپیرە
گەورەمانی خوارد: پێمان ببەخشێت [74]پاش ڕزگاریمان لە دەست دوژمنانمان، بێ ترس بیپەرستین، [75]هەموو ژیانمان، بە پیرۆزی و
ڕاستودروستی لەبەردەمیدا بین.[76]تۆش، ئەی ڕۆڵە، بە پێغەمبەری خودای هەرەبەرز ناودەبردرێیت،چونکە پێش پەروەردگار دەکەویت
تاکو ڕێگای بۆ خۆش بکەیت، [77]تاکو بە گەلەکەی ڕابگەیەنیت بە لێخۆشبوونی گوناهەکانیان ڕزگاریان دەبێت[78]بەهۆی بەزەییە
بەسۆزەکەی خودامانەوە، کە بەهۆی ئەوە ڕووناکی ڕۆژهەڵات لە بەرزاییەوە بەسەرماندا دەدرەوشێتەوە، [79]تاکو بەسەر ئەوانەی لە
تاریکی و لە سێبەری مەرگدا دانیشتوون بدرەوشێتەوە، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانمان بەرەو ڕێگای ئاشتی ببات».[80]منداڵەکەش گەشەی
دەکرد و لە گیاندا بەهێز دەبوو، لە چۆڵەوانی مایەوە هەتا ئەو ڕۆژەی کە خۆی بۆ گەلی یەسرائیل دەرخست.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

[1]لەو سەردەمەدا، لە ئۆگستۆسی قەیسەرەوە فەرمانێک دەرچوو کە هەموو دانیشتووانی ئیمپراتۆریەتیەکەی سەرژمێری بکرێت. [2]ئەمە
یەکەم ناونووسین بوو کاتێک کیرینیۆس فەرمانڕەوای سوریا بوو. [3]بەمەبەستی ناونووسین، هەرکەسەو بەرەو شاری خۆی ڕۆیشت.
[4]یۆسپیش لە شاری ناسیرەوە سەر بە ناوچەی گەلیلی بەرەو شاری داڤید لە ناوچەی یەهودیا سەرکەوت کە پێی دەگوترێت بێت لەحم،
چونکە لە بنەماڵە و خێڵی داڤید بوو، [5]تاکو لەگەڵ میریامی دەزگیرانی کە دووگیان بوو، ناونووس بکرێن.[6]کە لەوێ بوون، کاتی
منداڵبوونی هات، [7]جا کوڕە نۆبەرەکەی لەدایک بوو، قوماتی کرد، و لە گەوڕێکدا خەواندی، چونکە هیچماڵێکیان بۆ نوستن دەست
نەکەوت.[8]لەو ناوچەیە شوان هەبوون شەوانە لە دەشت دەمانەوە، و بە نۆرە پاسەوانی مێگەلەکەیان دەکرد. [9]فریشتەیەک لەلایەن
پەروەردگار لێیان دەرکەوت، و شکۆی پەروەردگار بە دەوریاندا دەدرەوشایەوە، بەمە ترسێکی یەکجار زۆریان لێ نیشت.[10]فریشتەکە
پێی گوتن: «مەترسن! ئەوا مزگێنی شادییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە: [11]ئەمڕۆ لە شاری داڤید ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک
بوو ئەویش مەسیحی پەروەردگارە. [12]ئەمەش نیشانەکەیەتی بۆ ئێوە. مەلۆتکەیەک دەبینن لەناو گەوڕێکدا خەوتووە».[13]لەناکاو لەگەڵ
فریشتەکە لەشکرێکی گەورەی ئاسمانی دەرکەوت و ستایشی خودایان دەکرد و دەیانگوت: [14]«شکۆ بۆ خودا لە ئاسمان، لەسەر
زەویش ئاشتی؛ بۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون!»[15]کاتێک فریشتەکان بەرەو ئاسمان بەجێیان هێشتن، شوانەکان بە یەکتریان گوت:
«کەواتە با بڕۆینە بێت لەحم و ئەم شتەی ڕوویداوە ببینین کە پەروەردگار پێی ڕاگەیاندین.» [16]خێرا هاتن، و میریام و یۆسپیان دۆزییەوە
و، ئەو مەلۆتکەیەش کە لە گەوڕەکەدا دانرابوو.[17]کاتێک ئەوەیان بینی، دەستیان کرد بە گێڕانەوەی ئەوەی کە پێیان گوترابوو دەربارەی
ئەم منداڵە. [18]هەموو ئەوانەی گوێیان لێبوو سەریان سوڕمابوو لەوەی شوانەکان پێیان دەگوتن. [19]بەڵام میریام، هەموو ئەم شتانەی لە
دڵی خۆیدا هەڵدەگرت، و لێکی دەدایەوە. [20]شوانەکان گەڕانەوە و شکۆی پەروەردگاریان ڕاگەیاند و ستایشیان کرد لە پێناوی هەموو
ئەوەی بیستیان و بینییان، بەو شێوەیەی پێیان گوترابوو.[21]لە ڕۆژی هەشتەم کاتی خەتەنەکردنی منداڵەکە هات، ناوی لێنرا یەشوا، بەو
شێوەیەی فریشتەکە ناوی لێنا پێش ئەوەی میریام دووگیان بێت.[22]لەدوای تەواوبوونی ڕۆژانی پاکبوونەوە بەگوێرەی تەوراتی موشە،
بەرەو یورشەلایم سەرکەوتن تاکو پێشکەشی پەروەردگاری بکەن، [23]هەروەک لە تەوراتدا نووسراوە: «هەر نێرینەیەکی نۆبەرە بۆ
پەروەردگار تەرخان دەکرێت»، [24]وەک لە تەوراتی پەروەردگاردا هاتووە با قوربانییەک پێشکەش بکەن کە: «دوو کوکوختی، یان دوو
بێچووە کۆترە».[25]پیاوێکی چاک و لەخواترس هەبوو بە ناوی شیمۆن، لە یورشەلایم چاوەڕێی هاتنی دڵنەواییکەری یەسرائیل بوو و گیانی
پیرۆزی لەسەر بوو. [26]گیانی پیرۆز بە سروش بۆی ئاشکرا کردبوو کە نامرێت هەتا مەسیحی پەروەردگار نەبینێت.[27]ئەو بە پاڵنەری
گیانەکە هات بۆ پەرستگا. کاتێک دایک و باوکەکە بە گوێرەی یاسای تەورات یەشوای منداڵیان پێشکەش کرد، [28]لە باوەشی گرت و
ستایشی خودای کرد، و گوتی: [29]«ئەی پەروەردگار، ئێستا بەگوێرەی بەڵێنەکەت بەندەی خۆت بە ئاشتی بەڕێبکە![30]ئەوا چاوم ڕزگاریی
تۆی بینی [31]ئەوەی ئامادەت کردووە پێشکەشی هەموو گەلانی بکەیت، [32]هەتا ببێتە ڕووناکییەک بۆ ڕێنمایی گەلان و شکۆمەندییەک بۆ
گەلەکەت یەسرائیل».[33]دایک و باوکی سەرسام بوون لەو قسانەی دەربارەی گوترا. [34]شیمۆن پیرۆزی کردن و بە میریامی دایکی
منداڵەکەی گوت: «ئا ئەم منداڵە دەبێتە هۆی کەوتن و هەستانەوەی کەسانێکی زۆر لە یەسرائیل، هەروەها دەبێتە نیشانەیەک دژایەتی
دەکرێت [35]تەنانەت تۆش شمشێرێک جەرگت دەبڕێت و نیازی دڵی زۆر کەس ئاشکرا دەبێت!»[36]پێغەمبەرێکی ژن هەبوو، بە ناوی هەننا
کچی پەنوئێل لە هۆزی ئاشێر، زۆر بە تەمەن بوو، لەدوای شووکردنی تەنها حەوت ساڵ لەگەڵ مێردەکەی ژیابوو، [37]ئەو بێوەژنێکی
هەشتاوچوار ساڵان بوو. پەرستگای بەجێ نەدەهێشت شەو و ڕۆژ بە نزا و ڕۆژوو خودای دەپەرست. [38]هەر لەو کاتەدا هات بۆ لای
ئەوان و ستایشی خودای کرد، باسی منداڵەکەی بۆ هەموو ئەوانە کرد کە یورشەلایم چاوەڕوانی ڕزگاریی بوون.[39]پاش ئەوەی هەموو
شتێکیان بەگوێرەی تەوراتی پەروەردگار تەواو کرد، هاتنەوە بۆ ناسیرەی شارەکەی خۆیان لە ناوچەی گەلیلی. [40]منداڵەکە گەشەی
دەکرد و بەهێز دەبوو، پڕبوو لە دانایی، و بەخششی خودای لەسەر بوو.[41]دایک و باوکی هەموو ساڵێک لە جەژنی پەسخە دەچوونە
یورشەلایم. [42]کاتێک یەشوا بووە دوازدە ساڵ، وەک نەریتی جەژن بەرەو یورشەلایم سەرکەوتن. [43]دوای تەواوبوونی ڕۆژانی جەژن، لە
گەڕانەوەیاندا، بەبێ ئەوەی بزانن، یەشوای مێردمنداڵ لە یورشەلایم مایەوە. [44]بەڵام پێیان وابوو لەنێو کاروانەکەیە، ڕۆژە ڕێیەک
ڕۆیشتن ئینجا لەناو خزم و ناسیاوەکاندا بەدوایدا گەڕان.[45] کاتێک نەیاندۆزییەوە، گەڕانەوە بۆ یورشەلایم بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێن.
[46]دوای سێ ڕۆژ لە پەرستگاکەدا دۆزییانەوە، لەناو مامۆستاکان دانیشتبوو گوێیان لێدەگرت و پرسیاریان لێ دەکرد. [47]هەموو ئەوانەی
گوێیان لێی ڕاگرتبوو لە تێگەیشتن و وەڵامەکانی سەرسام بوون.[48]کاتێک بینییان سەریان سوڕما، ئینجا دایکی پێی گوت: «کوڕم، بۆ
وات لێکردین؟ من و باوکت نیگەرانت بووین، و بەدواتدا دەگەڕاین!» [49]وەڵامی دانەوە: «بۆچی بەدوامدا دەگەڕان؟ نەتاندەزانی پێویستە
لە سەر کارەکانی باوکم بم؟» [50]بەڵام لەو قسەیە تێنەگەیشتن کە پێی فەرموون.[51]ئینجا لەگەڵیان گەڕایەوە و هاتەوە ناسیرە، و
گوێڕایەڵیان بوو. میریامی دایکی ئەمانەی هەموو لە دڵی خۆیدا ڕائەگرت. [52]یەشوا، لە دانایی و باڵادا گەشەی کرد، لە لای خودا و
مرۆڤەکان جێگەی ڕەزامەندی بوو.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 3

[1]لە ساڵی پازدەمینی حوکمڕانی تیباریۆسی قەیسەر؛ کاتێک پیلاتۆس پۆنتیۆس فەرمانڕەوای یەهودیا بوو، هێرۆدی ئەنتیپاس
فەرمانڕەوای تێترارکی گەلیلی بوو و فیلیپۆسی براشی فەرمانڕەوای تێترارکی ئیتۆریە و تەراخۆنتۆس بوو، لیسانیۆس فەرمانڕەوای
تێترارکی ئەبیلیە بوو؛ [2]لە سەردەمی سەرۆک کاهینیێتی ئەنانیا و کەیافا؛ وشەی خودا بۆ یۆخەنانی کوڕی زەخەریا هات کە لە چۆڵەوانی
دەژیا.[3]بە هەموو ناوچەکانی دەوروبەری ڕووباری ئەردەندا دەگەڕا بانگەشەی دەکرد بۆ لەئاوهەڵکێشانی پاشگەزبوونەوە بۆ لێخۆشبوون
لە گوناهەکان.[4]وەک لە پێشبینییەکانی پەڕتووکی ئیشایای پێغەمبەردا نوسراوە: «دەنگێک لە چۆڵەوانی بانگەواز دەکات و دەڵێت: ڕێگا بۆ
هاتنی پەروەردگار خۆش بکەن و ڕێچکەکانی بۆ ڕێکبخەن.[5]هەموو دۆڵێک، پڕ دەبێتەوە و هەموو چیا و گردێک ڕۆدەچێت، ڕێگا
خواروخێچەکان ڕاست دەبنەوە و ڕێگە دژوارەکان تەخت دەبن، [6]هەموو مرۆڤایەتی ڕزگاریی خودا دەبینن!»[7]بەو خەڵکەی دەگووت کە
دەهاتن تاکو لە ئاویان هەڵکێشێت : «ئەی بێچووە مارەکان، کێ ئاگاداری کردوونەتەوە لە دەست تووڕەیی داهاتوو هەڵبێن؟[8]با
بەرهەمێکتان هەبێت لە پاشگەزبوونەوە بوەشێتەوە، بە خۆتان مەڵێن: ئەڤراهام باوکمانە! پێتان دەڵێم خودا دەتوانێت لەم بەردانە نەوە
بۆ ئەڤراهام دروستبکات.[9]ئەوەتا تەور خراوەتە سەر ڕەگی دار: هەر دارێک بەرهەمی باش نەدات، دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو
ئاگرەوە».[10]جەماوەرەکە پرسیاریان لێکرد: «کەواتە چی بکەین؟» [11]وەڵامی دانەوە: «ئەوەی دوو کراسی هەیە، با یەکێکیان بداتە ئەوەی
کە نییەتی؛ ئەوەش کە خواردنی هەیە، با هەمان شت بکات».[12]هەروەها باجگرانیش بۆ لەئاوهەڵکێشان هاتن، لێیان پرسی: «مامۆستا،
ئێمە چی بکەین؟» [13]پێی گوتن: «لەوەی لەسەرتانە زیاتر وەرمەگرن».[14]کۆمەڵێک لە سەربازانیش پرسیاریان لێکرد: «ئەی ئێمە، چی
بکەین؟» وەڵامی دانەوە: «ستەم لە کەس مەکەن و بە درۆ کەس تۆمەتبار مەکەن، بە مووچەکانتان ڕازی بن!»[15]گەل لە چاوەڕوانی
(مەسیح)دا بوون، هەموو لە دڵی خۆیاندا سەبارەت بە یۆخەنان پرسیاریان لە خۆیان دەکرد: «ئایا ئەو مەسیحەکەیە؟» [16]یۆخەنان
وەڵامی هەمووانی دایەوە و پێی گوتن: «من لە ئاوتان هەڵدەکێشم، بەڵام ئەوەی لەدوای من دێت، لە من بە هێزترە، شایانی ئەوە نیم
تەنانەت قەیتانی پێڵاوەکانیشی بۆ ببەستم: ئەو لە ئاگر و لە گیانی پیرۆزتان هەڵدەکێشێت.[17]ئەو شەنی خۆی بە دەستەوەیە و
خەرمانەکەی پاک دەکاتەوە، و گەنمەکە لە ناو کۆگا کۆدەکاتەوە و قەسەڵەکەشی بە ئاگرێکی نەکوژاوە دەسووتێنێت».[18]بە زۆر شتی
دیکەش ئامۆژگاری گەلی دەکرد و مژدەی دەدا. [19]بەڵام کاتێک یۆخەنان سەرزەنشتی هێرۆدی ئەنتیپاسی فەرمانڕەوای تێترارکی گەلیلی
کردبوو، لەبەر ئەوەی کە هێرۆدیای براژنی خۆی هێنابوو و هەروەها بە هۆی هەموو ئەو خراپەکاریانەی کە کردبووی، [20]ئەمەشی بۆ
خراپەکاریەکانی پێشووی زیاد کرد: یۆخەنانی لە زیندان بەندکرد.[21]کاتێک هەموو گەل لە ئاو هەڵکێشران، یەشواش لە ئاو هەڵکێشرا،
کاتێک کە یەشوا نزای دەکرد ئاسمان کرایەوە، و [22]گیانی پیرۆز لە شێوەی کۆترێک هاتە سەری، دەنگێک لە ئاسمانەوە هات: «تۆ ڕۆڵەی
خۆشەویستمی بە تۆ زۆر دڵخۆشم!»[23]کاتێک یەشوا دەستی بە (خزمەتەکەی) کرد تەمەنی نزیکەی سی ساڵ بوو و ناسراو بوو بەوە کە
کوڕی یۆسپ، کوڕی هێلی، [24]کوڕی مەتهات کوڕی لێڤی، کوڕی مەلخای کوڕی یەننای، کوڕی یۆسپ[25]کوڕی مەتیتیاهو، کوڕی ئامۆس
کوڕی ناخوم، کوڕی هەسلی کوڕی نەگای، [26]کوڕی مەئات کوڕی مەتیتیاهو، کوڕی شێمئی کوڕی یۆسپ، کوڕی یەهودا[27]کوڕی یوخەننا،
کوڕی ڕیشا کوڕی زروبەڤێل، کوڕی شالتێئیل کوڕی نیری، [28] کوڕی مەلخی کوڕی ئادی، کوڕی کوسام کوڕی ئەلمودام، کوڕی ئێر
[29]کوڕی یەشوع، کوڕی ئیلیعازار کوڕی یوریم، کوڕی مەتیتیاهو کوڕی لێڤی،[30]کوڕی شیمۆن کوڕی یەهودا، کوڕی یۆسپ کوڕی یۆنام،
کوڕی ئیلیاخیم [31]کوڕی مەئلیا کوڕی مەننە، کوڕی مەتاتا کوڕی ناتان، کوڕی داڤید [32]کوڕی یێشای، کوڕی ئوڤێد کوڕی بۆعەز، کوڕی
سەلمۆن کوڕی نەخشۆن،[33]کوڕی ئەمیناداڤ کوڕی ئەڕام کوڕی خەسرۆن، کوڕی پێرێتس کوڕی یەهودا، [34]کوڕی یاکۆڤ کوڕی یتساخ،
کوڕی ئەڤراهام کوڕی تارەح، کوڕی ناخۆر [35]کوڕی سرۆگ، کوڕی ڕەئو کوڕی پەلەگ، کوڕی هێڤەر کوڕی شالەح،[36]کوڕی کێنان کوڕی
ئەرپەخشاد، کوڕی سام کوڕی نواخ، کوڕی لامەخ [37] کوڕی مەتوشالخ، کوڕی خەنۆخ کوڕی یارەد، کوڕی مەهلەلئێل کوڕی کێنان،
[38]کوڕی ئەنۆش کوڕی شیت، کوڕی ئادەم کوڕی خودایە.

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 4

[1]یەشوا، کاتێ لە ئەردەن گەڕایەوە پڕ ببوو لە گیانی پیرۆز. گیانەکە بەرەو چۆڵەوانی ڕێنمایی کرد [2]چل ڕۆژ، شەیتان تاقی دەکردەوە. لە
ماوەی ئەو ڕۆژانەدا هیچی نەخوارد. کاتێ تەواو بوو، برسی بوو.[3]شەیتان پێی گوت: «ئەگەر تۆ ڕۆڵەی خودایت، بەم بەردە بڵێ با ببێتە
نان». [4]یەشوا وەڵامی دایەوە: «نووسراوە: مرۆڤ تەنها بە نان ناژیێت. (بەڵکوو بە هەموو وشەیەک کە لە زاری خوداوە دێتە
دەر)!»[5]ئینجا شەیتان یەشوای بردە شاخێکی بەرز، و لە چرکەساتێک هەموو شانشینەکانی جیهانی پیشان دا، [6]پێی گوت: «من
دەسەڵاتت پێ دەدەم بە سەر هەموو ئەم شانشینانە و ئەو گەورەییەی تێیاندایە، چونکە ڕادەستی من کراوە و منیش دەیدەم بە
هەرکەسێک کە بمەوێت. [7]ئەگەر لەبەردەمم کڕنۆش ببەیت، هەمووی بۆ تۆ دەبێت!»[8]یەشوا وەڵامی دایەوە: «نووسراوە: کڕنۆش بۆ
پەروەردگار خودای خۆت دەبەیت، و تەنها ئەو دەپەرستیت!»[9]ئینجا شەیتان بۆ یورشەلایمی برد و لە لێواری سەربانی پەرستگا، ڕایگرت
و پێی گوت: «ئەگەر تۆ ڕۆڵەی خودایت، لێرەوە خۆت هەڵبدە خوارەوە. [10]لەبەر ئەوەی نووسراوە: «سەبارەت بە تۆ فەرمان بە
فریشتەکانی دەدات بتپارێزن، [11]لەسەر دەستیان هەڵتدەگرن تاکو پێت بەر بەردێک نەکەوێت».[12]یەشوا وەڵامی دایەوە: «گوتراوە:
یەزدانی پەروەردگارتان تاقی مەکەنەوە!» [13]کاتێک شەیتان هەموو تاقیکردنەوەیەکی تەواو کرد، بۆ ماوەیەک یەشوای بەجێی هێشت.
[14]یەشوا بە هێزی گیانی پیرۆزەوە گەڕایەوە ناوچەی گەلیلی؛ ناوبانگی لە هەموو گوندەکانی دەوروپشت بڵاو بۆوە. [15]لە کەنیشتەکانیان
وانەی دەگوتەوە، و هەموو ستایشیان دەکرد.[16]هاتە ناسیرە کە لێی گەورە بووە، وەک نەریتی خۆی، لە شەباتدا، چووە کەنیشت و بۆ
خوێندنەوە هەستا، [17]پەڕتووکی ئیشایا پێغەمبەریان خستە بەردەست، کاتێک کردیەوە ئەو شوێنەی دۆزییەوە کە تێیدا نووسراوە:[18]« گیانی
پەروەردگار لە سەرمە، چونکە دەستنیشان کردووم بۆ ئەوەی مزگێنی بدەم بە هەژاران؛ منی ناردووە ئازادی بۆ بەدیلگیراوان
ڕابگەیەنم، بینایی بۆ کوێران بگەڕێنمەوە، ستەملێکراوان ئازاد بکەم [19]مزگێنی ساڵی ڕەزامەندی لای پەروەردگار ڕابگەیەنم».[20]پاشان
پەرتووکەکەی پێچایەوە دایەوە خزمەتکارەکە، و دانیشت. چاوی هەموو ئەوانەی لە کەنیشت دانیشتبوون لەسەر ئەو بوو. [21]ڕووی
تێکردن و فەرمووی: «ئەمڕۆ ئەم نووسراوەی گوێتان لێبوو هاتە دی.» [22]دانیشتووان هەموو شایەتحاڵی بوون، و سەرسام بوون بەو
وشە بخشِشانەی کە لە زاری دەردەچوو، و پرسیاریان کرد: «ئەمە کوڕی یۆسپ نییە؟»[23]پێی فەرموون: «بێگومان ئەم نموونەم پێ
دەڵێن: ئەی پزیشک چارەسەری خۆت بکە! ئەوەی بیستمان و لە شاری کەفەرناخوم کردت لێرەش لە شارەکەی خۆتدا بیکە.»
[24]هەروەها فەرمووی: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: هیچ پێغەمبەرێک لە شارەکەی خۆی وەرناگیرێت.[25]بەڕاستی پێتان دەڵێم لە سەردەمی
ئێلیادا بێوەژنەکان زۆر بوون لە یەسرائیل، کە ئاسمان سێ ساڵ و شەش مانگ داخرا، برسێتییەکی گەورە لە هەموو زەویدا روویدا؛
[26]بەڵام ئیلیا بۆ هیچ کامیان نەنێردرا، تەنیا بۆ لای بێوەژنێک نەبێ لە ساریفاتی سیدۆن. [27]لە سەردەمی ئێلیشای پێغەمبەردا، لە یەسرائیل،
زۆر تووشبووی پەتای گولی هەبوون. بەڵام یەکیان پاک نەکرایەوە، تەنها نەعمانی سوری نەبێت!»[28]هەموو ئەوانەی لە کەنیشتەکەدا
بوون کاتێک ئەمانەیان بیست، پڕ بوون لە تووڕەیی [29]وە لە شارەکە دەریانکرد و بردیان بەرەو لێواری ئەو چیایەی شارەکەیانی لەسەر
بنیاد نرابوو تاکو فڕێیبدەنە خوارەوە. [30]بەڵام ئەو بە ناویاندا تێپەڕی و ڕۆیشت.[31]ئینجا چووە کەفەرناخوم، کە شارێکە لە ناوچەی گەلیلی،
و لە شەباتدا وانەی بە جەماوەر دەگوتەوە. [32]ئەوان سەرسام بوون بە فێرکارییەکانی، چونکە وشەکەی دەسەڵاتی هەبوو.[33]پیاوێک لە
کەنیشتەکەدا هەبوو کە گیانی خێوێکی پیس تێیدا نیشتەجێ ببوو. بە دەنگی بەرز هاواری کرد: [34]« ئایی! چیت لێمانداوە ئەی یەشوای
ناسیرەیی؟ تۆ هاتوویت بۆ لەناوبردنی ئێمە؟ من دەزانم تۆ کێیت: تۆ پیرۆزەکەی خودایت».[35]بەڵام یەشوا لێی ڕاخوڕی و وتی: «بێدەنگ
بە، و لێی بچۆ درەوە». کاتێک خێوەکە پیاوەکەی فڕێدایە ناوەڕاستیان، لێی چووە دەر و ئازاری پێنەگەیاند. [36]هەمووان سەریان سوڕما،
و لە نێوان خۆیاندا دەستیان کرد بە پرسیارکردن: « ئەمانە چ جۆر وشەیەکن؟ چونکە بە دەسەڵات و هێزەوە فەرمان بە گیانە پیسەکان
دەکات ئەوانیش دەردەچن!» [37]ناوبانگەکەی لە هەموو ناوچەی دەوروبەری بڵاوبووەوە.[38]پاشان کەنیشتی بە جێ هێشتوو و چووە ماڵی
شیمۆن. خەسووی شیمۆن تووشی تایەکی زۆر بوو دەیناڵاند، داوای لێکرد یارمەتی بدات. [39]یەشوا لە تەنیشت جێگاکەی ڕاوەستا، و لە
تایەکە ڕاخوڕی، و بەجێی هێشت. لە هەمان کاتدا تایەکە وەستا وخەسووی یەکسەر هەستا و دەستی کرد بە خزمەت کردنیان.[40]کاتێک
خۆر ئاوا بوو، هەموو ئەوانەی نەخۆش بوون و بە دەردی جۆراوجۆرەوە گرفتار بوون، دەیانهێنان بۆ لای، ئەویش یەک بە یەک دەستی
دەخستنە سەر، و چاکی دەکردنەوە. [41]خێوەکانیش لە زۆر کەسەوە ئەهاتنە دەرەوە، و هاواریان دەکرد و دەیانگوت: « تۆ کوڕی
خودایت!» ئەویش لێیان ڕادەخوڕی و ڕێگەی نەدا قسە بکەن، چونکە دەیانزانی کە ئەو مەسیحەکەیە.[42]کە ڕۆژ هەڵهات، چووە دەرەوە
و بۆ شوێنێکی چۆڵ. جەماوەرەکە بەدوایدا گەڕان تا دۆزییانەوە، و ڕایانگرت تا بەجێیان نەهێڵێت. [43]بەڵام پێی فەرموون: «دەبێت
بانگەشەی شانشینی خودا بۆ شارەکانی دیکەش بکەم، چونکە ئەمەیە کە من بۆی نێردراوم». [44]پاشان بەردەوام لە کەنیشتەی یەهودیا
مزگێنی ڕادەگەیاند.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 5

[1]لە کاتێکدا جەماوەرەکە لە دەوری کۆدەبوونەوە بۆ گوێگرتن لە وشەی خودا، ئەو لە کەناری دەریاچەی کینەرەت وەستابوو. [2]دوو
بەلەمی بینی کە لە کەناری دەریاچەکەدا لەنگەریان گرتبوو، و ماسیگرەکان بەجێیان هێشتبوو و خەریکی شۆردنی تۆڕەکان بوون.
[3]سواری یەکێک لە بەلەمەکان بوو، هی شیمۆن بوو، داوای لێکرد کەمێک لە کەنارەکە دووری بخاتەوە، پاشان دانیشت و لە ناو
بەلەمەکەوە جەماوەرەکەی فێردەکرد.[4]کاتێک وشەکانی تەواو کرد، بە شیمۆنی فەرموو: «دووری بخەرەوە بۆ قووڵایی، و تۆڕەکانتان بۆ
ڕاوکردن هەڵبدەن». [5]شیمۆن وەڵامی دایەوە: «گەورەم بە درێژایی شەو زۆر هەوڵمان دا و هیچمان نەگرت. بەڵام لەبەر وشەی تۆ،
تۆڕەکان هەڵدەدەین!» [6]کاتێک ئەمەیان کرد ماسییەکی زۆریان گرت، بەشێوەیەک کە خەریک بوو تۆڕەکانیان بدڕێت. [7]بۆیە بە ئاماژە
داوایان لە هاوکارانی ناو بەلەمەکەی دیکە کرد، تاکو بێن و یارمەتییان بدەن، هاتن و هەردوو بەلەمەکەیان پڕکرد، هەتا وای لێهات
خەریک بوو نوقم ببن.[8]شیمۆن پەترۆ کە ئەمەی بینی، کڕنووشی برد لە بەرپێی یەشوا و گوتی: «پەروەردگارم، لێم دووربکەوە، چونکە
من مرۆڤێکی گوناهبارم». [9]پەترۆ و هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، لە زۆری ئەو ماسییانەی گرتبوویان سەریان سوڕمابوو، [10]یاکۆڤ و
یۆخەنای کوڕەکانی زەڤدیش، هاوبەشی شیمۆن بوون. یەشوا بە شیمۆنی فەرموو: «مەترسە! ئیتر تۆ لە ئێستاوە ئەبیت بە ڕاوچی
مرۆڤ». [11]پاشان بەلەمەکانیان هێنایە وشکانی، هەموو شتێکیان بەجێهێشت و شوێن یەشوا کەوتن.[12]کاتێک یەشوا لە یەکێک لە
شارەکان بوو، پیاوێک هات کە هەموو لەشی تووشی نەخۆشی گولی ببوو، کاتێک یەشوای بینی خۆی خستە بەر پێی و لێی پاڕایەوە:
«گەورەم، ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت پاکم بکەیتەوە!» [13]یەشوا دەستی بۆ درێژکرد و دەستی لێدا و فەرمووی: «دەمەوێت، پاک
بەرەوە!» دەمەودەست گولییەکەی پاک بۆوە.[14]یەشوا فەرمانی پێکرد: «بە کەس مەڵێ، بەڵام بڕۆ خۆت پیشانی کاهین بدە، و بۆ
پاکبوونەوەکەت بە پێی ڕاسپاردەی موشە قوربانییەک پێشکەش بکە، تاکو ببێتە شایەتی بۆیان».[15]لەگەڵ ئەوەشدا هەواڵی یەشوا زیاتر
بڵاو بۆوە، بۆیە جەماوەرێکی زۆر کۆبوونەوە تاکو گوێ بگرن و نەخۆشییەکانیان چاک بێتەوە. [16]بەڵام ئەو، دووردەکەوتەوە بۆ چۆڵەوانی
بۆ ئەوەی نزا بکات.[17]ڕۆژێکیان یەشوا خەریکی فێرکردن بوو، لە ناو دانیشتوواندا فەریسی و مامۆستایانی تەوراتیش لە نێوانیاندا
هەبوون کە لە هەموو گوندەکانی گەلیلی و یەهودیا، و یورشەلایمەوە هاتبوون.[18]چەند کەسێک هاتن کابرایەکی ئیفلیجیان بە
پێخەفەکەیەوە هێنا، و دەیانویست بیبەنە ژوورەوە و لەبەردەمی داینێن. [19]بەڵام لەبەر زۆری جەماوەرەکە ڕێیان نەبوو بیبەنە ژوورەوە،
سەرکەوتنە سەربان و بە پێخەفەکەیەوە لە سەربانەکەوە شۆڕیان کردەوە بۆ ناوەڕاستی ژوورەکە بۆ بەرپێی یەشوا.[20]کاتێک
باوەڕەکەیانی بینی، فەرمووی: «ئەی مرۆڤ، گوناهەکانت بەخشران!» [21]بۆیە مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان بیریان کردەوە و
گوتیان: «ئەمە کێیە کە وشەی کوفر دەڵێت؟» کێ دەتوانێت لە گوناهەکان خۆش بێت تەنها خودا نەبێت؟»[22]بەڵام یەشوا تێگەیشت کە
بیر لە چی دەکەنەوە، بۆیە وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «لە دڵتاندا بیر لە چی دەکەنەوە؟ [23]کام لەم دووانە ئاسانترە: بڵێم: گوناهەکانت
بەخشرا! یان بڵێم: هەستە و بڕۆ؟ [24]بەڵام (ئەوەم گوت) بۆ ئەوەی بزانن کە ڕۆڵەی مرۆڤ بۆ لێخۆشبوون لە گوناهە دەسەڵاتی لەسەر
زەوی هەیە». بە ئیفلیجەکەی فەرموو: «پێت دەڵێم هەستە پێخەفەکەت هەڵبگرە، و بڕۆ ماڵەوە».[25]دەستبەجێ لەبەرچاویان هەستا بە
دەم ستایشی خوداوە، ئەوەی لەسەری ڕاکشابوو هەڵیگرت و چوو بۆ ماڵی خۆی. [26]جەماوەر هەموویان سەرسام بوون، و ستایشی
خودایان کرد؛ ترس دایگرتن و گوتیان: «ئەمڕۆ شتی سەرسوڕهێنەرمان بینی!»[27]لەدوای ئەمانە ئەوێی بەجێهێشت، باجگرێکی بینی ناوی
لێڤی بوو، لە شوێنی باجگران دانیشتبوو، پێی فەرموو: «شوێنم بکەوە!» [28]لێڤی هەستا و شوێنی کەوت و هەموو شتێکی بەجێهێشت.
[29]لێڤی لە ماڵی خۆیدا میوانداریییەکی گەورەی بۆ کرد، زۆر لە باجگران و جەماوەری دیکە لەگەڵیان لەسەر خوان بوون. [30]بەڵام
مامۆستایانی تەوراتی یەهود و فەریسیەکان سەرزەنشتی قوتابییەکانیان کرد، و گوتیان: «بۆچی لەگەڵ باجگر و گوناهباران دەخۆن و
دەخۆنەوە؟» [31]یەشوا وەڵامی دانەوە فەرمووی: «ئەوەی کە پێویستی بە پزیشکە تەندروست نیە، بەلکوو نەخۆشە! [32]نەهاتووم
ڕاستودروستان بۆ پاشگەز بوونەوە بانگهێشت بکەم بەڵکوو گوناهباران!»[33]ئینجا پێیان گوت: «قوتابییەکانی یۆخەنان زۆر ڕۆژوو دەگرن
و نزا دەکەن، قوتابی فەریسییەکانیش هەروا، بەڵام قوتابیانی تۆ دەخۆن و دەخۆنەوە!» [34]یەشوا پێی فەرموون: «ئایا دەتوانن وا بکەن
بانگهێشتکراوانی زەماوەند بەڕۆژوو بن، کاتێک زاوا لەگەڵیاندایە؟ [35]بەڵام ڕۆژانێک دێت کە زاوا لە نێوانیان بەرز دەکرێتەوە، لەو
ڕۆژانەدا بەڕۆژوو دەبن».[36]هەروەها نموونەیەکی بۆ هێنانەوە و فەرمووی: «هیچ کەس پارچەیەک لە جلوبەرگێکی نوێ لێناکاتەوە بۆ
ئەوەی جلوبەرگێکی کۆنی پێ پینە بکات، چونکە جلوبەرگە نوێیەکە دەدڕێت و پینە نوێیەکەش لەگەڵ جلوبەرگە کۆنەکە ناگونجێت.
[37] کەسیش شەرابی نوێ ناکاتە ناو پێستەی کۆنەوە، چونکە شەرابە نوێیەکە پێستە دەدڕێنێت و دەڕژێت، پێستەکەش لەناودەچێت.
[38]کەواتە پێویستە شەرابی نوێ بخرێتە ناو پێستەی نوێوە. [39]کەسیش نیە شەرابی کۆن بخواتەوە و ئارەزووی نوێ بکات، چونکە دەڵێت:
کۆنەکە خۆشترە!»

## Chapter 6

[1] لە ڕۆژێکی شەباتدا یەشوا بەناو کێڵگەیەکدا تێدەپەڕی، قوتابییەکانی گوڵەگەنمیان لێدەکردەوە لەناو دەستیان دەیانپرواند و دەیانخوارد.
[2] هەندێک فەریسی لێیان پرسین: «بۆچی ئەوەی لە ڕۆژی شەباتدا ڕێگە پێدراو نیە دەیکەن؟»[3] یەشوا وەڵامی دانەوە فەرمووی: «ئایا
نەتانخوێندووەتەوە داڤید چی کرد، کاتێک خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون برسییان بوو؟ [4] چۆن چووە ماڵی خودا و نانی پێشکەشکراوی برد
و خواردی، دای بە ئەوانەش کە لەگەڵی بوون، ئەو نانەی بۆ کەس ڕێگە پێدراو نەبوو بیخوات کاهین نەبێت؟» [5] ئینجا پێی فەرموون:
«ڕۆڵەی مرۆڤ پەروەردگاری شەباتە!»[6] لە شەباتێکی دیکەدا، چووە ناو کەنیشت و وانەی بە جەماوەر دەگوتەوە. پیاوێکی لێ بوو
دەستی ڕاستی وشک ببوو. [7] مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان چاودێری یەشوایان دەکرد: ئایا لە شەبات کەس چاک دەکاتەوە، تاکو
شتێکی لێ بدۆزنەوە و بە گوێرەی ئەوە تاوانباری بکەن. [8] یەشوا بە بیرکردنەوەیانی زانی، بە پیاوە دەست وشکبووەکەی فەرموو:
«هەستە و لە ناوەڕاستدا ڕابوەستە!» ئەویش هەستا، و لەوێدا ڕاوەستا.[9] یەشوا پێی فەرموون: «پرسیارێکیتان لێ دەپرسم، کامیان لە
شەبات ڕێگەپێدراوە کاری چاک یان کاری خراپ؟ ڕزگارکردنی ژیانی کەسێک یان لەناوبردنی؟» [10] چاوی بە هەموویاندا گێڕا، بە
پیاوەکەی فەرموو: «دەستت درێژ بکە.» ئەویش کردی، و دەستی چاک بۆوە. [11] بەڵام گەمژەیی دەستی بە سەرداگرتن و تەنانەت لە ناو
خۆیان راوێژیان دەکرد چی لە یەشوا بکەن.[12] لەو ڕۆژانەدا بوو، چووە دەرەوە بۆ سەر چیایەک تاکو نزا بکات، شەوەکەی هەموو بە
نزاکردن بۆ خودا بەسەربرد. [13] کە ڕۆژ بۆوە، قوتابییەکانی بانگ کرد، دوازدەی لێ هەڵبژاردن و ناوی لێنان نێردراوان.[14] کە ئەمانە بوون:
شیمۆن، کە ناوی لێنا پەترۆ، لەگەڵ ئەندریای برای؛ یاکۆڤ، یۆخەنا؛ فیلیپۆس و، بەرتۆلمیۆ؛ [15] مەتا و تۆما؛ یاکۆڤی کوڕی هەلفای،
شیمۆن کە ناسراوبوو بە دڵگەرم؛ [16] یەهودای برای یاکۆڤ، و یەهودای ئیسخاریۆتی کە دواتر ناپاکی لە یەشوا کرد.[17] ئینجا یەشوا لەگەڵ
دوازدە قوتابییەکانی هاتە خوارەوە و لە شوێنێکی تەخت ڕاوەستا. خۆی و قوتابییەکانی و، هەروەها جەماوەرێکی ئێجگار زۆر، کە لە
هەموو یەهودیا و یورشەلایم و کەناری سور و سیدۆنەوە، [18] هاتبوون تاکو گوێی لێ بگرن و لە نەخۆشییەکانیان چاکببنەوە. ئەوانەی کە بە
دەست گیانە پیسەکانەوە دەیانناڵاند چاکبوونەوە. [19] هەموو خەڵکەکەش هەوڵیان دەدا دەستی لێ بدەن، چونکە هێزی لێ دەهاتە دەرەوە
و هەمووانی چاک دەکردەوە.[20] ئینجا چاوی بۆ قوتابییەکانی هەڵبڕی و فەرمووی: «خۆزگە بە ئێوە، ئەی هەژاران، چونکە شانشینی خودا
هی ئێوەیە. [21] خۆزگە بە ئێوە کە ئێستا برسین، چونکە تێر دەبن. خۆزگە بە ئێوە کە ئێستا دەگرین، چونکە لە داهاتوودا پێدەکەنن.[22] خۆزگە
بە ئێوە کاتێک خەڵک ڕقیان لێتان دەبێتەوە، دەرتان دەکەن، سوکایەتی بە ناوتان دەکەن و ڕەتدەکرێنەوە وەک ئەوەی خراپەکار بن، لە
پێناو ڕۆڵەی مرۆڤدا. [23] لەو ڕۆژەدا دڵخۆش و شادمان بن، لەبەر ئەوەی لە ئاسمان پاداشتتان گەورەیە: چونکە باوباپیرانیشیان هەر بەم
شێوە ڕەفتاریان لەگەڵ پێغەمبەران کردووە.[24] بەڵام هاوار بە ئێوە ئەی سامانداران، چونکە دڵنەوایی خۆتان لێرە وەرگرتووە! [25] هاوار بە
ئێوە ئەی ئەوانەی ئێستا تێرن، چونکە لە داهاتوو برسی دەبن. هاوار بە ئێوە ئەی ئەوانەی ئێستا پێدەکەنن، چونکە ئێوە پرسە دەگێڕن و
دەگرین.[26] هاوار بە ئێوە کاتێک هەموو خەڵک ستایشتان دەکات، چونکە باوباپیرانیان ئاوایان بۆ پێغەمبەرە درۆزنەکان کردووە.[27] بەڵام ئەی
گوێگران، پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ؛ چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێتان دەبێتەوە؛ [28] ئەوانەش بەرەکەتدار بکەن کە
نەفرەتتان لێدەکەن؛ نزا بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان لەگەڵ دەکەن.[29] ئەگەر یەکێک لە ڕوومەتت بدات، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە.
ئەگەر یەکێک کەواکەتی برد، لاریت نەبێت لەوەی کراسەکەشتی پێبدەی. [30] هەرکەسێک داوای شتێکی لێکردیت بیدەرێ؛ ئەوەش کە
سامانی لێ داگیر کردیت لێی داوا مەکەوە.[31] چۆن دەتانەوێ خەڵکی هەڵسوکەوتتان لەگەڵ بکەن ئێوەش بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان
لەگەڵ بکەن. [32] ئەگەر ئەوانەتان خۆشبوێت کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش ئەوانەیان
خۆشدەوێت کە خۆشیان دەوێن! [33] ئەگەر هەڵس و کەوتتان باش بێ لەگەڵ ئەوانەی کە بە باشی لەگەڵتان هەڵس و کەوت دەکەن، چ
چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش هەمان شت دەکەن! [34] ئەگەر قەرز بدەن بەو هیوایەی وەریبگرنەوە، چ چاکەیەکی بۆ
ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش قەرز دەدەنە گوناهباران تاکو بەرامبەر ئەوەندەی کە داویانە وەربگرنەوە.[35] بەڵام، دوژمنەکانتان
خۆشبوێ، چاکە بکەن، قەرز بدەن بێ ئەوەی چاوەڕێی وەرگرتنەوەی بکەن، بەمە پاداشتتان مەزن دەبێت و دەبنە ڕۆڵەی خودای
هەرەبەرز، چونکە ئەو بۆ بێ ئەمەک و خراپەکارانیش بەخششی هەیە. [36] بە بەزەیی بن، هەروەک چۆن باوکتان بە بەزەییە.[37] بڕیار لە
سەر کەس مەدەن، با بڕیارتان لە سەر نەدرێ. داوەری کەس مەکەن با داوەریتان لەسەر نەکرێ. لە خەڵکی خۆش بن، با لێتان خۆش
بن.[38] ببەخشن، پێتان دەبەخشرێت: پێوانەیەکی بە باشی پەستێنراوی هەژێنراوی لێوڕێژتان دەخرێتە باوەش، چونکە بەو پێوانەیەی ئێوە
بۆ خەڵک دەیپێون، بۆ ئێوەش دەپێورێ».[39] نموونەیەکی بۆ هێنانەوە: «ئایا کوێر دەتوانێت ڕێنمایی کوێر بکات؟ هەردووکیان ناکەونە
چاڵەوە؟ [40] قوتابی لە مامۆستاکەی زیاتر نییە، بەڵام هەرکەسێک بەتەواوی فێربێت، وەک مامۆستاکەی لێ دێت![41] «بۆچی سەرنج لە
پووشی ناو چاوی براکەت دەدەیت، بەڵام ئاگات لە چیلکەی ناو چاوی خۆت نییە؟ [42] چۆن دەتوانی بە براکەت بڵێی: برام، با پووشەکەی
ناو چاوت دەربهێنم! لەکاتێکدا چیلکەکەی ناو چاوی خۆت نابینیت. ئەی دووڕوو، یەکەم جار چیلکەکەی ناو چاوی خۆت دەربهێنە، تا بۆ
دەرهێنانی پووشی ناو چاوی براکەت بە باشی ببینیت .[43] «هیچ دارێکی باش بەری خراپ نادات و داری خراپیش بەری باش نادات: [44] هەر
دارێک بە بەرەکەی دەناسرێتەوە. هەنجیر لە دڕک ناچندرێ، لە دڕکیش ترێ ناچندرێتەوە.[45] مرۆڤی چاکەکار، لە گەنجینەی چاکەی دڵی
چاکە دەردەهێنێت. بەڵام مرۆڤی خراپەکار، لە خراپەوە خراپە دەردەهێنێت: چونکە ئەوەی زار پێی دەدوێت لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت.
[46] بۆچی بە پەروەردگارم، پەروەردگارم بانگم دەکەن کەچی ئەوەی ئەیڵێم کاری پێ ناکەن؟ [47] ئەوەی بۆ لام دێت، و گوێ لە وشەم
دەگرێت و کاری پێ دەکات، با پیشانتان بدەم لە کێ دەچێت. [48] لە مرۆڤێک دەچێت خانوویەکی درووست کرد، زەوییەکەی بۆ هەڵکەند و
قووڵی کرد و بناغەکەی لەسەر بەرد دانا. لافاو هەستا و لە خانووەکەی دا، بەڵام نەیتوانی بیجوڵێنێت، چونکە لە سەر بەرد درووست
کرابوو.[49] بەڵام ئەوەی گوێی لێ بێت و پەیڕەوی نەکات، لە مرۆڤێک دەچێت کە خانوویەکی بێ بناغەی لەسەر زەوی درووست کردبێت.
کاتێک لافاو هات و لە خانووەکەی دا، دەستبەجێ بە تەواوی ڕووخا!»

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 7

1لەدوای ئەوەی یەشوا هەموو وتەکانی بە گوێی جەماوەر گەیاند، چووە ناو شاری کەفەرناحوم.2سەرپەلێک کۆیلەیەکی هەبوو زۆری
خۆشدەویست، نەخۆش بوو و لە سەرەمەرگدا بوو. 3کاتێک سەرپەلەکە دەربارەی یەشوا بیستی، پیرانی یەهودی نارده لای، بۆ ئەوەی
داوای لێ بکەن کە بێت و کۆیلەکەی چاک بکاتەوە. 4ئەوانیش هاتنە لای یەشوا و بە دڵ لێی پاڕانەوە و گوتیان: «شایانی ئەوەیە کە
ئەمەی بۆ بکەیت، 5چونکە گەلی ئێمەی خۆشدەوێت و کەنیشتەی بۆمان دروستکردووە.» 6یەشواش لەگەڵیان چوو. بەڵام زۆری نەمابوو
بگاتە ماڵەکە کە سەرپەلەکە هاوڕێکانی نارد پێی بڵێن: «گەورەم، خۆت ماندوو مەکە، چونکە من شایانی ئەوە نیم خۆت بێیتە ماڵەکەم،
7وەک چۆن خۆمم بە شایانی ئەوە نەزانی کە بێمە لات. تەنها وشەیەک بفەرموو، خزمەتکارەکەم چاک دەبێتەوە: 8چونکە منیش خۆم
کەسێکم لەژێر فەرماندام، سەربازیشم لەژێر دەستدایە، بە یەکیان بڵێم: بڕۆ! دەڕوات؛ بەوی دیکەش بڵێم: وەرە! دێت؛ بە کۆیلەکەشم
دەڵێم: ئەمە بکە! دەیکات».9کاتێک یەشوا گوێی لەمە بوو، پێی سەرسام بوو، ئینجا ئاوڕی لە جەماوەرەکە دایەوە کە شوێنی کەوتبوون،
فەرمووی: «پێتان دەڵێم، لە یەسرائیلدا باوەڕێکی بەهێزی ئاوام نەدیوە!» 10ئەوانەی نێردرابوون گەڕانەوە ماڵەکە، بینییان کۆیلەکە چاک
بووەتەوە.11لە ڕۆژی دواتر، یەشوا بۆ شارێک چوو ناوی نایین بوو، قوتابییەکانی و جەماوەرێکی زۆری لەگەڵ چوون. 12کاتێک لە
دەروازەی شارەکە نزیک بووەوە، تەرمێکی بینی لە سەر شانی کۆمەڵێک خەڵک، ئەویش کوڕە تاقانەی بێوەژنێک بوو، جەماوەرێکی
زۆری شارەکەی لەگەڵ بوو. 13کاتێک پەروەردگار ژنەکەی بینی، دڵی پێی سووتا و پێی فەرموو: «مەگری!» 14ئینجا لێی چووە پێشەوە و
دەستی لە دارەمەیتەکە دا، ئەوانەی هەڵیانگرتبوو ڕاوەستان. فەرمووی: «ئەی کوڕی گەنج، پێت دەڵێم، هەستە!» 15مردووەکە دانیشت
و دەستی کرد بە قسەکردن، یەشوا سپاردیەوە دەست دایکی.16هەموو ترسیان لێ نیشت، ستایشی خودایان کرد و گوتیان: «لەناوماندا
پێغەمبەرێکی مەزن دەرکەوتووە، خوداش گەلەکەی خۆی بەسەرکردەوە!» 17ئەم هەواڵەی ئەو لە هەموو یەهودیا و هەموو ناوچەکانی
دەوروپشت بڵاو بووەوە.18 قوتابییەکانی یۆخەنان هەموو ئەمانەیان بە یۆخەنان ڕاگەیاند. ئەویش دووان لە قوتابییەکانی بانگ کرد،
19ناردنی بۆ لای پەروەردگار، بۆ ئەوەی لێی بپرسن: «ئایا تۆی ئەوەی کە دێت، یان چاوەڕێی یەکێکی دیکە بکەین؟» 20پیاوەکان هاتنە لای
پەروەردگار و گوتیان: «یۆخەنانی لەئاوهەڵکێش ئێمەی بۆ لات ناردووە، دەڵێت: «ئایا تۆی ئەوەی کە دێت، یان چاوەڕێی یەکێکی دیکە
بکەین؟»21لەو کاتەدا یەشوا زۆر کەسی لە نەخۆشی و دەرد و خێوەکان چاککردەوە، بینایی بە چاوی زۆر لە کوێرەکان بەخشی. 22ئینجا
یەشوا وەڵامی راسپێردراوانی داوە و پێی فەرموون: «بڕۆن چیتان بینیوە و بیستوتانە بە یۆخەنان ڕاییگەیەنن: کوێر دەبینێت، شەل
دەڕوات، گول پاک دەبێتەوە، کەڕ دەبیستێت، مردوو هەڵدەستێتەوە و هەژار مزگێنی پێدەدرێت. 23خۆزگە بەوەی گومانم لێ
ناکات!»24کاتێک نێردراوانی یۆخەنان ڕۆیشتن یەشوا ڕووی لە خەڵک کرد و سەبارەت بە یوخەنان فەرمووی: «بۆ بینینی چی چوونە
چۆڵەوانی؟ قامیشێک کە با دەیجوڵێنێتەوە؟ 25ئەی بۆ بینینی چی چوون؟ مرۆڤێک کە جلوبەرگی گرانبەهای پۆشیوە؟ نەخێر، ئەوانەی
جلوبەرگی گرانبەها دەپۆشن و خۆش ڕادەبوێرن لە کۆشکەکان دەژین. 26ئەی بۆ بینینی چی چوون؟ پێغەمبەرێک؟ بەڵێ، پێتان دەڵێم، لە
پێغەمبەریش مەزنترە!27یۆخەنان ئەو کەسەیە کە دەربارەی نووسراوە: من نێردراوی خۆم لەپێشتەوە دەنێرم بۆ ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە
بکات. 28من پێتان دەڵێم: لەنێوان ئەوانەی لە ژن لەدایک بوون، کەس لە یۆخەنان مەزنتر نییە، بەڵام بچووکترین لە شانشینی خودا لەو
پایە بەرزترە!»29هەموو ئەوانەی گوێیان لێبوو، تەنانەت باجگرانیش، دانیان نا بە دادپەروەری خودا، چونکە بە دەستی یۆخەنان لە ئاو
هەڵکێشرا بوون؛ 30بەڵام فەریسی و زانایانی تەورات؛ خواستی خودایان ڕەتکردەوە چونکە لەسەر دەستی ئەو لە ئاو هەڵنەکێشرابوون.
31کەواتە ئەم نەوەیە بەچی بەراورد بکەم؟ و لە چی دەچن؟ 32ئەوان وەک منداڵێک وان کە لە بازاڕدا دانیشتوون، بانگی یەکتر دەکەن
دەڵێن: زورنامان بۆتان لێدا و سەماتان نەکرد؛ شیوەنمان گێڕاو نەگریان!33یۆخانانی لە ئاوهەڵکێش هات نە دەیخوارد و نە دەیخواردەوە،
گوتتان: خێوی تێدا نیشتەجێیە. 34جا ڕۆڵەی مرۆڤ هاتووە دەخوات و دەخواتەوە، گوتتان: ئەم پیاوە نەوسن و شەرابخۆرە، هاوڕێی
باجگران و گوناهبارانە؛ 35بەڵام دانایی ڕاستەقینە بۆ هەموو منداڵەکانی ڕەوایە ».36یەکێک لە فەریسییەکان داوای لێکرد کە لەگەڵیدا نان
بخوات. ئینجا چووە ماڵی فەریسییەکە و لە سەر خوان دانیشت. 37ژنێک لە شارەکەداهەبوو کە گوناهبار بوو، کاتێک زانی یەشوا لە ماڵی
فەریسییەکان دانیشتووە، شووشەیەک بۆنی خۆشی هێنا، 38و لە بەردەمیا دانیشت و پێیەکانی بە فرمێسک شۆردەوە، و بە قژی
سڕییەوە، و بە گەرمی ماچی کرد، و بۆنە خۆشەکەی لێدا.39ئەو فەریسییەی کە بانگهێشتی کردبوو کاتێک ئەوەی بینی، لە دڵی خۆیدا
گوتی: «ئەم پیاوە ئەگەر پێغەمبەر بووایە، دەیزانی کێ و چ جۆرە ژنێک دەستی لێدەدات؛ چونکە گوناهبارە!» 40یەشوا وەڵامی دایەوە و
فەرمووی: «شیمۆن، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم.» وەڵامی دایەوە: «مامۆستا، بفەرموو!»41فەرمووی: «کەسێک هەبوو کە دوو قەرزداری
هەبوو: یەکێکیان پێنج سەد دیناری قەرز داربوو، وە ئەوی دیکەیان پەنجا دینار. 42کاتێک هیچیان نەیانبوو قەرزەکەی بدەنەوە، لە
هەردووکیان خۆش بوو. کەواتە پێم بڵێ کامیان زۆرترین خۆشەویستیان بۆی هەبە؟» 43شیمۆن وەڵامی دایەوە و گوتی: «پێموایە ئەوەی
کە زۆرترین قەرزی بەلاوە بوو. ئینجا پێی گوت: «تۆ بە درووستی بڕیارت دا!»44ئینجا ڕووی لە ژنەکە کرد، و بە شیمۆنی گوت: «ئەم
ژنە دەبینیت؟ من هاتمە ماڵەکەت تۆ ئاوت بۆ نەهێنام پێیەکانم بشۆم! بەڵام ئەو، پێیەکانمی بە فرمێسک شۆردەوە و بە قژی سڕییەوە.
45تۆ تەنانەت یەک جار ماچت نەکردم! بەڵام ئەم، لەو کاتەوەی هاتوومەتە ژوورەوە وازی لە ماچکردنی پێیەکانم نەهێناوە.46تۆ سەرمت
بە ڕۆن چەور نەکرد! بەڵام ئەم ژنە، بۆنی خۆشی لە پێیەکانم دا. 47هەر بۆیە پێتان دەڵێم: ئەگەرچی زۆر گوناهباریش بێت، هەمووی
بەخشران. بە هۆی ئەو خۆشەویستیە زۆرەی کە دەریبڕی. بەڵام ئەوەی کەم بەخشرا، کەمی خۆشەویستی دەربڕی!»48ئینجا پێی گوت:
«گوناهەکانت بەخشران!» 49ئەوانەی لەگەڵیدا دانیشتبوون لە دڵی خۆیاندا دەیانپرسی: «ئەمە کێیە لە گوناهەکانیش خۆش دەبێت؟» 50بە
ژنەکەی فەرموو: «باوەڕت ڕزگاری کردیت. بڕۆ لە ئاشتیدا بە!»

## Chapter 8

[1]پاشان بە هەموو شار و گوندێکدا دەگەڕا و وانەی دەگوتەوە و مزگێنی شانشینی خودای ڕادەگەیاند و دوازدە قووتابییەکەش لەگەڵیدا
بوون، [2]هەروەها هەندێک ژنیش کە لە گیانی پیس و نەخۆشی چاک ببوونەوە، لەوانە میریام ناسراو بە مەگدەلین کە حەوت خێوی لێ
دەرکرابوو، [3]یونا هاوسەری خۆزی راوێژکاری هیرۆد، و شۆشانا، و چەندین کەسی دیکە کە بە سامانەکانیان خزمەتیان دەکرد.[4]خەڵکێکی
زۆر لێی کۆببوونەوە کە لە هەموو شارێکەوە هاتبووونە لای، بە نموونەیەک قسەی لەگەڵ کردن: [5]«جووتیارێک بۆ چاندنی تۆوەکەی هاتە
دەرەوە. لەو تۆوانەی کە دەیچاند، هەندێکیان کەوتنە سەر ڕێگا، ئەوانە ژێر پێ کەوتن، و باڵندەکانی ئاسمان خواردیان. [6]هەندێکیان
کەوتنە سەر بەردەڵان، کاتێ سەریان هەڵدا وشک بوون چونکە شێدار نەبوو.[7]هەندێکیان کەوتنە ناوەڕاستی دڕکەکانەوە، دڕکەکانیش
لەگەڵیاندا گەشەیان کرد و خنکاندیانن. [8]هەندێکیتریش کەوتنە سەر زەوی باش. گەشەیان کرد، و سەد هێندە بەرهەمیان هێنا». کاتێک
ئەم قسانەی کرد بە دەنگی بەرز فەرمووی: «با ئەوەی گوێی هەیە بۆ بیستن، ببیستێت!»[9]قوتابییەکانی لێیان پرسی: «واتای ئەم
نموونە چیە؟» [10]فەرمووی: «پێتان دراوە نهێنییەکانی شانشینی خودا بزانن. بەڵام بە نموونە قسە بۆ خەڵک دەکەم تەنانەت ئەوانەی:
سەیر دەکەن بەڵام نابینن، و گوێ دەگرن بەڵام تێناگەن.[11]ئێستا واتای نموونەکە ئەمەیە: تۆوەکە وشەی خودایە. [12]ئەوانەی لە سەر
ڕێگاکەدان ئەوانەن کە (وشەکە) دەبیستن، پاشان شەیتان دێت و وشەکە لە دڵیان دەڕفێنێ، نەکا باوەڕ بهێنن و ڕزگاریان بێت.
[13]ئەوانەی لەسەر بەردەڵانەکەن ئەوانەن کە وشەکە دەبیستن و بە خۆشحاڵییەوە وشەکە وەردەگرن، بەڵام ڕەگیان دانەکووتاوە، بۆ
ماوەیەک باوەڕ دەهێنن، و لە کاتی تاقیکردنەوەدا پاشەکشە دەکەن.[14]ئەو تۆوانەی کە لەنێو دڕکەکاندا کەوتن بۆ ئەوانەیە کە دەبیستن
بەڵام کاتێک دەڕوێن خەمەکانی ژیان و دەوڵەمەندی و چێژەکان، دەیانخنکێنێ و بەرهەمی پێگەیشتوویان نابێ. [15]بەڵام تۆوی سەر زەوییە
باشەکە، بۆ ئەوانەیە کە وشەکە دەبیستن و بەدڵێکی باش و ڕاست دەیپارێزن، و بە خۆڕاگرییەوە بەروبوومێک بەرهەم دەهێنێت.[16]هیچ
کەسێک چرایەک داناگیرسێنێت و بە قاپێک دایپۆشێت، یان بیخاتە ژێر پێخەف، بەڵکو لەسەر چرادانێک دایدەنێ بۆ ئەوەی هەرکەسێک
بچێتە ژوورەوە ڕووناکییەکە ببینێت. [17]لەبەر ئەوەی هیچ شاراوەیەک نییە کە نەدۆزرێتەوە، و نهێنییەک نیە کە نەناسرێت و
رانەگەیەندرێت. [18]بە وردی گوێ بگرن، چونکە ئەوەی هەیەتی زیاتری پێدەدرێت؛ بەڵام ئەوەی نیەتی، چی بە هی خۆی دەزانێت، لێی
دەسێندرێتەوە!»[19]دایک و براکانی یەشوا هاتن بۆ لای، بەڵام لە بەر زۆری جەماوەرەکە نەیانتوانی لێی نزیک بکەونەوە. [20]پێیان گوت:
«دایک و براکانت لە دەرەوە ڕاوەستاون، دەیانەوێ بتبینن!» [21]وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «دایک و براکانم ئەوانەن کە گوێ لە وشەی
خودا دەگرن و بەکاری دەهێنن».[22]ڕۆژێکیان یەشوا بە قوتابییەکانی، فەرموو: «با بچینە ئەوبەری دەریاچەکە!» سواری بەلەمێک بوون و
بەڕێکەوتن. [23]کاتێک بە دەریادا ڕۆیشتن، نووست. زریانێکی کتوپڕی با لەسەر دەریاچەکەدا هەڵیکرد، و بەلەمەکە پڕ بوو لە ئاو، و کەوتنە
مەترسییەوە.[24]قوتابییەکانی یەشوا هاتنە سەری و بەخەبەریان هێنا و گوتیان: «گەورەم، گەورەم، خەریکە دەمرین!» ئەویش هەستا و لە
با و ئاوەکەی ڕاخوڕی، ئاو و بایەکە ڕاوەستان و دۆخەکە هێمن بۆوە. [25]پێی فەرموون: «باوەڕتان لەکوێیە؟» بەڵام ئەوان ترسا بوون و
سەرسام بوون، بە یەکتریان گوت: «ئەمە کێیە؟ تەنانەت فەرمان بە با و ئاو دەکات و گوێڕایەڵی دەبن؟»[26]پاشان گەیشتنە ناوچەی
گەراسین، کە کەوتۆتە بەرامبەر گەلیلی. [27]کاتێک یەشوا دابەزییە سەر وشکانی، پیاوێکی دی خەڵکی شارۆچکەکە بۆ ماوەیەکی زۆر خێو
دەستیان بە سەردا گرتبوو، جل و بەرگی لەبەردا نەبوو و ماڵێکی نەبوو تیای بژی بەڵکوو لە ناو گۆڕەکاندا دەمایەوە.[28]کاتێک یەشوای
بینی، هاواری کرد و لە بەر پێی چۆکی دادا، بە دەنگێکی بەرز گوتی : « چیت لە من دەوێت، یەشوای ڕۆڵەی خودای هەرەبەرز؟ لێت
دەپاڕێمەوە ئەشکەنجەم مەدە؟» [29]چونکە یەشوا فەرمانی دابوو گیانی پیس لە پیاوەکە بێتە دەرەوە. زۆر جار دەستی بەسەردا گرتبوو،
هەرچەندە کۆت و زنجیر کرابوو و لەژێر چاودێریدا بوو، زنجیرەکانی شکاندبوو و لەلایەن گیانی پیسەوە بۆ کەلاوەکان بردرابوو.[30]یەشوا
لێی پرسی: «ناوت چییە؟» وەڵامی دایەوە: «لێگیۆن!» چونکە سوپایەک لە خێوەکان چووبوونە ناوی، [31]ئینجا چەند جارێک تکایان لە
یەشوا کرد کە فەرمانیان پێ نەدات بچنە ناو بیری بێ بن.[32]ڕەوە بەرازێکی گەورە لەسەر لێواری چیاکە دەلەوەڕان، گیانە پیسەکان لە
یەشوا پاڕانەوە کە ڕێگەیان پێبدات بچنە ناو بەرازەکان، ئەویش ڕێگەی پێدان. [33]کاتێک خێوەکان لە مرۆڤەکە هاتنە دەرەوە، چوونە ناو
بەرازەکان، رەوە بەرازەکەیش لە لێواری شاخەکەوە خۆیان هەڵدایە ناو دەریاچەکەو خنکان.[34]کاتێک شوانەکان بینییان چی ڕوویداوە،
بەرەو شار و کێڵگەکان بە هەڵاتن هەواڵی رووداوەکەیان بڵاو کردەوە. [35]خەڵکەکە چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی ببینن چی ڕوویداوە، کاتێک
گەیشتنە لای یەشوا، ئەو پیاوەیان دی کەخێوەکان لێی چوونە دەرەوە، لەبەرپێی یەشوا دانیشتووە و جل و بەرگی لەبەردایە و ئەقڵی
تەندرووستە. بۆیە ترسان.[36]ئەوانەی بینییان بە خەڵکەکەیان ڕاگەیاند کەچی روویداوە، و چۆن پیاوەکە چاک بۆتەوە. [37]ئینجا هەموو
خەڵکی ناوچەی گەراسین داوایان لە یەشوا کرد وازیان لێ بهێنێت، چونکە ترسێکی زۆر دایگرتبوون. یەشوا سواری بەلەمەکە بوو و
گەڕایەوە. [38] بەڵام ئەو پیاوەی گیانی پیسی لێ دەرچووبوو، لێی پاڕایەوە کە لەگەڵی بڕوات. بەڵام یەشوا ڕەتیکردەوە و فەرمووی:
[39]«بگەڕێوە ماڵەوە، و پێیان بڵێ کە خودا چی بۆ کردوویت!» پیاوەکە ڕۆیشت و بە هەموو شارەکەی ڕاگەیاند کە یەشوا چی بۆ کردووە.
[40]کاتێک یەشوا گەڕایەوە، خەڵکێکی زۆر پێشوازییان لێکرد، چونکە هەموو چاوەڕێی گەڕانەوەیان دەکرد. [41]ئینجا پیاوێک بە ناوی یائیر، کە
پێشەوای کەنیشت بوو، هات و خۆی خستە بەر پێی یەشوا و لێی پاڕایەوە بێتە ماڵەکەی، [42]چونکە تاقە کچەکەی، کە دوازدە ساڵان بوو،
لە سەرەمەرگدا بوو. بە دەم ڕۆیشتنەوە، جەماوەر پاڵەپەستۆیان ئەخستە سەری.[43]ژنێک لەناو خەڵکەکەدا بوو کە بۆ ماوەی دوازدە ساڵ
خوێنی لەبەر دەڕۆیشت هەرچەندە هەموو ئەو شتانەی کە هەیبوو لە پێدانی پارەی پزیشکەکاندا لە دەستی دابوو، بەڵام لە سەر دەستی
هیچ کەس چاک نەببۆوە. [44]بۆیە لە دواوە چوو بەرەو یەشوا، و دەستی بە کەواکەیدا هێنا، و دەستبەجێ خوێنبەربوونەکەی وەستا.[45]یەشوا
فەرمووی:« کێ بوو دەستی لێدام؟» کاتێک هەموویان ڕەتیان کردەوە، پەترۆ گوتی: «گەورەم، بە قەرەباڵغی پاڵەپەستۆ دەخەنە سەرت
و تەنگت پێهەڵدەچنن، تۆش دەپرسیت کێ دەستی لێدام؟» [46]بەڵام یەشوا فەرمووی: «کەسێک دەستی لێدام، چونکە هەستم بە هێزێک
کرد لە منەوە چووە دەرەوە».[47]ژنەکە بینی کە ناتوانێت بابەتەکە بشارێتەوە، بە لەرزەوە هات، و کەوتە سەر پێیەکانی لە بەردەم هەموو
خەڵکەکەدا باسی ئەوەی کرد کە بۆچی دەستی لێداوە، و چۆن دەستبەجێ چاک بووەتەوە. [48]ئینجا پێی فەرموو: « کچم، باوەڕەکەت
تۆی چاککردەوە؛ بڕۆ لە ئاشتیدا بە!»[49]لە کاتێکدا یەشوا قسەی دەکرد، کەسێک لە ماڵی یائیری پێشەوای کەنیشتەوە، هات پێی گوت: «


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

کچەکەت مردووە. چیتر مامۆستا ماندوو مەکە!» [50]یەشوا گوێی لەمە بوو، بە یائیری فەرموو: « مەترسە، باوەڕت هەبێ، و چاک دەبێتەوە!»[51]کاتێک گەیشتە ماڵی یائیر، نەیهێشت کەس لەگەڵی بچێتە ژوورەوە، پەترۆ و یۆخەنا و یاکۆڤ و دایک و باوکی منداڵەکە نەبێت. [52]هەمووان دەگریان و شیوەنیان بۆ دەکرد. یەشوا فەرمووی: « مەگرین. ئەو نەمردووە، بەڵکو خەوتووە!» [53]بەڵام پێی پێکەنین، چونکە دەیانزانی مردووە.[54]بەڵام کاتێک هەموویانی دەرکرد، دەستی گرت، بانگی کرد فەرمووی: «ئەی کچ، هەستە!» [55]گیانەکەی بۆ گەڕایەوە، دەستبەجێ هەستایەوە. ئینجا یەشوا پێی فەرموون خواردنێکی پێبدەن. [56]دایک و باوکی سەرسام بوون؛ بەڵام پێی ڕاسپارن ئەوەی ڕوویداوە بە کەسی نەڵێن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 9

[1]پاشان یەشوا دوازدە قوتابییەکەی بانگکرد، هێز و دەسەڵاتی پێدان بۆ دەرکردنی هەموو خێوەکان و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان، [2]وە ناردنی بۆ ئەوەی مزگێنی پاشایەتی خودا ڕابگەیەنن و نەخۆشەکان چاک بکەنەوە.[3]پێی فەرموون: «هیچ شتێ بۆ ڕێگا هەڵمەگرن: نە گۆچان، نە پێخۆر، نە نان، نە پارە، کەسێک جلی زیادە هەڵنەگرێت. [4]چوونە هەر ماڵێک لەوێ نیشتەجێ بن تا لەوێ دەڕۆن.[5]ئەگەر خەڵک پێشوازییان لێتان نەکرد، لەوێ بڕۆن و تۆز و خۆڵ لە پێیەکانتان بتەکێنن وەک شایەتحاڵییەک لە دژی ئەوان». [6]پاشان بە گوندەکاندا دەڕۆیشتن و مزگێنییان دەدا و خەڵکیان چاک دەکردەوە.[7]هیرۆدی فەرمانڕەوای تێترارک سەبارەت بە هەموو ئەو شتانە ڕوویان دەدا بیستی. سەری سوڕما چونکە هەندێک دەیانگوت: «یۆخەنان لە ناو مردووان هەستاوەتەوە!» [8]هەندێکی تریش دەیانگوت: «ئیلیا دەرکەوتووە!» هەندێکی تریش دەیانگوت: «یەکێک لە پێغەمبەرانی کۆنە هەستاوەتەوە!» [9]بەڵام هیرۆد گوتی: «من سەری یۆخەنانم بڕی، کەواتە ئەمە کێیە کە من شتی لەو جۆرەی لەبارەیەوە دەبیستم؟» تامەزرۆی بینینی بوو.[10]کاتێک نێردراوان گەڕانەوە، یەشوایان لە هەموو ئەو شتانەی ئەنجامیان دابوو ئاگادار کردەوە، پاشان لەگەڵ خۆی بردنی و بەتەنیا ڕۆیشتن بۆ شارۆچکەیەک بە ناوی بێت سەیدا. [11]بەڵام خەڵکەکە پێیان زانی و لەگەڵی هاوڕێی ڕێگای بوون، ئەویش پێشوازی لێکردن و باسی شانشینی خودای بۆ کردن، ئەوانەی پێویستیان بە چاکبوونەوە بوو چاکی کردنەوە.[12]لە کۆتایی ڕۆژدا دوازدە کەسەکە هاتنە لای و پێیان گوت: «جەماوەرەکە بنێرە تا بچنە گوندەکان، و کێڵگەکانی دەوروبەر، و با لەوێ بمێننەوە و خواردنیش بدۆزنەوە، چونکە ئێمە لێرە لە شوێنێکی دووردایین!» [13]پێی فەرموون: «شتێکیان پێ بدەن با بیخۆن!» وەڵامیان دایەوە: «تەنها پێنج نان و دوو ماسیمان هەیە مەگەر ئەوەی بچین خواردن بۆ ئەم هەموو خەڵکە بکڕین». [14]نزیکەی پێنج هەزار کەس لەوێ دانیشتبوون. پاشان بە قوتابییەکانی فەرموو: «بە کۆمەڵ دایانیشێنن با هەر کامە لە پەنجا کەس پێک هاتبێت».[15]قوتابییەکان ئەنجامیان دا، و هەمووان دانیشتن. [16]پێنج نان و دوو ماسییەکەی هەڵگرت، چاوی هەڵبری بەرەو ئاسمان، بەرەکەتی خستنە سەر و لەتی کردن و دای بە قوتابییەکان تا بەسەر خەڵکەکەدا دابەشی بکەن. [17]هەموویان خواردیان و تێر بوون. قوتابییەکانیش دوانزە سەبەتەیان لەو بەشانەی کە مابۆوە پڕکرد.[18]جارێکیان کە یەشوا بە تاکەکەسی نزای دەکرد و قوتابییەکانی لەگەڵیدا بوون، لێی پرسین: «جەماوەرەکە دەڵێن من کێم؟» [19]وەڵامیان دایەوە: «هەندێک دەڵێن یۆخەنانی لە ئاوهەڵکێشی، هەندێکی تر دەڵێن ئیلیایت، و هەندێکی تریش پێیان وایە یەکێک لە پێغەمبەرانی سەردەمی کۆنی کە هەستاویتەوە.»[20]لێی پرسین: «بەڵام ئەی ئێوە، ئێوە دەڵێن من کێم؟» پەترۆ وەڵامی دایەوە: «تۆ مەسیحی خودای!». [21]بەڵام ئاگاداری کردن کە ئەوە بە کەس نەڵێن. [22]فەرمووی: «ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت ئازاری زۆر بچێژێت و لەلایەن پیرەکان و سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی تەورات ڕەت بکرێتەوە، و بکوژرێت، و لە ڕۆژی سێهەمدا هەڵدەستێتەوە».[23]پاشان بە هەموویانی گوت: «هەرکەسێک بیەوێت بە دوای مندا بێت، دەبێت نکۆڵی لە خۆی بکات و ڕۆژانە خاچەکەی هەڵبگرێت و شوێنم بکەوێت. [24]چونکە هەرکەسێک بیەوێت ژیانی خۆی ڕزگار بکات، لەدەستی دەدات؛ بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی لەپێناو مندا لەدەست بدات، ڕزگاری دەبێت. [25]مرۆڤ چ قازانجێک دەکات ئەگەر هەموو دونیا بەدەست بهێنێ و خۆی لەدەست بدات یان خۆی لەناو ببات؟[26]هەرکەسێک شەرم لە من و وشەکەم بکات، کاتێک ڕۆڵەی مرۆڤ بە شکۆی خۆی و بە شکۆی باوک و فریشتە پیرۆزەکانەوە دێت شەرمیان لێدەکات. [27]بەڵام بەڕاستی پێتان دەڵێم، لە نێو ئەوانەی لێرە وەستاون هەندێک هەن تا شانشینی خودا نەبینن مردن ناچێژن».[28]نزیکەی هەشت ڕۆژ دوای ئەوەی یەشوا ئەمەی فەرموو، پەترۆ و یۆخەنا و یاکۆڤی لەگەڵ خۆی برد و بۆ نزاکردن چووە سەر شاخێک. [29]کاتێک نزای دەکرد، ڕوخساری گۆڕا و جلەکانی وەک بروسکەی رووناکی دەدروشایەوە.[30]دوو پیاو لەگەڵی دەدوان، کە موشە و ئیلیا بوون، [31]بە شکۆمەندییەوە دەرکەوتن و باسی ڕۆشتنی ئەویان کرد کە بڕیار بوو لە یورشەلایم تەواو بێت.[32]خەو پەترۆ و هاوەڵەکانی داگرتبوو، بەڵام کاتێک بە تەواوی بە ئاگا هاتنەوە، شکۆمەندی ئەو دوو پیاوەیان بینی کە لەگەڵیدا وەستابوون. [33]کاتێک بەجێیانهێشتن، پەترۆ بە یەشوای گوت: مامۆستا، باشترە لێرە بمێنینەوە! با سێ چادر هەڵدەین: یەکێکیان بۆ تۆ، یەکێکیان بۆ موشە، و یەکێکیان بۆ ئیلیا» و ئەو نەیدەزانی چی دەڵێت.[34]لە هەمان کاتدا کە قسەی دەکرد، هەورێک دەرکەوت و دایپۆشین، کاتێک چوونە ناو هەورەکە ترسیان لێ نیشت، [35]دەنگێک لە هەورەکەوە هات و گوتی: «ئەمەیە کوڕەکەم، کە هەڵمبژاردووە. گوێی لێ بگرن!» [36]کاتێک دەنگەکە نەما، یەشوایان بە تەنیایی دۆزیەوە. ئەمەیان لای خۆیان هێشتەوە و لەو ڕۆژانەدا ئەوەی دیتیان بە کەسیان نەدەگوت.[37]ڕۆژی دواتر، یەشوا لەگەڵ سێ قوتابییەکەی لە شاخەکە هاتنە خوارەوە، [38]خەڵکێکی زۆر چاویان پێی کەوت. پیاوێک لەناو جەماوەرەکەوە بانگی کرد و گوتی: «مامۆستا، تکایە لێت دەپاڕێمەوە یارمەتی کوڕەکەم بدەیت، ئەو تاکە منداڵی منە. [39]هەندێک جار گیانێک دەستی بەسەردا دەگرێت، و کتوپڕ هاوار دەکات، تووشی فێی دەکات و کەف لە دەمی دێتە دەر، بە ئاستەم وازی لێدەهێنێت پاش ئەوەی بریندار دەکات . [40]داوام لە قوتابییەکانت کرد کە گیانی خراپی لێ دەربکەن. بەڵام نەیانتوانی ».[41]یەشوا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «ئێوە ئەی نەوەی بێ باوەڕی لاڕێ! تاکەی لەگەڵتان بمێنمەوە و بەرگەتان بگرم؟» ( بە پیاوەکەی فەرموو): «کوڕەکەت بهێنە بۆ ئێرە!» [42]لە کاتێکدا کوڕەکە دەهات، شەیتانەکە بە زەویدا دا و بە توندی لێیدا. یەشوا لە گیانە پیسەکەی ڕاخوڕی، و منداڵەکەی چاک کردەوە و ڕادەستی باوکی کرد.[43]هەمووان سەرسام بوون بە گەورەیی خودا. یەشوا بۆ جاری دووهەم پێشبینی مردنی خۆی کردەوە و هەمووان سەرسام بوون بە هەموو ئەو کارانەی یەشوا کردبووی، بە قووتابییەکانی فەرموو: [44]«با ئەم وشانە بچێتە گوێتانەوە: ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەستی خەڵک دەکرێت!» [45]بەڵام ئەوان لەم وتەیە تێنەگەیشتن، و لێیان شاردرابۆوە بۆیە لێی تێنەگەیشتن، و ترسان لێی بپرسن.[46]ناکۆکییەک لە نێوانیاندا دروست بوو کە کێ لە هەموویان مەزنترە. [47]کاتێک یەشوا بە مەبەستی دڵیانی زانی، کوڕێکی بچووکی برد و لە تەنیشتی خۆی داینا، [48]و پێی فەرموون: «هەرکەسێک ئەم کوڕە بچووکە بە ناوی منەوە وەرگرتووە، منی وەرگرتووە؛ هەرکەسێک من وەربگرێت، ئەو کەسە وەردەگرێت کە منی ناردووە. چونکە ئەوەی لە هەمووتان بچووکترە، مەزنترینە».[49]یۆخەنا گوتی: «گەورەم، بینیمان کەسێک بە ناوی تۆ خێوەکانی دەرکرد، بەرمان پێ گرت چونکە لەگەڵ ئێمە شوێن تۆ نەکەوتووە». [50]یەشوا پێی فەرموون: «بەری پێ مەگرن، چونکە ئەوەی دژی ئێوە نییە، لەگەڵ ئێوەیە!»[51]کاتێک ڕۆژەکانی بەرزکردنەوەی نزیک بۆوە، بڕیاریدا بچێتە یورشەلایم. [52]بۆیە هەندێک نێردراوی پێش خۆی نارد و چوونە ناو گوندێکی سامرییەکان، بۆ ئەوەی ماڵێکی بۆ ئامادە بکەن. [53]بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون پێشوازی لێ بکەن چونکە لە ڕێگای یورشەلایم دا بوو.



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

[54] یاکۆڤ و یۆحەنا کە ئەمەیان بینی، گوتیان: «پەروەردگار، دەتەوێت فەرمان بکەین کە ئاگر لە ئاسمانەوە دابەزێت و لەناویان ببات؟»
[55] ڕووی تێکردن و بە توندی سەرزەنشتی کردن و فەرمووی: «ئێوە نازانن لە چ جۆرە گیانێکن، [56] چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ نەهاتووە
مرۆڤەکان لەناو ببات، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنیان هاتووە.» پاشان بەرەو گوندێکی تر ڕۆیشتن. [57] کاتێک بەڕێوە بوون، یەکێک پێی گوت:
«گەورەم، بۆ هەرکوێ بچیت شوێنت دەکەوم!» [58] یەشوا فەرمووی: «ڕێوییەکان کونیان هەیە، باڵندەکانی ئاسمان هێلانەیان هەیە، بەڵام
ڕۆڵەی مرۆڤ هیچ شوێنێکی نییە سەری حەسانەوەی لە سەر دانێ». [59] بە کەسێکی دیکەی فەرموو:«شوێنم بکەوە!» بەڵام ئەمەیان
گوتی: «گەورەم، ڕێگەم بدە سەرەتا بچم باوکم بنێژم!» [60] یەشوا پێی فەرموو: «لێگەڕی با مردووەکان مردووەکانیان بنێژن، بەڵام تۆ
بڕۆ مزگێنی شانشینی خودا ڕابگەیەنە». [61] یەکێکی دیکە پێی گوت: «گەورەم، شوێنت دەکەوم، بەڵام یەکەم جار ڕێگەم بدە ماڵئاوایی لە
خێزانەکەم بکەم!» [62] یەشواش پێی فەرموو: «کەسێک دەستی لەسەر گاسنەکە بێ و ئاوڕ لە دواوە باتەوە، شایستەی شانشینی خودا
نیە».


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 10

[1]پاشان پەروەردگار حەفتا و دوو کەسی دیکەی دەست نیشان کرد و دوو دوو، پێش خۆی بۆ هەر شار و شوێنێک کە بڕیار بوو بۆی بچێت
ناردنی. [2]هە روە ها پێی فەرموون: «دروێنە زۆرە، بەڵام کرێکارەکان کەمن، بۆیە لە پەروەردگاری دروێنە بپاڕێنەوە کە کرێکار بنێرێت بۆ
دروێنەکەی.[3]کەواتە بڕۆن! ئەوەتا من وەک بەرخ دەتاننێرمە نێو گورگەکان. [4]نە جانتای پارە هەڵبگرن و نە توورەکەی پێخۆر و نە پێڵاو؛ و
لە سەر ڕێگادا سڵاو لە کەس مەکەن.[5]کە چوونە هەر ماڵێک، سەرەتا بڵێن: ئاشتی لە سەر ئەم ماڵە بێت! [6]ئەگەر ئاشتیخواز لە ماڵەکەدا
هەبێت، ئاشتی ئێوەیان لەسەر دەبێت. ئەگینا، ئاشتیتان دەگەڕێتەوە بۆ خۆتان. [7]لەو ماڵەدا بمێننەوە و لەو شتانە هەیانە بخۆن و
بخۆنەوە: چونکە کرێکار شایەنی کرێی خۆیەتی. ماڵەو ماڵ مەکەن.[8]چوونە ناو هەر شارێکەوە و دانیشتووانەکەی وەریانگرتن، لەوە
بخۆن کە پێشکەشتان دەکرێت، و [9]ئەو نەخۆشانە چاک بکەنەوە کە تێیدان و پێیان بڵێن: شانشینی خودا لێتان نزیک بۆتەوە![10]چوونە هەر
شارێکەوە و خەڵکەکەی وەریاننەگرتن، بچنە سەر شەقامەکانی، و بڵێن: [11]تەنانەت تۆزوخۆڵی شارەکەتان لە پێمان دادەتەکێنین، بەڵام
ئەمە بزانن: شانشینی خودا نزیکە! [12]پێتان دەڵێم: لەو ڕۆژەدا سۆدۆم زیاتر لە چاو ئەو شارە بەرگە دەگرێت.[13]هاوار لە تۆ خۆرازین!
هاوار لە تۆ بێتسەیدا! ئەگەر ئەو پەرجووانەی لە ناو ئێوەدا کرا لە سور و سیدۆن بکرایە، گەلەکەیان هەر لە کۆنەوە پاشگەز دەبوونەوە
و تەلیسیان لەبەر دەکرد و لەناو خۆڵەمێشدا دادەنیشتن. [14] بەڵام لە ڕۆژی بڕیارداندا سور و سیدۆن زیاتر بەرگە دەگیرێت لە ئێوە.
[15]تۆش ئەی کەفەرناخوم، ئایا بەرزکرایتەوە بۆ ئاسمان؟ تۆ بەرەو جیهانی مردووان شۆڕ دەبیت بۆ خوارەوە![16]ئەوەی گوێتان لێ بگرێت
گوێ لە من دەگرێت، ئەوەی ئێوە ڕەتدەکاتەوە من ڕەتدەکاتەوە؛ وە هەرکەسێک ڕەتم بکاتەوە ئەو کەسە ڕەتدەکاتەوە کە منی
ناردووە!»[17]ئینجا حەفتا و دوو کەسەکە بە دڵخۆشییەوە گەڕانەوە، و گوتیان: «پەروەردگار، تەنانەت خێوەکانیش بە ناوی تۆوە ملکەچی
ئێمەن!» [18]پێی فەرموون: «شەیتانم بینی وەک برووسکە لە ئاسمانەوە دەکەوتە خوارەوە. [19]ئەوەتا دەسەڵاتم پێداون بە سەر مار و
دووپشکەکان و هەموو هێزی دوژمن زاڵ بن، و هیچ شتێک زیانتان پێناگەیەنێت. [20]بەڵام بەوە دڵخۆش مەبن کە گیانەکان ملکەچی ئێوەن،
بەڵکو بەوە دڵخۆش بن کە ناوەکانتان لە ئاسمانەکاندا نووسراوە».[21]لەو کاتەدا یەشوا بە گیان شادمان بوو و گوتی: «باوکە،
پەروەردگاری ئاسمان و زەوی، سوپاست دەکەم، چونکە ئەم شتانەت لە دانایان و تێگەیشتووان شاردۆتەوەو بۆ منداڵانت ئاشکرا
کردووە. بەڵێ باوکە، چونکە ئاوا لە بەر چاوی تۆ زۆر باش بوو![22]هەموو شتەکان لەلایەن باوکمەوە ڕادەستی من کراون و کەس نازانێت
ڕۆڵە کێیە جگە لە باوک، کەس باوک ناناسێت جگە لە ڕۆڵەکە، ئەوانەی کە دەیەوێت بۆیانی ئاشکرا بکات! »[23]پاشان ڕووی لە
قوتابییەکانی کرد و پێی گوتن: «خۆزگە بەو چاوانەی ئەوە دەبینن کە ئێوە دەیبینن! [24]چونکە پێتان دەڵێم زۆرێک لە پێغەمبەران و پاشاکان
ئارەزووی بینینی ئەوەیان دەکرد کە ئێوە دەیبینن بەڵام نەیانبینی، وە ئەوە ببیستن کە ئێوە دەبیستن بەڵام نەیانبیست».[25]وە یەکێک لە
زانایانی تەورات ڕووبەڕووی بۆوە لەبەر ئەوەی تاقی بکاتەوە، وتی: «مامۆستا، چی بکەم بۆ ئەوەی ژیانی هەتاهەتایی بە میرات
بگرم؟» [26]پێی فەرموو: «لە تەوراتدا چی نووسراوە؟ چۆن دەیخوێنیتەوە؟» [27]وەڵامی دایەوە: «پەروەردگارت بە هەموو دڵ و بە هەموو
گیان و بە هەموو هێز و بە هەموو بیرت خۆش بوێت و دراوسێکەت وەک خۆت خۆش بوێت.» [28]پێی فەرموو: «وەڵامەکەت ڕاستە.
ئەگەر ئەمە بکەیت، دەژیت!»[29]بەڵام ویستی پاساو بۆ خۆی بهێنێتەوە، لە یەشوای پرسی: «دراوسێکەم کێیە؟» [30]یەشوا وەڵامی دایەوە
و فەرمووی: «پیاوێک لە یورشەلایمەوە چوو بۆ یەریخۆ، کەوتە دەستی دزەکان، جل و بەرگ و پارەکەیان برد برینداریان کرد، پاشان بە
نیوە مردوویی بە جێیان هێشت.[31] کاهینێک بەو ڕێگایەدا دەڕۆیشت و کاتێک بینی، خۆی لێ لادا و گوێی پێنەدا بەڕێگایەکی تردا تێپەڕی.
[32]هەروەها یەکێک لە لێڤیەکان بەلایدا تێپەڕی، کاتێک گەیشتە ئەو شوێنە، سەیری کرد و گوێی پێنەدا.[33]بەڵام ڕێبوارێکی سامری هاتە لای،
بەزەیی پێیدا هاتەوە، [34]چوو بۆ لای برینەکانی پێچایەوە پاش ئەوەی ڕۆن و شەرابی لە برینەکانی دا. سواری ئەسپەکەی کرد و بردی بۆ
میوانخانەیەک و ئاگاداری کرد. [35]لە ڕۆژی دواتردا کاتێ میوانخانەکەی بە جێهێشت، دوو دیناری دەرهێنا و دای بە خاوەن میوانخانەکە و
گوتی: چاودێری بکە! بە زیادەوە بۆی خەرج بکە، کاتێک گەڕامەوە پارەکەت دەدەمەوە.[36]کەواتە کام لەم سێ کەسە پێت وایە لەو کەسە
نزیکترە کە کەوتووەتە دەستی جەردەکان؟» [37]لە وەڵامدا گوتی: «ئەو کەسە کە بە بەزەییەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵدا کردووە!» یەشوا
پێی فەرموو: «بڕۆ، و بە هەمان شێوە بکە!»[38] لە ڕێگادا بوون، چووە ناو گوندێک، و ژنێک بە ناوی مارتا پێشوازی لێکرد بۆ ماڵەکەی.
[39]خوشکێکی هەبوو بە ناوی میریام، لە بەردەم یەشوا دانیشتبوو و گوێی لە وتەکانی گرتبوو.[40]بەڵام مارتا سەرقاڵی کاروبارەکانی
خزمەتکردنیان بوو. هاتە پێش و گوتی: پەروەردگار، گرنگی نادەی بەوە کە خوشکەکەم جێی هێشتووم و ئەبێ بە تەنیا خزمەت بکەم؟
پێی بڵێ یارمەتیم بدات!» [41] بەڵام یەشوا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «مارتا، مارتا! تۆ نیگەرانی و دڵەڕاوکێیت بۆ زۆر شت هەیە.
[42]بەڵام پێویستیت تەنها بە یەکێکە، و میریام بەشە چاکەکەی هەڵبژاردووە کە لێی وەرناگیرێتەوە!»

## Chapter 11

[1]لە یەکێک لە شوێنەکان نزای دەکرد، کاتێک تەواو بوو، یەکێک لە قوتابییەکانی پێی گوت: «پەروەردگار، فێرمان بکە نزا بکەین وەک
چۆن یۆحەنان فێری قوتابییەکانی خۆی کرد».[2]فەرمووی: «کاتێک نزا دەکەن، بڵێن: باوکمان کە لە ئاسمانەکانیت! پیرۆز بێت ناوت،
شانشینکەت با بێت. با ویستی تۆ وەک لە ئاسمانەکانە هەروەها لەسەر زەویش جێبەجێ بکرێت.[3]بژێوی پێویستی هەموو ڕۆژێکمان پێ
بدە؛ [4]لە گوناهەکانمان خۆشبە، وەک چۆن ئێمەش لەوانە خۆش دەبین کە تاوانمان بەرانبەر دەکەن؛ مەمانخەرە ناو تاقیکردنەوە بەڵکو
لە خراپەکار ڕزگارمان بکە!»[5]پاشان پێی فەرموون: «کێ لە ئێوە هاوڕێیەکی هەیە، لە نیوەی شەودا دەچێتە لای و پێی دەڵێت: هاوڕێ،
سێ نانم بە قەرز پێبدە، [6]هاوڕێیەکم لە سەفەرەوە هاتۆتە لام، هیچم نییە بۆ ئەوەی لە پێشی دانێم! [7]بەڵام هاوڕێکەی لە ژوورەوە
وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: بێزارم مەکە! دەرگاکەم داخستووە، ئێستا من و منداڵەکانم لە ناو جێداین. ناتوانم هەستم و نانت پێبدەم!
[8]پێتان دەڵێم دەبێت هەستێتەوە و چەندی پێویستە پێی بدات، چونکە پێداگری لەسەر داواکەی کرد.[9]پێتان دەڵێم: داوا بکەن، پێتان
دەدرێت. بگەڕێن، دەدۆزنەوە؛ لەدەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە: چونکە هەرکەسێک داوا دەکات وەردەگرێت، [10]ئەوەی دەگەڕێت
دەدۆزێتەوە و ئەوەی لە دەرگا دەدات، لێی دەکرێتەوە.[11]چ باوکێک لە ئێوە ئەگەر کوڕەکەی داوای نانی لێ بکات بەردێکی پێدەدات؟ یان
ئەگەر داوای ماسی بکات لەبری ماسی مارێکی پێدەدات؟ [12]یان ئەگەر داوای هێلکە بکات، دووپشکێکی پێ دەدات؟ [13]جا ئەگەر ئێوەی
خراپەکار بزانن چۆن شتێکی باش بدەن بە منداڵەکانتان، چەندە زیاتر باوک، کە لە ئاسمانە گیانی پیرۆز دەدات بەو کەسانەی داوای
دەکەن؟»[14]خێوێک بوو کە ( پیاوێکی) لاڵ کردبوو. کاتێک خێوەکە دەرکرا، لاڵەکە قسەی کرد. بۆیە خەڵکەکە سەریان سوڕما. [15]بەڵام
هەندێکیان گوتیان: «دیارە لەلایەن بەعلزەبووبی فەرمانڕەوای خێوەکانەوە خێوەکان دەردەکات».[16]هەندێکی تریش، بۆ تاقیکردنەوەی،
داوای پەرجوویان لە ئاسمانەوە کرد. [17]بەڵام زانی بیر لە چی دەکەنەوە و پێی فەرموون: «هەر شانشینییەک کە لە دژی خۆی دابەش
بوو، وێران دەبێت، و هەرماڵێک (دابەش بکرێت) دەڕوخێت.[18]ئەگەر شەیتان بەم شێوەیە لە دژی خۆی دابەش بوو، چۆن
شانشینییەکەی ڕاگیردەبێت؟ پێم دەڵێن من بە بەعلزەبوب خێوەکانم دەرکرد. [19]بەڵام ئەگەر من بە بەعلزەبوب خێوەکان دەربکەم،
ڕۆڵەکانتان بە کێ دەریان دەکەن؟ بۆیە تاوانبارتان دەکەن. [20]بەڵام ئەگەر بە پەنجەی خودا خێوەکان دەربکەم، کەواتە شانشینی خودا
دێتە سەرتان.[21]کاتێک پیاوێکی بەهێز بە هەموو چەکەکانیەوە پارێزگاری ماڵەکەی دەکات، کەلوپەلەکانی پارێزراون. [22]بەڵام کاتێک
کەسێکی بەهێزتر لە خۆی داگیری دەکات و زاڵ دەبێت بەسەریدا، هەموو چەکەکانی لێ دەستێنێتەوە کە پشتی پێ بەستووە،
دەسکەوتەکانیش دابەش دەکرێن. [23]ئەوەی لەگەڵم نییە، دژی منە؛ وە ئەوەی لەگەڵمدا کۆناکاتەوە، پەرتەوازەی دەکات.[24]پاش ئەوەی
گیانێکی پیس لە مرۆڤێک دوور دەخرێتەوە، لە چۆڵەوانییەکاندا دەسووڕێتەوە و بەدوای شوێنێک بۆ پشوودان دەگەڕێت، کاتێک هیچی
نەدۆزیەوە، دەڵێت: دەگەڕێمەوە بۆ لای ماڵی پێشووم کە جێم هێشتووە! [25]کاتێک دێت، دەبینێت کە خاوێن کراوەتەوە. [26]دەچێت حەوت
گیانی تر لەخۆی بەهێزتر دەهێنێت، دەچنە ناو مرۆڤەکەو و تێیدا نیشتەجێ دەبن، کەواتە دۆخی دواتری ئەو مرۆڤە لە جاری یەکەم
خراپترە!»[27]کاتێک ئەم وشانەی دەفەرموو، ژنێک لە نێو خەڵکەکەدا بە دەنگی بەرز گوتی: «خۆزگە بەو دایکەی تۆی لێ بوویت، و شیری
پێت دا!» [28]فەرمووی: «خۆزگە بە ئەوانەی گوێیان لە وشەی خودا دەبێت و جێبەجێی دەکەن.»[29]کاتێک جەماوەرەکە لە دەوری
قەرەباڵغیان کرد، فەرمووی: « ئەم نەوەیە نەوەیەکی خراپەکارە، داوای پەرجوو دەکات، هیچ پەرجوویەکی پێنادرێت، جگە پەرجووەکەی
یونان نەبێت. [30]هەر وەک چۆن یونان نیشانەیەک بوو بۆ خەڵکی نەینەوا، ڕۆڵەی مرۆڤیش بۆ ئەم نەوەیە دەبێت.[31]شاژنی باشوور لە
ڕۆژی داوەری لەگەڵ ئەم نەوەیەدا هەڵدەستێتەوە و داوەریان لەسەر دەکات چونکە لەوپەڕی زەویەوە هات بۆ گوێگرتن لە دانایی
شلۆمۆ. ئەوەتا کەسێک لە شلۆمۆ مەزنتر لێرەدایە![32]خەڵکی نەینەوا لەگەڵ ئەم نەوەیەدا لە ڕۆژی دادوەری هەڵدەستنەوە و داوەرییان
لە سەر دەکەن، چونکە ئەوان کاتێک یۆنان بانگەوازی دەکرد بۆ پاشگەز بوونەوە. ئەوەتا کەسێک مەزنتر لە یۆنان لێرەیە.[33]کەس چرایەک
داناگیرسێنێت بۆ ئەوەی لە شوێنێکی شاراوە و لە ژێر سەبەتەدا دایبنێت، بەڵکو لەسەر چرادان هەڵیدەگرێت، بۆ ئەوەی ئەوانەی دێنە
ژوورەوە ڕووناکییەکە ببینن. [34]چاوەکانت چرای جەستەن: ئەگەر چاوەکانت تەندروست بن، هەموو جەستەت لە ڕووناکیدا دەبێت؛ بەڵام
ئەگەر چاوت خراپەکار بێت، جەستەت تاریک دەبێت. [35]کەواتە ئاگاداربە، ئەو ڕووناکییەی کە لەناو تۆ دایە تاریک نەبێت. [36]چونکە؛ ئەگەر
هەموو جەستەت ڕووناک بۆوە و لایەنی تاریکی تێدا نەبوو، ئەوا بە تەواوی ڕووناک دەبێتەوە، وەک چۆن چرایەک بە درەوشاوەیی بۆت
تیشک دەداتەوە!» [37] کاتێک هێشتا قسەی دەکرد، فەریسییەک داوای لێکرد کە لەگەڵیدا نان بخوات. چووە ناو (ماڵەکەی) و پاڵی داوە.
[38]بەڵام فەریسییەکە سەری سوڕما کاتێک بینی پێش نانخواردنی ئێوارە خۆی نەشۆردووە.[39]پەروەردگاریش پێی فەرموو: «ئێوەی
فەریسی دەرەوەی جام و قاپەکە خاوێن دەکەنەوە، بەڵام ناوەوەتان پڕن لە تاڵان کردن و خراپەکاری. [40]گێلینە، ئایا ئەو کەسەی
دەرەوەی خولقاندووە هەر ئەوە نیە ناوەوەی بەدیهێناوە؟ [41]باشتر وایە ئەوەی هەتە ببەخشت بە هەژاران، ئەوکات هەموو شتێک بۆ تۆ
خاوێن دەبێتەوە.[42]بەڵام هاوار بۆ ئێوەی فەریسی، چونکە دەیەکی نەعنا و پونگە و رووەکی تر دەبەخشن وسەرپێچی لە ڕاستی و
درووستی و خۆشەویستی خودا دەکەن: پێویستە ئەمانە بکەن و ئەوانەی تر پشتگوێ نەخەن![43]هاوار لە ئێوەی فەریسی، چونکە زۆرتان
پێخۆشە لە کەنیشتەکاندا لە ڕیزی پێشەوە دانیشن و لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا سڵاوتان لێ بکرێت! [44]هاوار بۆ ئێوە، چونکە ئێوە لە
گۆڕی شاراوە دەچن، خەڵک بەبێ ئەوەی بزانن بەسەریاندا دەڕۆن!»[45]یەکێک لە زانایانی تەورات گوتی: «مامۆستا، بەم قسەیەت
بێڕێزی بە ئێمەش دەکەیت». [46]فەرمووی: «هاوار بە ئێوەش، زانایانی تەورات، چونکە ئێوە باری گران دەخەنە سەر شانی خەڵک، و
خۆتان تەنانەت پەنجەیەکیشی بۆ نابەن.[47] هاوار بە ئێوە، چونکە ئێوە گۆڕ بۆ ئەو پێغەمبەرانە هەڵدەبەستن و باوباپیرانتان کوشتوویانن.
[48]کەواتە شایەتی بۆ کارەکانی باوباپیرانتان دەدەن: ئەوان پێغەمبەرەکانیان کوشت، ئێوەش گۆڕەکانیان بۆ هەڵدەبەستن.[49]لەبەر ئەم
هۆکارەش دانایی خودا فەرموویەتی: پێغەمبەر و نێردراوانیان بۆ دەنێرم، ئەوانیش دەیانکوژن و دەیانچەوسێننەوە، [50]تەنانەت خوێنی
هەموو پێغەمبەرەکان کە لە سەرەتای دروستبوونی جیهانەوە ڕژاوە، لەم نەوەیە داوای دەکرێت، [51]لە خوێنی هابیل هەتا خوێنی زەخەریا
کە لە نێوان قوربانگا و شوێنی پیرۆزدا کوژرا! پێتان دەڵێم: بەڵێ، ئەو خوێنە لەم نەوەیە داوا دەکرێتەوە.[52]هاوار بە ئێوە ئەی زانایانی
تەورات، چونکە کلیلی زاناییتان ڕفاندووە، بۆیە نە خۆتان دەچنە ژوورەوە و نە ڕێگەتان بەوانەیش دا کە دەچوونە ژوورەوە!»[53]کاتێک


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

یەشوا ئەوێی بەجێهێشت، مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان تەنگیان پێ هەڵچنی و هەوڵیان دا لە زۆر بابەتدا هەڵیسەنگێنن، [54]چاوەڕێ بوون بە وشەکانی خۆی تووشی بکەن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 12

[1]لەم نێوەندەدا، کاتێک دەیان هەزار کەس کۆبوونەوە وپێیان لە یەک دەنا، سەرەتا بە قووتابییەکانی فەرموو: «خۆتان بپارێزن لە
هەویرترشی فەریسییەکان چونکە دووڕووییە![2]شاراوەیەک نییە ئاشکرا نەبێت، و نهێنییەک نییە کە دەرنەکەوێت. [3]بۆیە هەرچییەک لە
تاریکیدا دەیڵێی لە ڕووناکیدا دەبیسترێت، و ئەوەی لە ژوورەکاندا بە چرپە دەیڵێن لەسەر بانی ماڵەکان ڕادەگەیەندرێت.[4]پێتان دەڵێم
خۆشەویستانم: لەو کەسانە مەترسن کە جەستە دەکوژن و ناتوانن لەوە زیاتر ئەنجام بدەن. [5]بەڵام من پیشانتان دەدەم لە کێ بترسن:
لەوە بترسن کە توانای ئەوەی هەیە دوای کوشتن فڕێ بداتە ناو دۆزەخەوە. بەڵێ، پێتان دەڵێم لەمە بترسە![6]ئایا پێنج چۆلەکە بە دوو
دراو نافرۆشرێن؟ لەگەڵ ئەوەشدا خودا تەنانەت یەکێکیان لەبیر ناکات. [7]بەڕاستی مووی سەرتان هەمووی ژمارە کراون. کەواتە
مەترسن، چونکە ئێوە لە چۆلەکەکان بەنرخترن![8]بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرکەسێک لەبەردەم مرۆڤەکاندا دان بە مندا بنێت، ڕۆڵەی
مرۆڤیش لەبەردەم فریشتەکانی خودا دان بەودا دەنێت. [9]هەرکەسێک لەبەردەم خەڵکدا نکۆڵی لە من بکات، لەبەردەم فریشتەکانی
خودا نکۆڵی لێ دەکرێت. [10]هەرکەسێک قسەیەک دژی ڕۆڵەی مرۆڤ بکات، دەبەخشرێت. بەڵام ئەوەی بێڕێزی بە گیانی پیرۆز بکات،
نابەخشرێت![11] کاتێک دەچنە بەردەم کەنیشتە و فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران، دڵەڕاوکێتان نەبێ کە چۆن و چی بڵێن و چی نەڵێن!
[12]چونکە گیانی پیرۆز هەر لەو کاتەدا پێتان دەڵێت کە دەبێت چی بڵێن».[13]یەکێک لە ناو جەماوەرەکە پێی گوت: «مامۆستا، بە براکەم بڵێ
میراتەکەم لەگەڵدا دابەش بکات!» [14]فەرمووی: «ئەی مرۆڤ، کێ منی وەک دادوەر یان دابەشکەر بەسەر تۆدا داناوە؟» [15]بە
جەماوەرەکەی فەرموو: «خۆتان لە چاوچنۆکی بپارێزن. چونکە ژیانی مرۆڤ لە زۆریی ئەو شتانەدا نییە کە خاوەنیەتی».[16]نموونەیەکی
بۆ هێنانەوە، فەرمووی «زەوی دەوڵەمەندێک زۆر بەرهەمی هێنا، [17]لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە و گوتی: «چی بکەم، چونکە هیچ
شوێنێکم نییە بەرهەمەکانمی لێ کۆ بکمەوە؟ [18]گوتی: ئەمە دەکەم: کۆگاکانم دەڕوخێنم و کۆگای گەورەتر درووست دەکەم. لەوێش
هەموو بەرهەم و دارایی باشەکانم کۆدەکەمەوە. [19]جا لەدڵی خۆمدا بە خۆم دەڵێم، تۆ کاڵایەکی زۆرت هەیە کە بۆ چەندین ساڵ
کۆکراوەتەوە، ئارام بگرە و بخۆ و بخۆرەوە و دڵخۆش بە![20]بەڵام خودا پێی فەرموو: ئەی گێل، ئەمشەو گیانت دەردەچێت، کەواتە بۆ کێ
دەمێنێتەوە ئەوەی ئامادەت کردووە؟ [21]ئەمە دۆخی ئەو کەسانەیە کە گەنجینەکان بۆ خۆیان کۆدەکەنەوە و لای خودا ساماندار
نین!»[22]پاشان بە قوتابییەکانی گوت: «بەم هۆیە پێتان دەڵێم: خەمی ئەوەتان نەبێت لە ژیانتان چی بخۆن، و جەستەتان بە چی داپۆشن،
[23]ژیان زیاترە لە خواردن، جەستەش زیاترە لە پۆشاک.[24]سەیری قەلەڕەشەکان بکەن! نە دەچێنن و نە دروێنە دەکەن و نە کۆ
دەکەنەوە، بەڵام خودا بژێویان بۆ دابین دەکات. ئەی ئێوە چەند لە باڵندە بەنرخترن. [25]بەڵام کام لە ئێوە بە دڵەڕاوکێ دەتوانێت تەمەنی
تەنانەت یەک کاتژمێر درێژ بکاتەوە؟ [26]تا ئەو کاتەی تەنانەت دەسەڵاتی بچووکترین شتەکانیشتان نییە، بۆچی گرنگی بە شتیتر دەدەن؟
[27]سەیری سۆسنەکان بکەن، چۆن گەشە دەکەن! نە ڕەنج دەکێشن و نە هەوڵی بۆ دەدەن، بەڵام پێتان دەڵێم: ئایا تەنانەت شلۆمۆش لە
بەرزترین ئاستی شکۆمەندی خۆی هاوتای شکۆمەندی تاکە یەکێکیانی بەدەست هێنا؟ [28]ئەگەر خودا پۆشاکێکی بەم شێوەیە بدات بە
گژوگیا، هەرچەندە ئەمڕۆ لە کێڵگەدایە و سبەی فڕێ دەدرێتە ناو تەنوورەوە، چەند لە گژوگیاکان شایستەترن(کە خودا پۆشتەتان بکات)
ئەی کەم باوەڕینە؟[29]کەواتە هەوڵ مەدەن بۆ ئەوەی چی بخۆن و بخۆنەوە، و دڵەڕاوکێتان نەبێ. [30]چونکە گەلانی جیهان بەدوای هەموو
ئەم پێداویستیانەدا دەگەڕێن، باوکتان دەزانێت کە ئێوە پێویستیتان بەمانە هەیە.[31]بەڵام بەدوای شانشینی ئەودا بگەڕێن، هەموو
ئەمانەتان بۆ زیاد دەکرێت. [32]مەترسن، ئەی مەڕە بچووکەکان، چونکە باوکتان پێی خۆشە شانشینیتان پێ ببەخشێت.[33]ئەوەی هەتانە
بیفرۆشن و بیدەن بە هەژاران، گەنجینەیەک بۆ خۆتان ئامادە بکەن کە لەناو نەچێت، گەنجینەیەک لە ئاسمانەکاندا کە لە ناو ناچێت، دز
لێی نزیک نابێتەوە، ومۆرانە لێی نادات. [34]چونکە گەنجینەکەتان لە کوێ بێت، دڵیشتان لەوێ دەبێت.[35]با پشتێنتان بەستراو بێت و چراتان
داگیرساو بێ، [36]ئێوەش وەک ئەو کەسانە بن کە چاوەڕێی گەورەکەیان دەکەن کاتێک لە ئاهەنگی هاوسەرگیری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی
کاتێک گەیشت و لە دەرکەی دا، دەستبەجێ بۆی بکەنەوە.[37]خۆزگە بەو خزمەتکارانەی کە گەورەکەیان لە گەڕانەوەیدا چاوی پێیان
دەکەوێ کە چاوەڕێین. ڕاستیتان پێ دەڵێم: پشتێنەکەی دەبەستێ و لە سەر خوان دایاندەنیشێنێ و خزمەتیان دەکات. [38]خۆزگە بەوانەی
کاتێک لە چارەکی دووهەم یان سێهەمی شەودا دەگەڕێتەوە و لەو دۆخەدا دەیانبینێت.[39]بەڵام ئەمە بزانن: ئەگەر خاوەن ماڵەکە بزانێت
لە چ کاتژمێرێکدا دزەکە دەچێتە ژوورەوە، ئەوا بەخەبەر دەمایەوە و نەیدەهێشت ماڵەکەی ببڕن. [40]بۆیە ئامادە بن، چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ
لە کاتێکدا دەگەڕێتەوە کە چاوەڕێی ناکەن».[41]پەترۆ لێی پرسی: «پەروەردگار، ئایا تۆ ئەم نموونە بۆ ئێمە دەڵێیت یان بۆ هەمووان بە
یەکسانی؟» [42]پەروەردگار فەرمووی: «کەواتە کێیە بەڕێوەبەرێکی دڵسۆز و ژیر، کە گەورەکەی دەیکاتە بەرپرس لە سەر ماڵ و خێزانی
بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا خواردنیان بۆ دابین بکات؟» [43]خۆزگە بەو خزمەتکارەی کە کاتێک گەورەکەی دەگەڕێتەوە، دەیبینێت ئەم کارە
دەکات. [44]ڕاستیتان پێدەڵێم، ئەو دەیکاتە سەرپەرشتی هەموو ماڵ و سامانی خۆی.[45]بەڵام ئەگەر ئەو بەندەیە لە دڵی خۆیدا بڵێ:
گەورەکەم لە گەڕانەوەیدا دوا دەکەوێت؛ دەست بکات بە لێدان لە خزمەتکارە کچ و کورەکان و بخوات و بخواتەوە و سەرخۆش بێ،
[46]ئەوا کاتێ گەورەکەی لە ڕۆژێکدا دەگەڕێتەوە کە چاوەڕێی نەدەکرد، و لە کاتێکدا کە نایزانێت، ئەوە جیای دەکاتەوە و چارەنووسی
لەگەڵ ناپاکەکاندا دەبێت.[47]وە ئەو خزمەتکارەی کە مەبەستەکەی ئاغای خۆی زانیوە و خۆی ئامادە نەکردووە و ئەوەی گەورەکەی
ویستویەتی نەیکردووە، بە توندی لێی دەدرێت. [48]بەڵام ئەوەی نەیزانێت و ئەوە بکات کە شایەنی لێدانە، کەمتری لێ دەدرێت. چونکە
هەرکەسێک زۆری پێ بدرێت، زۆری لێ دەخوازرێت؛ وە هەرکەسێک زۆرتری پێسپێردراوە، داوای زیاتری لێدەکرێت.[49]من هاتووم ئاگر
بەردەم لە زەوی، و خۆزگە پێشتر ئاگری تێبەردرابا؟ [50]بەڵام لە ئاوهەڵکشانێک هەیە کە دەبێت پێی لە ئاوهەڵکێشرێم و تا کاتێ بە تەواوی
بەدی دێت زۆر دڵتەنگم![51]پێتان وایە من هاتووم بۆ ئەوەی ئاشتی بۆ سەر زەوی بهێنم؟ پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵکو زیاتر بۆ لێکترازان
هاتووم، [52]لەمەودوا پێنج کەس لە ماڵێکدا دەبن و دابەش دەبن: سێیان دژ بە دووان، دووان دژ بە سێیان [53]باوک دژ بە کوڕەکەی،
کوڕیش دژ بە باوکی، دایک لە دژی کچەکەی، کچ لە دژی دایکی، و خەسوو دژ بە بووکەکەی، بووکەکەش دژ بە خەسووی!»[54]بە
جەماوەرەکەی فەرموو: کاتێک هەورێک دەبینن لە ڕۆژئاواوە دێت، دەڵێن ئێستا: باران دەبارێت. هەروا دەبێت. [55]کاتێک بای باشوور
هەڵدەکات، دەڵێن: گەرم دادێت! هەروا دەبێت. [56]ئەی دووڕووان! ئێوە دەزانن چۆن دیمەنی زەوی و ئاسمان لێک جیا بکەنەوە، کەواتە

چۆن لەم سەردەمە تێناگەن؟[57]بۆچی تێناگەن کە چی لەبارەی خۆتانەوە ڕاستە؟ [58]بۆیە لەکاتێکدا لەگەڵ نەیارەکەت دەڕۆیت بۆ دادگا، هەموو هەوڵێک بدە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا ئاشت ببیتەوە، نەک ڕادەستی دادوەرت بکات، چونکە دادوەر ڕادەستی پاسەوانت دەکات، پاسەوانیش دەتخاتە زیندانەوە. [59]پێت دەڵێم، تا دوا فلس قەرزەکانت نەدەیتەوە ئازاد نابیت!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 13

[1]له هەمان کاتدا چەن کەسێک هاتن و باسی خەڵکی گەلیلییان بۆ کرد کە پیلاتۆس کوشتبوونی خوێنیانی تێکەڵ بە خوێنی قوربانییەکان
کردبوو. [2]وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «ئایا پێتان وایە ئەم گەلیلیانە گوناهبارتر بوون لە گەلیلییەکانی دیکە، کە تووشی ئەم چارەنووسە
بوون؟ [3]پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵام ئەگەر پاشگەز نەبنەوە هەمووتان بە هەمان شێوە لەناو دەچن![4]یان پێتان وایە ئەو هەژدە کەسەی کە
تاوەری شیلۆئا بەسەریاندا ڕووخا و کوژران، لە هەموو دانیشتووانی یورشەلایم گوناهبارتر بوون؟ [5]پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵام ئەگەر
پاشگەز نەبنەوە، هەمووتان بە هەمان شێوە لەناو دەچن![6]پاشان ئەم نموونەی بۆ هێنانەوە: «کەسێک دار هەنجیرێکی لە باخی ترێیەکەیدا
چاندبوو. هات بۆ بەروبوومەکەی، بەڵام هیچی نەدۆزیەوە. [7]بە جووتیارەکەی گوت: ئەمە سێ ساڵە، من بۆ میوە دێمە لای ئەم دار
هەنجیرە و هیچم دەست ناکەوێت: بیبڕەوە، بۆچی وازی لێ ناهێنی، زەوی پێداگیر دەکەیت؟[8]بەڵام جووتیارەکە وەڵامی دایەوە و گوتی:
گەورەم ئەمساڵ با بڕوات، بنکۆڵی دەکەم و پەینی دەخەمە ژێر. [9]بەڵکوو بەرهەم بگرێت! ئەگەرنا، دەیبڕمەوە!»[10]لە یەکێک لە
شەباتەکاندا لە کەنیشتەکان وانەی دەگوتەوە. [11]ژنێک هەبوو گیرۆدەی گیانێکی پیس بوو بۆ ماوەی هەژدە ساڵ نەخۆشی خستبوو. پشتی
کۆم بوو و نەیدەتوانی ڕێک بێتەوە.[12] کاتێک یەشوا بینی، بانگی کرد و پێی فەرموو: «خاتوون، تۆ لە نەخۆشیەکەت ڕزگار بوویت!»
[13]دەستی خستە سەری، ڕێک بۆوە و شکۆمەندی خودای راگەیاند! [14]بەڵام پێشەوای کەنیشتەکە تووڕە بوو، چونکە یەشوا لە شەباتدا
چاکی کردبۆوە، بە خەڵکەکەی گوت: «شەش ڕۆژ لە هەفتەیەکدا هەیە بۆ کار کردن. وەرن لەو ڕۆژانە چاک ببنەوە، نەک لە ڕۆژی
شەباتدا!»[15]پەروەردگار وەڵامی دایەوە و گوتی: «ئەی دووڕووەکان! ئایا هەر یەکێک لە ئێوە ڕۆژی شەبات گا یان کەرەکەی لە
ئاخوڕەکە ناکاتەوە و نایبا ئاوی بدات! [16]سەبارەت بەم ژنەش، کچی ئاڤراهام بوو، شەیتان بۆ ماوەی هەژدە ساڵ بەستبوویەوە، نەدەبوو
لە ڕۆژی شەباتدا لەم بەندە ئازاد بکرێت؟»[17]کاتێک ئەمەی فەرموو، هەموو نەیارەکانی شەرمەزار بوون و جەماوەرەکەش دڵخۆش
بوون بەو هەموو کارە شکۆمەندانەی کە کردوویەتی.[18]پەروەردگار فەرمووی: «شانشینی خودا چۆنە؟ بە چی بەراوردی بکەم؟ [19]وەک
تۆوی خەردەلێک وایە کە مرۆڤێک بردی و لە باخەکەی خۆیدا چاندی، گەشەی کرد، بوو بە دارێکی گەورە و باڵندەی ئاسمان هێلانەیان
تێدا دروست کرد».[20]هەروەها فەرمووی : «شانشینی خودا بە چی بەراورد بکەم؟ [21]وەک هەویرترشێک وایە کە ژنێک وەریگرت و
تێکەڵی سێ پێوانە ئاردی کرد تا هەموو هەویرەکە هەڵبێت!»[22] لە ڕێگای یورشەلایم بە شار و گوندەکاندا تێدەپەڕی و فێرکاری دەکرد.
[23]کەسێک لێی پرسی: «گەورەم، چەند کەمن ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت؟» بەڵام بە هەمووانی فەرموو: [24]«هەوڵبدەن لە دەرگا
تەنگەکەوە بچنە ژوورەوە، پێتان دەڵێم چونکە زۆر کەس، بەدوای چوونە ژوورەوەدا دەگەڕێن، بەڵام ناتوانن.[25]پاشان دوای ئەوەی
خاوەن ماڵەکە هەستا و دەرگاکەی داخست، لە دەرەوە دەوەستن و لە دەرگاکە دەدەن و دەڵێن: پەروەردگار، دەرگامان لە سەر
بکەرەوە! وەڵامتان دەداتەوە و دەڵێت: نازانم خەڵکی کوێن! [26]پاشان دەڵێن: ئێمە بە ئامادەبوونی تۆ خواردمان و خواردمانەوە، تۆش لە
شەقامەکانماندا فێرت دەکردین! [27]ئەویش دەڵێت: پێتان دەڵێم، نازانم ئێوە خەڵکی کوێن؛ لاچن لە بەردەمم، هەموو ئێوە ئەی
خراپەکاران![28]کاتێک ئەڤراهام و یتساخ و یاکۆڤ و هەموو پێغەمبەرەکان لە شانشینی خودا دەبینن و ئێوە فڕێدراونەتە دەرەوە، جا گریان
و جیرەی ددان لەوێ دەبێت. [29]خەڵک لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و لە باکوور و باشوورەوە دێن و لە شانشینی خودا دادەنیشن. [30]پاشان
دواهەمینەکان یەکەم دەبن و یەکەمینەکان دواهەمین».[31]هەر لەوکاتەدا هەندێک لە فەریسییەکان لێی چوونە پێش و پێیان گوت: «خۆت
ڕزگار بکە! لێرە هەڵێ، چونکە هیرۆد بەنیازە بتکوژێت.» [32]پێی فەرموون: «بڕۆن بەم ڕێوییە بڵێن: سەیرکە من خێوەکان دەردەکەم و
ئەمڕۆ و سبەی نەخۆشەکان چاک دەکەمەوە.» لە ڕۆژی سێهەمدا هەموو شتێک تەواو دەبێت. [33]بەڵام دەبێت ئەمڕۆ و سبەی و ڕۆژی
دوای ئەوە ڕێگاکەم تەواو بکەم، چونکە هیچ پێغەمبەرێک لەناو ناچێت تەنها لە یورشەلایم نەبێت![34]ئەی یورشەلایم، ئەی یورشەلایم،
بکوژی پێغەمبەران و بەردەبارانکەری نێردراوان. چەند جار ویستم منداڵەکانت کۆبکەمەوە وەک چۆن مریشکێک جووجکەکانی لە ژێر
باڵەکانیدا کۆدەکاتەوە، بەڵام تۆ نەتویست! سەیرکە، [35]ئەوەتا ماڵەکەت بە کەلاوەیی بۆت بەجێماوە! پێت دەڵێم: من نابینیت، تا ئەو
کاتەی کە دەڵێیت: پیرۆزە ئەو کەسەی بەناوی پەروەردگارەوە دێت!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 14

[1]ڕۆژێکی شەبات بۆ خواردن چووە ماڵی یەکێک لە سەرۆک فەریسییەکان، چاویان لە سەری بوو. [2]لەبەردەمیدا کەسێک بوو کە تووشی نەخۆشی سی وشکە بوو. [3]یەشوا ڕووی لە زانایانی تەوارت و فەریسییەکان کرد و لێی پرسین: «ئایا لە ڕۆژی شەباتدا چاککردنەوە هەیە، یان نا؟»[4]بەڵام بێدەنگ بوون. نەخۆشەکەی چاک کردەوە و ڕەوانەی کرد. [5]دیسان گەڕایەوە لێی پرسین: «کام لە ئێوە ئەگەر گوێدرێژ یان گایەک لە ڕۆژی شەباتدا بکەوێتە ناو بیرێکەوە، دەری ناهێنێتەوە؟» [6]نەیانتوانی لەم بارەیەوە وەڵامی بدەنەوە.[7]نموونەیەکی بۆ بانگهێشتکراوەکان هێنایەوە، دوای ئەوەی تێبینی ئەوەی کرد کە چۆن لای سەرەوەیان هەڵبژاردووە بۆ دانیشتن، پێی فەرموون: [8]«کاتێک کەسێک بانگهێشتتان دەکات بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری، ریزی پێشەوە مەگرن، ڕەنگە کەسێکی پلە باڵاتر لە تۆی بانگهێشت کردبێ، [9]بۆیە ئەوەی هەردووکتانی بانگهێشت کردووە دێت و پێت دەڵێت: شوێنەکە بدە بەم پیاوە! و ناچار بە شەرمەزارییەوە دەکشێیتەوە بۆ ئەوەی بچیتە شوێنی دواوە.[10]بەڵام، کاتێک بانگهێشت دەکرێیت، بڕۆ و لە دواوە دانیشە،تا کاتێک ئەو کەسەی بانگهێشتی کردوویت، پێت دەڵێت: هاوڕێم! هەستە وەرە پێشەوە دانیشە! ئەو کاتە ڕێزت زیاتر دەبێت لەبەردەم ئەو کەسانەی کە لەگەڵتدا دانیشتوون. [11]چونکە هەرکەسێک خۆی بەرز بکاتەوە، نزم دەبێتەوە، هەرکەسێک خۆی بچووک بکاتەوە، بەرز دەکرێتەوە».[12]هەروەها بەو کەسەی کە بانگهێشتی کردووە فەرمووی: کاتێک خوانی نیوەڕۆ یان ئێوارە پێشکەش دەکەیت، هاوڕێ و برا و خزم و دراوسێ دەوڵەمەندەکانت، بانگهێشت مەکە تاکوو ئەوانیش لە بەرامبەردا بانگهێشتت بکەنەوە، و پاداشتت بدەنەوە.[13]کاتێک خوانێک ڕێکدەخەیت، بانگهێشتی هەژاران و شەل و پەککەوتە و نابینایان بکە؛ [14]ئەوکاتە تۆ بەرەکەتدار دەبیت، چونکە هیچیان نییە پاداشتت بدەنەوە، لە کاتی هەستانەوەی ڕاستودرووستاندا پاداشتت دەدرێتەوە».[15]یەک لە دانیشتووان کە ئەم قسانەی بیست، پێی گوت: «خۆزگە بە ئەوانەی لە شانشینی خودا نان دەخۆن!» [16]پێی فەرمووو: «مرۆڤێک ئێوارەخوانێکی گەورەی سازکرد، و زۆر کەسی بانگهێشت کرد. [17]پاشان لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا خزمەتکارەکەی نارد تا بە بانگهێشتکراوەکان بڵێ: وەرن، چونکە هەموو شتێک ئامادەیە![18]هەمووان یەک بە یەک داوای لێبوردنیان کرد. یەکەمیان پێی گوت: من کێڵگەیەکم کڕیوە، دەبێت بچم بیبینم، تکایە لێم ببورە! [19]کەسێکی تر گوتی: پێنج جووت مانگام کڕیوە، بڕیارە تاقییان بکەمەوە، داوای لێبوردن دەکەم! [20]یەکێکی تر گوتی: ژنم هێناوە، بۆیە ناتوانم ئامادە بم![21]خزمەتکارەکە گەڕایەوە و گەورەکەی ئاگادار کردەوە. پاشان خاوەن ماڵەکە تووڕە بوو و بە خزمەتکارەکەی گوت: خێرا بچۆرە دەرەوە بۆ شەقام و کۆڵانەکانی شار، هەژاران و شەل و پەککەوتە و نابینایان بهێنە. [22](کە گەڕایەوە) خزمەتکارەکە گوتی: گەورەم، ئەوەی فەرمانت پێکردبووم جێبەجێ کرا، هێشتا شوێن ماوە.[23]گەورەکە بە خزمەتکارەکەی گوت: بڕۆ دەرەوە بۆ شەقام و گۆڕەپانەکان، خەڵک ناچار بکە بێنە ژوورەوە تا ماڵەکەم پڕ بێت، [24]چونکە پێت دەڵێم: هیچ کام لەوانەی بانگهێشتکراون تامی ئێوارەخوانەکەم ناکەن!»[25]جەماوەرێکی زۆر لەگەڵیدا دەڕۆیشتن، ئاوڕی دایەوە و پێی گوتن: [26]«ئەگەر کەسێک بێتە لام، و ڕقی لە باوک و دایکی و ژنەکەی و منداڵەکانی و براکانی و خوشکەکانی، و تەنانەت رقی لە خۆیشی نەبێت، ئەوا ناتوانێت ببێتە قوتابی من. [27]هەرکەسێک خاچەکەی هەڵنەگرێت و شوێنم نەکەوێت، ناتوانێت قوتابی من بێت.[28]کام لە ئێوە کە حەز لە دروستکردنی خانووەیەک دەکات، سەرەتا دانانیشێت و تێچووی ناخەمڵێنێت تا بزانێت ئایا بەشی تەواوکردنەکەی هەیە؟ [29]نەوەک بناغەکەی بۆ دابنێت و توانای تەواوکردنی نەبێت. ئایا هەموو ئەوانەی دەیبینن گاڵتەی پێناکەن. [30]نالێن: ئەم مرۆڤە دەستی کرد بە دروست کردنی بیناکەی و نەیتوانی تەواوی بکات؟[31]یان چ پاشایەک بڕیاری شەڕ لەگەڵ پاشایەکی تردا دەدات، ئەگەر سەرەتا دانەنیشێت و ڕاوێژ نەکات بۆ ئەوەی بزانێت ئایا دەتوانێت بە دە هەزار کەس بەرەوڕووی ئەو ببێتەوە کە بیست هەزاری لەگەڵە. [32]ئەگەر نا کاتێک، دوژمن هێشتا دوورە، شاندێکی بۆ دەنێرێ، پرسیار دەکا کە بەچی ئاشتی دەستەبەر دەبێت. [33]هەربەم شێوە، هەر یەکێک لە ئێوە کە واز لە هەموو ئەو شتانە نەهێنێ کە هەیەتی، ناتوانێت ببێتە قوتابی من.[34]خوێ باشە. بەڵام ئەگەر خوێ تامی خۆی لەدەست بدا چۆن سوێرییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە؟ [35]چیتربۆ خاک و پیتاندن ناگونجێت، بۆیە فڕێ دەدرێتە دەرەوە. با ئەوەی گوێی هەیە بۆ بیستن، با ببیسێت!»

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 15

[1]هەموو باجگرەکان و گوناهبارەکان هاتنە لای بۆ ئەوەی گوێی لێبگرن. [2]فەریسییەکان و زانایان سەرزشتیان کرد و گوتیان: «ئەم پیاوە
پێشوازی لە گوناهباران دەکات و لەگەڵیان نان دەخوات!»[3]ئەم نموونەی بۆ گێڕانەوە و فەرمووی: [4]کام لە ئێوە کە سەد مەڕی هەیە
ئەگەر یەکێکیانی لێ ون بێت، ئایا نەوەد و نۆیەکە لە دەشت و دەر بەجێناهێڵێت و بە دوای مەڕی ونبووەکەدا ناڕوات تا دەیدۆزێتەوە؟
[5]پاشان کە دۆزییەوە، بە خۆشحاڵییەوە لەسەر شانی هەڵیدەگرێت،[6]پاشان دەگەڕێتەوە ماڵەوە، و هاوڕێ و دراوسێکانی، بانگ دەکات و
پێیان دەڵێت: لەگەڵم شاد بن، چونکە مەڕە ونبووەکەم دۆزیەوە! [7]پێتان دەڵێم لە ئاسماندا خۆشی زیاتر دەبێت سەبارەت بە تاوانبارێک
کە پاشگەز بۆتەوە لە نەوەد و نۆ کەسی ڕاستودروست کە پێویستیان بە پاشگەز بوونەوە نیە![8]یان چ ژنێک کە دە درهەمی هەیە، ئەگەر
یەک درهەمی ون بێت چرایەک داناگیرسێنێت و ماڵەکە پاک ناکاتەوە بەدوایدا ناگەڕێت تا دەیدۆزیتەوە؟ [9]پاشان کە دەیدۆزێتەوە بانگی
هاوڕێ و دراوسێکانی دەکات و دەڵێت: لەگەڵم شاد بن، چونکە ئەو دراوەم دۆزیەوە کە لێم ون ببوو. [10]پێتان دەڵێم: هەربەم شێوە لە
ناو فریشتەکانی خودا خۆشی دەبێت لەسەر یەک گوناهبار کە پاشگەز دەبێتەوە».[11]فەرمووی: «پیاوێک دوو کوڕی هەبوو. [12]بچووکەکەیان
بە باوکی گوت: ئەی باوکە، بەشە میراتەکەم پێ بدە کە هی منە! بۆیە هەموو ئەو شتانەی کە خاوەنی بوو بەسەریاندا دابەش کرد.
[13]دوای تێپەڕ بوونی ماوەیەک کوڕە بچووکەکە هەموو ئەوەی هەیبوو، هەڵیگرت و چوو بۆ وڵاتێکی دوور. لەوێدا پشکی خۆی لە
سامانەکە لە ژیانێکی خراپەکاریدا بەفیڕۆدا. [14]بەڵام کاتێک هەموو شتێکی بە فیڕۆ دا، برسێتییەکی سەخت لەو وڵاتەدا ڕوویدا و ئەویش
هەستی بە نیازمەندی کرد.[15]بۆیە چوو پەیوەندی بە یەکێک لە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتەوە کرد و ئەویش ناردی بۆ ناو کێڵگەکانی خۆی بۆ
ئەوەی چاودێری بەرازەکانی بکات. [16]چەن تامەزرۆی ئەوە بوو سکی بە لەوەڕی بەرازەکان تێر بکات، بەڵام کەس بەشی نەدەدا![17]ئینجا
بە خۆیا هاتەوە و وتی: زۆرێک لە کرێکارەکانی باوکم خۆراکی پێویست و تەنانەت زیادەیان هەیە، لێرەش من خەریکە لە برسان
ئەمرم.! [18]دەگەڕێمەوە بۆ لای باوکم و پێی دەڵێم: باوکە، من بەرامبەر بە ئاسمان و دەربارەی تۆوە هەڵەم کردووە؛ [19]ئیتر شایستەی
ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم: من بکە بە یەکێک لەو خزمەتکارانەی بەکرێت گرتوون![20]بۆیە هەستا و گەڕایەوە لای باوکی. بەڵام
باوکی کە هێشتا دوور بوو لێی، بینی، و بەزەیی پێدا هاتەوە و ڕایکرد بۆ لای و لە باوەشی گرت و بە گەرمی ماچی کرد. [21]کوڕەکەش
پێی گوت. باوکە، من هەڵەم کردووە بەرامبەر بە ئاسمان و لەبەردەم تۆدا، ئیتر شایستەی ئەوە نیم کە بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم.[22]بەڵام
باوکەکە بە خزمەتکارەکانی گوت: خێرا باشترین جل و بەرگ بێنن و لەبەری بکەن و ئەڵقەیەک لە پەنجەی بکەن و پێڵاوی لە پێ بکەن.
[23]گوێرەکە قەڵەوەکە بهێنن و سەری ببڕن؛ با بخۆین و دڵخۆش بین: [24]چونکە ئەم کوڕەم مردبوو و زیندوو بۆتەوە، ون ببوو و
دۆزراوەتەوە. بۆیە با دڵخۆش بین![25]کوڕە گەورەکەی لە کێڵگەکەدا بوو. کاتێک هاتەوە و لە ماڵەکە نزیک بۆوە، گوێی لە مۆسیقا و سەما
بوو. [26]یەکێک لە خزمەتکارەکانی بانگ کرد و لێی پرسی کە چی رووی داوە. [27]لە وەڵامدا گوتی: براکەت گەڕایەوە، بۆیە باوکت گوێرەکە
قەڵەوەکەی سەربڕی چونکە بە سەلامەتی گەڕاوەتەوە.[28]بەڵام توڕە بوو و ئامادە نەبوو بچێتە ژوورەوە. باوکی چووە دەرەوە و لێی
پاڕایەوە. [29]لە وەڵامی باوکیدا گوتی: ئەوەتا چەندین ساڵە خزمەتت دەکەم، لە فەرمانەکانت سەرپێچیم نەکردووە، بەڵام تۆ کاریلەیەکت
پێ نەدام تا لەگەڵ هاوڕێکانم پێی دڵخۆش ببم. [30]بەڵام کاتێک ئەم کوڕەی تۆ کە لەگەڵ ژنە خراپەکان پارەکەتی خوارد و گەڕایەوە،
گوێرەکە قەڵەوەکەت بۆ سەربڕی![31]پێی گوت: کوڕم، تۆ هەمیشە لەگەڵمدایت، هەرچیم هەیە هی تۆیە! [32]بەڵام باش وایە ئێمە شاد و
دڵخۆش بین، چونکە براکەت مردبوو و زیندوو بۆتەوە، ون ببوو و دۆزراوەتەوە!»

## Chapter 16

1هەروەها بە شاگردەکانی فەرمووː «پیاوێکی دەوڵەمەند سەرپەرشتیارێکی هەبوو. تۆمەتبار کرابوو بەوەی پارەکانی بەفیڕۆ داوە. 2بۆیە
بانگی کرد و لێی پرسیː ئەمە چییە کە لەبارەی تۆوە دەیبیستم؟ وەرە هەژماری سەرپەرشتاریەکەت بخە بەردەست ، چونکە چیتر
ناتوانیت بەڕێوەبەری من بیت!3ئینجا بەڕێوەبەرەکە لە دڵی خۆیدا گوتیː «چی بکەم، چونکە گەورەکەم سەرپەرشتیاریەکەم
لێدەستێنێتەوە؟ من ئەوەندە بەهێز نیم کە زەوی بکێڵم. شەرم دەکەم سواڵیش بکەم! 4دەزانم چی بکەم، بۆ ئەوەی کاتێک لە
سەرپەرشتیکردن دوور کەوتمەوە، هاوڕێکانم لەماڵەکانیان پێشوازیم لێبکەن.5یەک بە یەک قەرزدارەکانی گەورەکەی بانگ کرد. لە
یەکەمیانی پرسیː چەند قەرزاری ئاغاکەمی؟ 6لە وەڵامدا وتیː سەد گۆزەی ڕۆن. پێی گوتː پسولەکەت وەربگرە و خێرا دابنیشە و
پەنجا بنووسە! 7پاشان بە ئەویتری گوتː ئەی تۆ، چەند قەرزاری؟ لە وەڵامدا وتیː سەد ڕەبە گەنم. پێی گوتː پسولەکەت وەربگرە،
هەشتا بنووسە!8گەورەکەی دەستخۆشی لە سەرپەرشتیارە ناپاکەکەی کرد چونکە ژیرانە مامەڵەی کرد. هەربەم شێوە ڕۆڵەکانی ئەم
جیهانە لەناو نەوەی خۆیاندا ژیرترن لە ڕۆڵەکانی ڕووناکی. 9پێتان دەڵێمː هاوڕێیەتی بە دەست بێنن بە سامانە ناڕەواکان. بۆ ئەوەی
کاتێک سامانەکەتان تەواو بوو، لەماڵی هەتاهەتای وەربگیرێن!10ئەوەی لە کەم دەستپاکە لە زۆریش دەستپاکە، ئەوەی لە کەم دەستپاک
نیە لە زۆریشدا دەستپاک نیە. 11ئەگەر تۆ بە سامانی ناڕەوا دەستپاک نەبیت، کەواتە کێ سامانی ڕاستی بە تۆ دەسپێرێت؟ 12وە ئەگەر
دەستپاک نەبیت بەوەی کە هی کەسانی ترە، کێ ئەوەی هی خۆتە پێت دەبەخشێت؟13هیچ خزمەتکارێک ناتوانێت کۆیلەی دوو گەورە
بێتː چونکە یان ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەیانی خۆشدەوێت؛ یان یەکێکیان دەگرێت و ئەوەی دیکەیان جێدەهێڵێت. ئێوە
ناتوانن هەم بەندەی خودا بن و هەم هی پارە بن».14فەریسییەکان کە پارەیان خۆش دەویست، هەموو ئەمانەیان بیست و گاڵتەیان
پێکرد. 15پێی فەرموونː «ئێوە لەبەردەم خەڵکدا خۆتان بێتاوان دەنوێنن، بەڵام خودا دڵتان دەزانێت. ئەوەی مرۆڤەکان بە پلەیەکی بەرز
دادەنێن، لای خودا قێزەونە.16تەورات و پێغەمبەران تا سەردەمی یۆخەنان مانەوەː لەو کاتەوە مزگێنی شانشینی خودا ڕاگەیەندرا، هەر
کەسە هەوڵ دەدات ڕێگای خۆی بکاتەوە بۆ چوونە ژوورەوە. 17لەناوچوونی ئاسمان و زەوی ئاسانترە لە لەناوچوونی یەک خاڵی
تەوراتː18هەرکەسێک ژنەکەی تەڵاق بدات، و هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تر بکات داوێنپیسی کردووە. هەرکەسێک هاوسەرگیری
لەگەڵ ژنێک بکات کە لە مێردەکەی جیابووبێتەوە داونپیسی کردووە.19پیاوێکی دەوڵەمەند هەبوو، جل و بەرگی ئەرخەوانی و جوانی
لەبەر دەکرد، جەژنی دەگێڕا، چێژی لە هەموو ڕۆژەکانی وەردەگرت. 20پیاوێکی هەژار هەبوو بە ناوی ئیلعازار، لەبەردەم دەرگای
ماڵەکەیدا پاڵکەوتبوو، تووشی برین بوو، 21حەزی دەکرد لەو پاشماوەی لە خوانی دەوڵەمەندەکە دەمایەوە بخوات. تەنانەت سەگەکانیش
دەهاتن و برینەکانیان دەلێستەوە.22پیاوە هەژارەکە مرد و فریشتەکان هەڵیانگرت بۆ ئامێزی ئەڤراهام. پاشان پیاوە دەوڵەمەندەکەش
مرد و بە خاک سپێردرا. 23کاتێک چاوەکانی بەرز کردەوە لە جیهانی مردووان لە ئازاردا بوو، ئەڤراهامی لە دوورەوە بینی و ئیلعازار کە
لە ئامێزیدا بوو.24بانگی کرد و گوتیː ئەی باوکم ئەڤراهام! بەزەییت پێمدا بێت، ئیلعازار بنێرە تا نوکی پەنجەی خۆی لە ئاوەکەدا تەڕ
بکات و زمانمی پێ فێنک بکاتەوەː چونکە من لەم بڵێسەیەدا ئازار دەچێژم.25بەڵام ئەڤراهام گوتیː کوڕم لەبیرت بێت کە تۆ لە ماوەی
ژیانتدا هەموو شتە باشەکانت وەرگرتووە، ئیلعازاریش ئازارەکانی وەرگرتووە. بەڵام ئێستا لێرە دڵنەوایی دەدرێت، تۆش لەوێیت و ئازار
دەچێژیت. 26جگە لە هەموو ئەمانە، لە نێوان ئێمە و ئێوەدا مەودایەکی گەورە جێگیر کراوە، بەجۆرێک ئەوانەی لێرەن ناتوانن بپەڕنەوە
بۆ ئەوێ، ئەوانەی ئەوێیش ناتوانن بپەڕنەوە بۆ لای ئێمە!27گوتیː ئەی باوکە لێت دەپاڕێمەوە کە ڕێگەم پێبدەی، بگەڕێمەوە بۆ ماڵی
باوکم، 28چونکە پێنج برام هەیە، تاکو شایەتحاڵییان پێ بدەم وشیار بن، نەک ئەوانیش بێنە ئەم شوێنی ئازارە.29بەڵام ئەڤراهام پێی گوتː
موشە و پێغەمبەرانیان هەیەː با گوێیان لێبگرن! 30گوتیː نەخێر ئەی باوکە ئەڤراهام، ئەگەر کەسێک لە مردووەکان بچێتە لایان، ئەوا
پاشگەز دەبنەوە! 31فەرمووویː ئەگەر گوێ لە موشە و پێغەمبەران نەگرن، ئەوا تەنانەت ئەگەر یەکێک لە مردنیش هەستێتەوە باوەڕ
ناکەن!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 17

[1]بە قوتابیەکانی فەرموو: «بەربەست هەر دەبێت. بەڵام هاوار بەو کەسە کە لە سەر دەستی ئەو بێت! [2]بۆ ئەو باشتر وابوو بەرداشێک لە
ملی ببەسترایەو فڕێ بدرێتە ناو دەریاوە، لەوەی کە ببێتە کۆسپێک بۆ یەکێک لەم بچووکانە.[3]ئاگاداری خۆتان بن: ئەگەر براکەت هەڵەی
کرد، ئەوا سەرزەنشتی بکە. ئەگەر پاشگەز بۆوە، لێی خۆشبە. [4]ئەگەر لە ڕۆژێکدا حەوت جار هەڵەی بەرامبەرت کرد، و حەوت جار
گەڕایەوە لات و گوتی: پاشگەز دەبمەوە! پێویستە لێی خۆش بیت».[5]نێردراوان بە پەروەردگاریان گوت: «باوەڕمان زیاد بکە!» [6]بەڵام
پەروەردگار فەرمووی: «ئەگەر بە قەد تۆوە خەردەلێک باوەڕتان هەبێ، بەم دار تووە بڵێی: لە ڕەگەوە هەڵبکەنە و بڕۆ ناو دەریاوە! ئەوا
گوێڕایەڵتان دەبێ![7]بەڵام، کام یەک لە ئێوە ئەگەر خزمەتکارێکی هەبێت کە کاری کێڵگە یان لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی بۆ دەکات، لە کاتی
گەڕانەوەی لە کێڵگەکە پێی دەڵێت: یەکسەر وەرە و پاڵ بەرەوە و دانیشە؟ [8]ئایا پێی ناڵێ: شتێکم بۆ بێنە بیخۆم، پشتێنت ببەستە و
خزمەتم بکە تا بخۆم و بخۆمەوە و پاشان تۆ دەخۆیت و دەخۆیتەوە؟[9]ئایا خزمەتکار سوپاسی دەکرێت چونکە ئەو کارەی کردووە کە
فەرمانی پێکرابوو؟ [10]کەواتە ئێوەش، کاتێک هەموو ئەو کارانە دەکەن کە فەرمانتان پێکراوە، بڵێن: ئێمە کۆیلەی بێ کەڵکین، ئەوەمان
کرد کە لە سەرمان بوو بیکەین!»[11]کاتێک بەرەو یورشەلایم دەڕۆیشت، بە ناوچەکانی سامری و گەلیلی تێپەڕی. [12]چووە ناو گوندێکەوە،
دە پیاوی تووشبوون کە گولیان هەبوو. [13]لە دوورەوە وەستابوون، و هاواریان کرد و گوتیان: «یەشوا گەورەم، بەزەییت پێماندا
بێتەوە!»[14]بینی و پێی فەرموون: «بڕۆن خۆتان پیشانی کاهینەکان بدەن!» لەکاتێکدا دەڕۆیشتن، پاک بوونەوە. [15]یەکێکیان بینی
پاکبۆتەوە، گەڕایەوە و بە دەنگێکی بەرز شکۆمەندی خودای ڕاگەیاند، [16]و خۆی خستە بەردەمی و سوپاسی کرد، ئەمە سامری بوو.
[17]یەشوا قسەی کرد و فەرمووی: مەگەر دە کەس پاک نەبوونەوە؟ ئەی نۆیەکە لە کوێن؟ [18]ئایا جگە لەم بێگانە کەس نەبوو بگەڕێتەوە و
شکۆمەندی خودا ڕابگەیەنێت؟» [19]پاشان پێی فەرموو: «هەستە و بڕۆ: باوەڕەکەت ڕزگاری کردوویت!»[20]فەریسییەکان لێیان پرسی:
«کەی شانشینی خودا دێت؟» وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «شانشینی خودا بە نیشانەیەکی بینراو نایەت. [21]ناگوترێت: ئەوەتا لێرەیە،
یان: ئەوەتا لەوێیە! شانشینی خودا لەناختاندایە!»[22]پاشان بە قووتابیەکانی فەرموو: سەردەمێک دێت کە تامەزرۆی بینینی تەنانەت
یەکێک لە ڕۆژەکانی ڕۆڵەی مرۆڤ دەبن، بەڵام نایبینن. [23]وە هەندێکیان پێتان دەڵێن: ئەوەتا لێرە، یان: ئەوەتا لەوێیە؛ مەڕۆن و شوێنیان
مەکەون: [24]هەروەک چۆن ئەو هەوربروسکە کە لە ژێر ئاسمانەوەیە لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر ڕۆشن دەکاتەوە، ڕۆڵەی مرۆڤ بە هەمان
شێوە دەبێ لە ڕۆژی گەڕانەوەیدا.[25]بەڵام سەرەتا دەبێت ئازاری زۆر بچێژێ و لەلایەن ئەم نەوەیە ڕەت بکرێتەوە! [26]ئەوەی لە
سەردەمی نواخ ڕوویدا، لە سەردەمی ڕۆڵەی مرۆڤیشدا ڕوودەدات: [27]خەڵک دەیانخوارد و دەیانخواردەوە و هاوسەرگیریان دەکرد تا
ئەو ڕۆژەی نواخ چووە ناو کەشتییەکەوە و لافاو هات و هەمووانی لەناو برد.[28]بە هەمان شێوە، وەک لە سەردەمی لوت ڕوویدا:
خەریکی خواردن و خواردنەوە، کڕین و فرۆشتن ، کشتوکاڵ و خانوو درووست کردن بوون، [29]بەڵام لە ڕۆژێکدا کە لوت لە سۆدۆم هاتە
دەرەوە، (خودا) ئاگر و گۆگردی، لە ئاسمانەوە باراند و هەمووانی لە ناو برد[30]هەربەم شێوەش لە ڕۆژی دەرکەوتنی ڕۆڵەی مرۆڤدا
ڕوودەدات. [31]جا هەرکەسێک ئەو ڕۆژە لەسەربان بێت و کەلوپەلەکەی لەماڵەوە بێت با نەچێتە خوارەوە بۆ هەڵگرتنی؛ بە هەمان شێوە
هەرکەسێک لە کێڵگەدا بێت، با نەگەڕێتەوە بۆ دواوە.[32]ژنەکەی لوتتان لەبیر بێت! [33]هەرکەسێک هەوڵی ڕزگارکردنی ژیانی خۆی بدات،
لەدەستی دەدات، هەرکەسێک لەدەستی بدات دەیپارێزێت.[34]پێتان دەڵێم: ئەو شەوە دوو کەس لە سەر جێگایەک دەخەون، یەکێکیان
دەبردرێت و ئەوی دیکەیان بە جێ دەهێڵدرێت؛ [35]دوو ژنیش پێکەوە دەستار دەگێڕن، یەکێکیان دەبردرێت و ئەوی دیکەیان
بەجێدەهێڵرێت؛ [36]لە کێڵگەکەدا دوو کەس دەبن: یەکێکیان دەبردرێت و ئەوی دیکەیان بەجێدەهێڵرێت». [37]پرسیاریان کرد: «لە کوێ ئەی
پەروەردگار؟» پێی فەرموون: «کەلاک لە کوێ بێت، داڵەکان لەوێ کۆدەبنەوە!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 18

1نموونەیەکی لە نزاکردنی بەردەوام و بە بێ بێزار بوونی بۆ هێنانەوە، 2فەرمووی: لەشارێکدا دادوەرێک هەبوو نە لە خودا دەترسا و نە
ڕێزی لە مرۆڤ دەگرت.3لەو شارەدا بێوەژنێک هەبوو دەهاتە لای و دەیگوت: مافم لە نەیارەکەم بستێنە! 4بۆ ماوەیەک بەردەوام
داواکارییەکەی ڕەتدەکردەوە. بەڵام پاشان لە دڵی خۆیدا گوتی: تەنانەت ئەگەر لە خودا نەترسم و ڕێز لە مرۆڤیش نەگرم، 5هەرچییەک
بێت، با من دادپەروەری بۆ ئەم بێوەژنە بکەم، دەنا بێزارم دەکات، بەردەوام دێت و تووشی سەرئێشەم دەکات!»6پەروەردگار
فەرمووی: «گوێ بگرن کە دادوەری نادادپەروەر چی دەڵێت. 7ئایا خودا دادپەروەری بۆ هەڵبژێردراوەکانی ناکات کە شەو و ڕۆژ هاواری
بۆ دەبەن؟ ئایا پەلە ناکات لە وەڵامدانەوەیان؟ 8پێتان دەڵێم: بە خێرایی دادپەروەرییان بۆ جێبەجێ دەکات. بەڵام کاتێک ڕۆڵەی مرۆڤ،
دەگەڕێتەوە، ئایا باوەڕ لەسەر زەوی دەدۆزێتەوە؟»9هەروەها ئەم نموونەی بۆ کەسانێک خستووەتە ڕوو کە متمانەیان بە خۆیان هەیە کە
ڕاستودروستن و سووکایەتی بە کەسانی تر دەکەن: 10«دوو مرۆڤ سەرکەوتن بۆ پەرستگا، بۆ نزاکردن، یەکێکیان فەریسی و ئەوی
دیکەیان باجگر بوو.11فەریسییەکە وەستا و نزای کرد: خودایە سوپاست دەکەم، چونکە من وەک مرۆڤەکانی دیکە نیم، وەک چاوچنۆکان،
نادادپەروەران، داوێنپیسان و وەک ئەم باجگرە نیم: 12هەفتەی دووجار بەڕۆژوو دەبم و دەیەکی هەموو داهاتەکەم دەدەم!13بەڵام
باجگرەکە کە لە دوورەوە وەستابوو، نەیوێرا چاوەکانی بەرەو ئاسمان بەرز بکاتەوە، بەڵکو لە سنگی خۆی دا و گوتی: بەزەییت پێمدا
بێتەوە، ئای خودا من گوناهبارم! 14پێتان دەڵێم: ئەم پیاوە بە بێتاوانی چوو بۆ ماڵەکەی خۆی، بە پێچەوانەی ئەوی دیکەوە. چونکە
هەرکەسێک خۆی بەرز بکاتەوە، نزم دەکرێتەوە؛ هەرکەسێک خۆی نزم بکاتەوە، بەرز دەکرێتەوە».15هەندێکیشیان منداڵانیان لەگەڵ
خۆیان هێنا بوو بۆ ئەوەی دەستیان لە سەر دابنێت. بەڵام قوتابییەکانی کە ئەوەیان بینی، سەرزەنشتیان کردن. 16بەڵام یەشوا بانگی
کردن بۆ لای خۆی و فەرمووی: «بەریان لێ مەگرن با بچووکەکان بێنە لام، چونکە شانشینی خودا هی ئەمانە! 17ڕاستیتان پێ دەڵێم:
ئەوەی وەک منداڵێکی بچووک شانشینی خودا وەرنەگرێت، هەرگیز ناچێتە ناویەوە!»18یەکێک لە پێشەوایان لێی پرسی و گوتی:
«مامۆستای چاک، چی بکەم بۆ ئەوەی ژیانی هەتاهەتایی بە میرات بگرم؟ 19یەشوا پێی فەرموو: «بۆچی بە چاک بانگم دەکەیت؟ کەس
چاک نییە تەنیا یەکێک نەبێ، ئەویش خودایە! 20ڕاسپاردەکان دەزانی: زینا مەکە؛ مەکوژە؛ دزی مەکە؛ شایەتی بە درۆ مەدە؛ ڕێز لە باوک
و دایکت بگرە!» 21فەرمووی: «هەموو ئەمانەم هەر لە منداڵییەوە جێبەجێ کردووە.!»22یەشوا کە ئەمەی بیست، پێی فەرموو: «یەک
شت کەم بووە: هەموو ئەوەی هەتە بیفرۆشە و بەسەر هەژاراندا دابەشی بکە، گەنجینەیەکت دەبێت لە ئاسمانەکاندا. پاشان وەرە
شوێنم بکەوە!» 23بەڵام کاتێک ئەمەی بیست، زۆر دڵتەنگ بوو، چونکە زۆر دەوڵەمەند بوو.24کاتێک یەشوا ئەمەی لێ بینی، فەرمووی:
«چەند قورسە بۆ دەوڵەمەندەکان بچنە ناو شانشینی خودا! 25چونکە ئاسانترە وشتر بە کونی دەرزیدا تێپەڕێت، لەوەی دەوڵەمەندێک
بچێتە ناو شانشینی خوداوە».26ئەوانەی ئەمەیان بیست گوتیان: «کەواتە کێ ڕزگاری دەبێت؟» 27فەرمووی: «ئەوەی لای مرۆڤەکان
ئەستەمە لای خودا دەبێت!»28پەترۆ گوتی: «سەیرکە ئێمە هەموو شتێکمان بەجێهێشت و شوێنت کەوتین!» 29پێی فەرموون: «بەڕاستی
پێتان دەڵێم: هەر کەس ماڵ و ژن و برا و دایک و باوک و منداڵی بەجێهێشتووە لە پێناو شانشینی خودا، 30هەر لەم سەردەمە چەندین
هێندەی ئەوە وەردەگرێت، و لە سەردەمی داهاتوو ژیانی هەتاهەتایی بەدەست دەهێنێت!»31پاشان دوازدەکەی بردە لایەک و پێی
فەرموون: «ئێمە بەرەو یورشەلایم، سەردەکەوین و هەموو ئەو شتانەی پێغەمبەران نووسیویانە دێنە دی، لەبارەی ڕۆڵەی مرۆڤەوە.
32دەدرێتە دەستی گەلان و گاڵتە و سووکایەتی پێدەکرێت و تفی لێدەکەن. 33پاش ئەوەی بە قامچی لێ دەدەن، دەیکوژن وە لە ڕۆژی
سێهەمیشدا هەڵدەستێتەوە!»34بەڵام ئەوان لە هیچ کام لەوانە تێنەگەیشتن. چونکە ئەمەیان لێ شاراوە بۆوە و، تێنەگەیشتن کە چی
گوتراوە.35کاتێک هاتە دەوروبەری یەریخۆ، نابینایەک لە کەناری ڕێگاکە دانیشتبوو و سواڵی دەکرد. 36کاتێک گوێی لە تێپەڕبوونی خەڵکەکە
بوو، پرسیاری کرد کە چ باسە. 37پێی گوترا: «یەشوا ناسیرەیی بەوێدا تێدەپەڕێ».38بانگی کرد: «یەشوا کوڕی داڤید، بەزەییت پێمدا
بێتەوە!» 39ئەوانەی لە پێشەوە بوون سەرکۆنەیان کرد کە بێدەنگ بێت. بەڵام زیاتر و زیاتر هاواری کرد: «کوڕی داڤید، بەزەییت پێمدا
بێ!»40یەشوا وەستا و فەرمانی دا بیهێنن بۆ لای. کاتێک نزیک بووەوە لێی پرسی: 41«دەتەوێت چیت بۆ بکەم؟» گوتی: «ئەی
پەروەردگار، بیناییم بۆ بگەڕێنەوە!»42یەشوا پێی فەرموو: «ببینە! باوەڕەکەت چاکی کردیتەوە». 43دەستبەجێ بینایی بۆ گەڕاوە و شوێنی
کەوت ڕۆیشت و خودای شکۆدار کرد. کاتێک هەموو خەڵکەکە ئەوەیان بینی، ستایشی خودایان کرد.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 19

[1]پاشان چوو بۆ ناو یەریخۆ و بەناویدا تێپەڕی. [2]پیاوێک هەبوو بە ناوی زەخا، دەوڵەمەند و سەرۆکی باجگرەکان بوو.[3]هەوڵیدا ببینێ بزانێ
یەشوا کێیە، بەڵام بەهۆی قەرەباڵغی نەیتوانی، چونکە کورتە باڵا بوو. [4]بۆیە هەڵات و سەرکەوتە سەر دارێکی هەنجیر تا یەشوا ببینێت،
چونکە بڕیار بوو لەوێوە تێپەڕێت.[5]کاتێک یەشوا هاتە ئەو شوێنە، سەری بەرز کردەوە و بینی و پێی فەرموو: «زەخا، پەلە بکە و وەرە
خوارەوە، چونکە ئەمڕۆ لە ماڵی تۆ دەمێنمەوە!» [6]بۆیە بەپەلە هاتە خوارەوە و بە خۆشییەوە پێشوازی لێکرد. [7]کاتێک هەموویان ئەمەیان
بینی، سەرزەشتیان کرد و دەیانگۆت: « دەچێتە ماڵی پیاوێکی گوناهبار!»[8]بەڵام زەخا وەستا و بە پەروەردگاری گوت: «پەروەردگار،
نیوەی ئەوەی هەمە دەیدەم بە هەژاران. ئەگەر شتێکم لە هەر کەسێک داگیر کردبێت، چوار ئەوەندەی بۆ دەگەڕێنمەوە!» [9]یەشواش
پێی فەرموو: «ئەمڕۆ ڕزگاربوون هاتووە بۆ ئەم ماڵە، ئەویش کوڕی ئەڤراهامە. [10]چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ هاتووە بەدوای ونبووەکاندا
بگەڕێ و ڕزگاریان بکات».[11]لە کاتێکدا گوێیان لەم قسانە دەگرت، دیسانەوە نموونەیەکی هێنایەوە، چونکە لە یورشەلایم نزیک ببوو و
پێیان وابوو کە شانشینی خودا ڕابگەیەنرێت، [12]فەرمووی: «پیاوێکی خانەدان چووە وڵاتێکی دوور بۆ ئەوەی شانشینێک بۆ خۆی
وەربگرێت و دواتر بگەڕێتەوە.[13]بۆیە دە خزمەتکارەکەی بانگ کرد و دە کیسە زیوی بۆ دانان، و پێی گوتن: بازرگانی پێوە بکەن تا
دەگەڕێمەوە. [14]بەڵام خەڵکی وڵاتەکەی ڕقیان لێی بوو، بۆیە شاندێکیان بەدوادا نارد و گوتیان: ئێمە نامانەوێت ئەم پیاوە
فەرمانڕەواییمان بکات! [15]کاتێک پاش وەرگرتنی شانشینەکە گەڕایەوە، فەرمانی دا ئەو خزماتکارانەی کە پارەکەی بۆ دانابوون
بانگهێشت بکرێن، بۆ ئەوەی بزانێت، هەریەکەیان لە بەشەکەی خۆیان چیان دەست کەوتووە.[16]یەکەمیان هاتە پێشەوە و گوتی: گەورەم،
تۆ دە کیسەت قازانج کردووە! [17]پێی گوت: باشە ئەی خزمەتکاری چاک. چونکە تۆ دەستپاک بوویت لەوەی کە کەم بوو، ئەوا
دەسەڵاتداری دە شار بە![18]دووەمیان هاتە پێشەوە و گوتی: گەورەم، پێنج کیسەت قازانج کردووە! [19]بەویشی گوت: تۆ دەبیتە
دەساڵاتداری پێنج شار![20]پاشان خزمەتکارێکی تر هاتە پێشەوە و وتی: گەورەم ئەوەتا کیسە زیوەکە لە دەسماڵێکا پێچابوومەوە و
پارێزگاریم لێکرد. [21]من لێت دەترسام چونکە تۆ مرۆڤێکی دڵڕەقیت، ئەوەی نەتسپاردووە وەریدەگریت، ئەوەی نەتچاندووە دروێنەی
دەکەیت![22]پێی گۆت: بە زاری خۆت بڕیارت لەسەر دەدەم، ئەی بەندەی خراپەکار: تۆ زانیت کە من پیاوێکی دڵڕەقم، ئەوەی
نەمسپاردووە وەریدەگرم و ئەوەی نەمچاندووە دروێنەی دەکەم. [23]بۆچی نەتسپارد بە پارەگۆڕەوەکان، بۆ ئەوەی کە هاتمەوە
قازانجەکەی وەربگرم؟[24]پاشان بەوانەی لەوێ وەستابوون گوتی: زیوەکەی لێ وەربگرن و بیدەن بە خاوەنی دە کیسەکە. [25]پێیان گوت:
گەورەم دە کیسەی هەیە! گوتی:[26]پێتان دەڵێم هەرکەسێک هەیبێت پێی دەدرێت؛ وە سەبارەت بەو کەسەی کە نییەتی، تەنانەت ئەوەیش
کە هەیەتی لێی دەسەندرێتەوە. [27]ئەو دوژمنانەی کە نەیاندەویست من پاشایان بم، بیانهێنە ئێرە و لەبەردەممدا سەریان ببڕن!»[28]پاش
ئەم قسانە، بەرەو یورشەلایم بەڕێکەوت.[29]کاتێک لە بێتفاگە و بێت ئەنیا نزیک بۆوە، لە چیای ناسراو بە زەیتون، دوو لە قوتابییەکانی نارد
و پێی فەرموون: [30]«بڕۆن بۆ گوندی بەرامبەرتان، کاتێک دەچنە ناو گوندەکە جاشکێک دەبینن کە بەستراوەتەوە، کە تا ئێستا هیچ کەسێک
سواری نەبووە. گوریسەکەی بکەنەوە و بیهێنن بۆ ئێرە. [31]ئەگەر کەسێک لێی پرسین: بۆچی گوریسەکەی لێ دەکەنەوە؟ ئەمەی پێ
بڵێن: چونکە پەروەردگار پێویستی پێی هەیە!»[32]دوو قوتابییەکە، ڕۆیشتن و وەک چۆن پەروەردگار پێی فەرمووبوون دۆزییانەوە. [33]لە
کاتێکدا کە جاشکەکەیان دەکردەوە، ئەوانەی لای جاشکەکە بوون لێیان پرسین: «بۆچی جاشکەکە دەکەنەوە؟» [34]گوتیان: «چونکە
پەروەردگار پێویستی پێیەتی!» [35]پاشان هێنایان بۆ لای یەشوا؛ جلەکانیان خستە سەر جاشکەکە یەشوا سواری بوو. [36]کاتێک دەڕۆیشتن،
خەڵکی جلەکانیان لەسەر ڕێگاکەدا بۆ ڕادەخست.[37]کاتێک نزیک بۆوە (لە یورشەلایم)، و گەیشتە بناری چیای زەیتوون، قوتابییەکانی بە
خۆشحاڵییەوە بە دەنگی بەرز ستایشی خودایان دەکرد بۆ هەموو ئەو پەرجووانەی کە بینیویانە [38]دەیانگوت: «پیرۆزە ئەو پاشایەی کە بە
ناوی پەروەردگارەوە دێت! ئاشتی لە ئاسمان و شکۆمەندی لە بەرزترینیدا!»[39]بەڵام هەندێک لە فەریسییەکان لەناو خەڵکەکەدا پێیان
گوت: «مامۆستا، سەرزەنشتی قوتابییەکانت بکە!» [40]وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «پێتان دەڵێم ئەگەر ئەمانە بێدەنگ بن، بەردەکان
هاوار دەکەن!»[41]کاتێک نزیک بۆوە، و شارەکەی بینی، بۆی گریاو [42]فەرمووی: «خۆزگە تۆش لەم ڕۆژدا بتزانیبا لە چ ئاشتیەکدایت! بەڵام
ئەوە ئێستا لە چاوەکانت شاراوەیە.[43]ڕۆژانێک دێت دوژمنەکانت دێنەسەرت و چواردەورت دەگرن، گەمارۆت لە سەر توند دەکەن لە
هەموو لایەکەوە، [44]وێرانت دەکەن بە سەر ڕۆڵەکانتدا. بەرد بە سەر بەردتەوە نامێنێ: چونکە کاتی بەسەرکردنەوەی خودات نەزانی».
[45]کاتێک چووە ناو پەرستگاکە، دەستی کرد بە دەرکردنی ئەوانەی کە تێیدا کڕین و فرۆشتنیان دەکرد، [46]پێی فەرموون: نووسراوە:
«ماڵەکەم ماڵی نزا کردنە. ئێوە کردتان، بە ئەشکەوتی تاڵانچیەکان!»[47]هەموو ڕۆژێ لە پەرستگاکە فێرکاری دەکرد. سەرۆک کاهینەکان
و زانایانی تەورات و کەسایەتییە دیارەکانی گەلیان هاندەدا بیکوژن. [48]بەڵام نەیاندەزانی چی بکەن، چونکە هەموو خەڵکەکە بۆ گوێگرتن
پەیوەست بوون پێیەوە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 20

[1]کاتێک خەڵکەکەی لە پەرستگا فێردەکرد و مزگێنی دەدا، سەرۆک کاهینەکان و زانایانی تەورات و پیران، لەگەڵی کەوتنە وتووێژ و
گوتیان: [2]«پێمان بڵێ، بە چ دەسەڵاتێک ئەم کارە دەکەیت؟ یان کێ ئەم دەسەڵاتەی پێداویت؟»[3]یەشوا وەڵامی دایەوە و فەرمووی:
«منیش یەک شتتان لێ دەپرسم و وەڵامم بدەنەوە: [4]ئایا لە ئاوهەڵکێشانی یۆخەنان لە ئاسمانەوە بوو یان لە مرۆڤەوە؟»[5]بۆیە لە نێوان
خۆیاندا ڕاوێژیان کرد و گوتیان: «ئەگەر بڵێین: لە ئاسمانەوە»، دەڵێت: بۆ باوەڕتان پێی نەبوو؟ [6]وە ئەگەر بڵێین: لە مرۆڤەکان، هەموو
خەڵک بەردبارانمان دەکەن، چونکە پێیان وایە کە یۆخەنان پێغەمبەر بووە».[7]وەڵامیان دایەوە کە نازانین لە کوێوەیە. [8]یەشوا پێی
فەرموون: «کەواتە منیش پێتان ناڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەو کارانە دەکەم!»[9]بە نموونە لەگەڵ خەڵکەکە قسەی ئەکرد: «پیاوێک رەزێکی
چاند و دای بە ڕەزەوانان و بۆ ماوەیەکی زۆر گەشتی کرد. [10]لە وەرزی دروێنەدا خزمەتکارێکی بۆ لای ڕەزەوانان نارد، تا لە بەرهەمی
ڕەزەکەی پێبدەن. بەڵام ڕەزوانەکان لێیان دا و بە دەستی بەتاڵ ڕەوانەیان کردەوە.[11]بۆیە خزمەتکارێکی تری نارد. بەڵام ئەویش لێیاندا
و سوکایەتیان پێکرد و بە دەستی بەتاڵ ناردیانەوە. [12]پاشان دیسان خزمەتکاری سێهەمی نارد، ئەویشیان بریندار کردو لە ڕەزەکە
فڕێیاندایە دەرەوە.[13]خاوەنی باخی ترێ گوتی: چی بکەم؟ کوڕە خۆشەویستەکەم دەنێرم، چونکە سڵی لێ دەکەنەوە! [14]بەڵام هەر کە
رەزەوانەکان بینییان، لە نێوان خۆیاندا ڕاوێژیان کرد و گوتیان: ئەمە میراتگرەکەیە، بۆیە با بیکوژین بۆ ئەوەی میراتەکە بۆ ئێمە بەجێ
بمێنێ.[15]ئینجا کوشتیان و لە ڕەزەکە فڕێیاندایە دەرەوە. کەواتە خاوەنی ڕەزەکە چییان لێدەکات؟ [16]دێت و ئەو ڕەزەوانانە لەناو دەبات،
ڕەزەکەی ڕادەستی خەڵکی تر دەکات». کە ئەمەیان بیست گوتیان: «لە ئێمە بە دور بێت!»[17]بەڵام سەیری کردن و فەرمووی: «ئینجا
مانای ئەم بڕگەیە چییە کە نووسراوە: ئەو بەردەی بیناسازەکان ڕەتیان کردۆتەوە هەمان ئەو بەردەیە کە بوو بە بەردی بناغە؟
[18]هەرکەسێک بکەوێتە سەر ئەم بەردە تێک دەشکێ، و بە سەر هەر کەسێکیشدا بکەوێت پانی دەکاتەوە؟»[19]سەرۆک کاهینەکان و
مامۆستایانی تەورات هەر ئەوکات هەوڵیان دا بیگرن، بەڵام لە خەڵکەکە دەترسان، چونکە تێگەیشتن کە نموونەکە مەبەستی لەوانە.
[20]بۆیە چاودێرییان دەکرد و سیخوڕەکان بەدەوریدا بڵاوبوونەوە و وا خۆیان پیشان دەدا کە ڕاستگۆن، بۆ ئەوەی بە وشەیەک کە
دەیفەرموو، بیگرن و ڕادەستی دادوەر و فەرمانڕەوای بکەن.[21]پاشان لێیان پرسی: «مامۆستا، ئێمە دەزانین کە تۆ بە ڕاستی قسە
دەکەیت و فێر دەکەیت، پێگەی مرۆڤەکان لەبەرچاو ناگریت، بەڵکو ڕێگای خودا بە ڕاستی فێر دەکەیت: [22]ئایا ڕێگەپێدراوە بۆ ئێمە باج
بە قەیسەر بدەین، یان نا؟»[23]بە فێڵەکەیانی زانی، پێی فەرموون: [24]«دینارێکم پیشان بدەن: وێنە و نەخشی کێی لەسەرە؟» ئەوانیش
وەڵامیان دایەوە: «هی قەیسەرە!»[25]پێی فەرموون: «کەواتە ئەوەی هی قەیسەرە بیدەنەوە بە قەیسەر و ئەوەی هی خودایە بیدەن بە
خودا». [26]نەیانتوانی بە وشەیەک کە فەرمووی لەبەردەم گەلدا بیخەنە داوەوە، بەو شتەی بیستیان سەرسام بوون.[27]هەندێک لە
سەدوکیمەکان کە بڕوایان بە هەستانەوەی مردووان نەبوو، لەگەڵی کەوتنە وتووێژ و پرسیاریان لێکرد و گوتیان: [28]«مامۆستا، موشە بۆی
نووسیوین: ئەگەر کەسێکی وەجاخ کوێر بمرێت، لەسەر براکەیەتی هاوسەرگیری لەگەڵ براژنەکەی بکات و لە سەر ناوی براکەی وەچە
بخاتەوە.[29]حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێنا و بە وەجاخ کوێری مرد، [30]پاشان دووهەمی لەگەڵ ژنەکەی هاوسەرگیری کرد، پاشان
سێهەمین برا هێنای، [31]هەرحەوت براکە ژنەکەیان هێنا و بە وەجاخ کوێری مردن. [32]دوای هەموویان ژنەکەش مرد. [33]لە هەستانەوەدا،
ژنەکە دەبێتە ژنی کامیان، چونکە ژنی هەر حەوتیان بووە».[34]یەشوا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «ڕۆڵەکانی ئەم سەردەمە شوو دەکەن
و ژن ئەخوازن. [35]سەبارەت بەوانەی کە شایستەن لە ڕۆژی دوایی هەڵبستنەوە، نە شوو دەکەن و نە ژن دەهێنن. [36]چونکە چیتر ناتوانن
بمرن، ئەوان وەک فریشتەکانن و ڕۆڵەی خودان، ڕۆڵەی زیندووبوونەوەن.[37]وە سەبارەت بە زیندووبوونەوەی مردووەکان، تەنانەت
موشە ئاماژەی بەو شتە کردووە کاتێک باس لە دەوەنە دەکات، کە تێیدا پەروەردگاری، بە خودای ئەڤراهام و، خودای یيتساخ و خودای
یاکۆڤ بانگ کرد. [38]بەڵام خودا خودای مردووەکان نییە، بەڵکو خودای زیندووەکانە، چونکە هەمووان بەو دەژین!»[39]هەندێک لە زانایان
گوتیان: «مامۆستا، فەرمایشتەکانت ڕاستە!» [40]پاش ئەوە کەس نەیوێرا هیچی لێ بپرسێت.[41]پێی فەرموون: «چۆن دەگوترێت مەسیح
کوڕی داڤیدە، [42]لە کاتێکدا داڤید خۆی لە سیپارەی زەبوورەکاندا دەڵێت: پەروەردگار بە پەروەردگارمی فەرموو: لە ڕاستەی من دانیشە
[43]تا دوژمنەکانت دەکەمە تەختەپێت؟ [44]ئەوەتا داڤید بە پەروەردگار بانگی دەکات، ئیتر چۆن دەتوانێت کوڕی ئەو بێت؟»[45]لە کاتێکدا
هەموو خەڵک گوێیان لێ بوو: بە قووتابییەکانی فەرموو: [46]«ئاگاداری مامۆستایانی تەورات بن، کە حەز دەکەن بە جل و بەرگی رازاوە
بیبندرێن، لە گۆڕەپانە گشتییەکان، و لە کەنیشتەکان لە ڕیزی پێشەوە دانیشن و لە ئاهەنگەکانیشدا لای سەرەوە بگرن؛ [47]ماڵی
بێوەژنەکان دەخۆن و شانازی بە نزای درێژەوە دەکەن. ئەمانە بڕیاری توندتریان لە سەر دەدرێت!»



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 21

1سەیری کرد و بینی دەوڵەمەندەکان پێشکەشییەکان دەخەنە ناو گەنجینەی پەرستگاکە. 2هەروەها بینی بێوەژنێکی هەژار دوو فلسی
خستە ناوی. 3فەرمووی: «ڕاستیتان پێ دەڵێم ئەم بێوەژنە هەژارە لە هەموویان زیاتری خستۆتە ناوی. 4چونکە هەموو ئەم خەڵکە
لەوەی کە لێیان زیادەیە دەیخەنە ناو گەنجینەکەوە. بەڵام ئەو سەرەڕای نیازمەندییەکەی، هەرچی هەیبوو بۆ بژێوی خۆی بەخشی!»5لە
کاتێکدا هەندێکیان باسیان لەوە دەکرد کە پەرستگاکە بە بەردی جوان و ئەو دیارییانەی بۆ خودا تەرخان کراون ڕازاوەتەوە، 6فەرمووی:
«ئەو ڕۆژە دێت کە بەرد بەسەر بەردیەوە نامێنێ و دەڕوخێت».7لێیان پرسی و گوتیان: «مامۆستا، کەی ئەمانە ڕوودەدەن؟ ئەو
نیشانەیە چییە کە لە کاتی نزیک بوونەوەی ڕووداوەکە دەردەکەوێت ؟» 8فەرمووی: «ئاگادار بن! هەڵنەخەڵێن! چونکە زۆر کەس بە
ناوی منەوە دێن و دەڵێن: من ئەوم و کاتەکە نزیکە، شوێنیان مەکەون! 9کاتێک گوێتان لێبوو کە شەڕ و بەریەککەتن لە ئارادایە، تووشی
شڵەژان مەبن، چونکە سەرەتا دەبێ ئەم شتانە ڕوو بدەن لە پێش هەموو شتێکەوە، بەڵام ئەوە هێشتا کۆتایی نییە، پاشان من
دێم!»10ئینجا پێی فەرموون: «نەتەوە دژی نەتەوە و شانشین دژی شانشین دەوەستنەوە، 11لە زۆر شوێن بوومەلەرزەی گەورە و
برسێتی و نەخۆشی و دەرد ڕوودەدات، نیشانەی ترسناک و گەورە لە ئاسمانەوە دەردەکەون.12بەڵام پێش هەموو ئەمانە خەڵک
دەتانگرن و دەتانچەوسێننەوە و ڕادەستی کەنیشت و بەندیخانەکانتان دەکەن، لەبەر ناوی من دەتانخەنە بەردەم پاشا و فەرمانڕەواکان.
13ئەوە دەرفەتتان پێدەدات کە شایەتحاڵ بن.14بۆیە بیخەنە دڵتانەوە تا پێشوەختە خۆتان بۆ بەرگری کردن ئامادە نەکەن، 15چونکە من
وشە و داناییتان پێ دەدەم کە هەموو نەیارەکانتان ناتوانن ڕەتی بکەنەوە و دژایەتی بکەن.16تەنانەت دایک و باوک و برا و خزم و
هاوڕێ، ڕادەستتان دەکەن و هەندێکتان دەکوژن 17لەبەر ناوی من ڕقیان لێتان دەبێتەوە. 18بەڵام تاڵە موویەک لە سەرتان بە هیچ
شێوەیەک نافەوتێ. 19بۆ هەموو ئەگەرێکی نەخوازراو خۆتان ئامادە بکەن!20کاتێک یورشەلایم دەبینن کە لەلایەن سوپاوە گەمارۆ دراوە،
بزانن کە لەناوچوونی نزیکە. 21ئینجا با ئەوانەی لە ناوچەی یەهودیان بەرەو شاخەکان هەڵبێن، و ئەوانەی تێیدان لە شارەکە بڕۆن و
نەچنە ناو گوندەکان: 22چونکە ئەم ڕۆژانە ڕۆژانی تۆڵەسەندنەوەن و هەموو ئەوەی کە نووسرابوو دێتە دی.23هاوار بۆ ئەوانەی دووگیانن
و ئەوانەی شیر دەدەن لەو ڕۆژانەدا، چونکە ناخۆشییەکی مەزن بەسەر زەوی و تووڕەییەکی گەورە بەسەر ئەم گەلەدا دێت،
24بەزەبری شمشێر پەلکێشتان دەکەن و بە دیلی بۆ ناو نەتەوەکان ڕاپێچ دەکرێن، یورشەلایم لەلایەن گەلانەوە پێشێل دەکرێت تا
سەردەمی نەتەوەکان کۆتایی پێ دێت.25نیشانەکان لە خۆر و مانگ و ئەستێرەکاندا دەردەکەون و ناڕەحەتی لەسەر زەوی بۆ ئەو گەلانە
دروست دەبێت کە لە سەرلێشێواویدان، دەریا و شەپۆلەکان دەهەژێن، 26خەڵکەکە لە ترس و چاوەڕوانی ئەوەی جیهان دەگرێتەوە
بێهۆش دەبن، هێزی ئاسمانەکان دەهەژێت. 27پاشان ڕۆڵەی مرۆڤ دەبینن کە لە هەورەکاندا بە هێز و شکۆمەندییەکی گەورەوە دێت.
28بەڵام کاتێک ئەم شتانە دەستیان بە ڕوودان کرد، هەستن و سەرتان بەرز بکەنەوە چونکە ڕزگاربوونتان نزیک دەبێتەوە».29نموونەیەکی
بۆ هێنانەوە: «سەیری دار هەنجیر و ئەو دارانەی تر بکەن! 30کاتێک دەیبینن گەڵای دەرکردووە ئەوسا دەزانن کە هاوین نزیکە. 31ئێوەش
کاتێک دەبینن ئەم شتانە ڕوودەدەن، بزانن کە شانشینی خودا نزیکە.32ڕاستیتان پێدەڵێم ئەم نەوەیە هەرگیز لەناو ناچێت تا هەموو
ئەمانە ڕوو نەدەن. 33ئاسمان و زەوی بەسەر دەچن، بەڵام وشەکانی من هەرگیز بەسەر ناچن.34بەڵام ئاگاداری خۆتان بن نەکا چێژ و
سەرخۆشی و خەمی ژیان دڵتان ڕەق بکات؛ 35ئەو ڕۆژە لەناکاو وەک تەڵە بەسەرتاندا دێت چونکە بە سەر هەموو ئەوانەدا دەدات کە
لەسەر زەوی نیشتەجێن.36بە ئاگابن و لە هەموو کاتێکدا نزا بکەن، تاکو بتوانن لە هەموو ئەمانە ڕزگارتان بێت کە خەریکە ڕوودەدەن،
پاشان لەبەردەم ڕۆڵەی مرۆڤدا بوەستن».37بەڕۆژ لە پەرستگاکە فێری دەکردن، شەویش دەچووە دەرەوە و لەو چیایەی ناسراوە بە
چیای زەیتون دەمایەوە. 38هەموو خەڵک بەیانیان زوو دەچوونە پەرستگا تا گوێی لێبگرن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 22

1جەژنی فەتیرە، کە بە جەژنی پەسخە ناسراوە نزیک بۆوەو 2سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی تەورات هێشتا هەوڵی کوشتنی
یەشوایان دەدا، چونکە لە گەل دەترسان.3شەیتان چووە ناو یەهودا کە ناسراو بە ئیسخاریۆتی، و لە دوازدەکە بوو. 4جا چوو لەگەڵ
سەرۆک کاهینەکان و سەرکردەکانی پاسەوانی پەرستگا قسەی کرد کە چۆن بە گرتی بدات.5بۆیە دڵخۆش بوون، و ڕێککەوتن کە بڕێک
پارەی پێ بدەن. 6ڕەزامەند بوو، و چاوەڕێی دەرفەتێک بوو تا دوور لە چاوی خەڵک ڕادەستیانی بکات.7ڕۆژی فەتیرە هات، کە بڕیار بوو
جەژنی پەسخە (بەرخ) بکرێتە قوربانی. 8پاشان یەشوا پەترۆ و یۆخەنای نارد و پێی فەرموون: «بڕۆن ئامادە کاری خوانی جەژنی
پەسخەمان بۆ بکەن!» 9لێیان پرسی: «دەتەوێت لە کوێ ئامادەکاری بکەین؟»10پێی فەرموون: «هەر کە چوونە ناو شارەوە، چاوتان بە
پیاوێک دەکەوێت کە گۆزەیەکی ئاوی هەڵگرتووە، بەدوایدا بڕۆن بۆ ئەو ماڵەی کە دەچێتە ژوورەوە. 11بە خاوەنی ئەو ماڵە بڵێن: مامۆستا
پێت دەڵێت: کوا ئەو ژووری میوانداریيە کە تێیدا بڕیارە لەگەڵ قوتابییەکانم نانی جەژنی پەسخە (بەرخ) بخۆم؟12ژوورێکت پیشان دەدات
لە نهۆمی سەرەوە، گەورە و تەرخانکراو، ئەوێم بۆ ئامادە بکەن!» 13چوون و دۆزییانەوە، وەک ئەوەی پێی فەرمووبوون، و ئامادەکاریان
بۆ جەژنی پەسخە کرد.14کاتەکەی کە هات، لەگەڵ نێردراوان دانیشت، 15پێی فەرموون: «پێش ئەوەی ئازار بچێژم تامەزرۆ بووم لەم
پەسخەیەدا لەگەڵتان بخۆم. 16چونکە پێتان دەڵێم: ئیتر لێی ناخۆم، تا لە شانشینی خودادا بەدی دێت».17جامێکی هەڵگرت و
سوپاسگوزاری کرد، فەرمووی: «ئەمە بگرن و لە نێوانتاندا دابەشی بکەن. 18چونکە پێتان دەڵێم تا شانشینی خودا نەیەت، لە بەرهەمی
ترێ ناخۆمەوە!»19پاشان نانێکی هەڵگرت، سوپاسگوزاری کرد، و لەتی کرد، و پێیدان و پێی فەرموون: «ئەمە جەستەی منە کە لە
پێناوتان دراوە. بۆ یادی من ئەمە بکەن!» 20بە هەمان شێوە دوای نانخواردن جامەکەی هەڵگرت و فەرمووی: «ئەم جامە پەیمانی نوێیە
بە خوێنی من کە بۆ ئێوە دەڕژێت.21دەستی ئەو کەسەی بە گرتم دەدات لەسەر مێزەکە لەگەڵمدایە. 22چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت
وەک چۆن دیاری کراوە بڕوات، بەڵام هاوار بەو پیاوەی کە بە گرتنی دەدات!» 23بۆیە لە نێوان خۆیاندا دەستیان کرد بە پرسیارکردن:
کێ لەوان خەریکە ئەم کارە دەکات.24ناکۆکییەک لە نێوانیاندا دروست بوو کە کامیان بە مەزنترین هەژمار دەکرێت. 25پێی فەرموون:
«پاشاکانی گەلان فەرمانڕەواییان لە سەر دەکەن و ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە پێیان دەوترێت چاکەکار.26با لای ئێوە وا نەبێت، بەڵکو
گەورەترینتان وەک بچووکترین و سەرکردە وەک خزمەتکار بێت. 27کێ گەورەترە: ئەو کەسەی کە پاڵی داوەتەوە یان ئەو کەسەی کە
خزمەت دەکات؟ بەڵام من وەک خزمەتکارێک لە نێوانتاندام.28ئێوەن لە تاقیکردنەوەکانمدا لەگەڵم مانەوە. 29من شانشینییەکتان بۆ
ئامادە دەکەم، وەک باوکم بۆی دیاری کردم، 30تا لە شانشینی من لەسەر مێزەکەم بخۆن و بخۆنەوە و لەسەر تەخت دابنیشن و
دادوەری دوازدە هۆزی یەسرائیل بکەن».31پەروەردگار فەرمووی: «شیمۆن، شیمۆن! بڕوانە شەیتان دەخوازێ تاقیتان بکاتەوە وەک
گەنم لە هێڵەکتان بدات، 32بەڵام من نزام بۆ کردیت کە باوەڕەکەت نەفەوتێنی. تۆش کە گەڕایتەوە براکانت بەهێز بکە».33پێی گوت:
«پەروەردگار، من ئامادەم لەگەڵت بچم بۆ زیندان و تەنانەت بۆ مردنیش!» 34فەرمووی: «من پێت دەڵێم پەترۆ ئەمڕۆ پێش ئەوەی
کەڵەشێر بخوێنێ تۆ سێ جار نکۆڵی لە ناسینی من دەکەیت!»35ئینجا پێی فەرموون: «کاتێک ئێوەم نارد بەبێ کیسە پارە و جانتا و پێڵاو،
ئایا پێویستتان بە هیچ شتێک بوو؟» گوتیان: «نەخێر!» 36پێی فەرموون: «ئێستا هەرکەسێک کیسە پارەی هەیە هەڵیگرێت؛ بە هەمان
شێوە ئەو کەسەی کە توورەکەی پێخۆری هەیە. وە هەرکەسێک نیەتی با کەواکەی بفرۆشێت و شمشێرێک بکڕێت.37لەبەر ئەوە پێتان
دەڵێم: ئەمەی کە نوسراوە لەگەڵ تاوانباران داندرا، دەبێ لە مندا بێتەدی، چونکە هەموو پێشبینییەکان سەبارەت بە من جێبەجێی
دەبێت!» 38گوتیان: «پەروەردگار لێرەدا دوو شمشێر هەیە». پێی فەرموون: «بەسە!»39پاشان ڕۆیشتوو وەک نەریتی خۆی چووە چیای
زەیتوون و قوتابییەکانیش بەدوایدا ڕۆیشتن. 40کاتێک گەیشتە شوێنەکە پێی فەرموون: «نزا بکەن تا نەچنە ناو تاقیکردنەوە».41بە دووری
نزیکەی فڕێدانی بەردێک لێیان دوور کەوتەوە و لە نزادا کەوتە سەر ئەژنۆ و 42فەرمووی: باوکە، ئەگەر بتەوێت با ئەم جامە لە من
تێپەڕێت. بەڵام نەک بە ویستی من بەڵکو، با بە ویستی تۆ بێت».43فریشتەیەک لە ئاسمانەوە بۆی دەرکەوت و بەهێزی کرد. 44چونکە لە
ململانێدا بوو، بەوپەڕی گوڕوتینەوە نزای دەکرد؛ بەجۆرێک ئارەقەکەی وەک دڵۆپی خوێن بوو کە دەکەوتە سەر زەوی.45ئینجا لە نزا
کردن بۆوە و هاتە لای قوتابییەکان و بینی لە خەفەتدا خەوتوون. 46پێی فەرموون: بۆچی خەوتوون؟ هەستن و نزا بکەن تا نەخرێنە ناو
تاقیکردنەوە!»47کاتێک هێشتا قسەی دەکرد، بینیان کۆمەڵە خەڵکێک نزیک دەبنەوە ئەوەی پێشیان کەوتبوو بە یەهودا بانگیان دەکرد، کە
یەکێک بوو لە دوازدەکە. بۆیە چووە لای یەشوا تا ماچی بکات. 48یەشوا پێی فەرموو: «یەهودا، تۆ بە ماچێک ڕۆڵەی مرۆڤ بە گرتن
ئەدەیت؟»49کاتێک دەوروبەری بینییان چی ڕوودەدات، گوتیان: «پەروەردگار، بە شمشێر لێبدەم؟» 50یەکێکیان لە خزمەتکاری سەرۆک
کاهینەکەی دا و گوێی ڕاستی بڕی. 51یەشوا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «زیادەڕەوەوی مەکە!» دەستی لە گوێیدا و چاکی کردەوە.
52یەشوا بە سەرۆک کاهینەکان و سەرکردەکانی پاسەوانی پەرستگا و پیران، و ئەوانەی بەرەوڕووی دەهاتن فەرمووی: «ئێوە بە
شمشێر و دارەوە وەک ئەوەی بۆ دزێک هاتوون؟ 53لە کاتێکدا هەموو ڕۆژێک لە پەرستگا لەگەڵتان بووم، دەستتان بۆ نەبردم. بەڵام ئەمە
کاتی ئێوەیە و دەسەڵاتی ئێستاش بۆ تاریکییە!»54دەستگیریان کرد، بردیان بۆ ناو کۆشکی سەرۆکی کاهینەکان. پەترۆ لە دوورەوە
شوێنی کەوتبوو. 55ئاگرێک لە حەوشەکەدا کرایەوە و هەندێکیان لە دەوری دانیشتن، پەترۆیش لەنێویاندا دانیشت.56خزمەتکارێک بینی لە
لای ڕووناکی دانیشتووە، و بە وردی سەیری کرد و گوتی: «ئەمە لەگەڵی بوو!» 57 بەڵام نکۆڵی کرد و گوتی «ئەی ژن، من نایناسم!»
58دوای ماوەیەکی کەم کەسێکی تر بینی و گوتی «تۆ یەکێکیت لەوان!» بەڵام پەترۆ گوتی: «کابرا، من نیم!»59دوای نزیکەی کاتژمێرێک،
کەسێکی دیکە گوتی: «بەڕاستی ئەم پیاوەش لەگەڵیدا بوو، چونکە خەڵکی گەلیلیە!» 60پەترۆیش گوتی: «کابرا، نازانم تۆ چی دەڵێیت!»
دستبەجێ، لەکاتێکدا هێشتا قسەی دەکرد، کەڵەشێرەکە خوێندی.61بۆیە پەروەردگار ڕووی کردە پەترۆ. پاشان پەترۆ قسەی
پەروەردگاری بیر کەوتەوە، کاتێک پێی فەرموو: «پێش ئەوەی کەڵەشێرەکە بخوێنێت، تۆ سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەی». 62چووە دەرەوە و
گریانێکی بە کوڵ گریا.63ئەو پیاوانەی کە پاسەوانی یەشوایان دەکرد، دەستیان کرد بە گاڵتەکردن و لێدانی و، 64دەموچاویان داپۆشی و
لێیان پرسی: «ئادەی پێش بینی بکە! کێ لێی دایت؟» 65و چەندین سووکایەتی تریان پێکرد.66کاتێک ڕۆژ بۆوە، کۆبوونەوەی پیرانی گەل
لە سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی تەورات پێکهات، و بردیانە بەردەم کۆبوونەوەکەیان. 67گوتیان: «ئەگەر تۆ مەسیحیت، پێمان بڵێ!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

[68]پێی فەرموون: «ئەگەر پێتان بڵێم باوەڕ ناکەن و ئەگەر لێتان بپرسم وەڵامم نادەنەوە.[69]بەڵام لە ئێستاوە ڕۆڵەی مرۆڤ لە ڕاستەی هێزی خودا دادەنیشێت!» [70]هەموویان گوتیان: «کەواتە تۆ ڕۆڵەی خودایت؟» پێی فەرموون: «ئێوە گوتتان، من ئەوم!» [71]گوتیان: «ئایا پێویستمان بە شایەتحاڵ هەیە؟ سەیرکەن، ئەوەتا لە زاری خۆیەوە بیستمان!»

## Chapter 23

[1]هەموو جەماوەرەکە هەستان و یەشوایان بردە لای پیلاتۆس. [2]دەستیان کرد بە تۆمەتبارکردنی و گوتیان: «بۆ ئێمە ڕوون بووەوە کە
ئەمە گەلەکەمان بەلاڕێدا دەبات، و ڕێگری دەکات لە پێدانی باج بە قەیسەر و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو مەسیحەکە و
پاشایە!»[3]پیلاتۆس لێی پرسی: ئایا تۆ پاشای یەهوودیت؟ لە وەڵامدا وتی: «تۆ گوتت!» [4]ئینجا پیلاتۆس بە سەرۆک کاهینەکان و
جەماوەرەکەی گوت: «من هیچ تاوانێک لەم پیاوەدا نادۆزمەوە!» [5]بەڵام ئەوان بەردەوام بوون و گوتیان: «ئەو گەل دەوروژێنێت،
فێرکاری دەکرد لە هەموو یەهودیا، لە گەلیلیەوە تا ئێرە!»[6]کاتێک پیلاتۆس بیستی باسی گەلیلی کراوە، پرسیاری کرد: «ئایا پیاوەکە
خەڵکی گەلیلیە؟». [7]کاتێک زانی کە سەر بە دەسەڵاتی هیرۆدە، ڕەوانەی لای هیرۆدی کردەوە کە لەو ڕۆژانەدا لە یورشەلایم بوو.[8]کاتێک
هیرۆد یەشوای بینی، دڵخۆش بوو، چونکە تامەزرۆی بینینی بوو، زۆر شتی لەبارەیەوە بیستبوو، ئارەزووی دەکرد نیشانەیەک لەسەر
دەستی ئەنجام بدرێت. [9]لەبارەی زۆر بابەتەوە پرسیاری لێکرد، بەڵام وەڵامی هیچی نەدایەوە. [10]سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی
تەورات وەستان و بە توندی تۆمەتباریان کرد.[11]هێرۆد و سەربازەکانی سووکایەتی و گاڵتەیان پێکرد، جلێکی درەوشاوەیان لەبەرکرد و
ناردیانەوە بۆ لای پیلاتۆس. [12]ئەو ڕۆژە پیلاتۆس و هیرۆد بوونە هاوڕێ، چونکە پێشتر دوژمنایەتیان هەبوو.[13]پیلاتۆس سەرۆک کاهینەکان و
ڕێبەران و گەلەکەی کۆکردەوە. [14]پێی گوتن: «ئەم مرۆڤەتان هێنا کە خەڵک گومڕا دەکات. ئێستا من، دوای ئەوەی لە بەردەمتاندا لە
بابەتەکەم کۆڵیەوە، هیچ تاوانێکم لەم پیاوەدا نەدۆزییەوە لەوەی کە ئێوە پێی تۆمەتبار دەکەن.[15]هەروەها هیرۆدیش هیچ تاوانێکی
نەدۆزییەوە،و ناردییەوە بۆ لای ئێمە. سەیرکەن، هیچ شتێکی نەکردووە کە شایەنی مردن بێت. [16]کەواتە قامچی لێدەدەم و وازی
لێدەهێنم». [17]وە دەبوو هەموو جەژنێک یەک زیندانییان بۆ ئازاد بکات.[18]بەڵام هەموویان هاواریان کرد: «ئەمە بکوژە و باڕابامان بۆ ئازاد
بکە!» [19]کە بە هۆی ئاژاوە و کوشتنەوە خرابووە بەندیخانە.[20] پیلاتۆس جارێکی تر قسەی لەگەڵ کردن، حەزی دەکرد یەشوا ئازاد بکات.
[21]هاواریان کرد: «لە خاچی بدە! لە خاچی بدە!» [22]بۆ جاری سێیەم لێی پرسین: «ئەمە چ خراپەیەکی کردووە؟ هیچ تاوانێکم تێدا
نەدۆزیەوە کە سزاکەی مردن بێت. قامچی لێدەدەم و وازی لێدەهێنم!»[23]بە دەنگێکی بەرز هاواریان کرد، داوایان لێکرد لە خاچ بدرێت!
دەنگەکانیان زاڵ بوو، [24]و پیلاتۆس بڕیاریدا کە داواکارییەکەیان جێبەجێ بکرێت. [25]ئەو کەسەی بە تاوانی ئاژاوە و کوشتن زیندانی کرابوو،
و داوایان دەکرد ئازاد بکرێت، بۆی ئازاد کردن. سەبارەت بە یەشوا، پیلاتۆس ڕادەستی ویستی ئەوانی کرد.[26]لە کاتێکدا دەیانبرد (بۆ لە
خاچدان)، پیاوێکی خەڵک قیرەوان بوو بە ناوی شیمۆن، کە لە کێڵگەکە دەگەڕایەوە و گرتیان و ناچاریان کرد خاچەکەی هەڵبگرێت.
[27]کۆمەلێکی زۆر لە جەماوەر و ژنان شوێنی کەوتن و بۆی دەگریان و دەیانلاواندەوە. [28]یەشوا ڕووی تێکردن و فەرمووی: «کچانی
یورشەلایم، بۆ من مەگرین، بەڵکو بۆ خۆتان و بۆ منداڵەکانتان بگرین![29]سەیرکە ڕۆژانێک دێن کە خەڵک دەڵێن: خۆزگە بەو ژنە
نەزۆکانەی کە نە دووگیان بوون و نە شیریان داوە! [30] بە شاخەکان دەڵێن: بڕووخێن بە سەرماندا، بە گردەکان دەڵێن: ئێمە داپۆشن!
[31]ئەگەر کاتێ دارەکان سەوزن ئەمانە روو دەدەن، ئەی کاتێ وشک دەبن چی روودەدات؟»[32]هەروەها دوو تاوانبار لەگەڵ یەشوا بۆ
کوشتن بردران.[33]کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنەی کە پێی دەوترێت کاسەسەر، لەوێ لەگەڵ تاوانباران لە خاچیان دا، یەکێکیان لەلای ڕاست
و ئەوی دیکەیان لەلای چەپ. [34]یەشوا فەرمووی: «باوکە، لێیان خۆشبە، چونکە نازانن چی دەکەن!» بە تیروپشک جلەکانیان لە نێوان
خۆیان دابەش کرد.[35]خەڵکەکە لەوێ وەستابوون و چاودێرییان دەکرد، سەرۆکەکان گاڵتەیان پێدەکرد و دەیانگوت: «ئەو ئەوانی دیکەی
ڕزگارکرد! با خۆی ڕزگار بکات، ئەگەر ئەو مەسیحەیە کە خودا هەڵیبژاردووە!»[36]سەربازەکانیش گاڵتەیان پێکرد، هاتنە لای و سرکەیان
پێدا، و [37]گوتیان: «ئەگەر تۆ پاشای یەهوودی، خۆت ڕزگار بکە» [38]لە ژوور سەرییەوە نووسراوەیەک هەبوو کە لەسەری نووسرابوو:
«ئەمە پاشای یەهوودە ».[39]یەکێک لە تاوانبارە لە خاچ دراوەکان، کوفری پێدەکرد و گوتی: «مەگەر تۆ مەسیحەکە نیت؟ کەواتە خۆت و
ئێمە ڕزگار بکە!» [40] بەڵام ئەوی تریان لێی راخوری و گوتی: «ئایا تۆ تەنانەت لە خوداش ناترسی، لە کاتێکدا هەمان سزا دەچێژیت؟»
[41]ئێمە سزاکەمان لەبەر ئەوەیە کە پاداشتێکی دادپەروەرانە وەردەگرین لەسەر ئەو کارەی کردوومانە. بەڵام ئەم مرۆڤە، هیچ هەڵەیەکی
نەکردووە!»[42]پاشان وتی: «ئەی یەشوا، منت لە بیر بێ کاتێک بە شانشینییەکەتەوە دێیت!» [43]یەشوا پێی فەرموو: «ڕاستیت پێ دەڵێم:
هەر ئەمڕۆ لەگەڵم دەبیت لە بەهەشتدا!»[44]نزیکەی کاتژمێر شەش (کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ)، تاریکی بەسەر هەموو زەویدا باڵی کێشا
تا کاتژمێری نۆ (کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ). [45]خۆر تاریک بوو، پەردەی پەرستگاکە لە ناوەڕاستەوە دڕا.[46]یەشوا بە دەنگێکی بەرز
فەرمووی: «باوکە، گیانم ڕادەستی تۆ دەکەم!» ئینجا ئەمەی فەرموو، گیانی سپارد. [47]بۆیە کاتێک سەرپەلەکە بینی چی ڕوویداوە خودای
شکۆمەند کرد و گوتی: بەڕاستی ئەم پیاوە ڕاستودرووست بوو».[48]هەموو ئەو خەڵکەی بۆ ئەم دیمەنە کۆببوونەوە، کاتێک ئەوەیان بینی
کە ڕوویدا، بە سنگکوتانەوە دەگەڕانەوە. [49]بەڵام هەموو ناسیاوەکانی و ئەو ژنانەی لە گەلیلییەوە دوای کەوتبوون، لە دوورەوە
ڕاوەستابوون و سەیری ئەم رووداوانەیان دەکرد.[50]لە ئەنجوومەنی باڵا کەسێک هەبوو بە ناوی یۆسپ، کەسێکی ڕاستودروست و
خوداپەرست بوو، [51]لەگەڵ بڕیاری ئەندامانی ئەنجومەنەکە نەبوو، خەڵکی ڕاما بوو کە یەکێک بوو لە شارەکانی یەهودیا و ئەو یەکێک بوو
لەوانەی کە چاوەڕوانی شانشینی خودا بوون.[52]ئینجا هاتە لای پیلاتۆس و داوای تەرمی یەشوای کرد. [53]پاشان (لە خاچ) دایبەزاند و بە
کەتان کفنی کرد و لە گۆڕێک کە ( لە تاشەبەرد) هەڵکەندرابوو داینا کە پێشتر کەسی تێدا نەنێژرابوو.[54]ئەو ڕۆژەش ڕۆژی ئامادەکاری
بوو بۆ شەبات کە نزیک ببۆوەوە. [55]ئەو ژنانەی لەگەڵ یەشوا لە گەلیلی هاتبوون، شوێن یۆسپ کەوتن و گۆڕەکەیان بینی و تەرمەکەش
کە داندرابوو. [56]پاشان گەڕانەوە و بۆن و بەرامەیان ئامادە کرد و بە پێی ڕاسپاردە لە شەباتدا پشوویان دا.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

Chapter 24

1له یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، سەر لە بەیانی زوو، ژنەکان ئەو بۆن وبەرامەی ئامادەیان کردبوو هێنایان و هاتنە سەر گۆڕەکە. 2بینییان
بەردەکە لا دراوە. 3چوونە ژوورەوە، بەڵام تەرمەکەی پەروەردگار یەشوایان نەدۆزییەوە.4هێشتا لەمە سەرسام بوون، لەپڕ دوو پیاو بە
جلی درەوشاوە لەتەنیشتیان ڕاوەستان. 5ترس دایگرتن وبە ڕوودا کەوتن. پیاوەکان پێیان گوتن: «بۆچی لەنێو مردووان بەدوای
زیندووەکەدا دەگەڕێن؟6ئەو لێرە نییە، بەڵکو هەستاوەتەوە! وشەکانیتان لەبیر بێ کە هێشتا لە گەلیلی بوو 7فەرمووی: ڕۆڵەی مرۆڤ
دەبێت بدرێتە دەست خەڵکی گوناهبار، لە خاچ بدرێت و لە ڕۆژی سێهەم هەستێتەوە».8ئینجا وشەکانییان هاتەوە یاد. 9کاتێک لە گۆڕەکە
گەڕانەوە، هەواڵی هەموو ئەم بابەتەیان بە یازدە قوتابییەکە و هەموو ئەوانی دیکە دا. 10ئەوانەی هەواڵیان بە نێردراوان دا میریامی
مەگدەلین و یونا و میریامی دایکی یاکۆڤ و ئەوانی دیکەی لەگەڵیان ڕۆیشتبوون.11قسەکەیان لەلای نێردراوان وەک وڕێنە بوو،
باوەڕیان پێ نەکردن. 12بەڵام پەترۆ هەستا و بەرەو گۆڕەکە ڕایکرد. کە دانەوییەوە، بینی کەتانەکە بە تەنها دانراوە، ئینجا ڕۆیشت و
سەرسام بوو لەوەی ڕوویدابوو.13لەو ڕۆژەدا دووان لەوان دەچوونە گوندێک بە ناوی ئەمواس کە شەست تیرهاوێژ ( نزیک حەوت میل)
لە یورشەلایم دوور بوو. 14لەگەڵ یەکتر باسی هەموو ئەو شتانەیان دەکرد کە ڕوویدابوو.15کاتێک باس و وتووێژیان دەکرد یەشوا خۆی
لێیان نزیک بووەوە و لەگەڵیان دەڕۆیشت. 16بەڵام چاویان لە ناسینی داپۆشرابوو.17لێی پرسین: «ئەوە پێکەوە بەڕێوە باسی چی
دەکەن؟» 18بە ڕووگرژییەوە ڕاوەستان. یەکێکیان ناوی کلیۆپاس بوو وەڵامی دایەوە: «ئایا تەنها تۆ لە یورشەلایم بێگانەیت و ئاگات لەو
شتانە نییە کە لەم ڕۆژانەدا ڕوویدا؟»19پێی فەرموون: «چی ڕوویداوە؟» وەڵامیان دایەوە: «باسی یەشوای ناسیرەیی دەکەین، کە
پێغەمبەرێکی توانادار بوو لە وتار و کرداردا، لە بەردەم خودا و هەموو گەل، 20ئەوەی کە چۆن سەرۆکی کاهینەکان فەرمانڕەواکانمان
ڕادەستی سزای مردنیان کرد و لە خاچیان دا.21بەڵام ئێمە ئاواتە خواز بووین ئەمە ئەو کەسە بێت کە یەسرائیل دەکڕێتەوە. جگە لەمانە،
ئەمڕۆ سێهەم ڕۆژە ئەمە ڕوویداوە. 22 کەچی هەندێک لە ژنەکان تووشی سەرسووڕمانیان کردین، بەیانی زوو لەسەر گۆڕەکە بوون و
23تەرمەکەیان نەبینیبوو، هاتنەوە گوتیان، دوو فریشتەمان بینیوە دەڵێن ئەو زیندووە. 24هەندێک لە ئێمە چوونە سەر گۆڕەکە و بینییان کە
وایە، وەک ئەوەی کە ژنەکان گوتیان، بەڵام ئەویان نەبینیبوو!»25ئەویش پێی فەرموون: «ئەی کەم تێگەیشتووان و دڵخاوەکان کە باوەڕ
دەکەن بە هەموو ئەوەی پێغەمبەران باسیان کردووە! 26 نەدەبووایە مەسیح ئەم ئازارانە بچێژێت و بچێتە ناو شکۆمەندییەکەی خۆی؟»
27پاشان دەستی کرد بە ڕوونکردنەوە بۆیان، بە پشتبەستن بە موشە و هەموو پێغەمبەران، ئەوەی لە سەرجەم پەرتووکەکاندا هاتووە.
28کاتێک نزیکی ئەو گوندە بوون کە بۆی دەچوون، یەشوا وای پیشان دا کە بەرەو شوێنێکی دوورتر دەچێت. 29ئەوانیش زۆر لێی پاڕانەوە
و گوتیان: «لەلامان بمێنەرەوە، چونکە وا ئێوارەیە و ڕۆژ ئاوا دەبێت». جا چووە ژوورەوە تاکو لەگەڵیان بمێنێتەوە.30کاتێک لەگەڵیان
دانیشتبوو، نانێکی هەڵگرت، بەرەکەتداری کرد، پاشان لەتی کرد و پێیدان. 31ئینجا چاویان کرایەوە و ناسیانەوە، ئیتر لەبەرچاویان ون
بوو. 32یەکیان بەویتری گوت: «ئەرێ کاتێک لە ڕێگا قسەی بۆ دەکردین و پەرتووکە پیرۆزەکانی بۆمان ڕوون دەکردەوە دڵمان لە
ناخماندا گڕی نەگرتبوو؟»33دەستبەجێ هەستان و هاتنەوە یورشەلایم، بینییان یازدە قوتابییەکە و ئەوانەی لەگەڵیاندان کۆبوونەتەوە 34و
دەڵێن: «بە ڕاستی پەروەردگار هەستاوەتەوە و بۆ شیمۆن دەرکەوتووە». 35ئەمانیش باسی ئەو شتانەیان کرد کە لە ڕێگا بەسەریان
هاتبوو، هەروەها ئەوەی کە چۆن لە کاتی نان لەتکردنەکەدا پەروەردگاریان ناسیوەتەوە.36کە باسی ئەمەیان دەکرد، یەشوا خۆی لە
ناوەڕاستیان ڕاوەستا، و پێی فەرموون: «ئاشتی بۆ ئێوە بێت!» 37سام دایگرتن و ترسان، وایان دەزانی جنۆکە دەبینن.38پێی فەرموون:
«بۆچی پەشۆکاون؟ بۆچی گومان دەکەوێتە ناو دڵتان؟ 39سەیری دەست و پێم بکەن. بڕوا بکەن، منم ئەوە خۆمم. دەستم لێ بدەن و با
بۆتان روون ببێتەوە، چونکە جنۆکە گۆشت و ئێسقانی نییە وەک دەبینن من هەمە». 40کە ئەمەی فەرموو، دەست و پێی پیشاندان.41لە
خۆشی و سەرسوڕماندا هێشتا باوەڕیان نەدەکرد، پێی فەرموون: «لێرە خواردنتان هەیە؟» 42 ئەوانیش پارچەیەک ماسی برژاویان پێدا.
43وەریگرت و لەبەرچاویان خواردی.44ئینجا پێی فەرموون: «ئەمە ئەو وشانەن کاتێک لە نێوانتاندا بووم پێم گوتن: پێویستە هەموو
ئەوانەی لە تەوراتی موشە و پێغەمبەران و زەبووردا دەربارەی من نووسراون بێنە دی».45ئینجا هزری کردنەوە، تاکو لە نووسراوە
پیرۆزەکان تێبگەن. 46پێی فەرموون: «ئاوا نووسراوە، کە مەسیح ئازار دەچێژێت و لە ڕۆژی سێهەم لەنێو مردووان هەڵدەستێتەوە، 47بە
ناوی ئەویش پاشگەز بوونەوە بۆ لێخۆشبوونی گوناهە بە هەموو گەلان مزگێنی دەدرێت ئەمەش لە یورشەلایمەوە دەستپێدەکات.48ئێوە
شایەتی ئەم شتانەن. 49ئەوەتا من ئەوەتان بۆ دەنێرم کە باوکم بەڵێنی داوە. بەڵام لە شار بمێننەوە، هەتا لە ئاسمانەوە هێز
لەبەردەکەن».50ئینجا بردنی بۆ دەرەوەی گوندی بێت‌ئەنیا، دەستی بەرز کردەوە و بەرەکەتداری کردن. 51کاتێک بەرەکەتداری دەکردن،
لێیان جیا بووەوە و بەرز بۆوە بۆ ئاسمان.52ئەوانیش کڕنۆشیان بۆ برد و بە شادییەکی مەزنەوە گەڕانەوە یورشەلایم. 53بەردەوام لە
پەرستگا بوون و ستایشی خودایان دەکرد و پیرۆزی خۆدایان ڕادەگەیاند.

# John

Chapter 1

1لە سەرەتادا، وشەکە هەبوو، وشەکە لەلای خودا بوو. وشەکە خۆی خودا بوو. 2ئەو لە سەرەتاوە لەلای خودا بوو. 3هەموو شتێک بەو
بەدیهاتووە، بێ ئەوهیچ شتێک بەدینەهاتووە لەوانەی کە بەدیهاتوون.4 ژیانەکە لە ئەودا بوو. ژیانەکەش ڕووناکی بوو بۆ مرۆڤ.
5ڕووناکییەکە لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە، و تاریکی پەی بە ڕوناکییەکە نەبرد. 6 مرۆڤێک دەرکەوت خودا ناردبووی، ناوی یۆخەنان بوو،
7هات شایەتی بۆ ڕووناکییەکە بدات، تاکو هەمووان لە ڕێگەی ئەوەوە باوەڕ بهێنن. 8ئەو ڕووناکییەکە نەبوو، بەڵکو بوو بە شایەت بۆ
ڕووناکییەکە،9ئەو ڕووناکییە ڕاستیەکەیە ئەوەی هەموو مرۆڤەکان ڕووناک دەکاتەوە هاتووە بۆ جیهان.10ئەو لە جیهاندا بوو، بە ئەو جیهان

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

بەدیهات، کەچی جیهان نەیناسی. 11ئەو هات بۆ لای گەلەکەی بەڵام ئەوان پێشوازیان لێ نەکرد.12بەڵام ئەوانەی پێشوازییان لێکرد، ئەوانەی باوەڕیان بە ناوی هێنا، مافی ئەوەی پێدان ببنە ڕۆڵەی خودا، 13ئەوانەی نە لە خوێن لە دایک بوون، نە بە ئارەزووی جەستە، نە بە ویستی مرۆڤ، بەڵکو لە خوداوەن.14وشەکە بوو بە جەستە، و لە نێوانماندا نیشتەجێ بوو، ئێمە شکۆمەندی ئەومان بینی، شکۆمەندیی تاقانەیەک لە لای باوک، پڕبوو لە بەخشش و ڕاستی. 15یۆخەنان شایەتی بۆ داو هاواری کرد گوتی: «ئەمە ئەوەیە لەبارەیەوە گوتم: ئەوەی دوای من دێت پێشم کەوتووە، چونکە پێش من هەبووە».16لە پڕێتی ئەوەوە هەمووومان بەخشش لەدوای بەخششمان وەرگرت، 17چونکە تەورات لە ڕێگەی موشە درا، بەڵام بەخشش و ڕاستی لەیەشوای مەسیحەکەدا بوونی هەیە. 18هیچ کەس خودای نەبینیوە. تەنها ڕۆڵە تاقانەکە، ئەوەی لە ئامێزی باوکدایە، ئەو خودای دەرخست.19ئەمەش شایەتییەکەی یۆخەنانە کاتێک ڕابەرانی یەهود لە یۆرشەلایم هەندێک کاهین و لێڤییان ناردە لای و پرسیاریان لێکرد: «تۆ کێیت؟» 20ئەو دانی پێدانا و نکۆڵی نەکرد، بەڵکو بێ دوودڵی گوتی: «من مەسیحەکە نیم». 21پرسیاریان لێکرد: «ئەی کێیت؟ ئایا تۆ ئیلیای؟» گوتی: «ئەو نیم!». «ئەی تۆ پێغەمبەرەکەی؟» گوتی: «نەخێر!»22گوتیان: «باشە تۆ کێیت، تاکو وەڵامی ئەوانە بدەینەوە کە ئێمەیان ناردووە؟ دەربارەی خۆت چی دەڵێی؟» 23گوتی «من ئەو دەنگەم کە لە چۆڵەوانی هاوار دەکات: ڕێگا بۆ پەروەردگار ڕێک و ئامادە بکەن، وەک پێغەمبەر ئیشایا گوتبووی».24ئەوانەی لەلایەن فەریسییەکانەوە نێردرابوون، 25جارێکی دیکە لێیان پرسی: «ئەگەر تۆ مەسیحەکە نیت، و ئیلیا نیت، و پێغەمبەرەکە نیت، کەواتە بۆچی خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشیت؟»26وەڵامی دانەوە: «من خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشم! بەڵام یەکێک لەنێوانتان دایە نایناسن، 27ئەوەی لەدوای من هاتووە، من شایانی ئەوە نیم کە قەیتانی پێڵاوەکانی بۆ بکەمەوە». 28ئەمانە لە بێت ئەنیا ڕوویاندا، لەوبەری ئەردەن، لەو شوێنەی یۆخەنان خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا.29بۆ ڕۆژی دواتر یۆخەنان یەشوای بینی بەرەو ڕووی دێت، هاواری کرد و گوتی: «ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهەی جیهان لادەبات. 30ئەمە ئەوە یە دەربارەی گوتم، پیاوێک دوای من دێت کە پێشم کەوتووە، چونکە پێش من هەبووە. 31منیش نەمدەناسی بەڵام هاتووم لە ئاوی هەڵبکێشم بۆ ئەوەی ئەو بۆ یەسرائیل دەربکەوێت». 32 ئینجا یۆخەنان شایەتی دا و گوتی: «بینیم گیانەکە لە شێوەی کۆترێک لە ئاسمانەوە دابەزی و لەسەری جێگیر بوو. 33منیش نەمدەناسی، بەڵام ئەوەی منی ناردووە خەڵک لە ئاوهەڵکێشم پێی گوتم: ئەوەی دەیبینن گیانەکە دێتە خوارەوە و لەسەری جێگیردەبێت ئەو لە گیانی پیرۆزتان هەڵدەکێشێت. 34خۆم بینیم و شایەتی دەدەم ئەوە، ڕۆڵەی خودایە».35بۆ ڕۆژی دواتر یۆخەنان لەگەڵ دووان لە قوتابییەکانی ڕاوەستا بوو، 36سەیری یەشوای دەکرد کە دەڕۆیشت و گوتی: «ئەوە بەرخی خودایە».37کاتێک دوو قوتابییەکە گوێیان لەوە بوو شوێن یەشوا کەوتن. 38یەشوا ئاوڕی دایەوە و بینی بە شوێنیدا دێن، پرسیاری لێکردن: «چیتان دەوێت؟» گوتیان: «ڕابی، لەکوێ دەمێنیتەوە؟» ڕابی، واتا مامۆستا. 39وەڵامی دانەوە: «وەرن، تەماشا بکەن». ئەوانیش لەگەڵی ڕۆیشتن و بینییان لەکوێ دەمێنێتەوە، ئەو ڕۆژە لەگەڵی مانەوە؛ نزیکەی کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بوو.40ئەندریا برای شیمۆن پەترۆ، یەکێک بوو لەو دووانەی کە گوێیان لە یۆخەنان بوو شوێن یەشوا کەوتن، 41کە ئەندریا شیمۆنی برای دۆزییەوە و پێی گوت: «مەسیحەکەمان دۆزییەوە» واتا دەستنیشانکراوەکە. 42ئینجا شیمۆنی هێنایە لای یەشوا. جا یەشوا بەوردی لێی ڕوانی و فەرمووی: «تۆ شیمۆنی کوڕی یۆنای، بەڵام بە کێفا بانگت دەکەم» واتا تاشەبەرد.43 بۆ ڕۆژی دواتر یەشوا ویستی بچێتە گەلیلی، فیلیپۆسی دۆزییەوە، پێی فەرموو: «شوێنم بکەوە!» 44فیلیپۆس خەڵکی بێت سیدۆن بوو، شارەکەی ئەندریا و پەترۆ. 45فیلیپۆسیش نەتەنائیلی دۆزییەوە، پێی گوت: «ئەوەی موشە لە تەورات و پێغەمبەرانیش لە پەڕتووکەکانیان لەسەریان نووسیوە دۆزیمانەوە، یەشوای کوڕی یۆسپە خەڵکی ناسیرەیە».46نەتەنائیل پێی گوت: «ئایا لە ناسیرە شتی چاک هەڵدەکەوێ؟» فیلیپۆس پێی گوت: «وەرە ببینە!» 47یەشوا نەتانەئیلی بینی بۆ لای دێت: دەربارەی فەرمووی: «ئەوەیە یەسرائیلی ڕەسەن، هیچ گومانی تێدانیە!» 48نەتەنائیل پرسیاری لێکرد: «چۆن دەمناسیت؟» یەشوا وەڵامی دایەوە: «پێش ئەوەی فیلیپۆس بانگت بکات، تۆم لەژێر دار هەنجیرەکەدا بینی».49نەتەنائیل هاواری کرد و گوتی: «ڕابی، تۆ ڕۆڵەی خودایت! تو پاشاکەی یەسرائیلیت!» 50یەشوا پێی فەرموو: «باوەڕت هێنا چونکە پێم گوتیت لەژێر دار هەنجیرەکە تۆم بینی؟ شتی مەزنتر دەبینیت!» 51پاشان پێی فەرموو: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: دەبینن ئاسمان کراوەتەوە، و فریشتەی خودا لەسەر ڕۆڵەی مرۆڤ سەردەکەون و دادەبەزن!»

## Chapter 2

[1]له ڕۆژی سێیەم له کانای گەلیلی، شاییەک هەبوو، دایکی یەشوا لەوێبوو. [2]یەشواو قوتابییەکانی بۆ شاییەکە بانگکرابون.[3]کاتێک شەراب
نەما، دایکی بە یەشوای گوت: «شەرابیان نەماوە!» [4]یەشوا وەڵامی دایەوە: « ئەی ژن چیت لەمن دەوێت؟ هێشتا کاتی من نەهاتووە!»
[5]ئینجا دایکی بە خزمەتکارانی گوت: « ئەوە بکەن کە فەرمانتان پێدەکات».[6]شەش کوپەی بەردین، لەو جۆرەی کە یەهودیەکان بۆ
پاککردنەوە بەکاریان دەهێنا، لەوێ دانرابوون (هەریەکەی هەشتا هەتا سەد و بیست لیتریان دەگرت). [7]جا یەشوا بە خزمەتکارەکانی
فەرمووی: «کوپەکان پڕبکەن لە ئاو». ئەوانیش تا لێرژان کوپەکانیان پڕکرد. [8]پاشان پێی فەرموون: «ئێستا لێی دەربهێنن و بۆ گەورەی
شاییەکەی ببەن!»ئەوانیش بردیان.[9]کاتێک گەورەی شاییەکە تامی ئەو ئاوەی کرد کە ببووە شەراب، سەرچاوەکەشی نەدەزانی، بەڵام
خزمەتکاران دەیانزانی، ئەوانەی ئاوەکەیان دەرهێنابوو. ئەوسا گەورەی شاییەکە زاوای بانگکرد، [10]پێی گوت: «هەموو کەس یەکەم جار
شەرابە چاکەکە دادەنێن، کاتێک مەست بوون، ئینجا خراپەکە. بەڵام تۆ هەتا ئێستا شەرابە چاکەکەت هێشتووەتەوە!»[11]ئەو پەرجووەی
یەشوا لە کانای گەلیلی کردی، یەکەم پەرجوی بوو کە بەهۆیەوە شکۆمەندی خۆی دەرخست، قوتابییەکانیشی باوەڕیان پێی هێنا.[12]دوای
ئەوە لەگەڵ دایکی و براکانی و قوتابییەکانی بەرەو شاری کەفەرناخوم ڕۆیشتن، چەند ڕۆژێک لەوێ مانەوە.[13]کە جەژنی پەسخەی
یەهودیەکان نزیک بۆوە، یەشوا چوو بۆ یۆرشەلایم، [14]لە حەوشەی پەرستگا فرۆشیارانی گاو مەڕ وکۆتری بینی، پارەگۆڕەوانیش لەسەر
مێزەکانیان دانیشتبوون.[15]قامچییەکی لە گوریس دروستکرد و هەمووانی لە حەوشەکانی پەرستگا دەرکرد، مەڕ و گا پێکەوە، مێزەکانی
سەرەوژێر کرد، [16]بە کۆترفرۆشانی فەرمووو: «ئەم شتانە لێرە ببەنە دەرەوە. ماڵی باوکم مەکەنە ماڵی بازرگانی!»[17]قوتابییەکانی بیریان
هاتەوە لە پەرتووکەکەدا نووسراوە: ئیرەیی بۆ ماڵەکەت دەمسووتێنێت». [18]یەهوەدیەکان ڕێگریان لێکردو بە یەشوایان گوت: «
پەرجووێکمان پیشان بدە تاکو دەسەڵاتی کردنی ئەم کارانەت بسەلمێنێ!» [19]یەشوا پێ فەرمون: «ئەم پەرستگایە بڕووخێنن، بە سێ
ڕۆژ هەڵیدەستێنمەوە».[20]یەهودیەکان پێیان گوت: «ئەم پەرستگایە بە چل و شەش ساڵ بنیات نراوە، تۆ بە سێ ڕۆژ
هەڵیدەستێنیتەوە؟» [21]بەڵام ئەو ئاماژەی بۆ پەرستگای جەستەی خۆی دەکرد. [22]لەبەر ئەوە کاتێک لەناو مردووان هەستایەوە،
قوتابییەکانی هاتەوە بیریان کە ئەمەی فەرمووو بوو، ئەوسا باوەڕیان بە نووسراوە پیرۆزەکە هێنا و بەو قسەیەی یەشوا فەرمووی.
[23] لەکاتێکدا یەشوا لە جەژنی پەسخە لە یۆرشەلایم بوو، زۆر کەس باوەڕیان بە ناوی هێنا چونکە ئەو پەرجووانەیان بینی کە دەیکرد.
[24]بەڵام یەشوا لەلای خۆیەوە متمانەی پێ نەکردن، چونکە هەموو خەڵکی دەناسی [25]ئەو پێویستی بە کەس نەبوو دەربارەی مرۆڤ
شایەتی بۆ بدات، چونکە خۆی دەیزانی دڵی مرۆڤ چی تێدایە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 3

[1]یەکێک لە فەریسییەکان، ناوی نیکۆدیمۆس بوو، ئەندام بوو لە ئەنجومەنی یەهود، [2]بە شەو هاتە لای یەشوا و پێی گوت: «مامۆستا،
دەزانین تۆ مامۆستایەکی لە خوداوە هاتوویت، چونکە کەس ناتوانێت ئەو پەرجووانە بکات کە تۆ دەیکەیت ئەگەر خودای لەگەڵ نەبێت».
[3] یەشوا وەڵامی دایەوە: «ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم: هیچ کەسێک ناتوانێت شانشینی خودا ببینێت تا سەرلەنوێ لەدایک نەبێتەوە».
[4]نیکۆدیمۆس پرسیاری لێکرد: «مرۆڤ کە پیر بێت چۆن دەتوانێت لە دایک بێتەوە؟ خۆ ناتوانێت دووبارە بچێتەوە سکی دایکی و لەدایک
بێتەوە؟»[5]یەشوا وەڵامی دایەوە: «ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم: کەس ناتوانێت بچێتە ناو شانشینی خودا تا لە ئاو و لە گیان لەدایک
نەبێت. [6]ئەوەی لە جەستە لەدایک بوو جەستەیە، ئەوەی لە گیان لەدایک بوو گیانە.[7]سەرسام مەبە کە پێم گوتی دەبێت سەر لەنوێ لە
دایک ببنەوە. [8]با بۆ کوێ بیەوێت هەڵدەکات و گوێت لە دەنگەکەی دەبێت، بەڵام نازانیت لەکوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت. هەرکەسێکیش
لە گیانەکە لەدایک بووە ئاوایە».[9]دیسان نیکۆدیمۆس پرسیاری کرد: «چۆن دەکرێ ئەمانە ڕووبدەن؟» [10]یەشوا وەڵامی دایەوە: «تۆ
مامۆستایەکی یەسرائیلی و ئەمە نازانیت! [11]ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەوەی دەیزانین دەیڵێین و ئەوەی دەیبینین شایەتی بۆ دەدەین،
ئێوەش شایەتیمان پەسەند ناکەن.[12]من باسی شتە زەمینییەکان دەکەم و باوەڕ ناکەن، جا چۆن باوەڕدەکەن ئەگەر باسی شتە
ئاسمانیەکانتان بۆ بکەم؟ [13]کەس سەرنەکەوتووە بۆ ئاسمان جگە لەوەی لە ئاسمان دابەزیوە، ئەویش ڕۆڵەی مرۆڤە ئەوەی لە ئاسمان
بوو.[14]وەک موشە لە چۆڵەوانی مارەکەی هەڵواسی، دەبێت ئاواش ڕۆڵەی مرۆڤ هەڵبواسرێت، [15]تاکو هەرکەسێک باوەڕی پێ بهێنێت
ژیانی هەتاهەتایی هەبێت.[16]لەبەر ئەوەی خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست تەنانەت ڕۆڵە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەرکەسێک باوەڕی
پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت. [17]چونکە خودا ڕۆڵەکەی نەناردە جیهان تاکو جیهان داوەری بکات، بەڵکو جیهان
بە ئەو ڕزگاری ببێت، [18]ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت تاوانبار ناکرێت، بەڵام ئەوەی باوەڕ ناهێنێت ئەوا تاوانبار دەکرێت، چونکە باوەڕی بە
ناوی ڕۆڵە تاقانەکەی خودا نەهێناوە.[19]ئەمەش داوەرییەکەیە: ڕووناکییەکە هات، بۆ جیهان بەڵام خەڵک تاریکییەکەیان خۆشتر ویست، لە
ڕووناکییەکە، چونکە کردەوە کانیان خراپ بوو. [20]چونکە هەرکەسێک خراپە بکات ڕقی لە ڕووناکییەکە دەبێت و نایەتە لای نەوەک
کردەوەکانی ئاشکرابێت. [21]بەڵام ئەوەی بەگوێرەی ڕاستیەکە بڕوات دێتە لای ڕووناکییەکە تاکو دەربکەوێت کردەوەکانی بەتوانای خودا
ئەنجامداوە». [22] لە دوای ئەمانە یەشوا و و قوتابییەکانی هاتنە خاکی یەهودیا، لەوێ لەگەڵیان مایەوە و خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا.
[23]یۆخەنان لە ئەینونی نزیک شاری شالیم خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا چونکە لەوێ ئاو زۆر بوو، ئیتر خەڵک دەهاتن و لە ئاو هەڵدەکێشران.
[24]چونکە یۆخەنان هێشتا نەخرابووە زیندانەوە.[25]لەوێ دەربارەی پاککردنەوە گفتوگۆیەک کەوتە نێوان قوتابییەکانی یۆخەنان و یەهودییەک.
[26]قوتابییەکانی هاتنە لای یۆخەنان و پێیان گوت: «مامۆستا، ئەوە پیاوەی لەوبەری ڕووباری ئەردەن بینیمان لەگەڵت، ئەوەی شایەتیت
بۆی دا، ئەوەتا خەڵک لە ئاوهەڵدەکێشێت و هەموو خەڵک دەچنە لای ئەو!»[27]یۆخەنان وەڵامی دایەوە: «کەس ناتوانێت شتێک بەدەست
بهێنێت ئەگەر لە ئاسمانەوە پێی نەدرابێت! [28]ئێوە شایەتن کە گوتم: من مەسیحەکە نیم، بەڵکو نێردراوم تاکو ڕێگاکەی بۆ ئامادە بکەم.
[29]ئەوەی بووکی هەیە، ئەوە زاواکەیە! سەبارەت بە هاوڕێی زاوا، کە لە نزیکی وەستاوە و گوێی لەدەنگی دەبێت، ئەویش خۆشحاڵ
دەبێت بە دەنگی زاوا. ئەوەتا خۆشییەکەم کۆتایی هات. [30]دەبێت ئەو زیاد بکات و منیش کەم».[31]ئەوەی لە سەرەوە دێت لە سەرووی
هەمووانە. بەڵام ئەوەی لە زەوییەوە دێ، ئەوە زەمینییە، و وەکو کەسێکی زەمینی دەدوێت. ئەوەی لە ئاسمانەوە دێت لە سەرووی
هەمووانە، [32]ئەو شایەتی ئەوە دەدات کە بینیویەتی و بیستوویەتی، بەڵام کەس شایەتییەکەی وەرناگرێت! [33]ئەوانەی شایەتییەکەی
وەردەگرن، پشت ڕاستی دەکەنەوە کە خودا ڕاستە،[34]چونکە ئەوەی خودا ناردوویەتی بە پەیامی خودا دەدوێت لەبەر ئەوەی خودا بێ
سنوور گیان دەبەخشێت. [35]باوک ڕۆڵەکەی خۆشدەوێت، و هەموو شتێکی داوەتە دەستی. [36]ئەوەی باوەڕ بە ڕۆڵەکە بهێنێت، ژیانی
هەتاهەتایی دەبێت. ئەوەی ڕەتیبکاتەوە باوەڕ بە ڕۆڵەکە بهێنێت، هەرگیز ژیانەکە نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر جێگیر دەبێت.

# Chapter 4

[1]کاتێک یەشوا زانی فەریسیەکان بیستویانە کە ئەویش قوتابی هەیە و لە یۆخەنان زیاتر خەڵکی لە ئاو هەڵکێشاوە، [2]هەرچەندە یەشوا خۆی خەڵکی لە ئاو هەڵنەدەکێشا بەڵکو قوتابییەکانی، [3]ناوچەی یەهودیای بەجێهێشت و گەڕایەوە گەلیلی.[4]جا دەبووایە بە ناوچەی سامریدا تێبپەڕێت، [5]ئیتر گەیشتە شارۆچکەیەک، پێی دەگوترا سۆخار، نزیک بوو لەو پارچە زەوییەی یاکۆڤ دابوویە یۆسپی کوڕی، [6] بیرەکەی یاکۆڤ لەوێ بوو. جا لەبەر ئەوەی یەشوا لەگەشتەکە ماندوو بوو، لەلێواری بیرەکە دانیشت، نزیکەی کاتژمێر شەش بوو. [7]ژنێکی سامرەیی هات بۆ ئەوەی ئاو ببات، یەشوا پێی فەرموو: «هەندێک ئاوم بدەرێ!» [8]لەو کاتەدا قوتابییەکانی چووبوونە ناو شار تاکو خواردن بکڕن.[9]جا ژنە سامیرەییەکە پێی گوت: «تۆ یەهودی و منیش سامرییم، چۆن داوای ئاوم لێ دەکەیت؟» چونکە یەهودییەکان تێکەڵی سامرییەکان نابن. [10]یەشوا وەڵامی دایەوە: «ئەگەر بەخشینی خودات بزانیایە، و هەروەها ئەوەش کێیە کە پێت دەڵێت: ئاوم بدەرێ، ئەوسا تۆ داوات لێ دەکرد و ئەویش ئاوی ژیانی پێدەدایت!»[11]ژنەکە پێی گوت: «بەڵام گەورەم، دۆڵکەت پێ نیە، و بیرەکەش قووڵە. ئیتر تۆ ئاوی ژیانت لەکوێ بوو؟ [12]ئاخۆ تۆ لە یاکۆڤی باوکمان گەورەتریت کە ئەو بیرەی بۆجێهێشتووین، خۆی و کوڕەکانی و ماڵاتەکانیشی لێیان خواردۆتەوە؟»[13]یەشوا پێی فەرمووو: «هەرکەسێک لەم ئاوە بخواتەوە جارێکی دیکە تینووی دەبێتەوە. [14]بەڵام ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من دەیدەمێ، هەرگیز تینووی نابێت، بەڵکو ئەو ئاوەی من دەیدەمێ تێیدا دەبێتە کانیاوێک و هەڵدەقوڵێت ژیانی هەتاهەتایی دەبەخشێت».[15]ژنەکەش پێی گوت: «گەورەم، ئەو ئاوەم بدەرێ تاکو تینوو نەبم و نەیەمەوە ئێرە بۆ ئاوکێشان». [16]یەشوا پێی فەرمووو: «بڕۆ مێردەکەت بانگ بکە و بگەڕێوە ئێرە».[17]ژنەکە وەڵامی دایەوە: «مێردم نیە!» یەشوا پێی فەرمووو: «ڕاست دەکەیت کە دەڵێی: مێردم نیە [18]لە ڕاستیدا پێنج مێردت هەبوو، ئەوەی ئێستاش لەگەڵی دەژی مێردت نیە. ئەمەشت بە ڕاستی گوت!»[19]ژنەکە پێی گوت: «گەورەم، وای دەبینم کە تۆ پێغەمبەر بیت. [20]باوباپیرانمان لەم شاخەدا خودایان پەرستووە، بەڵام ئێوە دەڵێن یۆرشەلایم ئەو شوێنەیە کە پێویستە پەرستنی لێ بکرێت».[21]یەشوا پێی فەرمووو: «ئەی ژن باوەڕم پێ بکە، کاتێک دێت ئێوە باوک دەپەرستن، بەڵام نە لەسەر ئەم شاخە و نە لە یۆرشەلایم. [22]ئەوەی ئێوە دەیپەرستن نایناسن، بەڵام ئێمە ئەوە دەپەرستین کە دەیناسین، چونکە ڕزگاری لە یەهودەوەیە.[23]بەڵام کاتێک دێت، کە ئێستایە، خواپەرستە ڕاستەقینەکان بە گیان و ڕاستی باوک دەپەرستن. چونکە باوک داوای ئەم جۆرە خواپەرستیە دەکات. [24]خودا گیانە، وە پێویستە ئەوانەی دەیپەرستن بە گیان و ڕاستی بیپەرستن».[25]ژنەکە پێی گوت: «دەزانم مەشیاخ دێت، کە پێی دەگوترێ مەسیح، کە کاتێک هات هەموو شتێکمان پێ ڕادەگەیەنێت». [26]ئەویش وەڵامی دایەوە: «من ئەوم، ئەوەی قسەت لەگەڵ دەکات!»[27]لەو کاتەدا قوتابییەکانی گەیشتن، و سەرسام بوون کە لەگەڵ ژنێک قسە دەکات. بەڵام کەس پێی نەگوت: «چیت لێی دەوێت؟» یان «بۆچی قسەی لەگەڵ دەکەیت؟»[28]ئینجا ژنەکە گۆزەکەی بەجێهێشت، چووە ناو شار و بە خەڵکەکەی گوت: [29]«وەرن ئەو کەسە ببینن کە هەرچیەکم کردووە بۆی ئاشکرا کردم! لەوانەیە مەسیحەکە بێت؟» [30]ئیتر خەڵکەکە لە شار هاتنە دەرەوە و چوونە لای.[31]لەو کاتەدا قوتابییەکان تکایان لێی کرد: «مامۆستا، شتێک بخۆ» [32]بەڵام پێی فەرمووون: «من خواردنێکم هەیە دەیخۆم کە ئێوە نایزانن». [33]جا قوتابییەکان لە یەکیان پرسی: «کەس هیچی بۆ هێناوە بیخوات؟»[34]یەشوا پێی فەرمووون: «خواردنی من ئەوەیە خواستی ئەوە ئەنجام بدەم کە ناردوومی و کارەکەی تەواو بکەم. [35]ئەی ئێوە ناڵێن: دوای چوار مانگیتر کاتی دروێنە دێت! منیش پێتان دەڵێم: چاوتان هەڵبڕن و سەیری کێڵگەکان بکەن وا زەرد هەڵگەڕاون بۆ دروێنە. [36]دروێنەکار کرێ وەردەگرێت، و بۆ ژیانی هەتاهەتایەکەی بەرهەم کۆدەکاتەوە، تاکو تۆوچێن و دروێنەکار پێکەوە دڵشاد بن،[37]تا ئەو وتەیە ڕاست دەرچێت: یەکێک تۆو دەکات و یەکێکی دیکە دروێنە دەکات. [38]من ئێوەم بۆ دروێنەیەک ناردووە کە پێوەی ماندوو نەبوون، کەسانی دیکە پێوەی ماندوو بوون، و ئێوە بەرهەمی ماندووبوونیان دەخۆن».[39]زۆر لە سامرییەکانی ئەو شارە باوەڕیان بەیەشوا هێنا بەهۆی قسەی ئەو ژنەی کە شایەتیدا: «هەرچیەکم کردووە بۆی ئاشکرا کردم». [40]وە کاتێک لای بیرەکە پێیگەیشتن تکایان لێکرد لەلایان بمێنێتەوە، ئەویش دوو ڕۆژ لەوێ مایەوە،[41]ژمارەیەکی زۆر زیاتریش بەهۆی قسەکانیەوە باوەڕیان هێنا، [42]بە ژنەکەیان گوت: «چیتر بەهۆی قسەی تۆوە ئێمە باوەڕ ناهێنین، چونکە خۆمان بیستمان و ناسیمان ئەوە بەڕاستی ڕزگارکەرەکەی جیهانە!»[43]پاش ئەو دوو ڕۆژە یەشوا سۆخاری، بەجێهێشت و چوو بۆ ناوچەی گەلیلی، [44]چونکە خۆی فەرمووو بووی: « پێغەمبەر لە شاری خۆی ڕێزی لێ ناگیرێت!» [45]کاتێک گەیشتە گەلیلی خەڵکەکەی پێشوازییان لێی کرد، چونکە ئەوانیش بۆ جەژن هاتبوون و هەموو ئەو شتانەیان بینی بوو کە لە جەژنی پەسخە، لە یورشلایم کردبووی.[46]یەشوا گەیشتە کانا لە ناوچەی گەلیلی، کە لەوێ ئاوی گۆڕی بو بۆ شەراب. لە شارۆچکەی کەفەرناخوم کاربەدەستێکی پاشا هەبوو، کوڕێکی نەخۆشی هەبوو. [47]کاتێک بیستی یەشوا لە یەهودیاوە هاتووەتە گەلیلی، چووە لای و لێی پاڕایەوە کە بێت بۆ کەفەرناخوم بۆ ئەوەی کوڕەکەی چاک بکاتەوە کە لە سەرەمەرگدا بوو.[48]یەشوا پێی فەرمووو: «ئێوە باوەڕناهێنن ئەگەر پەرجووی سەرسوڕهێنەر نەبینن!» [49]کاربەدەستەکەش لێی پاڕایەوە و گوتی: «گەورەم، پێش ئەوەی کوڕەکەم بمرێت وەرە!» [50]یەشوا پێی فەرمووو: «بڕۆ! کوڕەکەت دەژیێت!» پیاوەکە باوەڕی بەو قسەیە کرد کە یەشوا پێی فەرمووو، و ڕۆیشت.[51]کە بە ڕێگاوە بوو، کۆیلەکانی تووشی بوون و هەواڵیان پێدا کە کوڕەکەی زیندووە، [52]پرسیاری لێکردن لە چ کاتێکدا چاک بۆوە، وەڵامیان دایەوە: «دوێنێ کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ، تایەکە بەریدا».[53]باوکەکە زانی لەو کاتە بووە کە یەشوا پێی فەرمووبوو: «کوڕەکەت دەژیێت». ئەوسا خۆی و خاووخێزانی هەموو باوەڕیان هێنا. [54]ئەمەش دووەم پەرجوو بوو کە یەشوا کردی دوای ئەوەی لە یەهودیاوە هاتە گەلیلی.



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 5

1پاش ماوەیەک لە کاتی جەژنێکی یەهودیەکان یەشوا چوو بۆ یۆرشەلایم، 2لە یۆرشەلایم لەلای دەروازەی مەڕەکان حەوزێک هەبوو بە
عیبری پێیان دەگوت بێتحەسدا، بە دەوریدا پێنج هۆڵی هەبوو. 3لەوێ خەڵکێکی زۆر ڕاکشابوون، لە نەخۆش و کوێر و شەل و گۆج،
چاوەڕێی جووڵانەوەی ئاوەکە بوون، 4چونکە هەندێک جار فریشتەیەک دادەبەزی ئاوی حەوزەکەی دەجوڵاند، جا ئەوەی یەکەمجار
دەچووە ناوی، هەر نەخۆشییەکی هەبووایە چاک دەبووەوە.5نەخۆشێک بۆ ماوەی سی و هەشت ساڵ لە لای حەوزەکە بوو، 6یەشوا بینی
لەوێ پاڵکەوتووە دەیزانی ماوەیەکی زۆرە وایە، پێی فەرموو: «دەتەوێ چاکبیتەوە؟»7نەخۆشەکە وەڵامی دایەوە: «گەورەم، کەسم نیە
بمخاتە ناو حەوزەکەوە کاتێک ئاوەکە دەجوڵێت. چەندین جار هەوڵمداوە بڕۆمە ناوی، یەکێکی دیکە پێش من دەچێتە ناوی». 8یەشوا پێی
فەرموو: «هەستە نوێنەکەت هەڵبگرە و بڕۆ».9هەرلەوکاتەدا کابرا چاک بۆوە نوێنەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. ئەو ڕۆژەش شەبات بوو.
10یەهودیەکان بەو کابرایەیان گوت کە چاک ببۆوە: «ئەمڕۆ شەباتە. ڕێگە پێدارو نیە نوێنەکەت هەڵگریت!» 11وەڵامی دانەوە: «ئەوەی
چاکیکردمەوە پێی فەرمووم: نوێنەکەت هەڵبگرە و بڕۆ». 12لێیان پرسی: «ئەو کەسە کێیە کە پێی گوتی: نوێنەکەت هەڵبگرە و بڕۆ؟»
13بەڵام کابرای چاکبۆوە نەیدەزانی کێیە، چونکە یەشوا لەوشوێنە دورکەوتەوە، کە خەڵک لێی کۆببوونەوە.14دوای ئەوە یەشوا ئەوی لە
پەرستگا بینیەوە، و پێی فەرموو: «ئەوەتا چاکبوویتەوە. ئیتر گوناهە مەکە نەوەک خراپترت بەسەربێت!» 15پیاوەکە زانی ئەوەی چاکی
کردۆتەوە یەشوایە، خێرا ڕۆیشت و هەواڵی بە ڕابەرانی یەهوود دا.16یەهودیەکان دەستیان کرد بە چەوسانەوەی یەشوا لەبەرئەوەی ئەو
کارانەی لە ڕۆژی شەباتدا دەیکرد. 17بەڵام یەشوا پێی فەرموون: «هەتا ئێستا باوکم کار دەکات، منیش کار دەکەم!» 18لەبەر ئەم
هۆیەش یەهودیەکان هەوڵی زیاتریان دەدا بیکوژن، نەک تەنها لەبەر ئەوەی شەباتی شکاند، بەڵکو دەیگوت کە خودا باوکیەتی، خۆی بە
خودا یەکسان دەکرد.19یەشوا پێی فەرموون: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم ڕۆڵەکە ناتوانێت لە خۆیەوە هیچ شتێک بکات، بەڵکو ئەوە
دەکات کە دەبینێت باوک دەیکات، چونکە هەرچی باوک دەیکات، ڕۆڵەکە دەیکات، 20باوک ڕۆڵەکەی خۆی خۆشدەوێت، و هەموو
ئەوانەی پیشان دەدات کە دەیکات، کاری لەمانەش مەزنتری پیشان دەدات، تاوەکو سەرسام ببن.21هەروەک باوک مردووان
هەڵدەستێنێتەوە و زیندوو دەکاتەوە، ڕۆڵەکە کێی بیەوێت زیندووی دەکاتەوە. 22باوک کەس داوەری ناکات، بەڵکو هەموو داوەریەکی بە
ڕۆڵەکە داوە، 23تاکو هەموو ڕێزی ڕۆڵەکە بگرن وەک چۆن ڕێزی باوک دەگرن. ئەوەی ڕێزی ڕۆڵەکە نەگرێ ڕێزی باوکی نەگرتوە کە
ناردوویەتی.24ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وتەکانم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و
لە ڕۆژی دوایی تاوانبار ناکرێت، چونکە لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.25ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: ئەو کاتەی کە مردووەکان
گوێیان لە دەنگی ڕۆڵەی خودا دەبێت، دێت کە ئێستایە ئەوانەی گوێیان لێدەبێت زیندوودەبنەوە.26چونکە وەک چۆن باوک ژیانی لە
خۆیدایە، بە ڕۆڵەکە دراوە ژیانی لە خۆیدابێت، 27دەسەڵاتی داوەریشی داوەتێ، چونکە ئەو ڕۆڵەی مرۆڤە.28لەوە سەرسام مەبن: چونکە
کاتێک دێت هەموو ئەوانەی لەناو گۆڕدان دەنگی دەبیستن، 29لێی دێنە دەرەوە: ئەوانەی کرداری چاکیان کردووە هەڵدەستنەوە بەرەو
ژیان، بەڵام ئەوانەی کرداری خراپیان کردووە هەڵدەستنەوە بەرەو داوەریی دەچن.30وە من لە خۆمەوە هیچ شتێک ناکەم، بەڵکو وەک
دەبیستم داوەری دەکەم، داوەریەکەشم دادپەروەرانەیە، چونکە هەوڵی هێنانە دی خواستی خۆم نادەم بەڵکو خواستی ئەوەی ناردوومی.
باوک شایەتی دەدات بۆ ڕۆڵەکە 31ئەگەر خۆم شایەتی بۆ خۆم بدەم، شایەتییەکەم ڕاست نیە، 32بەڵام یەکێکی دیکە شایەتیم بۆ دەدات،
من دەزانم شایەتییەکەی ئەو لەسەرمن ڕاستە.33نێردراوتان نارده لای یۆخەنان ئەویش شایەتی بۆ ڕاستیەکە دا. 34من شایەتی مرۆڤ
وەرناگرم، ئەمانەش دەڵێم لەپێناو ڕزگاربونتان، 35یۆخەنان چرایەکی هەڵگیرساو و درەوشاوە بوو، دەتانویست بۆ ماوەیەکی دیاریکراو
چێژ لە ڕووناکییەکەی وەربگرن.36بەڵام من شایەتیەکم هەیە لەوەی یۆخەنان مەزنترە، شایەتی ئەو کارانەی باوک ڕایسپاردم تەواوی
بکەم، ئەم کارانە کە دەیان کەم خۆیان شایەتیم بۆ دەدەن و دەریدەخەن کە باوک منی ناردووە، 37باوکیش کە ناردوومی خۆی شایەتیم
بۆ دەدات. ئێوە هەرگیز دەنگیتان نەبیستووە، و ڕواڵەتیتان نەبینیوە، 38وتەکانی لە دڵی ئێوەدا ناچەسپێت، چونکە ئێوە ئەو کەسە بەڕاست
نازانن کە ناردوویەتی.39ئێوە پەرتووک دەپشکنن، چونکە پێتان وایە بەرەو ژیانی هەتاهەتایی ڕێنمایتان دەکات. ئەم پەرتوکانەش شایەتیم
بۆ دەدەن، 40بەڵام ڕەتیدەکەنەوە بێنە لام تاوەکو ژیانتان هەبێت.41شکۆمەندی لە خەڵک وەرناگرم. 42بەڵام دەتانناسم، دەزانم کە
خۆشەویستی خودا لە دڵتاندا نیە. 43بەناوی باوکمەوە هاتووم وەرتان نەگرتم، بەڵام پێشوازی لەوە دەکەن کە بە ناوی خۆیەوە دێت.
44چۆن باوەڕم پێدەکەن لە کاتێکدا شکۆمەندی لە یەکتر وەردەگرن، بەبێ ئەوەی بەدوای ئەو شکۆمەندییەدا بگەڕێن ئەوەی تەنها خودا
دەیبەخشێت!45وا گومان مەبەن لەلای باوک سکاڵاتان لێ بکەم، یەکێکیتر لەوێ هەیە سکاڵاتان لێ بکات، ئەویش موشەیە ئەوەی
هیواتان پێیەتی. 46ئەگەر باوەڕتان بە موشە بکردایە، باوەڕتان بە منیش دەکرد، چونکە لەبارەی منەوە نووسیویەتی. 47ئەگەرئێوە
نووسراوی موشە بەڕاست نەزانن، چۆن وتەکانی من بەڕاست دەزانن؟»



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 6

[1]دوای ئەمە یەشوا چوو بۆ ئەوبەری دەریاچەی گەلیلی، کە دەریاچەی کینەرەتە، [2]خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتبوون دوای ئەوەی ئەو پەرجووانەیان بینی کە نەخۆشەکانی چاک دەکردەوە. [3]ئینجا یەشوا و قوتابییەکانی چوونە سەر شاخ و لەوێ دانیشتن.[4]جەژنی پەسخەی یەهودیەکان نزیک بوو. [5]کاتێک یەشوا چاوی هەڵبڕی و خەڵکێکی بینی بەرەو ڕووی دێن، بە فیلیپۆسی گوت: «لەکوێ نان بکڕین و نا ن بەمانە بدەین؟» [6]ئەمەی فەرموو بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە، چونکە یەشوا دەیزانی کە چی دەکات.[7]فیلیپۆس وەڵامی دایەوە: « ئەگەر بایی دوو سەد دینار نان بکڕین بەشیان ناکات، ئەگەر هەریەکەیان کەمێکی بەربکەوێت!» [8]ئەندریا، برای شیمۆن پەترۆ، یەکێک بوو لەقوتابییەکانی پێی گوت: [9]«کوڕێک لێرەیە پێنج نانی جۆ و دوو ماسی بچوکی پێیە. بەڵام ئەوەندە چیە بۆ ئەم هەمووە؟»[10]یەشوا فەرمووی: « دایان بنیشێنن!» ئەو شوێنە گیایەکی زۆری لێبوو. جا پیاوەکان کە پێنج هەزار دەبوون دانیشتن. [11]یەشوا نانەکانی وەرگرت و سوپاسی کرد، پاشان بەپێی پێویست دابەشی کرد بەسەر ئەوانەی دانیشتبوون. بۆ دووماسیەکەش هەمان شتی کرد. [12]کاتێک هەمووان تێربوون، یەشوا بە قوتابییەکانی فەرموو: «ئەو پەلکە نانەی ماوەتەوە کۆی بکەنەوە تاکو هیچی بەفیڕۆ نەڕوات!»[13]ئەوانیش کۆیان کردەوە، و دوازدە سەبەتەیان پڕکرد لە پەلکە نانی ئەو پێنج نانە جۆیەیی کە مابووەوە. [14]خەڵکەکە ئەو پەرجوەیان بینی کە یەشوا کردی، گوتیان: «بە ڕاستی ئەمە پێغەمبەرەکەیە هاتوە بۆ جیهان». [15]یەشوا زانی ئەوان بە نیازن بیڕفێنن تاکو بیکەنە پاشا، بە تەنها گەڕایەوە سەر شاخ.[16]کە ئێوارە داهات قوتابیەکانی بۆ لای دەریاچەکە چوونە خوارەوە، [17]سواری بەلەمێک بوون بەرەو کەفەرناخوم بەڕێکەوتن بەرەو ئەو بەری دەریاچەکە. تاریک داهات و یەشوا هێشتا نەگەیشتبووە لایان. [18]ڕەشەبا هەڵیکرد و دەریاچە شڵەژا.

[19]قوتابیەکان نزیکەی سێ بۆ چوار میل سەوڵیان لێدابوو، یەشوایان بینی لە بەلەمەکە نزیک دەبێتەوە بەسەر دەریاچەکەدا دەڕوات، جا ترسیان لێ نیشت، [20]وەرەی بەرزکردنەوە فەرمووی: «ئەوە منم، مەترسن!» [21]کاتێک داوایان لێکرد سواری بەلەمەکەبێت، تا بەلەمەکە گەیشتە ئەو کەنارەی بۆی دەچوون.[22]بۆ ڕۆژی دواتر، ئەو خەڵکەی لەوبەری دەریاچەکە ڕاوەستابوون بینییان لە بەلەمێک زیاتر لەوێ نەبوو. یەشوا لەگەڵ قوتابیەکانی سواری بەلەم نەبوو( دوێنێ)، بەڵکو قوتابیەکانی بە تەنها بەڕێکەوتبوون. [23]ئینجا بەلەمی دیکە لە شاری کینەرەت، هاتە نزیک ئەو شوێنەی نانەکەیان لێی خوارد و دوای ئەوەی سوپاسی پەروەردگاری لەسەر کرابوو.[24]کاتێک خەڵکەکە بینیان نە یەشوا لەوێیە و نە قوتابیەکانی، سواری بەلەمەکان بوون و چوونە کەفەرناخوم بە شوێن یەشوادا گەڕان. [25]کە لەوبەری دەریاچەکە دۆزییانەوە، لێیان پرسی: «مامۆستا، کەی گەیشتیتە ئێرە؟»[26]یەشوا وەڵامی دانەوە: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئێوە بەدوامدا دەگەڕێن نەک لەبەر ئەوەی نیشانەکانتان بینی، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە نانەکەتان خوارد و تێر بوون. [27]هەوڵ بۆ خۆراکێکی لەناوچومەدەن، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە تا ژیانی هەتاهەتایی دەمێنێتەوە، ئەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ دەتانداتێ، چونکە ئەم خۆراکە خودای باوک مۆری لێداوە».[28]لێیان پرسی: «چی بکەین تاکو ئەو کارانە بکەین خودا داوای دەکات؟» [29]یەشوا وەڵامی دانەوە: «کارێک کە خودا داوای دەکات باوەڕ بەو کەسە بهێنن ناردوویەتی».[30]لێیان پرسی: «چ پەرجووێک دەکەیت تاکو ببینین و باوەڕت پێ بکەین؟ دەتوانی چی بەکەیت؟ [31]باوباپیرانمان لە چۆڵەوانی مەنیان خوارد وەک لە پەرتوک نووسراوە: لە ئاسمانەوە نانی دانێ تاکو بیخۆن!»[32]یەشوا وەڵامی دانەوە: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: موشە نەبوو نانەکەی لە ئاسمانەوە دانێ، بەڵکو باوکمە ئەوەی ئێستا لە ئاسمانەوە نانە ڕاستییەکەتان دەداتێ، [33]چونکە نانی خودا ئەوەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە و ژیان دەبەخشێتە جیهان». [34]پێیان گوت: «گەورەم، هەموو کاتێک ئەو نانەمان بدەرێ».[35]یەشوا وەڵامی دانەوە: «من ئەوم نانی ژیانەکە. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت. [36]بەڵام پێم گوتن، منتان بینیوە و باوەڕ ناهێنن، [37]بەڵام هەرکەسێک باوکم دەیداتە من دێتە لام، ئەوەشی بێتە لام هەرگیز دەریناکەم،[38]من لە ئاسمانەوە دابەزیوم، نەک بۆ بەدیهێنانی خواستم، بەڵکو خواستی ئەوەی ناردوومی. [39]خواستەکەی ئەمەیە هیچ کەسێک لەوانە لەناو نەچن کە پێی داوم، بەڵکو لە ڕۆژی دواییدا هەڵیان دەستێنمەوە. [40]بەڵێ! خواستی باوکم ئەمەیە: هەرکەسێک ڕۆڵەکە ببینێت و باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی دەبێت، وە من لە ڕۆژی دواییدا هەڵی دەستێنمەوە».[41]یەهودیەکان دەستیان بە بۆڵەبۆڵکرد لەسەر یەشوا چونکە فەرمووی: «من نانەکەم ئەوەی لە ئاسمانەوە دابەزیوە». [42]گوتیان: «ئایا ئەمە یەشوا نیە کوڕی یۆسپ، ئێمە دایک و باوکی دەناسین، ئەمە چۆن دەڵێت: لە ئاسمانەوە دابەزیوم؟»[43]یەشوا وەڵامی دانەوە : «لەناو خۆتاندا بۆڵەبۆڵ مەکەن! [44]کەس ناتوانێت بێتە لام ئەگەر باوک ڕاینەکێشێت ئەوەی ناردوومی. من لە ڕۆژی دواییدا هەڵیدەستێنمەوە. [45]لە پەڕتووکی پێغەمبەراندا هاتوە: هەمووان لە خودا فێر دەبن. جا ئەوەی لە باوکەوە بیستبێتی و فێربووبێت دێتە لام.[46]ئەمە مانای ئەوە نیە کەس باوکی بینیوە: هەرگیز نەبینراوە تەنها ئەوەی لەگەڵ خودایە. تەنها ئەو باوکی بینیوە. [47]ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی دەبێت.[48]منم نانی ژیانەکە. [49]باوباپیرانتان لە چۆڵەوانیدا مەنیان خوارد و پاشانیش مردن،[50]ئەوەتا لێرەیە ئەو نانەی لە ئاسمانەوە دابەزیوە تاکو هەرکەسێك لێی بخوات نەمرێت. [51]من نانە زیندووەکەم کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە. ئەگەر یەکێک لەم نانە بخوات بۆ هەتاهەتایە دەژیێت. ئەو نانەش کەمن دەیبەخشم، جەستەمە، دەیبەخشم تاکو جیهان بژیت».[52]یەهودیەکان لەناو خۆیان دەمەقاڵێکی توندیان کرد، دەیانگوت: «ئەمە چۆن دەتوانێ جەستەی خۆیمان بداتێ بیخۆین؟» [53]یەشوا وەڵامی دانەوە: «ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: ئەگەر جەستەی ڕۆڵەی مرۆڤ نەخۆن و خوێنی نەخۆنەوە ژیان لەناو ئێوەدا نیە.[54]ئەوەی جەستەم بخوات و خوێنم بخواتەوە ژیانی هەتاهەتایی هەیە، من لەڕۆژی دواییدا هەڵیدەستێنمەوە، [55]چونکە جەستەم خۆراکی ڕاستەقینەیە، و خوێنیشم خواردنەوەی ڕاستەقینە. [56]ئەوەی جەستەم بخوات و خوێنم بخواتەوە، لەمن دەچەسپێت ومنیش لەئەودا.[57]وەک من زیندووم بە باوکی زیندوو کە ناردوومی، هەر بەم شێوە ئەوەی لە جەستەی من بخوات بەهۆی منەوە زیندووە. [58]ئەمە ئەو نانەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، نەک وەکو ئەوەی باوباپیرانتان خواردیان و مردن. ئەوەی لەم نانە بخوات هەتاهەتایە دەژیت». [59]یەشوا هەموو ئەمانەی فەرموو لە کەفەرناخوم لە کەنیشت خەڵکی فێرکردەکرد.[60]کە زۆرێک لە قوتابیەکانی گوێیان لەو فەرمایشتەی یەشوا بوو گوتیان: «ئەم قسەیە زۆر ئەستەمە! کێ گوێی لێدەگرێت؟» [61]یەشوا لە دڵی خۆیدا زانی قوتابییەکانی بەهۆی ئەمەوە بۆڵەبۆڵ دەکەن، پرسیاری لێکردن: «ئایا ئەمە دەبێتە هۆی گومان کردن لەخۆتان؟[62]ئەی ئەگەر ببینن ڕۆڵەی مرۆڤ بەرز ئەبێتەوە بۆ ئەو شوێنەی یەکەم جار لێی بوو؟ [63]گیان ئەوەیە ژیانەکە دەدات، بەڵام جەستە بە کەڵکی هیچ نایەت. ئەو قسانەی پێم گوتن گیان و ژیانن.[64]بەڵام هەندێ لەئێوە باوەڕ



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

ناهێنن!» یەشوا لە سەرەتادا دەیزانی ئەوانە کێن کە باوەڕی پێناهێنن، هەروەها دەیزانی کێ ناپاکی لێدەکات. [65]پاشان فەرمووی: «لەبەر ئەوە پێم گوتن: کەس ناتوانێ بێت بۆلام تەنها ئەوەی باوک ڕێگەی پێدەدات».[66]لەو کاتەوە زۆرێک لە شوێنکەوتوەکانی بەجێیان هێشت، وئیتر نەگەڕانەوە کە شوێنی بکەون! [67]بە دوازدە قوتابیەکەی فەرموو: «ئێوەش دەتانەوێ وەک ئەوان بڕۆن؟» [68]شیمۆن پەترۆ وەڵامی دایەوە: «پەروەردگار، بچینە لای کێ؟ وشەکانی ژیانی هەتاهەتایی لەلای تۆیە. [69]ئێمە باوەڕمان هێنا و زانیمان کە تۆ پیرۆزەکەی خودایت!»[70]یەشوا پێی فەرموون: «ئایا من ئێوەی دوازدەم هەڵنەبژاردووە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لە ئێوە شەیتانە؟» [71]بەوە ئاماژەی بە یەهودای کوڕی شیمۆنی ئیسخاریۆتی کرد، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە یەکێک بوو لە دوازدە قوتابییەکە، کە پاشان بەگرتنیدا!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 7

[1]دوای ئەمانە یەشوا بە گەلیلیدا دەگەڕا، و نەیدەویست بەناو یەهودیا بگەڕی، چونکە یەهودیەکان دەیانویست بیکوژن. [2]کاتێک جەژنی
کەپرەشینەی یەهودییەکان نزیک بۆوە،[3]براکانی پێیان گوت: «ئێرە بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ناوچەی یەهودیا تاکو قوتابییەکانی خۆشت
کارەکانت ببینن کە تۆ دەیکەیت، [4]هیچ کەسێک بە نهێنی شتێک ناکات ئەگەر بیەوێت ناوبانگ دەربکات. ئەگەر ئەم شتانە دەکەیت، خۆت
بۆ جیهان ئاشکراکە».[5]چونکە تەنانەت ئەوانیش باوەڕیان پێی نەدەکرد. [6]یەشوا وەڵامی دانەوە: «کاتی من هێشتا نەهاتووە، بەڵام کاتی
ئێوە هەردەم گونجاوە. [7]جیهان ناتوانێت ڕقی لێتان ببێتەوە، بەڵام ڕقی لە منە، چونکە من شایەتی لەسەر دەدەم کە کارەکانی خراپن.
[8]ئێوە دەچن بۆ جەژن، بەڵام من ئێستا ناچمە ئەم جەژنە، چونکە هێشتا کاتی من نەهاتووە». [9]ئەمانەی پێگوتن لە گەلیلی مایەوە.[10]کاتێک
براکانی چوونە جەژنەکە، ئەویش ڕۆیشت بەڵام بە ئاشکرا نا، بەڵکو بەنهێنی. [11]ڕابەرانی یەهود لە جەژنەکەدا، بەشوێنیدا دەگەڕان و
دەیانگوت: «ئەو پیاوە لەکوێیە؟»[12]لەنێو خەڵکەکەدا مشتومڕێکی زۆری لەسەر بوو، هەندێکیان دەیانگوت: «پیاوێکی چاکە» خەڵکی
دیکەش دەیانگوت: «نەخێر! بەڵکو خەڵک گومڕا دەکات» [13]بەڵام کەس نەیدەوێرا بە ئاشکرا باسی بکات، لە ترسی یەهودیەکان.[14]کاتێک
نیوەی جەژنەکە تێپەڕی، یەشوا چووە پەرستگا و دەستی کرد بە فێرکردنی خەڵکی. [15]یەهودییەکان سەرسام بوون و پرسییان: «ئەمە کە
فێرنەکراوە چۆن لەبارەی ئەم پەرتووکە زانیاری هەیە؟» [16]یەشوا وەڵامی دانەوە: «فێرکردنم هی خۆم نیە، بەڵکو هی ئەوەیە کە
ناردوومی[17]ئەگەر کەسێک بیەوێت خواستی خودا ئەنجام بدات ئەوا دەزانێت ئاخۆ فێرکردنەکانم لە خوداوەیە یان لە خۆمەوە قسە
دەکەم. [18]ئەوەی لە خۆیەوە بدوێت، داوای شکۆمەندی بۆخۆی دەکات؛ بەڵام ئەوەی داوای شکۆمەندی ئەوە بکات کە ناردوویەتی ئەمە
ڕاستگۆیە و ناڕەوایی تێدا نیە.[19] ئایا موشە تەوراتی پێنەداون؟ بەڵام کەس لە ئێوە کاری پێ ناکات!بۆچی هەوڵی کوشتنم دەدەن؟»
[20]خەڵکەکە وەڵامیان دایەوە: « خێوی تێدایە! کێ هەوڵی کوشتنت دەدات؟»[21]یەشوا پێی فەرموون: «کارێکم کرد و هەمووتان سەرسام
بوون لە ڕۆژی شەبات. [22]موشە خەتەنەکردنی پێ سپاردوون هەرچەندە خەتەنەکردن بۆ موشە ناگەڕێتەوە لە موشەوە نەبووە بەڵکو لە
باوکانەوەیە لەبەرئەوەیە مرۆڤ خەتەنە دەکەن گەر ڕۆژی شەباتیش بێت.[23]ئەگەر کوڕ لە ڕۆژی شەبات خەتەنە بکرێت تاکو تەوراتی
موشە نەشکێت، بۆچی لە من تووڕە دەبن کە لە ڕۆژی شەبات سەراپای مرۆڤێکم چاککردەوە؟ [24]بە ڕواڵەت داوەری مەکەن، بەڵکو
دادێکی دادپەروەرانە بدەن».[25]لەبەر ئەوە هەندێک لە خەڵکی یۆرشەلایم دەیانگوت: «ئەمە نیە ئەوەی دەیانەوێت بیکوژن؟ [26]ئەوەتا بە
ئاشکرا قسە دەکات و هیچی پێ ناڵێن. ئایا سەرۆکەکان بەڕاستی بۆیان دەرکەوتووە کە ئەمە مەسیحەکەیە؟ [27]کاتێک مەسیحەکە دێت
کەس نازانێت لە کوێوە دێت، بەڵام ئێمە بنەچەی دەزانین!»[28]یەشوا لە پەرستگا بەردەوام بوو، لەسەر فێرکردنی خەڵکی و هاواری
دەکرد، دەیفەرموو: « ئێوە دەمناسن و دەزانن هی کوێم! لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵام ئەوەی منی ناردووە ڕاستە، ئێوە نایناسن. [29]بەڵام
من دەیناسم، چونکە لە ئەوم و ئەویش منی ناردووە».[30]لەبەر ئەوە هەوڵیان دەدا بیگرن، بەڵام کەس دەستی بۆ درێژ نەکرد، چونکە
هێشتا کاتی نەهاتبوو. [31]زۆر لە خەڵکەکەش باوەڕیان پێی هێنا، و گوتیان: «ئایا کاتێک مەسیحەکە، دێت، پەرجووی زیاتر دەکات لەوەی
ئەم کردوویەتی؟» [32]فەریسییەکان گوێیان لێبوو کە خەڵکەکە لەبارەی یەشواوە چرپەچرپ دەکەن، کاهینانی باڵا و فەریسییەکان
پاسەوانیان نارد تاوەکو بیگرن.[33]یەشوا پێی گوتن: «ماوەیەکی کەمم لەگەڵتان ماوە، ئینجا دەچمەوە لای ئەوەی ناردوومی. [34]بەدوامدا
دەگەڕێن بەڵام نامدۆزنەوە، هەروەها ناتوانن بێن بۆ ئەو شوێنەی من لێی دەبم».[35]ئیتر یەهودییەکان لەنێو خۆیاندا پرسیاریان دەکرد:
«ئەمە بە نیازە بۆ کوێ بڕوات کە ناتوانین بیدۆزینەوە؟ ئایا بۆ شارە یۆنانییەکان دەڕوات، کە یەهودیەکانی، تێدا بڵاو بۆتەوە تاکو
یۆنانییەکان فێر بکات؟ [36]مەبەستی لەم قسەیە چییە : داوام دەکەن بەڵام نامدۆزنەوە، و ناتوانن بێن بۆ ئەو شوێنەی من لێی دەبم؟»[37]لە
گەورەترین کۆتا ڕۆژی جەژندا، یەشوا ڕاوەستا و بەدەنگی بەرز فەرمووی: «ئەگەر یەکێک تینووی بوو با بێتە لام و بخواتەوە. [38]وەک
لەپەرتوکەکەدا هاتوە، ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت لە ناخییەوە ڕووبارەکانی ئاوی ژیان دەڕوات».[39]یەشوا ئەمەی گوت مەبەستی لە گیانی
پیرۆز بوو کە ئەوانەی باوەڕی پێدەهێنن دواتر وەریدەگرن. بەڵام هێشتا گیانی پیرۆز نەدرابوو چونکە یەشوا شکۆمەند نەببوو.
[40]ئامادەبوان کە گوێیان لەم قسانە بوو، گوتیان: «ئەمە بە ڕاستی پێغەمبەرەکەیە». [41]هەندێکی دیکە گوتیان: «ئەمە مەسیحەکەیە».
بەڵام هەندێک گوتیان: «ئایا مەسیحەکە لە گەلیلی دەردەکەوێت؟ [42]ئایا پەرتووکەکە نافەرمووێت کە مەسیحەکە لە ڕەچەڵەکی داڤید، و
لە بێت لەخمەوە دێت، ئەو گوندەی کە داڤیدی لێبوو؟»[43]بۆیە بەهۆی ئەوەوە دووبەرەکی کەوتە نێوان خەڵکەکە. [44]هەندێک لەوان
ویستیان بیگرن؛ بەڵام کەس دەستی بۆ نەبرد.[45]پاسەوانەکان گەڕانەوە لای سەرۆکی کاهینەکان و فەریسییەکان، ئەوانیش لێیان پرسین:
«بۆچی نەتانهێنا؟» [46]وەڵامیان دایەوە: «هەرگیز کەس وەک ئەمە قسەی نەکردووە!»[47]بەتوڕەیی وەڵامیان دانەوە: «ئایا ئێوەش گومڕا
بوون؟ [48]باشە کەست دیوە لە سەرۆکەکان یان فەریسییەکان باوەڕی پێ هێنابێت؟ [49]تەنها ئەم خەڵکانە نەبێت کە لە تەورات نازانن
نەفرەتیان لێبێت!»[50]نیکۆدیمۆس یەکێک بوو لەوان، کە پێشتر بەشەو هاتبووە لای یەشوا، [51]پێیگوتن: « پێتان وایە تەوراتمان داوەری
یەکێک دەکات پێش ئەوەی گوێی لێ بگرێت و بزانرێت تاوانەکەی چیە؟» [52]وەڵامیان دایەوە: «تۆش گەلیلیت؟ پەرتوکەکە بخوێنەوە بزانە
کە هیچ پێغەمبەرێک لە گەلیلی دەرناکەوێت!»[53]ئیتر هەریەکە چووەوە ماڵی خۆی.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 8

[1]بەڵام یەشوا، چوو بۆ کێوی زەیتوون. [2]لە بەرەبەیاندا گەڕایەوە پەرستگا، خەڵکێکی زۆر، لەدەوری کۆبوونەوە ئەویش دانیشت و دەستی
کرد بە فێرکردنیان. [3]مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان ژنێکیان هێنا کە لە کاتی داوێنپیسیدا گیرابوو، لە ناوەڕاستی خەڵکەکە
ڕایانگرت،[4]پێیان گوت: «مامۆستا، ئەم ژنە لە کاتی ئەنجامدانی داوێنپیسیدا گیراوە. [5]موشە لە تەوراتدا ڕایسپاردووین کەسی ئاوا
بەردباران بکرێت، تۆ لەم بارەوە چی دەڵێیت؟» [6]ئەمەیان بۆ تاقیکردنەوەی یەشوا گوت، تاکو تاوانباری بکەن و داوەری بکەن. بەڵام
یەشوا خۆی چەماندەوەو بە پەنجە دەستی کرد بە نووسین لەسەر زەوی.[7]کاتێک ئەوان پێداگیریان کرد لە پرسیارەکە، یەشوا هەستایەوە
و پێی فەرموون: «کێ لەئێوە بێ گوناهە با یەکەم جار بەردی تێبگرێت!» [8]دیسان خۆی چەماندەوە و دەستی کردەوە بە نووسین لەسەر
زەوی.[9]کە گوێیان لەو قسەیە بوو یەک لەدوای یەک پاشەکشەیان کرد، سەرەتا لە پیرانەوە. ئەوسا یەشوا بە تەنها مایەوە، ژنەکەش
لەوێ ڕاوەستابوو. [10]یەشوا هەستا و پێی فەرمووی: «ئەی ژن ئەوان لە کوێن؟ کەس تاوانباری کردیت؟» [11]وەڵامی دایەوە : «نەخێر
گەورەم». یەشوا پێی فەرمووی: «منیش تاوانبارت ناکەم. بڕۆ ئیتر مەگەڕێوە سەر گوناهەکەت!»[12]دیسانەوە یەشوا قسەی بۆ کردن و
فەرمووی: «من ڕووناکی جیهانم. ئەوەی دوام بکەوێت هەرگیز بە تاریکیدا ناڕوات بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەبێت». [13]فەریسییەکان
بەرهەڵستیان کرد و پێیان گوت: «تەنها خۆت شایەتی بۆ خۆت دەدەیت، شایەتییەکەت ڕاست نیە».[14]وەڵامی دانەوە: «لەگەڵ ئەوەی
شایەتی بۆ خۆم دەدەم شایەتییەکەم ڕاستە، چونکە دەزانم لەکوێوە هاتووم و بۆ کوێ دەڕۆم؛ بەڵام ئێوە نازانن من لەکوێوە هاتووم یان
بۆ کوێ دەڕۆم. [15]ئێوە بەگوێرەی پێوانەکانی مرۆڤ داوەری دەکەن، بەڵام من کەس داوەری ناکەم، [16]ئەگەر داوەریش بکەم
داوەریەکەم دادپەروەرانەیە، چونکە بە تەنها داوەری ناکەم، بەڵکو من و باوک ئەوەی ناردوومی.[17]لە تەوراتی ئێوەشدا نووسراوە کە
شایەتی دوو کەس ڕاستە: [18]من شایەتی بۆ خۆم دەدەم، باوکیش شایەتیم بۆ دەدات ئەوەی ناردوومی».[19]لێیان پرسی: «باوکت
لەکوێیە؟» وەڵامی دانەوە: « ئێوە نە من دەناسن، و نە باوکیشم. ئەگەر منتان بناسیایە ئەوا باوکمتان دەناسی». [20]یەشوا ئەو قسانەی
فەرموو لە پەرستگا لە نزیک گەنجینەی بەخشین بوو. بەڵام کەس نەیگرت، چونکە هێشتا کاتی نەهاتبوو.[21]دیسان یەشوا پێی فەرموون:
«من دەڕۆم و ئێوە بەدوامدا دەگەڕێن، ئێوە ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی من بۆی دەچم، بەڵام لەناو گوناهەکانتان دەمرن». [22]لەبەر ئەوە
یەهودیەکان پرسیاریان کرد و گوتیان: «مەبەستی چیە لەو قسەیەی دەڵێی ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی کە من لێی دەبم؟ ئایا خۆی
دەکوژێت؟»[23]یەشوا وەڵامی دانەوە: «ئێوە هی خوارەوەن. من هی سەرەوەم. ئێوە هی ئەم جیهانەن. من لەو نیم. [24]لەبەر ئەوە پێم
گوتن: لەناو گوناهەکانتان دەمرن، چونکە ئەگەر باوەڕ نەهێنن کە من ئەوم، ئەوا لەناو گوناهەکانتان دەمرن».[25]لێیان پرسی: «تۆ
کێیت؟»یەشوا وەڵامی دانەوە: «لە سەرەتاوە پێم گوتن! [26]زۆر شتم هەیە بیڵێم و ئێوەی پێ تاوانباربکەم. بەڵام ئەوەی ناردوومی جێی
متمانەیە، هەرچیم لەو بیستووە بە جیهانی دەڵێم». [27]ئەوان تێنەگەیشتن لەوەی یەشوا فەرمووی ئاماژەیە بۆ باوک.[28]لەبەر ئەوە یەشوا
پێی فەرموون: «کاتێک ڕۆڵەی مرۆڤ هەڵدەواسن ئەوسا دەزانن کە من ئەوم، لە خۆمەوە هیچ کارێک ناکەم، بەڵکو بەو جۆرە قسە
دەکەم کە باوک فێری کردووم. [29]ئەوەی ناردوومی لەگەڵمدایە، و بە تەنها بەجێی نەهێشتووم، چونکە هەمیشە ئەوە دەکەم کە جێی
ڕەزامەندی ئەوە». [30]کاتێک یەشوا ئەم قسانەی دەکرد، زۆر کەس باوەڕیان پێی هێنا.[31]یەشوا بەو یەهودیانەی فەرموو کە باوەڕیان پێی
هێنابوو: «ئەگەر لەسەر فێرکردنەکانم بچەسپێن، ئەوە بەڕاستی قوتابی منن. [32]ڕاستیەکە دەناسن، ڕاستیکە ئازادتان دەکات».
[33]یەهودیەکان بەرپەرچیان دایەوە: «ئێمە نەوەی ئەڤراهامین، هەرگیز کۆیلەی کەس نەبووین! ئیتر چۆن دەڵێی: ئێوە ئازاد
دەبن؟»[34]یەشوا وەڵامی دانەوە: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەریەکێک گوناهە بکات دەبێتە کۆیلەی گوناهە. [35]کۆیلە هەتاهەتایە لە
ماڵی گەورەکەی نامێنێتەوە؛ بەڵام کوڕ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە. [36]ئەگەر ڕۆڵەکە ئازادی کردن ئەوا بە ڕاستی ئازاد دەبن.[37]من دەزانم
ئێوە لە نەوەی ئەڤراهامن. بەڵام هەوڵی کوشتنم دەدەن، چونکە وتەکانم لە دڵی ئێوەدا جێگای نابێتەوە. [38]من ئەوە دەڵێم کە لەلای
باوکم بینیومە، ئێوەش ئەو کارە دەکەن لە باوکتانەوە بیستووە».[39]بەناڕەزاییەوە گوتیان: «باوکمان ئەڤراهامە!» ئەویش پێی فەرموون:
«ئەگەر ڕۆڵەی ئەڤراهام بوونایە، کردارەکانی ئەڤراهامتان دەکرد. [40]بەڵام ئێستا هەوڵی کوشتنی کەسێک دەدەن کە ڕاستی پێ گوتن
ئەوەی لە خودا بیستویەتی . ئەڤراهام ئەو کارانەی نەکردووە. [41]ئێوە کردارەکانی باوکتان دەکەن!» جا پێیان گوت: « ئێمە بە زۆڵی
لەدایک نەبووین. یەک باوکمان هەیە ئەویش خودایە».[42]یەشوا پێی فەرموون: «ئەگەر خودا باوکتان بووایە منتان خۆشدەویست، چونکە
لە خوداوە دەرچووم و هاتووم. لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵکو ئەو ناردوومی. [43]بۆچی لە وتەکانم تێناگەن؟ چونکە ئێوە ناتوانن گوێ لە
وتەکانم بگرن! [44]ئێوە لە شەیتانی باوکتانن، دەتانەوێت ئارەزووەکانی باوکتان جێبەجێ بکەن. ئەو لە سەرەتاوە بکوژی مرۆڤ بووە، لە
ڕاستی نەچەسپاوە چونکە ڕاستی لە ئەودا نیە! کاتێک درۆ دەکات ئەوەی تیایەتی دەری دەکات، چونکە درۆزنە و باوکی درۆیە![45]هەر
بۆیە کاتێک من ڕاستی، دەڵێم ئێوە باوەڕم پێ ناکەن. [46]کێ لەئێوە دەتوانێت گوناهێکم لەسەر بسەلمێنێ؟ مادام ڕاستی دەڵێم، بۆچی
بەڕاستم نازانن؟ [47]ئەوەی بەڕاستی لە خوداوەبێت، گوێ لە وشەی خودا دەگرێت. بەڵام ئێوە وشەی خودا ڕەتدەکەنەوە، چونکە لە
خوداوە نین!»[48]یەهودییەکان گوتیان: «ئایا ئێمە ڕاست ناڵێین کە تۆ سامریت و خێوت تێدایە؟» [49]وەڵامی دانەوە: «خێوم تێدا نیە، بەڵام
ڕێزی باوکم دەگرم و ئێوەش سووکایەتیم پێ دەکەن.[50]من داوای شکۆمەندی بۆ خۆم ناکەم، لەوێ یەکێک هەیە کە بۆم داوا دەکات و
داوەری دەکات. [51]ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر یەکێک گوێڕایەڵی وتەکانم بێت هەرگیز مردن نابینێت».[52]یەهودییەکان پێیان گوت:
«ئێستا زانیمان خێوت تێدایە. ئەڤراهام و پێغەمبەران مردن، کەچی تۆ دەڵێیت ئەوەی گوێڕایەڵی وتەکانم بێت هەرگیز تامی مردن
ناکات. [53]ئایا تۆ لە ئەڤراهامی باوکمان مەزنتری کە مرد؟ تەنانەت پێغەمبەرانیش مردن؛ خۆت بە چی دەزانیت؟»[54]وەڵامی دانەوە:
«ئەگەر من خۆم شکۆمەند بکەم، ئەوا شکۆمەندییەکەم هیچ نیە، ئەوە باوکمە کە شکۆمەندم دەکات ئەوەی ئێوە دەڵێن خودامانە.
[55] هەرچەندە ئێوە نایناسن. بەڵام من دەیناسم. ئەگەر بڵێم نایناسم، وەک ئێوە دەبمە درۆزن. بەڵام دەیناسم و کاربە وتەکانی دەکەم.
[56]ئەڤراهامی باوکتان دڵشاد بوو هیوای بینینی ڕۆژی منی هەبوو، جا ئەو ڕۆژەی بینی و دڵخۆش بوو»[57]یەهودیەکان پێیان گوت: «تۆ ئێستا
تەمەنت نەبووە بە پەنجا ساڵ، ئیتر چۆن دەڵێیت کە ئەڤراهامت بینیوە؟» [58]پێی فەرموون: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: من هەم پێش
ئەوەی ئەڤراهام هەبێت». [59]بەردیان هەڵگرت تاکو بەردبارانی بکەن، بەڵام یەشوا خۆی ونکردو دەرچوو لە پەرستگا.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 9

[1]کاتێک یەشوا بە ڕێگادا تێدەپەڕی، پیاوێکی بینی کە بە زگماک نابینا بوو، [2]قوتابییەکانی لێیان پرسی: «مامۆستا، کێ گوناهەی کردووە:
ئەم پیاوە یان دایک و باوکی، کە بە نابینایی لەدایک بووە؟»[3]یەشوا وەڵامی دانەوە: «نە ئەمە گوناهی کردووە نە دایک و باوکی، بەڵکو
تاکو کارەکانی خودای تێدا بەدەرکەوێت. [4]هەتا ڕۆژە لەسەرمە کاری ئەوە بکەم کە ناردوومی چونکە شەو دادێت. و کەس ناتوانێت
کاری تێدا بکات. [5]مادام لە جیهاندام، من ڕووناکی جیهانم».[6]ئەمەی فەرموو، و تفی لەسەر خۆڵ کرد، بە تفەکە قوڕی، گرتەوە و خستیە
سەر چاوی نابیناکە، [7]پێی فەرموو: «بڕۆ لە گۆمی شیلوام خۆت بشۆ»، شیلوام واتا نێردراو. جاڕۆیشت خۆی شوشت و بە چاوی
ساغەوە گەڕایەوە.[8]دراوسێیەکانی پرسیاریان کرد و ئەوانەی پێشتر بینیبوویان سواڵ دەکات گوتیان: «ئەمە ئەوە نیە دادەنیشت و
سواڵی دەکرد؟» هەندێک گوتیان: «ئەوە خۆیەتی». [9]هەندێکی دیکە گوتیان: «نەخێر، بەڵام لەو دەچێت!» بەڵام ئەو وەڵامی دانەوە و
گوتی: «من ئەوم!»[10]پێیان گوت: «ئەی چۆن چاوت کرایەوە؟» [11]وەڵامی دایەوە: «پیاوێک بە ناوی یەشوا، قوڕی گرتەوە و چاومی
سواخدا، پێی گوتم : بڕۆ لە گۆمی شیلوام خۆت بشۆ. منیش ڕۆیشتم خۆمم شوشت بینایم بۆگەڕایەوە!» [12]لێیان پرسی: «ئێستا ئەو
لەکوێیە؟» گوتی: «نازانم!»[13]ئەو پیاوەی پێشتر نابینا بوو بردیانە لای فەریسییەکان. [14]ئەو ڕۆژەی کە یەشوا قوڕەکەی گرتەوە و چاوی
کردەوە شەبات بوو. [15]لەبەر ئەوە فەریسییەکان لێیان پرسی کە چۆن چاوی چاک بۆتەوە. پیاوەکە وەڵامی دانەوە: «قوڕی خستە سەر
چاوم، منیش شوشتم، وا ئێستا دەبینم!»[16]هەندێک لە فەریسییەکان گوتیان: «ئەم پیاوە نابێت لەخوداوە بێت، چونکە شەبات ناپارێزێت».
بەڵام هەندێکیان گوتیان: «چۆن پیاوێکی گوناهبار دەتوانێت پەرجووی لەم جۆرە بکات؟» ئیتر دووبەرەکی کەوتە نێوانیان. [17]دیسان
پرسیاریان لە نابیناکە کرد: «تۆ دەربارەی ئەو چی دەڵێیت، چونکە چاوی تۆی چاک کردەوە؟» گوتی: «پێغەمبەرە!» [18]ڕابەرانی یەهوود
باوەڕیان نەکرد کە ئەمە نابینا بووە و ئێستا دەبینێت، جا دایک و باوکی پیاوەکەیان بانگکرد[19]پرسیاریان لێکردن: «ئایا ئەمە کوڕتانە کە
دەڵێن بە نابینایی لەدایک بووە؟ ئەی ئێستا چۆن دەبینێت؟» [20]دایک و باوکی وەڵامیان دایەوە: «دەزانین ئەمە کوڕمانە و بە نەبینایی
لەدایک بووە. [21]بەڵام نازانین ئێستا چۆن دەبینێت، وە کێ چاوی چاک کردۆتەوە. لێی بپرسن، ئەو گەورەیە، لەبارەی خۆیەوە وڵامتان
دەداتەوە!»[22]دایک و باوکی ئەمەیان گوت لە ترسی ڕابەرانی یەهوود، چونکە یەهودیەکان کۆک بوون لەسەر ئەوەی هەرکەسێک دانبنێت
کە یەشوا مەسیحەکەیە، لە کەنیشت دەریبەکەن. [23]لەبەر ئەوە دایک و باوکی گوتیان: «ئەو گەورەیە، لە خۆی بپرسن».[24]دیسان
فەریسییەکان، ئەو پیاوەی پێشتر نابینا بوو بانگیان کرد، و پێیان گوت: «شکۆمەندی بۆخودا! ئێمە دەزانین ئەم پیاوە گوناهبارە».
[25]وەڵامی دایەوە: «ئەو گوناهبارە، ئەوە نازانم! تەنها یەک شت دەزانم،: من نابینا بووم و ئێستا دەبینم!»[26]دووبارە لێیان پرسی: «چی
لێکردیت؟ چۆن چاوی تۆی کردەوە؟» [27]وەڵامی دانەوە: «پێم گوتن گوێتان لێ نەگرتم، بۆچی دیسان دەتانەوێ ببیستن؟ ئێوەش
دەتانەوێ ببنە قوتابی ئەو؟» [28]جوێنیان پێیدا و پێیان گوت: «تۆ قوتابی ئەویت! بەڵام ئێمە قوتابی موشەین. [29]ئێمە دەزانین موشە لەگەڵ
خودا قسەی کرد؛ بەڵام نازانین ئەوە لە کوێوە هاتوە!»[30]پیاوەکە وەڵامی دانەوە: «ئەمە شتێکی سەیرە! ئەو چاوی کردوومەتەوە،
ئێوەش دەڵێن نازانین ئەو لەکوێوە هاتووە! [31]ئێمە دەزانین خودا وەڵامی گوناهباران ناداتەوە، بەڵام گوێ لە یەکێک دەگرێت خۆپارێز بێت
و خواستی پەیرەو بکات،[32]بەدرێژایی نەوەکان نەبیستراوە یەکێک چاوی بە زگماک نابینا بکاتەوە! [33]ئەگەر ئەوە لە خوداوە نەبێت،
نەیدەتوانی هیچ شتێک بکات». [34]هاواریان بە سەریدا کرد: «تۆ بە تەواوی لە گوناهە لەدایک بوویت تۆ فێرمان دەکەیت!» جا دەریانکردە
دەرەوەی کەنیشت.[35]یەشوا بیستی دەریانکردۆتە دەرەوە، دۆزییەوە و پێی فەرمووو: «باوەڕ بە ڕۆڵەی خودا دەکەیت؟» [36]وەڵامی
دایەوە: «گەورەم ئەوە کێیە تاکو باوەڕی پێ بکەم؟» [37]یەشوا پێی فەرمووو: «ئەوەی بینیوتە، ئەوەی قسەت لەگەڵ دەکات، ئەوە
خۆیەتی!» [38]ئەویش گوتی: «پەروەردگارم باوەڕ دەکەم!» ئینجا کڕنۆشی بۆ برد.[39]یەشوا فەرمووی: «بۆ داوەری هاتوومەتە ئەم جیهانە:
تاکو ئەوانەی نابینان ببینن، و ئەوانەی دەبینن کوێربن!» [40]هەندێک فەریسی کە لەگەڵی بوون گوێیان لەمە بوو لێیان پرسی: «ئایا ئێمەش
کوێرین؟» [41]یەشوا وەڵامی دانەوە: «ئەگەر ئێوە بەڕاستی کوێر بوونایە گوناهتان نەدەبوو. بەڵام ئێوە بانگەشەی ئەوە دەکەن دەبینین،
لەبەر ئەوە گوناهەکەتان دەمێنێتەوە».

## Chapter 10

[1]«ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی لە دەرگاوە نەچێتە ناو گەوەڕی مەڕەکان بەڵکو بە ڕێگایەکی دیکەدا بۆی سەربکەوێت، ئەوە دز و
جەردەیە. [2]بەڵام ئەوەی لە دەرگاوە بچێتە ژوورەوە ئەوە شوانی مەڕەکانە،[3]دەرگاوانیش دەرگاکەی لێ دەکاتەوە، مەڕەکانیش گوێ لە
دەنگی دەگرن، بە ناو بانگی مەڕەکانی خۆی دەکات، و دەیانباتە دەرەوەی گەوەڕەکە. [4]کاتێک هەموو ئەوانەی خۆی هێنایە دەرەوە،
لەپێشیانەوە دەڕوات، و ئەوانیش شوێنی دەکەون، چونکە دەنگی دەناسنەوە.[5]هەرگیز شوێنی کەسێکی نامۆ ناکەون، بەڵکو لێی هەڵدێن،
چونکە دەنگی نامۆکان ناناسن». [6]یەشوا ئەم نموونەیەی بۆ گێڕانەوە، بەڵام ئەوان لە مەبەستی وتەکانی نەگەیشتن.[7]دیسانەوە
فەرمووی: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: منم دەرگای مەڕەکان. [8]هەموو ئەوانەی پێش من هاتوون دز و جەردە بوون، بەڵام مەڕەکان
گوێیان لێ نەگرتن.[9]من دەرگاکەم. ئەوەی لە منەوە بڕواتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت، دێتە ژوورەوە و دەچێتە دەرەوە و لەوەڕگا
دەدۆزێتەوە. [10]دز نایەت بۆ دزین و کوشتن و لەناوبردن نەبێت. بەڵام من هاتووم تاکو ئەوان ژیانیان هەبێت، ژیانێکی تێرو پڕ![11]«منم
شوانە چاکەکە. شوانی چاک ژیانی خۆی لە پێناوی مەڕەکاندا دەبەخشێت. [12]بەکرێگیراویش وەک شوانی مەڕەکان نیە، ومەڕەکانیش
هی ئەو نین. کاتێک دەبینێت گورگ دێت، مەڕەکان بەجێدەهێڵێت و خۆی قوتاردەکات، گورگیش مەڕەکان دەبات و پەرتەوازەیان
دەکات. [13]کابرا ڕادەکات چونکە بەکرێگیراوە و خەمی مەڕەکانی نیە![14]من ئەوم شوانە چاکەکە، مەڕی خۆم دەناسم و ئەوانیش من
دەناسن، [15]هەروەک چۆن باوک دەمناسێت منیش باوک دەناسم. ژیانم بۆ مەڕەکانم دەبەخشم. [16]هەروەها مەڕی دیکەم هەیە کە
سەربەم پشتیرە نین، دەبێت ئەوانیش کۆبکەمەوە، گوێیان لە دەنگم دەبێت؛ جا دەبنە یەک مێگەل و یەک شوان.[17]لەبەر ئەوە باوک منی
خۆشدەوێت چونکە ژیانی خۆم دەبەخشم تاکو وەریبگرمەوە. [18]کەس ژیانم لێ ناستێنێت، بەڵکو خۆم دەیبەخشم. دەسەڵاتم هەیە
بیبەخشم و دەسەڵاتم هەیە بیگەڕێنمەوە. ئەم ڕاسپاردەیەم لە باوکمەوە وەرگرتووە».[19]یەهودیەکان بونە دووبەش لەبارەی ئەم
قسانەوە. [20]زۆرێک لەوان گوتیان: «خێوی تێدایەو وڕێنە دەکات. بۆچی گوێی لێ دەگرن؟» [21]هەندێکی دیکەیان گوتیان: «ئەمە قسەی
کەسێک نیە کە خێوی تێدابێت. ئایا خێو دەتوانێت چاوی نابینایەک بکاتەوە؟»[22]وە لە کاتی ئاهەنگ بەبۆنەی نوێکردنەوەی پەرستگاکەدا، لە
وەرزی زستاندا، [23]یەشوا لە پەرستگا لەناو هۆڵی شلۆمۆ پیاسەی دەکرد. [24]یەهودیەکان لەدەوری کۆبوونەوە و پێیان گوت: «هەتا کەی لە
گومان دەمانهێڵیتەوە؟ ئەگەر تۆ مەسیحەکەیت، بە ڕاشکاوی پێمان بڵێ».[25]یەشوا وەڵامی دانەوە: «پێم گوتن، بەڵام باوەڕ ناکەن. ئەو
کارانەی بە ناوی باوکمەوە دەیکەم، شایەتیم بۆ دەدەن. [26]بەڵام ئێوە باوەڕم پێ ناکەن چونکە لە مەڕەکانم نین.[27]مەڕەکانم گوێ لە
دەنگم دەگرن، منیش دەیانناسم و ئەوانیش بەدوام دەکەون، [28]ژیانی هەتاهەتاییان دەدەمێ، و هەرگیز لەناو ناچن، کەسیش لە دەستم
نایانڕفێنێت.[29]ئەوباوکەی کە بە منی داون لە هەمووان مەزنترە، کەس ناتوانێت لە دەستی باوکم هیچ شتێک بڕفێنێت. [30]من و باوک
یەکین!» [31]یەهودیەکان، دووبارە، بەردیان هەڵگرت تاکو بەرد بارانی بکەن.[32]یەشوا پێی فەرموون: «زۆر کاری چاکم لەلایەن باوکمەوە
پیشاندان، بەهۆی کامیانەوە بەردبارانم دەکەن؟» [33]وەڵامیان دایەوە: «لەبەر هیچ کارێکی چاک بەردبارانت ناکەین، بەڵکو بەهۆی
کوفرکردنتەوە: چونکە تۆ مرۆڤیت، و خۆت دەکەیت بە خودا!»[34]یەشوا پێی فەرموون: «ئایا لە تەوڕاتەکەتان نەنووسراوە: من پێم
گوتن: ئێوە خوداوەندەکانن؟ [35]ئەگەر تەوڕاتەکە ئەوانە بە خوداوەندەکان بانگ بکات کە وشەی خودایان بۆ هاتووەتە خوارەوە ناکرێت
پەرتوکەکەش هەڵبوەشێتەوە [36]ئایا بەوە دەڵێن کە باوک دەسنیشانی کردوە و ناردوویەتی بۆ جیهان: تۆ کفر دەکەیت، چونکە گوتم: من
ڕۆڵەی خودام؟[37]ئەگەر کارەکانی باوکم ئەنجام نەدەم، باوەڕم پێ مەکەن. [38]بەڵام ئەگەر ئەو کارانە ئەنجام بدەم، هەرچەندە باوەڕیشم
پێ ناکەن، باوەڕ بەو کارانە بکەن تاکو بزانن و تێبگەن کە باوک لە مندایە و منیش لە باوکدام». [39]دووبارە ویستیان بیگرن، بەڵام لە
دەستیان دەربازی بوو،[40]ئینجا ڕۆشتە ئەوبەری ڕووباری ئەردەن، لەوێ نیشتەجێ بوو، ئەو شوێنەی کە یۆخەنان خەڵکی لە ئاو
هەڵدەکێشا. [41]خەڵکێکی زۆر هاتنە لای و دەیانگوت: «یۆخەنان یەک پەرجووی نەکرد، بەڵام هەرچی دەربارەی ئەم پیاوە گوتی ڕاست
بوو!» [42]لەوێ خەڵکێکی زۆر باوەڕیان پێهێنا.

## Chapter 11

[1]کەسێک نەخۆش کەوت ناوی ئیلعازار بوو، خەڵکی بێت‌ئەنیا بوو. گوندی میریام و مارتای خوشکی. [2]میریام ئەوەبوو کە مەسیحی
پەروەردگاری بە بۆن چەور کرد بە پرچی پێیەکانی سڕییەوە، ئیلعازار نەخۆشەکە برای بوو.[3]خوشکەکان هەواڵیان بۆ یەشوا نارد و
گوتیان: «گەورەم، ئەوەی تۆ خۆشت دەوێ نەخۆشە». [4]کاتێک یەشوا ئەمەی بیست فەرمووی: «ئەم نەخۆشییە بەمردن کۆتایی نایەت،
بەڵکو دەبێتە شکۆمەند کردنی خودا، تاکو بەهۆیەوە ڕۆڵەی خودا شکۆمەند دەبێت».[5]لەگەڵ ئەوەی یەشوا مارتا و خوشکەکەی و
ئیلعازاری خۆش دەویست، [6]کاتێک بیستی نەخۆشە دوو ڕۆژی دیکە لەو شوێنەی لێی بوو مایەوە. [7]دوای ئەمە بە قوتابییەکانی فەرمووو:
«با بگەڕێینەوە بۆ ناوچەی یەهودیا!»[8]قوتابییەکان پێیان گوت: « مامۆستا، ماوەیەک لەمەوبەر یەهوودییەکانی ئەوێ، دەیانویست
بەردبارانت بکەن دیسان دەگەڕێتەوە ئەوێ؟» [9]یەشوا وەڵامی دایەوە: «ئایا ڕۆژ دوازدە کاتژمێر نیە؟ ئەوەی بە ڕۆژ بڕوات پێی
هەڵناکەوێت چونکە ڕووناکی ئەم جیهانە دەبینێت. [10]بەڵام ئەوەی بە شەو بڕوات پێی هەڵ دەخلیسکێت، چونکە ڕووناکی تێدا نیە».
[11]پاشان پێی فەرموون: «ئیلعازاری دۆستمان نوستووە، بەڵام دەڕۆم تاکو خەبەری بکەمەوە».[12]قوتابییەکان گوتیان: «گەورەم، ئەگەر
ئەو نوستووە، هەڵدەستێتەوە». [13]یەشوا باسی مردنی ئەوی کرد؛ بەڵام ئەوان وایانزانی باس لە نوستنی ئاسایی دەکات. [14]یەشوا بە
ئاشکرا پێی فەرموون: «ئیلعازار مردووە.[15]لەبەر ئێوە دڵشادم کە لەوێ نەبووم، تاکو باوەڕ بهێنن. وەرن با بڕۆین بۆ لای!» [16]تۆما، کە بە
دووانە بانگ دەکرا، بە قوتابییە هاوەڵەکانی گوت: «با ئێمەش لەگەڵ ئەودا بڕۆین تاکو (لەگەڵی بمرین).[17]کاتێک یەشوا گەیشتە بێت
عەنیا، ئیلیعازار چوار ڕۆژ بوو نێژرابوو. [18]بێت‌ئەنیاش نزیکەی پازدە تیرهاوێژ (سێ کیلۆمەتر). لە یۆرشەلایم دوور بوو. [19]ژمارەیەکی زۆر
لەو یەهوودییانەی هاتبوونە لای مارتا و میریام تاکو سەرەخۆشی براکەیان لێ بکەن. [20]مارتا کە بیستی یەشوا هاتووە، بەرەو پیری چوو،
بەڵام میریام لە ماڵەوە مایەوە.[21]مارتا بە یەشوای گوت: «گەورەم، ئەگەر لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد. [22]من دڵنیام هەرچی لە خودا
داوا بکەیت پێتدەدات». [23]یەشوا پێی فەرمووو: «براکەت هەڵدەستێتەوە».[24]مارتا پێی گوت: «دەزانم لە زیندووبوونەوەی ڕۆژی دواییدا
هەڵدەستێندرێتەوە!» [25]یەشوا وەڵامی دایەوە: «منم هەستانەوە و ژیانەکە. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت زیندوو دەبێتەوە.
[26]وە هەرکەسێک کە زیندووە و باوەڕم پێ بهێنێت، هەرگیز نامرێت. باوەڕ بەمە دەکەیت؟»[27]وەڵامی دایەوە: «بەڵێ گەورەم. باوەڕم
هێناوە کە تۆ مەسیحەکەیت ڕۆڵەی خودای ئەوەی دێت بۆ جیهان!» [28]ئەوەی گوت، چوو میریامی خوشکی بانگکرد، و بە نهێنی پێی
گوت: «مامۆستا لێرەیە، بانگت دەکات!» [29]میریام کە ئەمەی بیست خێرا هەستا، و هاتە لای یەشوا.[30]یەشوا هێشتا نەهاتبووە ناو
گوندەکە، بەڵکو لەو شوێنە بوو کە مارتای لێ بینی. [31]ئەو یەهودییانەی، لە ماڵەوە لەگەڵی بوون و دڵنەواییان دەکرد، بینییان خێرا هەستا
و چووە دەرەوە، شوێنی کەوتن، وایانزانی دەچێتە سەر گۆڕەکە تاکو لەوێ بگریت. [32]کاتێک میریام گەیشتە ئەو شوێنەی یەشوای لێبوو و
ئەوی بینی، بەسەر پێیدا کەوت و پێی گوت: «گەورەم، ئەگەر تۆ لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد!»[33]یەشوا کە بینی دەگری و ئەو
یەهودیانەش کە لەگەڵی هاتبوون دەگرین، دڵی زۆر پربوو لە پەژارە، [34]پرسیاری کرد: «لەکوێتان داناوە؟» وەڵامیان دایەوە: «گەورەم،
وەرە و ببینە!» [35]لەوکاتە یەشوا گریا.[36]یەهوودییەکان بە یەکتریان گوت: «سەیر بکەن، چەندی خۆشدەویست!» [37]بەڵام هەندێکیان
گوتیان: «ئەمە کە چاوی نابیناکەی کردەوە ئایا نەیدەتوانی وای بکردایە ئەمیش نەمردایە؟»[38]دووبارە یەشوا لە دڵەوە توشی پەژارەبوو.
لە گۆڕەکە نزیک کەوتەوە، کە ئەشکەوتێک بوو بەردێکی گەوەرەی سەرخرابوو. [39]فەرمووی: «بەردەکە لادەن!» مارتا پێی گوت:
«پەروەردگار، ئەوە ڕۆژی چوارەمە، بۆگەنی کردووە» [40]یەشوا پێی فەرموو: «ئەی پێم نەگوتی: ئەگەر باوەڕ بکەیت شکۆمەندی خودا
دەبینیت؟»[41] ئەوسا بەردەکەیان لابرد، یەشوا چاوی هەڵبڕی بۆ ئاسمان و فەرمووی: «باوکە، سوپاست دەکەم کە گوێت لێ گرتم،
[42]دەمزانی کە تۆ هەمیشە گوێم لێ دەگریت. بەڵام لەبەر ئەو خەڵکەی لەم ناوە ڕاوەستاون ئەمەم گوت تاکو باوەڕ بکەن کە تۆ منت
ناردووە».[43]کە ئەمەی فەرموو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: «ئیلعازار وەرە دەرەوە!» [44]ئەوسا مردووەکە هاتە دەرەوە، دەست و
قاچی بە کفن بەسترابوو، ڕووشی بە دەسماڵێک پێچرابوو. یەشوا بەوانەی دەوری فەرموو: «بیکەنەوە، بهێڵن با بڕوات!»[45]زۆر لە و
یەهوودییانەی کە بۆ دڵنەوایی هاتبونە لای میریام ئەمەیان بینی کە یەشوا کردی، باوەڕیان پێهێنا. [46]بەڵام هەندێکیان چوونە لای
فەریسییەکان و ئەوەی یەشوا ئەنجامی دابوو پێیان ڕاگەیاندن.[47]سەرۆک کاهینان و ئەنجومەنی فەریسییەکان کۆبونەوە،وگوتیان: «چی
بکەین؟ چونکە ئەم پیاوە پەرجووی زۆر دەکات. [48]ئەگەر بەم شێوەیە وازی لێبهێنین هەموو خەڵکەکە باوەڕی پێ دەهێنن، ڕۆمانییەکانیش
دێن پەرستگای پیرۆزمان دەڕووخێنن و نەتەوەکەمان لەناو دەچێت!»[49]یەکێک لەوانە، بە ناوی کەیافا ئەو ساڵە سەرۆکی کاهینان بوو پێی
گوتن: «ئێوە هیچ نازانن! [50]تێناگەن وا باشترە پیاوێک لە جیاتی گەل بمرێت لەوەی هەموو گەلەکەمان لەناوبچێت».[51]قیافا ئەوەی لە
خۆیەوە نەگوت، بەڵکو لەو ساڵەدا سەرۆکی کاهینان بوو، پێشبینیی کرد کە یەشوا لە جیاتی گەل دەمرێت، [52]نەک تەنها لە جیاتی ئەو
گەلە، بەڵکو تاکو ڕۆڵەکانی خودا کە پەرتەوازە بوون کۆیانبکاتەوە و بیانکات بەیەک. [53]لەوڕۆژەوە یەهوودییەکان بڕیاریاندا یەشوا بکوژن.
[54]لەپاش ئەوە چیتر یەشوا بە ئاشکرا نەدەگەڕا، بەڵکو چوە شارێک ناوی ئەفرایم بوو، کە نزیک چۆڵەوانی بوو، لەگەڵ قوتابییەکانی لەوێ
مایەوە. [55]ئەوکاتە جەژنی پەسخەی یەهوودییەکان نزیک ببۆوەو، زۆر کەس لەگوندەکانەوە هاتبوون بۆ یۆرشەلایم بۆ مەڕاسمی پاک
بوونەوە لە پێش جەژن.[56]جا بە شوێن یەشوا دەگەڕان، کاتێک لە پەرستگا کۆببونەوە پرسیاریان لە یەکترکرد دەیان گوت: «ڕاتان چییە؟
ئایا بۆ جەژنەکە نایەت؟» [57]سەرۆک کاهینەکان و فەریسییەکان فەرمانێکیان دەرکردبوو کە هەرکەسێک یەشوا بدۆزێتەوە ئاگاداریان
بکانەوە تاکو بیگرن.

# Chapter 12

[1]شەش ڕۆژ پێش جەژنی پەسخە یەشوا هاتە بەیت ئەنیا، زێدی ئیلعازار کە لە مردن هەڵیساندبۆوە. [2]بۆیە ئێوارەخوانێکی بۆ پێشکەش
کرا، و مارتاش خزمەتی کرد، و ئیلعازار یەکێک بوو لەوانەی لەگەڵیدا پاڵی دابۆوە. [3]میریام مەنایەک (واتە یەک لەسەر سێی لیترێک) لە
بۆنی بێگەرد هێنا کە زۆر گران بەهایە، پێیەکانی یەشوای پێ چەورکرد، پاشان بە پرچی سڕییەوە، بۆنە خۆشەکەی هەموو ماڵەکەی
پڕکرد.[4]یەکێک لە قوتابییەکان، بە ناوی یەهودای ئیسخاریۆتی، ئەوەی بەتەمابوو ناپاکی لە یەشوا بکات، گوتی: [5]«بۆچی ئەم بۆنەتان بە
سێ سەد دینار نەفرۆشت و بەسەر هەژارەکاندا دابەشتان بکردایە؟» [6]ئەمەی نەگوت لەبەر ئەوەی بەزەیی بە هەژاراندا دەهاتەوە،
بەڵکو لەبەر ئەوەی دزبوو، چونکە ئەمینداری گەنجینە بوو گەندەڵی لەو شتانە دەکرد کە دەیان خستە ناوی.[7]یەشوا وەڵامی دایەوە:
«وازی لێبێنن! ئەمەی بۆ ڕۆژی ناشتنم پاراستبوو، [8]چونکە هەژاران هەمووکات لەگەڵتانن؛ بەڵام من هەمووکات لەلاتان نیم».
[9]ژمارەیەکی زۆر لە یەهودیەکان زانییان یەشوا لە بێت ئەنیایە، هاتن نەک تەنها بۆ بینینی یەشوا، بەڵکو ئیلعازاریش کە لەنێو مردووان
هەڵیستاندەوە. [10]سەرۆک کاهینەکانیش بڕیاریاندا کە ئیلعازارش بکوژن، [11]چونکە ژمارەیەکی زۆر لە یەهودیەکان وازیان لێ دەهێنان و
باوەڕیان بەیەشوا دەهێنا.[12]بۆ ڕۆژی دواتر، جەماوەرێکی زۆر لە خەڵک کە هاتبوون بۆ جەژن، زانییان کە یەشوا دێت بۆ یۆرشەلایم. [13]لقە
داری خورمایان برد و بەرەوپیری چوون، هاواریان دەکرد: «هوشیەنا! پیرۆزە ئەوەی بە ناوی پەروەردگار دێت! ئەوە پاشاکەی
یەسرائیلە!»[14]یەشوا جاشکێکی بینی سواری بوو، وەک نووسراوە: [15]«مەترسە ئەی کچی سەهیۆن، ئەوەتا پاشایەک بۆلات دێت بە
سواری جاشی ماکەرێک».[16]قوتابییەکانی لەسەرتادا لەمانە تێنەگەیشتن ئەوە هاتنەدی پێشبینیەکان بوو. بەڵام پاش ئەوەی یەشوا
شکۆمەند کرا بیریان کەوتەوە کە ئەمانە لەسەر ئەو نووسراون، ئەوانیش ئەمەیان لەپێناوی ئەودا کردووە.[17]هەموو ئەو خەڵکەش کە
لەگەڵی بوون کاتێک ئیلعازاری لەناو گۆڕەکەوە بانگکرد و لەنێو مردوواندا هەڵیستاندەوە، شایەتییان بۆی دەدا. [18]لەبەر ئەوە بوو
خەڵکەکە چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی پێشوازیی لێ بکەن، چونکە بیستیان ئەو پەرجووی کردووە. [19]فەریسییەکانیش بە یەکتریان گوت:
«دەبینن هیچمان لە دەست نایەت؟ ئەوەتا هەموو جیهان شوێنی کەوتووە!»[20]هەندێک یۆنانی لەنێو ئەوانە بوون کە هاتبوونە یۆرشەلایم
لە جەژندا خواپەرستی بکەن، [21]ئەوان هاتنە لای فیلیپۆس، ئەوەی خەڵکی بێت سیدۆنی گەلیلی بوو، پێیان گوت: «گەورەم، دەمانەوێت
یەشوا ببینین». [22]فیلیپۆس هات و بە ئاندریای گوت، ئینجا بەیەکەوە چون و بە یەشوا یان گوت.[23]یەشوا پێی فەرموون: «کاتی
شکۆمەندبوونی ڕۆڵەی مرۆڤ نزیک بۆتەوە. [24]ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: دەنکە گەنم ئەگەر نەکەوێتە ناو زەوی و نەمرێت، بە تەنها
دەمێنێتەوە. بەڵام کە مرد، ئەوسا بەرهەمی زۆر دەدات.[25]ئەوەی دەست بە ژیانیەوە بگرێت، دەیدۆڕێنێت. ئەوەی لەم جیهانەدا دەستی
لێبەردات، ئەوا بۆ هەتاهەتایە ژیانی دەپارێزێت. [26]ئەوەی بیەوێت خزمەتم بکات با شوێنم بکەوێت. ئیتر من لە هەر شوێنێک بم
خزمەتکاریشم لەوێیە. ئەگەر یەکێک خزمەتم بکات باوکم ڕێزی لێ دەگرێت.[27]دەرونم ئێستا خەمبارە، چی بڵێم؟ باوکە لەم کاتەی دێت
ڕزگارم بکە؟ بەڵام نەخێر! بۆ ئەم کاتە هاتووم. [28]ئەی باوک، ناوت شکۆمەند بکە!» دەنگێک لە ئاسمانەوە وەڵامی دایەوە: «شکۆمەندم
کردووە و شکۆمەندی دەکەمەوە.» [29]هەندێک لە ئامادەبووان گوێیان لێبوو گوتیان: «هەورەتریشقە بوو!» هەندێکی دیکەیان گوتیان:
«فریشتەیەک بوو قسەی لەگەڵ کرد».[30]یەشوا فەرمووی: «ئەو دەنگەی هات لەبەر من نەبوو بەڵکو بۆ ئێوە بوو. [31]ئێستا کاتی داوەری
کردنی ئەم جیهانەیە! ئێستا سەرۆکی ئەم جیهانە دەردەکرێتە دەرەوە![32]کاتێک لە زەوییەوە بەرز دەبمەوە ئەوا هەمووان بۆ لای خۆم
ڕادەکێشم». [33]ئەمەی گوت ئاماژەی بەو مردنەکەی کرد کە دەمرێت.[34]هەندێک لە ئامادەبووان دەیانگوت: «تەورات فێری کردین کە
مەسیح هەتاهەتایە دەژی، کەواتە چۆن دەڵێت کوڕی مرۆڤ دەبێت هەڵبواسرێت؟ ئەم ڕۆڵەی مرۆڤە کێیە؟» [35]یەشوا پێی فەرموون:
«ڕووناکییەکە ماوەیەکی کەمی لەگەڵتان ماوە. کەواتە بەردەوام بە لە ڕۆیشتن تا ڕووناکییەکە بەسەرتدا دەدرەوشێتەوە، نەوەک
تاریکیتان بەسەردابێت، چونکە ئەوەی لە تاریکیدا دەڕوات نازانێت بۆ کوێ دەڕوات. [36]مادام ڕووناکییەکە لەگەڵتانە، باوەڕ بە
ڕووناکییەکە بکەن. تا ببنە ڕۆڵەی ڕووناکیەکە». دوای ئەوەی یەشوا ئەمەی فەرموو، خۆی ونکرد.[37]لەگەڵ ئەوەی پەرجووی زۆری
لەبەردەمیان کرد، بەڵام باوەڕیان پێ نەهێنا، [38]تاکو وتەی ئیشایا پێغەمبەر بێتە دی کە گوتی:«ئەی پەروەردگار کێ باوەڕی بە وتەکەمان
کرد؟ و دەستی پەروەردگار بۆ کێ دەرکەوت؟»[39]لەبەر ئەوە نەیانتوانی باوەڕ بهێنن، چونکە ئیشایا لە شوێنێکی دیکە گوتی: [40]«چاویانی
کوێر و دڵیانی ڕەق کردووە، بۆ ئەوەی بە چاویان نەبینن و بە دڵیان تێنەگەن، نەوەک بگەڕێنەوە و منیش چاکیان بکەمەوە».[41]ئیشایا
ئەمانەی گوت، چونکە شکۆمەندی پەروەردگاری بینی و باسی کرد. [42]هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە ڕابەرەکانیش باوەڕیان بەیەشوا
هێنا، بێ ئەوەی باوەڕەکەیان ڕابگەیەنن، لەترسی ئەوەی لە کەنیشت دەرنەکرێن، [43]چونکە ئەو شکۆمەندییەی لە مرۆڤەکانەوە دێت بە
باشتر دەزانن لەو شکۆمەندییەی کە لە خوداوە دێت.[44]یەشوا بە دەنگی بەرز فەرمووی: «ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەوە باوەڕ بە من
ناهێنێت، بەڵکو بەوەی ناردوومی، [45]ئەوەش کەدەمبینێت، ئەوە دەبینێت کە ناردوومی[46]من وەک ڕووناکی هاتوومەتە جیهان، بۆئەوەی
هەر کەسێک گوێی لە وتەکانم بگرێت لە تاریکیدا نەمێنێتەوە. [47]ئەگەر یەکێک گوێی لە وتەکانم بوو کاری پێ نەکرد، من تاوانباری ناکەم ،
چونکە نەهاتووم تاکو جیهان تاوانبار بکەم، بەڵکو جیهان ڕزگار بکەم.[48]ئەوەی ڕەتم بکاتەوە و وتەکانم وەرنەگرێت، یەکێک هەیە داوەڕی
بکات: ئەو قسەیەی کە من کردم لە ڕۆژی دواییدا داوەری دەکات؛ [49]من لە خۆمەوە قسەم نەکردووە، بەڵکو ئەو باوکەی کە ناردوومی،
بەچی ڕایسپاردووم [50]دەزانم ڕاسپاردەی ئەو ژیانی هەتاهەتاییە: هەر بۆیە هەرچی بڵێم، بەو جۆرە دەیڵێم کە باوکم پێی فەرمووم».

# Chapter 13

[1]پێش جەژنی پەسخە، یەشوا دەیزانی کاتی هاتووە ئەم جیهانە بەجێبهێڵێت و بۆ لای باوک بگەڕێتەوە جا ئەوانەی هی خۆی بوون لە
جیهاندا خۆشیدەویستن، هەتا ئەوپەڕی خۆشویستن: [2]لە کاتی ژەمی ئێوارە، شەیتان خستیە دڵی یەهودای ئیسخاریۆتی کوڕی شیمۆن
کە ناپاکی لە یەشوا بکات،[3]یەشوا دەیزانی باوک هەموو شتێکی خستووەتە ژێر دەستی، هەروەها لە خوداوە هاتووە و بۆ خوداش
دەگەڕێتەوە، [4]لەسەر خوانی شێوان، هەستا و کەواکەی داکەند و دەسماڵێکی هەڵگرت و لە ناوقەدی بەست، [5]پاشان ئاوی کردە ناو
تەشتێک، و دەستی بە شوشتنی پێی قوتابییەکانی کرد و بەو دەسماڵەی کە بە ناوقەدیەوە بەستبووی پێیەکانی دەسڕینەوە.[6]کاتێک
گەیشتە سەر شیمۆن پەترۆ، شیمۆن پێی گوت: «گەورەم تۆ پێی من دەشۆیت!» [7]یەشوا وەڵامی دایەوە: « تۆ لەوە تێناگەیت کە ئێستا
دەیکەم، بەڵام دواتر تێیدەگەیت». [8]پەترۆ پێی گوت: «نەخێر هەرگیز پێم ناشۆیت!» یەشوا وەڵامی دایەوە: «ئەگەر پێت نەشۆم، لەگەڵ
من بەشت نابێت!» [9]جا شیمۆن پەترۆ پێی گوت: «گەورەم، تەنها پێم نا، بەڵکو دەست و سەریشم هەروەها!»[10]یەشوا پێی فەرموو:
«ئەوەی خۆی شوشتبێت هەمووی پاکە تەنها پێویستی بە پێ شوشتن هەیە، ئێوەش پاکن بەڵام هەمووتان نا». [11]یەشوا ئەوەی فەرموو
چونکە دەیزانی کێ ناپاکی لێدەکات، بۆیە فەرمووی: «هەمووتان پاک نین».[12]کە لە شوشتنی پێیان تەواو بوو، کەواکەی خستەوە سەر
شانی و دانیشتەوە، لێی پرسین: «ئایا لەوە تێگەیشتن کە بۆم کردن؟ [13]ئێوە بە مامۆستا و گەورە بانگم دەکەن، و ڕاست دەکەن، چونکە
من وام. [14]جا کە من گەورە و مامۆستاتانم و پێم شوشتن، ئێوەش لەسەرتانە پێی یەکتری بشۆن [15]من نموونەیەکم پێدان تاکو ئەوەی
بۆم کردن ئێوەش بیکەن.[16]ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: کۆیلە لە گەورەکەی ڕێزدارتر نیە، نێردراویش لەوەی ناردوویەتی ڕێزدارترنیە.
ئەگەر ئەمانەتان زانی، [17]خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە ئەگەر پەیڕەوتان کرد. [18]«باسی هەمووتان ناکەم، ئەوانە دەناسم هەڵمبژاردوون.
بەڵام تاوەکو ئەوەی لە نووسراوە پیرۆزەکەدا هاتووە بێتە دی کە دەڵێ: ئەوەی نمەکی کردم، ناپاکی لەگەڵم کرد![19]من ئەوەتان پێ
دەڵێم پێش ئەوەی ڕوویدات، تاکو کاتێک ڕوویدا، باوەڕ بکەن کە من ئەوم. [20]ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی پێشوازی لەوە بکات
کە دەینێرم، ئەوا پێشوازی لە من دەکات، ئەوەی پێشوازی لە من بکات، پێشوازی لەوە دەکات کە ناردوومی».[21]کاتێک یەشوا ئەمانەی
فەرموو، دەرونی غەمبار بوو ڕایگەیاند و فەرمووی: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: یەکێک لە ئێوە بە گرتنم دەدات!» [22]قوتابییەکانی بە
سەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان دەکرد و نەیاندەزانی ئەوە کێیە بەگرتنی دەدا.[23]ئەو قوتابییەی کە یەشوا خۆشیدەویست لەگەڵی
پاڵیدابووەوە، [24]شیمۆن پەترۆ ئاماژەی بۆ کرد تاکو پرسیار لە یەشوا بکات کە مەبەستی لە کێیە. [25]ئەویش شانی خستە سەر سنگی
یەشوا و پێی گوت: «گەورەم ئەو کەسە کێیە؟»[26]یەشوا وەڵامی دایەوە: «ئەو کەسەیە کە ئەم پاروەوە نانە لە قاپەکە هەڵدەکێشم و
دەیدەمێ». ئینجا پارووەکەی لە قاپەکە هەڵکێشا و دای بە یەهودای کوڕی شیمۆنی ئیسخاریۆتی. [27]هەرکە پارووەکەی وەرگرت، شەیتان
چووە ناویەوە. یەشوا پێی فەرموو: « خێرا بکە لەوەی بەتەمای بیکەیت!»[28]هیچ کەسێک لەوانەی لەسەر خوانەکە لەگەڵی دانیشتبوون
تێنەگەیشتن بۆچی ئەمەی گوت، [29]هەندێکیان وایانزانی پێی دەڵێ کە چییان پێویستە بۆ جەژن بیکڕێت، یان هەندێ پارە بداتە هەژاران،
چونکە ئەمینداری سندوق بوو. [30]ئەویش کە پارووەکەی خوارد، و چووە دەرەوە شەوبو تاریک داهاتبوو.[31]کە یەهودا چووە دەرەوە، یەشوا
فەرمووی: «ئێستا ڕۆڵەی مرۆڤ شکۆمەندبو و خودا تێیدا شکۆمەند بوو. [32]جا ئەگەر خودا تێیدا شکۆمەند بوو، خودا ڕۆڵەکە لە خۆیدا
شکۆمەند دەکات، دەستبەجێ شکۆمەندی دەکاتەوە. [33]ڕۆڵەکانم، ماوەیەکی کورت لەگەڵتاندا دەبم، جا بەدوامدا دەگەڕێن، بەڵام وەک
چۆن بە یەهوودییەکانم گوت ئێستا بە ئێوەشی دەڵێم: ئێوە ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی کە من بۆی دەچم.[34]من ڕاسپاردەیەکی نوێتان
دەدەمێ: یەکتریتان خۆشبوێت، وەک من خۆشم ویستن، ئێوەش بەو جۆرە یەکتریتان خۆشبوێت. [35]بەمە هەمووان دەزانن کە قوتابی
منن: ئەگەر یەکتریتان خۆشەویست».[36]شیمۆن پەترۆ لێی پرسی: «گەورەم، بۆ کوێ دەچیت؟»یەشوا وەڵامی دایەوە: «ئەو شوێنەی
بۆی دەچم، ئێستا ناتوانیت شوێنم بکەویت، بەڵام دواتر دوام دەکەویت». [37]دیسان پەترۆ لێی پرسی: «گەورەم، بۆچی ئێستا ناتوانم
شوێنت بکەوم؟ من ژیانم بۆ تۆ دادەنێم!» [38]یەشوا وەڵامی دایەوە: «ژیانت بۆ من دادەنێیت؟ ڕاستی ڕاستیت پێدەڵێم: کەڵەشێر
ناخوێنێ، تا تۆ سێ جار نکۆڵیم لێنە کەیت!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 14

[1]« با دڵەڕاوکێتان نەبێت. ئێوە باوەڕتان بە خودایە، هەروەها باوەڕ بە من بکەن. [2]لە ماڵی باوکم ژوری زۆر هەیە، ئەگەر ئاوا نەبووایە
پێم دەگوتن. من دەچم تاکو شوێنتان بۆ ئامادە بکەم. [3]پاش ڕۆیشتنم شوێنتان بۆ ئامادە دەکەم، و دەگەڕێمەوە لاتان و دەتانبەمە لای
خۆم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە من لێی دەبم.[4]ئێوە دەزانن من بۆ کوێ دەچم و ڕێگاکەش دەزانن». [5]تۆما پێی گوت: «گەورەم،
نازانین بۆ کوێ دەچیت، چۆن ڕێگاکە بزانین؟» [6]یەشوا وەڵامی دایەوە: «من ئەوم ڕێگاکە و ڕاستیەکە و ژیانەکە. کەس نایەتە لای باوک
بە من نەبێت. [7]ئەگەر ئێوە منتان ناسیبێت، ئەوا باوکمتان ناسیوە. لە ئێستاوە ناسیوتانە و بینیوتانە».[8]فیلیپۆس پێی گوت: «گەورەم،
باوکمان پیشان بدە و بەسمانە!» [9]یەشوا وەڵامی دایەوە: «لەدوای ئەم ماوە دوورو درێژە لەگەڵتانم تائێستا نەتناسیوم ئەی فلیپۆس؟
ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە، ئیتر چۆن دەڵێیت: باوکمان پیشان بدە؟[10]ئایا باوەڕ ناکەی من لە باوکدام، و باوکیش لە مندایە؟ ئەو
قسانەی پێتانی دەڵێم لە خۆمەوە نایڵێم، بەڵکو ئەو باوکەی لە مندایە، ئەو کارەکان دەکات. [11]باوەڕم پێ بکەن من لە باوکدام و باوکیش
لە مندایە، ئەگەرنا بەهۆی ئەم کارانەوە باوەڕم پێبکەن.[12]ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕ بە من بهێنێت ئەو کارانە دەکات کە
من دەیکەم، لەمانەش مەزنتر دەکات، چونکە دەچم بۆ لای باوک. [13]هەرچییەک بە ناوی منەوە داوا بکەن بۆتانی دەکەم، تاکو باوک لە
ڕۆڵەکەدا شکۆمەند ببێت. [14]ئەگەر شتێکتان بە ناوی منەوە داوا کرد، ئەوە من دەیکەم.[15]ئەگەر ئێوە منتان خۆشدەوێت کار بە
ڕاسپاردەکانم بکەن. [16]من داوا لە باوک دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ تاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە، [17]گیانی ڕاستیە، کە جیهان
ناتوانێت وەریبگرێت، چونکە نایبینێت و نایناسێت. بەڵام ئێوە دەیناسن، چونکە لەنێوانتان دەبێت و لەناوتان دەبێت.[18]بە هەتیوی بەجێتان
ناهێڵیم، بەڵکو دەگەڕێمەوە لاتان. [19]پاش ماوەیەکی کەم جیهان نامبینێت. بەڵام ئێوە دەمبینن. لەبەر ئەوەی من زیندووم، ئێوەش زیندوو
دەبنەوە. [20]لەو ڕۆژەدا دەزانن من لە ناو باوکمدام، ئێوە لە ناو مندان، وە من لەناو ئێوەدام.[21]ئەوەی ڕاسپاردەکانی منی، لەلایە و کاریان
پێ دەکات، ئەوا منی خۆشدەوێت. ئەوەی منی خۆشبوێت، باوکمی خۆشدەوێت، وە من خۆشمدەوێت و خۆمی بۆ دەردەخەم». [22]ئینجا
یەهودایەکی دیکە، کە یەهودای ئیسخاریۆتی نەبوو، لێی پرسی: «گەورەم، بۆچی ئەتەوێ خۆت بۆ ئێمە دەربخەیت بەڵام بۆ جیهان
نا؟»[23]یەشوا وەڵامی دایەوە: «ئەوەی منی خۆشبوێت، کار بە وتەکانم دەکات، باوکم خۆشیدەوێت، و من و باوک دێینە لای و لەلای ئەو
نیشتەجێ دەبیین. [24]ئەوەش کە منی خۆشناوێت کار بە وتەکانم ناکات. ئەم وتانەی گوێتان لێی دەبێت هی من نیە، بەڵکو هی ئەو
باوکەیە کە ناردوومی،[25]من ئەم شتانەم پێگوتن کە هێشتا لەلاتانم. [26]بەڵام یارمەتیدەرەکە، گیانی پیرۆز، ئەوەی باوک بە ناوی منەوە
دەینێرێت، ئەو هەموو شتێکتان فێردەکات، و هەموو ئەو شتانەی پێم گوتوون بیرتان دەهێنێتەوە. [27]ئاشتیتان بۆ بەجێدەهێڵم. ئاشتی
خۆمتان دەدەمێ. ئەوەی جیهان ناتانداتێ من دەتان دەمێ. دڵتان نەلەرزێ، و مەترسن.[28]گوێتان لێبوو من پێم گوتن: دەڕۆم لە لاتان و
پاشان دەگەڕێمەوە لاتان. ئەگەر منتان خۆشبوێ، دڵشاد دەبن کە دەچمە لای باوک، چونکە باوک لە من مەزنترە. [29]ئەوەتا ئێستا پێش
ڕوودانی پێم گوتن، تاکو کاتێک ڕوویدا باوەڕ بهێنن. [30]لەمەولا زۆر قسەتان لەگەڵ ناکەم، چونکە سەرۆکی ئەم جیهانە وا دێت، هیچ
دەسەڵاتێکی بەسەر مندا نیە. [31]بەڵام ئەو دێت تاکو جیهان بزانێت باوکم خۆشدەوێت، و بەو شێوەیە کار دەکەم کە باوک ڕایسپاردووم.
هەستن! با لێرە بڕۆین!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 15

1من مێوە ڕاستەقینەکەم، باوکیشم ڕەزەوانەکەیە. 2هەر لقێک لە مندا بەر نەگرێت لێی دەکاتەوە؛ هەر لقێکیش بەر بگرێت پاکی
دەکاتەوە تاکو بەرهەمی زیاتر بدات. 3ئێوە ئێستا پاکن بەهۆی ئەو قسەیەی بۆتانم کرد. 4لەمن بچەسپێن و منیش لە ئێوە. چونکە لق
بەتەنها ناتوانێت بەرهەم بدات ئەگەر بە مێوەکەوە نەچەسپێت، ئێوەش هەروەها، تەنها ئەگەر بە منەوە بچەسپێن. 5من مێوەکەم و
ئێوەش لقەکانن. ئەوەی بە منەوە بچەسپێت و منیش بەوەوە، ئەوا بەرهەمی زۆر دەبێت. چونکە بەبێ من ناتوانن هیچ شتێک بکەن.
6 ئەگەر یەکێک بە منەوە نەچەسپێت وەک لق فڕێدەدرێتە دەرەوە؛ وشک دەبێت و کۆدەکرێتەوە، فڕێدەدرێتە ناو ئاگر و دەسووتێت.
7ئەگەر بە منەوە بچەسپێن، و وتەکانم لە ناختان بچەسپێت، هەرچییەکتان دەوێت داوای بکەن بۆتان دەبێت. 8بەمە باوکم شکۆمەند
دەبێت: ئەگەرئێوە بەرهەمی زۆربهێنن و بەڕاستی ببنە قوتابی من. 9وەک باوک خۆشیویستووم، منیش خۆشمویستن، جا بچەسپێن
بەخۆشەویستییەکەمەوە. 10ئەگەر کارتان بە ڕاسپاردەکانم کردو، چەسپان بە خۆشەویستیەکەمەوە، هەروەک من کارم بە ڕاسپاردەکانی
باوکم کردووە وچەسپاوم بەخۆشەویستیەکەیەوە! 11ئەمانەم پێ گوتن تاکو خۆشیی منتان تێدابێت، و خۆشیتان پڕو تەواو بێت.
12ڕاسپاردەکەم بۆ ئێوە ئەمەیە: یەکتریتان خۆشبوێت وەک من خۆشم ویستن. 13هیچ کەس خۆشەویستیی لەمە مەزنتری نیە؛ کە یەکێک
ژیانی خۆی بۆ دۆستەکانی دابنێت. 14ئێوە خۆشەویستی منن ئەگەرکارکاربە ڕاسپاردەکانم بکەن. 15لەمەودوا بە کۆیلە ناوتان نابەم، چونکە
کۆیلە نازانێت گەورەکەی چی دەکات. بەڵام ناوی خۆشەویستانم لێنان چونکە هەموو ئەوانەم پێ گوتن کە لە باوکمەوە بیستبووم. 16ئێوە
منتان هەڵنەبژارد، بەڵکو من ئێوەم هەڵبژارد دەستنیشانم کردن تاکو بڕۆن بەرهەم بهێنن و بەرهەمەکەتان بەردەوام بێت، باوک هەموو
ئەمانەتان پێدەدات کە بەناوی من داوای دەکەن. 17بەمانە ڕاتان دەسپێرم: تاکو یەکتریتان خۆشبوێت. 18ئەگەر جیهان ڕقی لێتان بێتەوە،
ئەوە بزانن پێش ئێوە ڕقی لە من بۆتەوە 19ئەگەر ئێوە هی جیهان بوونایە، ئەوا جیهان ئەوانەی خۆشدەوێت کە هی خۆین، ئێستا ئێوە
هی جیهان نین بەڵام من ئێوەم لە جیهانەوە هەڵبژاردووە، لەبەر ئەوە جیهان ڕقی لێتان دەبێتەوە. 20بیرتان بێت ئەوەی پێم گوتن: کۆیلە
لە گەورەکەی مەزنترنیە. ئەگەر خەڵکی جیهان من بچەوسێنێتەوە، ئێوەش دەچەوسێننەوە؛ ئەگەرکار بە وتەکانم بکەن، ئەوە کار بە
وتەکانی ئێوەش دەکەن. 21بەڵام هەموو ئەمانەتان پێ دەکەن لەبەر ناوی من، چونکە ئەوە ناناسن کە ناردوومی. 22ئەگەر نەهاتبام و
قسەم بۆ نەکردبان، گوناهیان نەدەبوو؛ بەڵام ئێستا بیانوویان نیە بۆ گوناهەکەیان. 23ئەوەی ڕقی لە من بێت، ڕقی لە باوکمە. 24ئەگەر من
ئەو کارانەم لە نێوانیاندا نەکردبایە کە کەسیتر نەیکردوە، گوناهیان نەدەبوو. هەرچەندە ئەم کارانەیان بینی. بەڵام ڕقیان لە من و باوکم
بوو، 25ئەمە ڕوویدا تاکو ئەم وتەیە بێتە دی کە لە تەوراتەکەیاندا نووسراوە: بەبێ هۆ ڕقیان لێم بووەوە! 26کاتێک یارمەتیدەرەکە دێت،
ئەوەی من لە لایەن باوکەوە بۆتان دەنێرم، گیانی ڕاستی کە لە باوکەوە هەڵقوڵاوە، شایەتیم بۆ دەدات، 27ئێوەش شایەتیم بۆ دەدەن،
چونکە لە سەرەتاوە لەگەڵم بوون.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 16

[1]ئەمانەم پێ گوتن تاکو نەشڵەژێن. [2]لە کەنیشتەکان دەردەکرێن، بەڵکو کاتێک دێت ئەوەی دەتانکوژێت وادەزانێت خزمەتی خودای
کردوە.[3]ئەمانەتان بەسەردێنن چونکە نە باوکیان ناسیوە، نە من. [4]بەڵام ئەمانەم پێ گوتن تاکو کاتێک هات ئەمانە ڕوویاندا بیرتان
بکەوێتەوە کە من پێم گتوون. لە سەرەتادا ئەمانەم پێ نەگوتن چونکە لەگەڵتان بووم؛[5]ئێستا دەچمە لای ئەوەی ناردوومی، و کەستان
لێم ناپرسێت: بۆ کوێ دەچیت؟ [6]کەچی ئەمەم پێ گوتن دڵتەنگ بوون. [7]بەڵام ڕاستیتان پێ دەڵێم: باشترە بۆتان کە بڕۆم، چونکە ئەگەر
نەڕۆم، یارمەتیدەرەکەتان بۆ نایەت. بەڵام ئەگەر بڕۆم بۆتانی دەنێرم.[8]کاتێک ئەو دێت، جیهان سەرکۆنە دەکات لەسەر گوناهە لەسەر
ڕاستودروستی و داوەریکردن: [9]لەسەر گوناهە، چونکە باوەڕم پێ ناهێنن، [10]لەسەر ڕاستودروستی، چونکە دەچمە لای باوک و ئیتر
نامبینن؛ [11]لەسەر داوەرییش، چونکە گەورەی ئەم جیهانە بڕیاری لەسەر دراوە و داوەریکراوە.[12]هێشتا شتی زۆرم هەیە پێتانی بڵێم،
بەڵام ئێستا ناتوانن بەرگەی بگرن. [13]بەڵام کاتێک ئەو دێت، کە گیانی ڕاستیە، ئەو بۆ تەواوی ڕاستیەکە ڕێنماییتان دەکات، چونکە لە
خۆیەوە هیچ ناڵێت، بەڵکو ئەوەی گوێی لێ دەبێت دەیڵێت و وە پێتان ڕادەگەیەنێت کە چی ڕوودەدات. [14]ئەو شکۆمەندم دەکات چونکە
هەموو ئەوانەتان پێ دەڵێ کە لە منەوە دەردەچێت.[15]هەموو ئەوەی هی باوکە، هی منە. لەبەر ئەوە گوتم ئەوەی پێتانی دەڵێت لە من
دەردەچێت. [16]دوای کەمێک نامبینن، لە دوای کەمێکیتر دەمبیننەوە!»[17]هەندێک لە قوتابییەکانی بە یەکتریان گوت: «ئەمە چییە کە پێمان
دەفەرمووێت: دوای کەمێک نامبینن، لە دوای ماوەیەکی کەم دەمبینن، چونکە دەچمە لای باوک؟» [18]گوتیان: مەبەستی لە ماوەیەکی
کەم چیە؟ تێنەگەیشتین چی دەڵێ!»[19]یەشوا زانی کە ئارەزو دەکەن پرسیاری لێ بکەن، بۆیە پێی فەرموون: «ئایا لەبەر ئەمە پرسیار لە
یەکتری دەکەن کە گوتم: دوای کەمێک ئیتر نامبینن، دوای کەمێکی تر دەمبینن. [20]ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئێوە دەگریێن و شیوەن
دەکەن، بەڵام جیهان دڵشاد دەبێت. ئێوە دڵتەنگ دەبن، بەڵام دڵتەنگیەکەتان دەبێتە شادی. [21]کاتێک ژن منداڵی دەبێت خەم دایدەگرێت.
چونکە کاتی هاتووە. بەڵام کە منداڵەکەی بوو، لە خۆشی ئەوەی مرۆڤێک لە جیهان لەدایک بووە، ژانەکەی لەبیر دەکات.[22]وەک ئێستا
ئێوە، دڵتەنگن؛ بەڵام کاتێک دەگەڕێمەوە دیدارتان دڵخۆش دەبن، کەسیش ئەو خۆشییەتان لێ ناستێنێ. [23]وە لەو ڕۆژەدا هیچ پرسیارێکم
لێ ناکەن. ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: باوک هەموو ئەو شتانەتان پێدەدات کە بەناوی من داوای دەکەن. [24]هەتا ئێستا بە ناوی من هیچتان
داوا نەکردووە. داوا بکەن وەریدەگرن، تاکو خۆشییەکەتان تەوابێت.[25]نموونەم بۆ هێنانەوە لەقسەکانم، بەڵام کاتێک دێت ئیتر بە نموونە
بۆتان نادوێم، بەڵکو بە ئاشکرا باسی باوکتان بۆ دەکەم.[26]لەو ڕۆژەدا بە ناوی من داوا لە باوک دەکەن. ئیتر پێتان ناڵێم لەلای باوک بۆتان
داوا دەکەم، [27]چونکە باوک خۆی ئێوەی خۆشدەوێت، لەبەر ئەوەی منتان خۆشویستووە، و باوەڕتان کرد کە لە لای خوداوە دەرچووم. [28]لە
لای باوکەوە دەرچوم بۆ جیهان. ئێستاش جیهان بەجێدەهێڵم و دەگەڕێمەوە لای باوک».[29]قوتابییەکانی گوتیان: «وا ئێستا بە ڕوونی و
بەبێ نموونە قسەمان لەگەڵ دەکەیت. [30]ئێستا دەزانیین کە تۆ هەموو شتێک دەزانیت. و پێویست ناکات کەس پرسیارت لێ بکات.
بەمەش باوەڕ دەکەین کە لە خوداوە هاتوویت». [31]یەشوا وەڵامی دانەوە: «ئایا ئێستا باوەڕ دەکەن؟[32]کاتێک دێت و ئێستا هاتووە، کە
پەرتەوازە دەبن، هەریەکە بۆ ماڵی خۆی و بە تەنها بەجێم دەهێڵن. بەڵام من بە تەنها نیم، چونکە باوک لەگەڵمە. [33]ئەمانەم هەموو پێ
گوتن تاکو لە مندا ئاشتیتان هەبێت. ئێوە لە جیهاندا توشی تەنگانە دەبن. بەڵام ورەتان بەرز بێت، من بەسەر جیهاندا سەرکەوتم!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 17

1کاتێک یەشوا لەقسەکانی تەواو بوو، چاوی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی، و فەرمووی: «باوکە، کاتەکە هاتووە! ڕۆڵەکەت شکۆمەند بکە، تاکو
ڕۆڵەکەت شکۆمەندت بکات. 2هەروەک دەسەڵاتت پێداوە بەسەر هەموو مرۆڤدا، تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە هەموو ئەوانە ببەخشێت کە
پێتداوە.3ژیانی هەتاهەتایی ئەوەیە تۆ بناسن، تۆ خودای ڕاستەقینەی، و یەشوای مەسیح ئەوەی کە ناردووتە. 4من لەسەر زەوی
شکۆمەندم کردیت بە تەواوکردنی ئەو کارەی پێتسپاردبووم . 5ئێستا لە ئامادەیی خۆتدا شکۆمەندم بکە، ئەی باوک، بەو شکۆمەندیەی
کە پێش بوونی جیهان لەلای تۆ هەمبوو.6ناوی تۆم بۆ ئەو کەسانە ئاشکراکرد لە جیهاندا بە منت دان. ئەوان هی تۆ بوون. بە منت دان و
کاریان بە وتەکانت کرد، 7ئێستا دەزانن هەرچییەکت پێم داوە لە تۆوەیە، 8ئەو ڕاسپاردانەم پێدان کە ڕاتسپاردبووم، ئەوانیش
وەریانگرت، و بە ڕاستی زانییان لە تۆوە دەرچوم، باوەڕیان کرد کە تۆ منت ناردووە.9لە پێناوی ئەوان نزا دەکەم. بۆ جیهان نزا ناکەم،
بەڵکو بۆ ئەوانەی بە منت داون، چونکە هی تۆن. 10هەرچییەک هی منە، هی تۆیە، هەرچییەک کە هی تۆیە؛ هی منە، من لە ئەواندا
شکۆمەند بووم. 11ئەمان لەجیهان دەمێننەوە، بەڵام من تێیدا نامێنمەوە، چونکە من دەگەڕێمەوە لای تۆ. ئەی باوکی پیرۆز، بە ناوی خۆت
بیانپارێزە ئەوانەی بە منت داوە، تاکو ببنە یەک وەک ئێمە یەکین.12کاتێک لەگەڵیان بووم, بەناوی تۆ دەمپاراستن. ئەوانەی بە منت دابوو،
کەسیان لەناو نەچوون تەنها ڕۆڵەی لەناوچوو نەبێت بۆ ئەوەی نووسراوی پەرتوکەکە بێتەدی. 13ئێستاش دەگەڕێمەوە لای تۆ، باسی
ئەمانە دەکەم من تاکو ئێستاش لەجیهاندام، تاکو شادیم پڕو تەواو بێت لە ئەواندا. 14وشەی تۆم بە ئەوان دا، جیهان ڕقی لێیان بۆوە
چونکە هی جیهان نین.15داوا ناکەم لە جیهاندا بیانبەیتەوە، بەڵکو لە خراپەکار بیانپارێزە. 16ئەوان هی جیهان نین، وەک من هی جیهان نیم.
17لە ڕاستیدا پیرۆزیان بکە؛ چونکە وشەی تۆ ڕاستییەکەیە.18وەک چۆن تۆ منت نارد بۆ جیهان، منیش ئەوانم نارد بۆ جیهان. 19لەبەر
ئەوان خۆم پیرۆز دەکەم، تاکو ئەوانیش لە ڕاستییەکدا پیرۆز بن.20تەنها بۆ ئەمان نزا ناکەم، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە باوەڕم پێدەهێنن
بەهۆی قسەی ئەمانەوە، 21تاوەکو هەموویان یەکبن؛ ئەی باوکە، وەک چۆن تۆ لە مندایت و منیش لە تۆدام، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە ئێمەدا
یەکبن، تا جیهان باوەڕ بکات کە تۆ منت ناردوە.22من ئەو شکۆمەندییەم پێبەخشیون کە تۆ پێت بەخشیووم، تاکو ئەوانیش یەک بن وەک
ئێمە یەکین. 23من لە ئەواندام، تۆش لە مندای، تا ئەوان ببن بە یەک، تاکو جیهان بزانێت کە تۆ منت ناردووە و خۆشت ویستوون وەک
چۆن خۆشت ویستووم.24ئەی باوکە، دەمەوێت ئەوانەی پێت بەخشیووم لەگەڵم بن لەو شوێنەی کە من لێی دەبم، و شکۆمەندی من
ببینن کە تۆ پێت بەخشیووم، چونکە تۆ پێش دروستبوونی جیهان خۆشتویستووم.25باوکی ڕاستودروست، جیهان تۆی نەناسیوە، بەڵام من
تۆم ناسیوە، ئەمانەش زانیان کە تۆ منت ناردووە، 26ناوی تۆم پێ ناساندن، وە پێیان دەناسێنم، تاوەکو ئەو خۆشەویستیەیان تێدابێت کە
منت پێ خۆش ویست، تا منش لە ئەواندا بم».


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 18

[1]لەدوای ئەوەی یەشوا نزاکەی تەواو کرد، لەگەڵ قوتابییەکانی بەڕێکەوت بۆ ئەوبەری دۆڵی کەدرۆن لەوێ باخچەیەکی لێبوو، خۆی و
قوتابییەکانی چوونە ناوی. [2]یەهودای ناپاکیش شوێنەکەی دەزانی چونکە یەشوا زۆر جار لەگەڵ قوتابییەکانی لەوێ کۆدەبۆوە. [3]ئیتر
یەهودا چووە ئەوێ و کۆمەڵێک سەرباز و پاسەوانی پەرستگای لەگەڵ خۆی هێنا، کە سەرۆک کاهینەکان و فەریسییەکان ناردبوویان،
مەشخەڵ و چرا و چەکیان هەڵگرتبوو.[4]یەشوا هەموو ئەو شتانەی دەزانی کە بەسەریدا دێت، بۆیە هاتە لای ئەوان و گوتی: «کێتان
دەوێت؟» [5]وەڵامیان دایەوە: «یەشوای ناسیرەیی». پێی گوتن: «من ئەوم». یەهودای ناپاکیش لەگەڵیان وەستابوو.[6]وە کاتێک پێی گوتن:
«من ئەوم»، گەڕانە دواوە و کەوتنە سەر زەوی! [7]یەشوا دیسان لێیانی پرسی: «کێتان دەوێت؟» وەڵامیان دایەوە: «یەشوای
ناسیرەیی».[8]فەرمووی: «پێم گوتن: من ئەوم، ئەگەر ئێوە منتان دەوێت، با ئەمانە بڕۆن». [9]بەمەش ئەو قسەیەی هاتەدی کە گوتبوی:
«ئەوانەی پێت دابووم کەسیان لەناو نەچوون!»[10]شیمون پەترۆ شمشێرێکی پێبوو هەڵیکێشا وەشاندی و گوێچکەی ڕاستی خزمەتکاری
سەرۆک کاهینەکەی بڕی. خزمەتکارەکەش ناوی مەلخۆت بوو. [11]یەشوا بە پەترۆی گوت: «شمشێرەکە بخەرە ناو کێلانەکەی! ئایا ئەو
جامەی باوک پێیداوم، نەیخۆمەوە؟»[12] ئیتر تیپە سەربازەکە و فەرماندەکەیان و پاسەوانانی پەرستگا یەشوایان گرت و بەستیانەوە.
[13]یەکەم جار بردیانە لای ئەنانیا، کە خەزووری کەیافا بوو سەرۆکی کاهینان بوو لەو ساڵە. [14]کەیافاش ئەو پیاوە بوو ڕاوێژی بۆ ڕابەرانی
یەهوودییەکان کردبوو کە باشترە پیاوێک لە جیاتی هەموو گەل بمرێت.[15]شیمۆن پەترۆ لەگەڵ قوتابییەکی دیکە بەشوێن یەشوا کەوتن.
ئەو قوتابییە ناسراو بوو لە لایەن سەرۆکی کاهینان، لەگەڵ یەشوا چوو بۆ کۆشکی سەرۆکی کاهینان. [16]بەڵام پەترۆ لە دەرەوە لە
بەردەرگاکە ڕاوەستابوو. قوتابییەکەی دیکە کە سەرۆکی کاهینان دەیناسی. هاتە دەرەوە و قسەی لەگەڵ دەرگاوانەکەدا کرد و پەترۆی
هێنایە ژوورەوە.[17]دەرگەوانەکە لە پەترۆی پرسی: «ئایا تۆ یەکێک نیت لە قوتابییەکانی ئەم کابرایە؟» وەڵامی دایەوە: «نەخێر، لە وان
نیم!» [18]کەش و هەوا سارد بوو، خزمەتکار و پاسەوانەکان ئاگریان کردبووەوە و ڕاوەستابوون خۆیان گەرم دەکردەوە، پەترۆ لەگەڵیان
وەستابوو خۆی گەرم دەکردەوە.[19]سەرۆکی کاهینان پرسیاری لە یەشوا کرد دەربارەی قوتابییەکانی، و فێرکردنەکەی. [20]یەشوا وەڵامی
دایەوە: «بە ئاشکرا قسەم بۆ جیهان کرد، بەردەوام لە کەنیشت و پەرستگادا خەڵکم فێردەکرد، کە هەموو یەهوودییەکان لێی
کۆدەبنەوە، هیچ شتێکم بە نهێنی نەگوتووە. [21]بۆ پرسیار لە من دەکەیت؟ لەوانە بپرسە کە گوێیان لێم بووە چیم پێیان گوتووە، ئەمانە
دەزانن چیم گوتووە!»[22]کاتێک یەشوا ئەمەی گوت یەکێک لە پاسەوانەکان زلەیەکی لێدا و پێی گوت: «ئاوا وەڵامی سەرۆکی کاهینان
دەدەیتەوە؟» [23]یەشواوەڵامی دایەوە: «ئەگەر قسەی خراپم کردووە، شایەتی لەسەر خراپەکە بدە، ئەگەر باشیشە، بۆچی لێم
دەدەیت؟» [24]پاشان ئەنانیا یەشوای بە دەستی بەستراوەوە نارد بۆلای کەیافای سەرۆکی کاهینان.[25]پەترۆ لەوێ ڕاوەستابوو و خۆی
گەرم دەکردەوە، لێیان پرسی: «ئایا تۆ لە قوتابییەکانی ئەو نیت؟» نکۆڵیی کرد و گوتی: «نەخێر» [26]یەکێک لە کۆیلەکانی سەرۆکی
کاهینەکان خزمی ئەوکەسە بوو کە پەترۆ گوێچکەی بڕیبوو، گوتی: «ئەی لە باخچەکەدا تۆم لەگەڵ ئەو نەبینی؟» [27]دیسان پەترۆ
جارێکیتر نکۆڵیی کرد. لەو ساتە کەڵەشێر خوێندی.[28]بەیانی زوو یەشوایان لە ماڵی کەیافاوە بۆ کۆشکی فەرمانڕەوای ڕۆمەکان برد،
ئەوان نەچوونە ناو کۆشک، نەوەک گڵاو بین و نەتوانن لەبەرخی پەسخە بخۆن. [29]پیلاتۆس هاتە دەرەوە و پرسیاری لێیان کرد: «ئەم پیاوە
بەچی تاوانباردەکەن؟» [30]وەڵامیان دایەوە: «ئەگەر تاوانبار نەبوایە، نەماندەدا بە دەستتەوە!»[31]پیلاتۆس پێی گوتن: «بیبەن، بەگوێرەی
تەوراتی خۆتان دادگایی بکەن». وەڵامیان دایەوە: « مافی ئەوەمان نیە کەس بکوژین!» [32]وە ئەمە ڕوویدا تاکو ئەو قسەیەی یەشوا بێتە
دی کە لەسەر شێوازی مردنەکەی گوتبوی.[33]پیلاتۆس چووە ناو کۆشکەکەی، یەشوای بانگ کرد و لێی پرسی: «تۆ پاشای
یەهوودییەکانی؟» [34] یەشوا وەڵامی دایەوە: «تۆ لە خۆتەوە ئەمە دەڵێی، یاخود کەسانی دیکە لەبارەی من قسەیان بۆ کردووی؟»
[35]پیلاتۆس ووتی: «ئایا من یەهوودیم؟ گەلەکەت و سەرۆک کاهینەکان تۆیان ڕادەستی من کردووە. چیت کردووە؟»[36]یەشوا وەڵامی
دایەوە: « شانشینی من لەم جیهانە نیە. ئەگەر شانشینی من لەم جیهانە بووایە، ئەوسا خزمەتکارەکانم دەجەنگان تاکو ڕادەستی
ڕابەرانی یەهوود نەکرێم. بەڵام ئێستا شانشینەکەم لێرە نیە». [37]پیلاتۆس لێی پرسی: «کەواتە تۆ پاشای؟» وەڵامی دایەوە: «تۆ وتت من
پاشام، بۆ ئەمە لەدایک بووم و بۆ ئەمە هاتوومەتە جیهان: تاکو شایەتی بۆ ڕاستییەکە بدەم. هەرکەسێک لە ڕاستییەوە بێت گوێ لە
دەنگم دەگرێت».[38]پیلاتۆس پێی گوت: «ڕاستیەکە چییە!» پاشان چووە دەرەوە بۆ لای یەهودیەکان و پێی گوتن: «هیچ تاوانی تێدا نابینم!
[39]لای ئێوە نەریتێک باوە کە لە جەژنی پەسخەدا یەکێکتان بۆ ئازاد بکەم. بۆیە دەتانەوێت پاشای یەهودتان بۆ ئازاد بکەم؟» [40]تێکڕا
هاواریان کرد: «ئەمە ئازاد مەکە، بەڵکو باڕابا». باڕابا کەسێکی دزبوو!

## Chapter 19

[1]ئیتر پیلاتۆس فەرمانیدا یەشوا ببەن و بەقامچی لێی بدەن. [2]سەربازەکان لە دڕک تاجێکیان چنی و خستیانە سەر سەری، و کەوایەکی
ئەرخەوانیان لەبەرکرد. [3]لێی دەچوونە پێشەوە دەیانگوت: «سڵاو، ئەی پاشای یەهود!» ئینجا زلەیان لێدا.[4]پیلاتۆس جارێکیتر هاتە دەرەوە
بۆ لای خەڵکەکە و پێی گوتن: « دەیهێنمە دەرەوە بۆلاتان تاکو بزانن هیچ تاوانی تێدا نابینم!» [5]یەشوا هاتە دەرەوە بە تاجێکی دڕکاوییەوە
و کەوایەکی ئەرخەوانی لەبەرکرابوو. پیلاتۆس پێی گوتن: «ها ئەوەتا پیاوەکە!» [6]کاتێک سەرۆکی کاهینەکان و پاسەوانان بینییان،
هاواریان کرد: «لە خاچی بدە! لە خاچی بدە!» پیلاتۆس پێی گوتن: «ئێوە ببەن و لە خاچی بدەن، چونکە من تاوانی تێدا
نابینم!»[7]یەهودیەکان وەڵامیان دایەوە: «تەوراتمان هەیە. بەگوێرەی تەورات دەبێت بمرێت، لەبەر ئەوەی خۆی کردوە بە ڕۆڵەی خودا».
[8]کاتێک پیلاتۆس گوێی لەم قسەیە بوو ترسەکەی زیاد بوو. [9]گەڕایەوە ناو کۆشکەکە و بە یەشوای گوت: «خەڵکی کوێی؟» بەڵام یەشوا
هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.[10] پیلاتۆس پێی گوت: «قسەم بۆ ناکەیت؟ ئایا نازانیت دەسەڵاتم هەیە کە ئازادت بکەم، و لە خاچیشت بدەم؟»
[11]یەشوا وەڵامی دایەوە: «هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر مندا نیە، گەر لە سەرەوە پێت نەدرابێت. چونکە ئەوەی منی ڕادەستی تۆ کردووە
گوناهەکەی گەورەترە.»[12]لەبەر ئەمە پیلاتۆس هەوڵی دەدا ئازادی بکات، بەڵام یەهودیەکان هاواریان دەکرد: «ئەگەر ئەمە ئازاد بکەیت،
خۆشەویستی قەیسەر نیت. هەرکەسێک خۆی بکاتە پاشا، ئەوا دژایەتی قەیسەر دەکات». [13]کاتێک پیلاتۆس گوێی لەم قسانە بوو،
یەشوای هێنایە دەرەوە، وە لەسەر کورسی دادوەری دانیشت، لە شوێنێک پێی دەگوترێ «بەردڕێژکراو»، کە بە عیبری پێی دەڵێن:
«گەباسا».[14] نزیکەی کاتژمێر شەش بوو، لە ڕۆژی ئامادەکاری بۆ جەژنی پەسخە. پیلاتۆس بە یەهودیەکانی گوت: «ئەوەتا پاشاکەتان!»
[15]بۆیە هاواریان کرد: «ببە! ببە! لە خاچی بدە!» پیلاتۆس لێی پرسین: «ئایا پاشاکەتان لە خاچ بدەم؟» سەرۆک کاهینەکان وەڵامیان
دایەوە: «ئێمە جگە لە قەیسەر هیچ پاشایەکمان نیە». [16]ئینجا پیلاتۆس ڕادەستی کردن بۆ لە خاچدان.[17]یەشوا هاتە دەرەوە خاچەکەی
خۆی هەڵگرت و بەرەو ئەو شوێنەی کە پێی دەگوترا کاسەسەر، بە عیبری: «گۆلگۆسا»، [18]لەوێ لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە خاچیاندا،
هەریەکە لە لایەکییەوە، یەشواش لە ناوەڕاستیان.[19]پیلاتۆس تەختەیەکی لەسەر خاچەکە هەڵواسی کە لەسەری نووسرابوو: «یەشوای
ناسیرەیی پاشاکەی یەهود». [20]یەهوودییەکی زۆر نووسراوەکەیان خوێندەوە، کە بە عیبری و لاتینی و یۆنانی نووسرابوو، چونکە ئەو
شوێنەی یەشوا تێدا لە خاچدرابوو لە شارەکە نزیک بوو.[21]سەرۆک کاهینەکانی یەهود بە پیلاتۆسیان گوت: «مەنووسە: پاشاکەی یەهوود،
بەڵکو بنووسە: خۆی گوتی من پاشاکەی یەهوودم». [22]پیڵاتۆس وەڵامی دایەوە: «ئەوەی نووسیومە، نووسیومە!»[23]کاتێک سەربازەکان
یەشوایان لە خاچدا، جلەکانیان برد و کردیان بە چوار بەشەوە، هەر سەربازێک بەشێکی بەرکەوت. کراسەکەیان برد، کراسەکە نەدوورا
بوو،هەمووی بە یەک پارچە چنرابوو. [24]ئینجا سەربازەکان بە یەکتریان گوت: «پێویست ناکات بیدڕێنین، با تیروپشکی لەسەر بکەین بزانین
بۆ کێ دەبێت!» ئەمەش ڕوویدا تاکو ئەوەی لەپەرتوکە هاتوە بێتەدی: «جلوبەرگەکەی منیان لەنێو خۆیان بەشکرد، و تیروپشکیان
لەسەر کراسەکەم کرد». ئەوە بوو کە سەربازەکان کردیان.[25]لەوێ، لەلای خاچەکەی یەشوا، میریامی دایکی ڕاوەستابوو، میریامی
پووری کە ژنی کلۆپاس بوو؛ و میریامی مەگدەلین. [26]کاتێک یەشوا دایکی بینی، لە نزیک ئەو قوتابییەی کە ئەم خۆشیدەویست، بە دایکی
فەرمووو: «ژنەکە، ئەوە کوڕی تۆیە!» [27]پاشان بە قوتابییەکەی فەرموو: «ئەوە دایکتە». ئیتر لەو کاتەوە قوتابییەکە بردییەوە ماڵی خۆی.
[28]دوای ئەمە یەشوا بینی کە هەموو شتێک تەواو بووە، و فەرمووی: «تینوومە»، تا ئەوەی لە پەرتوکەکەدا هاتووە بێتەدی. [29]لەوێ قاپێکی
پڕ لە سرکە هەبوو، ئیسفەنجێکیان لە سرکەکەدا هەڵکێشا، و خستیانە سەر قامیشێک و بەرزیان کردوە بۆ دەمی. [30]کاتێک یەشوا تامی
سرکەکەی کرد، فەرمووی: «تەواو بوو!» پاشان سەری دانەواند و گیانی بەدەستەوەدا.[31]وە کاتێک ئەو ڕۆژە ئامادەکاری دەکرا،
یەهوودییەکان داوایان لە پیلاتۆس کرد کە قاچی ئەو کەسانە بشکێنێت کە لە خاچ دراون، بۆ ئەوەی تەرمەکانیان لەشەبات لەسەر خاچ
نەمێنێت، ئەو شەباتە ڕۆژێکی مەزن بوو. [32]بۆیە سەربازەکان هاتن و قاچی هەردوو پیاوەکەیان شکاند کە لەگەڵ یەشوا لە خاچ
درابوون. [33]سەبارەت بە یەشوا، کاتێک هاتنە لای، بینیان مردووە، بۆیە قاچەکانیان نەشکاند.[34]بەڵکو یەکێک لە سەربازەکان ڕمێکی لە
لەکەلەکەی دا، و یەکسەر خوێن و ئاو دەرچوو. [35]ئەوەی ئەم شتانەی بینی شایەتی دەدات و شایەتییەکەی ڕاستە. ئەو بە تەواوی
دەزانێت کە ڕاستی دەڵێت، بۆ ئەوەی ئێوەش باوەڕبهێنن.[36]ئەمەش ڕوویدا تاکو ئەوەی لە پەرتووکەکەدا هاتووە بێتە دی: «هیچ
ئێسکێکی ئەو ناشکێت!» [37]هەروەها لە شوێنێکی تری پەرتووکەکەدا هاتووە: «سەیری ئەو کەسە دەکەن کە ڕمیان لێدا».[38]دوای ئەوە
یۆسپ کە خەڵکی ڕامە بوو مۆڵەتی لە پیڵاتۆس وەرگرت بۆ بردنی تەرمی یەشوا، ئەم یۆسپە بەنهێنی قوتابی یەشوا بوو چونکە لە
یەهوودییەکان دەترسا، بۆیە پیلاتۆس مۆڵەتی پێدا. ئینجا یۆسپ هات و تەرمی یەشوای برد. [39]هەروەها نیکۆدیمۆس هات کە پێشتر بە
شەو هاتبووە لای یەشوا، وە نزیکەی سێ لیتر موری تێکەڵاوی بە بخور لەگەڵ خۆی هێنا.[40]جا تەرمەکەی یەشوایان برد و بە کەتان
لەگەڵ بۆن پێچایانەوە، وەک چۆن نەریتی یەهودیەکان بوو لە ناشتن. [41]لەو شوێنەی یەشوا لە خاچدرا باخچەیەکی لێبوو، لە باخچەکەدا
گۆڕێکی نوێی لێبوو، پێشتر کەسی تێیدا نەنێژرابوو. [42]یەشوا لەو گۆڕە نێژرا، چونکە گۆڕەکە نزیک بوو، ئەو ڕۆژەش ڕۆژی ئامادەکاری
بوو لای یەهودیەکان.

## Chapter 20

[1]لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، میریامی مەگدەلین زوو چووە سەر گۆڕی یەشوا، هێشتا تاریک بوو، بینی بەردی بەردەرگای گۆڕەکە لادراوە.
[2]بە خێرایی ڕایکرد و هاتە لای شیمۆن پەترۆ و قوتابییەکەی دیکە کە یەشوا خۆشیدەویست و پێی گوتن: «ئەوان پەروەردگاریان لە
گۆڕەکە دەرهێنا، و نازانین لە کوێ دایانناوە!»[3]ئیتر پەترۆ و قوتابییەکەی دیکە چوون بەرەو گۆڕەکە. [4]پێکەوە ڕایانکرد. بەڵام قوتابییەکەی
دیکە پێش پەتڕۆ کەوت و زوتر گەیشتە گۆڕەکە، [5]دانەوییەوە و کەتانەکەی بینی دانراوە، بەڵام نەچووە ژوورەوە.[6]ئینجا شیمۆن پەترۆ کە
شوێنی کەوتبوو هات و چووە ناو گۆڕەکە، بینی کەتانەکە لەسەر زەویەکە دانراوە. [7]ئەو دەسماڵەی کە بەسەری یەشواوە پێچرابوو،
لەگەڵ کەتانەکە دانەنرابوو، بەڵکو بە جیا لە شوێنێک پێچرابۆوە.[8]ئەوسا قوتابییە کەی دیکە کە یەکەم جار هاتبووە سەر گۆڕەکە چووە
ژوورەوە، بینی و باوەڕی هێنا. [9]قوتابییەکان تا ئەو کاتە هێشتا لە پێشبینی پەرتوکەکە تێنەگەیشتبوون کە دەبوایە لەنێو مردووان
هەستێتەوە. [10]دواتر دوو قوتابییەکە گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان.[11]بەڵام میریام لەبەردەم گۆڕەکە لە دەرەوە ڕاوەستابوو دەگریا. لەو
کاتەی کە دەگریا، دانەوییەوە و سەیری ناو گۆڕەکەی کرد. [12]دوو فریشتەی بە جل و بەرگی سپیەوە بینی، لەو شوێنەی کە تەرمەکەی
یەشوای لێ دانرابوو دانیشتبوون، یەکێکیان لە لای سەریەوە و ئەوی دیکە لە لای پێیەکانی. [13]لێیان پرسی: «ئەی ژن، بۆچی دەگریت؟»
وەڵامی دانەوە: «گەورەمیان بردووە، نازانم لەکوێ دایانناوە».[14]ئەمەی گوت ئاوڕی دایەوە، بینی یەشوا ڕاوەستاوە، بەڵام نەیزانی
یەشوایە. [15]پرسیاری لێکرد: «ئەی ژن بۆچی دەگریت؟ بەدوای کێدا دەگەڕێیت؟» وایزانی باخەوانەکەیە، پێی گوت: «گەورەم، ئەگەر تۆ
بردووتە پێم بڵێ لەکوێ داتناوە تاکو بیبەمەوە».[16]یەشوا بانگی کرد: «میریام!» ئەویش ئاوڕی دایەوە و بە عیبری پێی گوت: «ڕابۆنی»،
واتا مامۆستا. [17]یەشوا پێی فەرموو: «دەستم لێ مەدە، چونکە هێشتا بەرزنەبومەتەوە لای باوک. بەڵکو بڕۆ لای برایانم و پێیان بڵێ: من
بەرز دەبمەوە بۆ لای باوکم و باوکتان، خودام و خوداتان!» [18]میریامی مەگدەلین گەڕایەوە مژدەی دا بە قوتابییەکان و گوتی: «من
پەروەردگارم بینی!» ئەوەشی پێ گوتن کە پێی فەرموو بوو.[19]لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ، کە یەکەم ڕۆژی هەفتە بوو، لە ترسی
یەهودیەکان، قوتابییەکان دەرگاکانی ئەو ماڵەیان داخستبوو کە لێبوون، یەشوا لە ناوەڕاستیاندا ئامادەبوو و پێی فەرموون: «ئاشتی بۆ
ئێوە!» [20]کە ئەمەی فەرموو، دەستی و کەلەکەی پیشاندان، جا قوتابییەکان زۆر دڵشادبوون کە پەروەردگاریان بینی.[21]یەشوا دیسان پێی
فەرموون: «ئاشتی بۆ ئێوە. وەک باوک ناردوومی، منیش دەتاننێرم». [22]کە ئەمەی فەرموو، فووی لێکردن، پێی فەرموون: «گیانی پیرۆز
وەربگرن. [23]ئەوەی ئێوە گوناهی ببەخشن، بەخشراوە. ئەوەی ئێوە گوناهی نەبەخشن، نەبەخشراوە!»[24]بەڵام تۆما، کە یەکێک بوو لە
دوازدە قوتابییەکە، و بە دووانە ناسرابوو، لەو کاتە لەگەڵ قوتابییەکان نەبوو کە یەشوا بەدەرکەوت. [25]قوتابییەکانی دیکە پێیان گوت: «
پەروەردگارمان بینی!» وەڵامی دانەوە: «ئەگەر جێگای بزمارەکان بە دەستییەوە نەبینم، پەنجە نەخەمە شوێنی بزمارەکانەوە، دەست
نەخەمە ناو کەلەکەی هەرگیز باوەڕ ناکەم!»[26]لەدوای هەشت ڕۆژ، قوتابییەکانی دووبارە لە ژووری ماڵەکە کۆبونەوە و تۆما یان لەگەڵ
بوو، دەرگاکانیش داخرابوون، یەشوا دەرکەوت لە ناوەڕاستیان ڕاوەستا فەرمووی: «ئاشتی بۆ ئێوە!» [27]ئینجا بە تۆمای فەرموو:
«پەنجەت بێنە ئێرە، و دەستم ببینە، دەستت بخەرە ناو کەلەکەم. بێباوەڕ مەبە بەڵکو باوەڕت هەبێت!»[28]تۆما هاواری کرد: «
پەروەردگار و خودام». [29]یەشوا پێی فەرموو: «لەبەر ئەوەی منت بینی، باوەڕت کرد؟ خۆزگە بەوانەی بێ ئەوەی ببینن
باوەڕدەکەن.»[30]یەشوا لەبەردەم قوتابییەکانیدا پەرجووی دیکەی زۆر کرد کە لەم پەڕتووکەدا نەنووسراوە. [31]بەڵام ئەمانە نووسراون
تاکو ئێوە باوەڕ بکەن کە یەشوا مەسیحەکەیە ڕۆڵەی خودایە، تاکو ژیانیان هەبێت ئەگەر باوەڕ بە ناوی ئەو بهێنن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 21

1دوای ئەمە یەشوا جارێکیتر بۆ قوتابییەکان بەدەرکەوت لە لای دەریاچەی کینەرەت. بەم شێوەیە بۆیان بەدەرکەوت: 2شیمۆن پەترۆ و
تۆما کە بە دیدمۆس ناسرابوو، لەگەڵ نەتەنائیل کە خەڵکی کانای گەلیلی بوو، هەروەها کوڕەکانی زەڤدی و دوو قوتابی دیکە
کۆبوونەوە. 3شیمۆن پەترۆ پێی گوتن: «بۆ ڕاو دەچم!» پێیان گوت: «ئێمەش لەگەڵت دێین». ئینجا ڕۆیشتن و سواری بەلەم بوون،
بەڵام لەو شەوەدا هیچیان نەگرت.4کە بەرەبەیان داهات، یەشوا لە کەناری دەریاچەکە ڕاوەستابوو، بەڵام قوتابییەکان نەیاناسی کە ئەو
یەشوایە. 5یەشوا پرسیاری لێکردن: «کوڕینە، هیچ ماسیتان پێ نیە؟» وەڵامیان دایەوە: «نەخێر!» 6پێی فەرموون: «تۆڕەکە هەڵبدەنە
لای ڕاستی بەلەمەکە، ماسی دەبیننەوە!» جا هەڵیاندا و ئیتر لەبەر زۆری ئەو ماسییانەی تێیدا بوو نەیانتوانی تۆڕەکە ڕابکێشنە ناو
بەلەمەکە!7ئەو قوتابییەی کە یەشوا خۆشیدەویست، بە پەترۆی گوت: «ئەوە پەروەردگارە!» کاتێک پەترۆ بیستی کە ئەوە پەروەردگارە،
خۆی بە جلەکانی داپۆشی چونکە ڕووت بوو، خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە مەلەی کرد. 8قوتابییەکانی دیکە بە بەلەمەکە هاتن و تۆڕی
ماسییەکەیان ڕادەکێشا، چونکە تەنها دوو سەد باڵ لە کەنارەکە دوور بوون. 9کاتێک لە کەنارەکە دابەزین پشکۆی خەڵوزیان لەوێ بینی
ماسیان لە سەردانرابو وە نانیش.10یەشوا پێی فەرموون: «لەو ماسییانە بهێنن کە ئێستا ڕاوتانکرد!» 11شیمۆن پەترۆ سەرکەوت و
تۆڕەکەی ڕاکێشایە سەر وشکانی، سەد و پەنجا و سێ ماسی گەورەی تێدابوو، لەگەڵ زۆریەکەشی تۆڕەکە نەدڕابوو.12یەشوا بە
قوتابیەکانی فەرموو: «وەرن بخۆن». هیچ کام لە قوتابییەکان نەیانوێرا پرسیاری لێ بکەن: «تۆ کێیت؟» چونکە زانیان ئەوە
پەروەردگارە. 13یەشوا هاتە پێش نانەکەی هەڵگرت و پێیدان، ماسییەکەش بە هەمان شێوە. 14ئەمە سێیەم جار بوو کە یەشوا پاش
هەستانەوەی لەنێو مردووان بۆ قوتابییەکانی بەدەرکەوت.15دوای ئەوەی نانیان خوارد بە شیمۆن پەترۆی فەرموو: « ئەی شیمۆنی کوڕی
یۆنا، منت لەوانە خۆشتر دەوێت؟» وەڵامی دایەوە: «بەڵێ پەروەردگارم، تۆ دەزانیت کە من تۆم خۆشدەوێت!» پێی فەرموو:
«بەرخەکانم بلەوەڕێنە!» 16دوبارە پێی فەرمووەوە: «شیمۆنی کوڕی یۆنا، منت خۆشدەوێت؟» وەڵامی دایەوە: «بەڵێ پەروەردگارم، تۆ
دەزانیت من تۆم خۆشدەوێیت!» پێی فەرموو: «شوانایەتی بۆ مەڕەکانم بکە»17جاری سێیەم پێی فەرموو: «شیمۆنی کوڕی یۆنا، منت
خۆشدەوێت؟»پەترۆ دڵگران بوو، چونکە سێ جار پێی فەرموو: «منت خۆشدەوێت». پێی گوت: «پەروەردگارم، تۆ هەموو شتێک
دەزانیت. دەزانیت کە خۆشم دەوێیت!» یەشواپێی فەرموو: «مەڕەکانم بلەوەڕێنە! 18ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، کاتێک گەنج بوویت
پشتێنەکەتت بەناو قەدەوە دەبەست و بۆ هەرکوێ بتویستبا دەچوویت. بەڵام کاتێک پیر دەبیت دەستت درێژ دەکەیت و یەکێکی دیکە
پشتێنەکەت دەبەستێت و دەتباتە شوێنێک کە ناتەوێت!»19ئەمەی گوت وەک ئاماژەکردنێک بۆ ئەو مردنەی کە پەترۆ پێی دەمرێت و
خودای پێ شکۆمەند دەکات. لەدوای ئەمە پێی فەرموو: «شوێنم بکەوە».20پەترۆ ئاوڕی دایەوە و بینی، ئەو قوتابییەی کە یەشوا خۆشی
دەویست شوێنیان کەوتووە، ئەوەی لە کاتی نانی ئێوارەدا شانی بە سنگی یەشوادا دابوو پێی گوتبوو: «گەورەم، کێیە ئەوەی ناپاکیت
لەگەڵ دەکات؟» 21کاتێک پەترۆ ئەوی بینی بە یەشوای گوت: «پەروەردگارم، ئەی ئەمە چی لێدێت؟»22یەشوا وەڵامی دایەوە: «ئەگەر
بمەوێت دەمێنێتەوە هەتا دێمەوە، بە تۆ چی؟ تۆ شوێنم بکەوە!» 23ئیترئەم هەواڵە وا لەنێو برایان بڵاو بۆوە کە ئەو قوتابییە نامرێت.
بەڵام یەشوا بەپەتڕۆی نە فەرموو نامرێت، بەڵکو فەرمووی: «ئەگەر بمەوێت دەمێنێتەوە هەتا دێمەوە، بە تۆچی؟»24ئەم قوتابییە ئەو
کەسەیە کە شایەتی بۆ ئەم ڕووداوانە دەدات و لێرەشدا نووسیویەتی. وە ئێمە دەزانین کە شایەتی ئەو ڕاستە. 25وە زۆر شتی دیکە
هەیە کە یەشوا کردوویەتی، پێم وایە ئەگەر یەک بە یەک بنوسرێتەوە، هەموو جیهان جێگای ئەو پەرتووکە نوسراوانەی تێدا نەدەبۆوە!

# Acts

## Chapter 1

1لە یەکەم پەرتووکمدا، تیۆفیلۆس، هەموو کار و فێرکارییەکانی یەشوام بۆ باس کردیت، هەر لە سەرەتای پەیامەکەیەوە 2تا ئەو ڕۆژەی
کە بەرەو ئاسمان بەرزبۆوە، پاشان ڕاسپارەدەکانی خۆی، بە گیانە پیرۆزەکە، بەخشی بەو نێردراوانەی کە هەڵیبژارد. 3لە ماوەی چل
ڕۆژ دوای ئازارەکەی، چەندین جار بۆیان دەرکەوت، بە چەندین بەڵگەی یەکلاکەرەوە بۆی سەلماندن کە زیندووە، و لەبارەی شانشینی
خوداوە قسەی بۆ کردن.4کاتێک لەگەڵیان کۆبۆوە، فەرمووی: «یۆرشەلایم بەجێ مەهێڵن، بەڵکو لەوێ بمێننەوە و چاوەڕێی تەواوکردنی
بەڵێنەکانی باوک بن، کە پێشتر لە بارەیەوە قسەم بۆ کردوون. 5یۆخەنان خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشێت؛ بەڵام چەند ڕۆژێکی کەم ئێوە لە
گیانی پیرۆز هەڵدەکێشرێن!»6ئەوانەی لەگەڵیدا کۆببوونەوە لێیان پرسی: « ئەی پەروەردگار، ئایا لەم کاتەدا شانشین بۆ یەسرائیل
دەگەڕێتەوە؟» 7وەڵامی دانەوە: «بۆ ئێوە نییە ئەو کات و ساتانە بزانن کە باوک بە دەسەڵاتی خۆی دیاریکردووە. 8بەڵام کاتێک گیانە
پیرۆزەکە دێتە سەرتان هێز وەردەگرن، و شایەتحاڵی من دەبن لە یۆرشەلایم و سەرجەم یەهودیا، و سامرە، تا ئەوپەڕی زەی».9ئەمەی
فەرمووو لە کاتێکدا سەیریان دەکرد بەرزبۆوە بۆ ئاسمان. پاشان هەورێک لە بەر چاویان شاردییەوە. 10لە کاتێکدا سەیری ئاسمانیان
دەکرد و ئەویش بەرەو ئاسمان دەڕۆیشت، دوو پیاو بە جل و بەرگی سپییەوە دەرکەوتن، 11و پێیان گوتن: «ئەی گەلیلییەکان، بۆچی
ڕاوەستاون و سەیری ئاسمان دەکەن؟ یەشوا، کە لەلای ئێوە هەڵگیرا بۆ ئاسمان، هەر وەک چۆن بینیوتانە بەرز دەبێتەوە بۆ ئەوێ
لەوێشەوە دەگەڕێتەوە!»12پاشان نێردراوان لە چیای ناسراو بە زەیتون گەڕانەوە بۆ یۆرشەلایم، کە بە رادەی رۆژەرێیەکی رێگەپێدراو
لە شەباتدا لە یۆرشەلام نزیکە. 13کە گەیشتن سەرکەوتن بۆ ژوورێک لە نهۆمی سەرەوە کە تێیدا دەمانەوە.، ئەوانیش بریتی بوون لە:
پەترۆ یۆخەنا، یاکۆڤ و ئاندریا، فیلیپۆس و تۆما، بەرتۆلمیۆ و مەتا، یاکۆڤی کوڕی هەلفای و شیمۆنی دڵگەرم، و یەهودا برای یاکوڤ.
14هەموویان بە یەک دڵەوە بەردەوام بوون لە نزا کردن و لەگەڵیاندا چەند ژنێک بوون، میریام دایکی یەشوا و براکانی.15کاتێک نزیکەی
سەد و بیست کەس لە برایان پێکەوە کۆببوونەوە، پەترۆ لە نێوانیاندا وەستا و قسەی لەگەڵ کردن و گوتی: 16«ئەی برایان، دەبێت ئەو


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

پێش بینییەی کە گیانی پیرۆز لە زمانی داڤیدی پێغەمبەرەوە گوتویەتی بێتەدی، سەبارەت بە یەهودا ئەوەی کە هەڵگەڕایەوە ڕێنمایی ئەو کەسانەی دەکرد یەشوایان دەستبەسەر کرد.[17] یەهوداش بە یەکێک لە ئێمە دادەنرا، و بەشداری لە خزمەتەکەماندا دەکرد. [18] پاشان بەو پارەیەی کە بۆ ناپاکییەکەی وەریگرتبوو، کێڵگەیەکی کڕی و بە ڕوودا کەوت، لە ناوەڕاستەوە دوولەت بوو و هەموو ڕیخۆڵەی هاتە دەرەوە. [19] خەڵکی یۆرشەلایم هەموویان ئاگاداری ئەم ڕووداوە بوون، ناوی کێڵگەکەیان ناوە حەقل دەمەخ، بە زمانی خۆیان، واتای کێڵگەی خوێن.[20] کەواتە پێشبینییەکەی پەرتووکی زبورەکان هاتە دی: ماڵەکەی وێران دەبێت، و کەس تێیدا نیشتەجێ نابێت. وە هەروەها : با ئەرکەکەی ڕادەستی کەسێکی تر بکرێت![21] بۆیە دەبێت یەکێکیتر لەو پیاوانە هەڵبژێرین کە هاوڕێمان بووە بە درێژایی ئەو کاتەی کە پەروەردگار یەشوا لەگەڵمان بەسەری بردووە، [22] لەو کاتەوەی یۆخەنان لە ئاوی هەڵکێشا تا ئەو ڕۆژەی لە لای ئێمەوە بەرزبۆوە بۆ ئاسمان، تا لەگەڵمان شایەتحاڵی هەستانەوەی یەشوا بێت». [23] ئامادەبووان دوو پیاویان بەربژێر کرد: یۆسپ بە بارسابا بانگ دەکراو نازناوی یوستیۆسی بوو، وە لەگەڵ ماتیاس.[24] پاشان نزایان کرد و گوتیان: «ئەی پەروەردگار کە دڵی هەموو مرۆڤەکان دەزانیت، نیشانمان بدە کام لەم دوو پیاوە هەڵدەبژێریت [25] بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێمە بەشداری لە خزمەت و پەیامەکەدا بکات لەبری یەهودا کە چووە ئەو شوێنەی کە شایەنی بوو». [26] ئینجا تیروپشکیان کرد، و کەوتە سەر ماتیاس، و زیادیان کرد بە یازدە نێردراوان.

## Chapter 2

[1]کاتێک ڕۆژی پەنجاهەم هات، براکان لە یەک شوێن کۆبوونەوە، [2]لەناکاو دەنگێک لە ئاسمانەوە هات وەک دەنگی بایەکی بەهێز، ئەو
ماڵەی پڕ کرد کە تێیدا دانیشتبوون. [3] پاشان زمانەکان وەک ئەوەی ئاگر بن بۆیان دەرکەوتن، و دابەشبوون و سەر هەر یەکێکیاندا،
[4]هەموویان پڕ بوون لە گیانە پیرۆزەکە، و دەستیان کرد بە قسەکردن بە زمانەکانی تر، هەروەک ئەوەی گیانەکە دەسەڵاتی قسەکردنی
پێبەخشیبن.[5]لەو کاتەدا یۆرشەلایم بە هۆی ئەو یەهودییە لەخواترسانەی لە سەرجەم نەتەوەکانی جیهانەوە هاتبوون قەرەباڵغ بوو. [6]کاتێک
گوێیان لەم دەنگە بوو، جەماوەرەکە بە سەرسوڕمانەوە کۆبوونەوە، چونکە هەریەکەیان گوێیان لە قسەکردن بە زمانی خۆیان بوو.
[7]هەمووان سەریان سوڕمابوو. پرسیاریان دەکرد: «ئایا ئەمانە کە قسە دەکەن سەرجەمیان خەڵکی گەلیلی نین؟[8]ئەی چۆنە هەر یەکێک
لە ئێمە زمانی ئەو وڵاتە دەبیستێت کە تێیدا لەدایک بووە؟ [9]هەندێکمان پارت و ماد و ئیلامین. هەندێکمان خەڵکی میزۆپۆتامیا و یەهودیا و
کەپادۆکیا و پۆنتۆس و ئاسیاین. [10]هەندێک لە فریگا و پامفیلیا، میسر و بەشەکانی لیبیا بەرامبەر قیرەوانین. لە ناوماندا زۆرێک لە
ڕۆمەوە بۆ سەردان هاتوون، [11]یەهودی و ئەوانەی بوون بە یەهودی. هەندێکیان کرێتی وهەندێکی عەرەبن. ئەوەتا گوێمان لێیە کە بە
زمانەکانمان قسەمان لەگەڵ دەکەن و کارە مەزنەکانی خودامان پێڕادەگەینن».[12]هەمووان بە سەرسوڕمان و سەرلێشێواوی لە
یەکتریان دەپرسی: «مانای هەموو ئەمانە چییە؟» [13]هەندێکیشیان بە گاڵتەجاڕیەوە دەیانگوت: «ئەوان جگە لە سەرخۆش هیچی تر
نین!»[14]پاشان پەترۆ لەگەڵ یازدە نێردراوان وەستا، و بە دەنگێکی بەرز وتاری بۆ دان، و گوتی: «ئەی یەهودییەکان، و هەموو ئەوانەی لە
یۆرشەلایم نیشتەجێن! گوێ لە قسەکانم بگرن بۆ ئەوەی ڕاستی بابەتەکە بزانن! [15]ئەمانە سەرخۆش نین، وەک ئەوەی ئێوە بیری لێ
دەکەنەوە، خەڵکی کاتژمێر نۆی بەیانی سەرخۆش نابن.[16]ئەمە هەر ئەوەیە کە لە زمانی پێغەمبەر یوئێلەوە وتراوە: [17]خودا دەفەرموێت:
لە ڕۆژانی کۆتاییدا گیانی خۆم بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا دەڕێژم، کوڕ و کچەکانتان پێشبینی دەکەن، گەنجەکانتان بینین و پیرانتان
خەون دەبینن.[18] لەو ڕۆژانەدا لە گیانی خۆم بەسەر هەموو خزمەتکارەکانمدا دەڕێژم، چ ژن و چ پیاو، ئەوانیش پێشبینی دەکەن.
[19]نیشانەی سەرسوڕهێنەر لە ئاسمان و زەوی ئەنجام دەدەم ، خوێن و ئاگر و دوکەڵی چڕ دەبێت![20]وە پێش ئەوەی ڕۆژی پەروەردگار
بێت، ئەو ڕۆژە مەزن و بەناوبانگە، خۆر تاریک دەبێت، مانگ دەگۆڕێت بۆ ڕەنگی خوێن. [21]بەڵام هەرکەسێک بە ناوی پەروەردگاروە
بانگی بکات ڕزگاری دەبێت![22]ئەی نەوەی یەسرائیل، گوێ بگرن لەم قسانە : یەشوای ناسیرەیی مرۆڤێک کە خودا بۆتانی سەلماند لە
ڕێگەی ئەو پەرجوو و سەرسوڕهێنەر و نیشانە باوەڕپێکراوانەی بە ئەو لە نێوانتاندا کردوویەتی، وەک خۆتان دەزانن. [23]بەڵام خودا بەپێی
خواست و زانستی پێشوەختی دیاریکراوی خۆی، ڕێگەی دا کە بیگرن و لە خاچی بدەن و بە دەستی گوناهباران بکوژرێت. [24]بەڵام خودا
لە مردن هەڵیستاندەوە، لە ئازارەکانی مردن ڕزگاری کرد، وەک چۆن نەدەکرا مردن لە چنگی خۆیدا بیهێڵێتەوە![25]چونکە داڤید لەو
بارەیەوە دەڵێت: من هەمیشە پەروەردگارم لە پێش خۆمەوە دەبینی چونکە ئەو لە ڕاستی منە تاوەکو نەهەژێم، [26]بۆیە دڵم شادە و
زمانم شادی دەردەبڕی. جەستەم بە هیواوە پشوو دەدات.[27]گیانم لە ناو مردووەکاندا بەجێ ناهێڵیت، و ڕێگە نادەیت تاکە پیرۆزەکەت
گەندەڵی ببینێت، [28]تۆ ڕێنماییت کردم بۆ ڕێگاکانی ژیان، بینینی ڕووخسارت پڕم دەکات لە شادی![29]ئەی برایان، با ڕاشکاوانە پێتان بڵێم
کە داڤیدی باوکمان مرد و بە خاک سپێردرا، و گۆڕەکەی تا ئەمڕۆش لای ئێمەیە. [30]چونکە داڤید پێغەمبەر بوو، دەیزانی کە خودا سوێندی
بۆ خواردووە کە مەسیح لە رەچەڵەکی ئەو ئەبێت و لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت، [31]باسی هەستانەوەی مەسیحی کرد وەک چۆن
پێشتر بینیبووی، گوتی لە جیهانی مردوواندا نەمایەوە، جەستەی گەندەڵیی وەرنەگرت.[32]یەشوا لە مردن هەستایەوە و هەموومان
شایەتحاڵی ئەوەین. [33]کاتێک بەرزبۆوە بۆ ڕاستەی خودا، و گیانە پیرۆزەکەی بەڵێندراوی لە باوک وەرگرت، و بەسەر ئێمەیدا ڕشت.
ئەوەی ئێستا دەیبین و دەیبیستن دەرئەنجامی ئەوەیە.[34]چونکە داڤید بە جەستەی خۆیەوە بەرز نەکرایەوە بۆ ئاسمان. پاشان بۆ خۆی
دەڵێت: پەروەردگار بە پەروەردگارمی فەرموو: لە راستەی من دابنیشە [35]تا دوژمنەکانت بکەمە تەختە پێت. [36]کەواتە با هەموو نەوەی
یەسرائیل بە دڵنیاییەوە بزانن، کە خودا یەشوا ئەوەی ئێوە لە خاچتاندا، پەروەردگار و مەسیحە!»[37]ئەوانەی ئامادەبوون ئەم قسانەیان
بیست، کاری کرد لە دڵیان، بۆیە لە پەترۆ و نێردراوانی دیکەیان پرسی: « برایان، چی بکەین؟» [38]پەترۆ وەڵامی دانەوە: «پاشگەز
بنەوە، و بە ناوی یەشوای مەسیح لە ئاوهەڵکێشرێن خودا لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت و گیانە پیرۆزەکە بە دیاری وەردەگرن، [39]چونکە
بەڵێنەکە بۆ ئێوە و منداڵەکانتان و هەموو ئەوانەیە کە دوورن، هەرکەسێک پەروەردگار خودامان بانگهێشتی کردبێت
وەریدەگرێت!»[40]پاشان پەترۆ شایەتحاڵی بۆ ئامادەبووان دا و بە چەندین وتاری تر ئامۆژگاری کردن، و گوتی: «خۆتان لەم نەوە لاڕێیە
ڕزگار کەن!» [41]ئەوانەی قسەکانیان پەسند کرد لە ئاو هەڵکێشران. نزیکەی سێ هەزار کەس لەو ڕۆژەدا پەیوەندیان کرد. [42]هەمووان
بەردەوام بوون لە وەرگرتنی فێرکاری نێردراوان، و ژیانی هاوبەش و شکاندنی نان و نزاکردن.[43]کاتێک زۆر سەرسوڕهێنەر و نیشانە
لەلایەن نێردراوانەوە ئەنجامدرا، هەمووان تووشی سەرسامی بوون. [44]باوەڕداران هەموویان پێکەوە یەکگرتوو بوون، و لە هەموو ئەو
شتانەی کە هەیانبوو بوون بە هاوبەش، [45]کەلوپەلی خۆیان دەفرۆشت و بەهاکەیان بە پێی پێویستی هەر کەسە دابەش دەکرد،[46]ڕۆژانە
بە یەک دڵ و بەردەوام دەچوون بۆ پەرستگا، و لە ماڵەوە نانیان دەشکاند، و بەدڵخۆشی و دڵفراوانییە پێکەوە نانیان دەخوارد، [47]ستایشی
خودایان دەکرد، و لەلایەن هەموو گەلەوە پێشوازییەکی باشیان لێکرا. پەروەردگار، هەموو ڕۆژێک، ئەو کەسانەی بۆ کڵێساکە زیاد دەکرد
کە ڕزگاریان ببوو.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 3

[1]ڕۆژێک کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ پەترۆ و یۆخەنا چوونە پەرستگا بۆ نزاکردن. [2]لە لای دەروازەی پەرستگاکە کە ناوی دەروازەی جوانە،
پیاوێک دانیشتبوو کە لە زگماکەوە کەم ئەندام بوو، هەموو ڕۆژێک هەڵیان دەگرت و لەوێ دایاندەنا و داوای بەخشینی لەوانە دەکرد کە
دەچوونە ناو پەرستگاکە. [3]کاتێک بینی پەترۆ و یۆخەنا دەچنە ژوورەوە، داوای بەخشینی لێکردن،[4]بە وردی سەیریان کرد، پەترۆ پێی گوت:
«سەیری ئێمە بکە!» [5]چاوی لەسەریان بوو، چاوەڕێی ئەوە بوو بەخشینێکی پێ بدەن. [6]پەترۆ گوتی: «من زیو و زێڕم نییە، بەڵام ئەوەی
هەمە پێت دەبەخشم: بە ناوی یەشوای مەسیحی ناسیرەیی، هەستە و بڕۆ!»[7]بە دەستی ڕاستی هەڵیستاند، دەستبەجێ هێز چووە ناو
پێ و پاژنەی [8]هەستا و دەستی کرد بە ڕۆیشتن، و لەگەڵیان چووە ناو پەرستگاکە و لە خۆشیان بازی دەدا و ستایشی خودای دەکرد.
[9]هەموو ئەوانەی لەوێ بوون بینییان کە دەڕۆیشت و ستایشی خودای دەکرد، [10]ئەوان دەیانزانی ئەوە هەر ئەو سواڵکەرە کەم ئەندامەیە
لە بەردەم دەروازەی جوان دادەنیشت، بۆیە سەرسام بوون و سەریان سوڕمابوو بەو شتەی بۆی ڕویدا بوو![11]کاتێک لەگەڵ پەترۆ و
یۆخەنا لە هۆڵی پەرستگاکە بوون کە بە هۆڵی شلۆمۆ ناسراوە، خەڵکێکی زۆر بە خێرایی و سەرسوڕمانەوە لە دەوریان کۆبوونەوە،
[12]پەترۆ کە ئەمەی بینی پێی گوتن: «ئەی نەوەی یەسرائیل، بۆچی سەرسامن بەوەی کە ڕوویداوە، بۆچی ئاوا چاومان لێدەکەن وەک
ئەوەی بە هێز و توانای خۆمان کارێکمان کرد ئەم پیاوە بە ڕێگادا بڕوات؟[13]خودای ئەڤراهام و یتساخ و یاکۆڤ، خودای باوباپیرانمان،
بەندەی خۆی شکۆمەند کردووە، یەشوا کە ڕادەستتان کرد بۆ ئەوەی بکوژرێت لەبەردەم پیلاتۆسدا نکۆڵیتان لێکرد، هەرچەندە بڕیاری
دابوو ئازادی بکات. [14]ئێوە نکۆڵیتان کرد لە پیرۆزە راستودرووستەکە و داوای لێخۆشبوونتان بۆ بکوژێک کرد،[15]ئێوە بەدیهێنەری ژیانتان
کوشت. بەڵام خودا لە مردن هەڵیستاندەوە و ئێمەش شایەتحاڵی ئەوەین. [16]بە بەخششی باوەڕ بە ناوی ئەو، ناوی ئەو هێزی بۆ ئەم
پیاوە گەڕاندەوە کە دەیبینن و دەیناسن. باوەڕ بە یەشوا ئەوەی کە تەندروستی تەواوی بە ئامادەبوونی هەمووتان بەم کەسە بەخشی.
[17]ئەی برایان دەزانم کە ئێوە و سەرۆکەکانتان بە نەزانی رەفتارتان لەگەڵ مەسیح کردووە، [18]بەڵام خودا ئەوەی بۆ هەموو
پێغەمبەرەکانی ئاشکرا کردبوو، کە مەسیحەکە دەبێ ئازار ببینێت، هێنایە دی.[19]کەواتە پاشگەز ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی خودا
گوناهەکانت بسڕێتەوە، [20]ڕۆژانی ڕزگاریتان دێت لەلایەن پەروەردگارەوە، یەشوای مەسیح کە بۆ جاری دووەم دەگەڕێتەوە، وەک چۆن
پێشتر بۆتان دیاری کراوە،[21]چونکە مەسیح دەبێت لە ئاسمان بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی کە چاکسازی هەمەلایەنە لە هەموو شتێک
ڕوودەدات وەک خودا لە کۆنەوە بە سروش بۆ پێغەمبەرە راستودرووستەکانی ئاشکرای کردووە. [22]موشە فەرمووی: خودا پێغەمبەرێکی
وەک من لە ناو براکانتانەوە بۆتان دەنێرێت بۆیە گوێ لە هەموو ئەو شتانە بگرن کە پێتان دەڵێت. [23]بەڵام هەرکەسێک گوێی پێ نەدات
لە ناو خەڵکدا لەناو دەچێت.[24]بە هەمان شێوە هەموو پێغەمبەران پێشبینی ئەم کاتانەیان کردووە، لە شمۆئیلەوە تا ئەوانەی دوای ئەو
هاتوون، [25]وە ئێوە نەوەی ئەم پێغەمبەرانەن، و ڕۆڵەی ئەو پەیمانەن کە خودا لەگەڵ باوباپیرانمان داینابوو کاتێک بە ئەڤراهامی فەرموو:
لە ڕێگەی نەوەکانتەوە گەلانی زەوی بەرەکەتدار دەبن. [26]لە پێناو ئێوەدا پێش هەموو شتێک خودا یەشوای لە مردن هەستاندەوە و ناردی
بۆ ئەوەی بە دوورخستنەوەی هەریەکێکتان لە خراپەکارییەکانی بەرەکەت بخاتە سەرتان».


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 4

[1]لە کاتێکدا پەترۆ و یۆحەنا قسەیان لەگەڵ ئامادەبووان دەکرد، کاهینەکان، و فەرماندەی پاسەوانی پەرستگاکە و سەدوکیمەکان هاتن بۆ
لایان، [2]ئەوان بێزار بوون چونکە ئەمان خەڵکیان فێر دەکرد و ڕایاندەگەیاند کە هەستانەوەی مردووەکان ئەو ڕاستییەیە کە بە
هەستانەوەی یەشوا پشتڕاستکراوەتەوە، [3]بۆیە دەستگیریان کردن و تا ڕۆژی دواتر خستیاننە زیندانەوە، چونکە ئێوارە بوو. [4]زۆرێک
لەوانەی گوێیان لە وشەکە بوو باوەڕیان هێنا کە ژمارەی پیاوە باوەڕدارەکان نزیکەی پێنج هەزار کەس بوون.[5]بەیانی ڕۆژی دوایی
سەرکردە و پیران و مامۆستایانی یەهوود لە یۆرشەلایم کۆبوونەوە، [6]ئەنانیای سەرۆک کاهینان، و کەیافا، و یۆحەنا، و ئەسکەندەر، و
هەموو ئەوانەی لە خێڵی سەرۆک کاهینەکان بوون لەگەڵیان بوون. [7]پەترۆ و یۆحنایان بانگ کرد و لێیان پرسین: «بە چ هێزێک و بە ناوی
کێ ئەم کارەتان کردووە؟»[8]ئینجا پەترۆ پڕ بوو لە گیانی پیرۆز و وەڵامی دانەوە: «ئەی ڕێبەران و پیرانی گەل، [9]ئەگەر ئەمڕۆ بەهۆی
چاکەیەک لەگەڵ پیاوێکی نەخۆش لێپرسینەوەمان لێ بکەن، [10]کەواتە بزانن، و با هەموو گەلی یەسرائیل بزانن، کە بە ناوی یەشوای
مەسیحی ناسیرەیی، کە لە خاچتان دا، و لە مردن هەستایەوە، بە ناوی ئەوەوە ئەم پەککەوتە بە تەندروستییەکی تەواوەوە لەبەردەمتان
وەستاوە![11]یەشوا ئەو بەردەیە کە ئێوەی تەلارسازان ڕەتتان کردەوە، و خۆی بوو بە یەکەم بەردی بناغە. ڕزگاربوون لە هیچ کەسێکی
تردا نییە، [12]هیچ ناوێکی تر لە ژێر ئاسماندا نییە کە بە مرۆڤ بەخشرابێت تا بەهۆیەوە ڕزگارمان بێت!»[13]ئامادەبووان سەرسام بوون بە
بوێری پەترۆ و یۆحەنا، کاتێک زانیان کە ئەوان خوێندەوار نین و لە خەڵکی ئاسایین، تێگەیشتن کە ئەوان لەگەڵ یەشوا بوون. [14]کاتێک
بینیان ئەو پیاوە کەم ئەندامەی کە چاک بۆتەوە لەگەڵیان وەستاوە، هیچیان نەدۆزیەوە کە دژایەتییان بکەن![15]بۆیە فەرمانیان پێکردن کە
ئەنجومەنەکە بەجێبهێڵن، تا لە نێوان خۆیاندا ڕاوێژ بکەن. [16]و گوتیان: «چی لەم دوو پیاوە بکەین؟ بۆ هەموو خەڵکی یۆرشەلایم ڕوونە
کە پەرجوویەکی گەورە لەسەر دەستی ئەوان ڕوویداوە، و ناتوانین نکۆڵی لێبکەین! [17]بە ڵام بۆ ئە وەی ئەم بابەتە لە نێو گەلدا زیاتر بڵاو
نەبێتەوە، با هەڕەشەیان لێبکەین کە لە ئێستاوە ئەم ناوە لای کەس نەهێنن». [18]پاشان هێنایان و فەرمانیان پێکردن بەناوی یەشوا
قسەمەکەن یان خەڵکیش ئاوا فێر مەکەن.[19]بەڵام پەترۆ و یۆحەنا گوتیان: «خۆتان بڕیار بدەن: ئایا لەبەردەم خودادا ڕاستە کە
گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئێوە بین و یاخود فەرمانەکانی خودا؟ [20]ناتوانین واز لە باسکردنی ئەوە بێنین کە بینیومانە و بیستوومانە».
[21]ئەنجومەنەکە توندتر هۆشداری پێدان، بەبێ ئەوەی ڕێگەیەک بۆ سزادانیان بدۆزێتەوە، لە ترسی ڕاپەڕینی گەل فەرمانی ئازادکردنیانی
دەرکرد و هەمووان خودایان بۆ ئەو پەرجووە شکۆمەند کرد ، [22]چونکە ئەو پیاوەی ئەم نیشانەی چاکبوونەوە لێی ڕوودا تەمەنی لە
سەرووی چلساڵەوە بوو![23]هەر کە پەترۆ و یۆحەنا ئازاد کران، گەڕانەوە بۆ لای هاوڕێکانیان و هەموو ئەو شتانەی کە سەرۆک
کاهینەکان و پیران گوتبوویان بۆیان گێڕانەوە، [24]بۆیە بە یەک دڵەوە بە نزا ڕوویان لە خودا کرد، و گوتیان: «ئەی پەروەردگار، بەدیهێنەری
ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تێیدایە، [25]ئەی تۆ کە بە گیانی پیرۆز لە ڕێگەی داڤیدی خزمەتکارتەوە وتت: بۆچی گەلان
ئەوەندە توڕە بوون؟بۆچی کاتەکانیان بە پلانی بێهودە بەفیڕۆ ئەدەن؟[26]پاشاکانی زەوی و ڕێبەرەکانیان کۆبوونەوە و یەکتریان گرت بۆ
دژایەتی پەروەردگار و مەسیحەکەی![27]ئەم قسانە لە ڕاستیدا هاتنە دی، وەک چۆن هیرۆد و پۆنتیۆس پیلاتۆس و بتپەرستەکان و
هۆزەکانی یەسرائیل، هاوپەیمان بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیرۆزەکە یەشوا، کە تۆ کردت بە مەسیح، [28]وە هەموو ئەو شتانەیان
لەگەڵدا کرد کە دەست و خواستی تۆ بڕیاری دابوو.[29]ئێستا ئەی پەروەردگار، ببینە چۆن هەڕەشەمان لێ دەکەن، بوێری بە ئێمەی
خزمەتکارت ببەخشە با وشەکانت ڕابگەیەنین، [30]دەستت درێژ بکە بۆ چاکبوونەوە، تاکو بە ناوی یەشوا خزمەتکارە پیرۆزەکەتەوە
پەرجووی سەرسوڕهێنەر ئەنجام بدرێت». [31]لە کاتێکدا نزایان دەکرد ئەو شوێنەی کە لێی کۆببوونەوە لەرزی، هەموویان پڕ بوون لە
گیانی پیرۆز، بۆیە بە هەموو بوێرییەکەوە دەستیان کرد بە ڕاگەیاندنی وشەی خودا![32]کۆمەڵگەی باوەڕداران یەک دڵ و دەروون بوون، و
کەس نەیدەگوت هەر شتێک کە هەیبوو تەنها هی خۆیەتی، بەڵکو هەموو شتێک بە هاوبەشی هی هەمووان بوو. [33]نێردراوان شایەتی
هەستانەوەی یەشوای پەروەردگاریان دەدا، هێز و بەخششێکی مەزن بەسەر هەموویاندا دادەبەزی.[34]لە نێوانیاندا هیچ هەژارێک نەبوو،
چونکە هەموو ئەوانەی کێڵگە و خانوویان هەبوو دەیانفرۆشت و بەهاکەیان دەهێنا. [35]لەبەر پێی نێردراوان دایان دەنا، و بەپێی پێویست
بەسەر هەرکەسێکدا دابەشیان دەکرد.[36]لە نێو ئەمانەدا یۆسپ ناوێک بوو کە نێردراوان پێیان دەگوت بەرنابا واتە کوڕی هاندان، ئەو لە
هۆزی لێڤی، و خاوەنی ڕەگەزنامەی قوبرسی بوو. [37]خاوەنی کێڵگەیەک بوو، فرۆشتی و بەهاکەی هێنا و لە بەر پێی نێردراوان داینا!

## Chapter 5

[1]بەڵام پیاوێک بە ناوی ئەنانیا، لەگەڵ سافیرای هاوسەری ڕێککەوتنیان کرد و خاوەنی کێڵگەیەک بوون و فرۆشتیان، [2]بە ئاگاداری خێزانی بەشێک لە پارەکەی بۆ خۆی هێشتەوە، ئەوەی مابۆوەوە هێنای و لە بەردەم نێردراوان داینا.[3]پەترۆ پێی گوت: ئەنانیا، بۆچی ڕێگەت دا شەیتان دڵت پڕ بکات، و درۆت لەگەڵ گیانی پیرۆز کرد، و بەشێک لە بەهای کێڵگەکەت بۆ خۆت هێشتەوە؟ [4]ئایا پێش ئەوەی بفرۆشرێت هی تۆ نەبووە؟ وە دوای ئەوەی فرۆشرا ئایا پارەکە لەبەردەستتدا نەبوو؟ چی وای لێکردی بیر لە ئەنجامدانی کارێکی لەو شێوەیە بکەیتەوە؟ ئێوە تەنها درۆتان لەگەڵ مرۆڤەکان نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ خوداتان کردووە!» [5]کاتێک ئەنانیا ئەمەی بیست دەستبەجێ کەوتە سەر زەوی و مرد! ترسێکی زۆریش دەستی بەسەر هەموو ئەوانەدا گرت کە بەم ڕووداوەیان زانی. [6]پاشان هەندێک گەنج هاتن و تەرمی ئەنانیایان هەڵگرت و بردیانە دەرەوە و ناشتیان.[7]نزیکەی سێ کاتژمێر دواتر ژنەکەی هاتە ژوورەوە نەیدەزانی چی ڕوویداوە، [8]پەترۆ لێی پرسی: «پێم بڵێ: ئایا ئەمە ئەو پارەی کێڵگەکەیە کە تۆ و ئەنانیا فرۆشتتان ؟» ژنەکە گوتی: «بەڵێ، ئەوە بەهاکەیەتی».[9]پەترۆ پێی گوت: «بۆچی لەگەڵ مێردەکەت گیانی پەروەردگارتان تاقیکردەوە؟ هێشتا ئەو پیاوانەی مێردەکەتیان ناشت لە بەر دەرگاکەدان، و تۆش دەبەنە دەرەوە!» [10]لەو ساتەدا لە بەر پێی پەترۆ کەوت و مرد! پاشان گەنجەکان هاتنە ژوورەوە و بە مردوویی بینییان، و هەڵیانگرت و لە تەنیشت مێردەکەیەوە بە خاکیان سپارد. [11]ترسێکی گەورە دەستی بەسەر هەموو کڵێساکەدا گرت، و هەموو ئەوانەیش کە هەواڵی ئەم ڕووداوانە یان بیست.[12]نێردراوان چەندین نیشانە و سەرسوڕهێنەریان لەناو خەڵک ئەنجامدا. هەموو باوەڕداران بە یەک دڵییەوە لە هۆڵی شلۆمۆ پێکەوە کۆدەبوونەوە. [13]کەسی تر نەیدەوێرا لە دەرەوە پەیوەندییان پێوە بکات، هەرچەندە لەلایەن گەلەوە ڕێزێکی زۆریان لێدەگیرا.[14]سەرەڕای ئەوەش ژن و پیاو زیاتر و زیاتر باوەڕیان بە پەروەردگار دەهێنا و ژمارەیان بەردەوام زۆر دەبوو. [15]خەڵکانێک بوون نەخۆشەکانیان بە پێخەفەوە دەهێنایە سەر شەقامەکان، و دایاندەنان بۆ ئەوەی لانیکەم سێبەری پەترۆ بکەوێتە سەر هەندێکیان لەکاتی تێپەڕبوونیدا. [16]هەروەها خەڵکێک لە شارۆچکەکانی دەوروبەری یۆرشەلایمەوە کۆبوونەوە و نەخۆشەکانیان و ئەوانەی کە لەلایەن گیانە ناپاکەکانەوە، ئازار دەدران دەهێنا و هەموویان پاکبوونەوە.[17]پاشان سەرۆک کاهینەکە و کۆمەڵەی کە سەر بە ڕێبازی سەدوکیمەکان بوون، پڕ بوون لە ئیرەیی بە نسبەت نێردراوان، [18]بۆیە نێردراوانیان گرت و خستیانە زیندانی گشتی.[19]بەڵام لە شەودا فریشتەیەکی پەروەردگار دەرگای زیندانەکەی کردەوە و دەریهێنان، فەرمووی: [20]«بڕۆن لە پەرستگا بۆ هەموو خەڵک مزگێنی ئەم ژیانە نوێیە بە تەواوی ڕابگەیەنن!» [21]بەرەبەیان وەک ئەوەی پێیان گوترابوو چوونە ناو پەرستگا و دەستیان کرد بە فێرکردنی خەڵک. لە کاتێکدا ئەنجومەنەکە کۆبوونەوەی ئەنجامدا، لەسەر بانگهێشتی سەرۆک کاهین و جەماوەرەکەی، هەموو پیرانی یەسرائیل بەشدارییان کرد و فەرمانیان دا کە نێردراوان لە زیندانەوە بهێنرێن،[22]بەڵام پاسەوانەکان لەزیندان نەیاندۆزینەوە! بۆیە گەڕانەوە و هەواڵیان پێدان [23]گوتیان: «زیندانەکە بە شێوەیەکی پارێزراو داخرابوو، پاسەوانەکان لە بەردەمیا وەستابوون، بەڵام کاتێک کردمانەوە، کەسمان لە ژوورەوە نەدۆزیەوە!»[24]فەرمانده‌ی پاسەوانی پەرستگاکە و سەرۆک کاهینەکان کاتێک ئەمەیان بیست سەریان سووڕما و پێیان سەیر بوو، وپرسیاریان کرد: «ئەم بابەتە چۆن کۆتایی دێت؟» [25]پاشان کابرایەک هاتە ئەنجومەنەکە و گوتی: «ئەو پیاوانەی کە ئێوە خستوتانەتە زیندانەوە، لە پەرستگا وەستاون و خەڵکی فێر دەکەن».[26]بۆیە فەرماندەی پاسەوانەکان لەگەڵ پیاوەکانیدا ڕۆیشت، و بە بێ توند و تیژی نێردراوانی هێنا، چونکە دەترسان خەڵک بەردەبارانیان بکەن. [27]نێردراوان هێنرانە ژوورەوە بۆ بەردەم ئامادەبووانی ئەنجومەنەکە بۆ ئەوەی لەلایەن سەرۆک کاهینەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. [28]گوتیان: «ئێمە فەرمانی توندمان پێداون کە بەم ناوە فێرکاری نەکەن. بەڵام ئێوە یۆرشەلایمتان پڕ کردووە لە فێرکارییەکانتان و بڕیارتان داوە بە ڕشتنی خوێنی ئەم پیاوە تاوانبارمان بکەن!»[29]پەترۆ و نێردراوانی دیکە لە وەڵامدا گوتیان: «ئێمە دەبێ گوێڕایەڵی خودا بین نەک خەڵک! [30]یەشوا کە خودای باوباپیرانمان لە مردن هەڵیستاندەوە لە سەرخاچ هەڵتانواسی و کوشتتان. [31]بەڵام خودا بەرزی کردەوە بۆ ڕاستەی خۆی و کردی بە سەرکردە و ڕزگارکەر بۆ ئەوەی پاشگەزبوونەوە و لێخۆشبوونی گوناهەکان بە یەسرائیل ببەخشێت؛ [32]ئێمە شایەتحاڵی ئەم شتانەین، هەروەها گیانی پیرۆزیش کە خودا بەخشیویەتی بەو کەسانەی گوێڕایەڵی دەکەن».[33]کە ئەمەیان بیست، تووڕە بوون و دەیانویست بیانکوژن، [34]بەڵام فەریسییەک بە ناوی گەمالەئێل، کە مامۆستای تەورات بوو شوێنکەوتووی ڕێبازی فەریسی بوو، و لەلایەن هەموو خەڵکەوە ڕێزی لێدەگیرا، لە ئەنجومەنەکە هەستا و فەرمانی دا کە پیاوەکان بۆ ماوەیەکی کەم ببردرێنە دەرەوە،[35]روویکردە کۆمەڵەکەو گوتی: «پیاوانی یەسرائیل، بە وردی بیر لەوە بکەنەوە کە بەنیازن چی لەگەڵ ئەم پیاوانە بکەن. [36]ماوەیەک لەمەوبەر تیوداس دەرکەوت و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کەسێکی مەزنە و نزیکەی چوار سەد کەسی لەگەڵ بوو، کوژرا و هەموو شوێنکەوتووانی بڵاوەیان پێکرا، و کۆتایی پێهات. [37]دوای ئەو یەهودای گەلیلی لە ڕۆژانی سەرژمێریدا دەرکەوت و سەرکردایەتی کۆمەڵێک خەڵکی کرد بۆ ڕاپەڕین، ئەویش کوژرا و هەموو شوێنکەوتووانی پەرش و بڵاو بوون.[38]بۆیە ئامۆژگاریتان دەکەم لەم پیاوانە گەڕێن بهێڵن با برۆن. چونکە ئەگەر مەبەستیان ئەوەبێت چالاکییەکەیان لە خەڵکەوە بێت، ئەوا شکست دەهێنن، [39]بەڵام ئەگەر لە خوداوە بێت ناتوانن ڕێگرییان لێبکەن، تەنها خۆتان دەبیننەوە کە شەڕ لەگەڵ خودا دەکەن».[40]وتارەکەی ئەوانی ڕازی کرد، نێردراوانیان بانگ کرد و بە قامچی لێیاندان پاشان فەرمانیان پێکردن بە ناوی یەشوا قسە نەکەن، و وازیان لێهێنان. [41]نێردراوان بە خۆشحاڵییەوە ئەنجومەنەکەیان بەجێهێشت، چونکە بە شایستەی ئەوە هەژمار کرابوون کە لە پێناوی ناوی یەشوا سوکایەتییان پێکراوە. [42]هەموو رۆژێ، لە پەرستگا و ماڵەکان، بێبڕانەوە فێرکارییان دەکرد و بە یەشوای مەسیح مزگێنیان دەدا.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 6

[1]لەو ڕۆژانەدا کە ژمارەی شاگردەکان زیاتر بوو، یەهودییە یۆنانیەکان لەنێویاندا گلەییان لە عیبریەکان دەکرد، چونکە بێوەژنەکانیان یارەمەتی ڕۆژانەی خۆراکیان وەرنەدەگرت.[2]بۆیە دوانزە کەسەکە هەموو شاگردەکانیان کۆکردەوە و گوتیان: «ڕاست نییە ئێمە خزمەتکردنی قسەی خودا پشتگوێ بخەین سەرقاڵی دابەش کردنی یارمەتییەکان بین. [3]خوشک و برایان، حەوت پیاو لە نێوانتاندا هەڵبژێرن، کە شایەت حاڵی باشیان هەیە، وە پڕبن لە گیانی پیرۆز و دانایی، بۆ ئەوەی دەستنیشانیان بکەین بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە. [4]با ئێمە، بەردەوام بین لە نزا و خزمەتکردنی وشەکە».[5]هەمووان ئەم بۆچوونەیان پێباش بوو؛ ئەوان ستێڤانۆسیان هەڵبژارد، پیاوێکی پڕ لە باوەڕ و گیانی پیرۆز، هەروەها فیلیپۆس، پرۆکۆرۆس، نیکانۆر، تیمۆن، پارمێناس و نیکۆلاس لە ئانتیاخوس، کە گۆڕابوون بۆ ئایینی یەهودی. [6]پێشکەشی نێردراوانیان کرد، ئەوانیش نزایان کرد و دەستیان لەسەر دانان.[7]بۆیە وشەی خودا بڵاو بۆوەوە، ژمارەی قوتابیان لە یۆرشەلایم بە خێرایی زیادی کرد، و کۆمەڵێکی زۆر لە کاهینەکانیش گوێڕایەڵی باوەڕ بوون.[8]بەو پێیەی ستیڤانوس، پیاوێکی پڕ لە باوەڕو هێز، سەرسوڕهێنەر و نیشانەی مەزنی لەناو خەڵکدا ئەنجام دەدا. [9]بەڵام هەندێک لە ئەندامانی کۆیلە ئازادکراوەکان دژایەتییان کرد ، پشتگیریان دەکرا لە لایەن هەندێک یەهودییەکانی قیرەوان و ئەلەکساندریا جگە لەوەیش لە هەرێمی کیلیکیا و ئاسیا، دەستیان کرد بە مشتومڕ لەگەڵیدا.[10]بەڵام نەیان دەتوانی بەرەنگاری ئەو داناییە وگیانەکە ببنەوە کە قسەی پێ دەکرد. [11]بۆیە هەندێک کەسیان بە بەرتیل ڕازی کرد کە بڵێن: «ئێمە گوێمان لە ستیڤانۆس بووە کە کوفری بەرامبەر بە موشە و خودا کردووە!»[12]ئەم تۆمەتە خەڵک و پیر و زانایانی وروژاند لە دژی ستیڤن، بۆیە دەستگیریان کرد و هێنایان بۆ ئەنجومەن، [13]شایەتحاڵی درۆینەیان لە سەردا دەیانگوت: «ئەم کەسە بەردەوام دژی ئەم شوێنە پیرۆزە و دژی تەورات قسەی دەکرد [14]بیستمان دەیگوت یەشوای ناسیرەیی ئەم پەرستگایە وێران دەکات و ڕێورەسمەکان دەگۆڕێت کە لە موشە وەرمانگرتووە» [15]هەموو ئامادەبووانی ئەنجومەن بینییان ڕووخساری وەک ڕووخساری فریشتەیەک وایە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 7

[1]پاشان سەرۆک کاهینەکە لە ستیڤانۆسی پرسی: «ئایا ئەم تۆمەتانە ڕاستن؟» [2]وەڵامی دایەوە: «برایان و باوکان گوێم لێ بگرن،
خودای شکۆمەندی بۆ ئەڤراهام باوکمان دەرکەوت کە هێشتا لە نێوان دوو رووبار بوو، پێش ئەوەی لە خاران نیشتەجێ بێت، [3]پێی
فەرموو: خاک و هۆزەکەت بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ئەو زەوییەی کە ڕێنوێنیت دەکەم بۆی.[4]«بۆیە گوێڕایەڵی کرد و وڵاتی کلدانەکانی
بەجێهێشت و لە خاران نیشتەجێ بوو، لەوێ مایەوە تا باوکی کۆچی دوایی کرد پاشان خوای گەورە ناردی بۆ ئەم خاکە کە ئێستا ئێوە
تێیدا دەژین، [5]لێرە هیچ زەوی و پێگەیەکی پێنەدا، هەرچەند منداڵی نەبوو، بەڵام خودا بەڵێنی پێدا کە لە دوای خۆی ئەم نیشتمانە بدا بە
خۆی و نەوەکانی دوای خۆی.[6]خودا فەرموویەتی: نەوەکانی تووشی دەربەدەری دەبن لە وڵاتێکدا کە هی ئەوان نییە، بۆ ماوەی چوار
سەد ساڵ، لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی کۆیلایەتی و خراپ مامەڵەکردن دەبنەوە؛ [7]بەڵام من سزای ئەو گەلە دەدەم کە وەک کۆیلە
خزمەتیان دەکەن، دواتر لەوێ دێنە دەرەوە و لەم شوێنە دەمپەرستن. [8]پاشان خودا داوای لە ئەڤراهام کرد کە نێرینەکانی ناو
خێزانەکەی خەتەنە بکات وەک نیشانەی ئەو پەیمانەی کە لەگەڵیدا کردبووی. ئەڤراهام یتساخی بوو و دوای هەشت ڕۆژ لە لەدایکبوونی
خەتەنەی کرد. دواتر یتساخ بوو بە باوکی یاکۆڤ، یاکۆڤیش دوانزە کوڕەکەی خەتەنە کرد، کە باوکانی یەکەم بوون.[9]«بەهۆی ئەوەی
باوکانی یەکەم ئیرەییبیان بە یۆسپ برد، وەک کۆیلەیەک فرۆشتیان بە میسر. بەڵام خودا لەگەڵی بوو، [10]و لە هەموو ناخۆشییەکانی
ڕزگاری کرد، بەخشش و دانایی لای فیرعەونی پاشای میسری بە یۆسپ بەخشی، بۆیە فیرعەون کردی بە فەرمانڕەوای میسر و
هەموو کۆشکەکەی.[11]پاشان برسێتییەک هەموو میسر و کەنعانی گرت، و ئازارێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، و باوباپیرانمان نەیانتوانی
خواردن بدۆزنەوە. [12]کاتێک یاکۆڤ بیستی کە دانەوێڵە لە میسر هەیە باوباپیرانی ئێمەی نارد بۆ میسر. [13]بۆ جاری دووهەم کە چوون،
یۆسپ خۆی بە براکانی ناساند و فیرعەونیش بنەماڵەی یۆسپی ناسی.[14]دوای ئەمە یۆسپ یاکۆڤی باوکی، و هەموو بنەماڵەو براکانی
بانگهێشت کرد کە بە گشتی حەفتا و پێنج کەس بوون. [15]پاشان یاکۆڤ چوو بەرەو میسر، لەوێ خۆی و باوباپیرانمان مانەوە تا کۆچی
دواییان کرد، [16]تەرمەکانیان هێنرانەوە بۆ شەخەم و لە نێو ئەو گۆڕەدا دانران کە ئەڤراهام لە کوڕانی خەمۆر لە شەخەم بە بڕێک زێو
کڕیبووی.[17]«لەگەڵ نزیکبوونەوەی کات بۆ ئەوەی خودا بەڵێنەکەی بۆ ئەڤراهام جێبەجێ بکات، ژمارەی گەلەکە لە میسر زۆر زیادی
کردبوو. [18]پاشان پاشایەکی نوێ کە هیچی دەربارەی یۆسپ نەدەزانی لە میسردا دەسەڵاتی گرتە دەست. [19]ستەمی لە گەلەکەمان کرد،
و خراپ لەگەڵ باوباپیرانمان مامەڵەی کرد بە ناچارکردنیان بۆ فڕێدانی کۆرپە تازە لەدایکبووەکانیان بۆ مردن.[20]لەو کاتەدا موشە لەدایک
بوو. زۆر جوان بوو، بۆ ماوەی سێ مانگ لەلایەن خێزانەکەیەوە لە ماڵەوە چاودێری دەکرا، [21]بە ناچاری وازیان لێ هێنا، بەڵام کچەکەی
فیرعەون بردی و وەک کوڕی خۆی بەخێو و پەروەردەی کرد.[22]موشە بە زانیاری میسرییەکان رۆشنبیر کرابوو، و تا لە قسەکردن و
کرداردا بەهێز بوو. [23]کاتێک تەمەنی چل ساڵ بوو، بڕیاریدا سەردانی برایانی خۆی بکات کە لە نەوەی یەسرائیلن، [24]بینی یەکێکیان
لەلایەن میسرییەکەوە ستەمی لێدەکرێت، بۆیە لایەنگری ستەملێکراوەکەی کرد و بە کوشتنی میسرییەکە تۆڵەی لێکردەوە، [25]موشە پێی
وابوو برایانی خۆی لەوە تێدەگەن کە خودا بەکاری دەهێنێت بۆ ڕزگارکردنیان. بەڵام ئەوان تێنەگەیشتن![26]ڕۆژی دواتر موشە دووان لە
برایانی بینی کە شەڕیان بوو، هەوڵیدا بەم شێوەیە ئاشتیان بکاتەوە و پێی گوتن، پیاوەکان، ئێوە برای یەکن، بۆچی دژایەتی یەک
دەکەن؟ [27]بەڵام ئەو پیاوەی خراپ رەفتاری لەگەڵ ئەویتردا دەکرد پاڵی بە موشەوە نا، و گوتی: کێ تۆی کردووە بە سەرۆک و دادوەر
لە سەر ئێمە؟ [28]دەتەوێ من بکوژیت وەک چۆن دوێنێ میسرییەکەشت کوشت؟[29]موشە لە میسر هەڵات بۆ میدیان، لەوێ وەک
بێگانەیەک نیشتەجێ بوو. دوو کوڕی بوو. [30]دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ، پەروەردگار لە بڵێسەی دەوەنێکی گڕگرتوودا لە بیابانەکانی
نزیک چیای سینا، بۆ موشە دەرکەوت.[31]موشە کاتێک ئەمەی بینی سەرسام بوو بەو دیمەنە، لێی چووە پێش بۆ ئەوەی بزانێ چی
روویداوە، گوێی لێبوو پەروەردگار بانگی دەکات: [32]من خودای باوباپیرانتم، خودای ئەڤراهام و یتساخ و یاکۆڤم! موشە لە ترسدا
دەلەرزی و نەیدەوێرا سەیری بکات.[33]پاشان پەروەردگار پێی فەرموو: کەوشەکانت داکەنە چونکە ئەو شوێنەی لێی وەستاویت
زەوییەکی پیرۆزە! [34]ستەمی گەلەکەمم لە میسر بینیوە، من گوێم لە گریانی ئەوان بووە، و هاتومەتە خوارەوە بۆ ئەوەی ئازادیان بکەم.
ئێستا، دەتنێرمەوە بۆ میسر![35]ئەمە هەمان ئەو موشەیە کە بەم وشانە ڕەتیان کردبۆوەوە: کێ تۆی کردووە بە فەرمانڕەوا و دادوەر؟
ئەو لەلایەن خوداوە نێردراوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک و ڕزگاریدەریان، کاتێک پەروەردگار لەناو دەوەنەکەدا بۆی دەرکەوت! [36]گەلەکەی
لە میسر دەرهێنا و لەوێ، و لە دەریای سوور، و لە بیابانەکاندا بۆ ماوەی چل ساڵ کاری سەرسوڕهێنەر و پەرجووی ئەنجامدا. [37]ئەمە
ئەو موشەیە کە بە نەوەی یەسرائیل دەڵێت: خودا پێغەمبەرێکی وەک منتان بۆ هەڵدەبژێرێت لە نێو براکاتان.[38]ئەو کەسە بوو کە
سەرکردایەتی گەلی دەکرد لە بیابانەکاندا، ڕۆڵی نێوانگیری دەبینی لە نێوان ئەو فریشتەیەی کە لە چیای سینا قسەی لەگەڵ دەکرد و
لەگەڵ باوباپیرانیشمان، وە ڕاسپاردەکانی خودای زیندووی پێ گەیاندن. [39]بەڵام باوباپیرانمان ڕەتیانکردەوە گوێڕایەڵی موشە بن، دانیان
پێدانەنا وەک ڕابەری خۆیان، و دڵیان تامەزرۆی گەڕانەوە بوو بۆ میسر، [40]بە ئارۆنیان گوت: خودایەکمان بۆ دروست بکە کە لە پێش
ئێمەوە بڕوات. چونکە نازانین چ بە سەر ئەو موشەیە هات کە ئێمەی لە میسر دەرهێنا![41]ئەو کات بتێکیان لە شێوەی گۆلک دروست
کرد. قوربانییان بۆ دەهێنا و بەو شتانە خۆشحاڵ بوون کە دەستکردی خۆیان بوو. [42]بەڵام خودا رووی لێ وەرگێڕان و بە دیار پەرستنی
خۆر و مانگ و ئەستێرەکانەوە بە جێی هێشتن. هەروا کە لە نووسراوەی پێغەمبەراندا نووسراوە: ئەی نەوەی یەسرائیل، ئایا چل ساڵ لە
بیابان پێشکەشی و قوربانیتان بۆ هێنام؟[43]نا، بەڵکوو خێوەتەکەی مۆلۆخ، و ئەستێرەی خوداوەندەکەتان ڕەمفان، و ئەو بتانەی کە بۆ
پەرستنیان دروستتان کردووە هەڵتانگرتووە! بۆیە دوورتان دەخەمەوە بۆ ئەوپەڕی بابێل![44]باوباپیرانمان لەگەڵ خۆیان چادری شایەتییان
هەڵگرتبوو بۆ بیابان. بەو شێوەیەی کە خودا بە موشەی ڕاسپاردبوو کە بەپێی ئەو نموونەی کە پیشانی دابوو؛ جێگیری بکات؛ [45]پاشان
چوونە ئەم وڵاتە کە بە سەرکردایەتی یەشوع داگیریان کرد، دوای ئەوەی خودا ئەو گەلانەی لەوێ دەژیان لە پێشیان دەرکرد.
باوباپیرانمان بەردەوام بوون لە پەرستنی خودا لە چادرەکەدا تا سەردەمی داڤید [46]کە پەسندکراوی خوداوبوو، بۆیە هەوڵیدا ماڵێک بۆ
خودای یاکۆڤ بدۆزێتەوە.[47]ئەم ئارەزووە بە دی هات لە سەر دەستی شلۆمۆ کە پەرەستگاکەی دروست کرد. [48]لەگەڵ ئەوەشدا خودای
هەرەبەرز لەو ماڵانەدا ناژی کە بە دەستی مرۆڤ دروستکراون، وەک پێغەمبەرەکە دەفەرمووێت: [49]ئاسمان تەختی منە، و زەویش

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

تەختە پێمە. چ جۆرە ماڵێکم بۆ دروست دەکەن؟ پەروەردگار دەفەرموێت. یان شوێنی پشوودانەکەم لە کوێ دەبێت؟ [50]ئایا بە دەستی من هەمووو ئەم شتانە بەدی نەهاتووە؟»[51]پاشان ستیڤانۆس وتی: «ئەی ئەو یاخییانەی و دڵ و گوێتان خەتەنە نەکراوە! ئێوە هەمیشە بەرەنگاری گیانی پیرۆز دەبنەوە. وەک چۆن باوباپیرانتان کردیان ئێوەش دەیکەن! [52]چ پێغەمبەرێک لە چەوسانەوە ڕزگاری بوو کاتێک ئەوانەی پێشەنگایەتی هاتنی چاکەکاریان دەکرد، کە خۆتان ڕادەستتان کرد و کوشتتان! [53]تەوراتتان لە دەستی فریشتەکان وەرگرتووە، بەڵام گوێڕایەڵی نەبوون!»[54] کاتێک ئەوانەی کۆببوونەوە ئەم قسانەی ستیڤانۆسیان بیست، تووڕە بوون و ددانیان لێی چیڕ دەکردەوە. [55] بەڵام ستیڤانوس کە پڕ بوو لە گیانی پیرۆز، سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان، و شکۆی خودای بینی و یەشوا کە لە ڕاستەی خودا بوو. [56]گوتی: «سەیرکەن، ئاسمان بە کراوەیی دەبینم و ڕۆڵەی مرۆڤیش لە ڕاستەی خودادا وەستاوە!»[57]بە بیستنی ئەم قسەیە گوێچکەی خۆیان گرت، و بە هەموویان هێرشیان کردە سەری، [58]بردیانە دەرەوەی شار، و دەستیان کرد بە بەردبارانکردنی. لەم نێوەندەدا شایەتحاڵەکان کەواکانیان لە بەر پێی گەنجێک دانا کە ناوی شائۆل بوو بۆ ئەوەی ئاگای لێیان بێ.[59]لە کاتێکدا بەردیان لێدەدا، ستیڤانوس نزای دەکرد: «یەشوای پەروەردگار، گیانم وەربگرە!» [60]ئینجا کەوتە سەر چۆک و هاواری کرد: «پەروەردگار، ئەمەیان بە گوناهە لە سەر هەژمار مەکە!» کە ئەمەی وت، نووست.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

Chapter 8

[1]شائۆل یەکێک بوو لە شایەتحاڵەکان و هاوڕا بوو لەسەڕ کوشتنی ستیفانوس . شەپۆلی چەوسانەوەیەکی توند لەو ڕۆژانەدا دەستی بە سەر کڵێسادا گرت. هەموو برایان جگە لە نێردراوان بەسەر ناوچەکانی یەهودیا و سامریدا پەرتەوازە بوون. [2]هەندێک پیاوی لەخواترس هاتن، و بە ماتەمینییەکی زۆرەوە ستیڤانوسیان بە خاک سپارد. [3]بەڵام شائۆل دەچوو بۆ هەموو شوێنێک بۆ لەناوبردنی کڵێساکە، ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و ژن و پیاوی ڕاپێچی زیندان دەکرد.[4]بەڵام ئەوانەی کە پەرش و بڵاو بوون شوێن بە شوێن دەچوون بە وشەکە مزگێنیان دەدا. [5]فیلیپۆس چووە شارێک لە ناوچەی سامری، و دەستی بە بانگەشەی مەسیح کرد[6]جەماوەرەکە بە یەک دڵەوە گوێیان لە قسەکانی گرت، وەک چۆن سەبارەت بە ئەو نیشانانەی کە کردوویەتی بیستبوویان، یان بۆ خۆیان بینیبوویان، [7]فەرمانی بە گیانە ناپاکەکان دەکرد، هاواریان دەکرد و ئەوانەیان بە جێ دەهێشت کە تێیاندا بوون، زۆرێک لەوانەی کە گۆج و ئفلیج بوون چاک بوونەوە، [8]بۆیە خۆشییەکی زۆرئەو شارەی گرتەوە.[9]پێش ئەوە جادووگەرێک لەو شارەدا هەبوو بە ناوی شیمۆن، کە جادووی دەکرد و خەڵکی سامری سەرسام دەکرد و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە پیاوێکی مەزنە. [10]هەمووان بە گەورە و بچووکەوە گوێیان لێ دەگرت، و دەیانگوت: «ئەم پیاوە هێزی مەزنی خودایە!» [11]بە وردی گوێیان لێدەگرت چونکە ماوەیەکی زۆر بوو بە فێڵە جادووییەکانی فریویان خواردبوو![12]کاتێ باوەڕیان بە قسەی فیلیپۆس هێنا کە بە شانشینی خودا و بە ناوی یەشوای مەسیحی مزگێنی پێدەدان، ژن وپیاوی لە ئاو هەڵدەکێشا. [13]پاشان شیمۆن خۆی باوەڕی هێنا و لە ئاو هەڵکێشرا، لە هەموو شوێنێک شوێن فیلیپۆس دەکەوت، و سەرسام بوو بەو نیشانە و پەرجووە مەزنانەی فیلیپۆس ئەنجامی دەدا.[14]نێردراوان لە یۆرشەلایم بیستیان کە خەڵکی سامری وشەی خودایان وەرگرتووە، بۆیە پەترۆ و یۆخەنایان نارد بۆ ئەوێ. [15]هەر کە گەیشتن نزایان کرد لە پێناویاندا تاوەکو گیانی پیرۆز وەربگرن. [16]هێشتا گیانی پیرۆز بەسەر هیچ کامیاندا نەهاتبوو، چونکە تەنها بە ناوی یەشوای پەروەردگارەوە لە ئاو هەڵکێشرابوون. [17]پاشان پەترۆ و یۆخەنا دەستیان خستە سەریان، و گیانی پیرۆزیان وەرگرت.[18]کاتێک شیمۆن کە بینی گیان بەخشراوە کاتێک نێردراوان دەستیان خستۆتە سەر خەڵک، پارەی پێشنیار کرد بە پەترۆ و یۆخەنا، بۆ کڕینی ئەم دەسەڵاتە. پێی گوتن: [19]«با منیش ئەم دەسەڵاتەم هەبێت بۆ ئەوەی کاتێک دەست لەسەر خەڵک دادەنێم گیانی پیرۆز وەربگرن».[20]بەڵام پەترۆ وەڵامی دایەوە: «با پارەکەت لەگەڵت لەناو بچێت! چونکە پێت وایە دیاری خودا دەتوانرێت بکڕدرێت! [21]لەم کارەدا ناتوانیت هیچ بەشێکت هەبێت، چونکە دڵت لەگەڵ خودادا ڕاست نییە. [22]لە خراپەکارییەکانت پاشگەز ببەوە و لە پەروەردگار بپاڕێوە، ڕەنگە لە نیازی دڵت خۆش بێت، [23]چونکە من دەبینم کە پڕی لە ئیرەیی تاڵ و بە دیل گیراوی لەلایەن گوناهەوە!»[24]شیمۆن گوتی: «لای پەروەردگار بۆ من نزا بکە تا ئەم شتە ترسناکانەی کە گوتت بەسەرمدا نەیەت».[25]دوای شایەتحاڵی و بانگەشە بە وشەی پەروەردگار لە ناوچەی سامری، پەترۆ و یۆخەنا گەڕانەوە بۆ یۆرشەلایم لە زۆرێک لە ناوچەی سامری لە سەر ڕێگا دەوەستان بۆ بانگەشەی مزگێنیەکە.[26]پاشان فریشتەیەکی پەروەردگار بە فیلیپۆسی فەرموو: «بڕۆ بەرەو باشوور، بەو ڕێگای بیابانەدا کە لە یۆرشەلایمەوە دەڕوات بەرەو غەززە». [27]جا هەستا و ڕۆیشت . کە پیاوێکی خەساوی خەڵکی ئیسیۆپیا کە لە ژێر دەسەڵاتی کەنداکە، شاژنی ئەسیوپیا بوو، بۆ پەرستن چووبووە یۆرشەلایم [28]لە گالیسکەکەیدا دانیشتبوو و دەگەڕایەوە، پەڕتووکی ئیشایا پێغەمبەری دەخوێندەوە.[29]گیانەکە بە فیلیپۆسی فەرموو: «بڕۆ پێش و لە تەنیشت گالیسکەکەوە بڕۆ!» [30]فیلیپۆس بە خێرایی گەیشتە لای و گوێی لێبوو خەساوەکە ئیشایای پێغەمبەری دەخوێندەوە، لێی پرسی: «ئایا تێدەگەیت چی دەخوێنیتەوە؟» [31]لە وەڵامدا گوتی: «چۆن دەتوانم، ئەگەر کەسێک ڕێنماییم نەکات؟» فیلیپۆسی بانگهێشت کرد کە بچێتە ناو گالیسکەکە و لەگەڵیدا دابنیشێت.[32]خەساوەکە لەکاتی خوێندنەوەی تەوراتدا گەیشتە ئەو بەشەی کە دەڵێت: «وەک چۆن مەڕێک بەرەو سەربڕین دەبردرێت، و وەک چۆن بەرخێک لە بەر دەم ئەوانەی خورییەکەی دەبڕنەوە بێدەنگە، ئەو دەمی نەکردەوە! [33]لە ماوەی خۆنەویستییەکەیدا بە ناڕەوا نادادپەروەری مامەڵەی لەگەڵدا کرا. کێ باسی نەوەکانی بکات؟ چونکە ژیانی لە زەوی هەڵگیرا!»[34]خەساوەکەلە فیلیپۆسی پرسی: «پێم بڵێ: ئایا پێغەمبەرەکە بەم قسە ئاماژە بۆ کێ دەکات؟ بۆ خۆی یان کەسێکی تر؟» [35]فیلیپۆس لە سەربنەمای ئەم کتێبی پێغەمبەرە مزگێنی یەشوای پێدا. [36]کاتێک لە گالیسکەکەدا لە گەڵی دەرۆیشت، گەیشتنە هەندێک ئاو و خەساوەکە گوتی: «ئەوە ئاوە چی ڕێگریت لێ دەکات لە ئاوم هەڵکێشی؟» [37]فیلیپۆس وەڵامی دایەوە: «ئەمە دەکرێت ئەگەر بە هەموو دڵتەوە باوەڕت هەبێت.» پاشان پیاوەکە گوتی: من باوەڕم وایە یەشوای مەسیح ڕۆڵەی خودایە». [38]فەرمانی بە گالیسکەکە کرد کە بوەستێت، و پێکەوە دابەزین بۆ ناو ئاوەکە، و فیلیپ خەساوەکەی لە ئاو هەڵکێشا.[39]کاتێک لە ئاوەکە هاتنە دەرەوە گیانی پەروەردگار فیلیپۆسی برد، چیتر خەساوەکە نەیبینی. بە خۆشحاڵییەوە درێژەی بە گەشتەکەدا. [40]فیلیپۆس لە شارۆچکەی ئازۆتوس بینرا، لەوێ و لە هەموو شارەکان مزگێنی دەدا تا گەیشتە کەیسەرییە.



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 9

[1]بەڵام شائۆل هێشتا هەڕەشەی لە قوتابییەکانی پەروەردگار دەکرد و دەیکوشتن. بۆیە چووە لای سەرۆک کاهین، [2]و داوای نامەی لێکرد
بۆ کەنیشتەکانی یەهود لە دیمەشق بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ بکەن بۆ گرتنی ئەو ژن و پیاوانەی کە ئەم ڕێگایە دەگرنەبەر، لە هەر
شوێنێک بیاندۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بە بەندکراوی بیانبات بۆ یۆرشەلایم.[3]کاتێک دەچوو بۆ دیمەشق و لەوێ نزیک بۆوە، لەناکاو ڕووناکییەک
لە ئاسمانەوە بە دەوریدا درەوشایەوە، [4]کەوتە سەر زەوی و گوێی لە دەنگێک بوو پێی گوت: «شائۆل! شائۆل! بۆچی
دەمچەوسێنیتەوە؟»[5]شائۆل پرسی: « گەورەم تۆ کێیت؟» وەڵامی دایەوە: «من یەشوام، ئەوەی کە تۆ دەیچەوسێنیتەوە». [6]بە لەرز و
سەرلێشێواوی گوتی: «پەروەردگار، دەتەوێت چی بکەم؟» پەروەردگار پێی فەرموو: «هەستە و بچۆ ناو شارەکە، لەوێ پێت دەوترێت
چی بکەیت». [7]ئەو پیاوانەی لەگەڵ شائۆل گەشتیان دەکرد سەرسام و بێدەنگ لەوێ وەستابوون، گوێیان لە دەنگەکە بوو بەڵام کەسیان
نەبینی.[8]شائۆل هەستا، بەڵام کاتێک چاوەکانی کردەوە هیچی نەبینی، جا دەستیان گرت و هێنایان بۆ دیمەشق، [9]سێ ڕۆژ مایەوە بە بێ
بینین و خواردن و خواردنەوە.[10]لە دیمەشق قوتابییەکی پەروەردگار هەبوو بە ناوی ئەنانیا، پەروەردگار لە بینینێکدا بانگی کرد و
فەرمووی: «ئەی ئەنانیا!» وەڵامی دایەوە: «بەڵێ ئەی پەروەردگار!» [11]پەروەردگار پێی فەرموو: «بڕۆ بۆ ماڵی یەهودا لەو شەقامەی
ناسراوە بە ڕاست، و داوای پیاوێکی خەڵکی تەرسوس بکە بە ناوی شائۆل. چونکە خەریکە نزا دەکات. [12]لە بینینێکدا پیاوێکی بینیوە بە
ناوی ئەنانیا هاتە ژوورەوە و دەستی لەسەر دادەنێت، بینی».[13]ئەنانیا بە پەروەردگاری گوت: «پەروەردگار، زۆر هەواڵم بیستووە
دەربارەی ئەم پیاوە و هەموو ئەو زیانانەی کە لە یۆرشەلایم بە گەلە پیرۆزەکەتی گەیاندووە، [14]بە دەسەڵاتی سەرۆکی کاهینەکانەوە
هاتۆتە ئێرە بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی بانگەشەی ناوی تۆ دەکەن دەستگیر بکات». [15]پاشان پەروەردگارفەرمانی پێکرد: «بڕۆ! ئەم پیاوە
هەڵبژێردراوی منە تاکو بیێتە دەفرێک ناوی من بۆ نەتەوەکان و پاشاکان و بۆ نەوەی یەسرائیل بگوازێتەوە. [16]نیشانی ئەدەم کە چەندە
دەبێت لە پێناو ناوی من ئازار بچێژێت!»[17]ئینجا ئەنانیا چووە ماڵی یەهودا و دەستی خستە سەر شائۆل و گوتی: «ئەی شائۆلی برا،
پەروەردگار یەشوا، کە لە ڕێگادا بۆت دەرکەوت کاتێک دەهاتیتە ئێرە، منی ناردووە بۆ ئەوەی جارێکی تر ببینی و پڕ بیت لە گیانە
پیرۆزەکە». [18]دەستبەجێ شتێکی وەک توێکڵ لە چاوەکانی شائۆل کەوتە خوارەوە، ئینجا ببینی، پاشان لە ئاو هەڵکێشرا. [19]خواردنی
خوارد هێزی بۆ گەڕایەوە و چەند ڕۆژێک لەگەڵ قوتابییەکان لە دیمەشق مایەوە.[20]دەستبەجێ دەستی کرد بە بانگەشە لە ناو
کەنیشتەکان کە یەشوا ڕۆڵەی خودایە. [21]هەموو ئەوانەی گوێیان لێ بوو سەریان سوڕما، و پرسیاریان کرد: «ئەمە ئەو پیاوە نییە کە لە
یۆرشەلایم هەموو ئەوانەی بانگەشەی ئەم ناوەیان دەکرد لە ناوی دەبردن؟ مەگەر نەهاتووە بۆ ئێرە تا بە بەندکراوی بیانباتە لای
سەرۆک کاهینەکان؟» [22]بەڵام شائۆل بە خرۆشی زیاترەوە وتاری دەدا، و یەهودییەکانی دانیشتووی دیمەشقی تووشی سەرلێشێواوی
کرد بەو بەڵگانەی کە دەیسەلماند یەشوا مەسیحەکەیە.[23]دوای تێپەڕبوونی چەندین ڕۆژ، پیلانێک لەنێو یەهودییەکاندا دروست بوو بۆ
کوشتنی، بەڵام شائۆل بە پلانەکەیانی زانی. [24]شەو و ڕۆژ بە وردی چاودێری دەروازەکانی شاریان دەکرد بۆ ئەوەی ئەگەر رۆیشتە دەر
بیکوژن. [25]بەڵام هەندێک لە قوتابییەکان بە شەو بردیان و لەناو سەبەتەیەکدا، بە گوریس بە سەر شوورای شارەکەوە شۆڕیان کردەوە.
[26]کاتێک شائۆل گەیشتە یۆرشەلایم هەوڵیدا بچێتە پاڵ قوتابییەکانی ئەوێ، بەڵام هەموویان لێی دەترسان، باوەڕیان نەدەکرد کە بووبێت
بە قوتابی پەروەردگار. [27]بەرنابا بردی بۆ لای نێردراوان، پێی گوتن کە چۆن شائۆل لە گەشتەکەیدا پەروەردگار بۆی دەرکەوتووە و
قسەی لەگەڵ کردووە، و چۆن لە دیمەشق بە ناوی یەشوا بە چاونەترسی بانگەشەی کردووە.[28]ئیتر دەستی کرد بە هاتن و چوون
لەگەڵیان لە یۆرشەلایم، و بە بوێری مزگێنی ئەدا بە ناوی پەروەردگاری. [29]لەگەڵ یەهودییە یۆنانییەکان قسە و مشتومڕی دەکرد، بەڵام
ئەوان هەوڵیان دا بیکوژن. [30]کاتێک باوەڕداران زانیان بردیانە بۆ کەیسەریا، ولەوێوە ڕەوانەی تەرسوسیان کرد.[31]لەم نێوەندەدا کڵێسا لە
ناوچەکانی یەهودیا و گەلیلی و سامیرە چێژیان لە ئاشتی وەردەگرت. لەترسی پەروەردگردا ڕێچکەی گرتبوو گەشەی دەکرد، بە
پشتیوانی گیانی پیرۆز. [32]لەکاتێکدا پەترۆ لە شوێنێکەوە دەرۆیشت بۆ شوێنێکیتر، سەردانی دانیشتووانی لیدیای کرد،[33]لەوێ پیاوێکی بینی
بە ناوی ئەنیاس، کە ئیفلیج بوو و هەشت ساڵ بوو لە جێگادا بوو. [34]پەترۆ پێی گوت: «ئەنیاس، یەشوای مەسیح چاکت دەکاتەوە. هەستە
و بۆخۆت پێخەفەکەت کۆبکەرەوە!» دەستبەجێ هەستا. [35]هەموو ئەوانەی لە لیدیا و شارۆن دەژیان، بینییان و گەڕانەوە بۆ لای
پەروەردگار.[36]لە شاری یافا قوتابییەک هەبوو بە ناوی تابیتا، واتە: مامز، هەمیشە چاکەی دەکرد و یارمەتی هەژارانی دەدا. [37]لەو کاتەدا
نەخۆش کەوت و مرد، شۆردیان و لە ژوورێک لە نهۆمی سەرەوە دایاننا.[38]کاتێک قوتابییەکانی یافا بیستیان کە پەترۆ لە لیدیایە. یافا نزیک
بوو لە لیدیا، دوو پیاویان نارد داوایان لێکرد و پێیان گوت: «لەگەڵمان وەرە بە بێ دوا کەوتن!» [39]هەستا و لەگەڵیان ڕۆیشت و کاتێک
گەیشتە ئەوێ بردیانە سەرەوە بۆ ژوورەکە، هەموو بێوەژنەکان لە دەوری کۆببوونەوە و دەگریان، و ئەو کراس و جلوبەرگانەی پیشان
دەدا لە کاتێکدا لەگەڵیان بوو دووریبووی.[40]پەترۆ داوای لە هەموو ئامادەبووان کرد کە لە ژوورەکە بچنە دەرەوە؛ چۆکی دادا و نزای کرد،
ڕووی لە تەرمی مردووەکە کرد و گوتی: «ئەی تابیتا، هەستە!» چاوی کردەوە و کە پەترۆی بینی دانیشت، [41]دەستی بۆ درێژ کرد و
یارمەتی دا بۆ هەستانەوە، پاشان بانگی باوەڕداران و بێوەژنەکانی کرد، و بە زیندوویی‌بۆی گەڕاندنەوە. [42]هەواڵی ئەم پەرجووە لە هەموو
یافا بڵاو بۆوە و زۆر کەس باوەڕیان بە پەروەردگار هێنا. [43]پەترۆ چەند رۆژێک لە یافا لەگەڵ چەرمسازێک بە ناوی شیمۆن مایەوە.

# Chapter 10

[1]لە کەیسەریا سەرپەلێک هەبوو بە ناوی کۆرنێلیۆس، سەر بە یەکەیەک بوو کە بە یەکەی ئیتالیا ناسرابوو. [2]ئەو و هەموو خێزانەکەی لە
خوداترس بوون، لەگەڵ خەڵک زۆر بەخشندە بوو، و بە بەردەوامی بۆ خودا نزای دەکرد.[3] ڕۆژێک نزیکەی کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ
بینینێکی هەبوو، بە ڕوونی فریشتەیەکی خودای بینی کە هاتە لای و فەرمووی: «کۆرنێلیۆس!» [4]کۆرنێلیۆس بە ترسەوە سەیری دەکرد،
پرسی، «بفەرموو گەورەم» فریشتەکە وەڵامی دایەوە: «نزا و بەخششەکانت بۆ هەژاران وەک قوربانییەکی یادگاری هاتنە بەردەم
خودا. [5]ئێستا کەسێک بنێرە بۆ یافا تا پیاوێک بە ناوی شیمۆن کە بە پەترۆ ناسراوە بهێنن بۆ ئێرە. [6]لای شیمۆنی چەرمساز دەمێنێتەوە، کە
ماڵەکەی لە کەنار دەریایە.»[7]کاتێک فریشتەکە ڕۆیشت، کۆرنێلیۆس دوو لە خزمەتکارەکانی و سەربازێکی دڵسۆزی بانگ کرد، کە یەکێک
بوو لە بەردەستەکانی، [8]هەموو ئەو شتانەی بۆ گێڕانەوە، کە ڕوویدا و ناردنی بۆ یافا.[9]نزیکەی نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، کاتێک لە
گەشتەکەیاندا بوون و لە یافا نزیک دەبوونەوە، پەترۆ چووە سەربان بۆ ئەوەی نزا بکات. [10]زۆری برسی بوو، و حەزی لێبوو شتێک
بیخوات، و لە کاتێکدا ژەمەکە ئامادە دەکرا، خەوی لێکەوت، [11]بینینێکی دی: ئاسمانی بینی کە کرایەوە، و شتێکی وەک پارچەیەکی
گەورەی قوماش بە چوار گۆشەکەیەوە دەخرێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، [12]پڕ بوو لە هەموو جۆرە ئاژەڵێکی سەرزەوی چوار پێ، و
هەروەها خشۆک و باڵندەی ئاسمان.[13]پاشان دەنگێک پێی گوت: «پەترۆ هەستە، سەربڕە و بخۆ!» [14]پەترۆ وەڵامی دایەوە :«بە دڵنیاییەوە
نەخێر، پەروەردگار، من هەرگیز شتێکی ڕێگەنەدراو یا ناپاکم نەخواردووە». [15]دەنگەکە دیسان پێی گوت: «بە شتێک کە خودا پاکی
کردۆتەوە با ناپاکی مەزانە!» [16]ئەمە سێ جار ڕوویدا، و پاشان پارچە قوماشەکە بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان.[17]لە کاتێکدا کە پەترۆ بیری لە
مانای بینینەکەی دەکردەوە، ئەو پیاوانەی کە کۆرنێلیۆس ناردبووی لە ماڵی شیمۆنی چەرمسازیان دەپرسی و لە بەر دەروازەکە وەستان
[18]پرسیاریان کرد: «ئایا شیمۆنی ناسراو بە پەترۆ لەوێ دەمێنێتەوە؟»[19]پەترۆ هێشتا بیری لە مانای بینینەکە دەکردەوە، گیانەکە پێی گوت:
«شیمۆن، سێ پیاو بەدوای تۆدا دەگەڕێن [20]بچۆ خوارەوە بێ دوودڵی لەگەڵیان بڕۆ، چونکە من ئەوانم ناردووە». [21]پەترۆ رۆیشتە
خوارەوە و بە پیاوەکانی گوت: «من ئەو کەسەم کە ئێوە بەدوایدا دەگەڕێن. بۆچی هاتوون؟»[22]پیاوەکان وەڵامیان دایەوە: «ئێمە لە
لایەن کۆرنێلیۆسی سەرپەلەوە هاتووین پیاوێکی ڕاستودروست و لەخوداترسە، هەموو گەلی یەهوود شایەتی لە سەر دەدەن. خودا لە
ڕێی فریشتەیەکی پیرۆز پێی فەرموو داوات لێبکات بێیتە ماڵەکەی بۆ ئەوەی قسەکانت ببیستێت». [23]پاشان پەترۆ پیاوەکانی بانگهێشت
کرد بۆ ماڵەوە تا ببنە میوانی. ڕۆژی دواتر پەترۆ لەگەڵیان بەڕێ کەوت و هەندێک لە باوەڕدارانی یافاش لەگەڵیاندا ڕۆیشتن،[24]ڕۆژێک
دواتر گەیشتنە کەیسەریا. کۆرنێلیۆس چاوەڕوانی ئەوان بوو، و خزم و هاوڕێ نزیکەکانی کۆکردبۆوە.[25]کاتێک پەترۆ هاتە ناو ماڵەکەوە،
کۆرنێلیۆس کڕنوشی بۆ برد. [26]بەڵام پەترۆ هەڵیستاندەوە و گوتی: «هەستە! منیش مرۆڤێکم وەک تۆ!»[27]بە دەم قسەکردنەوە پەترۆ
لەگەڵیدا چووە ژوورەوە، و جەماوەرێکی گەورەی خەڵکی بینی، [28]پێی گوتن: «ئێوە باش دەزانن کە پێچەوانەی یاسای ئێمەیە کە
یەهودییەک هاوشینی لەگەڵ نەتەوەکان بکات یان بچێتە ماڵیان. بەڵام خودا نیشانی دام کە نابێت کەس بە ناپاک بزانم. [29]بۆیە کاتێک
بانگم کرا بەبێ ئەوەی هیچ ناڕەزایەتییەکم هەبێت، وەڵامی بانگهێشتەکەتم داوە. کەواتە دەتوانم بپرسم بۆچی ناردووتە
بەدواما؟»[30]کۆرنێلیۆس وەڵامی دایەوە: «چوار ڕۆژ لەمەوبەر، لە کاتژمێرە سێی پاش نیوەڕۆدا لە ماڵەکەمدا نزام دەکرد لەناکاو پیاوێک
بە جلی درەوشاوە لەبەردەممدا دەرکەوت و [31]پێی گوتم : کۆرنێلیۆس، خودا نزاکانی تۆی بیستووە و بەخششەکانتی بۆ هەژاران لە یادە.
[32]ئێستا پیاوەکانت بنێرە بۆ یافا، بانگهێشتی شیمۆن بکە کە پێی دەوترێت پەترۆ. ئەو میوانە لە ماڵی شیمۆنی چەرمساز کە لە کەناری
دەریا دەژی. [33]بۆیە دەستبەجێ ناردم بە دواتا. ئەوە لە چاکەت بوو کە هاتی. ئێستا هەموومان لێرەین لەبەردەم خودادا بۆ ئەوەی گوێ
لە هەموو ئەو شتانە بگرین کە پەروردگار فەرمانی پێکردوویت پێمان بڵێیت».[34]پەترۆ دەستی کرد بە قسەکردن: «ئێستا تێدەگەم کە لای
خودا کەس لەویتر مەزنتر نیە، [35]بەڵکو ئەو کەسە وەردەگرێت کە چاکەکار و لە خودا ترسە بە بێ ئەوەی گرینگی بە ڕەگەزی بدات.
[36]ئینجا وشەی خۆی بۆ گەلی یەسرائیل نارد، مزگێنی ئاشتی لە ڕێگەی یەشوای مەسیحەوە ڕاگەیاند کە پەروەردگاری هەمووانە.
[37]دەزانن چی ڕوویداوە لە سەرانسەری پارێزگای یەهودیا، کە لە گەلیلییەوە دەستی پێکردووە دوای ئەو یۆخەنا بانگەشەی بۆ لە
ئاوهەڵکێشان دەکرد. [38]خودا یەشوای ناسیرەیی بە گیانی پیرۆز و هێزەوە دەستنیشان کرد،پاشان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر دەرۆیشت
چاکەی دەکرد، و هەموو ئەوانەی چاک دەکردەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی شەیتان بوون، چونکە خودا لەگەڵیدا بوو.[39]ئێمە شایەتحاڵی
هەموو ئەو کارانەین کە لە ناوچەی یەهودیا و لە یۆرشەلایم کردوویەتی، بەڕاستی لەسەر خاچەکە کوشتیان. [40]بەڵام لە ڕۆژی سێهەمدا
لە مردن هەستایەوە، و وایکرد دەربکەوێت [41]نە بۆ هەموو گەل، بەڵکو بۆ شایەتحاڵەکانی کە خودا پێشتر هەڵیبژاردبوون، بۆ ئێمە کە
دوای هەستانەوەی لە مردن لەگەڵیدا خواردمان و خواردمانەوە.[42]فەرمانی پێکردین مزگێنی بەخەڵک بدەین، و شایەتحاڵی ئەوە بدەین
ئەو هەمان کەسە کە خودا وەک دادوەری زیندوو و مردوو دەستنیشانی کردووە. [43]هەموو پێغەمبەران لەسەری شایەتی دەدەن کە
هەرکەسێک باوەڕی پێی بێت لەڕێگەی ناوی ئەوەوە لێخۆشبوونی گوناهەکانی وەردەگرێت».[44]لە کاتێکدا پەترۆ هێشتا ئەم قسانەی
دەکرد، گیانی پیرۆز هاتە سەر هەموو ئەوانەی گوێیان لە پەیامەکە بوو. [45]ئەو باوەڕدارە یەهودییانەی لەگەڵ پەترۆ هاتبوون، سەریان
سوڕما کە بەخششی گیانی پیرۆز تەنانەت بەسەر نەتەوەکانیشدا ڕژاوە،[46]چونکە گوێیان لێ بوو کە بە زمانەکان قسەیان دەکرد، و
ستایشی خودایان دەکرد. پاشان پەترۆ گوتی: [47]«ئایا کەسێک دەتوانێت ڕێگا لە لەئاوهەڵکێشانیان بگرێت لە کاتێکدا ئەوانیش وەک ئێمە
گیانی پیرۆزیان وەرگرتووە؟» [48]بۆیە فەرمانی دا کە بە ناوی یەشوای مەسیح لە ئاو هەڵکێشرێن. پاشان داوایان لە پەترۆ کرد کە چەند
ڕۆژێک لەگەڵیان بمێنێتەوە.

## Chapter 11

1نێردراوان و براکانی سەرتاسەری یەهودیا بیستیان کە نەتەوەکانیش وشەی خودایان وەرگرتووە، 2بۆیە کاتێک پەترۆ گەڕایەوە بۆ
یۆرشەلایم، باوەڕدارە خەتەنەکراوەکان ڕەخنەیان لێ گرت و گوتیان: 3«چۆن چووی بۆ ماڵی پیاوێکی خەتەنەنەکراو، و لەگەڵیان
خواردنت خوارد؟»4پەترۆ لە سەرەتاوە ئەوەی رووی دابوو بۆی گێڕانەوە، و گوتی: 5«لە شاری یافا بووم نزام دەکرد، خەو دایگرتم،
بینینێکم بینی و شتێکی وەک پارچە قوماشێکی گەورەم بینی کە لە ئاسمانەوە بە چوار لاکەیەوە بەسترابۆوە دادەبەزێت، و هاتە
خوارەوە بۆلام. 6کە وردبوومەوە ئاژەڵی چوار پێی زەوی و دڕندە و خشۆک و باڵندەی ئاسمانم بینی،7پاشان گوێم لە دەنگێک بوو کە پێی
گوتم: پەترۆ، هەستە سەربڕە و بخۆ! 8وەڵامم دایەوە: نەخێر پەروەردگار، هیچ شتێکی ناپاک و ڕێگەپێنەدراو ناخۆم. 9دەنگە ئاسمانییەکە
دیسان گوتی: شتێک کە خودا پاکی کردۆتەوە بە ناپاکی مەزانە. 10ئەمە سێ جار ڕوویدا، پاشان هەمووی هەڵکێشرایەوە بۆ ئاسمان.
11هەر لەو کاتەدا سێ پیاو کە لە کەیسەریاوە نێردرابوون گەیشتنە ئەو ماڵەی کە من لێی دەمامەوە، 12گیانەکە فەرمانی پێکردم هیچ
دوودڵ مەبە بۆ چوون لەگەڵیان، بە رێکەوتم، و ئەم شەش برایەش لەگەڵمدا هاتن. کاتێک چووینە ماڵی پیاوەکە، 13باسی ئەوەی بۆ
کردین کە چۆن بینیویەتی فریشتەیەک لە ماڵەکەیدا دەرکەوتووە و فەرمانی پێکردووە: پیاوەکانت بنێرە بۆ یافا، بە دوای شیمۆن کە پێی
دەوترێت پەترۆ، 14ئەو پەیامێکتان بۆ دەهێنێت کە لە ڕێگەیەوە تۆ و هەموو بنەماڵەکەت ڕزگارتان دەبێت.15کاتێک دەستم کرد بە
قسەکردن، گیانی پیرۆز هاتە سەریان وەک چۆن لە سەرەتاوە هاتبووە سەر ئێمە 16پاشان بیرم هاتەوە کە پەروەردگار چی پێمان
فەرموو: یۆخەنان خەڵکی لە ئاوهەڵدەکێشا، بەڵام ئێوە لە گیانی پیرۆز هەڵدەکێشرێن.17بۆیە ئەگەر خودا هەمان ئەو دیارییەی پێدابن کە
بە ئێمەی بەخشی، کە باوەڕمان بە پەروەردگار یەشوای مەسیحە، من کێم کە ڕێگری لە خودا بکەم؟» 18کاتێک ناڕازییەکان ئەمەیان
بیست، بێدەنگ بوون، و ستایشی خودایان کرد و گوتیان: «کەواتە، تەنانەت خودا پاشگەزبوونەوەی لە گوناهە بە نەتەوەکانیش بەخشی
کە دەبێتە هۆی ژیان».19ئەوانەی بەهۆی ئەو ئازارەوە کە لە کاتی کوژرانی ستیڤانۆسدا سەریهەڵدا، پەرتەوازە ببوون، تا فینیقی و
قوبرس و ئەنتاکیە ڕۆیشتن، و تەنها لەناو یەهودییەکاندا بانگەشەیان بۆ وشەکە دەکرد. 20بەڵام هەندێکیان، خەڵکی قوبرس و قیرەوان
بوون، چوون بۆ ئەنتاکیە، و مزگێنی یەشوای پەروەردگاریان بە یۆنانیەکان راگەیاند. 21دەستی پەروەردگار لەگەڵیان بوو، ژمارەیەکی زۆر
لە خەڵک باوەڕیان هێنا و ڕوویان لە پەروەردگار کرد.22هەواڵی ئەمە گەیشتە کڵێسای یۆرشەلایم و بەرناباشیان نارد بۆ ئەنتاکیە. 23کاتێک
گەیشتە لای و بینی بەخششی خودا چی کردووە، دڵخۆش بوو، و هەمووانی هاندا کە بە هەموو دڵەوە لە پەروەردگاردا چەسپاو بن.
24بەرنابا پیاوێکی باش بوو پڕ بوو لە گیانی پیرۆز و باوەڕ. و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی پەیوەست کرد بە پەروەردگاروە.25پاشان بەرناباش
چووە تەرسۆس بۆ ئەوەی بەدوای شائۆلدا بگەڕێت. 26کاتێک دۆزییەوە هێنای بۆ ئەنتاکیە، بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو بەرنابا و شاول لەگەڵ
کڵێساکان کۆدەبوونەوە، و ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان فێرکرد. بۆ یەکەم جار لە ئەنتاکیە قوتابییەکانی پەروەردگار ناویان لێنرا
مەسیحییەکان.27لەم ماوەیەدا هەندێک پێغەمبەر لە یۆرشەلایمەوە هاتن بۆ ئەنتاکیە، 28یەکێکیان کە ناوی ئەگابوس بوو، لە ڕێگەی
گیانەکەوە پێشبینی کرد کە برسێتییەکی قورس بەسەر هەموو وڵاتدا بڵاوبێتەوە. ئەم برسێتیە لە سەردەمی کلۆدیۆسی قەیسەردا
ڕوویدا.29قوتابییەکان بە پێی توانایان بڕیاریان دا، یارمەتی بۆ ئەو خوشک و برایانە بنێرن کە لە یەهودیا دەژیان. 30ئەمەیان کرد، و
یارمەتییەکانیان بە بەرنابا و شائۆل بۆ پیران نارد.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 12

[1]هەر لەم کاتەدا بوو کە پاشا هیرۆد هەندێک کەسی بە مەبەستی ئازاردانیان دەستگیرکرد کە سەر بە کڵێساکە بوون، [2]یاکۆڤی برای یۆخەنا کوژرا.[3]کاتێک بینی کە ئەمە یەهودییەکان ڕازی دەکات، بڕیاری دا پەترۆیش دەستگیر بکەن، ئەمەش لە کاتی جەژنی نانی فەتیرە ڕوویدا. [4]دوای دەستگیرکردنی، خستیە زیندانەوە و لەلایەن چوار کۆمەڵەوە پاسەوانی دەکرا کە هەر یەکەیان چوار سەرباز بوون. هیرۆد بەنیازی ئەوە بوو دوای جەژنی پەسخە ڕادەستی یەهودی بکات،[5]بۆیە پەترۆیان لە زینداندا هێشتەوە. بەڵام باوەڕداران لە کڵێساکە بە پەرۆشەوە لای خودا نزایان بۆ دەکرد. [6]شەوی پێش ئەوەی هیرۆد ڕادەستی بکات، پەترۆ لە نێوان دوو سەربازدا خەوتبوو، بە دوو زنجیر بەسترابۆە، و پاسەوانەکان لە بەردەم دەرگای زیندانەکە وەستابوون.[7]لەناکاو فریشتەیەکی پەروەردگار دەرکەوت، و ڕووناکییەک لە زیندانەکەدا درەوشایەوە. فریشتەکە پەترۆی لە خەو هەڵساند و فەرمووی : «خێرا هەستە!» پاشان زنجیرەکان لە مەچەکی پەترۆ کەوتنە خوارەوە. [8]پاشان فریشتەکە پێی فەرموو: «پشتێنەکەت ببەستە، و پێڵاوەکانت لە پێ بکە!» پەترۆیش وایکرد. پاشان پێی فەرموو: «کەواکەت لە بەربکە و شوێنم کەوە!»[9]پەترۆ بەدوایدا هاتە دەرەوە لە زیندانەکە، بەڵام پێی وابوو خەریکە بینینێک ئەبینێ، نەیدەزانی ئەوەی لەسەر دەستی فریشتەکە ڕوودەدات ڕاستەقینەیە. [10]بە پاسەوانی یەکەم و دووهەمدا تێپەڕین. گەیشتنە ئەو دەروازە ئاسنییەی کە بەرەو شار دەچوو دەروازەکە بۆخۆی کرایەوە، ئەوانیش چوونە دەر. کەلە شەقامەکە پەڕینەوە، دەستبەجێ فریشتەکە بەجێی هێشت.[11]پاشان پەترۆ بە خۆیدا هاتەوە و گوتی: « ئێستا بێ گومان دەزانم کە پەروەردگار فریشتەی خۆی ناردووە و لە چنگی هیرۆد، و لە هەموو ئەو شتانەی کە گەلی یەهوود هیوایان دەخواست ڕووبدات ڕزگاری کردووم!» [12]کاتێک بەمەی زانی، چووە ماڵی مەریەم دایکی یۆخەنا، کە پێی دەگوترا مارکۆس، ژمارەیەکی زۆر لە باوەڕداران لەوێ کۆببوونەوە و نزایان دەکرد.[13]لە دەرگاکەی دا، و کچێکی خزمەتکار بە ناوی ڕۆدا هات بۆ ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە. [14]کاتێک دەنگی پەترۆی ناسیەوە ئەوەندە دڵخۆش بوو، لەبری ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە ڕایکردەوە ژوورەوە و مژدەی بە هەمووان دا کە پەترۆ لەبەردەم دەرگاکە وەستاوە. [15]پێیان گوت: «ئەوە تۆ تێکچووی!» کاتێک پێداگری کرد، گوتیان: « ڕەنگە فریشتەی پەترۆبێت!»[16]لەم نێوەندەدا پەترۆ بەردەوام لە دەرگەی دەدا. کە دواجار دەرگاکەیان کردەوە و بینییان سەرسام بوون! [17]بە ئاماژە تێیگەیاندن کە بێدەنگ بن، و پێی گوتن کە چۆن پەروەردگار لە زیندان دەریهێناو، گوتی: «بە یاکۆڤ و براکانی تر بڵێن چی ڕوویداوە». و پاشان چوو بۆ شوێنێکی تر.[18]بەیانییەکەی ئاژاوەیەکی گەورە لە نێو سەربازەکاندا دروست بوو، لەیەکتریان دەپرسی: «چی بەسەر پەترۆدا هاتووە؟» [19]هیرۆد ئەگریپا فەرمانی دا کە بە بەدوایدا بگەڕێن کاتێک نەدۆزرایەوە، هیرۆد لێکۆڵینەوەی لە پاسەوانەکان کرد، و سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندن. دوای ئەوە هیرۆد یەهودییای بەجێهێشت، بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەک لە کەیسەریە بمێنێتەوە.[20]هیرۆد زۆر توڕە بوو لە خەڵکی سور و سیدۆن. بۆیە شاندێکیان نارد بۆ ئەوەی بیانپارێزێ، چونکە شارەکانیان بۆ خۆراک وابەستەی شانشینی هیرۆد بوون. [21]لەو ڕۆژەی کە بۆ دیداری شاندەکە دیاریکرابوو، هیرۆد جلە پاشایەتییەکەی لەبەرکرد، و لەسەر تەختەکەی دانیشت و قسەی بۆ کردن.[22]خەڵکەکە دروشمیان دەدا و هاواریان دەکرد: «ئەمە دەنگی خودایە نە دەنگی مرۆڤ!» [23]پاشان فریشتەیەکی پەروەردگار یەکسەر لێیدا چونکە شکۆمەندی بە خودای نەبەخشی بۆیە کرم خواردی و مرد![24]وشەی خودا بەردەوام گەشەی دەکرد وبڵاو دەبۆوە. [25]کاتێک بەرنابا و شائۆل ئەرکەکەیان لە یۆرشەلایم تەواو کرد، گەڕانەوە و یۆخەنا ناسراو بە مارکۆسیان لەگەڵ خۆیان برد.



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 13

1 هەندێک پێغەمبەران و مامۆستایانی کڵێسای ئەنتاکیە؛ لەوانە بەرنابا؛ شیمۆن کە پێی دەگوترا ڕەشەکە؛ لوسیۆس خەڵکی قیرەوان؛
مەنائین کە بە منداڵی لەگەڵ هیرۆد فەرمانڕەوای تێترارک پەروەردە ببوو؛ و شائۆلیش. 2 ڕۆژێک، کە بەرۆژووەوە پەروەردگاریان
پەرستش دەکرد، گیانی پیرۆز پێی فەرموون: «بەرنابا و شائولم بۆ دیاری بکەن بۆ ئەو کارەی کە بانگم کردوون.». 3 بۆیە دوای ئەوەی بە
ڕۆژوو بوون و نزایان کرد دەستیان لە سەر دانان و ڕەوانەیان کردن. 4 کاتێک گیانە پیرۆزەکە بەرنابا و شائۆلی نارد، چوون بۆ بەندەری
دەریایی سۆلۆکیا، و پاشان بە کەشتی بەرەو دوورگەی قوبرس ڕۆیشتن. 5 کە گەیشتنە دوورگەکە لە شارۆچکەی سالامیس دابەزین، لە
کەنیشتەی یەهودییەکان بانگەشەی وشەی خودایان کرد، و یۆخەنا مارکۆسیش وەک یاریدەدەر لەگەڵیان ڕۆیشتن. 6 هەموو دوورگەکەیان
تێپەڕاند تا گەیشتنە پافۆس. لەوێ چاویان بە جادووگەرێکی یەهودی و پێغەمبەرێکی درۆزن کەوت کە ناوی باریەشوع بوو، 7 لە
سێرگیۆس پاوڵۆس، فەرمانڕەوای قوبرس نزیک بوو. فەرمانڕەوا زیرەک بوو، بۆیە بەرنابا و شائۆلی بانگ کرد، داوای لێکردن بە وشەی
خودا قسەی لەگەڵ بکەن. 8 جادووگەرە زاناکە، ئەمە مانای ناوەکەیەتی، دژایەتی کردن، هەوڵیدا فەرمانڕەوا لە باوەڕ لابدات. 9 بەڵام
شائۆل کە ناوی پۆڵس بوو، پڕ بوو لە گیانی پیرۆز، سەیری جادووگەرەکەی کرد و گوتی: 10 «ئەی پڕ لە فێڵ و خراپەکاری! ئەی کوڕی
شەیتان! ئەی دوژمنی هەموو ڕاستودروستییەک! ئایا واز لە بەلارێدا بردنی ڕێگا ڕاستەکانی پەروەردگار ناهێنی ؟ 11 ئێستا دەستی
پەروەردگار بۆت درێژ دەکرێت و کوێر دەبیت و بۆ ماوەیەک ڕووناکی نابینیت». دەستبەجێ هەورێکی ڕەش بەسەر چاوەکانیدا کەوت،
و بەدوای کەسێکدا دەگەڕا دەستی بگرێ و بە ڕێی بکات! 12 کاتێک فەرمانڕەوا بینی چی ڕوویدا، باوەڕی هێنا و سەرسام بوو بە
فێرکارییەکانی پەروەردگار. 13 پۆڵس و هاوڕێکانی لە پافۆسەوە بە کەشتی بەرەو پێرگا لە پامفیلیا ڕۆیشتن. لەوێ یۆخەنا لە پۆڵس و
بەرنابا جیا بۆوە و گەڕایەوە یۆرشەلایم. 14 ئەوانیش لە پێرگاوە ڕۆیشتن بۆ ئەنتاکیە کە سەر بە پارێزگای پیسیدیایە. لە ڕۆژی شەباتدا
چوونە ناو کەنیشتەیەکی یەهودی و دانیشتن. 15 دوای خوێندنەوەی تەورات و نووسراوەکانی پێغەمبەران، سەرۆکانی کەنیشتەکە داوایان
لێکردن و گوتیان: «برایان، ئەگەر شتێکتان هەیە لە کۆبونەوەکان بانگەشەی بۆ بکەن و ،بیڵێن». 16 پۆڵس هەستا، و بە دەست ئاماژەی
کرد، و گوتی: «گوێ بگرن ئەی نەوەی یەسرائیل، ئەی لەخواترسەکان: 17 خودای ئەم گەلەی یەسرائیل باوباپیرانی ئێمەی هەڵبژارد، و بە
درێژایی مانەوەیان لە میسر پێگەی گەلەکەمانی بەرزکردەوە، پاشان بە بەهێزی بازووی خۆی هێنانیە دەرەوە. 18 نزیکەی چل ساڵ لە
بیاباندا بەخێوی کردن، 19 پاشان حەوت گەلی لە خاکی کەنعان دوورخستەوە، و خاکەکەی بە میرات پێدان، 20 بۆ ماوەی نزیکەی چوار سەد
و پەنجا ساڵ. پاشان داوەری بۆ دانان کە دواهەمینیان پێغەمبەر شمۆئیل بوو. 21 جا نەوەی یەسرائیل داوایان لێکرد پاشایەکیان بۆ دابنێت،
بۆیە خودا شائۆلی کوڕی کیشی، دانا بەسەریاندا، لە هۆزی بنیامین، و چل ساڵ فەرمانڕەوایی بەسەردیاندا کرد. 22 پاشان خودا دووری
خستەوە، و داڤیدی لە جێی ئەو دانا، کە شایەتی بۆ دا و فەرمووی: بەڕاستی من داڤیدی کوڕی یسام دۆزیەوە پیاوێکە بەدڵمە، هەموو
ئەوەی من دەمەوێت دەیکات. 23 خودا بۆ یەسرائیل لە نەوەی داڤید ڕزگاریدەرێکی نارد ئەویش یەشوایە، بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی.
24 یۆخەنان پێش یەشوا هات، بۆ ئەوەی هەموو گەلی یەسرائیل بانگهێشت بکات بۆ لە ئاوهەڵکێشانی پاشگەز بوونەوە. 25 کاتێک یۆخەنان
ئەرکەکەی تەواو دەکرد، گوتی: پێتان وایە من کێم؟ من ئەو نیم (ڕزگاریدەرەکە)، بەڵکو ئەو دوای من دێت. وە من شایەنی ئەوە نیم
قەیتانی پێڵاوەکانی بکەمەوە! 26 ئەی برایان، ئەی نەوەکانی رەگەزی ئەڤراهام، و هەموو ئەوانەی لە خوداترسن و لێرە ئامادەن: خودا
وشەی ئەم ڕزگارییەی بۆ ئێمە ناردووە! 27 چونکە خەڵکی یۆرشەلایم و سەرۆکەکانیان کاریان کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێشبینیانەی کە
هەموو ڕۆژێکی شەبات بۆتان دەخوێندرێتەوە، بەڵام نەیاندەزانی. کاتێک بڕیاریان لە سەر یەشوادا بە مردنی، 28 هەرچەندە هیچ تاوانێکیان
لە دژی نەدۆزیەوە کە شایەنی مردن بێت، بەڵام داوایان لە پیلاتۆس کرد بیکوژێت. 29 دوای ئەوەی هەموو ئەو شتانەی لەسەری
نووسرابوو، لە ئەودا جێبەجێ کران، لە خاچ دایانبەزاند، و لە گۆڕێکدا ناشتیان. 30 بەڵام خودا لە مردن هەڵیساندەوە، 31 چەند ڕۆژێک بۆ
ئەوانەی لە گەلیلیەوە بۆ یۆرشەلایم لەگەڵیدا بوون دەرکەوت. ئێستاش لەبەردەم خەڵکدا شایەتی بۆ ئەو دەدەن. 32 ئەوەتا ئێمەیش
مژدەی ئەو بەڵێنەتان پێدەدەین کە خودا بە باوباپیرانمانی دابوو، 33 و بۆ ئێمەی ڕۆڵەکانیان بەدیهێنا بە هەستانەوەی یەشوا لە مردن بەپێی
ئەوەی لە زەبوری دووهەمدا نووسراوە: تۆ کوڕی منیت؛ ئەمڕۆ بووم بە باوکت. 34 سەبارەت بەو ڕاستییەی کە خودا یەشوای لە مردن
هەستاندەوە و ڕێگە نادات ئیتر لەناوچوون دەستی بەسەردا بگرێت، ئەمە لە فەرموودەکەیدا هاتووە: بەخششە پیرۆزە ڕاستەقینەکانتان
پێ دەبەخشم، کە بەڵێنم بە داڤید دا. 35 داڤید لە زەبورێکی تردا دەڵێت: ڕێگە نادەیت تاکە پیرۆزەکەت لەناوچوون ببینێت. 36 داڤید دوای
خزمەتکردنی گەلەکەی لە سەردەمی خۆیدا بەپێی خواستی خودا مرد، و بە خاک سپێردرا، پەیوەست بوو بە باووباپیرانییەوە، و لە
ناوچوون بە سەریدا هات. 37 بەڵام ئەو کەسەی کە خودا هەڵیستاندەوە، هەرگیز تووشی لەناوچوون نەبووە. 38 ئەی برایان، بزانن بە یەشوا
مزگێنی لێخۆشبوونی گوناهەکانتان پێدەدرێت، 39 هەرکەسێک باوەڕ بهێنێت بە ئەو بێتاوان دەکرێت لە هەموو شتێک کە تەوراتی موشە
نەیتوانیوە بێتاوانی بکات. 40 ئاگادار بن با ئەوەی لە پەرتووکی پێغەمبەراندا هاتووە بەسەرتاندا نەیەت: 41 ببینن، ئێوەی گاڵتەجاڕەکان،
سەرسام بن و لەناو بچن! چونکە من لە ڕۆژگاری ئێوەدا کارێک دەکەم کە ئەگەر کەسێک پێی بگوتنایە باوەڕتان پێی نەدەکرد!» 42 لە
کاتێکدا ئامادەبووان دەڕۆیشتن، داوایان لە پۆڵس و بەرنابا کرد کە ڕۆژی شەباتی دواتر بێنەوە و باسی ئەم بابەتەیان بۆ بکەن. 43 دوای
کۆبوونەوەکە زۆرێک لە یەهودییەکان و ئەوانەی گۆڕابوون بە یەهودی دوایان کەوتن، ئەوانیش قسەیان لەگەڵ کردن و هانیان دان لە
بەخششی خودادا چەسپاو بن. 44 لە شەباتی دواتر، نزیکەی هەموو خەڵکی شارەکە کۆبوونەوە بۆ گوێگرتن لە وشەی خودا. 45 کاتێک
یەهودییەکان خەڵکەکەیان بینی، پڕ بوون لە ئیرەیی و دەستیان کرد بە کوفر کردن دژایەتی قسەکانی پۆڵسیان دەکرد. 46 پاشان پۆڵس و
بەرنابا بە بوێرییەوە گوتیان: «پێویست بوو سەرەتا وشەی خوداتان پێ بگەیەنم، بەڵام ئێوە ڕەتتان کردەوە و دەرتانخست کە شایەنی
ژیانی هەتاهەتایی نین. ئەوا ئێمە ڕوو لە نەتەوەکان دەکەین! 47 چونکە پەروەردگار رایسپاردین و فەرمووی : تۆم کردووە بە ڕووناکییەک
بۆ گەلان، تاکوو ببیتە ڕێگای ڕزگاربوون تا ئەوپەڕی زەوی!» 48 کاتێک نەتەوەکان ئەمەیان بیست، زۆر دڵخۆش بوون و وشەی
پەروەردگاریان شکۆمەند کرد. هەموو ئەوانەی خودا بۆ ژیانی هەتاهەتایی ئامادەی کردبوون باوەڕیان هێنا. 49 بەم شێوەیە وشەی
پەروەردگار بە هەموو ناوچەکەدا بڵاوبووەوە. 50 بەڵام یەهودییەکان ژنە ناودارەکان و ئاینییەکان و کەسایەتییە دیارەکانی شارەکەیان هاندا


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

بۆ چەوساندنەوەی پۆڵس و بەرنابا ، تا لە وڵاتەکەیان دەریان بکەن، [51]بۆیە تۆز و خۆڵی ئەوێیان لە پێیەکانی خۆیان تەکاند و بەرەو شاری کۆنیا ڕۆیشتن. [52]سەبارەت بە قوتابییەکان، پڕ بوون لە خۆشی و گیانی پیرۆز.

Chapter 14

[1]لە کۆنیا پۆڵس و بەرنابا وەک داب و نەریتی خۆیان چوونە ناو ئەنجومەنی یەهودییەکان، و دەستیان کرد بە قسەکردن تا جەماوەرێکی زۆر لە یەهود و یۆنانیەکان باوەڕیان هێنا. [2]بەڵام ئەو یەهودیيانەی کە باوەڕیان نەهێنابوو، نەتەوەکانیان هان دا دژی براکان، و بیرکردنەوەیان گەندەڵ کردن.[3]بەڵام پۆڵس و بەرنابا بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ مانەوە، بە هەموو بوێرییەکەوە بە پەروەردگار مزگێنیان دەدا، و پەروەردگار پشتگیری کردن بە شایەتیدان بۆ وشەی بەخششەکەی بەو نیشانە و سەرسوڕهێنەرانەی کە لەسەر دەستی ئەوان ئەنجامیدا. [4]بۆیە خەڵکی کۆنیا دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا: هەندێکیان لەگەڵ یەهودییەکان بوون، و هەندێکیان لەگەڵ دوو نێردراوان.[5] کاتێک نەتەوەکان و یەهودییەکان و سەرۆکەکانیان خەریک بوون سووکایەتی بە دو نێردراوەکە بکەن و بەردەبارانیان بکەن، [6]بەوەیان زانی و هەڵاتن بۆ شارەکانی لیسترە و دێربێ، و ناوچەی دەوروبەریان کە دەکەوێتە هەرێمی لیکانیا، [7]لەوێش دەستیان کرد بە مزگێنیدان.[8]لە شاری لیسترا پیاوێکی کەم ئەندام دەژیا کە لە زگماکەوە پەککەوتە بوو و هەرگیز بە پێ نەڕۆیشتبوو. [9]لەکاتێکدا گوێی لە وتارەکە گرتبوو پۆڵس باوەڕێکی تێدا بینی کە پێی چاک دەبۆوە. [10]پاشان بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد: «هەستە و لە سەر پێیەکانت ڕاوەستە!» پیاوەکە بازێکی دا و دەستی کرد بە ڕۆیشتن.[11]کاتێک ئامادەبووان بینیان کە پۆڵس چی کرد بە زمانی لیکایۆنی دروشمیان دەگوت: «خوداکان شێوەی مرۆڤیان گرت و هاتنە خوارەوە بۆ ناومان!» [12]بارنابایان بە زیوس و پۆڵسیان بە هێرمێس بانگ دەکرد، چونکە ئەو گفتوگۆکەی بەڕێوەدەبرد. [13]لە دەروازەی شارەکە پەرستگایەک بۆ خوداوەند زیوس هەبوو، کاهینەکەی بە سەر سەری جەماوەرێکەوە لە شارەکەوە هات، تاجە گوڵینەیان هەڵگرتبوو و گایان هێنابوو، بۆ ئەوەی بیکەنە قوربانی بۆ پۆڵس و بەرنابا.[14]کاتێک ئەو دوو نێردراوانە ئەوەیان بیست، جلەکانیان دڕاند و بەپەلە چوونە لای ئەوانەی کۆببوونەوە. [15]هاواریان دەکرد: «خەڵکینا بۆچی ئەم کارە دەکەن؟ ئێمە جگە لە مرۆڤی لاواز وەک ئێوە هیچی تر نین، مزگێنیتان پێدەدەین لەم شتە بێهودەیانە بگەڕێنەوە بەرەو خودای زیندووی بەدیهێنەری ئاسمان و زەوی و دەریا، وە هەموو ئەوەی تێیاندایە، [16]نەتەوەکانی سەردەمی ڕابردووی بەجێهێشت تا بە ڕێگاکانی خۆیاندا بڕۆن،[17]لەگەڵ ئەوەشدا بەجێی نەهێشتوون بەبێ شایەتحاڵێک کە ئاماژە بکات بەو. بەخششەکەی بە چاکە لە سەرتان بەردەوامە، لە ئاسمانەوە باران و وەرزەکانی بەرهەمدارتان بۆ دابین دەکات، و بە خواردن تێرتان دەکات و دڵتان خۆش دەکات». [18]بەم قسانە توانیان دوای کۆششێکی زۆر خەڵک ڕازی بکەن کە قوربانییان پێشکەش نەکەن.[19]پاشان هەندێک یەهودی لە ئەنتاکیەو ئیکۆنیۆمەوە هاتن، و دەستیان بەسەر جەماوەرەکەدا گرت، و ئەوەندە پۆڵسیان بەردباران کرد کە پێیان وابوو مردووە و فڕێیاندایە دەرەوەی شارەکە. [20]کاتێک قوتابییەکان دەورەیان دا، هەستا و گەڕایەوە بۆ شار. ڕۆژی دواتر لەگەڵ بەرنابا گەشتیان کرد بۆ دێربێ.[21]مزگێنیان بە خەڵکەکەی دا، زۆرێکیان بوون بە قوتابی پەروەردگار. پاشان گەڕانەوە بۆ لیسترا، و لەوێشەوە بۆ کۆنیا، و لە کۆتاییدا بۆ ئەنتاکیە. [22]لە هەموو ئەم شوێنانەدا، ورەی قوتابییەکانیان بەهێزتر دەکرد و هانیان دەدان کە لە باوەڕدا چەسپاو بن، دڵنیایان دەکردنەوە کە چوونە ناو شانشینی خودا پێویستی بەوەیە بەرگەی سەختی زۆر بگرین.[23]لە هەموو کڵێسایەکدا پیرانیان بۆ قوتابییەکان دیاری دەکرد. پاشان بەڕۆژوو بوونەوە نزایان دەکرد و هەموویانیان دەسپارد بە دەستی پەروەردگار ئەوەی کە باوەڕیان پێی هەبوو. [24]پاشان لە هەرێمی پیسیدیاوە گەشتیان کرد، و گەیشتنە پامفیلیا. [25]لە پێرگا بە وشەی خودا مزگێنیان دا، پاشان گەشتیان کرد بۆ ئەتالیا. [26]لەوێشەوە بە دەریادا گەڕانەوە بۆ شاری ئەنتاکیە، لەو شوێنەی کە باوەڕداران ڕادەستی بەخششی خودایان کردبوون بۆ ئەو کارەی هەستابوون بە ئەنجامدانی تەواوی بکەن.[27]کاتێک گەیشتن، کڵێسایان بانگهێشت کرد بۆ کۆبوونەوەیەک، و هەواڵی هەموو ئەو شتانەیان پێدان کە خودا لە ڕێگەی ئەوانەوە کردبووی، و دەرگای باوەڕی بۆ نەتەوەکان کردۆتەوە. [28]و بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ قوتابییەکان لەوێ مانەوە.

# Chapter 15

[1]هەندێک لە یەهودییەکان کە باوەڕیان بە مەسیح هەبوو لە ناوچەی یەهودیاوە هاتنە ئەنتاکیە، و دەستیان کرد بە فێرکردنی براکان و
گوتیان: «ناتوانن ڕزگارتان بێت ئەگەر بەپێی تەوراتی موشە خەتەنە نەکرێن» [2]پاشان پۆڵس و بەرنابا مشتومڕێکی توندیان لەگەڵدا
کردن. دوای مشتومڕەکە، باوەڕدارانی ئەنتاکیە بڕیاریان دا کە پۆڵس و بەرنابا لەگەڵ هەندێک باوەڕداردا بچن بۆ ئەوەی لە یۆرشەلایم
چاویان بە نێردراوان و پیرەکان بکەوێت، بە دوادا چوون بکەن بۆ ئەم بابەتە[3]دوای ئەوەی کڵێسا ماڵئاواییان لێکردن، گەشتیان کرد بۆ
یۆرشەلایم بە شارەکانی فینقیا و سامریدا تێپەڕین، برایانی ئەوێیان ئاگادار کردەوە کە نەتەوەکانیش بەرەو مەسیح ڕێنمایی کراون، بەم
شێوەیەش خۆشییەکی زۆر لەنێو هەموو براياندا بڵاو بۆوە. [4]کاتێک گەیشتنە یۆرشەلایم، کڵێسا پێشوازیان لێکردن بە نێردراوان و
پیرانییەوە، لە هەموو ئەو شتانە ئاگاداریان کردنەوە کە خودا لە ڕێگەی ئەوانەوە کردبووی.[5]بەڵام هەندێک لەوانەی کە لە سەر ڕێبازی
فەریسییەکان بوون، پاشان باوەڕیان هێنابوو، هەستان و گوتیان: «ئەو باوەڕدارانەی کە یەهوودی نین دەبێ خەتەنە بکرێن و پابەندیان
بکەن بە تەوراتی موشە کار بکەن». [6]نێردراوان و پیران کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە.[7]دوای مشتومڕێکی زۆر،
پەترۆ هەستا و گوتی: « ئەی برایان، دەزانن کە زۆر لەمەوبەر خودا ویستی نەتەوەکان وشەی مزگێنییەکە لە زمانی منەوە ببیسن و
باوەڕیان هێنا. [8]خودای زانا بەوەی لە دڵەکاندایە شایەتیدا لە سەر وەرگرتنی ئەوان، کاتێک گیانی پیرۆزی پێبەخشین وەک چۆن بە ئێمەی
بەخشی. [9]کەواتە ئەو لە هیچ شتێکدا جیاوازی لە نێوان ئێمە و ئەواندا نەکرد، کاتێک دڵی ئەوانی بە باوەڕ پاک کردەوە.[10]کەواتە بۆچی
دژایەتی خودا دەکەن بارێکی قورس بە قوتابییەکانی پەروەردگار هەڵدەگرن کە باوکان ناتوانا بوون لە هەڵگرتنی و ئێمەش ناتوانین
هەڵیبگرین؟ [11]ئێمە باوەڕمان وایە کە ڕزگارمان دەبێت، وەک چۆن ئەوان ڕزگاریان دەبێت، بە بەخششی پەروەردگار یەشوا».[12]پاش
ئەوەی مشتومڕەکانی نێوان ئامادەبووان وەستا، و گوێیان لە بەرنابا و پۆڵس گرت باسی ئەو نیشانە و سەرسوڕهێنەرانەیان بۆ کردن
کە خودا لە ڕێگەی ئەوانەوە لەناو نەتەوەکاندا کردوویەتی.[13]دوای ئەوەی قسەکەیان تەواو کرد، یاکۆڤ وتی: [14]«ئەی برایان گوێ بگرن:
شیمۆن ئاگاداری کردنەوە کە چۆن خودا لە سەرەتاوە بەدوای نەتەوەکاندا گەڕا بۆ ئەوەی لە نێویاندا گەلێک وەربگرێت کە ناوی ئەو
هەڵبگرێت؛[15]ئەمەش لەگەڵ قسەی پێغەمبەراندا یەکدەگرێتەوە، وەک لە پەرتووکەکەدا هاتووە. [16]دوای ئەمە دەگەڕێمەوە و چادرە
رووخاوەکەی داڤید ئاوەدان دەکەمەوە پاشان وێرانەکانی هەڵدەستێنمەوە و سەرلەنوێ بنیاتی دەنێم، [17]بۆ ئەوەی خەڵکیتر و هەموو ئەو
گەلانەی کە ناوی منیان هەڵگرتووە، بەدوای پەروەردگاردا بگەڕێن، پەروەردگار دەفەرموێت، ئەوەی ئەم کارانە دەکات [18]لە سەرەتاوە
ناسراوە.[19]بۆیە من پێم وایە نابێت بارگرانی بخەینە سەر ئەو کەسانەی کە لە ناو نەتەوەکان بەرەو خودا ڕێنوێنی کراون، [20]بەڵکو
نامەیەکیان بۆ دەنووسین کە تیایدا ڕایاندەسپێرن خۆیان بە دوور بگرن لە خواردنی قوربانی ناپاکی پێشکەشکراو بە بتەکان، و
داوێنپیسی، و گۆشتی ئاژەڵە خنکێنراوەکان، و خوێن. [21]چونکە موشە، هەر لە کۆنەوە، شوێنکەوتووانی لە هەموو شارێکدا، هەموو
شەباتێک تەوراتەکەی دەخوێننەوە و لە کەنیشتەکاندا بانگەشەی بۆ دەکەن».[22]ئینجا نێردراوان و پیران و هەموو کۆمەڵگاکە ڕێککەوتن
لەسەر ئەوەی لەنێو برایان دوو پیاو هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لەگەڵ پۆڵس و بەرنابادا بیاننێرن بۆ ئەنتاکیە. بۆیە یەهودا یان هەڵبژارد، کە پێی
دەگوترا بارسابا، و سیلاس، کە پێگەیەکی باڵای هەبوو لە نێو براياندا. [23]وە ئەم نامەیان ڕادەست کردن: «لە نێردراوان و پیران و
برایانەوە، بۆ برایانی باوەڕدار لە نەتەوەکان لە هەرێمەکانی ئەنتاکیە و سوریا و کیلیکیا: سڵاو![24]زانیومانە کە هەندێک کەس لە ئێمەوە
هاتوون بۆ لای ئێوە، بەبێ مۆڵەتی ئێمە بە قسەکانیان پشێویان لە نێوانتاندا دروست کردووە و بیرکردنەوەکانتانیان تێکداوە. [25]بۆیە ئێمە
بە یەک بۆچوون ڕێککەوتین کە دوو پیاو هەڵبژێرین کە ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ ناوی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح، لەگەڵ
برا خۆشەویستەکانمان بەرنابا و پۆڵس دەیاننێرین بۆلاتان.[27]بۆیە یەهودا و سیلاسمان نارد، بۆ ئەوەی پەیامەکە بە زارەکی پێتان بگەیەنن.
[28]گیانی پیرۆز و ئێمە بە باشمان زانی کە ئێمە هیچ بارێک لە سەرووی ئەوەی کە لەسەرتانە، نەخەینە سەرتان. [29]بەڵکو لەسەرتانە خۆتان
بەدوور بگرن لە خواردنی قوربانی پێشکەشکراو بە بتەکان ، لە خواردنی خوێن و گۆشتی ئاژەڵە خنکێنراوەکان، و لە داوێنپیسی. کارێکی
باشە بۆتان ئەگەر خۆتان لەم بابەتانە بپارێزن. خوا لێتان خۆشبێت!»[30]بۆیە هەڵگرانی نامەکە بەڕێکەوتن، و گەشتیان کرد بۆ ئەنتاکیە،
لەوێ کۆمەڵەکەیان بانگهێشت کرد بۆ کۆبوونەوە، [31]و نامەکەیان پێشکەش کردن. کاتێک خوێندیانەوە، شاد بوون بەو هاندانەی کە تێیدا
بوو. [32]یەهودا و سیلاش پێغەمبەر بوون، بۆیە زۆر ئامۆژگاری براکانیان کرد، ورەیان بەهێزتر کردن.[33]دوای ماوەیەک برایانی ئەنتاکیە بە
ئاشتی ئەو کەسانەیان ڕەوانە کردەوە کە ناردبوویان. [34]بەڵام سیلاس پێی باش بوو لە ئەنتاکیە بمێنێتەوە، بۆیە یەهودا بە تەنیا
گەڕایەوە. [35]هەروەها پۆڵس و بەرناباش لەوێ مانەوە و بە وشەی پەروەردگار، فێرکاریان دەکرد و مزگێنیان دەدا.زۆر کەسی دیکەش
هاوکاریان دەکردن.[36]دوای چەند ڕۆژێک پۆڵس بە بەرنابای گوت: «با بگەڕێینەوە و بزانین بارودۆخی ئەو شارانە چۆنە کە بە وشەی
پەروەردگار مزگێنیمان تیا داوە». [37]بەرنابا پێشنیاری کرد یۆخەنا کە نازناوی مارکۆس بوو لەگەڵ خۆیان ببەن. [38]بەڵام پۆڵس ڕەتیکردەوە
لەگەڵ خۆیان بیبات، چونکە لە پامفیلیا لێیان جیا ببۆوەو، لە خزمەتدا یاوەری نەکربوون.[39]ناکۆکییەکی وا کەوتە نێوانیان کە لەیەکتر
جیابوونەوە. بەرنابا مارکۆسی هەڵگرت و بە کەشتی گەشتیان کرد بەرەو قوبرس. [40]پۆڵس سیلاسی هەڵیبژارد کە لەگەڵیدا بێت. جا
برایانی بە بەخششی خودا سپارد، [41]بە هەرێمەکانی سوریا و کیلیکیادا گەشتی دەکرد و کڵێساکانی بەهێز دەکرد.

# Chapter 16

[1]پۆڵس گەیشتە دێربە، پاشان بەرەو لیسترا، لەوێ قوتابییەکی هەبوو بە ناوی تیمۆساوس، دایکی یەهودی بوو و باوەڕی بە مەسیح
هەبوو، باوکی یونانی بوو. [2]برایان کە لە لیسترا و کۆنیا بوون بە شایەتییەکی باش شایەتییان بۆ تیمۆساوس ئەدا. [3]پۆڵس پێی خۆش بوو
لەگەڵیدا بێت لە گەشتەکەیدا. لەبەر ئەوەی یەهودییەکانی ئەو ناوچەیە دەیانزانی باوکی یۆنانییە، پۆڵس بردی و خەتەنەی کرد.[4]پۆڵس و
هاوڕێکانی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەڕۆیشتن، ئەو ڕاسپاردانەیان بە باوەڕداران ڕادەگەیاند کە لەلایەن نێردراوان و پیرانەوە لە
یۆرشەلایم بڕیاری لە سەر درابوو، بۆ ئەوەی کاری پێبکەن. [5]کڵێساکان لە باوەڕدا بەهێزتر دەبوون، و ژمارەیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، زیاد
دەبوو.[6]گیانی پیرۆز ڕێگری لێکردن لە مزگێنیدا لە پارێزگای ئاسیا، بۆیە لە هەرێمەکانی فریگیا و گەلاتیادا گەشتیان کرد. [7]کاتێک گەیشتنە
سنوورەکانی هەرێمی میسیا، بەرەو پارێزگای بیتینیا بەڕێکەوتن، بەڵام گیانی یەشوا ڕێگەی نەدا بچنە ناوی، [8]بۆیە بەرەو شاری ترۆئاس
ڕۆیشتن و بە میسیادا تێپەڕین.[9]ئەو شەوە پۆڵس لە بینینێکدا پیاوێکی خەڵکی مەکەدۆنیای بۆ دەرکەوت.لێی دەپاڕایەوە و دەیگوت:
«وەرە بۆ مەکەدۆنیا و یارمەتیمان بدە!» [10]پاشان دڵنیا بووین کە پەروەردگار بانگهێشتی کردووین بۆ مزگێنیدان لە مەکەدۆنیا. بۆیە
دەستبەجێ بەرەو ئەوێ ڕۆیشتن.[11]بۆیە لە بەندەری ترۆئاسەوە بە کەشتی بەرەو دوورگەی ساموتراکی ڕۆیشتین. ڕۆژی دواتر
بەردەوام بووین لە گەشتەکەمان بۆ بەندەری نیاپۆلیس. [12]لەوێوە بۆ شاری فیلیپ، گەورەترین شاری هەرێمی مەکەدۆنیا، کە لە ژێر
دەسەڵاتی ڕۆمانیە. چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە. [13]لە ڕۆژی شەباتدا چووینە کەناری ڕووبارێک. لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شار کە بە
شێوەیەکی نەریتی نزای تێدا دەکرا. بۆیە دانیشتین قسەمان لەگەڵ ئەو ژنانەدا دەکرد کە کۆدەبوونەوە،[14]لەنێویاندا بازرگانێکی ئەرخەوان
هەبوو خەڵکی شاری تیاتیرە بوو، ژنێکی خواپەرست بوو، ناوی لیدیا بوو، کاتێک گوێی دەگرت خودا دڵی کردەوە بۆ وەرگرتنی
قسەکانی پۆڵس. [15]کاتێک ئەو و بنەماڵەکەی لە ئاوهەڵکێشران، پێداگری کرد میواندارییەکەی قبوڵ بکەین و گوتی: «ئەگەر بڕیارتان داوە
کە من باوەڕدارم بە پەروەردگار، وەرن بۆ خوان لە ماڵەکەم». بۆیە ناچار بووین بانگهێشتەکەی قبوڵ بکەین.[16]ئەو رۆژە دەرۆیشتین بۆ
نزاکردن، کارەکەرێکمان تووش بوو گیانی فاڵچییە تێدابوو، بە فاڵچیەتییەکەی قازانجێکی زۆری بۆ خاوەنەکانی بەدەست دەهێنا.
[17]بەدوای پۆڵس و ئێمە دەکەوت و هاواری دەکرد و دەیگوت: «ئەم مرۆڤانە خزمەتکاری خودای هەرەبەرزن، ڕێگای ڕزگاریتان
پێڕادەگەیەنن». [18]ڕۆژانێکی زۆر ئەمەی دەکرد، تاکو پۆڵس بێزار بوو، ئاوڕی دایەوە و بە گیانەکەی گوت: «بە ناوی یەشوای مەسیح
فەرمانت پێ دەکەم، لێی دەرچوو!» لەو کاتەدا چووە دەرەوە.[19]کاتێ گەورەکانی بینییان سەرچاوەی بژێویان بڕاوە، پۆڵس و سیلاسیان
دەستبەسەر کرد، پەلکێشیان کردن بۆ گۆڕەپانی شار بۆ دادگایی کردن. [20]بردییانن بۆلای دادوەران و گوتیان: «ئەم پیاوانە شارەکەمان
دەشێوێنن؛ یەهودین [21]ئەوان بانگەواز بۆ ئەو نەریتانە دەکەن کە ئێمەی ڕۆمانی ڕێگەپێدراو نین وەریبگرین و کاریان
پێبکەین!»[22]کۆمەڵەکە لە دژیان ڕاپەڕین، و فەرمانڕەواکان جلەکانیان دڕاند و فەرمانیان دا بە قامچی لێیان بدەن، [23]زۆریان بە قامچی
لێدان و خستیاننە زیندانەوە، پاسەوانی زیندانەکەیان ڕاسپارد کە بە توندی پاسەوانیان لە سەر بکات. [24]ئەویش ئەم ڕاسپاردەیەی
بەتوندی جێبەجێ کرد. فڕێیدانە نێو زیندان، و پێیانی خستە نێو کۆتێکی دارەوە.[25]لە نیوەی شەودا پۆڵس و سیلاس نزایان دەکرد و
ستایشی خودایان دەکرد، بەندکراوانیش گوێیان لێ گرتبوون، [26]لەناکاو بوومەلەرزەیەکی بە هێز ڕوویدا، بناغەکانی زیندانەکەی هەژاند،
دەستبەجێ هەموو دەرگاکان کرانەوە، و کۆت و بەندی هەموو زیندانییەکان کەوتە خوارەوە.[27]بوومەلەرزەکە پاسەوانی زیندانەکەی لە
خەو هەڵساند. کاتێک بینی دەرگاکانی زیندانەکە کراونەتەوە، پێی وابوو زیندانییەکان هەڵاتوون، شمشێری هەڵکێشا بەتەمابوو خۆی
بکوژێت. [28]پۆڵس بەدەنگی بەرز هاواری لێکرد: «هیچ لە خۆت مەکە! هەموومان لێرەین!»[29]داوای چرایەکی کرد، بەپەلە چووە ژوورەوە
و لە ترسان دەلەرزی، خۆی خستە بەردەم پۆڵس و سیلاس. [30]پاشان بردنییە دەرەوە و لێی پرسین: «ئەی گەورەکانم، پێویستە چی
بکەم تاکو ڕزگارم بێت؟» [31]وەڵامیان دایەوە: «باوەڕ بە پەروەردگار یەشوای مەسیح بهێنە خۆت و بنەماڵەت ڕزگارتان دەبێت!»[32]ئینجا
بە وشەی پەروەردگار مزگێنییان بە خۆی و بنەماڵەکەیدا. [33]لەو کاتژمێرەی شەودا بردنی و برینەکانی شۆردن و دەستبەجێ خۆی و
هەموو بنەماڵەکەی لە ئاوهەڵکێشران. [34]پاشان بردنی بۆ ماڵەوە و خواردنی بۆ دانان، خۆی و هەموو بنەماڵەکەی زۆر زۆر شاد بوون، کە
باوەڕیان بە خودا هێناوە.[35] کە ڕۆژبووەوە دادوەرەکان چەند پیاوێکیان نارد بە پاسەوانەکە ڕابگەیەنن پولس و سیلاس ئازاد بکات.
[36]پاسەوانەکە پۆڵسی لە بابەتەکە ئاگادار کردەوە، و گوتی: «فەرمانڕەوایان فەرمانیان ناردووە بە ئازاد کردنتان بۆیە ئێستا وەرنە
دەرەوە و بەئاشتی بڕۆن!»[37]پۆڵس ناڕەزایەتی دەربڕی و گوتی: «بێ دادگایی کردن لەبەردەم خەڵکا بە قامچی لێیانداین، ئێمەش
هاوڵاتیی ڕۆمانین، فڕێیانداینە زیندان. کەواتە ئێستا چۆن بە نهێنی ئازادمان دەکەن! نەخێر! با خۆیان بێن و ئازادمان بکەن!» [38]پیاوەکان
ئەم ناڕەزایەتییەیان بە دادوەرەکان ڕاگەیاند، کاتێ زانییان ئەوان ڕۆمانین ترسان. [39]بۆیە هاتن و داوای لێبوردنیان لێکردن، بردییاننە
دەرەوە و داوایان لێکردن شارەکە بەجێبهێڵن.[40]پۆڵس و سیلاس لە زیندانەکە چوونە دەرو چوون بۆ ماڵی لیدیا، لەوێ چاویان بە برایان
کەوت و هانیان دان و دواتر شاریان بە جێ هێشت.

## Chapter 17

1 پۆڵس و سیلاس گەیشتنە تەسالونیکی پاش ئەوەی بە ئەمفیپۆلیس و ئەپۆلۆنیادا تێپەڕین. لە تەسالونیکی کەنیشتەیەکی یەهودی هەبوو.
2 وەکو نەریتی خۆی چوو بۆ لایان، سێ شەبات لەسەر یەک بە بەبەڵگەی پەرتووکەکە مشتومڕی لەگەڵ دەکردن، 3 بۆی ڕوون کردنەوە
کە مەسیح دەبوو ئازار بچێژێت و لە مردن هەستێتەوە، هەروەها «مەسیحەکە کە چاوەڕێی دەکەن یەشوایە کە ئێستا من بەو مزگێنیتان
پێدەدەم!» 4 هەندێک لە ئامادەبووان بڕوایان کرد و پەیوەندییان بە پۆڵس و سیلاسەوە کرد. لە نێویاندا ژمارەیەکی زۆر یۆنانی
خوداپەرەست و زۆرێک لە ژنە دەسەڵاتدارەکان هەبوون. 5 ئەمەش ئیرەیی یەهودییەکانی وروژاند کە باوەڕیان نەدەهێنا، بۆیە هەندێک
کەسی خراپەکاری لە شەقامەوە هێنا، جەماوەرێکیان کۆکردەوە و خەڵکیان هاندا تاکو پشێوی لە شارەکەدا بنێنەوە، پاشان هێرشیان
کردە سەر ماڵی یاسۆن داوایان کرد کە پۆڵس و سیلاس ڕادەستی خەڵکەکە بکرێت. 6 کاتێک لەوێ نەیاندۆزینەوە، یاسۆن و هەندێک لە
براکانیان پەلکێش کرد بۆ لای فەرمانڕەواکانی شارەکە، و گلەییان لە دژیان کرد و هاواریان کرد: «ئەم دوو پیاوە جیهانیان گۆڕیوە و
هەر بۆ ئەوەش هاتوون بۆ شارەکەمان، 7 یاسۆن میوانداریی کردون. هەموویان سەرپێچی لە فەرمانەکانی قەیسەر دەکەن، و بانگەوازی
پاشایەکی دیکە دەکەن کە ناوی یەشوایە». 8 بەم قسانە کۆمەڵەکە و فەرمانڕەوایانی شاریان وروژاند. 9 بۆیە دادوەرەکان بارمتەیان لە
یاسۆن و ئەوانەی لەگەڵی بوون وەرگرت پاشان ئازادیان کردن. 10 لە شەودا برایان پۆڵس و سیلاسیان بەرەو بیریا بەڕێ کرد. کاتێک
گەیشتن، چوونە کەنیشتە یەهودییەکانی ئەوێ. 11 یەهودییەکانی بێریا لە یەهودییەکانی تەسالۆنیکی ڕێزدارتر بوون، بە تامەزرۆیی زۆرەوە
وشەی خودایان وەرگرت، ڕۆژانە لێکۆڵینەوەیان لە پەرتووکەکە دەکرد بۆ دڵنیابوون لە دروستی فێرکارییەکە. 12 ژمارەیەکی زۆریان
باوەڕیان هێنا، هەروەها ژنە دەسەڵاتدارە یۆنانیەکان و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان. 13 یەهودییەکانی تەسالۆنیکی دەیانزانی کە پۆڵس لە
بیریا بە وشەی خودا مزگێنی داوە، بۆیە بەدوایدا ڕۆیشتن و خەڵکیان هاندەدا دژی راپەڕن. 14 دەستبەجێ هەندێک لە براکان پۆڵسیان
بەرەو دەریا برد بۆ ئەوەی گەشت بکات، سیلاس و تیمۆساوس لەوێ مانەوە. 15 براکان لەگەڵ پۆڵس بوون تا گەیاندیانە ئەسینا، پاشان
گەڕانەوە دوای ئەوەی پۆڵس پێی ڕاسپاردبوون کە سیلاس و تیموساوس بە خێرایی بگەنە لای. 16 کاتێک پۆڵس لە ئەسینا چاوەڕێی
دەکردن، شارەکەی بینی پڕ بوو لە بت و گیانی تووشی تەنگانە بوو. 17 کەوتە قسەکردن لەگەڵ یەهودییەکان و خوداپەرەستەکانی دیکە
لە کەنیشتەکەدا، و ئەوانەی کە هەموو ڕۆژێک لە گۆڕەپانی شارەکەدا چاوی پێیان دەکەوت. 18 مشتومڕ لە نێوان ئەو و هەندێک لە
فەیلەسوفانی ئیپیکۆری و ستۆیک ڕوویدا. کاتێک بۆیان دەرکەوت کە ئەو بە یەشوا و هەستانەوەی لە مردن مزگێنی دەدات، هەندێکیان
گوتیان: «ئەم بانگەوازکەرە گەمژەیە مەبەستی چییە لە قسەکانی؟» هەندێکی تریش دەیانگوت: «پێدەچێت بانگەواز بۆ خوداوەندێکی
نامۆ بکات». 19 پاشان بردیان بۆ گردی ئاریۆپاگۆس ( ئەنجومەنی شارەکەی لەوێ بوو) و لێیان پرسی: «دەتوانین بزانین ئەو ڕێبازە نوێیە
چییە کە بانگەوازی بۆ دەکەیت؟ 20 قسەی نامۆت لێ دەبیستین و دەمانەوێت مانایان بزانین». 21 خەڵکی ئەسینا و ئەو بیانیانەی لەوێ
دەژیان کاتی بەتاڵی خۆیان بە مشتومڕ لەسەر بیروبۆچوونە نوێیەکان بە سەردەبرد. 22 ئینجا پۆڵس لە ناوەڕاستی ئاریۆپاگۆس وەستا و
گوتی: «ئەی خەڵکی ئەسینا، دەبینم کە ئێوە لە هەموو شتێکدا زۆر دیندارن. 23 کاتێک لە شارەکەتاندا دەگەڕام و سەیری پەرستگاکانتانم
دەکرد، پەرستگایەکم دۆزیەوە کە لە سەری نووسرابوو 'بۆ خودای نەناسراو'. کەواتە بەم خودایەی کە دەیپەرستن و نایناسن، مزگێنیتان
پێدەدەم. 24 ئەو خودایە کە گەردوون و هەموو شتێکی کە تێدایە بەدیهێناوە، ئەوەی نیشتەجێ نابێت لەو پەرستگایانەی بە دەستی مرۆڤ
بنیاتنراوە، چونکە ئەو پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە. 25 پێویستی بە خزمەتگوزارییەک نییە کە لەلایەن خەڵکەوە پێشکەشی بکرێت.
چونکە ژیان و گیان و هەموو شتێک بە هەموو بەدیهێنراوان دەبەخشێت. 26 هەموو گەلانی لە یەک بنەچە دەرهێنا، و لە هەموو ولاتانی
زەویدا نیشتەجێی کردن، و پێشوەختە سەردەمی بوونیان و سنووری نیشتمانەکانیانی دیاری کرد، 27 بۆئەوەی بە دوای خودادا بگەڕێن
ڕەنگە دەستی لێبدەن و بەرەو لای ئەو ڕێنمایی بکرێن! ئەو لە هیچ کام لە ئێمە دوور نییە، 28 ئێمە بە ئەو دەژین و دەجوڵێین و بوونمان
هەیە، یان وەک هەندێک لە شاعیرەکانتان گوتوویانە: ئێمەش زادەی ئەوین! 29 مادام ئێمە زادەی خوداین، نابێت لە خوایەتی بروانین وەک
ئەوەی بتێکە لە ئاڵتون، زیو، یان بەرد کە مرۆڤ بتوانێت بیتاشێت یان وێنای دەکات یان بەو شێوەیە دایبهێنێت کە خەیاڵی دەکات! 30 خودا
ئێستا لە هەموو شوێنێک بانگهێشتی هەموو مرۆڤەکان دەکات کە بە پاشگەزبوونەوە بگەڕێنەوە لای، و چاوی لە سەردەمی نەزانی کە
تێپەڕیوە داخستووە. 31 چونکە ڕۆژێکی دەست نیشانکردووە تیایدا بە دادپەروەری لە سەر جیهانبڕیار دەدات، بە پیاوێک کە دیاری کردووە
بۆ ئەوە، هەموو بەڵگەیەکیشی بە هەمووان داوە، کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە». 32 ئامادەبووان کاتێک باسی هەستانەوە لە مردنیان
بیست، هەندێکیان دەستیان کرد بە گاڵتە پێکردن. بەڵام هەندێکی تر بە پۆڵسیان گوت: «پێمان خۆشە جارێکی تر لەسەر ئەم بابەتە
قسەمان لەگەڵ بکەیتەوە». 33 بەمشێوە پۆڵس لە نێوانیان چووە دەرەوە. 34 بەڵام هەندێکیان پەیوەندییان بە پۆڵسەوە کرد و باوەڕیان هێنا
لە نێوانیاندا دیۆنیسیۆس کە ئەندامی ئەنجومەنی ئاریۆپاگۆس بوو، و ژنێک بە ناوی داماریس و هەندێکی تریش جگە لەوان.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 18

1 دوای ئەوە پۆڵس ئەسینای بەجێهێشت، و گەشتی کرد بۆ شاری کۆرنسۆس. 2 لەوێ چاوی بە یەهودییەک کەوت بە ناوی ئاکیلا، خەڵکی
شاری پۆنتۆس، کە بەم دواییانە لەگەڵ پریسیلای هاوسەری لە ئیتالیاوە هاتبوو، چونکە کلۆدیۆسی قەیسەر فەرمانی دەرکردنی
جولەکەکانی لە ڕۆما دابوو، بۆیە پۆڵس چووە لای ئەوان. 3 بەو پێیەی هاوپیشەی بوو، کە دروستکەری چادر بوو، لەلایان مایەوە و کاری
دەکرد. 4 هەموو شەباتێک لەگەڵ ئەوانەی لە کەنیشتەکەدا ئامادە دەبوون مشتومڕی دەکرد بۆ ئەوەی یەهودییەکان و یۆنانیەکان ڕازی
بکات. 5 کاتێک سیلاس و تیموساوس لە هەرێمی مەکەدۆنیاوە گەیشتن، پۆڵس بە تەواوی خۆی بۆمزگێنیدان تەرخان کرد، شایەتحاڵی لای
یەهودییەکان دەدا کە یەشوا مەسیحەکەیە. 6 بەڵام دژایەتی شایەتحاڵیەکەیان کرد ودەستیان کرد بە کوفر کردن. جلەکانی تەکاند و پێی
گوتن: «خوێنتان لە ئەستۆی خۆتانە. من بێتاوانم! لە ئێستا بەولاوە مزگێنی بە نایەهودییەکان دەدەم». 7 پاشان پۆڵس شوێنی
نیشتەجێبوونەکەی بەجێهێشت، و وەک میوان لە ماڵی پیاوێک لە نەتەوەکان کە خوداپەرەست بوو مایەوە، ناوی تیتۆس یۆستۆس بوو،
ماڵەکەی لە تەنیشت کەنیشتەکە بوو. 8 ئینجا کریسپوس سەرۆکی کەنیشتەکە، خۆی و هەموو بنەماڵەکەی باوەڕیان بە پەروەردگار هێنا.
زۆرێک لە خەڵکی کۆرنسۆس بانگەشەکەی پۆڵسیان بیست، بۆیە باوەڕیان هێنا و لە ئاوهەڵکێشران. 9 شەوێک پۆڵس لە بینینێکدا
پەروەردگاری بۆ دەرکەوت پێی فەرموو: «مەترسە، بەڵکو قسە بکە و بێدەنگ مەبە، 10 چونکە من لەگەڵتام، و کەس ناتوانێت زیانت پێ
بگەیەنێت، چونکە من گەلێکی زۆرم لەم شارەدا هەیە». 11 پۆڵس بۆ ماوەی ساڵێک و شەش مانگ لە کۆرنسۆس مایەوە و خەڵکەکەی
فێری وشەی خودا دەکرد. 12 کاتێک فەرمانڕەوای ڕۆمانی گالیۆن فەرمانرەوای وڵاتی ئەخایا بوو، یەهودییەکان بە یەک دەنگ دژی پۆڵس
کۆبوونەوە، و بردیانە دادگا، 13 سکاڵایان لێکرد و گوتیان: «ئەم پیاوە هەوڵدەدات خەڵک ڕازی بکات کە خودا بپەرستن بە شێوەیەک کە
دژی تەوڕاتەکەمانە». 14 کاتێ پۆڵس دەستی کرد بە بەرگری کردن لە خۆی، گالیۆن بە یەهودییەکانی گوت: ئەی یەهودییەکان، ئەگەر
بابەتەکە تاوان یان گوناە بووایە، لە ئەستۆم ئەگرت وەک چۆن دادپەروەری فەرمانی پێدەکات. 15 بەڵام بابەتەکە لەسەر وشە و ناو و
تەوراتەکەتانە، خۆتان چارەسەری بکەن. چونکە من نامەوێت لەم بابەتانەدا داوەری بکەم!» 16 پاشان لە دادگا دەری کردن، 17 بۆیە
سۆسانیسی سەرۆکی کەنیشتەکەیان گرت و لەبەردەم دادگادا لێیان دا، بەڵام گالیۆن گرینگی بە هیچکام لەوانە نەدا! 18 پۆڵس بۆ
ماوەیەکی زۆر لە کۆرنسۆس مایەوە، پاشان ماڵئاوایی لە براکان کرد و بە دەریادا گەشتی کرد بەرەو سوریا، لەگەڵ پریسکیلا و ئەکیلا،
دوای ئەوە لە شاری کەنکریا سەری تاشی، چونکە نەزرێکی لەسەر بوو. 19 کاتێک گەیشتنە ئەفەسۆس پۆڵس لەوێ بەجێی هێشتن، و
چووە ناو کەنیشتەی یەهودییەکان و قسەی بۆ کردن. 20 بۆیە داوایان لێکرد بۆ ماوەیەکی زیاتر لەگەڵیان بمێنێتەوە، بەڵام ڕەتیکردەوە،
21 ماڵئاوایی لێکردن و گوتی: «ئەگەر خودا بیەوێت دەگەڕێمەوە بۆ لاتان! پاشان لە ئەفەسۆسەوە بە دەریادا گەشتی کرد. 22 لە بەندەری
کەیساریا دابەزی و پاشان سەرکەوت و سڵاوی لە کڵێساکە کرد، پاشان دابەزی بەرەو شاری ئەنتاکیە. 23 ماوەیکی لەوێ بە سەر برد.
پاشان بە هەرێمەکانی گەلاتیە و فریگیادا گەڕا و لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەڕۆیشت و ورەی هەموو قوتابییەکانی بەهێزتر کرد.
24 یەهودییەک بە ناوی ئەپۆلۆس هاتە ئەفسوس، لەدایکبووی ئەلکساندریا بوو،زمان خۆش و شارەزای زۆریی لە پەرتووکەکەدا بوو.
25 بەڕێگای پەروەردگار فێر کرابوو. بە خرۆشێکی زۆرەوە قسەی دەکرد، ڕاستییەکانی تایبەت بە یەشوای بە فێرکردنێکی دروست فێر
دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە تەنها لە ئاو هەڵکێشانی یۆخەنان نەیدەزانی، لە کەنیشتەکەدا بە بوێری قسەی دەکرد. 26 کاتێ ئاکیلا و
پریسکیلا گوێیان لێی بوو، و بردیان بۆ لای خۆیان و بە وردی ڕێگای خودایان بۆ ڕوون کردەوە. 27 ئەپۆلۆس بڕیاریدا گەشت بکات بۆ
وڵاتی ئەخایا، بۆیە براکان هانیاندا و بۆ قوتابییەکانی ئەوێ نامەیەکیان نووسی بۆ ئەوەی پێشوازی لێبکەن. کاتێک گەیشتە ئەوێ
یارمەتییەکی گەورەی باوەڕدارانی دا بەوەی لە بەخششەکە هەیبوو: 28 لە مشتومڕە ئاشکراکانی لەگەڵ یەهود بوێر بوو، بە پشتبەستن
بە پەرتووکەکە بەڵگەی بۆ دەهێنانەوە دەیسەلماند کە یەشوا مەسیحەکەیە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 19

[1]له کاتێکدا ئەپۆلۆس لە کۆرنسۆس بوو پۆڵس گەیشتە ئەفسوس، دوای ئەوەی بە ناوچەکانی ناوخۆی وڵاتدا تێپەڕی. لەوێ هەندێک قوتابی دۆزییەوە، [2]بۆیە لێی پرسین: «ئایا گیانی پیرۆزتان وەرگرت کاتێک باوەڕتان هێنا؟» وەڵامیان دایەوە: «نەخێر! تەنانەت دەربارەی بوونی گیانی پیرۆزیش نەمانبیستووە!»[3]پرسیاری کرد: «لەسەر چ بناغەیەک لە ئاوهەڵکێشران؟» وەڵامیان دایەوە: «لە سەر بناغەی لە ئاوهەڵکێشانی یۆخەنان!» [4]پۆڵس گوتی: «یۆخەنان بۆ پاشگەزبوونەوە لە گوناهەکانتان لە ئاوی هەڵدەکێشان، و خەڵکی بانگهێشت دەکرد باوەڕ بەوە بکەن کە دوای خۆی دێت، واتە یەشوا».[5]کاتێک ئەمەیان بیست، بە ناوی پەروەردگار یەشوا لە ئاوهەڵکێشران. [6]هەر کە پۆڵس دەستی خستە سەریان تا گیانە پیرۆزەکە بێتە سەریان، دەستیان کرد بە قسەکردن بە زمانەکان و پێشبینیکردن. [7]ژمارەیان نزیکەی دوانزە پیاو بوو.[8]پۆڵس بۆ ماوەی سێ مانگ بەردەوام دەچوو بۆ کەنیشتە، بە بوێرییەوە قسەی دەکرد، لەگەڵ ئامادەبووان مشتومڕی دەکرد و هەوڵی دەدا بڕوایان پێ بێنێت بە ڕاستییەکان سەبارەت بە شانشینی خودا. [9]بەڵام هەندێک کەلە رەق بوون و بڕوایان پێ نەدەکرد و لە بەردەم ئەوانەی کۆبوونەوە دەستیان کرد بە سووکایەتیکردن بەم ڕێبازە. پۆڵس لەگەڵ قوتابییەکانی، لێیان جیا بووەوە، وهەموو ڕۆژێک لە قوتابخانەی پیاوێک بە ناوی تیرانۆس مشتومڕی دەکرد، [10]بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو لە سەر ئەمە. بەم شێوەیە وشەی پەروەردگار گەیشتە هەموو دانیشتوانی هەرێمی ئاسیا بە یەهود و یۆنانییەکانەوە.[11]خوداش لە سەر دەستی پۆڵس پەرجووی گەورەی ئەنجام دەدا، [12]تەنانەت دەسماڵ و ئەو جلانەی بەر جەستەی دەکەوتن، دەیانخستە سەر نەخۆش، و نەخۆشی نەدەما و گیانە خراپەکارەکان لێیان دەردەچوون.[13]هەندێک لە یەهودییە گەڕۆکەکان کە شارەزا بوون لە دەرکردنی گیانە خراپەکارەکان هەوڵیان دا ناوی پەروەردگار یەشوا بە کار بهێنن، دەیانگوت: «ئێمە بە ناوی یەشوا دەرتان دەکەین ئەوەی کە پۆڵس مزگێنی پێدەدات!» [14]لە نێو ئەمانەدا حەوت کوڕی یەکێک لە کاهینەکان هەبوون، کە ناوی سەکاوا بوو،[15]ئینجا گیانە خراپەکارەکە وەڵامی دایەوە: «من یەشوا دەناسم، و دەرابەری پۆڵس دەزانم. بەڵام، تۆ کێیت؟» [16]ئینجا پیاوەکە کە گیانە خراپەکارەکەی تێدابوو، پەلاماری دان و بەسەر هەموویاندا زاڵبوو، بۆیە بە ڕووتی و برینداریيەوە لەو ماڵە هەڵاتن. [17]هەواڵی ئەمە لەناو یەهود و یۆنانییەکانی دانیشتووی ئەفەسۆسدا بڵاوبۆوە، و ترس دەستی بە سەر هەمووواندا گرت. ناوی پەروەردگار یەشوایان شکۆمەند دەکرد.[18]پاشان زۆرێک لەوانەی باوەڕیان هێنابوو هاتن و دانیان نا بەو شتانەی کردبوویان. [19]زۆرێک لەوانەی کە کاری جادوویان دەکرد پەرتووکەکانیان کۆ کردەوە و لەبەردەم هەمووواندا سوتاندیان. نرخەکەی هەژمارکرا، دەرکەوت پەنجا هەزار پارچە زیو بوو. [20]بەم شێوەیە وشەی پەروەردگار بەهێز بڵاوکرایەوە و بەهێزتر بوو.[21]پاش ئەوەی ئەمانە ڕویدا ، پۆڵس بڕیاری دا بە هەرێمەکانی مەکەدۆنیا و ئەخایادا تێپەڕێت و گەشت بکات بۆ یۆرشلایم، گوتی: «دوای مانەوەم لەوێ، دەبێت سەردانی ڕۆماش بکەم!» [22]ئینجا دووان لەوانەی یارمەتیان دەدا ناردنی بۆ مەکەدۆنیا، تیمۆساوس و ئەرەستۆس، خۆی بۆ ماوەیەک لە هەرێمی ئاسیا مایەوە.[23]لەو ماوەیەدا بەهۆی ئەم ڕێبازەوە پشێوییەکی مەترسیدار لە ئەفەسۆس ڕوویدا. [24]چونکە زیوگەرێک بە ناوی دیمەترییوس کە نموونەی بچووکی زیوی بۆ پەرستگاکانی خوداوەندی ئارتەمیس دروست دەکرد، بەمەش قازانجێکی زۆری بۆ خۆی و کرێکارەکانی دەهێنا، [25]هاوپیشەکانی بانگهێشت کرد و پێی گوتن: «ئەی پیاوەکان دەزانن کە ژیانی ئێمە پەیوەستە بەم پیشەیەمانەوە،[26]بینیوتانە و بیستووتانە کە ئەم پۆڵسە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گومڕا کردووە، نەک تەنها لە ئەفەسۆس، بەڵکو لە نزیکەی هەموو هەرێمی ئاسیا، و باوەڕی پێ هێناون کە ئەو خوداوەندانەی بە دەست دروستکراون خوداوەند نین. [27]ئەمەش نەک هەر لە پیشەکەمان کەم دەکاتەوە، بەڵکو پەرستگای خوداوەندە مەزنەکەمان ئارتەمیس هەیبەتەکەی لە دەست دەدا. ترسمان لەوە هەیە کە ڕێزی کەم بێتەوە و مەزنییەکەی لە دەست بدا چونکە ئەو کەسەیە کە هەموو دانیشتوانی ئاسیا، و هەموو جیهان دەیپەرستن!»[28]کاتێک هاوپیشەکان ئەم قسانەیان بیست تووڕە بوون و دەستیان کرد بە هاوارکردن: «مەزنە ئارتمیس خوداوەندی ئەفەسۆسییەکان!» [29]پشێوییەکە بە هەموو شارەکەدا بڵاوبووەوە. جەماوەرێکی زۆر لە خەڵک هێرشیان کردە سەر گایۆس و ئەریستارخۆسی مەکەدۆنی هاوڕێی پۆڵس لە گەشتەکدا، پەلکێشیان کردن بۆ گۆڕەپانی یاریگاکە.[30]پۆڵس ویستی ڕووبەڕووی جەماوەرەکە ببێتەوە، بەڵام قوتابییەکان ڕێگرییان لێکرد، [31]هەروا هاوڕێکانی لە نێو کەسایەتییە دیارەکانی ئاسیادا تکایان لێکرد خۆی نەخاتە بەر مەترسی بۆ چوون بۆ یاریگاکە، [32]لەناو خەڵکەکەدا سەرلێشێواوی دروست بوو، هەندێکیان هاواریان بۆ شتێک دەکرد، هەندێکی تریان بۆ شتێکی تر، تا ئەو ڕادەیەی زۆربەیان نەیاندەزانی هۆکاری کۆبوونەوەکە چیە.[33]لەناو خەڵکەکەدا یەهودییەک هەبوو بە ناوی ئەسکەندەر، یەهوودییەکان پاڵیان پێوە نا بۆ پێشەوە، هەندێکیان بانگهێشتیان کرد بۆ قسەکردن. بە دەست ئاماژەی کرد تاکوو لە بەرامبەر گەلدا بەرگری لە خۆی بکات. [34]بەڵام جەماوەرەکە دەیانزانی کە ئەو یەهودییە، پێکەوە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر یەک درووشمیان دەگوتەوە: «مەزنە ئارتمیس خوداوەندی ئەفەسۆس!»[35]ئینجا کاربەدەستێکی شار جەماوەرەکەی هێورکردەوە و گوتی: «ئەی خەڵکی ئەفەسۆس، کێ هەیە نەزانێت کە شاری ئەفەسۆس پاسەوانی پەرستگای ئارتمیسی مەزن و ئەو پەیکەرەیە کە لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە؟ [36]چونکە هیچ ناکۆکییەک لەم بابەتەدا نییە، پێویستە هێمن ببنەوە و بە پەلە هیچ مەکەن . [37]ئەم دوو پیاوەی لێرە ئامادەن، نە دزییان لە پەرستگا کردووە، و نە کوفریان بە خوداوەندەکەتان کردووە.[38]بەڵام ئەگەر دیمیتریۆس و هاوپیشەکانی سکاڵایان هەبێت، ئێمە دادگا و دادوەرمان هەیە. با سکاڵاکەیان پێشکەشی دادوەرەکان بکەن. [39]ئەگەر سکاڵایەکی ترتان هەیە لە دانیشتنێکی یاساییدا تاوتوێ دەکرێت. [40]بەڵام ئێستا هەمووومان مەترسی ئەوەمان لەسەرە کە بە تۆمەتی ئاژاوەگێڕی دادگایی بکرێین، بەهۆی ئەوەی ئەمڕۆ ڕوویدا، و هیچ بیانوویەکمان نییە بۆ ئەوەی پاساو بۆ ئەم کۆبوونەوەیە بهێنینەوە!» [41]بەم قسەیە جەماوەرەکەی لە گۆڕەپانەکە دوورخستەوە.

## Chapter 20

[1]دوای کۆتایی هاتنی پشێوییەکە، پۆڵس قوتابییەکانی بانگهێشت کرد و هانیدان، پاشان ماڵئاوایی لێکردن و گەشتی کرد بۆ هەرێمی
مەکەدۆنیا، [2]لەوێ گەشتی دەکرد و لە هەموو شوێنێک بانگەشە و ئامۆژگاری دەکرد و هانی خوێندکارانی دەدا. لە کۆتاییدا گەیشتە یۆنان،
[3]سێ مانگ لەوێ بوو، لەکاتێکدا خۆی ئامادە دەکرد بە دەریادا بۆ سوریا گەشت بکات، زانی کە یەهودییەکان پیلانێکیان داڕشتووە بۆ
کوشتنی. بۆیە بڕیاریدا بە ڕێگای مەکەدۆنیا بگەڕێتەوە.[4]لە گەشتەکەدا سۆپاتریس کوڕی پێرێس خەڵکی بێریا؛ ئەریستارخۆس و
سێکۆندۆس لە تەسالۆنیکی؛ گایۆس و تیمۆساوس لە دێربی، و تیخیکۆس و ترۆفیمۆس لە هەرێمی ئاسیا هاوەڵی بوون. [5]ئەمانە پێش
ئێمە لەگەڵ پۆڵس ڕۆیشتن و لە ترۆئاس چاوەڕێمان بوون. [6]دوای جەژنی فەتیرەی یەهودییەکان، لە فیلیپپیەوە، بە دەریادا گەشتمان
کرد، دوای پێنج ڕۆژ گەیشتینە ترۆئاس، پەیوەندیمان پێوە کردن، وحەوت رۆژ لەێ ماینەوە.[7]لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، کاتێک کۆببووینەوە
بۆ شکاندنی نان، پۆڵس وتاری بۆ ئەوانە دا کۆببوونەوە. چونکە بە نیاز بوو ڕۆژی دواتر گەشت بکات، وتاری تا نیوەشەو درێژ کردەوە.
[8]کۆبوونەوەکەمان لە ژوورێکدا لە نهۆمی سەرەوە بوو، و چرایەکی زۆر لەوێ داگیرسێندرابوو.[9]گەنجێک بە ناوی ئەفیتیخۆس لە سەر
پەنجەرەکە دانیشتبوو، و خەوێکی قووڵ دایگرتبوو، لە کاتێکدا پۆڵس بەردەوام بوو لە وتارە دوور و درێژەکەی، لە نهۆمی سێیەمەوە
کەوتە خوارەوە و ، بە مردوویی هەڵگیرا. [10]پاشان پۆڵس رۆیشتە خوارەوە و خۆی دا بە سەریا و باوەشی پێدا کرد و گوتی: «نیگەران
مەبن! دەژی!»[11]دوای ئەوە پۆڵس سەرکەوتەوە و نانەکەی شکاند و خواردنی خوارد، پاش ئەوەی تا بەرەبەیان بەردەوام بوو لە
قسەکانی، پاشان بە وشکانیدا ڕۆیشت (بۆ ئەسۆس). [12]سەبارەت بە گەنجەکەش بە زیندووی هێنایان، و ئەوە دڵنەواییەکی مەزن بوو بۆ
ئەوان.[13]سەبارەت بە ئێمەش پێش پۆڵس بە دەریادا بەرەو ئەسۆس ڕۆیشتین، لەوێ چاوەڕێی هاتنی بووین بەپێی ئەو پلانەی کە
دایانابوو چونکە بە نیاز بوو بە پێ بێت. [14]کاتێک گەیشتنە ئێمە، سواری کەشتییەک بووین، و بە دەریادا بەرەو بەندەری میتیلین ڕۆیشتین.
[15]بەردەوام بووین لە گەشتەکە و ڕۆژی دواتر گەیشتینە بەردەم دوورگەی خیۆس. لە ڕۆژی سێیەمدا لە نزیک دوورگەی سامۆس
تێپەڕین، ڕۆژی چوارەم گەیشتینە میلیتۆس. [16]پۆڵس بڕیاری دابوو بە دەریا بە ئەفەسۆسدا تێپەڕێت بۆ ئەوەی دوا نەکەوێت لە هەرێمی
ئاسیا، دەویست تا بتوانێت بە خێرایی لە ڕۆژی پەنجاهەمین بگاتە یۆرشەلایم.[17]لە میلیتۆسەوە پۆڵس بانگهێشتی پیرانی کلێسای کرد لە
ئەفەسۆس. [18]کاتێک هاتنە لای، پێی گوتن: «دەزانن بە درێژایی ئەو ماوەی کە لە نێوانتاندا بەسەرم برد، هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنم بۆ
هەرێمی ئاسیا چۆن ڕەفتارم لەگەڵ ئێوەدا کردووە. [19]من بە هەموو بێ فیزی، و بە فرمێسکێکی زۆرەوە، خزمەتم بە پەروەردگار کرد،
من بەدەست ئەو تەنگانانەوە دەناڵێنم کە بە پیلانی یەهوودییەکان بەسەرمدا هاتووە. [20]هەرگیز هیچم لەو شتانە پشت گوێ نەخستووە کە
سوودبەخشن و پێم ڕاگەیاندوون، بە ئاشکرا و ماڵە بە ماڵ فێرم کردوون. [21]بۆیە داوام لە یەهودی و یۆنانییەکان کرد کە پاشگەز ببنە لە
گوناهەکانیان و بەرەو لای خودا و باوەڕ بهێنن بە پەروەردگارمان یەشوا.[22]من ئەمڕۆ دەچمە یۆرشەلایم، بە پاڵنەری گیانەکە، نازانم لەوێ
چی چاوەڕێم دەکات. [23] بەڵام گیانە پیرۆزەکە لە هەموو شارێک کە دەڕۆم پێم ڕادەگەیەنێت کە زیندان و تەنگانە چاوەڕێم دەکات.
[24]بەڵام ژیانی من هیچ بەهایەکی نیە، تا ئەو کاتەی هەوڵ دەدەم بۆ پێگەیشتووی ئامانجەکەم و تەواوکردنی ئەو خزمەتەی کە پەروەردگار
یەشوا پێی سپاردووم: شایەتی دەدەم بە مزگێنی بەخششی خودا.[25]دەزانم لە ئەمڕۆ بە دواوە ڕووخساری من نابینن، ئێوە هەموو
ئەوانەی کە من لە نێوانیاندا دەگەڕام و مزگێنی شانشینی خودام دەدا. [26]بۆیە ئەمڕۆ شایەتیتان بۆ دەدەم کە لە خوێنی هەمووتان
بێبەریم، [27]چونکە خۆم لە گەیاندنی هەموو مەبەستەکانی خودا بە ئێوە بە دوور نەگرتووە.[28]کەواتە ئاگاتان لە خۆتان و لە هەموو
مێگەلەکە بێت، ئەوەی گیانە پیرۆزەکە وەک چاودێری دایناون بۆی، بۆ شوانی کلێسای خودا کە بە خوێنی خۆی کڕیویەتیەوە. [29]چونکە
دەزانم پاش ڕۆیشتنم گورگی ڕفێنەر دێنە نێوتان، بەزەیی بە مێگەلەکەدا نایەتەوە. [30]بەڵکوو لەنێو خۆتاندا کەسانێک سەرهەڵدەدەن
فێرکاری لاڕێتان فێر دەکەن، تاکو قوتابییەکان بەدوای خۆیاندا ڕابکێشن.[31]بۆیە وریا بن، و لەبیرتان بێت کە، بۆ ماوەی سێ ساڵ، شەو و
ڕۆژ نەوەستام لە ئامۆژگاریکردنی هەریەکێکتان بە فرمێسکەوە. [32]ئێستاش ڕادەستی خودا و وشەی بەخششە تواناداره‌کەیتان دەکەم
بۆ ئەوەی بنیاتتان بنێت و میراتێکتان پێبدات بە هاوبەشی لەگەڵ سەرجەم پیرۆزکراوان بۆ خودا.[33]من هەرگیز ئارەزووی زیو و زێڕ و جل
و بەرگی کەسم نەکردووە. [34]دەزانن من بە دەستی خۆم کارم کردووە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆم و هاوەڵەکانم. [35]بە ڕوونی
نیشانم داون کە چۆن دەبێت کۆشش بکەین لە یارمەتیدانی نیازمەندان، وشەکانی پەروەردگار یەشوا، بە بیر بهێنینەوە، کاتێک
فەرمووی: خۆشیەک کە لە بەخشیندایە زیاترە لەوەی کە لە وەرگرتندایە!»[36]دوای ئەم قسانە، پۆڵس لەگەڵ هەموویان چۆکی دادا و
نزای کرد. [37]هەمووان زۆر گریان، و پۆڵسیان لە باوەش گرت و بە گەرمی ماچیان کرد، [38]زۆر دڵتەنگ بوون، بە تایبەت لەبەر ئەوەی پێی
وتبوون کە جارێکی تر ڕووخساری نابیننەوە. پاشان لەگەڵیدا ڕۆیشتن بۆ لای کەشتییەکە و ماڵئاواییان لێکرد.

# Chapter 21

1كاتێ لێیان جیابووینەوە، بە دەریادا ڕێک بەرەو کووس ڕۆیشتین. ڕۆژی دواتر گەیشتینە دوورگەی ڕۆدس، لەوێشەوە بەرەو بەندەری
پاترا، 2لەوێ کەشتییەکمان بینی دەچوو بەرەو فینیقیا، سواربووین و ڕۆیشتین.3دورگەی قوبرس لەبەردەممان دەرکەوت، بۆیە بەلای
باکوری خۆماندا تێپەڕین، و بەردەوام بووین لە گەشتکردن بەرەو سوریا، گەیشتینە بەندەری سور و لەوێ دابەزین، چونکە کەشتییەکە
بڕیار بوو بارەکەی لەوێ دابەزێنێت. 4لەوێ لەگەڵ قوتابییەکان قسەمان کرد، و حەوت ڕۆژ لە لایان ماینەوە، ئەوانیش بە سرووش لە
گیانەکە، ئامۆژگاری پۆڵسیان دەکرد کە نەچێتە یۆرشەلایم.5بەڵام کاتێ ماوەی مانەوەمان کۆتایی پێهات لەوێ رۆیشتین بۆ تەواو کردنی
گەشتەکەمان، هەموویان تاکو دەرەوەی شار بە ژن و منداڵیانەوە لەگەڵمان هاتن و ماڵئاواییان لێکردین. لە کەناری دەریاکە چۆکمان
دادا و نزامان کرد، 6پاشان ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد، و سواری کەشتییەکە بووین، ئەوانیش گەڕانەوە ماڵەکانیان.7لە گەشتە
دەریاییەکەمان لەسورەوە بەردەوام بووین بەرەو بۆتۆلمایس، لەوێ سڵاومان لە برایان کرد و ڕۆژێک لەلایان ماینەوە. 8بۆ رۆژی دوایی
رۆیشتین بۆ شاری کەیسەریە و میوانی ماڵی فیلیپۆسی مزگێنیدەر بوین، کە یەکێکە لە حەوت بەڕێوەبەرەکە، 9ئەو چوار کچی پاکیزەی
هەبوو کە پێشبینییان دەکرد.10چەند ڕۆژێک ماینەوە. لە کاتێکدا ئێمە لەوێ بووین، پێغەمبەرێک بە ناوی ئەگابوس لە ناوچەی یەهودیاوە
هاتە لامان. 11پشتێنەکەی پۆڵسی وەرگرت، و خۆی و دەست و پێیەکانی پێ بەستەوە و گوتی: «گیانی پیرۆز دەڵێت بەم شێوەیە خاوەنی
ئەم پشتێنە لەلایەن یەهودییەکانی یۆرشەلایمەوە دەبەسترێتەوە، و ڕادەستی بیانییەکان دەکرێت».12کاتێک ئەمەمان بیست هەموومان،
ئێمەی هاوڕێکانی پۆڵس و باوەڕدارانی شارەکە، تکامان لە پۆڵس کرد کە نەچێتە یۆرشەلایم، 13بەڵام پێی گوتین: «بۆچی دەگرین و دڵم
دەشکێنن؟ من ئامادەم نەک تەنها لە یۆرشەلایم کۆت وبەند بکرێم، بەڵکو لەپێناو ناوی پەروەردگار یەشوا بمرم!» 14کاتێک نەمانتوانی
ڕازی بکەین بێدەنگ بووین و گوتمان: «با بە خواستی پەروەردگار بێ!»15دوای ماوەیەک خۆمان بۆ گەشت ئامادە کرد و بەرەو
یۆرشەلایم بەڕێکەوتین. 16لەگەڵ هەندێک قوتابی خەڵکی کەیسەریە، ئێمەیان بردە ماڵی مەنەسۆنی قوبرسی کە قوتابییەکی کۆن بوو،
ئێمەش بووینە میوانی ئەو.17کاتێ گەیشتینە یۆرشلایم، برایان بە خۆشییەوە پێشوازییان لێکردین. 18لە ڕۆژی دواییدا پۆڵس لەگەڵمان
هاتە لای یاکۆڤ، هەموو پیرانیش کۆ ببوونەوە لەگەڵیان. 19پاشان پۆڵس سڵاوی لێکردن و دەستی کرد بە گێڕانەوەی یەک لە دوای یەک
هەموو ئەو شتانەی کە خودا لە ڕێگەی خزمەتەکەیەوە لەنێو نەتەوەکاندا کردوویەتی.20کاتێک هەواڵی ئەوانەیان بیست، خودایان
شکۆمەند کرد، و پێیان گوت: براکەم دەبینیت ئەو یەهودییانەی باوەڕیان بە پەروەردگار هێناوە ژمارەیان هەزارانە، و بە پەرۆشەوەن بۆ
تەوڕات، 21ئەوان بیستوویانە کە تۆ بانگهێشتی ئەو یەهودییانە دەکەیت کە لە نێو نەتەوەکاندا دەژین بۆ هەڵگەڕانەوە لە موشە، و
ئامۆژگارییان دەکەیت کە منداڵەکانیان خەتەنە نەکەن و ئەو داب و نەریتانەی بە میرات ماوەتەوە پەیڕەوی نەکەن،22کەواتە چی بکەین،
چونکە دەبێت بیستبێتیان کە هاتوویت؟ 23کەواتە ئەوەی پێت دەڵێین بیکە: ئێمە چوار پیاومان هەیە کە نەزریان لە سەرە، 24بیانبە بۆ
پەرستگا و لەگەڵ خۆت پاکیان بکەوە، بەخشینی سەر تاشینەکەیان بدە، بۆ ئەوەی هەمووان بزانن ئەوەی لەبارەی تۆوە بیستوویانە
ڕاست نییە، وە تۆش وەک ئەوان بە ڕێگای کارکردن بە تەوڕات ڕەفتار دەکەیت.25دەربارەی ئەو باوەڕدارانەی کە یەهودی نین ،
نامەیەکمان بۆ ناردوون و رامانسپاردن تێدا خۆیان لە خواردنی قوربانی پێشکەشکراو بە بتەکان، و خواردنی خوێن، و لە خواردنی
گۆشتی ئاژەڵی خنکێندراو، و لە داوێنپیسی بپارێزن». 26وە بەو شێوەیەش بوو. بۆ رۆژی دوایی پۆڵس چوار پیاوەکەی برد؛ و لەگەڵیان
خۆی پاک کردەوە، چووە ناو پەرستگاکە بۆ ئەوەی ئەو رۆژە تۆمار بکات کە تێیدا هەفتەی پاککردنەوە کۆتایی هات، تائەو
پێشکەشکردنەی بەناوی هەر یەکێکیانەوە کە لەسەریانە بدرێت.27کاتێ خەریک بوو حەوت ڕۆژەکە تەواو بێت، یەهودییەکانی هەرێمی
ئاسیا لەنێو پەرستگا پۆڵسیان بینی، هەموو کۆمەڵەکەیان ورووژاند، و دەست بەسەریان کرد، 28هاواریان دەکرد: «ئەی نەوەی یەسرائیل
فریابکەون! ئەمە ئەو پیاوەیە کەبانگهێشتی خەڵک دەکات لە هەموو شوێنێک دژ بە گەل و تەوراتەکەمان و ئەم شوێنە، تەنانەت
یۆنانیەکانی هێناوتە پەرستگا و ئەم شوێنە پیرۆزەی گڵاو کرد!» 29چونکە ترۆپیمۆسی ئەفەسۆسییان لە شارەکەدا لەگەڵی بینیبوو،
وایانزانی پۆڵس لەگەڵ خۆی هێناویەتی بۆ پەرستگا.30ئینجا هەموو خەڵکی شارەکە شڵەژان، و هێرشیان کردە سەر پۆڵس و پەلکێشیان
کرد بۆ دەرەوەی پەرستگاکە، لەوکاتەدا دەرگاکانیان داخست. 31لەکاتێکدا هەوڵی کوشتنیان دەدا فەرماندەی یەکەی ڕۆمییەکان بیستی
کە لە هەموو یۆرشەلایم پشێوی دروست بووە.32دەستبەجێ کۆمەڵێک سەرباز و سەرپەلی برد و بەخێرایی ئامادە بوو. کاتێک
یەهودییەکان فەرماندەو سەربازەکانییان بینی، وازیان لە هێرشکردنە سەر پۆڵس هێنا. 33فەرماندەکە چووە پێش و گرتی و فەرمانی بە
سەربازەکانی کرد بە دوو زنجیر بیبەستنەوە، پرسیاری کرد: «ئەوە کێیە، و چی کردووە؟»34هەندێکیان بانگەوازیان بۆ شتێک دەکرد و
هەندێکی تر بۆ شتێکی تر. کاتێک بەهۆی پشێوییەکە نەیتوانی ڕاستی بابەتەکە روون بکاتەوە، فەرمانی کرد پۆڵس ببرێتە سەربازگەکە.
35 کاتێک گەیشتنە سەر پلیکانەکان، سەربازەکان ناچار بوون هەڵیبگرن بۆ ئەوەی لە توندوتیژیی جەماوەرەکە ڕزگاری بکەن.
36جەماوەرەکە بەدوایدا دەڕۆیشتن و هاواریان دەکرد: «لە سێدارەی بدەن!»37پێش ئەوەی پۆڵس بچێتە ناو سەربازگەکە، بە زمانی
یۆنانی بە فەرماندەکەی گوت: «دەتوانم شتێکت پێ بڵێم؟» فەرماندەکە گوتی: تۆ بە زمانی یۆنانی قسە دەکەیت؟ 38تۆ پیاوە
میسرییەکە نیت ماوەیەک لەمەوبەر ئاژاوەیەکت نایەوە و بە چوار هەزار بکوژەوە بەرەو بیابان هەڵات!»39پۆڵس گوتی: «من
یەهودییەکی خەڵکی تەرسۆسم، کە شارێکی بەناوبانگی هەرێمی کیلیکیایە. تکات لێدەکەم ڕێگەم بدە لەگەڵ گەل قسە بکەم».
40فەرماندە مۆڵەتی پێدا. پۆڵس لەسەر پلیکانەکە وەستا، و بە دەستی ئاماژەی بە خەڵکەکە کرد. کاتێک بێدەنگی زاڵ بوو، دەستی کرد
بە قسەکردن لەگەڵیان بە زمانی عیبری و گوتی:



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 22

1ئەی برایان و باوکان، ئێستا گوێ لە بەرگریکردنەکەم بگرن». 2کاتێک بیستیان بە زمانی عیبری قسەیان لەگەڵ دەکات، هێمنتر بوون،
گوتی:3«من پیاوێکی یەهودیم، لە تەرسوس لەدایک بووم کە دەکەوێتە هەرێمی کیلیکیا، بەڵام لەم شارە گەورە بووم و لە لای گەمالئیلی
پێغەمبەردا پەروەردە بووم بە تەواوەتی بە پێی تەوراتی باوباپیرانمان. منیش بە پەرۆشم بۆ بابەتەکانی خودا، وەک چۆن ئەمڕۆ
هەمووتان بەپەرۆشن. 4بۆیە ئەم ڕێبازەم هەتا مردن چەوساندەوە، شوێنکەوتووانیم گرت لە پیاو و ژن، فڕێمدانە زیندانەکان. 5سەرۆک
کاهین و ئەنجومەنی پیران شایەتحاڵی ڕاستی قسەکانمن. نامەم لێ وەرگرتن بۆ براکانیان لە دیمەشق بۆ ئەوەی یارمەتیم بدەن بۆ
دەستگیرکردنی ئەوانەی لەوێ بوون، تا بیانبەم بۆ یۆرشەلایم تا سزاکەیان وەربگرن.6کاتێک گەیشتمە نزیکی دیمەشق و کاتەکە نزیکەی
نیوەڕۆ بوو، لەناکاو ڕووناکییەکی سەرسورهێنەر لە دەوروبەرمدا درەوشایەوە، 7کەوتمە سەر زەوی، و گوێم لە دەنگێک بوو پێی گوتم:
شائۆل، شائۆل، بۆچی دەمچەوسێنیتەوە؟ 8وەڵامم دایەوە: تۆ کێیت ئەی گەورەم؟ پاشان گوتی: من یەشوای ناسیرەیم، کە تۆ
ئەیچەوسێنیتەوە.9هاوڕێکانم ڕووناکییەکەیان بینی، بەڵام گوێیان لە دەنگەکەی قسەی لەگەڵم دەکرد نەبوو. 10بۆیە پرسیم: پەروەردگار
چی بکەم؟ پاشان پەروەردگار وەڵامی دامەوە: هەستە و بڕۆ ناو دیمەشق، لەوێ پێت دەگوترێت کە دەبێت چی بکەیت. 11هاوڕێکانم
دەستیان گرتم تا گەیاندیانم بە دیمەشق، چونکە بەهۆی چڕی ئەو ڕووناکییە درەوشاوەیە نەمدەتوانی ببینم.12لە دیمەشق پیاوێک هەبوو
بە ناوی ئەنانیاس، خودا پەرەست بوو وەک تەورات داوای دەکات، هەموو یەهودییەکانی دیمەشق شایەتی باشیان لەسەر دەدا. 13هاتە
لام و وەستا و گوتی: برام شائۆل، ببینە. دەستبەجێ بینینم بۆ گەڕایەوە، بەردەمی خۆمم دی،14پاشان گوتی: خودای باوباپیرانمان،
پێشوەختە تۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی خواستی ئەو بزانی و ڕاستودروست بی و لە دەمی خۆیەوە دەنگی ببیسی. 15چونکە تۆ شایەتحاڵ
دەبی بۆ ئەو، لەبەردەم هەموو خەڵکدا، بەو شتانەی کە بینیوتە و بیستووتە. 16ئێستا بۆ دواى دەخەی؟ هەستە، با لە ئاوهەڵکێشرێی و لە
گوناهەکانت خۆت بشۆوە، بە ناوی پەروەردگارەوە بانگەواز بکە.17دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ یۆرشەلایم. لە کاتێکدا لە پەرستگا نزام
دەکرد لە هۆش خۆم چووم، 18پەروەردگارم بینی پێی فەرمووم: پەلە بکە و بە خێرایی یۆرشەلایم بەجێبهێڵە، چونکە خەڵکەکەی
ڕەتیدەکەنەوە شایەتیم بۆ بدەن.19گوتم: ئەی پەروەردگار، ئەوان دەزانن کە من لە کنیشتەکاندا دەگەڕێم بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە تۆ
هەیە، تا زیندانیان بکەم و قامچیان لێبدەم. 20من ئامادە بووم کاتێک شایەتیدەرت ستیڤانۆس کوژرا، منیش بە کوشتنی ئەو ڕازی بووم،
پاسەوانی جل و بەرگی بکوژەکانیم دەکرد. 21بەڵام پێی گوتم: من دەتنێرم بۆ دوور بۆ نەتەوەکان!»22جەماوەرەکەش بەردەوام بوون لە
گوێ گرتن تا ناوی نەتەوەکانی هێنا، ئینجا هاواریان کرد بۆ فەرماندەکە: «لەسەر ڕووی زەوی مەیهێڵە! چونکە ئەوە شایانی ژیان نییە!»
23پاشان هاواریان کرد و بەجلەکانیان تۆزیان بە هەوادا دەکرد. 24فەرماندەکە فەرمانی دا پۆڵس ببەنە ژوورەوە بۆ سەربازگەکە و بە
زەبری قامچی لێی بکۆڵنەوە، تاکو بزانێت هۆکاری ئەو دروشمانەی لە دژی دەیدەن چیە.25کاتێ سەربازەکان بەستیانەوە تاکو بە قامچی
لێی بدەن پۆڵس بە سەرپەلی سەدەکە کە لەوێ وەستا بوو گوتی: «ئایا ڕێگە پێدراوە بۆتان پێش دادگاییکردنی کەسێکی ڕۆمانی بەر
قامچی بدەن؟» 26کاتێ سەرپەلەکە گوێی لێبوو، چووە لای فەرماندەکە، هەواڵی بابەتەکەی پێدا، و گوتی: «دەزانن ئەگەر لەم پیاوە
بدەین بە چ پێشێلکارییەک تاوانبار دەکرێین؟ ئەو بە ڕەگەزنامە ڕۆمانییە!»27فەرماندەکەش بۆ خۆی هات بۆ لای پۆڵس و پێی گوت: «ئایا
بەڕاستی تۆ ڕۆمانیت؟» وەڵامی دایەوە: «بەڵێ!» 28فەرماندەکە گوتی: «من پارەیەکی زۆرم دا بۆ بە دەستهێنانی رەگەزنامەی
رۆمانی». پۆڵس گوتی: «بەڵام من بە لەدایک بوون بە دەستم هێناوە!» 29ئەو سەربازانەی کە ڕاسپێردرابوون بە زەبری قامچی
لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەن لێی دوورکەوتنەوە، و خودی فەرماندەکەش ترس دایگرت لە دەرئەنجامەکانی بەستنەوەی بە زنجیر، دوای
ئەوەی دەرکەوت کە ڕۆمانیە.30بۆ ڕۆژی دواتر فەرماندەکە ویستی لە ڕاستی ئەو تۆمەتە بکۆڵێتەوە کە یەهودییەکان ئاراستەی پۆڵسیان
کردبوو، کۆت و بەندەکانی کردەوە، و فەرمانی کرد هەموو سەرۆکەکانی کنیشتەکە و ئەندامانی ئەنجومەنی یەهودییەکان ئامادە بن، و
پۆڵسی بانگ کرد ولە بەردەمیان وەستاندی.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 23

[1]پۆڵس سەیری ئەنجومەنەکەی کرد و گوتی: «ئەی برایان، تاکو ئەمڕۆ بە ویژدانێکی پاک بۆ خودا ژیاوم». [2]ئەنانیای سەرۆک کاهین
فەرمانی بە یەکێک لەوانە دا کە لەلای ڕاوەستابوون تاکو بە دەمیدا بکێشن. [3]پۆڵس پێی گوت: «خودا لێت بدات، ئەی دیواری
گۆڕستانی سپی! چۆن دانیشتووی بەگوێرەی تەورات بڕیار دەدەیت، کەچی پێچەوانەی تەورات فەرمانی لێدانم دەدەیت؟»[4]ئەوانەی
لەلای ڕاوەستابوون گوتیان: «ئایا سووکایەتی بە سەرۆکی کاهینی خودا دەکەیت؟» [5]پۆڵس وەڵامی دایەوە: «ئەی برایان نەمدەزانی
سەرۆک کاهینە چونکە لە پەرتووکەکەدا نووسراوە: بە خراپە باسی سەرکردەیەکی گەلەکەت مەکە!»[6]پۆڵس دەیزانی هەندێک لە
ئەندامانی ئەنجومەنەکە سەر بە ڕێبازی سەدوکیمن، و هەندێکیان فەریسین، بانگی ئەنجومەنەکەی کرد: «ئەی برایان، من فەریسی
کوڕی فەریسیم، ئێستا لە دادگادام چونکە باوەڕم وایە مردووەکان هیوای هەستانەوەیان هەیە!» [7]ناکۆکی کەوتە نێوان فەریسی و
سەدوکیمەکانی ئەنجومەنەکە، ئامادە بووان دابەش بوون. [8]چونکە سەدوکیمەکان نکۆلی لە هەستانەوە و فریشتە و گیانەکان دەکەن،
بەڵام فەریسییەکان دان بە هەموو ئەمانەدا دەنێن.[9]هاوار بەرزبۆوە، هەندێک لە مامۆستایانی تەوڕات و لایەنگری فەریسییەکان، بە
خرۆشەوە ناڕەزایەتییان دەربڕی و گوتیان: «تاوان لەم پیاوەدا نابینین، ڕەنگە گیانێک یان فریشتەیەکی خودا لەگەڵیدا دوابێت!» [10]کاتێ
ناکۆکییەکە پەرەی سەند، فەرمانەدەکە ترسا پۆڵس پارچە پارچە بکەن، فەرمانی بە سەربازەکان دا دابەزن و لەنێوانیاندا و بیبەنەوە
سەربازگە.[11]بۆ شەوی دوایی پەروەردگار بۆ پۆڵس دەرکەوت و فەرمووی: «ئازا بە، چونکە وەک لە یۆرشەلایم شایەتیت بۆ دام،
هەروەها دەبێ لە ڕۆماش ئەوە بکەیت».[12]کاتێ رۆژ بۆوە هەندێک یەهودییوکان پیلانیان گێڕا، خواردن و خواردنەوەیان لەسەر خۆیان
قەدەغە کرد تاکو ئەوکاتەی پۆڵۆس دەکوژن. [13]ئەوانەی ئەم پیلانەیان داڕشت نزیکەی چل پیاو بوون.[14]چوونە لای سەرۆک کاهینان و
پیران، گوتیان: «لە سەر خۆمان خواردن و خواردنەوەمان قەدەغە کردووە تاکو پۆڵس دەکوژین. [15]داوا بکەن لە فەرماندە وەک
ئەندامانی ئەنجومەن، کە پۆڵس ئامادە بکاتەوە بە بیانووی پێداچوونەوە بە بابەتەکەدا ، و ئێمە ئامادە دەبین پێش ئەوەی بگاتە
ئەنجومەنەکە بیکوژین!»[16] بەڵام هەواڵی ئەم پیلانگێڕییە بە خوشکەزای پۆڵس گەیشت، بۆیە چووە سەربازگەکە و ئاگاداری کردەوە.
[17]ئینجا پۆڵس یەکێک لە سەرپەلەکانی بانگ کرد و داوای لێکرد خوشکەزاکەی بباتە لای فەرماندەکە تا بابەتێکی گرنگی پێ بڵێت.[18]بردییە
لای فەرماندە و گوتی: «پۆڵسی زیندانی بانگی کردم و داوای لێکردم ئەم گەنجە بهێنم بۆلات، چونکە بابەتێکی گرنگی هەیە کە دەیەوێت
پێت بڵێت». [19]فەرماندە دەستی گەنجەکەی گرت، و بە تەنیا لەگەڵیدا ڕۆیشت، و لێی پرسی: «ئەو بابەتە چییە کە دەتەوێت ئاگادارم
بکەیتەوە لێی؟»[20]گوتی: «یەهودییەکان پیلانێکیان لە دژی پۆڵس داڕشت، و داواتان لێدەکەن بیهێننە ئەنجومەنەکەیان، بە بیانووی ئەوەی
بە بابەتەکدا بچنەوە، [21]بۆیە داواکەیان ڕەتبکەوە، چونکە زیاتر لە چل کەسیان خواردن و خواردنەوەیان لە سەر خۆیان قەدەغە کردووەو
بۆسەیان داناوە بۆ کوشتنی، ئێستاش ئامادەکارییان کردووە بۆ ئەوە، چاوەڕێی جێبەجێکردنی داواکاریەکەیانن!»[22]فەرماندەکە
گەنجەکەی بەڕێکرد و ڕایسپارد: «بە کەس نەڵێیت کە ئەمەت بە من گوتووە!» [23]ئینجا دووان لە سەرپەلەکانی بانگ کرد، و فەرمانی
پێکردن و گوتی: «دووسەد سەرباز ئامادە بکەن کاتژمێر نۆی شەو بچن بۆ کەیسەرییە لەگەڵ حەفتا سوار و دووسەد ڕم هەڵگر، [24]چەند
سوار کە پۆڵس هەڵگرن و بە پارێزراوی بیگەیەننە لای فیلیکسی فەرمانڕەوا».[25]نامەیەکی بۆ فەرمانڕەوا نووسی وتێیدا گوتی: [26]«لە
کلۆدیۆس لیسیاسەوە بۆ جەنابی فەرمانڕەوا فیلیکس: سڵاو! [27]ئەم پیاوە لەلایەن یەهودییەکانەوە دەستگیرکرا و ویستیان بیکوژن. زانیم
هاووڵاتییەکی ڕۆمانییە، بۆیە لەگەڵ چەند سەربازێکدا بەپەلە گەیشتمە لای و ڕزگارم کرد.[28]دەمویست بزانم بە چی تاوانباری دەکەن،
بردمە بەردەم ئەنجومەنەکەیان، [29]بۆم روون بۆوە لە سەر بابەتی تایبەت بە تەوراتەکەیان تاوانبار کراوە. هیچ تاوانێکم تیا نەدۆزییەوە کە
شایانی مەرگ یان زیندانیکردن بێت. [30]دواتر بۆم روون بۆوە یەهودییەکان پیلانێکیان بۆ کوشتنی داڕشتووە، خێرای بۆ لای تۆم نارد،
فەرمانم بە سکاڵاکاران کرد چییان لەسەری هەیە لەلای تۆ پێشکەشی بکەن».[31]بەم شێوەیە سەربازەکان شەوانە پۆڵسیان گواستەوە بۆ
ئەنتیپاتریس، ئەو فەرمانانەی کە بۆیان دەرکرابوو جێبەجێیان کرد. [32]سەر لە بەیانی گەڕانەوە بۆ سەربازگەکە، سوارەکانیان بەجێهێشت
بۆ ئەوەی لەگەڵ پۆڵس بچنە کەیسەریە. [33]لەوێ لەگەڵ نامەکەدا ڕادەستی فەرمانڕەوایان کرد.[34]فەرمانڕەوا نامەکەی خوێندەوە، و
پرسیاری کرد کە پۆڵس سەر بە کام هەرێمە. کاتێک زانی خەڵکی کیلیکیایە [35]پێی گوت: «کاتێک سکاڵاکەرەکان دێن، سەیری بابەتەکەت
دەکەم». فەرمانی دا کە پۆڵس لە کۆشکی هیرۆد، دابنرێت لە ژێر چاودێریدا.



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 24

[1]دوای پێنج ڕۆژ شاندێک هاتنە کەیسەریە، پێکهاتبوو لە ئەنانیاس، سەرۆک کاهین، و هەندێک لە پیران، و پارێزەرێک بە ناوی تەرتولۆس،
بۆ ئەوەی سکاڵاکەیان لە دژی پۆڵس بخەنە بەردەم فەرمانڕەوا. [2]فەرمانڕەوا پۆڵسی بانگهێشت کرد، و تەرتولۆس دەستی کرد بە
تۆمەتبارکردنی، و گوتی: « ئەو ئاشتی زۆرە و چاکسازییە کە بە بەخششی تۆ گەلەکەمان سوودی لێ دەبینن بەهۆی گرینگی پێدانی
تۆوە بووە [3]جەنابی فەرمانڕەوا فیلیکس ئێمە بە تەواوی، و لە هەموو شوێنێک، بە سوپاسێکی زۆرەوە پێشوازی لێدەکەین.[4]لەبەر ئەوەی
نامەوێت ماندووت بکەم بە قسەکانم، هیوادارم ئەوەندە میهرەبان بی کە گوێ لە پێشکەشکردنی کورتی داواکارییەکەم بگری: [5]ئێمە
ئەم تۆمەتبارەمان بە وێرانکەرێک زانیوە، و ئاژاوەی لە نێوان هەموو یەهودییەکان لە سەرجەم وڵاتەکەدا دروست کردووە، و ئەو
سەرکردایەتی ڕێبازی ناسری دەکات. [6]کاتێک هەوڵیدەدا پەرستگاکەمان گڵاو بکات، ئێمە دەستگیرمان کرد و ویستمان بەپێی
تەوراتەکەی خۆمان دادگایی بکەین.[7]بەڵام فەرماندە لیسیاس هات و بە زۆر لە دەستی ئێمەی دەرهێنا، [8]پاشان فەرمانی بە سکاڵا
کارەکان کرد داواکەیان بەرز بکەنەوە بۆ بەردەم تۆ. ئێستا دەتوانی دڵنیابی لە دروستی داواکارییەکەمان بە لێپرسینەوە لەسەر ئەم
بابەتە!» [9]ئەندامانی یەهودی شاندەکە پشتگیریان لە داواکاری پارێزەرەکە کرد و پشتراستیان کردەوە کە ئەوە ڕاستە.[10]فەرمانڕەوا
ئاماژەی بە پۆڵس کرد بەرگری لە خۆی بکات، ئەویش وەڵامی دایەوەو گوتی: «دەزانم کە تۆ ساڵانێکی زۆرە فەرمانڕەوای کاروباری
یەهودییەکانیت، بۆیە بە ئاسوودەییە بەرگری خۆم دەخەمە بەردەمت. [11]دەتوانن بە خێرایی بزانن کە من دوانزە ڕۆژ زیاتر نیە کە
گەیشتوومە یۆرشەلایم، بۆ پەرستش. [12]یەک کەس لە یەهودییەکان هەرگیز نەیانبینیم کە لە پەرستگاکەدا لەگەڵ کەسدا مشت و مڕ
بکەم نە لە پەرستگا و نە لە شەقامەکانی شارەکەدا ئاژاوە دروست بکەم. [13]ئەمان ناتوانن ئەو کارانە بسەلمێنن کە منی پێ تۆمەتبار
دەکەن.[14]بەڵام دان بەوەدا دەنێم کە من شوێن ڕێبازەکە دەکەوم، کە ئێوە پێی دەڵێن لاڕێ، من خودای باوباپیرانمان دەپەرستم، باوەڕم
بە تەورات و هەموو ئەو شتانە هەیە کە لە پەرتووکی پێغەمبەراندا نووسراون، [15]من هەمان هیوام بە خودا هەیە کە ئەم پیاوانە هەیانە:
ئەو هەم چاکەکاران و هەم ناڕەواکان هەڵدەستێنێتەوە. [16]بۆیە منیش خۆم ڕاهێنان دەکەم کە هەمیشە بە ویژدانێکی ڕوون لەبەردەم
خودا و خەڵکدا بژیم.[17]دوای ئەوەی چەند ساڵێک لە یۆرشەلایم دوور کەوتمەوە، گەڕامەوە بۆ ئەوەی هەندێک بەخشین بۆ گەلەکەم بهێنم
و پێشکەشکردن پێشکەش بکەم. [18]لە کاتی ئەنجام دانی لە پەرستگە هەندێک یەهودی هەرێمی ئاسیا، لە پەرستگاکەدا منیان بینی کە
خەریکی تەواوکردنی ڕێوڕەسمی پاککردنەوە بووم. نە قەرەباڵغی لە دەوروبەرم بوو و نە ئاژاوەگێڕیم کرد، [19]ئەگەر بەڵگەیان لە دژی
من هەبوایە، دەهاتنە بەردەمت و بەپێی پێویست سکاڵایان لەسەر من تۆمار دەکرد.[20]ئێستا، با بیری ئامادەبووان بهێنمەوە چ تاوانێکیان
لە مندا دۆزییەوە، کاتێ لەبەردەم ئەنجومەنەکە بۆ دادگاییکردنم ڕاوەستام، [21]جگە لەوەی کاتێ لەبەردەمیان رامگەیاند گوتم: بە هۆی
باوەڕم بە هەستانەوەی مردووانە ئەمڕۆ ئێوە بڕیارم لە سەر دەدەن».[22]فیلیکس لە نزیکەوە دەربارەی ڕێگاکە دەیزانی، بۆیە کاتێک
گوێی لە بەرگریکردنی پۆڵس بوو دەرکردنی بڕیارەکەی دواخست، و بە شاندی سکاڵاکارەکەی گوت: «لەسەر داواکارییەکەتان بڕیار
دەدەم کاتێک فەرماندە لیسیاس دەگاتە ئێرە». [23]پاشان سەرپەلەکە فەرمانی دا کە پۆڵس بخرێتە ژێر چاودێرییەوە، بۆ ئەوەی هەندێک
ئازادی هەبێت، و هاوڕێکانی ڕێگەیان پێبدرێت سەردانی بکەن وخزمەتەکەی ئەنجام بدات.[24]دوای چەند ڕۆژێک فیلیکس لەگەڵ
هاوسەرەکەی دروسیلا هات، کە یەهودی بوو، پۆڵسی بانگ کرد و گوێی لە قسەکانی گرت دەربارەی باوەڕ بە مەسیحی یەشوا. [25]کاتێک
پۆڵس باسی ڕاستودروستی و دانبەخۆداگرتن و لێپرسینەوەی داهاتووی کرد فێلیکس ترسا، و بە پۆڵسی گوت: «ئێستا بڕۆ، کاتێک کاتم
هەبوو جارێکیتر بانگت دەکەمەوە».[26]فێلیکس هیوای ئەوە بوو کە پۆڵس بڕێک پارەی پێبدات بۆ ئەوەی ئازادی بکات، بانگهێشتی دەکرد و
زۆرجار قسەی لەگەڵدا دەکرد. [27]دوو ساڵ تێپەڕی و پۆڵس لەم دۆخەدا مایەوە. لە کۆتاییدا پۆرخیۆس فێستۆس وەک فەرمانڕەوا
دەستنیشان کرا بۆ ئەوەی شوێنی فیلیکس بگرێتەوە. فیلیکس ویستی ڕەزامەندی یەهودییەکان بەدەست بهێنێت پۆڵسی لە زیندان
بەجێهێشت.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 25

[1]سێ ڕۆژ دوای دەست بەکاربوونی لە پێگەی خۆی فێستۆس، لە کەیسەریەوە چوو بۆ یۆرشەلایم. [2]پاشان سەرۆک کاهینەکە و
کەسایەتییە گەورەکانی یەهود هاتنە لای و داواکارییان لە دژی پۆڵس پێشکەشی کرد و داوایان لێکرد [3]هانیاندا بۆ ئەوەی ڕێزیان لێبگرێت
بە هێنانی پۆڵس بۆ یۆرشەلایم. لە ڕێگادا بۆسەیان بۆ دانابوو بۆ کوشتنی.[4]فێستوس وەڵامی دایەوە کە پۆڵس لە کەیسەریە دەست
بەسەر دەمێنێتەوە و خۆی دوای ماوەیەکی کورت دەگەڕێتەوە کەیسەریا. [5]گوتی: «با کەسە ناودارەکانی ناو ئێوە لەگەڵمدا بێن؛ ئەگەر
ئەم پیاوە هەر تاوانێکی لەسەرە، لەبەردەممدا تۆمەتباری بکەن!»[6]فێستوس هەشت یان دە ڕۆژ زیاتر لە یۆرشەلایم نەمایەوە، پاشان
گەڕایەوە کەیسەریا. ڕۆژێک دوای گەیشتنی لەسەر کورسی دادوەرەی دانیشت، و فەرمانی دا پۆڵس بهێنرێت. [7]کاتێک ئامادە بوو
یەهودییەکان کە لە یۆرشەلایمەوە هاتبوون، لە دەوری کۆبوونەوە و چەندین تۆمەتی گەورەیان خستە سەر، کە نەیانتوانی بیسەلمێنن.
[8]پۆڵس بەرگری لە خۆی کرد و گوتی: «من هیچ تاوانێکم لە دژی تەوراتی یەهود و پەرستگا و قەیسەر ئەنجام نەداوە».[9]لەگەڵ ئەوەشدا
فێستۆس ویستی ڕەزامەندی یەهودییەکان بەدەست بهێنێت، بۆیە لە پۆڵسی پرسی: «ئایا دەتەوێت بچیتە یۆرشەلایم، لەوێ بە ئامادە
بوونی من دادگایی بکرێیت لە سەر ئەم تۆمەتانە؟» [10]پۆڵس لە وەڵامدا گوتی: «ئێستا لە دادگای کەیسەریام، و لەبەردەمیدا دەبێ
دادگایی بکرێم. من تاوانێکم بەرامبەر یەهودییەکان ئەنجام نەداوە، و ئێوەش زۆر باش ئەمە دەزانن.[11]ئەگەر تاوانێکم هەبووایە کە
شایەنی سزای لەسێدارەدان بوومایە، لە مردن ڕزگارم نەدەبوو. بەڵام تا ئەو کاتەی تۆمەتەکانی ئەم کەسانە لە دژی من بێ بناغە بن،
کەس مافی ئەوەی نییە من ڕادەستی ئەوان بکات بۆ ئەوەی بڕیارم لەسەر بدەن. من داوای پێداچوونەوە لە قەیسەر دەکەم!»
[12]فێستوس لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی باسی ئەو بابەتەی کرد، پاشان بە پۆڵسی گوت: «مادام داوای پێداچوونەوە لە قەیسەر دەکەیت،
دەچیتە لای قەیسەر!»[13]دوای چەند ڕۆژێک پاشا ئەگریپا و بێرنیخی هاتنە کەیسەریە بۆ ئەوەی سڵاو لە فێستۆس بکەن. [14]بۆ چەندین ڕۆژ
لەوێ مانەوە. فێستۆس بابەتی پۆڵسی خستە بەردەم پاشا و گوتی: «لێرە پیاوێک هەیە کە فیلیکس بە زیندانی بەجێی هێشتووە. [15]کاتێک
چوومە یۆرشەلایم سەرۆک کاهینەکان و پیرەکان، سکاڵایان لێکرد و داوایان دەکرد بڕیاری لەسەر دەربکرێت. [16]بۆیە پێم گوتن لە داب و
نەریتی ڕۆمانییەکاندا نییە کەسێک پێش ئەوەی ڕووبەڕووی تۆمەتبارەکانی ببێتەوە بڕیاری لەسەر دەربڕن، بۆ ئەوەی دەرفەتی
بەرگریکردن لە خۆی هەبێت.[17]کە هاتنە ئێرە ڕۆژی دواتر بەپەلە دانیشتنێکم ئەنجامدا بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ بابەتەکە بکەم فەرمانم
دا تۆمەتبارەکە بهێنرێت. [18]کاتێک سکاڵاکارەکان رووبەڕووی بوونەوە، باسی یەک تاوانیان نەکرد وەک ئەوەی چاوەڕێم دەکرد پێی
تۆمەتبار بکەن. [19]بەڵکو لەگەڵیدا مشتومڕیان لەسەر بابەتەکانی تایبەت بە ئایینەکەیان و لەسەر پیاوێک بوو بە ناوی یەشوا کە مردووە، و
پۆڵس دەڵێت کە لە ژیاندایە! [20]بۆیە بەدواداچوونم بۆ بابەتەکە کرد، و پێشنیارم کرد کە تۆمەتبارەکە بچێتە یۆرشەلایم و لەوێ دادگایی
بکرێت،[21]بەڵام داوای پێداچوونەوەی لە جەنابی قەیسەر کرد بۆ ئەوەی بە ئامادەبوونی ئەو دادگایی بکرێت، بۆیە فەرمانم دا چاودێری
بکرێت تا ئەو کاتەی کە دەینێرم بۆ لای قەیسەر». [22]پاشان ئەگریپا بە فێستۆسی گوت: «حەز ئەکەم بزانم ئەم پیاوە چی دەڵێت».
وەڵامی داوە: «سبەی گوێت لێ دەبێت».[23]ڕۆژی دواتر ئەگریپا و بێرنیسی هاتن و بە ئاهەنگێکی گرانبەها پێشوازییان لێکرا، بە
دەورەدانی فەرماندە سەربازییەکان و کەسایەتییە دیارەکانی شارەکە چوونە ناو هۆڵەکە، فێستوس فەرمانی دا پۆڵس بهێنرێت. [24]کاتێک
هێنایان، فێستۆس گوتی: «ئەی پاشا ئەگریپا، و هەموو ئەو گەورانەی لێرە ئامادەبوون: لەبەردەمتاندا ئەم پیاوە هەیە کە هەموو گەلی
یەهود لە یۆرشەلایم سکاڵایان لێکرد و هاواریان دەکرد کە نابێت لە ژیاندا بمێنێتەوە[25]بۆم ڕوون بۆوە کە هیچ شتێکی نەکردووە کە
شایستەی سزای لەسێدارەدان بێت. بەڵام داوای پێداچوونەوەی لە جەنابی قەیسەر کردووە، بۆیە بڕیارمدا بنێرم بۆ لای. [26]بەڵام هیچ
شتێکم نیە لێی دڵنیا بم کە بۆ جەنابی قەیسەر بنووسم. بۆیە ئەوم هێنایە بەردەم هەمووتان، و بە تایبەتی لەبەردەمت ئەی پاشا ئەگریپا،
بۆ ئەوەی بە پشکنین لە بابەتەکە شتێک بدۆزمەوە کە لەسەری بنووسم. [27]ژیرمەندانە نیە، وەک من دەیبینم، زیندانییەک بەبێ ئەوەی
تۆمەتەکانی لەسەر دیاری بکرێت بنێردرێتە لای قەیسەر!»

## Chapter 26

[1]پاشان ئەگریپا بە پۆڵسی گوت: «ئێمە ڕێگەت پێدەدەین بەرگری لە خۆت بکەیت». پاشان پۆڵس بە دەستی ئاماژەی کرد، و دەستی
کرد بە بەرگریکردن و گوتی: [2]«ئەی پاشا ئەگریپا، خۆشحاڵم کە لەبەردەم تۆدا بەرگری لە خۆم بکەم، و هەموو ئەو شتانە پووچەڵ
دەکەمەوە کە یەهودییەکان منی پێ تۆمەتبارم دەکەن، [3]بە تایبەت لەبەر ئەوەی تۆ بە تەواوی ڕێوڕەسم و مشتومڕەکانیان دەزانیت.
داواکارم بە سنگ فراوانییەوە گوێم لێ بگرە.[4]هەموو یەهودییەکان لە سەرەتاوە بنەچەی من دەزانن. من لە منداڵییەوە لە نێو گەلەکەمدا
لە یۆرشەلایم ژیاوم. [5]بەو پێیەی هەر لە سەرەتاوە منیان دەناسی، ئەگەر بیانویستایە شایەتی ئەوەیان دەدا کە من فەریسیم، واتە
پەیڕەوی توندترین ڕێبازی ئایینەکەمان.[6]ئەمڕۆ دادگایی دەکرێم چونکە هیوام هەیە خودا ئەوەی بەڵێنی بە باوباپیرانمان دابوو جێبەجێی
بکات. [7]دوانزە هۆزی گەلەکەمان شەو و ڕۆژ بەردەوامن لە پەرستن و هیوای بەدیهاتنی. لە پێناو ئەم هیوایە، ئەی پاشا، یەهودییەکان
تۆمەتبارم دەکەن. [8]بۆ باوەڕ ناکەن خودا مردووەکان هەڵدەستێنێتەوە؟[9]وە باوەڕم وابوو کە دەبێت هەموو کۆششێک بکەم بۆ
بەرەنگاربوونەوەی ناوی یەشوای ناسیرەیی. [10]من کارم کرد بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەم لە یۆرشەلایم بە ئەرکێکی تایبەت لەلایەن
سەرۆک کاهینەکانەوە، ژمارەیەکی زۆر لە پیرۆزەکانم فڕێدایە زیندان. من دەنگی پەسەندکردنم دەدا کاتێک ئەنجومەن بڕیاری
لەسێدارەدانیانی دەدا. [11]زۆر جار لە کەنیشتەکاندا سزامان دەدان بۆ ئەوەی نەفرەت لە یەشوا بکەن. هێندە بە توندوتیژی دژی ئەوان
بووم تەنانەت لە شارەکانی دەرەوەشدا ڕاوەدوویانم دەنا.[12]بە مۆڵەت و دەسەڵاتی سەرۆک کاهینەکانەوە بەرەو شاری دیمەشق
ڕۆیشتم، [13]پاشان ئەی پاشا، نیوەڕۆ لە ڕێگادا ڕووناکییەکم بینی، کە لە خۆر گەشاوەتر بوو بە دەوری خۆم و هاوەڵەکانمدا
دەدرەوشایەوە. [14]هەموومان کەوتینە سەر زەوی. گوێم لە دەنگێک بوو بە زمانی عیبری پێی گوتم: شائۆل، شائۆل، بۆچی
دەمچەوسێنیتەوە؟[15]بۆیە پرسیم: تۆ کێیت ئەی گەورەم ؟ وەڵامی دایەوە: من یەشوام کە تۆدەیچەوسێنیتەوە. [16]هەستە و لەسەر پێیەکانت
بوەستە، چونکە من بۆت دەرکەوتم کە تۆ دەستنیشان بکەم وەک خزمەتکار و شایەتحاڵی ئەم بینینەی کە ئێستا دەمبینیت، و ئەو
بینینانەی کە دواییش دەیبینیت. [17]وە من لەو گەل و نەتەوانە ڕزگارت دەکەم کە ئێستا دەتنێرم بۆیان، [18]بۆ ئەوەی چاویان بکەیتەوە تا لە
تاریکییەوە بگەڕێنەوە بۆ ڕووناکی، و لە دسەڵاتی شەیتانەوە بگەڕێنەوە بۆ لای خودا، بۆ ئەوەی لێخۆشبوونی گوناهە وەربگرن و بەشیان
هەبێ لە نێو ئەوانەی کە بە باوەڕ بە من پیرۆز کراون.[19]لەو کاتەوە بەرەنگاری بینینی ئاسمانی نەبوومەوە، ئەی پاشا ئەگریپا. [20]بۆیە
سەرەتا مزگێنیم بە خەڵکی دیمەشق و پاشان گەلی یۆرشەلایم و هەموو ناوچەی یەهودیا، و پاشان بێگانەدا. بۆیە بانگەوازی هەمووانم
کرد کە پاشگەز ببنەوە لە گوناهە و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا، و کارێک بکەن کە شایەنی پاشگەز بوونەوەیە. [21]بەهۆی مزگێنی منەوە
یەهودییەکان منیان لە پەرستگاکەدا گرت و هەوڵیاندا بمکوژن.[22]بەڵام خودا تاکو ئەمڕۆ پاراستومی، بە یارمەتی ئەو لە بەردەم سادە و
مەزنەکاندا وەستاوم وەک شایەتحاڵی ئەو من لەوە لانادەم کە موشە و پێغەمبەران پێشبینیان کردووە، [23]کە مەسیح ئازار دەچێژێت و
یەکەم کەس دەبێت لە مردن هەستێتەوە، و مزگێنی بە ڕووناکی بە گەلەکەمان و گەلانیتریش بدات».[24]هەر کە پۆڵس لە بەرگریکردندا
گەیشتە ئەو ئاستە، فێستوس قسەکانی بڕی و بە دەنگێکی بەرز گوتی: تۆ شێتی پۆڵس! شارەزاییت لە زانستدا شێتی کردووی!»
[25]پۆڵس گوتی: «جەنابی فەرمانڕەوا فیستۆس من شێت نیم، چونکە قسەی ڕاستی و ڕاست دەڵێم. [26]ئەو پاشایەی ئێستا بەڕاشکاوی
قسەی لەگەڵ دەکەم ئەم بابەتانە دەزانێت کە باسی دەکەم، و دڵنیام هیچیان لێی شاراوە نین، چونکە لە گۆشەیەکی تاریکدا ڕوویان
نەداوە![27]ئەی پاشا ئەگریپا باوەڕت بە قسەی پێغەمبەران هەیە؟ دەزانم باوەڕت پێی هەیە!» [28]ئەگریپا وەڵامی دایەوە: «دوای کەمێکیتر،
ڕازیم دەکەیت کە ببمە مەسیحی!» [29]پاشان پۆڵس گوتی: «کەمێک بێت یان زۆر، نزای من بۆ خودا لە پێناو تۆ و بۆ هەمووئامادەبووان
لێرە ئەوەیە وەک من ببن، بەڵام بێ ئەم زنجیرانە!»[30] دوای ئەوە پاشا و فەرمانڕەوا و بێرنیخی و ئەوانەی ئامادەبوون هەستان و
[31]هۆڵەکەیان بەجێهێشت، و بە یەکتریان گوت: «ئەم پیاوە هیچی نەکردووە کە شایەنی مردن یان زیندانی کردن بێت». [32]ئینجا ئەگریپا بە
فێستۆسی گوت: «ئەگەر ئەم پیاوە داوای پێداچوونەوەی لە قەیسەر نەکردبایە، لەوانەیە ئازاد بکرایە!»

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 27

[1]لە کۆتاییدا بڕیار درا کە لە دەریاوە گەشت بکەین بۆ ئیتاڵیا، بۆیە پۆڵس و هەندێک لە زیندانییەکانی دیکە لەلایەن سەرپەلێک بە ناوی جولیۆس کە سەر بە تیمی ئۆگستۆس بوو، پاسەوانییان لێدەکرا. [2]بۆیە سواری کەشتییەک بووین کە لە ئەدرامیتەوە دەهات، بەرەو بەندەرەکانی هەرێمی ئاسیا دەڕۆیشت. ئاریستارخۆس لە شاری تەسالۆنیکی سەر بە هەرێمی مەکەدۆنیا لەگەڵمان بوو لە گەشتەکەدا. [3]ڕۆژی دواتر گەیشتینە سیدۆن. جولیۆس مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ پۆڵسدا کرد و ڕێگەی پێدا سەردانی هاوڕێکانی بکات لە سیدۆن بۆ ئەوەی ئەو شتانەیان لێ وەربگرێت کە پێویستی بوو. [4]لە بەندەری سیدۆنەوە بەڕێکەوتین، و بە درێژایی کەنارەکانی قوبرس گەشتمان کرد، چونکە با پێچەوانەی ئاراستەی گەشتەکەمان بوو. [5]لە دەریای تەنیشت هەرێمی کیلیکیا و پامفیلیا پەڕینەوە، گەیشتینە بەندەری میرا لە هەرێمی لیکیا. [6]لەوێ سەرپەلەکە کەشتییەکی بینی کە لە ئەسکەندەریەوە هاتبوو دەچوو بەرەو ئیتاڵیا، بۆیە ئێمەش سواربووین لەگەڵی.[7]کەشتییەکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بە هێواشی دەڕۆیشت، ئێمەش دوای هەندێک هەوڵدان لە کەناری کنیدۆس نزیک بووینەوە، بەڵام با نەیهێشت بچینە ناو بەندەرەکەوە، بۆیە نەمانتوانی لەوێ دابەزین، بۆیە نزیک بووین لە کەناری دوورگەی کریت، لە نزیک سالمۆنی بەوێدا تێپەڕین. [8]دوای هەندێک هەوڵ گەیشتینە شوێنێک بە ناوی بەندەری جوان نزیک شاری لەسائیا.[9]ماوەیەکی زۆرمان لەوێ بەسەر برد، تا هاوین تێپەڕی و چوونکە گەشتکردن بە دەریا مەترسیدار بوو، بەو پێیەی بەڕۆژوو بوونیش تێپەڕیبوو، بۆیە پۆڵس ئامۆژگاری دەریاوانانی کەشتییەکەی کرد [10]وتی: «ئەی پیاوان، من ئێستا لە سەفەرەکەماندا مەترسی و زەرەرێکی مەزن دەبینم، نەک تەنها بۆ کەشتی و بارەکەی، بەڵکو بۆ ژیانی ئێمەش». [11]بەڵام سەرپەلەکە مەیلی بەرەو قسەکانی کەشتیوان و خاوەنی کەشتییەکە بوو، نەک قسەکانی پۆڵس.[12]بەو پێیەی بەندەرەکە گونجاو نەبوو بۆ بەسەربردنی زستان، زۆربەی دەریاوانەکان بڕیاریان دا بەجێی بهێڵن، بەو هیوایەی بگەنە بەندەری فۆنیکس بۆ ئەوەی زستان لەوێ بەسەر بەرن، ئەم بەندەرە لە کریت ڕووی لە باشوور و باکووری ڕۆژئاوا بوو. [13]بایەکی هێواش لە باشوورەوە هەڵیکرد، دەریاوانەکان پێیان وابوو پاڵیان دەنێت بەرەو فۆنیکس، بۆیە لەنگەریان بەرزکردەوە و بە کەشتی نزیک لە کەناری کریت تێپەڕین.[14] بەڵام بایەکی زریاناوی ناسراو بە بای باکووری ڕۆژهەڵات دوای ماوەیەکی کەم هەڵیکرد، [15]پاڵی بە کەشتییەکەوە دەنا و نەیتوانی بەرگەی بایەکە بگرێت، بۆیە خۆمان دابەدەستەوە. و زریانەکە ئێمەی هەڵگرت [16]بۆ شوێنێکی نزیک دوورگەیەکی بچوک بەناوی کلەودی، بە ئاستەم توانیمان بەلەمەکانی ڕزگاربوون راگیر بکەین.[17]پاشان دەریاوانەکان بە خێرایی ڕێوشوێنی پێویستیان گرتەبەر، ناوەڕاستی کەشتیەکەیان بە گوریس توندتر کردەوە. لە ترسی ئەوەی نەکا بڕۆنە کەنارە لماوییەکان، چارۆکەو و گوریسەکانیان دابەزاند، و با دەستی کرد بە پاڵنانی کەشتییەکە. [18]لە ڕۆژی دووەمدا زریانەکە لەسەرمان بەهێزتر بوو، بۆیە دەستیان کرد بە سووککردنی بارەکە.[19]لە ڕۆژی سێیەمدا بە دەستی خۆیان کەلوپەلی کەشتیەکەیان فڕێدا. [20]ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زریانەکە بەهێز دەبوو، تا چەند ڕۆژێک خۆر و ئەستێرەکانمان نەبینی و هەموو هیوایەک بۆ مانەوە لەدەست چوو.[21]گەشتیارەکان بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان لە خواردن بەدوور گرتبوو، بۆیە پۆڵس هاتە لایان و گوتی: «ئەی پیاوان، دەبوو گوێ لە قسەکانم بگرن و لە کریتەوە رێ نەکەوتینایە، بۆیە تووشی ئەم مەترسی و زیانە بووین. [22]بەڵام ئێستا داواتان لێدەکەم دڵنیابن، هیچ کامتان ژیانی خۆتان لەدەست نادەن. بەڵام تەنها کەشتییەکە لەناو دەچێت.[23]ئەم شەو فریشتەیەک بۆم دەرکەوت لەو خودایە کە من هی ئەوم و خزمەتی دەکەم، [24]پێی فەرمووم: مەترسە پۆڵس! دەبێت لەبەردەم قەیسەردا دەربکەویت. خودای گەورە ژیانی هەموو ئەوانەی پێ بەخشیوی کە لەگەڵتدا سەفەر دەکەن! [25]کەواتە دڵنیابن پیاوان چونکە باوەڕم بە خودا هەیە و ئەوەی پێی گوتم بەدی دێت. [26]بەڵام دەبێت کەشتییەکە بگاتە یەکێک لە دوورگەکان».[27]لە ناوەڕاستی شەوی چواردەهەمدا، لە کاتێکدا باکان لە دەریای ئادریادا دەیانبردین بەرەو شوێنێک کە نەماندەزانی، دەریاوانەکان پێیان وابوو لە وشکانی نزیک بوونەوە. [28]بۆیە قووڵی ئاوەکەیان پێوانە کرد و بۆیان دەرکەوت کە بیست باڵایە. دوای کەمێک قووڵاییەکەیان پێوانە کرد و بۆیان دەرکەوت کە پانزە باڵایە. [29]دەترسان کەشتییەکە بکەوێ بەسەر بەردەکاندا، بۆیە چوار لەنگەریان لە پشتەوەی کەشتییەکە دابەزاند و چاوەڕێی هاتنی بەیانی بوون.[30]کەشتیوانان هەوڵیان دا لە کەشتییەکە هەڵبێن، بەلەمی ڕزگاربوونیان بۆ دەریا شۆڕکردەوە بە بیانووی ئەوەی دەیانەوێ چەند لەنگەرێک دابخەن لە پێشەوەی کەشتیەکە. [31]پۆڵس بە سەرپەل و سەربازەکانی وت: «ئەگەر ئەمانە لە کەشتییەکەدا نەمێنن ئێوەش ڕزگارتان نابێت». [32]سەربازەکان گوریسی کەشتیەکەیان بڕی و وازیان لێهێنا بکەوێتە نا ئاوەکە.[33]کاتێ نزیک بوو ڕۆژ بێتەوە، پۆڵس تکای لە هەمووان کرد نان بخۆن، گوتی: «ئەمە چواردە رۆژە و ئێوە چاوەڕوان و بەردەوامن بێ ئەوەی هیچ بخۆن. [34]بۆیە تکاتان لێ دەکەم نان بخۆن، چونکە ئەمە بۆ ڕزگاربوونتانە. کەستان تاڵێکی سەری ناکەوێت». [35]پاشان نانێکی هەڵگرت، و لەبەردەم هەمووان سوپاسی خودای کرد، ئینجا شکاندی و خواردی،[36]هەموویان تێر بوون و خواردیان. [37]ژمارەی ئێمە لە کەشتییەکەدا دوو سەد و حەفتا و شەش کەس بوو. [38]دوای ئەوەی تێر بوون گەنمەکەیان فڕێدایە ناو دەریاوە بۆ ئەوەی باری کەشتییەکە سووکتر بکەن.[39]کاتێ ڕۆژبووەوە، نەیاندەتوانی وشکانی و دەریا لێک جیابکەنەوە، بەڵام کەنداوێکیان بینی کەناری هەبوو، بڕیاریان دا ئەگەر بتوانن کەشتییەکە بەرەو ئەوێ ببەن. [40]ئینجا لەنگەرەکانیان پساند و وازیان لێهێنا نوقم ببن، لە هەمان کات گوریسی سەوڵەکانی ئاراستەکردنیان شل کرد و چارۆگەیان بۆ با هەڵکرد، و بەرەو کەنارەکە ڕۆیشتن. [41]بەڵام کەشتییەکە گەیشتە شوێنێک کە ئاوی کەم بوو لە نێوان دوو تەنکە ئاو. بۆیە لەگەڵیدا تا کەنار ڕۆیشتن کە پێشی کەشتیەکە لە جووڵە کەوت، لە کاتێکدا پشتی کەشتییەکەی هەڵوەشایەوە بەهۆی توندوتیژی شەپۆلەکانەوە.[42]بڕیاری سەربازەکان ئەوەبوو کە بەندکراوان بکوژن نەوەک کەسیان مەلە بکات و هەڵبێت. [43]بەڵام سەرپەلەکە دەیویست پۆڵس ڕزگار بکات، بڕیارەکەیانی ڕاگرت، فەرمانی دا ئەوانەی دەتوانن مەلە بکەن با یەکەمجار ئەوان خۆیان فڕێدەن و بگەنە وشکانی. [44]ئەوانی دیکەش هەندێکیان بە تەختە و هەندێکیان بە پارچەکانی کەشتییەکە. ئیتر هەموو بە سەلامەتی گەیشتنە وشکایی.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 28

1دوای ئەوەی ڕزگارمان بوو زانیمان ئەو کەناراوەی کە گەیشتینە ئەوێ دوورگەی ماڵتایە. 2خەڵکی ئەو دوورگەیە بە میهرەبانییەکی
زۆرەوە پێشوازییان لێکردین. کاتێک باران دەباری و کەش و هەوا سارد بوو، ئاگرێکیان بۆ داگیرساندین و پێشوازییان لێکردین.3پۆڵس
دارەکانی کۆکردەوە و فڕێیدایە ناو ئاگرەکەوە ولەناکاو بەهۆی گەرما مارێکی ژەهراوی لە دارەکە هاتە دەرەوە و دای بە دەستیەوە .
4ئینجا خەڵکی ماڵتا مارەکەیان بینی کە بە دەستیەوە دابوو، بە یەکتریان گوت:« ئەم پیاوە دەبێ بکوژ بێت، چونکە دوای ئەوەی لە دەریا
ڕزگاری بوو دادپەروەری نەیهێشت بژی».5بەڵام پۆڵس مارەکەی فڕێدایە ناو ئاگرەکەوە بەبێ ئەوەی زیانی پێ بگەیەنێت. 6چاوەڕێی
ئەوە بوون جەستەی هەڵئاوسێت یان لەناکاو بمرێت. زۆر چاوەڕێیان کرد، بێ ئەوەی هیچ زیانێکی پێ بگات، بۆیە بۆچوونیان لەبارەیەوە
گۆڕی و گوتیان: «ئەو خودایە!»7لە نزیک کەنارەکە کە لەوێ دابەزین کێڵگەکانی فەرمانڕەوای دوورگەکە، پۆبلیۆس بوو، بانگهێشتی
کردین و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ میوانداری کردین. 8باوکی پۆبلیۆس لە جێگادا بوو بەهۆی تا و سکچوونی توندەوە نەخۆش بوو. پاشان
پۆڵس سەردانی کرد و نزای کرد و دەستەکانی لەسەر دانا، چاکی کردەوە. 9پاشان هەموو نەخۆشەکانی دیکەی ئەو دوورگەیەش هاتن و
چاکبوونەوە. 10چەندین دیارییان پێداین، لە کاتی ڕۆشتندا ئەو شتانەیان بۆ دابین کردین کە پێویستمان بوو بۆ گەشتەکەمان.11دوای سێ
مانگ لە ئەسکەندەریەوە بە کەشتییەکەوە بەڕێکەوتین، وێنەی دووانە (واتە دوانە)مان پێبوو، کە زستانی لە ماڵتا بەسەر بردبوو. 12کاتێک
گەیشتینە شاری سیراکیوز سێ ڕۆژ لەوێ بووین،13پاشان بە کەشتی ڕۆیشتین و بە پێ لە کەنارەکەوە تا گەیشتینە شاری ریگیۆن.
ڕۆژی دواتر بای باشوور هەڵیکرد و بە دوو ڕۆژ گەیشتینە شاری پوتیۆلی. 14لەوێ هەندێک برامان دۆزیەوە، داوایان لێکردین حەوت ڕۆژ
لەگەڵیان بەسەر بەرین. و بەم شێوەیە گەیشتینە ڕۆما. 15کاتێک براکان هەواڵی هاتنی ئێمەیان بیست، هاتنە دەرەوە بۆ گۆڕەپانی
ئەپیۆس و لە سێ میوانخانەکەدا پێشوازیان لێکردین. کاتێک پۆڵس ئەوانی بینی سوپاسی خودای کرد و هانی دان.16کاتێک چووینە ناو
ڕۆما سەرپەلەکە ڕێگەی بە پۆڵس دا لە ماڵێکی تایبەتدا بمێنێتەوە ولەگەڵ سەربازێک کە پاسەوانی دەکرد. پۆڵس لە ڕۆما لە ژێر
چاودێریدا وتاری دەدا 17دوای سێ ڕۆژ پۆڵس بانگەوازی بۆ کەسایەتییە دیارەکانی یەهودیەکان کرد و پێی گوتن: «ئەی برایان،هەرچەندە
هیچ شتێکی خراپم لە گەڵ گەل، و ڕێوڕەسمی باوباپیرانمان نەکردووە، بەڵام لە یۆرشەلایم زیندانیکرام و ڕادەستی ڕۆمانییەکان کرام،
18لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کردم و دەیانویست ئازادم بکەن، چونکە هیچ شتێک نەبوو بەوەی شایستەی لە سێدارەدان بم.19بەڵام
یەهودییەکان ناڕەزایەتیان دەربڕی، بۆیە ناچار بووم داوای پێداچوونەوە لە قەیسەر بکەم. ئەمە بەو مانایە نییە کە من گلەیی لە
هاونیشتمانیانم دەکەم. 20هەر بۆیە داوام کرد بتابینم و قسەتان لەگەڵ بکەم؛ چونکە من بەم زنجیرە بەستراومەتەوە لە پێناو هیوای
یەسرائیل».21گوتیان: «لە یەهودیاوە هیچ پەیامێکمان لەبارەی ئێوەوە پێنەگەیشتووە، هیچ نێردراوێک لە برایانمانەوە نەهات هیچ
شتێکمان پێ بڵێت، یان گلەیی لە تۆ بکات. 22بەڵام ئێمە بە گونجاوی دەزانین بۆچوونی تۆ ببیستن، چونکە دەزانین کە خەڵک لە هەموو
شوێنێک دژایەتی ئەم ڕێبازە دەکەن!»23بۆیە کاتێکیان بۆ کۆبوونەوەیەکی داهاتوو دیاری کرد، کە تێیدا لەگەڵ زۆر کەس هاتنە ماڵی
پۆڵس. بۆیە لە بەیانییەوە تا ئێوارە شایەتی بۆ دەدان، بابەتەکانی شانشینی خودای بۆ ڕوون دەکردنەوە و هەوڵی دەدا بابەتەکانی تایبەت
بە یەشوایان پێ بسەلمێنێت بە پشت بەستن بە تەوڕاتی موشە و پەرتووکی پێغەمبەران. 24هەندێکیان بە قسەکانی بڕوایان دەکرد، و
هەندێکیان بڕوایان نەدەکرد.25بۆیە لە نێوان خۆیاندا ناکۆک بوون، و ڕۆیشتن دوای ئەوەی پێی گوتن: «گیانی پیرۆزراستی دەکرد کاتێک
لە ڕێگەی ئیشایا پێغەمبەرەوە بە باوباپیرانتانی گوت: 26بڕۆنە لای ئەم گەلە و پێیان بڵێن: دەبیستن بەڵام تێناگەن! وە دەڕوانن، بەڵام
نایبینن!27چونکە دڵی ئەم گەلە ڕەق بووە، گوێیان گران بووە، چاویان نوقاندووە، نەوەک بە چاویان ببینن وبە گوێیان ببیستن، بە دڵیان
تێبگەن و بگەڕێنەوە، منیش چاکیان بکەمەوە!»28پۆڵس لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: «کەواتە بزانن کە خودا ئەم ڕزگاربوونەی خۆی بۆ
گەلانی دیکە ناردووە، ئەوانیش گوێی لێدەگرن!» 29کاتێک ئەم قسانەی گوت، یەهودییەکان ڕۆیشتنە دەر و بە توندوتیژی مشتومڕیان
دەکرد.30پۆڵس دوو ساڵی تەواو لەو خانووەدا ژیا کە بەکرێی گرتبوو، پێشوازی لە هەموو ئەوانە دەکرد دەهاتن بۆ سەردانی ، 31مزگێنی
بە شانشینی خودا دەدا، وبابەتەکانی تایبەت بە پەروەردگار یەشوای مەسیحی فێر دەکرد بە هەموو بوێرییەک و بەبێ بەربەست.

# Romans

## Chapter 1

1لە پۆڵسەوە خزمەتکاری یەشوای مەسیح، نێردراو و بانگکراو و تەرخانکراو بۆ مزگێنی خودا، 2ئەو مزگێنییە خودا پێشتر بەڵێنی دابوو لە
سەر زمانی پێغەمبەرەکانی لە نوسراوە پیرۆزەکاندا، 3ئەوە تایبەتە بە ڕۆڵەکەی ئەوەی لە نەوەی داڤید هات لەلایەنی جەستەییەوە؛4لە
لایەنی گیانی پیرۆزییەوە، بەدەرکەوت کە ئەو ڕۆڵەی خودایە بەهێزی هەستانەوەکەی لەنێو مردووان. ئەو یەشوای مەسیحی
پەروەردگارمانە 5کە بە ئەو و لە پێناوی ناوی ئەودا بەخشش و پەیاممان پێبەخشرا بۆ گوێڕایەڵی باوەڕ لە نێو هەموو گەلان، 6لە نێو
ئەوانیشدا ئێوە بانگکراوی یەشوای مەسیحن.7بۆ هەموو خۆشەویستان و پیرۆزکراوانی خودا کە لە ڕۆمان. با بەخشش و ئاشتی لە
خودای باوکمان و پەرەوەردگار یەشوای مەسیحەوە بۆ ئێوە بێت!8سەرەتا، بە یەشوای مەسیح سوپاسی خوداکەم دەکەم لەپێناو
هەمووتان، لەبەر ئەوەی باوەڕتان لە هەموو جیهاندا باس دەکرێت. 9چونکە خودا ئەوەی بە گیانم خزمەتی دەکەم لە ڕاگەیاندنی مزگێنی
ڕۆڵەکەی، ئەو شایەتمە کە چۆن ناوەستم لە یادکردنتان 10وە لە نزاکانمدا، هەمیشە دەپاڕێمەوە ڕەنگە ئێستا بتوانم بە خواستی خودا بۆ
جارێکی دیکە بێمە لاتان.11چونکە بەپەرۆشم بتانبینم، تاکو بەرەکەتی گیانیتان بۆ بهێنم بۆ چەسپاندنتان، 12تاکو یەکتری هانبدەین بەو
باوەڕە هاوبەشە، باوەڕتان و باوەڕم.13پاشان برایان، نامەوێ لیتان بشارمەوە ، زۆر جار ویستم بێمە لاتان، تاکو لەنێو ئێوەشدا بەرهەمم
هەبێت، وەک لەنێو نەتەوەکانی دیکە، بەڵام تائێستا بەربەستم هاتۆتە پێش 14بەڵام من قەرزاری یۆنانی و دەشتەکیم، داناکان و

نەزانەکان. [15]لە بەرئەوە، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە هەمە، زۆر بە پەرۆشم مزگێنی لەنێو ئێوەش بدەم ئێوەی خەڵکی ڕۆما.[16]شەرمم
بە مزگێنی نیە، چونکە هێزی خودایە بۆ ڕزگاربوونی هەموو ئەوانەی باوەڕ دەهێنن، یەکەمجار بۆ یەهودیەکان پاشان بۆ یۆنانی. [17]کە تێیدا
ئەو ڕاستودروستیە ڕاگەریاندرا کە خودا لەسەر بناغەی باوەڕ دەیبەخشێت. ئەوەی بەرەو باوەڕ دەچێت، وەک نووسراوە: «ئەوەی بە
باوەڕ بێتاوان دەبێت، بە باوەڕ دەژیێت».[18]تووڕەیی خودای لە ئاسمانەوە ڕاگەیاند لە سەر هەموو ئەو کارانەی کە خەلکی دەیکەن لە
خراپەکاری و یاخیبونی ئەوانەی ڕاستی بە خراپە دادەپۆشن. [19]ئەوەی لەبارەی خوداوە دەزانرێت لەلای ئەوان ڕوونە، لەبەر ئەوەی خودا
بۆی دەرخستوون.[20]ئەوەی لەبارەی خوداوە نابینرێت، توانا و ئەزەلی و خودایەتییەکەیەتی، کە لە دروستکردنی جیهانەوە، بەڕوونی دیارە
ژیرێتی پەیان پێدەبات لە ڕێگەی دروستکراوەکانیەوە. تائەوەی مرۆڤ بێ بیانو مایەوە. [21]لەگەڵ ئەوەی کە خودایان ناسی، بەڵام
شکۆمەندیان نەکرد وەک خودا، و سوپاسیان نەکرد بەڵکو گەمژانە بیریان کردەوە و لەبەر گێلایەتی دڵیان تاریکبوو.[22]وایان دادەنا کە
دانان، بەڵام بوونە نەزان، [23]شکۆمەندی خودای زیندوویان گۆڕیەوە بە پەیکەر و وێنەی مرۆڤی لەناوچوو و باڵندە و چوارپێ و خشۆک.
[24] هەر لەبەر ئەوە خودا ڕادەستی کردن بە ، ئارەزووی دڵیان، بە گڵاوی، بۆ ئەوەی لە نێوان خۆیاندا سوکایەتی بە جەستەیان بکەن.
[25]ئەوان ڕاستی خودایان گۆڕییەوە بە شتی پوچ، و ترسیان لە بەدیهێنراوەکان هەبوو پەرستیانن لەجیاتی بەدیهێنەریان، ئەوەی بۆ
هەتاهەتایە پیرۆزە. ئامین![26]هەر لەبەر ئەم هۆکارەش خودا ڕادەستی ئارەزووە خراپەکانیانی کردن. مێینەکانیان بەکارهێنانی جەستەیان
بە شێوازیکی سروشتی گۆڕی بۆ بەکارهێنانی شێوازێک کە پێچەوانەی سروشتیان بێت. [27]هەروەها نێرینەکانیش هەڵگەڕانەوە وازیان لە
جووتبونی سروشتی لەگەڵ مێینەکان هێنا، گڕیان گرت لە ئارەزوو بۆ یەکتری، پیاو لەگەڵ پیاو بەدڕەوشتی دەکرد، جا لە خۆیاندا
شایەنی وەرگرتنی سزای دادپەروەرانە بوون لەسەر گومڕا بوونیان.[28]سەرەڕای ئەمەش نەیاندەویست لە ناسینی خودا بەردەوام بن،
خودا ئەوانی دایە دەست هزرێکی لەکارکەوتوو کە توانای جیاکاری نیە، و بەرەو پیادەکردنی کاری نەشیاوی بردن.[29]پڕبوون لە هەموو
ناڕەوایی و خراپە و چاوچنۆکی و بەدکارییەک، لە ئیرەیی و کوشتن و دژایەتی و فێڵبازی و زیان بەخشی. ئەوانە زۆر دەڵێن،
[30] بوختانکەرن، ڕقیان لە خودایە، شەڕفرۆشن، لووتبەرزن، خۆهەڵکێشن، پێشنیارکەرن بۆ خراپەکاری، گوێڕایەڵی دایک و باوکیان نین.
[31]تێگەیشتن لای ئەوان نیە و دڵسۆز نین، و بێ بەزەیین.[32]ئەوان دەزانن دادگەری خودا دادپەروەرانەیە : ئەوانەی ئەو کارانە ئەنجامدەن
شایەنی مردنن؛ لەگەڵ ئەوەشدا، دڵخۆشن بەوەی ئەنجامیان داوە.

## Chapter 2

[1]کەواتە، هیچ بیانوێکت نییە ئەی ئەو مرۆڤەی کە خەڵکی تاوانباردەکەی، ئینجا هەریەکێک بێت. خۆت تاوانباردەکەیت: چونکە تۆ بڕیار
لەسەر هەمان ئەوکارانە دەدەیت کە خۆت دەیان کەیت. [2]بەڵام ئێمە دەزانین بڕیاری خودا ڕاستە، لەسەر ئەوانەی ئەم جۆرە کارانە
دەکەن، ئەوە بە گوێرەی ڕاستیەکەیە.[3]ئەی ئەو مرۆڤەی ئەوانە تاوانباردەکەیت کە ئەو جۆرە کارانە دەکەن خۆشت هەمان ئەو کارانە
دەکەیت، پێت وایە لە لێپرسینەوەی خودا ڕزگارت دەبێت؟ [4]یان سووکایەتی بە پشودرێژی و دەوڵەمەندی و میهرەبانی و ئارامی و
خۆڕاگرییەکەی دەکەیت و نازانیت بەزەیی خودا هانت دەدات بۆ پاشگەزبوونەوە لە گوناهە کردن؟[5]بەڵام تۆ بەهۆی دڵڕەقیت و
پاشگەزنەبوونەوەت، تووڕەیی بۆ خۆت هەڵدەگریت بۆ ڕۆژی تووڕەیی، کە لەو ڕۆژەدا لێپرسینەوەی دادپەروەرانەی خودا
ڕادەگەیەنرێت. [6]چونکە هەریەکێک بەگوێرەی کارەکانیان پاداشت دەداتەوە. [7]ژیانی هەتاهەتایی بۆ ئەوانەیە کە بەدوای شکۆمەندی و ڕێز
و نەمریدا دەگەڕێن لە سەر کاری چاکە بەردەوام دەبن؛[8]وە تووڕەیی و ڕق بۆ ئەوانە دەبێت کە ڕەتیدەکەنەوە گوێڕایەڵی ڕاستی بن
بەڵکو ملکەچی خراپەکاری دەبن. [9]بەڵام ناخۆشی و تەنگانە لەسەر دەروونی هەموو مرۆڤێکە کە خراپەکاری دەکات، یەکەم یەهودیەکان
پاشان یۆنانیەکان؛[10] شکۆمەندی و ڕێز و ئاشتی بۆ هەموو ئەوانەیە کەچاکە دەکەن یەکەم جار بۆ یەهودیەکان، پاشان بۆ یۆنانیەکان.
[11]چونکە خودا لایەنگری ناکات. [12]هەموو ئەوانەی کە تەوڕاتیان نیە و گوناهە دەکەن، هەر بە تەوڕات لەناودەچن؛ هەموو ئەوانەش کە
لەژێر دەسەڵاتی تەوڕاتدان گوناهە دەکەن، بە تەوڕات تاوانبار دەکرێن.[13]چونکە ئەوانەی تەوڕات دەبیستن لەبەردەم خودا بێتاوان نین؛
بەڵکو ئەوانە بێتاوان دەکرێن کە کار بەتەوڕات دەکەن. [14]کەواتە نەتەوەکان کە تەوڕاتیان نیە، کاتێک بە شێوەیەکی سروشتی ئەوەی لە
تەوڕاتدا هەیە پەیڕەوی دەکەن، تەوڕاتێکن بۆخۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا کە تەوڕات هی ئەوان نییە.[15]ئەوانە کڕۆکی ئەو تەوڕاتە پیشان
دەدەن کە لە دڵیاندا نووسراوە، ویژدان و بیرکردنەوەکانیان لەناخیاندا شایەتی ئەوەن، هەندێک جار تۆمەتباریان دەکات، هەندێک جاریش
بێ تاوانیان دەکات. [16]لەو ڕۆژەدا کە خودا بەگوێرەی مزگێنی من، لەسەر دەستی یەشوای مەسیح، بڕیار لەسەر نهێنییەکانی خەڵک
دەدات.[17]بەڵام، تۆ ئەوەی خۆت بە یەهودی ناودەبەیت؛ پشت بەتەوڕات دەبەستیت؛ وە شانازی بە خوداوە دەکەیت؛ [18]بە گوێرەی ئەوەی
لە تەورات فێربوویت ئەوە جیابکەرەوە کە باشترینە، [19]وە متمانەت بەخۆت هەیە کە تۆ ڕێبەری نابیناکان و ڕووناکیت بۆ ئەوانەی لە
تاریکیدان، [20]و سەرکۆنەکەری نەزانانەکانی، و مامۆستای منداڵانیت؛ تۆ لە تەوراتدا وێنەی زانیاری و ڕاستیەکەت هەیە؛[21]کەواتە تۆ، ئەی
ئەوەی خەڵکی فێر دەکەیت، بۆ خۆت فێر ناکەیت؟ تۆ کە ئامۆژگاری دەکەیت دزی مەکەن، خۆت دزی ناکەیت؟ [22]تۆ کە دەڵێی
داوێنپیسی مەکەن، خۆت داوێنپیسی ناکەیت؟ تۆ کە بتەکان ڕەتدەکەیتەوە، پەرستگاکان تاڵان ناکەیت[23]تۆ ئەوەی کە شانازی بە
تەوراتەوە دەکەیت، ئایا بە سەرپێچیکردنی تەوڕات سووکایەتی بە خودا ناکەیت؟ [24]چونکە «بە هۆی ئێوە لەناو نەتەوەکاندا کوفر بە ناوی
خودا دەکرێت» هەروەک وەک نووسراوە.[25]خەتەنەکردن ئەوکاتە سوودی دەبێت کە کار بە تەوڕات بکەیت. بەڵام ئەگەر سەرپێچی
تەوڕاتت کرد، خەتەنەکردنت وەکو ئەوەیە کە خەتەنە نەکرابیت. [26]ئەگەر، خەتەنە نەکراوێک کار بە تەوڕات بکات، ئایا خەتەنە
نەکراوییەکەی بە خەتەنەکراوی بۆ هەژمار ناکرێت؟ [27]ئەوەی کە بە سروشت خەتەنە نەکراوە، بەڵام تەوڕات پەیڕەو دەکات، تۆ تاوانبار
دەکات کە پێچەوانەی تەوڕاتیت و لە کاتێکدا پەرتووک و خەتەنە کردنت هەیە.[28]ئەوەی بە ڕواڵەت یەهودی بێت ئەوە یەهودی نیە، ئەوەی
بە رواڵەت بە گۆشت خەتەنە کراوە بە خەتەنەکراوی هەژمار ناکرێت. [29]بەڵکو یەهودی ئەویە لەناخەوە یەهودی بێت، خەتەنەکردن
ئەوەیە کە بە دڵ و بە گیان خەتەنە کرابێت نەک بە پیت. ئەوە لەلایەن خەڵکەوە ستایشی بۆنایەت بەڵکو لە خوداوە!

## Chapter 3

[1]کەواتە، یەهودیەکان چییان زیاترە؟ یاخود سوودی خەتەنە کردن چییە؟ [2]لە هەموو لایەکەوە زۆرن، گرنگترینیان ئەوەیە کە وتەکانی خودا بەئەمانەت خراوەتە نێوان دەستیان.[3]کەواتە چی ڕوودەدات؟ ئەگەر هەندێکیان ناپاکییان لە ئەمانەتەکە کرد، ئایا ناپاکییان دڵسۆزی خودا پوچەڵ دەکاتەوە؟ [4]نەخێر! بەڵام تا خودا ڕاستگۆبێت و هەموو مرۆڤێک درۆزن، هەروەک چۆن نووسراوە: «ئەی خودایە، تاکو لە قسەکانت ڕاست بیت و سەرکەوتوو بیت کاتێک بڕیاردەدەیت».[5]بەڵام ئەگەر ناڕەوایی ئێمە ڕاستودروستی خودا دەربخات، چی بڵێین؟ ئایا خودا نادادپەروەرە ئەگەر توڕەییەکەی دابەزێنێتە سەرمان؟ من لێرە بە تێڕوانینی مرۆڤ قسە دەکەم: [6]هەرگیز! ئەگینا، خودا چۆن جیهان تاوانبار دەکات؟[7]بەڵام، ئەگەر درۆکانم ڕاستی خودا زیاتر دەربخات بۆ شکۆمەندی ئەو، ئیتر بۆچی تاوانبارم دەکەن وەک گوناهبارێک؟ [8]ئایا ئەوە بوختان نیە بۆمان دەکەن وەک چۆن درۆمان بە دەمەوە دەکرێت و گوایە ئێمە وامان گوتوە: «با خراپە بکەین تا چاکەی بەدواوە بێت؟». ئەوانە تاوانبارکرنیان دادپەروەرانەیە.[9]کەواتە چی؟ ئایا ئێمەی یەهودی باشترین؟ نەخێر بە هیچ شێوەیەک! ئێمە لە ڕابردوودا یەهودیەکان و یۆنانیەکانمان بەوە تاوانبار دەکرد کە هەموویان لە ژێر دەسەڵاتی گوناهەدان، [10]وەک ئەوەی نووسراوە: «هیچ یەکێک ڕاستودروست نییە، تەنانەت یەکێکیش. کەس لەوە ناگات.[11]یەکێک نییە بە دوای خودادا بگەڕێت. [12]هەموو خەڵک گومڕابوون، هەموویان بێسود بوون. یەکێک نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش.[13]قوڕگیان گۆڕی کراوەیە؛ زمانیان ئامرازی فێڵکردنە؛ لێوەکانیان ژەهری مارە کوشندەکان دەشارنەوە؛ [14]دەمیان پڕە لە نەفرەتی و تاڵی،[15]پێیان خێرایە بۆ خوێنڕشتن؛ [16]وێرانەیی و نەهامەتی لە ڕێگایاندایە؛ [17]بەلام ڕێگای ئاشتیان نەدەزانی؛ [18]وە ترس لە خودا لەبەر چاو ناگرن».[19]ئێمە دەزانین کە هەرچی تەوڕات دەیڵێت ئاراستەی ئەوانە کراوە کە لەژێر دەسەڵاتی تەوڕاتن، بۆ ئەوەی هەموو دەمێک دابخرێت و هەموو جیهان بکەوێتە ژێر لێپرسینەوی خوداوە. [20]چونکە هیچ مرۆڤێک لەبەردەمیدا بەو کارانەی کە تەوڕات داوای دەکات بێتاوان نابێت. چونکە تەوڕات بۆ دەرخستنی گوناهەیە.[21]بەڵام ئێستا، ئەو ڕاستودروستییەی ڕاگەیاند کە خودا دەیبەخشێت، جیا لە تەوڕات، و شایەتی بۆدراوە لە تەوڕات و پێغەمبەرانەوە، [22]ئەو ڕاستودروستیە خودا دەیبەخشێت لەسەر بناغەی باوەڕە بە یەشوای مەسیح بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕ دەهێنن. بەبێ جیاوازی،[23]لەبەر ئەوەی هەمووان گوناهیان کرد دەستەوەستان بون لە گەیشتن بەوەی خودا شکۆمەند بکەن. [24]ئەوان بەخۆڕایی بێتاوان کران، بە قوربانیەکەی یەشوای مەسیح.[25]ئەو قوربانییەی خودا پێشکەشی کرد، لە ڕێگەی باوەڕەوە، بە خوێنی خۆی. [26]تاکو سەر ڕاستی خودا بە دەرکەوێت کاتێک بە لێبوردەییە خوداییەکەی چاوپۆشی لەو گوناهانە کرد کە لە ڕابردودا ڕوویان دابوو، تاکو لە سەردەمی ئێستادا سەر ڕاستیەکەی بەدەرکەوێت: بۆیە بەدەرکەوت کە سەرڕاستە، ئەوانەش بێتاوان دەکرێن کە باوەڕ بە یەشوا دێنن. [27] کەواتە، کوا شانازیەکە؟ پووچەڵ کراوەتەوە! وە لەسەر چ بناغەیەک؟ لەسەر بناغەی کردار؟ نەخێر، بەڵکو لەسەر بناغەی باوەڕ، [28]چونکە گەیشتوینە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤ بە باوەڕ بێتاوان دەبێت، دوور لەو کارانەی کە لە تەوڕات داواکراون.[29]ئایا خودا تەنها خودای یەهودیەکانە؟ ئایا خودای نەتەوەکانیش نییە؟ بەڵێ، ئەو خودای نەتەوەکانیشە، [30]لەبەر ئەوەی خودا یەکە خەتەنە کراو و خەتەنە نەکراو لەسەر بناغەی باوەڕ بێتاوان دەکات.[31]کەواتە، ئایا ئێمە بە باوەڕ تەوڕات پووچەڵ دەکەینەوە؟ دوور بێت لێمان، بەڵکو ئێمە بەو تەوڕات پشتراست دەکەینەوە.

# Chapter 4

[1]ئێستا، چی بڵێین دەربارەی ئەڤراهام کە بە پێی جەستە باوکمانە؟ چی دۆزرایەوە؟ [2]ئەگەر ئەڤراهام لەسەر بناغەی کارەکانی بێتاوان بوایە، ئەوا مافی خۆی بوو شانازی بکات، بەڵام نەک لەبەردەمی خودا. [3]چونکە پەرتوک چی دەڵێت؟ «ئەڤراهام باوەڕی بە خودا هێنا ئەوەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا».[4]ئەوەی کار دەکات، کرێیەکەی بە بەخشش بۆ هەژمار ناکرێت، بەڵکو ئەوە مافی خۆیەتی. بەڵام ئەوەی کار ناکات [5]بەڵکو باوەڕی بە ئەو هەیە کە تاوانبار بێتاوان دەکات، باوەڕەکەی بە ڕاستودروستی بۆ هەژماردرکرێت.[6]هەروەک چۆن داڤید خۆزگە دەخوازێت بەو مرۆڤەی کە خودا بەبێ کردار بە ڕاستودروست هەژماری دەکات، کە دەڵێت: [7]«خۆزگە دەخوازرێت بە ئەوانەی گوناهەکانیان بەخشراوە. [8]خۆزگەدەخوازرێت بەو پیاوەی پەروەردگار گوناهەکانی هەژمارناکات!»[9]ئایا ئەو خۆزگە خواستنە تەنها بۆ ئەوانەیە کە خەتەنە کراون، یان بۆ ئەوانەشەکە خەتەنە نەکراون بەهەمان شێوە؟ ئێمە دەڵێین ئەڤراهام بەباوەڕ بێتاوانکرا. [10]ئەوەی لە چی کاتێکدا بۆ هەژمار کرا؟ دوای خەتەنەکردن یان پێش خەتەنەکردن؟[11]پاشان ئەڤراهام نیشانەی خەتەنەکردنی وەرگرت، مۆر درا لە ڕاستودروستیەکەی کە بە باوەڕ بەدەستی هێنابوو لەو کاتەی خەتەنە نەکرابوو، تاکو ببێتە باوکی هەموو ئەو خەتەنە نەکراوانەش کە باوەڕیان هێناوە بە ڕاستودروستی بۆیان هەژمارکراوە، [12]وە باوکی ئەو خەتەنەکراوانەش کە پێشتر خەتەنە نەکرابوون، بەڵکو بە شوێن پێی ئەو باوەڕەدا بڕۆن کە ئەڤراهامی باوکمان هەیبوو لەو کاتەی هێشتا خەتەنە نەکرابوو.[13]جا ئەو بەڵێنەی بە ئەڤراهام و نەوەکەی درا کە ببنە میراتگری جیهان، لەسەر بناغەی ئەو ڕاستودروستیە بوو کە لە ڕێگای باوەڕەوە دێت، [14]ئەگەر خەڵکی بەهۆی تەورات میراتگر بوونایە، باوەڕ بێسود دەبوو و بەڵێنەکە دەشکێنرا. [15]چونکە تەورات تووڕەیی لێدەکەوێتەوە؛ ئەگەر تەورات نەبوایە سەرپێچی ڕووی نەدەدا.[16]چونکە بەڵێنەکە لەسەر بناغەی باوەڕ بوو، تاکو بەبەخشش هەژمار بکرێت، ببێتە دڵنیایی بۆ هەموو نەوەکانی: بۆ ئەوانەش کە خاوەنی تەورات نین، ئەوانەی باوەڕەکەیان وەک ئەڤراهامە. چونکە باوکی هەمووومانە، [17]وەک نووسراوە: «تۆم کردە باوکی زۆر لە نەتەوەکان.» (ئەو باوکی ئێمەیە) لە پێش چاوی ئەو خودایەی کە باوەڕی پێی هەبوو، کە مردووان زیندوو دەکاتەوە و ئەوەی هەموو شتێکی لە نەبوونەوە هێنایە بوون.[18]هەرچەندە بێ هیوابوو، بەڵام ئەڤراهام باوەڕی وابوو کە دەبێتە باوکی زۆر لە نەتەوەکان، بەگوێرەی ئەوەی پێی گوترابوو: «نەوەکەت بەو شێوەیە زۆر دەبێت». [19]باوەڕی لاواز نەبوو کە بینی جەستەی مردووە، کە نزیک بۆتەوە لە تەمەنی سەدساڵی، و سارای هاوسەریشی بە هەمان شێوە منداڵدانی مردبوو؛[20]بێباوەڕ نەبوو و گومانی لە بەڵێنی خودا نەکرد، بەڵکو باوەڕی بەهێزبوو، بۆیە خودای شکۆمەند کرد. [21]بە تەواوی دڵنیابوو ئەوەی خودا بەڵێنی پێداوە، دەتوانێت بیکات؛ [22]بۆیە ئەوەشی بە ڕاستودروستی بۆ هەژمارکرا.[23]وەک نووسراوە ئەوەی بە ڕاستودروستی بۆ هەژمارکرا، تەنها لەبەر ئەو نا، [24]بەڵکو لە پێناوی ئێمەش، بۆ ئێمە وا هەژماردەکرێت کە باوەڕمان هێناوە، بەوەی یەشوای پەروەردگارمانی لە مردن هەستاندەوە [25]ئەوەی لەبەر گوناهەکانمان ڕادەستی مردن کرا و لە پێناو بێتاوانکردنمان هەستایەوە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 5

[1]لەگەڵ ئەوەی ئێمە لەسەر بناغەی باوەڕ بێتاوان بووین، لەگەڵ خودا ئاشت بووینەوە بە پەروەردگارمان یەشوای مەسیح. [2]هەروەها بەو
باوەڕەوە چووینە ناو ئەو بەخششە کە ئێستا تێیدا نیشتەجێین؛ ئێمە شانازی بەو هیوایە دەکەین و چێژ دەبینین بە شکۆمەندی خودا.[3]نەک
هەر ئەوە، بەڵکو لەناو تەنگانەشدا شانازی دەکەین، دەزانین تەنگانە خۆڕاگری بەرهەم دەهێنێت، [4]خۆڕاگری وامان لێ دەکات
سەرکەوتوو بین لە تاقیکردنەوە، سەرکەوتنیش هیوامان پێدەبەخشێت، [5]هیواش بێ ئومێدمان ناکات، چونکە خودا خۆشەویستی خۆی
ڕشتە ناو دڵمانەوە بە گیانە پیرۆزەکە کە پێی بەخشین. [6] کاتێک هێشتا لاواز بووین، مەسیح لە کاتی دیاریکراودا بۆ سەرپێچی کاران مرد.
[7]ئەستەمە یەکێک لە پێناو یەکێکی ڕاستودروست بمرێت، بەڵکو ڕەنگە یەکێک بوێری ئەوەی هەبێت لە پێناو یەکێکی چاک بمرێت.[8]بەڵام
خودا خۆشەویستی خۆی بۆ ئێمە سەلماند، لە کاتێکدا ئێمە هێشتا گوناهبار بووین، [9]مەسیح لە جیاتی ئێمە مرد. ئێستا بە خوێنی ئەو
بێتاوانکراین، وە چەندە زیاتر بەئەو ڕزگارمان دەبێت لەو تووڕەییەی کە لە داهاتودا دێت![10]لە پێشتر، ئێمە دوژمن بووین، بە مردنی
ڕۆڵەکە لەگەڵ خودا ئاشت بوینەوە، چەندە زیاتر بە ژیانی ئەو ڕزگارمان دەبێت دوای ئەوەی ئاشت بووینەوە! [11]تەنها ئەوە نا، بەڵکو
شانازی بە خوداوە دەکەین، بە پەروەردگارمان یەشوای مەسیح، کە ئێستا بە ئەو ئاشتەواییمان بە دەست هێناوە.[12]لەبەر ئەمە، وەک
چۆن گوناهە لە ڕێگەی یەک مرۆڤەوە هاتە ناو جیهان، و بە هاتنە ناوەوەی گوناهە مردنیش هاتە ناوەوە، بە هەمان شێوە مردن بۆ
هەموو مرۆڤەکان هات، چونکە هەموویان گوناهەیان کرد. [13]گوناهە پێش هاتنی تەوڕات لە جیهاندا بەربڵاو بوو. بەڵام گوناهە تۆمار
نەدەکرا، چونکە تەوڕات بوونی نەبوو.[14]بەڵام مردن، لە ئادەمەوە تا موشە فەرمانڕەوایی کردووە، تەنانەت بەسەر ئەو کەسانەی کە
گوناهێکی هاوشێوەی سەرپێچی ئادەمیان نەکردووە، ئەوەش هێمای ئەو کەسانەیە کە لە پاش ئەو دێن. [15]بەڵام کاریگەری سەرپێچی
وەک کاریگەری بەخششەکە نییە! چونکە ئەگەر زۆر کەس بەهۆی سەرپێچی یەک مرۆڤەوە مردن، بەڵام چەندە زیاتر لە ڕێگەی یەک
مرۆڤەوە کە یەشوای مەسیحە بەخششی خودا بەخشرا بەبێ بەرامبەر.[16]پاشان کاریگەری گوناهی یەکێک وەک کاریگەری دیارییەکە
نییە! تاوانبارکردن لە ئەنجامی یەک سەرپێچیدا دەبێتە هۆی لێپرسینەوە. سەبارەت بە کاری بەخشش، لە سەرپێچی زۆرەوە بێتاوانی
هێنایە کایەوە. [17]مادام مردن بە سەرپێچی یەک مرۆڤ فەرمانڕەوایی کرد، چەندە زیاتر بە یەک یەشوای مەسیح کە فەرمانڕەوایی ژیان
دەکات، بۆ ئەوانەی بەخششێکی زۆری ڕاستودروستی بێبەرامبەر بەدیاری وەردەگرن.[18]بۆیە وەک چۆن سەرپێچییەک سزای بۆ هەموو
مرۆڤەکان هێنا، بە هەمان شێوە یەک ڕاستودروستی بێتاوانی دەهێنێت کە دەبێتە هۆی ژیان بۆ هەموو مرۆڤەکان. [19]هەر بەهەمان شێوە
بە سەرپێچی یەکێک زۆر کەس گوناهبار کران، بە هەمان شێوە بە گوێڕایەڵی یەکێک زۆر کەس بێتاوان دەکرێن.[20]تەوڕات بۆ دەرخستنی
زۆریی سەرپێچی هاتە ئاراوە. بەڵام، لەو شوێنانەی کە گوناهە زۆرە، بەخشش زۆر زیاترە، [21]بەجۆرێک کە وەک چۆن گوناهە لە ڕێگەی
مردنەوە فەرمانڕەوایی کرد، بە هەمان شێوە بەخشش فەرمانڕەوایی دەکات لەسەر بناغەی ڕاستودروستی، کە بەرەو ژیانی
هەتاهەتایی دەچێت بە یەشوای مەسیحی پەروەردگارمان.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 6

1کەواتە چی دەڵێین؟ ئایا بەردەوامبین لە گوناهەکردن تا بەخشش زۆر بێت؟ 2نەخێر! ئێمە مردین سەبارەت بەگوناهە، ئیتر بۆچی تێیدا
بژین؟ 3یان لێتان شاردراوەتەوە کە ئێمە هەموومان، بە لە ئاوهەڵکێشانمان لەگەڵ مەسیحی یەشوا یەکمانگرت، بە لە
ئاوهەڵکێشانەکەمان یەکمانگرت لە مردنەکەیدا؟4بە هۆی ئەوەوە ئێمە بە لەئاو هەڵکێشان بۆ مردن لەگەڵیدا نێژراین، هەر وەک چۆن
مەسیح بە شکۆمەندی باوک لە مردن هەستایەوە، بە هەمان شێوە ئێمەش لە ژیانێکی نوێدا بژین. 5مادام ئێمە لە مردنێکی هاوشێوەی
مردنەکەی لەگەڵیدا یەکمانگرت، لە هەستانەوەشی لەگەڵیدا یەکدەگرین.6ئێمە ئەوە دەزانین: مرۆڤە کۆنەکە تیاماندا لەگەڵی لە خاچ
دراوە، بۆ ئەوەی جەستەی گوناهبارمان لەناوبچێت، تاکو چیتر بە کۆیلەی گوناهە نەمێنینەوە. 7چونکە ئەوەی بمرێت، لە گوناهە ئازاد ئازاد
دەبێت.8مادام لەگەڵ مەسیح مردین، باوەڕمان وایە کە لەگەڵیدا دەژین، 9چونکە دڵنیاین کە مەسیح لە مردن هەستاوەتەوە، بۆ جاری
دووەم نامرێت، بۆیە لەمەودوا مردن دەسەڵاتی بەسەریدا نییە.10چونکە یەکجار لە پێناو گوناهەدا مرد؛ بە ژیانی، بۆ خودا دەژی. 11بە
هەمان شێوە ئێوەش خۆتان بە مردوو دابنێن سەبارەت بە گوناهە و زیندوو بۆ خودا لە یەشوای مەسیحدا.12بۆیە، مەهێڵن گوناهە دەست
بەسەر جەستەی لەناو چووتان بگرێت بە ئارەزوی خۆی بەڕێوەتان ببات. 13ئەندامەکانتان وەک چەکێک پیشکەشی گوناهە مەکەن، بەڵکو
خۆتان پێشکەش بە خودا بکەن وەک هەستاوەی نێو مردووان، با ئەندامەکانتان بۆ خودا چەکی ڕاستودروستیبێت. 14باگوناهە بەسەرتاندا
زاڵ نەبێت، چونکە ملکەچی تەورات نین، بەڵکو بەخشش.15ئێستا چی؟ ئایا گوناهە بەکەین چونکە ملکەچی تەورات نین بەڵکو
بەخشش؟ نەخێرا! 16ئایا نازانن کاتێک خۆتان وەک کۆیلە ملکەچی یەکێک دەکەن، دەبنە کۆیلەی ئەوەی ملکەچن بۆی: جا بۆ گوناهە کە
بەرەو مردنە، یان بۆ گوێڕایەڵی کە بەرەو ڕاستودروستیە؟17بەڵام سوپاس بۆ خودا، ئێوە پێشتر کۆیلەی گوناهە بوون، لە دڵەوە ملکەچی
ئەو شێوە فێرکردنە بوون کە پێتان سپێردراوە. 18ئێستاش، لە گوناهە ئازاد بوون، بوونە خزمەتکاری ڕاستودروستی.19وەک مرۆڤ لەبەر
لاوازی جەستەتان قسە دەکەم. وەک چۆن پێشوتر ئەندامەکانی لەشتان وەک کۆیلەی گڵاوی و خراپە پێشکەشی خراپە کرد، ئێستاش
ئەندامەکانتان وەک کۆیلەی ڕاستودروستی لە خزمەتی پیرۆزیدا پێشکەش بکەن. 20چونکە کاتێک کۆیلەی گوناهە بوون، سەبارەت بە
ڕاستودروستی ئازاد بوون. 21بەڵام لەو کاتەدا چیتان بەرهەم هێنا جگە لەو شتانەی کە ئێستا پێی شەرمازارن، ئەنجامیان جگە لە مردن
هیچی تر نییە؟22بەڵام ئێستا، کە لە گوناهە ئازاد بوون و بوونە خزمەتکاری خودا، بەرهەمتان بۆ پیرۆزیە، کە چارەنووسەکەی ژیانی
هەتاهەتاییە. 23چونکە کرێی گوناهە مردنە، بەڵام دیاری خودا ژیانی هەتاهەتاییە لە مەسیحی یەشوای پەروەردگارماندا.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 7

[1]ئەی برایان ئایا ئەوە لە ئێوە شاراوەیە، من قسە لەگەڵ ئەوانە دەکەم لە تەورات دەزانن، چونکە تەورات دەسەڵاتی بەسەر مرۆڤدا
هەیە تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بێت؟[2]تەورات ژنی مێرددار بە مێردەکەیەوە دەبەستێتەوە تا مێردەکەی لە ژیاندا بێت. بەڵام ئەگەر مێردەکە
مرد، ئەوا تەورات ئازادی دەکات. [3]بۆیە تا مێردەکە لە ژیاندا بێت بە داوێنپیس دادەنرێت ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی دیکە
بکات. بەڵام ئەگەر مێردەکە بمرێت، ئەوا لە تەورات ئازاد دەبێت، و ئەگەر لەگەڵ پیاوێکی دیکە هاوسەرگیری بکات ئەوە نابێتە
داوێنپیس.[4]بەهەمان شێوە ئێوەش، ئەی براکانم، چونکە بەهۆی جەستەی مەسیح کە مرد، ئێوەش مردن سەبارەت بەتەورات، بۆ ئەوەی
ببنە هی یەکێکیتر، هی خودی مەسیح ئەوەی لە نێو مردوان هەستایەوە، تاکو ببینە بەروبوومی خودا. [5]کاتێک لە جەستەدا بووین، خولیای
ئەو گوناهانە بووین کە لە تەورات ڕاگەیەندرابوون، لە ئەندامەکانماندا کارا بوون، تاکو مردن بەرهەم بهێنین.[6]بەڵام ئێستا، ئێمە لە
تەورات ئازاد بووین، مردین سەبارەت بەو شتەی کە ئێمەی کۆت و بەند کردبوو، بۆ ئەوەی بتوانین ببینە خزمەتکارێک کە گونجاو بێت
لەگەڵ ڕێسای گیانە نوێیەکە، نەک بە ڕێسای نووسراوی کۆن.[7]کەواتە، چی دەڵێین؟ ئایا تەورات گوناهەیە؟ نەخێر! بەڵام من گوناهم
نەدەناسی تەنها لە ڕێگەی تەوراتەوە نەبێت. من لەبارەی ئارەزووەوە هیچم نەدەزانی ئەگەر تەورات نەی گوتبا: «ئارەزوو مەکە!»
[8]بەڵام گوناهە ئەو ڕاسپاردەی لەمندا قۆستەوە و هەموو ئارەزوێکی لە مندا وروژاند. ئەگەر تەورات نەبوایە، گوناهە مردبوو.[9]سەبارەت
بە من پێشتر داپڕاو لە تەورات دەژیام؛ بەڵام کاتێک تەورات هات، گوناهە ژیا، [10]منیش مردم. وە ئەو ڕاسپاردەی کە بەرەو ژیان
دەچێت منی بەرەو مردن برد.[11]چونکە گوناهە ئەو ڕاسپاردەی قۆستەوە، فریوی دام و منی پێکوشت. [12]کەواتە تەورات پیرۆزە،
ڕاسپاردەکەش پیرۆزە، دادپەروەر و چاکە.[13]ئایا ئەوەی چاکە بۆ من بۆتە مردن؟ نەخێرا! بەڵام گوناهە، بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە
گوناهەیە، مردنی بۆ من بەرهەم هێنا بەهۆی ئەوەی چاکە، گوناهە بەڕاستی هەڵەیە بە هۆی راسپاردەکەوە. [14]چونکە ئێمە دەزانین کە
تەورات گیانییە؛ بەڵام من جەستەم وەک کۆیلە فرۆشراوە بە گوناهە.[15]کەواتە ئەوەی دەیکەم هیچ دەسەڵاتم بەسەریدا نیە: ئەوەی
دەمەوێت نایکەم، و ئەوەی ڕقم لێیەتی دەیکەم. [16]مادام ئەوە دەکەم کە نامەوێت، چاکی تەورات پشت ڕاست دەکەمەوە.[17]کەواتە،
ئێستا، ئەوانەی دەیان کەم من نیم، بەڵکو ئەو گوناهەیەی لەمندا نیشتەجێیە. [18]من دەزانم، لەمندا واتا لەجەستەمدا، چاکە نیشتەجێ نیە :
مەگەر چاکەم بوێت، ئەوا لەبەردەستمدایە؛ ئەوەی دەمەوێ بیکەم ناتوانم بیکەم.[19]من ئەو چاکەیە ناکەم کە دەمەوێت؛ بەڵام ئەو
خراپەیەی کە نامەوێت دەیکەم. [20]بەڵام، ئەگەر ئەوەی نامەوێت بیکەم، ئیتر ئەوە من نیم کە دەیکەم، بەڵکو ئەو گوناهەیە کە لە مندا
دەژی. [21]کەواتە، خۆم وا دەبینم، ئەوەی دەمەوێت ئەوەیە کاری چاکە بکەم، بۆ ملکەچی یاساکە:[22]من خراپەم لایە. چونکە، بەگوێرەی
مرۆڤی ناوەوەم، بە تەوراتی خودا دڵشادم. [23]بەڵام لە ئەندامەکانمدا یاسایەکیتر دەبینم کە دژی ئەو تەورات شەڕ دەکات و کە هزرم
دەیەوێت، و دەمکاتە دیلی یاسای گوناهە کە لە ئەندامەکانمدایە.[24] چەند مرۆڤێکی بەدبەختم! کێ لەو جەستەیەی مەرگ ئازادم دەکات؟
[25]سوپاس بۆ خودا بە یەشوای مەسیحی پەروەردگارمان! کەواتە، من خۆم لە ڕوانگەی هزرەوە، وەک خزمەتکار خزمەتی تەوراتی خودا
دەکەم؛ بەڵام بە جەستە، وەک بەندە خزمەتی یاسای گوناهە دەکەم.

## Chapter 8

[1]کەواتە ئێستا ئەوانەی لە مەسیحی یەشوادان ئیتر تاوانبارناکرێن. [2]چونکە یاسای گیانی ژیان لە مەسیحی یەشوا لە یاسای گوناهە و لە
مردن ئازادی کردووم.[3]تەورات نەیتوانی ڕزگارمان بکات بەهۆی لاوازی سروشتی گوناهبارمانەوە، بۆیە خودا ئەوەی کرد کە تەورات
نەیتوانی بیکات. ڕۆڵەکەی بە جەستەیەکی هاوشێوەی جەستەیەی گوناهباران نارد کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی گوناهەی بەسەر ئێمەدا
ڕاگەیاند بە بەخشینی ڕۆڵەکەی وەک کەفارەتێک بۆ گوناهەکانمان. [4]بۆ ئەوەی ئەو ڕاستودروستییەی کە تەورات بەدوایدا دەگەڕێت، لە
ئێمەدا بەدی بهێنرێت، کە بەجەستە ناڕۆین بەڵکو بە گیانەکە. [5]چونکە ئەوانەی بەگوێرەی جەستەن گرنگی بە شتە جەستەییەکان دەدەن،
بەڵام ئەوانەی بە گوێرەی گیانەکەن گرنگی بە شتە گیانیەکان دەدەن.[6]گرنگیدان بەجەستە مردنە؛ بەڵام گرنگیدان بە گیانەکە ژیان و
ئاشتیە. [7]چونکە گرنگیدان بە جەستە دوژمنایەتییە لەگەڵ خودا، لەبەر ئەوی ملکەچی تەوراتی خودا نییە، بەڵکو ناشتوانێت. [8]ئەوانەی لە
ژێر دەسەڵاتی جەستدان ناتوانن خودا ڕازی بکەن.[9]بەڵام ئێوە لە ژێر دەسەڵاتی جەستەدا نین، بەڵکو لە ژێر دەسەڵاتی گیانەکەدان،
ئەگەر بەڕاستی گیانی خودا لەناوتاندا نیشتەجێ بێت. بەڵام ئەگەریەکێک گیانی مەسیحی نەبووبێت، ئەوا هی مەسیح نییە. [10]وە ئەگەر
مەسیح لە ناوتاندا بێت، هەرچەندە جەستە بەهۆی گوناهەوە مردووە، بەڵام گیانەکە ژیانە بۆ ئێوە بەهۆی ڕاستودروستییەکەی.[11]ئەگەر
گیانەکە ئەوەی یەشوای لە نێو مردووان هەستاندەوە لەناو ئێوەدا نیشتەجێ بێت، ئەوا ئەوەی مەسیحی لە نیو مردووان هەستاندەوە
جەستەی لەناو چوی ئێوەش زیندوو دەکاتەوە بەهۆی ئەو گیانەی کە لە ناوئێوەدا نیشتەجێیە.[12]بۆیە، ئەی برایان، چ شتێک بە جەستەوە
پەیوەستتان دەکات کە بە پێی جەستە بژین. [13]چونکە ئەگەر بە گوێرەی جەستە بژین، دەمرن، بەڵام ئەگەر بە گیانەکە کردارەکانی
جەستە بیمرێنن، ئەوا دەژین.[14]هەموو ئەوانەی ملکەچی ڕابەرایەتی گیانی خودان، ڕۆڵەی خودان. [15]چونکە گیانی کۆیلایەتیتان
وەرنەگرتوە کە بەرەو ترس بتان گێڕێتەوە، بەڵکو گیانی ڕۆڵایەتیتان وەرگرتوە کە بەهۆیەوە هاوار دەکەین: «باوکە باوکمان!»[16]گیانەکە
خۆی لەگەڵ گیانی ئێمەدا شایەتی ئەوە دەدات کە ئێمە ڕۆڵەی خوداین. [17]مادام ڕۆڵەین، میراتگریشین، میراتگری خودا وە هاوبەشی
مەسیحین لە میرات. وە ئەگەر ئێستا هاوبەشی ئازارەکانی بین، ئەوا هاوبەشی شکۆمەندیەکەشی دەبین.[18]چونکە من پێروام وایە کە
ئازارەکانی ئێستا هیچ نین کاتێک بەراورد دەکرێن بەو شکۆمەندیەی کە لە داهاتوودا تیاماندا دەردەکەوێت. [19]لەبەر ئەوە دروستکراوەکان
بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی دەرکەوتنی ڕۆڵەکانی خودان،[20]چونکە بەدیهێنراوان ملکەچی پووچییەتی بوون بەویستی ئەو نا، بەڵکو
لەلایەن ئەوەی ملکەچییەتی، [21]هەروەها ڕزگار دەبێت لە کۆیلایەتی گەندەڵی بۆ ئازادی شکۆمەندی کە هی منداڵەکانی خودایە. [22]چونکە
دەزانین تا ئێستا هەموو بەدیهێنراوان پێکەوە دەناڵێنن.[23]نەک تەنها ئەو، بەڵکو ئێمەش کە نۆبەرەی گیانەکەمان هەیە، خۆمان لە
لەناخماندا دەناڵێنین چاودێری ڕاگەیاندنی ڕۆڵایەتیمان دەکەین بەقوربانی کردنی جەستەمان. [24]چونکە ئێمە ڕزگارمان بوو، بە هیوا؛
بەڵام هیوا؛ کاتێک دەیبینین هیوا نییە؛ مرۆڤ چی دەبینێت بۆچی هێشتا هیوای پێدەخوازێت؟ [25]بەڵام، ئەگەر هیوامان بەو شتە هەبێت کە
نایبینین، ئەوا بە ئارامییەوە چاوەڕێی دەکەین.[26]بەهەمان شێوە گیانەکە یارمەتیمان دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر لاوازییەکانماندا. چونکە
ئێمە نازانین چۆن نزا بکەین کە شایەنییەتی، بەڵام گیانەکە خۆی لەجیاتی ئێمە داکۆکی دەکات کە لە سەروی دەربڕینەکانمانەوەیە.
[27]ئەوەی دڵەکان دەپشکنێت مەبەستی گیان دەزانێت، چونکە گیانەکە بە شێوەیەک لە پیرۆزکراوان داکۆکی دەکات کە لەگەڵ خودا
هاوڕایە.[28]ئێمە دەزانین کە خودا وادەکات هەموو شتەکان پێکەوە کاربکەن لەپێناو چاکەی ئەوانەی خۆشیان دەوێت، کە بەگوێرەی
مەبەستی خۆیی بانگی کردوون. [29]بۆ ئەوانەی ناسیویانە، پێشوەختە دیاری کردبوو کە لەگەڵ وێنەی کوڕەکەیدا بگونجێن، بۆ ئەوەی ببێتە
نۆبەرە لە نێوان زۆرێک لە براکاندا. [30]ئەوانەی پێشتر دیاری کردبون بانگی کردن. ئەوانەی بانگی کردن بێتاوانیکردن. ئەوانەی بێتاوانی
کردن شکۆمەندی کردن.[31]دوای ئەمە چی بڵێین؟ ئەگەر خودا لەگەڵمان بێت کێ دەتوانێت دژی ئێمە بێت؟ ئەوەی بۆ ئێمە دەستی بە
ڕۆڵەکەی خۆیەوە نەگرت، [32]بەڵکو لە پێناو هەمووومان بەخشی، چۆن لەگەڵیدا هەموو شتێکمان ناداتێ؟[33]کێ هەڵبژاردراوەکانی خودا
تۆمەتبار دەکات؟ خودا ئەوەیە کە بێتاوان دەکات، [34]کێیە تاوانباردەکات؟ ئەوە مەسیحی یەشوایە کە مرد، یان باشتر بڵێین ئەوەی
هەستایەوە، هەروە ها ئەو لە ڕاستەی خودادایە، هەروەها داکۆکیکارمانە.[35]جا کێ لە خۆشەویستی مەسیح جیامان دەکاتەوە؟ ئایا تەنگانە
یان ناخۆشی یان چەوسانەوە یان برسێتی یان ڕووتی یان مەترسی یان شمشێر؟ [36]هەروەک نووسراوە: «لە پێناو تۆدا بە درێژایی ڕۆژ
ڕووبەڕووی مردن دەبینەوە. وەک مەڕ بۆ سەربڕین دادەنرێین!»[37]بەڵام لە هەموو ئەوانەشدا سەرکەوتنی زیاتر بەدەست دەهێنین
بەوەی کە خۆشی دەوێن. [38]چونکە من باوەڕم وایە نە مردن و نە ژیان، نە فریشتەکان و نە سەرۆکەکان، نە شتەکانی ئێستاو نە
شتەکانی داهاتوو، نە هێزەکان، [39]نە بەرزاییەکان و نە قووڵاییەکان و نە هیچ بەدیهێنراوێک ناتوانێت لە خۆشەویستی خودا جیمان کاتەوە کە
لە مەسیحی یەشوای پەروەردگارماندا هەمانە.

## Chapter 9

[1]من لە مەسیحدا ڕاستیەکە دەڵێم، درۆ ناکەم، ویژدانم شایەتم بۆ دەدات بە گیانە پیرۆزەکە، [2]کە زۆر دڵتەنگم و لە دڵمدا ئازارێکی
نەبڕاوە هەیە.[3]پێشتر هیوا خوازبووم کە من خۆم لە پێناو براکانم، کەس و کار بە پێی جەستە، لە مەسیح بێبەش بم. [4]چونکە ئەوان
یەسرائیلیین، و ڕێگایان پێدرا شکۆمەندی و پەیمان و تەوڕات و پەرستش و بەڵێنەکان وەربگرن، [5]باوکانمان لەوانن و مەسیحیش
بەگوێرەی جەستە لەوانەوە هاتووە، ئەو لە سەرووی هەمووانە خودایەکی پیرۆزە و هەتاهەتاییە. ئامین.[6]مەبەستم ئەوە نییە کە وشەی
خودا هیوای تێدا نەبوو. چونکە هەموو نەوەی یەسرائیل یەسرائیلی نین؛ [7]چونکە، هەمووئەوانەی نەوەی ئەڤراهامن، ڕۆڵەی خودانین،
بەڵکو، وەک نووسراوە: «لە یتساخدا نەوەیەکت دەبێت کە ناوی تۆ هەڵدەگرێت».[8]واتە ڕۆڵەکانی جەستە ڕۆڵەکانی خودا نین، بەڵکو بە
ڕۆڵەکانی بەڵێنەکە دادەنرێن. [9]ئەوەش وشەی بەڵێنەکەیە: «لەو کاتەدا دەگەڕێمەوە و سارا کوڕێکی دەبێت».[10]نەک تەنها ئەوە، بەڵکو
ڕەبەکە لە پیاوێک دووگیان بوو، کە ئیتساخی باوکمانە، [11]منداڵەکانیش هێشتا لەدایک نەبوون و هێشتا چاکە و خراپەیان نەکردبوو، تاکو
مەبەستی خودا دەربارەی هەڵبژاردنەکە بمێنێتەوە. [12]کە لەسەر بنەمای کردارنیە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو بانگکردنە بوو کە لەلایەن
ئەوەوە، پێی گوترا: «منداڵە گەورەکە دەبێتە کۆیلەی بچووکەکە»، [13]وەک نووسراوە: «یاکۆڤم خۆشویست، ڕقم لە ئیساڤ بوو».[14]چی
بڵێین، ئایا لای خودا ستەم دەبێت، هەرگیز! [15]چونکە بە موشەی فەرموو: «بە بەزەیی دەبم لەگەڵ ئەوەی بەزەییم پێدا دێتەوە، میهرەبان
دەبم لەگەڵ ئەوەی بمەوێت میهرەبان بم!» [16]کەواتە بابەتەکە پەیوەندی بە ویست و هەوڵدانی مرۆڤەوە نییە، بەڵکو تەنها پەیوەندی بە
بەزەیی خوداوە هەیە.[17]چونکە خودا لە پەرتوکەکەدا بە فیرعەون دەفەرموێت: «هەر بۆ ئەو مەبەستە تۆم هێشتۆتەوە: تا هێزی خۆم لە
تۆدا پیشان بدەم و ناوم لە هەموو زەویدا ڕابگەێنم». [18]بۆیە خودا بەزی بە هەر کەسێکدا دێتەوە کە بیەوێت، سزای هەر کەسیش
دەدات، کە بیەوێت.[19]لێرەدا پێم دەڵێیت: «بۆچی گلەیی دەکەیت؟» کێ بەرەنگاری مەبەستەکەی دەبێتەوە؟» [20]بۆیە دەڵێم: ئەی مرۆڤ
تۆ کێیت تا وەڵامی خودا بدەیتەوە؟ ئایا ئەو شتەی کە دروستکراوە بە دروستکەرەکەی دەڵێت: بۆچی منت بەم شێوەیە دروست
کردووە؟ [21]ئایا گۆزەکەر دەسەڵاتی بەسەر گڵەکەدا نییە لە گرێیەک قاپێک بۆ ڕێزلێنان و یەکێکی دیکەش ئاسایی دروستبکات؟[22]چی
دەبوو ئەگەر خودا ویستی تووڕەیی خۆی پیشان بدات و توانای خۆی ڕابگەیەنێت، بە هەموو سەبرەوە بەرگەی جامی تووڕەیی گرت
لەوانە کە شایەنی لەناوچون بوون، [23]لەبەر ئەو مەبەستەبوو دەوڵەمەندی شکۆمەندیەکەی خۆی لە دەفرەکانی بەزەیی ڕابگەێنیت کە
پێشتر بۆ شکۆمەندی ئامادەی کردبوو، [24]لە ئێمەدا کە بانگی کردین نەک تەنها لە نێو یەهودیەکان بەڵکو لە نێو نەتەوەکانیش؟[25]وە
ئەوەش بەگوێرەی ئەوەی کە لە پێشبینی هۆشەع دەیڵێت: «ئەوانەی گەلی من نەبوون بە گەلەکەم بانگیان دەکەم و ئەوانەی
خۆشەویست نین بە خۆشەویستەکەم بانگیان دەکەم. [26]وە لە کوێ پێیان گوترا: ئێوە گەلی من نین، لەوێ پێیان دەوترێت ڕۆڵەکانی
خودای زیندوو».[27]بەڵام ئیشایا، باسی یەسرائیل دەکات و دەڵێت: «ئەگەرچی نەوەی یەسرائیل وەک لمی دەریا زۆر دەبن، بەڵام
پاشماوەیان ڕزگاری دەبێت. [28] چونکە پەروەردگار بڕیار لەسەر بابەتەکە دەدات و بە خێرایی قسەکەی جێبەجێ دەکات لەسەر زەوی».
[29]وەک ئیشایا پێشتر گوتویەتی: «ئەگەر پەروەردگاری سوپاسالار نەوەی بۆ نەهێشتبایین، وەک سۆدۆم و وەک عەمۆرە دەبوین!»[30]کەواتە
کورتەی قسەکە چییە؟ ئەو نەتەوانەی کە بەدوای ڕاستودروستیدا نەدەگەڕان گەیشتنە ڕاستودروستی، بەڵام ڕاستودروستی لەسەر
بناغەی باوەڕە. [31]بەڵام یەسرائیل هەوڵیاندا بەتەوڕات بە ئامانجی ڕاستودروستی بگەن، تەنانەت بە تەوڕاتیش پێینەگەیشتن و
شکستیان هێنا.[32]بەچ هۆکارێک؟ چونکە هەوڵەکانیان لەسەر بناغەی باوەڕ نەبوو، بەڵکو لەسەر بناغەی کرداربوو. بە بەردێکی کۆسپ
تووشی کۆسپ بوون [33]وەک نووسراوە: «ئەوەتا من لە سەهیۆن بەردی کۆسپ وتاشەبەردی کەوتن دادەنێم ئەوەی باوەڕی پێبێنێت بێ
هیوا نابێت».

## Chapter 10

[1]ئەی برایان، ئارەزوی دڵم و پاڕانەوەم لە خودایە بۆ ئەوان، کە ڕزگاریان بێت. [2]من شایەتی بۆ ئەوان دەدەم کە دڵگەرمیان بۆ خودا
هەیە، بەڵام لەسەر بناغەی زانیاری نییە. [3]چونکە ئەوان لە ڕاستودروستی خودا بێ ئاگا بوون و هەوڵیان دەدا ڕاستودروستی خۆیان
بسەلمێنن، ملکەچی ڕاستودروستی خودا نەبوون.[4]ئامانجی تەورات مەسیحە بۆ بێتاوان بونی هەموو ئەوانەی باوەڕیان هەیە. [5]موشە
لەبارەی ئەو ڕاستودروستییەی کە لە تەوراتدا دێتە ئاراوە نووسیویەتی: «هەر مرۆڤێک کار بەمانە بکات، ئەوە پێی دەژی».[6]بەڵام ئەو
ڕاستودروستییەی کە لە باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت ئەمە دەڵێت: «لە دڵتدا مەڵێ: کێ بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە؟» (واتە با
مەسیح دابەزێت)، [7]نەخێر: «کێ دادەبەزێت بۆ قووڵایی؟» واتا بۆ ئەوەی مەسیح لە مردن هەستێتەوە![8]کەواتە چی دەفەرموێت؟
دەفەرموێت: «وشەکە لێت نزیکە. لە دەم و لە دڵتدایە!» وە ئەو وشەیە هیچ نییە جگە لە وشەی باوەڕ کە ئێمە موژدەی پێدەدەین:
[9]ئەگەر بە دەمت دان بەوەدا بنێیت یەشوا پەروەردگارە، و لە دڵتدا باوەڕت بەوە هەبێت کە خودا لە نێو مردووواندا هەڵیساندەوە، ئەوە
ڕزگارت دەبێت. [10]چونکە بە دڵ باوەڕهێنان دەبێتە هۆی ڕاستودروستی، و بە دەم دانپێدانان دەبێتە هۆی ڕزگاربوون،[11]چونکە پەرتوکەکە
دەڵێت: «هەریەکێک باوەڕی پێی بهێنێت نا ئومێد نابێت». [12]جیاوازی یەهودی و یۆنانی نییە، چونکە هەمووان یەک پەروەردگاریان هەیە،
دەوڵەمەندن ئەوانەی بانگی دەکەن. [13]«چونکە هەریەکێک بە ناوی پەروەردگاربانگی بکات ڕزگاری دەبێت».[14]بەڵام، چۆن بانگی دەکەن
کە باوەڕتان پێی نەبێت؟ وە چۆن باوەڕ بەوە دەکەن کە نەتان بیستبێت؟ چۆن دەبیستن بەبێ مزگێنیدەر؟ [15]چۆن یەکێک مزگێنی دەدات
ئەگەر پێشتر نەنێردرابێت؟ وەک نووسراوە: « چەند جوانە پێیەکانی مزگێنیدەران بە چاکە!»[16]بەڵام هەموویان گوێڕایەڵی مزگێنییەکە
نەبوون. چونکە ئیشایا دەڵێت: «ئەی پەروەردگار! کێ باوەڕی بەو وشانە کرد کە بیستمان؟» [17]بۆیە باوەڕ دەرئەنجامی بیستنە،
بیستنیش ئەوەیە مزگێنی بدەی بە وشەی مەسیح![18]بەڵام من دەڵێم: ئایا ئەوان نەیانبیست؟ بەڵێ، چونکە مزگێنیدەرەکان «دەنگیان
گەیشتە هەموو زەوی، و قسەکانیان دەگاتە ئەوپەڕی جیهان».[19]وە دەگەڕێمەوە دەڵێم: ئایا ئەوان لە یەسرائیل تێناگەن؟ موشە،
یەکەمجار، دەڵێت: «وادەکەم ئیرەیی بەئەوانە ببەن کە نەتەوە نین، بەنەتەوەیەکی تێنەگەیشتوو تووڕەتان دەکەم!»[20]وە ئیشایاش
بەبوێریەوە دەڵێت: «ئەوانەی بەدوامدا نەگەڕان، دۆزیمیانەوە و بۆ ئەوانەی کە نەیانویستم دەرکەوتم». [21]بەڵام لەبارەی یەسرائیل
دەڵێت: «بە درێژایی ڕۆژ دەستم بۆ گەلێکی یاخی و دژەبەر درێژ کردووە!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 11

[1]وە لێرەدا دەڵێم: ئایا خودا گەلەکەی ڕەتکردەوە؟ نەخێر! منیش یەسرائیلیم، لە نەوەی ئەڤراهامم و لە هۆزی بنیامین. [2]خودا گەلەکەی
ڕەت نەکردەوە کە هەڵیبژاردبوو. ئایا نازانن پەرتوکەکە چی دەڵێت دەربارەی ئیلیا کاتێک سکاڵای لەسەر یەسرائیل بۆ خودا بەرزکردەوە
و دەڵێت: [3]«ئەی پەروەردگار؟ پێغەمبەرەکانتیان کوشت، قوربانگاکەتیان وێران کرد، منیش بە تەنیا ماومەوە و بەدوای کوشتنمدا
دەگەڕێن!»[4]بەڵام، وەڵامی خودام بۆ ئەو چی بوو؟ حەوت هەزار پیاوم بۆ خۆم هێشتەوە کە چۆکیان بۆ بەعل دانەداوە!» [5]کەواتە، لە
سەردەمی ئێستادا، هێشتا پاشماوەیەک هەیە کە لەلایەن خوداوە بە بەخشش هەڵبژێردراون.[6]بەڵام بەو پێیە بە بەخشش بە دیهاتوە، نەک
لەسەر بناغەی کردار، ئەگینا بەخشش ئیتر بەخشش نییە. [7]کەواتە پوختەی قسەکە چییە؟ ئەوەی یەسرائیل بەدوایدا دەگەڕا، بەدەستیان
نەهێنا، بەڵام هەڵبژێردراوان بەدەستیان هێنا، ئەوانەیتریش کوێر بوون، [8]بەگوێرەی ئەوەی نووسراوە: «گیانێکی تەمبەڵی پێبەخشین
وچاوێک کە نابینێت و گوێیان کە نابیستێت، تەنانەت هەتا ئەمڕۆش».[9]بە هەمان شێوە داڤید دەڵێت: «با خوانەکانیان ببێتە داو و تەڵە،
کۆسپ و سزا. [10]با بەر چاویان تاریک بێت تا نەبینن، پشتیان هەمیشە چەماوبێت!»[11]پاشان دەڵێم: ئایا ئەوان کەوتن تا جارێکیتر
هەڵنەستنەوە؟ نەخێر! بەڵکو لە ڕێگەی کەوتنیانەوە ڕزگاری بۆ گەلان دابین کرا، ڕەنگە بەمە ئیرەیی بیانگرێت. [12]ئەگەر کەوتنیان بۆ
جیهان دەوڵەمەندی بوبێت، وە زیانەکانیان بۆ نەتەوەکان دەوڵەمەندی بوبێت، ئەوا کامڵ بونیان چەندە زیاتر دەبوو؟[13]چونکە من وەک
نێردارو بۆ نەتەوەکان قسە لەگەڵ ئێوە دەکەم و پەیامەکەم شکۆمەند دەکەم، [14]تاکو گەلەکەم بۆ ئیرەیی بورژێنم و هەندێکیان ڕزگار
بکەم.[15]ئەگەر دورکەوتنەوەیان دەرفەتێکە بۆ ئاشتبوونەوەی جیهان، ئەوا پەسەندکردنیان چییە جگە لە ژیانەوە لە نێو مردوان؟ [16]وە ئەگەر
پارچەی یەکەمی هەویرەکە پیرۆز بێت؛ ئەوا هەموو هەویرەکە پیرۆزە، وە ئەگەر ڕەگی درەختەکە پیرۆز بێت، ئەوا لقەکانیش پیرۆزن.
[17]کەواتە ئەگەر هەندێک لە لقەکانی زەیتون بڕدران، ئەوا تۆیان لە زەیتونە خۆڕسکەکە هێناو موتربەیان کردی، لە ڕەگ و خۆراکی
زەیتوونەکە بەژدار بوویت [18]شانازی بە سەر لقەکانیترەوە مەکە. وە ئەگەر شانازی بکەیت، ئەوە تۆ نیت کە ڕەگەکەت هەڵگرتووە،
بەڵکو ڕەگەکەیە تۆی هەڵگرتووە.[19]لەوانەیە بڵێیت: «ئەو لقانە بڕدراون بۆ ئەوەی من موتربە بکرێم» [20]ڕاستە! ئەو بەهۆی بێ باوەڕیەوە
بڕاوە، تۆش بەهۆی باوەڕەوە موتوربە کراویت. لەخۆبایی مەبە، بەڵکو بترسە [21]چونکە ئەگەر خودا بەزەیی بە لقە سروشتییەکاندا
نەیەتەوە ئەوا بەزەیی بە تۆشدا نایەتەوە.[22]کەواتە میهرەبانی و توندی خودا لەبەرچاو بگرە: سەبارەت بە توندییەکەی، بۆ ئەوانەیە کە
کەوتوون؛ میهرەبانی خودا بۆ تۆیە تا ئەو کاتەی کە بەردەوامیت لە میهرەبانیدا. وە ئەگەر تۆ خۆڕاگر نەبیت، تۆش دەبڕێیەوە.[23]ئەوانیش
ئەگەر لە بێ باوەڕیدا بەردەوام نەبن، موتوربە دەکرێنەوە، چونکە خودا توانای ئەوەی هەیە موتوربەیان بکاتەوە. [24]ئەگەر لە دار
زەیتوونێکی خۆڕسک بڕابوویتەوە، و بە پێچەوانەی نەریتی دار زەیتوونێکی چاک موتوربە کرابیت، ئەوانە کە لە لقە ڕەسەنەکەن، چەندە
زیاتر لە دار زەیتوونەکەی خۆیان موتوربە دەکرێن.[25]چونکە برایان، نامەوێت ئەم نهێنییەتان لێ بشاردرێتەوە، نەک لەبەرچاوی خۆتان دانا
بن، کە یەسرائیل بەشێکی کوێر بووە تا هاتنە ناوەوەی تەواوی نەتەوەکان.[26]بەم شێوەیە هەموو یەسرائیل ڕزگاری دەبێت، وەک
نووسراوە: «ڕزگارکەر لە سەهیۆنەوە دێت، خوانەناسی لە یاکۆڤ دووردەخاتەوە. [27]ئەوەش پەیمانی منە لەگەڵ ئەوان کاتێک
گوناهەکانیان دادەماڵم».[28]تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە مزگێنیەکەوە هەیە، ئەوان دوژمنی ئێوەن لە پێناوی خودا. سەبارەت بە
هەڵبژاردنی خودایی، ئەوان بە بۆنەی باووباپیرانەوە خۆشەویستن. [29]چونکە خودا پاشگەزنابێتەوە لە بەخشین و بانگهێشتکردنەکەی.
[30]ڕاستییەکە ئەوەیە وەک چۆن ئێوە لە ڕابردوودا سەرپێچی خوداتان کرد، بەڵام ئێستا لە ئەنجامی گوێڕایەڵ نەبوونی ئەوان بەزەییتان
وەرگرتووە، [31]ئێستا ئەوان کە گوێڕایەڵی خودا نین . ئەوانیش بەزەییان وەرگرت، بەهۆی ئەو بەزەییەی ئێوە وەرتان گرت. [32]خودا
هەمووانی پێکەوە زیندانی کرد لە بێ گوێڕایەڵیدا تاکو بەزەیی بە هەمووواندا بێتەوە.[33]سامان و دانایی و زانستی خودا چەند قووڵە!
بڕیارەکانی چەندە دوورن لە پشکنین و ڕێگاکانی پەی پێ نەبراون! [34]«چونکە کێ بیری پەروەردگاری زانی؟ یان کێ ڕاوێژکاری بووە؟
[35]کێ شتێکی پێ بەخشیوە تاکو بۆی بگەڕێنێتەوە؟» [36]چونکە هەموو شتەکان لە ئەوە و بەهۆی ئەوە و بۆ ئەوە. هەتاهەتایە شکۆمەندی
بۆ ئەوە. ئامین!

# Chapter 12

[1]بۆیە برایان، لە بەر بەزەیی خودا لێتان دەپاڕێمەوە، جەستەتان وەک قوربانیەکی زیندوو پێشکەشی بکەن، کە لەلای ئەو پەسەندکراوە،
کە ئەوەش پەرستنی ژیرمەندانەتانە. [2]شێوەی جیهان وەرمەگرن، بەڵکو بە نوێکردنەوەی بیرکردنەوەتان بگۆڕێن، تا بزانن خواستی چاک
و پەسەندکراوی تەواوەتی خودا چییە.[3]چونکە بەو بەخششەی کە پێم دراوە ، فەرمان بە هەریەکێکتان دەکەم کە بەهای خۆیان بەرزتر
نەکەنەوە لەوەی شایەنیەتی، بەڵکو لە بیرکردنەوەیاندا هۆشیار بن، بەپێی ئەو باوەڕی کە خودا بەسەر هەریەکێکتاندا دابەشی کردووە.
[4]وەک چۆن لە یەک جەستەدا ئەندامی زۆرمان هەیە، بەڵام هەموو ئەم ئەندامانە یەک ئەرکیان نییە، [5]بە هەمان شێوە ئێمەش کە زۆرین،
لە مەسیحدا یەک جەستەین و هەمووومان ئەندامی یەکترین.[6]بەڵام، ئەو بەهرانەی کە بە پێی بەخشش پێماندراوە، (با بەکاری بهێنین):
ئەوەی پێشبینی پێدراوە، با پێشبینی بکا بە پێی ئەو باوەڕەی کە هەیەتی؛ [7]ئەوەی بەهرەی خزمەتکردنی هەیە، با خەریکی خزمەتکردن
بێت؛ یان فێرکردن، با فێربکات؛ [8]یان وتاردان، با وتاربدات؛ یان بەخشین، با بە بەخشندەیی ببەخشێت؛ یان ڕابەرایتی، با بە پەرۆشەوە
ڕابەرایەتی بکات؛ یان پیشاندانی بەزەیی، با بە خۆشحاڵیەوە بەبەزیی بێت.[9]با خۆشەویستیتان بێ دووڕوویی بێت. دور بکەونەوە لە
خراپە، بە چاکەوە بچەسپێن. [10]بە خۆشەویستی برایانە یەکترتان خۆش بوێت، بەڕێزەوە یەکترتان پێ باشتربێت.[11]لە تێکۆشانتان سست
مەبن، بەڵکو لەگیان دڵ گەرمبن، خزمەتکاری پەروەردگاربن، [12] لە هیوادا شاد بن، لە تەنگانەدا ئارام بن، چەسپاو بن لە نزاکردندا،
[13]هاوکاربن لە دابین کردنی پێداویستی پیرۆزکراوان، و بەردەوام بن لە پێشوازی کردنی نامۆکان.[14]چەوسێنەرانتان بەرەکەت داربکەن.
بەرەکەتداری بکەن و نەفرەت مەکەن! [15]شاد بن لە گەڵ ئەوانەی دڵخۆشن، بگرین لەگەڵ ئەوانەی دەگرین. [16]لەگەڵ یەکتردا تەبابن،
گرینگی بە پایەبەرزی مەدە، بەڵکو هاوسەنگ بن لەگەڵ ئەوانەی کە پێگەیان نزمە، خۆتان بەدانا دامەنێن.[17]وەڵامی هیچ خراپەیەک بە
خراپە مەدەنەوە، بەڵکو تێبکۆشە ئەوەی چاکە لەبەردەم هەموو خەڵکیدا پێشکەشی بکەی. [18]ئەگەر دەکرێت، تا ئەوەی کە پەیوەندی بە
ئێوەوە هەیە، لەگەڵ هەموو خەڵکیدا بە ئاشتی بژین.[19]خۆشەویستان خۆتان تۆڵە مەکەنەوە، بەڵکو تووڕەیی خۆتان بۆ خودا جێبهێڵن،
چونکە نووسراوە: «تۆڵەکردنەوە هی منە، منم سزا دەدەم، پەروەردگار دەفەرموێت». [20]بەڵکو «ئەگەر دوژمنەکەت برسی بوو،
خواردنی پێ بدە، ئەگەر تینوی بوو، ئاوی پێبدە. بەم کارە پشکۆ لەسەر سەری کۆدەکەیتەوە». [21]مەهێڵە خراپە بەسەرتدا زاڵ بێت،
بەڵکو بە چاکە بەسەر خراپەدا زاڵ ببە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 13

[1]لەسەر هەموو یەکێکە ملکەچی دەسەڵاتی دادوەری بێت. هیچ دەسەڵاتێک نییە لە خوداوە نەبێت، ئەو دەسەڵاتانەی هەن لەلایەن خوداوە ڕێک دەخرێن. [2]تەنانەت ئەوانەی بەرەنگاری دەسەڵات دەبنەوە، بەرەنگاری ڕێکخستنی خودا دەبنەوەو ئەوانەی بەرەنگاری دەبنەوە سزا بەسەر خۆیاندا دەهێنن.[3]دادوەران لە چاکەکاران ناترسن، بەڵکو لە خراپەکار. کەواتە دەتەوێت لە دەسەڵات نەترسیت؟ ئەوەی چاکە بیکە، ستایش دەکرێیت، [4]چونکە خزمەتکاری خودایە بۆ تۆ لە پێناو چاکە و باشە بەڵام ئەگەر خراپەت کرد، بترسە، چونکە دەسەڵات شمشێر لە خۆڕا هەڵناگرێت، ئەوەی خزمەتکاری خودایە، هەرئەوەیە کە تۆڵەی تووڕەیی خۆی دەکاتەوە لە خراپەکاران. [5]بۆیە پێویستە ملکەچ بن ، نەک تەنها بۆ ئەوەی لە تووڕەیی دوور بکەونەوە، بەڵکو بۆ لەبەر چاوگرتنی ویژدانیشتان.[6]هەر لەبەر ئەو هۆکارە ئێوە باج دەدەن، چونکە پیاوی دەسەڵاتدارەکان خزمەتکاری خودان کە خۆیان بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە. [7]کەواتە مافی هەمووان بدەن: باج بۆ خاوەن باج، سەرانە بۆ خاوەن سەرانە و ڕێز بۆ خاوەنی ڕێز.[8]با قەرزاری کەس نەبن، جگە لەوەی یەکتریتان خۆشبوێ، چونکە ئەوەی خەڵکی دیکەی خۆشبوێ، ڕاسپاردەی تەوراتی تەواو کردوە، [9]ڕاسپاردەکە ئەوەیە « داوێنپیسی مەکە، مەکوژە، دزی مەکە، شایەتی درۆ مەدە، هەوەسباز مەبە»، ڕاسپاردەکانیتر پوختەی ئەو وشەیە: «نزیکەکەت وەک خۆت خۆش بوێت!» [10]خۆشەویستی خراپە لەگەڵ نزیکەکەی ناکات. بەم جۆرە خۆشەویستی تەواوکردنی هەموو تەوراتە.[11]جگە لەوەش ئێوە کاتەکە دەزانن و ئێستا ئەو کاتەیە کە دەبێت لە خەو بەئاگا بێن. ئێستا ڕزگاریمان لێ نزیکترە لەو ڕۆژەی کە باوەڕمان هێنا: [12]شەو خەریکە تەواو دەبێ و ڕۆژ خەریکە هەڵدێت. با کارەکانی تاریکی فڕێ بدەین و چەکی ڕووناکی لەبەر بکەین.[13]لەو ڕۆژدا، با بەشێوەیەکی گونجاو هەڵسوکەوت بکەین: نەک لە ڕابواردن و سەرخۆشیدا، نەک لە خراپەکاری و بەدڕەوشتیدا، نەک لە شەڕ و ئیرەییدا. [14]بەڵکو یەشوای مەسیحی پەروەردگار لەبەر بکەن و سەرقاڵ مەبن بە پلاندانان بۆ جەستە و بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی.

# Chapter 14

[1]ئەوەی لە باوەڕدا لاوازە، لە نێوانتان پێشوازی لێبکەن بێ ئەوەی لەسەر بۆچونەکانی بڕیاری لەسەر بدەن. [2]هەندێک خەڵک پێیان وایە مافی ئەوەیان هەیە هەموو شتێک بخۆن. بەڵام بۆ لاوازەکان با سەوزە بخۆن.[3]ئەوەی هەموو شتێک دەخوات نابێت سووکایەتی بەو کەسە بکات کە ناخوات و ئەوەی ناخوات نابێت بڕیاری لەسەر بدرێت لەلایەن ئەوەی کە دەیخوات، چونکە خودا پەسەندی کردووە. [4]تۆ کێیت بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر خزمەتکاری یەکێکیتر بدەیت؟ ئەو لە چاوی گەورەکەیدا جێگیر دەبێت یان دەکەوێت. جێگیر دەبێت، چونکە پەروەردگار توانای هەیە جێگیری بکات.[5]لە نێو خەڵکدا هەیە کە ڕێز لە ڕۆژێک دەگرێت بە دور لە ئەوانیتر، لە نێویاندا هەیە کە هەموو ڕۆژەکان بە یەکسانی دەزانێت. یان یەکێک لە هزری خۆیدا بۆچونی خۆی بەڕەوا دەبینێت. [6]یەکێک ڕۆژێکی دیاریکراو ڕەچاو دەکات لە پێناو پەروەردگاردا؛ هەر شتێک کە دەخوات لە پێناو پەروەردگار دەیخوات، چونکە سوپاسی خودا دەکات؛ ئەوەی نەخوات لە پێناو پەروەردگار ناخوات، چونکە سوپاسی خودا دەکات.[7]هیچ کام لە ئێمە بۆ خۆی ناژی و کەسیش بۆ خۆی نامرێت. [8]ئەگەر بژین، بۆ پەروەردگار دەژین؛ وە ئەگەر بمرین، بۆ پەروەردگار دەمرین. بژین یان بمرین، ئێمە هی پەروەردگارین. [9]چونکە مەسیح لە پێناو ئەوە مرد و گەڕایەوە بۆ ژیان: بۆ ئەوەی ببێتە گەورەی مردووان و زیندووان.[10]بەڵام، بۆچی بڕیار لەسەر براکەت دەدیت؟ وە تۆش، بۆچی سووکایەتی بە براکەت دەکەیت؟ هەموومان لەبەردەم تەختی خودادا ڕادەوەستین بۆ لێپرسینەوە. [11]چونکە نووسراوە: «من زیندووم، پەروەردگار دەفەرموێت، هەموو ئەژنۆیەک بۆ من چۆک دادەدات، و هەموو زمانێک دان بە خودادا دەنێت!»[12]کەواتە، هەریەکێک لە ئێمە دەبێت هەژماری خۆی بداتە خودا. [13]ئیتر بەسە باواز لە بڕیاردان لەسەر یەکتری بێنین، بەڵکو بڕیاری ئەوەبدەن : کە کەس کۆسپ یا تەڵە لەبەردەم براکەیدا دانەنێت.[14]چونکە دەزانم و دڵنیایم دراوەتێ لەلایەن یەشوای پەروەردگاروە کە هیچ شتێک خۆی لە خۆیدا پیس نیە. بەڵام ئەگەر یەکێک شتێک بە ناپاک بزانێت، ئەوا لە چاوی خۆیدا ناپاکە. [15]ئەگەر بە خواردنەکەت ببیتە هۆی خەم و پەژارە بۆ براکەت، ئیتر بە شێوەیەک ڕەفتار ناکەی کە لەگەڵ خۆشەویستیدا بگونجێت. بۆیە بە خواردنەکەت ئەوە لەدەست مەدە کە مەسیح لە پێناویدا مرد.[16]کەواتە، با چاکەکانت بە قسەی خراپ ڕەخنەی لێ نەگیرێت. [17]چونکە شانشینی خودا بە خواردن و خواردنەوە نیە، بەڵکو ڕاستودروستی و ئاشتی و شادیە لە گیانە پیرۆزەکەدا.[18]هەریەکێک بەم شێوەیە خزمەتی مەسیح بکات، لەلایەن خوداوە پەسەند دەکرێت و لەلایەن خەڵکەوە ستایش دەکرێت. [19]کەواتە باهەوڵ بۆ ئەوە بدەین کە بەرەو ئاشتی و بنیاتنانی یەکترمان دەبات.[20]بەهۆی خۆراک کاری خودا وێران مەکە! ڕاستە هەموو خۆراکەکان پاکن، بەڵام خراپەیە کاتێ کە مرۆڤ شتێک بخوات کە دەبێتە هۆی کۆسپ. [21]باشترە نە گۆشت بخۆیت و نە شەراب بخۆیتەوە، نە کارێک بکەیت کە ببێتە کۆسپ بۆ براکەت.[22]ئەگەر بڕوات بەوە هەیە؟ کەواتە لەبەردەم خودا هی خۆت بێت! خۆزگە دەخوازرێت بەوەی خۆی تاوانبار ناکات لەسەر ئەوەی کە پەسەندی دەکات. [23]بەڵام ئەگەر یەکێک گومانی کرد کاتێک نان دەخوات تاوانبار دەکرێت، چونکە لە باوەڕەوە نیە. هەر شتێک کە لە باوەڕەوە نەبێت گوناهەیە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 15

[1]ئێمەی بەهێز لەسەرمانە بەرگەی لاوازی لاوازان بگرین، و خۆمان ڕازی نەکەین. [2]با هەریەکەمان هەوڵبدەین بۆ رازیکردنی نزیکەکانمان
لە ڕوانگەی چاکەکارییەوە لە رێگەی بنیاتنانەوە.[3]تەنانەت مەسیحیش هەوڵی ڕازی کردنی خۆی نەدەدا،بەڵکو بەگوێرەی ئەوەی کە
نووسرابوو: «ڕسوایی ئەوانەی ڕسوات دەکەن کەوتنە سەر من». [4]چونکە هەموو ئەوانەی پێشتر نوسراون، بۆ فێرکردنمان نووسراوە،
بۆ ئەوەی هیوامان بە پەرتووکی ئارامی و دڵنەوایی هەبێت.[5]خودا ئارامگری و دڵنەوایی و تەباییتان پێببەخشێت بەگوێرەی مەسیحی
یەشوا، [6]تا خودای باوکی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح شکۆمەند بکەن، بە یەک دڵ و یەک دەم. [7]بۆیە یەکتری پەسەند بکەن، وەک
چۆن مەسیح پەسەندی کردین بۆ شکۆمەندی خودا.[8]بۆیە دەڵێم مەسیح بوو بە خزمەتکاری خەتەنەکراوان وەک پیشاندانی ڕاستی خودا
و پشتڕاستکردنەوەی بەڵێنەکانی بۆ باوکان، [9]نەتەوەکان شکۆمەندی خودا دەکەن بۆ بەزەییەکەی، بەگوێرەی ئەوەی نووسراوە: «لەبەر
ئەوە لەناو گەلان دانت پێدا بنێن و پەسنی بۆناوت بڵێن!»[10]هەروەها گوتراوە: «ئەی گەلان، لەگەڵ گەلەکەی دڵشادبن». [11]وە هەروەها:
«هەموو گەلان ستایشی پەروەردگار بکەن و با هەموو گەلان سوپاسگوزاری بن».[12]هەروەها ئیشایا دەڵێت: «لە ڕەگی یەسا
دەردەکەوێت، هەڵدەستێت، تا ببێتە سەروەر بەسەر نەتەوەکاندا: گەلان هیوایان بەو دەبێت».[13]خودای هیوا پڕتان بکات لە هەموو
خۆشیی و ئاشتییەک لە باوەڕتان تا بە هێزی گیانی پیرۆز هیواتان زیاد بکەن.[14]وە من خۆم لە ئێوە دڵنیام برایان، کە پڕن لە چاکە و پڕن
لە هەموو زانیارێک، هەروەها توانای ئامۆژگاری کردنی یەکتریتان هەیە.[15]بەڵام بە بوێری زیاترەوە سەبارەت بە هەندێک بابەت بۆم
نووسین، بەو بەخششەی کە خودا پێی بەخشیوم. [16]تاکو ببمە خزمەتکاری یەشوای مەسیح، نێردراو بۆ گەلان، هەڵگری مزگێنی خودا،
وەک ئەوەی بە خزمەتی کاهینی هەستم، بە مەبەستی پێشکەش کردنی قوربانی لە نێو نەتەوەکاندا بۆ خودا تاکو پەسەندکراو و
پیرۆزکراوبێت بەگیانی پیرۆز.[17]کەواتە من مافی ئەوەم هەیە شانازی بە یەشوای مەسیحەوە بکەم بەو خزمەتکردنەم کە بۆ خودا
دەگەڕێتەوە. [18]بوێری ئەوەم نیە باسی هیچ شتێک بکەم جگە لەوکارانەی مەسیح لە ڕێگەی منەوە کردوویەتی بۆ ڕێنماییکردنی گەلان بۆ
گوێڕایەڵی بە قسە و کردار، [19]و بە هێزی نیشانەی سەرسوڕهێنەر، و بە هێزی گیانی خودا. بەجۆرێک کە من، لە یۆرشەلایم و
دەوروبەری تا هەرێم ئیلیریکۆم، بەتەواوی مزگێنی مەسیحم ڕاگەیاند.[20]پێداگریم لەوەکرد مزگێنی لەو شوێنانەدا بدەم کە ناوی مەسیحی
تێدا نەهێنراوە، بۆ ئەوەی لەسەر بناغەی یەکێکیتر بنیات نەنێم، [21]بەڵکو وەک ئەوەی نووسرابوو: «ئەوانەی مژدەی ئەویان پێنەدرابوو
دەبینن و ئەوانەی نەیانبیستبوو تێدەگەن».[22]هەر لەبەر ئەو هۆکارەش زۆرجار ڕێگریم لێ کراوە لە هاتنم بۆ لای ئێوە. [23]بەڵام ئێستا،
لەبەر ئەوەی کە ئیتر شوێنی کارکردنم لەو شوێنانەدا نەماوە، و بە درێژایی ئەو ساڵانە تامەزرۆ بووم بێمە لای ئێوە،[24]کاتێک دەچمە
ئیسپانیا هیوادارم بەلای ئێوەدا تێپەڕیم و بتانبینم و ئاسانکاریم بۆ بکەن تا بەردەوام بم لە گەشتەکانم دوای ئەوەی چێژم لە بینینی ئێوە
وەردەگرم، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت. [25]بەڵام ئێستا دەچم بۆ یۆرشەلایم بۆ خزمەتکردنی پیرۆزکراوان.[26]لەبەر ئەوە
باوەڕدارانی مەکەدۆنیا و ئەخایا پێیان باش بوو هاوکاری بۆ هەژارانی نێو پیرۆزکراوانی یۆرشەلیم کۆبکەنەوە. [27]ئەوە بۆ ئەوان باشە کە
قەرزاری ئەو پیرۆزکراوانەن: ئەگەر نەتەوەکان بەشدارییان لە شتە گیانییەکانی ئەواندا کردووە، ئەوا دەبێ ئەوانیش لە شتە مادییەکان
خزمەتیان بکەن. [28] دوای ئەوەی ئەو ئەرکەم تەواو کرد، و ئەو بەرهەمەم گەیاندە پیرۆزکراوان، بەرەو ئیسپانیا بەڕێدەکەوم، بۆلای ئێوە.
[29]وە دەزانم کە کاتێک دێم بۆ لاتان، بە پڕی بەرەکەتی مەسیح دێم.[30]بۆیە برایان،بە پەروەردگارمان یەشوای مەسیح و بە خۆشەویستی
گیانی، داواتان لێدەکەم، کە لەگەڵمدا تێبکۆشن لە نزاکردن بۆ خودا لە پێناوی من، [31]بۆ ئەوەی ڕزگارم بێت لەو بێباوەڕانەی لە
یەهودیان، وخزمەتەکم بۆ پیرۆزکراوان لە یۆرشەلایم تاکو لای ئەوانیش پەسەند بێت، [32]تا بە خواستی خودا بە خۆشی بێمە لاتان و
ببوژێمەوە و پشوو بدەم.[33]خودای ئاشتی لەگەڵ هەمووتان بێت. ئامین!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 16

[1]سەبارەت بە بفیبی خوشکمان ڕاتاندەسپێرم کە خزمەتکارە لە کڵێسای کەنخریا. [2]لە پەروەردگاردا پێشوازی لێبکەن بە شێوەیێک کە
شایەنی پیرۆزکراوان بێت و هەر پێداویستێکی هەبوو پێیبدەن، چونکە یارمەتیدەر بووە بۆ زۆر کەس و بۆ منیش.[3]سڵاو لە پریسیلا و
ئەکیلا بکەن، هاوکارەکانم لە خزمەتی یەشوای مەسیحدا، [4]ئەوان گەردنی خۆیان بۆ پەڕاندن پێشکەش کرد بۆ ڕزگار کردنی ژیانم، تەنها
من سوپاسیان ناکەم، بەڵکو هەموو کڵێسای نەتەوەکانیش. [5]سڵاوبکەن لەو کڵێسایەی کە لەماڵەکەیدایە. سڵاو لە ئەپنیتۆسی
خۆشەویستم، بکەن کە یەکەم نۆبەرەی مەسیحە لە ئاسیا.[6] سڵاو لە میریام بکەن پێش ئێوە زۆر تێکۆشانی کردووە لە خزمەتکردنمان.
[7]سڵاو لە ئەندرۆنیکۆس و یۆنیاس بکەن، نزیکەکانم کە لەگەڵم بەندکراون، ئەوان لەنێو نێردراوان بەناوبانگن، پێش منیش لە مەسیحدا
بوون. [8]سڵاو لە ئەمپلیاس بکەن، خۆشەویستمە لە پەروەردگاردا.[9]سڵاو لە ئوربانوس بکەن، هاوکارمان لە خزمەتکردنی مەسیح، و
ئیستاخیسی خۆشەویستم. [10] سڵاو لە ئەپۆڵەس بکەن، کە خۆڕاگری خۆی لە مەسیحدا پیشاندا. سڵاو لە بنەماڵەی ئەرستۆپۆڵوس بکەن.
[11]سڵاو لە هیرودیۆنی نزیکم بکەن، سڵاو لە خانەوادەی نەرکیسیۆیس بکەن کە لە پەروەردگاردان.[12]سڵاو لە تەریفاینا و تەریفۆسا بکەن
کە خۆیان لە خزمەتکردنی پەروەردگاردا ماندوو دەکەن. سڵاو لە پەرسیسی خۆشەویست بکەن کە زۆری تێکۆشاوە لە خزمەتکردنی
پەروەردگاردا. [13]سڵاو لە ڕۆپۆس بکەن کە لە پەروەردگار هەڵبژێردراوە. هەروەها لە دایکی کە دایکمە. [14]سڵاو لە ئەسینکریتۆس، و
فەلیگۆن، و هەرمس، و پاتروباس، و هرماس، و ئەو برایانەش بکەن کە لەگەڵیاندان.[15]سڵاو لە فیلولوگۆس، و یولیا، و نیریۆس، و
خوشکەکەی، و ئولۆمپاس بکەن و هەموو ئەو پیرۆزکراوانەی کە لەگەڵیانن. [16]بە ماچێکی پیرۆز سڵاو لە یەکتر بکەن. هەموو کڵێساکانی
مەسیح سڵاوتان لێدەکەن.[17]بەڵام، لێتان دەپاڕێمەوە، براکانم، ئاگاداری ئەوانەبن کە دوبەرەکی کۆسپ دەنێنەوە، بە پێچەوانەی ئەو
فێرکردنەی فێری بوون، لێیان دوور بکەونەوە. [18]چونکە ئەو جۆرە کەسانە خزمەت بە یەشوای مەسیحی پەروەردگارمان ناکەن بەڵکو
خزمەتی سکیان دەکەن، بە قسە باشەکانیان و قسە خۆشەکانیان دڵی مرۆڤەکان فریو دەدەن.[19]هەواڵی گوێڕایەڵی ئێوە گەیشتووەتە
هەموو لایەک. بۆیە دڵشادم بە ئێوە، بەڵام دەمەوێت لە چاکەدا ژیر بن و لە خراپە بێبەری بن. [20]خودای ئاشتی بە خێرایی شەیتان لە ژێر
پێیەکانتدا تێکدەشکنێت. بەخششی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح لەگەڵتان بێت.[21]تێمۆساوسی یاریدەدەرم، و لوکیوس و یاسون و
سوسپاترۆس و نزیکەکانم سڵاوتان لێدەکەن. [22]وە من، تەرتیۆسم کە نوسەری ئەو نامەیەم، لە پەروەردگاردا سڵاوتان لێدەکەم.
[23] گایۆسی خانەخوێی من، و هەموو کڵێساکە، سڵاوتان لێدەکەن. ئەڕاستۆسی گەنجینەداری شار، و برا کوارتۆس سڵاوتان لێدەکەن.
[24]«با بەخششی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح لەگەڵتان بێت. ئامین!»[25]ئێستا هەموو شکۆمەندییەک بۆ خودا کە توانای بەهێزکردنی
هەیە، هەروەک چۆن مزگێنییەکەم دەڵێت ئەم پەیامە سەبارەت بە یەشوا مەسیح پلانەکەی بۆ ئێوەی نەتەوەکان ئاشکرا کردووە، پلانێک
کە لە سەرەتای زەمانەوە بە نهێنی هێڵراوەتەوە. [26]بەڵام ئێستا ئاشکرابوو بە فەرمانی خودای هەتاهەتایی کە لە پەرتوکەکانی
پێغەمبەران نوسراوە، لە پێناو هەموو گەلان بۆ گوێڕایەڵی باوەڕ؛[27]هەموو شکۆمەندییەک بۆ تاکە خودای دانا، لە ڕێگەی یەشوای
مەسیحەوە، بۆ هەتاهەتایە. ئامین!

# 1 Corinthians

## Chapter 1

[1]لە پۆڵسەوە، نێردراوی مەسیحی یەشوا، کە بە خواستی خودا بانگکراوە، لە سۆستیانسی برامانەوە، [2]بۆ کڵێسای خودا لە شاری
کۆرنسۆس، بۆ ئەوانەی کە لە یەشوای مەسیحدا پیرۆز بوون، کە ناویان لێنراوە، پیرۆزکراوان؛ بۆ هەموو ئەوانەی کە ناوی
پەروەردگارمان یەشوای مەسیح لە هەموو شوێنێک ڕادەگەیەنن وەک پەروەردگاری خۆیان و ئێمەش. [3]بەخشش و ئاشتیتان بۆ بێت لە
خودای باوک و پەروەردگارمان یەشوای مەسیح![4]هەمیشە سوپاسی خودا دەکەم لە پێناوتاندا و بۆ ئەو بەخششەی خودا، کە لە یەشوای
مەسیحدا پێتان بەخشراوە. [5]چونکە لە ڕێگەی ئەوەوە دەوڵەمەند بوون لە هەموو شتێکدا، و لە هەموو قسەکردن، و لە هەموو
زانیاریەکدا، [6]تا ئەو ڕادەیەی کە شایەتحاڵی مەسیح لە ئێوەدا ڕەگی داکوتاوە.[7]تەنانەت پێویستیتان بە هیچ بەهرەیەک نییە لە کاتێکدا
چاوەڕوانی دەرکەوتنی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح دەکەن. [8]خۆی تا کۆتایی دەتان چەسپێنێت بۆ ئەوەی لە ڕۆژی مەسیحی
پەروەردگارمان بێ کەموکوڕی بن. [9]چونکە خودا دڵسۆزە، و بانگی کردوون بۆ هاوبەشی لەگەڵ ڕۆڵەکەی یەشوای پەروەردگارمان.
[10]بەڵام برایان، بە ناوی یەشوای مەسیحی پەروەردگارمانەوە لێتان دەپاڕێمەوە هەمووتان یەک دەنگتان هەبێت و لە نێوانتاندا دوو
بەرەکی نەبێت. بەڵام پێویستە هەمووتان لە بیرکردنەوە و بۆچووندا یەکگرتوو بن. [11]برایان، ماڵی کلۆیی ئاگاداریان کردمەوە، کە ناکۆکی
لەنێوانتاندا هەیە.[12]مەبەستم ئەوەیە کە یەکێک لە ئێوە دەڵێت: «من لەگەڵ پۆڵسم» یەکێکی دیکەش: «من لەگەڵ ئەپۆلۆسم»، و
یەکێکی دیکە: «من لەگەڵ پەترۆم»، و یەکێکی دیکە: «من لەگەڵ مەسیحم». [13]ئایا مەسیح بەشکراوە؟ یان پۆڵس لە پێناوتاندا لە خاچ
دراوە، یان بە ناوی پۆڵس لە ئاو هەڵکێشراون؟[14]سوپاسی خودا دەکەم کە جگە لە کریسپوس و گایۆس هیچ کام لە ئێوەم لە ئاو
هەڵنەکێشاوە، [15]بۆ ئەوەی کەس نەڵێت بە ناوی منەوە لە ئاو هەڵکێشراوە. [16]هەرچەندە من خێزانی ستیفانۆسم لە ئاو هەڵکێشاوە، بەڵام
لەبیرم نییە کە کەسێکی ترم لە ئاو هەڵکێشابێت.[17]چونکە مەسیح منی نەناردووە بۆ لە ئاو هەڵکێشان، بەڵکو بۆ مزگێنیدان، پشتم بە
دانایی قسە نەبەستووە، نەک ئەوەی کە خاچی مەسیح بێ سوود بێت.[18]چونکە مژدەی خاچ لای لە ناوچووان گێلایەتیە؛ لەلای ئێمەی
دڵسۆزان، ئەوە توانای خودایە. [19]چونکە نووسراوە: «دانایی داناکان لەناو دەبەم و تێگەیشتنی تێگەیشتوان بەلاوە دەنێم!»[20]کەواتە،
مرۆڤی دانا لە کوێیە؟ نووسەر لە کوێیە؟ لەم کاتەدا مشتومڕکەران لە کوێن؟ ئایا خودا دانایی دونیای نەکردووە بە گێلایەتی؟ [21]خودا
مەبەستی بوو، بە دانایی خۆی بیناسن، نەک بە دانایی جیهان، نهێنی خودا ئەوە بوو لە ڕێگەی مزگێنییەوە باوەڕداران ڕزگار بکات ئەو

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

مزگێنییەی بە گێلایەتی دەزانن.[22] یەهودییەکان داوای نیشانە دەکەن، و یۆنانیەکان بەدوای دانایدا دەگەڕێن. [23] بەڵام ئێمە بە مەسیحی لە خاچدراو مزگێنی دەدەین، ئەمەش بەربەستێکە بۆ یەهودیەکان و گێلایەتییە بۆ نەتەوەکان؛[24] سەبارەت بەوانەی بانگکراون، جا یەهودی بن یان یۆنانی، مەسیح هێزی خودا و دانایی خودایە. [25] ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە «گێلایەتی» خودا لە مرۆڤەکان داناترە، هەروەها «لاوازی» خودا لە مرۆڤەکان بەهێزترە.[26] کەواتە وانەیەک لە بانگەوازەکەتانەوە وەربگرن برایان: لە نێو ئێوەدا زۆر کەمن ئەوانەی بە دانایی مرۆڤ ژیرن، نە پێشکەوتووان زۆرن، نە ئەوانەی ڕێز لێگیراون زۆرن. [27] بەڵکو خودا نەزانەکانی جیهانی هەڵبژارد بۆ ئەوەی داناکان شەرمەزار بکات. خودا لاوازەکانی جیهانی هەڵبژارد بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارەکان شەرمەزار بکات.[28] خودا بێ بایەخەکانی جیهان و بێزراوەکان و ئەوانەی کە هیچ نەبوون هەڵبژارد، تاکو ئەوانە لابەرێت کە خۆیان بە شت دەزانن، [29] بۆ ئەوەی هیچ مرۆڤێک نەتوانێت شانازی بکات لەبەردەم خودادا.[30] بە چاکەی خودا پێگەتان هەیە لە یەشوای مەسیحدا کە بۆ ئێمەی کردە دانایی خودا و ڕاستودروستی و پیرۆزی و ڕزگاری، [31] وەک نوسراوە ئەوەی شانازی دەکات، با شانازی بە پەروەردگارەوە بکات.

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

[1]برایان، منیش، کاتێک هاتمە لای ئێوە بۆ ئەوەی شایەتحاڵی خوداتان بۆ ڕابگەیەنم، بە قسەی زل و دانایی نەهاتم. [2]لەبەرئەوەی بڕیارم دابوو لە نێو ئێوەدا جگە لە یەشوای مەسیح هیچی تر نەزانم، ئەویش بناسم بە لە خاچدراوی.[3]منیش بە لاوازی و ترس و لەرزێکی زۆرەوە لەلاتان بووم. [4]قسە و مزگێنیدانم لەسەر بنەمای ڕازیکردن نەبووە بە قسەی دانایی، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەوەی گیان و هێز ڕایدەگەیەنێت. [5]ئەمەش بۆ ئەوەیە کە باوەڕت لەسەر دانایی خەڵک بنیات نەنێیت، بەڵکو لەسەر هێزی خودا.[6]بەڵام ئێمە داناییمان هەیە بۆ قسەکردن لەنێو پێگەیشتواندا. بەڵام ئەو داناییە نە هی ئەم جیهانە و نە هی سەرۆکە کاتییەکانی ئەم جیهانەیە. [7]بەڵکو باسی دانایی خودا دەکەین کە لە نهێنییەکدا شاردراوەتەوە، ئەو داناییە شاردراوەیەی کە خودا پێش سەردەمەکان بۆ شکۆمەندیمان ئامادەی کردووە[8]ئەو داناییە هیچ کام لە سەرۆکەکانی جیهان نەیانناسیووە. ئەگەر ئەویان بناسیایە، [9]ئەوە پەروەردگاری شکۆمەندیان لە خاچ نەدەدا! بەڵام، نووسراوە: «ئەوەی هیچ چاوێک نەیبینیوە، هیچ گوێیەک نەیبیستووە، و بە بیری هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە ئەوەی خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت!»[10]بەڵام خودا ئەمەی بە گیان بۆمان ئاشکرا کرد. چوونکە گیانەکە لە هەموو شتێک دەکۆڵێتەوە، تەنانەت قوڵایی خوداش. [11]کێ لە خەڵکی دەزانێت چی لە مرۆڤدا هەیە جگە لەو گیانەی کە تێیدایە؛ بە هەمان شێوە ئەوەی لە خودادایە جگە لە گیانی خودا کەس نایزانێت.[12]بەڵام ئێمە گیانی جیهانمان وەرنەگرتووە، بەڵکو ئەو گیانەمان وەرگرتووە کە لە خوداوەیە، بۆ ئەوەی ئەو شتانە بزانین کە لەلایەن خوداوە پێمان دراوە. [13]ئێمە دەربارەی ئەوشتانە قسەدەکەین کە فێرکاری دانایی مرۆڤ نیە، بەڵکو بەو قسانەی کە گیانی پیرۆز فێرمان دەکات، گوزارشت لە ڕاستییە گیانییەکان دەکەین لە ڕێگەی ئامرازە گیانییەکانەوە.[14]بەڵام مرۆڤێک کە گیانەکەی تێدانییە شتە گیانییەکانی خودا وەرناگرێت چونکە بە گێلایەتی دەزانێت، و ناتوانێت بیانناسێت چونکە جیاکردنەوەیان تەنها پێویستی بە هەستێکی گیانی هەیە. [15]سەبارەت بە مرۆڤی گیانی، هەموو شتێک جیادەکاتەوە، و لەلایەن کەسەوە بڕیاری لەسەر نادرێت. [16]چونکە «کێ بیری یەزدانی ناسیوە؟» وە کێ فێری دەکات؟ سەبارەت بە ئێمەش، بیری مەسیحمان هەیە!

Chapter 3

[1]بەڵام برایان، نەمتوانی وەک مرۆڤی گیانی قسەتان بۆ بکەم، بەڵکو وەک ئێوەی جەستەیی و ساوایەک لە مەسیحدا قسەم لەگەڵ کردن. [2]شیرم پێداون نەک خواردنی بەهێز، چونکە توانای ئەوەتان نەبوو، ئێستاش ئەو توانایەتان نییە.[3]چونکە ئێوە هێشتا جەستەیین. تا ئیرەیی و ناکۆکی و ( دووبەرەکی)، لە نێوانتاندا هەبێت، ئایا ئێوە جەستەیی نین و بەپێی مرۆڤ ڕەفتار ناکەن؟ [4]ئەگەر ئێوە بڵێن: من لەگەڵ «پۆڵسم»، یەکێکی تریش بڵێت: من لەگەڵ «ئەپۆلۆسم»، ئایا ئێوە جەستەیی نین؟ [5]پۆڵس کێیە؟ ئەپۆلۆس کێیە؟ ئەوان تەنها دوو خزمەتکارن کە لە ڕێگەیانەوە باوەڕت هێناوە، و وەک چۆن پەروەردگار بەرەکەتی بۆ هەریەکەیان بەخشیوە.[6]من چاندم و ئەپۆلۆس ئاوی دا؛ بەڵام خودا گەشەی پێکرد. [7]ئەوەی دەچێنێت و ئەوەی ئاو دەدات هیچ نین، بەڵکو خودایە کە گەشە دەبەخشێت.[8]ئەوەی دەچێنێت و ئەوەی ئاوی دەدات یەکسانن. بەڵام هەریەکەیان کرێی خۆی لە بەرامبەر ماندووبوونەکەی وەردەگرێت. [9]چونکە هەموومان کرێکاری خوداین، ئێوەش کێڵگە و ماڵی خودان.[10]بەپێی ئەو بەخششەی خودا پێیدام، من بناغەکەم دانا وەک تەلار سازێکی لێهاتوو، جگە لە من هی دیکەش لەسەری بنیاتی دەنێت. [11]بەڵام، پێویستە هەموو کەسێک وریا بێت کە چۆن لەسەری بنیات دەنێت. ناکرێت کەس بناغەیەکی تر دابنێت جگە لەو بناغەیەی کە دانراوە، ئەویش یەشوا مەسیحە.[12]ئەگەر کەسێک لەسەر ئەم بناغەیە بە زێڕ و زیو و بەردی گرانبەها بنیات بنێت، یان بە دار و پوش و پەڵاش، [13] کاری هەر یەکێک دەردەکەوێت چونکە لەو ڕۆژەی بە ئاگر ئاشکرا دەکرێت، ئاگرەکە بەهای کارەکانی هەریەکەیان تاقی دەکاتەوە.[14]هەرکەسێک کارەکەی کە لەسەر بناغەکە دروست کردووە بمێنێتەوە، کرێکەی وەردەگرێت. [15]هەرکەسێک کارەکەی بسووتێت لەدەستی دەدات، بەڵام خۆی ڕزگاری دەبێت؛ بەڵام وەک کەسێک کە بە دۆزەخدا تێدەپەڕێت.[16]ئایا نازانن کە ئێوە پەرستگای خودان و گیانی خودا لە ئێوەدا نیشتەجێیە؟ [17]ئەگەر کەسێک پەرستگای خودا وێران بکات، خودا وێرانی دەکات ، چونکە پەرستگای خودا پیرۆزە، ئەو پەرستگایەش ئێوەن.[18]ئاگاداربە خۆت فریو نەدەیت! هەریەکێک لە ئێوە لەم جیهانەدا خۆی بە دانا دەزانێت، با ببێتە گێل بۆ ئەوەی بەڕاستی ببێتە دانا. [19]چونکە دانایی جیهان لە چاوی خودادا گێلایەتیە. چونکە نووسراوە: «ئەو داناکان بە فێڵەکانیان دەگرێت» [20]هەروەها: «پەروەردگار بیری داناکان دەزانێت و دەیانناسێت کە پووچەڵن!»[21]بۆیە با کەس شانازی بە مرۆڤەوە نەکات، چونکە هەموو شتێک هی تۆیە، [22]پۆڵس یان ئەپۆلۆس یان پەترۆ یان جیهان یان ژیان یان مردن یان ئێستا یان داهاتوو: هەموو ئەمانە هی ئێوەن، [23]ئێوەش هی مەسیحن، مەسیحیش هی خودا.

# Chapter 4

[1]با خەڵک وەک خزمەتکاری مەسیح و بریکاری نهێنییەکانی خودا ببینن. [2]ئەوەی لە بریکارەکان داوا دەکرێت، لە پێش هەموو شتێکەوە،
ئەوەیە کە هەریەکەیان دڵسۆز بێت.[3]سەبارەت بە منیش کەمترین شت کە گرنگی پێدەدەم ئەوەیە کە لە پێش ئێوە یان دادگایەکی
مرۆڤانە دادگایی بکرێم. بەڵکو من بڕیار لەسەر خۆم نادەم. [4]ویژدانم من تاوانبار ناکات بۆ هیچ شتێک، بەڵام پشت بەوە نابەستم بۆ
ئەوەی پاساو بۆ خۆم بهێنمەوە. چونکە ئەوەی بڕیارم لەسەر دەدات پەروەردگارە.[5]بۆیە، پێشوەختە بڕیار لەسەر هیچ شتێک مەدەن، تا
پەروەردگار دەگەڕێتەوە کە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو شتانەی کە ئێستا لە تاریکیدا شاردراونەتەوە، و نیازی دڵەکان ئاشکرا دەکات،
ئەو کاتە هەموو کەسێک مافی ستایشی خۆی لە خوداوە وەردەگرێت![6]برایان لە ڕابردوودا، خۆم و ئەپۆلۆسم وەک نموونەیەک بۆ ئێوە
پێشکەش کرد، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئێمەوە فێربن بیرکردنەوەکانتان لە سەرووی ئەوەی نووسراوەوە دانەنێن، لەبەر لایەنگری لەگەڵ
کەسدا شانازی بە یەکترەوە مەکەن. [7]کێ تۆی لە کەسانی تر جیاکردۆتەوە؟ وە هی تۆ چییە کە بە دیاری وەرت نەگرت؟ مادام
وەرتگرتووە، بۆچی وا خۆت پیشان ئەدەیت وەک ئەوەی وەرت نەگرتبێت؟[8]ئێوە تێر و دەوڵەمەند بوون! ئێوە بوون بە پاشا و وازتان لێ
هێناین! خۆزگە بەڕاستی ئێوە پاشا بوونایە تا ئێمەش لەگەڵ ئێوە فەرمانڕەوایمان بکردایە! [9]چونکە من دەبینم کە خودا، ئێمەی
نێردراوان، لە کۆتایی کاروانەکەدا وەک ئەوەی بە مردن سزا درابین، نمایشی کرد، چونکە بووین بە نمایشێک بۆ جیهان، بۆ فریشتەکان
و مرۆڤەکان پێکەوە.[10]ئێمە لە پێناو مەسیحدا بوین بە گێل، بەڵام ئێوە لە مەسیحدا دانان. ئێمە لاوازین و ئێوەش بەهێز. ئێوە ڕێز لێگیراو
و ئێمەش سوکایەتی پێکراو. [11]تا ئەمڕۆش برسی و تینوو و ڕووتین و لێماندراوە، و لە شوێنی مانەوەش بێبەشین[12]تێدەکۆشین و
بەدەستەکانمان کار دەکەین. سوکایەتیمان پێدەکرێت و داوای بەرەکەت دەکەین و دەمان چەوسێننەوە و بەرگە دەگرین [13]ئەگەر بریندار
بووین ئارام دەبین. ئێمە وەک پیسی جیهان و زبڵ و خاشاکی هەمووان بووین، و ئێستاش هەر واین![14]من ئەمە بۆ شەرمەزارکردنتان
نانووسم، بەڵکو بۆ ئاگادارکردنەوەتان وەک منداڵە خۆشەویستەکانم. [15]لەوانەیە دە هەزار ڕابەرت هەبێت لە مەسیحدا، بەڵام باوکانت
زۆر نییە! لەبەر ئەوە لە یەشوای مەسیحدا من بووم بە باوکتان لە ڕێگەی مزگێنیەکەوە. [16]بۆیە داوتان لێدەکەم ئەوە بکەن کە من
دەیکەم.[17]هەر لەبەر ئەمەش تیمۆساوس، کوڕە خۆشەویست و دڵسۆزەکەم لە پەروەردگاردا ناردە لاتان، چونکە ئەو ڕێگایانەتان
بیردەخاتەوە کە لە مەسیحدا پێیدا ڕۆیشتم، وەک چۆن لە هەموو شوێنیک و کڵێساکان ئاوا فێردەکەم. [18]چونکە هەندێکتان پێیان وابوو کە
نایەمە لای ئێوە و لە خۆبەزلزانینەوە خۆیان گەورە کرد![19]بەڵام ئەگەر خودا بیەوێت، بە خێرایی دێم بۆ لاتان، و نەک قسەی ئەم
خۆبەزلزانانە بەڵکو تواناشیان تاقی دەکەمەوە. [20]چونکە شانشینی خودا بە قسە نییە، بەڵکو بە دەسەڵاتە. [21]چۆنتان پێ باشە من بێمە
لاتان: بە گۆچان یان بە خۆشەویستی و گیانی نەرم و نیانی؟

## Chapter 5

[1]لە ڕاستیدا دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەتەوە کە داوێنپیسی لە نێوانتاندا هەیە. ئەو جۆرە داوێنپیسیە تەنانەت لە نێو نەتەوەکانیشدا بوونی نییە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پیاوێک لە ئێوە لەگەڵ باوەژنەکەی دەخەوێت. [2]لەگەڵ ئەوەشدا، خۆبەزلزان و لووت بەرزن، لەبری ئەوە شیوەن بگێڕن تا ئەنجام دەری ئەم کارە لەناو خۆتاندا بنبڕ دەکەن![3]چونکە لە کاتێکدا من لە جەستەدا لە لاتان نیم، بەڵام بە گیان لە لاتانم، وەک ئەوەی ئامادە بم بڕیارم لەسەر تاوانبارەکە داوە: [4]کاتێک بە ناوی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح کۆدەبنەوە، گیانی من لەگەڵتاندایە، بە دەسەڵاتی یەشوای مەسیحی پەروەردگارمان، [5]بڕیار بدەن ئەنجام دەری ئەم کارە ڕادەستی شەیتان بکرێت، بۆ ئەوەی جەستەی لەناو بچێت؛ سەبارەت بە گیانی ئەویش لە ڕۆژی یەشوای پەروەردگار ڕزگاری دەبێت.[6]شانازیکردنەکەت لە شوێنی خۆیدا نییە! نازانن کە کەمێک هەویرترش هەموو هەویرەکە هەڵدەهێنێت؟ [7]خۆتان لە هەویرترشی کۆن پاک بکەنەوە تاکو ببنە هەویرێکی نوێ، چونکە ئێوە فەتیرەن! لەبەر ئەوەی بەرخی پەسخەمان، واتا مەسیح، سەربڕدرا. [8]کەواتە با جەژن بگێڕین، نەک بە هەویرترشی بەسەرچوو، نە بەهەویرترشی کینە و خراپە، بەڵکو بە فەتیرەی ڕزگاری و ڕاستی.[9]لە نامەکەمدا بۆم نووسیون کە تێکەڵی داوێنپیسی نەبن. [10]بەهیچ شێوەیەک مەبەستم لە داوێنپیسانی جیهان نییە یان چاوچنۆکان یان دزەکان یان بتپەرستان، ئەگینا ناچار دەبوون کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەجێبهێڵن![11]بەڵام ئێستا بۆتان دەنووسم هاوبەشی کەسێک مەکەن کە پێی دەوترێت برا و داوێنپیس بێت چاوچنۆک بێت بتپەرست بێت جنێوفرۆش بێت سەرخۆش بێت یان دز بێت. هاوبەشی کەسێکی ئاوا مەکەن لەگەڵیدا دامەنیشن بۆ خواردن. [12] چ پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەوانەی دەرەوەی (کڵێسا) هەیە تا دادوەریان بکەم؟ ئایا ئێوە بڕیار لەسەر ئەوانەی ناوەوە نادەن؟ [13]سەبارەت بەوانەی لە دەرەوەن، خودا بڕیاریان لەسەر دەدات. «کەواتە خراپەکار لە نێو خۆتاندا دوور بخەنەوە».


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 6

[1] ئەگەر کەسێک لە ئێوە سکاڵای لەسەر کەسێکی تر هەبێت، ئایا دەوێرێت لای نادادپەروەرەکان تۆماری بکات نەک لای پیرۆزکراوان؟
[2]ئایا نازانیت پیرۆزکراوان داوەری جیهان دەکەن؟ بەو پێیەی دەتەوێت بڕیار لەسەر جیهان بدەیت، ئایا شایستەی ئەوە نیت بڕیار لەسەر
شتە سادەکان بدەیت؟ [3]ئایا نازانن ئێمە بڕیار لەسەر فریشتەکان دەدەین؟ ئایا ئێمە شیاوی ئەوە نین بڕیار لەسەر شتەکانی ئەم ژیانە
بدەین؟[4]ئەگەر، ناکۆکی لە نێوانتاندا هەبوو سەبارەت بە پرسەکانی ئەم ژیانە، ئەوا منداڵان لە کڵێسادا دادەنیشن بۆ دادگایتان. [5]من ئەمە
دەڵێم بۆ شەرمە زاریتان. ئایا یەکێکی داناتان تێدا نییە بتوانێت دادوەری لەنێو برایانی بکات! [6]بەڵام برایەک سکاڵا لەسەر براکەی تۆمار
دەکات، و ئەوەش لە پێش چاوی بێباوەڕاندا.[7]لە ڕاستیدا بەتەواوی شەرمەزارییە بۆ ئێوە کە سکاڵا لەسەر یەکتر تۆمار بکەن. باشترنییە
بۆتان بەرگەی ستەم و خراپی یەکتر بگرن؟ [8] بەڵام ئێوە ستەم و فێڵ دەکەن تەنانەت لە برایانیشتان.[9]ئایا نازانن ستەمکاران شانشینی
خودا بە میرات ناگرن؟ فریو مەخۆن: نە داوێنپیسان و نە بتپەرستان و نە خراپەکاران و نە هاوڕەگەزبازان شانشینی خودا بە میرات
ناگرن [10]نە دزەکان و نە چاوچنۆکان و نە سەرخۆشەکان و نە جنێوفرۆشان و نە قۆرخکاران. [11]هەندێک لە ئێوەش بەم شێوەیە بوون،
بەڵام شۆردراون، پیرۆز کران، بێتاوان کران، بە ناوی پەروەردگار یەشوای مەسیح و گیانی خودامانەوە.[12]هەموو شتێک بۆ من ڕێگە
پێدراوە، بەڵام هەموو شتێک سودی نییە. هەموو شتێک بۆ من ڕێگە پێدراوە، بەڵام ناهێڵم هیچ شتێک زاڵ بێت بەسەرمدا. [13]خواردن بۆ
سکە، سکیش بۆ خواردنە؛ بەڵام پەروەردگار هەردووکیان لە ناو دەبات. بەڵام جەستە بۆ داوێنپیسی نییە، بەڵکو بۆ پەروەردگارە؛
پەروەردگاریش بۆ جەستەیە.[14]خودا پەروەردگاری لە مردن هەڵستاندەوە، بە هێزی خۆی ئێمەش هەڵدەستێنێتەوە! [15]ئایا نازانن
جەستەتان ئەندامی مەسیحە؟ ئایا دروستە بۆ من ئەندامەکانی مەسیح وەربگرم و بیکەمە ئەندامی داوێنپیسێک؟ خوا نەکا![16]ئایا نازانن
هەرکەسێک لەگەڵ زیناکارێک یەکدەگرێت لەگەڵیدا دەبێتە یەک جەستە؟ چوونکە دەفەرموێت: « ئەو دووانە دەبنە یەک جەستە».
[17]هەرکەسێک لەگەڵ پەروەردگار یەکبگرێت، لەگەڵیدا بووە بە یەک گیان![18]لە داوێنپیسی ڕاکەن! هەر تاوانێک مرۆڤ ئەنجامی بدات لە
دەرەوەی جەستەی خۆیەتی، هەرکەسێک داوێنپیسی بکات، سووکایەتی بە جەستەی خۆی دەکات.[19]ئایا نازانن جەستەتان پەرستگای
گیانی پیرۆزە کە لە تۆدا دەژی و لە خوداوە پێتان دراوە و تۆ هی خۆت نیت؟ [20]چونکە ئێوە بە نرخێک کڕدراون. جا بە جەستەتان خودا
شکۆمەند بکەن.

## Chapter 7

[1]سەبارەت بەو بابەتانەی کە بۆتان نووسیوم، باشترە پیاو دەست لە ژن نەدات. [2]بەڵام بۆ دوورکەوتنەوە لە داوێنپیسی، با هەر پیاوێک
ژنی خۆی هەبێت، هەر ژنێکیش مێردی خۆی هەبێت.[3]پێویستە مێرد مافی شایستەی ژنەکەی بدات، ژنەکەش بە هەمان شێوە. [4]ژن هیچ
دەسەڵاتێکی بەسەر جەستەی خۆیدا نییە، بەڵام مێردەکەی دەسەڵاتی هەیە. بە هەمان شێوە مێرد هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر جەستەی
خۆیدا نییە، بەڵکو دەسەڵاتی ژنەکەیەتی.[5]نابێت هیچ کام لە ئێوە ڕێگری لە ئەویتر بکات تەنها کاتێک نەبێت کە هەردووکتان ڕەزامەند بن
لەسەری، وە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بە مەبەستی تەرخانکردنی خۆتان بۆ نزاکردن. دوای ئەوە بگەڕێنەوە بۆ پەیوەندیەکەی پێشووتان،
بۆ ئەوەی شەیتان تاقیتان نەکاتەوە لەبەر نەبوونی خۆڕاگریتان. [6]بەڵام ئێستا ئەمە وەک ئامۆژگاری دەڵێم نەک فەرمان؛ [7]هیوادارم
هەموو خەڵکی وەک من بن. بەڵام هەر مرۆڤێک بەهرەی تایبەتی خۆی هەیە لە خوداوە: هەندێکیان ئاوا و هەندێکیش ئاوایە.[8]بەڵام ئەو
کەسانەی کە هاوسەرگیریان نەکردووە و زگورتن پێتان دەڵێم بۆ ئەوان باشترە وەک من بمێننەوە. [9]بەڵام ئەگەر نەیانتوانی خۆڕاگربن، با
هاوسەرگیری بکەن. چونکە هاوسەرگیری باشترە لە سووتان.[10]سەبارەت بەوانەی هاوسەرگیریان کردووە، من ڕاسپاردەیەکتان پێدەدەم
نەک لەلایەن منەوە بەڵکو لەلایەن پەروەردگارەوە، کە ژنەکە لە مێردەکەی جیا نەبێتەوە، [11]ئەگەر لێی جیا بوویێتەوە، ئەوا دەبێت بێ
مێرد بمێنێتەوە، یان دەبێت لەگەڵ مێردەکەی ئاشتبێتەوە مێردەکەش نابێت ژنەکەی بەجێی بهێڵێت.[12]سەبارەت بە ئەوانی تریش، من
پێیان دەڵێم، نەک پەروەردگار: ئەگەر برایەک ژنێکی هەبێت کە باوەڕدار نییە، و ئەویش ئامادە بوو لەگەڵیدا بژی، نابێت بەجێی بهێڵێت.
[13]ئەگەر ژنێک مێردێکی هەبوو باوەڕدار نەبوو، و ئەویش ئامادە بوو لەگەڵیدا بژی، نابێت بەجێی بهێڵێت. [14]ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پیاوی
بێباوەڕ لە ژنەکەیدا پیرۆز کراوە، ژنە بێباوەڕەکەش لە مێردەکەیدا پیرۆز کراوە. ئەگینا منداڵی ناو هاوسەرگیرییەکی لەو شێوەیە گڵاو
دەبوون، بەڵام ئێستا پیرۆزن.[15]بەڵام ئەگەر بێباوەڕ جیابۆوە، با جیاببێتەوە؛ خوشک یان برا لە دۆخی ئاوادا هیچ نەبەستراوەتەوە، بەڵام
خودا بانگی کردوویت بۆ ئەوەی بە ئاشتی بژیت. [16]ئەی ژن چۆن دەزانیت چۆن دەزانیت، مێردەکەت بە تۆ ڕزگاری دەبێت؟ یان ئەی مێرد، چۆن
دەزانیت، ژنەکەت بە تۆ ڕزگاری دەبێت؟[17]لە هەر دۆخێکدا، با هەر کەسێک ژیانی خۆی بژی بەو شێوەیەی کە پەروەردگار بەشی پێداوە
و ئەو بنەمایەی خودا بانگی کردوون بۆیی ئەویە کە من فەرمانی پێدەکەم لە هەموو کڵێساکاندا. [18]ئەوەی بە خەتەنەکراوی بانگکراوە،
نابێتە خەتەنە نەکراو، ئەوەش بە خەتەنە نەکراوی بانگکراوە، نابێتە خەتەنە کراو. [19]خەتەنەکردن هیچ نییە، وە خەتەنە نەکردن هیچ نییە،
بەڵام ئەوەی گرنگە کارکردنە بە ڕاسپاردەکانی خودا.[20]با هەر کەسێک لەو بارودۆخەدا بمێنێتەوە کە تێیدا بووە کاتێک خودا بانگی کردووە.
[21]ئایا تۆ کۆیلە بوویت کاتێک بانگ کرایت؟ گرنگی بەو شتە مەدە. بەڕاستی ئەگەر دەرفەتی ئازادبوونت هەبێت، باشترە بیکەیت. [22]چونکە
ئەوەی بەندەیە کاتێک پەروەردگار بانگی دەکات، ئەوە دەبێتە ئازادکراوی پەروەردگار. بە هەمان شێوە ئەوەشی کە ئازاد بووە، کاتێک
بانگکراوە ئەوە دەبێتە خزمەتکاری مەسیح. [23]ئێوە بە نرخێک کڕدراون، بۆیە مەبن بە کۆیلەی مرۆڤ. [24]برایان، با هەریەکەتان لەگەڵ
خودا بمێنێتەوە، لەو دۆخەی کە تێیدا بووە کاتێک بانگ کرا.[25]سەبارەت بەو کەسانەی هاوسەرگیریان نەکردووە، من ڕاسپاردەیەکی
تایبەتم نییە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆیان، بەڵام بۆچوونێک دەدەم وەک چۆن لە پەروەردگار بەزەییم وەرگرتووە بۆ ئەوەی بتوانم
متمانەپێکراو بم. [26]بەهۆی ئەو تەنگانەیەی ئێستا، پێموایە باشترە بۆ مرۆڤ وەک خۆی بمێنێتەوە.[27]ئەگەر بە ژنەوە پەیوەستیت، بەدوای
جیابوونەوەدا مەگەڕێ، وە ئەگەر بە ژنەوە پەیوەست نیت، بەدوای ژندا مەگەڕێ. [28]بەڵام، ئەگەر ژن بهێنیت گوناهت نەکردووە. ئەگەر
پاکیزەش مێرد بکات، گوناهی نەکردووە. بەڵام هاوشێوەی ئەمانە تووشی سەختی ژیان دەبنەوە، من دەمەوێت لەوانە بتان پارێزم.[29].
چونکە، ئەی برایان، پێتان دەڵێم کاتەکە کورت دەبێتەوە. سەبارەت بە بابەتەکانی تر، با ئەوانەی ژنیان هەیە وەک ئەوەبن کە ژنیان
نەبێت. [30]ئەوانەی دەگرین وەک ئەوەیە نەگرین، ئەوانەی شادن وەک ئەوەیە شاد نەبن، ئەوانەی دەکڕن وەک ئەوەیە هیچیان نەبێت،
[31]ئەوانەی ئەم دونیایە دەقۆزنەوە وەک ئەوەی نەیان قۆزتبێتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە شێوازی ئەم جیهانە زوو بەسەر دەچێت.
[32]دەمەوێت ئێوە دووربن لە نیگەرانی. کەسی بێ هاوسەر گرنگی بە بابەتەکانی پەروەردگار دەدات [33]ئامانجی ڕازیکردنی پەروەردگارە.
سەبارەت بە پیاوی خێزاندار خەمی کاروباری جیهانە و ئامانجی ڕازیکردنی ژنەکەیەتی، [34]بەرژەوەندییەکە دابەش دەبێت. بە هەمان
شێوە ژنانی بێ مێرد و پێگەیشتووان گرنگی بە بابەتەکانی پەروەردگار دەدەن و ئامانجیان پیرۆزییە لە جەستە و گیاندا. سەبارەت بەو
ژنەی مێردی هەیە خەمی کاروباری جیهانە و ئامانجی ڕازیکردنی مێردەکەیەتی.[35]ئەمە بۆ چاکەی خۆتان دەڵێم، نەک بۆ ئەوەی
تەڵەیەکتان بۆ دابنێم، بەڵکو لە پێناو ئەوەی کە گونجاوە و سەرنجتان بەرەو پەروەردگار ڕابکێشم بەبێ شڵەژان.[36]بەڵام، هەرکەسێک
نیگەرانە لەوەی کە ڕەنگە بە شەرەفمەندانە رەفتار لەگەڵ ئەو پاکیزەیە نەکات، کە دەستگیرانیەتی و ئەگەر ئارەزووەکانی زۆر بەهێز
بن و هەست دەکات کە دەبێ هاوسەرگیری بکات، ئەوا پێویستە بەو شێوەیەی کە دەیەوێت بیکات. گوناهە ناکات. با هاوسەرگیری
بکات. [37]سەبارەت بەو کەسەی بە دڵ بڕیاری داوە، و ناچار نییە، بەڵکو بە تەواوی خۆڕاگرە، و خۆی هەڵیدەبژێرێت کە ڕەبەن بێت، ئەوا
چاکە دەکات. [38]کەواتە، هەرکەسێک هاوسەرگیری بکات باش دەکات، هەرکەسێک هاوسەرگیری نەکات باشترە.[39]ژنەکە تا مێردەکەی
بژی بەئەوەوە گرێدراوە. ئەگەر مێردەکەی مرد، ئازاد دەبێت و مافی ئەوەی هەیە هەر پیاوێک بیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات،
بەڵام تەنها لە پەروەردگاردا. [40]بەڵام، بە بۆچوونی من، ئەو دڵخۆشتر دەبێت ئەگەر وەک خۆی بمێنێتەوە، و پێموایە کە منیش، گیانی
خودام هەیە!

## Chapter 8

1سەبارەت بەو قوربانیانەی پێشکەش بە بتەکان دەکرێت، ئێمە دەزانین و بۆ هەموومان زانراوە. زانین لووتبەرز دەکات، بەڵام
خۆشەویستی بنیات دەنێت. 2هەرکەسێک پێی وایە شتێک دەزانێت، هێشتا هیچ شتێک بە ڕاستی نازانێت. 3بەڵام هەرکەسێک خودای
خۆش بوێت، خودا دەیناسێت.4سەبارەت بە خواردنی قوربانی بتەکان، دەزانین کە بت خودایەک نییە کە لە گەردووندا بوونی هەبێت، و
تەنها یەک خودا هەیە. 5تەنانەت ئەگەر بەناو خوداوەندەکان لە ئاسمان یان لەسەر زەوی هەبن و چەند خوداوەند و پەروەردگاریان هەیە!
6ئێمە تەنها یەک خودامان هەیە کە باوکە، کە هەموو شتەکان لێیەوە سەرچاوە دەگرن، و ئێمەش لە ئەوین؛ یەک پەروەردگار هەیە،
یەشوای مەسیح، کە هەموو شتێک و ئێمە بە ئەو هەین.7بەڵام هەموو کەس ئەم ڕاستییە نازانێت: هەندێکیان خوویان گرتووە بەوەی کە
بتەکان لە ڕاستیدا بوونیان هەیە، و هێشتا لەو قوربانییانە دەخۆن وەک ئەوەی لە ڕاستیدا پێشکەشییەک بن بۆیان، بۆیە ویژدانیان پیس
دەبێت بەهۆی لاوازیەکانیانەوە.8بەڵام خواردن لە خودا نزیکمان ناکاتەوە، ئەگەر لێی بخۆین پێگەمان بەرز نابێتەوە، وە ئەگەر لێی
نەخۆین پێگەمان کەم نابێتەوە! 9بەڵام ئاگاداربن ئەم مافەی ئێوە نەبێتە تەڵەیەک کە لاوازەکان بکەونە ناویەوە. 10ئەی مرۆڤی زانا، ئەگەر
کەسێک بینیتی دانیشتوویت بۆ خواردن لە پەرستگای بتەکان، ئایا ویژدانی لاوازی بەهێز نابێت، بۆ خواردنی لە قوربانیی بتەکان،11بەم
شێوەیە ئەو کەسە لاوازە، کە برای تۆیە کە مەسیح لە پێناویدا مرد، بەهۆی زانیاری تۆ لەناو دەچێت! 12کاتێک بەم شێوەیە گوناهە
دەکەیت بەرامبەر براکانت و ویژدانی لاوازیان بریندار دەکەیت، ئەوا گوناهە دەکەیت دژی مەسیح. 13بۆیە ئەگەر هەندێک خواردن
تەڵەیەک بێت بۆ ئەوەی براکەم بکەوێتە ناویەوە، ئەوا هەرگیز گۆشت ناخۆم، بۆ ئەوەی نەبمە هۆی کەوتنی براکەم!

## Chapter 9

[1]ئایا من ئازاد نیم؟ ئایا من نێردراو نیم؟ ئایا یەشوای پەروەردگارمان نەبینیوە؟ ئایا ئێوە کاری دەستەکانم نین لە پەروەردگاردا؟ [2]ئەگەر
من نێردراو نەبم بۆ ئەوانی تر، ئەوا من نێردراوم بۆ ئێوە، چونکە ئێوە مۆری نێردراوێتی منن لە پەروەردگاردا.[3]ئەمە بەرگری منە بۆ
ئەوانەی لێپرسینەوەم لێدەکەن: [4]ئایا مافی خواردن و خواردنەوەمان نییە؟ [5]ئایا ئێمە مافی ئەوەمان نییە یەکێک لە خانمانی باوەڕدار
بکەینە هاوسەرمان بۆ ئەوەی لەگەڵمان بێت، وەک نێردراوانی دیکە و براکانی پەروەردگار، و پەترۆ؟ [6]ئایا من و بەرنابا بەتەنها مافی
ئەوەمان نییە واز لە کارکردن بهێنین؟[7]کام سەرباز لەسەر خەرجی خۆی دەچێتە جەنگەوە؟ چ جوتیارێک ڕەزێک دەچێنێت و بەرەکەی
ناخوات؟ یان چ شوانێک مێگەلێک دەلەوەڕێنێت و لە شیری مێگەلەکە ناخوات؟ [8]پێتان وایە من بە تێگەیشتنی مرۆڤانە ئەم قسانە
دەکەم؟ ئایا تەوراتیش ئاوا ڕاینەسپاردوین؟[9]چونکە لە تەوراتی موشە نووسراوە: «نابێت دەمی گا بگریت لە کاتێکدا گێرەی دانەوێڵە
دەکات». دەبینیت، کە خودا گرنگی بە گامێش دەدات، [10]ئایا هەمووی لە پێناو ئێمەدا فەرمووی؟ بەڵێ، لە پێناو ئێمەدا نووسراوە، چونکە
مافی جووتیارە بە هیواوە بچێنێت، ئەوەی گێرەدەکات بەو هیوایە بیکات، کە بەشی لە بەرهەمەکەدا هەیە. [11]بەو پێیەی ئێمە شتە
گیانییەکانمان بۆ ئێوە چاندووە، ئایا زۆرە بۆ ئێمە کە شتە مادییەکان لە ئێوەدا دروێنە بکەین؟[12]ئەگەر کەسێکی تر ئەم مافەی بەسەر
ئێوەدا هەبێت، ئایا ئێمە مافی زیاترمان نییە؟ بەڵام ئێمە ئەم مافەمان بەکارنەهێنا؟ بەڵکو بەرگەی هەموو شتێک دەگرین، لە ترسی
ئەوەی هەر بەربەستێک بخەینە بەردەم مزگێنی مەسیح! [13]ئایا نازانن ئەوانەی لە پیرۆزگاکان کاریان دەکرد لەو شتانەیان دەخوارد کە
پێشکەش بە پەرستگاکە دەکرا، و ئەوانەی خزمەتیان بە قوربانگاکە دەکرد، بەشدارییان لە شتە باشەکانی قوربانگاکەدا دەکرد؟
[14]هەروەها بەم شێوەیە پەروەردگار فەرمانی داوە مزگێنیدەر ژیانی لەسەر مزگێنییەکەی دەبێت.[15]بەڵام من هیچ کام لەم مافانەم
بەکارنەهێناوە. من ئێستا ئەمەم نەنووسیوە بۆ ئەوەی شتێک بەدەست بهێنم. من پێم باشترە بمرم لەوەی کەسێک شانازیەکەم تێکبدات.
[16]کاتێک مزگێنی ئەدەم، شانازی پێوە ناکەم، چونکە پێویستەو ئەرکە لەسەرم، هاوار بەمن ئەگەر مزگێنی نەدەم![17]ئەگەر خۆبەخشانە ئەم
کارە بکەم، پاداشتم دەدرێتەوە. بەڵام، ئەگەر ناچار بم، بەرپرسیارێتیم وەرگرتووە، [18]کەواتە پاداشتی من چییە؟ ئەوەیە کە بە خۆڕایی
مزگێنی ئەدەم، بەبێ ئەوەی سودی تەواو لە مافەکەم وەربگرم لە بەرامبەر مزگێنیدانەکەم.[19]هەرچەندە لە هەمووان ئازادم، بەڵام
خۆمم کردووە بە کۆیلە بۆ هەمووان، بۆ ئەوەی زۆرترینیان بەدەست بهێنم. [20]بۆیە وەک یەهودییەک بۆ یەهودییەکان دەرکەوتم، بۆ ئەوەی
یەهود بەدەست بهێنم؛ وە بۆ ئەوانەی ملکەچی تەوراتن وەک ئەوەی منیش ملکەچبم هەرچەندە ملکەچی نیم تا ئەوانەی ملکەچی
تەوراتن بەدەست بهێنم؛[21]بۆ ئەوانەی بێ یاسان خۆم وەک و بێ یاسا لێکرد هەرچەندە لەگەڵ خودا بێ یاسا نیم بەڵام ملکەچی یاسای
مەسیحم بۆ ئەوەی ئەوانەی بەدەستبهێنم کە بێ یاسان. [22]بۆ لاوازەکان لاواز بووم، بۆ ئەوەی لاوازەکان بەدەستبهێنم. من بووم بە
هەموو شتێک بۆ هەمووان، بۆ ئەوەی هەندێکیان ڕزگاربکەم گرنگ نییە تێچووکەی چییە. [23]هەموو شتێک دەکەم لە پێناو مزگێنیدان بۆ
ئەوەی لەگەڵ ئەوانی تردا هاوبەش بم تێیدا.[24]ئایا نازانیت هەموو پێشبڕکێکاران لە مەیدانەکەدا ڕادەکەن بەڵام تەنها یەکێکیان خەڵاتەکە
دەباتەوە؟ بەم شێوەیە ڕابکە تا دەیبەیتەوە! [25]هەموو پێشبڕکێکارێک لە بوارە جیاجیاکاندا ڕاهێنانی توند دەکات. بۆ بردنەوەی تاجێکی
لەناوچوو، لە کاتێکدا ئێمە بۆ بردنەوەی تاجێکی لەناو نەچوو ئەوە دەکەین. [26]کەواتە، من بەم شێوەیە ڕادەکەم، نەک وەک کەسێکی بێ
ئامانج، بەم شێوەیە من بۆکسێن دەکەم، نەک وەک کەسێک مشت لە هەوا بدات، [27]بەڵکو مشت لە جەستەم دەدەم و دەیکەم بە دیل،
لە ترسی ئەوەی وا دەرکەوێت کە من شایستە نیم (بۆ خەڵاتەکە) پاش ئەوەی کەسانی دیکەم بانگهێشت کرد بۆی!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 10

[1] چونکە نامەوێت ئەوەتان لێ بشاردرێتەوە، برایان کە باوباپیرانمان هەموویان لە ژێر هەورەکەدا بوون، و هەموویان بە دەریادا تێپەڕین،
[2]جا هەموویان بە شوێنکەوتووی موشە، لە هەور و لە دەریادا لە ئاو هەڵکێشران، [3]هەموویان یەک خواردنیان خوارد کە ئاماژەیەکی گیانی
هەبوو، [4]هەموویان یەک خواردنەوەیان خواردەوە کە ئاماژەیەکی گیانی بوو، وەک چۆن لە بەردێکی گیانی دەیانخواردەوە کە شوێنیان
کەوتبوو، ئەو بەردەش مەسیح بوو.[5]لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەیان مایەی ڕەزامەندی خودا نەبوون بۆیە بە مردوویی فڕێدرانە بیابان. [6]بەڵام
ئەم شتانە نموونەیەک بوون بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی وەک ئەوان ئارەزووی خراپەکاری نەکەین.[7]وەک هەندێک لەوان بت پەرست مەبن، وەک
ئەوەی نووسراوە: «گەل دانیشتن بۆ خواردن و خواردنەوە، پاشان هەستان بۆ سەماکردن و خۆشی». [8]با داوێنپیسی نەکەین وەک
هەندێک لەوان کردیان، لە یەک ڕۆژدا بیست و سێ هەزار کەسیان لێکەوت.[9]با پەروەردگار تاقی نەکەینەوە وەک چۆن هەندێکیان
تاقییان کردەوە، و بە مار لەناوچوون. [10]بۆڵەبۆڵ مەکەن، وەک هەندێکیان کردیان و بە دەستی فریشتەی لەناوبەر لەناوچوون.[11]هەموو
ئەمانە وەک نموونەیەک بەسەریاندا هات، و وەک ئاگادارکردنەوەیەک بۆ ئێمە نووسراون، کە کۆتایی سەردەمان بەڕێوەیە. [12]هەرکەسێک
پێی وایە ڕاوەستاوە، با ئاگاداری ئەوە بێت کە نەکەوێت. [13]هیچ تاقیکردنەوەیەک بەسەرتدا نەهاتووە تەنها ئەوانە نەبێت کە بە ویستی
مرۆڤ دەژیت. بەڵام خودا دڵسۆز و جێی متمانەیە، ڕێگە نادات تاقی بکرێیتەوە لەوە زیاتر کە بەرگەی دەگریت، بەڵکو لەگەڵ
تاقیکردنەوەکەدا ڕێگایەک بۆ دەربازبوون دابین دەکات بۆ ئەوەی بەرگەی بگریت.[14] بۆیە خۆشەویستانم، لە بتپەرستی ڕابکەن.
[15]قسەکانم بۆ ژیرمەندەکانە: بۆیە بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی چی دەڵێم. [16]ئایا ئەو جامی بەرەکەتە کە ئێمە بەرەکەتداری دەکەین
بەشداریکردن نییە لە خوێنی مەسیحدا؟ ئایا ئەو نانەی کە دەیشکێنین بەشداریکردنێک نییە لە جەستەی مەسیحدا؟ [17]ئێمە زۆرین یەک
نانین، واتە یەک جەستەین، چونکە هەموومان لە یەک ناندا هاوبەشین.[18]وەک مرۆڤێک سەیری یەسرائیل بکەن: ئایا قوربانی خۆرەکان
بەشداریکردنیان لە قوربانگادا هاوبەش نییە؟ [19]کەواتە مەبەستم چییە؟ ئایا ئەوەی دەکرێتە قوربانی بت نرخی هەیە یان بت نرخی هەیە؟
[20] نەخێر، بەڵام ئەوەی بت پەرستان دەیکەنە قوربانی، بۆ شەیتانی دەکەن نەک بۆ خودا. من نامەوێت ئێوە لەگەڵ شەیتاندا هاوبەش بن.
[21]ناتوانن جامەکەی پەروەردگار و جامی شەیتان پێکەوە بخۆنەوە، [22]هەروەها ناتوانن هاوبەش بن لە خوانی پەروەردگار و خوانی شەیتان
پێکەوە، یان هەوڵدەدەین ئیرەیی پەروەردگار بوروژێنین؟ یان ئێمە لە ئەو بەهێزترین؟[23]هەموو شتێک ڕێگە پێدراوە، بەڵام هەموو شتێک
سوودی نییە. هەموو شتێک ڕێگە پێدراوە، بەڵام هەموو شتێک بنیاتنەر نییە. [24]کەس بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا نەگەڕێت، بەڵکو بە دوای
بەرژەوەندیی ئەوانی تردا بگەڕێت![25]هەرچییەک لە بازاری گۆشت فرۆشاندا دەفرۆشرێت، لێی بخۆ، بەبێ ئەوەی پرسیار بکەیت بۆ
ڕازیکردنی ویژدانت. [26]چونکە زەوی و هەموو ئەوەی تێیدایە هی پەروەردگارە. [27]بەڵام ئەگەر بێباوەڕێک بانگهێشتی کردیت و ویستت
یاوەری بکەیت، هەرچی لە پێش دانایت بیخۆ، بەبێ ئەوەی پرسیار بکەیت بۆ ڕازیکردنی ویژدانت.[28]بەڵام ئەگەر کەسێک پێت بڵێت:
«ئەمە قوربانییەکە بۆ بتەکان»، لەبەر ڕێزگرتن لەو کەسەی پێی وتوون و بۆ ڕازیکرنی ویژدانتان لێی مەخۆن. [29]کاتێک دەڵێم «ویژدان»
مەبەستم ویژدانی خۆت نییە بەڵکو مەبەستم ویژدانی ئەویترە. بۆچی ویژدانی کەسێکی تر بڕیار لەسەر ئازادیم بدات؟ [30]مادام شتێک
دەخۆم و سوپاسی خودای لەسەر دەکەم، بۆچی دەبێت بوترێت خراپ بۆ ئەو شتەی سوپاسی لەسەر دەکەم؟[31]جا بخۆیت یان بخۆیتەوە
یان هەر کارێک دەیکەیت، هەموو شتێک بکە بۆ شکۆمەندی خودا. [32]مەبە هۆکار بۆ کەوتنی هیچ کەسێک، جا یەهودی بێت، چ یۆنانی یان
کڵێسای خودا. [33]چونکە بە هەمان شێوە هەوڵ دەدەم لە هەموو شتێکدا دڵی هەمووان ڕازی بکەم، گرنگی بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆم
نادەم، بەڵکو گرنگی بە بەرژەوەندی زۆر کەس دەدەم، بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 11

[1]وەک من بکەن هەروەک چۆن منیش وەک مەسیح دەکەم! [2]ستایشتان دەکەم چونکە لە هەموو بابەتێکدا یادم دەکەن و فێرکارییەکان
دەپارێزن وەک چۆن من پێم گەیاندوون. [3]بەڵام دەمەوێت بزانن کە مەسیح سەری هەموو پیاوێکە؛ سەری ژنیش پیاوە، سەری
مەسیحیش خودایە. [4]هەر پیاوێک نزا بکات یان پێشبینی بکات. بە سەری داپۆشراو، ئەوە شەرمەزاری بەسەر خۆیدا دەهێنێت.[5]هەر ژنێک
نزا بکات یان پێشبینی بکات، بەبێ داپۆشینی سەری، شەرمەزاری بەسەر خۆیدا دەهێنێت، وەک سەر تاشراوێک. [6]ئەگەر ژن سەری
دانەپۆشێت، با قژی ببڕێت! بەڵام، ئەگەر بۆ ژن شەرمەزارییە قژی ببڕێت یاخود بیتاشێت، با سەری داپۆشێت.[7]ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە
پیاو نابێت سەری داپۆشێت، چونکە وێنە و شکۆمەندی خودایە. سەبارەت بە ژنیش، ئەو شکۆمەندی پیاوە. [8]چونکە پیاو لە ژنەکە
وەرنەگیرا، بەڵکو ژنەکە لە پیاوەکە وەرگیرا؛[9]پیاو لە پێناو ژندا بوونی نەبووە، بەڵکو ژن لە پێناو پیاودا بوونی هەبووە. [10]بۆیە ئافرەت
دەبێت دەسەڵات لەسەر سەری بێت، لەبەر فریشتەکان.[11]بەڵام لە پەروەردگاردا ژن بێ پیاو نییە، و پیاویش بێ ژن نییە. [12]هەروەک چۆن
ژن لە پیاو وەرگیراوە، پیاویش لەلایەن ژنەوە تەواو دەکرێت، بەڵام هەموو شتێک لە خوداوەیە.[13]کەواتە بۆ خۆتان بڕیار بدەن: ئایا
گونجاوە ژن بە سەری دانەپۆشراو نزا بۆ خودا بکات؟ [14]ئایا سروشت خۆی فێرتان ناکات کە شەرمەزارییە بۆ پیاو کە قژی درێژ بکاتەوە،
[15]لەکاتێکدا ئافرەتێک قژی درێژبێت بۆی جێگای شانازییە، چونکە قژ وەک داپۆشەرێک پێی دراوە. [16]بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێت ناکۆکی
نیشان بدات، نە ئێمە داب و نەریتی وامان هەیە نە کڵێساکانی خوداش![17]بۆیە لە سەرمە، بەردەوام بم لە ڕاسپاردنتان بەمە، ستایشتان
ناکەم، چونکە کۆبوونەوەکانتان زیانی زیاترە لە سوود. [18]سەرەتا بیستم، کە کاتێک کۆمەڵەکەت کۆدەبێتەوە، ناتەبایی لە نێوانتاندا
دروست دەبێت. [19]باوڕدەکەم کە ڕاست بێت، بێگومان دەبێت لەنێوانتاندا جیاوازی هەبێت، تاکو شایستەکان لە نێوانتاندا دەربکەون.
[20]کاتێک لە یەک شوێن کۆدەبنەوە، کۆنابنەوە بۆ خواردنی خوانی پەروەردگار، [21]چونکە هەرکەسێک پێش دەکەوێت بۆ خواردنی ژەمی
ئێوارەی خۆی، بۆیە یەکێکیان برسی دەمێنێتەوە، ئەوی تریان دەخواتەوە تا سەرخۆش دەبێت! [22]ماڵتان نییە بۆ خواردن و خواردنەوە؟
یان سووکایەتی بە کڵێسای خودا دەکەن و سوکایەتی بەو کەسانە دەکەن کە هیچیان نییە؟ چیت پێ بڵێم؟ ستایشتان بکەم؟ بۆ ئەمەش
ستایشی ئێوە ناکەم![23]چونکە ئەوەی بە ئێوەم بەخشیوە لە پەروەردگار وەرمگرتووە. ئەوەیە کە یەشوای پەروەردگار، ئەو شەوەی بە
گرتن درا، نانێکی هەڵگرت، [24]سوپاسی کرد، پاشان نانی شکاند و فەرمووی: « ئەمە جەستەی منە کە لە پێناوی ئێوەدا دەشکێت ئەمە
بکەن بۆ یادی من».[25]بەهەمان شێوە دوای نانخواردن، جامەکەی هەڵگرت و فەرمووی: «ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من ئەمە
بکەن و بیخۆنەوە، بۆ یادی من». [26]بۆیە هەرکاتێک ئەم نانەتان خوارد و ئەم جامانەتان خواردەوە، مردنی پەروەردگار ڕادەگەیەنن، تا
دەگەڕێتەوە.[27]هەرکەسێک لە نانەکە بخوات، یان لە جامەکەی پەروەردگار بخواتەوە بە شێوەیەکی ناشایستە، تاوانبار دەبێت بەرامبەر بە
جەستە و خوێنی پەروەردگار. [28]بەڵام با مرۆڤ خۆی بپشکنێت، پاشان لە نانەکە بخوات و لە جامەکە بخواتەوە. [29]ئەوانەی دەخۆن و
دەخۆنەوە ئەگەر جەستەی مەسیح نەناسن خۆیان تاوانبار دەکەن. [30]لەبەر ئەم هۆکارە زۆرێک لە ئێوە لاواز و نەخۆشن، زۆریش وەک
نوستوو وان.[31]ئەگەر خۆمان دادوەری خۆمان بین، بڕیارمان لەسەر خۆمان نە دەدا. [32]بەڵام، لەبەر ئەوەی دادوەریمان لەسەر کراوە،
لەلایەن پەروەردگارەوە تەمبێ دەکرێین بۆ ئەوەی لەگەڵ جیهاندا تاوانبار نەکرێین.[33]براکانم کاتێک کۆدەبنەوە بۆ خواردن چاوەڕێی یەکتر
بن. [34]ئەگەر کەسێک برسی بوو با لە ماڵەوە نان بخوات، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکەتان بۆ دادوەریتان نەبێت. سەبارەت بە پرسەکانی
تریش کە هاتم ڕێکیان دەخەم.

## Chapter 12

[1]سەبارەت بە بەهرە گیانییەکان برایان، نامەوێت لێتان شاردراوە بێت. [2]ئێوە دەزانن، کاتێک لە نێو گەلاندا بوون، بۆلای بتە لاڵەکان دەهێنران هەروەک چووشن. [3]بۆیە پێتان دەڵێم تا بزانن ئەوەی بە گیانی خودا قسە بکات ناڵێت: «نەفرەت لە یەشوا (نەفرەت لێکراو)!» بە هەمان شێوە کەس ناتوانێت بڵێت: «یەشوا پەروەردگارە» تەنها بە گیانی پیرۆز نەبێت.[4]بەهرەی جیاواز هەیە، بەڵام یەک گیانە. [5]لێرە خزمەتی جیاواز هەیە، بەڵام پەروەردگار یەکە. [6]هەروەها کاری جیاواز هەیە، بەڵام خودا یەکە، و لە هەموو شتێکدا کاردەکات لە هەمووواندا.[7]بەڵام هەر کەسێک بەهرەیەکی پێدەدرێت کە تێیدا گیانەکەی تێدا دەردەکەوێت لە پێناو سود گەیاندن. [8]یەکێک لە ڕێگەی گیانەکەوە، قسەی دانای پێدەدرێت، یەکێکی تر قسەی زانیاری بە خودی هەمان گیان،[9]بۆ یەکێکی دیکەش باوەڕ بە هەمان گیان. بۆ یەکێکی دیکە بەهرەی چاککردنەوە بە هەمان گیان، [10]یەکێکی دیکەش کاری پەرجوو، بۆ ئەوی دیکە پێشبینی کردن بۆ ئەوی دیکە جیاکردنەوەی گیانەکان، بۆ ئەوی دیکە قسەکردن بە زمانی جیاواز، ئەوەی دیکە وەرگێرانی زمانەکان. [11]بەڵام هەموو ئەمانە لەلایەن هەمان گیانەوە کاردەکات، بەهرەکان دابەش دەکات، بەسەر هەر یەکێکیاندا، بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت.[12]هەروەک چۆن جەستە یەکە و ئەندامی زۆری هەیە، بەڵام هەموو ئەندامەکانی جەستە هەر چەندە زۆرن بەڵام یەک جەستە پێکدەهێنن، لە مەسیحیشدا بە هەمان شێوەیە. [13]چونکە ئێمە، بە یەک گیان، لە ئاو هەڵکێشراین بۆ ئەوەی ببینە یەک جەستە، جا یەهودی بین یان یۆنانی بین، کۆیلە بین یان ئازاد، هەمووومان لە یەک گیان دەخۆینەوە.[14]جەستە یەک ئەندام نییە بەڵکو کۆمەڵێک ئەندامە. [15] ئەگەر پێیەکانت بڵێت: «لەبەر ئەوەی دەست نیم، هی جەستە نیم!» ئایا لە ڕاستیدا دەبێتە هی دەرەوەی جەستە؟ [16]وە ئەگەر گوێ وتی: «چونکە من چاو نیم، من لە جەستە نیم!» ئایا لە ڕاستیدا دەبیتە هی دەرەوەی جەستە؟ [17]ئەگەر هەموو جەستە چاو بووایە، چۆن دەمان بیست؟ ئەگەر هەمووی گوێ بوایە، چۆن بۆنمان دەکرد؟[18] بەڵام خودا هەریەک لە ئەندامەکانی ناو جەستەی بەو شێوەیەی کە خۆی ویستویەتی ڕێکخستووە. [19]ئەگەر هەموویان یەک ئەندام بوونایە، جەستە چۆن دروست دەبوو؟ [20]ڕاستییەکە ئەوەیە ئەندامەکان زۆرن، بەڵام جەستە یەکە.[21]بەم شێوەیە چاو ناتوانێت بە دەست بڵێت: «پێویستم پێت نییە!» هەروەها سەریش ناتوانێت بە پێیەکان بڵێت: «پێویستم بە تۆ نییە!» [22]بەڵکو ئەو ئەندامانەی لەش، کە پێدەچێت لاوازترین بن لە هەمان کاتدا پێویستن، [23]ئەو ئەندامانەی لەش کە وا دەزانین ڕێزی کەمترە، بە ڕێزەوە دایان دەپۆشین. ئەو ئەندامانەی کە شایستە نین ئەبنە شیاوترین؛ [24]دەربارەی شایستەیی، پێویستی بەو شتە نییە. بەڵام خودا جەستەی بە تۆکمەیی درووست کرد، ڕێزی زیاتری بەوانە بەخشی کە لە ڕێزیان کەم بوو.[25]بەجۆرێک کە لە جەستەدا دابەشبوون نەبێت بەڵکو یەک گرنگیدان لە نێوان ئەندامەکاندا هەبێت بۆ بەرژەوەندی جەستە. [26]کاتێک ئازار و کاریگەری لەسەر یەکێک لە ئەندامەکان دەبێت، ئەندامەکانی دیکە لەگەڵیدا هەست بە ئازارەکە دەکەن. کاتێک یەکێک لە ئەندامەکان ڕێز وەردەگرێت، ئەندامەکانی دیکە لەگەڵیدا شاد دەبن. [27]ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێوە جەستەی مەسیحن، هەریەکەتان ئەندامی ئەون.[28]خودا کەسانی تایبەتی لە کڵێسادا داناوە: یەکەم نێردراوان، دووهەم پێغەمبەران، سێهەم مامۆستایان، و دوای ئەوە ئەوانەی بەهرەی پەرجوویان هەیە یان ئەوانەی بەهرەی چاکردنەوەیان هەیە یان یارمەتیدانی کەسانی دیکە یان بەڕێوەبردنی کاروبارەکان یان قسەکردن بە زمانە جیاوازەکان. [29]ئایا هەموویان نێردراون؟ ئایا هەموویان پێغەمبەرن؟ ئایا هەموویان مامۆستان؟ ئایا هەموویان بەهرەی پەرجوویان هەیە؟[30]ئایا هەموویان بەهرەی چاکردنەوەیان هەیە؟ ئایا هەموویان بە زمانەکان قسە دەکەن؟ ئایا هەموویان وەرگێڕان دەکەن؟ [31]بەڵام تامەزرۆی بەهرە گەورەکان بن. ئێستا ڕێگەیەکی زۆر باشترتان پیشان دەدەم.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 13

[1] ئەگەر بە زمانی مرۆڤ و فریشتەکان قسەم بکردایە و خۆشەویستیم نەبووایە، جگە لە دەنگی دەهۆڵ و دەف هیچی تر نەدەبووم!
[2] ئەگەر من بەهرەی پێشبینی، و پێغەمبەرایەتیم هەبێت و هەموو نهێنییەکان و هەموو زانستەکان بزانم، و باوەڕی تەواوەتیم هەبێت و
شاخەکان بجوڵێنم، و خۆشەویستیم نەبێت، ئەوا من هیچ نیم! [3] ئەگەر هەموو سامانم بدەمە خۆراک بۆ هەژاران، و لەشم ڕادەستی
سووتان بکەم، بەڵام خۆشەویستیم نەبێت، ئەوا هیچ سوودێکم نابێت. [4] خۆشەویستی پشوودرێژییە؛ سۆزی خۆشەویستی. ئیرەیی نییە.
خۆشەویستی شانازی نییە لووتبەرزی نییە. [5] ڕەفتاری نەشیاو ناکات، و بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا ناگەڕێت. خێرا سەرکۆنە ناکات، وە
خراپەی بۆ کەس نابێت. [6] بە ستەم کردن دڵخۆش نابێت، بەڵکو دڵخۆش دەبێت بەڕاستی. [7] هەموو شتێک دادەپۆشێت، باوەڕ بە هەموو
شتێک دەکات، هیوای بە هەموو شتێک دەبێت، بەرگەی هەموو شتێک دەگرێت. [8] خۆشەویستی هەرگیز بەسەر ناچێت. بەڵام بەهرەی
پێشبینییەکان بەسەر دەچێت، بەهرەی قسەکردن بە زمانەکان کۆتایی دێت، زانیاریش بەسەر دەچێت، [9] زانیاری و پێشبینیمان سنوردارە.
[10] بەڵام، کاتێک ئەوەی کامڵ و تەواوە دێت، سنوردرایەتیمان نامێنێت. [11] کە منداڵ بووم، وەک منداڵێک قسەم دەکرد، هەستم دەکرد کە
منداڵم، وەک منداڵێک بیرم دەکردەوە. کە بوومە پیاو، ئەوەی منداڵانە بوو وازم لێ هێنا. [12] ئێمە ئێستا لە ئاوێنەیەکی لێڵ و تاریکەوە
سەیری شتەکان دەکەین و بە ناڕوونی دەیانبینین. بەڵام دواجار ڕوو بە ڕوو دەیبینین. ئێستا، من بەشێکی دەزانم. بەڵام دواتر، من
دەیزانم وەک ئەوەی دەزانم. [13] بەڵام ئێستا، ئەم سێیە ماونەتەوە: باوەڕ، هیوا، خۆشەویستی. بەڵام مەزنترنیان خۆشەویستییە!

# Chapter 14

[1]بەدوای خۆشەویستیدا بگەڕێ، و تامەزرۆی بەهرەی گیانی بن، یان باشتر بڵێین بەهرەی پێشبینی. [2]ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو
کەسەی بە زمانێکی نادیار قسە دەکات قسە لەگەڵ خەڵک ناکات بەڵکو خودا. بەڵام کەس لێی تێناگات، چوونکە بە گیانەکە قسەی
پەنهانی دەکات. [3] سەبارەت بەو کەسەی کە پێشبینی دەکات، بە وشەی بنیاتنەر و هاندان و دڵنەوایکەر قسە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات.
[4]ئەوەی بە زمانێکی نەناسراو قسە بکات خۆی بنیات دەنێت؛ بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکات کڵێسا بنیات دەنێت.[5]ئاواتەخوازم هەمووتان
بە زمانە نادیارەکان قسە بکەن، بەڵام پێشبینی بکەن. چونکە ئەوەی پێشبینی دەکات باشترە لەوەی بە زمانەکان قسە بکات، مەگەر
(ئەوەی دەیڵێت) وەربگێڕدرێت بۆ ئەوەی کڵێسا بنیات بنێت. [6]ئێستا، ئەی برایان، گریمان دێم بۆ لاتان و بە زمانە نەناسراوەکان قسە
دەکەم، چ سوودێکم لێ وەردەگرن، مەگەر بە ئاشکرا و پێشبینی و زانست و فێرکردن قسەتان لەگەڵ بکەم؟[7]ئەگەر تەنانەت ئامێرە
دەنگییە بێ گیانەکانیش، وەکو شمشاڵ و قیسارە ئاوازی جیاواز نەدات، چۆن گوێگر بزانێت کام ئاواز لەلایەن شمشاڵ یان قیسارەوە
دێت؟ [8]ئەگەر کەڕەنای جەنگیش دەنگێکی نادیار لێبدات، کێ خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات؟ [9]کاتێک بە زمانە نادیارەکان قسە دەکەیت، و
وشەی جیاواز بە کاردەهێنیت، گوێگران چۆن تێدەگەن لەوەی دەیڵێیت؟ تۆ وەک کەسێک وایت کە لە هەوادا قسە دەکات![10]بێگومان زۆر
زمانی جۆراو جۆر لە جیهاندا هەیە، و هیچیان بێ واتا نین. [11]ئەگەر من لە مانای قسەیەک تێنەگەم، من بۆ قسەکەر بێگانە دەبم، ئەویش
بۆ من بێگانە دەبێت![12]بە هەمان شێوە ئێوەش، بەو پێیەی تامەزرۆی بەهرە گیانییەکانن، زیاتر بەدوایاندا بگەڕێن بۆ بنیاتنانی کڵێسا. [13]بۆیە
دەبێت قسەکەری زمانێکی نەناسراو داوای بەهرەی وەرگێڕان لە خودا بکات. [14]چونکە ئەگەر بە زمانێکی نادیار نزا بکەم، گیانم نزا
دەکات، بەڵام مێشکم بێ بەرهەمە.[15]کەواتە چی بکەین؟ بە گیان نزا دەکەم، بەڵام بە مێشکیش نزا دەکەم. بە گیان سروود دەڵێم،
بەڵام بە مێشکیش سروود دەڵێم. [16]ئەگەر تەنها، بە گیان سوپاسی خودا بکەیت، چۆن کەسێکی بێ ئەزموون دەتوانێت بڵێت: «ئامین»
کاتێک تۆ سوپاسگوزاری دەکەیت ئەگەر تێنەگات لە قسەکانت؟[17]بێگومان تۆ بە شێوەیەکی باش سوپاسگوزاری دەکەیت، بەڵام ئەوانی
تر بنیات نانێت. [18]سوپاسی خودا دەکەم کە لە هەمووتان زیاتر بە زمانی نەناسراو قسە دەکەم. [19]بەڵام، کاتێک لە کڵێسام، پێم باشە پێنج
وشە بە مێشکم بڵێم، بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش فێر بکەم، نەک دە هەزار وشە بە زمانێکی نادیار بڵێم.[20]ئەی برایان، لە بیرکردنەوەدا
منداڵ مەبن، بەڵکو لە خراپەدا منداڵ بن. سەبارەت بە بیرکردنەوە، پێگەیشتوو بن. [21]چونکە لە تەوراتدا نووسراوە: «من بە زمانی تر، و
بە لێوی نامۆ، لەگەڵ ئەم گەلە قسە دەکەم؛ بەڵام، ئەو کاتەش، گوێم لێ ناگرن، پەروەردگار دەفەرموێت».[22]بۆیە قسەکردن بە زمانە
نەناسراوەکان نیشانەیە نەک بۆ ئەوانەی باوەڕیان هەیە، بەڵکو لە پێناوی بێباوەڕان. سەبارەت بە پێشبینی کردن، بۆ بێباوەڕان نییە،
بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە باوەڕیان هێناوە. [23]ئەگەر هەموو کڵێسا کۆببنەوە، و هەمووان بە زمانە نادیارەکان قسەبکەن، پاشان هەندێک
کەسی بێ ئەزموون یان بێباوەڕ بێنە ژوورەوە، ئایا ناڵێن ئێوە تێکچوون؟[24]بەڵام، ئەگەر هەمووان پێشبینی بکەن، پاشان کەسێکی بێباوەڕ
یان بێ ئەزموون بچێتە ژوورەوە، ئەوا لەلایەن هەمووانەوە پێی دەسەلمێنرێت، و لە پێش هەمووان بڕیاری لەسەر دەدرێت، [25]کاتێک
نهێنی دڵیان دەرکەوت، بەڕوودا دەکەون و کڕنۆش بۆ خودا دەبەن، و دان بەوەدا دەنێن کە خودا بەڕاستی لە ئێوەدایە.[26]کەواتە برایان
چی بکەین؟ هەرکاتێک کۆدەبنەوە، هەریەکێکتان زبورێک، یان فێرکردنێک، یان قسەکردنێک بە زمانێکی نەناسراو، یان ئاشکراکردنێک،
یان هەر لێکدانەوەیەکتان هەیە. با هەمووی بە مەبەستی بنیاتنانەوە ئەنجام بدرێت. [27]ئەگەر کەسێکتان بە زمانێک قسەی کرد، با دوو
کەس یان زۆرترین سێ کەس قسە بکەن، هەریەکەیان، بە نۆرەی خۆیان، [28]با یەکێک لە ئێوە وەرگێڕان بکات. ئەگەر لە نێو ئێوەدا
وەرگێڕ نەبوو، نابێت قسەکەر لەبەردەم گروپەکەدا هیچ بڵێت، بەڵکو بە نهێنی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خودا قسە بکات.[29]با دوو یا سێ
کەسیش کە پێشبینی دەکەن با قسە بکەن و ئەوانی تریش دادوەری بکەن. [30]ئەگەر بۆ یەکێک لە دانیشتوان سروشێک هات، با یەکەم
قسەکەر بێدەنگ بێت.[31]چونکە هەمووتان دەتوانن یەک بە یەک پێشبینی بکەن، بۆ ئەوەی هەمووان فێربن و هەمووان هان بدەن. [32]بەڵام
بەهرەی پێشبینی ملکەچی خاوەنەکانیانن. [33]خودا خودای پشێوی نییە بەڵکو خودای ئاشتییە، وەک ئەوەی لە هەموو کڵێسای
پیرۆزکراواندا هەیە،[34]دەبێت ژنان لە کڵێسادا بێدەنگ بن، ڕێیان پێنەدراوە قسە بکەن، بەڵکو دەبێت گوێ ڕایەڵبن، وەک تەورات
ڕایسپاردوون. [35]بەڵام، ئەگەر دەیانەوێت شتێک فێربن، با لەماڵەوە پرسیار لە مێردەکانیان بکەن، چونکە قسەکردن لە کڵێسادا
شورەییە. [36]ئایا وتەی خودا لە ئێوە سەرچاوەی گرتووە، یان بەتەنها گەیشتووەتە دەستان؟[37]ئەگەر کەسێک خۆی بە پێغەمبەر یان خاوەن
بەهرەی گیانی دەزانێت، با بزانێت ئەوەی بۆتان دەنووسم فەرمانی پەروەردگارە. [38]ئەگەر هەرکەسێک بەم شتانە، نەفام بوو ئەوا بە
نەفامی دەمێنێتەوە![39]بۆیە برایان، تامەزرۆی پێشبینی کردن بن، و قسەکردن بە زمانە نادیارەکان قەدەغە مەکەن. [40]بەڵکو، با هەموو
شتێک بە شێوەیەکی شایستە و بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدرێت.

## Chapter 15

1 بەڵام برایان ئەو مزگێنیەتان، بیردەخەمەوە کە بۆم ڕاگەیاندوون، وەرتانگرت و بەردەوام پێوەی پابەندن، 2 هەروەها بەوە ڕزگارتان
دەبێت، ئەگەر دەست بەو وشەیەوە بگرن کە بۆم ڕاگەیاندن، ئەگینا باوەرتان بێهودەیە. 3 لە ڕاستیدا، من یەکەم شت، ئەوەی وەرمگرت،
ڕادەستی ئێوەم کرد، ئەویش ئەوەیە کە مەسیح لە پێناو گوناهەکانماندا مرد بەپێی ئەوەی لە تەورتدا هاتووە، 4 ئەو نێژرا، و لە ڕۆژی
سێهەمدا هەستایەوە بەپێی ئەوەی لە تەوراتدا نووسراوە، 5 وە ئەو بۆ پەترۆ دەرکەوت، و پاشان بۆ قوتابییەکانی تریش. 6 دوای ئەوە
بەیەکەوە بۆ زیاتر لە پێنج سەد برا دەرکەوت کە زۆربەیان لە ژیاندا ماون، و ئەوانی تر مردوون. 7 پاشان بۆ یاکۆڤ دەرکەوت، دوای
ئەوەش بۆ هەموو نێردراوان. 8 پاش هەموویان، بۆ منیش دەرکەوت، وەک ئەوەی منالێک بم کە لە کاتێکی هەڵەدا لەدایک بووم! 9 چونکە
من بچووکترینی نێردراوانم، شایەنی ئەوە نیم پێم بڵێن نێردراو چونکە کڵێسای خودام چەوساندۆتەوە. 10 بەڵام، بە بەخششی خودا بوومە
ئەوەی ئێستام، و ئەو بەهرەیەی کە وەرمگرت بێهودە نەبوو، چونکە لە هەموو نێردراوانی دیکە زیاتر ماندوو بووم. بەڵام ئەوە من
نەبووم کارم دەکرد، بەڵکو بەخششی خودا بووم کە لەگەڵمدا بوو. 11 جا من بم یان ئەوان، ئێمە بەم شێوەیە بانگەواز دەکەین، ئێوەش
بەم شێوەیە باوەڕتان هێنا. 12 ئێستا مژدەی ئەوە دەدرێت کە مەسیح لە مردن هەستایەوە، چۆن هەندێکتان دەڵێن هەستانەوەی
مردووەکان نییە؟ 13 ئەگەر هەستانەوەی مردووەکان بوونی نەبێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە مەسیحیش هەڵنەستاوەتەوە! ئەگەر مەسیح
هەڵنەستابێتەوە، 14 بانگەشەی ئێمە بێهودە دەبوو و باوەڕکەشتان بێهودە دەبوو، 15 ئەو کاتە ئەوە ڕوون دەبۆوە کە ئێمە شایەتحاڵی درۆین
بۆ خودا، چوونکە شایەتی ئەوەماندا کە مەسیح لە مردن هەستاوەتەوە، ئەگەر ئەو هەڵنەستایەتەوە ڕاست دەبوو مردووەکانیش
هەڵنەدەستانەوە. 16 بۆیە ئەگەر مردووەکان هەڵنەستێنەوە، ئەوا مەسیحیش هەڵنەستاوەتەوە. 17 ئەگەر مەسیح هەڵنەستایەتەوە،
باوەڕەکەت بێهودە دەبوو، و هەر لە گوناهەکانتدا دەمایتەوە، 18 ئەگەر وابێت ئەوانەی لەگەڵ مەسیح یەکیان گرت لەناو دەچوون! 19 ئەگەر
هیوامان بە مەسیح تەنها بەم ژیانە سنووردار بووایە، لە هەموو مرۆڤەکان بەدبەختر دەبووین! 20 بەڵام ئێستا مەسیح لە مردن هەستایەوە
نۆبەرەی نوستووەکانە. 21 بەو پێیەی مردن لە مرۆڤەوە هاتووە، هەستانەوەی مردووەکانیش بە مرۆڤ دەبێت. 22 چونکە هەمووان لە
ئادەمدا مردن، هەمووان لە مەسیحدا زیندوو دەکرێنەوە، 23 بەڵام هەریەکە پلەی تایبەتی خۆی هەیە یەکەم: مەسیح وەک نۆبەرە؛ پاشان
کە گەڕایەوە ئەوانەش کە هی خۆین، 24 پاشان کۆتایی دێت کاتێک شانشینی ڕادەستی خودای باوک دەکات دوای ئەوەی هەموو
دەسەڵات و هێزێکی لەناوبرد. 25 دەبێت پاشایەتی بکات «تا هەموو دوژمنەکانی بخاتە ژێر پێیەکانیەوە». 26 دوا دوژمن کە لەناو دەچێت
مردنە. چونکە «هەموو شتەکانی خستە ژێر پێیەکانیەوە». 27 بەڵام لە وتنی ئەوەی کە هەموو شتەکان ملکەچی بوون، بە ڕوونی خودا
بەدەر دەکات کە هەموو شتێکی ملکەچی ڕۆڵەکە کردووە. 28 کاتێک هەموو شتێک لە ژێر دەسەڵاتی ئەودایە، ڕۆڵە خۆی دەخاتە ژێر
دەسەڵاتی خوداوە، بەجۆرێک خودا کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا بە ڕۆڵەکە بەخشی، بە تەواوی باڵادەست دەبێت بەسەر هەموو
شتێک و لە هەموو شتێکدا! 29 ئەگەر ئێستا، هەستانەوە لە مردن نەبێت، ئەوانەی بۆ مردووەکان لە ئاوهەڵدەکێشرێن چی دەکەن؟ ئەگەر
مردووەکان بە هیچ شێوەیەک هەڵنەستنەوە، بۆچی خەڵک لە ئاو هەڵدەکێشرێن؟ 30 بۆچی هەموو کاتێک خۆمان دەخەینە مەترسییەوە؟
31 برایان، لەبەر ئەوەی شانازیتان پێوە دەکەم لە یەشوای مەسیحی پەروەردگارماندا، شایەتحاڵی ئەوە دەدەم کە هەموو ڕۆژێک دەمرم!
32 ئەگەر لە ئەفسوس شەڕم لەگەڵ دڕندە کێوییەکان کردبێت و لە هیوای مرۆڤانە زیاترم نەبێ، چیم دەستکەوتووە؟ ئەگەر مردووەکان
زیندوو نەکرێنەوە، «با بخۆین و بخۆینەوە، چونکە سبەی دەمرین؟» 33 بەڕێگەی گومڕایدا مەڕۆن: پەیوەندی خراپ ڕەوشتی باش
گەندەڵ دەکات! 34 وەک پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕاستە و گوناهە مەکەن، چونکە هەندێکتان بە تەواوی بێ ئاگان لە خودا، ئەمە
دەڵێم بۆ ئەوەی شەرمەزار بن! 35 بەڵام ڕەنگە کەسێک بڵێت: چۆن مردووەکان هەڵدەستنەوە؟ بە چ جەستەیەک دەگەڕێنەوە؟» 36 ئەی
بێ ئاگا! ئەوەی دەیچێنیت تا نەمرێت ناژی. 37 ئەوەی دەیچێنیت ئەو جەستەیە نییە کە سەرهەڵدەدات بەڵکو تەنها دەنکە گەنمێکە بۆ
نموونە تۆوێکی تر. 38 پاشان خودا ئەو جەستەیەی پێدەبەخشێت کە خۆی دەیەوێت، هەروەک چۆن هەر جۆرە تۆوێک جەستەی خۆی
دەداتێ. 39 هەموو جەستەیەک وەکو یەک نییە بەڵام مرۆڤەکان جەستەیەکیان هەیە و ئاژەڵەکان جەستەیەکی دیکە ماسی جەستەیەکی
دیکە و باڵندەکانیش جەستەیەکی دیکەیان هەیە. 40 پاشان جەستەی ئاسمانی و جەستەی زەمینی هەیە. بەڵام جەستە ئاسمانییەکان
شکۆمەندییان هەیە، جەستە زەمینیەکانیش شکۆمەندییەکی جیاوازیان هەیە. 41 خۆر شکۆمەندییەکی هەیە، و مانگ شکۆمەندییەکی دیکە،
ئەستێرەکانیش شکۆمەندییەکی جیاوازیان هەیە، چونکە هەر ئەستێرەیەک لە شکۆمەندییەکەیدا جیاوازە لە ئەستێرەکەی تر. 42 بۆ
هەستانەوەی مردووانیش بە هەمان شێوە دەبێت: بە جەستەی فەوتاو دەچێنرێت، بە نەفەوتاوی هەڵدەستێنرێتەوە، 43 بە شەرمەزاری
دەچێنرێت، و بە شکۆمەندییەوە هەڵدەستێتەوە، بە لاوازی دەچێنرێت، و بەهێزەوە هەڵدەستێتەوە، 44 وەک جەستەیەکی ماددی
دەچێنرێت، و وەک جەستەیەکی گیانی هەڵدەستێتەوە. بەو پێیەی جەستەیەکی مادی هەیە، جەستەیەکی گیانیش هەیە. 45 بەم شێوەیەش
نووسراوە: «مرۆڤی یەکەم، ئادەم، بوو بە گیانێکی زیندوو» بەڵام ئادەمی کۆتایی گیانێکی ژیان بەخشە. 46 بەڵام گیانییەکە یەکەم نەبوو،
بەڵکو مادییەکە یەکەم جار هات پاشان گیانییەکە: 47 مرۆڤی یەکەم لە خۆڵی زەوی دروست بوو؛ سەبارەت بە مرۆڤی دووهەم لە
ئاسمانەوە بوو. 48 ئەوانەی لە خۆڵن، لەو کەسە دەچن کە لە خۆڵ دروست بووە، ئاسمانییەکانیش لەو کەسە دەچن کە لە ئاسمانەوە
هاتووە. 49 هەروەک چۆن وێنەی ئەومان وەرگرتوە کە لە خۆڵ دروستکراوە، بەهەمان شێوە وێنەی ئاسمانیش وەردەگرین. 50 پاشان
برایان، دڵنیاتان دەکەمەوە، کە جەستەی گۆشت و خوێن ناتوانێت ببێتە میراتگری شانشینی خودا، هەروەک چۆن فەوتاو ناتوانێت ببێتە
میراتگری نەفەوتاو. 51 لێرەدا نهێنییەکتان بۆ ئاشکرا دەکەم: ئێمە نامرین، بەڵکو هەموومان دەگۆڕدرێین، 52 لە ساتێکدا، بەڵکو لە
چاوتروکانێکدا کاتێک دوا کەڕەنا لێدەدرێت. لەبەر ئەوەی کەڕەناکە لێدەدرێت، مردووانیش بێ فەوتان هەڵدەستێنرێنەوە. بەڵام ئێمە
دەگۆڕدرێین. 53 چونکە هەر دەبێت ئەم جەستە فەوتاوە نەفەوتاوی بپۆشێت، و لەناوچوو دەبێت نەمری بپۆشێت. 54 دوای ئەوەی فەوتاو نە
فەوتاوی پۆشی، و لەناوچووش نەمری، ئەو وشەیەی کە نووسرابوو دێتەدی: «مردن لە سەرکەوتندا قووت دەدرێت!» 55 ئەی مردن،
لەکوێیە، پێوەدانت؟ ئەی مردن، لەکوێیە سەرکەوتنت؟ 56 جا پێوەدانی مردن گوناهەیە، هێزی گوناهەش تەوڕاتە. 57 بەڵام سوپاس بۆ خودا


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

بە یەشوای مەسیحی پەروەردگارمان سەرکەوتنمان پێدەبەخشێت![58]بۆیە، برا خۆشەویستەکانم، چەسپاو بن و خۆڕاگربن، بەردەوام تێبکۆشن لە کاری پەروەردگاردا، دەزانن کە تێکۆشانتان لە پەروەردگاردا بە فیڕۆ ناڕوات!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 16

1سەبارەت بە کۆکردنەوەی بەخشین بۆ پیرۆزکراوان، وەک چۆن کڵێساکانی هەرێمی گەلاتیام ڕاسپاردوە، ئێوەش هەروا بکەن. 2لە
یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، پێویستە هەریەک لە ئێوە ئەوەی لە توانایاندایە لەو پارەیەی کە بەدەستی دەهێنن بیخەنە لایەک؛ با لای خۆی
بیهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی لەو کاتەدا کۆنەکرێتەوە کە دێمە لای ئێوە.3لە کاتی گەیشتنم، هەرکەسێکتان پێ خۆشە لەوەی پەسەند کراوە کە بە
میهرەبانییەوە دابینتان کردووە بیبەن بۆ یۆرشەلایم، دوای ئەوەی نامەیان بۆ دەنێرم. 4ئەگەر بۆم گونجا بوو دەتوانن لەگەڵمدا بێن.5بەڵام
کاتێک بە هەرێمی مەکەدۆنیادا تێدەپەڕم، دێمە لای ئێوە، 6ڕەنگە ماوەیەک لەگەڵتان بەسەر بەرم، یان ڕەنگە تەواوی زستانەکە لەگەڵتان
بم پاشان ڕێگەی گەشتەکەم بۆ ئاسان بکەن بۆ هەر شوێنێک کە دەچم.7نامەوێت ئەمجارە وەک ڕێبوارێک سەردانتان بکەم، هیوادارم
ماوەیەکی زۆر لەگەڵتان بمێنمەوە ئەگەر پەروەردگار ڕێگە بدات. 8بەڵام تا ڕۆژی پەنجاهەمین (واتە جەژنی دروێنەی یەهودییەکان) لە
ئەفەسۆس دەمێنمەوە. 9چونکە دەرگایەکی گەورە و کاریگەرم بۆ کراوەتەوە، و ئەوانەی دژایەتیم دەکەن زۆرن!10ئەگەر تیمۆساوس
گەیشتە لاتان، گرنگی پێبدەن و با لەلاتان دڵنیابێت، چونکە وەک من کاری پەروەردگار دەکات. 11با کەس بە کەمی نەزانێت، بەڵکو
ڕێگەی بۆ ئاسان بکەن تا بە ئاشتی بگەڕێتەوە بۆ لای من، چونکە من چاوەڕێی گەیشتنی ئەوم، لەگەڵ برایان. 12سەبارەت بە
ئەپۆلۆسی برا، زۆر لێی پاڕامەوە کە یاوەری براکان بێت بۆ هاتنە لای ئێوە. بەڵام، نەیویست ئێستا بێت. بەڵام کاتێک دەرفەتی گونجاوی
بۆ ڕەخسا دێتە لاتان.13بە ئاگابن و وریابن. لە باوەڕدا چەسپاوبن. پیاوبن. بە هێزبن. 14وە هەر کارێک دەیکەن، بە خۆشەویستییەوە
بیکەن.15بەڵام برایان، ئەم داوایەتان لێ دەکەم: ئێوە بنەماڵەی ستیفاناس دەناسن، نۆبەرەی ئەخایایە، خۆیان تەرخان کردووە بۆ
خزمەتکردنی پیرۆزکراوان. 16جا ملکەچی ئەوان و کەسانی دیکەی هاوشێوەی ئەوان بن، و هەرکەسێک کە بە کۆششەوە کاریان لەگەڵ
دەکەن.17زۆر دڵخۆش بووم بە هاتنی ستیفاناس و فۆرتوناتۆس و ئەخایکۆس. چونکە شوێنی ئێوەیان گرتەوە. 18گیانی من و تۆیان
بووژاندەوە. شایەنی ئەو جۆرە پێزانینەن!19کڵێساکانی هەرێمی ئاسیا سڵاوتان لێدەکەن. بە گەرمی سڵاوتان لێدەکەن لە پەروەردگاردا،
ئەکیلا و پریسکیلا، لەگەڵ کڵێساکەیان کە لە ماڵەکەیاندایە. 20هەموو براکان سڵاوتان لێدەکەن. بە ماچێکی پاک سڵاو لە یەکتر بکەن.
21سڵاوتان لێدەکەم، من پۆڵس، بە دەستنووسی خۆم. 22ئەگەر کەسێک پەروەردگاری خۆش نەویست، با «أناثیما» بێت (واتە نەفرەت
لێکراو)! «ماراناسا» ( ئەی پەروەردگارمان وەرە)! 23بەخششی پەروەردگار یەشوای مەسیح لەگەڵتان بێت! 24خۆشەویستیم بۆ
هەمووتان لە یەشوای مەسیحدا! ئامین.

# 2 Corinthians

## Chapter 1

1لە پۆڵسەوە، کە نێردراوی مەسیحی یەشوایە بە خواستی خودا، لە تیمۆساوسی براتانەوە، بۆ کڵێسای خودا لە کۆرنسۆس، و هەموو
گەلی پیرۆزی خۆی لە هەموو ئەخایا. 2بەخشش و ئاشتی بۆتان بێت لەلایەن خودای باوکمان و پەروەردگار یەشوای مەسیحەوە!
3سوپاس بۆ خودا، باوکی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح، باوکی میهرەبانی و خودای هەموو دڵنەواییێک. 4ئەوەیە کە لە هەموو
تەنگانەیەکدا کە پێیدا تێدەپەڕین هانمان دەدات، بۆ ئەوەی هانی ئەو کەسانە بدەین کە لە هەر تەنگانەیەکدان، بەو هاندانەی کە خودا
هانمان دەدات.5وەک چۆن ئازارەکانی مەسیح بەسەر ئێمەدا ڕژاوە، هەروەها هاندانەکانی مەسیحیش بەسەر ئێمەدا ڕژاون. 6ئەگەر لە
تەنگانەدا بوون، ئەمەش بۆ هاندان و ڕزگاری ئێوەیە؛ وە ئەگەر ئێمە هاندراین، ئەوە بۆ هاندانی ئێوەیە، کە وا دەکات هەمان ئەو ئازارە
هەڵبگرێت کە ئێمەش تووشی دەبین. 7هیوای ئێمە بۆ ئێوە هیوایەکی پتەوە. بە زانینی ئەوەی کە ئێوە هاوبەشن لەگەڵ ئێمە لە
بەرگەگرتنی ئازارەکان، هەروەها بەشدار دەبن لە بەدەستهێنانی هاندان.8کەواتە برایان، دەمانەوێت ئاگاداری ئەو تەنگانە بن کە لە
هەرێمی ئاسیا پێیدا تێپەڕین. کاریگەرییەکەی لەسەر ئێمە زۆر قورس بوو و لە سەرووی توانامانەوە بوو، تا ئەو ڕادەیەی کە لە ژیانی
خۆمان بێ هیوا بووین. 9بەڵام هەستمان کرد، لە خۆماندا، سزای مردنمان بۆ دانراوە، بۆ ئەوەی متمانەمان بە خۆمان نەبێت، بەڵکو
متمانەمان بەو خودایە هەبێت کە مردووەکان هەڵدەستێنێتەوە؛ 10ئەو لەم مردنە قێزەونە ڕزگاری کردین، تەنانەت ئێستاش ڕزگارمان
دەکات و متمانەی تەواومان هەیە کە بەڕاستی دواتر ڕزگارمان دەکات؛11ئێوەش بە نزاکانتان یارمەتیدەرن بۆ ئێمە؛ تاکو ئەوەی پێمان
دەدرێت وەڵامێک بێت بۆ نزای زۆر کەس، پاڵنەرێکن بۆ زۆر کەس بۆ ئەوەی سوپاسی ئێمە بکەن.12ئێمە شانازی بەمەوە دەکەین:
ویژدانمان شایەتحاڵی دەدات، کە هەڵسوکەوتمان لە جیهاندا، بەتایبەت بەرامبەر بە ئێوە؛ ئەمەش بە دانایی مرۆڤ نەبوو، بەڵکو بە
بەخششی خودا بوو. 13 ئێمە تەنها ئەو شتانەتان بۆ دەنووسین کە دەیخوێننەوە و لێی تێگەیشتوون. هیوادارم بە تەواوی لێی تێبگەن،
14وەک بەشێک لە ئێمە کە تێگەیشتووین دەبینە شانازی بۆ ئێوە، هەروەک چۆن ئێوە شانازین بۆ ئێمە، لە ڕۆژی پەروەردگارمان یەشوا.
15جا بەم دڵنیاییەوە بە نیاز بووم کە یەکەم جار بێمە لاتان، بۆ ئەوەی جارێکی تر شادیتان هەبێت، 16لە ڕێگام بۆ هەرێمی مەکدۆنیا و لە
گەڕانەوەمدا لەوێ بەلای ئێوەدا تێپەڕدەبم، پاشان ئێوە لە گەشتەکەم بۆ ناوچەی یەهودییە ئاسانکاریم بۆ بکەن.17پێتان وایە لە
پەسەندکردنی ئەم پلانەدا بە سوکی مامەڵەم کردووە، یان ئەوەی کە بڕیارەکانم بەپێی تێڕوانینێکی مرۆڤانە دەدەم، لە قسەکانما بەڵێ
بەڵێیە و نەخێر نەخێرە، لە هەمان کاتدا؟ 18خودا ڕاستگۆیە، ئەو شایەتی ئەوە دەدات کە قسەکانمان بۆ ئێوە نە بەڵێن و نە هەردووکیان!
19چونکە ڕۆڵەی خودا، یەشوای مەسیح، کە لە نێوان ئێوەدا مزگێنی ئەومان دا، لەلایەن من و سیلڤیانۆس و تیمۆساوس، نە بەڵێ هەبوو
و نە هەردووکیان، بەڵام بەڵێ تێیدا بوو. 20چونکە خودا چەند بەڵێنێکی داوە، لە مەسیحدا هەموویان «بەڵێن»، و بەم شێوەیە لە ڕێگەی
ئەوەوە ئامین لەلایەن ئێمەوە بۆ شکۆمەندی خودا.21بەڵام ئەوەی دەستنیشان و چەسپاوی کردووین لە مەسیحدا، وە ئەوەی مەسحی
کردووین، خودایە، 22هەروەها مۆری خۆی لەسەر ئێمە داناوە، و گیانی پیرۆزی پێبەخشیوین وەک بەڵێننامەیەک لە دڵماندا.23بەڵام خودا

دەکەم بە شایەتحاڵ بۆ خۆم کە تەنها لەبەر بەزەیی بۆ ئێوە بووە کە نەگەڕامەوە بۆ کۆرنسۆس. [24] ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە دەسەڵاتمان بەسەر باوەڕەکەتاندا هەیە. بەڵکو ئێمە یارمەتیدەری ئێوەین بۆ خۆشی ئێوە کاردەکەین. چونکە بە باوەڕتان چەسپاون.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

[1]لەبەر ئەوە بڕیارمدا هاتنی من بۆ لاتان نەبێتە هۆکارێک بۆ خەم و پەژارەتان، [2]ئەگەر من خەمبارتان بکەم کێ دڵخۆشم بکات جگە لە ئێوە کە خەمبارم کردوون؟[3]هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئەوەی لێرە دەنووسم بۆتان، بۆ ئەوەی کاتێک هاتم خەمبار نەبم لەوانەی پێویستە پێیان شادبم. متمانەم بە هەمووتان هەیە کە خۆشی من خۆشی هەمووتانە. [4]ئەوەی پێشتر بۆم نووسیبوون لە تەنگانە و خەمۆکییەکی زۆرەوە سەرچاوەی گرتووە لە دڵمدا، و بە فرمێسکی زۆرەوە بوو. مەبەستم نەبوو دڵتەنگتان بکەم، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو خۆشەویستییە سەرڕێژە بزانن کە من بۆتانم هەیە.[5]ئەگەرکەسێک بۆتە هۆی غەمباری، ئەوا تەنها منی غەمبار نەکردووە، بەڵکو تاکو ڕادەیەک هەمووتانی غەمبار کردووە، ئەگەر بۆ ئەمە زیادەڕەویم نەکردبێت! [6]ئێستا، ئەو سزایەی کە زۆربەتان بەسەریدا سەپاندووتانە بەسە بۆ ئەم پیاوە تاوانبارە. [7]بەپێچەوانەوە، ئێستا باشترە بۆ ئێوە لێی خۆشبن و هانی بدەن، ئەگینا لەوانەیە تووشی خەم و پەژارەیەکی زۆر بن. [8]بۆیە داواتان لێدەکەم کە لە خۆشەویستی خۆتان دڵنیای بکەنەوە. [9]ئەوەی بۆم نووسین بە ئامانجی تاقیکردنەوەشتان بوو، تا بزانم ڕادەی گوێڕایەڵی ئێوە لە هەموو شتێکدا چەندە.[10]ئەگەر لە شتێکدا لێی خۆش بوون، منیش لێی خۆش دەبم. ئەگەر منیش لەبەر شتێک لەو پیاوە خۆش بووم، لەبەر خاتری ئێوە لەبەردەم مەسیحدا لێی خۆش دەبم. [11]بۆ ئەوەی شەیتان دەستمان بە سەردا نەگرێت چونکە ئێمە لە پیلانەکانی ئەو بێ ئاگا نین.[12]کاتێک لە پێناو مزگێنی مەسیح گەیشتمە شاری ترۆئاس، پەروەردگار دەرگایەکی بۆ کردمەوە بۆ ئەوەی خزمەت بکەم [13]گیانم پشوی نەدا چونکە تیتۆسی برام نەدۆزیەوە. بۆیە ماڵئاواییم لە باوەڕدارانی ئەوێ کرد و بەرەو هەرێمی مەکەدۆنیا ڕۆیشتم.[14]بەڵام، سوپاس بۆ خودا کە هەمیشە سەرکردایەتیمان دەکات لە کاروانی سەرکەوتن لە مەسیحدا، و بۆنی خۆشی زانستەکەی لەگەڵ ئێمەدا لە هەموو شوێنێک بڵاودەکاتەوە. [15]چونکە ئێمە بۆنی خۆشی مەسیحین کە بەرەو خودا بەرز دەبێتەوە، هەم لەنێو ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت و هەم لەنێو ئەوانەی لەناو دەچن بڵاودەبێتەوە:[16]هەندێکیان بۆنێکی تێدایە لە مردن و بەرەو مردن، ئەوانیش بۆنێک لە ژیانەوە بەرەو ژیان. ئایا کێ شیاوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە؟ [17]ئێمە وەک زۆر کەس بازرگانی بە قسەی خوداوە ناکەین، بەڵکو بە دڵسۆزی و لە خوداوە، لەبەردەم خودادا، بە مەسیح قسە دەکەین.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 3

[1]پێتان وایە جارێکی تر دەست بکەینەوە بە ستایشکردنی خۆمان؟ یان پێتان وایە هەندێکمان پێویستمان بە نامەی پشتگیری هەیە کە بۆ ئێوە یان لە ئێوەوە وەریبگرین؟ [2]ئێوە ئەو نامەی پشتگیرییەن، کە لە دڵماندا نووسراوە، کە هەموو مرۆڤەکان دەتوانن بیزانن و بیخوێننەوە. [3]وە بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە ئێوە پەیامەکەی مەسیحن کە ئێمە خزمەتمان کردووە، بە مەرەکەب نەنووسراوە بەڵکو بە گیانی خودای زیندوو، نەک لەسەر تەختە بەرد، بەڵکو لە سەر پەڕەی دڵی مرۆڤ.[4]ئەمە متمانەی مەزنی ئێمەیە بەرامبەر بە خودا بە مەسیح: [5]ئەوە نییە کە ئێمە خۆبژێو بین بۆ ئەوەی بانگەشەی شتێک بکەین بۆ خۆمان، بەڵکو لێهاتوویی ئێمە لە خوداوەیە. [6]کە وای لێکردین بتوانین خزمەتکاری پەیمانێکی نوێ بین کە نەک لەسەر بنەمای پیت بەڵکو لەسەر بنەمای گیان. پیتەکە بەرەو مردن دەتانبات؛ بەڵام گیانەکە ژیان دەبەخشێت.[7]بەڵام، ئەو کاتە خزمەتەکە بووە هۆی مردن کە پیتەکانی لەسەر تەختەیەکی بەرد هەڵکەندرابوون، بە شکۆمەندی دەستی پێکرد، تەنانەت نەوەی یەسرائیل نەیانتوانی سەیری ڕووخساری موشە بکەن، لەبەر شکۆمەندی ڕووخساری، ئەو شکۆمەندییە زوو بەسەر چوو، [8]ئایا گونجاوتر نییە کە خزمەتکردنی گیانەکە لە شکۆمەندیدا ڕەگی داکوتابێت؟[9]ئەگەر ئەو خزمەتەی کە تاوانبارکردنی هێنا شکۆمەند بێ، ئەو خزمەتەی کە ڕاستودروستی دەهێنێت چەندە شکۆمەندترە! [10]تەنانەت ئەوەی پێشتر شکۆمەند بوو بەم شێوەیە شکۆمەند نەبوو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شکۆمەندییەی کە سەرکەوتووترە. [11]ئەگەر شکۆمەندی هاوڕێی ئەو شتە بێت کە زوو بەسەر دەچێت، ئەی ئەوەی هەمیشەییە چەند زیاتر شکۆمەندە![12]بەو پێیەی ئێمە هیوایەکی پتەومان هەیە، بە بوێرییەکی زۆرەوە کار دەکەین. [13]ئێمە وەک موشە نین ڕووی خۆی دادەپۆشی تاکو نەوەی یەسرائیل تەماشای کۆتایی شکۆی بەسەرچووی نەکەن.[14]بەڵام بیر کوێر بوون، چونکە ئەو داپۆشراوییە تا ئەمڕۆش کە پەیمانی کۆن دەخوێنرێتەوە هێشتا هەیە، و تەنها لە مەسیحدا لا دەچێت [15]بەڵام ئەو داپۆشینە لە ئەمڕۆشدا لە سەر دڵیان دانراوە کە پەرتووکی موشە دە خوێننەوە. [16]بەڵام کاتێک بە دڵ ڕوویان لە پەروەردگار کرد، ئەو داپۆشراوییە لادەبرێت.[17]چونکە پەروەردگار گیانەکەیەو گیانی پەروەردگار لە کوێ بێت، ئازادی لەوێیە. [18]لە کاتێکدا هەموومان بە ڕووخسارێکەوە وەک ئاوێنەیەکی دانەپۆشراو سەیری شکۆمەندی پەروەردگار دەکەین، لە شکۆمەندییەکەوە دەگۆڕدرێین بۆ شکۆمەندییەکی تر بۆ ئەوەی بگۆڕدرێین بۆ سەروێنەی ئەو، ئەمەش لە پەروەردگارەوەیە کە گیانەکەیە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 4

1تا ئەو کاتەی لە ڕێگەی بەخششی خوداوە ئەم خزمەتەمان هەبێت، ورەمان لاواز نابێت. 2بەڵکو لەم ڕێگایەدا شتە شاراوە و
شەرمەزارییەکانمان ڕەتکردۆتەوە، بە فێڵەوە هەڵس و کەوت نایکەین، و وشەی خودا دەستکاری ناکەین، بەڵکو بە ڕاگەیاندنی
ڕاستییەکان لە ویژدانی هەموو کەسێکدا، ستایشی خۆمان دەکەین، لەبەردەم خودادا.3بەڵام ئەگەر مزگێنیەکەمان داپۆشراو بێت، ئەوا بۆ
ئەوانەی لەناو دەچن داپۆشراوە، 4لەناو ئەو بێباوەڕانەدا کە بەهۆی خودای ئەم جیهانە بیرکردنەوەیان کوێر بووە تاوەکو ڕووناکی
مزگێنیەکە کە تایبەت بە شکۆمەندی مەسیحە کە وێنەی خودایە بۆیان نەدرەوشێتەوە.5چونکە ئێمە بانگەشە بۆ خۆمان ناکەین، بەڵکو
بانگەشەی یەشوای مەسیح دەکەین وەک پەروەردگار، ئێمە هیچ نین جگە لەخزمەتکارتان لە پێناو یەشوادا. 6چونکە خودا، کە فەرمانی بە
ڕووناکی کردووە لە تاریکیدا بدرەوشێتەوە، ئەوە ئەو کەسەیە کە ڕووناکی لە دڵماندا دەدرەوشێنێتەوە، بۆ ئەوەی زانینی شکۆمەندی
خودا کە لە ڕووخساری مەسیحدا دەرکەوتووە بدرەوشێتەوە.7بەڵام ئێمە ئەم گەنجینەیە لەناو گۆزەی گڵینەدا هەڵدەگرین، بۆ ئەوەی
ڕوون بێتەوە کە دەسەڵاتی باڵا لە خوداوە دێت و لە ئێمەوە نایەت. 8لە هەموو لایەکەوە کێشەمان هەیە، بەڵام ناڕووخێین.
چارەسەرێکی گونجاو نادۆزینەوە، بەڵام بێ ئومێد نابین. 9چەوسانەوە دەربەدەری کردووین، بەڵام خودا وازمان لێناهێنێت.بە زەویدا
دەدرێین، بەڵام نامرین. 10وە بۆ هەر شوێنێک بچین، هەمیشە مردنی یەشوا لە جەستەماندا هەڵدەگرین بۆ ئەوەی ژیانی یەشواش لە
جەستەماندا دەربکەوێت.11چونکە ئێمەی زیندوو هەمیشە لە پێناو یەشوادا ڕادەستی مردن دەکرێین، بۆ ئەوەی ژیانی یەشوا لە جەستەی
لەناوچووشماندا دەربکەوێت. 12بەم شێوەیە، مردن لە ئێمەدا کاریگەرە؛ بەڵام ژیان لە ئێوەدا چالاکە.13لەبەر ئەوەی ئێمە هەمان گیانی
باوەڕمان هەیە، کە لەسەری نووسراوە: «باوەڕم هێنا، بۆیە قسەم کرد»، ئێمەش باوەڕمان هەیە، و بۆیە قسە دەکەین، 14ئێمە دەزانین
کە ئەوەی یەشوای پەروەردگاری لە مردن هەستاندەوە، ئێمەش لەگەڵ یەشوا هەڵدەستێنێتەوە، و لەبەردەم ئەودا لەگەڵ ئێوەدا
ئامادەمان دەکات. 15چونکە ئێمە هەموو شتێک لە پێناو ئێوەدا دەچێژین، تاکو ئەو بەخششەی کە ئێستا دەگاتە خەڵکێکی زیاتر، ببێتە هۆی
ڕژانی سوپاسگوزاری بۆ شکۆمەندی خودا.16بۆیە، با ورەمان لەدەست نەدەین! بەڵکو، ئەو کاتەی مرۆڤی دەرەوەمان لەناو دەچێت،
مرۆڤی ناوەوەمان ڕۆژ بە ڕۆژ نوێ دەبێتەوە. 17ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو تەنگانە سادە و کاتییە کە ئێستا بێزارمان دەکەن، ئەو
بڕێکی بێئەندازە لە هەتاهەتایی شکۆمەندیمان بۆ بەرهەم دەهێنن. 18وەک چۆن چاوەکانمان لە سەر شتە بینراوەکانە با بۆ شتە
نەبینراوەکان بڕوانین. چونکە ئەو شتانەی کە دەبینرێن تەنها بۆ ماوەیەکن؛ بەڵام ئەو شتانەی کە نابینرێن هەتاهەتایین.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 5

[1]چونکە دەزانین کاتێک چادرە زەمینیەکەمان کە ئێستا تێیدا دەژین وێران دەبێ، ماڵێکمان دەبێت لەلای خودا: خانوویەک کە بە دەستی مرۆڤ دروست نەکراوە، هەتاهەتاییە لە ئاسمانەکان. [2]ڕاستییەکە ئەوەیە، لەکاتێکدا لەم چادرە، ئەناڵێنین و تامەزرۆی ئەوەین ماڵە ئاسمانیەکەی سەرەوەمان بپۆشین، [3]چونکە ئەگەر پۆشیمان بە ڕووتی نابینرێین.[4]چونکە ئێمە، لەبەر ئەوەی لەم چادرەدا دەژین لەبەر بارگرانی دەناڵێنین، چونکە نامانەوێت دایبکەنین بەڵکو بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسمانیمان بەسەریدا لەبەر بکەین، بۆ ئەوەی ژیان ئەوەی لە ئێمەدا مردووە قوتی بدات. [5]ئەو کەسەی کە ئێمەی بۆ ئەم بابەتە ئامادە کردووە خودایە، هەروەها گیانی وەک پێشەکییەک پێبەخشیوین.[6]بۆیە هەمیشە متمانەمان بەخۆمان هەیە، دەزانین تا لە جەستەدا بژین، لە پەروەردگار نامۆ دەبین. [7]چونکە ئێمە بە باوەڕ دەڕۆین نەک بە بینین. [8]کەواتە ئێمە متمانەمان بەخۆمان هەیە، و ڕازین بە نامۆبوون لە جەستە و مانەوە لەگەڵ پەروەردگار. [9]هەر بۆیە ئێمەش هەوڵدەدەین دڵخۆشی بکەین، جا دانیشتوو بین یان پەناهەندە. [10]پێویستە هەمووومان بە ئاشکرا لەبەردەم تەختی مەسیحدا بوەستین، بۆ ئەوەی هەر یەکێک لە ئێمە ئەو کارە وەربگرێت کە لە جەستەدا بوو، چ باش بێت یان خراپ![11]لەبەرترسمان لە پەروەردگار، هەوڵدەدەین خەڵک رازی بکەین. بەڵام ئێمە لەبەردەم خودادا دەرکەوتووین، هیوادارم لە ویژدانی ئێوەشدا دەربکەوین. [12]ئەوە نییە کە ئێمە لە پێش ئێوەدا دووبارە بە خۆماندا هەڵ بدەین؛ بەڵکو پاساوێکتان پێشکەش دەکەین کە شانازی بە ئێمەوە بکەن، بۆ ئەوەی بەڵگە بێت بۆ ئەو کەسانەی کە شانازی بە ڕواڵەتەکانی دەرەوە دەکەن نەک ئەوەی لە دڵدایە.[13]ئەگەرهۆشمەندیمان لەدەستداوە؟ ئەمە لە پێناو خودایە. ئەگەریش هۆشمەند بین؟ ئەمە لە پێناو ئێوە دایە. [14]خۆشەویستی مەسیح زاڵە بەسەرماندا، ئێمەش ئەم بڕیارەمان داوە: مادام یەکێک لەبری هەمووان مرد، ئەمە مانای ئەوەیە کە هەمووان مردوون؛ [15]ئەو لەبری هەمووان مرد بۆ ئەوەی ئەوانەی دەژین چیتر بۆ خۆیان نەژین بەڵکو بۆ ئەو ئەوەی لە پێناویان مرد و هەستایەوە.[16]بۆیە لەمەودوا کەس ناناسین لەڕووی زانایی مرۆڤانەوە. بەڵام ئەگەر ئێمە پێشتر مەسیحمان بە مرۆڤانە ناسیووە، ئێستا ئیتر بەو شێوەیە نایناسین. [17]چونکە ئەگەر کەسێک لە مەسیحدا بێت، ئەوا بەدیهێنراوێکی نوێیە: شتە کۆنەکان تێپەڕین و سەیرکە، هەموو شتەکان نوێ بوونەوە.[18]هەموو شتێک لە خوداوەیە کە لە ڕێگەی مەسیحەوە ئێمەی لەگەڵ خۆیدا ئاشتکردەوە، پاشان خزمەتکردنی ئەم ئاشتبوونەوەی بە ئێمەی سپارد. [19]ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خودا لە مەسیحدا بوو کە جیهانی لەگەڵ خۆیدا ئاشت کردەوە، گوناهەکانیانی لە بەر چاونەگرت و پەیامی ئەم ئاشتبوونەوەی خستە نێو دەستەکانمان.[20]پاشان ئێمە باڵوێزی مەسیحین و خوداش لە ڕێگەی ئێمەوە بە ناوی مەسیحەوە بانگەواز دەکات: «لەگەڵ خودا ئاشت ببنەوە!» [21]چونکە ئەوەی گوناهی نەدەناسی، خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناهە، تاکو ببینە ڕاستودروستی خودا لەناو ئەودا.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 6

[1]بەو پێیەی ئێمە پێکەوە کرێکاری خوداین، داواکارین بەخششی خودا بێهودە وەرمەگرن. [2]چونکە دەفەرموێت: «لە کاتی پەسەندکردنم گوێم لێگرتیت، لە ڕۆژی ڕزگاریدا یارمەتیم دایت». ئێستا کاتی پەسەنکردنە. ئەمڕۆ ڕۆژی ڕزگاربوونە! [3]ئێمە هیچ ڕەفتارێک ئەنجام نادەین کە ببێتە کۆسپ بۆ هیچ کەس، بۆ ئەوەی نەوەک گلەیی بێتە سەر خزمەتەکە.[4]لە هەموو شتێکدا بە شێوەیەک مامەڵە دەکەین کە دەریدەخات بەڕاستی خزمەتکاری خوداین: بە دانبەخۆداگرتنی زۆرمان؛ لە تەنگانە، پێویستی و ناخۆشی و لێقەومان [5]لە لێدان و زیندان و ئاژاوە وماندووبوون و شەونخونی و برسییێتی؛ [6]لە پاکی و زانست و لێبوردەیی و میهرەبانیدا؛ لە گیانی پیرۆز و خۆشەویستی پاک بەبێ دووڕوویی؛ [7]لە وشەی راستی و هێزی خودا؛ بە چەکی چاکە لە هێرش و بەرگریدا بن؛[8]بە شکۆ و سووکایەتی؛ بە ناوزڕاوی یا ناوبانگێکی باش. کاتێک ڕاستگۆ بین وەک گومڕا مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت، [9]وەک نەناسراو و لەگەڵ ئەوەشدا ناسراوین، وەک مردوو و لەگەڵ ئەوەشدا دەژین، وەک سزادراو و نەکوژراو، وەک خەمبار، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە شادمانین، [10]وەک هەژار، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینە دەوڵەمەند دەکەین، وەک ئەوەی هیچمان نەبێ، و هەموو شتێکمان هەیە.[11]ئێمە قسەمان لەگەڵ ئێوە کرد، ئەی خەڵکی کۆرنەسۆس، بە ڕاشکاوی و دڵفراوانی. [12]ئێوە لە تەنگانەیان، نەک لەبەر ئێمە بەڵکو بەهۆی تەنگانەی هەست و سۆزی خۆتانەوە [13]بەڵام، بەهەمان شێوە، وەک منداڵێک قسەتان لەگەڵ دەکەم، بۆ ئەوەی دڵتان فراوان بێ![14]لەگەڵ بێباوەڕاندا مەچنە ژێریەک نیرەوە. چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان ڕاستودروستی و ناڕەوا؟ چ هاوبەشییەک لە نێوان ڕووناکی و تاریکیدا هەیە؟ [15]مەسیح چ هاوپەیمانییەکی لەگەڵ شەیتان هەیە؟ باوەڕدارچ پشکێکی لەگەڵ بێباوەڕدا هەیە؟ وە پەرستگای خودا چ ڕێکەوتنێکی لەگەڵ بتەکاندا هەیە؟ [16]چونکە ئێمە پەرستگای خودای زیندووین، بەپێی ئەوەی خودا فەرموویەتی: « من لە نێوانیاندا دەژیم و لە نێوانیاندا دەڕۆم و دەبمە خودایان و ئەوانیش دەبنە گەلی من».[17] بۆیە « لەبەر ئەوە لە نێوانیان بڕۆنە دەرەوە، و بەجێیان بهێڵن»، پەروەردگار دەفەرموێت، «دەست لە شتە پیسەکان مەدەن، [18]ئینجا پەسەندتان دەکەم»، و«من دەبمە باوک بۆ ئێوە، ئێوەش دەبنە کوڕ و کچم»، ئەمانە پەروەردگاری هەرە بە توانا دەفەرموێت.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 7

[1]مادام ئەم بەڵێنانەمان وەرگرتووە، ئەی خۆشەویستان، با خۆمان پاک بکەینەوە لە هەموو شتێک کە جەستە و گیانمان پیس دەکات، بە پیرۆزییەکی تەواو لە ترسی خودادا.[2]با لە دڵتاندا شوێنێکمان هەبێت: ئێمە بە ناڕەوا مامەڵەمان لەگەڵ کەسدا نەکردووە، ئێمە زیانمان بە کەس نەگەیاند، کەسیشمان بەکارنەهێناوە. [3]ئەمە ناڵێم بۆ سەرکۆنەکردنی ئێوە. چونکە، وەک پێشتر وتمان ئێوە لە دڵی ئێمەدان، بە ڕادەیەک کە ئامادەین لەگەڵتان بمرین و لەگەڵتان بژین! [4]متمانەیەکی زۆرم بە ئێوە هەیە، زۆر شانازی بە ئێوەوە دەکەم. لە هەموو تەنگانەماندا من پڕم لە هاندان و سەرڕێژ لە خۆشی .[5]کاتێک گەیشتینە پارێزگای مەکەدۆنیا جەستەمان تامی پشوودانی نەکرد، چونکە تەنگانە لە هەموو ئاراستەیەکەوە ڕووبەڕوومان بۆوە: ململانێ لە دەوروبەرمان زیادی کردووە، ترسیش لەناو ئێمەدا زیادی کردووە.
[6]جگە لەوەی خودا، ئەوەی هانی تێکشکاوان دەدات، لە ڕێگەی هاتنی تیتۆسەوە هانی ئێمەی دا، [7]نەک تەنها بە هاتنی، بەڵکو بەو هاندانەی کە لە نێوانتاندا وەریگرت. بۆی گێڕاینەوە لەبارەی پەرۆشی و پەژارە و دڵگەرمیتان بۆ من، دڵخۆشییەکەم دوو هێندە بوو.
[8]ئەگەر نامەکەم خەمباری کردبن، ئەوە پەشیمان نیم، هەرچەندە پەشیمان بوومەوە، چونکە دەبینم بۆ ماوەیەک ئەو نامەیە خەمباری کردن. [9]ئێستا دڵخۆشم، نەک لەبەر ئەوەی خەمبار بوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی خەم و پەژارە وای لێتان کرد لە گوناهەکانتان پاشگەزببنەوە. چونکە ئێوە بە شێوەیەک ئازارتان چەشتووە کە لەگەڵ خواستی خودادا گونجاوە، بۆ ئەوەی لە لایەن ئێمەوە هیچ ئازارێکتان پێ نەگات. [10]خەمێک کە لەگەڵ ویستی خودادا بگونجێت پاشگەزبوونەوە بەرهەم دەهێنێت کە ئەمەش ئەنجامەکەی ڕزگارییە، وهیچ پەشیمانییەکی تێدا نییە. بەڵام خەمی دونیا مردن بەرهەم دەهێنێت.[11]کەواتە ببینن، ئەم خەم و پەژارەیە کە لەگەڵ خودا هاوڕایە، چەندە هەوڵی لە ئێوەدا بەرهەم هێناوە، تەنانەت داوای لێبوردن، نکۆڵی کردن، ترس، لە تامەزرۆیی، ئیرەیی، سزا! لە هەموو شتێکدا دەرتانخست کە بێتاوانن لەو بابەتە. [12]ئەوەی کە پێشتر بۆم نووسیبوون لە پێناو تاوانبار و تاوانلێکراو نەبوو، بەڵکو ویستم لە بەرامبەر خودا ئەوە دەربخەم کە چەند دڵگەرمن بۆ گوێڕایەڵیمان.[13]هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دڵنەواییمان پێدرا. لەسەرو دڵنەواییمان، ئێمە بەهۆی دڵخۆشی تیتۆسەوە لە ڕادەبەدەر دڵخۆش بووین چونکە گیانی بە هەمووتان حەسایەوە. [14]ئەگەر بە شتێک شانازیم پێوە کردبێت، دەربارەی ئێوە، شەرمم نەکردووە؛ بەڵام هەر وەک چۆن هەموو شتێکمان بە ڕاستگۆیی پێ گوتن، شانازیکردنمان بۆ تیتۆسیش ڕاستگۆیانە بوو..[15]خۆشەویستی بۆ ئێوە زیاتر دەبێت کاتێک یادی گوێڕایەڵی هەمووتان دەکاتەوە کە چۆن بە ترس و لەرزەوە پێشوازیتان لێکرد. [16]دڵخۆشم کە متمانەم بە ئێوە هەیە لە هەموو شتێکدا.

# Chapter 8

[1]. ئێستا، ئەی برایان، ئەو بەخششەی خوداتان پێ دەناسێنین کە بە کڵێساکانی هەرێمی مەکەدۆنیا بەخشراوە. [2]هەرچەندە لە
تاقیکردنەوەیەکی قورسدا بوون، زۆردڵخۆش بوون سەرەڕای هەژاری زۆریان بەڵام دەوڵەمەندییەکی بەخشندانەی بۆ بەرهەمهێنان.[3]من
شایەتی دەدەم کە ئەوان بە دەستپێشخەری خۆیان بەخشینیان کردووە، نەک تەنها بەپێی توانای خۆیان، بەڵکو لە سەرووی توانای
خۆشیانەوە. [4]بە پاڕانەوەو پێداگرییەکی زۆر رازی بووین بە بەخشینەکانیان بەشدار بن بۆ یارمەتیدانی پیرۆزکراوان. [5]هەروەها لەوەی کە
چاوەڕێمان دەکرد زیاتر بوو، وەک چۆن سەرەتا خۆیان تەرخان کرد بۆ پەروەردگار و پاشان بۆ ئێمە بە خواستی خودا،[6]ئەمەش وای
لێکردین داوا لە تیتۆس بکەین ئەو کارە تەواو بکات کە پێشتر لەگەڵ ئێوەدا دەستی پێکردبوو. [7]بەڵام، هەروەک چۆن ئێوە هەموو
شتێکتان زۆرە: لە باوەڕ، لە وشەکە، لە زانین، لە کۆششکردن لە هەموو شتێکدا، و لە خۆشەویستیتان بۆ ئێمە، لەم بەخششی ئەم
بەخشینەدا زۆر بن.[8]من فەرمانت پێ ناکەم، بەڵام دەمەوێت بە بەراوردکردنت لەگەڵ دڵگەرمی کەسانی دیکە، دڵسۆزی خۆشەویستیت
تاقی بکەمەوە. [9]چونکە ئێوە بەخششی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح دەزانن: لە پێناو ئێوەدا هەژار بوو، کە هەرچەندە دەوڵەمەند بوو
تاکو بە هەژارییەکەی دەوڵەمەند بن.[10]من بۆچوونی خۆم لەسەر ئەو بابەتانە دەردەبڕم. چونکە ئەمە قازانجی هەیە بۆ ئێوە، کە لە ساڵی
ڕابردووە دەستتان پێکردووە، نەک تەنها ئەنجامتان داوە، بەڵکو ئارەزووتان دەکرد کە ئەنجامی بدەن: [11]ئێستا کارەکە تەواو بکەن،
هەروەک چۆن، پێشتر ئامادە بوون و ئارەزووی ئەوەتان دەکرد، هەروەها دەبێت ئامادە بن چونکە بەوەی کە هەتانە کارەکە تەواو
دەکەن. [12]هەرکاتێک ئامادەییتان هەبێت، بەپێی ئەوەی مرۆڤ هەیەتی پەسەند دەکرێت کە پێبدرێت، نەک بەپێی ئەوەی کە نییەتی.[13]ئەمە
بەو ئامانجە نییە کە ئەوانی دیکە بحەسێنەوە و تۆش لە تەنگاندا بیت، بەڵکو لەسەر بنەمای یەکسانیە: [14]لە هەلومەرجی ئێستادا، زۆریی
ئێوە پێویستیی ئەوان دابین دەکات، بەجۆرێک کە لە داهاتوودا زۆریی ئەوانیش پێویستیی ئێوە دابین بکاتەوە، تاکو یەکسانی بەدی بێت،
[15]بەگوێرەی ئەوەی نوسراوە: «نە ئەوەی زۆری کۆکردووەتەوە زیادی کردووە و نە ئەوەی کەمی کۆکردووەتەوە کەمی کردووە».
[16]بەڵام، سوپاس بۆ خودا کە دڵگەرمییەکی وای خستە دڵی تیتۆسەوە بۆ ئێوە. [17]نەک تەنها لە ڕاستیدا وەڵامی داواکارییەکەی ئێمەی
دایەوە، تەنانەت بە دەستپێشخەری خۆی دێت بۆ لاتان چونکە زۆر دڵگەرمتر بوو.[18]ئەو برایەمان لەگەڵیدا نارد کە بە هۆی خزمەتکردنی
بە مزگێنیەکە لە نێو هەموو کڵێساکاندا ستایشی دەکەن. [19]نەک تەنها ئەوە، بەڵکو لەلایەن کڵێساکانەوە وەک هاوڕێی گەشتەکەمان
هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی ئەم دیارییە بگەیەنێت کە پێشکەشی دەکەین بۆ شکۆمەندکردنی پەروەردگارمان بۆ ئەوەی پیشانی بدەین کە ئێمە
گرنگی بە یەکتر دەدەین.[20]ئێمە زۆر حەز دەکەین کەس لۆمەمان نەکات سەبارەت بەم بەشدارییە گەورەیەی کە ئێمە ئەنجامی دەدەین.
[21]ئێمە حەزمان لە دەست پاکییە نەک تەنها لەبەردەم پەروەردگار، بەڵکو لەبەردەم خەڵکیشدا.[22]لەگەڵ ئەواندا برایەکمان نارد، کە لە
ڕێگەی ئەزموونەوە جار لە دوای جار بۆمان دەرکەوتووە، کە دڵگەرمی زۆری هەیە بۆ زۆرشت، ئێستا بەهۆی متمانەی زۆری بە ئێوە
دڵگەرمترە. [23]سەبارەت بە تیتۆس، ئەو هاوکار و یارمەتیدەرمە لە پێناو بەرژەوەندی ئێوە. سەبارەت بە دوو براکەی ترمان، ئەوان
نێردراوی کڵێساکان و شکۆمەندی مەسیحن. [24]لە بەردەم کڵێسادا بە بەڵگەی خۆشەویستیتان شانازیکردنمان بە ئێوەوە بیسەلمێنن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

Chapter 9

[1]چونکە پێویست ناکات لەسەریارمەتیدانی پیرۆزکراوان بۆتان بنووسم، [2]چونکە من تامەزرۆیی ئێوە بۆ یارمەتیدان دەزانم و شانازی بەوەوە دەکەم لای مەکەدۆنییەکان و پێیان دەڵێم: لە ساڵی ڕابردووەوە ئێوە لە ئەخایا ئامادەن بۆ بەخشین. و دڵ گەرمیتان پاڵنەر بووە بۆ زۆربەی برایان.[3]بەڵام برایان دەنێرم، بۆ ئەوەی شانازیکردنمان بۆ ئێوە لەم بابەتەدا نەگۆڕێت بۆ شانازییەکی بێهودە تاکو ئامادەبن هەروەک گوتم؛ [4]چونکە ئەگەرهەرمەکەدۆنییەک لەگەڵم بێت، و ئێوە ببینێت ئامادە نین، ئەوا ئێمە شەرمەزار دەبین بەو متمانە مەزنەی کە هەمانە. [5]بۆیە بە پێویستم زانی داوا لە برایان بکەم پێشوەختە سەردانتان بکەن وتا ئەو بەخشینە ئامادە بکەن کە پێشتر ڕاگەیەندرابوو، بۆ ئەوەی وەک بەخششێک ئامادە بێت نەک وەک ئەرکێکی قورس![6]کەواتە ڕاستە هەرکەسێک کەم بچێنێت، کەمیش دەدروێتەوە، هەرکەسێک بە بەرەکەتەوە بچێنێت، بە بەرەکەتیش دەدروێتەوە. [7]با هەر کەسێک ئەوەی لە دڵی خۆیدا مەبەستی بووە ببەخشێت، نە لە پەشیمانی و نە لە پێویستی، چونکە خودا ئەوانەی خۆش دەوێت کە بە خۆشحاڵییەوە دەبەخشن.[8]خودا توانای ئەوەی هەیە هەموو بەخششێکتان بۆ زیاد بکات، بۆ ئەوەی لە هەموو شتێک و لە هەموو کاتێکدا، ئەو شتانەتان هەبێت کە پێویستتانەو سەرڕێژ بن لە هەموو کارێکی باشدا؛ [9]بەپێی ئەوەی نووسراوە: «بە بەخشندەیی دابەش دەکەن، دەیدەن بە هەژاران، ڕاستودروستییەکەیان بۆ هەتاهەتایە بەردەوام دەبێ!»[10]ئەوەی تۆو بۆ چاندن، و نان بۆ خواردن دابین دەکات، تۆوەکەت بۆ دابین دەکات و زۆر دەکات و بەرهەمی ڕاستودروستیت زیاد دەکات: [11]لە هەموو شتێکدا دەوڵەمەند دەبیت بۆ هەموو بەخشندەییەکی خۆبەخشانە، کە لە ئەنجامدا سوپاسگوزاری خودای لێ دەکەوێتەوە.[12]ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خزمەتکردنی خودا بەم یارمەتییە نەک تەنها پێویستی پیرۆزکراوان دابین دەکات، بەڵکو وا دەکات کە زۆر کەس سوپاسی خودا بکەن. [13]کاتێک پیرۆزکراوان، ئەم خزمەتە ئەزموون دەکەن، خودا شکۆمەند دەکەن بۆ گوێڕایەڵی ئێوە لە شایەتی مزگێنی مەسیح و بۆ بەخشندەیی خۆبەخشانەتان لە بەشداریکردن لەگەڵیاندا بۆ ئەوان و بۆ هەمووان. [14]هەروەها نزاتان بۆ دەکەن، تامەزرۆی بینینی ئێوەن، بەهۆی ئەو بەخششەی خودا کە بە ئێوە دراوە. [15]سوپاس بۆ خودا بۆ ئەو بەخشینە بێبەرامبەرەی کە لە وەسف کردن بەرزترە!

Chapter 10

[1]بەڵام من بە نەرمی و نیانی و لێبوردەیی مەسیح بانگهێشتان دەکەم، من پۆڵسم،بە «بە بێفیزی» لە نێو ئێوەدا ئامادەم، ولە کاتێکدا لە ئێوە دوورم بەرامبەرتان «بوێرم »، [2]بەو هیوایەی کاتێک دێم، ڕەنگە پێویست نەکات ئەوەندە بوێر بم کە چاوەڕێی دەکەم بەرامبەر بە هەندێک کەس کە پێیان وایە ئێمە بە پێوەرەکانی ئەم جیهانە دەژین. [3] هەرچەندە ئێمە لە جەستەدا دەژین، بەڵام بەپێی جەستە ناجەنگین. [4]چونکە ئەو چەکانەی ئێمە شەڕیان پێدەکەین جەستەیی نین، بەڵکو لە خودادا هێزیان هەیە بۆ ڕووخاندنی قەڵاکان: بەوە بۆچوونەکان لەناو دەبەین[5]هەرشتێک بەرەنگاری زانینی خودا دەبێتەوە دەڕوخێت، و ئێمە هەموو بیرکردنەوەیەک بۆ گوێڕایەڵی مەسیح بە دیل دەگرین. [6] ئێمە ئامادەین بۆ سزادانی هەموو سەرپێچییەک، دوای ئەوەی ئێوە تەواو گوێڕایەڵ بوون.[7]ئایا بەپێی ڕواڵەتیان بڕیار لەسەر شتەکان دەدەن؟ ئەگەر کەسێک متمانەی بە خۆی هەیە کە هی مەسیحە، با لەناو خۆیدا بیر لەوە بکاتەوە کە وەک چۆن ئەو هی مەسیحە، هەروەها ئێمەش هی مەسیحین. [8] ئەگەر، کەمێک زۆر شانازی بە دەسەڵاتەکەمانەوە بکەم، کە پەروەردگار پێی بەخشیوین بۆ ئەوەی ئێوە بنیات بنێن و نەڕوخێنین، پێویست ناکات شەرم بکەم،[9]بۆ ئەوەی وا دەرنەکەوم کە بە نامەکان دەتانترسێنم. [10]چونکە هەندێک دەڵێن: «نامەکانی قورس و زۆر بەهێزن، بەڵام لە ڕووی کەسییەوە سەرنجڕاکێش نییە و قسەکردنی هیچ نییە».[11]با ئەو جۆرە کەسانە ئاگاداربن ئێمە لە نامەکانماندا کە دەینێرین چۆن دەردەکەوین کاتێکیش لە لاتان ئامادەین بەهەمان شێوەین. [12]چونکە ئێمە ناوێرین خۆمان پۆلێن بکەین، یان بەراورد بکەین، لەگەڵ ئەوانەی کە لەناو ئێوەدا ستایشی خۆیان دەکەن. چونکە ئەو کەسانە خۆیان بە خۆیان دەپێون، و خۆیان بە خۆیان بەراورد دەکەن، ئیتر هیچ تێناگەن![13]سەبارەت بە ئێمەش، شانازی بەو شتانەوە ناکەین کە سنوور تێدەپەڕێنێت، بەڵکو لە سنووری ئەو یاسایەدا یەکدەگرێتەوە کە خودا بۆی داناوین تاکو ئاستێک کە بگەینە ئێوەش. [14]چونکە ئێمە سنوورەکانمان تێناپەڕێنین وەک ئەوەی نەگەیشتینە ئێوە، چونکە بەڕاستی بە مزگێنی مەسیح گەیشتینە ئێوە؛[15]هەروەها ئێمە شانازی بە ماندوو بوونی کەسانی دیکەوە ناکەین. بەڵکو هیوادارین، لەگەڵ گەشەکردنی باوەڕتان، ئێمە بەپێی یاساکەمان لە نێوانتاندا پێشبکەوین، [16]بۆ ئەوەی بانگەشەی مزگێنیمان بدەینە ئەو ناوچانەش کە لە ئێوە دوورن، بۆ ئەوەی شانازی بەو شتانەوە نەکەین کە لە یاسای کەسێکی تردا بەدەست هاتووە.[17]بەڵام «ئەوەی شانازی دەکات، با شانازی بە پەروەردگار بکات!» [18]چاکەکارئەو کەسە نییە کە ستایشی خۆی دەکات، بەڵکو ئەو کەسەیە کە پەروەردگار ستایشی دەکات.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 11

[1]خۆزگە ئێوە لە راستیدا بەرگەی هەندێک گێلایەتی منتان دەگرت، لە ڕاستیشدا ئێوە بەرگەم دەگرن. [2]چونکە من بە ئیرەییەکی خوداییانە
ئیرەییتان پێ دەبەم، لە پیاوێک نیشانەم کردن کە مەسیحە، تا وەک پاکیزەیەک پێشکەشتان بکەم.[3]بەڵام دەترسم کە ئەقڵتان لە
دڵسۆزی و پاکی بەرامبەر مەسیح بەلاڕێدا بڕوات هەروەک چۆن مار بە فێڵبازییەکەی حەوای فریودا. [4]جا ئەگەر هەرکەسێک بێتە لاتان
بانگەشەی یەشوایەکی تر بکات کە ئێمە بانگەشەمان بۆ نەکردووە، یان گیانێکی تر وەربگرن جیاواز لەوەی وەرتانگرتووە، یان مزگێنێک
پەسەند بکەن جیاواز لەوەی پەسەندتان کردووە، ئەوا بە هەموو خۆشییەکەوە وەری دەگرن.[5]لە هیچ شتێکدا خۆم لە نێردراوە باڵاکان بە
کەمتر دانانێم. [6]هەرچەندە بە زمانی خەڵکی ئاسایی قسە دەکەم کە ڕەوان نییە، بەڵام زانیاریم کەم نییە. ئێمە تەنها لە هەموو شتێکدا بە
ئامادەبوونی هەمووان ئەمەمان بۆ ئێوە ئاشکرا کردووە.[7]کەواتە ئایا تاوانی منە کە بەبێ هیچ پاداشتێک مزگێنیەکەم پێ ڕاگەیاندوون، بەم
شێوە ڕێزی خۆمم کەم کردەوە بۆ ئەوەی ئێوە ڕێزدار بن؟ [8]من بە وەرگرتنی بەخشین لە کڵێساکانی تر ستەمم کرد تا بتوانم خزمەتتان
بکەم. [9]کاتێک لەگەڵ ئێوە بووم و پێویستیم هەبوو، بۆ هیچتان نەبوومە بارگرانی. پێویستیەکانی من لەلایان ئەو برایانە کە لە هەرێم
مەکەدۆنیا هاتبوون دابینکرا. من خۆمم پاراستووە، خۆشم دەپارێزم، لەوەی لە هەر شتێکدا کە ببێتە بارگرانی بۆ ئێوە.[10]تا ئەو کاتەی
ڕاستی مەسیح لە مندایە، کەس لە ناوچەکانی ئەخایا ئەم شانازییەم لێ وەرناگرێت! [11]بۆچی؟ ئایا چونکە ئێوەم خۆشناوێت؟ خودا
دەزانێت![12]بەڵام، ئەوەی ئەنجامی دەدەم و دەیکەم بۆ ئەوەی هەلی هەلپەرستان ببڕم بکەم کە شانازی دەکەن وبەدوای هەلێکدا
دەگەڕێن وا پیشان بدەن وەک ئێمەن. [13]ئەم جۆرە کەسانە نێردراوانی درۆزن، و کرێکاری فێڵبازن، کە خۆیان وەک نێردراوی مەسیح
نیشان دەدەن.[14]سەیر نییە! شەیتان خۆی وەک فریشتەی ڕووناکی ئاشکرا دەکات. [15]کەواتە شتێکی سەیر نییە ئەگەر خزمەتکارانی خۆی
لە شێوەی خزمەتکاری ڕاستودروستی دەربخات. سزاکەیان بەپێی کردەوەکانیان دەبێت.[16]دیسان دەیڵێمەوە: با کەس وا بیر نەکاتەوە
کە من گێلم، ئەگەر گەمژەش بم پەسەندم بکەن، بۆ ئەوەی منیش کەمێک شانازی بکەم! [17]ئەوەی لێرەدا باسی دەکەم، بەپێی
پەروەردگار قسە ناکەم، بەڵکو وەک لە گێلایەتییەوە بێت، و ئەم متمانەیەم هەیە کە وا دەکات شانازی بکەم: [18]بەو پێیەی زۆر کەس
شانازی بەو شتانەوە دەکەن کە لەگەڵ جەستەدا گونجاوە، منیش شانازی دەکەم.[19]لەبەر ئەوەی خۆتان ئەوەندە ژیرن، بە خۆشحاڵییەوە
بەرگەی گەمژەکان دەگرن! [20]چونکە بەرگەی هەموو ئەوانە دەگرن، کە دەتانکەنە کۆیلە، و دڕندە، و بەکارتان دەهێنن، خۆیان بەگەورە
دائەنێن بەرامبەر بە ئێوە، و لێتان دەدەن. [21]چ سووکایەتییەکە! چەند لاواز بووین لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئێوە! بەڵام، کە گەمژانە قسە
دەکەم، هەرچییەک ئەوان دەوێرن بیکەن، منیش دەوێرم.[22]ئەگەر ئەوان عیبرانی بن، منیش هەروا. یان یەسرائیلی بن، منیش هەروا؛
یان لە نەوەی ئەڤراهام بن؛ منیش هەروەها! [23]ئەگەر ئەوان خزمەتکاری مەسیح بن، وەک ئەوەی ژیرمەندیم لەدەستدا بێت کاتێ قسە
دەکەم، چونکە من لەوان باڵاترم: زۆرترین زەحمەتم کێشاوە، لە ڕادەبەدەر دارکاری کراوم، لەوان زیاتر لە زینداندا بووم، زۆر جاریش
ڕووبەڕووی مردن بوومەتەوە.[24]یەهودییەکان بە قامچی پێنج جار لێیان داوم، هەر جارێک بە بێ کەمکردنەوە چل قامچیان لێداوم. [25]سێ
جار بە دار لێمدراوە. جارێک بەردباران کراوم. سێ جار لە کەشتیدا نوقم بووم. شەو و ڕۆژێکم لە قووڵایی دەریادا بەسەر برد. [26]بەهۆی
زۆر گەشتکردنمەوە؛ ڕووبەڕووی مەترسی لافاو، و چەتە و، مەترسی لەلایەن گەلی خۆم و بتپەرەستان و مەترسی ناو شارەکان، و
بیابان، ودەریا، و مەترسی برا درۆزنەکان بوومەوە.[27]چەند ماندوو بووم ئازارم چەشت و بە زەحمەت کێشان و شەونخونی زۆر، و
برسێتی و توونیەتی و بە ڕۆژووگرتنی زۆر، و سەرما و ڕووتی. [28]جگە لەو مەترسییە دەرەکیانە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فشارەکان لەسەرم
زیاتر دەبن، بەو شێوە بارگرانی هەموو کڵێساکان لەسەرمە. [29]ئایا کەسێک هەیە لاواز بێت و من لەگەڵی لاواز نەبم، وە کەسێک هەیە کە
کۆستی کەوتبێ و من بۆی نەسوتابم؟[30]ئەگەر شانازیکردن پێویست بوو، شانازی بەو شتانەوە دەکەم کە لاوازیم دەردەخەن. [31]خودا و
باوکی یەشوای پەروەردگار، پیرۆزە بۆ هەتاهەتایە، دەزانێت کە من درۆ ناکەم.[32]ئەو حاکمەی کە لەلایەن پاشا ئارێتاسەوە بۆ پارێزگاری
دیمەشق دەستنیشانکرابوو، پاسەوانی شاری دیمەشقی توندتر کرد، ویستی دەستگیرم بکات. [33]بەڵام لە لەناو سەبەتەیەکەوە لە
پەنجەرەی شووراکە منیان شۆڕکردەوە، بۆیە لە دەستی دەرباز بووم.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 12

[1]بەڵێ، شانازیکردن هیچ سوودێکی بۆ من نییە؛ بەڵام ڕوو دەکەمە ئەو شتانەی کە پەروەردگار لە ڕووی بینین و ڕاگەیاندنەکانەوە بۆی
ئاشکرا کردووم. [2]من پیاوێک لە مەسیحدا دەناسم کە چواردە ساڵ لەمەوبەر بەرەو ئاسمانی سێیەم بردرا: ئایا لە ڕێگەی جەستەیەوە
بوو؟ نازانم؛ یان جگە لە جەستە بوو؟ نازانم. خودا دەزانێت![3]دەزانم ئەو مرۆڤە، بە جەستەی خۆیەوە بوو یان بەبێ جەستەی خۆی؟
نازانم؛ خودا دەزانێت؛ [4]ئەو بۆ بەهەشت بردرا، لەوێ گوێی لە بابەتی سەرسوڕهێنەر بوو کە دەرناپڕدرێت و هیچ مرۆڤێک مافی ئەوەی
نییە باسی بکات. [5]لەمەدا شانازی دەکەم! بەڵام شانازی بەو شتانەوە ناکەم کە بە شێوەیەکی تایبەت پەیوەندی بە منەوە هەیە مەگەر
شانازی بە شتانێکەوە بکەم کە پەیوەندی بە لاوازی منەوە هەیە.[6]ئەگەر بمەوێت شانازی بکەم، گێل نابم، چونکە ڕاستی دەڵێم. بەڵام
خۆم دەپارێزم، نەوەک یەکێک زیاتر لەوەی لێم دەبینن و لێم دەبیستن گومان بکات. [7]بۆ ئەوەی لەبەر گەورەیی ئەم ڕاگەیاندنانە
خۆبەزلزان نەبم، دڕکێک لە جەستمدا پێدرا وەک ئەوەی لەلایەن شەیتانەوە نێردرابێت تاکو ئازارم بدات، تاکو لووتبەرز نەبم![8]هەر لەبەر
ئەم هۆکارە سێ جار لە پەروەردگارم پاڕامەوە کە لە کۆڵم بکاتەوە [9]پاشان پێی فەرمووم: «بەخششی من بەسە بۆ تۆ، چونکە هێزی
من لە لاوازیدا تەواو دەبێت!» من ڕازیم بە خۆشحاڵییەوە شانازی بەو خاڵە لاوازانە دەکەم کە لە مندایە، بۆ ئەوەی بە هێزی مەسیح
داپۆشراو بم. [10]بۆیە لە پێناوی مەسیحدا، بە لاوازی و سووکایەتی و ناخۆشی و چەوسانەوە و تەنگانە دڵخۆش دەبم، چونکە هەر کاتێک
لاوازبم، ئەوا بەهێزم![11]لێرەدا بوومەتە گێل! بەڵام، ئێوە ناچارتان کردم! دەبووایە ئێوە ستایشتان بکردمایە، چونکە من لە هیچ شتێکم لە
نێردراوە باڵاکان کەمتر نییە، تەنانەت ئەگەر هیچیش نەبم. [12]ئەو نیشانانەی کە نێردراوان جیا دەکەنەوە، بەوپەڕی دانبەخۆداگرتنەوە لە
نێوانتاندا ئەنجام درا، بە نیشانە و کاری مەزن و پەرجوو. [13]لە چ ڕوویەکەوە لە کڵێساکانی تر بچووکترن جگە لەوەش کە من
بارگرانییەکی قورس نەبووم بەسەرتانەوە؟ لەم هەڵەیەم خۆشبن![14]ئێستا ئامادەم بۆ جاری سێیەم بێم بۆ لاتان، نابمە بارێکی قورس
لەسەرتان. چونکە ئەوەی من بەدوایدا دەگەڕێم ئەوە نییە کە لای ئێوەیە بەڵکو ئەوە ئێوەن: چونکە ئەرکی منداڵەکان نییە کە بژێوی
دایک و باوکیان دابین بکەن، بەڵکو دایک و باوک دەبێت بژێوی منداڵەکانیان دابین بکەن. [15]منیش بەوپەڕی شادییەوە، ئەوەی هەمە
خەرجی دەکەم، خۆشم دادەنێم بۆ ئێوە، هەرچەندە تا زیاتر خۆشم بوێن، خۆشەویستی کەمتر وەردەگرم.[16]بەڵام، با وا بێت. (ئێوە
دەڵێن) من خۆم نەبوومە بارگرانی بە سەرتانەوە، بەڵکو فریودەر بووم وبە فێڵ لێم سەندوون. [17]ئایا هیچم دەستکەوتووە لەو کەسانەی
کە من بۆ لای ئێوەم ناردوون؟ [18]داوام لە تیتۆس کرد بێتە لاتان، ئەو برایەشم لەگەڵ نارد، ئایا تیتۆس بەهۆی ئێوەوە هیچی دەستکەوت؟
ئایا ئێمە لەگەڵ ئێوە، من و تیتۆس، بە هەمان گیان و هەمان هەنگاو مامەڵەمان نەکرد؟[19]ئێستاش ئێوە وا بیر دەکەنەوە کە ئێمە بەرگری
لە خۆمان دەکەین لە لای ئێوە! بەڵام ئێمە لەبەردەم خودادا لە مەسیحدا قسە دەکەین. خۆشەویستانم هەموو ئەمانە، بۆ بنیاتنانی
ئێوەیە.[20]چونکە دەترسم کاتێک دێم بۆ لاتان بەو جۆرە نەتانبینم کە دەمەوێت و ئێوەش بەو جۆرەی کە دەتانەوێت نەمبینن! واتە کاتێک
کە ناکۆکی و ئیرەیی و ڕق و کینە و بوختان و قسە هێنان و بردن و خۆبەزلزانین و سەرلێشێواوی لە نێوانتاندا زۆر بێت. [21]دەترسم
کاتێک جارێکی تر دێمەوە لاتان، خودا من لەنێوانتان بێ بایەخ بکاتەوە و خەم و پەژارەم زۆر بێت بە هۆی زۆرێک لەوانەی کە پێشتر
گوناهیان کردووە و پاشگەز نەبوونەتەوە بۆ ئەوگڵاوی و داوێنپیسی و بەد ڕەوشتییە کە کردوویانە!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 13

[1]ئەمە سێیەم جارە کە دێم بۆ لاتان. بە شایەتی دوو یان سێ شایەتحاڵ هەموو بابەتێک دەسەلمێنرێت. [2]پێشتریش ڕامگەیاندووە،
لێرەشدا پێشوەختە دەیڵێم لە کاتێکدا کە ئامادە نەبووم، هەروەک چۆن وەک دووەم جار ئامادەبووم لەلاتان گوتم، بۆ ئەوانەی لە
ڕابردوودا گوناهیان کردووە و بۆ هەموو ئەوانەی دیکەش: کە دەگەڕێمەوە بۆ لای ئێوە بەزەییم نابێت،[3]تا ئەو کاتەی داوای بەڵگە دەکەن
کە مەسیح لە ڕێگەی منەوە دەدوێت. بەرامبەر ئێوە لاواز نییە، بەڵکو لە نێوانتاندا بەهێزە. [4]هەرچەندە لە لاوازیدا لە خاچ درا، بەڵام ئێستا
بە هێزی خودا زیندووە. ئێمەش تێیدا لاوازین، بەڵام، بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێوە، بە هێزی خودا لەگەڵیدا زیندوو دەبین.[5]بۆیە خۆتان
بپشکنن بۆ ئەوەی بزانن ئایا باوەڕ دارن یان نا. خۆتان تاقی بکەنەوە. ئایا نازانن کە یەشوای مەسیح لە ئێوەدایە، جگە لەوە بیسەلمێنن
کە شکست خواردوون؟ [6]بەڵام هیوادارم بۆتان ڕوون بێتەوە کە ئێمە شکست خواردوو نین.[7]ئینجا لە خودا دەپاڕێینەوە کە هیچ خراپەیەک
نەکەن، نەک بۆ ئەوەی بزانرێت ئێمە چاکەمان هەیە، بەڵکو بۆ ئەوەی ئێوە ئەوەی ڕاستە بیکەن، تەنانەت ئەگەر ئێمەش وەک دۆڕاو
بین. [8]چونکە ئێمە ناتوانین هیچ شتێک لە دژی ڕاستی بکەین، بەڵکو لە پێناوی ڕاستیدا.[9]ئێمە چۆن دڵخۆش نەبین کاتێک ئێمە لاوازین و
ئێوەش بەهێزن؛ تەنانەت نزاکانمان بۆ کامڵ بوونی ئێوەیە! [10]هەر لەبەر ئەمەشە کە من ئەم شتانە دەنووسم کاتێک لەلاتان نیم، بۆ
ئەوەی کاتێک دێم پێویست نەکات توند بم لە بەکارهێنانی دەسەڵاتم، ئەوەی پەروەردگار پێی بەخشیم بۆ بنیاتنانی ئێوە نەک بۆ
ڕووخاندنی ئێوە.[11]لە کۆتاییدا، ئەی برایان: دڵشاد بن؛ تەواو بن؛ دڵگەرم بن؛ لە بۆچووندا هاوڕا بن؛ بە ئاشتی بژین. ئەوسا خودای
خۆشەویستی و ئاشتی لەگەڵتان دەبێت! [12]بە ماچێکی پاک سڵاو لە یەکتر بکەن.[13]هەموو پیرۆزکراوان با ئاشتیتان بۆ بێت. [14]بەخششی
پەروەردگارمان یەشوای مەسیح، و خۆشەویستی خودا و هاوبەشی گیانی پیرۆز لەگەڵ هەمووتان بێت. ئامین!

# Galatians

## Chapter 1

[1]لە پۆڵسەوە، ئەوەی نێردراوە، نە لەلایەن خەڵکەوە نە بە دەسەڵاتی مرۆڤ، بەڵکو بە دەسەڵاتی یەشوای مەسیح و خودای باوک کە لە
ناو مردووان هەڵیستاندەوە. [2]لە هەموو ئەو برایانەوە کە لەگەڵمن، بۆ کڵێساکانی هەرێمی گەلاتیا.[3]بەخشش و ئاشتیتان بۆ بێت لەلایەن
خودای باوکمان و پەروەردگارمان یەشوای مەسیحەوە. [4]کە لە پێناو گوناهەکانمان خۆی بەخشی بۆ ئەوەی لەم جیهانە خراپەی ئێستا
ڕزگارمان بکات، بەپێی ویستی خودا و باوکمان. [5]شکۆمەندی بۆ ئەو بێت هەمیشە و هەتا هەتایە. ئامین![6]سەرسامم! چۆن وا خێرا لەو
کەسە هەڵدەگەڕێنەوە کە بە بەخششی مەسیح بانگ کراون، وە ڕوو لە مزگێنی نامۆ دەکەن؟ [7]مەبەستم ئەوە نییە کە مزگێنییەکی تر
هەبێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە هەندێک هەن کە سەرلێشێواوی لە نێوانتاندا دروست دەکەن،دەیانەوێت مزگێنییەکەی مەسیح
بشێوێنن.[8]بەڵام، ئەگەر ئێمە یا لە فریشتەیەک لە ئاسمانەوە، مزگێنییەکی تری پێدان جگە لەو مزگێنییەی کە ئێمە پێماندان، با نەفرەتی
لێ بێت! [9]وەک چۆن پێشتر گوتمان، ئێستا دووبارەی دەکەمەوە: ئەگەر کەسێک مزگێنییەکی دیکەتان پێ ڕابگەیێنێت جگە لەوەی کە
وەرتانگرتووە، با نەفرەتی لێ بێت! [10]ئایا ئێستا بەدوای بەدەستهێنانی پشتیوانی خەڵکدا دەگەڕێم یان خودا؟ یان دەمبینن داوای
ڕەزامەندی خەڵک بکەم؟ ئەگەر هەتا ئێستا خەریکی بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵک بوومایە نەدەبوومە خزمەتکاری مەسیح!
[11]ئاگادارتان دەکەمەوە، برایان، کە ئەو مزگێنییەی کە پێم ڕاگەیاندوون مزگێنی مرۆڤ نییە. [12]لە هیچ مرۆڤێک وەرم نەگرتوە، و فێریان
نەکردووم، بەڵکو بە سرۆش لە یەشوای مەسیحەوە بۆم هاتووە.[13]چونکە بیستووتانە ژیانی ڕابردووم لە ئایینی یەهودیدا چۆن بووە، کە
چۆن کڵێسای خودام بە خراپترین شێوە چەوساندۆتەوە، و بەدوای لەناوبردنی دەگرام، [14]چۆن من لە ئایینی یەهودیدا لە زۆرێک لە
نەوەی نەتەوەکەمدا باڵاتر بووم چونکە من زیاتر لەوان بە پەرۆش بووم بۆ نەریتی باوباپیرانم.[15]بەڵام، خودا دڵخۆش بوو، کاتێک کە لە
سکی دایکمدا بووم تەرخانی کردم و دواتر بە بەخششی خۆی بانگی کردم، [16]بۆ ئەوەی ڕۆڵەکەی لە مندا ڕابگەیەنێت و لە نێو
نەتەوەکاندا بانگەشەی بۆ بکەم، لە هەمان کاتدا ڕاوێژم بە گۆشت و خوێن نەکرد، [17]هەروەها نەچوومە یۆرشەلایم بۆ ئەوەی چاوم بەو
کەسانە بکەوێت کە پێش من نێردرا بوون، بەڵکو بەرەو عەرەبستان بەڕێکەوتم، و دوای ئەوە گەڕامەوە دیمەشق.[18]پاشان دوای سێ
ساڵ، چوومە یۆرشەلایم بۆ ئەوەی چاوم بە پەترۆ بکەوێت. پانزە ڕۆژ لەگەڵی مامەوە. [19]بەڵام جگە لە یاکۆڤ برای پەروەردگار،هیچ
نێردراوێکی ترم نەبینی. [20]ئەوەی لێرە بۆتان دەنووسم، وە لێرەش لەبەردەم خودا، درۆی تێدا ناکەم.[21]وە دوای ئەوە، هاتمە وڵاتی سوریا
و کیلیکیا. [22]بەڵام من بە شێوەیەکی کەسی نەناسرابووم لە کڵێساکانی یەهودیا کە لە مەسیحدان. [23]بەڵام ئەوان تەنها دەیان بیست «ئەو
کەسەی پێشتر دەیچەوساندینەوە، ئێستا بانگەشەی مزگێنی باوەڕدەکات کە پێشتر هەوڵی لەناوبردنی دەدا!» [24]ئەوانیش بەهۆی منەوە
خودایان شکۆمەند کرد.



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

[1]ئینجا دوای چواردە ساڵ، لەگەڵ بەرنابا بەرەو یۆرشەلایم سەرکەوتین، تیتۆسیشم لەگەڵ خۆم برد. [2]بەڵام لە وەڵامی سروشدا سەرکەوتم بۆی؛ ئەم مزگێنییەم لەبەردەمیاندا ڕاگەیاند کە لە نێو نەتەوەکاندا بانگەشەم بۆ دەکرد، بە تایبەتی لەبەردەم ئەوانەی ناوبانگیان هەبوو، بۆ ئەوەی هەوڵەکانم لە ئێستا و ڕابردوودا بێ هوودە نەبێت.[3]بەڵام، تەنانەت تیتۆسی یاوەرم کە یۆنانی بوو، ناچاریان نەکرد خەتەنە بکرێت. [4]بابەتەکە بەهۆی ئەو برا درۆزنانەوە سەریهەڵدا کە بە نهێنی هاتبوونە نێومان، بۆ ئەوەی سیخوڕی بەسەر ئەو ئازادییەوە بکەن کە لە یەشوای مەسیحدا هەمانە، بۆ ئەوەی بمانگەڕێننەوە بۆ کۆیلایەتی؛ [5]بەڵام ئێمە ملکەچیان نەبووین خۆمان ڕادەستیان نەکرد و تەنانەت بۆ یەک کاتژمێریش، بۆ ئەوەی ڕاستی مزگێنیەکە لەلای ئێوە بەچەسپاوی بمێنێتەوە.[6]سەبارەت بەوانەی کە بە ناوبانگ بوون، بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە هەر پێگەیەکیان هەبێت تا ئەوکاتەی خودا گرینگی بە شکۆمەندی کەسێک دەدات، چونکە ئەوان هیچیان بۆ ئەو شتانە زیاد نەکرد کە من بانگەشەی بۆ دەکەم. [7]بە پێچەوانە، بینیان پەیمانی مزگێنی بۆ خەتەنەنەکراوەکان بە من سپێردراوە، هەروەک چۆن خەتەنەکراوەکان بە پەترۆ سپێردرا. [8]چونکە ئەو کەسەی لە نێردراوەکانی خۆیدا پەترۆی بەکارهێنا بۆ خەتەنەکراوەکان، منیشی بەکارهێنا بۆ پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکان.[9]کاتێک ئەو بەخششەی کە پێم دراوە بۆ یاکۆڤ و پەترۆ و یۆحەنا ڕوون بۆوە کە وەک کۆڵەکەیەک دیاربوون، دەستی ڕاستیان بۆ من و بەرنابا درێژ کرد وەک نیشانەی بەشداریکردن، بۆ ئەوەی ئێمە ڕوو لە نەتەوەکان بکەین و ئەوانیش خەتەنەکراوان. [10]بە مەرجێک بابەتی هەژاران فەرامۆش نەکەین، کە منیش هەمیشە بۆ ئەو کارە کۆششم کردووە.[11]بەڵام کاتێک پەترۆ هاتە شاری ئەنتاکیە، ڕووبەڕوو بەرەنگاری بوومەوە، چونکە شایەنی لۆمەکردن بوو، [12]چونکە پێش ئەوەی هەندێکیان لای یاکۆڤەوە بێن، پەترۆ لەگەڵ برا نەتەوەکان نانیان دەخوارد؛ بەڵام هەر کە هاتن؛ کشایەوە و خۆی دابڕی، لە ترسی خەڵکی خەتەنەکراو.[13]باقی برا یەهودیەکانیش لە دوو ڕوویەکەیدا هاوبەش بوون. تەنانەت بەرناباش چووە پاڵ دووڕوویی ئەوان. [14]کاتێک بینیم کە ئەوان بەپێی ڕاستی مزگێنیەکە ڕەفتار ناکەن، لەبەردەم هەموویان بە پەترۆم گوت: «ئەگەر تۆ کە یەهودیت وەک نەتەوەکان بژیت و وەک یەهودی نەبیت، چۆن دەتوانیت نەتەوەکان ناچار بکەی وەک یەهودیەکان بژین؟»[15]ئێمە بە یەهودی لەدایکبووین، نەک نەتەوەی گوناهبار. [16]بەڵام ئێمە دەزانین مرۆڤ بەگوێرەی ئەو کارانەی کە تەورات لێی داوا دەکات بێ تاوان نابێت، بەڵکو تەنها بە باوەڕ بە یەشوای مەسیح، هەروەها ئێمەش باوەڕمان بە یەشوای مەسیح هەیە، بێتاوان کراین لە سەر بنەمای باوەڕمان بەو، نەک لە سەربنەمای کارکردن بە تەورات، لە بەر ئەوەی کارکردن بە تەورات هیچ کەسێک بێتاوان ناکات.[17]بەڵام، کاتێک هەوڵمان دەدا لە مەسیحدا بێتاوان بین، خۆمان لە نێو گوناهباراندا ببینینەوە، ئایا مەسیح دەبێتە خزمەتکاری گوناهە؟ دووربێت لەوا! [18]ئەگەر ئەوەی کە ڕووخاندومە دووبارە بنیاتی بنێمەوە، ئەوە خۆم دەکەمە سەرپێچیکار. [19]چونکە لە ڕێگەی تەورات بۆ تەورات مردم، بۆ ئەوەی بۆ خودا بژیم.[20]من لەگەڵ مەسیح لە خاچ درام، ئیتر ئەوە من نیم کە دەژیم بەڵکو مەسیحە کە لە مندا دەژی. سەبارەت بەو ژیانەی کە ئێستا لە جەستەدا دەژیم، بە باوەڕ بە ڕۆڵەی خودا دەژیم، کە منی خۆشویست و خۆی لە پێناومدا بەخشی. [21]من کاریگەری بەخششی خودا پووچەڵ ناکەمەوە، چونکە ئەگەر ڕاستودروستی لە تەوراتدا بووایە، ئەوا مردنی مەسیح کارێکی بێهودە دەبوو.

# Chapter 3

[1] ئەی گەلاتییە گێلەکان! کێ جادووی لە بیرکردنەوەتان کردووە، کە لە پێش چاوتان وێنەی یەشوای مەسیح بە لە خاچ دراوی کێشرا؟
[2]تەنها دەمەوێت ئەوەتان لێ فێر بم: ئایا گیانەکەتان وەرگرتووە، لەسەر بنەمای کارکردن بەپێی تەورات یان لەسەر بنەمای باوەڕبوون
بە مزگێنییەکە؟ [3]ئایا ئێوە ئەوەندە گێلن؟ پاش ئەوەی کە بە گیانەکە دەستتان پێکرد دەتانەوێ بە جەستە کامڵی بکەن؟[4]ئایا تاقیکردنەوە
درێژخایەنتان بێهوودە بوو، ئەگەر بەڕاستی بێهوودە بوو؟ [5]ئەوەی کە گیانتان پێدەبەخشێت، لە نێوانتاندا پەرجوو ئەنجام دەدات، ئایا
لەسەر بنەمای کارەکانی تەورات ئەمە دەکات یان لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە مزگێنییەکە؟[6]بەم شێوەیە «ئەڤراهام باوەڕی بە خودا
هێنا، بە ڕاستودروستی بۆی هەژمار کرا». [7]کەواتە بزانە ئەوانەی کە بنەمای باوەڕ پەیڕەو دەکەن بەڕاستی نەوەی ئەڤراهامن. [8]پاشان
پەرتووکەکە، دوای ئەوەی پێشبینی ئەوەی کردبوو کە خودا لەسەر بنەمای باوەڕ نەتەوەکان بێتاوان دەکات، پێشوەختە مزگێنیدا بە
ئەڤراهام و فەرمووی: «لە تۆدا هەموو گەلان بەرەکەتدار دەبن!» [9]جا ئەوانەی لەسەر بنەمای باوەڕن لەگەڵ ئەڤراهامی باوەڕدار
بەرەکەتیان پێدەدرێت.[10]سەبارەت بە هەموو ئەوانەی کە بنەمای کارەکانی تەورات پەیڕەو دەکەن، ئەوان لە ژێر نەفرەتدان، چونکە
نووسراوە: «نەفرەت لە هەر کەسێک کە چەسپاو نەبێت لە هەموو ئەو شتانەی کە لە تەوراتدا نووسراون!» [11]سەبارەت بەوەی کە هیچ
کەسێک لەبەردەم خودا بەهۆی تەورات بێتاوان ناکرێت، ئەوە ڕوونە، چونکە «هەرکەسێک بە باوەڕ بێتاوان بکرێت، بە باوەڕ دەژی».
[12]بەڵام تەورات بنەمای باوەڕ لەبەر چاو ناگرێت، بەڵکوو «هەرکەسێک ئەم ڕاسپاردەیە جێبەجێ بکات، بەوە دەژی».[13]مەسیح لە ڕێگەی
خۆبەخت کردنی ڕزگاری کردین لە نەفرەتی تەورات، لەبری ئێمە بوو بە نەفرەت لێکراو، هەر وەک کە نووسراوە: « هەر کەسێک
لەسەر دار هەڵواسرابێت نەفرەت لێکراوە»، [14]بۆ ئەوەی بەخششی ئەڤراهام بگاتە نەتەوەکان لە مەسیحی یەشوادا، بۆ ئەوەی گیانی
بەڵێندراو وەربگرین لە ڕێگەی باوەڕەوە.[15]ئەی برایان، بە بۆچوونی مرۆڤانە دەڵێم تەنانەت پەیمانێک کە تەنها مرۆڤێک پەسەندی
کردبێت، کەس ناتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە یان شتێکی بۆ زیاد بکات. [16]بەڵێنەکان ئاراستەی ئەڤراهام و نەوەکانی بوون، ئەو ناڵێت «بۆ
نەوەکان» وەک ئەوەی ئاماژە بە زۆرێک بکات، بەڵکو ئاماژە بۆ یەکێک دەکات، کاتێک دەڵێت«بۆ نەوەی تۆ»، واتە مەسیح.[17]کەواتە
ئەوەی من دەیڵێم ئەمەیە: پەیمانێک کە خودا پێشتر پەسەندی کردبوو، بەو یاسایەی کە چوار سەد و سی ساڵ دوای ئەوە هات
هەڵدەوەشێتەوە، وەک ئەوەی بەڵێنەکە هەڵبوەشێتەوە. [18]ئەگەر میراتەکە لەسەر بنەمای تەورات بووایە، ئەوا بابەتەکە پەیوەندی بە
بەڵێنەکەوە نەدەبوو. بەڵام خودا، بە بەڵێن، میراتێکی بە ئەڤراهام بەخشی.[19]کەواتە بۆچی تەورات؟ تەنها بۆ پیشاندانی سەرپێچیەکان
زیادکرا، تا هاتنی ئەو «نەوە»یە کە بەڵێنەکەی پێدرابوو، و لە ڕێگەی فریشتەکانەوە دراوە و بە ناوبژیوانێک سپێردراوە. [20]بەڵام کاتێک
بەڵێنەکە بە شێوەیەکی تاک لایەنە دەدرێت، پێویست ناکات نێوەندگیری هەبێت. ئەوەی لێرە بەڵێن دەدات تەنها خودایە.[21]ئایا تەورات
پێچەوانەی بەڵێنەکانی خودایە؟ نەخێر! ئەگەر یاسایەک هەبووایە کە توانای ژیان بەخشینی هەبێت، لە ڕاستیدا ڕاستودروستی لەسەر
بنەمای تەورات دەبوو. [22]بەڵام پەرتووکەکە هەمووانی لە گوناهەدا زیندانی کرد، بەجۆرێک کە بەڵێنەکە، لەسەر بناغەی باوەڕبوون بە
یەشوای مەسیح ، بەو کەسانە درا کە باوەڕ دەهێنن.[23]پێش هاتنی باوەڕ، ئێمە لە ژێر چاودێری تەوراتدا بووین، بەندکرابووین بۆ ئەو
باوەڕەی کە چاوەڕێی ڕاگەیاندنی دەکرا. [24]بۆیە تەورات تا هاتنی مەسیح، تەمبێکاربوو بۆ ئەوەی لە سەر بناغەی باوەڕ بێتاوان بکرێین.
[25]بەڵام دوای هاتنی باوەڕ لە دەسەڵاتی تەمبێکار ڕزگارمان بوو. [26]چونکە هەمووتان ڕۆڵەی خودان بە باوەڕبوون بە یەشوای مەسیح.
[27]چونکە، هەمووتان لە مەسیحدا لە ئاوهەڵکێشران، مەسیحتان لەبەر کردووە. [28]ئیتر جیاوازی لە نێوان یەهوودی و یۆنانی، یان کۆیلە و
ئازاد، یان نێر و مێدا نیە، چونکە هەمووتان یەکن لە یەشوای مەسیحدا. [29]ئەگەر ئێوە هی مەسیح بن، ئەوا ئێوە نەوە و میراتگری
ئەڤراهامن بەپێی بەڵێنەکە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 4

[1]هەروەها دەڵێم تا میراتگر منداڵێکی کەم تەمەن بێت، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو و کۆیلەدا نیە، هەرچەندە خاوەنی تەواوی
میراتەکەیە، [2]بەڵکو بە ملکەچی سەرپەرشتیار و نوێنەرەکانی دەمێنێتەوە تا ئەو ماوەیەی کە باوکی دیاری کردووە.[3]ئەمەش بارودۆخی
ئێمەیە: کاتێک منداڵ بووین، ئێمە کۆیلەی بنەماکانی جیهان بووین. [4]بەڵام کاتێک کاتەکە تەواو بوو، خودا ڕۆڵەکەی نارد کە لە ژنێک
لەدایک بوو کە ملکەچی تەورات بوو، [5]بۆ ئەوەی بە خۆبەخشین ئەوانە ئازاد بکات کە ملکەچی تەورات بوون، تاکو هەموویان ببنە ڕۆڵەی
خودا.[6]لەبەر ئەوەی ئێوە ڕۆڵەی ئەون، خودا گیانی ڕۆڵەکەی ناردۆتە ناو دڵمانەوە، بۆیە بانگی دەکرد: « باوکە، ئەی باوکمان». [7]کەواتە،
تۆ چیتر کۆیلە نیت، بەڵکو ڕۆڵەیت. ئەگەر ڕۆڵە بیت، خودا تۆی کردۆتە میراتگر.[8]بەڵام، بەو پێیەی لەو کاتەدا خوداتان نەدەناسی، لە
دۆخی کۆیلایەتیدا بوون. [9]بەڵام ئێستا کە خودا دەناسن، یان باشتر بڵێین خودا دەتناسێت، چۆن دەگەڕێنەوە سەر ئەو بنەما هەژار و
داپڕاوە کە ئارەزوو دەکات سەرلەونوێ بتانکاتەوە بە کۆیلە؟[10]تۆ ئاهەنگ دەگێڕیت بۆ ڕۆژ و مانگ و وەرز و ساڵ! [11]دەترسم هەوڵ و
ماندوبوونم لە پێناوتاندا بێهوودە بووبێت.[12]برایان، ئامۆژگاریتان دەکەم کە وەک من بن، چونکە منیش وەک ئێوەم. لە هیچ شتێکدا
ستەمتان لە من نەکردووە، [13]وەک دەزانن بەهۆی نەخۆشییەکەوە بوو کە بۆ یەکەمجار مزگێنیم پێدان؛ [14]هەرچەندە نەخۆشی لە
جەستەمدا تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ ئێوە، سووکایەتیتان پێ نەکردم و لێم دوو نەکەوتنەوە، بەڵکو وەک ئەوەی فریشتەیەک بم لەلایەن
خوداوە ، یان یەشوای مەسیح بم، پێشوازیتان لێکردم.[15]کەواتە کوا خۆشییەکەتان؟ چونکە من شایەتیتان بۆ دەدەم ئەگەر بتانتوانیایە
چاوەکانتان دەردەهێنا، و پێشکەشتان دەکردم! [16]ئایا ئێستا بووم بە دوژمنی ئێوە چونکە ڕاستیەکەتان پێ دەڵێم؟[17]ئەمانە (مامۆستایان)
دڵگەرمی بەرامبەرتان پیشان دەدەن، بەڵام بە دڵسۆزییەوە نیە، بەڵکوو ئاواتە خوازن کە ئێوە لە ئێمە دابڕن، [18]بۆ ئەوەی دڵگەرم بم
بۆیان. جوانە دڵگەرمی پیشان بدەم بۆ ئەوەی کە ڕاستە، هەموو کات، نەک تەنها ئەو کاتانەی کە لەگەڵتان ئامادە دەبم.[19]منداڵەکانم،
جارێکی تر ژانم پێتانەوە گرتوە بۆ ئەوەی وێنەی مەسیح لە ئێوەدا درووست بێت. [20]چەند حەز دەکەم ئێستا لەگەڵتان ئامادە بم، و بە
شێوازێکی تر جگە لەمە لەگەڵتان بدوێم، چونکە لە کاروباری ئێوەدا سەرم لێ شێواوە.[21]پێم بڵێن، ئێوە کە ئارەزووی گەڕانەوەتان هەیە
بۆ کۆیلایەتی بۆ تەورات، ئایا نەتانبیستووە کە چی لە تەوراتدا هاتووە؟ [22]چونکە نووسراوە ئەڤراهام دوو کوڕی هەبوو: یەکێکیان لە
ژنێکی کارەکەر، و ئەوی تریان لە ژنێکی ئازادەوە. [23]سەبارەت بە کوڕی کارەکەرەکەش، کە بە پێی جەستە لەدایک بووە. سەبارەت بە
کوڕی ژنە ئازادەکەش لە هاتنەدی بەڵێنەکەدا بوو.[24]ئەم ڕاستییەش ماناکەی هێماداره. ئەم دوو ژنە هێمای دوو پەیمانن: یەکەمیان لە
چیای سیناوە هاتووە، کە ئەوانەی لە ئەو لەدایک دەبن لە دۆخێکی کۆیلایەتیدا دادەنرێن و هێماکەشی هاگارە. [25]وشەی هاگار ئاماژەیە بۆ
چیای سینا، لە عەرەبستان، یۆرشەڵایمی ئێستا دەنوێنێت، چونکە لەگەڵ منداڵەکانی لە کۆیلایەتیدایە.[26]سەبارەت بە دووەمیش، هێمای
ئازادە، کە نوێنەرایەتی یۆرشەڵایمی ئاسمانی دەنوێنێت کە دایکی ئێمەیە. [27]چونکە نووسراوە: «ئەی نەزۆک، دڵشادبە، ئەی ئەوەی
منداڵت نەبووە، ئەی ئەوەی ژانت نەگرتووە، لە خۆشیدا بە دەنگی بەرز هاوار بکە، چونکە منداڵی ژنی بەجێهێڵراو زیاترن لەوەی مێردی
لەگەڵیەتی!»[28]برایان، ئێوەش منداڵی بەڵێنەکەن وەک یتساخ. [29]بەڵام، وەک چۆن لە ڕابردوودا ئەوانەی بەگوێرەی جەستە لەدایک
دەبوون ئەوانەیان دەچەوساندەوە کە بە پێی گیانەکە لەدایک دەبوون، ئێستاش بە هەمان شێوە ڕوودەدات.[30]بەڵام پەرتووکەکە چی
دەڵێت؟ «ژنە کارەکەرەکە و ڕۆڵەکەی دەربکە، چونکە ڕۆڵەی ژنە کارەکەرەکە لەگەڵ ڕۆڵەی ژنە ئازادەکەدا میرات ناگرێت!»
[31]کەواتە، ئەی برایان، ئێمە منداڵی کارەکەرەکە نین، بەڵکو منداڵی ئازادەکەین.

## Chapter 5

[1]مەسیح ئازادی کردین تاکو بە ئازادی بژین. بۆیە چەسپاو بن، و جارێکی دیکە ملکەچی نیری کۆیلایەتی مەبن. [2]ئەوەتا، من پۆڵسم پێتان دەڵێم: ئەگەر خەتەنە بکرێن، مەسیح هیچ سوودێکی بۆ ئێوە نییە.[3]جارێکی تر شایەتحاڵی بۆ هەموو خەتەنە کراوێک دەدەم کە پابەندە بە جێبەجێکردنی هەموو تەورات. [4]ئێوە کە دەتانەوێت بە تەورات بێتاوان بن، لە مەسیح بێبەش دەبن و لە بەخشش دەکەون![5]بۆیە ئێمە، بە گیان لەسەر بناغەی باوەڕ چاوەڕێی ئەو هیوایە دەکەین کە ڕاستودروستی بەرهەمی دەهێنێت. [6]لە یەشوای مەسیحدا، خەتەنەکردن ونەکردنی سودی نیە، بەڵک و باوەڕ کاردەکات لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە. [7]ئێوە زۆر بوێر بوون، بەڵام کێ وای لێکردن تاکو ملکەچی ڕاستی نەبن؟ [8]ئەم گومڕاییە لەوەوە نییە کە بانگهێشتی کردوون![9]بە کەمێک هەویرترش تەواوی هەویرەکە هەڵدێت. [10]بەڵام متمانەم بە ئێوە هەیە لە پەروەردگاردا کە بۆچوونێکی تر لە ئامێز ناگرن. وە هەرکەسێک سەرلێشێواوی لە نێوانتان دروست بکات لەسەر ئەوە سزا دەدرێت، جا هەرکەسێک بێت.[11]ئەی برایان، سەبارەت بە من، ئەگەر ڕاستە بانگەشەی خەتەنەکردن دەکەم، بۆچی هێشتا تووشی چەوسانەوە دەبم؟ دەبوو ئەو کۆسپەی کە لە خاچدا هەیە نەمێنێت! [12]خۆزگە ئەوانەی سەرلێشێواوی لە نێواتاندا دروست دەکەن، خۆیان لە ئێوە بێبەری دەکرد![13]ئەی برایان؛ ئێوە بۆ ئازادی بانگکراون، بەڵام ئازادیتان مەکەنە بیانوو بۆ ڕازیکردنی جەستەتان، بەڵام بە خۆشەویستیوە خزمەتی یەکتر بکەن. [14] چونکە هەموو تەورات بە یەک ڕاسپاردە جێبەجێ دەبێت: «نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت».
[15]وەک دڕندە پەلاماری یەکترمەدەن، بۆیە ئاگاداربن یەکێکتان ئەوەی تر لەناو نەبات![16]من تەنها دەڵێم: بە ڕێگەی گیانەکەدا بڕۆن. ئەو کاتە هەرگیز ئارەزوەکانی جەستە بەدی ناهێنن. [17]جەستە ئارەزووی پێچەوانەی گیان دەکات، گیانیش ئارەزووی پێچەوانەی جەستە دەکات؛ ئەم دووانە دژایەتی یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی ئێوە ئەوەی ئارەزووی دەکەن نەیکەن. [18]بەڵام ئەگەر لە ژێر ڕێبەرایەتی گیانەکە بن، ئەوا کۆیلەی تەورات نین.[19]کرداره جەستەییەکان دیارن: داوێنپیسی و گڵاوی و بەدرەوشتی، [20]بتپەرستی و جادووگەری، دوژمنایەتی و ململانێ و ئیرەیی و توڕەیی، خۆپەرەستی و دابەشبوون و دەمارگیری، [21]چاوچنۆکی و سەرخۆشی و ڕابواردن، و هاوشێوەکانی. بە لەبەرچاو گرتنی ئەمانە، ئێستا پێتان دەڵێم، وەک پێشتر گوتم، ئەوانەی ئەم جۆرە کارانە دەکەن شانشینی خودا بە میرات ناگرن!
[22]بەرهەمی گیانەکەیش ئەمانەن: خۆشەویستی و شادی و ئاشتی، لێبووردەیی و میهرەبانی و چاکەکاری و سەرڕاستی [23]نەرم و نیانی و خۆڕاگری. هیچ یاسایەک نییە ڕێگری لەو جۆرە چاکەکاریانە بکات. [24]بەڵام ئەوانەی بوون بە هی مەسیح، جەستەیان بە خولیا و ئارەزووەکانییەوە لە خاچ دا.[25]ئەگەر بە گیانەکە بژین، با بە گیانەکەیش ڕەفتار بکەین. [26]با ئاواتەخوازی شکۆمەندی بێهودە نەبین و گاڵتە بە یەکتر نەکەین و ئیرەیی بە یەکتر نەبەین!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 6

1ئەی برایان، ئەگەر هەر یەکێک لە ئێوە کەوتۆتە هەر هەڵەیەکەوە ئێوەی گیانی، بە گیانێکی نەرم و نیان ڕاستی بکەنەوە. ئاگاداری خۆت
بە نەوەک تۆیش تاقی بکرێیتەوە. 2با هەریەکێکتان بارگرانی ئەویتر هەڵبگرێ و بەم شێوەیە یاسای مەسیح جێبەجێ بکەن.3چونکە ئەگەر
مرۆڤ خۆی بە شتێک بزانێت، ئەو لە ڕاستیدا هیچ نییە، ئەوە خۆی فریو دەدات. 4با هەر یەکێک کارەکانی خۆی بپشکنێت، ئەوکات
دەتوانێت شانازی بەو شتانەوە بکات کە تایبەتە بە خۆی و نەک ئەوانەی کە تایبەتە بە کەسانی تر. 5هەرکەسەو باری خۆی هەڵدەگرێت.
6ئەو کەسەی فێری وشەکە دەبێت، با لە هەموو کارە چاکەکاندا هاوبەشی بکات لەگەڵ ئەو کەسەی کە فێری دەکات. 7فریو مەخۆ: خودا
گاڵتەی پێ ناکرێ. مرۆڤ هەرچیەک بچێنێت، ئەوە دروێنە دەکات. 8چونکە هەرکەسێک بۆ جەستە بچێنێت، لە جەستەکەی خراپەکاری
دروێنە دەکات. هەرکەسێک بۆ گیانەکە بچێنێت، لە گیانەکە ژیانی هەتاهەتایی دروێنە دەکات. با لە چاکە کردندا شکست نەهێنین.9با
ئێمەش، لە چاکەکردندا ماندوو نەبین چونکە لە کاتی خۆیدا، دروێنە دەکەین، ئەگەر کۆڵ نەدەین. 10تا ئەو کاتەی دەرفەتمان هەیە، با
چاکە لەگەڵ هەمووان بکەین، بە تایبەتی لەگەڵ باوەڕداران.11بزانە بە چ پیتێکی گەورە لێرە بە دەستی خۆم بۆم نووسیون: 12ئەوانەی
دەیانەوێت لە جەستەدا باش دەرکەون، هانتان دەدەن خەتەنە بکەن، تەنها بۆ ئەوەی بەهۆی خاچی مەسیحەوە نەچەوسێندرێنەوە.
13تەنانەت ئەوانەی خەتەنەکراون، پەیڕەوی لە تەورات ناکەن، بەڵکو دەیانەوێت خەتەنە بکرێن بۆ ئەوەی شانازی بە جەستەیانەوە بکەن.
14دوور بێت لە من ئەگەر جگە لە خاچەکەی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح شانازی بە شتێکی ترەوە بکەم، کە بەهۆیەوە جیهان بۆ من
لە خاچ دراو، منیش بۆ ئەو لە خاچ درام. 15خەتەنەکردن و نەکردنی هیچ نییە، بەڵکوو(ئەوەی گرنگە مرۆڤە) کە دەبێتە بەدیهێنراوێکی
نوێ. 16ئاشتی و بەزەییی بۆ هەموو ئەوانە بێت کە بەپێی ئەم بنەمایە دەڕۆن، هەروەها لەسەر یەسرائیلی خودا بێت.17لەمەودوا با کەس
گرفتم بۆ دروست نەکات، چونکە لە جەستەمدا ئازارەکانی پەروەردگار یەشوام هەڵگرتووە. 18ئەی برایان، با بەخششی یەشوای
مەسیحی پەروەردگارمان، لەگەڵ گیانتان بێت. ئامین!

# Ephesians

## Chapter 1

1 لە پۆڵسەوە، نێردراوی مەسیحی یەشوا بە خواستی خودا، بۆ پیرۆزکراوە دڵسۆزەکانی مەسیحی یەشوا، [کە لە ئەفسۆس نیشتەجێن].
2بەخشش و ئاشتی لەلایەن خودای باوک و پەروەردگارمان یەشوای مەسیح بۆ ئێوە بێت.3پیرۆز بێت خودا، باوکی پەروەردگارمان
یەشوای مەسیح کە بە هەموو بەخششێکی گیانی لە شوێنە ئاسمانییەکان بەرەکەتداری کردین. 4وەک چۆن پێش دامەزراندنی جیهان
ئێمەی لە خۆیدا هەڵبژارد بوو، تا لەبەردەمیدا پیرۆز و بێ گلەیی بین.5پێشوەختە ئێمەی بە خۆشەویستی دیاری کردووە تا بە یەشوای
مەسیح وەک منداڵی خۆی وەرمان بگرێت. ئەوەش بۆ ئەو مەبەستە بوو کە پێی خۆشحاڵ بوو، 6بە مەبەستی ستایشکردنی شکۆمەندی
بەخششەکەی کە بەهۆی خۆشەویستیەکەیەوە پێبەخشیوین:7چونکە بە خوێنی ئەو ڕزگاربووین، واتە لێخۆشبوون لە گوناهەکان؛ بەپێی
دەوڵەمەندی بەخششەکەی 8ئەوەی بەوپەڕی دانایی و تێگەیشتنەوە بەسەرماندا ڕژاندی.9کاتێک نهێنی خواستی خۆی بۆ ئاشکرا کردین
بە پێی ئەو ڕەزامەندییەی لە خۆیدا مەبەستی بوو، 10بۆ پێکهێنانی، هەموو شتەکان لە ژێر دەسەڵاتداریەتی مەسیحدا یەکخست، هەموو
ئەوانەی لە ئاسمانەکانن و لەسەر زەوین.11هەروەها لە مەسیحدا ئەو میراتەمان بەدەست هێناوە کە پێشوەختە بۆمان دیاری کراوە،
بەگوێرەی مەبەستی ئەو، ئەوەی کە هەموو شتێک بەپێی خواستی خۆی ئەنجام دەدات. 12ئامانجی ئەوەیە کە ببێتە هۆکارێک بۆ
ستایشکردنی شکۆمەندی ئەو، لە بەر ئەوەی پێشتر هیوای خۆمان بە مەسیحەوە گرێداوە.13ئێوەش لە ئەودا (هیوای خۆتان دابنێن)
کاتێک گوێت لە وشە ڕاستییەکە بوو، واتە ئەو مزگێنییەی کە ڕزگاربوونتانی تێدایە؛ ئێوەش بە هەمان شێوە لە ئەودا مۆر کران، چونکە
باوەڕتان بە گیانی پیرۆزی بەڵێندراو بوو. 14ئەم گیانە، کە بەڵێنی میراتمانە تا ڕزگارکردنی ئەوەی بەدەستمان هێناوە بەدی بێت بە
مەبەستی ستایشکردنی شکۆمەندییەکەی.15بۆیە منیش گوێم لە باوەڕتان بوو بە یەشوای پەروەردگار و خۆشەویستیتان بۆ هەموو
پیرۆزکراوان، 16هەرگیز لە سوپاسگوزاری خودا نەوەستام لە پێناوتاندا و یادتان دەکەم لە نزاکانمدا،17بۆ ئەوەی خودای پەروەردگارمان
یەشوای مەسیح، باوکی شکۆمەندمان، گیانی پەیپێبردن و داناییتان پێ ببەخشێت: بۆ ئەوەی بە تەواوی بیناسن 18کاتێک بە تێڕوانینەکانی
دڵتان ڕۆشن دەبێتەوە، کەواتە بزانن چی هیوایەک لە بانگهێشتەکەیدایە بۆ ئێوە، هەروەها دەوڵەمەندی شکۆی میراتەکەی لە
پیرۆزکراواندا چییە،19ئەو هێزە مەزنە چییە کە بۆ ئێمەی باوەڕداران دابەزیوە، بەپێی کاری دەسەڵاتە بەهێزەکەی ئەو. 20ئەوەی لە
مەسیحدا کرد، بە هەستانەوەی لە مردووان . وای لێکرد لە ڕاستەی خۆی لە ئاسمانەکان دابنیشت، 21کە بەرزترە لە هەموو سەرۆک و
دەسەڵات و هێز و سەروەریێک، و لە سەرووی هەموو ناوێکەوە، نەک تەنها لەم جیهانەدا، بەڵکو لە ئەوەی لە داهاتووشدا دێ.22لە ژێر
پێیەکانیداهەموو شتێکی ملکەچ کرد، و ئەوی لە سەرووی هەموو شتێکەوە کرد بە سەری کڵێسا 23کە جەستە و کاملبوونی خۆیەتی، ئەوە
ئەو کەسەیە کە هەموو شتێک بە گشتی تەواو دەکات.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 2

[1]ئێوە پێشتر بەهۆی تاوان و گوناهەکانتان مردبوون، [2]کە بەپێی شێوازی ئەم جیهانە دەڕۆشتن، شوێنکەوتووی سەرۆکی هێزەکانی با، ئەو
گیانەی کە ئێستا لە ڕۆڵەکانی سەرپێچیکار کاردەکات، [3]ئێمەش پێشتر بە ئارەزووی جەستەمان لە نێوانیاندا دەژیاین، ئەوەی بە جەستە و
بیرکردنەوەکانمان ئارەزووی ئەنجامدانیمان دەکرد، و ئێمەش بەپێی سروشت منداڵی توڕەیی بووین وەک ئەوانی دیکە.[4]سەبارەت بە
خودا، ئەو لە میهرەبانیدا دەوڵەمەندە ، بەهۆی ئەو خۆشەویستییە مەزنەی کە ئێمەی پێ خۆ خۆشویستووە، [5]هەرچەندە ئێمە بە
گوناهەکانمان مردبووین، لەگەڵ مەسیحدا زیندوو بووینەوە، کە بە بەخشش ڕزگارتان بووە، [6]لەگەڵ ئەودا هەستاینەوە و لە ئاسمانەکاندا
لەگەڵ مەسیحی یەشوا دانیشتین. [7]ئەمەش بۆ ئەوەیە کە لە سەردەمەکانی داهاتوودا دەوڵەمەندی بەخششەکەی لە میهرەبانییەکەیدا بۆ
ئێمە لە مەسیحی یەشوادا دەربخات. [8] چونکە بە بەخشش ڕزگارتان بووە، بەباوەڕ، وە ئەمەش لە ئێوەوە نییە. ئەمە دیاری خودایە،
[9]لەسەر بناغەی کردارنییە، تاکوو کەس شانازی نەکات. [10]چونکە ئێمە شاکاری خوداین و لە یەشوای مەسیحدا بۆ کارە چاکەکان بەدی
هاتووین، کە پێش وەختە ئامادەی کردووە بۆ ئەوەی تێیدا بڕۆین.[11]بۆیە لەبیرتان بێت، ئێوە لە نەتەوەکان لەدایک بوون، و ئەوانەی
خەتەنە کراون ناوتان دەبەن بە خەتەنە نەکراوەکان کە ئەمە کارێکی جەستەییە کە بە دەست ئەنجام دەدرێت، [12]چونکە لەو کاتەدا ئێوە
بێ مەسیح بوون، لە کۆمەڵەی یەسرائیل بێگانە بوون، و بە پەیمانە بەڵێندراوەکان نامۆ بوون، هیچ هیوایەکتان نەبوو، نکۆڵیتان لە خودا
دەکرد لە جیهاندا.[13]ئێوە ئێستا، کە لە مەسیحی یەشوادان، پێشتر دوور بوون بەڵام بە خوێنی مەسیح نزیک بوونەوە. [14]کەواتە ئەو
ئاشتیمانە، ئەو کەسەیە کە جیاوازیەکانی لابرد و کردینی بە یەک نەتەوە و ئەو بەربەستانەی شکاند کە جیایی دەکردینەوە. [15]واتە
دوژمنایەتی: کاتێک بە جەستەی خۆی یاسا و ڕاسپاردەکانی تەوراتی هەڵوەشاندەوە، بەجۆرێک کە لە دوو لایەنەکە مرۆڤێکی نوێ هەبێ،
بۆ ئەوەی ئاشتی لە نێوانیاندا پێک بێت، [16]بۆ ئاشتکردنەوەیان لە یەک جەستەدا لەگەڵ خودا بەهۆی خاچەوە کە دوژمنایەتییەکەی
لەناوبرد.[17]پاشان هات و موژدەی ئاشتی بۆ ئێوە ڕاگەیاند کە دوورن، (وەک چۆن موژدەی ئاشتی ڕاگەیاند) بۆ ئەوانەی نزیک بوون. [18]بە
ئەو هەمووومان بە یەک گیان لە باوک نزیک دەبینەوە.[19]کەواتە، ئێوە چیتر نامۆ و بێگانە نین، بەڵکو هاوڵاتین لەگەڵ پیرۆزکراوان و
ئەندامانی خێزانی خودا، [20]ئێوە لەسەر بناغەی نێردراوان و پێغەمبەران بنیات نراون و خودی مەسیحی یەشوا بەردی بناغەکەیە، [21]کە لە
ئەودا هەموو بیناکە بەیەکەوە ڕێک دەخرێت و بەرز دەبێتەوە بۆ ئەوەی لە پەروەردگاردا ببێتە پەرستگایەکی پیرۆز. [22]ئێوەش لەناو ئەودا
پێکەوە بنیات نراون و بوونەتە شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ خودا بە بوونی گیانەکە.

## Chapter 3

[1]لەبەر ئەم هۆکارە، من پۆڵس بەندکراوی یەشوای مەسیحم لە پێناو ئێوەی نەتەوەکان، [2]بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پلانی بەخششی
خوداتان بیستووە کە پێم بەخشراوە بۆ ئێوە:[3]وەک چۆن پێشتریش بە کورتی نووسیبووم، نهێنییەکە بە سرووش بۆم ئاشکرا بوو، [4]بەم
شێوەیە، کاتێک ئەوەی من نووسیومە دەخوێننەوە، دەتوانن پەی بە زانیاری من ببەن لە سەر نهێنی مەسیح ، [5]ئەوە ئەو نهێنییەیە کە لە
نەوەکانی ڕابردوودا بۆ مرۆڤەکان ئاشکرا نەکرابوو هەروەک چۆن ئێستا بە سرۆشی گیانەکە بۆ نێردراوان و پێغەمبەرە پیرۆزکراوان
ئاشکرا کردووە:[6]ئەمەش ئەوەیە کە نایەهوودیەکان هاوبەشن لەگەڵ یەهوودیەکان لە میراتدا، و ئەندامانی یەک جەستەن لەگەڵ یەکدا،
هەروەها مافی ئەوەیان هەیە سوود لە بەڵێنەکە وەربگرن. ئەمەش لە مەسیح یەشواوەیە وبە بەخششی مزگێنیەکەی [7]منیش بووم بە
خزمەتکاری ئەو بەپێی ئەو بەخششەی خودا پێیدام بەپێی کارەکانی هێزی خۆی.[8]هەرچەندە، من لە بچووکترینی پیرۆزکراوان کەمترم،
ئەم دیاریەم پێبەخشرا: بۆ ئەوەی مزگێنییە بێ سنوورەکەی لە نێو نەتەوەکاندا ڕابگەیەنم [9]بۆ هەمووانی ڕوون بکەمەوە بە زانینی ئەوەی
کە ئەو ڕێکخستنە نهێنییە چییە کە خودای دروستکەری هەموو شتەکان بۆ چەندین نەوە بە نهێنی هێشتوویەتیەوە.[10]ئامانج ئەوەیە دانایی
فرەلایەنەی خودا ئێستا لەبەردەم میرنشین و دەسەڵاتدارانی ئاسمانەکاندا ئاشکرا بێت، [11]بەپێی ئەو مەبەستە هەمیشەییەی کە خودا لە
مەسیحی یەشوای پەروەردگارمان مەبەستی بووە،[12]بە ئەو و لە ڕێگەی باوەڕ بەو بە ئازادی و متمانەوە لە خودا نزیک ببینەوە. [13]بۆیە
داواتان لێدەکەم ورەتان لەدەست نەدەن بەهۆی ئەو ناخۆشیانەی کە لە پێناو ئێوەدا بەسەرم دێت، ئەمەش شانازییە بۆ ئێوە.[14]لەبەر ئەم
هۆکارە چۆک بۆ باوک دادەدەم [15]کە ئەو سەرچاوەی هەموو باوکایەتییەکە لە ئاسمان و لەسەر زەوی، [16]بۆ ئەوەی بەپێی
دەوڵەمەندییەکەی شکۆمەندی خۆیتان پێ ببەخشێت، تاکو گیانەکە هێزی ناوەوەی هەریەکێکتان دابین بکات.[17]بۆ ئەوەی مەسیح بە باوەڕ
لە دڵتاندا نیشتەجێ بێت؛ بۆ ئەوەی لە خۆشەویستیدا ڕەگ داکوتن و جێگیر بن، [18]تۆ بە تەواوی دەتوانیت تێبگەیت، لەگەڵ هەموو
پیرۆزکراواندا، پانایی و درێژی و بەرزی و قووڵی چییە، [19]خۆشەویستی مەسیح بزانە کە لە زانست زیاترە، ئینجا پڕ دەبیت تا ئەو
ڕادەیەی کە دەگەیتە هەموو پڕیی خودا.[20]وە بۆ ئەو کەسەی کە توانای ئەنجامدانی هەیە، بەپێی ئەو هێزەی کە لەناوماندا کاردەکات، بێ
سنوور گەورەترە لە هەموو ئەو شتانەی کە داوای دەکەین یان وێنای دەکەین.، [21]شکۆمەندی بۆ ئەو بێت لە کڵێسادا، لە مەسیحی
یەشوادا، بە درێژایی نەوە و سەردەمەکان! ئامین.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 4

[1]بۆیە، من کە بەندکراوێکم لە پێناوی پەروەردگاردا، لێتان دەپاڕێمەوە کە بە شیاوی ئەو بانگەوازە هەڵسوکەوت بکەن کە بۆی بانگ
کراون، [2]بە هەموو خۆنەویستی و نەرم و نیانی و لێبوردەیی، لە خۆشەویستیدا بەرگەی یەکتری بگرن، [3]هەوڵبدەن یەکگرتویی گیانەکە
بپارێزن. چونکە یەک جەستە و یەک گیان هەیە،[4]هەروەک چۆن بانگتان کراوە، هەمووتان، بۆ یەک هیوا بانگهێشت کراون. [5]بۆ ئێوەش
یەک پەروەردگار و یەک باوەڕ و یەک لە ئاوهەڵکێشان هەیە. [6]یەک خودا و باوکی هەمووان هەیە و ئەو لە سەرووی هەمووان، بۆ
هەمووان و لە هەموواندایە.[7]بەڵام هەر یەکێک لە ئێمە بەخششێکی پێدراوە کە هاوتایە لەگەڵ ئەوەی کە مەسیح پێی بەخشیوین. [8]بۆیە
سروش دەفەرموێت: «کاتێک بەرەو هەرەبەرزی سەرکەوت، دیلەکانی لەگەڵ خۆی برد، و دیاریی بە مرۆڤەکان بەخشی!»[9]سەبارەت
بە ئەمەش «بەرزبۆوە»، ئەمە مانای چییە جگە لەوەی کە ئەویش دابەزیبوو بۆ بەشەکانی خوارەوەی زەوی؟ [10]ئەو کەسەی دابەزی
هەمان ئەو کەسەیە کە لە سەرووی هەموو ئاسمانەکانەوە بەرزبۆوە بۆ پڕ کردنەوەی هەموو شتێک.[11]ئەو ڕێگەی دا هەندێکیان نێردراوان
بن، هەندێکیان پێغەمبەر بن، هەندێکیان مزگێنیدەر بن و هەندێکیشیان شوان و مامۆستا بن، [12]بۆ ئامادەکردنی پیرۆزکراوان بۆ
خزمەتکردن، بۆ بنیاتنانی جەستەی مەسیح، [13]تا هەموومان دەگەینە یەکێتی باوەڕ و یەکگرتویی ناسینی ڕۆڵەی خودا، بۆ مرۆڤێکی تەواو
پێگەیشتوو، بە ئەندازەی باڵای پڕبوونی مەسیح.[14]ئەمەش بۆ ئەوەی چیتر منداڵ نەبین بە هەموو بایەکی فێرکاری کە لەسەر بنەمای
فریودانی خەڵکە وبەرەو گومڕاییمان دەبات و بەملاو لادا نەمانبات، [15]بەڵکو بە خۆشەویستییەوە دەست بە ڕاستییەوە دەگرین، بۆ
ئەوەی لەهەموو شتێکدا بەرەو ئەو کەسە گەشە بکەین کە سەرە، واتە مەسیح. [16]هەموو جەستە لە ئەوەوە یەکگرتوویی و پەیوەندیی
خۆی بە پاڵپشتی هەر جومگەیەکەوە وەردەگرێت بەپێی بڕی ئەو کارەی کە بۆ هەر بەشێک تەرخانکراوە، بۆ بەرهەمهێنانی گەشەکردن
کە دەبێتە هۆی بنیاتنانی جەستە، بنیاتنانی خۆی لە خۆشەویستیدا.[17]کەواتە ئەمە دەڵێم، ولە پەروەردگاردا شایەتی دەدەم، بەو هیوایەی
کە ئێوە چیتر وەک نەتەوەکان لە بێ بەرهەمی بیرکردنەوەدا ڕەفتار نەکەن، [18]چونکە بە هۆی نەفامی و دڵڕەقییەوە چاویان تاریک و لە
ژیانی خودا دوورکەوتوونەتەوە. [19]ئەم خەڵکە، کە هەموو هەستێکیان فڕێدابووە لایەک، خۆیان ڕادەستی چەواشەکاری کرد هەموو
پیسیەکیان بە ئارەزوەیەکی تێرنەکرا و نەکوژاوە ئەنجامدا.[20]سەبارەت بە ئێوەش، بەم شێوەیە فێری مەسیح نەبوون، [21]ئەگەر بەڕاستی
بیستووتانە و فێرکارییەکەتان وەرگرتووە کە هاوتایە لەگەڵ ئەو ڕاستیەی کە لە یەشوادا هەیە! [22]ئەوەی پەیوەستە بە ژیانی ڕابردووتەوە
دایبکەنە: مرۆڤە کۆنەکە بە ئارەزووی فێڵبازانەی خۆی گەندەڵ بووە؛[23]وە لە گیانی هزرتاندا نوێ ببنەوە؛ [24]مرۆڤێکی نوێ لەبەر بکەن کە
بەدیهاتووە لە سەر شێوەی خودا لە ڕاستودروستی و پیرۆزیدا.[25]بۆیە درۆ مەکەن، و راستگۆ بن لەگەڵ نزیکەکانتان، چونکە ئێمە
ئەندامی یەک جەستەین، [26]ئەگەر توڕە بوویت گوناهە مەکە؛ مەهێڵن خۆر بە سەر توورەییتاندا ئاوا بێ، [27]وە دەرفەت بە شەیتان مەدەن!
[28]وە ئەو کەسەی کە دزە، با چیتر دزی نەکات، بەڵکو با ڕەنج بکێشێت و بە دەستەکانی کاری چاکە بکات بۆ ئەوەی شتێکی هەبێت
لەگەڵ ئەوانەی کە پێویستیان پێیەتی هاوبەشی پێ بکات. [29]با هیچ قسەیەکی خراپ لە دەمتان دەرنەچێت، بەڵکو تەنها ئەوەی
یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی ئەوانی تر بەپێی پێویستیەکانیان، بۆ ئەوەی سوودی بۆ ئەو کەسانە هەبێت کە گوێیان لێدەگرن. [30]گیانی خودا،
گیانی پیرۆز، کە بەهۆیەوە مۆر کرابوون بۆ ڕۆژی ڕزگاربوون، خەمبار مەکەن.[31]هەموو ڕق و تۆڵە و توڕەیی و جەنجاڵی و سووکایەتی و
هەموو خراپەیەک لە خۆتان دابماڵن. [32]لەگەڵ یەکتر میهرەبان بن، دڵسۆز بن، هەروەک چۆن خودا لە مەسیحدا لێتان خۆش بوو.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 5

[1]کەواتە هاوشێوەی خودا بن وەک منداڵە خۆشەویستەکان، [2]وە بە خۆشەویستی ڕەفتار بکەن وەک چۆن مەسیح خۆشی ویستووین و
ژیانی خۆی لە پێناوماندا بەخت کرد وەک قوربانییەکی بۆنخۆش پێشکەشی خودای کرد.[3]سەبارەت بە داوێنپیسی، و هەر پیسییەک یان
ئارەزوویەکی تێرنەکراو، تەنانەت ناویشی لە نێوانتاندا نەهێنرێت، وەک ئەوەی شایەنی پیرۆزکراوانە. [4]بە هەمان شێوە قسەی قێزەون،
ناشرین و گاڵتەجاڕی، ئەمانە هەموو نەشیاون. باشترە سوپاسگوزاری خودا دەرببڕیت![5]چونکە ئێوە ئەمە باش دەزانن: هەر داوێنپیسێک
یان کەسێکی ناپاک، یان کەسێک کە ئارەزووی تێرنەکراوی هەیە، هیچ نییە جگە لە بتپەرستێک کە هیچ میراتێکی لە شانشینی مەسیح و
خودادا نییە. [6] با کەس بە قسەی پووچ فریوتان نەدات! بەهۆی ئەم شتانەوە تووڕەیی خودا دەکەوێتە سەر منداڵانی سەرپێچیکار،
[7]بۆیە،هاوبەشیان مەکەن:[8]جاران ئێوە تاریکی بوون، بەڵام ئێستا ئێوە ڕووناکین لە پەروەردگاردا. کەواتە وەک منداڵانی ڕووناکی ڕەفتار
بکەن. [9]چونکە بەرهەمی ڕووناکی لە هەموو چاکە و ڕاستگۆیی و ڕاستیدایە. [10]بەم شێوەیە ئەو شتانە ئەزموون دەکەن کە پەروەردگار
ڕازی دەکەن. [11]نەک هەر دەبێ خۆت لە بەشداریکردن لە کردەوە بێهودەکانی تاریکیدا بەدوور بگرێت، بەڵکو دەبێت ئەوانیش ئاشکرا
بکەیت. [12]چونکە ئەو کارانەی کە بە نهێنی دەیکەن، تەنانەت باسکردنیشیان شەرمەزارکەرە.[13]هەر شتێک بکەوێتە بەر ڕووناکی، ئاشکرا
دەبێت: [14]چونکە ئەوەی هەموو شتێک ئاشکرا دەکات ڕووناکییە. هەر بۆیە دەوترێت: «ئەی نووستوو بە خەبەربێ، لە ناو مردووان
هەستەوە، ڕووناکی مەسیح بەسەرتا ئەدرەوشێتەوە!»[15]بۆیە زۆر بە وریاییەوە گرینگی بە چۆنیتی هەڵسوکەوتت بدە، نەک وەک
نەزانەکان بەڵکو وەک کەسانی ژیر، [16]باشترین سوود وەر بگرن لە کات، چونکە ڕۆژەکان خراپن. [17]بۆیە نەزان مەبن، بەڵکو تێبگەن
خواستی پەروەردگار چیە.[18]بە شەراب مەست مەبە، لەناویدا خراپەکارییە، بەڵکو پڕبە لە گیان، [19]بە زبور و سروود لەگەڵ یەکتر بدوێن،
بە دڵتان سروود بۆ پەروەردگار بڵێن؛ [20]لە هەموو کاتێکدا و بۆ هەموو شتێک سوپاسی خودا و باوک بکەن، بەناوی پەروەردگارمان
یەشوای مەسیح؛ [21]گوێڕایەڵی یەکتر بن لە ترسی مەسیح.[22]ئەی ژنەکان، گوێڕایەڵی مێردەکانی خۆتان بن، وەک چۆن گوێڕایەڵی
پەروەردگارن. [23]مێرد سەری ژنە هەروەک چۆن مەسیح سەری کڵێسایە (جەستەی ئەو)، و خۆی ڕزگارکەری جەستەکەیە. [24]هەر وەک
چۆن کڵێسا گوێڕایەڵی مەسیح بوو، ژنەکانیش گوێڕایەڵی مێردەکانیان بن، لە هەموو شتێکدا.[25]ئەی مێردەکان، ژنەکانتان خۆشبوێت
وەک چۆن مەسیح کڵێسای خۆشدەویست و خۆی لە پێناویدا بەخت کرد، [26]بۆ ئەوەی پیرۆزی بکات و پاکی بکاتەوە بە شۆردنی ئاو، و بە
وشەکە، [27]وەک ئەوەی کڵێسایەکی درەوشاوە پێشکەشی خۆی بکات کە هیچ چرچ و لۆچی و کەموکوڕی هاوشێوەی تیانەبێت بەڵکو
زیاتر پیرۆز بێت و بێ کەموکوڕی بێت.[28]بەم نموونەیە پێویستە مێردەکان ژنەکانیان وەک جەستەی خۆیان خۆش بوێت. ئەوەی ژنەکەی
خۆش بوێت، خۆی خۆش دەوێت. [29]هەرگیز کەس ڕقی لە جەستەی خۆی نییە، بەڵکو خۆراکی پێدەدات و ئاگاداری دەبێت، هەروەک
چۆن مەسیحیش لەگەڵ کڵێسادا وادەکات. [30]چونکە ئێمە ئەندامەکانی جەستەی ئەوین.[31]بۆیە مێرد سەربەخۆیە لە باوک و دایکی، و
لەگەڵ هاوسەرەکەی یەک دەگرن، بۆیە ئەو دووانە دەبنە یەک جەستە. [32]ئەم نهێنییە گەورەیە بەڵام ئاماژەی پێدەکەم بۆ مەسیح و
کڵێسا! [33]بەڵام ئێوەش، هەریەکەتان بە تەنیا، ژنەکەی وەک خۆی خۆش بوێت. سەبارەت بە ژنیش، دەبێ ڕێز لە مێردەکەی بگرێت.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

Chapter 6

[1]ئەی منداڵان، گوێڕایەڵی دایک و باوکتان بن لە پەروەردگاردا. هەر ئەمەیە چاکە: [2]واتە: «ڕێز لە باوک و دایکت بگرە» ئەمە یەکەم
ڕاسپاردەیە کە بەستراوەتەوە بە بەڵێنەکەوە [3]« واتە بۆ ئەوەی چاکەیەک بدۆزنەوە بۆ تەمەن درێژیتان لەسەر زەوی!»[4]ئێوە، ئەی
باوکان، منداڵەکانتان تووڕە مەکەن. بەڵام بە ڕێنمایی پەروەردگار و ڕاسپاردەکانی پەروەردەیان بکەن.[5]ئەی خزمەتکاران، بە ترس و
لەرزەوە گوێڕایەڵی گەورەکانتان بن، بە راستگۆییەوە، وەک کەسێک کە گوێڕایەڵی مەسیح بێت، [6]نەک تەنها کاتێک چاوەکانیان لەسەر
ئێوەیە کاری زۆر بکەن وەک کەسێک کە بۆ رازیکردنی خەڵک هەوڵ دەدات، بەڵکو لەسەر بنەمای خزمەتکردنی مەسیح، [7]لە دڵەوە
خواستی خودا ئەنجام بدەن، هەر وەک چۆن بە ویستی باش بۆ پەروەردگاری بکەن ، نەک بۆ خەڵک. [8]چونکە دەزانن هەرکەسێکتان
چەندە چاکە بکات، پاداشتێک لە پەروەردگار وەردەگرێت، جا کۆیلە بێت یان ئازاد.[9]ئێوەش، ئەی گەورەکان، بەم شێوەیە مامەڵەیان
لەگەڵ بکەن بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هەڕەشە ببەن، بە زانینی ئەوەی کە گەورەکەتان و گەورەکەیان لە ئاسمانە، و ئەمەش لە
بەرژەوەندی کەسدا نییە.[10]لە کۆتاییدا، لە هێزی دەسەڵاتی پەروەردگاردا بەهێزبن. [11]چەکی تەواوی خودا لەبەر بکەن، بۆ ئەوەی لە دژی
فێڵەکانی شەیتان خۆڕاگر بن.[12]شەڕی ئێمە لە دژی گۆشت و خوێن نییە، بەڵکو لە دژی سەرۆکەکان، دەسەڵاتداران، گەورەکانی جیهان
و فەرمانڕەواکانی تاریکییە، لە دژی هێزی گیانە خراپەکان لە ئاسمانەکاندایە. [13]بۆیە چەکی تەواوی خودا هەڵبگرن، بۆ ئەوەی بتوانن تا لە
ڕۆژی خراپەدا خۆڕاگر بن، هەروەها دوای گەیشتن بە هەموو ئامانجێک چەسپاو بوەستن.[14]بۆیە خۆڕاگربن دوای ئەوەی ڕاستییەکان
وەردەگرن وەک پشتێن لە ناوقەدتانی ببەستن، ڕاستودروستی قەڵغانێکە بۆ سنگتان، [15]وە ئامادەییتان وەک پێڵاو بۆ پێیەکانتان لە پێ
بکەن بۆ ڕاگەیاندنی مزگێنی ئاشتی. [16]وە لە سەرووی هەمووشیانەوە، باوەڕ وەک قەڵغانێک هەڵبگرن، بەو قەڵغانە دەتوانن هەموو تیرە
گڕدارەکانی خراپەکارەکە بکوژێننەوە.[17]ڕزگاریی وەک کڵاو بۆ سەرتان، وشەی خودا وەک شمشێری گیانەکە وەربگرن. [18]لە هەموو
بارودۆخێکدا نزا بکەن، لەگەڵ هەموو نزاو پاڕانەوەیەک لە گیاندا، و بۆ هەمان مەبەست ئێشک بگرن، لە هەموو پاڕانەوەیەکدا بە
تەواوی بە پەرۆش بن لە هەموو داواکارییەک لە پێناو هەموو پیرۆزکراوان.[19]لە پێناو منیشدا بۆ ئەوەی هەرکاتێک دەمم کردۆتەوە بۆ
قسەکردن سروشم پێبدرێت بۆ ئەوەی بە بوێرییەوە نهێنی مزگێنی ڕابگەیەنم [20]من ئەو باڵیۆزەم بە زنجیرەوە بەستراوەتەوە، بۆیە دەبێ
بوێر بم لە ڕاگەیاندنی وەک چۆن دەبێت قسە بکەم.[21]وە بۆ ئەوەی بارودۆخ و هەواڵی کارەکانم بزانن، تیخیکۆس، برایەکی خۆشەویست
و خزمەتکارێکی دڵسۆزە لە پەروەردگاردا، هەمووشتێکتان پێ ڕادەگەینێت. [22]منیش هەر بۆ ئەم مەبەستە ناردوومە بۆ لاتان: بۆ ئەوەی
بارودۆخی من بزانن و دڵتان هان بدەم.[23]ئاشتی بۆ برایان، وە خۆشەویستی بە باوەڕەوە، لە خودای باوک و پەروەردگارمان یەشوای
مەسیحەوە! [24]بەخشش بۆ هەموو ئەوانەی پەروەردگارمان یەشوای مەسیحیان خۆشدەوێت بە خۆشەویستییەکی نەفەوتاو!

# Philippians

Chapter 1

[1]لە پۆڵس و تیمۆساوس، خزمەتکاری مەسیحی یەشوا، بۆ هەموو پیرۆزکراوان لە مەسیحی یەشوادا، کە نیشتەجێی شاری فیلیپین،
لەگەڵ شوان و سەرپەرشتیکاران. [2]با بەخشش و ئاشتی بۆ ئێوە بێت لەلایەن خودای باوکمان و پەروەردگار یەشوای مەسیح.[3]هەرکاتێک
یادتان دەکەمەوە، سوپاسی خودای خۆم دەکەم، [4]لە هەموو نزاکانمدا بە دڵخۆشی بۆ هەمووتان دەپاڕێمەوە، [5]بەهۆی بەشداریکردنتان لە
بڵاوکردنەوەی ئینجیل لە ڕۆژی یەکەمەوە تا ئێستا. [6]منیش لەو بابەتە دڵنیام: خودا کە ئەو کارەی دەست پێکردووە لە ئێوەدا هەتا ڕۆژی
مەسیحی یەشوا تەواوی دەکات.[7]کەواتە ڕاستە کە من ئەو هەستەم بەرامبەر هەمووتان هەبێت، چونکە لە دڵمدا دەتانهێڵمەوە،
دەتانکەمە هاوبەشی خۆم لە بەخششەکە، جا لە کۆت و بەند بم یاخود لە کاتی بەرگری کردن وچەسپاندنی مزگێنیەکە ، [8]چونکە خودا
شایەتحاڵی منە کە لە سۆزەکانی مەسیحی یەشوا تامەزرۆی هەمووتانم.[9]نزای من بۆ ئێوە ئەمەیە: تا خۆشەویستیتان بە ئەوپەڕی
زانست و تێگەیشتنەوە زیاتر و زیاتر بکات، [10]بۆ ئەوەی شتە نایابەکان پەسند بکەن، و لە ڕۆژی مەسیحدا پاک و دور لە تاوان بن، [11]کامڵ
بن لە بەروبوومی ڕاستی و دروستی، کە بە یەشوای مەسیح دێت بۆ شکۆمەندی و ستایشی خودا.[12]بەڵام دەمەوێت بزانن برایان، کە لە
ڕاستیدا بارودۆخەکەم بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی مزگێنیەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە، [13]بەجۆرێک کە هەموو پاسەوانانی ئیمپراتۆر و
هەموو ئەوانی دیکە زانیان کە کۆت و بەندییەکم لە پێناو مەسیحدایە؛ [14]هەروەها زۆربەی ئەو برایانە، کە بەهۆی کۆت و بەندی منەوە
متمانەدارن بە پەروەردگار، بوێرانە و بەبێ ترس مزگێنی وشەی خودا ئەدەن.[15]بەڕاستی هەندێک لە بەر ئیرەیی و ناکۆکی بە مەسیح
مزگێنی دەدەن؛ سەبارەت بەوانیتریش، بە نیاز پاکییە. [16]ئەمانە خۆشەویستییەکە پاڵنەریانە، دەزانن کە من بۆ بەرگریکردن لە مزگێنییەکە
دەستنیشانکراوم؛ [17]وە ئەوانەی لایەنگری پاڵنەریانە، بانگەشە کردنیان بە مەسیح دڵسۆزانە نیە، وا بیر دەکەنەوە کە دەبنە هۆی تەنگانەی
زیاتر بۆ کۆت و بەندەکانم.[18]کەواتە چی؟ هەرچییەک بێت و لە هەر دۆخێکدا مەسیح ڕایدەگەیەندرێت، جا بە ڕووکەش بێت یان بە
ڕاستی. بەمەش دڵخۆشم و دڵخۆش دەبمەوە! [19]چونکە دەزانم کە ئەمە دەبێتە هۆی ئازاد کردنم، بە نزاکانتان و یارمەتی گیانی یەشوای
مەسیحەوە؛[20]بەپێی ئەوەی چاوەڕێم دەکرد و هیوام بۆ دەخواست: لە هیچ شتێک شکەستم نەهێنا، بەڵکو لە هەموو بوێرییەکدا و وەک
هەمیشە، ئێستاش مەسیح لە جەستەمدا مەزن دەبێت، جا بە ژیان بێت یان بە مردن. [21]بۆ من ژیان مەسیحە، و مردنیش قازانجە بۆ
من.[22]بەڵام ئەگەر بتوانم لە جەستەدا بژیم، ژیانم بۆ کاری بەرهەمدار ئامادەم دەکات. نازانم کام لەو دووانە هەڵبژێرم! [23]من لە ژێر
فشاری هەردووکیدام: ئامادەم بڕۆم و لەگەڵ مەسیحدا بمێنمەوە، ئەوەش بە ڕاستی زۆر باشترە؛ [24]بەڵام مانەوەم لە جەستەدا لە پێناو
ئێوەدا پێویستە.[25]تا متمانەم بەم شتە هەبێت، دەزانم لەگەڵ هەمووتان دەمێنمەوە و نیشتەجێ دەبم، بۆ پێشکەوتن و خۆشیتان لە
باوەڕدا، [26]بەهۆی منەوە شانازیتان بە مەسیحەوە زیاد دەکات لەگەڵ بوونی من لە نێوانتاندا. [27]تەنها ژیانێک بژین کە شایستەی مزگێنی

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

مەسیح بێ، بۆ ئەوەی ئەگەر هاتم و چاوم پێتان کەوت یان لێتان دوور بم، هەواڵتان ببیستم، بزانم کە ئێوە لە یەک گیاندا چەسپاون، بە یەک هەستەوە پێکەوە هەوڵ دەدەن بۆ ئەو باوەڕەی کە لە مزگێنیەکەدا ڕاگەیەندراوە،[28] لە هیچ شتێکدا مەترسە لەلایەن ئەو کەسانەی کە بەرەنگارتان دەبنەوە، چونکە بەرەنگارییان بەڵگەیە بۆ لەناوچوونی خۆیان و ڕزگاربوونی ئێوە، و ئەمەش لە خوداوەیە. [29] لە پێناوی مەسیحدا، پێتان دراوە، نەک تەنها باوەڕتان پێی هەبێت، بەڵکو لە پێناویدا ئازار بچێژن، [30] هەمان تێکۆشانتان هەیە ئەوەی لە مندا بینیوتانە و ئەوەی ئێستا لە منی دەبیستن.

## Chapter 2

[1] بەردەوام لە مەسیحدا هاندانمان هەیە ، و دڵنەوایی لە خۆشەویستی دا، و هاوبەشیمان ڵە گیاندا، بەزەی و میهربانی لە ئێمە دایە،
[2]خۆشحاڵی من بەدیدێت کە یەک هەڵوێست بن و یەک خۆشەویستیتان هەبێت و یەک دەرون بن و یەک بیر بن.[3]با هیچ شتێک لە نێوانتاندا
نەبێت بە گیانێکی بەش بەش و خۆهەڵکێشانێکی پوچ، بەڵام با خۆبەکەم زان بن و هەریەکەتان گۆزارشت لەوەی کەتان بکات و ئەوەی
ترلە خۆی بە باشتر بزانێت. [4]تەنها گرینگی بە بەرژەوەندی خۆی نادات بەڵکوو بۆ بەرژەوەندی ئەوانی تریش هەروەک خۆی.[5]با ئەم
بیرکردنەوەیە لەئێوەدا بێت کە لە یەشوای مەسیحدا بوو، [6]ئەو کە بەڕاستی بە سروشت خودا بوو وای دەرنەخست هاوتایە
بەخودا،ئەوەشی بۆ خۆی نەقۆستەوە، [7]بەڵکو خۆی داماڵی، شێوەی بەندەی وەرگرت، گۆڕدرا بەلێک چوی مرۆڤ؛ [8]ئیتر بەڕوخساری
مرۆڤ بیندرا، لەسادەی وخاکی بوندا ڕوچوو، بەو شێوەیە ملکەچ بوو تا مردن، بە مردنی خاچ.[9]هەر لەبەر ئەمەش خودا بەرزی کردوە،
ناوێکی پێدا لە سەرو هەموو ناوێکەوە، [10]بۆئەوەی هەموو ئەژنۆیەک بچەمێتەوە و کڕنۆش ببات بۆناوی یەشوا، چ لە ئاسمان و سەر
زەوی و لە ژێر زەوی، [11]بۆ ئەوەی هەموو زمانێک دان بەودا بنێت کە یەشوای مەسیح پەروەردگارە، بۆشکۆی خودای باوک،[12]هەربۆیە
خۆشەویستان گوێ ڕایەڵم بوون بەردەوام، نەک وەک ئەوەی من تەنها ئامادە بم، بەڵکو زۆر زیاتر ئێستا کەنادیارم، بۆیە بە ترس و
لەرزەوە هەوڵ بدەن ڕزگار بونتان تەواو بکەن، [13]لەبەر ئەوە خودا لەناوتاندا خواستی چاندوە تا کار بکەن بۆ ڕەزامەندی ئەو.
[14]هەمووکارێک بکەن بێ گلەی و دەمەقاڵێ کردن، [15]ڕۆڵەی خودا بن و بە هیچ شتێک لەکەدارنەکرێن لە ناو نەوەیەکی لادەرو خراپەکار،
بدرەوشێنەوە لە نێوانیاندا هەروەک ڕووناکی لە جیهاندا، [16]هەڵگری وشەی ژیان بن، تا وەکو لە ڕۆژی مەسیحدا جێگای شانازی بن
بەوەی من هەوڵێکی پوچم نەداوە و تێنەکۆشاوم بێهودە.[17]ئەگەر خوێنیشم بڕژێت و جۆگەلە ببەستێ لەسەر قوربانیدانی باوەڕەکەتان و
خزمەت کردنی، من لەگەڵتان شادو دڵخۆش ئەبم. [18]هەروەها دڵخۆش دەبم کە ئێوە شادو دڵخۆش دەبن لەگەڵم.[19]بەڵام هیوادارم لە
یەشوای پەروەرگارمان کە بەم نزیکانە تیمۆساوس تان بۆ بنێرێت، بۆ ئەوەی دڵنیا ببم لەزانینی بارودۆختان. [20]کەسێکی ترم نیە جگە لە
ئەو کە وەک من دڵسوزانە گرینگی بدا بە بارودۆختان. [21]بەڕاستی هەمووان بەدوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوەن، نەک لە پێناو
مەسیحی یەشوا.[22]بەڵام تیمۆساوس، تاقی کرایەوە ئێوەش ئەوە دەزانن، وەک چۆن لەگەڵ مندا بانگەشەی مزگێنی دەدات وەک ئەوەی
منداڵێک یارمەتی باوکی بدات. [23]بۆیە لەو هیواخوازم بینێرم کاتێ بۆم ڕوون بۆوە کارو بارم چون دەڕوات. [24]بەڵام من متمانەم هەیە بە
پەروەردگار کە من، خۆم، بەم زووانە دێمە لاتان.[25]بەڵام بە پێویستم زانی ئەبیڤرودیتۆس بینێرم بۆلاتان براو هاوکار و هاوەڵی خەباتم،
لەلایەن ئێوە نێردرا بوو کاری لەسەر پڕکردنەوەی پێویستەکانم دەکرد، [26]بەڕاستی بیری هەمووتان دەکەم، خەمبارم کە لێتان ئەبیستم
ناساغە. [27]نەخۆش بوو تا خەریک بوو بمرێت، بەڵام خودا بەزەیی پێدهاتەوە، نەک تەنها بەو، بەڵکو بەمنیش تاوەکو دووبارە توشی دڵ
تەنگی نەبم.[28] لەبەر ئەوە زۆرم پەلە بوو تاوەکو بینێرم بۆلاتان، تاکو سەرلە نوێ بیبینەوە ئێوە شاد بن وە منیش کەمێک خەمبار ببم.
[29]کەواتە بەو پەڕی شادیەوە، بەناوی پەروەردگاروە پێشوازی لێبکەن ڕێز لەوانەش بگرە کە وەک ئەون. [30]لە پێناو کارکردن بو مەسیح
نزیک بۆوە لە مردن، ژیانی خوی خستە مەترسیەوە تاکو ئەو خزمەتە بکات کە ئێوە نەتان توانی بۆمنی بکەن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 3

1 لەگەڵ ئەوەشدا، براکانم، دڵشادبن بە پەروەردگار. بێزارم ناکات کە هەمان شت بۆ ئێوە بنووسم، چونکە ئەوە بۆ پاراستنی ئێوەیە.
2 ئاگاداری "سەگەکان"بن، لە کرێکارانی خراپەکار، لە جەستە بڕەکان. 3 چونکە ئێمە گەلی خەتەنەکراوی ڕاستەقینەین، چونکە تەنها بە
ڕۆح خودا دەپەرستین و شانازی بە یەشوای مەسیحەوە دەکەین، و پشت بە شتە جەستەییەکان نابەستین، 4 هەرچەندە منیش مافی
ئەوەم هەیە پشتی پێ ببەستم. بەڵام مەترسیدارە کەسێک وابەستە بێت لەسەر بابەتی جەستە، من کە مافی ئەوەم هەیە: 5 سەبارەت
بە خەتەنەکردن، لە هەشتەمین ڕۆژی ژیانمدا خەتەنە کرام؛ منیش لە ڕەگەزی یەسرائیلم، لە هۆزی بنیامین، عیبرییەک لە عیبرانییەکان؛
بەگوێرەی تەورات، من فەریسیم؛ 6 لەڕووی دڵگەرمییەوە، چەوسێنەری کڵێسابووم؛ سەبارەت بەو ڕاستودروستییەی کە تەورات داوای
دەکات، ئێوە بێ تاوان بوون. 7 بەڵام، هەر قازانجێکم هەبوو، بە زیانم دەزانی، لە پێناو مەسیحدا. 8 بەڵکو هەموو شتێک بە زیان دەزانم، بۆ
ئەو بەهایەی کە مەسیحی یەشوای پەروەردگارم بناسم؛ لە پێناو ئەودا بەرگەی لەدەستدانی هەموو شتێکم گرت و وە هەموو شتێک بە
زبڵ دەزانم، بۆ ئەوەی مەسیح بەدەست بهێنم 9 وە من پێگەیەکم تێدا هەیە، وەک چۆن ڕاستوودروستی خۆمم نییە لەسەر بنەمای
تەورات، بەڵام ئەو ڕاستودروستییەی کە لە باوەڕبوون بە مەسیحەوە دێت، ئەو ڕاستودروستییەی کە لە خوداوەیە لەسەر بنەمای
باوەڕ. 10 مەبەستم ئەوەیە کە مەسیح بناسم هێزی زیندووبوونەوەی و هاوبەشیکردن؛ لە ئازارەکانیدا تاوەک ئەوبم لە مردنەکەیدا،
11 لەسەر هیوای هەستانەوە لە مردن! 12 من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە خەڵاتەکەم بەدەستهێناوە یان گەیشتوومەتە تێگەیشتنی تەواو.
بەڵام هێشتا بەدوای بەدەستهێنانیدا دەگەڕێم، هەروەک چۆن یەشوای مەسیح منی بەدەستهێناوە. 13 ئەی برایان، من وا دانانێم کە
خەڵاتەکەم بەدەستم هێناوە، بەڵام تەنها یەک شت دەکەم: ڕابردوو لەبیر دەکەم و بەرەو پێش هەنگاو دەنێم، 14 لە کاتێکدا هەوڵ دەدەم
بۆ ئامانجەکە، بۆ بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتەی کە خودا لە یەشوای مەسیحدا بانگمان دەکات بۆی. 15 هەموو پێگەیشتوان لە نێوانماندا، با
ئەو بیرکردنەوەیان هەبێت. وە ئەگەر جگە لەو بیرکردنەوە شتێکی ترتان هەیە، ئەوەش خودا بۆتان ئاشکرا دەکات. 16 بەڵام، با بەردەوام
بین بەوەی پێی گەیشتوین، لەو ڕێبازەدا. 17 هەمووتان برایان، وەک من بکەن. وە سەرنج بدەنە ئەو کەسانەی کە شوێن ئەو نموونەیە
دەکەون کە لە ئێمەدا بینیان. 18 چونکە زۆرێک لەوانەی لە نێوانتاندان، کە زۆر جار باسم کردوون و ئێستاش بە فرمێسکەوە بۆتانی باس
دەکەم، بەشێوەیەک هەڵسوکەوت دەکەن وەک ئەوەی دوژمنی خاچی مەسیح بن. 19 ئەوانە چارەنووسیان لە ناوچونە، خودایان سکیانە،
شانازییان لە شەرمەزاریدایە و بیرکردنەوەکانیان بۆ بابەتی زەمینی تەرخانکردوە. 20 سەبارەت بە ئێمەش نیشتیمانمان لە ئاسمانەکاندایە،
لەوێوە چاوەڕێی گەڕانەوەی ڕزگارکەرمان یەشوای مەسیحی پەروەردگارین. 21 ئەوەی جەستەی کەساسمان بۆ وێنەی جەستەی
شکۆداری خۆی دەگۆڕێت، بەگوێرەی کارکردنی هێزی خۆی کە دەتوانێت هەموو شتێک ملکەچی خۆی بکات.

Chapter 4

[1]بۆیە، ئەی برایانی خۆشەویستم تامەزرۆتانم، ئەی خۆشییەکانم و تاجەکانم، بەو شێوەیە لە پەروەردگاردا چەسپاو بن ئەی
خۆشەویستان. [2]داوا لە ئەفودیا دەکەم، وەک چۆن داوا لە سینتخی دەکەم، یەک بیر بن لە پەروەردگاردا، [3]بەڵێ، داوا لە تۆش دەکەم،
هاوکارە دڵسۆزەکەم، یارمەتیان بدەیت، چونکە ئەوان لەگەڵ مندا تێکۆشاون لە خزمەتکردنی مزگێنییەکەدا، ئەوان و ئەکلیمەندۆس و
هاوکارەکانی دیکەم، کە ناوەکانیان لە تۆماری ژیاندا نووسراوە.[4]هەمیشە لە یەشوای پەروەردگاردا شاد بن، دیسان دەیڵێمەوە: شاد
بن. [5]با پشوودرێژیتان بۆ هەمووو خەڵک ناسراو بێت. پەروەردگار نزیکە. [6]نیگەرانی هیچ شتێک مەبن، بەڵکو لە هەموو شتێکدا با
داواکاریەکانتان بۆ خودا زانراو بێت، بە نزا و داواکاری، لەگەڵ سوپاسگوزاری. [7]ئارامی خودا، کە بە هزرتان ناتوانن لێی تێبگەن، دڵ و
بیرکردنەوەتان لە مەسیحدا دەپارێزێت.[8]لە کۆتاییدا، خوشکان و برایان: هەموو ئەو شتانەی کە ڕاستن، ڕێزدارن، دادپەروەر، و پاکن،
خۆشەویستن و ناوبانگ باشن، ڕەوشت بەرز، و شایانی ستایشن، هۆشتانی بدەنێ. [9]کار بەوە بکەن لە من فێربوون و وەرتانگرت و
بیستتان و بینیتان ئەوە جێبەجێ بکەن. پەروەردگاری ئاشتی لەگەڵتان دەبێت.[10]پاشان من دڵخۆش بووم بە پەروەردگار بە خۆشییەکی
مەزن کە جارێکی تر گرینگیدانتان بە من نوێ کردەوە. هەر چەند پێشتر ئارەزووی ئەوەتان هەبوو، بەڵام ئەو دەرفەتەتان لە بەردەستدا
نەبوو. [11]ئەوە ناڵێم لەبەر ئەوەی پێویستییەکم هەبێ، چونکە فێربوم لە هەموو بارودۆخێکدا ڕازیبم. [12]دەزانم چۆن لە هەژاریدا بژیم، و
چۆن بە تێری بژیم. چونکە، لە هەموو شتێک، و لە هەموو بارودۆخێکدا، ڕاهێنراوم لەسەر تێر و برسییەتی، و لە هەبوونی و نەبوونیدا
بژیم. [13]من هەمووو شتێک دەتوانم، لە مەسیحدا کە بە هێزم دەکات.[14]بەڵام باش بوو یارمەتیتان دام و هاوبەش بوون لە کەمکردنەوەی
تەنگانەمدا. [15]هەروەها دەزانن ئەی باوەڕدارانی فیلیپی، کاتێک دەستم بە خزمەتکردنی مزگێنیەکە کرد، وەک چۆن لە پارێزگایەکی
مەکەدۆنیاوە ڕۆیشتم، جگە لە ئێوە هیچ کڵێسایەک لەگەڵمدا بەشداری نەکرد لە حسابی بەخشین و وەرگرتن. [16]ئەوەی پێویستم بوو
بۆتان ناردبووم، نەک جارێک بەڵکو زیاتر. [17]لە ڕاستیدا من بەدوای بەخشیندا ناگەڕێم، بەڵکو بەدوای قازانجی زیادکراودا دەگەڕێم بۆ
بەرژەوەندی ئێوە.[18]ئێستا هەمووو شتێکم هەیە کە بە زیادەوە پێویستییەکانم پڕدەکاتەوە. ئیتر من لە هیچ شتێکم کەم نیە بەوەی کە لە
ئەپافرۆدیتسم وەرگرت کە تۆ بۆت ناردبووم، بۆنێکی بۆنخۆش، و قوربانییەکە خودا پەسندی دەکات و پێی دڵخۆشە. [19]خودای من هەمووو
پێداویستیەکانتان بە تەواوی دابین دەکات، بەپێی دەوڵەمەندییەکەی لە شکۆمەندیدا، لە مەسیحی یەشوادا. [20]شکۆمەندی بۆ خودای
باوکمان بۆ هەتاهەتایە. ئامین![21]سڵاو لە هەموو پیرۆزکراوێک بکەن لە یەشوای مەسیحدا. [22]ئەو برایانەی لەگەڵمن سڵاوتان لێدەکەن.
هەموو پیرۆزکراوان ، بە تایبەت ئەوانەی لە دەوروبەری قەیسەرن. [23]با بەخششی پەروەردگارمان یەشوای مەسیحی لەگەڵ گیانتان
بێت. ئامین!

# Colossians

Chapter 1

[1]لە پۆڵسەوە کە نێردراوی یەشوای مەسیحە بەخواستی خودا، هەروەها لە تیمۆساوسی برامانەوە، [2]بۆ برایانی پیرۆزکراو و دلسۆز لە
مەسیحدا، دانیشتووانی شاری کۆلۆسی. با بەخشش و ئاشتی لە خودای باوکمان و یەشوای مەسیحی پەروەردگارمان لەگەڵتان بێت.
[3]ئێمە بەردەوام سوپاسی خودا دەکەین، باوکی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح کاتێک نزادەکەین لەپێناوتان.[4]چونکە هەواڵی باوەڕی
ئێوەمان بە یەشوای مەسیح پێگەیشت لەگەڵ ئەو خۆشەویستیەی لەئێوەدایە سەبارەت بە هەموو پیرۆزکراوان، [5]بە هۆی ئەو هیوایەی
کە لە ئاسمانەکاندا بۆتان تەرخان کراوە، ئەو هیوایەی کە پێشتر لە وشە ڕاستییەکە بیستتان کە لە مزگێنیەکەدایە [6]کە گەیشتە لاتان وە
ئێستا بەهەمووو جیهاندا بڵاو دەبێتەوە، وە بەروبومی بەرهەمەکەی لەنێوانتاندا گەشە دەکات، بەو شێوەیە لە نێوانتاندا ڕوودەدات لەو
کاتەوەی کە بە بەخششی خودا گوێتان لێ بووە و بەڕاستی ئەزمونتان کردوە،[7]بەو پێیەی لە ئەپەفراسی هاوبەشی خۆشەویست فێر
بوون، ئەو خزمەتکارێکی دڵسۆزی مەسیحە لەلای ئێوە [8]خۆی باسی ئەو خۆشەویستیەی بۆ کردین کە لە گیانەکەدا هەتانە.[9]لەبەر ئەوە
ئێمەش، لەو ڕۆژەوەی هەواڵی ئێوەمان بیست، بەردەوام لە پێناوی ئێوەدا نزا دەکەین و دەپاڕێینەوە، تاوەکو پڕبن لە تەواوی زانیاری و
خواستی خودا بە هەموو دانایی و تێگەیشتنی گیانی، [10]تاوەکو بە شێوەیەک بژین کە شیاوی پەروەردگاربێت لەهەموو شتێک جێگای
ڕەزامەندیی ئەو بێت، لە هەموو چاکەکارییەک بەرهەمدار بن و بەتەواوی لە ناسینی خودا گەشە بکەن.[11]بەهێزتر بن بە هەموو هێزێک
هاوتای هێزی شکۆمەندیەکەی، تا کامڵ بن و بە پشوو درێژییەوە خۆڕاگر بن، [12]بە خۆشحاڵییەوە سوپاسی باوک بکەن کە وای لێ کردن
شایستەبن لە میراتی پیرۆزەکان لە ڕووناکیدا،[13]ئەوەی ڕزگاری کردین لە دەسەڵاتی تاریکی و گواستینیەوە بۆ شانشینی ڕۆڵە
خۆشەویستەکەی خۆی [14]لە ناو ئەودا ڕزگاربوونمان هەیە، واتا لێخۆشبونی گوناهەکان.[15]ئەو وێنەی خودای نەبینراوی، پێش هەموو
بەدیهێنراوانە، [16]چونکە بە ئەو هەمووو شتێک بەدیهێندران: هەرچی لە ئاسمان و لە زەویدایە، بینراو و نەبینراو، جا تەخت بێ، یان
فەرمانڕەوا یان میرنشین یا دەسەڵات. هەمووو ئەوەی لە گەردووندایە بە ئەو و بۆ ئەو بەدیهاتووە. [17]ئەو پێش هەمووو شتێک هەبووە، و بە
ئەو هەمووو شتێک بەردەوامی هەیە.[18]ئەو سەری جەستەکەیە، واتە کڵێسا؛ سەرەتا و نۆبەرەی هەستاوەی نێو مردووانە، بۆ ئەوەی لە
هەموو شتێکدا یەکەمین بێت. [19]چونکە پێ خۆشحاڵ بوو بەهەمووو پڕی خۆی لەودا ئاوێتە بێت، [20]بەوهەمووو شتێک لەگەڵ خۆی ئاشت
بکاتەوە، وەک چۆن ئاشتی هێنایە دی بە خوێنی خۆی لەسەر خاچ، لەودا هەموو شتێکی ئاشتکردەوە، جا چ لەسەر زەوی بێت یان لە
ئاسمانەکاندا.[21]وە ئێوەش، لەوانەبوون کە لە رابردوودا بێگانە و دوژمن بوون لە بیرکردنەوەدا، بەهۆی کارە خراپەکانتان، [22]ئێستا ئاشتی
کردنەوە بە مردن لە جەستەی مرۆڤانەدا. بۆ ئەوەی کە ئێوە ئامادە بکات بە پیرۆزکراوی و بێ کەموکوڕی لەبەردەمیدا دەربکەوون. [23]بە
ڕاستی لە باوەڕدا چەسپاوبن، دامەزراوبن و ڕەگ دابکوتن و نەگۆڕبن دەربارەی هیوای مزگێنیەکە ئەوەی بیستتان، ئەوەی ڕایدەگەێنین


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

بۆهەموو بەدیهێنراوانی ژێر ئاسمان، منیش کە پۆڵسم بومە خزمەتکاری.[24]ئێستا دڵشادم بە ئازارەکانم لە پێناوی ئێوەدا دەیچێژم، ئەوە تەواو دەکەم لە جەستەمدا کە لە تەنگانەکانی مەسیحی کەم بوو لە پێناو جەستەی ئەودا کە کڵێسایە، [25]من بووم بە خزمەتکار بەپێی ئەوەی خودا پێی بەخشیوم لە پێناوتان، تاوەکو وشەی خودا تەواو بکەم، بە ڕاگەیاندنی [26]ئەو نهێنیە شاردرابۆوە بەدرێژایی سەردەمەکان و نەوەکان، ئێستا بۆ پیرۆزکروانی ئاشکرا کردوە [27]خودا ویستویەتی بۆیان ئاشکرا بکات کە شکۆمەندی ئەم نهێنییە لە نێو گەلاندا چەندە دەوڵەمەندە: مەسیح لە ئێوەدایە و ئەو هیوای شکۆمەندییە؛[28]ئێمە نهێنییەکە ڕادەگەیەنین، ئامۆژگاری هەموو مرۆڤێک دەکەین، هەموو مرۆڤێک فێر دەکەین، بە هەموو داناییەکەوە تاکو هەموو مرۆڤێک بەتەواوی ئامادە بکەین لە مەسیحدا. [29]وەهەر لەبەر ئەم هۆکارەش منیش ڕەنج دەکێشم و کۆشش دەکەم، بە تواناکەی ئەو کە بە هێزەوە لە مندا کاردەکات.

 

## Chapter 2

[1]چونکە دەمەوێت بزانن چەندە تێکۆشاوم بۆ ئێوە و ئەوانەی لە شاری لاودیکیان، تێکۆشاوم بۆ هەموو ئەوانەی ڕووبەڕو نەیانناسیوم، [2]بۆ
ئەوەی دڵیان هان بدرێت و هەموویان لە خۆشەویستیدا یەکبگرن، بۆ ئەوەی بگەینە تێگەیشتنێکی تەواو، بۆ ئەوەی نهێنی خودا بزانین،
واتە مەسیح، [3]کە هەموو گەنجینەکانی دانایی و زانیاری تێدا هەڵگیراون.[4]ئەمە دەڵێم بۆ ئەوەی کەس بە قسەی فێڵبازانە فریوتان نەدات.
[5]هەرچەندە بەجەستە لە گەڵتان نیم، بەڵام لە گیاندا لەگەڵتان ئامادەم، دڵخۆش دەبم کاتێک ڕێکخستن و چەسپاوی ئێوە لە باوەڕ بە
مەسیح دەبینم.[6]کەواتە وەک چۆن یەشوای مەسیحتان وەک پەروەردگار وەرگرتووە، بە هەمان شێوە لە ئەودا بەردەوام بن [7]وە ئێوە لە
ئەودا ڕەگ دابکوتن و خۆتان بنیاد بنێن. وەک فێربوون لە باوەڕدا ڕۆبچن هەروەها سەرڕێژبن بە سوپاسگوزاری.[8]ئاگاداربن کەس
نەتانکاتە نێچیری فەلسەفە و خۆبەزلزانینی بێهودە، بەپێی نەریتی خەڵک و بنەماکانی جیهان؛ کە لەگەڵ مەسیحدا هاوڕانین. [9]چونکە خودا
بەپری خۆیی، لەجەستەی، مەسیحدا ئاوێتەبوو،[10]وە ئێوەش لەئەودا تەواون . ئەویش سەری هەموو میرنشین و دەسەڵاتێکە؛ [11]هەروەها
ئێوەش لەودا خەتەنەکران خەتەنەیەک کە بە دەست ئەنجام نەدراوە، کاتێک جەستەی مرۆڤی گوناهبارانەتان لێ داماڵدرا ئەمەش
خەتەنەکردنی مەسیحە: [12]لە کاتی لە ئاوهەڵکێشاندا لەگەڵ ئەودا نێژران، هەروەها لەگەڵ ئەویش هەستانەوە، بەهۆی باوەڕتان بە
تواناداری خودا کە لە نێو مردووان هەڵیستاندەوە.[13]کاتێک ئێوە، لە گوناهەکانتاندا مردبوون، وە بەجەستە خەتەنە نەکرابون، هەمووما ن
لەگەڵ ئەو زیندوو بوینەوە؛ لەتێکڕای گوناهەکانمان خۆشبوو. [14]چونکە ئەو ڕێسایانەی سڕیوەتەوە کە لە دژی ئێمە نووسراون، و
پێچەوانەی بەرژەوەندی ئێمەیە، بەڵکو لەو نێوەندەدا لای بردووە و بە بزمار لەسەر خاچ دایکوتی. [15]وە میرنشینەکان و دەسەڵاتدارانی لە
چەک داماڵی، بەئاشکرا ئابڕووی بردن، لە کاروانەکەیاندا سەرکردایەتی کردن و سەرکەوتوو بوو بەسەریاندا.[16]بۆیە با کەس دەربارەی
خواردن و خواردنەوە یان ئەو جەژنانەی پەیوەستن بە ئاهەنگی دەستپێکی مانگەکان یان شەبات داوەریتان نەکات؛ [17]ئەمانە سێبەری
ئەوەن کە دێت، واتە ئەو ڕاستییە بوو کە مەسیحە.[18]با کەس لە پاداشتەکەت بێ بەشت نەکات، بە هاندانی تۆ بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەیت
کە ئەو ئارەزوی دەکات بۆ پەرەستنی فریشتەکان بە خۆنەویستی، ئەو دەچێتە ناو بینینە خەیاڵییەکان، کە بەبیری جەستەی هەڵئاوساون،
[19]وە ئەویش دەست ناگرێت، بە سەرییەوە کە جەستە بەهۆیەوە هەموو خۆراکی خۆیی وەردەگرێت، کە لە ڕێگەی جومگە و
بەستەرەکانەوە بە یەکتروە بەستراونەتەوە، بەو شێوەیەی کە خودا دەیەوێت گەشە دەکات.[20]لە کاتێکدا ئێوە سەبارەت بە بنەماکانی
جیهان لەگەڵ مەسیحدا مردن، ئیتر بۆچی وەک ئەوەی لە جیهاندا دەژین، ملکەچی ئەم ئەرکانە دەبن: [21]مەیگرە، تامی مەکە، دەستی
لێ مەدە [22]وە ئەم شتانە دەخورێن و لەناو دەچن. چونکە ئەو یاسایانە ڕاسپاردەو فێرکاری مرۆڤن. [23]ئەو دانایی دەرکەوتنی هەیە بۆ
ئەوەی تێیدایە لە زیادەڕەوی پەرستنی دەستکرد، خۆ بەکەم زانین، و چەوساندنەوەی جەستە؛ ئەو شتانەی کە هیچ بەهایەکیان نییە، و
تەنیا بۆ تێرکردنی مەیلی مرۆڤە.



generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 3

[1]لەبەر ئەوەی ئێوەش لەگەڵ مەسیحدا هەستاونەتەوە، بۆ ئەو شتانەی کە لە سەرەوەن تێبکۆشن، چونکە مەسیح لە ڕاستەی خودا
دانیشتووە. [2]گرنگی بدەن بەو شتانەی کە لە سەرەوەن ، نەک بە شتە زەمینیەکان. [3]چونکە ئێوە مردبوون، و ژیانتان لەگەڵ مەسیح لە
خودادا شاراوەتەوە. [4]کاتێک مەسیح کە ژیانی ئێمەیە، کە دەرکەت، ئەوا ئێوەش لەگەڵیدا بە شکۆمەندی دەردەکەون.[5]کەواتە ئارەزووە
زەمینیەکانتان بمرێنن: داوێنپیسی، گڵاوی، هەوەسبازی، ئارەزووی خراپ، چاوبرسیێتی کە بتپەرستیە. [6]بەهۆی ئەم گوناهانەوە تووڕەیی
خودا دادەبەزێت، [7]ئێوە پێشتر بەم ڕێگەدا ڕۆیشتوون، کاتێک تێیدا ژیابوون. [8]بەڵام ئێستا، هەموو ئەم گوناهانە لە خۆتان داماڵن:
تووڕەیی، قین، ئارەزووی خراپەکاری، کوفر، و قسەی نەشیاو کە لە دەمتان دێتە دەرەوە.[9]درۆ لەگەڵ یەکتر مەکەن، چونکە مرۆڤی
کۆن و کردەوەکانیتان داکەندووە و [10]مرۆڤێکی نوێتان لەبەر کردووە ئەوەی نوێ بۆتەوە بۆ پێگەیشتن لە زانیاری تەواو بە پێی وێنەی
بەدیهێنەرەکەی. [11]لەوێشدا جیاوازی نییە لە نێوان یۆنانی و یەهودی، یان خەتەنەکراو و خەتەنەنەکراو، یان شارستانی و دواکەوتوویی،
یان کۆیلە و ئازاد، بەڵکوو مەسیح هەموو شتێکە و لە هەموو شتێکدا.[12]بۆیە، ئێوە کە گەلی پیرۆزی خۆشەویست و هەڵبژێردراوی خودان،
میهرەبانی و نیانی و بێفیزی و دڵنەرمی و پشوو درێژی لەبەر بکەن، [13]بەرگەی یەکتر بگرن و لە یەکتر خۆش بن. ئەگەر هەریەکێک لە
ئێوە سکاڵای لە ئەوەی دیکە هەبێت، وەک چۆن پەروەردگار لێتان خۆش بوو، ئێوەش هەروا. [14]وە لە سەرووی هەمووشیانەوە
خۆشەویستی لەبەر بکە کە پەیوەستە بە کامڵ بوونەوە.[15]با ئاشتی مەسیح فەرمان لەسەر دڵتان بکات، کە بە یەک جەستە بۆ ئەو
بانگکرابوون؛ سوپاسگوزار بن! [16]با وشەی مەسیح بە دەوڵەمەندی لە ئێوەدا نیشتەجێ بێت، بەوپەڕی داناییەوە، ئامۆژگاری یەکتر بکەن
و یەکتر فێر بکەن، زەبور و سروودی گیانی لە دڵتاندا بۆ خودا بڵێن، ستایشەکانتان بۆ ئەو بەرز بکەنەوە. [17]گرینگە هەرچییەک دەکەن، بە
قسە یان بە کردار، با هەمووی بە ناوی یەشوای پەروەردگارەوە ئەنجام بدرێت، سوپاسگوزاریتان بەو بەزری بکەنەوە بۆ خودای باوک.
[18]ئەی ژنان ملکەچی مێردەکانتان بن وەک چۆن لە پەروەردگاردا گونجاوە ( بۆژیان). [19]ئەی مێردەکان، ژنەکانتان خۆش بوێت، و دڵ
ڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵ مەکەن. [20]ئەی منداڵان، لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵی دایک و باوکتان بن، چونکە ئەمە لە پەروەردگاردا مایەی
ڕەزامەندیە. [21]ئەی باوکان، لە منداڵەکانتان تورە مەبەن، نەک شکست بهێنن.[22]ئەی کۆیلە لەهەموو فەرمانێکدا گوێڕایەڵی گەورەکانتان
بن، نەک تەنها ئەو کاتەی کە چاودێریتان دەکەن بۆ ئەوەی دڵی خەڵکی ڕازی بکەن، بەڵکوو بە دڵێکی ڕاستگۆیانە، لە پەروەردگار
بترسن. [23]هەرچییەک دەکەن، بە هەموو دڵتانەوە کۆششی بۆ بدەن، وەک بۆ پەروەردگاری بکەن نەک بۆ خەڵکی، [24]دەزانن کە پاداشت
دەدرێنەوە بە میراتێک لە پەروەردگارەوە. چونکە ئێوە خزمەتکاری مەسیحی پەروەردگارن [25]بەڵام هەریەکێک خراپەکاری بکات پاداشتی
کارە خراپەکەی وەردەگرێت، و خودا لایەنگری لێ ناکات.

## Chapter 4

[1]ئەی گەورەیان، لە گەڵ خزمەتکارەکانتان بە دادپەروەرانە مامەڵە بکەن، ئێوەش دەزانن، بە هەمان شێوە، گەورەتان هەیە لە ئاسمان.
[2]بەردەوام بن لە نزاکردن، و سوپاسگوزاری، [3]پێکەوە نزا بو ئێمەش بکەن، تاکو خودا دەرگایەکمان بۆ بکاتەوە بۆ گەیاندنی پەیامەکە، تا
بە نهێنی مەسیح بدوێین کە منیش لە پێناویدا بەندکراوم، [4]تاوەکو ئەوە بڵێم کە پێویستە ڕایبگەیەنم .[5]ژیرانە مامڵە لەگەڵ ئەوانەی
دەرەوەی کڵێسادا بکەن، کاتەکە بە باشترین شێوە بقۆزنەوە. [6]هەمیشە وتەکانتان لەگەڵ بەخشش دا بێت، وبە خوێ سوێر کرا بێت، تا
بزانن چۆن وەڵامی هەریەکێکیان بدەنەوە.[7]سەبارەت بە هەموو بارودۆخەکانم، تیخیکۆس، هاوڕێ و برای خۆشەویست، خزمەتکاری
دڵسۆزی پەروەردگارم، ئەو پێتان ڕادەگەیەنێت، [8]بۆ هەمان مەبەست بۆ لای ئێوەم ناردووە، بۆ ئەوەی بارودۆخی ئێمە بزانن و دڵتان هان
بدات، [9]بە یاوەری ئونیسیموس، ئەو برا دڵسوز و خۆشەویستەی کە لەلاتانە، لێرەوە لە بارودۆخی ئێمە ئاگادارتان دەکەنەوە.
[10]ئەریستاکروس هاوزیندانم سڵاوتان لێ دەکات، و مارکوس کوڕی خۆشکی برنابا، دەربارەی ئەو هەندێک ڕاسپاردەتان پێگەیشتووە :
پێشوازی لێبکەن؛ [11]یەشوا کە بە یەسوع ناسراوە. ئەمانە هەموویان لە خەتەنە کراوەکانن، تەنها ئەوان یارمەتی دەری منن بۆ شانشینی
خودا، دڵنەوایی بوون بۆ من.[12]ئەپاڤراس کە یەکێکە لە ئێوە، و خزمەتکاری یەشوای مەسیحە سڵاوتان لێ دەکات، هەمیشە لە نزاکانیدا
تێدەکۆشێ لە پێناوی ئێوەدا بۆ ئەوەی دڵنیایی تەواوتان هەبێت سەبارەت بە هەموو خواستی خودا. [13]من شایەتی ئەوە دەدەم زۆر
تێدەکوشێت بۆ ئێوە و ئەوانەی لە شاری لاودیکیا و ئەوانەی لە شاری هیراپۆلیسدان. [14]لۆکاس پزیشکی خۆشەویست؛ ودیماس سڵاوتان
لێدەکەن.[15]سڵاو لە برایانی لاودکیا، نیڤاس، وە ئەو کڵێسایەی کە لە ماڵەکەیدا تێیدا کۆبونەتەوە. [16]دوای ئەوەی ئەم نامەیەتان بۆ
خوێندرایەوە، بینێرن بۆ کڵێسای باوەڕدارانی لاودکیا بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە، ئەو نامەیەی کە هەیانە بیبە تا ئێوەش بتوانن بیخوێننەوە.
[17]بە ئارکیپوس بلێ: « ئاگاداری ئەو خزمەتە بە کە لە پەروەردگار وەرتگرتووە، بە تەواوی ئەنجامی بدات! »[18]من پۆڵسم، ئەم سڵاوە
دەستنوسی خۆمە. یادی کۆت وبەندیم بکەن. با بەخشش لەگەڵتان بێت.

# 1 Thessalonians

## Chapter 1

[1]لە پۆڵس و سیلڤانۆس و تیمۆساسەوە، بۆ کڵێسای باوەڕدارانی تەسالۆنیکی ئەوانەی لە خودای باوک و یەشوای مەسیحی
پەروەردگاردان. بەخشش و ئاشتی بۆ ئێوە بێت لە خودای باوکمان و پەروەردگارەوە یەشوای مەسیح. سوپاس لە پێناوی باوەڕی
باوەڕدارانی تەسالۆنیکی[2] هەمیشە سوپاسی خودا دەکەین لە پێناو هەمووتان، کاتێک لە نزاکانماندا بەبێ وەستان یادی ئێوە دەکەین؛
[3]لەبەردەم خودا و باوکماندا، کارەکانی باوەڕ و کۆششی خۆشەویستی و هیوای چەسپاوتان، لە پەروەردگارمان یەشوای مەسیح، لە بیر
بێت؛[4]ئێمە، ئەی برایان و خۆشەویستانی خودا، ڕاستی هەڵبژاردنی ئێوە لەلایەن خوداوە دەزانین: [5]چونکە بانگەشەی مزگێنیەکەمان بۆ
ئێوە تەنها قسە نەبووە، بەڵکو هێز و گیانی پیرۆز و دڵنیایی تەواوی لەگەڵدا بووە. هەروەک چۆن بە تەواوی دەزانن ئێمە لە نێوانتاندا لە
پێناو بەرژەوەندی ئێوە چی بووین،[6]ئێوەش بوونە نموونەیەک لە ئێمە و پەروەردگار، کاتێک لە ناوەڕاستی تەنگانەی گەورەدا بە خۆشی
گیانی پیرۆزەکە وشەی خوداتان وەرگرت. [7]تەنانەت بوون بە نموونە بۆ هەموو ئەو باوەڕدارانەی کە لە هەرێمی مەکەدۆنیا و ئەخایا
نیشتەجێن.[8]لە ئێوە وشەی پەروەردگار بڵاوبۆوە، نەک تەنها لە مەکەدۆنیا و ئەخایا، بەڵکو باوەڕتان بە خودا لە هەموو شوێنێک بڵاوبۆوە،
بەجۆرێک پێویست ناکا ئێمە هیچی تر بڵێن. [9]چونکە هەمان ئەو باوەڕدارانە خۆیان باسی دەکەن کە چۆن بۆ یەکەمجار هاتین بۆ لای ئێوە،
و چۆن لە بتەکانەوە ڕووتان لە خودا کرد، بۆ ئەوەی خزمەتی خودای زیندووی ڕاستەقینەکە بکەن، [10]لە ئاسمانەکانەوە چاوەڕێی
ڕۆڵەکەی بن، کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە، یەشوای ڕزگارکەرمان لەو تووڕەییەی کە دێت.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

[1]چونکە، ئەی برایان، بزانن کە هاتنمان بۆ لای ئێوە بێهودە نەبوو. [2]هەرچەندە ئێمە لە شاری فیلیپی، ئازار و سووکایەتیمان بەسەردا هاتبوو، بەڵام هەروا کە دەزانن ئێمە لە خوداماندا بوێرین کە مزگێنیەکەی خوداتان پێ بڵێین لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دژایەتییەکی بەهێزدا.[3]بانگەوازەکەمان لە گومڕایی و پیسییەوە نەهاتووە، تێکەڵ بە فێڵبازی نیە، [4]بەڵکوو ئێمە وەک کەسێک قسە دەکەین بە تاقیکردنەوەی خودا دەرکەوتووە کە شایەنی ئەوەین متمانەمان پێ بکرێت لە مزگێنیەکەدا، نە بۆ ڕازیکردنی خەڵکی بەڵکو بۆ ئەو خودایەی کە دڵەکانمان دەپشکنێت.[5]وەک ئێوەش دەزانن، ئێمە هەرگیز بە مەراییەوە قسەمان لەگەڵ ئێوە نەکردووە، نەمانکردووە بە بیانویەک بۆ چاوچنۆکی خودا شایەتە [6]هەوڵمان نەداوە شکۆمەندی لە خەڵکەوە بەدەست بهێنین، نە لە ئێوە و نە لە کەسانی تریش، [7]هەرچەندە ئێمە مافی ئەوەمان هەیە وەک نێردراوی مەسیح خۆمان بەسەرتاندا بسەپێنین. بەڵام ئێمە لەگەڵ ئێوە نەرم و نیان بووین وەک دایکی شیردەر کە ئاگاداری منداڵەکانی دەبێت. [8]زۆر میهرەبان بووین لەگەڵتان، ڕەزامەند بووین نەک تەنها مزگێنیەکەی خودا بەڵکو خودی خۆشمان پێشکەشتان بکەین، چونکە ئێوە بۆ ئێمە خۆشەویستن. [9]لەبیرتان بێت، ئەی برایان، هەوڵ و ماندوبوونمان، کاتێک مزگێنیەکەی خودامان پێدان شەو و ڕۆژ کارمان دەکرد بۆ ئەوەی نەبینە بارێکی گران لەسەر هیچ کام لە ئێوە.[10]ئێوە شایەتن، خوداش بینایە، کە ئێمە لە ناو ئێوەدا چۆن ڕەفتارمان کرد، ئێوەی باوەڕدار، بە پاکی و ڕاستگۆیی و دووربوون لە سەرکۆنە، [11]هەروا کە دەزانن وەک چۆن باوکێک مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانی دەکات هەروا لەگەڵتان ڕەفتارمان کردووە، بۆیە ئامۆژگاری هەر یەک لە ئێوەمان دەکرد و هانمان دەدان [12]و داوامان دەکرد بە شێوەیەک ڕەفتار بکەن کە شایەنی خودا بێت، ئەوەی کە بانگهێشتتان دەکات بۆ شانشین و شکۆمەندییەکەی.[13]هەر بۆیە ئێمەش بەبێ وەستان سوپاسگوزاریمان بۆ خودا بەرز دەکەینەوە، چونکە کاتێک وشەی مزگێنییەکەتان لە خوداوە وەرگرت، وەک ئەوەی قسەی مرۆڤ بێت وەرتان نەگرت، بەڵکو وەک ئەوەی لە ڕاستیدا هەیە: بە وشەی خودای بزانن کە لە ئێوەی باوەڕدارایشدا کار دەکات.[14]چونکە، برایان، ئێوە لە کڵێساکانی خودا دەچن کە لە ناوچەی یەهودیان و لە یەشوای مەسیحدان. ئێوەش بەدەست گەلی خۆتانەوە ئازارتان چەشت هەمان ئازار کە ئەوان لە سەر دەستی یەهودییەکان چێشتیان [15]ئەوانەی پەروەردگار یەشوا و پێغەمبەرەکانیان کوشت و ئێمەشیان چەوساندەوە، ئەوان خودا رازی ناکەن و دوژمنایەتی هەموو خەڵکی دەکەن، [16]ڕێگریمان لێدەکەن مزگێنیەکە بە گەلان رابگەیەنین بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت، بەم شێوەیە لە هەموو کاتێکدا بەردەوام دەبن لە گوناهەکانیان، بەڵام ئەوپەڕی تووڕەیی خودا دێتە سەریان.[17]بەڵام ئێمە، برایان، کە بۆ ماوەیەکی کورت لە ئێوە جیا بووینەوە، بە ڕووخسار نەک بە دڵ، هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ بینینی ڕوخسارتان و لە ئەوپەڕی تامەزرۆیداین بۆ ئێوە. [18]هەر بۆیە بڕیارماندا بێینە لای ئێوە، بە تایبەت من پۆڵس جار لە دوای جار، بەڵام شەیتان ڕێگری لێکردین. [19]کەواتە هیوامان یان خۆشیمان یان تاجی شانازیکردنمان چیە لەبەردەم یەشوای پەروەردگارمان کاتێک دەگەڕێتەوە؟ ئایا ئێوە نین؟ بەڵێ، [20]بە دڵنیاییەوە بە ئێوە شانازی دەکەین و دڵخۆشین.

# Chapter 3

[1]بۆیە کاتێک بەرگەی دابڕانمان لە ئێوە نەگرت، باشتر بوو بۆ ئێمە بە تەنیا لە شاری ئەسینا بمێنینەوە، [2]بۆیە تیمۆساوسی برامان، کە لە خزمەتکردنی خودا بە راگەیاندنی مزگێنیەکە یارمەتیدەرمانە، ناردمان بۆ ئەوەی بەهێزتان بکات و هانتان بدات لە باوەڕەکەتاندا، [3]تا لەم تەنگانەیەداهیچ کامتان نەلەرزن. چونکە دەزانن ئێمە بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان کراوین؛[4]پێشتر، پێمان گوتبوون کە توشی تەنگانە دەبین، وەک دەزانن پاش ئەوە ڕوویدا. [5]بەرگەی دابڕانی ئێوەمان نەگرت هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، ناردم تاوەکو هەواڵی باوەڕتان بزانم نەکا تاقیکار تاقیتان بکاتەوە و کۆششمان بێهودە بێت.[6]بەڵام ئێستا، تیمۆساوس لە لای ئێوە گەڕاوەتەوە بۆ لای ئێمە و مژدەی باوەڕ و خۆشەویستی ئێوەی پێداین، و ئەوەی کە لە هەموو کاتێکدا بە باشی یادی ئێمە دەکەنەوە، و تامەزرۆی بینینی ئێمەن بە هەمان ڕادە کە ئێمە تامەزرۆین بۆ بینینتان، [7]لە ئێوەدا برایان دڵنەواییمان لە ناو تەنگانە و ناخۆشییەکانماندا دۆزیەوە سەبارەت بە باوەڕتان. [8]ژیان بۆ ئێمە خۆشە تا ئەو کاتەی ئێوە لە پەروەردگاردا چەسپاو بن! [9]چۆن سوپاسی خودا بکەین لەبری ئێوە، لە پێناو ئەو شاگەشکەبوونەمان بە هۆی ئەو خۆشییەی کە هەتانە لەبەردەم خوداماندا، [10]شەو و ڕۆژ بە نزا دەپاڕێینەوە بۆ بینینی ڕووخسارتان و تەواوکردنی ئەوەی لە باوەڕتاندا کەم بوو؟[11]بەڵکو خودای باوکمان، و پەروەردگارمان یەشوای مەسیح، بۆ خۆی ڕێگای بەردەممان بەرەو ئێوە ئاسان باکات. [12]پەروەردگار بیێتە هۆی گەشە کردن و سەرڕێژبوونتان لە خۆشەویستی بۆ ئەوەی یەکتر و سەرجەم مرۆڤەکانتان خۆشبوێت وەک چۆن ئێمە ئێوەمان خۆش دەوێت، [13]بۆ ئەوەی دڵتان بێ تاوان بێت لە پیرۆزیدا لەبەردەم خودا و باوکماندا چەسپاو بێت کاتێک یەشوای پەروەردگارمان دەردەکەوێت و لەگەڵ هەموو پیرۆزکراواندا دەگەڕێتەوە.

# Chapter 4

[1]دوای ئەوە، برایان، ئێوە لە ئێمەوە فێربوون کە چۆن دەبێت ڕەفتار بکەن بۆ ئەوەی خودا ڕازی بکەن، وەک چۆن ئێوە دەیکەن، بۆیە
تکاتان لێدەکەین و ئامۆژگاریتان دەکەین لە پەروەردگار یەشوادا پێشکەوتنەکانتان لەم بابەتە دوو هێندە زیاتر و زیاتر بکەن. [2]کەواتە ئەو
ڕاسپاردانە دەزانن کە ئێمە لە پەروەردگار یەشواوە فێرمان کردن.[3]چونکە خواستی خودا ئەمەیە: پیرۆزیتانە. ئەمەش بۆ قەدەغە کردنی
داوێنپیسیە، [4]هەروەها هەر یەکێکتان بزانێت چۆن جەستەی خۆی بە پاکی و ڕێزەوە بپارێزێت [5]نەک بە ئارەزووی بێ سنووری بسپێرن
وەک ئەو بتپەرستانەی کە خودا ناناسن، [6]دەست درێژی بۆسەر مافی براکەیان نەکەن و لەم بابەتەدا ئازاری نەدەن، چونکە پەروەردگار
تۆڵەسێنەری هەموو ئەم تاوانانەیە، هەروەک چۆن پێشتر ئاگادارمان کردنەوە و بە ڕاستی شایەتیمان بۆدان.[7]چونکە خودا بانگمان ناکات
بۆ پیسی بەڵکو بۆ (ژیان) لە پیرۆزیدا. [8]ئەگەر هەرکەسێک لەم بابەتەدا سووکایەتی بە براکەی بکات، سووکایەتی بە مرۆڤ ناکات بەڵکو
بە خودا دەکات، ئەوەی کە بە ڕاستی گیانی پیرۆزی خۆی پێبەخشیون.[9]سەبارەت بە خۆشەویستی برایانە، پێویست ناکات من
لەبارەیەوە بۆتان بنووسم، چونکە ئێوە خۆتان لە خوداوە فێربوون یەکترتان خۆش بوێت، [10]چونکە هەر بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ
سەرجەم براکانتان لە ناوچەی مەکەدۆنیا دەکەن. هانتان دەدەین، برایان، ئەمە دوو هێندە زیاتر و زیاتر بکەن، [11]پێویستە بە تەواوی
هەوڵبدەن بە هێمنی بژین و گرینگی بە کاروباری خۆتان بدەن، و بژێوی ژیانتان بە کاری دەستەکانتان پەیدا بکەن، هەر وەک
ڕامانسپاردوون. [12]تا ئەو کاتەی ڕەفتارەکانتان ناوبانگێکی باشیان دەبێت بۆ ئەوانەی دەرەوەی کڵێسا، و پێویستتان بە هیچ شتێک نابێت.
[13]چونکە ئێمە دەمانەوێت، برایان، بابەتی ئەو کەسانەی نوستوون لێتان شاراوە نەبێ، بۆئەوەی وەکوو کەسانی تر کە هیچ هیوایەکیان نیە
تووشی خەم و پەژارە نەبن [14]مادام باوەڕمان وایە کە یەشوا مردووە و پاشان هەستایەوە، خودا ئەوانەش لەگەڵ ئەودا ئامادە دەکات
کە لە یەشوادا نوستوون . [15]کەواتە ئەمە بە وشەیەک لە پەروەردگارەوە پێتان دەڵێین: ئێمە تا گەڕانەوەی پەروەردگار بە زیندووی
دەمێنینەوە، ئێمە پێش ئەوانە ناکەوین کە نوستوون.[16]چونکە پەروەردگار خۆی لە ئاسمانەوە دادەبەزێت هەر کە فەرمانی کۆکردنەوەکە
درا، و فریشتەکە بانگی دەکا، و کەڕەنایەکی خودایی لێدەدات، سەرەتا ئەوانەی لە مەسیحدا مردوون هەڵدەستنەوە. [17]پاشان ئێمە کە
زیندوو ماوین، هەموومان لە هەورەکاندا دەبردرێین بۆ ئەوەی بە پەروەردگار کۆ ببینەوە لە ئاسماندا. بەم شێوەیە ئێمە بەردەوام لەگەڵ
پەروەردگار دەمێنینەوە. [18]ئێوەش بەم قسانە یەکتر هان بدەن.

Chapter 5

[1]سەبارەت بە پرسی سەردەم و کاتە دیاریکراوەکان پێویست ناکات دەربارەیان بۆتان بنووسم. [2]چونکە بە دڵنیاییەوە دەزانن کە ڕۆژی
پەروەردگار دێت وەک چۆن دز لە شەودا دێت. [3]لە کاتێکدا خەڵک دەڵێن: ئاشتی و ئارامی هەیە! لەناوچوونێکی لە ناکاو دێتە سەریان،
وەک ئازاری ژنێکی دووگیان، و هەرگیز ناتوانن لێی دەرچن.[4]جگە لەوە ئێوەش،ئەی برایان، ئەو ڕۆژەی کە وەک دزێ لە ناکاو دێت لە
تاریکیدا نابن. [5]چونکە هەمووتان ڕۆڵەی ڕووناکی و ڕۆژن. ئێمە نە خەڵکی شەوین و نە خەڵکی تاریکی. [6]بۆیە، با نەخەوین وەک چۆن
ئەوانی تر دەخەون، بەڵکو با بەئاگا و هۆشیاری بمێنینەوە، [7]چونکە ئەوانەی بە شەو دەخەون با بخەون و، ئەوانەی لە شەودا سەرخۆشن
با سەرخۆش بن[8]بەڵام ئێمە، کە خەڵکی ڕۆژین، دەبێت بە ئاگایی بمێنینەوە، و باوەڕ و خۆشەویستی بکەین بە قەڵغانێک بۆ سینگمان، و
هیوای ڕزگاربوون کڵاو بۆ سەرمان. [9]چونکە خودا ئێمەی دیاری کردووە نەک بۆ ئەوەی تووڕەیی بەسەرماندا بێت بەڵکو بۆ ئەوەی بە
یەشوای مەسیحی پەروەردگارمان ڕزگارمان بێت، [10]کە لە پێناو ئێمەدا مرد بۆ ئەوەی هەموومان لەگەڵیدا بژین، جا چ لە بەئاگابوونی
ژیاندا بین یان لە خەوی مردندا! [11]بۆیە دڵنەوایی یەکتر بکەن و یەکتر بە هێز بکەن، هەروەک چۆن دەیکەن.[12]بەڵام داواتان لێدەکەین،
برایان، ئەو کەسانە بناسن کە لە نێوانتاندا زۆر کۆشش دەکەن، وەک چۆن پەروەردگار دەیەوێت شوانایەتیتان دەکەن، و ئامۆژگاریتان
دەکەن، [13]ڕێزیان بگرن بە ڕێزلێنانی خۆشەویستی لە پێناو کارەکانیان. بە ئاشتی لەگەڵ یەکتردا بژین. [14]داواتان لێدەکەین، ئەی برایان،
ئامۆژگاری تێکدەرەکان، و بێ ورەکان بکەن، و پشتگیری لاوازەکان بکەن، و بە پشوو درێژییەوە لەگەڵ هەمووان ڕەفتار بکەن.[15]ئاگادار
بن هیچ کام لە ئێوە خراپە بە خراپە وەلام نەدەنەوە هاوشێوەی ئەوان. بەڵکو بەردەوام هەوڵبدەن بە چاکە لەگەڵ یەکتر ولەگەڵ
هەمووان رەفتار بکەن. [16]بەردەوام شاد بن؛ [17]بێ بڕانەوە نزا بکەن؛ [18]لە هەموو بارودۆخێکدا سوپاسگوزار بن: چونکە ئەمە خواستی
خودایە بۆ ئێوە لە مەسیحی یەشوادا.[19]گیانەکە خامۆش مەکەن، [20]سووکایەتی بە پێشبینیەکان مەکەن؛ [21]هەموو شتەکان تاقی بکەنەوە و
دەست بە باشەوە بگرن. [22]خۆت بە دوور بگرە لە هەموو شتێک کە گومانی خراپەی تێدایە.[23]خودای ئاشتی خۆی بە تەواوی پیرۆزتان
بکات، و خۆتان و گیان و جەستەتان تەندروست بکات، تا لە گەڕانەوەی پەروەردگارمان یەشوای مەسیحدا بێ کەموکوڕی بن. [24]چونکە
خودا کە بانگهێشتتان دەکات ڕاستگۆیە، و ئەوەش بە ئەنجام دەگەیەنێت.[25]ئەی برایان، لە پێناوماندا نزا بکەن. [26]بە ماچێکی پاکەوە سڵاو
لە هەموو برایان! [27]بە پەروەردگار داواتان لێدەکەم کە ئەم نامەیە بۆ هەموو براکان بخوێندرێتەوە. [28]بەخششی پەروەردگارمان یەشوای
مەسیح لەگەڵتان بێت.

# 2 Thessalonians

Chapter 1

[1]لە پۆڵس و سیلڤانۆس و تیمۆساوسەوە، بۆکڵێسای باوەڕدارانی تەسالۆنیکی کە لە خودای باوکمان و پەروەردگار یەشوای مەسیحدان.
[2]بەخشش و ئاشتیتان بۆ بێت لەلایەن خودای باوک و پەروەردگار یەشوای مەسیحەوە.[3]ئەرکی ئێمەیە بەردەوام سوپاسی خودا بکەین لە
پێناو ئێوە ئەی برایان. ئەمەش ڕاستیە: چونکە باوەڕتان بەردەوام لە گەشەدایە، و خۆشەویستیتان بۆ یەکتر لەنێو هەمووتاندا ڕژاوە.
[4]تەنانەت ئێمە، خۆشمان، شانازیتان پێوە دەکەین لە کڵێساکانی خودادا بەهۆی خۆڕاگری و باوەڕتان لە ناو ئەو هەموو چەوسانەوە و
تەنگانەیە کە بەرگەیتان گرتووە. [5]ئەمە بەڵگەیە لەسەر بڕیاری خودا کە دادپەروەرە ، بە مەبەستی ئەوەی بە شایەنی شانشینی خودا
هەژمار بکرێن، کە بەهۆیەوە ئازار دەچێژین.[6]دادپەروەری لای خودا ئەوەیە بە ڕاستی بە تەنگانە سزای ئەو کەسانە دەدات کە ئازارتان
دەدەن، [7]وە پاداشتی ئێوە دەداتەوە، ئێوە کە ئازارتان چێشتووە، هەروەک چۆن پاداشتی ئێمە دەداتەوە، بەو ئاسوودەییە کاتیک یەشوای
پەروەردگار لە ئاسمانەوە، بە ئاشکرا لەگەڵ فریشتەکانی بە دەسەڵاتی خۆیەوە دەردەکەوێت، [8]لە ناوڕاستی ئاگرێکی گەورەدا، بە
تەواوی تۆڵە لەو کەسانە دەکاتەوە کە خودا ناناسن و گوێڕایەڵی مزگێنیەکەی پەروەردگارمان یەشوا نابن.[9]ئەوان تووشی سزای لە
ناوچوونی هەتاهەتایی دەبن، بە دوور دەبن لە ئامادەیی و شکۆ و دەسەڵاتی پەروەردگاردا، [10]کاتێک لەو ڕۆژەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە
پیرۆزییەکەیدا شکۆمەند بێت و ببێتە جێی سەرسامی بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، وە ئێوە باوەڕتان هێناوە بە شایەتیەکەمان بۆ
ئێوە![11]هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بەردەوام نزاتان بۆ دەکەین، تا خودامان بتانکاتە شایەنی ئەو بانگهێشتە کە بۆی کردووین، بە هێزی
خۆی، هەموو ئەو شتانەی کە دڵی خۆش دەکەن لە چاکە و چالاکی باوەڕ، لە ئێوەدا بە دی بێت، [12]تا ناوی یەشوای پەروەردگارمان لە
ئێوەدا شکۆمەند بێت و ئێوەش لە ناو ئەودا شکۆمەند دەبن بە پێی بەخششی خودا و پەروەردگارمان یەشوای مەسیح.

## Chapter 2

1داواتان لێدەکەین برایان دەربارەی گەڕانەوەی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح و کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەو 2مەهێڵن بیرکردنەوەکانتان
خێرا تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێتان بکات، هیچ پێشنیار و هەواڵ و پەیامێک نییە کە بە درۆ لەلایەن ئێمەوە، بانگەشەی ئەوە بکات کە
ڕۆژی پەروەردگار پێشتر هاتووە.3مەهێڵن کەس بە هیچ شێوەیەک فریوتان بدات! چونکە ئەو ڕۆژە نایەت ئەگەر پێشتر لادان و مرۆڤی
سەرپێچیکار، و ڕۆڵەی لە ناوچوو دەرنەکەوێت، 4ئەو کەسەی کە دژایەتی هەموو شتێک دەکات کە پێی دەوترێت خودا یان پەرستراو، و
خۆبەزلزانانە دوژمنایەتی دەکات. لە پەرستگای خودا شوێنێک بۆ خۆی دەکاتەوە، هەوڵدەدات بیسەلمێنێت کە ئەو خودایە.5ئایا لەبیرتان
نییە کە زۆرجار کاتێک لەگەڵتان بووم ئەم قسانەم پێتان دەگوت؟ 6وە ئێستا دەزانن چی رایگرتووە بۆ ئەوەی ئامادە نەبێت تەنها لەو
کاتەدا کە بۆی دیاری کراوە. 7سەرپێچیکارەکە ئێستا بە شاراوەیی کار دەکات وەک ئەوەی نهێنی بێت. تا ئەو کاتەی ئەوەی کە دەست
بەسەری دەکات و لەو نێوەندە دووری دەخاتەوە.8مرۆڤە یاخیبووەکە بە ڕوونی دەردەکەوێت و پاشان یەشوای پەروەردگار بە هەناسەی
دەمی و لە گەڕانەوەیدا بە شکۆمەندی دەرکەوتنی لەناوی دەبات. 9سەبارەت بە دەرکەوتنی یاخیبووەکە، بە ڕادەی شەیتان توانایی
دەبێت بۆ ئەنجامدانی پەرجوو وە هەموو نیشانە سەرسوڕهێنەرە درۆینەکان، 10تا بە هەموو جۆرە گومڕاییەک لەناوچووەکان ڕابکێشێت
بۆ سەرپێچی، چونکە خۆشەویستی ڕاستییەکەیان وەرنەگرتووە تا ڕزگاریان بێت.11لەبەر ئەم هۆکارە، خودا وزەی گومڕاکردنیان بۆ
دەنێرێت بۆ ئەوەی باوەڕ بەو شتە بکەن کە فێڵە، 12کەواتە بڕیار دەدرێت لە سەر هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە ڕاستیەکە نەبووە
بەڵام بە ناپاکی دڵخۆش بوون.13سەبارەت بە ئێمەش، ئەرکی ئێمەیە بەردەوام سوپاسی خودا بکەین لە پێناو ئێوە، ئەو برایانەی
پەروەردگار خۆشی دەوێن، چونکە خودا هەر لە سەرەتاوە ئێوەی هەڵبژاردووە بۆ ڕزگاربوون، پیرۆزکردنی گیان و باوەڕتان بە ڕاستی.
14بۆ ئەم مەبەستە بە مزگێنی ئێمە بانگهێشتی کردوون، بۆ ئەوەی شکۆمەندی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح بەدەست بهێنین. 15بۆیە
برایان، چەسپاو بن ودەست بگرن بەو فێرکاریانەی کە لە ئێمەوە وەرتانگرتووە، جا چ بە قسە یان بە نامەکانمان.16خودی
پەروەردگارمان یەشوای مەسیح، و خودای باوکمان، کە خۆشی ویستووین و بە بەخششی خۆی ئاسوودەیەکی هەتاهەتایی و هیوایەکی
باشی پێبەخشیوین، 17دڵتان هان دەدات و رەگتان دادەکوتێت لە هەموو کردەوە و وتەیەکی چاکدا!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 3

[1]پاشان، ئەی برایان، نزامان بۆ بکەن، تا وشەی پەروەردگار بە خێرایی بڵاوبێتەوە و شکۆمەند بێت وەک چۆن لە ئێوەدا هەیە، [2]و خودا لە
مرۆڤی خراپەکار ڕزگارمان بکات، چونکە باوەڕ بەشی هەموو کەسێک نییە. [3]بەڵام پەروەردگار دڵسۆزە؛ چەسپاوتان دەکات و لە هەموو
خراپەیەک دەتانپارێزێت.[4]ئێمە پڕین لە متمانەی پەروەردگار بە ئێوە سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەوەی ئیمە پێمان ڕاسپاردوون و ئێوەش
کاری پێدەکەن. [5]خودا دڵەکانتان ڕێنوێنی بکات بۆ ئاراستەی خۆشەویستی خۆی و خۆڕاگری مەسیح.[6]ئەی برایان، بەناوی پەروەردگارمان
یەشوای مەسیح، ڕاتان دەسپێرین، خۆتان جیا بکەنەوە لە هەر برایەک کە ڕەفتاری ئاژاوەگێڕانەی هەیە، لەگەڵ ئەو فێرکردنەدا یەک
ناگرێتەوە کە لە ئێمەوە وەرتانگرتووە. [7]ئێوە خۆتان دەزانن چۆن دەبێت وەک ئێمە بن، چونکە ڕەفتارەکانمان لەناو ئێوەدا ئاژاوەگێڕانە
نەبوو، [8]نانمان لەلای کەس بە خۆڕایی نەخواردووە، بەڵکو شەو و ڕۆژ بە رەنج و ماندوو بوونەوە کارمان دەکرد، بۆ ئەوەی نەبینە
بارگرانی لە سەرهیچ کامتان. [9]ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە مافمان نییە، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوە بوو خۆمان بکەینە نموونە بۆ ئەوەی
ئێوەش وەک ئێمە بکەن.[10] کاتێک لەگەڵتان بووین بەم بنەمایەمان رامانسپاردن: هەر یەکێک نەیویست کار بکات، با نەخوات!
[11]بیستوومانە لە نێو ئێوەدا هەندێک کەس ئاژاوەگێڕانە هەڵسوکەوت دەکەن و خۆیان بە هیچ شتێکەوە سەرقاڵ ناکەن بە کاروباری
ئەوانی تر نەبێ. [12]بۆ هاوشێوەیەی ئەمانە ڕایاندەسپێرین، لە پەروەردگار یەشوای مەسیحدا، بژێوی ژیانی خۆیان پەیدا بکەن، بە هێمنی
کار بکەن.[13]بەڵام، ئێوە ئەی برایان، لە کاری چاکە سست مەبن. [14]وە ئەگەر کەسێک لەم نامەیەدا گوێڕایەڵی قسەی ئێمە نەبوو، بۆیە
جییان بکەنەوە و مامەڵەیان لەگەڵ مەکەن، بۆ ئەوەی شەرمەزار بن. [15]بە دوژمنی خۆتانی مەزانن، بەڵکو وەک برایەک ڕێنوێنی بکەن.
[16]پەروەردگاری ئاشتی خۆی هەمیشە و لە هەموو بارودۆخێکدا ئاشتیتان پێ ببەخشێت! پەروەردگار لەگەڵ هەمووتان بێت! [17]ئەمە
سڵاوی منە، من پۆڵس، بە دەستنووسی خۆم. ئەمە نیشانەی جیاکەرەوەیە لە هەر نامەیەک کە لە منەوەیە. من بەم شێوەیە دەنووسم.
[18]بەخششی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح لەگەڵ هەمووتان بێت!

# 1 Timothy

## Chapter 1

[1]لە پۆڵسەوە، نێردراوی یەشوای مەسیح بەپێی فەرمانی خودای ڕزگارکەرمان و مەسیحی یەشوای هیوامان، [2]بۆ تیمۆساوس کوڕی
ڕاستەقینەی من لە باوەڕدا. بەخشش و میهرەبانی و ئاشتیتان بۆ بێت لەلایەن خودای باوکمان و پەروەردگارمان مەسیحی یەشوا!
[3]هەروەک چۆن ئامۆژگاریم کردیت کاتێک بەرەو هەرێمی مەکەدۆنیا دەڕۆشتیت، (داوات لێدەکەم) لە شاری ئەفسۆس بمێنیتەوە، بۆ
ئەوەی ڕێگری لە هەندێک مامۆستا بکەیت کە فێرکاریەک بڵاودەکەنەوە کە پێچەوانەی فێرکارییە دروستەکەیە، [4]باوەڕداران ڕابسپێرە کە
سەرقاڵ نەبن بە ئەفسانە و ڕەچەڵەک ناسی بێ کۆتا. بەم بابەتانە مشتومڕی بێسوود دەوروژێنن لە ئاستی پلانی خودادا نییە کە بە
باوەڕ جێبەجێ دەبێت.[5]سەبارەت بەو مەبەستەی کە ڕامسپاردویت، ئەوە خۆشەویستییەی کە لە دڵێکی پاک و ویژدانێکی باش و
باوەڕێکی بێ دووڕوی سەرچاوەی گرتووە. [6]هەندێک لایانداوە، و سەرقاڵی مشتومڕی بێ بەرهەمن، [7]دەیانەوێت ببنە مامۆستا لە یاسای
تەوراتدا، بەڵام تێناگەن چی دەڵێن و بڕیار لەسەر چی دەدەن! [8]دەزانین یاسای تەورات خۆی لە خۆیدا باشە، ئەگەر بەپێی تەورات بەکار
بهێنرێت.[9]تەورات بۆ ڕاست و دروستان نەهاتووە، بەڵکو بۆ خراپەکاران و یاخیبووان، ناپاک و گوناهبارەکان، و ئەوانەی باوک و دایکیان
دەکوژن، و مرۆڤەکان دەکوژن، [10]داوێنپیس و هاوڕەگەزباز، و ڕفێنەر و درۆزن و شایەتحاڵی درۆزن. وە ئەوانەی لەگەڵ هەموو
خراپەیەکی تر کە پێچەوانەی فێرکاری ڕاستن [11]هاوتای مزگێنی شکۆمەندی خودای پیرۆز، کە بە من سپێردراوە.[12]چەندە سوپاسی
مەسیحی یەشوای پەروەردگارمان دەکەم کە دەسەڵاتی پێدام و منی وەک خزمەتکاری خۆی دەستنیشان کرد، چونکە منی بە شایستەی
متمانەی خۆی زانی، [13]هەرچەندە لە ڕابردوودا کوفرم دەکرد، و خەڵکم ئازار دەداو پیاوێکی توند و تیژ بووم! بەڵام بە سۆزەوە مامەڵەم
لەگەڵ کرا، چونکە ئەوەی کردم لە نەزانی و بێ باوەڕیم کردم. [14]بەڵام بەخششی پەروەردگارمان بێ ئەندازە بەسەرمدا ڕژاوە، لەگەڵ
باوەڕ و خۆشەویستی، بە یەشوای مەسیح.[15]ئەم قسەیە چەندە ڕاستە، و شایەنی باوەڕێکی تەواوەتییە: یەشوای مەسیح هاتە جیهان بۆ
ڕزگارکردنی گوناهباران، منیش یەکەمینیان بووم! [16]بەڵام لەبەر ئەم هۆکارە بە میهرەبانی مامەڵەم لەگەڵ کرا، بۆ ئەوەی یەشوای
مەسیح من بکاتە نموونەی پشوو درێژی خۆی، بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە بۆ بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتایی. [17]بۆ پاشای
هەمیشەیی، تاکە خودای نەبینراو و نەمر، ڕێزو شکۆمەندی بۆ ئەوە هەتاهەتایە. ئامین![18]تیمۆساوسی کوڕم ئەو ڕاسپاردانەم،
پێسپاردیت بەپێی پێشبینییەکانی پێشوو سەبارەت بە تۆ، ئامانجم ئەوەیە کە تۆ خەباتەکەت لە شەڕی گیانی خۆتدا باشتر بکەیت،
[19]دەستگرتن بە باوەڕەوە، بە ویژدانێکی باش، ویژدانێک کە هەندێکیان وازی لێ هێنا، و کەشتیی باوەڕیان تێکشکا. [20]لەوانە هیمێنایۆس و
ئەسکەندەر، ئەوانم دایە دەستی شەیتان بۆ ئەوەی فێربن و تەمبێ بن کفر نەکەن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

[1]پێش هەموو شتێک داواکارم، با نزا و پاڕانەوە و سوپاسگوزاریتان بۆ هەموو خەڵک بێت، [2]لە پێناو پاشاکان و دەسەڵاتداران، تاکو بە ئاشتی و هێمنی و لەخواترسی و ڕێزەوە بژین. [3]چونکە ئەم شتە لای خودای ڕزگارکەرمان باشە و جێگەی ڕەزامەندی ئەوە، [4]ئەو دەیەوێت هەموو مرۆڤەکان، ڕاستی بناسن و ڕزگاریان بێت،[5]چونکە خودا یەکە، و نێوان گیری خودا و مرۆڤیش یەکە، و ئەویش مەسیحی یەشوایە، [6]کە ژیانی خۆی کردە قوربانی بۆ هەمووان. ئەم شایەتییە لە کاتی خۆیدا درا، [7]منیش مزگێنیدەر و نێردراوی ئەوم، ڕاستی دەڵێم و درۆ ناکەم، مامۆستای باوەڕ و ڕاستیم بۆ نەتەوەکان.[8]لەبەر ئەوە دەمەوێت، پیاوان لە هەموو شوێنێک نزا بکەن، دەستی پاکیان بەرز بکەنەوە، و هیچ ڕق و گومانێک لەخۆ نەگرن. [9]هەروەها دەمەوێت، خانمان بە شایستە و جل و بەرگێکی داپۆشراو دەربکەون، و بە حەیا و ڕێزەوە خۆیان بڕازێننەوە، نەک بە زێڕ و مرواری و جل و بەرگی گرانبەها، [10]بەڵکو وەک ئەوەی شایەنی ئەو ژنانەیە کە بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێن کە لە ترسی خودادا دەژین، لە ڕێگەی کردەوەی چاکیانەوە![11]پێویستە ژنان بە بێدەنگی و بە گوێڕایەڵی تەواوەوە فێرکاری وەربگرن. [12]ڕێگە نادەم ژن فێری بکات و دەسەڵاتی بەسەر پیاودا هەبێت. بەڵکو دەبێت لە هێمنیدا بێت. [13]ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئادەم سەرەتا دروست بووە، پاشان حەوا: [14]ئەوە ئادەم نەبوو کە فریودرا (بە فریودانی شەیتان)، بەڵکو ژنەکە فریودرا، و کەوتە ناو گوناهەوە. [15]بەڵام بە منداڵ بوون ڕزگاری دەبێت، بە مەرجێک لە باوەڕدا بچەسپێن لە خۆشەویستی و پیرۆزیدا بمێننەوە!

## Chapter 3

[1]ئەم قسەیە ڕاستە ئەگەر یەکێک ئارەزوی لە چاودێری بێت چاوەڕێیە بۆ کاری چاک. [2]بۆیە شوان دەبێت بێ کەموکوڕی بێت، هاوسەرگیری لەگەڵ یەک ژندا کردبێت، و زیرەک و بەڕەوشت و میوان دۆست بێت، و توانای فێرکاری هەبێت؛ [3]مەشروب خۆر و توندوتیژ نەبێت؛ بەڵکو نەرم و نیان بێت، خووی بە شەڕ و ناکۆکییەوە نەگرتبێت، و حەزی لە پارە نەبێت،[4]خێزانەکەی بە باشی بەڕێوە ببات، وە منداڵەکانی بە گوێڕایەڵی و ڕێزەوە پەروەردە بکات. [5]ئەگەر کەسێک ماڵەکەی خۆی بە باشی بەڕێوە نەبات، چۆن گرنگی بە کڵێسای خودا دەدات؟ [6]هەروەها نابێت تازە بێت لە باوەڕ، نەک بە لووتبەرزی و خۆبەزلزانین، بکەوێتە ناو هەمان تاوانی شەیتان! [7]پێویستە شایەتحاڵی باشی هەبێت لەلایەن ئەوانەی دەرەوەی کڵێسا، بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو شەرمەزاری و تەڵەی شەیتان.[8]سەبارەت بەوانەی خزمەتکارن، دەبێت هۆشیار بن، و دوو زمان، و ئالوودەی مەی نەبن، و بەدوای قازانجی خراپدا نەگەڕێن. [9]بە ویژدانێکی پاک دەست بگرن بە ڕاستیە شاراوەکانی باوەڕەوە. [10]هەروەها دەبێت سەرەتا خزمەتکارەکان تاقی بکرێنەوە، ئەگەر دەرکەوت هیچ سکاڵایەکیان لەسەر نییە، ئینجا دەبێت دەست بە خزمەتکردن بکەن.[11]بە هەمان شێوە ژنانیش دەبێت هۆشیار بن، بوختانکەر نەبن، و دڵسۆز بن، لە هەموو شتێکدا. [12]هەروەها پێویستە هەموو خزمەتکارێک مێردی یەک ژن بێت، و منداڵ و خێزانەکەی بە باشی بەڕێوە ببات. [13]ئەوانەی خزمەتکارن با کارەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن، پێگەیەکی باش و بوێرییەکی گەورە بۆ خۆیان بەدەست دەهێنن، بە باوەڕێکی چەسپاو بە یەشوای مەسیح![14]ئەم ڕاسپاردانەتان بۆ دەنووسم، وە هیوادارم بە زووترین کات بێمە لاتان، [15]ئەگەر لە هاتنیشم دواکەوتم فێربە چۆن ڕەفتار بکەیت لە ماڵی خودا، واتە کڵێسای خودای زیندوو، پایە و پاڵپشتی ڕاستی.[16]هەمووان دان بەوەدا دەنێن، کە نهێنی خودا پەرستی مەزنە: خودا لە جەستەدا دەرکەوت، ڕاست و دروستی گیانەکە بینرا، فریشتەکان بینیان، لەنێو نەتەوەکان ڕاگەیندار، لە جیهاندا باوەڕی پێکرا، پاشان بە شکۆمەندی بەرزبۆوە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 4

[1]بەڵام گیانەکە بە ڕوونی ڕایدەگەیەنێت کە مرۆڤەکان لە دوا سەردەمەکاندا لە باوەڕەکەیان هەڵدەگەڕێنەوە، شوێن گیانە گومڕاکان و فێرکارییە شەیتانییەکان دەکەون، [2]ئەوەی لە شەپۆلێکی دووڕوویدا کە لەلایەن مامۆستا درۆزنەکانەوە بڵاو کرایەوە کە ویژدانیان بە ئاگر داخکراوە.[3]هاوسەرگیری قەدەغە دەکەن، وە فەرمان دەدەن ئەو خواردنانە نەخۆن کە خودا بۆ باوەڕدارانی بەدیهێناوە و ئەوانەی ڕاستی دەناسن و بە سوپاسەوە دەیخۆن. [4]هەموو شتێک کە خودا بەدیهێناوە چاکە، وە هیچ کامیان ڕەت ناکرێتەوە ئەگەر مرۆڤ بە سوپاسەوە بیخوات؛ [5]چونکە بە وشەی خودا و نزا پیرۆز دەبێت.[6]ئەگەر ئەم شتانە لەبەردەم براکاندا ئاسان بکەیت، ئەوا دەبیتە خزمەتکارێکی باشی یەشوای مەسیح، بە وتەی باوەڕمەندانە و فێرکاری باش کە منیش بە تەواوی شوێنی کەوتم. [7]سەبارەت بە ئەفسانەی پوچی پیرێژنان، خۆت بە دوور بگرە. بەڵکو لە ڕێگای خودا پەرستیدا خۆت ڕابهێنە. [8]وەرزشی جەستەیی تا ڕادەیەک سوودی هەیە. بەڵام خوداپەرستی بۆ هەموو شتێک سوودی هەیە، چونکە بەڵێنی ژیانی ئێستا و ژیانی داهاتوو تێدایە.[9]ئەم قسەیە چەندە ڕاستە، وە چەندە شایەنی باوەڕ کردنە! [10]لەبەر ئەم هۆکارە بە پەرۆشەوە کار دەکەین و تووشی ئەشکەنجە بووین، چونکە ئومێدمان بە خودای زیندوو هەیە کە پارێزەری هەموو خەڵکییە، بەتایبەتی باوەڕداران.[11]بەم شتانە ڕابسپێرە و فێر بکە! [12]با کەس تەمەنی گەنجیت بە کەم نەزانێت. بەڵکو نمونەیەک بە بۆ باوەڕداران، لە قسەکردن و ڕەفتار و خۆشەویستی و پاکی لە باوەڕدا. [13]تا ئەوکاتەی دێم، خۆت تەرخان بکە بۆ خوێندنەوەی پەرتوک، و وتاردان، و فێرکردن.[14]ئەو بەخششە تایبەتە فەرامۆش مەکە کە لە تۆدایە، کە لە ڕێگەی پێشبینییەوە پێت دراوە و کاتێک پیران دەستیان لەسەر دانایت. [15]خۆت بۆ ئەم بابەتانە تەرخان بکە، وە بەتەواوی سەرقاڵ بە پێیانەوە، بۆ ئەوەی پێشکەوتنەکانت بۆ هەمووان ڕوون بێت. [16]گرنگییەکی زۆر بە خۆت بدە بۆ فێرکردن. ئەگەر لەم کارەدا بەردەوام بیت، خۆت و گوێگرانیشت ڕزگار دەکەیت.

## Chapter 5

[1]دڵ ڕەقانە سەرزەنشتی پیر مەکە، بەڵکو ئامۆژگاری بکە وەک ئەوەی باوکت بێت. گەنجان وەک ئەوەی برات بێت؛ [2]پیرەژنەکان وەک ئەوەی دایکت بن؛ کچە گەنجەکان وەک ئەوەی خوشکت بن، بە هەموو پاکییەکەوە.[3]ڕێز لەو بێوەژنانە بگرن ئەوانەی هیچ بژێوی ژیانیان نییە. [4]ئەگەر بێوەژن منداڵ یان نەوەی هەبوو، یەکێک لە ئەرکەکانی یەکەمیان فێربوونە کە ڕێز لە خێزانەکانیان بگرن و مافەکانی دایک و باوکیان بەجێبهێنن. ئەم کارە لە چاوی خودا پەسەند کراوە.[5]بەڵام ئەو بێوەژنەی بەتەنها دەژی و بژێوی ژیانیان نییە، بەتەنها هیوای بەخوا هەیە و شەو و ڕۆژ بەردەوامە لە نزاکردن. [6]بەڵام ئەوەی، بە چێژی دنیایی دەژیێت، بە زیندوویی مردووە.[7]پێویستە بەمانە ڕایانبسپێریت، بۆ ئەوەی هەمووان بێ گلەیی بن. [8]ئەگەر کەسێک گرنگی بە نزیکەکەی نەدات بەتایبەت خانەوادەکەی، ئەوا نکۆڵی لە باوەڕ کردووە، وە لە بێباوەڕ خراپترە.[9]ناوی ئەو بێوەژنانە تۆمار بکرێت کە تەمەنیان گەیشتووەتە شەست ساڵ، بەمەرجێک هاوسەرگیریان لەگەڵ یەک پیاودا کردبێت. [10]دەبێت بە چاکەکار بناسرێت، و منداڵی پەروەردە کردبێت، پێشوازی لە کەسانی نامۆ کردبێت، پێی پیرۆزکراونی شۆردبێت، یارمەتی لێقەوماوانی دابێت، هەموو کارێکی باشی ئەنجام دابێت![11]بەڵام بێوەژنانی گەنج، تۆمار مەکەن. چونکە کاتێک ئارەزووەکانیان پاڵنەریانە پشت لە مەسیح دەکەن، و هاوسەرگیری دەکەنەوە. [12]شایستەی تۆڵەسەندنەوە دەبن، چونکە پەیمانی یەکەمیان شکاندووە. [13]لە هەمان کاتدا خوو دەگرن بە بێکاری و ماڵان گەڕییەوە. بێکاری بۆ ئەوان بەس نییە، بەڵکو خۆیان تەرخان دەکەن بۆ قسە و قسەلۆک و شتگەلێک کە پەیوەندییان پێوەی نییە.[14]بۆیە دەمەوێت بێوەژنە گەنجەکان هاوسەرگیری بکەن، و منداڵیان ببێت، و ماڵەکەیان بەڕێوەببەن، و ڕێگە نەدەن ناحەزانیان ڕەخنە لە ڕەفتارەکانیان بگرن. [15]چونکە هەندێکیان بە ڕاستی لایانداوە و شوێن شەیتان کەوتوون. [16]ئەگەر ژنە باوەڕدارێک لەنێو کەسوکاری بێوەژنێک هەبوو با یارمەتی بدات و نەبێتە بار بەسەر کڵێساوە، تاکو کڵێسا یارمەتی ئەو بێوەژنانە بدات کە بەڕاستی هەژارن .[17]سەبارەت بەو پیرانەی کە لە ڕابەرایەتیدا باشن، با دوو هێندە ڕێزیان لێبگیرێت، بەتایبەت ئەوانەی هەوڵ دەدەن لە بڵاوکردنەوەی وشەکە و لە فێرکردن. [18]چونکە دەفەرموێت: «لە کاتی گێرەکردن دەمی گا مەگرە»، چوونکە: «کرێکار شایانی کرێی خۆیەتی».[19]تۆمەتێک کە ئاراستەی پیرێک دەکرێت پەسەند ناکرێت، ئەگەر دوو یان سێ شایەتحاڵ پشتگیری نەکات. [20]ئەگەر سەلمێندرا تۆمەتبار هەڵەیە، لەبەرچاوی هەمووان سەرزەنشتی بکە، بۆ ئەوەی ئەوانی تر بترسن! [21]داواتان لێدەکەم لەبەردەم خودا و مەسیح و فریشتە هەڵبژێردراوەکاندا بەبێ ڕەچاوکردنی کەسەکان، بەپێی ئەم ڕاسپاردانە کاربکەن و هیچ شتێک بە دەمارگیرییەوە مەکەن. [22]بە پەلە دەست لەسەر کەس دامەنێ. بەشداری لە گوناهی کەسانی تردا مەکە. وە خۆت پاک ڕابگرە.[23]ئیتر تەنها ئاو مەخۆرەوە. لە ئێستا بە دواوە شەرابیش بخۆ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی گەدەت و ئەو نەخۆشیەی کە زوو زوو بۆت دەگەڕێتەوە [24]کەسانێک هەن پێش دادگاییکردن گوناهەکانیان ڕوونە؛ هەندێک کەس هەن تا دوای دادگاییکردن گوناهەکانیان دەرناکەون. [25]بە بەراورد کردن، کارە چاکەکان پێشوەختە ڕوونن؛ ئەو کردەوانەی کە باش نین ناتوانن بە شاراوەیی بمێننەوە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 6

[1]هەموو ئەوانەی لەژێر نیری کۆیلایەتیدان دەبێت گەورەکانیان بە شایستەی هەموو ڕێزێک بزانن، بۆ ئەوەی کوفر بە ناوی خودا و
فێرکردنەکەی نەکرێت. [2]ئەوانەی گەورەی باوەڕداریان هەیە با بێڕێزییان پێ نەکەن چونکە برایانن، بەڵکو بە گوێڕایەڵییەوە خزمەتیان
بکەن، چونکە ئەوانەی سودمەندن لە خزمەتکردنیان باوەڕدار و خۆشەویستن.[3]بەڵام ئەگەر کەسێک بە پێچەوانەوە فێرکاری بکات و گوێ
بە وتە ڕاستەکان نەدات، وتەکانی یەشوای مەسیحی پەروەردگارمان و ئەو فێرکردنە نەبێت کە لەگەڵ خودا پەرستیدا دەگونجێت، [4]ئەوە
لەخۆباییەو، و هیچ شتێک نازانێت، بەڵکو حەزی لە مشتومڕ و ناکۆکی زارەکییە، کە ئیرەیی و ململانێ و بوختان و نیازی خراپ لێیەوە
سەرهەڵدەدات، [5]جۆرەها ململانێ لە نێوان کەسانی بیر گەندەڵ، خاڵی لە ڕاستی، کە خودا پەرستی بە بازرگانی دەزانن.[6]بەڵام خودا
پەرستی لەگەڵ ڕازیبوون بازرگانییەکی مەزنە. [7]ئێمە بە دەستی خاڵی هاتینە جیهان، بە دەستی خاڵیش لێی دەردەچین. [8]مادام خواردن
و جلوبەرگمان هەیە، با پێی ڕازی بین.[9]سەبارەت بەو کەسانەی دەیانەوێت دەوڵەمەند بن، دەکەونە نێو تاقیکردنەوە و تەڵەوە و
تێوەدەگلێن لە چەندین ئارەزووی گەمژانە و زیانبەخش کە مرۆڤەکان نوقمی وێرانی و لە ناوچوون دەکات. [10]خۆشەویستی پارە ڕەگی
هەموو خراپەیەکە؛ وەک چۆن هەندێکیان بەدوایدا دەگەڕان، لە باوەڕ لایاندا، و بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە خۆیان گیرۆدەکرد.[11]بەڵام
تۆ ئەی پیاوی خودا لەم شتانە ڕابکە، و بەدوای ڕاستودروستی و خودا پەرستی و باوەڕ و خۆشەویستی و ئارامی و نەرم و نیاندا
بگەڕێ. [12]لە شەڕی جوانی باوەڕدا بە باشی تێبکۆشە. دەست بەو ژیانە هەتاهەتاییەوە بگرە، کە بانگکراویت بۆی، و دانپێدانانێکی باشت
کردووە (بە باوەڕ) لەبەردەم زۆرێک لە شایەتحاڵەکاندا.[13]ڕاتان دەسپێرم، لەبەردەم خودا کە ژیان بە هەموو شتێک دەبەخشێت، وە
یەشوای مەسیح کە لەبەردەم پیلاتۆسی پۆنتی شایەتی دا و دانپێدانانێکی باشی کرد، [14]تا ڕۆژی دەرکەوتنی یەشوای مەسیحی
پەروەردگارمان ڕاسپاردەکە بپارێزە دووربە لە هەموو کەموکوڕی و تاوانێک.[15]ئەم دەرکەوتنە خودا لە کاتی خۆیدا دەیکات، ئەو تاکە
گەورە و پیرۆزەکەیە، پاشای پاشاکانە و پەروەردگاری پەروەردگارەکانە، [16]ئەوەی تەنهایەو کۆتایی نییە، لە ڕووناکیدا نیشتەجێیە و کەس
لێی نزیک نابێتەوە، و نەیبینیوە ناتوانرێت ببینرێت. ڕێز و دەسەڵاتی هەتاهەتایی بۆ ئەوە. ئامین![17]دەوڵەمەندەکانی ئەم سەردەمە
ڕابسپێرن کە خۆبەزلزان نەبن، با متمانەیان بە سەروەت و سامانی ناجێگیر نەبێت، بەڵکو بە خودا کە هەموو شتێکمان بە فراوانی
پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی چێژی لێ وەربگرین، [18]بۆیە چاکە کاربن، دەوڵەمەندبن لە کاری چاکدا، دەستکراوە بن لە بەخشیندا، و هەمیشە
ئامادەبە هاوبەشی کاری چاکەی کەسانی تربە. [19]بەم شێوەیە سەرمایە بۆ داهاتووی خۆتان دابین دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن دەست بە
ژیانی ڕاستەقینەوە بگرن.[20]ئەی تیمۆساوس، ئەو متمانەیەی پێت سپێردراوە بیپارێزە. دوور بکەوەرەوە لە قسەی خراپ و پووچ و ئەو
دژایەتیانەی کە بە درۆ ناونراوە «زانست». [21] کاتێک هەندێکیان بانگەشەی ئەم زانستە گوماناوییەیان کرد، لە باوەڕەکە لایاندا.
[22]بەخششی خودا لەگەڵتان. بێت!

# 2 Timothy

## Chapter 1

[1]لە پۆڵسەوە، کە بە خواستی خودا، نێردراوی مەسیحی یەشوایە بۆ بەڵێنی ژیانەکە کە لە مەسیحدایە، [2]بۆ تیمۆساوس، کوڕی
خۆشەویستم بەخشش و میهرەبانی و ئارامیتان بۆ بێت لەلایەن خودای باوک و پەروەردگارمان مەسیحی یەشوا.[3]چەند سوپاسی خودا
دەکەم، کە بە ویژدانێکی پاکەوە دەیپەرستم وەک چۆن لە باوباپیرانمەوە بۆم ماوەتەوە، شەو و ڕۆژ لە نزاکانمدا یادت دەکەم؛ [4]کاتێک
فرمێسکەکانتم بیر دێتەوە (ئەو کاتەی جیابووینەوە) زۆر تامەزرۆی بینینەوەتم بۆ ئەوەی پڕبم لە خۆشی. [5]هەروەها باوەڕەکەتم لەبیرە،
کە بێ دووڕوویی بوو، ئەو باوەڕەی کە لەناو تۆدایە و یەکەمجار لە داپیرت لویس و دواتر لە ئفنیکی دایکتەوە هات، و دڵنیام کە لە
تۆشدا هەیە.[6]لەبەر ئەم هۆکارە بیرت دەهێنمەوە ئەو بەهرەیەی خودا دابگیرسێنە کە لە تۆدایە بە دەست دانانم لەسەرت. [7]خودا گیانی
ترسنۆکیی پێ نەبەخشیوین بەڵکو گیانی هێز و خۆشەویستی و تێگەیشتنی پێبەخشیوین.[8]بۆیە شەرم مەکەن لە شایەتحاڵی
پەروەردگارمان، وە شەرم لە من مەکەن کە لە پێناو ئەودا زیندانیم، بەڵکو لە پێناو ڕاگەیاندنی مزگێنییەکە هاوبەش بن لە
دژوارییەکانمدا، متمانە بە هێزی خودا بکەن. [9]ڕزگاری کردووین، و بە بانگەوازێکی پیرۆز بانگی کردووین بۆ لای خۆی، نەک لەسەر
بنەمای کارەکانمان، بەڵکو بەپێی خواست و بەخششەکەی کە لە یەشوای مەسیحدا پێش سەرەتای زەمەن پێمانی بەخشی، [10]ئێستا بە
دەرکەوتنی ڕزگارکەرمان یەشوای مەسیح ڕاگەیەندراوە، کە مردنی لە ناوبرد و ژیان و نەمری بە مزگێنییەکەی ڕۆشن کردەوە [11]ئەو کە
منی وەک مزگێنیدەر و نێردراو و مامۆستا دەستنیشان کرد.[12]لەبەر ئەم هۆکارەش ئێستا تووشی ئەم ئازارانە دەبم، بەڵام شەرم ناکەم،
چونکە دەزانم باوەڕم بە کێ هەیە، متمانەی تەواوم هەیە کە ئەو توانای ئەوەی هەیە ئەوەی پێی سپاردووم بیپارێزێت تا ئەو ڕۆژە. [13]ئەو
وشە ڕاستانەی کە لە منەوە بیستووتە بیکە نموونەیەک بۆ ئەو باوەڕ و خۆشەویستییەی وەرتگرتووە لە یەشوای مەسیحدا. [14]ئەو متمانە
بەخشندەیە بپارێزە کە پێت سپێردراوە، بە گیانی پیرۆز لەناو ئێمەدا نیشتەجێیە.[15]ئەمە دەزانیت هاوکارەکانم لە هەرێمی ئاسیا وازیان لێ
هێنام، لەوانە فیگەلۆس و هەرمۆگینیس. [16]پەروەردگار بەزەیی بە خێزانی ئۆنیسیفۆرۆسدا بێتەوە، چونکە زۆر جار منی بووژاندۆتەوە و
شەرمی لە زیندانی بوونم نەکردووە، [17]کاتێک لە شاری ڕۆما بوو، هەوڵێکی زۆریدا و بەدوامدا گەڕا تا منی دۆزیەوە. [18]پەروەردگار
ئەوەی پێ ببەخشێت کە لەو ڕۆژەدا بەزەیی لە پەروەردگار وەربگرێت! ئەو کاتەی لە شاری ئەفەسۆس بووم، ئێوە باش دەزانن
زۆرباش خزمەتی کردم.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 2

[1]تۆش کوڕی خۆم، بەهێزبە لەو بەخششەی کە لە یەشوای مەسیحدایە. [2]ئەو فێرکاریانەی کە لە منەوە بیستووتە لەبەردەم چەندین
شایەتحاڵدا، بیانسپێرە بە کەسانی متمانە پێکراو، کە دەتوانن کەسانی تر فێر بکەن.[3]بەشداربە لە بەرگەگرتنی ئازارەکان وەک
سەربازێکی باش بۆ مەسیحی یەشوا. [4]هیچ سەربازێک خۆی لەگەڵ کاروباری ژیان تێکەڵ ناکات بۆئەوەی ئەوکەسە ڕازی بکات کە
سەربازی بۆ دەکات . [5]هەروەها زۆرانباز تاجەکە بەدەست ناهێنێت ئەگەر بەپێی یاساکان زۆرانبازی نەکات.[6]بەهەمان شێوە ئەو
جوتیارەی زیاتر کار دەکات دەبێت یەکەم کەس بێت کە پشکی خۆی لە بەرهەمەکە وەربگرێت. [7]بیر لەوە بکەرەوە کە دەیڵێم، چونکە
پەروەردگار لە هەموو شتێکدا تێگەیشتنتان پێدەبەخشێت.[8]یەشوای مەسیحت لەبیر بێت کە لە مردن هەستایەوە، ئەو لە ڕەچەڵەکی
داڤیدە، وەک لە مزگێنیەکەمدا ڕایدەگەیەنم [9]لە پێناو مژدەدانی ئەودا لە زیندان دەناڵێنم وەک ئەوەی خراپەکارێک بم. بەڵام وشەی خودا
زیندانی ناکرێت. [10]لەبەر ئەم هۆکارە بە خۆڕاگرییەوە بەرگەی هەموو شتێک دەگرم لە پێناو ئەو کەسانەی کە خودا هەڵیبژاردوون، بۆ
ئەوەی ئەوانیش ئەو ڕزگارییە بەدەست بهێنن، کە لە یەشوای مەسیحدایە لەگەڵ شکۆمەندی هەتاهەتایی.[11]ڕاستە ئەو وتەیە: «ئەگەر
لەگەڵ ئەودا مردین، لەگەڵ ئەویشدا دەژین؛ [12]ئەگەر ئازارمان چەشت، لەگەڵ ئەویشدا پاشایەتی دەکەین؛ ئەگەر نکۆڵی لێ بکەین،
ئەویش نکۆڵیمان لێ دەکات؛ [13]ئەگەر واز لە دڵسۆزی خۆمان بهێنین، ئەو بە دڵسۆزی دەمێنێتەوە، چونکە ناتوانێت نکۆڵی لە خۆی
بکات!»[14]ئەم بابەتانەیان بیر بخەرەوە، وەک شایەتحاڵێک لەبەردەم خودا کە نابێ ناکۆکی زارەکی سەرهەڵبدات، وە هیچ سوودێکی نییە،
تەنها بۆ لەناوبردنی گوێگرەکانیان نەبێت. [15]تێبکۆشە و خۆت پێشکەشی خودا بکە وەک براوەیەک لە تاقیکردنەوەکەدا، وەک کرێکارێک
کە هیچ هۆکارێک نییە بۆ شەرمکردن، و گەیاندنی ڕاستی وشەکە.[16]سەبارەت بە قسەی پوچ و درۆ، لێیان دوور بکەوەرەوە؛ ئەوانەی
خۆیان بۆ ئەوە تەرخان دەکەن پێشڕەون بۆ ترسناکترین بێ ڕەوشتی. [17]قسەکانیان وەک خواردن بە چێژە، لە نێو ئەوانەدا هیمینایۆس و
فیلێتۆس هەن، [18]ئەوانەی لە ڕاستی لایانداوە؛ ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەستانەوە ڕوویداوە، و باوەڕی هەندێک کەس لەناو
دەبەن.[19]بەڵام بناغەی خودا جێگیرە، و ئەم مۆرەی لەسەر داناوە: «پەروەردگار ئەوانەی هی خۆین دەیانناسێت»، هەروەها:
«هەرکەسێک ناوی پەروەردگار دەهێنێت با لە تاوانکاری جیا بێتەوە!» [20]بەڵام، لە ماڵێکی گەورەدا، هەموو کەلوپەلەکان لە زێڕ و زیو
نین، بەڵکو هەندێکیان لە دار و گڵ دروست دەکرێن. هەندێکیان بۆ بەکارهێنانی ئاستی بەرزە، هەندێکیشیان بۆ بەکارهێنانی ئاستی نزمە.
[21]کەواتە ئەوەی خۆی لە دووهەمیان جیا بکاتەوە و خۆی پاک بکاتەوە، دەبێتە قاپێک بۆ بەکارهێنانی ئاستی بەرز، پیرۆز دەکرێت، سوود
بەخش بۆ خاوەن ماڵ، و ئامادە دەبێت بۆ هەموو کارێکی باش.[22]بەڵکو لە ئارەزووەکانی گەنجی هەڵبێن، و بەدوای ڕاستودروستی و
باوەڕ و خۆشەویستی و ئاشتیدا بگەڕێن، لەگەڵ ئەوانە هاوبەش بن کە لە دڵێکی پاکەوە بانگی پەروەردگار دەکەن. [23]سەبارەت بە
مشتومڕی گەمژانە و پوچ، خۆتان بەدوور بگرن، بزانن کە شەڕ و ئاژاوەی لێ دروست دەبێت.[24]خزمەتکاری پەروەردگار نابێ شەڕ
بکات، بەڵکو دەبێت نەرم و نیان بێت بەرامبەر هەمووان، توانای فێرکردنی هەبێت و بە خۆڕاگرییەوە بەرگەی دژوارییەکان بگرێت،
[25]نەرم و نیان بێ لەگەڵ ئەوانەی دژایەتی باوەڕ دەکەن ڕێ نیشادەریان بێت، بەو هیوایەی خودا دەرفەتی پاشگەزبوونەوەیان پێبدات،
تاکو ڕاستییەکان بە تەواوی بزانن. [26]دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕاستە لە تەڵەی شەیتان ڕزگاریان دەبێت، ئەوەی بۆ ئەنجامدانی ویستی
خۆی بەندی کردن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 3

[1]ئەمە بزانن: ڕۆژانی کۆتایی دژوار دەبێت؛ [2]چونکە خەڵکی خۆیان خۆشدەوێ، پارە پەرستن، لووتبەرزن، خۆهەڵکێشن، زمان پیسن، گوێڕایەڵی دایک و باوک نابن، سوپاسگوزار نین، گڵاون، [3]بێ خۆشەویستین، لێبوردە نین، بوختانکەرن، بەسەرخۆدا زاڵنەبوون، دڕندەن، حەز لە چاکە ناکەن، [4]ناپاکن، توند ڕەون، خۆدەرخەرن، زیاتر حەزیان لە چێژە نەک خۆشەویستی خودا،[5]بە ڕواڵەت خودا پەرستن، بەڵام نکۆڵی لە هێزەکەی دەکەن، بۆیە دووربکەونەوە لەم کەسانە! [6]ئەوانە لەو جۆرە کەسانەن کە بە دزییەوە دەچنە ماڵەکان، ژنە لاوازەکان دەخەنە داوی خۆیانەوە کە بارگرانی گوناهەن، و شوێن ئارەزووەکانیان کەوتوون، [7]هەمیشە گوێ لە فێرکردن دەگرن، بەڵام هەرگیز ناتوانن بە تەواوی بگەنە ناسینی ڕاستییەکە![8]هەروەک چۆن دوو (جادووگەرەکە) یەنیس و یەمبریس بەرەنگاری موشە بوونەوە، بە هەمان شێوە ئەم دووانە بەرەنگاری ڕاستی دەبنەوە؛ کەسانێک کە بیرکردنەوەیان گەندەڵە، و سەلماندوویانە کە شایستەی باوەڕ نین. [9]بەڵام زیاتر پێش ناکەون، چونکە گەمژەیی ئەوان بۆ هەمووان دەردەکەوێت، هەروەک چۆن گەمژەیی ئەو دوو پیاوەی باسکران دەرکەوت. [10] بەڵام تۆ، پەروەردە، و ڕەفتار، و باوەڕ، و ئامانج، و بەرگەگرتنی دژواری، و خۆشەویستی، و خۆڕاگری، من باش دەزانی. [11]هەروەها ئەو چەوسانەوە، و ئازارانەی کە بەسەرمدا هات لە شارەکانی ئەنتاکیە و کۆنیا و لیسترا و شارەکانی تر؛ بەرگەم گرت، و پەروەردگار لە هەموویان ڕزگاری کردم! [12]بەڕاستی، هەموو ئەوانەی بڕیار دەدەن ژیانێکی خوداپەرستانە لە یوشوای مەسیحدا بژین تووشی چەوساندنەوە دەبن. [13]سەبارەت بە خەڵکانی خراپەکار و چەواشەکار و فێڵبازەکان، لە خراپەکاریدا پێشەنگن، و ئەوانی تریش گومڕا دەکەن هەروەک خۆیان گومڕا بوون![14]بەڵکو پێویستە لەسەر ئەو شتانەی فێربوویت بە چەسپاوی بمێنیتەوە و بە تەواوی دڵنیا بیت، چونکە دەزانیت لەسەر دەستی کێ فێربوویت. [15]بزانە لە گەنجییەوە نوسراوە پیرۆزەکانت ناسیوە، کە توانای ئەوەیان هەیە دانات بکەن بۆ گەیشتن بەو ڕزگارییەی کە لە ڕێگەی باوەڕبوونە بە یەشوای مەسیح.[16]نووسراوەکان هەموو ئەوەی تێیدایە، سرووشی خودایە؛ بەسوودە بۆ فێرکردن و سەرزەنشتکردن و ڕاستەڕێکردن و ڕاهێنانی مرۆڤ لە ڕاستودروستیدا، [17]بۆ ئەوەی خزمەتکاری خودا بە تەواوی ئامادەبێت، بۆ هەموو کارێکی باش.

Chapter 4

1 لەبەردەم خودا و مەسیحدا کە بڕیار لەسەر زیندووان و مردووان دەدات، لەبەر دەرکەوتنی خۆی و شانشینەکەی داوات لێدەکەم،
2بەتەواوی سەرقاڵی ڕاگەیاندنی وشەکە بە، ئامادە بە لە کاتی گونجاو و نەگونجاودا خەڵکی ڕاستەڕێ بکە سەرزەنشت بکە و هانیان
بدە و بەوپەڕی پشوودرێژییەوە هەوڵی فێرکردنیان بدە.3.چونکە کاتێک دێت خەڵکی بەرگەی فێرکاری دروست ناگرن، بەڵام بەپێی
ئارەزووی خۆیان مامۆستایان بۆ خۆیان کۆدەکەنەوە (ئەو قسانەیان بۆ دەکەن) کە بە گوێیان خۆشە. 4گوێیان لە ڕاستی لادەدەن، و ڕوو
لە گێلایەتی دەکەن. 5بەڵام تۆ، لە هەموو شتێکدا چاو کراوەبە، بەرگەی دژواری بگرە، کاری مزگێنیدان بکە، خزمەتەکەی خۆت تەواو
بکە.6سەبارەت بە من، ئامادەم لە ئێستاوە وەک خواردنەوەی قوربانی بڕژێم، و کاتی مردنم نزیکە. 7من تێکۆشانێکی باش تێکۆشاوم،
ئێستاش گەیشتوومەتە کۆتایی پێشبڕکێکە، و باوەڕەکەم پاراستووە. 8بەڵام ئێستا چاوەڕێی تاجی ڕاستودروستیم کە بۆم تەرخانکراوە،
کە پەروەردگار دادوەری ڕاستودروست لەو ڕۆژەدا پێم دەدات؛ تەنها بە من نادرێت، بەڵکو بە هەموو ئەوانەی کە تامەزرۆی بینینی
ئەون.9کۆشش بکە خێرا وەرە لام، 10چونکە دیماس، کە ئەم ژیانەی ئێستای خۆشدەویست، جێی هێشتم و چووە شاری تەسالۆنیکی.
سەبارەت بە کریسکیس، ئەو چووە هەرێمی گەلاتیە، و تیتۆس بۆ دەلماتیا11تەنها لوقا بە تەنیا لەگەڵمدا ماوەتەوە. بڕۆ لای مارکۆس و
لەگەڵ خۆتدا بیهێنە، چونکە لە خزمەتکردندا سوودی بۆ من دەبێت. 12سەبارەت بە تیخیکۆس، من ناردم بۆ شاری ئەفەسۆس. 13کاتێک
هاتیت، ئەو کەوایە لەگەڵ خۆت بهێنە کە لە ترۆئاس لەلای کارپۆس بەجێم هێشت، تۆمارەکانیش بهێنە، بە تایبەت دەستنووسەکان.
14ئەسکەندەری مسگەر زۆر خراپەکاری کردووە، پەروەردگار بە پێی کارەکانی سزای دەدات. 15ئاگاداری ئەو بن، چونکە بە توندی
بەرەنگاری قسەکانی ئێمە بۆتەوە. 16کاتێک بۆ یەکەمجار لە دادگاییەکەمدا بەرگریم لەخۆم کرد، کەس پشتی نەگرتم، بەڵکو هەمووان
وازی لێهێنام، خودا لەسەر ئەمە لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکات!17بەڵام پەروەردگار لە تەنیشتم وەستا و هێزی پێدام، بۆ ئەوەی مژدە لە
ڕێگەی منەوە ڕابگەیەنرێت، تا هەموو نەتەوەکان بیبیستن؛ کە لە دەمی شێر دەرباز بووم. 18پەروەردگار لە هەموو کارێکی خراپ
ڕزگارم دەکات و دەمپارێزێت بۆ شانشینە ئاسمانییەکەی. شکۆمەندی بۆ ئەوە هەتاهەتایە، ئامین!19سڵاو لە پریسکیلا و ئەکیلا، و خێزانی
ئۆنیسیفۆرۆس بکە. 20ئەراستۆس لە کۆرنسۆس مایەوە. بەڵام ترۆفیمۆسم، لە میلیتۆس بە نەخۆشی بەجێهێشت. 21کۆشش بکە پێش
هاتنی زستان بێی بۆ لام. یۆبولۆس و پودیس و لینوس و کلۆدیا و هەموو خوشک و براکان سڵاوتان لێدەکەن. 22پەروەردگار لەگەڵ
گیانت بێت، با بەخششت لەگەڵ بێت!

# Titus

Chapter 1

1لە پۆڵسەوە، بەندەی خودا و نێردراوی یەشوای مەسیح لە پێناوی باوەڕی ئەوانەی خودا هەڵیبژاردوون، و ئەو ڕاستییەیان ناسی کە
هاوتایە لەگەڵ خوداپەرەستی، 2 واتا هیوای ژیانی هەتاهەتایی، ئەوخودایەی بەڵێنیی داوە بە وەفایە، لە ئەزلەوە بەر لە سەردەمان،
3پاشان وشەکەی لە کاتی دیاریکراودا ڕوون کردەوە: لەگەڵ ئەو مزگێنیەی بەمنی ڕاسپاردوە بەفەرمانی خودای ڕزگارکەرمان.4بۆ
تیتۆس، کوڕە ڕاستەقینەکەم لەو باوەڕەی کە هاوبەشین. بەخشش و ئارامیتان بۆ بێت لەلایەن خودای باوک، و مەسیحی یەشوای
ڕزگارکەرمانەوە! 5لە دوورگەی کریت بەجێم هێشتی بۆ ئەوەی ئەو کارانەی کە ماونەتەوە تەواویان بکەیت ڕێکیان بخەیەت و لە هەموو
شارێکدا پیران دابنێیت، وەک ئەوەی فەرمانم پێکردوی؛6بە مەرجێک یەکێک بێت بێ تاوانبێت لە هەموو تۆمەتێک، یەک ژنی هەبێت، و
منداڵەکانی باوەڕداربن و تاوانبار نەبن بە سەرپێچی و بەدرەوشتی . 7ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە شوان دەبێت بێتاوان بێت لە هەموو
تۆمەتێک چونکە بریکاری خودایە، سەرسام نەبێت بەخۆی و ئاکاری خراپی نەبێت، ئالودەی مەی نەبێت، توندوتیژ نەبێت، بەدوای
دەسکەوتی ناڕەوادا نەگەڕێت؛8بەڵکو میوان دۆست بێت، و حەزی لە چاکەو، هۆشیارو، ڕاستگۆو، ڕاستودروست، لە خواترس و بەسەر
خۆیدا زاڵبێت، 9پابەندی وشە راستەکە بێت کە گونجاوە بۆ فێرکردن، بۆ ئەوەی بتوانێت هانی باوەڕداران بدات بە فێرکارییەکی دروست
و ڕوبەڕووی نەیارانیش بێتەوە.10چونکە زۆرن مامۆستای درۆزن و یاخی و فریودەری هزری خەڵک بەتایبەتی خەتەنەکراوان. 11ئەم
خەڵکە دەبێ دەمیان دابخرێت: بەکۆمەڵ ماڵەکان تێک دەدەن، فێرکردنی نادروستیان فێردەکەن، لە پێناو دەستکەوتی ناڕەوا،12یەکێک
لەوان، کە پێغەمبەرێکی تایبەتە بە خۆیان هەبوو گوتی: «خەڵکی کریت هەمیشە درۆزن و دڕندەی توندوتیژن، سکەڕۆ و تەمبەڵن».
13ئەو شایەتیەش ڕاستە. بۆیە بە توندی سەرزەنشتیان بکەن، تاکو لە باوەڕدا تەندروست بن.14سەرنج و هزرتان مەخەنە سەر ئەفسانەی
یەهودیەکان و ڕاسپاردەی ئەو خەڵکانەی کە هەڵگەڕاونەتەوە و لە ڕاستی دوور کەوتونەتەوە.15لای پاکەکان، هەموو شتێک پاکە. بەڵام
لای پیس و بێباوەڕان، هیچ شتێک پاک نییە، بەڵکو مێشک و ویژدانیان پیس بووە. 16شایەتی دەدەن دان بەوەدا دەنێن کە خودا دەناسن،
بەڵام بە کارەکانیان نکۆڵی لێ دەکەن، چونکە بێزراون و گوێڕایەڵ نین، ڕوون بووەتەوە شایەنی هیچ کارێکی چاکەنیین.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

[1]بەڵام تۆ، دەبێت فێرکردنی دروست پێشکەش بکەی: [2]پیرەکان پێویستە سادە و سەنگین، پەیوەست بن بە دروستی باوەڕ و خۆشەویستی و ئارامگری.[3]بە هەمان شێوە پیرێژنان دەبێ ڕەفتاریان لەگەڵ پیرۆزیدا بگونجێت، نەک بوختانچی یان ئالوودەی مەی بن، بەڵکو خەڵکی فێری چاکە بکەن، [4]ژنە گەنجەکانیش رابهێنن بۆ ئەوەی خۆشەویست بن لەگەڵ مێردو منداڵەکانیان، [5]هۆشیار بن، پاک و خاوێن بن، بە باشی ئاگاداری ماڵەکانیان بن و گوێڕایەڵی مێردەکانیان بن، بۆ ئەوەی کەس وشەی ناشرین لەسەر قسەی خودا نەکات. [6]بەهەمان شێوە ئامۆژگاری گەنجەکان بکە کە هۆشیار بن، [7]لە هەموو شتێک خۆت بکە بە نمونە بۆ کارە چاکەکان، لە فێرکردنەکەتدا پاکی و سەنگینیت پیشان بدە [8]بە وشەی ڕاستی کە ناتوانرێت ڕەخنەی لێ بگیرێت، تا ئەوەی بەرەنگارت دەبێتەوە شەرم بکات کاتێک شتێکی خراپ نادۆزێتەوە لەسەرمان بیڵێ.[9]خزمەتکارەکان فێربکە گوێڕایەلی گەورەکانیان بن، لە هەموو شتێکدا دڵیان ڕازیبکەن؛ کەلەڕەق نەبن؛ [10]دزی مەکەن، بەڵکو دڵسۆزییەکی تەواو و باش پیشان بدەن، بۆ ئەوەی لە هەموو شتێکدا رازاوە بن بە فێرکاری خودای ڕزگارکەرمان.[11]بەخششی خودا کە ڕزگاری بۆ هەموو خەڵک دەهێنێت، دەرکەوت. [12]ئەوە فێرمان دەکات پەیوەندیمان لەگەڵ بەدڕەوشتی و ئارەزووە دونیاییەکان بپچڕێنین، و لە سەردەمی ئێستادا بە ژیانێکی ژیرمەندانە و ڕاستودروستی و لە خوداترسی بژین، [13]لە هەمان کاتدا چاوەڕێی هاتنەدی هیوا خۆشەکەمانین، پاشان دەرکەوتنی ئاشکرای شکۆمەندی خودای ڕزگارکەر و مەزنمان یەشوای مەسیح،[14]خۆی لە پێناو ئێمەدا بەخت کرد تا لە هەموو ناڕەواییەک ڕزگارمان بکات و پاکمان بکاتەوە بۆ خۆی وەک گەلێکی تایبەت کە بە پەرۆشەوە هەوڵ دەدەن بۆ ئەنجامدانی کارە چاکەکان.[15]بە هەموو دەسەڵاتێکەوە ئامۆژگاری بکە و فێربکە و سەرزەنشت بکە ڕێگە بە هیچ یەکێک مەدە بەکەمت بزانێت!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

Chapter 3

1بەبیر باوەڕداران بهێنەوە کە گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران بن، گوێڕایەڵی یاسا بن، ئامادەبن بۆ هەموو کارێکی باش، 2قسەی
خراپ بە کەس نەڵێن، دژایەتی نەکەن، بەڵکو میهرەبان بن و بە نەرم و نیانی تەواو مامەڵە لەگەڵ هەمووواندا بکەن.3چونکە ئێمەش لە
ڕابردوودا نەزان بوینو گوێڕایەڵ نەبوین و لە خراپە و تاریکیدا بووین، کۆیلە بووین خزمەتی هەوەس و چێژە جۆراوجۆرەکانمان دەکرد،
لە خراپەکاری و ئیرەییدا دەژیاین، خۆشەویست نەبوین و ڕقمان لە یەکتربوو.4بەڵام کاتێک میهرەبانی خودای ڕزگارکەرمان، و
خۆشەویستییەکەی بۆ مرۆڤەکان دەرکەوت، 5ڕزگاری کردین، نەک لەسەر بناغەی کارە ڕاستودروستەکان کە کردوومانە، بەڵکو بەهۆی
بەزەییەکەیەوە، بەتەواوی شۆردراینەوە تا ببینە دروستکراوێکی نوێ بە گیانە پیرۆزەکە،6ئەوەی بەدەوڵەمەندی بەسەرمانیداڕژاند بە
یەشوای مەسیحی ڕزگارکەرمان. 7کە کاتێک بە بەخششی ئەو بێتاوان دەبین، دەبینە میراتگر، بەگوێرەی هیوامان بە ژیانی هەتاهەتایی.
8ئەم وتەیە ڕاستە! وە دەمەوێت ئەم بابەتانە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە یەکلایی بکرێتەوە، تاکو ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هەیە وریا بن
لە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کارە چاکەکان. ئەم شتانە باشن و بەسودە بۆ خەڵکی.9دەربارەی بابەتی گەمژانە، وەک ڕەچەڵەک، و
دوژمنایەتی، و دووبەرەکی لەسەر تەورات، خۆتان بەدوور بگرن، چونکە بێ سودە و پوچە. 10ئەوەی گومڕایی بڵاو دەکاتەوە، پەیوەندیی
لەگەڵدا بپچڕێنە دوای ئەوەی بۆ جاری یەکەم و دووەم ئاگادارت کردەوە، 11دەزانن ئەوانە لادەرن و لە گوناهەدا دەمێننەوە وخۆیان بڕیار
لەسەر خۆیان دەدەن!12هەر کە ئارتیماس یان تیخیکۆسم بۆ ناردی، هەوڵبدە بێیتە لام بۆ شاری نیکۆپۆلیس، چونکە بڕیارم داوە زستان
لەوێ بەسەر بەرم. 13هەوڵێک بدە بۆ ئەوەی یارمەتی زیناسی پارێزەر و ئەپۆلۆس بدەیت بۆ ئازادبوونیان، پاشان دڵنیا بیت لەوەی هەموو
پێداویستیان دابین کراوە.14خێزانەکانمان فێری کاری چاکە بن بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان، بۆ ئەوەی بێ بەرهەم نەبن.15هەموو
ئەوانەی لەگەڵمن سڵاوتان لێدەکەن. سڵاو لە هەموو خۆشەویستان بکە لە باوەڕدا. بەخشش لەگەڵ هەمووتان بێت!

# Philemon

Chapter 1

1لە پۆڵسەوە، کە لە پێناو یەشوای مەسیحدا بەندکراوە، وە لە تیمۆساوسی برامانەوە، بۆ فلیمۆنی خۆشەویست و هاوبەشمان لە
کارکردن، 2بۆ خوشکە ئەپفییە، و ئەرخیپۆس کە هاوڕێمانە لە سەربازیدا، بۆ ئەو کڵێسایەی کە لە ماڵەکەتدایە. 3با ئاشتی و بەخشش لە
خودای باوکمان و پەروەردگارمان یەشوای مەسیح بۆئێوە بێت!4هەمیشە سوپاسی خودای خۆم دەکەم، کە بەردەوام لە نزاکانمدا یادت
دەکەمەوە، 5چونکە خۆشەویستی و دڵسۆزی تۆم بیستووە بۆ یەشوای پەروەردگار، و هەروەها بۆ هەموو پیرۆزکراوان، 6داواکارین کە
بەشداریکردنتان لە باوەڕدا لەگەڵ ئێمە کاریگەر بێت، بۆ ئەوەی بە تەواوی درک بە هەموو چاکەکارییەکانی ناو ئێمە بکەن لە پێناو
مەسیحدا. 7ئەی برا، بۆمن شادیەکی زۆربوو وە هاندرام، و بەهۆی باشی تۆوە سۆزی پیرۆزکراوان ژیایەوە!8بۆیە، هەرچەندە من مافی
تەواوم هەیە لە مەسیحدا فەرمانت پێبدەم ئەوەی پێویستە بیکەیت، 9بەڵام، لەبەر ڕێزی خۆشەویستی، هەڵمبژارد داواکارییەک
پێشکەشی تۆ بکەم، منی پۆڵسی پیر و ئێستا بەندکراو لە پێناو یەشوای مەسیح.10منی کۆت و بەندکراو لێت دەپاڕێمەوە لەپێناو
منداڵەکەم ئۆنسیمۆسی کوڕم، کاتێ کە لە زیندان بووم لە دایک بووە، 11ئەوەی پێشتر بۆ تۆ بێ کەڵک بوو، بەڵام ئێستا کەڵکی بۆ من و
بۆ تۆش هەیە. 12ئەو بۆلات دەنێرمەوە، وەک ئەوەی پارچەیەک لە جگەرم بێت! 13پێمخۆش بوو لەلای خۆم بیهێڵمەوە، تاکو لە جیاتی تۆ
خزمەتم بکات، لە کۆت وبەندی مزگێنیەکەدا.14بەڵام نەمویست بێ ڕەزامەندی، تۆهیچ کارێک بکەم، تاکو ئەو چاکەیەت بەرەزامەندی
بێت نەک بە ناچاری. 15لەوانەیە لەبەر ئەمە بووبێت بۆ ماوەیەکی کورت لێت دوورکەوتەوە: تاکو بۆ هەتاهەتایە ببێتەوە هی خۆت، 16ئیتر
کۆیلە نییە، بەڵکو چاکترە لە کۆیلە، برایەکی خۆشەویستە، بە تایبەتی بۆ من، ئاخۆ چەندە زیاتر دەبێت بۆ تۆ، چ لەجەستە و چ لە
پەروەردگاردا؟17ئەگەر من بە هاوبەشی خۆت دەزانی، وەک ئەوەی من بم وەریبگرە. 18ئەگەر بە هەر شێوەیەک ستەمی لێکردوویت، یان
بە شتێک قەرزاری تۆیە، کەواتە ئەوە بە قەرزێک بزانە لە سەر من. 19ئەوەتا من پۆڵس بە دەست نووسی خۆم ئەمەم نووسیوە: من
ئەتدەمەوە. نامەوێ بیرت بهێنمەوە کە تۆ خۆت قەرزداری منی. 20بەڵێ، ئەی برا، داوات لێدەکەم بەم بەخششە لە پەروەردگاردا،
سوودمەندم بکەیت: سۆزەکانم لە مەسیحدا بژێینەوە21بەو پێیەی متمانەم بە گوێڕایەڵی تۆ هەبوو، بۆیە ئەم نامەیەم بۆت نووسی،
دەمزانی تۆش لەمە زیاتر دەکەیت کە من داوای دەکەم. 22جگە لەمەش شوێنێکم بۆ ئامادە بکە تا لەگەڵتان بمێنمەوە، چونکە هیوادارم
بە ئێوە شاد ببمەوە وەک وەڵامێک بۆ نزاکانتان.23ئیپافراس، هاوزیندانم لە یەشوای مەسیحدا، سڵاوت لێدەکات. 24هەروەها مارکۆس، و
ئەریستارخۆس، و دیماس، و لۆکاس، کە هاوڕێمن لەکارکردن. 25با بەخششی یەشوای مەسیحی پەروەردگار لەگەڵ گیانتان بێت!

# Hebrews

Chapter 1

1لە سەردەمی ڕابردوودا خودا لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە قسەی لەگەڵ باوکانمان دەکرد کە ئەوانیش بە شێوەی جۆراوجۆر
(ڕاگەیاندنەکانیان دەگەیاند). 2بەڵام ئێستا، لەم سەردەمانەی دواییدا، بەڕۆڵەکەی قسەی لەگەڵ کردین، ئەوەی بووە میراتگری هەموو
شتێک، بە ئەو هەموو گەردوون بەدیهاتووە! 3ئەو درەوشاوەی شکۆمەندی خودا و وێنەی کرۆکەیەتی. بەتوانای وشەکەی هەموو شتێک لە

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

گەردووندا دەپارێزێت. دوای ئەوەی لە گوناهەکانمان پاکی کردینەوە، لە بەرزایەکاندا دانیشت لە ڕاستەی مەزنایەتی خوداییدا.4بەم
شێوەیە پێگەی مەزنتر بوو لە فریشتەکان، ئەو ناوەی بۆ ماوەتەوە لە سەروو ناوی هەموو فریشتەکانە! 5ئیتر چی جارێک خودا بە کام
یەک لە فریشتەکانی فەرمووە: «تۆ ڕۆڵەی منی، ئەمڕۆ باوکی تۆم!» یان فەرموویەتی: «من دەبمە باوکی، ئەویش دەبێتە
ڕۆڵەم؟»6کاتێک ڕۆڵە نۆبەرەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ جیهان، دەفەرمووێت: با هەموو فریشتەکانی خودا کڕنۆشی بۆ ببەن! 7لەبارەی
فریشتەکانیش دەڵێت: «فریشتەکانی کردە با، خزمەتکارەکانیشی کردە بڵێسەی ئاگر!»8بەڵام ڕوو لە ڕۆڵەکە دەکات و دەفەرمۆێت:
«ئەی خودایە، تەختەکەت بۆ هەتاهەتایە، چەسپاوە و گۆچانی بڕیارەکانت دادپەروەر و ڕاستە. 9تۆ ڕاستودروستیت خۆشویست و ڕقت
لە خراپە بوو. بۆیە پەروەردگاری خودات تۆی بە پاشا دەستنیشان کرد، زیاتر لە هاوەڵەکانت زەیتی شادی بەسەرتدا ڕژاندووە!»10وەک
دەفەرمووێت: « تۆ ئەی پەروەردگار، لە سەرەتاوە بناغەی زەویت دانا. وە ئاسمانەکان کاری دەستتن. 11ئەوان لەناو دەچن، تۆ
دەمێنیتەوە. هەموویان وەک جل و بەرگ کۆن دەبن، 12وەک کەوا دەیپێچیتەوە، پاشان دەیانگۆڕیت. بەڵام تۆ هەتاهەتایە دەمێنیت، و
ساڵانت کۆتاییان نایەت!»13ئایا خوداتا ئێستا بە هیچ کام لە فریشتەکانی وتووە وەک ئەوەی بە ڕۆڵەکەی فەرمووە: «لە ڕاستەم دانیشە
تا دوژمنەکانت بکەمە تەختەپێت؟» 14نەخێر! فریشتەکان هیچ نین جگە لە گیانێکی خزمەتکار نێردراون بۆ خزمەتکردنی ئەوانەی ڕزگاری
بە میرات دەگرن.

## Chapter 2

[1]بۆیە دەبێت بە وردی گرنگی بەو وشانە بدەین کە بیستوومانە، وریا بین لەوەی لێیان لا نەدەین.[2]چونکە دەزانین کە هەر قسەیەک کە فریشتەکان دەیگەیەنن، ڕوونە و چەسپاوە، هەموو سەرپێچیکارێک سزایەکی دادپەروەرانەی وەرگرتووە. [3]چۆن ڕزگارمان دەبێت ئەگەر ئەم ڕزگاربوونە مەزنە پشتگوێ بخەین؟ چونکە (یەشوای) پەروەردگار خۆی سەرەتا ڕایگەیاندوە، پاشان لەلایەن ئەوانەی ڕاستەوخۆ بیستوویانە بۆمان دەسەلمێندرێ. [4]خوداش بە نیشانەی سەرسوڕهێنەر و پەرجووی جۆراوجۆر، پشتگیری شایەتحاڵی ئەوانی دەکرد، بە بەهرەکانی گیانە پیرۆزەکە بەگوێرەی خواستی خۆی کە دابەشی کردبوو![5]پاشان «ئەو جیهانەی کە دێت» کە زۆر باسی دەکەین، ملکەچی فریشتەکانی نەکردووە. [6]تەنانەت یەکێک لە شوێنێکی پەرتوکەکەدا شایەتیدا گوتی: «مرۆڤ چییە تا گرنگی پێ بدەیت؟ یان ڕۆڵەی مرۆڤ، کە بەم ڕێزەوە ڕێزی لێ بگرن؟[7]بۆ ماوەیەک لە فریشتەکان نزمتری کرد، پاشان تاجی شکۆمەندی، و ڕێزت لەسەر دانا و دەسەڵاتت بەسەر هەموو ئەو شتانەدا پێدا کە دەستەکانت دروستیان کردووە. [8]هەموو شتێکت خستە ژێر پێی!» مادام خودا هەموو شتێکی بۆملکەچ کردووە، هیچ شتێکی نەهێشتووە کە ملکەچی ئەو نەبێت. بەڵام ئێستا هەموو شتێک لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا نابینین.[9]بەڵام ئێستا دەبینین یەشوا تاجی شکۆمەندی و ڕێزی لەسەرە، لەبەر مردنە دڵرەقانەکەی. ئەمەش دوای ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەک لە فریشتەکان نزمتر بووەوە، بۆ ئەوەی بە بەخششی خودا مردن بچێژێت لەجیاتی هەر یەکێکمان. [10]خودا مەبەستی بوو، کە هەموو شتێک لە پێناو ئەو بە ئەو بوونیان هەبێت، ڕۆڵەی زۆر بهێنێت بۆ شکۆمەندیەکەی وا لە ڕابەرەکەیان دەوەشایەوە ڕزگاریان بکات لەڕێگای ئازاراکانی.[11]چونکە مەسیح ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە پیرۆزیان دەکات و ئەوانیش خۆیان پیرۆز دەکەن، یەک باوکیان هەیە. لەبەر ئەم هۆیەشە مەسیح شەرم ناکات ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە بە برای خۆی ناویان ببات. [12]وە دەڵێت: «ناوی تۆ بۆ براکانم ڕادەگەیەنم. وە لە نێو هەمووواندا ستایشت دەکەم!»[13]هەروەها دەفەرموێت: «پشت بە ئەو دەبەستم!» وە هەروەها: «ئەوەتا من لەگەڵ ئەو ڕۆڵانەم کە خودا پێی بەخشیووم!» [14]کەواتە لەگەڵ ئەوەی کە ئەم ڕۆڵانە لە جەستەدا لە گۆشت و خوێندا هاوبەشن، مەسیحیش لە گۆشت و خوێن هاوبەشبوو بەوەی لەشی مرۆڤانەی وەرگرت. بەم شێوەیە توانی بمرێت، و ئەوەی دەسەڵاتی مردنی هەبوو، واتە شەیتان لەناو ببات، [15]ئەوانەش ئازاد بکات کە بە درێژایی تەمەنیان لە مردن دەترسان و ببوونە کۆیلەی.[16]بەڵێ مەبەستی ڕزگارکردنی فریشتەکان نەبوو، بەڵکو نەوەکانی ئەڤراهام. [17]بۆیە دەبوو لە هەموو ڕوویەکەوە لە براکانی بچێت، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک کاهینێکی بەبەزەیی و دڵسۆز، لە کارەکانی لەپێناوی خەڵک لەبەردەم خودادا، و ببێتە قوربانی بۆ گوناهەکانیان. [18]بەو پێیەی خۆی، ئازاری چەشتوە تاقی کراوەتەوە، توانایی یارمەتیدانی ئەوانەی هەیە کە ئامادەی تاقی کردنەوەن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 3

[1]کەواتە ئەی برا پیرۆزەکان کە بەشداریتان لە بانگهێشتی ئاسمانیدا کردووە، لە یەشوا قوڵ ببنەوە: نێردراو و سەرۆک کاهینی ئەو باوەڕەیە کە پابەندین پێیەوە. [2]ئەو دڵسۆز بوو بۆ خودا لەو ئەرکەی کە بۆی دیاری کردووە، هەروەک چۆن موشە دڵسۆز بووە لە جێبەجێ کردنی خزمەتەکەی لەماڵی خودادا. [3]بەڵام ئەو شایەنی شکۆمەندییەکی مەزنترە لە شکۆمەندی موشە، وەک چۆن یەکێک ماڵێک دروست دەکات، ڕێزو و ستایشی زیاتر وەردەگرێت لەو ماڵەی کە دروستی کردووە! [4]بێگومان هەموو ماڵێک دەبێت دروستکەرێکی هەبێت و خودا خۆی دروستکەری هەموو شتێکە.[5]موشە لە هەموو ماڵی خودادا دڵسۆز بوو، وەک خزمەتکار. شایەت بوو لەسەر ئەوەی خودا دواتر ڕایگەیاند. [6]بەڵام مەسیح، دڵسۆزە وەک ڕۆڵە کە سەرپەرشتی ماڵەکەی دەکات. ئەم ماڵە ئێمەی باوەڕدارین، بۆیە با دەست بەو متمانە و شانازی هیوایەمانەوە بگرین تاکۆتایی.[7]لەبەر ئەوە گیانە پیرۆزەکە ئاگادارمان دەکاتەوە دەفەرموێت: «ئەمڕۆ ئەگەر گوێتان لە دەنگی بوو، [8]دڵتان ڕەق مەکەن، وەک ئەوەی لە کۆندا ڕوویدا، کە باوکانتان تووڕەیی منیان وروژاند، لە تاقیکردنەوەکە لە بیابان.[9]لەوێ تاقییان کردمەوە ئەزمونیان کردم، چل ساڵ کارەکانمیان بینی. [10]بۆیە توڕەیی من لەسەر ئەو نەوەیە جۆشا و فەرمووم: دڵیان هەمیشە گومڕایان دەکات و ڕێگای منیان نەزانیوە هەرگیز! [11]لەبەرئەمە، لە تووڕەیمدا، سوێندم خوارد و فەرمووم: ناچنە ناو شوێنی پشووەکەمەوە!»[12] ئێوەی برایان دەبێ وریا بن، نەک دڵی هەریەکێکتان بێباوەڕو خراپ بێت، لەخودای زیندوو هەڵگەڕێتەوە. [13]بەڵکو هەموو ڕۆژێک یەکتری هانبدەن، ئەوەندەی پێی دەگوترێت: «ئەمڕۆ». ئەمەش بۆ ئەوەیە کە گوناهە لە ڕێگەی فێڵەکەیەوە دڵی هیچ کام لە ئێوە ڕەق نەکات.[14]ئەگەر بەردەوام دەست بەو متمانەیەوە بگرین کە لە سەرەتاوە دەستمان پێکردوە، و تا کۆتایی بە چەسپاوی بیهێڵینەوە، ئەوا هاوبەشی مەسیح دەبین. [15]ئێستاش ئاگاداریەکە ئاراستەی ئێمە کراوە:«ئەمڕۆ ئەگەر گوێتان لە دەنگی بوو، دڵتان ڕەق مەکەن، وەک چۆن لە کۆندا ڕوویدا تووڕەیی منیان وروژاند!»[16]ئەوانە کێبون گوێیان لە بانگهێشتی خودا بوو و ڕەتیان کردەوە تووڕەیی خودایان وروژاند؟ ئەو گەلە بوون بە ڕابەرایەتی موشە میسریان بەجێهێشت! [17]بۆ ماوەی چل ساڵ تووڕەیی خودا لەسەر کێ وروژێندرا؟ لەسەر ئەوانەی گوناهیان کرد، لاشەیان بە پەرش و بڵاوی لە بیاباندا کەوت! [18]خودا سوێندی بە کێ خوارد کە ناچنە شوێنی پشووەکەی؟ ئەوانەی لە فەرمانەکەی یاخی بوون! [19]بەم شێوەیە، دەبینین بێباوەڕیان ڕێگری لێکردن بچنە شوێنی پشوودانی.

# Chapter 4

[1]تا ئێستا بەڵێنی چوونە ژوورەوە بۆ پشوودانی خودایی ماوە، با بترسین: لەوانەیە دەرکەوتبێت کە هەندێکتان شکست بێنن لە چوونە ژوورەوە. [2]چونکە موژدەی بەڵێنەکە بە ئێمەش گەیشتووە، هەروەک چۆن بەو گەلە گەیشت. بەڵام موژدە بەهیچ شێوەیەک سوودی نەبوو بۆ ئەوانەی بیستیان، چونکە ئەوانە پێشتر ڕەتیان کردەوە باوەڕی پێبهێن.[3]ئێمە کە باوەڕمان بەم موژدەیە هێنا، دەچینە ناو پشوودانی خودایی. لەبارەی ئەوانەی باوەڕیان نەدەکرد فەرمووی: « بەم شێوەیە، لە تووڕەیی خۆمدا، سوێندم خوارد و گووتم: ناچنە شوێنی پشووەکەم!» ئەم پشووە لەو کاتەوەی خودا بناغەی جیهانی تەواو کرد ئامادەیە. [4]لە شوێنێکدا لە کتێبەکەدا ئاماژەی بە ڕۆژی حەوتەم کرد: «پاشان خودا لە ڕۆژی حەوتەمدا لە هەموو کارەکانی پشوویدا». [5]پاشان گەڕایەوە و فەرمووی: ناچنە ناو شوێنی پشووەکەم!»[6]بەم شێوەیە ڕوونە، کە پشوودانی خودایی چاوەڕێی ئەوانە دەکات کە دەچنە ناویەوە. ئەوانەی بۆ یەکەمجار مژدەی ئەویان پێگەیشت بەهۆی یاخیبونیانەوە نەچوونە ناویەوە، [7]خودا دەرفەتێکی نوێی ڕاگەیاند، فەرمووی: «ئەمڕۆ» لە دوای ماوەیێکی دوور و درێژ لە گووتنی ئەمە لەسەر زمانی داڤید، فەرمووی: «ئەمڕۆ، ئەگەر گوێت لە دەنگی بوو، دڵتان ڕەق مەکەن».[8]ئەگەر یەشوع گەلەکەی بهێنایەتە ئارامییەوە، خودا دوای ئەوە باسی بەروارێکی نوێی بۆ چونە ژوورەوەی نەدەکرد بە گووتنی: «ئەمڕۆ». [9]بۆیە تا ئێستاش پشووی ڕاستەقینە بۆ گەلی خودا ئامادەیە. [10]ئەوەی بچێتە ناو ئەو پشووەوە، لە کارەکانیشی پشوو دەدات، هەروەک چۆن خودا لە کارەکانی پشوویدا. [11]لەبەرئەمە، با هەمووومان هەوڵبدەین بچینە ناو ئەو پشووەوە، بۆ ئەوەی هیچ کام لە ئێمە وەک ئەوانەی سەرپێچی فەرمانی خودایان کرد نەکەوین.[12]لەبەر ئەوەی وشەی خودا زیندوو، و کاریگەرە، لە هەموو شمشێرێکی دوو لێوار تیژترە، بۆجیاکردنەوەی ناخ و گیان، جومگەکان و مۆخی ئێسکەکان، توانای جیاکردنەوەی بیرکردنەوە و مەبەستەکانی دڵی هەیە. [13]یەک بەدیهێنراو نییە لە چاوی خودا شاراوە بێت، بەڵکو هەموو شتێک ڕووت و ئاشکرایە لەبەردەم چاوی ئەودا، ئەوەی هەژماری خۆمانی دەخەینە بەردەست.[14]چونکە سەرۆک کاهینی مەزنمان هەیە کە بۆ سەرووی ئاسمانەکان بەرز بووەتەوە، ئەوەش یەشوای ڕۆڵەی خودایە، با بەردەوام پابەند بین بە دانپێدانان بەو. [15]لەبەر ئەوەی سەرۆک کاهینمان بێتوانا نییە لە تێگەیشتن لە لاوازییەکانمان، بەڵکو ئەویش تاقیکراوەتەوە، بەڵام ئەو بەبێ گوناهەبوو. [16]با بەمتمانەوە لە تەختی بەخششی نزیک ببینەوە، تاکو بەزەیی بەدەست بێنیین و بەخشش بدۆزینەوە بۆ یارمەتییمان لە کاتی پێویستیدا.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

Chapter 5

[1]سەرۆک کاهین لە نێو خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، بۆ کاروباری خودایی وەک نوێنەری خەڵک تا دیاری و قوربانی، بۆ خودا بەرزبکاتەوە لەپێناو گوناهەیان. [2]دەتوانێت بەزەیی بە نەزان و گومڕاکاندا بێتەوە چونکە خۆشی بەدەست لاوازیەوە دەناڵێنێت. [3]بەهۆی لاوازییەکەیەوە، دەبوایە قوربانی بۆ گوناهەکانی خۆی و هەروەها گوناهەکانی ئەوانی دیکەش بکات.[4]هیچ یەکێک ئەم پلە ڕێزدارەی بۆ خۆی وەرنەدەگرت، بەڵکو لە لایەن خودا بانگ دەکرا، وەک چۆن بانگی ئارونی کرد. [5]بە هەمان شێوە مەسیح خۆی بەرز نەکردەوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک کاهین، بەڵکو ئەوە خودابوو پێی فەرمووی: « تۆ ڕۆڵەی منی، ئەمڕۆ بووم بە باوکی تۆ!»[6]لە شوێنێکی تریش پێی دەفەرمووێت: «تۆ کاهینیت بۆ هەتا هەتایە لە پلەی مەلخیسەدەک!»[7]لە ڕۆژانی بە جەستە بوونی داکۆکیکار بوو بۆ ڕزگاری لە مردن بە هێزی ئەو گریان و فرمێسکەی وەک قوربانی پێشتر پێشکەش کرابوو. [8]بەهەمان شێوەی ڕۆڵەکە، ئێمەیش لە ئەو فێر بووین کە ئازار بچێژین.[9]لەبەر ئەوە شایەنی ئەرکەکەی بوو، بووە هۆکاری ڕزگاری هەتاهەتایی بۆ هەموو ئەوانەی گوێڕایەڵی دەبن. [10]خودا پشتگیری ئەمەی کرد، ڕایگەیاند سەرۆک کاهینە لە پلەی مەلخیسەدەک. [11]لەبارەی ئەم سەرۆک کاهینە، قسەم زۆرە، بەڵام قورسە بۆ ڕاڤەکردن وادیارە ئێوە بە دەست کەم تێگەیشتنەوە دەناڵێنن.[12]ئێستا دەبوایە بتوانن ئەوانیتر فێربکەن، لە دوای ئەو ماوە درێژە لە ڕزگاربونتان. بەڵام هێشتا پێویستتان بەوانەیە بنەما سەرەکییەکانی وتەکانی خوداتان فێربکات. لێرەدا دیسان پێویستتان بە شیرە! چونکە ناتوانن خواردنی بەهێز هەرس بکەن. [13]هەریەکێک شیر بخوات بێ ئەزمونە لە فێرکردنی بەهێزو دروستدا، چونکە هێشتا منداڵێکی پێنەگەیشتووە. [14]ئەوانەش کە لە گیاندا بەهێزن توانای خواردنی بەهێزیان هەیە: چونکە ڕاهێنانیان لەسەر هەستەکانیان کردووە، بۆ جیاکردنەوەی چاکەو خراپە.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 6

[1]لە بەر ئەوە، با ئەو بابەتە سەرەتاییانە لەبارەی مەسیح، بەجێ بهێڵین و بەرەوو پێگەیشتنێکی کامڵ پێشبکەوین. تا ناگەڕێینەوە بۆ ئەو
بناغانەی پێشتر کە فێربیوین، کە ئەمانەن: پاشگەزبوونەوە لەو کارانەی دەبنە هۆی مردن، باوەڕبوون بە خودا، [2]ئەو ڕێکخستنەی تایبەتە
بە ڕێوڕەسمی لەئاوهەڵکیشان. دەست لەسەر دانان، و هەستانەوەی مردووان، و سزای هەتا هەتایی. [3]وە ئەگەر خودا ڕێگا بدات،
ئەمانەش دەکەین![4]ئەمەش لەبەر ئەوانەیە کە جارێک بەر ڕووناکی باوەڕی مەسیح کەوتن، تامی بەخشینی ئاسمانییان کرد، بوونە
هاوبەشی گیانە پیرۆزەکە، [5]تامی وشەی باشی خودایان کرد. و پەرجوی «جیهانی داهاتوو» یان بینی، [6]پاشان هەڵگەڕانەوە، ئەستەمە
جارێکی تر نوێ ببنەوە و پاشگەزببنەوە. چونکە ئەوانە ڕۆڵەی خودا بۆ جاری دووەم لەخاچ دەدەن و شەرمەزاری دەکەن.[7]سەیر نییە،
ئەو خاکەی کە چەندین جار لەو بارانە دەخواتەوە کە بەسەریدا دەبارێت، پاشان ڕووەک بەرهەم دەهێنێت کە سوودی بۆ ئەوانە دەبێت
کە دەکێڵن، بەرەکەت لە خودا وەردەگرن! [8]بەڵام ئەگەر دڕک و گیای کێوی بەرهەم بهێنیت، ئەوا ڕەتدەکرێتەوە و شایەنی نەفرەت
دەبێت، کۆتاییەکەی جگە لە ئاگر هیچی تر نابێت.[9]ئەی خۆشەویستان، هەرچەندە مەبەستم بوو بەو شتانەی لێرەدا گووتم ئاگادارتان
بکەمەوە، بەڵام باوەڕم وایەو گومانم لە ڕزگاربوونتان نیە. چونکە کارێکی باشتان کردووە کە هاوتای ئەم ڕزگاریەن. [10]خودا زۆردار نییە
کە کارەکانتانی لەبیربچێت لە پیشاندانی خۆشەویستان بۆی لە ڕێگەی خزمەتەکەتان بۆ پیرۆزکراوان بۆ ڕێزگرتن لە ناوەکەی، کە پێشتر
کردوتانە، ئێستاش دەیکەن![11]هیوادارین هەر یەکێک لە ئێوە تێکۆشانی هاوشێوە پیشان بدات تاکۆتایی بۆ پاراستنی متمانەی تەواوی بە
هیواکەی. [12]ئەمەش بۆ ئەوەیی تەمبەڵ نەبن، بەڵکو لاسایی ئەوانە بکەنەوە کە بەڵێنی خودا بەمیرات وەردەگرن، لە ڕێگەی باوەڕو و
ئارامیەوە.[13]با بەڵێنی خودا بۆ ئەڤراهام بە نموونە وەربگرین. کاتێک ئەو بەڵێنەی پێیدا، سوێندی بەخۆی خوارد، چونکە کەس لە خۆی
مەزنترنییە سوێندی پێبخوات. [14]پێی فەرموو: «من بەرەکەتدارت دەکەم و نەوەیەکی زۆرت پێ دەبەخشم!» [15]بەم شێوەیە، ئەڤراهام بە
ئارامییەوە چاوەڕێی کرد و ئەو بەڵێنەی پێدرابوو وەریگرت.[16]لەڕاستیدا مرۆڤەکان سوێند بە مەزترینەکان دەخۆن و بۆ ئەوان سوێند
کۆتایی بە هەموو ناکۆکییەک دەهێنێت و بابەتەکان یەکلایی دەکاتەوە. [17]بەهەمان شێوە خودا ویستی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ
میراتگرانی بەڵێنەکەی کە هەرگیز ناگۆڕێت، بە سوێند بیسەلمێنیت. [18]لەسەر بنەمای بەڵێن و سوێندی خودا، کە بابەتی جێگیر و نەگۆڕن
و ئەستەمە خودا درۆیان تێدا ناکات، هاندانی بەهێز بەدەست دەهێنین، دوای ئەوەی پەنامان بردە بەر چەسپاندن بەو هیوایەی کە
لەبەردەممان دانراوە.[19]ئەم هیوایەمان هەیە کە وەک لەنگەرە بۆ دەروونمان، چەسپاو و ڕاگرە. دەچێتە ناو شوێنی هەرەپیرۆز لە پشت
پەردەکە. [20]لەوێدا یەشوا پێشتر و لەبری ئێمە چوە ناوی دوای ئەوەی بوە سەرۆکی کاهینان بۆ هەتاهەتایە لە پلەی مەلخیسەدەکە!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 7

[1]چونکە مەلخیسەدەک کە پێشتر باسمان کرد، لە سەردەمێکدا پاشای شاری شالۆم و کاهینی خودای هەرەبەرزبووە. پێشوازی لە
ئەڤراهام کرد کە بە سەرکەوتویی لە شەڕدا گەڕایەوە کە تێیدا ژمارەیەک پاشای بەزاند، بەرەکەتی خستە سەری. [2]ئەڤراهام دەیەکی
پێدا کە لە شەڕەکەدا دەستی کەوتبوو. لە لایەکەوە ناوی مەلخیسەدەک بە واتای «پاشای دادپەروەری» دێت لە لایەکی ترەوە نازناوی
«پاشا شالۆم» بوو بە واتای «پاشای ئاشتی». [3]سروش باسی باوک و دایکی و ڕەچەڵەک، و لەدایکبون و مردنی نەکردووە. بەدروستی
هێمای ڕۆڵەی خودایە، کە کاهینی هەتاهەتاییە.[4]بیرکەنەوە ئەم کەسە چەندە مەزنبووە. تەنانەت ئەڤراهام، باپیرە گەورەمان، دەیەکی
دەسکەوتی پێدا. [5]ئێمە دەزانین تەوڕاتی موشە فەرمان بەو کاهینانە دەکات کە لە لێڤیەوە هاتوون دەیەک لە گەلەکە وەربگرن، واتە لە
براکانیان، هەرچەندە سەرچاوەی هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ ئەڤراهام. [6]بەڵام مەلخیسەدەک کە هاوڕەچەڵەکی ئەم خەڵکە نەبوو، دەیەکی
لە ئەڤراهام وەرگرت و بەرەکەت داریکرد، لەگەڵ ئەوەی ئەڤراهام بەڵێنی بەرەکەتی لەخودا وەرگرتبوو.[7]کەواتە، هیچ ناکۆکییەک نییە کە
مەلخیسەدەک لە ئەڤراهام مەزنترە، ئەگەرنا بەرەکەتی نەدەخستە سەری! [8]جگە لەوەش ئەو کاهینانەی لە نەوەی لێڤی هاتوون و
بەگوێرەی تەوڕات دەیەک وەردەگرن هەرچەندە مرۆڤن و دەمرن. بەڵام مەلخیسەدەک کە دەیەکی لە ئەڤراهام وەرگرتووە، شایەتی
بۆ دەدرێت کە زیندووە. [9]باشتێکتان پێبڵێم: تەنانەت لێڤی ئەوەی نەوەکەی کە دەیەک وەردەگرن، ئەویش لە ڕێگەی ئەڤراهامەوە
دەیەکی بە مەلخیسەدەک داوە. [10]هەرچەندە هێشتا لێڤی لەدایک نەببوو، بەڵام لە پشتی ئەڤراهامی باپیرەیدا ئامادە بوو کاتێک
مەلخیسەدەک چاوی پێی کەوت.[11]تەوراتی موشە هەمووی لەبارەی ڕێوڕەسمی کاهینایەتیە کە ئەرکەکانی لەلایەن نەوەکانی لێڤیەوە
ئەنجام دەدرا. بەڵام ئەو ڕێکخستنە نەگەیشتە کامڵ بوون بۆ ئەو کەسانەی کە لەسەر بناغەی ئەو ڕێکخستنە خودایان دەپەرست. ئەگینا
پێویستی بە دانانی کاهینێکی دیکە نەدەکرد لە پلەی مەلخیسەدەک، نەک لە پلەی ئارون! [12]کاتێک هەر گۆڕانکارییەک لە کاهینایەتیدا
ڕوودەدات، پێویستە گۆڕانکارییەک لە یاسای کاهینایەتیدا بکرێت.[13]مەسیح، سەرۆک کاهینمانە، لە هۆزی لێڤی نەبووە، کە کاهینەکانی
یەهودیەکان لێیەوە هاتوون. [14]لە ڕووی مێژوییەوە ڕوونە کە پەروەردگارمان سەرچاوەی بەجەستە بوونەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ یەهودا.
لە تەوڕاتی موشە باسی پەیوەندی نێوان نەوەکانی یەهودا و ئەرکی کاهینایەتی نەکراوە.[15]ئەوەی بابەتەکە زیاتر ڕوونتر دەکاتەوە ئەوەیە
کاهینە نوێیەکە هاوشێوەی مەلخیسەدەکە، [16]نەک لەسەر بنەمای تەورات سەبارەت بە ڕەچەڵەکەکەی بەڵکو لەسەر بناغەی ئەو هێزەی
لە ژیانیەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەرگیز بە سەر ناچێت بووە بە کاهین. [17]ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە سروش شایەتی بۆ دەدات و
دەڵێت: «تۆ کاهینیت بۆ هەتاهەتایە بە پلەی مەلخیسەدەک!»[18]بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە ڕێکخستنی کۆنی کاهینایەتی
هەڵوەشاوەتەوە، چونکە لاوازو بێ سودبوو. [19]تەوڕات نەیتوانی خودا پەرستەکان بەرەوە کامڵی ببات. بۆیە خودا بناغەیەکی نوێی دانا بۆ
نزیکبوونەوە لێی، هیوایەکی باشتری پێشکەش کردین.[20]دانانی مەسیح وەک سەرۆکی کاهین بە سوێند پشتگیری کرا. [21]کوڕەکانی لێڤی،
بەبێ هیچ سوێندێک بوون بە کاهین. ئەم سوێندە لە قسەکانی خودا ڕوونە: «پەروەردگار سوێندی خواردوە و پاشگەزنابێتەوە: تۆ بۆ
هەتاهەتایە کاهینی»[22]لەسەر بناغەی ئەو سوێندە، یەشوا پەیمانێکی باشتری دەستبەرکرد! [23]سەرەڕای ئەمەش، کاهینەکان لە گۆڕاندا
بوون، چونکە مردن ڕێگربوو لەمانەوەیان. [24]بەڵام مەسیح، بۆ هەتاهەتایە زیندووە، وەک خاوەن کاهینیەتێکی بەسەرنەچوو دەمێنێتەوە!
[25]بۆیە هەمیشە دەتوانێت ئەوانە بە کاملّی ڕزگار بکات کە لە خودا نزیک دەبنەوە. ئەو لە ئامادە بونی خودادا، هەمیشە زیندووە بۆیان
دەپارێتەوە و بەرگرییان لێدەکات! [26]بەڵێ، ئەمە ئەو سەرۆک کاهینەیە کە پێویستمان پێی بوو. ئەو پیرۆزە، کەموکوڕی تێدانیە، بێگەردە،
لە گوناهباران جیابۆوە و بەرز بۆوە بەرزتر لە ئاسمانەکان.[27]ئەو پێویستی بەو شتە نییە کە هەموو سەرۆک کاهینێک لە کۆندا پێویستیان
پێی بوو: ڕۆژانە قوربانی پێشکەش بکات بۆلێخۆشبونی گوناهەکانی خۆی سەرەتا، پاشان بۆ گوناهەکانی گەل، چونکە جارێک قوربانی بۆ
گوناهەکانیان کرد، کاتێک لە پێناویاندا خۆی پێشکەش کرد. [28]کەواتە، تەوڕات هەموو سەرۆک کاهینەکانی لە نێو خەڵکی لاوازەوە
دەستنیشان دەکرد. سەبارەت بە وشەی سوێند کەدوای تەوڕات هات، ڕۆڵەی خودای دانا کە بە تەواوی شایستەی ئەرکەکەی بوو، وەک
سەرۆک کاهین بۆ هەتاهەتایە!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 8

1پوختەی قسەکەم ئەوەیە، مەسیح ئەو سەرۆک کاهینمانە، کە لێرەدا باسی کاهینیەکەمان کرد. ئێستا لە ئاسمان لە ڕاستەی تەختەی
مەزنایەتی خوداییدا دانیشتوە. 2لەوێ ئەرکەکەی جێبەجێ دەکات، لە شوێنی هەرەپیرۆز: لە چادری پەرستنی ڕاستەقینە ئەوەی
پەروەردگار دایناوە، نەک مرۆڤ.3ئەرکی هەر سەرۆک کاهینێک پێشکەشکردنی قوربانیە بۆ نزیک بوونەوەی لە خودا. پێویست بوو وەک
سەرۆک کاهینەکەمان شتێکی هەبێت پێشکەشی بکات. 4ئەگەر مەسیح زەمینی بووایە، نەدەبووە کاهین. کەسانیتر هەن کە بەگوێرەی
تەورات، قوربانی دەکەن و تەنیا لە نەوەی لێڤین. 5ئەوان تەنها خزمەت بەو شتانە دەکەن هێما و سێبەری شتە ئاسمانیەکان پێک
دەهێنن. ئەمەش ڕوونە پێش ئەوەی موشە چادری پەرستن دروست بکات خودا پێی ڕاگەیاندبوو. بۆیە سروشی بۆ هات و پێی فەرموو:
«ئاگاداربە! دەبێت چادرەکە و هەموو شتەکانی ناوی تێدا دروست بکەیت بە گوێرەی ئەو نموونەیەی کە لەسەر چیاکە پیشانم
دایت!»6کەواتە سەرۆک کاهینەکەمان خزمەتێکی باشتری لە کاهینایەتی زەمینی بەدەست هێناوە، چونکە ئەو نێوانگیرە پەیمانێکی نوێی
ڕاگەیاند، کەباشترە لە پەیمانە کۆنەکە، و ئەو پەیمانە نوێیە بەڵێنی باشتر لەخۆدەگرێت. 7ئەگەر پەیمانی پێشوو بێ کەموکوڕی بوایە،
پێویستی بە پەیمانێکیتر نەدەبوو بۆ جێگرتنەوەی.8لە ڕاستیدا خودا لۆمەی گەلەکەی دەکات و دەفەرمووێت: ڕۆژانێک دادێت، پەروەردگار
دەفەرموێ پەیمانێکی نوێ لەگەڵ نەوەی یەسرائیل و نەوەی یەهودا دەبەستم . 9ئەو پەیمانە نوێیە وەک ئەو پەیمانە نییە کە لەگەڵ
باوباپیرانیان بەستم، کاتێک دەستم گرتن و لە خاکی میسر دەرمهێنان. لەبەر ئەوەی ئەو پەیمانەیان شکاند، منیش فەرامۆشم کردن،
پەروەردگار دەفەرموێت!10چونکە ئەمە ئەو پەیمانەیە کە دوای ئەو ڕۆژانە لەگەڵ نەوەی یەسرائیل دەیبەستم، پەروەردگار دەفەرموێت:
یاساکانم دەخەمە ناو ویژدانیان و لەسەر دڵیان دەیاننووسم، من دەبمە خودایان و ئەوانیش دەبنە گەلی من.11دوای ئەوە، کەس فێری
براکەی ناکات و بڵێت: پەروەردگار بناسە! لەبەر ئەوەی هەموویان من دەناسن، لە بچوکترینەوە تا گەورەترین. 12چونکە لە تاوانەکانیان
خۆش دەبم و ئیتر گوناهە و سەرپێچییەکانیان بەبیر خۆم ناهێنمەوە!»13خودا کە باسی پەیمانی نوێ دەکات، واتا پەیمانەکەیتر کۆن بووە.
سروشتیە هەر شتێک کۆن و پیر ببێت، مانای وایە بەرەو لەناوچوونە!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 9

[1]لە پەیمانی کۆن ڕێوڕەسم و یاساو ڕێکخستنی پەرستنی خودا لە چادرێکی پیرۆزدا لەسەر ئەم زەوییە دانرا، [2]ئەم چادرە گەورە دوو
بەشبوو بە پەردەیەک لەیەکتر جیاکرابوونەوە. بەشی یەکەم کە ناوی «پیرۆزەکە» بوو، چرادانێکی زێڕین و مێزێکی تێدابوو کە نانی
نزیکبوونەوە لە خودای لەسەر دانرابوو.[3]بەشی دووەم دەکەوێتە پشت پەردەکەوە، ناوی «پیرۆزی هەرە پیرۆزەکان»، [4]بخوردانێکی لە
زێڕ دروستکراوی تیادابوو، تابوتێک کە هەمووی بە زێڕ ڕوپۆشکرابوو پێی دەگووترێت «سندووقی پەیمان». لەناو سندووقەکە قاپێک
لەزێڕ دروستکرابوو هەندێک مەنی تێدابوو. گۆچانەکەی ئارۆن کە گەڵای سەوزی دەرکردبوو؛ لەگەڵ دوو تەختە بەردەکە کە
فەرمانەکانی پەیمانیان لەسەر هەڵکەندرابوو. [5]لەسەر سندووقەکە، دوو کەڕوبی شکۆمەندی (پەیکەری دوو فریشتە) هەبوون، بە
باڵەکانیانەوە سێبەریان کردبووە سەر قاپەکەی کە پێی دەگوترا «کورسی بەزیی»، لێرەدا، ئەو وردەکارییە بەسە. دەرفەت نیە
زیاتربەوردی باسی بکەین.[6]بەو پێیەی ئەم شتانە بەم شێوەیە ڕێکخرابوو، کاهینەکان دەچوونە ناو بەشی یەکەم، لەوێ ئەرکەکانی
خزمەتەکەیان جێبەجێ دەکرد. [7]بەڵام بەشی دووەم، تەنها سەرۆک کاهینەکە دەچووە ژوورەوە، ساڵانە جارێک. پێویست بوو لەسەری
خوێن هەڵبگرێت و بیپرژێنێتە سەر کورسی بەزەیی وەک قوربانی بۆ خۆی و بۆ ئەو تاوانانەی کە گەلەکەی بە نەزانی کردویانە.[8]بەم
شێوەیە گیانە پیرۆزەکە ئاماژە بەوە دەکات ڕێگای «پیرۆزی هەرە پیرۆزەکان» ی، ڕاستەقینە لە ئاسمان هێشتا نەکرابۆوە. چونکە
نشینگەی یەکەم هێشتا مابوو. [9]ئەوە هێمای سەردەمی ئێستایە کە بەگوێرەی ڕێکخستنی پەیمانی کۆن قوربانی پێشکەش دەکرێت.
بەڵام ناتوانێت ویژدانی ئەوانە پاک بکاتەوە کە لەو ڕێگەیەوە لە خودا نزیک دەبنەوە، هەروەها ناتوانێت بەرەو بێتاوان بوونیان ببات و
ویژدانیان پاک بکاتەوە. [10]بەو پێیەی پەیمانەکەی پێشوو سنووردار بوو بە قەدەغەکردنی هەندێک خواردن و خواردنەوە و ڕێگەپێدانی بە
هەندێکیتر، دانانی ڕێسا و یاسا تایبەت بە ئەنجامدانی شۆردنو ڕێوڕەسمی جیاواز. بەڵکو هەموو ئەو شتانەی لەو یاسای جەستەیی بوون
کە کاتی چاکسازی هات کارەکانیان کۆتایی پێهات.[11]لەبەر ئەوەی بەرەکەتە ئاسمانییەکان لە مەسیحدا بەدیهات. ئێستا سەرۆک کاهینمانە
ئەرکی خۆی لە چادرە ڕاستەقینەکەدا ئەنجام دەدات، کە لە چادرە زەمینیەکە گەورەتر و کامڵترە. لە ئاسماندایە. بە دەستی مرۆڤ
دروست نەکراوە سەر بەم جیهانە نیە. [12]لەم چادرەدا، مەسیح جارێک هاتە ناو «پیرۆزی هەرە پیرۆزەکان»، خوێنی خۆی هەڵگرتبوو، نەک
خوێنی بزن و گوێرەکە. ئەمەش دوای ئەوە بوو لەبری ئێمە خوێنی خۆی ڕشت. قوربانی هەتاهەتایی بۆمان دەستبەرکرد.[13]هیچ سەیر
نییە! بە پێی ڕێکخستنی پێشوو خوێنی گا و بزن لەگەڵ خۆڵەمێشی گوێرەکە بەسەر گڵاوەکاندا دەپرژێنرا، جەستەیانی پاک دەکردەوە.
[14]خوێنی مەسیح کە بە گیانێکی ئەزەلی خۆی پێشکەش بە خودا کرد وەک قوربانییەکی بێ تاوان، چەندە زیاتر ویژدانمان لە کارە
مردووەکان پاک دەکاتەوە بۆ ئەوەی خودای زیندوو بپەرستین. [15]بۆیە، مەسیح ڕێکخەری پەیمانی نوێیە. تاکو بانگکراوان بەڵێنی میراتی
هەتاهەتایی وەربگرن، چونکە مردنەکەی بەهای خوێنە بۆ ئازادکردن لەو گوناهانەی کە لە پەیمانی یەکەمدا کردوویانە.[16]کاتێک یەکێک
دەمرێت و وەسیەتنامەیێک بەجێدەهێڵێت، دەبێت مردنەکەی بسەلمێنرێت بۆ ئەوەی سوود لە وەسیەتنامەکەی وەربگیرێت. [17]کەواتە
وەسیەتنامەکە هیچ هێزێکی نییە تا خاوەنەکەی لە ژیاندا بێت. وەسیەتنامە تەنها بە مردنی خاوەنەکەی دەسەلمێنرێت.[18]بەم شێوەیە،
پەیمانی کۆنیش جێبەجێ نەکرا تەنها بە پرژاندنی خوێن نەبێت. [19]موشە هەموو فەرمانەکانی تەوراتی بۆ گەلەکەی خوێندەوە. خوێنی
گوێرەکە و بزن هەندێک ئاویش، خوری سور و گیای زوفای لەگەڵ خۆی برد بە سەر پەرتوکی تەورات و گەلەکەیدا پرژاند. [20]گووتی:
ئەمە خوێنی ئەو پەیمانەیە کە خودا ڕایسپاردوون جێبەجێی بکەن.[21]هەروەها خوێنی بەسەر چادرەکەی، پەرستن و کەرەستەکانی
خزمەتکردن کە لە ناویدابوون پرژاند. [22]بەگوێرەی تەورات نزیکەی هەموو شتێک بە خوێن پاک دەبێتەوە. لێخۆشبوونی گوناهەش بەبێ
رشتنی خوێن نابێت![23]بەو پێیەی پاککردنەوەی چادرە زەمینیەکە پێویستی بە پرژاندنی خوێنی قوربانی ئاژەڵەکان بوو، چادرە
ڕاستەقینەکە خوێنی قوربانێکی باشتری دەویست لە قوربانیەکەی دیکە. [24]مەسیح، سەرۆک کاهینەکەمان، نەچووە ناو «پیرۆزی هەرە
پیرۆزییەکان»ی زەمینی، کە بە دەستی مرۆڤ دروستکراوە و تەنها سێبەری ڕاستییەکە، بەڵکو چوە ناو ئەوەی ئاسمان، کە ئێستا
نوێنەرایەتیمان دەکات لەئامادەیی خودی خودادا.[25]ئەو نەچووە ژورەوە بۆ ئەوەی چەندجارێک خۆی وەک قوربانی پێشکەش بکات، وەک
چۆن کاهینی باڵا لەسەر زەوی ساڵانە جارێک بە خوێن دەچووە ناو «پیرۆزی هەرە پیرۆزییەکان» بەخوێنێک کە خوێنی خۆی نەبوو
[26]ئەگەرنا مەسیح لە سەرەتای دامەزراندنی جیهانەوە چەندین جار ناچار دەبوو لە ئازاردا بمرێت! بەڵام ئێستا، لە کۆتایی زەماندا، جارێک
دەرکەوت بۆ ئەوەی هێزی گوناهە پووچەڵ بکاتەوە بە پێشکەشکردنی خۆی وەک قوربانییەک بۆ خودا.[27]وەک چۆن بۆ چارەنووسیی
مرۆڤەکان دانراوە جارێک بمرن و دواتر لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت، [28]بە هەمان شێوە مەسیح: جارێک مرد خۆی کردە قوربانی و
گوناهەی زۆرینەی هەڵگرت، لەجیاتی ئەوان خۆی پێشکەشکرد. و دەبێت دووبارە دەربکەوێتەوە. نەک بۆ چارەسەرکردنی گوناهەکان،
بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی یەکجارەکی بۆ هەموو ئەوانەی چاوەڕێی دەکەن!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 10

[1]یاسای موشە سێبەرێکی لاوازی ئەو شتە باشانەی لەخۆگرتبوو کە مەسیح دەیهێنا، وێنە ڕاستیەکەی وەک خۆی پیشان نەدەدا. بۆیە
نەیتوانی ئەو کەسانە بگەیەنێتە کامڵ بوون کە لەو ڕێگەیەوە لە خودا نزیک دەبوونەوە، هەمیشە هەمان قوربانی ساڵانەیان پێشکەش
دەکرد، [2]ئەگینا هیچ هۆکارێک نەدەبوو بۆ بەردەوام بوون لە پێشکەشکردن! چونکە ویژدانی خوداپەرستان، کاتێک یەکجار بەتەواوی
پاککرانەوە، چیتر پێویست ناکات بۆ جاری دووەم پاکبکرێنەوە: هەستکردن بە تاوانباری نامێنێت. [3]بەڵام قوربانیکردنی دووبارەی ساڵانە،
گوناهەکانیانی بیردەخستنەوە. [4]چونکە ئەستەمە خوێنی گا و بزن گوناهی مرۆڤەکان لاببات.[5]بۆیە کاتێک مەسیح هاتە سەر ئەم زەوییە
فەرمووی: قوربانی و پێشکەشکردنەکان ئەوەیە کە من ویستم. بەڵام تۆ جەستەیەکی مرۆڤت بۆ ئامادە کردم. [6]بەو ئاژەڵانە کە
لەبەردەمتدا وەک کەفارەتی گوناه سەرپڕدرابوون و سووتێنران رازی نەبوویت. [7]پاشان گووتم: من لێرەم هاتووم بۆ ئەوەی ویستی تۆ
جێبەجێ بکەم خودای من. ئەوەی لە پەرتووکەکەدا دەربارەی نووسراوە!»[8]دوای ئەوەی مەسیح نارەزایەتی خودای لە قوربانی و
پێشکەشکراوەکان دەرپڕی لەگەڵ ئەوەی بەگوێرەی تەورات پێشکەش دەکران. [9]جارێکیتر دەفەرموێت: «ئەوەتا هاتوم ئەوکارە بکەم
کەدەتەوێت !» کەواتە، ڕێسای یەکەم لادەبات و ڕێسایێکی نوێ لە شوێنی دادەنێت. [10]بەهۆی ئەو خواستە خوداییەی، ئێمە پیرۆز بووین
کە یشوای مەسیح، جارێک، جەستەی خۆی لە جیاتی ئێمە پێشکەش کرد![11]لە کۆندا هەموو کاهینێک ڕۆژانە لەبەردەم قوربانگاکەدا
هەمان ئەو قوربانیانەی پێشکەشی خودا دەکرد، کە هەرگیز نەیان دەتوانی گوناهە لابەرن. [12]بەڵام مەسیح، سەرۆک کاهینەکەمان، یەک
قوربانی بۆ گوناهەکانمان پێشکەش کرد، پاشان بۆ هەتاهەتایە لە ڕاستەی خودادا دانیشت، [13]چاوەڕێیە هەموو دوژمنەکانی ببنە تەختەی
پێیەکانی. [14]چونکە بە یەک قوربانی ئەوانەی پیرۆزی کردن بۆ هەتاهەتایە کامڵی کردن.[15]گیانە پیرۆزەکە خۆی شایەتیمان بۆ ئەدا بۆ ئەم
ڕاستییەیە. کاتێک بۆ یەکەمجار فەرمووی: [16]ئەمە ئەو پەیمانەیە کە دوای ئەو ڕۆژانە لەگەڵیان دەیبەستم، پەروەردگار دەفەرموێت:
وشەکانم دەخەمە دڵیانەوە، و لەهزریاندا دەیان نووسم».[17]پاشان دەفەرموێت: «هەرگیز گوناه و سەرپێچییەکانیان بە بیری خۆم
ناهێنمەوە». [18]کاتێک لێخۆشبون بۆ گوناهەکان دەستەبەرکرا، ئیتر پێویست بە پێشکەشکردنی قوربانی ناکات![19]ئێستا برایان، مافی
ئەوەمان هەیە بە متمانەوە نزیک ببینەوە لە «پیرۆزی هەرە پیرۆزەکان» (لە ئاسمان) بە خوێنی یەشوا. [20]بە پیادەکردنی ئەم ڕێگا نوێیە
زیندووە مەسیح ئەوپەردەیەیی دوولەتکرد، واتە بە جەستەی خۆی. [21] کاهینێکی مەزنمان هەیە کە دەسەڵاتدارە بەسەر ماڵەکەی خودادا.
[22]با بە دڵێکی ڕاست و بەباوەڕ و متمانەیەکی کامڵەوە لێی نزیک ببینەوە، دوای ئەوەی بە پڕژاندی خوێن دڵمانی پاککردەوە لە
هەستکردن بە تاوان، وە بە ئاوێکی پاک جەستەمانی شۆرد.[23]با هەمیشە دەست بەو هیوایەوە بگرین و دانی پێدابنێین، بێگومان بین کە
دێتە دی، چونکە ئەوەی بەڵێنی پێداوین سەرڕاست و ڕاستگۆیە. [24]لەسەرمانە کە هەریەکەمان ئاگاداری ئەوەیتر بێت، بۆ ئەوەی هانی
یەکتری بدەین بۆ خۆشەویستی و کاری چاکە. [25]پێویستە، واز لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ یەکتر نەهێنین، وەک هەندێکتان ڕاهاتون. چونکە
ئێوە شایانی ئەوەن کە هاندەری یەکترین، و بەردەوام بن لەسەری وە دەبینن ڕۆژەکە نزیک دەبێتەوە.[26]ئەگەر ئێمە بە ئەنقەست
گوناهمان کرد بە ڕەتکردنەوەی مەسیح دوای ئەوەی ڕاستیمان ناسی، هیچ قوربانییەک نیە بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکان، [27]بەڵکو
چاوەڕوانی سزای بڵێسەی ئاگریین کە یاخیبووان دەخوات. چاوەڕوانییەکی چەندە ترسناکە![28]دەزانن ئەوەی تەوراتی موشەی پێشێل
دەکرد سزاکەی مردن بوو بێ بەزەییانە، بەمەرجێک تاوانەکەی دوو سێ شایەتی هەبوویێت. [29]کەواتە بە بۆچونی ئێوە سزای ئەوە چەندە
کە ڕۆڵەی خودا پێشێل دەکات، و کە پێی وایە خوێنی پەیمانەکە، کە بەهۆیەوە پیرۆز دەکرێت، خوێنێکی گلاوە، بەم شێوەیە بێڕێزی
بەگیانی بەخششەکەی دەکات؟[30]ئێمە دەزانین کێ فەرمووی: «تۆڵەسەندنەوە هی منە، منم سزادەدەم، پەروەردگار دەفەرموێت!» وە
هەروەها: «پەروەردگار بڕیار لەسەر گەلەکەی دەدات!» [31]بەڕاستی چەندە ترسناکە کە بکەویتە دەستی خودای زیندوو![32]هەرگیز ئەو
ڕۆژانەی ڕابردوو لەبیر مەکەن دوای ئەوەی ڕووناکی باوەڕتان بە مەسیح بەسەرتاندا هەڵهات، بەرگەی تێکۆشانێکی زۆرتان گرت،
ئازارێکی زۆرتان چەشت. [33]کاتێک توشی سوکایەتی و تەنگانە بوون لەلایەک، لە لایەکی دیکەش لەگەڵ ئەوانە هاوبەشیتان کرد کە بەم
شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. [34]هاوسۆزی زیندانیەکان بوون، بە خۆشییەوە تاڵانکردنی موڵک و ماڵی خۆتان پەسەندکرد، دەزانن لە
ئاسماندا سامانێکی باشتر و نەبڕاوەتان هەیە.[35] کەواتە، واز لە متمانەکردن بە پەروەردگارمان مەهێنن. پاداشتێکی مەزنتان دەبێت.
[36]پێویستان بە ئارامی و خۆڕاگرییە بۆ ئەوەی خواستی خودا جێبەجێ بکەن، ئەو بەرەکەتە وەربگرن کە بەڵێنتان پێدراوە. [37]بەم نزیکانە
دێت، دێتەوە و دەرفەت نادات.[38]بەڵام هەریەکێک بە باوەڕ ڕاستودروست بێت، بە باوەڕ دەژی. وە هەریەکێک هەڵگەڕێتەوە گیانم پێی
شاد نابێت! [39]بەڵام ئێمە هەڵگەڕاوە نین تاکوو بەرەو لەناوچوون بچین، بەڵکو سەر بەو باوەڕەین کە بەرەو ڕزگاریمان دەبات!

## Chapter 11

[1]چونکە باوەڕ، متمانەیە بەوەی هیوامان پێیەتی، و دڵنیابوونە لەوەی نایبینین لە ڕاستیدا بوونی هەیە. [2]بەم باوەڕە پیاوانی خودا لە کۆندا شایەتی باشیان لەبەردەم خودا و خەڵکدا بەدەستهێنا. [3]لە ڕێگەی باوەڕەوە تێدەگەین کە هەموو گەردوون بە وشەیەکی فەرمان لەلایەن خوداوە هاتۆتە بوون. تەنانەت جیهانی بیندراوی ئێمەش، لە شتە نەبینراوەکان هاتونە بوون![4]بە باوەڕ، هابیل قوربانییەکی باشتری پێشکەش بە خودا کرد لەوەی کە قاین پێشکەشی کرد. لەسەر ئەو بناغەیە، خودا شایەتیدا کە هابیل ڕاستودروستە، ئەو قوربانییەی پێشکەشی کرد پەسەند کرا. هەرچەندە هابیل کوژرا، بەڵام هێشتا باوەڕەکەی پەندە بۆمان.[5]بە باوەڕ، خەنۆخ بەبێ ئەوەی بمرێت چووە ناو ئامادەیی خوداوە. لەسەر ئەم زەوییە ونبوو چونکە خودا بردییە لای خۆی. پێش ئەوەی ئەوە ڕوویدات، شایەتی بۆدرا کە خودای ڕازی کردووە. [6]ئەستەمە خودا ڕازی بکەیت بەبێ باوەڕ. چونکە هەریەکێک لە خودا نزیک بێتەوە، دەبێت باوەڕی بەوە هەبێت کە خودا بوونی هەیە و پاداشتی ئەو کەسانە دەداتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێن.[7]بە باوەڕ نواخ، کاتێک خودا لە ڕێگەی سروشەوە ئاگاداری کردەوە لە لافاوەکەی داهاتوو، ترسی خودا هانیدا کە کەشتییەکی گەورە دروست بکات وەک ئامرازێکی ڕزگارکەر بۆ خۆی و خێزانەکەی، هەرچەندە پێشوتر لافاوی نەبینبوو. بەم کارە، جیهانی تاوانبارکرد و بوو بە میراتگری ڕاستودروستی لە سەر بناغەی باوەڕ.[8]بەباوەڕ، ئەڤراهام وەڵامی بانگەوازی خودای دایەوە، وڵاتەکەی بەجێهێشت و چوە خاکێکی تر، کە خودا بەڵێنی پێدا بە میرات پێیبدات. کاتێک ماڵەکەی بەجێهێشت نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕوات. [9]بەباوەڕ، وەک نامۆیەک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر لەو خاکەی کە خودا بەڵێنی پێدابوو وەک ئەوەی خاکێکی نامۆ بێت گەشتی دەکرد، لەگەڵ یتساخ و یاکۆڤ، لە چادرەکاندا دەژیان، کە هاوبەشی بوون لە میراتگری هەمان بڵێن. [10]چونکە چاوەڕێی چوونە ناو شارە ئاسمانییەکە بوون ئەوەی بناغەیەکی جێگیری هەیە، کە دروستکەر و بنیاتنەرەکەی خودایە.[11]هەروەها بەهۆی باوەڕەوە، سارای، هاوسەری ئەڤراهام، توانی کوڕێکی ببێت هەرچەندە تەمەنی دووگیانی تێپەڕاندبوو. لە بەر ئەوەی متمانەی بە خودا هەبوو، ئەو بەڵێنەی کە پێیدابوو بۆی دینێتە دی. [12]بەم شێوەیە لە ئەڤراهام کوڕێکی بوو هەرچەندە توانای نەوە خستنەوەی نەبوو، گەلێکی گەورە «هێندەی ئەستێرەکانی ئاسمان، و لمی کەناری دەریا، بێ شومار بوون».[13]ئەوانە تا کۆتایی، باوەڕەکەیان پاراست. پێش ئەوەی بەڵێنەکەی خوداش بۆیان بێتە دی لەژیاندابوون. بەڵام ئەوان لە دوورەوە بینیویانە، وچاوەڕێ بوون لە داهاتوودا بە تەواوی بەدەستی بهێنن. چونکە باوەڕیان بەو بەڵێنە خوداییە هەبوو زانیان ئەوان نامۆن لەسەر زەوی کە بە سەردان هاتون و تێیدا تێپەڕدەبن. [14]ئەوەش ئەومان پێدەڵێت، ئەوان چاویان لەسەر نیشتیمانی ڕاستەقینەی خۆیان بوو.[15]ئەگەریادی ئەو نیشتمانە زەمینیەیان بکردایەتەوە کە جێیان هێشتبوو، ئەوا دەرفەتیان دەقۆستەوە و بۆی دەگەڕانەوە. [16]بەڵام، نەخێر، ئێستا ئەوان چاوەڕوانی نیشتمانێکی باشترن، واتە نیشتمانی ئاسمانی. بەهۆی باوەڕەکەیانەوە خودا شەرم ناکات ناوی لێ بنرێت خودای ئەوان، چونکە شارێکی بۆ ئامادە کردوون![17]بەباوەڕ، ئەڤراهام کاتێک خودا تاقیکردەوە، یتساخی کوڕی پێشکەش کرد. چونکە بەڵێنەکانی خودای پەسەند کرد، کوڕە تاقانەکەی کردە قوربانی، [18]هەرچەندە خودا پێی فەرموو بوو: «لە ڕێگەی یتساخەوە نەوەیەکت لێدەکەوێتەوە کە ناوی تۆ هەڵدەگرن!» [19]ئەڤراهام باوەڕی هەبوو کە خودا دەتوانێت یتساخ لە مردن هەستێنێتەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە ئەڤراهام کوڕەکەی لە مردن گەڕاندەوە، وەک نموونە یان هێمایەک.[20]بە باوەڕ، یتساخ بەرەکەتی بە یاکوڤ و ئیساڤ بەخشی. [21]بە باوەڕ، یاکوڤ پێش مردنی، بەرەکەتی خستە سەر هەریەک لە کوڕەکانی یۆسپ، و خۆێ بەسەر گۆچانەکە داداو کڕنۆشی برد. [22]بە باوەڕ، یۆسپ پشتی بە بەڵێنی خودا بەست کە نەوەی یەسرائیل لە خاکی میسر دەربهێنێت، ڕاسپاردەیەکی بەجێهێشت ڕوفاتەکەی لەگەڵ خۆیان ببەنەوە.[23]بە باوەڕ موشە تا تەمەنی سێ مانگ لە لایەن دایک و باوکی شاردرایەوە، چونکە وەک منداڵێکی جوان دەیانبینی، لەو فەرمانەی پاشا نەترسان کە پاشا دەریکردبوو. [24]بەباوەڕ، موشە کە گەورە بوو، ڕەتیکردەوە بە کچەزای فیرعەون بانگ بکرێت. [25]لەبری ئەوەی بۆ ماوەیەکی کاتی چێژ لە گوناهە وەربگرێت، ئەوەی هەڵبژارد لەگەڵ گەلی خودا لە تانگانەدا بێت. [26]ڕسوابوونی لەپێناو مەسیح، بە سامانێکی مەزنتر لە گەنجینەکانی میسر دەزانی، چونکە چاوەڕێی پاداشتەکەی دەکرد.[27]بە باوەڕ میسری بەجێهێشت، لە تووڕەیی پاشا نەترسا. بەردەوام بوو لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی، وەک ئەوەی خودای نەبینراو لە پاڵی بێت. [28]بە باوەڕ جەژنی پەسخەی کردو خوێنەکەی پرژاند، بۆ ئەوەی لەناوبەر دەست لە هیچ کام لە ڕۆڵەی گەلەکەی نەدات.[29]بە باوەڕ گەلەکەی بە دەریای سوردا تێپەڕین وەک ئەوەی زەوییەکی وشک بێت. سەبارەت بە میسرییەکان، کاتێک ئەویان تاقیکردەوە خنکان! [30]بە باوەڕ شووراکانی شاری یەریخۆ ڕووخا دوای ئەوەی گەلەکەی ماوەی حەوت ڕۆژ بە دەوریدا دەسووڕانەوە. [31]وەک پاداشتی باوەڕ، ڕاخابی لەشفرۆش لەگەڵ یاخیبووەکاندا لە مردنێکی دڵنیا ڕزگاری بوو، دوای ئەوەی بە ئاشتی پێشوازی لە سیخوڕەکان کرد.[32]ئایا هێشتا پێویست بە نمونەی زیاتر هەیە؟ کاتێکی تەواوم نییە بۆ ئەوەی هەواڵەکانی باوەڕ بگێڕمەوە دەربارەی: گەدعۆن، باراخ، شەمشۆن، یەفتاخ، داڤید، شمۆئیل و پێغەمبەران. [33]ئەمانە بە باوەڕ بەسەر شانشینی دوژمندا زاڵ بوون و بە دادپەروەرانە دادوەریان کرد و ئەوەی خودا بەڵێنی پێدابوون بەدەستیان هێنا. بەوە دەمی شێرەکانیان بەست، [34]هێزی ئاگریان پووچەڵکردەوە و لە کوژرانیان بە شمشێر لە مردن ڕزگاریان بوو. هەروەها بەوە هێزیان بەدەستهێنا دوای لاوازیان و لە شەڕەکاندا، بەهێز بوون و سوپای نامۆکانیان گەڕاندەوە دواوە.[35]بە باوەڕ، ژنان مردووەکانیان وەرگرتەوە زیندووکرانەوە. هەندێکی تریش هەبوون کە ئەشکەنجە دەدران، ڕەتیانکردەوە ئازاد بکرێن، بۆ ئەوەی زیندووبوونەوەیەکی باشتر بەدەستبهێنن. [36]هەندێکیان ڕووبەڕووی گاڵتەکردن و لێدان، و تەنانەت کۆت و بەند و زیندانیکردن بوونەوە. [37]بەردباران کران؛ بە مشار دوولەت کران؛ بە شمشێر کوژران. بە پێستی مەڕ و بزنەوە دەگەڕان، لانەواز کران و چەوسێندرانەوەو خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. [38]جیهان شایستەی ئەوان نەبوو، وەک چۆن لە دەشتایی و شاخ و ئەشکەوتەکاندا سەرگەردان بوون.[39]ئەم خەڵکانە هەموو ئەو شتانەیان بەدەست نەهێنا کە خودا بەڵێنی پێدابوون، هەرچەندە شایەتحاڵی باشیان هەبوو سەبارەت بە باوەڕەکەیان. [40]بەو پێیەی خودا شتێکی باشتری بۆ داڕشتبووین بۆ ئەوەی تەنها لەگەڵ ئێمەدا کامڵ ببن.

## Chapter 12

[1]مادام ئێمە بە هەورێکی وەها گەورەی شایەتحاڵ دەورە دراوین، با هەموو شتێک کە ڕێگری دەکات، و ئەو گوناهە فڕێ بدەین کە
ئەوەندە بە ئاسانی تێکەڵ دەبێت، وە با بە کۆڵنەدان لەو پێشبڕکێیە ڕابکەین، کە بۆمان دیاری کراوە، [2]بەردەوام چاومان لە یەشوایە:
پێشەنگ و تەواوکەری باوەڕمان. کە بەرگەی مردنی گرت بە خاچ، گرینگی بەو شەرمەزارییە نەدا کە لە خۆی گرتبوو، ئەو سەیری ئەم
خۆشیەی دەکرد کە چاوەڕێی بوو، پاشان لە ڕاستەی تەختی خودا دانیشت. [3]بە وردی بیر لەوە بکەنەوە بەرگەی چی گرتوە بەو مامەڵە
توندوتیژییەی گوناهباران لەگەڵیان کردووە، بۆ ئەوەی ماندوو نەبن و نەڕوخێن![4]هێشتا بەرەنگاری گوناهە نەبوونەتەوە تا ئەو ڕادەیەی
خوێنتان بڕێژیت. [5]ئەو ئامۆژگاریەی خوداتان لەبیر کردووە کە وەک منداڵەکانی خۆی لەگەڵتان دەدوێت؟ کە دەفەرموێت: «ڕۆڵەکەم،
سەرزەنشتکردنی پەروەردگار بە کەم مەزانە. ورە بەرمەدە کاتێک سەرزەنشتت دەکات لەسەر هەڵەیەک. [6]چونکە ئەوەی پەروەردگار
خۆشی بوێت تەمبێی دەکات. وە هەریەکێک بە ڕۆڵەی خۆی بزانێت بە قامچی لێیدەدات!»[7]کەواتە، بەرگەی تەمبێکردنی پەروەردگار
بگرن. کە وەک ڕۆڵەکانی خۆی مامەڵەتان لەگەڵ دەکات: چ ڕۆڵەیەک هەیە باوکی تەمبێی نەکات؟ [8]ئەگەر ئەو تەمبێکردنە وەرنەگرن
کە هەموو ڕۆڵەکانی خودا تێیدا هاوبەشن، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێوە زۆڵن و ڕۆڵەی ئەو نین.[9]باوکە زەمینیەکان کە منداڵ بووین
تەمبێیان دەکردین، ئێمەش ڕێزمان لێدەگرتن. دەبێ ئێستا چەندە زیاتر ملکەچی باوکی گیانیمان بین، بۆ ئەوەی بە باشتر بژین؟
[10]باوکانمان بۆ ماوەیەک تەمبێیان کردین، بەو شێوەیەی کە بە گونجاویان دەزانی. بەڵام خودا هەمیشە لە پێناو بەرژەوەندی ئێمەدا
تەمبێمان دەکات: بۆ ئەوەی هاوبەشی بین لە پیرۆزییەکەیدا. [11]بێگومان هەموو تەمبێکردنێک نابێتە هۆی خۆشی، بەڵکو هۆی دڵ تەنگی.
بەڵام پاشان، بە ئاشتیانە بەرهەمی ڕاستودروستی لەوانە بەرهەم دەهێنێت کە وەری دەگرن.[12]بۆیە دەستە لەرزاو و ئەژنۆی لاوازتان
بەهێز بکەن. [13]ڕێگای یەکسان بۆ پێیەکانتان دروست بکەن، بۆ ئەوەی شەلەکان کەم ئەندام نەبن، بەڵکو چاک ببنەوە![14]با ئامانجتان
ئەوەبێت لەگەڵ هەموو خەڵکیدا لە ئاشتی دابن، ژیانێکی پیرۆز بژین، بەبێ پیرۆزی هیچ یەکێک ناتوانێت پەروەردگار ببینێت. [15]ئاگاداربن
هیچ کام لە ئێوە خۆی لەبەخششەکانی خودا بێبەش نەکات، نەک ڕەگی تاڵیتان تیادا داکوتێت و سەرلێشێواوی دروست بکات و
زۆرێکتان پیس بکات. [16]وە ئاگاداربن لە ناوتاندا کەسێکی داوێنپیس، یان وەک ئیساڤ لە خودا بێباک نەبێت، کە مافی نۆبەرایەتی خۆی
بە ژەمێک خواردن فرۆشت. [17]ئێوە باش دەزانن کاتێک ویستی ئەو بەرەکەتە لە باوکی وەربگرێتەوە، دوای ئەوەی بێڕێزی پێکردبوو،
ڕەتکرایەوە چونکە هیچ بوارێکی نەدۆزیەوە بۆ پاشگەزبوونەوە، هەرچەندە بە ڕشتنی فرمێسک داوای بەرەکەتەکەی دەکرد.[18]ئێوە لە
شاخێک نزیک نەکەوتونەتەوە کە دەستی لێبدرێت، کە بە ئاگر داگیرسابێت، نە لە تەم و تاریکی ونەڕەشەبا، [19]پاشان دەنگی کەڕەنایەک
لێدرا و قسەی ڕوونی لێوە دەردەچوو و ئەوەندە ترسناک بوو ئەوانەی گوێیان لێبوو داوایان لێکرد واز لە قسەکردن بهێنێت. [20]چونکە
بەرگەی ئەم فەرمانەیان نەدەگرت کە بۆیان دەهات: «تەنانەت ئەو ئاژەڵەی بەر ئەو شاخە بکەوتایە، دەبوایە بەردباران بکرێت و
بکوژرێت!» [21]لە ڕاستیدا دیمەنەکە ئەوەندە ترسناک بوو، وای لە موشە کرد بڵێت: «زۆر دەترسم، تەنانەت لە ترسان دەلەرزم!»[22]بەڵکو
ئێوە لە چیای سەهیۆن نزیک بوونەتەوە، بۆ شاری خودای زیندوو، یۆرشەلایمی ئاسمانی. ئێوە هاتونە ئاهەنگێک کە ژمارەیەکی
بێشوماری فریشتە تێیدا کۆبوونەتەوە، [23]بۆ کڵێسایەک کە ڕۆڵە نۆبەرەکانی خودا کۆدەکاتەوە، کە ناوەکانیان لە ئاسماندا نووسراوە.
بەڵکو بۆ خودی خودا، دادوەری هەمووان، بۆ گیانی ئەوانەی خودا بیتاوان و کامڵی کردوون. [24]بەو شێوەیە ئێوە هاتوونە لای یەشوا،
ڕێکخەری پەیمانی نوێ، بۆ خوێنە پڕژاوەکەی، کە قسە دەکات بە داواکاری باشتر لەوەی کە خوێنی هابیل داوای دەکرد.[25]کەواتە
ئاگاداربە ئەو کەسە ڕەت نەکەیتەوە کە قسە دەکات! مادام ئەوانەی ئامادە نەبوون گوێ لەو کەسە بگرن کە لەسەر ئەم زەوییە قسەی
لەگەڵ کردوون، هەرگیز لە (سزا) ڕزگاریان نەبووە، چەندە زیاتر دوورین لە ڕزگاربوونمان ئەگەر لەو کەسە دوور بکەوینەوە کە لە
خودی ئاسمانەوە قسەمان لەگەڵ دەکات! [26]وە کاتێک خودا لە کۆندا قسەی دەکرد، بە دەنگی خۆی زەوی هەژاند، بەڵام ئێستا جارێکیتر
دەفەرمووێت: «جارێکیتر، نەک بەتەنها زەوی، بەڵکو ئاسمانەکانیش دەهەژێنم!»[27]بە گوتنی: «جارێکیتر»، ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو
ئەو شتانە لا دەبات کە بناغەیەکی تۆکمەیان نییە چونکە دروستکراون، تاکوو ئەو شتانە بمێننەوە کە بناغەیەکی جێگیریان هەیە. [28]بەو
پێیەی شانشینێکی سەقامگیرمان بەدەستهێناوە کە لە ناوناچێت، با خودا بپەرستین و بە سوپاسەوە خزمەتی بکەین، بە شێوەیەک کە
پێی خۆش بێت، بە هەموو ڕێز و ترسێکەوە، [29]با لەبیرتان بێت کە خودامان ئاگرێکی سووتێنەرە!»

## Chapter 13

[1]بچەسپێن لە خۆشەویستی برایانە. [2]میوانداری نامۆکان پشتگوێ مەخەن، چونکە لەو ڕێگەیەوە هەندێک لە پێشینان بەبێ ئەوەی بزانن
میوانداری فریشتەیان کردووە.[3]گرنگی بە بەندکراوەکان بدەن، وەک ئەوەی لەگەڵیان بەندکراوبن. وە هاوسۆزی ستەملێکراوان بن،
وەک ئەوەی لەگەڵ ئەوان ستەم لێکراوبن. [4]با هەموان ڕێزی هاوسەرگیری بپارێزن، نوێنی هاوسەریتان پاک رابگرن. چونکە خودا
ئەوانە سزا دەدات کە لەناو گوناهەی بەڕەلایی و داوێنپیسی نوقم دەبن.[5]لە سەرووی خۆشەویستی پارەوە هەڵسوکەوت بکەن، بەوەی
هەتانە ڕازیبن، چونکە خودا دەفەرموێت: «هەرگیز وازت لێناهێنم، و هەرگیز دەست بەردارت نابم!» [6]کەواتە دەتوانین، بە هەموو متمانە
و بوێرییەکەوە بڵێین: «پەروەردگار لەگەڵمە، لە چی بترسێم! مرۆڤ چیم لێ دەکات؟»[7]هەمیشە ڕابەرەکانتان لەبیربێت کە فێری وشەی
خودایان کردوون. هەڵسوکەوتەکانیان لەبەر چاو بگرن و لاسایی باوەڕەکەیان بکەنەوە. [8]یەشوای مەسیح وەک خۆیەتی دوێنێ و ئەمڕۆ و
بۆ هەتاهەتایە.[9]هەڵنەخەڵەتێن و دوای فێرکردنی سەیر و سەمەرە و جۆراوجۆر بکەوەن، چونکە باشترە دڵ بە بەخشش بەهێز بێت نەک
بە ڕێکخستنی خۆراکێک کە سوودی نیە، بۆ ئەوانەی پێیەوە پابەندن. [10]بەڵام ئێمە، «قوربانگایەک»مان هەیە ئەو کاهینانەی کە خزمەت بە
چادرە زەمینییەکە دەکەن مافی خواردنیان نییە. [11]لە کۆندا، تەنها سەرۆک کاهین خوێنی ئاژەڵەکانی هەڵدەگرت و دەیهێنایە ناو «پیرۆزی
هەرە پیرۆزییەکان»، لەوێ وەک قوربانی گوناهە پێشکەشی دەکرد، لاشەی ئەو ئاژەڵانە لە دەرەوەی ئەو شوێنە دەسوتێندران کە
خەڵکەکەی تێیدا نیشتەجێ بوو[12]هەر بۆیە یەشوا لە دەرەوەی دەروازەی شارەکە ئازاری چەشت، بۆ ئەوەی بە خوێنی خۆی گەل پیرۆز
بکات. [13]کەواتە با بچینە دەرەوەی ئۆردوگاکە، بەرەو مەسیح بڕۆین و ئامادەبین لەگەڵیدا بەرگەی شەرمەزاری بگرین! [14]ئێمە لێرە هیچ
شارێکمان بۆ نامێنێتەوە، بەڵام بەدوای ئەو شارەی داهاتوودا دەگەڕێین.[15]با بە مەسیح، (سەرۆک کاهینەکەمان)، هەمیشە قوربانی
سوپاسگوزاری و ستایش پێشکەش بە خودا بکەین، واتە ئەو بەرهەمانەی کە لە دەممانەوە بەرهەم دێت دان بە ناوەکەیدا دەنێت.
[16]هەروەها کەمتەرخەمی مەکەن لە ئەنجامدانی کاری چاک و یارمەتی ئەوانەش بدەن کە پێویستیان هەیە: چونکە ئەو جۆرە
«قوربانیانە» خودا دڵخۆش دەکەن! [17]گوێڕایەڵی ڕابەرەکان بن و ملکەچییان بن، چونکە ئەوان چاودێری بەرژەوەندییە گیانییەکانتان
دەکەن، هەروەک چۆن یەکێک بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت چاودێری کاروباری خۆی دەکات. پاشان، بەبێ گلەییکردن بە خۆشییەوە
ئەرکەکەیان جێبەجێ دەکەن. گلەیی کردنیان هیچ سوودێکی بۆ ئێوە نابێت![18]نزامان بۆ بکەن، چونکە بڕوامان هەیە کە ویژدانێکی
چاکمان هەیە و ئارەزوی چاکەکردنی هەڵسوکەتمان هەیە لە هەموو شتێکدا. [19]بە تایبەتی هیوادارم خودا بە زووترین کات بمگەڕێنێتەوە
لای ئێوە.[20]داوا لە خودا ئاشتی دەکەم، کە یەشوای پەروەردگارمان شوانی گەورەی مەڕەکانی لە مردن زیندوو کردەوە بەهۆی خوێنی
خۆیەوە کە پەیمان هەمیشەی پێ مۆر کرد [21]بۆ ئەوەی ئامادەتان بکات بە تەواوی خواستی بەدیبهێنن لە هەموو کارێکی چاکدا کە لە
ئێمەدا دەیکات بەو شێوەیەی یەشوای مەسیح ڕازییە، با شکۆمەندی بۆ ئەو بێت هەتاهەتایە. ئامین![22]برایان، داواتان لێدەکەم، بەرگەی
ئەو وشە و ئامۆژگارییانە بگرن کە بە کورتی بۆم نوسیوون! [23]با بزانن تیمۆساوسی برامان لە زیندان ئازاد بووە. ئەگەر خێرا بێتە لام،
پێکەوە دێین بۆ بینینتان.[24]سڵاو لە هەموو ڕابەرەکان و هەموو پیرۆزەکراوان بکەن. ئەوانەی لە ناوچەی ئیتالیان سڵاوتان لێدەکەن. [25]با
بەخشش لەگەڵ هەمووتان بێت!

# James

## Chapter 1

[1] لە یاکۆڤەوە، بەندەی خودا و پەروەردگار یەشوای مەسیح، بۆ دوازدە هۆزی یەهود، ئاشتی بۆ ئەوانەی لە هەموو شوێنێک پەرتەوازەن!
[2]براکانم، کاتێک تاقیکردنەوە و ناخۆشی جۆراوجۆر بەسەرتاندا دێت، وا بزانن رێگایەکە بۆ دڵخۆشیتان. [3]وە دڵنیابن کە ئەم تاقیکردنەوەیە
لە باوەڕەکەتاندا دانبەخۆداگرتن بەرهەم دەهێنێت.[4]با خۆڕاگریتان کاری تەواوی خۆی لە ئێوەدا بکات، بۆ ئەوەی پێگەیشتنتان تەواو بێت
و بەهێز بن و بتوانن ڕووبەڕووی هەموو بارودۆخەکان ببنەوە. [5]ئەگەر هەریەکێک لە ئێوە پێویستی بە داناییە، با داوا لە خودا بکات کە بە
دڵسۆزییەوە دەیبەخشێتە هەمووان و سەرزەنشت ناکات. و پێی دەدرێت.[6]بەڵام، دەبێت بە باوەڕەوە داوای ئەمە بکات، بەبێ هیچ
دوودڵی و گومانێک. چونکە ئەوەی گومانی هەیە وەک شەپۆلی دەریا وایە، باکان یاری پێدەکەن و دەیهێنن و دەیبەن! [7]ئەو کەسەی
گومانی هەیە با بیر لەوە نەکاتەوە کە شتێک لە پەروەردگار وەربگرێت. [8]کاتێک مرۆڤ دوو بۆچوونی هەبێت، لە هەموو کاروبارەکانیدا
پابەند نابێت بە بڕیارێکەوە.[9]ئەوەی هەژارە و باوەڕدارە، دەبێ شانازی بە پێگە بەرزەکەیانەوە بکەن. [10]سەبارەت بە دەوڵەمەند، دەبێت
ئەوە بزانێت کە سامانەکەی لە خودا بێ نیازی ناکات: چونکە وەک گوڵی گژوگیا لە ناو دەچێت. [11]کاتێک خۆربە دەریا سووتێنەرەکەیەوە
دەدرەوشێتەوە، ئەم گیایانە وشک دەبن، و گوڵەکانیان هەڵدەوەرێت، و جوانی دیمەنەکەیان کاڵ دەبێتەوە. بەم شێوەیە دەوڵەمەندەکان
لە ڕێگاکانیاندا تیادەچن![12]بەختەوەرە ئەو کەسەی بە خۆڕاگری بەرگەی ناخۆشییەکان دەگرێت. بۆیە، دوای ئەوەی بە سەرکەوتوویی لە
تاقیکردنەوەکە دەرچوو، «تاجی ژیان» وەردەگرێت کە پەروەردگار بەڵێنی بەو کەسانە داوە کە خۆشیدەوێن! [13]ئەگەر کەسێک لەگەل
هەندێک تاقیکردنەوە روبەرو بۆوە ، با نەڵێت: «من لەلایەن خوداوە تاقیکرامەوە!» چونکە خودا بە خراپە تاقی ناکرێتەوە و ئەو هیچ
کەسیش تاقی ناکاتەوە.[14]بەڵام مرۆڤ کاتێک بە ئارەزوەکەیەوە فریو دەخوات، دەکەوێتە ناو تاقیکردنەوە. کاتێک بە ئارەزو دووگیان
دەبێت، گوناهە لەدایک دەبێت. [15]کاتێک گوناهە پێدەگات، مردن بەرهەم دەهێنێت. [16]کەواتە برا خۆشەویستەکانم، بەلاڕێدا مەڕۆن:
[17]هەموو بەخششێکی باش و بەخششێکی تەواو لە سەرەوە دێتە خوارەوە، لە باوکی ڕووناکییەکانەوە کە هیچ گۆڕانکاری، و تاریکی تێدا
نییە چونکە نەگۆڕە. [18]ئەویش دەیەوێت ئێمە بکاتە ڕۆڵەی خۆی، بە وشەی ئەو لەدایک بووین، وشە ڕاستەکە. ئامانجی ئەوە بوو ئێمە
یەکەم بەرهەمی بەدیهێنراوەکانی بین.[19]هەر بۆیە، برا خۆشەویستەکانم، هەریەکێکتان خێرا بێت لە گوێگرتن، پەلە نەکەن لە قسەکردن،


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

و لە سەر خۆ بن. [20]ئەگەر مرۆڤ، تووڕە بوو، ئەو چاکەیە ناکات کە خودا دەیەوێت. [21]کەواتە، ڕزگارتان دەبێت لە هەموو پیسی و زیادبوونی خراپەکاری لە ژیانتاندا. بەڵکو ئێوە بە وەرگرتنی ئەو وشەیەی کە خودا لە دڵتان چاندوویەتی، بە نەرمی ئەو وشەیە وەربگرن. [22]تەنها گوێی لێ مەگرن، بەڵکو ئەنجامدەری وشەکە بن، ئەگینا خۆتان فریو دەدەن. [23]ئەوەی گوێی لە وشەکە بێت و کاری پێنەکات، وەک کەسێک وایە کە سەیری ئاوێنە بکات و ڕوخساری خۆی تێدا ببینێت. [24]دوای ئەوەی خۆی دەبینێت، دەڕوات و یەکسەر وێنەکەی لەبیر دەکات. [25]سەبارەت بەو کەسەی کە بە وردی سەیری یاسا تەواوەکە دەکات، وە یاسای ئازادی، لەوەدا بەردەوام بێت، وەک ئەو کەسە وایە کە وشەکە جێبەجێ دەکات نەک وەک ئەوەی بیبیستێت و لەبیری بکات، چونکە خودا لە هەموو کارێکدا بەرەکەتی زۆری پێدەبەخشێت.[26]ئەگەر کەسێک وابزانێت کە باوەڕدارە، بەڵام بەسەر زمانتدا زاڵ نەبێت، ئەوە دڵی خۆی فریو دەدات، باوەڕدارییەکەی هیچ سوودێکی نییە! [27]ئایینی پاک و پاک، لە چاوی خودای باوکدا، لە سەردانیکردنی هەتیو و بێوەژنەکاندا دەردەکەوێت بۆ یارمەتیدانیان لە تەنگانەدا، هەروەها لە پاراستنی گیان لە پیسبوون بە گەندەڵی جیهان.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

[1]ئەی برایان، بە لەبەرچاوگرتنی باوەڕتان بە پەروەردگارمان یەشوای مەسیح، پەروەردگاری شکۆمەند، بە لایەنگری و جیاکاری لەگەڵ
خەڵکدا مامەڵە مەکەن! [2]گریمان دوو کەس هاتنە ناو کۆبوونەوەکەتانەوە، یەکێکیان دەوڵەمەند بوو، جل و بەرگی گرانبەهای لەبەردا بوو
و پەنجەکانی بە ئەڵقەی زێڕین ڕازاندبۆووە، ئەوی دیکەیان هەژار بوو، بە جل و بەرگی کۆنەوە. [3]ئەگەر بەخێرهاتنی پیاوە دەوڵەمەندەکە
بکەن، بڵێین: «تکایە، لێرە لای سەرەوە دابنیشە!» پاشان بە کەسە هەژارەکە بڵێی: « تۆش، لەوێ بوەستە، یان لێرە لەسەر زەوی لە
بەر پێی من دابنیشە!» [4]ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئێوە جیاوازی چینایەتی دەکەن لە نێوان مرۆڤەکاندا، خۆتان دەکەنە دادوەر بە
بیرکردنەوەی خراپ![5]کەواتە برا خۆشەویستەکانم، ئایا خودا ئەو کەسانەی هەڵنەبژارد کە لە چاوی خەڵکدا هەژار بوون بۆ ئەوەی لە
باوەڕەکەیاندا دەوڵەمەندیان بکات، ومافی ئەوەیانی پێداوە کە شانشینییەکە بە میرات بگرن کە بەڵێنی داوە بە خۆشەویستەکانی؟
[6]بەڵام ئێوە بەبێ ڕێزییەوە مامەڵەتان لەگەڵ هەژارەکاندا کردووە. ئایا دەزانن دەوڵەمەندەکان ئەوانەن کە زاڵن بەسەرتاندا و پەلکێشی
ناو دادگاکانتان دەکەن، [7]و گاڵتە بە مەسیح دەکەن کە ئێوە هەڵگری ناوی جوانی ئەون؟[8]چەند کارێکی باش دەکەن کاتێک ئەو بنەما
شاهانە یە جێبەجێ دەکەن کە لە تەوڕاتدا ئاماژەی پێکراوە: «نزیکەکەت وەک خۆت خۆش بوێت!» [9]بەڵام کاتێک بە لایەنگری و
جیاکارییەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکەن، توشی گوناهە دەبن و تەورات وەک سەرپێچیکار بڕیارتان لەسەر دەدات.[10]دەزانن
هەرکەسێک گوێڕایەڵی هەموو ئەو راسپاردانە بێت کە لە تەوراتی موشەدا هاتووە، و تەنها لە یەکێکیان سەرپێچی بکات، تاوانبار دەبێت،
هەروەک ئەو کەسەی سەرپێچی لە هەموو راسپاردەکان بکات. [11]بۆنموونە، بۆیە خودا، فەرموویەتی: «داوێنپیسی مەکەن» هەروەک
چۆن فەرموویەتی: «مەکوژە!» ئەگەر داوێنپیسی نەکەیت، بەڵام کەسێک بکوژیت، ئەوە تەوراتت پێشێل کردووە.[12]ئەگەر، بە قسە و
کردار بەپێی یاسای ئازادی مامەڵە بکەن، بە پێی ئەوە دادگایی دەکرێن. [13]چونکە بڕیاردان بۆ ئەو کەسانەی کە بەزەییان نیە دەبێ
بڕیارێکی بێ بەزەییانە بێت. بەڵام بەزەیی باڵاترە لە بڕیار![14]ئەی برایان، ئایا سوودی هەیە کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە باوەڕدارە،
بەڵام هیچ کردارێکی نییە بۆ سەلماندنی ئەمە، ئایا باوەڕێکی لەم شێوەیە دەتوانێت ڕزگاری بکات؟ [15]گریمان خوشک یان برایەک
پێویستییەکی زۆری بە پۆشاک و خواردنی ڕۆژانە هەبوو، [16]یەکێکتان پێتان گوت: «هیواخوازم هەموو چاکەکان بۆ ئێوە بێت. جلوبەرگی
گەرم لەبەر بکەن، و خواردنی باش بخۆن!» بەبێ ئەوەی جلوبەرگ و خواردنی پێویستی بۆ دابین بکەن، لەوەدا چ سوودێک هەیە؟
[17]کەواتە بەم شێوەیە دەبینین کە باوەڕ بە تەنیا و بەبێ کردەوە مردووە.[18]ڕەنگە یەکێک لە ئێوە بڵێت: «ئێوە باوەڕتان هەیە، منیش
کردەوەم هەیە». پیشانم بدە چۆن ئەبێت باوەڕەکەت بە بێ کرداربێ، و منیش پیشانت دەدەم باوەڕ بە کردارەکانمەوە چۆنە. [19]ئایا
باوەڕت وایە کە خودا یەکە؟ کارێکی باش دەکەیت! شەیتانەکانیش باوەڕیان بەم ڕاستییە هەیە، بەڵام لە ترسان دەلەرزن. [20]ئەمەش
دڵنیات دەکاتەوە، ئەی مرۆڤی گێل، باوەڕی بێ کردارباوەڕێکی مردووە![21]با نموونەیک لە ئەڤراهامی باوکمان وەربگرین: چۆن
ڕاستودروست بوو؟ ئایا بە کردارەکانی نەبوو، کاتێک یتساخی کوڕی لەسەر قوربانگاکە پێشکەش کرد [22]دەبینیت باوەڕەکەی ئەڤراهام
لەگەڵ کرداری یەک بووە. بە کردارەکان باوەڕ تەواو دەبێت. [23]بەم شێوەیە، ئەوەی تەوڕات دەیگوت جێبەجێ بوو: «ئەڤراهام باوەڕی
بە خودا هێنا، و ئەوەی بە ڕاستودروستی بۆی هەژمار کرا»، تا ئەو ڕادەیەی کە ناوی لێنرا «دۆستی خودا». [24]کەواتە دەبینیت مرۆڤ
تەنها بە باوەڕی خۆی ڕاستودروست نابێت، هەروەها بە کردارەکانیشی.[25]هەروەها لەسەر ئەم بناغەیە، ڕەخابی داوێنپیس بە
راستودروست هەژمار کرا: کاتێک ئەو دوو پیاوەی کە نێردرابوون بۆ لای پێشوازی لێکردن، و بە ڕێگایەکی دیکەدا ڕەوانەی کردن. [26]وەک
چۆن جەستەی مرۆڤ دەمرێت ئەگەر گیانی لێ دەرچێت، بە هەمان شێوە باوەریش دەمرێت ئەگەر کردار لەگەڵیدا نەبێت!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 3

[1]ئەی برایان، کێبڕکێ مەکەن بۆ ئەوەی خۆتان بکەنە مامۆستا بۆ ئەوانی تر و ژمارەی مامۆستایان زیاد بکەن! لەبیرتان بێت کە، ئێمەی مامۆستایان توندتر لەوانی تر لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت. [2]هەموومان لە ئاستی کەوتنە ناو هەڵەی زۆرین. بەڵام ئەوەی زمانی خۆی رابگرێ و لە قسەکانیدا هەڵە نەکات، پێگەیشتووە و توانایی دانبەخۆداگرتنی بە سەر تەواوەتی سروشتی خۆیدا هەیە.[3]کاتێک ئەسپێک لغاو دەکەین، دەتوانین بەو ئاراستەی ببەین کە دەمانەوێت. [4]گرنگ نییە کەشتییەک چەندە گەورە بێت و ئەو بایانەی کە دەیهەژێنن و پاڵی پێوەدەنێن چەندە بەهێزبن، چونکە بە سەوڵێکی بچووک کەشتیوانەکە دەیگرێتە دەست ودەیبات بۆ ئەو ئاراستەیەی کە دەیەوێت. زمانیش بە هەمان شێوەیە: ئەندامێکی بچووکە،[5]بەڵام چەند کاریگەرە! سەیرکەن: پریشکێکی بچووک دارستانێکی گەورە دەسوتێنێت! [6]زمان وەک ئاگر مەترسیدارە: ئەو بە تەنیا، لە نێو ئەندامانی جەستەدا، هەموو خراپەیەک کۆدەکاتەوە، و هەموو جەستە بە گەندەڵی پیس دەکات. بازنەی گەردوون ئاگر تێبەردەدات، ئاگرێک کە دۆزەخی هەڵگیرساندووە![7]بۆ مرۆڤ ئاسانە دڕندە و باڵندە و پەلەوەر و ئاژەڵە دەریاییەکان لە هەموو جۆرەکانی دەستەمۆ بکات، دەبینین کە ڕوویداوە. [8]بەڵام کەس ناتوانێت زمان دەستەمۆ بکات. خراپەکارییەک کە توانات بە سەریا نییە، پڕە لە ژەهری کوشندە![9]بە زمان ستایش و سوپاسگوزاری بۆ پەروەردگار و باوک بەرز دەکەینەوە، هاوکات سووکایەتی بەو کەسانە دەکەین کە خودا لە سەر شێوەی خۆی بەدیهێناوە. [10]و بەم شێوەیە، بەخشش و نەفرەت لە یەک دەم دێنە دەرەوە. ئەی براکانم، ئەمە هەرگیز نابێت ڕووبدات![11]ئایا بیستووتانە ئاوی شیرین و تاڵ لە یەک کانییەوە سەر چاوەوە بگرێت؟ [12]ئایا دەکرێت، ئەی برایانم، کە دار هەنجیر زەیتوون بگرێ، یان رەزهەنجیر بگرێت؟ بە هەمان شێوە ناکرێ کانیاوێکی خوێ ئاوی شیرین بدات.[13]ئایا لەنێو ئێوەدا هەندێک کەسی ژیر و تێگەیشتووهەن؟ بۆیە، دەبێت ئەم کەسانە ڕەفتارێکی باش بکەن، بە کردارەکانیان ئەو نەرم و نیانییە نیشان بدەن کە تایبەتمەندی دانایییە (ڕاستەقینەکەیە). [14]بەڵام ئەگەر دڵتان پڕ بووە لە تاڵیی و ئیرەیی و خۆپەرستی، شانازی بە دانایی خۆتانەوە مەکەن، و نکۆڵی لە ڕاستییەکە مەکەن.[15]ئەم دانایییەی کە ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن لە خوداوە نەهاتووە، بەڵکو «دانایییەکی» زەمینی و مرۆڤانە و شەیتانییە. [16]لە کوێدا تاڵیی ئیرەیی و خۆپەرەستی هەبێت، ناتەبایی و نائارامی و هەموو خراپەیەک بڵاودەبێتەوە. [17]سەبارەت بەو دانایییەی کە لە خوداوە دێت، پاک و خاوێنە، پێش هەموو شتێک. هەروەها هاندەری خاوەنەکەیەتی بۆ ئارامی و نەرم و نیانی. گوێڕایەڵە، پڕە لە میهرەبانی و چاکە کاری: جیاکاری و خۆپەرەستی و دووڕوویی مەکەن. [18]ڕاستودروستی بەروبوومی ئەو چاندنەیە کە ئاشتیخوازان لە ئاشتیدا دەیچێنن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

Chapter 4

[1]ململانێ و ڕکابری نێوانتان لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا بەهۆی ئارەزووە خراپەکانتانەوە نییە کە لە ئەندامەکانی لەشتاندا دەجەنگن؟ [2]ئێوە ئارەزووی ئەوەتان هەیە خاوەندارێتی ئەو شتانە بکەن کە هی خۆتان نییە، بەڵام ئەوەی دەتەوێت بەدەستی ناهێنیت، کەواتە دەکوژن، و ئیرەیی دەبەن، و توانای گەیشتن بە ئامانجەکەتان نییە. وە بەم شێوەیە ڕکابری و تێکۆشان دەکەن! ئەوەی دەتانەوێت ئەوەتان نییە، چونکە لە خودا داوای ناکەن. [3]ئەگەر داوای شتێکی لێ بکەن، بەدەستی ناهێنن: چونکە بە پاڵنەرێکی خراپ داوای دەکەن، بەو پێیەی ئێوە بەنیازن ئەوەی بەدەستی دەهێنن تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانتان بەکاری بهێنن.[4]ئەی ناپاکان! ئایا نازانن دۆستایەتی لەگەڵ جیهاندا دوژمنایەتیکردنە لەگەڵ خودا؟ بۆیە ئەوەی بیەوێت ببێتە دۆستی جیهان، ئەوە بۆتە دوژمنی خودا. [5]پێتان وایە تەورات بێهودە قسە دەکات! ئایا گیانەکە کە لە ئێمەدا نیشتەجێیە ئارەزووی ئیرەیی دەکات؟[6]نەخێر، بەڵکو بەخششێکی گەورەترمان پێ دەبەخشێت. هەر بۆیە تەورات دەڵێت: «خودا بەرەنگاری لوتبەرزەکان دەبێتەوە، بەڵام بەخشش بە بێ فیزەکان دەبەخشێت». [7]کەواتە، ملکەچی خودا بن. بەرەنگاری شەیتان ببنەوە و ئەویش لێتان هەڵدێت.[8]لە خودا نزیک ببنەوە و ئەویش لێتان نزیک دەبێتەوە. ئەی گوناهباران دەستەکانتان پاک بکەنەوە، ئەی خەڵکی ڕاڕا دڵتان پاک بکەنەوە. [9]خەفەت بخۆن و بگریێن و شیوەن بکەن. پێکەنینتان بگۆڕن بۆ گریان و خۆشیتان بۆ خەفەت. [10]لەبەردەم پەروەردگاردا بێ فیز بن، ئەویش بەرزتان دەکاتەوە![11]ئەی براکانم، زەمی یەکتر مەکەن. هەرکەسێک ئەم کارە بکات و براکەی تاوانبار بکات، سوکایەتی بە تەوراتی خودا دەکات و بڕیاری لە سەر دەدات. ئەگەر لە سەرتەورات بڕیار بدەیت، ئەوا تۆ کار بە تەورات ناکەیت، بەڵکو خۆت دەکەیت بە دادوەر بەسەرییەوە. [12]تەنها یەک دادوەر هەیە بۆ تەورات، ئەویش خودایە کە دانەرییەتی، ئەو بە تەنیا دەسەڵاتی هەیە کە بڕیار بدات لە سەر ڕزگاربوون یا لەناوچوون. بەڵام تۆ کێی بڕیار لەسەر کەسانی تربدەیت؟[13]ئێوە، ئەوانەی پلانتان هەیە دەڵێن: «ئەمڕۆ یان سبەی، دەچینە فلان شارێک، و ساڵێک لەوێ بەسەر دەبەین، و بازرگانی دەکەین و قازانج دەکەین». [14]لەسەرەخۆبە! ئێوە نازانن سبەی چی ڕوودەدات! ژیانتان چی بەسەر دێت؟ ئەوە هەڵمێکە، بۆ ماوەیەکی کورت دەردەکەوێت و دواتر نامێنێت![15]لەبری ئەوە، کە وەڵام بدەنەوەو بلێن: «ئەگەر پەروەردگار خواستی لەسەر بوو و ژیاین، و ئەم یان ئەو کارە دەکەین!» [16]لەبەرئەوە، ئێوە لوت بەرز و خۆبەزلزانن. هەموو شانازییەکی لەو شێوە، شانازییەکی خراپە. [17]هەرکەسێک بزانێت چ کارێک چاکەیە، و نەیکات، ئەمەش بۆ ئەو بە گوناهە دادەنرێت.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

Chapter 5

[1]ئەی دەوڵەمەندەکان، ئێستا بە هۆی ئەو نەهامەتییەی کە چاوەڕێتان نەدەکرد، بگرین و بناڵێنن. [2]سامانە زۆرەکەتان لە ناوچوو، جلە
جوانەکانتان مۆرانە دەیخوات [3]ئاڵتون و زیوەکەتان ژەنگی هێناوە، ژەنگەش شایەتحاڵتان دەبێت و گۆشتان دەخوات وەک ئاگر ئایا بۆ
ڕۆژانی دوایی سامانتان کۆکردۆتەوە؟[4]وە ئەمە کرێی ئەو کرێکارانەیە کە کێڵگەکانتان دروێنە دەکەن، ئەو کرێیەی کە تا ئێستاش بە
ناڕەوا لێیان ڕادەگیرێت، هاوار دەکەن، وە هاواری ئەو کرێکارانە لەلایەن پەروەردگاری سوپاسالارەوە بیستراوە! [5]ئێوە لەسەر زەوی بە
خۆشگوزەرانی دەژین و خۆتان بە خۆشی و چێژەوە سەرقاڵ دەکەن؛ دڵتان قەڵەو بکەن وەک ئەوەی ئامادەبن بۆ ڕۆژی قوربانی. [6]ئێوە
بێتاوانتان تاوانبار کرد و کوشتان، ئەویش بەرەنگارتان نەبۆوە![7]سەبارەت بە ئێوەش، ئەی براکانم، بۆیە دانبەخۆتاندا بگرن، چاوەڕێی
گەڕانەوەی پەروەردگار بن. وانەیەک لە جووتیارەکە وەربگرن: چاوەڕێی زەوییەکەی دەکات تا بەرهەمی گرانبەهای پێبدات، وەک چۆن
دان بەخۆدادەگرێ تاوەکو بارانی پاییز و بەهار بەسەر زەویەکەیدا ببارێت. [8]بۆیە ئارام بگرن و دڵتان بەهێز بکەن، چونکە گەڕانەوەی
پەروەردگار نزیکە.[9]ئەی برایان، لە بەرامبەر یەکتردا مڕومۆچ مەبن، تاکو بڕیار بەسەرتاندا نەدرێت. هەمیشە لەبیرتان بێت کە دادوەر
زۆر نزیکە، لەبەردەم دەرگاکەدایە. [10]ئەی براکانم، لە بەرگەگرتنی ئازار و دانبەخۆداگرتن، وەک پێغەمبەران بن کە بەناوی
پەروەردگارەوە قسەیان کردووە. [11]سەبارەت بەوانەی لە ئازاردا دانبەخۆدا دەگرن دەڵێین: «خۆزگە بەوان!» ئێوە گوێتان لە ئارامی و
خۆڕاگری ئەیۆڤ بووە، بینیتان کە پەروەردگار لە کۆتاییدا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پەروەردگار زۆر
میهرەبان و بە بەزەییە.[12]بەڵام پێش هەموو شتێک، ئەی برایانم، نە بە ئاسمان و نە بە زەوی و نە بە هیچ سوێندێکی تر سوێند مەخۆن.
بەڵام با «بەڵێ»تان بۆ بەڵێ بێت، و «نەخێر»تان ئەگەر نەخێربێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە بڕیارتان لە سەر نەدرێ.[13]ئایا کەسێک هەیە لە نێو
ئێوەدا ئازار بچێژێت؟ با نزا بکات! ئایا لە نێو ئێوە کەس هەیە دڵخۆش بێت؟ با سروود بۆ خودا بڵێت! [14]هەرکەسێک لە ئێوە نەخۆشە، با
بانگی پیرەکانی کڵێسا بکات، بۆ ئەوەی نزای بۆ بکەن و بە ناوی پەروەردگار بە زەیت چەوری بکەن. [15]ئەو نزایەی کە بە باوەڕ
بەرزدەکرێتەوە، نەخۆشەکە چاک دەکاتەوە، وەک چۆن پەروەردگار تەندروستی بۆ دەگەڕێنێتەوە. ئەگەر نەخۆشییەکەی بەهۆی
گوناهێکەوە بووبێت، پەروەردگار لێی خۆش دەبێت.[16]با هەر یەکێک لە ئێوە دان بە تاوانەکەیدا بنێت بەرامبەر بە براکەی، نزا بۆ یەکتر
بکەن، تاکو چاک ببنەوە. ئەو نزا بە تینەی کە مرۆڤی چاکەکار دەیکات کاریگەرییەکی زۆری هەیە. [17]ئیلیاش وەک ئێمە مرۆڤ بوو، لە
ڕێگەی نزاوە داوای لە خودا کرد کە بارانەکە ڕابگرێت. بەم شێوەیەش بوو، بۆ ماوەی سێ ساڵ و شەش مانگ دڵۆپێک باران نەباری
بەسەر ئەو زەویەدا. [18]پاشان نزای دووهەمی کرد، لە ئاسمان باران باری و زەوی بەرهەمی دا![19]ئەی برایان، ئەگەر کەسێک لە ئێوە لە
ڕاستی لابدات، و کەسێکی تر بیگەڕێنێتەوە، [20]با دڵنیا بێت هەرکەسێک گوناهبارێک لە گومڕایەکەی رزگار بکات، وەک ئەوەیە کەسێک لە
مردن ڕزگار بکات و گوناهەی زۆر دادەپۆشێت!

# 1 Peter

Chapter 1

[1]لە پەترۆوە، نێردراوی یەشوای مەسیح، بۆ پەراگەندە ئاوارەکان لە پۆنتۆس و گەلاتیە و کەپادۆکیا و ئاسیا و بیتینیا، [2]ئەوانەی خودای
باوک هەڵیبژاردن بەگوێرەی زانینی پێشووی پاشان پیرۆزی کردن بە گیان بۆ گوێڕایەڵی یەشوای مەسیح تا پاک ببنەوە بە پرژاندنی
خوێنی خۆی بەسەریاندا. بەخشش و ئاشتی زیاترتان لەسەر بێت.[3]پیرۆزە خودای باوکی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح، لە میهرەبانی
و مەزنایەتی خۆیەوە لەدایکبوونی دووەمی پێبەخشیوین، پڕ لە هیوا، لەسەر بناغەی هەستانەوەی یەشوای مەسیح لە نێو مردوواندا، [4]بۆ
میراتێک کە لەناو ناچێت و گەندەڵ نابێت و بە سەر ناچێت، لە ئاسمانەکاندا بۆتان پارێزراوە. [5]ئێوە بە توانای خودا پارێزراون کە لە
ڕێگای باوەڕەکەتان لە کاردایە، تا لەکۆتاییدا ئەو ڕزگاریە بەدەست بهێنن کە بۆتان ئامادەکراوە، ئەوەی لە کۆتایی زەمانەدا خۆی
دەردەکەوێت.[6]ئەمەش بانگتان دەکات بۆ شاد بوون، هەرچەندە ئێستا دەبێت بۆ ماوەیەکی کورت لە ژێر قورسایی تاقیکردنەوە
جۆراوجۆرەکاندا خەمبار ببن! [7]بەڵام مەبەست لەو تاقیکردنەوانە ئەزموناندنی ڕاستیی باوەڕتانە. وەک چۆن ئاگر زێڕ تاقی دەکاتەوە و
پاکی دەکاتەوە، تاقیکردنەوەکان ڕاستیی باوەڕتان هەڵدەسەنگێنن کە زۆر لە زێڕی لەناوچوو بەنرخترن. بەم شێوەیە، باوەڕەکەتان
دەبێتە هۆکارێک بۆ ستایش و ڕێز و شکۆمەندی بۆتان، کاتێک یەشوای مەسیح بە شکۆمەندییەکەی دەگەڕێتەوە و دەردەکەوێت.[8]ئێوە
مەسیحتان نەبینیوە، بەڵام خۆشتان دەوێت. هەرچەندە ئێستا ئەو نابینن، بەڵام باوەڕتان پێی هەیە و شاگەشکە دەبن بە خۆشییەکی
شکۆمەندانەی پێناسەنەکراو. [9]ئێوە بە ئامانجی باوەڕەکەتان گەیشتن، کە ڕزگاریی خۆتانە. [10]پێغەمبەران لە کۆندا لێکۆڵینەوە و گەڕانیان
بۆ ئەم ڕزگاربوونە کردووە! چونکە ئەوان پێشبینی ئەو بەخشەشەی خودایان کرد کە بۆتان ئامادە کرابوو،[11]ئەوان هەوڵیان دەدا ئەو کات
و بارودۆخە بزانن کە ڕۆحی مەسیح ئاماژەی پێدەکرد کە تێیاندا کاری دەکرد، کاتێک پێشوەختە شایەتی ئەو ئازارانەی، بۆدان کە
چاوەڕوانی مەسیح بوون و ئەو شکۆمەندیانەی کە لە دوای ئەوانەوە دێن. [12]بەڵام خودا پێی ڕاگەیاندن کە هەوڵەکانیان بۆ بەرژەوەندی
خۆیان نەبوو، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی ئێوە بوو. ئەمەش لە پێناو ئەو مزگێنیە بوو کە لە سەردەمی ئێستادا نێردراوان موژدەی پێ دەدەن
بە گیانی پیرۆز کە لە ئاسمانەوە نێردراوە. ئەمانە ئەو ڕووداوانەن تەنانەت فریشتەکانیش بە ئاواتن لێیان وردبنەوە![13]بۆیە بەردەوام
وریای بیرتان بن، ئاگادار بن و هەموو هیواکانتان بخەنە سەر ئەو بەخشەشەی بۆتان دێت کاتێک یەشوای مەسیح بە شکۆمەندییەکەیەوە
دەگەڕێتەوە و دەردەکەوێت! [14]چونکە ئێوە بوونەتە منداڵی خودا و گوێڕایەڵی ئەون، مەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ئارەزووانەدا
بگونجێن کە پێشتر لە ڕۆژانی نەزانیتاندا بەسەرتاندا زاڵ بوون.[15]لە هەموو شتێکدا بە پیرۆزی هەڵسوکەوت بکەن، لاسایی ئەو پیرۆزە
بکەنەوە کە بانگی کردوون، [16]چونکە نووسراوە: «پیرۆز بن، چونکە من پیرۆزم!» [17]مادام دان بەوە دادەنێنن خودا باوکتانە، ئەو بڕیار


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

لەسەر هەموو مرۆڤێک دەدات بەگوێرەی کارەکانی بەبێ لایەنگری، بە ترسی ئەوەوە هەڵسوکەوت بکەن لەو ماوە کورتەی لەسەر زەوین.[18]هەروەها بزانن ئێوە کڕانەوە بۆ ئەوەی لەو ژیانە پوچە ڕزگارتان بێت کە بە نەریت لە باوکانتان وەرتانگرتووە. ئەم کڕینەوەیە بە شتی لەناوچووی وەک زێڕ و زیو نەبوو، [19]بەڵکو بە خوێنێکی گرانبەها بوو، خوێنی مەسیح، ئەو بەرخە پاکەی کە هیچ کەموکوڕی و پەڵەیەکی تیادا نەبوو![20]هەرچەندە خودا پێش دامەزراندنی جیهان مەسیحی بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان کردبوو، بەڵام تا ئەم سەردەمانەی دوایی بۆ بەرژەوەندی ئێوە ئاشکرای نەکردبوو [21]ئێوە کە بەهۆی مەسیحەوە باوەڕتان بە خودا هەیە کە لە مردن هەڵیستاندەوە و شکۆمەندی پێدا، بۆ ئەوەی خودا ئامانجی باوەڕ و هیواتان بێت.[22]لەوەتەی ملکەچ بوون بۆ ڕاستی، دەروونتان پاک بۆتەوە و توانیتان بەبێ دووڕوویی خەڵکانی ترتان خۆش بوێت، هەروەها بە خۆشەویستی برایانە یەکترتان خۆش بوێت کە لە دڵێکی پاکەوە دێت! [23]ئێوە دووبارە لەدایک بوونەوە نەک لە تۆوی مرۆڤی لەناوچوو، بەڵکو بەوەی لەناو ناچێت، بە وشەی خودا کە بۆ هەتاهەتایە زیندووە و دەمێنێتەوە.[24]ژیانی مرۆڤ وەکو گژوگیا وایە، هەموو شکۆمەندییەکەی وەک گوڵی گژوگیا وایە. دەبێت لەناو بچێت هەروەک چۆن گژوگیا وشک دەبێت و گوڵەکەی دەکەوێت! [25]بەڵام وشەی پەروەردگار، بۆ هەتاهەتایە بە بەردەوامی دەمێنێتەوە، ئەمە ئەو وشەیەیە کە مزگێنییەکەیتان پێگەیشتووە!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

1بۆ ئەوەی، ڕزگارتان بێت لە هەموو کاریگەرییەکی خراپە و فێڵ و دووڕوویی و ئیرەیی و بوختان. 2وەک منداڵی تازە لەدایکبوو
تامەزرۆی شیری گیانی خاوێن بن تاکو بەمە گەشە بکەن بۆ ئەوەی بگەنە ڕزگاری، 3چونکە بەڕاستی تامتان کردووە، پەروەردگار چاکە!
4ئێوە هاتونەتە لای، بەردە زیندووەکە ئەوەی خەڵکی ڕەتیان کردەوە، خودا هەڵیبژارد، و گرانبەهایە لەلای. 5بۆیە وەک بەردی زیندوو
لەگەڵیدا یەک بگرن، خانوویەکی گیانی دروست بکەن، کە تێیدا دەبنە کاهینی پیرۆز، قوربانی گیانی پەسەندکراو پێشکەشی خودا بکەن
بە چاکەی یەشوای مەسیح.6وەک لە پەرتوکەکەدا هاتووە: «ئەوەتا من لە سەهیۆن بەردی بناغەکە دادەنێم هەڵبژێردراو و گرانبەهایە.
ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت بێ ئومێد نابێت!»7ئەم بەردە لە چاوی ئێوەدا گرانبەهایە، و باوەڕتان پێی هێناوە. سەبارەت بەوانەی کە
باوەڕیان پێ نییە، «ئەو بەردەی بیناسازان ڕەتیان کردەوە، بووە بەردی بناغەی گۆشەی ماڵەکە»، 8هەروەها « دەبێتە بەردێک بۆ کۆسپ
تاشە بەردێکیش کە لێی بکەونە خوارەوە!» بۆیە دەکەون چونکە ڕەتی دەکەنەوە باوەڕ بە وشەکەی بکەن.9کەوتنیان مسۆگەرە! بەڵام
ئێوە کۆمەڵە کاهینێکی شاهانەن، نەوەیەک کە خودا هەڵیبژاردووە، نەتەوەیەک کە ئەو بۆ خۆی تەرخانی کردووە و گەلێک کە ئەو
خاوەنداریێتی کردووە. ئەمەش بۆ ئەوەیە چاکەکانی پەروەردگار ڕابگەیەنن، کە لە تاریکییەوە بانگی کردوون بۆ ناو ڕووناکییە
سەرسوڕهێنەرەکەی خۆی! 10چونکە لە ڕابردوودا ئێوە نەبوونە گەل؛ بەڵام ئێستا، ئێوە «گەلی خودان، و پێشتر چێژتان لە بەزەیی خودا
نەبینیوە، بەڵام ئێستا چێژی لێ وەردەگرن!»11خۆشەویستان، ئێوە نامۆن لەسەر زەوی بەسەردانێکی کاتی تێیدا تێپەڕ دەبن. بۆیە
داواتان لێ دەکەم لە ئارەزووە جەستەییەکان دوور بکەونەوە کە لەگەڵ گیاندا ململانێ دەکەن. 12با ڕەفتارەکانتان باش بن لە نێو
گەلاندا. هەرچەندە بە درۆ تۆمەتبارتان دەکەن بەوەی خراپەکارن، بەڵام کاتێک سەرنجی کارە چاکەکانتان دەدەن، جا لەو ڕۆژەدا کە
بەسەر دەکرێنەوە خودا شکۆمەند دەکەن.13وەک ڕێزێک بۆ پەروەردگار، ملکەچی هەموو ڕێسایەک بن کە کاروباری خەڵکی بەڕێوە
دەبات: بۆ پاشا، کە خاوەن دەسەڵاتی باڵایە، 14 بۆ دادوەران، کە نوێنەری پاشان کە سزای تاوانبار دەدەن و ستایشی چاکەکاران دەکەن.
15چونکە ئەمە خواستی خودایە: کە بەردەوام چاکە بکەن، و بەم شێوەیە نەزانی مرۆڤە گێلەکان ئاشکرا بکەن! 16وەک مرۆڤی ئازادی
ڕاستەقینە مامەڵە بکەن، نەک وەک ئەوانەی ئازادی وەک پەردەیەک بۆ ئەنجامدانی خراپەکاری بەکار دەهێنن بەڵکو وەک ئەوەی
خزمەتکاری خودان. 17ڕێز لە هەموو خەڵک بگرن. برایانتان خۆش بوێت. لە خودا بترسن. ڕێزی پاشا بگرن.18ئەی خزمەتکاران بە
ڕێزێکی دروستەوە گوێڕایەڵی گەورەکانتان بن. نەک هەر بۆ گەورە باش و نەرم و نیانەکان، بەڵکو بۆ ستەمکارە دڵڕەقەکانیش! 19چەند
جوانە مرۆڤ بەرگەی غەم و پەژارە بگرێت کاتێک ئازار دەچێژێت و ستەمی لێ دەکرێت، بە پاڵنەری ویژدانی کە ملکەچی خودایە ! 20لە
ڕاستیدا چ شکۆمەندییەکە ئەگەر ئارام بگرن کە سزای هەڵەکانتان وەردەگرن؟ لەلای خودا هیچ پاداشتێکتان نییە مەگەر بە ئارامییەوە
بەرگەی ئازارەکان بگرن ئەوە کارێکی چاک دەکەن.21چونکە خودا بانگی کردن بۆ ئەوەی بەشداری ئەم جۆرە ئازارانە بکەن. مەسیح کە
لە پێناوتاندا ئازاری چەشت، ئەو پێشەنگە کە پێویستە لاسایی بکەنەوە. کەواتە بەدوای هەنگاوەکانیدا بڕۆن: 22تەنانەت یەک هەڵەشی
نەکرد، فێڵ لە دەمیدا نەبوو. 23هەرچەندە سوکایەتی پێکرا، بەڵام وەڵامی نەدایەوە. کاتێک بەرگەی ئازارەکانی گرت، هەڕەشەی
تۆڵەسەندنەوەی نەکرد، بەڵکو کارەکانی بە خودا سپارد کە بە دادپەروەرانە دادوەری دەکات.24ئەو گوناهەکانمانی لە جەستەی خۆیدا
هەڵگرت (کاتێک بە خاچ مرد) لەسەر دارەکە، تاکو سەبارت بە گوناهە بمرین، بەڕاستودروستی بژین. بە برینەکانی ئەو چاک بووینەوە،
25وەک مەڕی ونبوو بوون، بەڵام ئێستا گەڕانەوە لای شوان و پاسەوانەکەی خۆتان!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 3

[1]بە هەمان شێوە، ژنەکان ملکەچی مێردەکانتان بن. تەنانەت ئەگەر مێرد باوەڕی بە وشەکە نەبێت، ژنەکەی ڕایدەکێشێت بۆ باوەڕ بە
ڕەفتاری گونجاوی خۆی بەبێ قسە. [2]ئەو کاتەی کە سەرنجی ڕەفتارە پاک و سەنگینییەکەی دەدات.[3]-ئافرەت نابێت پشت بە
ڕازاندنەوەی دەرەکی ببەستێت بۆ ئەوەی جوانییەکەی دەربخات، بە لۆچکردنی قژی، بە ئاڵتون یان لەبەرکردنی جلوبەرگی گرانبەها.
[4]بەڵکو ناخیان ڕازاوە بێت، بۆ ئەوەی دڵیان بە گیانی نەرم و نیان و ئارامی ڕازاوە بێت. ئەمە ئەو ڕازاندنەوەیەیە کە هەرگیز لەناو
ناچێت، هەروەها لە چاوی خودادا زۆر گرانبەهایە![5]لە ڕابردوودا ژنانی خوداپەرست خۆیان پێی دەڕازاندەوە و هەریەکەیان پشتیان بە
خودا دەبەست و گوێڕایەڵی مێردەکانیان بوون. [6]بۆ نموونە سارا گوێڕایەڵی ئەڤراهامی هاوسەری بوو و بە «گەورەم».بانگی دەکرد ئەو
ژنە باوەڕدارانەی وەک ئەو دەکەن، دەریدەخەن کە کچی ئەون، بەو پێیەی ڕەفتارێکی باش دەکەن، و لە هیچ هەڕەشەیەک ناترسن.
[7]هەروەها ئێوەی مێرد، کاتێک لەگەڵ ژنەکانتان دەژین، دەزانن کە ئەوان لە ئێوە لاوازترن، ڕێزیان لێ بگرن بە هاوبەشی خۆتانیان بزانن
لە میراتی بەخششی ژیان، بۆ ئەوەی نەبێتە کۆسپ بۆ نزاکانتان.[8]پوختەکەی ئەوەیە، هەمووتان یەک بیر بن، بەزەییتان بە یەکتردا بێتەوە،
خۆشەویستی برایانەتان هەبێت، هاوسۆز و ساکار بن. [9]خراپە بە خراپە، جنێو بە جنێو وەڵام مەدەنەوە. بە پێچەوانەوە: بەرەکەت بکەن،
بەرەکەت بە میرات وەردەگرن، چونکە خودا بۆ ئەم مەبەستە بانگی کردوون.[10]هەریەکێک دەیەوێت چێژ لە ژیانی خۆش وەربگرێت و
ڕۆژەکانی باش بن، با زمانی خۆی لە خراپە و لێوی لە فێڵ بپارێزێت. [11]دوور بکەوێتەوە لە خراپە و چاکە بکات. با داوای ئاشتی بکات و
هەوڵی بەدیهێنانی بدات. [12]چونکە پەروەردگار خۆی ئاگاداری ڕاستودروستان دەبێت، و وەڵامی نزاکانیان دەداتەوە. بەڵام دژی ئەوانە
وەستاوە کە خراپە دەکەن.[13]کێ زیانتان پێدەگەیەنێت ئەگەر بە پەرۆش بن بۆ چاکە؟ [14]هەروەها ئەگەر لە پێناو ڕاستودروستیدا دەبێت
ئازار بچێژن، خۆزگەم بە خۆتان! لە هەڕەشەی ئەوانە مەترسن کە دەتانچەوسێننەوە، وە دڵە ڕاوکێتان نەبێت.[15]بەڵام لە دڵەوە خۆتان بۆ
مەسیحی پەروەردگار تەرخان بکەن. هەروەها هەمیشە ئامادە بن وەڵامێکی دڵنیاکەر بدەنە هەریەکێک کە پرسیارتان لێ دەکات لەبارەی
ئەو هیوایەی کە لە ناوتاندایە، [16]با ئەمەش بە نەرم و نیانییەوە بێت و ویژدانی پاکتان بپارێزن، هەڵسوکەوتان لە مەسیحدا باش بێت،
ئەوانە بێ هیوا دەبن کە تۆمەتی درۆتان بۆ هەڵدەبەستن و سووکایەتیتان پێدەکەن وەک ئەوەی خراپەتان کردبێت. [17]ئەگەر خواستی
خودا بێت ئێوە ئازار بچێژن با لەبەر چاکەکردن ئازار بچێژێن نەک خراپە.[18]مەسیح خۆی جارێک مرد بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانمان.
هەرچەندە ڕاستودروست بوو، بەڵام لە پێناو ئێمەی گوناهباردا ئازاری چەشت، بۆ ئەوەی لە خودا نزیک بینەوە، بە لەشی مرۆڤانە مرد،
پاشان لە گیاندا بەزیندووی هاتەوە. [19]هەر بەو گیانە چوو مزگێنیدا بە گیانە بەندکراوەکان. [20]ئەمەش دوای ئەوە بوو کە مزگێنییان
ڕەتکردەوە لە سەردەمی نواخدا، کاتێک خودا بە ئارامی و بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە نواخ کەشتییەکەی دروست دەکرد، ئەوەی
بەهۆیەوە چەند کەسێکی کەم لە ئاوەکەدا ڕزگاریان بوو، تەنها هەشت کەس بوون![21]ئەم کاری ڕزگاربوونە بە لەئاوهەڵکێشان وێناکراوە
، مەبەست لێی شۆردنی گڵاوی جەستەمان نییە، بەڵکو بەڵێنی ویژدانێکی چاکە لەبەردەم خودادا بە چاکەی هەستانەوەی یەشوای
مەسیح، [22]ئەوەی چووە ئاسمان، و ئێستا لە ڕاستەی خودا دانیشتووە؛ فریشتەکان و دەسەڵاتداران و دەسەڵاتە (گیانییەکان) ملکەچی
ئەون!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 4

[1]بەو پێیەی مەسیح بەرگەی ئازاری جەستەیی گرتووە لەپێناو ئێوە، خۆتان چەکدار بکەن هەمیشە ئامادە بن بۆ بەرگەگرتنی ئازار. ئەوەی
بەرگەی ئازاری جەستەیی بگرێت لە گوناهکردن دابڕاوە. [2]هەروەها مەبەستێتی تا کۆتایی تەمەنی لەو جەستەیەدا بژێت، نەک بۆ
ئارەزووی خەڵکی، بەڵکو بۆ خواستی خودا.[3]بەسە ئەو کاتانەی ڕابردوو لە ژیانتاندا، کە وەک بتپەرستەکان ڕەفتارتان دەکرد، کاتێک لە
بەڕەڵای و هەوەسبازی و ئالودەبوونی ئاهەنگەکانی سەرخۆشی، و پەرستنی بتە قەدەغەکراوەکاندا دەژیان. [4]هەروەها هاورێکانی
پێشووتان لەم ژیانەدا سەریان سوڕدەمێنێت کە ئێوە لەگەڵیان ناچنە ناو لافاوی ئەم بەدرەوشتییە، ئەوانیش ناوبانگتان دەزڕێنن.
[5]هەژماری خۆیان دەدەنە بەردەم ئەوەی لێپرسینەوە لە زیندووان و مردووەکان دەکات. [6]لەبەر ئەم هۆکارە مزگێنیی بە مردووەکانیش
درا، بۆ ئەوەی هەمیشە بە گیانەکە لەگەڵ خودادا زیندوو بن، هەرچەندە سزای مردن بەسەر جەستەیاندا جێبەجێ بووە، ئەوانیش وەک
مرۆڤەکانی تر مردن.[7]کۆتایی هەموو شتێک نزیک بۆتەوە. بۆیە ئاگادار بن و لە بەرزکردنەوەی نزاکانتان بەردەوام بن. [8]بەڵام گرنگترین
شت ئەوەیە کە بە پەرۆشیەوە یەکتریتان خۆش بوێت. چونکە خۆشەویستی زۆر خراپە دادەپۆشێت. [9]میوانداریی یەکتر بکەن بەبێ
ئەوەی گلەیی بکەن.[10]هەر یەکێکتان بەگوێرەی ئەو بەهرەیەی خودا پێیداوە، خزمەتی یەکتری پێبکەن بەو پێیەی ئێوە بریکاری ئەو بەهرە
جۆراوجۆرانەن کە خودا بە بەخشش دەیدات. [11]ئەوەی قسە دەکات دەبێت بەگوێرەی فەرمایشتەکانی خودا بێت؛ ئەوەی خزمەت
دەکات، دەبێت بەگوێرەی ئەو هێزەی کە خودا پێی بەخشیوە خزمەت بکات. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە خودا لە هەموو شتێکدا شکۆمەند
بێت، بە یەشوای مەسیح، کە هەموو شکۆمەندی و دەسەڵاتێکش هەر بۆ ئەوە هەتاهەتایە. ئامین![12]خۆشەویستان، سەرتان سووڕ
نەمێنێت کە ئاگری چەوسانەوە لە نێوانتاندا هەڵگیرساوە تا تاقیتان بکاتەوە، وەک ئەوەی شتێکی سەیروسەمەرەتان بەسەر هاتبێت!
[13]بەڵام دڵشاد بن: چونکە هەروەک چۆن ئێستا هاوبەشی ئازارەکانی مەسیحن، دەبێت دڵخۆش بن بە هاوبەشیکردنی شادی لەگەڵیدا
کاتێک بە شکۆمەندییەکەی دەردەکەوێت. [14]بەڵام ئەگەر سوکایەتیتان پێکرا لەبەر ئەوەی ناوی مەسیحتان هەڵگرتووە، خۆزگەتان پێ
دەخوازرێت! چونکە گیانی شکۆمەندییەکەی واتە گیانی خودا لەسەرتان جێگیر دەبێت.[15]با کەسێک لەنێو ئێوەدا نەبێت کە وەک سزایەک
ئازار بچێژێت لەسەر خراپەیەک کە ئەنجامی داوە: وەک کوشتن، دزی، یان هەر تاوانێکی تر، یان دەستوەردان لە کاروباری کەسانی تر.
[16]بەڵام ئەگەر یەکێک لە ئێوە لەبەر ئەوەی «مەسیحییە» ئازاری چەشت، با شەرم نەکات، بەڵکو لە پێناوی ئەم ناوە خودا شکۆمەند
بکات![17]بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە لێپرسینەوە لە خەڵکیماڵی خوداوە دەست پێ بکات. ئەگەر یەکەمجار لێپرسینەوە لە ئێمەوە
دەست پێ بکات، چارەنووسی ئەوانەی باوەڕیان بە مزگێنی خودا نییە چییە؟ [18]ئەگەر چاکەکاران بە هەوڵدان ڕزگاریان بێت، چی بەسەر
خراپەکار و گوناهباراندا دێت؟ [19]بۆیە پێویستە ئەوانەی بەپێی خواستی خودا ئازار دەچێژن خۆیان ملکەچی بەدیهێنەری دڵسۆز بکەن، و
بەردەوام بن لەسەر کاری چاکە!

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 5

[1]ئەمە ڕاسپاردەی منە بۆ ئەو پیرانەی کە لە نێوتاندان، وەک پیرێکی هاوڕێ بۆیان، شایەتحاڵی ئازارەکانی مەسیح و هاوبەشی ئەو
شکۆمەندییەی بن کە ئاشکرا دەبێت: [2]مێگەلی خودا بلەوەڕێنن، کە لە نێوانتاندایە، وەک چاودێر، نەک وەک ئەرک، بەڵکو بە
خۆبەخشییەوە، وەک خودا دەیەوێت، نەک بۆ دەسکەوتی نابەجێ، بەڵکو ئەو خزمەتە بە پەرۆشی و ئارەزومەندانە بێت. [3]خۆتان زاڵ
مەکەن بەسەر ئەو مێگەلەی خودا پێی سپاردوون، بەڵکو پێشەنگ بن بۆیان. [4]هەروەها کاتێک سەرۆکی شوانەکان دەردەکەوێت، تاجی
شکۆمەندی وەردەگرن کە هەرگیز لەناو ناچێت.[5]کەواتە ئەی گەنجان، ملکەچی گەورەکان بن. هەمووتان لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتردا
بەرگی بێفیزی لەبەر بکەن. چونکە خودا دژایەتیی لووتبەرزەکان دەکات، بەڵام بەخشش بە سادەکان دەبەخشێت. [6]کەواتە خۆتان لە
ژێردەستی بە هێزی خودا بێ فیز بکەن تا لە کاتی خۆیدا بەرزتان بکاتەوە، [7]قورسایی هە موو نیگەرانییەکانتان بخەنە سەر ئەو، چونکە
گرنگیتان پێ دەدات. [8] ژیر و وریا بن. شەیتانی دوژمنتان وەک شێرێکی بەنەڕەنەڕە، بەدوای نێچیردا دەگەڕێت بۆ ئەوەی قوتی بدات.
[9]بۆیە بەرەنگاری ببنەوە، لە باوەڕدا چەسپاو بن. بیر لە براکانتان بکەنەوە کە لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەتەوە بە نێو ئەو ئازارانەدا
تێدەپەڕن.[10]دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت ئازارتان چەشت، خودا، کە خودای هەموو بەخششێکە بانگتان دەکات بۆ ئەوەی هاوبەشی
شکۆمەندییە هەتاهەتاییەکەی بن لە مەسیحدا، وادەکات کامڵ و چەسپاو بن و بە هێز ڕەگتان دادەکوتێ. [11]هەموو شکۆمەندی و
دەسەڵاتێک بۆ ئەوە هەتاهەتایە. ئامین![12]بە دەستی سیلڤیانۆسدا برای دڵسۆز ئەم کورتە نامەیەتان بۆ دەنێرم. مەبەستم ئەوەیە کە
ئامۆژگاریتان بکەم و شایەتیتان بۆ بدەم کە ئەو بەخششەی کە چێژی لێ وەردەگرن بەخششی ڕاستەقینەی خودایە کە ئێوە تێیدا
چەسپاون. [13]لە بابلیشەوە، ئەوەی خودا لەگەڵ ئێوەدا هەڵیبژاردووە سڵاوتان لێ دەکات، و مارکۆسی کوڕیشم. [14]بە ماچێکی
خۆشەویستی سڵاو لە یەکتر بکەن. ئاشتی بۆ هەمووتان بێت ئێوە کە لە مەسیحدان.

# 2 Peter

## Chapter 1

[1]لە شیمۆن پەترۆوە، خزمەتکار و نێردراوی یەشوای مەسیح، بۆ ئەوانەی کە هاوبەشمانن لە یەک باوەڕی بەهاداردا کە هەموومان بە
یەکسانی بە دەستی دەهێنین بە ڕاستودروستیەکەی خودای ڕزگارکەرمان یەشوای مەسیح! [2]با بەخشش و ئاشتی زیاترتان لەگەڵدا بێت
بە بەرەکەتی ناسینی خودا و یەشوای پەروەردگارمان![3]ئەو، بە هێزە خودایەکەی هەموو شتێکی پێبەخشیوین کە پێویستمانە بۆ ژیانێکی
خواپەرستانە بۆ ناسینی خۆی ئەوەی بانگی کردین بۆ شکۆمەندی چاکەکانی، [4]لەو ڕێگەیەوە خودا بەرەکەتە مەزنە بەنرخەکانی خۆی
پێبەخشین کە بەڵێنی دابوو. بەم شێوەیە دەتوانن ڕزگارتان بێت لەو گەندەڵییە و هەوەسبازییەی کە جیهان بڵاوی دەکاتەوە، بە بەشدار
بوون لە ڕێسا خوداییەکەی.[5]لەبەر ئەمەش دەبێت، هەموو هەوڵ و تێکۆشانتان لە جێبەجێ کردنی باوەڕتان چالاک بکەن کە بەرەو
چاکەتان دەبات. بە دەستگرتن بە چاکەوە لە زانیاریدا پێشدەکەون، [6]لە زانیاریشدا دانبەخۆداگرتن، لەدانبەخۆداگرتندا ئارامی و
خۆپارێزی. [7]لە خۆپارێزی سۆزی برایانە، لە سۆزی برایانە خۆشەویستی.[8]کاتێک ئەم خووە باشانە لە ناوتاندابێت، و زیاد بکات، واتان
لێدەکات زیاتر بەرهەمداربن لە ناسینی یەشوای مەسیحی پەروەرڕگارمان. [9]بەڵام ئەوەی خاوەنی ئەو ڕەفتارانە نەبێت، لەڕووی
گیانییەوە کوێرە. کورت بینە، لە بیری چووە کە لە گوناهە کۆنەکانی پاک بۆتەوە![10]باشترە بۆتان برایان تێبکۆشن تا بە کردار بیسەلمێنن
کە خودا بەڕاستی بانگی کردوون و هەڵیبژاردوون. ئەگەر ئەم کارە بکەن هەرگیز ناکەون! [11]بەم شێوەیە خودا دەرگای فراوانتان بۆ
دەکاتەوە بۆ چونە ناو شانشینە هەتاهەتاییەکەی، شانشینی پەروەردگار و ڕزگارکەرمان یەشوای مەسیح.[12]بۆیە دەمەوێت بەردەوام ئەم
شتانەتان بەبیر بهێنمەوە، هەرچەندە دەیانزانن، و لەو ڕاستییە چەسپاون کە لاتانە . [13]تا لەم چادری لاشەیەم دابم، ئەرکی خۆمە
بەبیرتان بهێنمەوە. [14]چونکە دەزانم بە زوویی ئەم چادری لاشەیەم بەجێدەهێڵم، هەروەک چۆن یەشوای مەسیحی پەروەردگارمان بۆی
دەرخستم. [15]بۆیە تێدەکۆشم لەبیرهێنانەوەی ئەم شتانە تاکو دوای ژیان ئاواییم هەردەم ئەم شتانەتان بە بیربێتەوە.[16]کاتێک باسمان لە
تواناداریتی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح و گەڕانەوەی شکۆمەندانەکەی کرد، ئێمە لە ئەفسانەی دروستکراوی لێهاتویی خۆمان
نەمان هێناوە. بەڵکو، وەک شایەتحاڵی بینینی گەورەیی مەسیح قسەمان کرد. [17]چونکە لە خودای باوکەوە ڕێزو و شکۆمەندی
وەرگرتووە، کاتێک لە شکۆمەندییەکی بێ وێنەدا دەنگێک بۆی هات و فەرمووی: «ئەمە ڕۆڵەی خۆشەویستمە کە پێی دڵشادم!» [18]ئێمە
خۆمان گوێمان لەو دەنگە بوو کە لە ئاسمانەوە هات کاتێک لەگەڵیدا بووین لەسەر چیای پیرۆز.[19]بەم شێوەیە، وشەی پێغەمبەرایەتی لە
نێو ئێمەدا جێگیرتر بوو. چاک دەکەن ئەگەر لە دڵتاندا گرنگی بەم وشەیە بدەن. چونکە وەک چرایەک وایە لە شوێنێکی تاریکدا
بدرەوشێتەوە، تا ڕۆژ هەڵدێت و هەسارەی بەیانی دەردەکەوێت. [20]بەڵام، پێش هەموو شتێک، ئەوە بزانن کە هەموو پێشبینییەک کە لە
پەرتوکەکەدا هاتووە، ڕاڤە ناکرێت بە کۆششی تایبەت. [21]چونکە هیچ پێشبینییەک بە ویستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو هەموو پیاوە
پیرۆزەکانی خودا سرووشی گیانە پیرۆزەکە پاڵنەریان بووە.

 generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

[1]بەڵام، وەک چۆن لەکۆندا لەناو گەلدا پێغەمبەری درۆزن هەبوون، بە هەمان شێوە مامۆستای درۆزن لە نێو ئێوەدا دەبن. ئەمانە بەنهێنی
داهێنراوی لەناوبەر بڵاودەکەنەوە و نکۆڵی لەو گەورەیە دەکەن کە بۆ خۆی کڕینیەوە. بەم شێوەیە لەناوچوونی خێرا، بەسەر خۆیاندا
دەهێنن. [2]زۆرێک بە دوای بەدرەوشتییەکانی ئەواندا دەڕۆن. بەهۆی ئەوانەوە سووکایەتی بە ڕێگا ڕاستییەکە دەکرێت. [3]بە مەبەستی
چاوچنۆکی، بە قسەی شێواو و دەستکرد بازرگانیتان پێوە دەکەن وەک ڕابردوو. بەڵام پێشتر بڕیاریان لە سەر دراوە و لەناوچوونیان
دواناکەوێت.[4]چونکە خودا بەزەیی بەو فریشتانەدا نەهاتەوە کە گوناهیان کرد، بەڵکو فڕێیدانە قووڵایی تاریکی و لەوێ بە زنجیر
بەسترانەوە، تا ڕۆژی لێپرسینەوە بەبەند کراوی دەمێننەوە. [5]بە هەمان شێوە بەزەیی نەهاتەوە بە جیهانی کۆن کاتێک لافاوەکەی بەسەر
جیهانی بێباوەڕەکاندا هێنا، بەڵکو نواخی پاراست کە بانگەشەی ڕاستودروستی و دادپەروەری خودای دەکرد. نواخ یەکێک بوو لەو
هەشت کەسەی لە لافاوەکە ڕزگاریان بوو. [6]کاتێک خودا شارەکانی سۆدۆم و عەمۆرای وێران کرد، کردی بە خۆڵەمێش، و کردنی بە
پەند بۆ ئەوانەی ژیانێکی بەدڕەوشتانە دەژیان.[7]بەڵام ( لووت) ی ڕاستودروستی ڕزگار کرد کە زۆر دڵتەنگ بوو بە ڕەفتاری لەشفرۆشی
خەڵکی خراپەکاری سەردەمی خۆی. [8]لە کاتێکدا لە نێوانیاندا دەژیا، و پیاوێکی ڕاستو دروست بوو، ناخی پاکی ڕۆژانە ئازاری دەچێژت
بەهۆی تاوانەکانیانەوە، کە دەیبینی یان دەیبیست. [9]بەم شێوەیە دەبینین کە پەروەردگار دەزانێت چۆن خۆپارێزەکان لە نەهامەتی ڕزگار
بکات، و خراپەکاران لە زیندان بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بڕیاریان لەسەر بدات و سزایان بدات لە ڕۆژی بڕیاردان.[10]سزاکە چەند سەختە،
بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە مەیلی جەستەییان هەڵگرتوە و وەڵامی هەوەسی گڵاو دەدەنەوە و سوکایەتی بە سەروەری خودا دەکەن!
چەندە بێ ڕەوشتن، سەرسامن بەخۆیان، ناترسن لە قسەی جنێو و سوکایەتی بەرامبەر ئەوانەی شکۆمەندکراون. [11]لەگەڵ ئەوەشدا،
تەنانەت، فریشتەکانیش کە لەوان بە هێزتر و توانادارترن، هیچ تۆمەتێکی ناڕەوا ناهێننە بەردەم پەروەردگار.[12]بەڕاستی ئەم مامۆستا
درۆزنانە قسەی گاڵتەجاڕی لە بابەتگەلێک دەکەن کە خۆشیان لێی نازانن، وەک ئاژەڵی دڕندەی ناژیر وان، لەو ئاژەڵانە دەچن کە
مرۆڤ ڕاویان دەکەن دەیان کوژن. بە دڵنیاییەوە دەبێ بەو شێوەیە لەناو بچن. [13]لەناوچوونیان پاداشتی ئەو تاوانانەیە کە کردوویانە.
ئەوان زۆر ئارەزووی ئەوە دەکەن لە ڕۆژی ڕووناکدا خۆیان بە چێژە خراپەکانەوە سەرقاڵ بکەن. ئەوان پیس و خراپە کارن. هەوڵ
دەدەن فریوتان بدەن بۆیە لە هەموو شتێکدا بەشدار دەبن لەگەڵتان. [14]چاوەکانیان تەنها نیگای داوێنپیسی دەبینن و لە گوناهە تێر نابن.
چەند گیانی لاواز دەکەونە تەڵەکانیانەوە! بەڵام دڵەکانیان، بە هەوەسبازی و چاوچنۆکی ڕاهێنراون. ئەمان بەڕاستی ڕۆڵەی نەفرەتن!
[15]کاتێک لە ڕێگا ڕاستەکە لایاندا، گومڕابوون. ئەوان لەسەر ڕێگای بەلعامی کوڕی باعور دەڕۆن، کە زۆر حەزی لە وەرگرتنی پارە بوو
وەک پاداشتی گوناهەکەی. [16]بەڵام سەرزەنشت کرا لەسەر ئەم سەرپێچییەی کە ئەنجامیدا. چونکە گوێدرێژە بێزمانەکە بەدەنگی
مرۆڤانە قسەی کرد، سنوری بۆ گەمژەیی ئەو پێغەمبەرە دانا![17]ئەوانە وەک کانی بێ ئاون، هەورن بە گەردەلوول دەڕۆن. ئەوپەڕی
تاریکی هەتاهەتاییان بۆ هەڵگیراوە! [18]چونکە بە قسەی گەورە و پووچ دەدوێن، هاندراون بە ئارەزووەکانی سروشتی دنیایی و بە
بەڕەڵایی، ئەوانەش هەڵ دەخەڵەتێنن کە تازە هەڵاتوون لە دەست ئەوانەی لە تاریکی و گومڕاییدا دەژین. [19]بەڵێنی ئازادییان پێدەدەن،
کەچی خۆیان کۆیلەی گەندەڵین! چونکە مرۆڤ کۆیلەی هەر شتێکە کە بەسەریدا زاڵ بێت.[20]بۆ ئەوانەی دوای ناسینی یەشوای مەسیحی
پەروەردگار و ڕزگارکەر، لە پیسی دونیا هەڵدێن، ئینجا دەگەڕێنەوە و تێوەی دەگلێنەوە، ئەو پیسییانە کە بەسەریاندا زاڵ دەبێت، کۆتاییان
لە سەرەتاکانیان خراپتر دەبێت. [21]لەڕاستیدا، باشتربوو بۆ ئەوان ڕێگای ڕاستودروستییان نەزانیبا، لەوەی کە بیزانن و پاشان لەو
ڕاسپاردە پیرۆزە هەڵگەڕێنەوە کە ڕادەستیان کرا. [22]ئەو پەندە ڕاستەیان لەسەر جێ بەجێ دەبێت : «سەگ گەڕایەوە سەر
ڕشانەوەکەی، بەرازی شۆردراو گەڕایەوە ناو چڵکاو!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

Chapter 3

1ئەی خۆشەویستان، ئێستا نامەی دووەمتان بۆ دەنووسم. لە هەردوو نامەکەدا، مەبەستم ئەوەیە هزری بێگەردتان ئاگادار بکەمەوە، ئەو
ڕاستیانەتان بیر بهێنمەوە کە دەزانن. 2مەبەستم ئەوەیە قسەی ئەو پێغەمبەرە پیرۆزانەتان لەبیر بێت کە لە کۆندا ڕایانگەیاندووە،
هەروەها ڕاسپاردەی پەروەردگار و ڕزگارکەر، کە لە لایەن نێردراوەکان پێتان گەیشتووە.3پێش هەموو شتێک بزانن، لە ڕۆژانی کۆتاییدا
گاڵتەجاڕەکان دێن گاڵتە بە ڕاستی دەکەن، بە دوای ئارەزووەکانی خۆیاندا دەڕۆن. 4وە دەڵێن: «بەڵێنی گەڕانەوەی مەسیح لە کوێیە؟
لەوەتەی باوکانی یەکەممان کۆچی دواییان کردووە، یان تەنانەت لە سەرەتای دروستکردنەوە، هەموو شتێک وەک خۆی ماوەتەوە!»5بە
ئەنقەست لەبیرخۆیانی دەبەنەوە کە بە وشەیەکی فەرمان لەلایەن خوداوە ئاسمانەکان زۆر لەمەوبەر دروست بوون و زەوی لە ئاوەکە
جیاکردەوە و بە ئاو دەوریدا. 6هەروەها بە وشەی ئەو، ئەوجیهانەی ئەوکات هەبوو، ژێر ئاو کەوتوو لەناوچوو. 7بەڵام ئاسمان و زەوی
ئێستا، دەمێننەوە و بەو وشەیە هەڵگیراوە بۆ ئاگر هەتا ڕۆژی لێپرسینەوە و لەناوبردنی بێ ڕەوشتان!8بەڵام، ئێوە خۆشەویستان، نابێت
ئەم ڕاستییە لەبیر بکەن: ڕۆژێک لە بەرچاوی پەروەردگاردا هەزار ساڵە، و هەزار ساڵیش وەک ڕۆژێک وایە. 9کەواتە، پەروەردگار، خاو
نییە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکەیدا، وەک هەندێک کەس بیری لێدەکەنەوە، پشوو درێژە لەگەڵتان، چونکە نایەوێت کەس لەناو بچێت،
بەڵکو دەیەوێت هەموو مرۆڤەکان پاشگەزببنەوەو بگەڕێنەوە لای.10بەڵام «ڕۆژی پەروەردگار» دێت وەک دزێک لە شەودا. لەو ڕۆژەدا،
ئاسمانەکان بە دەنگێکی بەرز نامێنن و توخمەکان بە ئاگری توند دەتوێنەوە، و زەوی و هەموو ئەوەی تێیدایە دەسوتێن.11لەبەر ئەوەی
هەموو ئەم شتانە دەتوێنەوە، پێویست دەکات ئێوە خاوەن هەڵسوکەوتی پیرۆز و خۆپارێزبن، 12چاوەڕێی «ڕۆژی خودای» هەتاهەتایی
دەکەن داوای چارەسەری خێرا دەکەن. لەو ڕۆژەدا، ئاسمانەکان، بە ئاگرێکی تووند دەتوێنەوە و توخمەکانیش دەسوتێن و دەتوێنەوە.
13بەڵام، بەگوێرەی بەڵێنی پەروەردگار، چاوەڕێی ئاسمانی نوێ و زەوییەکی نوێ دەکەین، کە ڕاستودروستی تێیدا نیشتەجێیە.14لە کاتێکدا
چاوەڕێی هاتنە دی ئەم بەڵێنە دەکەین، خۆشەویستان، هەوڵبدەن بۆ ئەوەی پەروەردگار بە ئاشتی بتاندۆزێتەوە، دوور لە گڵاوی و
کەموکوڕی. 15دڵنیابن دواکەوتنی پەروەردگارمان لە گەڕانەوەدا دەرفەتێکە بۆ ڕزگاربوونتان.  پۆڵس برای خۆشەویستمان بە پێی ئەو
داناییەی کە پەروەردگار پێی بەخشیوە، لەسەر هەمان ئەم بابەتانە بۆی نووسیون. 16ئەوەی لە نامەکەیدا بۆ ئێوەی نووسیوە، لەگەڵ
نامەکانی تر کە نووسیویەتی، هاوڕایە. لە هەموو ئەو نامانەدا بابەتگەلێک هەن کە تێگەیشتنیان ئەستەمە، و لەلایەن نەزانەکان و ئەوانەی
ڕەگیان لە ڕاستیدانییە، دەستکاری دەکەن هەروەک چۆن ئەوانەی دیکەش کە بە سروش نوسرابوون، ئەوانە لەناوچوون بەسەر خۆیاندا
دەهێنن.17بەڵام ئێوە ئەی خۆشەویستان، بەو پێیەی پێش ڕوودانی مەترسییەکە ئاگادار کرانەوە، ئاگاداربن لە چەسپاویتان نەکەون
بەخراپەی چەواشەکاران گومڕانەبن. 18بەڵام، لە بەخشش و لە ناسینی پەروەردگار و ڕزگارکەرمان یەشوای مەسیحدا زیاتر گەشە
بکەن. شکۆمەندی بۆ ئەوە، ئێستا و تا هەتاهەتایە.

# 1 John

Chapter 1

1ئێمە سەبارەت بەو شتانە بۆتان دەنووسین کە لە سەرەتاوە سەبارەت بە وشەی ژیانەکە ڕوویداوە: دەربارەی ئەوەی بیستوومانە, و بە
چاومان بینیومانە, وشایەتی بووین, و دەستمان لێداوە. 2«ژیانەکە» لەبەردەمماندا ئاشکرا بوو،دوای ئەوەی لە ڕاستیدا بینیمان، ئێستا
شایەتحاڵی ئەوە دەدەین. ئەوەتا ئێمە هەواڵی ئەم ژیانە هەتاهەتاییەتان بۆ دەگوازینەوە کە لای باوک بووە و پاشان بۆمان دەرکەوت!
3کەواتە ئێمە ئەوەی بینیومانە و بیستوومانە پێتانی ڕادەگەیەنین ، تا ئێوە هاوبەشی ئێمە بن. هەروەک هاوبەشیمان لەگەڵ باوک و
ڕۆڵەکەی یەشوای مەسیح. 4ئێمە ئەم شتانەتان بۆ دەنووسین تا خۆشییەکەتان تەواو بکات!5ئەمە ئەو هەواڵەیە کە لە مەسیحەوە
بیستمان و پێمان ڕاگەیاندن: خودا ڕووناکییە، و تاریکی تێدا نییە. 6ئەگەر ئێمە بانگەشەی ئەوە بکەین کە هاوبەشیمان لەگەڵیدا هەیە، و
لە تاریکیدا دەژین، ئەوا ئێمە درۆزنین و بە راستییەکە کار ناکەین. 7بەڵام، ئەگەر ئێمە بەڕاستی لە ڕووناکیدا بژین، وەک چۆن ئەو لە
ڕووناکیدایە، ئەوا بەڕاستی هاوبەشیمان لەگەڵ یەکتردا هەیە، و خوێنی یەشوای ڕۆڵەکەی خۆی لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە.
8ئەگەر بانگەشەی ئەوە بکەین کە گوناهمان نییە، فێڵ لە خۆمان دەکەین، و ڕاستییەکە لەناو ئێمەدا نییە. 9بەڵام، ئەگەر دان بە
تاوانەکانماندا بنێین، ئەوا ئەوەی جێی متمانەیە و دادپەروەرە، لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت و لە هەموو قێزەونییەک پاکمان دەکاتەوە.
10ئەگەر بانگەشەی ئەوە بکەین کە گوناهێکمان نەکردووە، خودا دەکەینە درۆزن و وشەکەی لەناو ئێمەدا نییە!

# Chapter 2

[1]منداڵە بچووکەکانم، ئەم شتانەتان بۆ دەنووسم بۆ ئەوەی گوناه نەکەن. بەڵام، ئەگەر یەکێک لە ئێوە گوناه بکات، ئێمە داکۆکیکارمان
هەیە، لەلای باوک ئەویش یەشوای مەسیحی ڕاستودروستە. [2]ئەو کەفارەتی گوناهەکانمانە، نەک تەنها بۆ گوناهەکانی ئێمە، بەڵکو بۆ
گوناهەکانی هەموو جیهان. [3]ئەوەی دڵنیامان دەکاتەوە کە بەڕاستی ئەومان ناسیوە، ئەوەیە کە بە ڕاسپاردەکانی ئەو کاربکەین.[4]ئەوەی
بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەوی ناسیوە، بەڵام کار بە راسپاردەکانی ناکات، درۆزنە و راستی لە ئەودا نییە. [5]بەڵام هەرکەسێک بەپێی
وشەکەی کار بکات، خۆشەویستی خودا لەناو ئەودا تەواوە. بەم شێوەیە دەزانین کە ئێمە هی ئەوین. [6]هەرکەسێک دان بەوەدا بنێت کە
لە ئەودا چەسپاوە، دەبێت بە هەمان شێوەی ئەو رەفتار بکات.[7]ئەی خۆشەویستان، لێرەدا راسپاردەیەکی نوێتان بۆ نانووسم، بەڵکو
راسپاردەیەکی کۆنتان بۆ دەنووسم کە لە سەرەتاوە لەلاتان بوو، ئەویش وشەکەیە کە پێشتر بیستووتانە. [8]بەڵام ئەو راسپاردەی کە
بۆتان دەنووسم، هەمیشە نوێیە، و ڕاستییەکەی لە مەسیحدا ڕوون دەبێتەوە وەک چۆن لە ئێوەشدا روون دەبێتەوە. ئەمەش لەبەر
ئەوەیە کە تاریکی دەستی کردووە بە نەمان لەوکاتەوە ڕووناکییە ڕاستەقینەکە درەوشاوەتەوە، کە ئێستاش دەدرەوشێتەوە.[9]هەرکەسێک
بانگەشەی ئەوە بکات کە لە ڕووناکیدا دەژیت، بەڵام ڕقی لە یەکێک لە براکانی بێت، هەتا ئێستا لە تاریکیدا ماوەتەوە. [10]ئەوەی براکەی
خۆش بوێت، ئەو کەسەیە کە بەڕاستی لە ڕووناکیدا دەژی و هیچ شتێک ناتوانێت دایبپرێت. [11]بەڵام ئەوەی ڕقی لە یەکێک لە براکانی
بێت، لە تاریکیدا ون دەبێت، بە دوای ڕێگای خۆیدا دەگەڕێت و نازانێت ڕوو لە کوێ بکات، چونکە تاریکی چاوەکانی کوێر کردووە!
[12]ڕۆڵەکانم من بۆتان دەنووسم، چونکە خودا لە گوناهەکانتان خۆش بووە لە بەر ڕێزی ناوی مەسیح. [13]ئەی باوکان بۆتان دەنووسم،
چونکە مەسیحتان ناسیوە کە هەر لە سەرەتاوە هەیە. ئەی گەنجان بۆتان دەنووسم، چونکە ئێوە بەسەر شەیتانی خراپەکاردا زاڵ بوون.
ئەی ڕۆڵە بچووکەکانم بۆم نووسیون، چونکە باوکتان ناسیوە. [14]ئەی باوکان بۆتان دەنووسم چونکە مەسیح دەناسن کە لە سەرەتاوە
هەبووە. ئەی گەنجان بۆم نووسیون، چونکە ئێوە بەهێزن، وشەی خودا لە دڵتاندا ڕەگی داکوتاوە، شەیتانی خراپەکارتان بەزاند.[15]نە
جیهانتان خۆش بوێت، نە ئەو شتانەش کە لە جیهاندایە. ئەوەی جیهانی خۆش بوێت، خۆشەویستی باوک لە دڵیدا نییە. [16]چونکە هەموو
ئەو شتانەی لە جیهاندا هەن، لە ئارەزووی جەستە و چاو و شتە گرانبەهاکانی ژیانە، لە باوکەوە نین، بەڵکو لە جیهانەوەن. [17]جیهان و
هەموو ئارەزووەکانی بە سەردەچن، بەڵام ئەوەی بە خواستی خودا بکات، بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە![18]ڕۆڵەکان، بزانن ئێستا لە ڕۆژانی
کۆتاییدا دەژین. وەک چۆن بیستووتانە کە لە سەردەمی کۆتاییدا «دژە مەسیح» دێت، تا ئێستا زۆرێک لە دژە مەسیحەکان کە بەرەنگاری
مەسیحەکە دەبنەوە دەرکەوتوون. لێرەوە دڵنیا دەبین کە لە ڕۆژانی کۆتاییدا دەژین. [19]ئەم دژە مەسیحانە لە ئێمە جیا بوونەتەوە، بەڵام
لە ڕاستیدا لە ئێمە نەبوون. ئەگەر لە ئێمە بوونایە، ئەوا لەگەڵ ئێمەدا دەمانەوە. داپڕانیان لە ئێمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوان لە
ئێمە نین.[20]بەو پێیەی دەستنیشان کراون لەلایەن پیرۆزەکەوە، هەمووتان ڕاستییەکە دەزانن. [21]من بۆتان دەنووسم نەک لەبەر ئەوەی
ڕاستییەکە نازانن، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەزانن و تێدەگەن کە هەر شتێک کە درۆیە لە ڕاستییەوە نایەت.[22]درۆزن کێیە؟ ئەو کەسەیە کە
نکۆڵی لەوە دەکات کە یەشوا بەڕاستی مەسیحەکەیە . ئەو دژە مەسیحێکە کە نکۆڵی هەم لە باوک و هەم لە ڕۆڵە دەکات.
[23]هەرکەسێک نکۆڵی لە ڕۆڵە بکات، هیچ بەشێکی لە باوک نیە. هەرکەسێک دان بە ڕۆڵەکەدا بنێت، باوکیشی هەیە.[24]بەڵام سەبارەت بە
ئێوە، با ئەو وشانەی لە سەرەتاوە بیستووتانە، لە ئێوەدا ڕەگ دابکوتێت. کاتێک ئەو وشەیە لەناو ئێوەدا ڕەگی داکوتا، پەیوەندیتان
لەگەڵ ڕۆڵە، و باوکدا بەهێزتر دەبێت. [25]چونکە خودا خۆی بەڵێنی ژیانی هەتاهەتایی پێداوین. [26]ئەمەم بۆ ئێوە نووسیوە ئاماژەیە بۆ ئەو
کەسانەی کە هەوڵ دەدەن گومڕاتان بکەن.[27]ئێوە لەلایەن خوداوە دەستنیشان کراون کە بەردەوام لە ئێوەدا دەمێنێتەوە. بۆیە پێویست
ناکات کەس فێری ڕاستیەکەتان بکات. هەر ئەو دەستنیشانکراوییە هەموو شتێکتان فێرت دەکات. ئەوە ڕاستییە و درۆ نییە. وەک چۆن
فێرم کردن، لە مەسیحدا چەسپاو بن. [28]ئێستا،ئەی منداڵان، لە مەسیحدا چەسپاو بن، بۆ ئەوەی لەبەردەمیدا متمانەمان هەبێت،
وشەرمەزاری نەبین کاتێک دەگەڕێتەوە. [29]مادام دەزانن خودا راستودروستە، ئەوە بزانن کە هەرکەسێک چاکە دەکات، نیشان دەدات کە
بەڕاستی لە خوداوە لەدایک بووە.

## Chapter 3

[1]قووڵ ببنەوە لە ئەو خۆشەویستییە مزنەی کە باوک ئێمەی پێ خۆشویستووە، تا ئەو ڕادەیەی کە پێمان دەگوترێ «ڕۆڵەی خودا»، و
ئێمە بەڕاستی ڕۆڵەی ئەوین. بەڵام، چونکە خەڵکی جیهان خودا ناناسن، ئێمەش ناناسن. [2]ئەی خۆشەویستان، ئێستا ئێمە ڕۆڵەی
خوداین. ئێمە هێشتا نازانین دەبین بە چی، بەڵام دەزانین کە کاتێک مەسیح دەردەکەوێت، ئێمەش وەک ئەو دەبین، چونکە ئەو کاتە وەک
خۆی دەیبینین! [3]وە هەرکەسێک ئەم هیوایەی بە مەسیح هەبێت، خۆی پاک دەکاتەوە، هەروەک چۆن مەسیح پاکە.[4]بەڵام ئەوەی گوناه
دەکات، یاسای خودا پێشێل دەکات: چونکە گوناه یاسا پێشێل دەکات. [5]وە دەزانن کە مەسیح هاتووە بۆ ئەم زەوییە بۆ ئەوەی گوناهەکان
هەڵبگرێت، هەرچەندە بێ گوناه بوو. [6]هەرکەسێک لە ئەودا چەسپاو بێت، گوناهە ناکات. بەڵام ئەوانەی گوناهە دەکەن، هەرگیز
نەیانبینیوە و نەیانناسیوە.[7]ئەی منداڵانی بچووک، مەهێڵن کەس گومڕاتان بکات. دڵنیابن هەرکەسێک چاکەکاری بکات،
ڕاستودروستییەکەی دەردەکەوێ، هەروەک چۆن مەسیح ڕاستودروستە. [8]بەڵام هەرکەسێک گوناهە بکات، ئەوە دەریدەخات کە یەکێکە
لە منداڵەکانی شەیتان، چونکە شەیتان هەر لە سەرەتاوە گوناهی کردووە. ڕۆڵەی خودا هاتە سەر زەوی بۆ پووچەڵ کردنەوەی کارەکانی
شەیتان.[9]هەرکەسێک لە خوداوە، لەدایک بووبێت گوناه ناکات، چونکە سروشتی خودای تێدا چەسپاوە. بەڵکو ناتوانێت گوناه بکات،
چونکە لە خوداوە لەدایک بووە. [10]کەواتە، ئەمە ئەو پێوەرەیە کە ئێمە بەهۆیەوە جیاوازی دەکەین لە نێوان ڕۆڵەکانی خودا و منداڵانی
شەیتان. ئەوەی چاکە نەکات لە خودا نییە. بە هەمان شێوە ئەو کەسەی براکانی خۆش نەوێت![11]ئەو ڕاسپاردەی کە لە سەرەتاوە
بیستوتانە، ئەوەیە یەکترتان خۆش بوێت، [12]وەک قاین نەبن کە براکەی کوشت. نەک وەک قاین کە براکەی کوشت. قاین یەکێک بوو لە
منداڵەکانی شەیتانی خراپەکار. بۆچی براکەی کوشت؟ کوشتی چونکە کردەوەی خۆی خراپ بوو، بەڵام کردەوەی براکەی باش بوو.
[13]بەڵام، برایانم، پێتان سەیر نەبێت ئەگەر خەڵکی دونیا ڕقیان لێتان بێت! [14]خۆشەویستیمان بۆ براکانمان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە
مردنەوە بۆ ژیان تێپەڕین. ئەوەی براکانی خۆش نەوێت، لە مردندا دەمێنێتەوە. [15]هەرکەسێک ڕقی لە براکەی بێت، ئەوا بکوژە. دەزانن
کە بکوژ ژیانی هەتاهەتایی نییە.[16]پێوەری خۆشەویستی ئەو کارەیە کە مەسیح کردی کاتێک ژیانی خۆی لە پێناو ئێمەدا بەخشی. ئێمەش
دەبێ ژیانی خۆمان بەخت بکەین لە پێناو براکانمان . [17]ئەو کەسەی کە پارەی هەیە و دەتوانێت لە خۆشگوزەرانیدا بژی، و دڵی بۆ
براهەژارەکەی ناسووتێت، چۆن خۆشەویستی خودا ڕەگ و ڕیشەی تێدا دائەکوتێت؟ [18]ئەی منداڵانی بچووک، خۆشەویستی ئێمە نابێت
تەنها رووکەش بێت بە وشە و زمان، بەڵکو دەبێت خۆشەویستییەکی بەکردەوەی ڕاستەقینە بێت.[19]ئەوکات دڵنیا دەبینەوە کە بە پێی
راستییەکە رەفتاردەکەین، و لە ئامادەبوونی خودادا لە خۆمان دڵنیا دەبین، [20]تەنانەت ئەگەر دڵمان سەرکۆنەمان بکات؛ خودا لە دڵمان
مەزنترە و بە هەموو شتێک زانایە. [21]ئەی خۆشەویستان، ئەگەر ویژدانمان سەرکۆنەمان نەکات، متمانەیەکی زۆرمان هەیە بەرامبەر بە
خودا، [22]هەرچییەک لە نزادا داوای لێدەکەین، وەریدەگرین: چونکە ئێمە گوێڕایەڵی ئەو شتە دەبین کە ئەو پێی راسپاردووین، و ئەو کارە
دەکەین کە ئەو رازی دەکات.[23]ڕاسپاردەکەیشی ئەوەیە کە باوەڕمان بە ناوی ڕۆڵەکەی یەشوای مەسیح هەبێت، و یەکترمان خۆشبوێت
وەک ئەوەی راسپاردووین. [24]هەرکەسێک گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی خودا بێت، لە ناو خودادا دەچەسپێ، و خوداش لەودا. ئەوەی
دڵنیامان دەکاتەوە کە خودا لە ئێمەدا چەسپاوە، گیانە پیرۆزەکەیە کە پێی بەخشیوین.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 4

[1]خۆشەویستان، باوەڕ بە هەموو گیانێک مەکەن، بەڵکو گیانەکان تاقی بکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن ئایا لە خوداوەن یاخود نا، ژمارەیەکی زۆر لە پێغەمبەری درۆزن لە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. [2]لەم ڕێگایەوە دەتوانن بزانن ئایا گیانێک بەڕاستی لە خوداوەیە یان نا: ئەگەر ئەو گیانە دان بەوەدا بنێت کە یەشوای مەسیح بە جەستە هاتۆوە بۆ زەوی، ئەوە لە خوداوەیە. [3]ئەگەر نکۆڵی لە ئەمە بکات، ئەوە لە خوداوە نییە، بەڵکو لە دژە مەسیحەوەیە کە بیستووتانە دێت و ئێستا لە جیهاندایە.[4]ئەی منداڵانی بچووک، ئێوە لە خوداوەن و زاڵن بەسەر ئەوانەی دژایەتی مەسیح دەکەن: چونکە گیانە پیرۆزەکە کە لە ئێوەدا دەژی بەهێزترە لەو گیانە خراپەکارەی کە لە جیهاندا بڵاوبووەتەوە. [5]ئەم بەرهەڵستکارانە لە جیهانەوەن، قسەکانیان لە جیهانەوەیە، بۆیە خەڵکی دونیاش گوێیان لێدەگرن. [6]بەڵام ئێمە، لە خوداوەین، بۆیە تەنها ئەوانەی خودا دەناسن گوێمان لێدەگرن. بەڵام ئەوەی لە خوداوە نییە، گوێمان لێ ناگرێت. بەم شێوەیە جیاوازی دەکەین لە نێوان گیانە راستییەکەو گیانی گومڕایی.[7]خۆشەویستان، با یەکترمان خۆش بوێت: چونکە خۆشەویستی لە خوداوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە ئەوەی خۆشەویستی هەبێت، لە خوداوە لەدایک بووە و خودا دەناسێت. [8]ئەوەی خۆشەویستی نەبێت، هەرگیز خودای نەناسیوە چونکە خودا خۆشەویستییە![9]خودا خۆشەویستی خۆی بۆ ئێمە نیشان دا بە ناردنی تاقانە ڕۆڵەکەی بۆ جیهان تاکو بەو بژین. [10]لەمەدا خۆشەویستی ڕاستەقینە دەبینین، نەک خۆشەویستیمان بۆ خودا، بەڵکو خۆشەویستی ئەو بۆ ئێمە. لە خۆشەویستی خۆیەوە، ڕۆڵەکەی نارد وەک قوربانییەک بۆ گوناهەکانمان.[11]مادام خودا بەم خۆشەویستییە مەزنەوە خۆشی ویستووین، خۆشەویستان، ئێمەش دەبێ یەکترمان خۆش بوێت. [12]تا ئێستا کەس خودای نەبینیوە. بەڵام، کاتێک یەکترمان خۆشدەوێت، نیشان دەدەین کە خودا لەناو ئێمەدا دەژی، و خۆشەویستییەکەی لەناو ئێمەدا تەواوە. [13]ئەوەی دڵنیامان دەکاتەوە کە ئێمە لە خودادا چەسپاوین، و ئەویش لە ئێمەدا چەسپاوە ئەوەیە کە گیانی خۆی پێبەخشیوین. [14]ئێمە شایەتی ئەوەین کە باوک ڕۆڵەکەی وەک ڕزگاریدەری جیهان ناردووە، چونکە بە چاوی خۆمان بینیومانە.[15]هەرکەسێک دان بەوەدا بنێت کە یەشوا ڕۆڵەی خودایە، خودا لەودا دەچەسپێ، ئەویش لە خودادا، [16]ئێمەش ئەو خۆشەویستییەمان ئەزموون کرد کە خودا پێی بەخشیوین، ئێمەش متمانەمان بەوە. خودا خۆشەویستییە. ئەوەی لە خۆشەویستیدا بچەسپێت، لە خودادا چەسپیوە، و خوداش لە ئەودا.[17]بەم شێوەیە خۆشەویستی لەناو ئێمەدا تەواو دەکرێت بۆ ئەوەی لە ڕۆژی لێپرسینەوە متمانەمان هەبێت: لەم جیهانەدا ئێمە وەک مەسیحین. [18]لە خۆشەویستیدا ترس نییە. بەڵکو خۆشەویستی ترس دەخاتە دەرەوە. ترسەکە لە سزاوە دێت. ئەوەی دەترسێت خۆشەویستی خودا لە ناویدا ناتەواوە.[19]وە ئێمە خۆشمان دەوێت، چونکە یەکەم جار خودا خۆشی ویستووین. [20]ئەگەر کەسێک بڵێت: «خودام خۆشدەوێت!»بەڵام ڕقی لە براکەی خۆی بێت، درۆزنە، چونکە ئەگەر ئەو برایەی کە بینیویەتی خۆشی نەوێت، چۆن خودای خۆش دەوێت کە هەرگیز نەیبینیوە؟ [21]ئەم راسپاردەیە لە خودی مەسیحەوە بۆ ئێمە هاتووە: ئەوەی خودای خۆش بوێت، براکەی خۆش دەوێت!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

### Chapter 5

1هەرکەسێک بەڕاستی باوەڕی بەوە هەبێت کە یەشوا مەسیحەکەیە، لە خوداوە لەدایک بووە. وە هەرکەسێک باوکی خۆش بوێت،
دەبێت ئەو کەسانەشی خۆش بوێت کە لێی لەدایک بوون. 2ئەوەی خۆشەویستیمان بۆ ڕۆڵەکانی خودا دەسەلمێنێت ئەوەیە کە خودامان
خۆشدەوێت و ڕاسپاردەکانی جێبەجێ دەکەین. 3خۆشەویستی ڕاستەقینە بۆ خودا ئەوەیە کە ئەو کارە بکەین کە پێی ڕاسپاردووین. ئەو
ڕاسپاردەیەکمان پێ نادات کە لە سەرووی توانامانەوە بێت.4ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو کەسەی لە خوداوە لەدایک بووە، جیهان
دەبەزێنێت. باوەڕئەوەیە کە وامان لێدەکات بەسەر جیهاندا سەرکەوین. 5کێ سەردەکەوێت بە سەر جیهاندا جگە لەوەی کە باوەڕ بکا
کە یەشوا ڕۆڵەی خودایە؟6یەشوای مەسیح بە تەنیا بە ئاو و خوێن هاتە لای ئێمە. نەک تەنها بە ئاو، بەڵکو بە ئاو و خوێن پێکەوە. گیانە
پیرۆزەکە، شایەتحاڵی ئەم ڕاستییەیە: چونکە ئەو خودی ڕاستیەکەیە. 7چونکە لە ئاسمان سێ شایەتحاڵ هەن، باوک و وشەکە و گیانە
پیرۆزەکە، و ئەم سیانە یەکن. 8لەسەر زەویش سیان شایەتحاڵن: گیانەکە و ئاوەکە و خوێنەکە. وە ئەم سیانە لە یەکدان.9ئەگەر
باوەڕمان بەو شایەتییە بێت کە خەڵک ئەیدەن، ئەوا ئەو شایەتحاڵییەی کە خودا پێشکەشی دەکات گەورەترە، چونکە خودا بە
شایەتحاڵییەکی خودایی شایەتی بۆ ڕۆڵەکە دەدات. 10هەرکەسێک باوەڕی بە ڕۆڵەی خودا هەبێت، لە دڵەوە متمانەی هەیە سەبارەت بە
درووستی ئەم شایەتییە. بەڵام ئەگەر کەسێک باوەڕ بە خودا نەکات، چونکە ڕەتی دەکاتەوە باوەڕ بەو شایەتییە بکات کە بۆ ڕۆڵەکە
دراوە، ئەوە خودا تاوانبار دەکات بە درۆ.11وە ئەم شایەتحاڵییە ئەوەیە کە خودا ژیانی هەتاهەتایی پێبەخشیوین، و ئەم ژیانە لە
ڕۆڵەکەدایە. 12هەرکەسێک ڕۆڵەی خودای هەیە، ژیانەکەی هەیە. هەرکەسێک ڕۆڵەی خودای نەبێت ژیانەکەی نییە!13ئێوە کە باوەڕتان بە
ناوی ڕۆڵەی خودا هەیە، ئەم شتانەم بۆتان نووسیوە تا بزانن لە ئێستاوە ژیانی هەتاهەتایی هی ئێوەیە. 14ئێمە متمانەیەکی مەزنمان بە
خودا هەیە ئەمەش دڵنیامان دەکاتەوە کە گوێی لەو داواکاریانە دەبێت کە بۆی بەرز دەکەینەوە، ئەگەر لەگەڵ خواستی ئەودا بگونجێت.
15مادام دڵنیاین کە ئەو گوێی لێمان دەبێت، هەر داواکارییەکمان هەبێت، متمانەمان هەیە کە ئەو داواکاریانەمان بە دەست هێناوە.16ئەگەر
کەسێک بینی براکەی گوناهە دەکات کە نابێتە هۆی مردن پێویستە لای خودا نزای بۆ بکات،لە پێناوی ئەوە تا لە ژیان بمێنێتەوە، من ئەمە
دەڵێم دەربارەی ئەوەی ئەم گوناهەیە دەکات و بە مردن کۆتایی پێ نایەت. گوناهێک هەیە کە بە مردن کۆتایی دێت. بێگومان لێرەدا،
مەبەستم ئەم گوناهە نیە. 17هەموو تاوانێک گوناهەیە، هەموو گوناهەیەک بە مردن کۆتایی نایەت.18ئێمە دڵنیاین کە هەرکەسێک لە خوداوە
لەدایک بێت گوناهە ناکات، چونکە ڕۆڵەی خودا دەیپارێزێت، بۆ ئەوەی شەیتانی خراپەکار دەستی لێ نەدات. 19هەروەها دڵنیاین کە ئێمە
لە خوداوەین، و هەموو جیهان ملکەچی شەیتانی خراپەکارە.20وە دەزانین کە ڕۆڵەی خودا هاتۆتە سەر زەوی و هزرمانی ڕووناک
کردۆتەوە تا خودای ڕاستەقینە بناسین. ئێستاش ئێمە لە ئەودا دەژین، چونکە لە ڕۆڵەکەیداین یەشوای مەسیح. ئەو خودای ڕاستەقینە و
ژیانی هەتاهەتاییە. 21ئەی منداڵانی بچووک خۆتان لە بتەکان بپارێزن!

# 2 John

### Chapter 1

1لە یۆخەنای پیرەوە، بۆ ئەو خاتوونەی کە خودا هەڵیبژاردووە، و منداڵەکانی کە بەڕاستی هەموویانم خۆشدەوێت، نە تەنیا تاکە کەس نیم
کە خۆشم دەوێن، بەڵکو هەمووئەوانەش کە ڕاستی دەناسن. 2بە پێی ئەو ڕاستییەی لە دڵماندا نیشتەجێیە، وهەتاهەتایە لەگەڵمان
دەبێت، 3با بەخشش و میهرەبانی و ئاشتیمان، لە خودای باوک و پەروەردگار یەشوای مەسیحی کوڕی باوکەوە، بە ڕاستی و
خۆشەویستییەوە لەگەڵت بێت.4زۆر دڵخۆش بووم کاتێک هەندێک لە منداڵەکانتم بینی کە بەپێی ڕاستی دەڕۆن، بەپێی ئەوەی باوک
رایسپاردووین. 5ئێستا، ئەی خاتوون، داوات لێ دەکەم، و بە ڕاسپاردەیەکی نوێی مەزانە. بەڵام ئەمە ئەو ڕاسپاردەیە کە لە سەرەتاوە
هەمانبووە: یەکترمان خۆش بوێت. 6ئا ئەمەیە خۆشەویستییەکە: بەپێی ڕاسپاردەکانی ئەو بڕۆن. ڕاسپاردەکە ئەمەیە، هەروەک لە
سەرەتاوە بیستووتانە: کە بە خۆشەویستی هەڵسوکەوت بکەن!7جیهان پڕ بووە لە چەواشەکار کە نازانن یەشوای مەسیح بە
جەستەیەکی مرۆڤانەوە هاتۆتە سەر زەوی. ئەمانە گیانی چەواشەکار و دژە مەسیحن! 8بۆیە گرنگی بە خۆتان بدەن، بۆ ئەوەی ئەو
هەوڵەی ئێمە لە ڕێگای ئێوە داومانە بەفیڕۆ نەچێت، بەڵکو پاداشتی تەواو وەربگرن.9چونکە هەرکەسێک لە فێرکاری مەسیح بەردەوام
نەبێت و سەرپێچی بکات، بەشی لە خودادا نییە. بەڵام هەرکەسێک لەم فێرکردنە بەردەوام بێت، هەم باوک و هەم کوڕی هەیە. 10ئەگەر
کەسێک بەبێ ئەم فێرکاریە هاتە لاتان، لە ماڵەکەتان وەریمەگرن و سڵاوی لێ مەکەن، 11چونکە هەرکەسێک سڵاوی لێ بکات، هاوبەشە
لە کارە خراپەکانیدا.12زۆر شتم هەبوو بۆتان بنووسم بەڵام نامەوێت لێرە بە مرەکەب و کاغەز بینووسم. هیوادارم بۆخۆم سەردانتان
بکەم و بتوانین ڕووبەڕوو قسە بکەین. تاکو تەواو دڵخۆش بین. 13منداڵەکانی خوشکت کە خودا هەڵیبژاردوون سڵاوت لێدەکەن.

# 3 John

### Chapter 1

1لە یۆخەنای پیرەوە، بۆگایۆسی خۆشەویست ئەوەی کە بەڕاستی خۆشم دەوێت 2خۆشەویست، دەمەوێت لە هەموو شتێکدا
سەرکەوتوو بیت، وە بۆ ئەوەی تەندروستی جەستەت بەقەد تەندروستی گیانیت بەهێز بێت. 3چەن خۆشییەکی مەزنم هەبوو کە هەندێک

لە برایانی ڕێبوار بە لامدا تێپەڕین پێیان ڕاگەیاندم کە بە گوێرەی ڕاستیەکە دەڕۆیت، شایەتییان بۆ ئەو ڕاستیەدا کە لە تۆدا چەسپاوە!
[4]چەن مەزنە ئەو خۆشییە کە دڵم پڕ دەکات کاتێک ئەو مژدە خۆشە دەبیستم کە پشتڕاستی دەکاتەوە منداڵەکانم بە پێی ڕاستی ڕەفتار
دەکەن![5]ئەی خۆشەویست، مامەڵەی باشت لەگەڵ برا و نامۆکاندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تۆ ڕاستگۆیانە مامەڵە دەکەیت بەرامبەر بە
خودا. [6]ئەگەر ئەو شتانەیان بۆ دابین بکەیت کە پێویستیان پێیەتی بۆ گەشتکردن کارێکی باشت دەبێت. دەزانی ئەمە مایەی ڕەزامەندی
خودایە، [7]چونکە ئەم برایانە بۆ خزمەتکردنی مەسیح بەڕێکەوتوون، وە هیچ یارمەتیەک لە بێباوەڕان وەرناگرن. [8]پێویستە پێشوازی لە
کەسانی وەک ئەمانە بکەین بۆ ئەوەی بەڕاستی بتوانین هاوبەشی ئەوان بین لە خزمەتکردنی ڕاستییەکە.[9]شتێکم بۆ کڵێسا نووسی
لەسەر ئەم بابەتە: بەڵام دیۆتریفۆس کە حەز دەکات وەک سەرکردەیەک خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، ئێمە پەسند ناکات. [10]بۆیە
سەرنجی بۆ ئەو کارانە ڕادەکێشم کە دەیکات کاتێک دێم. تۆمەتی درۆینە دژی ئێمە دەوروژێنێت، بە شێوەیەکی کین لە دڵانە قسە
دەکات. بەم شتە ڕازی نییە، بەڵکو ڕەتیدەکاتەوە پێشوازی لە برا رێبوارەکان بکات، ڕێگری لەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێت
وەریانبگرن و لە کڵێساش دەریان دەکات.[11]ئەی خۆشەویست، لاسایی خراپە مەکەرەوە، بەڵکو لاسایی چاکە بکەرەوە. هەرکەسێک
چاکە بکات، لە خوداوەیە. ئەوەی خراپەکاری بکات ئەوە نیشان دەدات کە هەرگیز خودای نەناسیوە. [12]سەبارەت بە دیمیتریۆس،
هەمووان شایەتحاڵی باشی ئەوەن. تەنانەت ڕاستیەکە خۆی شایەتی بۆ دەدا. هەروەها ئێمەش شایەتحاڵی بۆ دەدەین. وە ئێوەیش
متمانەتان بە ڕاستی ئەو شتانە هەیە کە ئێمە شایەتی بۆ دەدەین.[13]زۆر شتم هەبوو بۆت بنووسم. بەڵام نامەوێت لێرە بە پێنووس و
مەرەکەب بینووسم. [14]هیوا خوازم کە بە یەک بگەین بەم نزیکانە، روبەرو وتووێژ بکەین! [15]سڵاوت لێ بێت! خۆشەویستان لێرە سڵاوتان
لێدەکەن. بە ناو لە هەر یەکێک لە ئازیزانت سڵاو بکە.

# Jude

## Chapter 1

[1]لە یەهوداوە، خزمەتکاری یەشوای مەسیح برای یاکۆڤ، بۆ ئەوانەی خودای باوک بانگی کردوون، خۆشەویستانی ئەو، وە پارێزراون لە
پیناو یەشوای مەسیح. [2]بەزەیی و ئاشتی و خۆشەویستیتان بۆ زیاتر و زیاتر بێت![3]خۆشەویستان، بەنیازم بووم بۆتان بنووسم سەبارەت
بە ڕزگاربوون ئەوەی هەموومان تێیدا هاوبەشین. بەڵام، ئێستا هەست بە ناچاری دەکەم بنووسم بۆ ئەوەی هانتان بدەم بۆ تێکۆشان بۆ
ئەو باوەڕەی کە بۆ تەنها یەکجار درا بە پیرۆزکراوان. [4]چونکە هەندێک فێرکار خۆیان خزاندۆتە نێوانتان بەدڵنیایەوە ڕوبەڕوی دادوەری و
سزای هەتاهەتایی دەبنەوە،هەروەک چۆن لە مێژەوە لە سەریان نوسراوە. ئەوانە خراپەکارن لە خودا ناترسن، ئەوان لە بەخششی
پەروەردگار کەڵک وەردەگرن بۆ بەڕەڵایی و خراپەکاریەکانیان، ئەوان نکۆڵی دەکەن لە گەورەمان و تاقە پەروەردگارمان یەشوای
مەسیح.[5]ئێستا، دەمەوێت ئەو شتانەتان بیر بخەمەوە کە دەزانن. کەواتە دەزانن کە پەروەردگار، دوای ئەوەی گەلەکەی لە میسر ڕزگار
کرد، گەڕایەوە و ئەوانەی لە ناوبرد کە لەو گەلەدا باوەڕیان نەبوو. [6]سەبارەت بەو فریشتانەی کە پێگەی بەرزی خۆیان نەپاراست، بەڵکو
شوێنی خۆیان بەجێهێشت، بۆیە پەروەردگار زیندانی کردوون بەزنجیرێکی هەتاهەتایی لە قوڵای تارکیدا بەستراونەتەوە، چاوەڕێی
سەرکۆنەی ڕۆژە مەزنەکەن.[7]وە دەزانن پەروەردگار چی بەسەر شارەکەم سۆدۆم و عەمۆرا و شارەکانی دەوروبەریاندا هێنا. چونکە
خەڵکی ئەم شارانە وەک ئەو مامۆستایانە بوون، پاڵنەر بوون بۆ داوێن پیسی، و سەرقاڵی ئارەزوەکانی پێچەوانەی سروشت بوون. بۆیە
پەروەردگار سزای ئەم شارانەی بە ئاگری هەتاهەتایی دا، وێرانی کردن. تابن بە پەند بۆ ئەوانەیتر. [8]لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مامۆستا
خەیاڵ خاوانەی ئەو ڕێگایە پەیڕەو دەکەن کە خەڵکی ئەو شارانە پێیدا ڕۆیشتوون. وەک چۆن جەستەیان بە گڵاوی پیس دەکەن، و
سووکایەتی بە سەروەری خودایی دەکەن، و بەسوکایەتییەوە قسە لەسەر بوونە شکۆمەندەکان دەکەن![9]تەنانەت میخائیل، کە سەرۆکی
فریشتەکان بوو، بوێری ئەوەی نەبوو بەسوکاتییەوە فەرمان بەسەر شەیتان بدات کاتێک بەربەرەکانی لەگەڵ دەکرد سەبارەت بە
جەستەی موشە، بەڵام بەس بوو پێی بڵێت: «پەروەردگار سەرزەنشتت بکات!» [10]بەڵام ئەم مامۆستایانە کە بە سووکایەتییەوە قسە
لەسەر ئەو شتانە دەکەن کە نایزانن. سەبارەت بەوەی کە بە هەوەسەوە لێی تێدەگەن، وەک ئاژەڵە ناژیرەکان، بەو شتە خۆیان لەناو
دەبەن. [11]هاوار بۆ ئەوان! چونکە بە ڕێگای قایندا ڕۆیشتن، بۆ دەستکەوتنی پارە خۆیان دایە دەست گوناهەکانی بەلعام، ئەوانیش یاخی
بوون وەک چۆن کۆراخ یاخی بوو خۆیان لەناو برد.[12]ئەوانە تاشەبەردە مەترسیدارەکانن لە کۆبوونەوە پڕ لە خۆشەویستییەکانتان بە بێ
ترس بەشدار ئەبن؛ تەنها خۆیان تێردەکەن! وەک هەورێکی بێ بارانن کە با لێیان دەخوڕێت، وەک داری پاییز بێ بەرن، کە
خاوەنەکانیان لە ڕەگەوە هەڵیکەندون، بۆیە دوو جار مردوون. [13]وە بە کارە شەرمەزارەکانیان خۆیان ئاشکرا دەکەن وەک شەپۆلە
توڕەکانی ناو دەریا پیسی فڕێدەدەن. وەک ئەستێرەیەکی ونبوون لە بۆشایی، چارەنوسیان تاریکی هەتاهەتاییە![14]دەربارەی ئەمانە و
هاوشێوەکانیان، خەنۆخ پێشبینی کرد، لە نەوەی حەوتەمی دوای ئادەمە، گوتی: «ئەوەتا پەروەردگار بەیاوەری دەیان هەزار پیرۆزکراو
دێت، [15]بۆ دادگاییکردنی هەموو مرۆڤەکان، و سزادانی هەموو خراپەکاران ئەوانەی لە خودا ناترسن، بەهۆی هەموو کارە خراپەکانیانەوە
کە کردوویانە و هەموو قسە توندەکانیان کە سووکایەتییان پێکرد، و تەنها لە گوناهباران و خودا نەناسانەوە دێت!» [16]ئەوانە بۆڵەبۆڵکەر و
بەگومانن، بەویستی ئارەزووە کانیان هەڵسوکەوت دەکەن زمانیان قسەی بە فیز دەکات، بۆ بەرژەوەندی خۆیان ستایشی ئەو کەسانە
دەکەن کە سەرسامن پێیان![17]سەبارەت بە ئێوەی خۆشەویست، هەمیشە لەبیرتان بێت کە نێردراوانی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح
چییان وتووە. [18]پێشتر ئاگادارمان کردوونەتەوە کە، لە کۆتایی کاتەکاندا، گاڵتەجاڕەکان دەردەکەون کە دەژین و نوقوم بوون لەنێو
ئارەزووە خراپەکانیان. [19]ئەمانەن کە دەبنە هۆی لێکترازان، ئەوان پەیڕەوی لە ئارەزووە ئاژەڵییەکانیان دەکەن نەک بەگیانی پیرۆز کە
تێیاندایە![20]سەبارەت بە ئێوەی خۆشەویست، خۆتان لەسەر پیرۆزترین باوەڕتان بنیات بنێن! و هەمیشە لە گیانی پیرۆزدا نزا بکەن. [21]وە
خۆتان لە خۆشەویستی خودادا بپارێزن، چاوەڕێی بەزەیی مەسیحی پەروەردگارمان بن، کاتێک دەگەڕێتەوە و دەتانبات بۆ ئەوەی
لەگەڵیدا بژین بۆ هەمیشە.[22]هەندێک کەس بەهۆی گومانەکانیانەوە پێویستە بە بەزەییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت. [23]دەبێت هەندێکیان


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

لە ئاگری ڕفێنەر ڕزگار بکەیت. هەندێکی تریش دەبێت بە بەزەیی و وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، تەنانەت ڕقت لەو
جلوبەرگانە بێت کە خۆیان پێ گڵاو دەکەن. 24 وە بۆ ئەو کەسەی کە توانای ئەوەی هەیە لە کەوتنت بپارێزێت دەتبات بۆ ئەوەی بە شادی و
شکۆمەندییەوە بێ کەموو کوڕی لەبەردەمیدا دەربکەویت. 25 بۆ تاکە خودا، ڕزگارکەرمان یەشوای مەسیحی پەروەردگارمان شکۆمەندی
و مەزنایەتی توانا و دەسەڵاتی، پێش ئەو کات بوو، ئێستاش و بۆ هەموو سەردەمەکان، ئامین!

# Revelation

## Chapter 1

1 ئەمە بینینێکە لەلایەن خوداوە بە یەشوای مەسیح دراوە، بۆ ئەوەی ئەو شتانە بۆ خزمەتکارەکانی ئاشکرا بکات کە دەبێت بەم زووانە
ڕوو بدەن. مەسیحیش لە ڕێگەی فریشتەکەیەوە بۆ یۆخەنای بەندەی ئاشکراکرد. 2 شایەتحاڵی یۆخەنا لەسەر وشەی خودا و شایەتحاڵی
یەشوای مەسیح، و هەموو ئەو شتانەی کە بینیوەتی. 3 بەختەوەرە ئەو کەسەی ئەم پەرتووکی پێشبینیە دەخوێنێتەوە و بۆ ئەوانەی
دەیبیستن، و چاودێری ئەوە دەکەن کە تێیدا هاتوە، چونکە وادەی هاتنەدی پێشبینیەکە نزیکە! 4 لە یۆخەنا، بۆ حەوت کڵێساکەی هەرێمی
ئاسیا: بەخشش و ئاشتیتان بۆ بێت لەوەی کە هەبووە و کەهەیە و کە دێت، و لە حەوت گیانەکەی بەردەم تەختەکەی، 5 لە یەشوای
مەسیحەوە شایەتحاڵی دڵسۆز، نۆبەری ئەوانەی لە مردن هەستانەوە، پاشای پاشاکانی زەوی، لەبەر خۆشەویستیەکەی بۆ ئێمە لە
پێناوماندا مرد و بە خوێنی خۆی لە گوناهەکانمان شۆردینیەوە، 6 وە ئێمەی کردە شانشین، و کاهین بۆ خودای باوکی، شکۆمەندی و
دەسەڵات بۆ ئەوە بۆ هەمیشە و هەتاهەتایە. ئامین! 7 ئەوەتا ئەو لەگەڵ هەورەکان دێت! هەموو چاوێک دەیبینێت، تەنانەت ئەوانەش کە
ڕمیان لێدا، هەموو هۆزەکانی سەر زەویش بەهۆی ئەوەوە ماتەمینی دەگێڕن! بەڵێ، ئامین! 8 «من ئەلف و یێم» (سەرەتا و کۆتایی).
ئەمە دەفەرموێت پەروەردگاری خودا کە هەبووە و هەیە و دێت، توانادارەکە بەسەر هەموو شتێکدا. 9 من، یۆخەنای براتانم و هاوبەشی
تەنگانە و شانشینی ئارام گرتن لە یەشوادا، دورخراوە بۆ دوورگەیەک کە پێی دەوترێت پەتمۆس، لە پێناوی وشەی خودا و شایەتحاڵی
یەشوا. 10 لە ڕۆژی پەرورردگار، لە گیانەکەدا بووم، لە پشتمەوە گوێم لە دەنگێکی بەرز بوو وەک کەڕەنا 11 دەفەرموێت: «ئەوەی
دەیبینیت لە پەرتووکێکدا بینووسە، و بینێرە بۆ حەوت کڵێساکە: لە ئەفسۆس، سمیرنا، پەرگامۆس، سیاتیرا، ساردس، فیلادلفیا و
لاودیکیا». 12 کاتێک ئاوڕم دایەوە بۆ دەنگەکە، حەوت چرادانی زێڕینم بینی، 13 کە ڕووم کردە دەنگەکە، یەکێکی وەک ڕۆڵەی مرۆڤم بینی
لە ناوەڕاستی حەوت چرادانە زێڕینەکەدا وەستابوو، جلێکی درێژی لەبەردا بوو تا بەرپێی، وە پشتێنێکی زێڕینی لە سنگیوە پێچا بوو.
14 مووی سەری وەکو خوری بێگەرد وەک بەفر سپی بوو، چاوەکانی وەک بڵێسەی ئاگر بوون. 15 پێیەکانی بریقەدار بوو وەک مس کە بە
ئاگر پوختە کرابێت، دەنگیشی وەک هاژەی تاڤگە وابوو، 16 ڕووخساری وەک خۆری نیوەڕۆ بە ڕووناکی دەدرەوشایەوە. حەوت
ئەستێرەی لە دەستی ڕاستی بوو، شمشێرێکی تیژی دوو لێوار لە دەمی دەرچوو. 17 کاتێک بینیم وەک مردوویەک کەوتمە بەر پێیەکانی، بە
دەستی ڕاستی دەستی لێدام و فەرمووی: «مەترسە! من یەکەم و دواهەمینم، 18 منم زیندووەکە. مردبووم، بەڵام ئەوەتا ئێستا بۆ
هەتاهەتایە زیندووم. کلیلەکانی مردن و جیهانی مردووانم پێیە. 19 بنووسە چیت بینی، و ئێستا چی ڕوودەدات، وە ئەوەی خەریکە لە
داهاتوودا ڕوودەدات. 20 نهێنی ئەو حەوت ئەستێرەیەی کە لای ڕاستم بینیت، و حەوت چرادانە زێڕینەکەش ئەمەیە: حەوت ئەستێرەکە
فریشتەکانی حەوت کڵێساکەن، حەوت چرادانەکەش خودی حەوت کڵێساکەن.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 2

[1]بۆ فریشتەی کڵێساکەی ئەفسۆس بنووسە: ئەوەی کە حەوت ئەستێرەکەی بە دەستی ڕاستی گرتووە و لە نێوان حەوت چرادانە
زێڕینەکەدا دەڕوات دەفەرموێت: [2]من کردار، و هەوڵەکانت، و ئارام گرتنت دەزانم، وە دەزانم کە تۆ بەرگەی خراپەکاران ناگریت، و بە
وردی لەو کەسانەت کۆڵیوەتەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نێردراون، بەڵام نێردراو نین، بۆت ڕوون بۆوە کە ئەوان درۆزنن![3]لە
پێناو ناوی من ئازارت چەشت خۆت ڕاگرت و کۆڵت نەدا. [4] بەڵام ئەمەم لەسەرت هەیە تۆ خۆشەویستییەکەی یەکەمینت واز لێهێناوە!
[5]کەواتە بیرت بێت لە کوێ کەوتوویت، وە پاشگەز بەرەوە، بگەڕێوە بۆ کارەکانی پێشووت، ئەگینا دێم و چرادانەکەت لە شوێنی خۆی
لادەبەم ئەگەر پاشگەز نەبیتەوە![6]سەبارەت بەوەی لە تۆدایە دڵخۆشم دەکات ئەویش ئەوەیە کە تۆ ڕقت لە کردەوەی نیکۆلایەکانە کە
منیش ڕقم لێیەتی. [7]ئەوەی گوێی هەیە با ببیستێت کە گیانەکە چی بە کڵێساکان دەفەرموێت! ئەوەی سەربکەوێت من لە بەری داری
ژیانی دەدەمێ لە بەهەشتی خودا.[8]بۆ فریشتەی کڵێساکەی سمیرنا بنووسە: ئەوەی یەکەمین و دواهەمینە، ئەوەی مردوو بوو و زیندو
بۆوە دەفەرموێت: [9]دەزانم چەندە تووشی تەنگانە و هەژاری بویت، هەرچەندە دەوڵەمەندیت. وە من قسەی هەڵبەستراوی ئەوانەش
دەزانم کە بانگەشەی ئەوە دەکەن یەهودین بەڵام یەهودی نین، بەڵکو کەنیشتی شەیتانن![10]لەو ئازارانە مەترسە کە چاوەڕێت دەکەن،
چونکە شەیتان هەندێکتان دەخاتە زیندان بۆ ئەوەی تاقی بکرێنەوە، و دە ڕۆژ تووشی چەوسانەوە دەبن. جا تا مردن وەفادار بن، منیش
تاجی ژیانتان پێدەبەخشم. [11]ئەوەی گوێی هەیە با ببیستێت گیانەکە چی بە کڵێساکان دەڵێت! ئەوەی سەردەکەوێت بە مردنی دووەم
زیانی پێ ناگات![12]بۆ فریشتەی کڵێساکەی پرگامۆس بنووسە: ئەوەی شمشێری بڕینی دوو لێواری هەیە دەفەرموێت. [13]دەزانم لەکوێ
دەژیت، ئەو شوێنەی تەختی شەیتانی لێیە! لەگەڵ ئەوەشدا دەستت بە ناوی منەوە گرتووە، تەنانەت لەو ڕۆژانەش کە ئەنتیپاسی
شایەتیدەری دڵسۆزم لەلاتان شەهید کرا، لەو شوێنەی شەیتان نیشتەجێیە، ڕەتت کردەوە نکۆڵی لە باوەڕی من بکەیت![14]بەڵام هەندێک
شتم لەسەرت هەیە لێبوردەی لەگەڵ ئەو هۆزەی پابەندن بە فێرکردنی بەلعامەوە ئەوەی بالاکی پاشای فێردەکرد کە نەوەی یەسرائیل
لە ناوببات بە تێوەگلان لە داوێن پیسی و لەو قوربانییانە بخۆن کە پێشکەشی بتەکان کراون، [15]بە هەمان شێوە هەندێکیشتان هەیە کە
پابەندن بە فێرکارییەکانی نیکۆلایەکانەوە![16]بۆیە پاشگەز بەرەوە، ئەگینا بەم زووانە دێمە لات و بە شمشێرەکەی دەمم لەگەڵ گومڕاکان
دەجەنگم. [17]ئەوەی گوێی هەیە با ببیستێت گیانەکە چی بە کڵێساکان دەفەرموێت! ئەوەی سەربکەوێت لە مەنی شاراوەی دەدەمێ،
هەروەها بەردێکی سپی بچوکی پێدەدەم کە ناوێکی نوێی لەسەر هەڵکۆڵدراوە جگە لەوەی وەریدەگرێت کەس نایزانێت![18]بۆ فریشتەی
کڵێساکەی سیاتیرا بنووسە: ڕۆڵەی خودا ئەوەی چاوەکانی وەک گڕی ئاگرە و پێیەکانی وەک مسی بێگەردە دەفەرموێت: [19]کارەکانت، و
خۆشەویستیت، و باوەڕەکەت، و قوربانیدانەکەت، و ئارام گرتنەکەت دەزانم؛ دەزانم کارەکانی ئەم دواییەت زیاترە لە وانەی پێشووت!
[20]بەڵام ئەمەم لەسەرت هەیە تۆ ڕێت بەو ژنە داوە کە ناوی ئێلیشابات، خۆی بە پێغەمبەر دەزانێت، خزمەتکارەکانم گومڕا دەکات
فێریان دەکات تاکو داوێنپیسی بکەن و لەو قوربانیە بخۆن کە پێشکەشی بتەکان دەکرێت. [21]ماوەیەکی پێدرا بۆ پاشگەزبونەوە لە داوێن
پیسیەکەی، بەڵام پاشگەز نەبۆوە.[22]لەبەر ئەوە فڕێی دەدەمە سەر جێگای نەخۆشی، ئەگەر ئەوانەی داوێنپیسییان لەگەڵی کردووە لە
کردارەکانیان پاشگەز نەبنەوە، دەیانخەمە ناو تەنگانەیەکی توندەوە. [23]من منداڵەکانی بە مردن لەناو دەبەم، بۆ ئەوەی هەموو کڵێساکان
بزانن منم ئەوەی کە بیر و دڵەکان دەپشکنێت، و بەپێی کردەوەکانتان پاداشتی هەریەکێکتان دەدەمەوە.[24]بەڵام ئێوە، ئەوانەی لە سیاتیرا
ماونەتەوە، ئەوانەی ئەم فێرکردنە گەندەڵەیان پەسەند نەکرد، و نەیاندەزانی نهێنی قوڵی شەیتان چییە، منیش بارگرانییەکی نوێ ناخەمە
سەرتان. [25]تەنها ئەوەی هەتانە دەستی پێوە بگرن هەتا دێم.[26]ئەوەی سەرکەوتوو بێت، و تا کۆتایی بەردەوام بێت لەسەر ئەوەی
ڕەزامەندی من بەدەست بهێنێت، دەسەڵاتی بەسەر نەتەوەکاندا دەدەمێ، [27]بە گۆچانێکی ئاسنین فەرمانڕەوایان دەکات، وەک
گۆزەیەکی گڵین وردوخاشیان دەکات، هەروەک چۆن منیش لە باوکم دەسەڵاتی فەرمانڕەوایم وەرگرتووە، [28]وە ئەستێرەی بەرەبەیانی
دەدەمێ! [29]ئەوەی گوێی هەیە با بیبیستێت گیانەکە چی بە کڵێساکان دەڵێت!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 3

[1]بۆ فریشتەی کڵێسای ساردس بنووسە: ئەوەی حەوت گیانی خودا و حەوت ئەستێرەکەی هەیە دەفەرموێت: من کارەکانت دەزانم. تۆ بە ناو زیندوویت، بەڵام لە ڕاستیدا مردوویت. [2]هەستە، ئەوەی ماوتە پێش ئەوەی بمرێت زیندووی بکەرەوە، چونکە کارەکانتم لە پێش چاوی خوداکەمدا بە ناتەواوی بینی.[3]ئەوەی پێشتر پەسەندت کردووە و بیستووتە لەبیرت بێت، دەست بگرە بەوەی کە باوەڕت پێیەتی، پاشگەز بەرەوە! ئەگەر گرنگی پێ نەدەیت، وەک دزێک دێمە لات، تۆش نازانیت لە چ کاتێکدا دێمە سەرت! [4]بەڵام چەند کەسێکتان هەیە لە ساردس کە جلەکانیان بە پیسی گڵاو نەکردووە. ئەمانە بە جلی سپییەوە لەگەڵمدا دەڕۆن.[5]ئەوەی سەردەکەوێت، جلێکی سپی لەبەر دەکات، منیش ناوی ئەو لە تۆماری ژیاندا ناسڕمەوە، منیش لەبەردەم باوکم و فریشتەکانیدا دان بە ناوەکەیدا دەنێم. [6]هەرکەسێک گوێی هەیە با بیبیستێت گیانەکە چی بە کڵێساکان دەڵێت![7]بۆ فریشتەی کڵێساکەی فیلادلفیا بنووسە: ئەوەی پیرۆز و ڕاستە، کلیلەکەی داڤیدی لە دەستە، ئەوەی دەیکاتەوە و کەس دایناخات، دایدەخات و کەس نایکاتەوە دەفەرموێت. [8]کردارەکانت دەزانم. هەرچەندە هێزێکی کەمت هەیە، بەڵام گوێڕایەڵی وشەی من بوویت و نکۆڵیت لە ناوی من نەکرد، بۆیە دەرگایەکم بۆت کردۆتەوە کە کەس ناتوانێت دایبخات.[9]سەبارەت بەوانەی کە لە کەنیشتی شەیتانن، و بە درۆ دەڵێن یەهودین، ناچاریان دەکەم کڕنۆش بۆ پێیەکانت ببەن و دان بەوەدا بنێن کە خۆشم ویستووی. [10]لەبەر ئەوەی وشەی منت پاراست دانت بە خۆتدا گرت، هەروەها لە کاتی تاقیکردنەوەکە دەتپارێزم کە بەسەر هەموو جیهاندا دێت بۆ تاقیکردنەوەی ئەوانەی لەسەر زەوی نیشتەجێن. [11] من زوو دێم، دەست بگرە بەوەی کە هەتە، تاکو کەس تاجەکەت لێ نەستێنێت.[12]هەرکەسێک سەربکەوێت دەیکەم بە پایەیەک لە پەرستگای خودام، هەرگیز لێی دەرناچێت، ناوی خودام و ناوی شاری خودام یۆرشەلایمی نوێی، لەسەری دەنووسم، ئەوەی لەلای خودامەوە لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە و ناوی نوێی خۆمی لەسەری دەنووسم. [13]ئەوەی گوێی هەیە با ببیستێت گیانەکە چی بە کڵێساکان دەڵێت![14]بۆ فریشتەی کڵێسای لاودکیا بنووسە: شایەتحاڵی دڵسۆز و ڕاستگۆ، فەرمانڕەوای دروستکراوەکانی خودا: [15]من کارەکانت دەزانم، دەزانم کە تۆ نە ساردیت و نە گەرمیت. خۆزگە سارد بویتایە یان گەرم! [16] بەڵام لەبەر ئەوەی شلەتێنیت، نە ساردیت و نە گەرمیت، دەمەوێت لە دەممەوە بتتفێنمەوە![17]تۆ دەڵێیت: من دەوڵەمەندم، و دەوڵەمەند بووم و لە هیچم کەم نییە! بەڵام نازانیت بەدبەخت و داماو و هەژار و کوێر و ڕووتیت. [18]ئامۆژگاریم بۆ ئێوە ئەوەیە کە زێڕی پاکم لێ بکڕن، کە بە ئاگر پاککراوەتەوە، بۆ ئەوەی بەڕاستی دەوڵەمەند بن، هەروەها جل و بەرگی سپی بۆ داپۆشینی ڕووتی شەرمەزاریتان، هەروەها کل بۆ چاککردنەوەی چاوەکانتان بۆ ئەوەی بیبینتان بۆ بگەڕێتەوە.[19]ئەوانەی خۆشم بوێن سەرزەنشتیان دەکەم و تەمبێیان دەکەم. بۆیە دڵگەرم بە و پاشگەز بەرەوە لە گوناهەکانت! [20]ئەوەتا لە بەردەرگا وەستاوم و لە دەرگا دەدەم. ئەگەر یەکێک گوێی لە دەنگم بوو و دەرگاکەی کردەوە، لێی دێمە ژوورەوە و نانی لەگەڵ دەخۆم ئەویش لەگەڵ من.[21]ئەوەی سەربکەوێت لەگەڵ خۆم لەسەر تەختەکەم دایدەنیشێنم، وەک چۆن منیش سەرکەوتم و لەگەڵ باوکم لەسەر تەختەکەی دانیشتم؛ [22]ئەوەی گوێی هەیە، با بیبیستێت گیانەکە چی بە کڵێساکان دەڵێت!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 4

[1]دوای ئەوە دەرگایەکی کراوەم بینی لە ئاسماندا، ئەو دەنگەی پێشتر گوێم لێ بوو وەک کەڕەنا قسەی لەگەڵ کردم، و فەرمووی: «وەرە سەرەوە بۆ ئێرە و نیشانت دەدەم کە دەبێت دوای ئەمە چی ڕووبدات». [2]لەو کاتەدا بوومە گیان، لە ئاسمان تەختێکم بینی کە کەسێک لەسەری دانیشتبوو [3]ئەوەی سەر تەختەکە وەک بەردی یەشب و یاقووتی سوور بوو. پەلکەزێڕینەیەکیش وەک زمروود لە دەوری تەختەکە دەدرەوشایەوە.[4]تەختەکە بە بیست و چوار تەخت دەورە درابوو، بیست و چوار پیر لەسەری دانیشتبوون کە جل و بەرگی سپییان لەبەردا بوو، تاجی زێڕینیان لەسەر سەربوو. [5]دەنگ و هەورەگرمە و بروسکە لە تەختەکەوە هاتنە دەرەوە، و لەبەردەمیدا حەوت چرای داگیرساو هەبوو، ئەوەش حەوت گیانەکانی خودایە.[6]وا دیار بوو دەریایەکی ڕوون وەک بلوری لەبەردەم تەختەکەدا درێژ بووبێتەوە، وە لە ناوەڕاستی تەختەکە و دەوروبەریدا چوار بوونەوەر هەبوو کە لە پێشەوە و لە دواوە بە چاوێکی زۆر داپۆشرابوون:
[7]بوونەوەری یەکەم وەک شێر بوو، دووهەم وەک جوانە گا، سێهەم ڕوخسارێکی وەک مرۆڤی هەبوو. چوارەم وەک هەڵۆیەکی فڕیو بوو.
[8]هەر بوونەوەرێک شەش باڵی هەبوو، لە ناوەوە و دەرەوە بە چاو داپۆشرابوون. ئەم چوار زیندەوەرە شەو و ڕۆژ بەبێ وەستان دروشم دەڵێنەوە و دەڵێن: «پیرۆزە پیرۆزە پیرۆزە، پەروەردگار خودای هەرە بەتوانا، کە بووە و هەیە و دێت».[9]هەموو ئەم بوونەوەرانە شکۆمەندی و ڕێز و ستایش پێشکەشی دانیشتووی سەر تەختەکە دەکەن، زیندووە و بۆ هەمیشە و هەتاهەتایە، [10]بیست و چوار پیرەکە کڕنۆش دەبەن لەبەردەم دانیشتووی سەر تەختەکە کە بۆ هەتاهەتایە زیندووە، و تاجەکانی خۆیان دەخەنە بەردەم تەختەکەی و دروشم دەڵێنەوە: [11]«تۆ پەروەردگار و خودای ئێمە شایەنی شکۆمەندی و ڕێز و دەسەڵاتیت، چونکە تۆ هەموو شتەکانت دروست کردووە، و بە خواستی تۆش بوونیان هەیە و دروست بوون!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 5

[1]لە لای ڕاستی دانیشتووی سەر تەختەکە تۆمارێکم بینی کە لە ناوەوە و دەرەوە لێی نووسرابوو، بە حەوت مۆر مۆرکرابوو. [2]وە
فریشتەیەکی بەهێزم بینی کە بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد: «کێ شایەنی ئەوەیە مۆرەکانی تۆمارەکە بشکێنێت و بیکاتەوە؟»[3]هیچ
کەسێک لە ئاسمان و لەسەر زەوی و ژێر زەوی نەیتوانی تۆمارەکە بکاتەوە یان سەیری بکات! [4]بۆیە بە کوڵ دەستم کرد بە گریان
چونکە کەس نەبوو شایەنی ئەوە بێت تۆمارەکە بکاتەوە یان سەیری بکات. [5]بەڵام یەکێک لە پیرەکان پێی گوتم: «مەگری! شێرەکەی
هۆزی یەهودا، کە ڕەگی لە داڤیدە، سەرکەوت و شایەنی ئەوەیە تۆمارەکە بکاتەوە و حەوت مۆرەکە بشکێنێت».[6]سەیرم کرد و بینم لە
ناوەڕاستی نێوان تەختەکە و چوار بوونەوەرە زیندووەکە و پیرەکاندا بەرخێک دەرکەوت وەک ئەوەی سەربڕدرابێت. حەوت قۆچ و
حەوت چاوی هەبوو. کە نوێنەرایەتی ئەو حەوت گیانەی خودایان دەکرد کە بۆ هەموو زەوی ناردبوو. [7]جا چووە پێشەوە و تۆمارەکەی لە
دەستی ڕاستی دانیشتووی سەر تەختەکە وەرگرت.[8]بیست و چوار پیرکەو چوار بوونەوەرە زیندووەکە کڕنۆشیان بۆ بەرخەکە برد،
هەریەکەیان قیسارە و جامێکی زێڕینی پڕ لە بخوریان بەدەستەوە بوو، کە نزای پیرۆزکراوەکانە.[9]دەستیان کرد بە گوتنەوەی سروودێکی
نوێ تیایدا گوتیان: «تۆ شایەنی ئەوەیت تۆمارەکە وەربگریت و مۆرەکانی بشکێنیت، چونکە سەر بڕدرایت، و بە خوێنی خۆت لە هەموو
هۆز و نەتەوە و گەل و زمانێک، خەڵکت بۆ خودا کڕیوە، [10]ئەوانیشت کردە شانشین و کاهین بۆ خودامان، و فەرمانڕەوایەتی زەوی
دەکەن». [11] پاشان سەیرم کرد، و گوێم لە سرودی ملیۆنان فریشتە بوو کە دەوری تەختەکە و بوونەوەرە زیندووەکان و پیرەکانیان دابوو،
[12]بەدەنگێکی بەرز دروشمیان دەگوتەوە: «بەرخە سەربڕدراوەکە شایستەی وەرگرتنی توانا و دەوڵەمەندی و دانایی و هێز و شکۆ و
ڕێزە».[13]پاشان بیستم هەموو بەدیهێنراوان لە ئاسمان و سەر زەوی، وە ژێر زەوی و سەر دەریا، هەموو ئەوانەی لەوێدا بوون،
دەیانگوت: «با ڕێز و شکۆ و دەسەڵات بۆ دانیشتووی سەر تەختەکە و بەرخەکە بێت، هەتاهەتایە». [14]چوار زیندووەکە وەڵامیان دایەوە:
«ئامین!» پیرەکانیش چۆکیان دادا و کڕنۆشیان برد.

## Chapter 6

[1]بەرخەکەم بینی یەکەم مۆری لە حەوت مۆرەکە شکاند، گوێم لە یەکێک لە چوار بوونەوەرە زیندووەکە بوو کە بە دەنگێکی وەک هەورە گرمە بانگی دەکرد: «وەرە!» [2]سەیرم کرد لەبەردەممدا ئەسپێکی سپیم بینی، سوارەکەی کەوانێکی هەڵگرتبوو تاجێکی لەسەر سەربوو، بە سەرکەوتنەوە دەرچوو تاکو سەربکەوێت.[3]پاشان بەرخەکە مۆری دووەمی شکاند، گوێم لە بوونەوەری دووهەم بوو کە بانگی دەکرد: «وەرە!» [4]پاشان ئەسپێکی سوور هاتە دەرەوە، سوارەکەی شمشێرێکی مەزنی پێدرا، و دەسەڵاتی پێدرا کە ئاشتی لەسەر زەوی دابماڵێت و مرۆڤەکان یەکتر بکوژن.[5]کاتێک بەرخەکە مۆری سێیهەمی شکاند، گوێم لە بوونەوەری سێهەم بوو کە بانگی دەکرد: «وەرە!» ئەسپێکی ڕەشم بینی، سوارەکەی تەرازوویەکی بەدەستەوە بوو. [6]لە نێو ئەو چوار زیندەوەرەدا گوێم لە دەنگێک بوو کە دەیگوت: «یەک پێوانە گەنم بە دینارێک، سێ پێوانە جۆ بە دینارێک. سەبارەت بە ڕۆن و شەراب دەستیان لێ مەدە».[7]پاشان بەرخەکە مۆری چوارەمی شکاند گوێم لە بوونەوەری چوارەم بوو کە بانگی دەکرد: «وەرە!» [8]ئەسپێکی «سەوزی کاڵ»م بینی، کە ناوی سوارەکەی «مردن» بوو دواتر ئەسپێکی دیکە کە ناوی سوارەکەی «جیهانی مردوان»بوو، دەسەڵاتیان پێدرا چارەکێکی زەوی لەناوبەرن بە شمشێر و برسێتی و تاعون و بەدڕندەی زیانبەخشی زەوی![9]بەرخەکە مۆری پێنجەمی شکاند، و قوربانگایەکم بینی کە لە ژێرەوە گیانی ئەو کەسانە بوو کە خوێنیان ڕژابوو لە پێناو وشەی خودا، و ئەو شایەتحاڵییەی کە دایان، [10]بە دەنگێکی بەرز هاواریان بۆ پەروەردگارکرد و گوتیان: «هەتاکەی، ئەی گەورەی پیرۆز و ڕاست، سزادانی خەڵکی زەوی دوادەخەیت لەسەر ئەوەی کە بەسەر ئێمەیاندا هێنا؟ کەی تۆڵەی خوێنی ئێمەیان لێدەکەیتەوە؟» [11]پاشان هەریەکەیان جلێکی سپییان پێدرا، و پێیان گوترا کە بۆ ماوەیەکی کەم ئارام بگرن تا ژمارەی هاو خزمەتکار و براکانیان کە وەک ئەوان دەکوژرێن تەواو دەبێت.[12]پاشان سەیرم کرد، بەرخەکەم بینی مۆری شەشەمی شکاند، و بینیم زەوی بە بوومەلەرزەیەکی گەورە لەرزی و خۆر ڕەش بووەوە و وەک پەڕۆیەکی لە موو چندراو، مانگ وەک خوێن سوور هەڵگەڕا، [13] ئەستێرەکانی ئاسمان کەوتنە سەر زەوی وەک دار هەنجیر کە بایەکی توند دەیهەژێنێت و بەرەکەی دەکەوێت. [14]ئاسمان وەک تۆمارێکی لوولکراو پێچرایەوە، هیچ چیا و دوورگەیەک لە شوێنی خۆی نەما.[15]پاشاکانی زەوی و پیاوە گەورەکان و سەرکردەکان و دەوڵەمەندەکان و دەسەڵاتدارەکان و کۆیلەکان و ئازادەکان هەموویان لە ئەشکەوت و بەردی شاخەکاندا خۆیان شاردەوە، [16] بە شاخ و بەردەکان دەڵێن: بەسەرماندا بکەون، و لە ڕووی دانیشوی سەر تەختەکە و لە تووڕەیی بەرخەکە بمانشارنەوە!» [17]چونکە ڕۆژی تووڕەییە مەزنەکە بەسەریاندا هاتووە، و کێ دەتوانێت لەبەردەمیدا ڕابوەستێت؟


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 7

1دوای ئەوە چوار فریشتەم بینی لە چوار گۆشەی زەوی وەستابوون، چوار بای زەوییان ڕاگرتبوو، بۆ ئەوەی هیچ بایەک بەسەر وشکانی
و دەریا و درەختدا هەڵنەکات. 2پاشان بینیم فریشتەیەکی تر لە ڕۆژهەڵاتەوە هات و مۆری خودای زیندوو هەڵگرتبوو، بە دەنگێکی بەرز
بانگی ئەو چوار فریشتەیەی کرد کە ئەرکی زیانگەیاندن بە وشکانی و دەریایان پێسپێردرابوو: 3«چاوەڕوان بن! زیان لە خاک و دەریا و
درەختەکان مەدەن، تا مۆری خوداکەمان لەسەر نێوچەوانی خزمەتکارەکانی دادەنێین».4بیستم کە ژمارەی مۆرکراوەکان، سەد و چل و
چوار هەزار کەس بوون، لە هەموو هۆزەکانی نەوەی یەسرائیل: 5لە هۆزی یەهودا دوازدە هەزار مۆرکراو؛ لە هۆزی ڕۆبین دوازدە
هەزار؛ لە هۆزی گادیش دوازدە هەزار؛ 6لە هۆزی ئاشێر دوازدە هەزار؛ لە هۆزی نەفتالیش دوازدە هەزار؛ لە هۆزی مەنەشێ دوازدە
هەزار7لە هۆزی شیمۆن دوازدە هەزار؛ لە هۆزی لێڤی دوازدە هەزار؛ لە هۆزی یساخار دوازدە هەزار؛ 8لە هۆزی زەڤولون دوازدە هەزار؛
لە هۆزی یۆسپ دوازدە هەزار؛ لە هۆزی بنیامین دوازدە هەزاری مۆر کرد.9پاشان سەیرم کرد، و بینیم جەماوەرێکی بێشومار، لە هەموو
نەتەوە و هۆز و گەل و زمانێکەوە، لەبەردەم تەختکەو و لەبەردەم بەرخەکەدا وەستابوون، جل و بەرگی سپییان لەبەردا بوو پەلکە
خورمایان بەدەستەوە بوو، 10بە دەنگی بەرز دروشمیان دەگوتەوە: «ڕزگاری لە خودامانەوەیە کە لەسەر تەختەکە دانیشتووە و لە
بەرخەکەوەیە!»11لە دەوری تەختەکە فریشتەکان، و پیرەکان و چوار بوونەوەرە زیندووەکە، کۆبوونەوە و لەبەردەم تەختەکە بەڕودا
کەوتن و کڕنۆشیان بۆ خودا دەبرد، 12دەیانگوت:«ئامین! شکۆ و دانایی و سوپاس و ڕێز و توانا و هێز بۆ خودامانە هەتاهەتایە.
ئامین!»13 یەکێک لە پیرەکان لێی پرسیم: «ئایا دەزانی ئەم کەسانەی جلی سپییان لەبەردایە کێن، و دەزانیت لە کوێوە هاتوون؟»
14منیش وەڵامم دایەوە: «تۆ دەزانی گەورەم!» وتی: «ئەمانە لە تەنگانە مەزنەکەوە هاتوون، و جلەکانیان شۆردووە و بە خوێنی
بەرخەکە سپییان کردووەتەوە.15هەر بۆیە لەبەردەم تەختی خودادان و شەو و ڕۆژ لە پەرستگاکەیدا خزمەتی دەکەن دانیشتووی سەر
تەختەکە بە چادرەکەی دایان دەپۆشێت، 16نە برسی دەبن و نە تینوو دەبن، نە خۆر و هیچ گەرمایەک لێیان نادات، 17چونکە بەرخەکە کە
لە ناوەڕاستی تەختەکەدایە، و شوانایەتیان دەکات و دەیانباتە سەر کانیاوەکانی ئاوی ژیان، خوداش هەموو فرمێسکەکانی چاویان
دەسڕێتەوە».

## Chapter 8

1کاتێک بەرخەکە مۆری حەوتەمی کردەوە، نزیکەی نیو کاتژمێر ئاسمان بێ دەنگ بوو. 2حەوت فریشتەکەم بینی کە لەبەردەم خودا
وەستابوون و حەوت کەڕەنایان پێدرا.3پاشان فریشتەیەکی تر هات و بخوردانێکی زێڕینی پێبوو لە لای قوربانگاکە وەستا، بخورێکی
زۆری پێدرا بۆ ئەوەی لەگەڵ نزای پیرۆزکراواندا زێڕینەکەی پێش تەختەکە پێشکەشی بکات، 4پاشان دوکەڵی بخور لە
دەستی فریشتەکەوە بەرزبووەوە لەگەڵ نزای پیرۆزکراواندا، بۆ ئامادەبوونی خودا. 5پاشان فریشتەکە بخوردانەکەی پڕ کرد لە ئاگر کە
لەسەر قوربانگاکە بوو و فڕێیدایە سەر زەوی، و هەورەگرمە و دەنگی بروسکە و بوومەلەرزە ڕوویدا.6حەوت فریشتەی، خاوەن حەوت
کەڕەناکە، خۆیان ئامادە کرد بۆ لێدانی. 7کاتێک فریشتەی یەکەم کەڕەناکەی لێدا، تەرزە و ئاگری تێکەڵ بە خوێن کەوتە سەر زەوی و
سێ یەکی زەوی، و سێ یەکی درەختەکان سووتان لەگەڵ هەموو گژو گیایەکی سەوز.8کاتێک فریشتەی دووهەم کەڕەناکەی لێدا،
شتێک وەک شاخێکی مەزنی ئاگردار فڕێدرایە ناو دەریاکە، و سێ یەکی دەریاکە بوو بە خوێن، 9سێیەکی بەدیهێنراوە زیندووەکانی ناوی
مردن، وە سێیەکی کەشتیەکانیش تێکشکان.10پاشان فریشتەی سێهەم کەڕەناکەی لێدا، ئەستێرەیەکی مەزن وەک بڵێسەی ئاگر لە
ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە، و کەوتە سەر سێ یەکی ڕووبارەکان و کانیاوەکان. 11ناوی ئەستێرەکە «زەقنەبووت»بوو. یەک لەسەر سێی
ئاوەکان تاڵ بوون، و خەڵکێکی زۆر بەهۆی تاڵی ئاوەکەوە مردن.12کاتێک فریشتەی چوارەم کەڕەناکەی لێدا، لێدانێک لە سێیەکی خۆر و
سێیەکی مانگ و سێیەکی ئەستێرەکان بوو، بۆیە سێیەکی ئەوان تاریک بوون و ڕۆژ سێیەکی ڕووناکی خۆی لەدەستدا ، هەروەها
شەویش.13پاشان سەیرم کرد هەڵۆیەکم بینی کە لە ناوەڕاستی ئاسماندا دەفڕێت و گوێم لێ بوو بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات و
دەڵێت: «هاوار هاوار هاوار بۆ دانیشتووانی زەوی بۆ ئەوەی چییان بەسەر دێت کاتێک ئەو سێ فریشتەیەی کە ماون کەڕەناکەیان
لێبدەن!»


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 9

[1] کاتێک فریشتەی پێنجەم کەڕەناکەی لێدا، بینیم ئەستێرەیەک لە ئاسمانەوە کەوتە سەر زەوی، و کلیلی جیهانی مردوانی پێدرابوو.
[2]کاتێک کردییەوە دووکەڵێک لە شێوەی دووکەڵی کوورەیەکی مەزن لێی بەرزبۆوە، و خۆر و کەشەکەی تاریک کرد.[3]لە دووکەڵەکەوە
کوللە هاتە دەرەوە بۆ سەر زەوی، دەسەڵاتی وەک دوپشکیان پێدرابوو، [4]فەرمانیان پێدرا کە زیان بە گژ و گیای زەوی و کێڵگە و هیچ
درەختێک نەگەیەنن تەنها زیان بەوانە بگەیەنن کە مۆری خودا لەسەر نێوچەوانیان نییە،[5]بۆ ماوەی پێنج مانگ ئەشکەنجەیان دەدات بەبێ
ئەوەی بیانکوژێت، ئەو ئازارەی کە دەیاندات هاوشێوەی ئازاری پێوەدانی دوپشکە. [6]لەو مانگانەدا مرۆڤەکان هەوڵی ڕزگاربوون لە
ژیانیان دەدەن بەڵام ناتوانن! ئەوان ئارەزووی مردن دەکەن، بەڵام مردن لێیان ڕادەکات.[7]ئەم کوللانە لەو ئەسپانە دەچوون کە بۆ شەڕ
ئامادەکراون، ئەوەی لەسەر سەریان بوو وەک تاجی زێڕین وابوو، ڕووخساریشیان وەک ڕووخساری مرۆڤ وابوو، [8]قژێکی درێژیان
هەبوو وەک قژی ژن، ددانەکانیان وەک ددانی شێر بوو، [9]سنگیان وەک قەڵغانی ئاسن بوو، دەنگی باڵەکانیان وەک ژاوەژاوی گالیسکەی
ئەسپەکان بوو کە دەچنە شەڕەوە،[10]کلکیان وەک دوپشک چزوی هەبوو. دەسەڵاتی ئەوەیان هە بوو بە کلکیان زیان بە مرۆڤ بگەیەنن بۆ
ماوەی پێنج مانگ. [11]پاشاکەیان «فریشتەی جیهانی مردوان» بوو، بە عیبری ناوی «ئەبەدۆنە»، و بە یۆنانی ناوی «ئەپۆلیۆنە». [12]هاوار و
نەهامەتی یەکەم تێپەڕی، و دوو هاوار و نەهامەتی تریش دێت![13]پاشان فریشتەی شەشەم کەڕەناکەی لێدا، و دەنگێکم بیست کە لە
چوار قۆچەکەی قوربانگا زێڕینەکەی بەردەم خوداوە هات، [14]بە فریشتەی شەشەمی دەگوت کە کەڕەناکەی پێبوو: «چوار فریشتە
بەستراوەکەی لای ڕووباری گەورەی فورات ئازاد بکە». [15]ئەم چوار فریشتەیە ئامادەکرابوون بۆ ئەو کاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵە،
بۆیە ئازادکران بۆ کوشتنی یەک لەسەر سێی مرۆڤایەتی.[16]بیستم سوپاکەیان دەگەیشتە دوو سەد ملیۆن جەنگاوەر! [17]لە بینینەکەدا
ئەسپەکانم بینی سواریان لەسەر بوو زرێ لەبەردا بوو هەندێکیان سووری ئاگرین، و هەندێکیان وەنەوشەیی، و هەندێکیان زەردی
گۆگردی بوون. سەری ئەسپەکان وەک سەری شێر بوون، ئاگر و دوکەڵ و گۆگردیان لە دەمیانەوە دەردەکرد.[18]یەک لەسەر سێی
خەڵکەکە بەهۆی ئەم سێ بەڵایە کوژران، بە ئاگر و دوکەڵ و گۆگرد کە لە دەمی ئەسپەکانەوە دەردەچوو. [19]هێزی کوشندەی ئەسپەکان
لە دەم و کلکیاندا بوو، چونکە کلکەکانیان لە مار دەچوو کە سەری زیانبەخشی پێوەبوو![20]بەڵام ئەو خەڵکەی لەم بەڵایانە ڕزگاریان بوو،
لە کارەکانیان پاشگەز نەبوونەوە، و بەردەوام بوون لە کڕنۆش بردن بۆ شەیتان و بۆ ئەو بتانەی کە لە زێڕ و زیو و مس و بەرد و دار
دروستیان کردبوون، لەگەڵ ئەوەی نەیاندەتوانی ببینن و ببستن و بجوڵێن! [21]لە کوشتن و جادوو داوێنپیسی و دزی پاشگەز نەبونەوە!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

Chapter 10

[1]پاشان بینیم فریشتەیەکی بەهێزی تر لە ئاسمانەوە دابەزی، و بە هەور پۆشرابوو، پەلکە زێڕینە لەسەر سەری بوو؛ ڕووخساری وەک خۆر وابوو، و پێیەکانی وەک ستوونی ئاگرین، [2] تۆمارێکی بچووکی کراوەی بەدەستەوە بوو. پێی ڕاستی لەسەر دەریا و چەپی لەسەر زەوی دانا،[3]هاواریکرد بە هاوارێکی مەزن وەک نەڕەی شێر، حەوت هەورەگرمەکە بە دەنگەکەی هاتنە دوان. [4]کاتێک خۆم ئامادەکرد بۆ ئەوەی ئەو شتانەی بنووسم کە هەورە گرمەکان دەیانگوت، گوێم لە دەنگێک بوو لە ئاسمانەوە پێی گوتم: «مەنووسە، چونکە ئەوەی هەورە گرمەکان گوتیان دەبێت بە نهێنی بمێننەوە».[5]پاشان ئەو فریشتەیەی کە بینیم لەسەر دەریا و زەوی وەستابوو دەستی ڕاستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە، [6]سوێندی بە زیندووی هەتاهەتایی خوارد کە ئاسمان و ئەو شتانەی کە تێیدان و زەوی و ئەو شتانەی تێیدان و دەریا و ئەو شتانەی تێیدان بەدیهێناون، ئیتر دەرفەت نییە، [7]هەر کە فریشتەی حەوتەم کەڕەناکەی لێدا، پلانە شاراوەکەی خودا جێبەجێ دەبێت، بەو شێوەیەی بۆ خزمەتکار و پێغەمبەرەکانی ئاشکرا کردوە![8]پاشان دەنگە ئاسمانێکە دوبارە قسەی لەگەڵ کردم و گوتی: «بڕۆ، تۆمارە بچوکە کراوەکە لە فریشتە ڕاوەستاوەکەی سەر دەریا و زەوی وەربگرە». [9]بۆیە چوومە لای و داوای تۆمارەکەم لێکرد، ئەویش وەڵامی دایەوە: «بیبە و بیخۆ. تامەکەی لە دەمتدا وەک هەنگوین شیرین دەبێت، بەڵام گەدەت تاڵ دەکات!»[10]لە دەستی وەرمگرت و خواردم، وەک هەنگوین لە دەممدا شیرین بوو، بەڵام هەر کە قووتم دا گەدەمی پڕ کرد لە تاڵی! [11]پێم گوترا: «پێویستە پێشبینی زۆر لەسەر گەل و نەتەوە و زمان و پاشاکان بکەیت».


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 11

1دارێکی پێوانەکردنم پێدرا، فەرمانم پێکرا کە پەرستگای خودا و قوربانگاکە بپێوم، و ژمارەی نزاکەرانی تێدا بژمێرم. 2پێم گوترا:
«گۆڕەپانی دەرەوە مەپێوە چونکە بۆ نەتەوەکان تەرخان کراوە، و بۆ ماوەی چل و دوو مانگ شارە پیرۆزەکە پێشێل دەکەن،3بەڵام من
دەرفەت بە دوو شایەتحاڵەکەم دەدەم بۆ ماوەی هەزار و دوو سەد و شەست ڕۆژ پێشبینی بکەن، بە جلی گوشەوە». 4ئەم دوو
شایەتحاڵە بریتین لە دوو دار زەیتون و دوو چرادنەکەی لەبەردەم پەروەردگاری زەویدا وەستاون. 5ئەگەر کەسێک هەوڵی زیانگەیاندنیان
بدات ئاگر لە دەمیان دەردەچێت و دوژمنەکانیان دەخوات. دەبێت ئەوە چارەنووسی هەرکەسێک بێت کە هەوڵی زیانگەیاندنیان دەدات.
6ئەو دوو شایەتحاڵە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە ئاسمان دابخەن بۆ ئەوەی باران نەبارێت بە درێژایی ماوەی پێشبینیەکەیان، و ئاوی
ڕووبار و دەریاکان بکەنە خوێن، و بەڵا بخەنە سەر زەوی، هەرکاتێک بیانەوێت. 7کاتێک شایەتحاڵی خۆیان تەواو دەکەن دڕندەکەی
جیهانی مردووان هەڵدەستێت، لە گەڵیان دەچەنگێت، و شکستیان پێدەهێنێت و دەیانکوژێت8تەرمەکانیان لە گۆڕەپانی ئەو شارە
گەورەیەدا دەکەوێت کە هێمای «سۆدۆم» یان «میسرە»، کە پەروەردگارەکەیان لە خاچ دراوە. 9خەڵکی گەل و هۆز و زمان و نەتەوە
جیاوازەکان، سێ ڕۆژ و نیو دەیانبینن، و هیچ کەسێک بۆی نییە بیاننێژێت.10خەڵکی سەر زەوی شانازیان بەسەردا دەکەن، و دڵخۆش
دەبن وەک ئەوەی لە جەژن دابن، و دیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن، چونکە ئەم دوو پێغەمبەرە زۆر ئەشکەنجەیان دابوون. 11دوای تێپەڕبوونی
سێ ڕۆژ و نیوەکە، خودا گیانی ژیان دەنێرێت بۆ ئەو دوو پێغەمبەرە، ئەوانیش هەڵدەستن و ڕادەوەستن، و ترسێکی توند ئەو کەسانە
دادەگرێت کە سەیریان دەکەن. 12دەنگێکی بەرز لە ئاسمانەوە بانگیان دەکات و دەڵێت: «وەرن بۆ ئێرە»، ئەوانیش لە هەورێکدا بەرەو
ئاسمان بەرز دەبنەوە لەبەر چاوی دوژمنەکانیان.13لە هەمان کاتدا بوومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوودەدات، کە دەیەکی شارەکە وێران
دەکات، و حەوت هەزار دانیشتووانی شارەکە دەمرن. ڕزگاربووان دەترسن و خودای ئاسمان شکۆمەند دەکەن. 14هاوار و نەهامەتی
دووهەم تێپەڕی، ئەوەتا سێهەم بە خێرایی دێت!15فریشتەی حەوتەم کەڕەناکەی لێدا و چەند دەنگێکی بەرزم لە ئاسمانەوە بیست کە
دەیانگوت: «شانشینی جیهان بووەتە شانشینی پەروەردگارمان و مەسیحەکەی. بۆ هەتاهەتایە فەرمانڕەوای دەکات».16ئینجا بیست و
چوار پیرەکە کە لەسەر تەختەکانیان دانیشتبوون لەبەردەم خودادا بەڕوودا کەوتن و کڕنۆشیان بۆ خودا برد. 17وتیان: «ئەی خودای هەرە
بەتوانا سوپاست دەکەین، ئەوەی هەبووە و هەیە، چونکە ئێستا دەسەڵاتە بەهێز و مەزنەکەت گرتە ئەستۆ و دەستت بە فەرمانڕەوایی
خۆت کرد.18گەلان لێت تووڕە بوون، وەرچەرخانی تووڕەیی تۆش لە دژی ئەوان هات. کاتی سزادانی مردووان هاتووە، وە پاداشتی
بەندەکانت و پێغەمبەران و پیرۆزکراوەکان و ئەوانەی لە ناوت دەترسن، گەورە بچوک، هەروەها لەناوبردنی ئەوانەی زەوییان وێران
دەکرد!»19پەرستگای خودا لە ئاسمان کرایەوە، و سندوقی پەیمان لە ناویدا دەرکەوت. هەورە گرمە و بروسکە بومەلەرزە دەستی
پێکرد، و تەرزەی گەورە باری.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 12

1 نیشانەیەکی گەورە لە ئاسماندا دەرکەوت: ژنێک خۆری لەبەرکردبوو، مانگ لە ژێر پێیەکانیدا بوو، تاجێکی دوازدە ئەستێرەی لەسەر
سەر بوو. 2 سکی هەبوو و لەتاو ژانی منداڵبوون هاواری دەکرد. 3 نیشانەیەکی تر لە ئاسمان دەرکەوت: ئەژدیهایەکی گەورەی سوور کە
حەوت سەری هەبوو، هەریەکەیان تاجێک، و دە قۆچیان هەبوو، 4 پاشان بە کلکی سێیەکی ئەستێرەکانی ئاسمانی ڕاکێشا و فڕێیدایە
سەر زەوی. پاشان ئەژدیهاکە لە کاتی منداڵ بووندا لەبەردەم ژنەکەدا وەستا، بۆ ئەوەی منداڵەکەی قووت بدات! 5 ژنەکە کوڕێکی بوو،
ئەویش بە گۆچانێکی ئاسنین فەرمانڕەوایی هەموو گەلان دەکات. منداڵەکە بەرزکرایەوە بۆ بەردەم خودا و تەختەکەی. 6 سەبارەت بە
ژنەکەش هەڵات بۆ چۆڵەوانی، لەوێ خودا شوێنێکی بۆ ئامادە کرد بۆ مانەوەی بۆ ماوەی هەزار و دوو سەد و شەست ڕۆژ. 7 لە ئاسمان
جەنگ هەڵگیرسا، میخائیل و فریشتەکانی هێرشیان کردە سەر ئەژدیهاکە و فریشتەکانی، 8 جەنگیان لەگەڵ ئەژدیها و فریشتەکانی کرد، و
تێکیان شکاندن و هیچ شوێنێکیان بۆ نەما لە ئاسمان، 9 فڕێدرانە سەر زەوی. ئەم ئەژدیها گەورەیە مارە کۆنەکەیە، کە پێی دەوترێت
شەیتان ئەوەی کە هەموو جیهان گومڕادەکات. 10 جا گوێم لە دەنگێکی بەرز بوو لە ئاسماندا دەیفەرموو: «ئێستا ڕزگاری و هێز و
شانشینی خودامان، و دەسەڵاتی مەسیحەکەی هاتووە! چونکە سکاڵاکار فڕێدرایە خوارەوە ئەوەی خوشک و براکانمانی تاوانبار دەکرد
لە بەردەم خودا بە شەو بە ڕۆژ. 11 ئەوان بە خوێنی بەرخەکە و بەو شایەتییەی کە دایان بەسەریدا سەرکەوتن، ژیانی خۆیان لەلا
خۆشەویست نەبوو، تاوەکو مردن. 12 ئەی ئاسمانەکان شادبن، ئەی ئەوانەی لەوێ دەژین دڵ خۆشبن، هاوار بە ئێوەش نیشتەجێی زەوی
و دەریا، چونکە شەیتان بە تووڕەیییەکی زۆرەوە بۆتان دابەزیوە، دەزانێت ڕۆژانێکی کەمی ماوە». 13 کاتێک ئەژدیهاکە بینی کە
فڕێدراوەتە سەر زەوی، دەستی کرد بە ڕاوەدوونانی ئەو ژنەی کە منداڵە کوڕەکەی لێ ببوو، 14 ژنەکە دوو باڵی هەڵۆیەکی مەزنی پێدرا،
تا لەگەڵیان بفڕێت بۆ چۆڵەوانی، بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی ئامادەکرابوو، بۆ ئەوەی لە مارەکە پارێزراوبێت، بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو.
15 مارەکەش لە دەمیەوە شتێکی ڕشت بەدوای ژنەکەدا وەک ڕووبار وابوو بۆ ئەوەی نوقم بێت تێیدا، 16 بەڵام زەوی یارمەتی ژنەکەی دا،
بۆیە دەمی کردەوە و ئەو ڕووبارەی قووتدا کە ئەژدیهاکە لە دەمی هێنایە دەرەوە! 17 پاشان ئەژدیهاکە لە ژنەکە تووڕە بوو جەنگی لەگەڵ
منداڵەکانی تری دەستپێکرد چونکە کاریان بە ڕاسپاردەکانی خودا دەکرد و شایەتیان بۆ یەشوا دەدا.

# Chapter 13

[1]پاشان خۆمم بینی لەسەر لمی دەریاکە ڕاواستابووم، ئینجا دڕندەیەکم بینی لە دەریاکە دەهاتە دەرەوە، دە قۆچ و حەوت سەری هەبوو، دە تاجیش لەسەر قۆچەکانی بوون، لەسەر سەرەکانیشی ناوی کوفرکردن نوسرابوو. [2]دڕندەکەش شێوەی لە پڵنگ دەچوو و قاچەکانی وەک قاچی ورچ و دەمی وەک دەمی شێر! ئەژدیهاکەش و تەختەکەی و توانا و دەسەڵاتەکەی خۆی پێبەخشی.[3]یەکێک لە سەرەکانی وا دەرکەوت کە بە شێوەیەکی کوشندە سەربڕدرابێت، بەڵام برینە کوشندەکەی چاک بۆوە و دانیشتوانی زەوی بەم شتە سەریان سوڕما، و دوای دڕندەکە کەوتن. [4]خەڵکەکە کڕنۆشیان بۆ ئەژدیهاکە برد چونکە دەسەڵاتی خۆی بە دڕندەکە بەخشی، ئەوانیش دڕندەکەیان دەپەرست و دەیانگوت: «کێ وەک دڕندەکە وایە؟ کێ دەتوانێت لەگەڵی بجەنگێت؟»[5]ئەژدیهاکە دەمی دا بە دڕندەکە بۆ ئەوەی قسەی خۆبەزلزانی و کوفر بکات، [6]دەسەڵاتی پێدا بۆ ماوەی چل و دوو مانگ کار بکات. پاشان دڕندەکە دەستی کرد بە جنێودان بە ناوی خودا، و جنێودان بە ماڵەکەی و دانیشتوانی ئاسمان.[7]دڕندەکەش دەسەڵاتی پێدرا لە دژی پیرۆزکراوان بجەنگێت و شکستیان پێبهێنێت و دەسەڵاتی بەسەر هەموو هۆز و گەل و زمان و نەتەوەیەکدا هەبێت. [8]ئینجا هەموو دانیشتوانی سەر زەوی کڕنۆش بۆ دڕندەکە دەبەن ئەوانەی ناوەکانیان لە تۆماری ژیاندا نە نوسرا بۆ بەرخەکە کە لەسەرەتای دامەزراندنی جیهانەوە سەربڕدرا.[9]ئەوەی گوێی هەیە با بیبیستێت: [10]ئەوەی کەسێک ڕاپێچ بکات، ئەوا ڕاپێچ دەکرێتەوە؛ ئەوەی بە شمشێر بکوژێت بە شمشێر دەکوژرێتەوە! لێرەدا دان بەخۆداگرتن و باوەڕی پیرۆزکراوان دەردەکەوێت.[11]پاشان بینیم دڕندەیەکی تر لە زەویەوە هاتە دەرەوە، دوو قۆچی بچووکی وەک مەڕی هەبوو، بەڵام دەنگی وەک دەنگی ئەژدیها بوو، [12]دەسەڵاتی خۆی لە یەکەم دڕندە وەرگرتووە کە لە دەریاوە هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی لە ئامادەبوونی خۆیدا بەکاری بهێنێت، بۆیە دانیشتوانی زەوی کڕنۆشیان بۆ یەکەم دڕندە برد کە لە برینە کوشندەکەی چاک بۆوە.[13]دڕندەی دووهەمیش نیشانەی لە توانا بەدەری ئەنجامدا، بەجۆرێک ئاگری لە ئاسمانەوە هێنایە سەر زەوی و هەموو خەڵکەکە بینیان، [14]بۆیە دانیشتووانی زەوی فریودا بەو پەرجووانەی کە لەبەردەم دڕندەی یەکەمدا ئەنجامیدا. فەرمانی بە دانیشتوانی زەوی کرد پەیکەری یەکەم دڕندە دروست بکەن کە بە شێوەیەکی کوشندە بریندار ببوو بەڵام دەژیا![15]دەسەڵاتی پێدرا کە گیان بنێرێتە ناو پەیکەرەکە بۆ ئەوەی بتوانێت قسە بکات، هەروەها دەستی درێژ بکات بۆ کوشتنی هەرکەسێک کە ڕەتیدەکاتەوە کڕنۆش بۆ پەیکەری دڕندەکە ببات، [16]فەرمان بە هەموو کەسێک دەدات، گەورە و بچووک، دەوڵەمەند و هەژار، ئازاد و کۆیلە، نیشانەیەک هەڵبگرن لەسەر دەستی ڕاستیان یان لەسەر نێوچەوانیان، [17]هیچ کەسێک ناتوانێت بکڕێت و بفرۆشێت ئەگەر نیشانەی دڕندەکەی نەبێت، یان ئەو ژمارەیەی کە هێمای ناوەکەیەتی![18]لێرەدا تێگەیشتن پێویستە: ئەوانەی زانستیان هەیە دەبێت ژمارەی ناوی دڕندەکە بژمێرن. ژمارەی مرۆڤە و ژمارەکە «شەش سەد و شەست و شەشە».


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 14

[1]پاشان بەرخێکم بینی لەسەر چیای سەهیۆن وەستابوو سەد و چل و چوار هەزاریشی لەگەڵ بوو کە ناوی خۆی و باوکی لەسەر
نێوچەونیان نووسرابوو. [2]لە ئاسمانەوە دەنگێکم بیست وەک هاژەی تاڤگە یان دەنگی هەورەگرمەیەکی بەهێز. ئەو دەنگەی کە گوێم
لێبوو وەک دەنگی سروود خوێنان بوو کە قیسارەکانیان دەژەنن[3]لەبەردەم تەختی خودا، و لەبەردەم چوار بوونەوەرە زیندووەکە و
پیرەکاندا سروودێکی نوێیان دەوتەوە. کەس نەیتوانی فێری ئەم سرووده بێت جگە لەو سەد و چل و چوار هەزارەی کە لە زەوییەوە
کڕدرابوونەوە، [4]ئەوانە ئەو کەسانەن کە خۆیان لەگەڵ ئافرەت گڵاو نەکردووە چونکە پاک بوون، و شوێن بەرخەکە دەکەون بۆ هەر کوێ
بڕوات، ئەوانە لەنێو خەڵک کڕدراونەتەوە وەک نۆبەرە بۆ خودا، و بەرخەکە، [5]دەمی ئەوان درۆی نەدەگوت، هیچ کەموکوڕیان تێدا نەبوو.
[6]پاشان بینیم فریشتەیەکی تر لە ناوەڕاستی ئاسماندا دەفڕی، مزگێنی هەمیشەیی پێبوو کە مژدەی پێدەدا بۆ خەڵکی زەوی و بۆ هەموو
نەتەوە و هۆز و زمان و گەلێک. [7]بەدەنگی بەرز بانگەوازی دەکرد: «لە خودا بترسن و شکۆمەندی بکەن، چونکە کاتی دادگایی کردنە.
کڕنۆش بۆ ئەوە ببەن کە ئاسمانەکان و زەوی و دەریا و کانیاوەکانی بەدیهێناوە».[8]فریشتەی دووهەم لەگەڵی وتی: «کەوتیت، بابلی
مەزن کەوتیت کەوت ئەوەی گەلانی جیهان لە شەرابی تووڕەیی داوێنپیسی ئەویان خواردەوە!»[9]پاشان فریشتەی سێهەم لەگەڵیان بە
دەنگێکی بەرز بانگەوازی کرد: «هەموو ئەوانەی کڕنۆشیان بۆ دڕندەکە و پەیکەرەکەی بردووە، و نیشانەی ئەویان لەسەر دەستیان یان
لەسەر نێوچەوانیان وەرگرتووە، [10]دەبێت ئەوان، لە ئامادەبوونی فریشتە پیرۆزەکان و لەبەردەم بەرخەکەدا، لە شەرابی تووڕەیی
بخۆنەوە، کە دەڕژێتە ناو جامی تووڕەیی خوداوە، و بەم شێوەیە ئازاری سوتان و ئاگری گۆگرد دەبینن،[11]دوکەڵی ئەشکەنجەیان بۆ
هەتاهەتایە بەرز دەبێتەوە. ڕۆژ و شەو پشوو نییە بۆ ئەوانەی دڕندەکەیان دەپەرست و کڕنۆشیان بۆ پەیکەرەکەی دەبرد و نیشانەی
ناوەکەیان وەرگرتبوو. [12]لێرەدا خۆڕاگری ئەو پیرۆزکراوانە دەردەکەوێت کە ڕاسپاردەکانی خودا دەپارێزن و باوەڕیان بە یەشوا
هەیە!»[13]گوێم لە دەنگێک بوو لە ئاسمانەوە دەیگوت: «بنووسە: خۆزگە بەو مردووانەی کە لەمەودوا لە ناو پەروەردگاردا دەمرن!
گیانەکە دەفەرموێت: بەڵێ! با لە ناخۆشیەکانیان پشوو بدەن، چونکە کردەوەکانیان لەگەڵیاندایە».[14]پاشان سەیرم کرد، هەورێکی سپیم
بینی یەکێک لەسەری دانیشتبوو کە لە ڕۆڵەی مرۆڤ دەچوو، تاجێکی زێڕین لەسەر سەری بوو، داسێکی تیژی لە دەستدا بوو.
[15]فریشتەیەکی تر لە پەرستگاکە هاتە دەرەوە و بە دەنگی بەرز بانگەوازی کرد: «داسەکەت بنێرە بۆ دروێنە، چونکە کاتی دروێنە هاتووە
و دروێنەی زەوی پێگەیشتووە». [16]ئینجا دانیشتووی سەر هەورەکە داسەکەی فڕێدایە سەر زەوی و دروێنەی زەوی کرا.[17]پاشان
فریشتەیەکی دیکە لە پەرستگاکەی ئاسمان هاتە دەرەوە، هەروەها داسێکی تیژی پێبوو. [18]ئینجا فریشتەیەکی دیکە لە قوربانگاکەوە هاتە
دەرەوە کە دەسەڵاتی بەسەر ئاگردا هەبوو، بە دەنگێکی بەرز بانگی ئەو فریشتەیەی کرد کە داسە تیژەکەی پێبوو پێیگوت: «داسە
تیژەکەت بنێرە و هێشووە ڕەزەکانی زەوی کۆبکەرەوە چونکە ترێکەی پێگەیشتووە».[19]پاشان فریشتەکە داسەکەی فڕێدایە سەر زەوی
و هێشووەکانی ڕنی و فڕێیدایە ناو گوشەری تووڕەیی خودا، [20]گوشەرەکەی بەپێیەکانی لە دەرەوەی شارەکە گوشی، خوێنی لێ دەرچوو
بوو بە ڕووبارێک بە بەرزی لغاوی ئەسپێک، بە درێژایی (سێ سەدوو بیست کیلۆ مەتر).


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 15

[1]پاشان لە ئاسماندا نیشانەیەکی تری گەورە و سەرسوڕهێنەرم بینی: حەوت فریشتە ڕاسپێردرابوون بۆ دابەزاندنی حەوت بەڵای کۆتایی لەسەر زەوی کە بەوان تووڕەیی خودا تەواو دەبێت.[2]هەروەها شتێکم بینی کە لە دەریایەکی شووشەی تێکەڵ بە ئاگر دەچوو، هەموو ئەوانەی کە دڕندەکە و پەیکەرەکەی و ژمارەی ناوەکەیان شکست پێهێنا بوو، لەسەری وەستابوون و قیسارەی خودایان هەڵگرتبوو،[3]سروودی موشە خزمەتکاری خودا، و بەرخەکەیان دەگوتەوە: «ئەی پەروەردگار، کارەکانت مەزن و سەرسوڕهێنەرن خودای توانادار بەسەر هەموو شتێکدا، ئەی پاشای سەردەمەکان ڕێگاکانت دادپەروەر و ڕاستن. [4]کێ هەیە لە تۆ نەترسێت پەروەردگار و ناوەکەت شکۆمەند نەکات؟ تەنها تۆ پیرۆزیت! هەموو گەلان دێن و کڕنۆشت بۆ دەبەن، چونکە داوەرییەکەت بە ڕوونی دەرکەوت». [5]دوای ئەوە سەیرم کرد و بینیم، چادری پەرستگای شایەتحاڵی لە ئاسمان کراوەتەوە، [6]ئەو حەوت فریشتەیەی لێهاتە دەرەوە کە ڕاسپێردرابوون حەوت بەڵای کۆتایی بخەنە سەر زەوی، جل و بەرگی کەتان و درەوشاوەیان لەبەردا بوو، پشتێنی زێڕینیان لە سنگیان بەستبوو.[7]یەکێک لە چوار بوونەوەرە زیندووەکە حەوت جامی زێڕینی پڕ لە تووڕەیی خودای زیندووی هەتاهەتایی دایە دەست ئەم حەوت فریشتەیە. [8]پەرستگاکە پڕ بوو لە دوکەڵی شکۆمەندی و توانای خودا، کەس نەیدەتوانی بچێتە ناو پەرستگاکە، تا ئەو کاتەی حەوت فریشتەکە تەواو بوو لە دابەزاندنی حەوت بەڵاکە بۆ بەسەر زەوی.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 16

1گوێم لە دەنگێکی بەرز بوو کە لە پەرستگاکەوە دەهات و فەرمانی بە حەوت فریشتەکە دەکرد: «بڕۆن ئێستا حەوت جامەکەی
تووڕەیی خودا بڕێژنە سەر زەوی». 2پاشان فریشتەی یەکەم چوو جامەکەی بەسەر زەویدا ڕشت، برینی پیسی لێ دەرچوو، کاریگەری
لەسەر هەموو ئەو کەسانە دروستکرد کە نیشانەی دڕندەکەیان هەبوو وە کڕنۆشیان بۆ پەیکەرەکەی دەبرد. 3پاشان فریشتەی دووهەم
جامەکەی ڕشت بەسەر دەریاکەدا، بوو بەخوێن وەک خوێنی مردوو، وە هەموو بەدیهێنراوانی ناوی مردن. 4فریشتەی سێهەم جامەکەی
ڕشت بە سەر ڕووبار و کانیاوەکاندا، و هەموویان بوون بە خوێن. 5گوێم لە فریشتەی ئاوەکان بوو کە دەیگوت: «ئەی خودای پیرۆز، کە
هەبووە و هەیە، تۆ لە داوەرییەکەتدا داد پەروەریت، 6خەڵک خوێنی پیرۆزکراون و پێغەمبەرانیان ڕشتووە، ئەوەتا تۆش خوێن دەدەیت بە
بکوژەکانیان! ئەوەیان بەدەست هێنا کە شایەنی بوون!» 7گوێم لە فریشتەی قوربانگاکە بوو کە دەیگوت: «داوەریەکەت ڕاست و
دادپەروەرن ئەی پەروەردگاری توانادار بەسەر هەموو شتێکدا». 8فریشتەی چوارەم جامەکەی بەسەر خۆردا ڕشت، و ڕێگەی بە خۆردا
بۆ ئەوەی خەڵک بە ئاگر بسوتێنێت، 9خەڵکی بەهۆی گەرمای بە هێزەوە سووتان. بەڵام ئەوان بۆ شکۆمەندی خودا لە گوناهەکانیان
پاشگەز نەبوونەوە، بەڵکو کوفریان بە ناوی خودا کرد کە دەسەڵاتی بەسەر ئەم بەڵایانەدا هەیە. 10پاشان فریشتەی پێنجەم جامەکەی
ڕشتە سەر تەختی دڕندەکە، و تاریکییەکی تەواو دابەزییە سەر شانشینییەکەی، وایکرد شوێنکەوتووانی لەبەر ئازار زمانی خۆیان بگەزن.
11بەڵام لە کارە خراپەکانیان پاشگەز نەبوونەوە، بەڵکو کوفریان بە خودای ئاسمان کرد کاتێک تووشی ئازار و برین بوون! 12فریشتەی
شەشەم جامەکەی ڕشتە سەر ڕووباری گەورەی «فوڕات» و ئاوەکەی وشکی کرد، و بوو بە ڕێڕەوێک بۆ پاشاکان کە لە ڕۆژهەڵاتەوە
دەهاتن. 13لەم کاتەدا سێ گیانی ناپاکم بینی کە لە بۆق دەچوون لە دەمی ئەژدیهاکە، و لە دەمی دڕندەکە، و لە دەمی پێغمبەرە
درۆزنەکەوە هاتنە دەرەوە، 14ئەوانە گیانی شەیتانن کە توانای ئەنجامدانی پەرجوویان هەیە، دەچنە لای هەموو پاشاکانی زەوی و کۆیان
دەکەنەوە بۆ جەنگ لەو ڕۆژە مەزنەدا، ڕۆژی خودای توانادار بەسەر هەموو شتێکدا. 15«ئەوەتا من دێم وەک چۆن دزێک دێت، خۆزگە بە
ئەوەی چاوەڕێی من دەکات، و ئێشک دەگرێت و پاسەوانی لە جلەکانی دەکات، نەک بە ڕووتی بڕوات و خەڵکیش ڕووتییەکەی ببینن!»
16گیانە شەیتانییەکان هەموو سوپاکانی جیهانیانی لە شوێنێک کۆکردەوە کە بە زمانی عیبری پێی دەگوترا «ئارماگدۆن». 17ئینجا فریشتەی
حەوتەم جامەکەی ڕژاند بە هەوادا، دەنگێک لە تەختەکە و لە پەرستگا ئاسمانیەکەوە دەنگی دایەوە و دەیگوت: «تەواو بوو!» 18پاشان
هەورە گرمە و بروسکە و بوومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوویدا لەو کاتەوەی مرۆڤ لەسەر زەوی بوونی هەیە هاوشێوەی ئەمەی نەدیبوو،
چونکە بومەلەرزەیەکی وێرانکەر بوو! 19ئینجا شارە گەورەکە بەسەر سێ بەشدا دابەش بوو، وێرانکاری بەسەر شارەکانی نەتەوەکاندا
هات. خودا باسی بابلی گەورەی کرد تاکو جامی شەرابی هەڵچووی توڕەیی خۆی بخواتەوە. 20هەموو دوورگەکان هەڵاتن، و شاخەکان
ون بوون. 21تەرزەی گەورە لە ئاسمانەوە بەسەر خەڵکدا باری، کە قورساییەکەی یەک تالنت دەبوو، خەڵکیش کوفریان بە خودا کرد
لەبەر ئەو بەڵا لە ناوبەرەی بە سەریاندا هاتبوو.

# Chapter 17

[1]یەکێک لەو حەوت فریشتەیەی کە حەوت جامەکەی هەڵگرتبوو هات و پێی وتم: «وەرە سزای لەشفرۆشە گەورەت پیشان دەدەم کە لەسەر ئاوێکی زۆر دانیشتووە، [2]پاشاکانی سەر زەوی داوێنپیسیان لەگەڵ کرد، و خەڵکی سەر زەوی بە شەرابی داوێنپیسیەکەی سەرخۆش بوون».[3]فریشتەکە بە گیان هەڵیگرتم بۆ چۆڵەوانی، ژنێکم بینی کە سواری دڕندەیەکی قرمزی ببوو کە حەوت سەر و دە قۆچی هەبوو، ناوی کوفر لەسەر هەموو جەستەی نووسرابوو. [4]ژنەکە جل و بەرگی ئەرخەوانی و قرمزی لەبەردا بوو، بە زێڕ و بەردی بەنرخ و مرواری ڕازا بۆوە، جامێکی زێڕینی لە دەستدا بوو کە پڕ بوو لە داوێنپیسیە قێزەون و گڵاوەکەی، [5]لەسەر نێوچەوانی ناوێک نووسرابوو: نهێنی: «بابلی گەورە، دایکی لەش فرۆشانی زەوی و بتە قێزەونەکان».[6]ژنەکەم بینی کە سەرخۆش بوو چونکە زۆر لە خوێنی پیرۆزکراوان، و خوێنی شەهیدانی یەشوا کە کوشتبوونی خواردبۆوە. سەرم سوڕما کە بینیم، [7]پاشان فریشتەکە لێی پرسیم: «بۆچی سەرسام بوویت؟ پێتی دەڵێم هێمای ژنەکە و ئەو دڕندەیە چیە، کە حەوت سەر و دە قۆچی هەیە :[8]ئەو دڕندەیە ڕۆژێک هەبووە، و ئێستا نییە، بەڵام خەریکە لە بیری بێ بن دەردەچێت و بۆ لەناوچوون دەڕوات. دانیشتووانی زەوی ئەوانەی لە دامەزراندنی جیهانەوە ناویان لە پەرتووکی ژیاندا نەنووسراوە کاتێک دڕندەکە دەبینن سەرسام دەبن، چونکە دڕندەکە پێشتر هەبووە و ئێستا نییە، پاشان لە داهاتوودا دێتەوە![9]«لێرەدا دەبێت ژیرمەندی هەبێت: حەوت سەرەکە هێمای ئەو حەوت گردەیە کە ژنەکە لەسەری دادەنیشێت، هەروەها هێمای حەوت پاشایە، [10]پێنجیان ڕۆیشتوون، ئێستا شەشەم فەرمانڕەوایی دەکات، حەوتەمیش دێت، بەڵام ماوەی فەرمانڕەوایەتیەکەی کورت دەبێت.[11]سەبارەت بەو دڕندەیەی کە هەبووە و پاشان نەما، ئەوە پاشای هەشتەمینە کە پێشتر وەک یەکێک لە حەوتەکە فەرمانڕەوای کردووە، بەرەو لەناوچوون دەڕوات.[12]سەبارەت بەو دە قۆچەی کە بینیتان، دە پاشان کە هێشتا شانشینییان وەرنەگرتووە، و بۆ ماوەی یەک کاتژمێر دەسەڵاتی پاشایەتی دەگرنە دەست لەگەڵ دڕندەکەدا، [13]لەسەر یەک بۆچوون ڕێک دەکەون بۆ ئەوەی توانا و دەسەڵاتی خۆیان بدەنە دڕندەکە. [14]پاشان لەگەڵ بەرخەکە دەجەنگن، بەڵام بەرخەکە تێکیان دەشکێنێت، چونکە ئەو پەروەردگاری پەروەردگارەکانە و پاشای پاشاکانە، ئەوانەی لەگەڵیدا بانگکراون، هەڵبژێردراوەکان، و دڵسۆزەکانن».[15]پاشان فریشتەکە پێی گوتم: «ئەو ئاوانەی کە بینیت کە لەشفرۆشەکە لەسەری دانیشتی بوو، هێمای گەلان و خەڵک و نەتەوە و زمانەکانن.[16]دە شاخەکە کە بینیت، وە دڕندەکە، ڕق لە لەشفرۆشەکە هەڵدەگرن و ڕووتی دەکەنەوە، گۆشتەکەی دەخۆن و بە ئاگر دەیسووتێنن، [17]چونکە خودا دڵی والێکردن بەپێی مەبەستی ئەو ئەنجامی بدەن، وە ئەوانیش ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی شانشینی خۆیان بدەنە دڕندەکە، بۆ ئەوەی قسەکانی خودا بێتە دی.[18]سەبارەت بەم ژنە کە بینیت، هێمای شارە گەورەکەیە کە فەرمانڕەوای پاشاکانی زەوی دەکات».


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 18

1 دوای ئەمە فریشتەیەکی ترم بینی کە لە ئاسمانەوە دادەبەزێت، دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، شکۆکەی زەوی ڕووناک کردەوە.
2 بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: «کەوت، بابلی مەزن کەوت، و بۆتە کۆشکی جنۆکەکان و پەناگەیەک بۆ هەموو گیانێکی ناپاک و هەموو
باڵندەیەکی بێزرا و گڵاو، 3 لەبەر ئەوەی هەموو نەتەوەکان لە شەرابی داوێنپیسی ئەویان خواردەوە، پاشاکانی زەوی داوێنپیسییان
لەگەڵداکرد، بازرگانەکانی زەوی بە خۆشگوزەرانی ئەو دەوڵەمەند بوون!» 4 پاشان گوێم لە دەنگێکی تر بوو کە لە ئاسمانەوە بانگەوازی
دەکرد: «ئەی گەلەکەم لێی دەربچن، نەک بەشداری گوناهەکانی بکەن، و تووشی بەڵاکانی ئەوبن، 5 گوناهەکانی کەڵەکە بوون تا
گەیشتنە ئاسمان، خودا ئەو گوناهانەی بیر هێنایەوە کە کردبووی! 6 ئەوەی لەگەڵ بکەن کە ئەو لەگەڵتان کردی، سزاکەیان دوو هێندە
بکەن لەسەر ئەو کارەی کە کردبووی. لەو جامەی تێکەڵی کرد بۆ کەسانی تر، دوو هێندەی بۆ تێکەڵ بکەنەوە. 7 هێندەی ئەوەی کە خۆی
بە مەزن و خۆشگوزەران داناوە، ئەشکەنجە و نەهامەتی بدەنێ. چونکە دەیگوت: من وەک شاژن دانیشتووم، و بێوەژن نیم، هەرگیز
تامی خەم و پەژارە ناکەم. 8 بۆیە لە یەک ڕۆژدا بەڵاکان بەسەریدا دێن، لەوانە مردن و خەم و برسێتی، وە بە ئاگر دەسوتێنرێت، چونکە
ئەو خودایەی داوەری دەکات پەروەردگاری هەرە بەتوانایە. 9 پاشاکانی سەر زەوی کە داوێنپیسیان لەگەڵ کرد و لەگەڵیدا خۆش بەخت
بوون، کاتێک سەیری دوکەڵی سووتانەکەی دەکەن، شیوەنی بۆ دەگێڕن، 10 لە ترسی سزادانەکەی، لە دووریەوە دەوەستن، و هاوار
دەکەن و دەڵێن: ئەی هاوار، ئەی هاوار ئەی شارە مەزنەکە، بابلی بەهێز! چونکە لە کاتژمێرێکدا سزات بەسەردا هات! 11 بازرگانانی
زەوی بۆی دەگرین و ماتەمینی بۆ دەگێڕن، چونکە کەس نەما کەلوپەلەکانیان بکڕێت، 12 زێڕ و زیو و بەردی بەنرخ و مرواری، و کەتان و
ئەرخەوان و ئاوریشم و قرمز، و هەموو جۆرە دارێکی بۆنخۆش و کەلوپەلی عاج و کاری دەستی داری بەنرخ، و مس و ئاسن و
مەڕمەڕیان لێ دەکڕین، 13 دارچین و بەهارات، و بۆن و بەرام و بخور، و شەراب و ڕۆن و ئارد و دانەوێڵە، و ئاژەڵ و مەڕ، و ئەسپ و
گالیسکە، و جەستە و گیانی مرۆڤ 14 دەڵێن: ئەو بەرهەمەت لەدەست داوە کە گیانت ئارەزووی دەکرد؛ هەموو لایەنەکانی
خۆشگوزەرانی و مەزنایەتی لە تۆدا نەماون، و هەرگیز ناگەڕێنەوە! 15 ئەم بازرگانانە کە بەهۆی بازرگانی کردن لەگەڵیدا دەوڵەمەند بوون،
لە دووریەوە وەستاون لە ترسی سزادانەکەی، و دەگرین و شیوەن دەگێڕن 16 دەڵێن: هاوار، بۆ شارە مەزنەکە! بە باشترین کەتان و
ئەرخەوان و قرمز، پۆشرابوویت، بە زێڕ و بەردی بەنرخ و مرواری ڕازابوویتەوە، 17 ئەم هەموو دەوڵەمەندیە لە یەک کاتژمێردا نەما!
هەموو کەشتیوانان سەرنیشینان و کرێکارانی نێو کەشتی لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە دەریادا کار دەکەن، لە دووریەوە دەوەستن 18 سەیری
دوکەڵی سوتانەکەی دەکەن، و هاوار دەکەن: چ شارێک وەک ئەم شارە مەزنە بوو؟ 19 خۆڵ بەسەری خۆیاندا دەکەن دەگرین و
هاواردەکەن: ئەی هاوار، ئەی هاوار بۆ ئەو شارە گەورەیە کە سامانەکەی هەموو خاوەن کەشتیەکانی دەوڵەمەند کردووە! ئەوەتا لە
یەک کاتژمێردا نەما! 20 شادی بۆ تۆ بێت ئەی ئاسمان! شادی بۆ ئێوە بێت ئەی پیرۆزکراوان و نێردراوان و پێغەمبەران، خودا ئەوەی
بەسەر هێنان کە بەسەر ئێوەیاندا هێنابوو». 21 فریشتەیەکی بەهێز بەردێکی وەک بەرداشێکی گەورەی هەڵگرت و فڕێیدایە ناو دەریاکە و
گوتی: «بەم شێوەیە بابلی شارە مەزنەکە، پاڵ دەنرێت و فڕێ دەدرێت و بۆ هەمیشە نامێنێت! 22 چیتر ژەنینی مۆسیقا لە ئێوەدا
نابیسترێت، نە دەنگی قیسارە و نە شمشاڵ و نە کەڕەنا، هیچ پیشەیەک لە تۆدا ئەنجام نادەدرێت، و نە دەنگی ئاش لە تۆدا
دەبیسترێت 23 ڕووناکی چرا لە تۆدا نادرەوشێتەوە. دەنگی بووک و زاوا لە تۆدا نابیسترێت. بازرگانەکانت گەورەی زەوی بوون، و بە
جادووەکەت هەموو گەلانت بەلاڕێدا برد. 24 خوێنی پێغەمبەران و پیرۆزکراوان و هەموو ئەوانەی لەسەر زەوی کوژراون، تێیدا
دۆزرایەوە».

## Chapter 19

[1]دوای ئەمە گوێم لە دەنگێکی بەرز بوو وەک ئەوەی لە جەماوەرێکی زۆرەوە بێت لە ئاسمان و دەیگوت: «هەلێلوویا! ڕزگاری و
شکۆمەندی و ڕێز و تواناداری هی پەروەردگاری خودامانە [2]داوەریەکانی ڕاست و دادپەروەرن، چونکە سزای ئەو داوێنپیسەی
گەورەیەی دا کە زەوی گەندەڵ کرد، تۆڵەی خوێنی خزمەتکارەکانیشی لێ سەندەوە».[3]دووبارە دروشمیان دەگوتەوە: «هەلێلوویا!
دوکەڵی ئاگرەکەی بۆ هەتاهەتایە بەرز دەبێتەوە!» [4]بیست و چوار پیرکە و چوار بوونەوەرە زیندووەکە چەمانەوە و کڕنۆشیان بۆ خودای
دانیشتوی سەر تەختەکە برد، دروشمیان دەگوتەوە: «ئامین! هەلێلوویا!»[5]دەنگێک لە تەختەکە هاتە دەرەوە و دەیگوت: ستایشی
خوداکەمان بکەن هەموو خزمەکارەکانی ئەوانەی لێی دەترسن، گەنج و پیر!»[6]پاشان گوێم لە دەنگێک بوو وەک ئەوەی دەنگی
جەماوەرێکی زۆر بێت یان هاژەی تاڤگە یان هەورە گرمەیەکی بەهێز، دەیگوت: «هەلێلوویا! چونکە پەروەردگاری خودامان و
تواناداره‌کە بەسەر هەموو شتێکدا فەرمانڕەوای دەکات،[7]با شاد و دڵخۆش بین و شکۆمەندی بکەین، چونکە کاتی زەماوەندی بەرخەکە
هاتووە، و بووکەکەی خۆی ئامادە کردووە، [8]وە ڕێگەی پێدا کەتانێکی سپی گەشاوەی لەبەر بکات!» کەتان هێمای ئەو کارە چاکانەیە کە
پیرۆزەکراوان ئەنجامیان دابوو.[9]فریشتەکە پێی گوتم بنووسم: «خۆشبەختن ئەوانەی بانگهێشت کراون بۆ زەماوەندی هاوسەرگیری
بەرخەکە». پاشان وتی: «خودا خۆی ئەم ڕاستییە دەفەرموێت». [10]بۆیە من لەبەر پێی کەوتم بۆ ئەوەی کڕنۆشی بۆ ببەم، ئەویش پێی
وتم: «وامەکە! من بەندەی خودام، وەک تۆ و هاوباوەڕەکانت کە شایەتحاڵی یەشوایان هەیە: کڕنۆش بۆ خودا ببە! چونکە شایەتحاڵی
سەبارەت بە یەشوا گیانی پێشبینیکردنە».[11]پاشان بینیم ئاسمان کرایەوە، ئەسپێکی سپیم بینی کە سوارەکەی ناوی «دڵسۆز و
ڕاستگۆ»بوو داوەری دەکات بە دادپەروەری دەجەنگێت. [12]چاوەکانی وەک بڵێسەی ئاگر بوو، لەسەر سەری تاجی زۆر هەبوو و ناوێک
لەسەر نێوچەوانی نووسرا بوو کە جگە لە ئەو کەس نایزانێت. [13]جلێکی لەبەردا بوو کە لە خوێندا نوقم ببوو؛ ناوی «وشەی
خودا»یە[14]لەشکرەکانی ئاسمانیش بە سواری ئەسپی سپی بە دوایدا دەڕۆیشتن، وکەتانی پاک و سپی بێگەردیان لەبەردا بوو، [15]لە
دەمیەوە شمشێرێکی تیژ دەردەچوو تاکو پێی لە نەتەوەکان بدات بە گۆچانێکی ئاسنین فەرمانڕەواتیان دەکات، لە گوشەری شەرابی
تووڕەیی خودای هەرە بەتوانادا ژێر پێیان دەنێت. [16]لەسەر جلەکەی و لەسەر ڕانی نووسرابوو «پاشای پاشاکان و پەروەردگاری
پەروەردگارەکان».[17]پاشان بینیم فریشتەیەک لەبەر خۆردا وەستابوو، و بە دەنگێکی بەرز بانگی باڵندەکانی دەکرد کە لە ناوەڕاستی
ئاسماندا دەفڕین و دەیگوت: «وەرەن کۆببنەوە بۆ ئاهەنگە گەورەکەی خودا! [18]وەرەن گۆشتی پاشا و سەرکردە و پاڵەوانەکان، و
ئەسپ و سوارەکانیان، و گۆشتی هەموو مرۆڤەکان بخۆن، هی ئازاد و کۆیلە، گەنج و پیر».[19]بینیم دڕندەکە و پاشاکانی زەوی و
سوپاکانیان کۆبوونەتەوە بۆ جەنگ لەگەڵ سوارەکە و سوپاکەی. [20]جا ئەو دڕندەیە دەستگیرکرا، لەگەڵ پێغەمبەرە درۆزنەکە ئەوەی
لەبەردەم دڕندەکەدا پەرجووی ئەنجامدا بۆ گومڕا کردنی ئەوانەی کە نیشانەی دڕندەکەیان وەگرتبوو وە کڕنۆشیان بۆ پەیکەرەکەی
بردبوو. هەردووکیان بە زیندووی فڕێدرانە ناو دەریاچەی ئاگری بە گۆگرد داگیرساو،[21]ئەو شمشێرەی لە دەمی سوارەکە دەرچوو هەموو
ئەوانی دیکەی کوشت، و هەموو باڵندەکانیش لە گۆشتەکەیان تێر بوون.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 20

1پاشان بینیم فریشتەیەک لە ئاسمانەوە دادەبەزێت، کلیلی جیهانی مردوان و زنجیرێکی گەورە لە دەستدا بوو 2ئەژدیهاکەی بەستەوە،
واتە مارە کۆنەکە کە شەیتانە، و بۆ ماوەی هەزار ساڵ زیندانی کرد، 3فڕێیدایە ناو جیهانی مردوان و دایخست لەسەری، و مۆری کرد،
تاکو واز لە فریودانی نەتەوەکان بهێنێت، تا هەزار ساڵەکە تەواو دەبێت. بەڵام دەبێت دوای ئەوە بۆ ماوەیەکی کورت بێتە دەرەوە.
4پاشان چەند تەختێکم بینی ئەوانەی لەسەری دانیشتبوون مافی دادوەرییان پێدرا. گیانی ئەو کەسانەم بینی کە لە پێناو شایەتحاڵی
یەشوا و لە پێناو وشەی خودا کوژرابوون، و ئەوانەی ڕەتیانکردەوە کڕنۆش بۆ دڕندەکە و پەیکەرەکەی ببەن، و ئەوانەی کە نیشانەکەی
سەر دەست و نێوچەوانیان وەرنەگرت، گەڕانەوە بۆ ژیان، و هەزار ساڵ لەگەڵ مەسیح فەرمانڕەواییان کرد.5ئەمە هەستانەوەی
یەکەمە. سەبارەت بە مردووەکانی دیکە، تا هەزار ساڵ تێنەپەڕێت، ناگەڕێنەوە بۆ ژیان. 6چەند دڵخۆش و پیرۆزن ئەوانەی لە
هەستانەوەی یەکەمدا بەشیان هەبووە! مردنی دووەم دەسەڵاتی بەسەریاندا نابێت، بەڵکو کاهینی خودا و مەسیح دەبن، و هەزار ساڵ
لەگەڵیدا فەرمانڕەوای دەکەن.7کاتێک هەزار ساڵەکە تەواو بوو، شەیتان لە زیندانەکەی ئازاد دەبێت، 8وە دەچێتە دەرەوە بۆ فریودانی
نەتەوەکانی چوار گۆشەی زەوی، گۆگ و ماگۆگ، کۆدەکاتەوە بۆ جەنگ، ژمارەیان زۆرە وەک لمی دەریا!9دەچنە سەر پانتایی
دەشتەکانی زەوی، و لە هەموو لایەکەوە ئۆردوگای پیرۆزکراون و شارە خۆشەویستەکە گەمارۆ دەدەن، بەڵام ئاگر لە ئاسمانەوە
بەسەریاندا دەبارێت و دەیانخوات. 10 ئەو شەیتانەی گومڕای دەکردن فڕێدرایە دەریاچەی ئاگر و گۆگرد، کە دڕندەکە و پێغەمبەرە
درۆزنەکەی لێیە. هەتاهەتایە شەو و ڕۆژ ئازار دەدرێن.11پاشان تەختێکی مەزنی سپیم بینی و ئەوەی لەسەری دانیشتبوو ئاسمان و
زەوی لەبەر دەمی هەڵاتن، و شوێنیان بۆ نەمایەوە. 12مردووەکانم بینی گەورە و بچووک، لەبەردەم تەختەکەدا وەستابوون. پەرتووکەکان
کرانەوە، پاشان پەرتووکێکی تر کرایەوە کە تۆماری ژیانە، مردووەکان بەپێی ئەوەی لەو پەرتوکانەدا تۆمار کرابوو، هەریەکەیان بەپێی
کردەوەکانی خۆی داوەری کران.13دەریاش مردووەکانی ناوخۆی ڕادەست کرد، هەروەها مردن و جیهانی مردووان مردووەکانی خۆیان
ڕادەست کرد، و هەریەکە و بەپێی کردەوەکانی داوەری کران. 14جیهانی مردووان مردووەکانی فڕێدرانە ناو دەریاچەی ئاگرەوە، کە
مردنی دووهەمە. 15هەرکەسێک ناوی لە تۆماری ژیاندا نەنووسرابوو فڕێدرایە ناو دەریاچەی ئاگرەوە!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

# Chapter 21

[1]پاشان ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێم بینی کە دەریای تێدا نەبوو، چونکە ئاسمان و زەوی کۆنەکە بەسەرچوون. [2]شارە پیرۆزەکەم
بینی، یۆرشەلایمی نوێ، لە ئاسمانەوە لەلای خوداوە هاتە خوارەوە، وەک بووکێک ئامادەکرابوو کە بۆ زاواکەی ڕازاوەتەوە.[3]گوێم لە
دەنگێک بوو کە لە تەختەکەوە بانگەوازی دەکرد: «ئێستا نشینگەی خودا لەگەڵ خەڵکدایە، ئەو لەنێویاندا نیشتەجێ دەبێت، ئەوانیش
دەبنە گەلەکەی. خودا خۆی وەک خودای ئەوان لەگەڵیان دەبێت! [4]وە هەموو فرمێسکەکانی چاویان دەسڕێتەوە. مردن و دڵتەنگی و
هاوار و ئازار نامێنێت، چونکە هەموو شتە کۆنەکان بەسەر چوون!»[5]دانیشتووی سەر تەختەکە فەرمووی: «هەموو شتێک نوێ
دەکەمەوە». پاشان پێی گوتم: «ئەمە بنووسە، چونکە ئەوەی دەیڵێم ڕاستگۆییە و ڕاستە». [6]پاشان پێی فەرمووم: « هاتە دی. من
ئەلف و یێم (سەرەتا و کۆتاییم). لە کانی ئاوی ژیان بەخۆڕایی دەدەمە تینووەکان.[7]ئەمە بەشی هەموو سەرکەوتوویەکە، منیش دەبمە
خودای ئەو، ئەویش دەبێتە کوڕم. [8]سەبارەت بە ترسنۆکەکان و بێباوەڕەکان، و گەندەڵەکان و بکوژەکان و داوێنپیسان، و ئەوانەی
پەیوەستن بە شەیتانەوە هەموو بتپەرستان و درۆزنەکان، چارەنووسیان بۆ ئەو دەریاچەیە کە بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە، کە مردنی
دووهەمە».[9]یەکێک لەو حەوت فریشتەیەی کە جامەکانی حەوت بەڵای کۆتاییان بەتاڵ کردبۆوە، هات و پێی وتم: «وەرە بووکی
بەرخەکەت پیشان دەدەم». [10]بە گیان بردمی بۆ لوتکەی شاخێکی زەبەلاح و بەرز، و شارە پیرۆزەکەی پیشاندام کە یۆرشەلایم بوو کە
لە ئاسمانەوە لەلای خوداوە دادەبەزی[11]شکۆمەندی خودای هەیە، وە وەک بەردی بەنرخ دەدرەوشێتەوە، وەک ئەوەی لە بەردی یەشەب
بلوری دروستکرابێت! [12]شوورایەکی زەبەلاح و بەرزی هەیە و دوانزە دەروازەی هەیە کە دوانزە فریشتە پاسەوانی دەکەن، و ناوی
دوانزە هۆزی یەسرائیل لەسەری نووسراوە؛ [13]لە ڕۆژهەڵاتەوە سێ دەروازە؛ لە باکوور سێ دەروازە، و لە باشوور سێ دەروازە؛ و لە
ڕۆژئاواش سێ دەروازەی هەیە.[14]شوورای شارەکە لەسەر دوازدە ستوون وەستاوە کە ناوی دوازدە نێردراوەکەی بەرخەکەی لەسەر
نووسراوە. [15]ئەو فریشتەیەی کە قسەی لەگەڵ دەکردم قامیشێکی زێڕینی بەدەستەوە بوو بۆ پێوانەکردنی شارەکە و دەروازەکانی و
شووراکەی.[16]خاکی شارەکە چوارگۆشە بوو، درێژییەکەی یەکسان بوو بە پانییەکەی، بۆیە کاتێک بە قامیشەکە پێوانەی کرد دەرکەوت کە
لایەکەی یەکسانە بە دوو هەزار و چوار سەد کیلۆمەتر، ئەوەش یەکسانە بە درێژی و پانی و بەرزیەکەی. [17]پاشان شوراکەی پێوانە کرد،
دەرکەوت کە یەکسانە بە سەد و چل و چوار باڵ، فریشتەکە پێوانەیەکی هاوتای باڵی مرۆڤی بەکاردەهێنا.[18]شارەکە لە زێڕی پاک
دروستکرابوو، ڕوون وەک شووشەی پاک. سەبارەت بە شوراکەی، لە یەشەب دروستکرا بوو، [19]بناغەی دوازدە ستوونە کە بە بەردی
بەنرخ جێگیر کرابوو: ستوونی یەکەم لە یەشەب؛ دووهەمیان لە یاقوتی شین؛ سێهەمیان لە گەوهەری سپی؛ چوارەمیان لە زەمروود؛
[20]پێنجەم لە شیلانە؛ شەشەمیان لە گەوهەری سوور؛ حەوتەمیان زەبەرگەد؛ هەشتەمیان لە زەمروودی سەوز؛ نۆیەمیان لە یاقوتی
زەردە، و دەیەمیان لە گەوهەری سەوز؛ وە یازدەهەمین ئەسماگۆنی؛ دوازدەهەمیان لە گەمشت.[21]دوازدە دەروازەکەش دوازدە
مرواریيە: هەر دەروازەیەک یەک مرواریيە. گۆڕەپانی شارەکە لە زێڕی بێگەرد دروستکراوە، وەک شووشەی ڕوون . [22]هیچ
پەرستگایەکم لە شارەکەدا نەدۆزیەوە، چونکە پەروەردگاری خودای هەرە بەتوانا و بەرخەکە پەرستگای ئەون.[23]شارەکە پێویستی بە
ڕووناکی خۆر و مانگ نەبوو، چونکە شکۆمەندی خودا ڕووناکی دەکردەوە، بەرخەکەش چرای بوو. [24]گەلان بە ڕووناکییەکەیدا دەڕۆن، و
پاشاکانی زەوی بە گەنجینەکانیانەوە دێنە لای. [25]بە درێژایی ڕۆژ دەرگاکانی داناخرێن، چونکە شەو بەسەریدا نایەت![26]گەنجینە و شکۆی
گەلانی بۆ دەهێنرێت. [27]هیچ شتێکی گڵاو ناچێتە ناوی، نە ئەوانەش کە قێزەون و خراپەکارن، بەڵکو تەنها ئەوانەی کە ناویان لە پەرتووکی
ژیانی بەرخەکەدا نووسراوە!


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025

## Chapter 22

1پاشان فریشتەکە ڕووباری ئاوی ژیانی پیشاندام، کە وەک بلوری ڕوونە، کە لە تەختی خودا و بەرخەکەوە سەرچاوەی گرتووە 2دەچێتە
ناو گۆڕەپانی شارەکەوە، لە کەنارەکانیدا درەختی ژیانە کە دوازدە جار بەرهەم دەدات، مانگانە جارێک بەرهەم دەهێنێ. گەڵاکانی
دەرمانێکە نەتەوەکان چاک دەکاتەوە.3جارێکی تر هەرگیز نابێتە نەفرەت. چونکە تەختی خودا و بەرخەکە لە شارەکەدا جێگیرە،
خزمەتکارەکانی لەوێ خزمەت دەکەن 4ڕووخساری دەبینن، و ناوی لەسەر نێوچەوانیان نووسراوە. 5لەوێ شەو نابێت، و پێویستیان بە
ڕووناکی چرا و خۆر نابێت، چونکە پەروەردگار خودا بەسەریاندا دەدرەوشێتەوە، و بۆ هەتاهەتایە فەرمانڕەوای دەکەن!6فریشتەکەش
پێی وتم: «ئەم وتانە ڕاستگۆیی و ڕاستن. پەروەردگار خودا گیانی پێغەمبەران فریشتەی خۆی نارد بۆ ئەوەی بە خزمەتکارەکانی بڵێت
کە دەبێت بەم زووانە چی ڕووبدات. 7من خێرا دێم! خۆشبەختە ئەوەی کە ڕەچاوی ئەو شتانە بکات کە لەم پەرتووکی پێشبینیەدا
هاتووە!»8من یۆخەنام هەموو ئەمانەم بینی و بیستم. دوای ئەوەی هەموو ئەو شتانەم بیست و بینیم، خۆم فڕێدایە بەر پێی ئەو
فریشتەیەی کە نیشانی دابووم بۆ ئەوەی کڕنۆشی بۆ ببەم. 9پێی گوتم: «مەیکە! من خزمەتکارێکم وەک تۆ و برا پێغەمبەرەکانت، وەک
ئەوانەی کە چاودێری ئەو شتانە دەکەن کە لەم پەرتووکەدا هاتووە. کڕنۆش بۆ خودا ببە!»10پاشان پێی وتم: «مۆر لەسەر ئەوانە مەدەن
کە لەم پەرتووکی پێشبینیەدا هاتووە، چونکە کاتی هاتنەدی نزیک بۆتەوە. 11هەرکەسێک ستەمکارە، با ستەمکار بێت؛ هەرکەسێک گڵاو
بوو، با هەر گڵاو بێت؛ ئەوەی چاکە، با هەوڵی چاکەکاری بدات؛ هەرکەسێک پیرۆزکراوە، با هەوڵی پیرۆزێتی بدات!»12«خێرا دێم،
پاداشتەکە لەگەڵمە بۆ ئەوەی پاداشتی هەرکەسێک بدەمەوە بەپێی کارەکەی. 13من ئەلف و یێم، یەکەمین و دواهەمینم، سەرەتا و
کۆتاییم.14خۆزگە بە ئەوانەی جل و بەرگەکانیان دەشۆن، چونکە دەسەڵاتیان بەسەر درەختی ژیاندا هەیە، مافی ئەوەیان هەیە لە
دەروازەکانەوە بچنە ناو شارەکەوە! 15لە دەرەوەی شارەکە، سەگ و جادووگەر، و داوێنپیس و بکوژ، و بتپەرست و درۆزن و فێڵباز
هەیە!16من یەشوام فریشتەکەمم ناردووە بۆ ئەوەی شایەتی بدەم دەربارەی ئەو شتانەی لە کڵێساکاندان. من بنەچە و ڕەچەڵەکی
داڤیدم. من ئەستێرەی پرشنگداری بەیانیم».17گیانەکە و بووک دەفەرموون: «وەرە!» ئەوەی گوێی لێیە با بانگەوازەکە دووبارە کاتەوە:
«وەرە!» ئەوەی تینوویەتی با بێت! ئەوەی دەیەوێت، با بەخۆڕایی لە ئاوی ژیان بخواتەوە!18من شایەتی لەسەر هەموو ئەوانە دەدەم کە
گوێیان لە وشەکانی پێشبینیی ئەم پەڕتووکە دەبێت: ئەوەی شتێک زیاد بکات بۆ ئەوەی تێیدا نوسراوە، ئەوا خودا ئەو بەڵایانەی لەسەر
زیاد بکات کە باسکران، 19ئەگەر کەسێک شتێک لە وتەی پێشبینییەکانی ئەم پەرتووکە لابەرێت، خودا لە درەختی ژیان و لە شارە
پیرۆزەکە بێبەشی دەکات، ئەوەی لەم پەرتووکەدا باسکراوە.20ئەوەی شایەتحاڵی ئەمانەیە دەفەرموێت: «بەڵێ! بە پەلە دێم». ئامین!
وەرە ئەی یەشوای پەروەردگار! 21بەخششی پەروەردگارمان یەشوای مەسیح لەگەڵ هەمووتان بێت.


generated on Tue Mar 4 19:12:19 2025